# *Montesquieu*

## *L'ESPRIT DES LOIS*

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**Translated by:**

**Idris shekh sharafi**

**رۆحی یاساکان**

مۆنتسکیۆ

# رۆحی یاساکان

وەرگێڕانی

**ئیدریس شێخ شەرەفی**

هەولێر – چاپی یەکەم

2002



**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**کوردستان ت. «٢٢٦٠٣١١»**

e.mail:mukriani@yahoo.com

www.mukriyani.org

- **کتێبی ژمارە: «١٠٢»**
- **کتێب: رۆحی یاساکان**
- **نووسینی: مۆنتسکیۆ**
- **وەرگێڕی فارسی: عەلی ئەکبەرموهتەدی**
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیدریس شێخ شەرەفی– پاسۆری**
- **هونەرکاری بەرگ و ناوەوە: قاسم قادر**
- **چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠٢**
- **ژمارەی سپاردن «٤٣٩»ی ساڵی ٢٠٠٢دراوەتێ.**
- **چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**



مۆنتسكيۆ



پێشكەشە بە:

**خانەوادەم، تەنیاترین خانەوادەی دنیا**

# پێڕست


**– سەرەتایەکی بێ کۆتایی** .................... 9

**– پێشەکی وەرگێڕی فارسی** .................... 31

**– دیباچەی مۆنتسکیۆ** .................... 57

**کتێبی یەکەم:** .................... 61

یاسا بەشێوەیەکی گشتی

**کتێبی دووەم:** .................... 71

ئەو یاسایانەی ڕاستەوخۆ لە سروشتی حکومەتەکانەوە هەڵدەقوڵێن

**کتێبی سێیەم:** .................... 85

پرەنسیپی حکومەتەکان

**کتێبی چوارەم:** .................... 97

پێویستە یاسای پەروەردە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حکومەتدا بگونجێ

**کتێبی پێنجەم:** .................... 111

ئەو یاسایەی یاسادانەر دایدەڕێژێ پێویستە لەگەڵ پرەنسیپی حکومەتدا بگونجێ و پەیوەندی پێوەهەبێ.

**کتێبی شەشەم:** .................... 147

دەرئەنجامی پرەنسیپی حکومەتە جۆراوجۆرەکان بەنسبەت سادەیی یاسا مەدەنی و جنایییەکان و شێوازەکانی دادگایی کردن و سزادان

**کتێبی حەوتەم:** .................... 175

دەرەنجامی پرەنسیپی حکومەتە جیاوازەکان سەبارەت بە لوکس و چۆنیەتی هەلومەرجی خانمان

**کتێبی هەشتەم:** .................... 193

گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەت.

**کتێبی نۆیەم:** .................... 215

پەیوەندی نێوان یاساکان و هێزی بەرگری

**کتێبی دەیەم:** .................... 225

پەیوەندی نێوان یاساکان و هێزی هێرش

**کتێبی یازدەهەم:** .................... 247

پەیوەندی نێوان بنەمای دەوڵەت و ئەو یاسایانەی ئازادی سیاسی پێک دێنن

**کتێبی دوازدەهەم:** .................... 287

پەیوەندی نێوان گەل و ئەو یاسایانەی ئازادی سیاسی پێک دێنن

**کتێبی سێزدەهەم:** .................... 315

پەیوەندی نێوان باج وەرگرتن لەگەڵ زۆری داهاتی گشتی و ئازادی گەل

**کتێبی چواردەهەم:** .................... 331

پەیوەندی نێوان یاساکان و جۆری ئاووهەوا

**کتێبی پازدەهەم:** .................... 347

پەیوەندی نێوان یاساکانی کۆیلایەتیی مەدەنی و سروشتی ئاووهەوا چۆنە؟





**کتێبی شازدەهەم:** .................... 367

بۆچی یاساکانی کۆیلایەتیی ناوماڵ پەیوەندیان بە جۆری ئاوو هەواوە هەیە؟

**کتێبی حەڤدەهەم:** .................... 381

پەیوەندی نێوان یاساو ڕێوشوێنی کۆیلایەتیی سیاسی و جۆری ئاوو هەوا

**کتێبی هەژدەهەم:** .................... 389

پەیوەندی نێوان یاساو جۆری زەوی و خاک

**کتێبی نۆزدەهەم:** .................... 415

پەیوەندی یاساکان لەگەڵ لایەنی ڕۆحی و ئەخلاق و داب و نەریتی نەتەوە

**کتێبی بیستەم:** .................... 445

پەیوەندی نێوان یاسا و بازرگانی

**کتێبی بیست و یەکەم:** .................... 463

پەیوەندی نێوان یاسا و بازرگانی بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا بەسەر بازرگانیدا هاتووە

**کتێبی بیست و دووەم:** .................... 515

پەیوەندی نێوان یاساو خەرجی دراو

**کتێبی بیست و سێهەم:** .................... 545

پەیوەندی نێوان یاساو ژمارەی دانیشتوان

**کتێبی بیست و چوارەم:** .................... 581

پەیوەندی نێوان یاساو دینی هەر کام لە وڵاتانی جیهان و پەیوەندی یاساکان لەگەڵ ڕێوشوێنە ئایینییەکاندا

**کتێبی بیست و پێنجەم:** .................... 605

پەیوەندی نێوان یاساو بەرقەراربوونی ئایین لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکان

**کتێبی بیست و شەشەم:** .................... 625

پەیوەندی نێوان یاساو ڕێکخستنی سروشتی ئەو کاروبارانەی کە یاسا لەپێناوی ئەواندا داڕێژراوە.

**کتێبی بیست و حەوتەم:** .................... 657

بنەمای یاسای ڕۆمانەکان سەبارەت بە میرات و ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا کرا

**کتێبی بیست و هەشتەم:** .................... 671

بنەمای سەرهەڵدان و گۆڕانی یاسا مەدەنییەکان لە نێو فەرەنسییەکاندا

**کتێبی بیست و نۆیەم:** .................... 755

دەبێ چۆن یاسا دابڕێژرێن

**کتێبی سییەم:** .................... 777

یاسای فیۆدالیتە (دەرەبەگایەتی) لەفەرەنساو پەیوەندی
ئەو یاسایە بە بەرقەراربوونی بنچینەی پاشایەتی

**کتێبی سی و یەکەم:** .................... 835

پەیوەندی نێوان یاساکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی فرانکەکان و ئەو گۆڕانکارییەی لە ڕژێمەکانیاندا ڕوویدا

نامیلکەی بەرگری مۆنتسکیۆ .................... 874

پەراوێزەکان .................... 919

## سەرەتایەکی بێ کۆتایی . . .

کاتێک تاریکی هەرچوار قوژبن دەتەنێت، ترس و خورافات یەکدەگرن و ناعەقلانییەت گەشە دەکات، مرۆڤ بۆ راکردن لە دەست ئەو ترس و تەنیاییە کە بەسەر دەروونیدا زاڵە بە دوای پاساوی نالۆژیکی و خورافیدا دەگەڕێت و بەدەم خەونوچکەی بێ ئیرادەیی و تەسلیم بوونەوە لەتاریکییەکی رەهادا سەرەنگرێ دەدات.

ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوروپای هەزار ساڵ تاریکی، ئەو شوێنە بوو کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەنێو نەزانی و چەوسانەوەدا دەست و پلی نەرم کرد و بەدەم خوێندنەوەو راڤەی سادە و ساویلکەوە پەنجەرە و کلاورۆژنەکانی سەر عەقڵی داخستبوو، ئەو ئیماندارانەی وایاندەزانی حەقیقەت لە گیرفانی ئەوان دایەو هیچ زانست و زانینێک نەماوە، نەزانرابێت تا مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێت، بە قوڕی نەفامی و بیر تەسکییەوە دیواری بەرزیان لەپێش چاوی مرۆڤەکاندا هەڵدەچنی و هەموو جیهان لەئاسمانێکی خۆڵەمێشی و چەند بستێکی بەردەمیان تێ پەڕی نەدەکرد. ئیتر دەنگی رمبازێن و هاتوهاوار و مشتومڕی نێوان دەسەڵاتدارو ژێر دەستەکانی یۆنان و رۆمانی کەڤنار نەدەبیسرا و ئەو وڵاتەی مەکۆی هزر و لانکی بیرمەندە مەزنەکان بوو لەژێر تەپوتۆزی داروخانی قەڵا بەرزەکانی خۆیدا کپ و خامۆش ببوو، ئیدی دەنگدان و هاووڵاتی بوون و ئەنجوومەنەکان و بێگانە و کۆیلەکان مانایان نەمابوو و بەدرێژایی ئەو سەردەمە هەموو لەکۆیلایەتییەکی رەهادا ژیانیان بەسەردەبرد. پەیوەندییە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندییەکی سادەو نامرۆڤانەی نێوان فیۆدال و رەعیەتەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتبوو، ئیتر چین و توێژ و ئەرک و مافی سەردەمی یۆنانی دێرین باریان کرد بوو و بیری کەسیان بەخۆیانەوە خەریک نەدەکرد.

لێرەوە هەوڵدەدەین تا ئەو شوێنەی دەکرێ تیشکێک بخەینە سەر هزری کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و لەوێشەوە باس لەسەردەمی «رۆشنگەری» دەکەین، ئەو سەردەمەی



ئەوروپا توانی تێیدا هەموو ئەو شتانە وەچنگ بێنێتەوە کە لەدەستی دابوون و ئاشکرایە ئەم بەرهەمەش واتە «رۆحی یاساکان» لە دایکبووی ئەو چاخەیە و پاشان ئاماژەیەک بە «تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی» دەکەن.

لە دوان لەسەر جیاوازی سەرەکی نێوان کولتووری یۆنانی دێرین و کولتوری ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەین. کولتورو شارستانیەتی دێرین، بەشێوەیەکی گشتی «کولتوور و شارستانییەتێکی شاری»[١] بوو، لە یۆنان و رۆمانی کەوناردا چەندین جۆرە بونیاد و دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی ژیانی خەڵک پێک هاتبوون، بۆ نموونە ئەسینا خودان سێ بونیادی زۆر گرنگ بوو: «کۆڕی گەل، ئەنجوومەنی راوێژکاری و دیوانی باڵا»[٢]. ئەم سێ بونیادە بە رێگەیەکی دیموکراتیک دەسەڵاتیان دەگرتە دەست و دیموکراسیش لەشێوە نموونەییەکە خۆی واتە دیموکراسی راستەوخۆ، ئەوەی دواتر بوو بە خەونی سەرەکی رۆسۆ، پیادە دەکرا و هەر ئەوکاتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەنجوومەن کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتدارەکان بوو، بەڵام کولتووری ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، کولتوورێکی دێهاتی بوو کە لە کەنیسە و زەمینداریدا کورت کرابۆوە. دەسەڵاتی کەنیسە کارایی هەموو جۆرە بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سڕیبۆوە و «چەمکی سامان تەنیا لە خاوەندارێتی زەوی و زاردا بەرتەسک کرابوو».[٣]

بە شێوەیەکی رەسمی پاشا خاوەنی هەموو زەویوزارەکان بوو، تەنیا بەپێی هەندێ ئیلتزاماتی تایبەتی وەکو تیول بەدەست و پێوەندەکانی خۆی دەبەخشێ. مەرجەعی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی مەعنەوی بەتەواوی تێکەڵاو بوو و مەسیحییەت بەسەر تەواوی رەهەندەکانی ژیاندا باڵادەست بوو.

لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا دژایەتییەکی قووڵ کەوتە نێوان پاپاو پاشاکانەوە. پێشتر پاپا خاوەنی حوکمی رەها بوو و بەسەر تەواوی ئەوروپادا فەرمانڕەوایی دەکرد و ئەحکامەکانی بەسەر هەموو ئەوروپادا جێبەجێ دەکران، بەڵام بۆ یەکەم جار لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا بوو کە پاشای دەوڵەتە نەتەوەییەکان کەهێدی هێدی سەریان هەڵدەدا و دەسەڵاتیان رۆژ لەدوای رۆژ پەرەیدەسەند بوون بە دوژمنی سەرەکی پاپا و بۆ ئەم مەبەستەو لەپێناوی پاساو هێنانەوە بۆ دەسەڵاتی خۆیان بە دوای تیۆری نوێدا دەگەڕان کە بتوانێ شەرعیەت بدا بەدەستەڵاتەکەیان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دژایەتی نێوان پاپا و پاشاکان بەهیچ جۆرێ هێمای دژایەتی نێو مەسیحییەت نەبوو، بەڵکو زیاتر دەربڕی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان بوو؛ هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد لە کۆتایی سەدەکانی

ناوەڕاست جۆرە بیرێکی سیاسی سەریهەڵدا کە خۆی لە «تیۆری سپاردنی یەزدانی»دا دەبینیەوە. دیارە ئەم هزرەش هیچ چەشنە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لەدژی کەنیسە وەرنەگرت بەڵکو گەرەکی بوو کاروبارە سیاسییەکان لە کاروبارە ئایینییەکان جیابکاتەوە و ئەوەش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ڕێنماییەکانی مەسیحییەتدا دەگونجا.

پەرەسەندنی ئەم تیۆرە بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ لەقەڵەم دەدرێ لەبیری سیاسیدا، چونکە پێشتر بەپێی «تیۆری مافی یەزدانیی پاشاکان» پاساو بۆ هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی پاشا دەهێنرایەوە و حوکمی پاشا بە حوکمی خوداو حوکمێکی پیرۆز لەقەڵەم دەدرا. پاشاکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لەناخی خەڵکدا پیرۆزی وەربگرێت و هەموو بەتەواوی ملکەچی بن، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بڕیار و فەرمانەکانیان لە یەزدانەوە وەردەگرن و ئەوان جێنشینی خوان لەسەر زەوی و خەڵک مافی هیچ جۆرە لێپێچینەوەیەکی نییەو پاشا تەنیا لەبەرامبەر خوادا بەرپرسیارە.

ئاشکرایە گەشەکردنی چەمکی مافی سپاردنی یەزدانی یان مافی یەزدانی ناڕاستەوخۆ لەهزری سیاسیدا بە گۆڕانێکی جۆری لە قەڵەم دەدرێ، چونکە بەپێی بیرو بۆچوونەکانی پێشتر پاشا هیچ چەشنە کۆت و بەندێکی نەدەناسی و خاوەنی زاتی ڕەهابوو، بەڵام تیۆرە نوێیەکە دانی بەوە دادەنا کە دەسەڵاتی حاکم لە ئیرادەی خەڵک وەرگیراوە، بەڵام بەپێی ئیرادەیەکی ڕەها واتە خوا وای ویستووە کە خەڵک ئەم پاشایە هەڵبژێرن.

تۆماس ئەکوینی (١٢٢٥-١٢٧٤) هێمای پەرەسەندنی سکۆلاستیکە، هاوکات هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی لەلایەک لەسەر حسێبی عەقڵ، عەقڵ و ئیمان و لەلایەکی تریشەوە مەسیحییەت و فەلسەفەی ئەرستۆ لێک گرێ بدات و لە یەکەم کەسەکان بوو کە بایەخ و گرنگی بە زانستە تیۆرییەکاندا. ئەوە لەکاتێک دابوو کە لەسەدەکانی ناویندا سووکایەتی پێ دەکراو تەنانەت بە گوناهیش دادەنرا و هەرچی هەبوو لە ڕێنماییەکانی مەسیحدا کورت کرابۆوە. ئەکوینی ڕێزی لە جیهانی ماددی دەگرت، بەڵام پێیوابوو دەبێ هەمیشە لە ژێر جیهانی مەعنەوی دابێت و بەم جۆرە سەرەتاکانی جیابوونەوەی دین و دەسەڵات دەستی پێ کرد، بەڵام هێشتا سنوورێکی دیار و ئاشکرا لە نێوانیاندا نەکێشرابوو. ئەکوینی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە «نموونەی مرۆیی دیاردەیەکە بەردەوام لەحاڵەتی گۆڕان دایە و ڕۆح فەردیەتی مرۆڤ پێک دێنێ. بەواتایەکی تر، جیاوازی سەرەکی نێوان مرۆڤە جیاوازەکان، ڕەگ و ڕیشەی بۆ جیاوازی نێوان دەروون و چۆنیەتی ڕۆحیان دەگەڕێتەوە»[٤]. لەمەڕ ئازادیشەوە ڕای وابوو کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی زاتی ئازادن و هەر لەبناوانەوە بەسەر دوو چینی دەسەڵاتدارو ژێردەستەدا دابەش دەبن و لە



هەمبەر دەوڵەتیشەوە پێیوایە مرۆڤ پاش دابەزینی لە بەهەشت بەشێوەیەکی بەتین ئارەزووی گوناهکاری تێیدا پەرەیسەندووە و بۆ پێش گرتن لەگوناح و تاوانەکانی مرۆڤ دەوڵەت پێویستە بۆ سزادانیان و بە پەیڕەویکردن لە ئەرستۆ دەوڵەتی بە بونیادێکی سروشتی لە قەڵەم دەدا. هەروەها ئەکوینی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی عەقڵانی دادەنێت و ڕای وایە مرۆڤ پاش دابەزینی لە بەهەشت عەقڵی بەتەواوی بێ توانا نەبووە بەڵکو تەنیا زیانی پێ گەیشتووە و لێرەوەو لە عەقڵانیبوونی مرۆڤەوە دان بە عەقڵانی بوونی دەوڵەتیش دادەنێت و وەکو ئامرازێکی ژێر دەستی کەنیسە سەیری دەکات لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی. ئەکوینی سەبارەت بەیاسا کە هزری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەن شوێنگەیەکی ناوەندی بوو چوار جۆریان لێ دەست نیشان دەکات: یاسای ئەبەدی یان هەتاهەتایی. یاسای یەزدانی، یاسای سروشتی و یاسای مرۆیی و لەوێشەوە چوار جۆرە ماف دیاری دەکات و بڕوای وایە کە «ماف و یاساکان بەیەکەوە بەستراون»و «یاسا فەرمانی عەقڵە».

گەلاڵە بوونی بیرۆکەی یاسای سروشتی لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا توانی گۆڕانێکی قووڵ لە بیری سیاسی و فەلسەفەو دیندا پێک بهێنێت و بوو بەسەرەتای وەرچەرخانێکی مەزن. بە بڕوای ئەکوینی یاسای سروشتی بریتییە لە «یاسایەکی ئەبەدی کە بۆ مرۆڤ داڕێژراوە، مرۆڤ بەهۆی هۆشیەوە(شعور) دەتوانێ سروشتی خۆی و لەوێشەوە یاسا سروشتییەکان بناسێت»[٥].

پاش ئەو بیروبۆچوونانەی کە ئەکوینی لەمەڕ دەوڵەت و کەنیسە و یاسا و مرۆڤەوە پێشکەشی کرد، مارسیلیۆس دێت و لەوخاڵەوە دەست پێ دەکات کە یاسا یەزدانی و یاسا مرۆییەکان لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ یەکتر جیاوازن؛ ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەکوینی پێیوابوو لەنێوان «جۆرە جیاوازەکانی یاسادا هەماهەنگیەک هەیە» و بڕوای وابوو کە دوو جۆرە حەقیقەت وجودی هەیە، حەقیقەتێکی دونیایی کە مرۆڤ لەڕێگەی عەقڵەوە دەتوانێ وەدەستی بهێنێت و حەقیقەتی دینی یان وەحیانی. لەهزری مارسیلیۆس و لەم دابەشکردنە ئاشکرایەدا وردە وردە سەرەتای جیابوونەوەیەکی یەکجاری بەدیاردەکەوت و ئەم ڕوانگە دوالیستانەی مارسیلیۆس بۆ حەقیقەت ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لەوەی کە حەقیەت تەنیا لە پانتایی وەحی و دین دا نییەو کەنیسە مافی ئەوەی نییە خۆ لە یاسای دەوڵەتی هەڵبقورتێنێ. سەبارەت بە شێوەی بەشداریکردنی هاوڵاتیان و هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدارانیشدا ئەکوینی و مارسیلیۆس بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوو. ئەکوینی لە ڕوانگەیەکی دینی و ئەخلاقییەوە ئەو وتەیەی ئۆگستین دووبارە

دەکاتەوە «ئەگەر خەڵک ئەرکەکانی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن ئەوا جێی خۆیەتی مافی ئەوەیان هەبێت ڕێبەرو کاربەدەستانی خۆیان هەڵبژێرن» بەڵام مارسیلیۆس پێیوابوو یاساکانی دەوڵەت تەنیا کاتێک مسداقیەتیان دەبێت کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە پەسندبکرێن. بەکورتی مارسیلیۆس لایەنگیری جیابوونەوەی دەوڵەت و کەنیسەیە و تەنانەت پێیوایە دەبێ کەنیسە لەبابەتە دونیاییەکاندا پەیڕەوی لە سیاسەتمەدارەکان بکات.

لە ململانێی نێوان پاپا و پاشاکان دا، پاشاکان سەرکەوتن و ئێدی خەونی باڵادەستیی مەسیحییەت هەرەسی هێناو لەپێشەوە پاساو هێنانەوەو و شەرعیەت دان بە دەسەڵات بوو بە غەمی سەرەکی پاشاکان و دەسەڵات لەجیاتی ئەوەی وەکو میکانیزمێک بۆ گەیشتن بەئامانجەکان سەیری بکرێ بۆ خۆی بوو بە ئامانج. بڵاوبوونەوەی کتێبی«میر»ی نیکۆلۆ ماکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧) کە بەگەورەترین بەرهەمی سیاسی دادەنرێ لەماوەی دوورودرێژی سەدەکانی نێوەڕاستدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری سیاسی دانا و ماکیاڤیللی پاش ماندووبوون لەباس و خواسی ئاینی ڕێگەی بەرەو لێکۆڵینەوەی نائایینیانەی دەسەڵات کردەوە. لەبیری ماکیاڤیللی دا جۆرە گونجانێک هەیە لەنێوان تێڕوانینی بۆ مرۆڤ و پراکتیکەکردنی دەسەڵات. ئەو پێیوابوو مرۆڤ بەشێوەیەکی زاتی خۆپەرست و حەسوود و سنوور بەزێن و دەسەڵاتخوازە، هیچ شتێک ئارەزووە لەبڕان نەهاتووەکانی تێرناکات و هەر لەوێشەوە بڕوای وابوو کە دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو مرۆڤە دەسەڵاتێکی ڕەها و بە زەبروزەنگ لەئارادابێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت هونەری بەکارهێنانی تواناکانە. ماکیاڤیللی لە ئەزموونە تاڵ و هەژێنەرەکانەوە تیۆرییەکانی خۆی داڕشت و بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی وەکو ئەوەی هەیە و سەرکەوتن بەدەست دێنێ، نەک ئەوەی دەبێ هەبێ، خستە ژێر لێکۆڵینەوە. هەندێ لەتوێژەرەوان پێیان وایە ئەو بە تێڕوانینێکی وردبینانەوە ڕێژەیی بوونی مێژوو و سیستەمە سیاسییەکانی شیکردۆتەوە و هەندێکی تریشیان لەسەر ئەو بڕوایەن جۆرە دژایەتی و تێکەڵاویەک لەهزری ماکیاڤیللیدا هەیە.

هەروەک ئاشکرایە ماکیاڤیللی بڕوای بە هیچ چەشنە پێوەرێکی ڕەها نییە بۆ سیاسەت و پێیوایە ئەخلاق- نۆرم و ڕێشوێن و یاساکان- لەڕێگەی سیستەمی سیاسی دستەڵاتدارەوە دیاری دەکرێت و دەبێ لەخزمەتی دەوڵەت و بەرژەوەندی نەتەوەییدا بێت.

کێشەی نێوان کەنیسە و دەسەڵات کۆتایی نەهات و لەوەش زیاتر لەسەدەی شازدە دا جیایی و شەقار کەوتە نێو خودی کەنیسەشەوە. لەم سەدەیەدا بزووتنەوەی چاکسازی دینی



(Reformation) کە زەمینەیەکی لەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخسابوو سەریهەڵدا، ئەم بزووتنەوەیە لە سەر دەستی مارتن لۆتەر (١٤٨٣-١٥٤٦)و جیان کالڤن (١٥٠٩-١٥٦٤) دەستی پێکرد. لۆتەر نیازی نەبوو جیایی و دابڕان لە کەنیسەدا دروست بێت بەڵکو دەیەویست چاکسازی تێدا ئەنجام بدات و لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانەدا بیگونجێت کە بەرۆکی تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی گرتبوو. بەڵام، ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بەرەو جیایی و گیروگرفت ڕۆیشت. هەم لۆتەر و هەم کالڤن لەگەڵ ڕای مارسیلیۆس و ماکیاڤیللیدا بوون و پێیان وابوو دەبێ کاروباری ماددی و مەعنەوی لەیەکتر جیابکرێنەوە و لەڕوانگەی ئەوانەوە پەیوەندی دینی و مەعنەوی «پەیوەندی نێوان ڕۆحی مرۆڤی ئەبستراکتە لەگەڵ خودا و تاکەکان نەک بەشێوەی کۆ بەڵکو بەشێوەی تاکەکەسی دەکەونە ژێر ڕەحمەتی خوداوە»و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مرۆڤ پێویستی بەپاپا نییەو دەتوانێ بەبێ هیچ نێوانێک و ڕاستەوخۆ داوای بەخشین لە یەزدان بکات هەر لێرەشەوە بەردەوام جەختی لەسەر گرنگی تاک و سەربەخۆییەکەی دەکردەوە.

ئەم ڕستەیە بوو بە سەرەتای وەرچەرخاندنێکی نوێ و تاکگەرایی ئایینی سەری هەڵدا، واتە لێرەوە ئیدی مرۆڤ وەکو تاکێک لە هاوکێشەکانی دین دا حسێبی بۆ دەکرا و چیتر لەنێو ئاپۆرای حەشیمەتی زۆرو زەوەندی کۆمەڵگادا حوکمی گوناهکاری و بێ تاوانی بەسەردا نەدەدرا، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لەڕێنماییەکانی پێشەوایانی چاکسازیدا هێشتا بیرۆکەی تاکگەرایی سیاسی گەڵاڵە نەبوو و پێیان وابوو لەژیانی ڕۆژانە دا دەسەڵاتدارەکان شێوازی ژیانی مرۆڤەکان دیاری دەکەن. بزووتنەوەی چاکسازی نەک هەر بڕیاری لەسەر جیایی دین و دەوڵەت دا بەڵکو کەوتە مشتومڕی ئەو بابەتەش کە دەبێ تای تەرازوو بەلای کامەدا بشکێتەوە و سەبارەت بەم پرسە لۆتەرو کالڤن ڕوانگەی جیاوازیان هەبوو، لۆتەر پێیوابوو دەبێ کەنیسە پەیڕەوی لە دەوڵەت بکات و کەنیسە بونیادێکی مرۆییە و پیرۆز نییە، بەڵام کالڤن بەپێچەوانەوە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ کەنیسە لە بان دەوڵەتەوە بێت و سیاسەت بەپێی ئینجیل ڕێک بخرێت و تەنیا شتێک کە مرۆڤ ڕزگار دەکات ئیمانە. هەر دووکیشیان دژی ئەو بیرۆکەیە بوون کە ژێردەستەکان بتوانن کاروباری دەوڵەت بخەنە ژێر پرسیارەوە و ئەمەیان تەنیا بەکاری خوا دەزانی. کەواتە سەرەڕای ڕوانگەی نوێ و جیاواز بۆ دەوڵەت و ڕادەی شەرعیەتی «پەیامی سیاسی بەشی هەرە زۆری بزوتنەوە چاکسازییە ئایینییەکان زۆر بەزوویی بەرەو ملکەچی بێ قەید و شەرت بۆ خاوەن دەسەڵاتەکان گۆڕا»[٦].

***

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە سیستەمی دینی سەدەکانی ناوەڕاستدا چوارچێوەو سنووری زانست و بیرکردنەوە دیاریکراو بوو و هیچ جێگەیەک بۆ گومان نەمابۆوە و جگە لە پەراوێز لەسەرنووسین و لەبەرکردنی بەرهەمەکانی پێشینان، دەرفەتی هاتنەکایەی هیچ چەشنە هزرێکی نوێ نەدەدرا. لەنێو ئەو سیستەمە دۆگما و داخراوەدا کاری ئەندیشە قبوڵ کردن بوو نەک داهێنان، بەڵام رەوتی ئاڵوگۆڕەکان و بە تایبەتی پەرەسەندنی زانستی سروشتی موژدەی هاتنە ئارای سەردەمێکی نوێی هێناو توانی دەروازە داخراوەکانی سەر هزری مرۆڤ هەڵبگرێ و لەوێوە ئیدی روانگەی زانستی و عەقڵانیەت بەیەکجاری بەسەر عەقڵی لاهووتی سەدەکانی ناوین دا سەرکەوت و ئاراستەی بیرکردنەوەشی بە ئاقارێکی نوێ دا برد و دواتر هەموو ئەو گۆڕانکارییە گرنگ و جەوهەرییانەی لە چوارچێوەی سەردەمێک دا کۆکردنەوە کە ناوی «رۆشنگەری» بە بەژن برا. لە سەردەمی رۆشنگەریدا شەپۆلێکی مەزن و بێ ئامان هەڵیکردو دەتوانین ناوی شەپۆلی گومانی لێ بنێین. گومانێکی لۆژیکی بۆ سەر هەموو ئەو شتانەی هۆکاری گەندەڵی بوون، هێزی ئەو گومانە توانی چوارچێوە داخراو و پیرۆزکراوەکان تێک بشکێنێ و بەدوای ئایدیای تازە دابگەڕێت و خوازیاری وەڵامی نوێ بێت بۆ هەموو پرسیارە حەرامکراوەکان، ئیدی گومانی فەلسەفی و رووژاندنی پرسیار شوێنی گومانی بەترس ئاخنراوی گرتەوە. رۆشنگەری لەروانگەی کانت-ەوە (دەلالەتێکی زمنی بوو لەسەر ئەوەی مرۆڤ بۆی دەرکەوتووە توانای ئەوەی هەیە بۆ خۆی بیر بکاتەوە،، واتە مرۆڤایەتی خۆی لە «دەمڕاستە دەستکردەکانی خۆی» رزگار کردووە. مەبەستی کانت ئەوە بوو کە بەر لەسەردەمی رۆشنگەری خەڵک خۆیانیان تەسلیمی دەسەڵاتە تەقلیدییەکان(دەوڵەت، کەنیسە و کاری خەڵک پەسەندانە) دەکرد»[۷] ئەوە جگە لەوەی کانت دروشمی «بۆ زانین بوێریت هەبێ» بەدروشمی رۆشنگەری لە قەڵەم دەدا، لێرەشەوە بیرکردنەوە توانای لەسەردەمی رۆشنگەریدا شوێنی شیاوی خۆی وەربگرێت. هەروەک ئاشکرایە ئەو بیرەی گومان لە ژیان و گەڕان بەدوای نەناسراوەکان بەرهەم دێنێ، ناتوانێ لەپانتاییە بەرتەسکەکاندا ئۆقرە بگرێت و بەهیچ چەشنێک حوکمە پێشینە تۆز لەسەر نیشتووەکان ناخی پاراو ناکەن. لە روانگەی رۆشنگەرییەوە، رۆڵ و ئەرکی سەرەکی بیر بریتییە لە «ناسینی چالاکی هزر، خۆتاقیکردنەوەی عەقڵ و دەروون بینی»[۸]. رۆشنگەری گەرەکی بوو بزانێت ئەنجامی چالاکیەکانی هزری مرۆڤ بەرەو کوێ دەچێت و ئایا عەقڵ لەتوانای دا هەیە ئەو بارە قورسە هەڵبگرێ کە خستوویەتە سەرشانی خۆی، لەئاکامی ئەم دوو تێڕوانینەو بە دووربینیەوە بتوانێ ئایندەی خۆی ببینێت و بچێتە ناخ و دەروونی شتەکانەوە.



لەبنەڕەتدا چەمکی رۆشنگەری لە وشەی ئینگلیزی (Enlightenment) وەرگیراوە کەمانای رووناک بوونەوە و هۆشیاری دەدات، بەڵام هۆی چی بوو ئەم ناوەیان بەسەر کولتووری کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە و سەدەی هەژدەدا بڕی. ئاشکرایە ئەو سەردەمە لەزۆر رووەوە هاوشێوەی کولتووری یۆنانی سەردەمی (٥٣٠-٤٠٠پێش زایین) بوو و هەر بۆیە ئەم قۆناغەشیان- هەروەکو ئەو قۆناغەی مێژووی یۆنان- بە سەردەمی رۆشنگەری ناوزەدکرد. لەسەردەمی رۆشنگەری یۆنانیش دا عەقڵ هەوڵی دا فەرمانڕوایی خۆی بەسەر هەموو پانتاییەکاندا بسەپێنێ و بکەوێتە بەرەنگاری وخەبات لەدژی ئەو خورافاتەی کە لەنەوەکانی پێشووترەوە بەمیرات بەجێما بوو. لەم کارەشدا توانی سەرکەتن بەدەست بێنێ و بناغەیەکی عەقڵانی و فەلسەفی ئەوتۆی داڕشت کە تەنانەت زانست و فەلسەفەی نوێش لەسەر بنەمای ئەوەوە دامەزراون. هەروەک چۆن بۆرنت دەڵێ: «پێویستە دان بەوەدا بنێین ئەوەی ئەمڕۆکە بەروانگەی زانستی و عەقڵانی ناوزەدی دەکەین، دەسکەوتی یۆنانە و ئەگەر ئەمڕۆ هەموومان تێدەکۆشن بەشێوەیەکی (زانستی) بیربکەینەوە، لەراستی دا گەرەکمانە بەچاوی یۆنان سەیری جیهان بکەین».

لە سەردەمی رۆشنگەری دا زانستی سروشتی (فیزیک) باڵی بەسەر هەموو پانتاییەکانی ژیان دا کێشا. نیوتن(١٦٤٢-١٧٢٧) یەکێک لەپێشەوا هەرەمەزنەکانی ئەم زانستە کە توانی ئاراستەی هزری مرۆڤایەتی بگۆڕێ.

کانت لەوەسفی گەورەیی نیوتن دا دەڵێت: «بەبێ (نیوتن)، (کانت)یش نەدەبوو».

تیۆری کێشکردنی زەوی بۆ بیرمەندانی سەردەمی رۆشنگەری هێمای داهێنەرێتی عەقڵی مرۆڤ بوو. بەبڕوای ئەوان هەر ئەو عەقڵەی نیوتن بەیارمەتی ئەوەوە توانی لەپانتایی میکانیکدا سەرکەوتنی پێ وەدەست بێنێ، پێویستە لەهەموو مەیدانەکانی تریشی دا سوودی لێوەربگیرێت، ڤۆڵتێر جاڕدەری ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بوو و پێشتریش لەپانتایی سیاسەت و حقوقدا مۆنتیسکیۆی مافپەروەر هەمان ئەو پرسیارانەی هێنایە بەر باس کە نیوتن خستبوونیەڕوو.

کەواتە لەسەردەمی گەڕانی بەردەوام بەدوای پێناسە و مەفهومێکی نوێ بۆ حەقیقەت و فەلسەفە و هێنانە گۆڕی ئەو پێناسانەی کە ئامادەنین سنوورە تەقلیدییەکان قبووڵ بکەن، تەنانەت ئەوەندەی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا گرنگی وەردەگرێ، هێندە گرنگی بەخودی حەقیقەت نادرێت و لەو نێوەشدا هەروەک ئاماژەمان بۆ کردن بنەماکانی پارادایمی زانستی سروشتی و بەتایبەتی میتۆدی ئانالیزەی نیوتنی زۆرترینی سوودی لێ وەردەگیرێ. بەپێی ئەم میتۆدە لە پێناوی دۆزینەوەی دیاردەو فاکتەرکان لە چەمک و

پرنسیپە بابەتییەکانەوە دەست پێ ناکرێت بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە، دیاردەکان دەستنیشان دەکرێن و لەرێگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەیانەوە پرنسیپ و یاساکان هەڵدێنجرێن (ڕێک ئەو شێوازەی نیوتن بۆ خۆی یاسای کێشی زەوی پێدۆزییەوە).

لەیادمانە کە لەسەردەمی رۆشنگەری دا و بەبروا و متمانەیەکی تەواوەوە بەشی هەرەزۆری چەمکەکان هەر لەیاسا و مافی سروشتییەوە تا دەگاتە ئازادی و مافی هاوولاتی بوون و هاوکێشەی نێوان دەسەلاتدارو ژێردەستەو هتد...، پێناسەیەکی نوێ و لەهەمان کاتدا یەکلاکەرەوەیان وەرگرت و لەو نێوەشدا سێ چەمکی عەقڵ و سروشت و پێشکەوتن، ناوەرۆکی سەرەکی جیهانیی رۆشنگەریان پێکهێنا. لەروانگەی بیرمەندانی سەردەمی رۆشنگەرییەوە عەقڵ جۆرە عەقڵێکی ئاسایی بوو کە لە توانایدا هەبوو لەرێگەی فێربوونەوە، چالاکییەکانی خۆی وردتر و کارامەتر بکات و دەبوایە عەقڵ لەسەر هەمان رەوت و شێواز بڕوات کە سروشت لە مرۆڤیدا خولقاندووە و دەیتوانی لەرێگەی کارتێکەری شیاوی خۆیەوە ئەو توانایە بەمرۆڤ ببەخشێ کە دەست بداتە داهێنان و سەرلەنوێ دارشتنەوەی حەقیقەتەکان.«عەقلانییەت ئیدی بەرهەمی کۆی (تەسەوراتی فیتری) نییە کە لە پێش ئەزموونەدا بە مرۆڤ بەخشرابێت و خودی رەهای شتەکان ئاشکرا بکات. رۆشنگەری زیاتر وەکو شتێکی وەدەست هاتوو(اکتسابی) سەیری عەقڵ دەکات نەک وەک میرات. عەقڵ خەزێنەی زەین نییە و حەقیقەت وەکو دراو لەوێدا زەخیرە کرابێت، بەڵکو هێزێکی عەقڵی رەسەنە رێنماییمان دەکات بۆ کەشف و دیاری کردنی حەقیقەت، هەر ئەو دیاریکردنی حەقیقەتە ناوک و پێش گریمانەیە بۆ هەر چەشنە یەقینێکی راستەقینە»[٩]. ئیدی ئەم روانگەیە بۆ عەقڵ لەلای بیرمەندانی رۆشنگەری دەبێت بە ئیمان و ناوەرۆکی ئەو ئیمانەش بەم جۆرەیە کە «لەلایەکەوە گەیشتن بە مەعریفەیێکی لۆژیکی و واقیعی بۆ جیهان و وجوودی مرۆڤ، شتێکی شیاوە و رێی تێدەچێت و لەلایەکی تریشەوە مرۆڤ بەمەرجێک دەتوانێ بگاتە لووتکەی پێشکەوتن و بەختەوەری کە بتوانێ لەرێگەی مەعریفەیەکی لەم جۆرەوە بەسەر هەموو کردەوەو بڕیارەکانی خۆیدا بڕوانێت».[١٠] کەواتە جگە لە شوێنگەی عەقڵ، پەروەردەوفێرکردنیش بەومەرجەی لەسەر بنەمایەکی زانستی و عەقلانی بێت گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێت و دواتر لەلای رۆسۆ دەبێ بە یەکێک لە دوو رێگای دروست کردنی تاکی باش و بەسوود.

بەبڕوای بیرمەندانی ئەو سەردەمە ئەوەی «زانا لەنەزان و کەسێکی هۆشیار لەیەکی خورافاتی و مرۆڤێکی باش لەهی خراپ جیادەکاتەوە، تەنیا پەروەردەو فێرکردنە» ئەو روانگەیەش لەبنەرەتدا دیسان دەرهاویشتەی ئەو عەقڵییەتە نوێیە بوو کە هیچ



دەسەڵاتێکی بان مرۆیی و چارەنووسێکی لەپێشدا دارێژراوی بەرەسمی نەدەناسی و مرۆڤی خستبووە چەقی بوونەوە.

بەم روانین و تێگەیشتنە و لەو شوێنە بەرزەی کە بۆ عەقڵ دیاری کرا لە سەردەمی رۆشنگەری وەستان لە دژی خورافات و حوکمی پێشینە بوو بە ئەرکی سەرەکی بیرمەندان و لێرەدا نەک هەر بیرکردنەوە بەڵکو هێنانە ئارای جۆرە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی دەبێتە غەمی بنەرەتی. هەر وەک دیدرۆ ئاماژەی بۆ دەکات ئامانجی رۆشنگەری دەبێتەوە کارکردن لەپێناوی «گۆڕینی شێوازی بیرکردنە»، واتە سەقامگیرکردنی بیرێکی راڤەیی-رەخنەیی لەجیاتی هزری ئەفسانەیی. لەم رووەوە هیگلیش پێیوایە رۆشنگەری هەر لەسەرەتاوە وەکو رۆحێکی رەخنەگرانە یان وەک بیرێکی زهنی رووت سەرهەڵدەدات و هەرچی لە دەوروبەریدا هەیە تێکی دەشکێنێ و هاوکات لەگەڵ ئەو تێکشکاندنانەدا خۆشی تووشی فەوتان و تێکشکان دەکات. لەلایەکی ترەوە رۆشنگەری فەلسەفەو رەخنە لێک گرێ دەدات و بڕوای وایە لە شوێنەواری ناراستەوخۆی نێوانیاندا جۆرە هەماهەنگیەک هەیە و هەوڵدەدات یەک خەسڵەت بۆ هەردووکیان بدۆزێتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە ئەو سەردەمە «رەخنە و داهێنان- کە پێشتر بەم جۆرە کامڵە رووی نەدابوو- بەجۆرێک ئاوێتەی یەکتر دەکات کە رەخنە راستەوخۆ دەبێ بە داهێنان»[١١]. هەروەک ئێرنست کاسیرێر دەڵێ «رۆشنگەری ئاوێنەیەکی ساف و بێگەردی لەبەرامبەر چەرخی خۆی دانا و خۆی خستە ژێر تیشکی رەخنەوە» و داهێنانە فیکرییە یەک لەدوای یەکەکان لە پانتاییە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا سەریان هەڵدا.

دووەم چەمک کە ناوەرۆکی جیهانبینی رۆشنگەری پێک دێنێت «سروشت»ە و لەو سەردەمەدا چەمکی سروشت لەگەڵ عەقڵدا بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لێک گرێ دەدرێت. لە روانگەی ژیۆدانۆ برۆنۆوە سروشت هیچ نییە جگە لەو هێزەی کە لەشتەکاندا هەیە و ئەو یاسایەی کە بەهۆی ئەوەوە هەموو تەنەکان لەرەوتی گونجاوی خۆیاندا بەرەوپێشەوە دەچن و لەسەر یەک برۆنۆ گۆڕانێکی بنەرەتی لەچەمکی سروشت دا پێک هێناو سروشت مانای جیاوازی وەرگرت، هەندێ جار بە مانای (نۆرم) و هەندێ جاریش بەواتای (خسڵەتی بەرایی) و (مرۆڤی پێش مێژوو یان بەر لە دروست بوونی دەوڵەت) لێک دەدرایەوە، لەروانگەیەکی ترەوە سروشت بەشێوەیەکی گشتی هەمان چاکە(کۆکراوەی ئامانجەکان و پێوەر ئەخلاقی و ئیستاتیکیەکان) بوو.

بەڵام جێگەی پێشکەوتن لەهزری رۆشنگەریدا کەوتۆتە کوێ؟ رۆشنگەری بەپشتیوانی عەقڵ و هەڵکوتانەسەر ئاستەنگ و لەمپەرەکان، بەگەشبینییەکی لە ڕادە بەدەرەوە

دەیڕوانییە چەمکی پێشکەوتن و بەئامانجی کۆتایی خۆی دەزانی. هەروەک ئارگۆن دەڵێ چەمکی پێشکەوتن ڕۆڵێکی مەزنی لەباڵابوونی شارستانیەتی ماددی و فیکری ئەوروپادا بینی، گەر موگناتیزمی ئەو چەمکە نەبووایە ئەو هەموو وزە و توانایە نەدەخرایە گەڕو ئەوە بەرپانەدەبوو کە بوو... ئەوە جگە لەوەی عەقڵ هەموو ئەو وادەو بەڵێنانەی بردەسەر کە لەنیشاندانی توانای خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵک و بنیاتنانی شارستانییەتێکی جوان لەم سەرزەمینە دابووی.

لەو سەردەمە بەهۆی جیابوونەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتری، ڕوانین بۆ ماف سروشتییەکانیش گۆڕانی بەسەرداهات و جۆرە مافێکی نادینی سەریهەڵدا کە بۆ هەموو خەڵک و گشت نەتەوەکان بەپێکهاتەی جیاوازەوە دەستی دەدا، ئەو مافانە تەنیا پەیوەندییان بە خودی مرۆڤەوە هەبوو و دەربڕی مرۆڤبوونی مرۆڤەکان بوو. مافی سروشتی لەسەر ئەو گریمانە لوژیکییە دامەزرابوو کە «تەنانەت ئەگەر یەزدانیش بوونی نەبێت، مرۆڤەکان خاوەنی هەندێ مافی دیاریکراون» و «هەموو پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە خاڵێکدا بە چەشنێکی ئەوتۆ لێک بەستراون کە ئاستەمە بتوانین خۆمانی لەبەرامبەردا هەڵبخەڵەتێنین»(١٢).

ئەو پرەنسیپانە هەمان مافە سروشتییەکانی مرۆڤن کە بۆ هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێک نییە پێشێلیان بکات. ئەم مافانەش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: مافی ژیان، مافی ئاسایشی کەسی، مافی خاوەندارێتی تایبەتی، مافی یەکسانی لە بەرامبەر یاسا و مافی بەشداری سیاسی و مافی ئازادی. لێرەدا پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و ئازادیدا دروست دەبێت و لەراستیدا هەموو ئەو ئایدیا و خەونانە تەنیا بە لەئارادابوونی ئەگەری ئازادی مانا پەیدا دەکەن. لەروانگەی ڤۆڵتێر و کانتەوە ئازادی قەڵەم پەناو پشتیوان و «پاسەوانی مافی خەڵکە»و دیسان ڤۆلتێر پێیوایە مافی ئەوەی ئێمە بتوانین قەڵەم وزمانی خۆمان لەسەر بەرپرسیایەتی خۆمان بەکاربێنن پەیوەندی بەمافە سروشتیەکانەوە هەیە. لۆک کە زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەگەر دەوڵەتێک لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا مافە سروشتییەکانی خستە ژێر پێیەوە ئەوا خەڵک مافی خۆیانە بۆ رووخاندنی ئەو سیستەمە تێبکۆشن، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەموو مرۆڤەکان بەئازادی و بێ پەیڕەوی کردن لە هیچ حکومەتێک لە دایک دەبن و دواتریش رۆسۆ لە رستەیەکی شاعیرانەدا وتی: «مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، بەڵام لە هەموو لایەکەوە لەبەند دان» و بەم چەشنە ئازادی بوو بە یەکێک لەئایدیا هەرە مەزنەکانی رۆشنگەری و لەگەڵ یاساو دەسەڵات دا بەچەشنێکی پتەو لێک گرێ درا. بەبڕوای



(کانت) یاساو ئازادی بەبێ دەسەڵات واتە «پشێوی»، یاساو دەسەڵات بەبێ ئازادی واتە «ملهوڕی»، دەسەڵات بەبێ ئازادی و یاسا واتە «وەحشیگەری»، لەویش گرنگتر ئازادی رادەربڕین چووە چەقی هزری سەردەمەوە. تەنیا بەو مەرجە عەقڵ دەیتوانی خۆشی و ئارامی بەجیهان ببەخشی ئەگەر ئازادی رادەربڕین هەبێ و تەنانەت لەروانگەی مۆنتسکیۆوە فرە بیرو بۆچوونی بوو بەگرانتی زیان و هەڕەشەکانی بیروڕا هەڵە و چەوتەکان.

## «پەیمانی کۆمەڵایەتی»

کاتێک ماف و ئازادییەکان وە بەرچاوبگرین، ژێر دەستەکان پارێزگاری لەدەستەڵاتدارەکان دەکەن. هەر کە پارێزگارو پشتیوانیش هاتە ئاراوە، دەسەڵات و شەرعییەت لەدایک دەبێت. کەواتە لە هاوکێشەی نێوان دەسەڵاتدارو ژێر دەستەدا چ گرانتێک بۆ پاراستنی مافی تاکەکان و هاوسەنگی هاوکێشەکە هەیە؟ تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی (Social Contract) کە بەپلەی یەکەم وەکو تیۆرییەکی دژ بە هزری تیۆکراتی سەریهەڵدا کە خۆی لە مافی یەزدانی پاشاکان و مافی سپاردنی یەزدانیدا دەبینیەوە وەکو تیۆرییەکی تاکگەرایی سیاسی گەڵاڵە بوو و بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەبێ دەوڵەت لەسەر بنەمای زۆرترین لێک تێگەیشتن لەنێوان یەک یەکی تاکەکاندا دابمەزرێت و بەم چەشنە ئیرادەی گەل لە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدارەکاندا، شوێنی شیاوو گونجاوی خۆی وەدەست هێنا. پەیمانی کۆمەڵایەتی گەرەکییەتی تەسەوری مرۆڤ بکات بەر لەدروست بوونی دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی تا لەوێوە رەخنەو شیکردنەوەی خۆی لەسەر کۆمەڵگا و دەسەڵات گەڵاڵە بکات.

هەندێ لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم قۆناغە واتە (بارودۆخی سروشتی (Natural State) قۆناغی بەر لە بەکۆمەڵایەتیبوونە و هەندێکی دیکەش بەقۆناغی پێش سیاسیبوونی ناوزەد دەکەن.

تۆماس هۆبز دامەزرێنەری ئەم تیۆرییەیە و دوای ئەویش گەیشتە لۆک و دواتر لەلایەن رۆسۆوە گەشەی پێ درا.

تۆماس هۆبز(١٥٨٨-١٦٧٩)ی ماتریالیست و میکانیست لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنیا ماددە بوونی واقیعی هەیە و دەتوانین دیاردەکان وەکو جوولەی میکانیکی تەنەکان شیبکەینەوە، تەنانەت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەسەر بیری سیاسی هۆبزیشدا زاڵ بوو و هەر لەم وانگەیەشەوە دەوڵەتی راڤەدەکرد. بەشی هەرە زۆری بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەر کام لە گۆشەنیگای خۆیەوە سەیری مرۆڤ و بارودۆخی مرۆڤیان کردووە لەحاڵەتی سروشتی دا. هۆبز لە لایەکەوە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ماهیەتی مرۆڤ نەگۆڕە و لەلایەکی دیکەشەوە پێیوایە مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی یان سروشتێکی دوالیستانەیە. لایەنێکی کەسایەتیەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکان و لایەکەی تریشی



لەژێر کاریگەری لۆژیک دایە و لێرەوەیە هۆبز بڕوای وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆپەرست و تەنیا و خودمەرکەزە و لەبارودۆخی سروشتیدا ئامادە نییە ملکەچی هیچ جۆرە نەزمێکببێت، بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد سەرەڕای ئەوەی هەست و سۆزێکی دڕندانە بەسەری دا زاڵە بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەن عەقڵیشە.

بەبڕوای ئەو مرۆڤ لەژێر تیشکی زاتی خۆیدا کوێر دەبێت و تەنیا خۆی دەبینێ و بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی لە هیچ چەشنە کردەوەیەک خۆنابوێرێت و دەکەوێتە جەنگێکی بەردەوام. هۆبز ئەم حاڵەتە بە «جەنگی هەمووان دژی هەمووان» ناوزەد دەکات و پێیوایە لەم جەنگەڵەدا مرۆڤ گورگی مرۆڤە «Homo homini Iupus» و مرۆڤ دەبێتە کۆیلە و دیلی حەزو ئارەزووەکانی و هەموو تاکەکان لەحاڵەتێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ و توند و تیژیدا ژیان بەسەر دەبەن و ژیانی مرۆڤ کورت و لە گۆشەگیری و هەژاری و پۆخڵەواتی و دڕندەییدا تێپەڕ دەبێت. پاڵنەری سەرەکی جەنگ لە حاڵەتی سروشتی دا ئەوەیە کە هەموویان بە هەر رێگەیەک دەکرێ ئاسوودەیی و ئاسایش بۆ خودی خۆیان دابین بکەن و ئەوەش تەنیا لە رێگەی وەچنگ هێنانی دەسەڵاتەوە دەبێت و لەو رووەوە دەڵێ: «من مەیل و حەزی گشتی مرۆڤەکان بەپلەی یەکەم بەئارەزوویەکی هەمیشەیی و بێ قەرار لەگەڕان بەدوای دەسەڵات و دیسان دەسەڵات لەقەڵەم دەدەم، ئەوە مەیلێکە تەنیا بەمەرگ دادەمرکێ»[١٣].

بەڵام ئایا لەم جەنگەدا بەهێز سەردەکەوێت یان هەر لە بنەڕەتدا بەهێزی مانای هەیە؟ هۆبز دەڵێ: نەخێر، چونکە لەکۆتاییدا خەڵک سەرەڕای جیاوازییەکانیان لەراستیدا هێزەکانیان تاڕادەیەک یەکسانە و«بێهێزترین کەس ئەوەندە بە هێزە کە بتوانێ پشتی بەهێزترین کەس لە زەوی بدات» و «لەم یەکسانی هێزەوەیە کە هیوای یەکسان بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکان سەرهەڵدەدا و لەو یەکسانی هیوایەشەوە هیوا بە یەکسانی لەدایک دەبێت».[١٤] دیسان پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە روانگەی ئەوەوە لەبارودۆخی سروشتیدا هیچ چەشنە تێگەیشتنێک بۆ راست و ناڕاست و عەدالەت و ناعەدالەت لەگۆڕێدا نییە و تەنیا یاسای هێز حاکمە و لەکۆتاییدا پێیوایە سێ هۆکار ئەم بارودۆخە دەخوڵقێنن، پێشبڕکێ، ترس و شانازی. کەواتە لەم جەنگەڵە پڕ لە مەرگ و دڵەڕاوکێیەدا چ پاڵنەرێک وا لە تاکەکان دەکات لە یەکتری نزیک ببنەوە و کۆمەڵگا یان دەوڵەت پێک بێنن؟ لێرەدا هۆبز بڕوای وایە «ئەگەر بمانەوێ خەسڵەتی کۆمەڵگا دەرک بکەین و لەسەر بناغەی رەگەزە سەرەکییەکانی سەر لەنوێ بونیادی بنێینەوە، دەبێ پەیوەندی واقعی نێوان فۆرمە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا، وەکو ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان ئەندامانی یەک

خێزاندا هەیە، لەبەریەک هەڵوەشێنێن»[١٥]، لەوێشەوە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییەکان دەردەکەوێت. هۆبز پێیوایە تاکەکان بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام و بۆ رزگاربوون لە دەست دڵەڕاوکێ و نائارامییەکان هەوڵیان دا لە دەوری یەکتری کۆببنەوە و عەقڵیش وادەخوازێ رێسای دیاری کراو لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایش وەدی بێت و ئەم رێسایانە بە «یاسای سروشتی» ناوزەد دەکات. پاش ئەوەی تاکەکان لەم سەر لێشێواوی و بێ نەزمیە دێنەدەر، تاکێک یان کۆمەڵە کەسێک بە دەسەڵاتداری خۆیان هەڵدەبژێرن و تەواوی ئازادی و ئیرادەی خۆیانی پێدەبەخشن، ئەم دەسەڵاتدارە بەهێزە خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهایە و لەدوای تەسلیم بوون و بەخشینی ئیرادەوە ئیدی دەسەڵات بەشبەش ناکرێت. کەواتە بەپێی تیۆری هۆبز حاکم لایەنێک نییە لە پەیمانەکە و خەڵک بە ویستی خۆیان هەڵیان بژاردووە، هەر بۆیە هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی ناکەوێتە سەرشان و ژێر دەستەکان لەبەرامبەریدا خاوەنی هیچ جۆرە مافێک نین و تەنیا دەبێ بە باشترین شێوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و هەمووجۆرە راپەڕین و دژایەتییەکی ژێردەستەکان ناڕاست و ناعادیلانەیە، چونکە هەروەک وتمان بۆخۆیان و لەپێناوی پارێزگاریکردنی لە مانەوە وازیان لە ئازادی و ئیرادەی خۆیان هێناوە و هەموو دەسەڵاتەکانیان خستۆتە بەردەستی حاکمەوە.

ئەگەرچی تیۆرییەکەی هۆبز رەخنەی زۆری لەسەرەو لەبیری سیاسیدا بەتەواوکەری بیرو بۆچوونەکانی ماکیاڤیللی و داڕشتنی ئایدیولۆژیایەکی موتڵەقگەرا لە قەڵەم دەدرێ و تێڕوانینی بۆ مەرجەعیەتی دەوڵەت وەکو مەرجەعێکی رەهای بێ کۆت و بەند، لەگەڵ پرەنسیپی بنەڕەتی مافە سروشتییەکانی مرۆڤدا ناگونجێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گورزێکی بەهێزی وەشاندە پەیکەری تیۆری تیۆکراتی و روانگەکانی سەبارەت بەپێکهاتنی دەوڵەت و دواتر لەلایەن جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٥٤)ەوە پەرەی پێدرا. لۆکیش وەکو هۆبز وێنای مرۆڤی کرد بەر لە دروست بوونی دەوڵەت واتە لە بارودۆخی سروشتیدا، بەڵام لەماهییەتدا هەم سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ و هەم لەبارەی بارودۆخی سروشتییەوە لەگەڵ هۆبز جیاوازی بیروبۆچوونی هەبوو. لۆک بڕوای وایە کە مرۆڤەکان لە بارودۆخی سروشتیدا یەکسان و ئازادن سەبارەت بەوەی بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەنەوە کە لەگەڵ یاسا سروشتییەکان دا هەماهەنگن. عەقڵ کە هەمان یاسای سروشتییە، ئەرک و مافەکانی بۆ دیاری دەکردن کە یەکسان و سەربەخۆن، بە بڕاوی لۆک بارودۆخی سروشتی کە بارودۆخی بەر لە سیاسیبوونە نەک بەر لە کۆمەڵایەتیبوون (بارودۆخی ئاشتی، خێرخوازی، هاوکاری و پاسەوانی کردن لەیەکتری)[١٦]یە و لەم حاڵەتەدا مافە



سروشتییەکان مافی تاکەکەسی دیاری دەکەن و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە مافە سروشتییەکان تەنانەت لەبارودۆخی سروشتیشدا مسداقیەتی خۆیانیان هەیە، ئەمە بە پێچەوانەیەی بیری هۆبز بوو کە پێیوابوو مرۆڤەکان تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسیدا خاوەن ئەرک و مافن و لەبارودۆخی سروشتیدا مرۆڤ ناتوانێ خودانی ئەرک و ماف بێت و خاوەندارێتی هیچ مانایەکی نییە، ئەوە جگە لەوەی لۆک لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەست درێژی تاکەکان بۆ سەر یەکتری بەر لە هەموو شتێک پێشێل کردنی یاسای سروشتییە. بەم جۆرە ماف و یاسا سروشتییەکان شوێنێکی بەرز لە هزری لۆک دا داگیردەکەن. بۆ لۆک بارودۆخی سروشتی بارودۆخێکی ساخلەم و ئارامە و تەنیا یەک عەیبی هەیە و ئەویش ئەمەیە «ئەگەر یەکێک یاسا سروشتییەکان پێشێلبکات، سزا نادرێت» چونکە هەر مرۆڤەو لە شوێنی خۆی بە دادوەرو جێبەجێکاری یاسا دەزانێت، هەر ئەم عەیبەشە پێویستی هاتنە ئارای دەوڵەت پێک دێنێ. تاکەکان بۆ نەهێشتنی ئەم کەمایەسیە لەنێو خۆیاندا رێک دەکەون و پەیمانێک دەبەستن و بەپێی ئەم پەیمانە تاکەکان واز لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دێنن واتە دەست لە بەشێک لەئیرادە و مافەکانی خۆیان هەڵدەگرن بۆ دەسەڵاتدارو بەشی هەرە زۆری مافە سروشتییەکانی خۆیان دەپارێزن، کەواتە ئەو پەیمانەی تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتداریدا دەبەستن بەهیچ جۆرێک بناغەی هەموو پەیوەندییە حقووقییەکان پێک ناهێنێت و مافە سەرەتایی و سروشتییەکان بەسەر هەموو پەیوەندییەکاندا زاڵن کە لە کۆمەڵگای سیاسیدا بەرقەرارن و پەیمان نەدەتوانێ بیانخولقێنێت و نە دەتوانێ بەتەواوی پێشێلیان بکات و لەناویان بەرێت. کەواتە لەروانگەی لۆکەوە دەسەڵاتدار لایەنێکی پەیمانەکە پێک دێنێت و کۆمەڵێک ئیلتیزاماتی دەکەوێتە سەرشان.

لەنێو ئەو مافە سروشتییانەی کە لۆک جەختیان لەسەر دەکات مافی خاوەندارێتی جێگەیەکی تایبەتی هەیە و ئەرکی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی ئەو مافەیە. لۆک پێیوایە مرۆڤ بەر لەهەموو شتێک خاوەنی «خودی خۆی» واتە خاوەنی وجوودی فیزیکی خۆبەتی و لەوێشەوەماڵکی کاری خۆبەتی و تاک لەکاتی کارکردن لەسەر سروشت، شتێک بە سامان و بەرهەمەکانەوە زیاد دەکات کە تەنیا خۆی وەکو تاکەکەس خاوەنیەتی؛ لەکۆمەڵگای مەدەنیدا سەرمایەداریی بەشێوەیەکی تایبەتی و لەلایەن تاکەوە پارێزگاری لێ دەکرێت و لەکۆمەڵگای پاش قۆناغی بارودۆخی سروشتیدا تاک دەتوانێ لەرێگای خاوەندارێتیەوە هەست بە بوونی خۆی و بەرجەستەبوونی بەشێک لەمافەکانی خۆی بکات. بە بڕوای لۆک لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەی تاکەکان «لەپێناوی پارێزگاریکردنە لە

"ژیان، ئازادی و بەختەوەری" نەک دروست کردنی ئەوانە»(١٧).

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەسەڵاتدار لە بەرامبەر گەلدا کۆمەڵێک بەرپرسایەتی لەسەر شانە و بەهیچ جۆرێک بۆی نییە ماف و ئازادییەکان بەرتەسک بکاتەوە. لەروانگەی لۆکەوە دەسەڵاتدار تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەتوانێت خوازیاری ملکەچی تەواوی ژێردەستەکان بێت ئەویش کاتێک کە هەموو مافە سروشتییەکان بەتاکەکان، ببەخشێتەوە. کەواتە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بریتییە لەپارێزگاریکردن لەماف و ئازادی و سامان و دارایی تاکەکان و لەبەر ئەوەی تاکەکان بەپێی ویستی خۆیان و لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا هەوڵی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداریان داوەو زەروورەتی بەرەو پێشچوون و گەشەی کۆمەڵگاو پاراستنی ئازادی و ئاسایش و زامنکردنی سامانی تاکەکان دەوڵەتیان پێک هێناوە، هەر بۆیە لۆک لەسەر ئەو بڕوایەیە هەرکاتێ دەسەڵاتدارەکان لە سنووری ئەو پەیمانەی کە لەنێوان ئەوان و ژێردەستەکاندا بەستراوە چوونە دەرو هەوڵی وێرانکردنی هەموو ئەو ئایدیایانەیان دا کە کۆمەڵگای مەدەنی لە پێناویدا پێکهاتووە، ئەوا خەڵک مافی خۆیانە لە دژی دەسەڵاتدار راپەڕن و خۆیان لە هەموو کۆت و بەندەکان رزگار بکەن.

یەکێکی دی لەو بیرمەندانەی کە توانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی پەرە پێبدات، جان جاک رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)یە، کە دەتوانین بڵێین لە زۆر رووەوە لەگەڵ بیروبۆچوونی هەردوو بیرمەندەکەی تردا جیاوازی هەیەو لەسەر ئاستێکی فراوانتردا دژی خەون و ئایدیاکانی رۆشنگەرییە. رۆسۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا دوو غەریزە بەسەریدا زاڵە؛ غەریزەی خۆپەرستی و غەریزەی هاودەردی. غەریزە سەرەتاییەکان مرۆڤ یەکگرتوو دەکەن وەلێ عەقڵ لە یەکتریان جیا دەکاتەوەو ئیدی لێرەدا عەقڵ بەنسبەت رۆسۆوە ئەو ئیعتبارە لە دەست دەدات کە رۆشنگەری پێی بەخشیبوو.

رۆسۆ حاڵەتی سروشتی بە بارودۆخێکی ساخلەم پێناسە دەکا و پێیوایە لەو بارودۆخەدا کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییەو هەموو لە یەکتری جیان و لە هەمبەر یەکترەوە بەتەواوی بێ خەیاڵ و کەمتەرخەمن و نە پەیوەندی ئەخلاقی و نە پەیوەندی عاتفی و نە هەستی ئەرکناسی بوونی نییە. هەموو لە ئازادی و یەکسانییەکی تەواودا دەژین و ژیانێکی ساکارو پڕ لە ئاسایشیان هەیەو تاکەکان لە ژیانێکی هەماهەنگ لەگەڵ سروشتدا، بەهێزو ساخلەمن و بەپێی غەریزە سروشتییەکان ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن. لەو سەردەمە (لەبارودۆخی سروشتی)دا هەرکەس بۆ خۆی دەژیاو تەنیا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕا کە بۆ پاراستنی خۆی پێویستی پێیان هەبوو. هەموو کەسێک دەیتوانی



بەدوای بەختەوەری خۆیدا بگەڕێ. بە بڕوای رۆسۆ شەهوەتی چەتەیی و زاڵبوون بەسەر خەڵکانی تر لە رێگای هێزەوە لای مرۆڤی سروشتی نەناسراوە و ئاشنایەتی لەگەڵیدا نەبووە. بە بڕوای ئەو دوو فاکتەری سەرەکی مرۆڤی سەرەتاییان لەم بارودۆخە ئارام و پڕ لە ئاسوودەییە دەرهێناو تووشی دەوڵەتیان کرد، یەکەمیان زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و ئەویتریان بارودۆخی ئابووری و سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی.

پاش تێکچوونی بارودۆخی سەرەتایی، نیازی پاراستنی خود، تاکەکانی هاندا لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو پەیمان ببەستن و لە روانگەی رۆسۆوە ئەم پەیمانە هەم سیاسی و هەم کۆمەڵایەتی بوو و لێرەشدا بەتوندی جەختی لەسەر ئەو خاڵە دەکرد کە دەسەڵات نادرێتە دەسەڵاتدار بەڵکو دەدرێتە کۆمەڵ و بۆ دەربڕینی ئەم بۆچوونەی خۆی سوود لە دەستەواژەی «ئیرادەی گشتی» وەردەگرێت و پێیوایە هەموو تاکێک «خۆی و هەموو دەسەڵاتی خۆی بەشێوەیەکی هاوبەش دەخاتە ژێر رێنوێنی باڵای ئیرادەی گشتی» بەوەو تاک بەشێکی جیانەکراوەی ئیرادەی گشتی پێک دێنێت، هەرتاکێک لەگەڵ هەمووان و هەموانیش لەگەڵ یەک یەکی تاکەکاندا پەیمان دەبەستن و ئەم پەیمانە لە پێناوی خێری گشتی و بەرژەوەندی هەموواندا دەبەسترێت و دەڵێ: «دەبێ ئیرادەی گشتی لە هەمووانەوە بێت و لە پێناوی هەموواندا بەکاربێت.» و شێلگیرانە جەخت لەسەر ئازادی تاکەکان دەکاتەوە. کاسیرێر دەڵێ: «ئامانجی رۆسۆ لە ئازادکردنی تاک بەمانای رزگارکردنی لە هەموو فۆرمێکی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بابەتی جێگەی مەبەستی رۆسۆ ئەوەیە کە فۆرمێکی ئەوتۆی کۆمەڵگا بدۆزێتەوە کە هێزی یەکخەری سیستەمە سیاسییەکەی، فەردیەتی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا بپارێزێت»(١٨). کەواتە یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی دەسەڵات پاراستنی وجوودی تاکەکەسیی خەڵکە. هەڵبەتە لە روانگەی رۆسۆوە کەسایەتی سەربەخۆی تاک لە ئاکامی ملکەچبوونی بۆ ئیرادەی گشتی دروست دەبێت. سەرەنجام هەرتاکێک خۆی بە هەمووان دەسپێرێ، بەڵام ژێردەستەی هیچ کەس نییە، چونکە هەموویان بەو رادەیەی ماف لە دەست دەدەن بەهەمان رادە وەردەگرنەوە، ئەوە جگە لەوەی تاک بۆ پاراستنی ئەوەی هەیەو ئەوەی خاوەنیەتی ئێستا هێزێکی زیاتری لە ژێر دەست دایە. کاتێک هاوولاتی مل بۆ ئەو پەیمانە دەدات، پەیڕەوی لە هیچ شتێک ناکات جگە لە ئیرادەی خۆی نەبێت. لێرەدا ئاماژەکردن بە خاڵێک گرنگە، بەبڕوای رۆسۆ مەرج نییە ئیرادەی زۆرینە، ئیرادەی گشتی بێت، چونکە ئیرادە لە بنەڕەتدا مەفهوومێکی چۆنییە نەک چەندی و زۆری ژمارەی ئیرادەکان ئیرادەی گشتی پێکناهێنێت تەنیا کاتێک نەبێت کە ئەو ئیرادەیە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت. بەبڕوای رۆسۆ «ئیرادەی

گشتی دووره له هەڵەو ناگوێزرێتەوە و دابەش ناکرێت»[١٩] و ئیرادەی دەوڵەت خاوەنی سەروەرییەکی بێ کۆت و بەندە بەو مەرجەی ئەو سەروەرییە بەچەشنێک پێکهاتبێ کە هیچ سەرچاوەیەک بۆ یاسا بەرەسمی نەناسێت تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لە ئیرادەی گشتییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

گۆڕان لە بارودۆخی سروشتییەوە بەرەو بارودۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی پلەیەکی بەرزتری فەردیەت بەتاکەکان دەبەخشێ چونکە لە حاڵەتی سروشتیدا شەهوەت و ئارەزوو تاکەکان دەجوڵێنێ، بەڵام لە بارودۆخی مەدەنی و هاووڵاتی بووندا ئیرادە بەسەریاندا حاکمە. کەواتە بەلای رۆسۆوە پەیمانی کۆمەڵایەتی پەیمانی «بەشداریکردنی» تاکەکانە.

ئەگەرچی بەزۆری ئەو رەخنەیە لە رۆسۆ گیراوە کە بەچاوێکی میسالی سەیری مرۆڤی کردووە و مرۆڤ بەگشتی هیچ کاتێ ئەو باشە نییە کە ئەو تەسەوری دەکات. هەروەها لە روانگەی ئەوەوە تاک لە بەرامبەر ئیرادەی گشتیدا هیچ نییەو لە قەوارەی کۆیەکی گشتیدا دەتوێنرێتەوەو پاشان ئەگەر ئیرادەی زۆرینە ئیرادەی گشتی نەبێت، دیاریکردنی مەفهوومی بەرژەوەندی گشتی ئاستەم و دژوار دەبێ و ئەمجا هەروەک رەخنەگرەکانی دەڵێن، پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆ ئارەزوویەکی بنەڕەتییە بۆ پێکهێنانی «ئیستبدادی زۆرینە» بەناوی بەرژەوەندی و ئیرادەی گشتییەوەو ئەو وتەیەی رۆسۆ («مرۆڤ ناچارە ئازاد بێت» دەروازەکانی ئیستبداد دەکاتەوە.)[٢٠] هەروەها رۆسۆ جیاوازی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دانانێت و دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەموو رەهەندەکانی ژیاندا بەڕەوا دەزانێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بیری رۆسۆ دەورێکی کاریگەری هەبووە لە گەشەدان بەو بۆچوونەی کە ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو تەنیا ویستی گەل چاوگی شەرعییەتە، هەروەها بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیرادە بنەمای دەوڵەت پێکدێنێ نەک هێزو زۆرەملێ و ئەوە جگە لەوەی لە پەرەپێدانی هزری دیموکراسیدا رۆڵێکی بەرچاوی گیراوە لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر لە بنەرەتدا رۆسۆ «مەفهوومی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ رەخنەگرتن لە حکومەتەکان و دامەزراندنی حکومەتێک بەکاردێت کە لەسەر بنەمای ئیرادەی گشتی دامەزرابێت»[٢١]. لەو نێوەشدا مەفهوومی بارودۆخی سروشتی «وەکو جۆرە پێوەرو نۆرمێک بەکاردەهێنێت تا بەیارمەتی ئەوەوە سەبارەت بە فۆرمی کۆمەڵگای ئێستا حەقیقەت لە هەڵخەڵەتاندن جیابکاتەوەو لە ئاوێنەی بارودۆخی سروشتیدا فۆرمی ئێستای کۆمەڵگاو دەوڵەت ببینێ تاکو بتوانێت حوکمی لەسەر بدات».[٢٢]



ئەگەرچی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە روانگەی مێژوویی و حقوقی و فەلسەفییەوە رەخنەی لێ گیراوە، وەلێ ئەو رەخنانە بە شێوەیەکی گشتی دوورن لە جەوهەری سەرەکی تیۆرەکەو دەتوانین بڵێین وەکو تاکە تیۆری دیموکراتیک توانی گرنگی خۆی بپارێزێت. بە زۆری تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەو ئایدیا بونیادییە پێشکەش دەکات کە هەموو حکومەتەکان دەسەڵات و سەڵاحییاتی خۆیان لە رەزامەندی گەلەوە وەردەگرن و دەسەڵاتدار مافی ئەوەی نییە ملهوڕانەو سەرەڕۆیانە فەرمانڕەوایی بکات و هەر ئەو روانگەیەش «مەبەست و بنەمای ئەو کورتە خوێندنەوەی ئێمە» پێک دێنێت. هەندێ وتوویانە لە هیچ قۆناغێکی مێژووییدا نەبینراوە کۆمەڵێک لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو پەیمانێک مۆر بکەن، ئەوە لەکاتێکدایە مەرج نییە پەیمان تەنیا بنووسرێ، جوانترین و پتەوترین پەیمانەکان پەیمانە مەعنەوی و نەنووسراوەکانن و دواتریش لەسەدەی بیستەمدا «جان راڵز» بەشێکی سەرەکی گرفتی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی چارەسەر کرد بەوەی کە پەیمان رووداوێکی مێژوویی نییە بەڵکو مەفهومێکی گریمانەییە. راڵز لەوگۆشە نیگایەوە کە لە بارودۆخی بەراییدا کە هەموومان لەپشت «پەردەی نەزانی» داین و نازانین لە کۆمەڵگای دوای قۆناغی بەراییدا چ شوێنگەیەکمان دەبێت، پێویستە لەسەر سێ بنچینە پێک بێین: (یەکەم، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی چ شوێنگەیەکمان لە کۆمەڵگادا دەبێت، دەمانەوێ ببین بەخاوەنی هەندێ ماف و ئازادی بنەڕەتی. دووەم، گەرەکمانە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەوانەیە لەو کۆمەڵگایەدا چ توانایی و شارەزاییەکمان دەبێت، هەندێ دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو توانایی و لێزانییانە هەبێ. سێیەم، سەبارەت بەو کەسانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا تووشی بێ بەشی دێن نیگەران دەبین، چونکە لەوانەیە بۆ خۆمان لەو بارودۆخەدا بین، کەواتە دەمانەوێ تەنیا ئەوەندە نایەکسانی لە کۆمەڵگادا هەبێت کە ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی خۆشگوزەرانی بێ بەشەکان، چونکە رادەیەک نایەکسانی لەپێناوی پێکهێنانی پاڵنەری کارو چالاکی بەسوودی هەموو تاکەکانە)[٢٣]. ئەوە جگە لەوەی ئەو پەیمانە گورزێکی کاریگەری لە تیۆری تیۆکراتی دا کە گەرەکیەکی بوو تاک بەبێ هیچ رامان و وردبوونەوەیەک پەیڕەوی لە دەسەڵات بکات. کەواتە رامان و هەڵبژاردن و هاتنە بەرباسی ئیرادەی تاک و سەربەخۆیی زاتی فەردی و گەڵاڵەبوونی ئەو ئایدیایە کە دەسەڵات لە واقیع دایەو شتێکی بان مرۆیی نییە و تەنیا کاتێک شایەنی پشتگیری و لایەنگری کردنە کە لە خزمەتی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکاندا بێت و لە هەمان کاتدا دەکرێ لێپێچینەوەی لە تەکدا بکرێ و کۆنترۆڵ بکرێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بەگەشەسەندنی ئەم تیۆرەوە هەبووە.

***

له خۆڕا نییه یەکێک له گەورەترین بەرهەمەکانی سەردەمی رۆشنگەریمان هەڵبژاردووە کە لە پانتایی حقوق و سیاسەتدا توانی رۆڵێکی کاریگەر ببینێت و رێنمایی و بنەماکانی بوون بەسەرچاوەی ئیلهامی زۆر گۆڕانکاری و دیسان لە هاوسەنگکردنی هاوکێشەی نێوان دەسەڵاتدارو ژێردەستەکان دا دەورێکی کاریگەری بینی. مۆنتسکیۆ لە روانگەیەکی هیومایستیانەوە دەکەوێتە شرۆڤەو راڤەکردنی یاساکان و پاراستنی وجوودی مرۆڤ بەگەورەترین ئەرکی یاسا دەزانێت. ئەو پێیوایە هەمیشە دەبێ یاسا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا بێت نەک بەپێچەوانەوە و تەنانەت دژی ئەو یاسایەش رادەوەستێت کە لە جەوهەری خۆیدا دژی سروشتی مرۆڤایەتییە. دەتوانین «رۆحی یاساکان»ی مۆنتسکیۆ بەگەورەترین بەرهەم لە دژی ئیستبدادو سەرەڕۆی لە قەڵەم بدەین کە هەروەک بۆ خۆی دەڵێت ئیستبداد لە پێناوی وەچنگ هێنانی بەری میوەیەک ئامادەیە درەختەکە لە رەگوریشەوە هەڵکەنێت. دیسان لە مەیدانی بەرگریکردن لە ئازادی و یەکسانییەکی واقیعیدا یەکێک لە بیرمەندە هەرە مەزنەکانەوە و بەوپەڕی بوێری و مرۆڤدۆستییەوە بەرگری لە مافی ژیانی کۆیلەکان دەکات و هەڵەیی ئەو رایەی ئەرستۆ دەسەلمێنێ کە پێیوایە کۆیلایەتی شتێکی سروشتییەو بڕوای وایە لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی لە دایک دەبن کەواتە کۆیلایەتی دژی سروشتی مرۆڤە.

لە کۆتاییدا شیکردنەوە و مەیدانی رەخنەگرتن لەم بەرهەمە بۆ خوێنەرو رۆشنبیرانی کورد چۆڵ دەکەم و تەنیا دەمەوێ ئەوەندە بڵێم کە بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی کولتوورێکی شارستانی و عەقڵانی و هەنگاوەکانمان بەرەو دونیای پێشکەوتن خێراتر بکەن دەبێ لە پانتایی رۆشنبیری و بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا لە دوو ئاستدا کار بکەین، لە ئاستێکدا خۆمان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە کۆن و کلاسیکەکان تەرخان بکەین، ئەو بەرهەمانەی توانیان رەوتی هزری مرۆڤایەتی بگۆڕن و لە ئاستەکەی تریشدا لە هەوڵی وەرگێڕانی بەرهەمە هاوچەرخەکاندا بین، ئەمە رێگایەکی سەخت و دژوارە، بەڵام مەحاڵ نییە.

**ئیدریس شێخ شەرەفی**
**هەولێر- سەرماوەزی ٢٠٠١**



**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

(١) تاریخ عقاید سیاسي، سون اریک لیدمان، و: سعید مقدم، ١٣٧٩، ل٨٧.
(٢) هەمان سەرچاوە... ل٢٣.
(٣) هەمان سەرچاوە... ل٨٨.
(٤) هەمان سەرچاوە... ل٩٤.
(٥) هەمان سەرچاوە... ل١٠٣.
(٦) هەمان سەرچاوە... ل١٢٢.
(٧) اطلاعات سیاسی - اقتصادی ژ. ٧٣-٧٤.
(٨) فلسفه روشنگری، ارنست کاسیرر، و: یدالله موقن، ١٣٧٠، ل٥٣.
(٩) هەمان سەرچاوە... ل٦٥.
(١٠) تاریخ عقاید.... ل١٧٣.
(١١) فلسفه روشنگری... ل٣٧٧.
(١٢) هەمان سەرچاوە... ل٣٤٣.
(١٣) بنیادهای علم سیاست، عبدالرحمن عالم، ١٣٧٣، ل١٨٤.
(١٤) اطلاعات سیاسی - اقتصادی، ژ. ١٠٥-١٠٦.
(١٥) فلسفه روشنگری... ل٣٥١.
(١٦) بنیادهای علم سیاست... ل١٩١.
(١٧) اطلاعات سیاسی - اقتصادی ژ. ١٠٥-١٠٦.
(١٨) فلسفه روشنگری... ل٣٥٧.
(١٩) بنیادهای علم سیاست... ل٢٠١.
(٢٠) هەمان سەرچاوە... ل٢٠٤.
(٢١) درسهای دموکراسی برای همه، حسین بشیریه، ١٣٨٠ل٣٠.
(٢٢) فلسفه روشنگری... ل٣٦٩.
(٢٣) درسهای دموکراسی... ل٣١ .

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

# کورتە باسێک لەسەر مێژووی
# سەردەم و ژیان و بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ

**بەقەڵەمی: د. رضا زادە شەفەق**

### مۆنتسکیۆ

گەورەپیاوان تەنیا موڵکی گەل و وڵاتی خۆیان نین، بەڵکو موڵکی هەموو جیهانن، چونکە بیرو بەرهەمەکانیان سوودیان بۆ ژیانی گشت مرۆڤایەتی هەیە. یەکێک لەو گەورە پیاوانە مۆنتسکیۆی نووسەری بەناوبانگی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسایە کە بەڕاستی بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی شایستەیان لەسەر جیهانی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بەجێ هێشت و هەروەک دواتر بۆمان روون دەبێتەوە، بوونە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤێکی مەزنی فیکری.

کەواتە جێی خۆیەتی ئێمەش (ئێرانییەکان) ئاشنایەتی لەگەڵ شێواز و سەلیقەی فیکری ئەو پیاوە مەزنەدا، پەیدا بکەین و هەر بۆ ئەم مەبەستەشە کە داوای دۆستانەی بەڕێز عەلی ئەکبەری موهتەدیی وەرگێڕی خۆشەویست و زانای رۆحی یاساکان، کە دەکرێ بڵێین شاکاری مۆنتسکیۆیە، قبووڵ دەکەم و پێشەکییەکی بۆ دەنووسم؛ هەرچەند ناشایستە و ناتەواویش بێ ، بەو هیوایەی سوودبەخش بێت. لێرەدا پێم باش بوو ئەم دیباچەیە بەسەر چوار تەوەردا دابەش بکەم:

تەوەری یەکەم- کورتە باسێک لەمەڕ سەردەمی مۆنتسکیۆ

تەوەری دووەم- کورتەیەک سەبارەت بەژیان و بەسەرهاتی مۆنتسکیۆ

تەوەری سێیەم- ئەفکارو بەرهەمەکانی

تەوەری چوارەم- ئاماژەیەک بە بایەخ و گرنگی بیرو بەرهەمەکانی دەکەم و لەکۆتاییدا «لەهەمبەر مۆنتسکیۆ و ئێرانەوە هەندێک دەدوێم»[1].

بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئامانجە، داوای یارمەتی لەخوای مەزن دەکەم.



### ١- سەردەمی مۆنتسکیۆ

سەردەمی مۆنتسکیۆ لەرووی پێشهات و رووداوە مێژووییەکان و ناوبانگ و بەهێزیی فەرەنساو بڵاوبوونەوەی ئەدەبیات و دەسەڵاتی سیاسی و درێژە کێشان و کۆتاییهاتنی ئەو هێزو دەسەڵاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش، بەیەکێک لە مەزنترین سەردەمی مێژوویی ئەو وڵاتە لەقەڵەم دەدرێت. فاکتەری سەرەکی رەوش و بارودۆخی ئەو سەردەمە بێ هاوتایە، پاشایەتی لویسی چواردە بوو کە لە ساڵی ١٦٤٣وە تاکو١٧١٥ درێژەی کێشا ، واتە لویس حەفتا و دووساڵ پاشایەتی کرد. لەو کاتەوە کە خۆی راستەوخۆ جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، واتە لەساڵی ١٦٦١ هەتا ساڵی ١٦٨٥ بەقۆناغی لوتکەی پێشکەوتن و دەسەڵاتداری و لەو ساڵەشەوە تاوەکو ساڵی ١٧١٥ بەقۆناغی هەرەس هێنانی دەسەڵاتی ئەو پاشایە دەژمێردرێت.

ئامانجی سەرەکی ئەم پاشا سەرەڕۆیە، بەر لەهەموو شتێک پتەوکردنی پیگەی خۆی بوو، هەتا لە وڵاتدا هیچ کەسێک نەوێرێ لەبەرامبەریدا سەر بلەقێنێ.

هەروەک بۆ خۆی لە نووسینەکانیدا وتوویەتی: «بنەمای هەموو چاکسازییەکان بەر لە هەمووشتێک وەدەستهێنانی ئیرادەی رەها بوو بۆ خۆم» و بە راستی توانی ئەو ئامانجە بپێکێ، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە لە تەواوی فەڕەنسادا جگە لە ئیرادەی ئەو هیچ کەس خاوەن ئیرادە نەبوو و فەرمانڕەواییەکی رەهای بەسەر سیاسەت و دین وداب ونەریتی خەڵکدا دەکرد.

ئامانجی دووەمی ئەوەبوو، دەیویست فەرەنسا بەتواناو بەهێز بێت و پێشەوایەتی ئەورووپا بگرێتە دەست. لەرێگەی زنجیرەیەک جەنگ لەگەڵ دراوسێیەکان و هەندێ سەرکەوتن لەفتوحاتە سەرەتاییەکاندا، توانی بەو مەبەستەشی بگات و هەڵکەوتێکی سیاسی تایبەتی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەرکرد. بەشێک لە بەختەوەری و شانسی لویس بۆ وجوودی ئەو گەورە پیاوە بەنێو بانگانە دەگەڕایەوە کە لەسەردەمی ئەودا بەنۆرە کاروباری وەزارەتی فەرەنسایان بەڕێوە برد، وەکو مازارن، کۆلبێر، لوڤا و ڤابان[2].

مازارن لەسەرەتای پاشایەتی لویس دا کە هێشتا ئەو بچووک بوو، بەگەورەترین راوێژکاری دەوڵەت لەقەڵەم دەدرا و بەو پەڕی تێگەیشتوویی و بلیمەتییەوە کاروبارەکانی وڵاتی بەڕێوە دەبرد.

کۆلبێر، زنجیرەیەک چاکسازی بنەڕەتی لەوڵاتدا ئەنجام دا و گەشەی بە کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازیدا و پێشی دزی و تەزویری گرت و تا ئەو شوێنەی توانی هەوڵی نەهێشتنی بەرتیل و زیاد خەرجکردن بە مەبەستی خۆدەرخستن و فەرق و جیاوازی دا.

لوڤا، کاروباری لەشکری ڕێکخست و سوپایەکی شایستەی پێکهێنا.

ڤابان، هەوڵێکی زۆریدا بۆ دروست کردنی سەنگەرو بنیاتنانی قەڵای نوێ و پتەو کردنی سنوورەکانی وڵات و هاوکات چاودێرییەکی تایبەتیشی لەخەڵکی هەژارو بەشمەینەت دەکرد. بەڵام بنەمای ئەو چاکسازییانە لە دەسەڵاتی پاشاوە سەرچاوەیان دەگرت و هەر بۆیەشە هیچ کاتێک ئامادەنەبوو ئەو کارانە جگە لە ناوی ئەو بخرێتە پاڵ ناوی هیچ کەسێکی دیکەوە، چونکە پشتیوانی هەمووان بوو و دەبوایە چاووچرای وڵات تەنیا ئەو بێت. هەڵبەتە توانای بەڕێوەبردنی ئەوپلەو پایەیەشی هەبوو، خاوەن ئیرادەو هیمەت بوو و دەسەڵاتی وەدەستهێنا چونکە بە مەرجی سەرەکی بەختەوەری دەزانی و بەشداریی خەڵکی لە کاروبارەکاندا بەشتێکی زیادە لە قەڵەم دەدا و تەنانەت لەم بارەیەوە خاوەن ڕاش بوو و هەندێ بەرهەمی لەسەر ئەوبابەتە نووسیوە کە لەگشت کتێبەکاندا بیروباوەڕی پێویست بوونی فەرمانڕەوایی ڕەهای ئەو لە دەوڵەتدا دەردەکەوێت و ئەورستە بەناوبانگەی کە دراوەتە پاڵی و گوایە وتوویەتی (من دەوڵەتم)[٣] ئەگەر لە ڕووی وشەوە هی ئەو نەبێت ئەوا لە ڕووی واتاوە بیروباوەڕی ئەو دەردەبڕێت.

لویس گرنگییەکی زۆری بە زانست و ئەدەبیات دەدا و سەردەمی ئەو بەچەرخی گەشەسەندنی مەزنی فیکری و بزاڤی ئەدەبی دەژمێردرێت. لەکاتی پاشایەتی ئەودا هەندێ بەرهەمی بە کەڵک و کاریگەری وەکو **سید**[٤] لە نووسینی **کۆرنی و میتۆدی دێکارت**[٥] و **ئەندێشەکانی پاسکاڵ**[٦] و چەندین نموونەی دیکە پێشکەشکران وتوانیان هزرو بیر وەجووڵە بخەن. لەسەردەمی ئەودا کۆمەڵە ئەستێرەیەکی ئاسمانی ئەدەبی فەرەنسی درەوشانەوە وەکو: **مولێر، ڕاسین، لافۆنتاین، بوالو، لارۆشفۆکۆلد، فێنێلۆن،**[٧] کە بۆ باسکردنی بەرهەم و بیروبۆچوونەکانیان دەبێ سوود لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبیات و زانست وەرگرین، بۆ ئەوەی بتوانین گرنگی و کاریگەریی مەعنەوی ئەوان بەو جۆرەی کە پێویستە هەڵسەنگێنین.

بەکورتی لە سەرەتای پاشایەتی دوورو درێژی لویسی چواردە، فەڕەنسا هەم لەڕووی توانای دەرەکی و هەم لە ڕووی گەشەسەندنی نێوخۆیی پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی و بەتایبەتی زانست و ئەدەبیات لەم وڵاتەدا پەرەیان سەندو ناوی فەرەنسا لە جیهاندا دەنگی دایەوە.

جەخار کە ئەو سەردەمە پرشنگدارە خاوەنی کەم وکوڕی گەورەش بوو، بەڕادەیەکی ئەوتۆ نەک هەر هەندێ لەخاوەن ڕاکانی سەبارەت بە ئایندەی وڵات تووشی ڕەشبینی کرد بەڵکو سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی خوێناوی فەرەنساشی دەستەبەر کرد. ئێستا ئاماژە



بە هەندێ لەو کەم کوڕییانە دەکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە باشەکاندا هەڵسەنگێنرێن.

بەر لە هەر شتێک، پاشا حەزێکی سەیر و بێ کۆتایی لە زیادە خەرجکردن و کات ڕابواردن و ئارایش و نمایش هەبوو، بەرادەیەکی ئەوتۆ کە خەرجی زۆر و زەوەندی ئەو کارانە گورزێکی قورسی لەبۆجەی وڵات دا.

بە وتەی یەکێک لە مێژوونووسەکان تەنیا بۆ دروستکردن و ڕازاندنەوەی کۆشکی ڤێرسای و دەوروبەری نزیکەی چەند سەد ملیۆن تمەن خەرج کرابوو و جگە لە کۆشکی ڤێرسای کە گرنگترین بینای پاشایەتی بووە، دوازدە کۆشکی جوانی گرانبەهای دیکەش دروست کرابوو و لەسەردەمی نێرونی ئیمپراتۆری خۆشەویستی ڕۆمانەوە، ئەوروپا هیچ کۆشکێکی مەزن و ڕازاوەی وەکو کۆشکی ڤێرسای بەخۆیەوە نەبینیبوو. لەم دەربارە هەورەبان و فەلەک ئاسایەدا پازدە هەزار کەسی مشەخۆری نێو ڕیزەکانی لەشکر و کاربەدەستانی وڵات شەو ڕۆژ بەرابواردن و چێژوەرگرتن و نیعمەتی زۆرو زەوەندەوە، لەسەر خەرجی وڵات ژیانیان بەسەر دەبرد و هەمیشە بێکاربوون و لەرێگەی سەرگەرمییەوە کاتیان بەسەر دەبرد.

کۆشکی ڤێرسای مەڵبەندی عەیش و نۆش و هەموو جۆرە سەرگەرمییەکی هونەری و شەهوانی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی ئەوروپا بوو و هەروەک تاینی[٨] زانای بەناوبانگ دەڵێ: ئەو لەشکرەی بۆ ماوەی سەدەیەک لەپشوودا بوو، چوار دەوری فەرمانداندەی میواننەوازو کۆڕگەرمکەریان گرتبوو( مەبەست لویسی چواردەیە). ڕواڵەتی کۆشک و داب و نەریتی خانەدانیی خەڵکانی ناوی بەڕادەیەک ڕەنگین و ساختەیی بوو و شێوازو ڕەفتاری شارستانییانە و ئەو کردەوە ڕووکەشیانە بەڕادەیەکی ئەوتۆ نمایشی و سەرنج ڕاکێش بوو کە پەردەی بەسەر گەندەڵی شەرمهێنی ئەخلاقیدا کێشابوو، بەڵام هەموولایەک دەیانزانی لەژێر ئەو پەردەیەدا چی هەیە.

پاشان، لەئاکامی دەسەڵاتی بێ سنووری پاشادا نەزم و ڕێک و پێکی بەرقەرار دەبوو و کارەکان زۆر بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەچوون، کەچی لەلایەکی ترەوە خەڵک لە هەموو ئازادییەک بێ بەش بوون و لەڕاستیدا ببوون بەکۆیلەو بەندەی تایبەتی پاشا و ئەم بارودۆخە بۆ میللەتێک کە هەزاران پاشای بۆ دێت ودەڕوا و گەل هەر دەمێنێ و ئەو میللەتە بۆ درێژەدان بەژیانی خۆی پێویستی بەکەسانی خاوەن کەسایەتی هەیە، زۆر مەترسیدار بوو. خەڵک هیچ چەشنە سەلاحیەتێکی سیاسی یان دارایی یان ئایینییان نەبوو و بەردەوام و لە ژێر ناو و ناتۆرەی جیاوازدا سامان و داراییان لە دەست دەرفاندن و بەتایبەتی هەژاری و نەدارییەکی زۆر لەشارەکاندا تەشەنەی سەندبوو.

لەهەڵبژاردنی بیروباوەڕی ئایینیش هیچ کەسێک ئازاد نەبوو، و جگە لە ئایینی کاتۆلیک هەموو ئایینەکانی تر بەتوندی لێپێچینەوەیان لەتەکدا دەکراو سیاسەتیان پێ دەکردن و هەوڵی نابوودکردنی پەیڕەوکارەکانیان دەدا. ئەم کردەوەیە بوو بەهۆی پەڕاگەندەبوون و یاخیبوونی کۆمەڵە کەسانێکی شایستەی گەل و سەیر ئەوەیە کە لەجیهانی دینی کاتۆلیکیشدا کە پاشا خۆی بەپارێزەری دەزانی، تەنیا ریاو رواڵەتکاری هەبوو و هیچ حەقیقەتێک لەئارادا نەبوو، هەر بۆیە ڕۆحانیەت لە وڵاتدا بەرەو نەمان دەچوو و بێ دینی پەرەی دەسەند.

لەلایەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی ئازادی بۆ بیرو بۆچوونی بەرزو جددی بوونی نەبوو، هەر بۆیە خەڵک و بەتایبەتی توێژی لاوان ئازادییان وەکو سەرەڕۆیی و ژیانێکی گاڵتەجارانەی پڕ لەعەیش و نۆش لێک دەدایەوە. بەرەڵایی پەرەی سەند و لە ژێر پەردەی خۆ رازاندنەوەو رەسمیاتی زارەکی و قەڵەم وجوولەو کردەوەی لووسی ساختەیی کە لە مەجلیسە پڕ خەرجیەکانی میوانداریدا بەکار دەهێنرا، بێ شەرمی حەشاردرا بوو و لەراستیدا بەرەڵڵایی (libertinage) شوێنی ئازادی (liberte)ی گرتەوە و زۆر بەخراپی و بەهەڵە ئەم دوو چەمکەیان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ کرد. ئازادی لەکوێ و بەرەڵڵایی لەکوێ!

لاوانی وڵات لەو رەوش و بارودۆخەوە فێری وانەی مەترسیداری بێ بەندو باری و رابواردن بوون و بەرەو داڕووخان هەنگاویان دەناو بەم جۆرە بارودۆخی گشتی و بەتایبەتی هەلومەرجی ژیانی خەڵک رووەو پشێوی و ئاڵۆزی چوو. جەنگە یەک لەدوای یەکەکان و باجی زۆرو زەوەند و ناعادیلانە و دەستبڵاوی دەربار، بە یەکجار بارودۆخی ژیانی خەڵکی چینی ناوەندی پەرێشان کرد، بەرادەیەکی ئەوتۆ کە کاتێ لە ساڵی ١٧١٥ لویسی چواردە سەری وە سەر خاک کرد و لەسەر کورسی پاشایەتییەوە بەرەو گۆڕ هەنگاوی نا، لەسەرانسەری وڵاتدا هیچ کەسێک حەسرەتی بۆ هەڵنەکێشاو تەنانەت شادی و خۆشی هەمووڵایەکی گرتەوە، چونکە خەڵک لەدەست گوشارێکی دوورودرێژی ماددی و مەعنەوی رزگاریان ببوو. بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە جێگرەکەشی واتە لویسی پازدە هیچ دەردێکی دەرمان نەکرد بەڵکو خراپتریش بوو. ئەو پیاوە خاوەنی خەسڵەتی سەرەڕۆیی و هەوەسپەرستی پاشایەکی زۆردار بوو، بەبێ ئەوەی لایەنە باشەکانی هەبێت.

لەسەردەمی منداڵی ئەودا کاروبارەکان کەوتنە دەستی پیاوێکی بێ شەرمی وەکو فیلیپ دۆرلیان[٩] و پاش ئەوەی پاشا پێی نایە تەمەنی پێگەیشتوویی وبۆخۆی جڵەوی کارەکانی گرتە دەست، بۆ خۆشی ئەو گەندەڵییە بەمیرات بەجێماوەی درێژە دا.



عەقڵی کەوتبووە ژێر دەستی ئافرەتان و بەتایبەتی مادام پۆمپادور[١٠] کەبوو بە سوارچاکی مەیدان و تەنانەت لەکاروباری لەشکریشدا توانی پاشای بێ ئیرادە لغاو بکات.

ژیانی ئەم پاشایە بەرابواردن و غەفڵەت تێپەڕی و بێ هیوایی و نائومێدی جێگای ئەو هیوایەی گرتەوە کە لەسەرەتادا خەڵک هەیبوو.

جەنگی حەوت ساڵە و جەنگەکانی تر دوایین پەلەقاژەکانی گەلی فەرەنسای تێک تەپاندو کار گەیشتە شوێنێکی ئەوتۆ کە لە هەر چوارقوژبنی وڵات، خەڵک چاوەڕوانی رووداوێکی لە ناکاو و نائاساییان دەکرد. شیرازەی ژیان لە بەریەک هەڵوەشا و بەناچار دەبوایە گۆڕانکارییەک رووبدات، چونکە نەزم و یاسا و ئەرک وبەرپرسایەتییەکان بەتەواوی شێواو و وێران دەهاتنە بەرچاو.

ئەو فاکتەرانە بوون کەفەرەنسایان بەرەو شۆڕش پەلکێش کرد و تەنانەت دەرکەوتنی زاناو نووسەرو بیرمەندی وەکو مۆنتسکیۆش کە پێشەوای بزاڤی فیکری بوون، نەک هەر نەیتوانی ئەو شۆڕشە گەورە و ماڵ وێرانکەرە وەدرەنگ بخات بەڵکو خزمەتی بە خێراتر بوونیشی کرد.

## ٢- ژیان و بەسەرهاتی مۆنتسکیۆ

بنەماڵەی مۆنتسکیۆ بە بنەماڵەیەکی خانەدان و نەجیبزادە لەقەڵەم دەدران، بنەچەکەی بۆ جێرمەنەکان دەگەڕایەوەو بۆ خۆی شانازی بەو ئەسڵ و نەسەبەوە دەکرد. باب و باپیرانی خاوەنی پلەوپایەی لەشکری و دادوەری بوون. باوکی کە ناوی ژاک دۆسکوندا[١١]ی کوڕی بارۆن دومۆنتسکیۆ[١٢]یە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی دادگای شاری گێن[١٣]. لەساڵی ١٦٨٦دا کچێکی بەناوی فرانسواز دوپێنل[١٤] بۆ ژیانی هاوسەری هەڵبژارد، ئەویش زەوی وزارو کۆشکێکی گەورەی بەناوی لابرێد[١٥] کە کەوتبووە نزیک بۆردۆوە(١٦)، پێشکەشی مێردەکەی کردو لە ئاکامی ئەو هاوسەرێتییە و لەساڵی ١٦٨٩ هەر لەو کۆشکە باسەفایەدا شارل لویس[١٧]، واتە نووسەری بەناوبانگی ئێمە چاوی بە دونیا هەڵێنا و بەبۆنەی زادگاکەیەوە تاکو ماوەیەک وشەی لابرێد بەسەر ناویەوە زیاد کرا. بەرەبەرە شوێنەواری پێگەیشتوویی تێدا دەرکەوت و دواتر بوو بەپیاوێکی بەناوبانگ و بە مۆنتسکیۆ ناوزەدکراو هەندێ بەرهەمی بەکەڵکی نووسی کە یەکێک لەوان رۆحی یاساکانە. ئێستا ئامانجی ئەو وتارە کورتەباسێکە لەسەر ژیانی مۆنتسکیۆ.

لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی ژیانیدا خستیانە ژێر سەرپەرشتی لادێیەکان وپاشان

هێنایانەوە بۆ لابرێد و لەوێ مایەوە تاکو تەمەنی حەوت ساڵی و لەوساڵەدا دایکی کۆچی دوایی کرد، دواتر ناردیانە مەڵبەندێکی ئایینی و لە ساڵی ١٧٠٠ تاکو ساڵی ١٧١١ واتە تاکو تەمەنی ٢٢ ساڵی لەوێ مایەوە. پاشان لە زانکۆی بۆردۆ دەستی کرد بە خوێندنی ماف. بەم دەستپێکی خوێندنەو بەپێی ئەو گرنگییەی کە دایکی بە دینی دەدا، دەبوایە کەسێکی پیرۆز و ئیمانداری لێ دەرچێت، بەڵام ئەم جۆرە ئارەزوویەی نەبوو و حەزی ئەدەبیاتی یۆنان و رۆمانی زیاتر لەدڵیدا جێگەی خۆیانیان کردبۆوە و تەنانەت لەتەمەنی بیست ساڵیدا نامیلکەیەکی بۆ بەرگری لەو فەیلەسووفانەی کە ناعیسەوی بوون نووسی و لە ئاکامی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بەرەو فەلسەفەی رەواقی رۆیشت و حەزیشی لە رێنمایی شەکاکیەکان دەکرد و توانی سەرەڕای راوەدوونان و تەکفیر، پارێزگاری لەم شێوازە فیکری فەلسەفییە بکات و بەرجەستەی بکات.

لە ساڵی ١٧١٤ لەدادگای بۆردۆدا بوو بە راوێژکار و سێ ساڵ دواتر لەگەڵ کچێکدا بەناوی ژان دلارتیک کە سەر بە بنەماڵەیەکی پرۆتستانی و لەشکری بوو، ژیانی هاوبەشی پێک هێناو بوون بە خاوەنی کوڕێک و دووکچ.

لە ساڵی ١٧١٦ مامی کە گەورەی بنەماڵە بوو پلەو پایەی خۆی کە سەرۆکایەتی دادگای بۆردۆ بوو دایە دەستی ئەو، بەڵام بەو مەرجەی ناسناوی لابرێد لەسەر ناوی خۆی هەڵگرێت و «مۆنتسکیۆ» واتە ناسناوی بنەماڵەی لەجیاتی دابنێ و ئەویش قبووڵی کرد.

بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە مۆنتسکیۆ هیچ حەزی بە گەورەیی و بنەماڵەو پلەو پایەی دادوەرییەوە نەبوو و لە زانکۆی بۆردۆش کە ئەو لە ریزی خانەدان و بەگزادەکان حسێب دەکرا، زیاتر حەزوئەوینی خۆی لە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی دا خەرج دەکرد و لە پێناوی زانست و زانیاریدا تێدەکۆشا.

سەرەئەنجام توانی ببێت بە کارمەندی ئاکادیمیای بۆردۆ کە ئامانجی هان دان و پەروەردەکردنی گەورەکان بوو و ئەگەرچی زیاتر خەریکی نووسینی بابەتی ئەدەبی و سیاسی بوو، وەلێ دەستی کرد بە فێربوونی زانستی سروشتی وەکو توێکارزانی و گیاناسی و فیزیکیش. بەڵام لەبەر کزی چاوی نەدەیتوانی خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تاقیکاری بێت و نەسەبرو حەوسەلەش ئەو مۆڵەتەیان پێ دەدا، هەر بۆیە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانیدا زیاتر بە دەرەنجامە گشتییەکان رازی دەبوو.

لەو نێوەدا کەوتە هەوڵی نووسینی بەرهەمێک لەبارەی مێژووی سروشتی زەوی و دەستی بەکارکرد بەڵام هەر کە گەیشتە لێکۆڵینەوە لەسەر رەوش و بارودۆخی مرۆڤ راوەستا و هەر ئەو بەشە حەزو ئارەزووەکانی داگرت و لەهەموو ژیانی دا بوو بە بابەتی



خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو و پێویستە بڵێین هەمان نەریتی لێکۆڵینەوەو شێوازی بێ لایەنانەبوو کە لەبیرو بەرهەمەکانی خوێدا بەکاری دەهێنا. ئەگەرچی زیرەک بوو و کتێبی خۆشدەویست و زانیاری لەسەر هەموو بەشەکان هەبوو و خەریکی بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و چیرۆک و ئەفسانە دەبوو و لەهەر باغێک گوڵێکی دەچنی، کەچی دیسان سیستەمە فیکرییەکەی زاڵ بوو و ئەم سیستەمە رێگەی ئەوەی دەگرت وەکو مۆنتێنی(١٨) (کەمۆنتسکیۆ ئەویندارو ستایشکاری ئەو بوو) بە شێوەیەکی پەراگەندە و لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ بەڵکو بەردەوام ریزبەندی و یەکیەتی و بنچینەکانی وەبەر چاو دەگرت.

هەڵبەتە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە پەیوەندی و تەرتیبی بابەتەکان لە بەرهەمەکانی ئەودا بێ کەم وکوڕییە بەڵکو لەرووی پەیوەندییەوە تاڕادەیەک لێک پچڕاو بوون و بەتەواوی مەرجی زانستییان تێدا نەبوو.

هەرچۆنێک بێت، وەدەست هێنانی زانیارییەکی زۆر لەهەمبەر بنەما زانستییەکان، کاریگەرییان لەسەر رۆحی دانا و توانی ببێت بەخاوەنی بیرێکی ئازاد و روانگەیەکی بەر بڵاو و بیروباوەڕێکی ئارام و لەسەرخۆ.

لە ئاکامی خوێندنەوەو پێشکەشکردنی بەرهەم و ئاگاداربوون لەسەر ژیانی مرۆڤ، رێزی لەبیروباوەڕ و داب و نەریت و دینەکان دەگرت و سەرەڕای ئەوەی خۆی بۆ توێژینەوە لەسەر کاروبارەکانی ئەم جیهانە تەرخانکردبوو و کاروباری گشتی و بان سروشتی (میتافیزیک) و فەلسەفەی ئیلاهی لە سنووری کاری خۆی کە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی کۆمەڵگای مرۆیی بوو، بە دوور دەزانی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی رۆحانییەت و بیروباوەڕی دینی رەد نەدەکردەوە، بەڵکو لەرووی ژیان و سوودی کردەیی و هەست و سۆزی رۆحیی مرۆڤایەتی، دینی بەشتێکی گرنگ و بە کەڵک دەزانی و دەیگوت: ناشێ مرۆڤ دەست لە جیهانی ئاسمانی هەڵگرێت و خۆی بەفانی و پووچ لە قەڵەم بدات. لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە، دینی ئێمە جاویدان و رۆحانی دەکات و ئەم وانە و رێنماییە بۆ ئێمە گران بەهاو بەرز و بەڕێزە.

بەکورتی بەبڕوای مۆنتسکیۆ، ئەو بابەتە کە زیاتر پەیوەندی بەئومێدو هەست و سۆز و ئیمانی تاکەکانەوە هەیە، پێویست ناکا بهێنرێتە نێو بابەتە زانستییەکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی کۆمەڵی مرۆیی کە لەسەر بنەمای ئەزموون و تاقیکاری دامەزراوە.

بەم پێیە تا ئەو جێگەیەی بۆی دەکرا هەست و سۆزی تێکەڵی بابەتەکان نەدەکرد و لە کاری نووسیندا تا ئەو شوێنەی لە توانایدا بوو بێ لایەن و ورد بوو تەنانەت لە پەیوەندی تایبەتی و تاکەکەسیش لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری تاڕادەیەک پەیڕەوی لەم شێوازە

دەکرد. ئەگەرچی هەروەک بۆ خۆی دەڵێ لەهەموو حاڵەتێکدا سەبارەت بەحاڵی پەرێشان و شێواوی مرۆڤەکان دڵۆڤان بوو، کەچی هەوڵی دەدا لەکاتی حوکمداندا خوێنساردی و هێمنی خۆی بپارێزێ و تەنانەت بەحوکمی ئەم سیفەتە، هێندە کۆمەڵ پەرستی ودۆستپەروەری و هۆگری لەخۆی نیشان نەدەدا و ئەگەر ئەوینی لە هەمبەر شیعر و ئەدەب نەبوایە، دەکرا بە مرۆڤێکی وشکی لە قەڵەم بدەین.

مۆنتسکیۆ رۆژگارو ژیانی خۆی بەبێکاری تێنەدەپەڕاند و بەردەوام نامیلکە وکتێبی دەنووسی، هەتا لە ساڵی ١٧٢١ واتە لەتەمەنی ٣٢ساڵیدا یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی خۆی بەناوی «نامە ئێرانییەکان» تەواوکردو ئەو کتێبە لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی دەرکرد و بۆ ئەوەی ناوبانگەکەی بەچاوی خۆی ببینێ، سەفەرێکی بۆ پاریس کردو لەوێ بابەتی دامەزرانی لە ئاکادیمیای فەرەنسا هاتە بەرباس و لێدوان، بەڵام لەبەرابیدا بەو بیانوویەی کە خەڵکی پاریس نییە، وەریان نەگرت.

لێبڕاوی و عیشق و هیمەتی مۆنتسکیۆ لە هەموو قۆناغەکاندا بەردەوام بوو و هەمیشە سەرگەرمی نووسین بوو و لەو ماوەیەدا چەندین جار لەپاریسەوە چووە بۆردۆ و گەڕایەوە و ئەوجارەیان توانی لەئەکادیمیای فەرەنسا دابمەزرێت.

پاش ماوەیەک حەزی سەردانی ناوەندە بەناوبانگەکانی ئەوروپا لە ناخیدا سەری هەڵداو لەساڵی ١٧٢٨ دەستی بەگەشتەکەی کرد و چاوی بەنەمسا، مەجارستان، ئیتالیا، سویسرا، ئەڵمانیاو هۆڵەندا کەوت و پاشان چوو بۆ ئینگلتەرا و لەساڵی ١٧٢٩ وە تا ساڵی ١٧٣١ لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوو. ئەو کات سەبارەت بە بایەخی وڵاتە جۆراوجۆرەکان وتی: «ئەڵمانیا بۆ گەشت و گەڕان، ئیتاڵیا بۆ نیشتەجێبوون، ئینگلتەرا بۆ بیرکردنەوە، فەرەنسا بۆ ژیان دروست کراوە» و بۆخۆی بەکردەوە پەیڕەوی لەم بنچینەیە کرد، واتە لە ماوەی دووساڵ نیشتەجێ بوون لەئینگلتەرادا دەستی کرد بەتاقیکردنەوەو بیرکردنەوە لەزانستی سیاسی و خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە سەر شێوازی حکومەت و بارودۆخی ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر رۆح و دەروونی داناو بیروڕای سیاسی و بەرهەمی بەشێک لە گەورە پیاوەکانی ئینگلیزو یەک لەوان لۆکی[١٩] خوێندەوە و بنچینەی حکومەتێکی ئازادیپەروەر و پەروەردەکردنی ئەو حکومەتە لەوێ فێر بوو.

سەیر ئەوە بوو فەرەنسییەکانی ئەو سەردەمە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئینگلتەرادا نەبوو و لەژیانی سیاسی ئەوان بێ خەبەر بوون و بەر لە مۆنتسکیۆ تەنیا کەسێک بەناوی راپین[٢٠] کتێبێکی بۆ وەسف و ناساندنی ئەو وڵاتە نووسیبوو کە نووسەری ئێمە توانی سوودی لێ وەرگرێت.



سەفەرکردن بەرەو رۆما ئەوی خستەوە بیری مەزنی و سیستەمی گەورەی دەوڵەتی کۆنی ئیمپراتۆریەتی رۆمان. بینینی ئینگلتەرا سیستەمی دەوڵەتێکی بەسەبر و تەحەمموولی یاسایی نەتەوەیی پێ نیشان داو لەدوای گەڕانەوە لەم سەفەرەدا کەوتە بیری نووسینی هەندێ کتێب لەهەمبەر دام ودەزگای دەوڵەتی رۆما و دەرخستنی رازی سەروەری ئەو دەوڵەتەو دوای ئەویش باسکردنی سیستەمی دەوڵەتێکی شایستە، و دوایین زنجیرەی بەرهەمە گرنگ و بەناوبانگەکانی خۆی دەستی پێ کرد و کۆتایی پێ هێنا.

بە شێوەیەکی گشتی مۆنتسکیۆ لە ئاکامی ئەو هەموو خوێندەوە و گەڕانەدا، عەیب و کەم وکوڕی حکومەتی ئیستبدادی و فشاری زوڵم و ستەمی بۆ دەرکەوتوو و بەگیان و دڵ لایەنگری لە دەوڵەتێکی مافپەروەر و عەدالەتخواز دەکردو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پشتی بە ئیرادە و هیمەتی خۆی بەست.

ئەم بەشەی ژیانی مۆنتسکیۆ کە زۆر سوودمەندو سوودبەخش بوو، لە زێدی خۆی واتە لابرێددا تێپەڕبوو، چونکە لەوشوێنە خەریکی زەوی وزارو کاری کشتوکاڵی دەبوو و هاوکات دەرفەتی خوێندنەوەشی هەبوو و هەندێ جاریش سەفەری بۆ پاریس دەکرد.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین تەمەنی ئەم پیاوە بۆ کارو تێکۆشان و سوودی رۆحی و مەعنەوی تەرخانبوو و بۆ ساتێکیش وازی لەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوە نەهێنا ودۆزینەوەو گەیشتن بەحەقیقەت باشترین دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەو.

ئەو دەڵێ: «هەر غەمێک رووی تێ کردبێت بەخوێندنەوەیەک لەناو چووە».

بەم جۆرە تەمەنێکی پڕ لە هەوڵ و تێکۆشانی بەسەربرد و نووسەری بەناوبانگ لەرۆژگاری پیری و کەنەفتیدا توانی ناوبانگ و رێزێکی شایستە لەتەواوی ئەوروپادا بۆ خۆی وەسەریەک بنێت و بەری رەنج و زەحمەتی ساڵەهای ساڵی تەمەنی خۆی بخوات و لە دیدێکی پڕ لە سوپاس و شادمانییەوە سەیری تەمەنی پڕ لە زەحمەتی خۆی بکات و لەدوایین رۆژەکانی ژیانی، چارەنووس چاوە ماندوو وهیلاکەکانی نابینا کردو بۆ خۆی وتی: تەنیا رووناکییەک کە بۆم ماوەتەوە، هەڵاتنی سپێدەی دوایین ساتەکانی تەمەنمە بۆ ئەوەی چاوەکانم لێک بنێم و بچمە خەوێکی ئەبەدییەوە.

هەروەک نەریتی رۆژگارە، ئارەزوویەکەی وەدیهات و لەساڵی ١٧٥٥ واتە لەتەمەنی ٦٦ساڵی لەپاریس ماڵئاوایی لەجیهان کرد و ناوێکی جاویدانی بەیادگار لە دوای خۆی بەجێ هێشت.

**٣- بیر و بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ**[٢١]:

کتێب و بەرهەمی مۆنتسکیۆ لە نامیلکەی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و نامە گۆڕینەوە وشتی لەم جۆرە زۆرن و لەوانەیە زیاتر لە ١٦ بەرهەمی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام لێرە و لەم کورتە باسەدا تەنیا باسی گرنگترین و گەورەترین بەرهەمەکانی واتە نامە ئێرانییەکان و هەندێ تێبینی لە هەمبەر مەزنی و داڕووخانی ڕۆما و ڕۆحی یاساکان دەکەین.

**نامە ئێرانییەکان:** دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین بەرهەمی گرنگی مامۆستایە کە ڕێک لە هەرەتی لاویدا واتە لەتەمەنی ٣٣ساڵیدا نووسیویەتی.

مەبەستی سەرەکی نووسەر لەم کتێبەدا جگە لە ڕۆمان نووسی، بەدیارخستنی ئەخلاق وداب و نەریتی گشتی سەردەم و پێشاندانی داڕمانی بیروباوەڕ و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بوو لە ژێر ڕکێفی حکومەتی ئیستبدادیدا و بەتایبەتی باسکردنی فەساد و گەندەڵی سەردەمی لویسی چواردە. وای بەباش زانی ئەو بیروباوەڕانە لە زمانی هەندێ گەریدەی ڕۆژهەڵاتیەوە بەیانیان بکات، چونکە ڕۆژهەڵات و گێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتییەکی خەیاڵی لەو کاتەدا بببوو بەمۆد. بۆ نموونە ناودارێکی وەکو فرنی[٢٢] لەکتێبەکەی خۆیدا پاریس لەدیدی گەریدەیەکی سیامی وەسف دەکا، هەندێ نووسەری تریش هەر لەو سەروبەندەدا هەندێ بەرهەمیان سەبارەت بەڕۆژهەڵات وئێران بڵاوکردەوە و مۆنتسکیۆ کەم و زۆر لەکتێبخانەی لابرێدا توانی بیانخوێنێتەوە.

بەتایبەتی توانی سیاحەتنامەی تاڤرینە[٢٣] و شاردن[٢٤] کە دووگەریدەی بەناوبانگی سەردەمی سەفەوی بوون بخوێنێتەوە و وەرگێراوی هەزارویەک شەوەشی بینیبوو و لەراستیدا هەندێ زاراوەو نامە و ڕوخساری ئەوکتێبەی لە شاردن وەرگرتبوو بەڵام لەپشت ئەوانەوە بیر و بۆچوونی مۆنتسکیۆ و بارودۆخی فەرەنسا خۆیان حەشاردابوو وجگە لەهەندێ شتی سیاحەتنامەی شاردن و ئەوانیتر هیچ شتێکی دیکە لە نامیلکەکانیدا نابینرێت. تەنانەت وەسف کردنی حەرەم یان فرە ژنی و داب ونەریتەکان کە دەبوایە بەتەواوی ڕۆژهەڵاتی بوایەن، لایەنی ئەورووپایی هەیە. لەوەش زیاتری لە تواناد نەبوو، چونکە زانیاری نووسەر لەسەر ژیانی ئێران کتێبێک بوو و بەس، ئەویش سەرپێیی و بەپەلە نووسرابوو. کەواتە کتێبی نامە ئێرانییەکان لەرۆمانێک زیاتر نەبوو.

جگە لەو تیبینییانە، نامە ئێرانییەکان هەندێ ئیمتیازی بنچینەیی هەیەو لەخۆڕاییە ئەو هەمو ناوبانگەی بەدەست هێنا.

داڕشتنی کتێبەکە لە زمان خۆش و ڕەوانە و ڕازاندنەوەی زیادەی زمانەوانی تێدانییەو



لە هەمان کاتیشدا کاریگەرەو هەندێ جاریش خوێنەر تووشی جۆش وخرۆش دەکات. تایبەتمەندی و خەسڵەتی کەسەکان زۆر لێزانانە پێشان دراوە و توانای نووسەری بەباشی تێدا دەردەکەوێ کە وتوویانە مرۆڤناسە.

دەڵێن لەدوو پاڵەوانی بەناوبانگی ئەو ڕۆمانە کە ناویان ڕیکاو ئۆزبەکە، ئۆزبەک نوێنەری ئەخلاق و بیروباوەڕی مۆنتسکیۆیە، بەڵام لەراستیدا ریکاش باسی خودی نووسەر دەکا. واتە نووسەر هەرکاتێک دەیەوێ وانەی ئەخلاق بڵێتەوە، قەڵەم دەداتە دەستی ریکا، بەچەشنێک کە دەتوانین بڵێین ئوزبەک ورێکا دوو خەسڵەتی یەک کەس بەرجەستە دەکەن.

ریکا و ئۆزبەک بەسەفەر لە ئێرانەوە چوونەتە پاریس و هەندێ نامەیان لەئێرانەوە واتە لە ژن و خواجە و دۆستەکانیانەوە پێدەگات و باسی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتیان بۆ دەکەن و ئەو دووانەش لە وەڵامدا باسی ڕەوش و بارودۆخی پاریس بۆ یارو هاوڕێکانیان دەگێڕنەوە و لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدوێن: کۆبوونەوەی پاریسییەکان بۆ بینینی ئەو دوو ئێرانییە، حاڵی خەڵک لە کافە و میوانییەکان، کەسە تێگەیشتووەکان کە لەگەڵ یەکتردا پێشبڕکێ دەکەن، ئەو پیرە مێردانەی یادی سەردەمی کۆلبێر دەکەنەوە، ئەو پیرێژنانەی خۆیان بەگەنج پێشان دەدەن، ڕۆژهەڵاتناسەکان کە ئێران لەو دووانە باشتر دەناسن و تەنانەت ئەدیب و نووسەرەکان کە خاوەنی بیروبۆچوونی ئەدەبین... وشتی لەم جۆرە لەدووتوێی نامەی ئەو دوو گەریدە ئێرانییەوە خۆ دەردەخەن. هاوکات خۆ لەقەرەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنساش دەدەن و لەسەر دادوەری لێنەوەشاوە و خانەدانی بێ کار و بەرپرسی بێ ئینسافی باج قسەولێدوانی دێتە گۆڕێ. بۆ نموونە لە شوێنێکدا سەبارەت بە خانەدانەکان دەڵێ: «بەکەسێک دەڵێین خانەدان کە بتوانێ چاوی بەپاشا بکەوێ و لەگەڵ وەزیرەکاندا بدوێ و باب و باپیر و مانگانە وقەرزی هەبێ...» ئاشکرایە ئەم ڕستەیە ئاماژەیەکی ناسکە بەوەی کە خانەدانەکان شایەنی هیچ نین.

بابەتە سیاسی و دینییەکانیش وتووێژیان لەسەر کراوە و هەندێ ڕەخنە ئاراستەی دینی عیسەوی و بڵاوکەرەوە دەمارگرژ و بیر کورتەکانی کراوە.

لویسی چواردەو پیاوەکانی سەردەمی ئەو زۆر بەتوندی سەرزەنشت و لۆمە کراون و هاوکات لەمەڕ بابەتە فەلسەفییەکانی وەکو ئەوەی ئۆزبەک بۆ ڕەزا نووسیوە و بابەتی وەکو جەنگ و ئاشتی و ئیستعمار و هونەرە جوانەکان و خۆرازاندنەوەو فەزیلەتی کۆمەڵایەتی هەندێ گفتوگۆ دەکرێت، تا قسە دەگاتە سەر سیستەمی حکومەتە جۆراوجۆرەکان و لەم ڕێگەیەوە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دواتری نووسەر ئامادە دەکرێت.

لەم بەشەدا زۆر بە باشی لەزیانەکانی حکومەتێکی سەرەڕۆ و خەمسارد ئاگادارمان دەکات و لەمەڕ لایەنە باشەکانی سیستەمێکی سیاسی ئازاد دەدوێت و بەرگری لە ئازادی و یەکسانییەک دەکات کە لەسەر بنچینەی عەقڵ و میانڕۆیی و هەڵسەنگاندن دامەزرابێ نەک تەنیا لەسەر بنەمای هەست و سۆزێکی توندڕۆیانە.

دەتوانین لەسەر یەک لە نامە ئێرانییەکان دا کە لەسەد و شەست و یەک نامە پێک هاتووە، سێ بەشی گشتی دیاری بکەین:

یەکەم بەشی رۆمان کە بنچینەی کتێبەکە پێک دێنێ، دووەم – بەشی رەخنە گرتن لەکۆمەڵگای فەرەنسی و سێهەم رامان و رۆچوون بەناو سیستەم و یاسا کۆمەڵایەتییەکان کە لەڕاستیدا دەکرێ ئەم بەشە وەکو پێشەکی کتێبی رۆحی یاساکان سەیری بکەین.

## «هەندێ تێبینی لەهەمبەر مەزنی و داڕووخانی رۆمانەکان»[٢٥]

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە مۆنتسکیۆ حەزی لە توێژینەوەی مرۆیی و بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکرد و لەو نێوەدا ئارەزوو و هۆگرییەکی زۆری سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لە مێژووی رۆمان دەردەبڕی و دەتوانین بڵێین توێژینەوە لەسەر ئەم بەشە بەرەبەرە بوو بە ئامانجی سەرەکی خوێندنەوە و توێژینەوەکانی و رۆما و گەل و یاسا و بارودۆخ و پێشهات و رووداوە مێژووییەکانی ئەم وڵاتە هەموو بیرو هزری داتەنی ولە ئاکامیش دا چەندین نامیلکە و کتێبی گرنگی لەسەر ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەی جیهانی کۆن نووسی کە لەراستیدا میراتگری شارستانییەتی یۆنان و سەرچاوەی شارستانییەتی رۆژئاوا بوو و یەکێک لەگرنگترین بەرهەمەکانی کتێبی «تێبینییەکانە».

لەم کتێبەدا بەراوردێکی زیرەکانەو لێکۆڵینەوەیەکی لێزانانەی لەسەر بنچینەی رەوتی مێژووی میللەتی رۆما کردووەو گەیشتۆتە هەندێ خاڵ و سەرە داوی ورد و هەندێ راستی بۆ دەرکەوتووەو بەدوای هۆکاری پێشکەوتن وداڕمانی ئەو میللەتەدا گەڕاوە.

بەشی سەرەکی بابەتەکە لەپاژی پێنجەمەوە دەست پێ دەکا و لە درێژەی باسەکەدا و بە لێهاتوویەتی یەکجار زۆرەوە دەگاتە سەر شیکردنەوەی رووداوە مێژووییەکان. نووسەری زانا، بناغەی پێشکەوتن و مەزنی رۆما بۆ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

هۆگری خەڵکی هەموو شارەکان بە زێدی خۆیان، هۆگری هەموو میللەتی رۆمانی دەرحەق بەنیشتمان، جەنگی بەردەوام و باش بەڕێوەبردنی، سیستەمی دەوڵەتی رۆما کە لە کاتی جەنگدا مەرکەزیەتێکی بەهێزی پێک دەهێناو لەکاتی ئاشتیشدا پێشی توندڕۆیی و خراپ بەکارهێنانی ئەو هێزانەی دەگرت، ئەنجامدانی کارەکان لە رووی پیلان



و نەخشەوە، لێهاتوویی رۆمانەکان لەدووبەرەکی نانەوە لەنێوان دوژمنەکانیاندا، بوونی زەوقێکی باش بۆ خواستن و سوود وەرگرتن لەپیشەسازی و داهێنانی گەلانی تر، هونەری تایبەتی رۆمانەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی تەواو لەو میللەت و وڵاتانەی کە دەیانخستنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، هێزی عەقڵ و قورس و قایمی سەنای رۆما، هەڵسەنگاندنی بەردەوام و پەندوەرگرتن لەهەموو کەڕەتێک و تەنانەت باش ئاگاداربوون لەهەڵەکانی خۆیان، پەیڕەوی بەردەوام لە دوو پرەنسیپی جێگیر: دابین کردنی ئاسایشی خەڵک لەناوخۆو داگیرکاری و فتوحات لە دەرەوە.

دەوڵەتی رۆمانی لەدوای هەموو جەنگێکی سەرکەوتووانە، لەرێگەی پاکی و سادەییەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەی پەیمانی ئاشتی نەدەبەست بەڵکو ئاشتی بیانوویەک بوو بۆ وەدواخستن و هێرشی سەر لەنوێ و زۆربەی کاتەکان بارودۆخێکی ئەوتۆی پێک دەهێنا کەبەوێران بوونی دوژمن کۆتایی دەهات و ئەگەر هەندێ مەرجی گونجاویشی قبووڵ کردبا ئەوا دواتر بەرەبەرە هێندەی کۆتوبەندی لاوەکی پێوە زیاد دەکرد و نەیارەکەی ناچار دەکرد بکەوێتە جەنگ لەگەڵیدا.

بەم جۆرە رۆما بەردەوام لەجەنگدابوو و چەندی زیاتر جەنگی کردبا بەهێزتر دەبوو.

بەڵام هەروەک نەریتی رۆژگارە ئەم پێشکەوتنانە داڕووخانیشیان بەدواوە بوو و هەر لەو کاتەدا کە رۆمانەکان بەم جۆرە بەرەو پێشەوە هەنگاویان دەنا، وردە وردە هەندێ فاکتەر سەریان هەڵدەدا کە بنەمای داڕووخانی رۆمایان پێک دەهێنا، بەچەشنێک کە توانی ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنە لە پەلوپۆ بخات. بەبڕوای مۆنتسکیۆ بەشێک لە فاکتەرەکان بریتی بوون لە:

رێکخستن و گوێڕایەڵی لەنێو میللەتی رۆما هێدی هێدی بەرەو کۆیلایەتی گۆڕانی بەسەرداهات و گەل بوو بەئامێری فەرمانڕەوایی هەندێ تاکە کەس، ئیستبداد خۆی خزاندە ژێر ئاڵای ئازادی وتەنانەت مانای ئازادیش لەهزرو بیری خەڵکی داشێوێنرا.

بنەمای بەهێزی رۆمانەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی خودی ئەو هێزەوە تووشی لەرزۆکی هات. ماندوویی و هیلاکی لەئاکامی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان وەکو چەکێک کە بەردەوام لەکاردابێ، خەڵکی وەزاڵە هێنا.

بزاڤە نەتەوەییەکان کە هانی رۆحی هاریکاریان دەدا، بەرەو گروپ گروپێنێ گۆڕان، زۆربوونی تیول، ئەخلاقی خەڵکی تووشی گەندەڵی کردو بەم جۆرە ئیستبداد توانی باشتر جێگەی خۆی لەنێو میللەتێکی گەندەڵدا بکاتەوە. گەندەڵیی ناوەندی وڵات لەگەڵ ئیفلیجبوونی ویلایەتەکان بەهۆی دوور دەستی و لێک دووربوونەوە، دەستیان خستە ناو

دەستی یەکدی و لەلایەکی تریشەوە گەلە ژێردەستەکان بە هەموو بیانوویەک رادەپەڕین و لەشکری پەرشوبلاویش ناچاربوو واز لە دەوروبەر بێنێت و هێرش بکاتە سەر ناوەند. درێژەکێشان و بەردەوامبوونی جەنگ خۆی بنەمای خۆ لاوازکرد، رۆمانەکان قەوم و میللەتە جۆراوجۆرەکانیان لەنێوان خۆیاندا تواندەوە، بەڵام هەر ئەمە بەرە بەرە بوو بەگرێیەک بۆ خۆیان. ئەو گوشارو قورساییە کە رۆمەکان دەیانخستە سەر نەتەوەکانی جیهان، رۆژێ داهات کەوتە سەر شانی خۆیان و لەئاکامدا لەمەزنییەوە بەرەو بچووکی داکشان و دەوڵەت و سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت وردە وردە بەرەو بەرتەسک بوون و کەم بوونەوە دەچوو تا شوێنێکی ئەوتۆ کە سنووری رۆما لە دیجلەو فوراتەوە گەیشتە سنووری ئیتاڵیا!

ئەمە بەشێکە لە بیرو بۆچوونی نووسەری خاوەن رای ئێمە سەبارەت بەرەوتی مێژوو و هەڵکشانی تەمەنی میللەتێکی مەزن. گەورەپیاو و زانایان وتوویانە ئەگەرچی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی مۆنتسکیۆ هەمەلایەنە و تەواو نییە و هەندێ فاکتەری رۆحی و کارتێکەری ماددی وەکو ئاووهەواو نەژاد و خاکی رۆمانی بەپێچەوانەی بنچینەی رێنماییەکانی خۆی بەکارهێناوە و لەم روویەوە لەهەندێ حاڵەتدا لە هەندێ توێژەری بەناوبانگی مێژووی رۆمانی وەکو میشلە[٢٦] و دروی[٢٧] و مۆمسێن[٢٨] و فوستل دکۆلانژ[٢٩] لەدواترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان داوەرییەکی لێزانانەی لەسەر بەرزیەتی و لەناوچوونی ئەو میللەتە کردووە.

## رۆحی یاساکان

یەکەمین هەنگاوی رەسمی بۆ نووسینی کتێبی رۆحی یاساکان لەدەوروبەری ساڵی ١٧٢٨ دەستی پێکرد کە ئەوکات نووسەر لەتەمەنی چل ساڵیدا بوو، بەڵام چەندین ساڵ بەر لەم مێژووە دەستی بە نووسینی ئەم کتێبە کردبوو و چەندین ساڵ پاشتریش تەمەنی خۆی لە رێی تەواوکردن وکامڵ کردنی ئەو کتێبەوە خەرج کرد. بۆخۆی دەڵێ:

لەو کاتەوە کە لەکۆلێژ دەرچووم، خەریکی کتێبە یاساییەکان بووم و مەبەستی سەرەکی من توێژینەوە بوو لە رۆحی ئەو یاسایانە.

زاراوەی رۆحی یاساکان (Esprit des lios) هی ئەو نەبوو، بەڵکو بەر لەو نووسەرێکی دیکە بەناوی دۆما[٣٠] ئەم ناونیشانەی لەیەکێک لەبەشەکانی کتێبەکەیدا بەکارهێنابوو و مەبەستی دۆما لەم وشەیە ئامانجی راستەقینەی یاسا واتە دادپەروەری و لەلایەکی تریشەوە نییەتی یاسادانەرەکان بوو، ئەوە لەکاتێکدا کە مۆنتسکیۆ مەبەستێکی



تری هەبوو و دەیویست هۆکاری دروستبوونی یاساکان و بایەخی شوێنەواری ئەو یاسایانەی بۆ دەرکەوێ. لەم رووەوە دۆما زیاتر واتای دادوەرییانەی ئەو وشەیەی لەبەرچاوبوو و مۆنتسکیۆش چەمکی مێژوویی. لە راستیدا بەبڕوای مۆنتسکیۆ دەبێ رازی پەیدابوونی یاساکان و گرنکی و کاریگەرییەکەیان لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بپرسین.

تەمەنێک لەم رێگایەدا تێکۆشا و چەندین ساڵی لەحاڵی سەرگەردانیدا تێپەڕکرد، چونکە بەدوای ئەو رێسایانەدا دەگەڕا کە حوکمەکەیان جێگیر بێت و بگۆڕ و بێ بنەما نەبن. ئاشکراشە دۆزینەوەی یاسا لەمێژوو کارێکی دژوارە.

نووسەرێکی خۆش زەوق و ئازادی وەکو مۆنتێنی[٣١]، هەندێ رووداو و بابەت و نوکتەی لەدوای یەکتر دەنووسی و ئەحکامی جۆراوجۆری دەردەکردو لەپێشان دانی دژایەتی فیکری و لاوازی عەقڵی مرۆڤ باکی نەبوو و بابەتەکانی بەبێ نەزم بێ بەڵگە بەدوای یەکتردا ریزدەکرد. هەندێ نووسەری دیکەی وەکو پاسکاڵ[٣٢]یش بۆ دەربڕینی پێشهاتەکانی دونیا، هێزی بەڵگەی مرۆییان بەتەواو و کامڵ نەدەزانی و پەنابردنە بەر ئیمانیان بەپێویست دەزانی. واتە بۆ یەکالاکردن و چارەسەری پرسە مرۆییەکان هەست و سۆزیان بەکاریگەرتر لە عەقڵ دادەنا.

بەڵام نووسەری ئێمە بەدوای بەڵگەی عەقڵیدا دەگەڕا و گەرەکی بوو رێسا لۆژیکییەکان لەودیوی رەوتی مێژووییەوە وەدەستبێت و زنجیرەیەک هۆ و هۆیەند لە رووداوە مێژووییەکان پێشان بدات. تاکە مەبەستی نووسەری زاناش لەدیتنەوەو رێکخستنی بنچینەی سیاسی و سیستەماتیکی مێژووی رۆما، هەم فێرکردن و رێنمایی مرۆڤایەتی و هەم ئاراستەکردنی بیرورای فەرەنسا بوو.

پێویستە هەموو نەتەوەیەک بەخوێندنەوەی ئەو بنچینانە فێری وانەیەک بێت و باشترین شێوازی حکومەت کە لەگەڵ ئەودا دەگونجێ بۆ خۆی دەستنیشان بکات.

فەرەنسییەکانیش پێویستە لەوەوە وانەی ئازادی و ئاوەدانی و شێوازی رەفتاری دەوڵەتێکی ساخلەم فێربن و نەهێڵن کاری حکومەتێک لەئازادییەوە بەرەو بەرەڵلایی ولەوێشەوە بەرەو ئیستبداد و پاشان بەرەو بێ بەندوباری و پشێوی هەنگاوبنێ. لێرەدا بۆچوونەکانی نەوەکو دۆما بوو کە دەیویست هۆکار و بزوێنەری سەرەکی بەش بەشی رووداوە مێژووییەکان بۆ ئیرادەی خواوەند بگێڕێتەوەو نە وەکو هۆبزی ئینگلیزیش چارەنووس و کاریگەریی جیهانی رۆحانی پشتگوێ بخات، واتە بچێتە سەر بیروباوەڕی ماددییەکان، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی بڕوای وایە دەبێ لەرووی ئەزموون وعەقڵ و

لۆژیکەوە بەدوای سیستەم و بنچینەی دەوڵەتدا بگەڕێین، هاوکات باوەڕی بە دادپەروەرییەکی ئەزەلیش هەیە کە لەودیوی ڕووداوەکانی جیهاندا پەنهانە. کەواتە دەتوانین بڵێین نە ماددییە و نە ئیماندارێکی توندڕۆ.

لەشیکردنەوەی بابەتەکان زیاتر لەهۆکارەکانەوە بەرەو کاریگەری و دەرەنجامەکان دەچێت، بەبڕوای ئەو، کە پشت بە خەیاڵ و گریمانە دەبەستێ، مرۆڤی کۆن سادەو بەختەوەر دەژیا، پاشان کە کۆمەڵگا دروست بوو، بێگومان تێکۆشان لەپێناوی ژیان سەریهەڵدا. کەواتە بەناچاری هەندێ یاسا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هاتە ئاراوە. فاکتەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆیی جۆراوجۆرن وەکو، ئاو و هەوا، دین، یاساکان، نەریتی جێگیری حکومەت، پەندی پێشینان، ئەخلاق و داب ونەریت، لەراستیدا ئەم فاکتەرانە جەستەی کۆمەڵگا پێکدێنن و یاساکان وەکو دەماری ئەو جەستەیەن.

پێویستە ئەم یاسایانە لەگەڵ سروشتی وڵاتەکان و ئاووهەواو تایبەتمەندیی خاک و شێوازی ژیانی خەڵکی و دین وحەز و ئارەزوو و ژمارەی دانیشتووان و سامان و بازرگانی و داب ونەریت و ئەخلاقدا بگونجێن. خودی یاسا جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەیە و دەبێ پەیوەندی و مەبەستی یاسادانەرەکان دیاری بکرێت.

کەواتە لەراستیدا رۆحی یاساکان، پەیوەندی نێوان یاساکان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ سەرجەم فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو لێ ورد بوونەوەو لەنێو سیستەمە جۆراوجۆرە مرۆییەکاندا بەدوای گونجان و کاریگەری ئەو یاسایانەدا دەگەڕێت.

هەر لێرەوەیە کە مۆنتسکیۆ دەچێتە ناو بابەتە جۆرەکانی حکومەت و بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سێ جۆردا دابەشیان دەکات:

کۆماری، پاشایەتی دەستووری(حکومەتی تاکەکەسی)، ئیستبدادی.

بەبڕوای ئەو حکومەتی کۆماری ئەو جۆرە حکومەتەیە کە هەموو یان بەشێک لەخەڵک بەشداری تێدا دەکەن، پاشایەتی دەستووری ئەو حکومەتەیە کە تاکەکەسێک بەپێی یاسای دیاریکراو فەرمانڕەوایی دەکات و حکومەتی ئیستبدادی ئەو جۆرە حکومەتەیە کە تاکەکەسێک لەرووی هەواوهەوەسی خۆیەوە حکومەت دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی مۆنتسکیۆ لەدوو لایەنەوە سەیری دەوڵەت دەکات؛ یەکەمیان لەرووی ماهییەتی حکومەتەکەوە وەکو حکومەتی کۆماری یان حکومەتی رەها(مطلقە). دووەمیان لەو رووەوە کە ئەم دەوڵەتە لەکاتی حکومەت کردندا بەپێی چ پرەنسیپێک دەجووڵێتەوە. هەڵبەتە لەبەشی دووەمدا کەسایەتی و فەزیلەت و حەزو ئارەزوو وئەخلاقی خەڵک و گەورەپیاوەکان و چاوگی بارودۆخەکان دەورێکی هەمەلایەنە و گشتییان هەیە.



حکومەتی کۆماری لەسەر بنچینەی فەزیلەت و حکومەتی پاشایەتی دەستووری (مشروطە) لەسەر بنچینەی شەرافەت و حکومەتی ئیستبدادی لەسەر بنچینەی ترس دامەزراوە. کەواتە بەپێی ئەم پێوەرە ماهییەتی حکومەت لە لایەک لەسەر بنەمای کۆماری یان رەها (مطلقە) راوەستاوەو لە لایەکی تریش لەسەر پرەنسیپی حکومەت کە بزوێنەری شێواز و کاروکردەوەی ئەو پێشان دەدات.

بە بڕوای مۆنتسکیۆ یاساکانیش لەم دوو لایەنەوە بەسەر دووبەش دابەش دەبن:

یەکەمیان پەیوەندی بە ماهییەتی حکومەتەوە هەیە کە بریتییە لە یاسا سیاسییەکان.

دووەمیان تایبەتە بە بنەچەی کردەوەی حکومەتەکان کە یاسا مەدەنییە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنێت.

پێشڤەچوون یان داڕووخانی هەموو گەلێک پەیوەندی بە بەردەوامبوون یان گەندەڵیی ئەو یاسایانەوە هەیە و بە بڕوای نووسەر داڕمانی هەموو حکومەتێک لەپێشدا بەگەندەڵبوونی پرەنسیپەکان واتە شێواز و رێسای کردەوەو رەفتارەکانی دەست پێ دەکات. دەتوانین بڵێین لە لێدوان لەسەر ئەم بابەتە کتێبی رۆحی یاساکان دەگاتە لوتکەی بایەخی خۆی و بەتایبەتی هەشت کتێبی یەکەم بۆ شیکردنەوە و لێدوان لەسەر ئەو بابەتە تەرخان کراوە.

شتێکی ئاساییە لەو شیکردنەوە دووروودرێژەدا، سەرمەشقی حکومەتێکی باش لە هزری مۆنتسکیۆدا هەمان حکومەتی ئینگلیزی ئەو سەردەمەیە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بیروبڕواکانی خۆی زیاتر لەپشت پەردەوە گوتووە و بەکەمی ناوی ئینگلتەرای هێناوە.

بۆ باس لەماهییەتی جۆری حکومەتەکان، سەرەتا لەحکومەتی کۆمارییەوە دەست پێ دەکات، هەڵبەتە نموونەی حکومەتی کۆماری لەهزری ئەودا و لەو سەردەمە هەمان حکومەتی کۆماری رۆمانی کۆن بوو کە ئەویش بۆ خۆی لەرووی کۆماری ئەسینا دروست کرابوو.

لە راستیدا لەو سەردەمە تاکە میللەتێکی گەورە وجوودی نەبووە و لە یۆناندا هەموو شارێک حکومەتێکی کۆماری بۆ خۆی پێک دەهێنا. لەناو ئەو حکومەتەشدا خەڵک بەسەر چینی جیاواز دابەش دەکران و یەکسانی و ئازادی نێوانیان بریتی بوو لەوەی لە جیاتی تاکەکەسەکان یاسا حکومەت بکا و لەراستیدا مافی ئازادی خەڵک تەنیا بریتی بوو لەمافی هەڵبژاردنی حکومەت و داڕشتنی یاسا و لەسەرجەم لایەنەکانی تر بەشێوەیەکی یەکسان ملکەچی یاسا بوون، ئەگینا هیچ خەبەرێک لەئازادی تاکەکەسی و بیروباوەڕو کەسایەتی بەو چەشنەی لە سەردەمی ئێمەدا جێگەی مەبەستە لەئارادا نەبوو.

مەبەست لە ئازادی تەنیا ئەوە بوو کە هەموو تاکێکی ئازاد (چونکە لەهەمان کاتدا کۆیلەش هەبوو!) مافی بەشداری کردنی هەبێ لەحکومەتدا.

کەواتە ئەم حکومەتە بەربەست نەبوو لەبەردەم بوونی کۆیلەو چینە جیاوازەکان لە نێو ئیستبدادیەتی حکومەتی یاسادا.

مۆنتسکیۆ بنەمای مانەوەی ئەو جۆرە حکومەتە دادپەروەرو یاسایی و کۆمارییە، هەروەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ پاکیی ئەخلاق و فەزیلەت و راستی و شەرافەتی تاکەکان دەگێڕێتەوە. ئەگەر ڕێبازی حکومەتەکان لەسەر پرەنسیپی ئەخلاقی دانەمەزرێت، لەوانەیە کەڵکی خراپ لە هەموو یاسایەک وەربگیردرێت و گەندەڵی لەنێو کۆمەڵگادا سەرهەڵبدات و حکومەتی کۆماری بەرەو حکومەتێکی زاڵم و ستەمکار گۆڕانی بەسەردا بێت.

ئەگەرچی ئەمڕۆکە لەنێو حکومەتە دیموکراسییەکاندا، هەندێ ڕێکخراوی هەمەلایەنە و ورد پێک هاتووە و هەندێ بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری هاتۆتە ئاراوە کە لەحکومەتی کۆماریی سادەو هاوشێوەکانیدا وجوودی نەبوو، بەجۆرێک کە رۆحی مۆنتسکیۆ لەپێچاوپێچی و ئاڵۆزی چۆنییەتی ئەوان بێ ئاگابووە، چونکە ئەو کۆمارەی ئەو شارەزایی لەسەر هەبوو یان لەقووڵایی مێژوودا بوو یان لەگۆشەیەکی دووردەستی جیهاندا. بۆ نموونە حکومەتی پاراگوای یان گۆشەو قوژبنی دێری راهیبەکان. بەڵام هەرچۆنێک بێ بابەتی ئەخلاقپاکی تاکەکان لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد، دەکرێ ئێستاش وەکو کۆڵەگەو مەرجی حکومەتێکی راست و دروستی لەقەڵەم بدەین، چونکە ئاشکرایە رۆحی یاساکان دەربڕی ئەخلاقی ئەو تاکانەیە کە دایدەنێن یان جێبەجێی دەکەن، باشترین یاسا بەبێ بوونی میللەتێک کەجێبەجێی بکات و رێزی لێ بگرێت و کەڵکی خراپ و تەفسیری هەڵەی بۆ نەکات، هیچ و پووچە. ئەو نەتەوانەی چەندەها کتێبی یاساییان نووسیوەو لەکۆڵی خۆیانیان بارکردووەو لە هیچ شوێنێک بەکاریان نەهێناوە سەرەنجام تووشی لەناوچوون و وێران بوون هاتوون و لەمەڕ ئەو جۆرە نەتەوانە دەتوانین ئەم ئایەتەی قورئان بەنموونە بێنینەوە:

مثل الذين حملو التورية ثم لم يحملوها كمثل الحمار يحمل اسفاراً!

مۆنتسکیۆ لەسەر جۆرەکانی تری حکومەتی کۆماری، واتە ئەوانەی کە بەهۆی فەرمانڕەوایی ژمارەیەکی کەمەوە بەڕێوە دەچن و جۆرە حکومەتێکی تایبەتی پێک دێنن، دواوەو کۆماری ڤینیسیا و پۆڵۆنیا و کۆمارەکانی سەردەمی خۆی وەکو نموونە هێناوەتەوە، چونکە جگە لەمانە هیچ نموونەیەکی تری لەپێش چاونەبووەو لەهەمبەر کۆماری پۆڵۆنیا



لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خستبووە ژێر فشارەوە، بیروبۆچوونێکی ئیجابی دەرنابڕێت وپێشبینی لەناوچوونی دەکات و هەر بە رێکەوت لە سەردەمی نووسەردا ئەو دووکۆمارە لەبەریەک هەڵوەشان!

بە بڕوای مۆنتسکیۆ پاشایەتی یان حکومەتی تاکەکەسی کاتێک سەرهەڵدەدا کە میللەتێک لەبەر زۆری توانای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نەبێت، لەو حاڵەتەدا ئەگەر پێشەوای ئەو گەلە بەرێکەوت پیاوێکی چاکەکاری لێ دەرچوو و خەڵکی وەکار خست ئەوا حکومەتێکی رەهای سوودمەند دادەمەزرێت و دەتوانێ خەڵکی پەروەردە بکات و ئەگەر چاکەکاریش نەبوو ئەوا لەگەڵ کەسانی هیچ و پووچدا دەست تێکەڵاو دەکات و ستەم و کۆیلایەتی پەرە دەسێنێ و حکومەت بەرەو ئیستبداد و سەرەنجام لەناوچوون هەنگاو دەنێ.

باشترین رێگای پاراستنی ئازادی خەڵکی وڵاتێک ئەوەیە کەیاسا وسیستەمی ئەو حکومەتە بەجۆرێک بێت کە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی حکومەت بتوانن یەکتر بەڕێوەبەرن و تەعدیلات لەیەکدیدا پێک بێنن. لێرەدایە کە مۆنتسکیۆ باسی دابەشکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتێک بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی دادوەری دەکات و بۆ یەکەمجار ئەو لەسەدەی هەژدەیەمدا ئەم بیرۆکە بەناوبانگەی بڵاوکردەوە.

لەرۆحی یاساکاندا لێدوان لەسەر ئازادی شوێنێکی تایبەتی و گرنگی داگیر کردووە:

یەکەم، ئازادی بەسەر گەلێک جۆردا دابەش دەبێت، وەکو ئازادی نەتەوەیەک لە بەرامبەر بێگانەدا کە هاوواتای سەربەخۆییە وئازادی مەدەنی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، واتە هەموو کەسێک بەشێوەیەکی یەکسان بتوانێ سوود لە یاسا حقوقی و مەدەنییەکان وەربگرێت.

دووەم، جۆرێکی تریشیان ئازادی تاکەکەسی و ئازادی موڵکایەتییە. بەڵام ئازادی سیاسی گرنگییەکی تایبەتی هەیە و مۆنتسکیۆ بەم جۆرە پێناسەی ئازادی سیاسی دەکات:

ئازادی تاکەکان لەهەموو کاروکردەوە و هەڵسوکەوتێک کە یاسا رێگەی پێ دەدات. کەواتە ئازادی ئەوە نییە هەر کەس هەرچی پێخۆش بوو بیکات، چونکە ئازادی رەها لە ژینگەی مرۆییدا کە لەرێگەی یاساوە بەیەکترەوە بەستراوە مومکین نییە. رەنگە ئەم جۆرە ئازادییە بۆ کەسێک ببێتە هۆی شێواندن و پێشێلکردنی ئازادی تاکێکی دیکە. کەواتە ئازادی سنوورێکی هەیە و ئەویش یاسایە. لەکۆتاییدا پێویستە یاسا لەرووی هەڵسەنگاندن و بەپێی میزاج و شارستانییەتی هەر وڵاتێک دابڕێژرێت.

پاش ئەمانە نووسەر دەچێتە سەر باسی بابەتە جۆراوجۆرەکانی تری وەکو یاساکانی سزادان و بابەتی لێبووردەیی لەهەمبەر بیروباوەڕو دینەکانی دیکەو دواتر لەسەر ئاووهەواو ئەخلاق وداب ونەریت ودین ویاسای مەدەنی ویاسای نێونەتەوەیی و یاسای ئابووری و شتی لەم جۆرە دەدوێت و باسی مێژووی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەکو فیۆدالیزم دەکات و لەرازی فەلسەفەیبوون و پێکهاتنیان و ئەو یاسایانەی بەڕێوەیان دەبەن، دەدوێ تاکو کتێبە گرنگەکەی خۆی کە بەرهەمی تەمەنێک خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بوو، و هەروەک بۆ خۆی دەڵێ مووی سەری لەم ڕێگەیەدا سپی کرد، بەکۆتا دێنێ.

لێرەدا خوێندنەوەی وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە سوودمەندە سیاسییە کە بەهیمەتی دیارو ڕەنج و زەحمەتی بەرچاوی بەڕێز عەلی ئەکبەری موهتەدی هاتۆتە بەرهەم، ئێمە لە شیکردنەوەی دوورودرێژ بێ نیاز دەکات و داوای ڕەحمەت بۆ نووسەر و پاداش بۆ وەرگێڕ وسەرکەوتن بۆ خوێنەر لەخواوەند دەکەم.

## ٤- بایەخ و گرنگی بیرو بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ

دەتوانین مۆنتسکیۆ بەسەر قافڵەی نووسەرانی فەرەنسا لەسەدەی هەژدەیەم لەقەڵەم بدەین. بێگومان نووسینەکانی لە کەموکوڕی بێ بەری نەبوو و ئەو حوکمانەی ئەو پێیان گەیشت رەها نەبوون و لەم ڕوویەوە ڕەخنەیان ئاراستەی بیروبۆچوون و یاساکانی کرد و لایەنە چەوت و هەڵەکانیان بۆ بەرجەستەکردووەو بۆ خۆشی نامیلکەیەکی بەرگری نووسیوە. مخابن لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە لەسەریان بدوێین، بەڵام ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە، بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ بە هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیەتی و داوێنی گشت نووسەرێک دەگرن، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر فیکری خەڵکانی سەردەمی خۆی و پاشتریش بەجێ هێشت و لە خۆڕانییە دالامبێری[٣٣] بیرمەندو نووسەری بەنێو بانگی فەرەنسا لەستایشی ئەودا وتوویەتی: مۆنتسکیۆ بیرو هزری لەهەمبەر پرەنسیپی حکومەتەکان ڕووناک کردەوە.

لەراستیدا بەشی هەرە زۆری ڕێبەرانی بزاڤی چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوروپا لەو سەدەیەدا کەم و زۆر سوودیان لەو مامۆستایە وەرگرتووە و ناوبانگەکەی تەشەنەی سەند و تەنانەت بەرهەمەکانی لەماوەیەکی کورتدا بوون بە وێردی سەر زمان و فرۆشران. کاتێک نامە ئێرانییەکان بڵاوبۆوە، سەرەڕای ئەوەی نووسەرێکی نەناسراو بوو کەچی ناوبانگێکی زۆری وەدەست هێنا و هات و هاوارو دەنگ و باسێکی زۆری لە نێو خەڵکیدا پەیدا کرد و کڕیارانێکی زۆر ڕوویان تێ کرد. هەروەها بەرهەمەکانی دواتریشی



هەر کام لە جێگەی خۆیان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای فەڕەنسی و ئەوروپا بە جێهێشت و یەکێک لەوان کتێبی هەندێ تێبینی لەهەمبەر پێشکەوتن و دارمانی ڕۆمانەکان ناوبانگێکی شایستەی وەدەست هێنا.

لێرەدا وای بە باش دەزانم سەبارەت بە کاریگەری تایبەتی ڕۆحی یاساکان کە ئەم چەند وشەیە وەکو پێشەکییەک بۆ ئەوە نووسراوە، بدوێم. خەڵک لەرێگەی بەرهەمەکانی پێشووترەوە ئاگاداری بونیادی فیکری مۆنتسکیۆ بوون و ئاشنایەتییان لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی ڕۆحی یاساکان لەبەرهەمەکانی دیکە زیاتر خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشاوە. لەماوەیەکی کورتدا ناوبانگی دەرکرد و لە ماوەی چواردە مانگدا بیست و دووجار چاپکرایەوە و بەتەواوی ئەوروپادا بڵاوبۆوە. خوێنەری ڕۆحی یاساکان، نوخبەی زانایان و قوتابیانی زانکۆی ئەوروپا بوون. مۆنتسکیۆ لەهەرەتی پیریدا کە لە تاو خوێندنەوەو نووسینی زۆرەوە لە پەلوپۆ کەوتبوو کرێی خۆی بەتەواوی وەرگرت، چونکە ڕێزی لێ گیرا و ناو و دەنگی بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبۆوە وچێژی لەناوبانگی خۆی وەرگرت و لەم ئەمەکناسی و پێشوازییەی خەڵک شانازی بەخۆیەوە کرد. زانست پەروەران پێشوازییان لەبەرهەمەکانی کرد و پاشاو ئەمیرەکانیش گرنگیان پێدا.

پاشا ساردنی[٣٤] فەرمانی دا ڕۆحی یاساکان فێری شازادەکان بکەن. فریدریکی گەورەی ئەڵمانیا کە هەندێ پەراوێز و ڕەخنەی لەسەر کتێبی «تێبینییەکان» نووسیبوو، بە بێ ڕەخنە و تێبینی ڕۆحی یاساکانی قبووڵکرد.

کاترینی شاژنی روسیا کردی بە سەرچاوەیەک بۆ یاساکانی روسیا. لە ئینگلتەرا بەڕێزەوە پێشوازییان لەم کتێبە کرد. زانا بەناوبانگەکان گرنگییان بە بابەت و سیفاتی نووسەری کتێبەکە دا. دالامبێر، راڤەیەکی سەبارەت بەکتێبەکە و ستایشی نووسەر نووسی و کەسانی دیکەی وەکو بێکاریا[٣٥]، وفیلانجیری[٣٦] و بیلفیلد[٣٧] یان بابەتەکەیان وەرگرت یان راڤەیان کرد و یان لاساییان کردەوە.

لە فەرەنسا باس و لێکۆڵینەوەی زۆر لەپێناو یان لە دژی نووسەر سەریهەڵدا و بۆ نموونە کرێڤیە[٣٨] کتێبێکی ڕەخنەیی لە بارەی ڕۆحی یاساکان بڵاوکردەوە و تێیدا سەرزەنشتی مۆنتسکیۆی کرد سەبارەت بەو ئینگلیزایەتیە توندڕۆیانەیە.

بە ڕاستی ئینگلیزەکان بە خۆشحاڵییەوە ڕۆحی یاساکانیان وەرگرت و هەندێ لە نووسەرەکانیان وەکو بلەکستۆن[٣٩] بیروڕاکانی نووسەری ئێمەیان پەسەند کرد، بیورکی[٤٠] وتاربێژی بەناوبانگی ئینگلیزی چەندەها شتی لەم کتێبە وەرگرت.

بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە بەر لەوەی ئەوروپییەکان هەنگاو بۆ سوودوەرگرتنی

کردەیی لەم کتێبە بهاوێژن واتە بۆ چەسپاندن و جێبەجێ کردنی هەندێ لە ڕێنماییەکان هەوڵ بدەن، ئەمریکییەکان دەست پێشخەرییان کرد و چەندین پرەنسیپی ڕۆحی یاساکانیان وەرگرت و بەتایبەتی بیرۆکەی سێ دەسەڵاتەکە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا و خودی واشینگتۆن[٤١] ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەی ئەمریکا کتێبی ڕۆحی یاساکانی بینیبوو و خوی پێوە گرتبوو.

پاشان لەنێو خودی فەرەنساش هەر بەم چەشنە ئەو کتێبە لە نێو سیاسەتمەدارەکاندا بوو بە بابەتی جێگەی باس و وتووێژ و هەندێکیان توانیان سوودی کردەیی لێ وەربگرن. یەک لەوان ڤێرژنی[٤٢] وەزیری لویسی شازدە کە لە خیتابە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ پاشا، ڕۆحی وتارەکەی لە ڕۆحی یاساکان وەرگرتبوو.

بەڵام کاریگەری کردەیی ئەو بەرهەمە تایبەت نەبوو بە بازنەی سیاسی ئەمریکا و فەرەنسا، بەڵکو هەموو لایەک سوودیان لێ وەرگرت و بەوتەی سۆرل[٤٣] لەنێو کتێبخانەی هەموو فەرەنسییەکی ڕۆشنبیردا کۆمەڵە کتێبێکی مۆنتسکیۆ، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ و بوفن هەبوو. لەو نێوەدا بەرهەمەکانی مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆ زیاتر کەڵکیان لێ وەردەگیرا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی سەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ دەکرد و لاوەکان پەیان بە گەنجینەی فیکری نوێ دەبرد و مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆ خۆراکی فیکری ئەوانیان دابین دەکرد، ئەوەندە نەبێ بیروبۆچوونەکانی ڕۆسۆ یەک لایەنە و تایبەت بوون بە خۆی و خاوەنی یەک سامانی دیاریکراوبوو و هەندێ لایەنگر و هەواداری تایبەتی سوودیان لێ وەردەگرت. بەڵام ڕۆحی یاساکان ڕاڤەی چەندەها شێواز و بیروباوەڕی کردبوو و هەر تاقمەو بەشێکی لەگەڵ زەوق و حەز و ئارەزووی خۆیدا دەبینی.

ئەو فیکرەی پەیوەندی بەمافی بەشداری خەڵک لە حکومەت و بابەتی ئازادی و حکومەتی کۆماری و ڕەدکردنەوەی ئیستبداد و ستەمکاری و شتی لەم چەشنە هەبوو و لەڕۆحی یاساکاندا ئاماژەی پێ کرابوو، کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر پێشڕەوانی شۆڕش بەجێ هێشت و دەتوانین بڵێین هێدی هێدی ئەم کتێبە بوو بە بەڵگەنامە و سەرچاوەیەک بۆ ئازادیخوازەکان و بێگومان یەکێک لە پریشکەکانی ئاگری شۆڕش کە لە فەرەنسا کڵپەی سەند بەهۆی ئەم کتێبەوە سەری هەڵدا و لەسەردەمی شۆڕش و پاش ئەویش، ئەو بۆچوونەی لەم کتێبەدا باس و لێکدانەوەی لێ کراوە، وەکو بەڵگە پشتی پێ دەبەسترا. نووسەری بەناوبانگ شاتۆبریان[٤٤] گەرەکی بوو لە کتێبەکەی خۆی سەبارەت بە شۆڕش و بەرهەمەکانی تریدا لەنوێوە ڕۆحی یاساکان بخولقێنێت. بێنجامین کۆنستان[٤٥] لەکتێبەکەی خۆی لەمەڕ حکومەتی دەستوورییەوە سوودی لەبەشەکانی کتێبی مۆنتسکیۆ



سەبارەت بەئازادی وەرگرت و لویسی هەژدەو هەندێ لەدەست و پێوەند و وەزیرەکانی کتێبی ڕۆحی یاساکانیان خوێندەوەو هەوڵیان دا بەکاری بێنن.

ڕۆحی یاساکان کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی کەسانی وەک تالیێران[٤٦] و بیروباوەڕی پەیوەندیدار بە ئاشتی ساڵی ١٨٧٤ دانا. کاریگەری بیروڕاکانی مۆنتسکیۆ لەسەر مێژوونووسانی حقوق و فەیلەسووفەکانی مێژووش دیارو بەرچاوە. گیزۆ[٤٧] لە بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ڕاڤەی پرەنسیپی ڕەوتی مێژوو و لەپێناسە و پاساوی ئەوەی پێشکەوتن چییە، گرنگی بە بۆچوونی نووسەری ئێمە داوە.

مادام داستال[٤٨]-یش هەر لەم بابەتەو لەبابەتی قابلیەتی بەرزێتی جیهانی مرۆڤایەتی یەکێک بوو لە پەیڕەوانی مۆنتسکیۆ و ئەم بیروباوەڕەی لەهەموو بەرهەمەکانی خۆیدا بەدیارخستووە و بەهۆی هەمەچەشنی بابەتەکان لەکتێبی ڕۆحی یاساکاندا لایەنگری بیروباوەڕە جۆراو جۆرەکان شتیان لێ وەرگرتووەو وەکو بەڵگەی بیروڕاکانی خۆیان بەکاریان هێناوە و لەم ڕوویەوە هەندێ لە هەوادارانی بنچینەی حکومەتی ڕەهای پاشایەتیش سوودیان لە کتێبەکەی وەرگرتووە.

ئەو کاریگەری و نفووزە سیاسییەی نووسەری ئێمە هەر بەم چەشنە لەسەر بیروهزری سیاسەتمەدارو نووسەرەکانی فەرەنسا لەسەدەی ١٨ و١٩ دا مایەوە و تەنانەت لە نووسینەکانی هەندێ کەسی دواتری وەکو تۆکڤێل[٤٩] دا ڕوخسارێکی تایبەتی بەخۆوە گرت و بەرە بەرە لەهەموو ئەوروپادا تەشەنەی سەند. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا کەسانی وەکو فن ئشتاین[٥٠] بە مەبەستی پەرەدان بە بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە بیروڕاکانی مۆنتسکیۆ دەدا.

نابێ لایەنی یاسای و سیاسی مۆنتسکیۆ لایەنە ئەدەبییەکەی بەتەواوی ون بکات، ئاوڕدانەوەیەک لەمێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسا دەریدەخات کە لەو جیهانەشدا ئەو لەریزی نووسەرەکان حسێب دەکەن و لەسەر شێوازەکەی دەدوێن.

ئەگەر لێرەدا بمانەوێ ئاماژە بەو کتێبانە بکەین کە بە زمانی فەرەنسی و زمانانی تر لەسەر مۆنتسکیۆ نووسراون ئەوا باسەکەمان زۆر دوور و درێژ دەبێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەو درێژەدان بەو بابەتانەی پێشتر لەسەریان دواوین یان باسمان نەکردوون، دەکرێ لەم چەند ژێدەرەی لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئاماژەمان بۆ کردوون، سوود وەربگیرێت، بۆ ئەوەی زانایان هەندێ بابەتی تێرو تەسەلتر لەمەڕ مۆنتسکیۆ، کە یەکێکە لەپێشەوایانی ڕێنمایی سیاسی، بخوێننەوە.

## ژێدەرەکان


1. Montesquieu par A. sorel paris 8 iem Ed.
2. Montesquieu par G: Lanson. paris 1932.
3. Hist. de la litterature Faneaise E. Abry..c. Audic. paris 1918.
4. L’ Iran Dcns la litterature Francaise par Nayereh samsami paris 1936.


***

**پەراویزەکان:**

(١) ئەم کورتە لێدوانەمان وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

2)Mazarin, Colbert, Lovuois, Vauban.

4) Cid cor- 3) L,etat C, est moi

neille.

5) Discours sur la Methode Dascartes.

6) Les pensees pascal.

Fenelon. 7) Moliere, Racine, La Fontnain, Boileau, La Rochefaucauld,

8)Taine

9) Philippe D, orleans

10) Mmc Pompadour.

11) Jacques de secondat.

12) Baron De Montesquieu.

13) Guycnne.

14) Francoise de pencl.

15) La Brede.

16) Bordeaux.

17) Charles- Louis.

18) Montaigne.

19) Lock

20) Rapin

(٢) ناوی دەستەبژێری نامیلکەو کتیبەکانی نوسەر لەگەڵ مێژووی دەرچوون

**1. Essai sur la difference des Genics 1717.**

**2. Histoire physiquc de La terre 1719.**

**3. Letters Persanes 1721.**

**4. De la politique 1723.**

**5. Dialogue de sy la et d’ fucrate 1724.**

**6. Reflexions sur La monarchie univesselle 1724.**

**7. La tempel de Gnide 1725.**



**8. Considerations sur la Grandeur La decadence des Romains 1734.**

**9. Reflexions sur L’ Histnoire de France 1740.**

**10. Esprit des lois 1748.**

**11. Memoir sur la constittution 1752**

**12. Lettre sur La Parlement 1753.**

**13. Correspondance de Montesquieu 1754**.

22) Dufresney.

23) Tavernier 1696.

24) Chardin 1686.

25) Considerations sur Les Gauses de la Grandeur et de la Decadance des Romaines.

26) Michelet.

27) Duruy.

28) Mommsen.

29) Fustel de coulanges.

30) Domat.

31) Montaigne.

32) Pascal.

33) D’ lembert.

34) Sardaigne.

35) Beccaria.

36) Filangieri.

37) Bielfield.

38) Crevier.

39) Blackstone.

40) Burk.

41) Washington.

42) Vergennes.

43) Sorel

44) Chateaubriand.

45) Benjamin Constant.

46) Talleyrand.

47) Guizot.

48) Mme de Stael.

49) Tocqucville.

50) Von Stein

## دیباچەی مۆنتسکیۆ

ئەگەر لەنێو ئەو هەموو بابەتەی کە لەم کتێبەدا باسیان کراوە، هەندێ خاڵی ئەوتۆ هەبێ، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی من کەسێک بڕوشێنێ، ئەوا دەبێ ئەوە بزانێ نیازێکی خراپم نەبووەو نەمویستوە سووکایەتی بەهیچ کەس بکەم، چونکە من هەر لە بنەڕەتدا ڕۆحی بەدبینیم نییە.

ئەفلاتون سوپاسی خوای دەکرد لەبەر ئەوەی لەسەردەمی سوقراتدا هاتبووە سەر دونیا، بەڵام من سوپاسی خوا دەکەم چونکە منی لەکاتێکدا هێناوەتە دونیاوەو لەوڵاتێکدا دەژیم کە ئازادی بیرو قەڵەم فەرمانڕەوایە و دەتوانم سوود لەم ئازادییە وەرگرم.

تکایەکم لەخوێنەران هەیە و دەترسێم تکایەکەم لێ قبوڵ نەکەن، ئەویش ئەوەیە کە بەخوێندنەوەی یەک یان چەند بەشی کتێبەکە حوکم لەسەر زەحمەتی بیست ساڵەی من نەدەن و هەموو کتێبەکە بخوێننەوە و پاشان لەسەر یەک پەسەند یان ڕەدی بکەنەوە، نەک بەخوێندنەوەی چەند رستەیەک لە ساتێکدا بیروڕای خۆتانی لە سەر دەربڕن. ئەگەر دەتانەوێ بەدوای نیاز و مەبەستی من لە نووسینی ئەم کتێبەدا بگەڕێن و تێی بگەن، ئەوا دەبێ بەخوێندنەوەی هەموو کتێبەکە وەدەستی بێنن.

من لەسەرەتادا مرۆڤەکانم خستە ژێر توێژینەوە و بۆم دەرکەوت کە لەم پەراگەندەیی و بەر بڵاوییە بێ کۆتاییەی یاسا و داب و نەریتەکاندا تەنیا پەیرەوی لە هەواو هەوەسی خۆیان ناکەن، پاشان پرەنسیپەکانم دارشت، ئەوکات سەیرم کرد ئالیشە تایبەتییەکان لەخۆڕا لەگەڵیدا دەگونجێن و مێژووی هەموو نەتەوەکان درێژەی ئەم بنچینانەیە و هەموو یاسایەکی تایبەتی بەیاسایەکی دیکەوە بەستراوە یان شوێنکەوتەی یاسایەکی گشتی ترە.

لەکاتێکدا رۆژگاری دێرینم دێنایە بەرچاوی خۆم، هەوڵم دەدا بە دوای ڕۆحەکەیدا بگەڕێم بۆ ئەوەی ئەو ئالیشانەی کە لەڕاستیدا جیاوازن بەیەکسانیان دانەنێم و جیاوازی ئەوانەش کە بە رواڵەت یەکسان دێنە بەرچاو پشت گوێ نەخەم.

من پرەنسیپ و بنچینەکانم لە سروشتی شتەکان و بابەتەکان هەڵێنجاوە نەک لەرووی وەهم و گومانی خۆم. بەشی زۆری حەقیقەتەکان کاتێ هەستیان پێ دەکرێت کە مرۆڤ هەودای پەیوەندی نێوانیان بدۆزێتەوە، ئەوکات ئیدی هەرچەندە زیاتر بیر لە شتە لاوەکییەکان بکاتەوە زیاتر هەست بە جێگیری پرەنسیپ و بنچینەکان دەکات.

من هەموو ئەو شتە لاوەکیانەم ڕاڤە نەکردووە، چونکە کێ دەتوانێ هەموو شتێک بنووسێ و خوێنەر لە رادە بەدەر هیلاک نەکات. لەم کتێبەدا هیچ خاڵێکی بەرجەستەی



ئەوتۆتان بەرچاوناکەوێت کە لایەنی رواڵەتسازی و خەڵک خەڵەتێنی هەبێت، چونکە هەر کە بابەتەکان لەروانگەیەکی بەربڵاوەوە بخەینە ژێر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە، ئەوتڵ تڵەو پلپلەی کە پێوە هەڵواسراوە لەبەریەک هەڵدەوەشێ. ئەم رازاندنەوەو رواڵەتسازییە دەرەنجامی بیرتەسکی و مێشک وشکی نووسەرەکانە و بۆیە ئەم خشڵانەی پێوە هەڵدەواست چونکە هزرو هۆشی خۆیان تەنیا بە لایەنێکی بابەتەکانەوە خەریک دەکەن و سەرجەم لایەنەکانی دیکە پشت گوێ دەخەن.

من ئەو شتانەی دەینووسم بەهیچ جۆرێ بەو مەبەستە نییە کە رەخنە ئاراستەی ئەو پرەنسیپ و بنچینانە بکەم کە لە وڵاتێکدا سەقامگیر کراون، چونکە هەموو میللەتێک پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ دەردەکەوێ کە ئایا پرەنسیپەکانی حکومەتەکەی باشن یان خراپ و چ هۆکارێک وای کردووە ئەو پرەنسیپ و بنچینانە سەر هەڵبدەن.

بە بڕوای من هیچ کەسێک ناتوانێ پێشنیار بەمیللەتێک یان چند میللەتێک بکات بە مەبەستی پێکهێنانی چاکسازی لە حکومەتەکەیاندا تەنیا کاتێک نەبێ کە بزانێت تاکەکانی ئەو نەتەوەیە خاوەنی گەشەی نەتەوەیی و سیاسیێ و دەتوانن چاکی و خراپی پرەنسیپ و بنچینەکانی حکومەتەکەی خۆیان دەست نیشان بکەن و لەهەمان کاتیشدا بۆ رۆشن بوونەوەی هزرو بیری خەڵکی دەبێ بابەتە حقوقی و سیاسییەکان شیتەڵ بکەین بۆ ئەوەی میللەت بتوانێ بە چاوکراوەییەوە حوکم لەسەر کاروکردەوەی دەسەڵاتدارەکانی خۆی بدات.

لەبەر ئەوەی لە رۆژگاری جەهل و نەزانیدا هەستی جیاکردنەوەو دەست نیشان کردن لاوازە هەر بۆیە ئەگەر گریمان کەسێک کردەوەیەکی خراپیش ئەنجام بدات هیچ ترسێکی نییە، بەڵام لەسەردەمی زاناییدا تەنانەت کارە باشەکانیش بەخۆپارێزییەوە ئەنجام دەدات، چونکە بەچاوی خۆی دەبینێ بەشی زۆری چاکسازییەکانی رابردوو، ئێستا وەکو کەم و کوڕی خۆ دەردەخەن. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاکسازەکان لە پێناوی چاکسازیدا رێگای توندڕۆییان پێواوە. لێرەدایە کە کەسی چاوکراوە لە سەردەمی زاناییدا لەپێناوی چاکسازیدا پەنا بۆ توندڕۆیی نابات و گریمان کەم وکوڕییەکیشی بەرچاوکەوت، ئەوا چاوپۆشی لێ دەکات نەکا لەخراپەوە بۆ خراپتر بچێت.

ئەگە بێتو لە خراپتر بترسێن ئەوا خراپەکە لەسەر شوێنی خۆی دادەنێنەوە و ئەگەر گومانیشیان لەباشتر هەبێ ئەوا دەستکاری باش ناکەن. بۆ حوکم دان لەسەر شتە گشتییەکان نەبێ سەیری شتە لاوەکییەکان ناکەن، توێژینەوە لەسەر هەموو هۆکارەکان دەکەن بۆ ئەوەی دەرەنجامەکان ببینن.

ئەگەر من بتوانم کارێکی ئەوتۆ بکەم کە هەموو کەسێک لە دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە بەڵگەیەکی نوێی بۆ خۆش ویستنی ئەرکەکەی، نیشتمانەکەی، پاشاکەی و یاساکانی وەدەست بێنێ و لەهەر وڵاتێک یان لەژێر ئاڵای هەر دەوڵەتێک و لەهەر پلەو پایەیەک دایە باشتر هەست بە بەختەوەری خۆی بکات، خۆم بە خۆشبەختترین کەس دەزانم.

ئەگەر مرۆڤ نەزان بێت سەبارەت بەتوێژینەوە لە دۆخ وسروشتی شتەکان تووشی هەڵە دەبێت و پەنا دەباتە بەر وەهم و خورافات. کەواتە لە ڕێی هەوڵدان بۆ فێرکردنی خەڵک دەتوانین عەشق سەبارەت بە زانایی و تێگەیشتن و حەقیقەت لەنێویاندا بێنینەکایەوە، هەتا ئەو فەزیلەتە بەکاربێنن کە زامنکەری خۆشەویستییە سەبارەت بە هاوجۆرەکانیان.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوەو لەمەیدانی گشتی ژیاندا پەیڕەوی لە بیرو هەست و سۆزی خەڵکانی تر دەکات، توانای ئەوەشی هەیە سروشتی خۆشی بناسێ بەو مەرجەی رابهێنرێ و فێر بکرێت، بەڵام ئەگەر بێتو پەروەردەو ڕێنوێنی نەکرێت لەوانەیە تەنانەت هەستی بوونی خۆشی لەدەست بدات.

من چەندین جار دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کردووە و چەندین کەرەتیش وازم لێ هێناوە، هەزار جار ئەو لاپەڕانەی کە نووسیبوومن بەدەم بام دادان، بە بێ پێکهێنانی مەبەستێکی تایبەتی بەدوای ئامانجی خۆمدا دەگەڕام، نە ڕێسا گشتییەکانم دەناسی و نە ریزپەڕەکان (استثناآت)، حەقیقەتم دەدۆزیەوەو بەهۆی بێ توانایی لە دەستنیشان کردن، لەدەستم دەدا. بەڵام هەر کە پرەنسیپ و بنچینەکانم دۆزیەوە، واتە پرەنسیپەکانی خۆمم کەشف کرد، سەیرم کرد ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام بۆ خۆی بەرەو لام دێت و لەماوەی بیست ساڵدا کتێبەکەم دەست پێکردو بەرەوپێش چوو وکۆتایی پێهات.

ئەگەر ئەم کتێبە لەجیهاندا سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابێ ئەوا خۆم بە قەرزاری مەزنی بابەتەکەی دەزانم و لەهەمان کاتیشدا پێم وانییە لە سەلیقەی زاتی بەتەواوی بێ بەری بووبم. کاتێ بینیم ئەو هەموو گەورە پیاوە لە فەڕەنسا، ئینگلتەرا و ئەڵمانیا بەر لە من چەندەها شتیان نووسیوە، ڕێزو حورمەتم لێ گرتن بەڵام لەخۆشم نائومێد نەبووم و وەکو گۆرێیژ وتم: **«منیش وێنەکێشم»**.

## چەند تێبینییەک لەمەڕ هەندێ زاراوەی ڕۆحی یاساکان

بۆ تێگەیشتن لەبابەتەکانی چوار کتێبی یەکەمی ئەم بەرهەمە، پێویستە خوێنەران ئەو تێبینییانە وەبەرچاو بگرن کە لەخوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

**یەکەم–** ئەوەی لەرژێمی کۆماریدا بە فەزیلەت ناوبراوە، مەبەست لێی فەزیلەتی دینی



و ئەخلاقی نییە بەڵکو مەبەستمان فەزیلەتی سیاسییە کە بریتییە لە نیشتمان پەروەری و یەکسان خوازی.

**دووەم–** مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی شەرەف لە حکومەتی دەستووریدا ئابرووی تاکەکەسی نییە واتە تاک خاوەنی ئیعتیباری ماددی یان مەعنەوی و شەرەف بێ لەلای خەڵکانی ترو یان هەروەک دەڵێین کەسێکی بەئابڕوو بێت، بەڵکو مەبەست لە شەرەف، شەرەفی گشتی و نەتەوەییە کە بوونی لە نێو دەسەڵاتدارانی حکومەتی دەستووری وەکو هەمان فەزیلەتی حکومەتی کۆمارییە.

**سێیەم–** مەبەست لە چاکەکاری کە لەبەشی پێنجەمی کتێبی سێهەمدا ئاماژەی بۆکراوە، چاکەکاری ئەخلاقی یان ئاینی لەرووی دینی مەسیحییەوە نییە، بەڵکو مەبەست چاکەکاری سیاسییە، واتە تاکەکان خاوەنی فەزیلەتی سیاسی بن و بەم پێیە چاکەکار بە کەسێک دەووترێت کە یاساکانی وڵاتی خۆی خۆش بوێت.

**چوارەم–** نووسەر دەڵێ: (من هەندێ بیرو بۆچوونی نوێم لەلا گەڵاڵە ببوو و هەر بۆیە ناچار بووم بەدوای هەندێ وشەی نوێدا بگەڕێم، بۆ ئەوەی ئەو وشە نوێیانە مانای نوێ بدەن بە دەستەوە و لەم ڕێگەیەشەوە مەبەستی من بگەیەنن. هەندێ کەس کە نەیانتوانیوە لەم بابەتە تێ بگەن و بیرو بۆچوونەکانی منیان بەبێ دەرک کردنی ماناکەی لێکداوەتەوە، پێم دەڵێن لەوانەیە بیروباوەڕەکانی تۆ لەلایەن خەڵکیەوە نکۆڵییان لێ بکرێت). پێویستە لێرەدا ورد بین، ئەگەر لەکاتی بەیان کردنی پرەنسیپ و سیستەمی دەوڵەتەکان وتوومانە سیفەتێک بۆ نموونە فەزیلەت لەرژێمی دەستووری و یان شەرافەت لەرژێمی کۆماریدا ئەو سیفەتە نییە کە چەرخی حکومەت وەجووڵە دەخات، نابێ پێمان وابێ کە ئەم سیفەتە بەهیچ جۆرێک لەو حکومەتەدا بوونی نییە.

زۆر لەمەبەستی منەوە دوورن ئەگەر بەم جۆرە بەڵگە بێننەوە. چۆن دەتوانین بڵێین هیچ شوێنەوارێک لەفەزیلەتی ئەخلاقی و دینی و تەنانەت فەزیلەتی سیاسی لەحکومەتی دەستووریدا نییە و یان شەرافەت و شانازی لەحکومەتی کۆماری دا هیچ شوێنێک داگیرناکەن. دەبێ ئەوە بزانین کە لەحکومەتی دەستووری دا شەرافەت و لە حکومەتی کۆماریدا فەزیلەتی دەسەڵاتدارەکان فاکتەری گرنگ و بزوێنەری حکومەتن. بۆ نموونە ئەگەر وتیان فڵانە چەرخ یان فڵانە ددانە، ئەو چەرخە نییە کە کاتژمێرەکە وەجووڵە دەخات، نابێ پێمان وابێ ئەو چەرخە هەر لەبنەڕەتدا لە نێو کاتژمێرەکەدا نییە، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانین سەرەڕای بوونی ئەم چەرخە یا ئەو ددانەیە، چەرخی سەرەکی کە بزوێنەری کاتژمێرەکەیە ئەو چەرخەی تریانە.

# یاسا بەشێوەیەکی گشتی

## بەشی یەکەم: پەیوەندی نێوان یاساو بوونەوەرە جیاجیاکان

بەشێوەیەکی گشتی یاسا بریتییە لە پەیوەندیی پێویست و کاریگەری و دەرەنجامی راستەوخۆ، کە لەسروشتی بوونەوەرەکان وەرگیراوە. بەم جۆرە هەموو بوونەوەرەکان بۆ خۆیان خاوەنی یاسای تایبەتین.

خوداوەندێتی، عەقڵی بەرزی مرۆڤایەتی، جیهانی ماددی، مرۆڤ و گیانلەبەرەکان، هەموویان یاسای تایبەت بە خۆیانیان هەیە و لە سروشتی خۆیانەوە هەڵقوڵاون لە رێگای ئەم یاسایانەوە ژیان بەسەر دەبەن.

ئەو کەسانەی وتوویانە قەزاوقەدەر هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی هەموو ئەو شتانەیە کە ئێمە لە جیهاندا دەیانبینین و پێیان وایە ئەو هۆکارەی بەمانای چارەنووس لێک دەدرێتەوە، بوونەوەرەکانی دروست کردووە، قسەیەکی بێمانایان کردووە، چونکە دەبێت چ قسەیەک لەوە بێ ماناتر بێ کە قەزاوقەدەر یان چارەنووسی بێ ئاگا بوونەوەری بە ئاگاو هۆشمەندی دروست کردبێت.

کەواتە هۆکارێکی سەرەکی و بەئاگا بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەو هۆیەکیانە بوونی هەیەو یاسا بەو پەیوەندییە دەووترێ کە لەنێوان ئەم هۆکارە سەرەکییەو بوونەوەرە جیاوازەکان و هەروەها لە نێوان خودی ئەو بوونەوەرانەدا هەیەو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

***

خوداوەند بە سیفەتی خالق و چاودێری دونیا، پەیوەندی بە دونیاوە هەیە. ئەو یاسایانەی بەهۆیانەوە دونیای دروست کردووە، هەر ئەوانیشن کە دەبنە هۆی پاراستنی ئەم دونیایە و خوداوەند بەپێی ئەم یاسایانە رەفتار لەگەڵ دونیادا دەکات و زۆر بە باشی دەیانناسێت، چونکە بۆ خۆی خالق و پێکهێنەریان بووەو دایڕشتوون. کەواتە ئەوەی بوونی هەیە، پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ تواناو عەقڵی خوداوەندا هەیە.



لە ئەزەلەوە بینراوە کە دونیای ماددی، پێکهاتوو لە جووڵەو بێ بەری لە ئاگایی، هەمیشە هەبووە. کەواتە پێویستە ئەم بەردەوامییە ملکەچی جووڵەو یاسایەکی نەگۆڕ بێت و ئەگەر وێناکردنی دونیایەکی دیکەش ئیمکانی هەبێ، ئەوا ئەو دونیایەش هەروەکو ئەوەی ئێرە یان رێسای جێگیرو نەگۆڕی هەیە و بەردەوام لە بووندا دەبێت یان وێران و نابوود دەبێ، بەم جۆرە خلقەت کە کردەیەکی ئیرادەییە وەکو هەمان قەزاو قەدەری خوانەناسەکان، خاوەن رێسای جێگیرو نەگۆڕ دەبێت.

لێرەدایە ئەگەر بڵێین پەروەردگاری دونیا بەبێ ئەم رێسایانەش دەتوانێ بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی بکات، مانای نابێت، چونکە خلقەت و جیهان ناتوانێ بەبێ بوونی رێسایەکی دیاریکراو بەردەوام بێت و فەرمانڕەوایی رەها و بێ رێساش شایەنی پلەوپایەی خواوەندی نییە کە بۆ خۆی دەیەوێت بوونەوەرەکان لە ژێر نەزم و رێکوپێکیدا دروست بن.

کەواتە ئاشکرایە، رێسا بەو پەیوەندییە دەوترێ کە بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی لە ئارادایەو لە لێک خشانی تەنە بزۆکەکان و لەگەڵ شێوەو سوڕانەوەیاندا هاوکات و گونجاوەو بەپێی قەبارەو خێراییەکەیان کەم و زۆر دەبێت و لەگەڵ لەناوچوونیشیاندا ئەمیش لەناو دەچێت. کەواتە هەموو بوونەوەرێک گۆڕانی بەسەردا دێت و هەموو گۆڕانێکیش بەردەوام و هەمیشەییەو ئەو (بوون)ە جۆراوجۆرانە بەشێوەیەکی یەکسان و هاوتا، بەپێی رێساکانی خۆیان دروست دەبن.

بوونەوەرە تایبەتە بەئاگاو هۆشیارەکانی وەکو مرۆڤ، دەتوانن خاوەنی هەندێ یاسابن و بە دڵخوازی خۆیان دایبڕێژن، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو یاسایانەشدا کە بۆ خۆیان دایانناوە، خاوەنی هەندێ یاسای ترن کە دەستکردی ئەوان نییە. بەرلەوەی بوونەوەری بەئاگا دروست بێت، هەرچۆنێ بێت خاوەنی سیفەتی بوونەوەریی بوونەو کاتێ دانمان بە بوونیان دانا، یەکێک لە پێویستییەکانی بوون ئەوەیە دەبێ لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەبێت. کەواتە بەهۆی بوونی پەیوەندی، پێویستیی هاتنە ئارای یاسا خۆ دەنوێنێت. لێرەدایە دەتوانین بڵێین بەرلەوەی مرۆڤ یاسا دابڕێژێت. پەیوەندییەکی عادیلانە لەسەر بنەمای یاسا لە نێوان بوونەوەرەکاندا هەبووە و هەر خودی ئەم پەیوەندییە بۆتە هۆکاری داڕشتنی یاساکان.

ئێستا ئەگەر بڵێین جگە لەوەی پێی دەوترێت یاسای واقیعی و سەرەتایی کە بڕیار لەسەر کردن یان نەکردن دەدات، هیچ کردەیەکی عادیلانە یان ستەمکارانە لە گۆڕێدا نییە، وەکو ئەوەیە بڵێین بەرلەوەی بازنەیەک بکێشین، هەموو تیرەکانی ئەو بازنەیە یەکسان

نین. ئەمە قسەیەکی ئاساییە و لە هەمان کاتدا ڕاست و ئاشکرایە. کەواتە پێویستە دان بەوە دابنێین کە پەیوەندییەکی عادلانە بەر لە داڕشتنی یاسای واقیعی کە بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەوان هەبووە.

بۆ نموونە ئەگەر وا دابنێین هەندێ کۆمەڵەی مرۆیی هەبوونە و عەدالەت وایخواستووە خەڵک پەیڕەوی لە یاسای کۆمەڵەی خۆیان بکەن. یان ئەگەر بوونەوەرێک سوودێکی لە بوونەوەرێکی تر چنگ کەوت پێویستە ئەم بوونەوەرە ئەمەکدارو بەوەفا بێت و هەروەها ئەگەر بوونەوەرێکی بەئاگاو هۆشیار بووە هۆی دروستبوونی بوونەوەرێکی بەئاگاو هوشیاری دیکە، ئەوا پێویستە دروستبوو (مخلوق) ملکەچ و سەر بەئەسڵ و نەسەبی خۆی بێت. یان ئەگەر هەر ئەو بوونەوەرە بە ئاگایە دژی بوونەوەرێکی هەستیاری تر خراپەیەکی ئەنجام دا، ئەوا شایستەی ئەوەیە بۆ خۆشی هەمان ئەو خراپەیەی بەسەردا بسەپێنرێت و هتد...

بەڵام جیهانی بوونەوەرە بەئاگاو هۆشیارەکان وەکو دونیای ماددی بەرێکوپێکی بەڕێوەناچێت، چونکە ئەگەرچی ئەوانیش خاوەنی هەندێ یاسان کە بەپێی سروشت نەگۆڕو جێگیرن، بەڵام بەو چەشنەی دونیای ماددی ملکەچی یاساکانی خۆیەتی، دونیای هۆشیار ملکەچی یاساکانی خۆی نابێت. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بوونەوەرە تایبەتە هۆشیارەکان بەپێی سروشتی خۆیان سنووردارن و هەر بۆیەشە دەگونجێ هەڵە بکەن. لەلایەکی تریشەوە لە خۆڕاو بەپێی ویستی خۆیان هەنگاو دەنێن. کەواتە هەمیشەو بەردەوام ملکەچی یاسای سەرەکی و سەرەتایی نابن و تەنانەت ئەو یاسایانەش جێبەجێ ناکەن کە خۆیان بۆ خۆیانی دادەنێن.

ڕوون و ئاشکرا نییە کە ئاژەڵەکانیش بەهۆی یاسای گشتی جووڵەوە بەڕێوەدەچن یان بەهۆی شێوازێکی تایبەت بەخۆیان، بەڵام هەرچۆنێ بێت پەیوەندی ئەوانیش لەگەڵ خودا وەکو پەیوەندی هەموو جیهانی ماددییەو لەو نزیکتر نییە و هەروەکو ئەوان سوود لە هەست و سۆزیان بەرامبەر بەیەکتری و لەگەڵ بوونەوەرە تایبەتەکانی تر یان لەگەڵ خودی خۆیان وەردەگرن و بەهۆی تاوی چێژ، بوونی خۆیان و هاوجۆرەکانیان دەپارێزن و لەژێر کاریگەری ئەم جازیبەیەدا پارێزگاری لە جۆری خۆیان دەکەن.

ئاژەڵەکان خاوەنی یاسای دانراونین، چونکە بەهۆی زانینەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵکو هەروەک پێشتر وتمان پەیوەندییەکەیان لەژێر کاریگەری هەست و سۆزو یاسای سروشتی تایبەت بەخۆیان بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بینراوە کە تەنانەت ملکەچی ئەو یاسایانەش نابن و بە بەردەوامی پەیڕەوییان لێ ناکەن. بەڵام گیاو



ڕووەکەکان کە هەست و زانینیان تێدا نابینرێت، لە بوونەوەرەکانی دیکە باشتر ملکەچی یاسا سروشتییەکان دەبن.

ئاژەڵەکان وەکو مرۆڤ خاوەنی ئیمتیازانی بەرزی مرۆیی نین، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا هەندێ شتیان هەیە کە ئێمە نیمانە. ئاژەڵەکان هیواو ئومێدی هاوچەشنی مرۆڤیان نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەندێشەی ترسناکی مرۆڤانەشیان نییە[1]. ئەوانیش وەکو ئێمە دەمرن، بەڵام مەرگ ناناسن و تەنانەت بەشێکی زۆریان گەلێک باشتر لە ئێمە دەپارێزرێن و دەمێننەوە، چونکە ئەوان کەڵکی خراپ لە هەوەسە دەروونییەکانی خۆیان وەرناگرن.

مرۆڤ لە دووبەش پێکهاتووە؛ بوونی ماددی و بوونی هوشیار (مەعنەوی).

لەلایەنی بوونی ماددییەوە وەکو هەموو تەنەکانی دیکە ملکەچی یاسای جێگیرو نەگۆڕە، بەڵام لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکی خاوەن هۆشە، هەر بۆیە بەردەوام سنوورەکانی یاسای یەزدانی دەبەزێنێ و سەرەڕای ئەوەی لەم سنوورانە دەردەچێت، تەنانەت ئەو یاسایانەش دەگۆڕێت کە خۆی دایناون.

مرۆڤ دەبێ ڕێنوێنیێ خۆی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونەوەرێکی توانا سنووردارە کە وەکو هەموو بوونەوەرە بەئاگاو هوشیارەکانی دیکە لە ژێر کاریگەری نەزانی و هەڵە دایە و هەندێ جار ئەو زانیارییە ناتەواوەش لە دەست دەدا کە هەیەتی.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستیارە هەر بۆیە گیرۆدەی هەزاران هەواو هەوەس دەبێت، بوونەوەرێکیش کە گیرودە و گرفتاری هەواو هەوەسی خۆی بێت، لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە خوای خۆی لەبیر بکات. بەڵێ: بوونەوەرێکی ئەوتۆ لە هەر ساتێکدا لەوانەیە خۆشی فەرامۆش بکات و لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێ ئەوانیتریشی لەبیر بچێتەوە. هەر بۆیە خواوەند لە ڕێگای یاسا ئایینییەکانەوە بەرەوخۆی بانگهێشی دەکات بۆ ئەوەی لە یادی خوا و خاڵقی خۆی غافڵ نەبێت. فەیلەسووف و مامۆستایانی ئەخلاق لە ڕێگای یاسا ئەخلاقییەکانەوە لە خۆی هوشیار دەکەنەوە، تا خۆی لە بیرنەکات و تووشی هەڵە نەبێت. یاسادانەرەکانیش بەهۆی یاسا سیاسی و مەدەنییەکانەوە، مرۆڤ ئاشنا دەکەن بە ئەرکەکانی لە بەرامبەر ئەوانیتر، چونکە مرۆڤ بۆ ژیان لەناو کۆمەڵگادا دروست کراوەو ناتوانێ بەتەنیایی درێژە بەژیانی خۆی بدات.

## بەشی دووەم: یاسا سروشتییەکان

بەر لەگشت یاسایەکی ئەم جیهانە، یاسای سروشتی هەبووەو لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی بۆ پێکهاتەی بوونی ئێمە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە بە یاسا سروشتییەکان

ناوزەدیان دەکەین. بۆ ئەوەی ئەم یاسایانە بەباشی بناسین، پێویستە گریمانەی مرۆڤ بکەین بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگاکان و ئەوکات ئیدی یاساکانی سروشت بەباشی دەناسین و بۆمان دەردەکەوێ ئەو یاسایانەن کە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بۆ ئێمە ماونەتەوە.

ئەو یاسایەی لە هزری ئێمەدا بیری خالقێک وێنا دەکا و ئێمە بەرەو لای ئەو پاڵدەنێت لە رووی گرنگییەوە بە یەکەم یاسای سروشتی دادەنرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە بەپێی پلەکان بەیەکەم یاسا ناژمێردرێت. مرۆڤ بەرلەوەی سوود لە زانین وەربگرێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ویژدانێکی پاک و بێ گەردە، توانای وەرگرتنی هەموو جۆرە زانین و زانیارییەکی هەیە. لێرەدا بەئاشکرا دەردەکەوێ کە یەکەمین بۆچوونی مرۆڤ بۆچوونێکی حەکیمانە نییەو زیاتر لەبیری پاراستنی وجوودی خۆیدا دەبێت، نەک لەبیری زانینی سەرچاوەی وجوودەکەی. هەر بۆیە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا مرۆڤ لە سەرەتا تەنیا لاوازی خۆی هەست پێدەکات و بێ ئەندازەو لە رادەبەدەر ترسنۆک دەبێ.

ئەگەر پێویست بەتاقیکردنەوەو نموونە بکات دەڵێین، لە هەندێ دارستاندا پیاوی کێوی ئەوتۆ بینراون کە لە کاتی سەیرکردنی هەموو شتێکدا هەڵلەرزیون و لەگەڵ دیتنی هەموو شتێک دا دەستیان بەڕاکردن کردووە[٢]. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا هەموو مرۆڤێک پەی بە سووکی و کەمایەسییەکانی خۆی دەبات، بەڵام خۆی بە هاوتای بەرامبەرەکەی نازانێت و هەر بۆیەشە نایەوێ هێرش بکاتە سەر بەرامبەرەکەی و کەسیش هەوڵنادات هێرشی بکاتە سەر. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە **ئاشتی** یەکەمین یاسای سروشتییە.

بۆچوونی هۆبز کە پێیوایە تاکەکان دەیانەوێ یەکتری بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی خۆیان، بۆچوونێکی راست نییە، چونکە بیری فەرمانڕەوایی و زاڵبوون، بیرێکی سادە نییە، بەڵکو بیرێکی ئاوێتەیەو پەیوەندی بە سەرجەم بیرەکانی ترەوە هەیە و مرۆڤ بەر لە هەر فیکرێک، بیری زاڵبوونی لەلا گەڵاڵە نابێت.

هۆبز دەپرسێ: ئەگەر تاکەکان بەپێی سروشتی خۆیان هەمیشە خەریکی جەنگ نین کەواتە بۆچی بەردەوام چەکدارن و بۆچی ماڵەکانیان بە قوفڵ دادەخەن. هۆبز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو سیفەتێک دەداتە پاڵ تاکەکان بەر لەپێکهاتنی کۆمەڵگای مرۆیی، لەکاتێکدا ئەو سیفەتە تەنیا لە دوای پێکهاتن و سەقامگیربوونی کۆمەڵگاکان سەری هەڵداوەو چەسپاوەو پەیوەندی بەوکاتەوە هەیە کە کۆمەڵگا مرۆییەکان دروست بوونەو تاکەکان بیانوویەکیان بۆ پەلاماردان یان بەرگریکردن بۆ رەخساوە. مرۆڤ پاش هەست کردن بەلاوازی خۆی، هەستی دابین کردنی پێداویستییەکان لەلای دەورووژێت، کەواتە



یاسایەکی سروشتی دیکە بریتییە لەو یاسایەی کە بەرەو پەیداکردن و گەڕان بەدوای خۆراکدا پاڵی پێوە دەنێت.

وتمان ترس وا لە مرۆڤ دەکات کە بیر لە راکردن بکاتەوە، بەڵام هەر لەکاتی ترساندا، بینینی نیشانەکانی ترس لە روخساری بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە.

جگە لەوە، ئەو چێژەی ئاژەڵێک لەکاتی نزیکبوونەوە لە ئاژەڵێکی هاوجۆری خۆی هەستی پێدەکات، دەبێتە هاندەرێکی تر بۆ لێکتر نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان. سەرەڕای ئەوەش ئەو حەزو خۆشییەی کە رەگەزی نێرو مێ بەهۆی جیاوازبوونی رەگەزەکەیان هەستی پێدەکەن، چێژێکی نوێ بەچێژی یەکەمەوە زیاد دەکات. کەواتە، ئەو خواستە سروشتییەی ئەوان سەبارەت بەیەکتر هەیانە بە سێهەمین یاسای سروشتی دەژمێردرێت.

مرۆڤەکان سەرەڕای بوونی هەست و سۆز، بەهۆی ئەو هۆشیارییەی هەیانە دەتوانن هەندێ زانیاری وەدەست بێنن و هەر بۆیەشە پەیوەندییەکی تایبەتی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە کە لە توانای ئاژەڵەکان بە دەرەو پەیوەندی لەم چەشنە لە ناویاندا نییە. کەواتە هۆکارێکی دیکە دەبێتە پاڵنەر بۆ یەکگرتنی تاکەکان و لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئارەزوو و مەیل بۆ ژیان لەناو کۆمەڵگا بەچوارەمین یاسای سروشتی دادەنرێت.

## بەشی سێهەم: یاسای دانراو

تاکەکان هەر لە یەکەم چرکەساتی پێکهێنانی کۆمەڵگادا ئیتر هەست بەلاوازی خۆیان ناکەن و یەکسانی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات و بارودۆخی جەنگ دەست پێدەکات، چونکە لەکاتی هەستکردن بەیەکسانیدا تاکەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک بەهێزیی خۆیان هەست پێدەکەن و هەوڵدەدەن بەشی هەرەزۆری ئیمتیازاتەکانی کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و ئەوەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی بارودۆخێک بۆ جەنگ.

هەموو کۆمەڵگایەکیش هەست بە بەهێزی خۆی دەکات و هەر ئەم هەستکردن بە بەهێزی و توانامەندییە لەکاتی بگرەو بەردەو کێشمەکێشەکاندا کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگی نێوان نەتەوەکان. لەم دوو جۆرە جەنگەش کە باسمان کرد هەندێ یاسا لە نێو مرۆڤەکاندا دروست دەبێت.

لەبەر ئەوەی گۆی زەوی هەسارەیەکی پان و بەرینە و ژمارەی دانیشتوانی یەکجار زۆرە، هەر بۆیە نەتەوەی جیاواز لە کۆبوونەوەی تاکەکان دروست بووە و بۆ رێکخستنی

پەیوەندی نێوان ئەم نەتەوانە هەندێ یاسا سەری هەڵداوە کە پرەنسیپەکانی ئەو یاسایانە بریتیین لە مافی نێونەتەوەیی. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار (حاکم) و ژێر دەستەکان (محکوم) بەباشی بپارێزرێت و ئەو کۆمەڵگایەش پارێزراو بێت کە تێیدا دەژین و لە ژێر تیشکی ئەمەشدا بۆ خۆشیان پارێزراوبن، خاوەنی هەندێ یاسان کە گرانتی پاراستن و مانەوەیانە و پرەنسیپەکانی ئەو یاسایە بریتییە لە یاسای سیاسی و هەروەها تاکەکانیش لەنێو خۆیاندا پەیوەندییەکانیان بەهۆی یاسایەکەوە رێکدەخەن کە پێیدەوترێ یاسای مەدەنی.

بێگومان یاسای نێونەتەوەیی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان لە کاتی ئاشتیدا زۆرترین چاکەو لەکاتی جەنگیشدا کەمترین ئازار بەیەکتر بگەیەنن بەبێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندییە راستەقینەکانی خۆیان بگەیەنن.

لەبەر ئەوەی ئامانجی جەنگ سەرکەوتن و ئامانجی سەرکەوتن داگیرکردن و ئامانجی داگیرکردنیش پارێزگاری لێکردنە، هەر بۆیە هەموو ئەو یاسایانەی م افی نێونەتەوەیی پێک دێنن، پێویستە پەیوەندییان بەم پرەنسیپە و پرەنسیپی پێشووترەوە هەبێت و لەوەوە سەرچاوە بگرن.

هەموو نەتەوەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ مافی نێونەتەوەییدا هەیە، تەنانەت (ئیرکوا)کانیش کە دیلەکانی جەنگیان دەخوارد، بۆخۆیان هەندێ حقوقیان هەیە. بۆ نموونە ئەوانیش بالوێز دەنێرن و بالوێز وەردەگرن و ئاشنایەتییان لەگەڵ یاسای جەنگ و ئاشتیدا هەیە، بەڵام گرفتی کارەکە لەوەدایە کە مافی نێونەتەوەیی هەموو لەسەر پرەنسیپی واقعی بنیات نانرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی مافی نێونەتەوەیی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان دەگرێتەوە، هەموو نەتەوەیەکیش لە نێو خۆیدا خاوەنی مافی سیاسی تایبەت بەخۆیەتی.

هەرکە کۆمەڵگا پێک هات، بەهیچ جۆرێ ناتوانێت بەبێ بوونی حکومەت ژیان بەسەر ببات. گراوینا جوانی بۆ چووە کە دەڵێ: «لە کۆبوونەوەی هەموو هێزە تایبەتیەکان ئەو شتە پێکدێت کە پێی دەووترێ دەوڵەتی سیاسی.»

رەنگە حکومەت، واتە نوێنەری هێزی گشتی بکەوێتە ژێر دەستی کەسێک یان چەند کەسانێک. هەندێ کەس لەسەر ئەو بڕوایەن، لەبەر ئەوەی سروشت دەسەڵاتداری باوکی بەسەر منداڵەکاندا خوڵقاندووە، کەواتە حکومەتی تاکەکەسی زۆرتر لە سروشت نزیکە، بەڵام ئەوە هەڵەیە و نموونەی دەسەڵاتداری باوک بەسەر منداڵەکاندا بەهیچ جۆرێ پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە، چونکە ئەگەر فەرمانڕەوایی باوک بەسەر بنەماڵەکەیدا بەراورد بکەین بەپەیوەندی دەسەڵاتی تاکەکەسێک بەسەر کۆمەڵگادا، دەبینین لە دوای



مردنی باوک، دەسەڵاتی براکان و لە دوای مردنی براکانیش دەسەڵاتی منداڵەکان دێتەگۆڕێ و لێرەشەوە حکومەتی چەندین کەس لە یەک کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات و دەشزانین کە دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە یەکگرتنی چەندین بنەماڵە هەیە. کەواتە باشتر وایە بڵێین: نزیکترین حکومەت لە سروشت ئەو حکومەتەیە کە بارودۆخەکەی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا باشتر بگونجێ کە حکومەتەکەی تێدا پێکهاتووە.

هێزە تایبەتییەکان لە توانایاندا نییە لە شوێنێکدا کۆببنەوە، تەنیا کاتێک نەبێ کە هەموو ئیرادەو نیازو بیروبۆچوونەکان لەیەک جێگەدا بکرێنەوە. دیسان گراوینا جوانی بۆ چووە کە دەڵێ: «کۆبوونەوەی ئەم بۆچوون و ئیرادانە ئەو شتە پێک دێنێ کە پێی دەووترێت یاسای مەدەنی».

لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی یاسا بەسەر هەموو نەتەوەکانی جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات و هەموویان پەیڕەوی لێدەکەن، دەربڕی عەقڵی مرۆڤایەتییە، بەڵام یاسای سیاسی و مەدەنی هەموو نەتەوەکانیش پێویستە هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبێت و بە جۆرێ دابڕێژرێت کە عەقڵی مرۆڤ قبوڵی بکات. لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئەم یاسایانە بەڕادەیەک تایبەتمەندی نەتەوەییان پێوە دیار بێت کە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن و بەرێکەوت بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەست بدات و بگونجێ.

پێویستە یاساکان لەگەڵ سروشت و پرەنسیپی ئەو حکومەتەی کە دامەزراوە یان دادەمەزرێت بگونجێ، جا چ یاسا سیاسییەکان کە دەبنە هۆی پێکهێنانی دەوڵەت چ یاسا مەدەنییەکان کە دەوڵەت دەپارێزن.

هەروەها پێویستە یاساکان لەگەڵ بارودۆخی سروشتی وڵات، ئاووهەوای گەرم، سارد یان فێنک، هەروەها لەگەڵ چۆنیەتی خاک و گەورەیی و بچووکی وڵاتەکە و لەگەڵ پیشەی زۆرینەی خەڵکی وڵات (بۆ نموونە جوتیارن یان راوچین یان ئاژەڵدارن) بگونجێت.

پێویستە یاساکان لەگەڵ ئەو رادە ئازادییەدا بگونجێن کە بنەمای دەوڵەت رێگەی پێدەدات. هەروەها دەبێ یاسا لەگەڵ ئایینی دانیشتوان، حەزو ئارەزووەکانیان، سەرمایە، ژمارە و ئەخلاقیان و لەگەڵ خووگرتن بەجۆری بازرگانی و لەگەڵ رەفتارو نەریتەکانیاندا بگونجێت.

بەکورتی دەبێ یاساکان لەگەڵ هەموو لایەنە وردو درشتەکانی ژینگەو دەوروبەر و ئەو خەڵکانەی بەسەریاندا فەرمانڕەوایی دەکات و بناغەی پەیوەندییەکان پێک دێنێ، گونجاوبێت.

یاساکان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ بنەمای خۆیان واتە مەبەستی یاسادانەر و لەگەڵ ئەو

باروودۆخ و هەلومەرجەی کە تێیدا داڕێژراوە لە پەیوەندییەکی بەردەوام دان. کەواتە پێویستە لە هەموو ئەم ڕەهەندو لایەنانەوە یاسا وەبەرچاو بگرین. ئەوە ئەو کارەیە کە من دەمەوێت لەم کتێبەدا ئەنجامی بدەم. من لە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵمەوە و بەهەمووشیان ئەو شتە پێک دێنن کە پێی دەووترێ **ڕۆحی یاساکان**.

من یاسا سیاسی و مەدەنییەکانم لە یەکتری جیانەکردۆتەوە، چونکە مەبەستی من ڕۆحی یاساکانە نەک خودی یاساکان و ئەو ڕۆحەش بریتییە لەو پەیوەندییە جۆراوجۆرەی کە ڕەنگە لە نێوان شتە جیاوازەکاندا هەبێت.

کەواتە:

پەیوەندی نێوان شتەکان و باروودۆخەکانیانم لە پەیوەندی نێوان خودی یاساکان زیاتر وەبەرچاوگرتووە. لە سەرەتادا دەست دەکەم بەلێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان یاساکان و سروشت و پرەنسیپی حکومەتەکان. لەبەر ئەوەی ئەم پرەنسیپانە کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر هەموو یاساکان هەیە، هەوڵدەدەم ئەو پرەنسیپانە بەباشی بناسم و بیانناسێنم. ئەگەر بتوانم ئەو پرەنسیپانە لەگەڵ یاساکاندا بگونجێنم، ئەوکاتە بۆتان دەردەکەوێت کە یاساکان لەم پرەنسیپانەوە وەکو ئاو لەسەرچاوەکەیەوە هەڵدەقوڵێن. پاشان دەچمە نێو هەموو پەیوەندییەکانی ترەوە کە وەکو حاڵەتی تایبەتی سەیریان دەکرێت.

# ئەو یاسایانەی ڕاستەوخۆ
# لە سروشتی حکومەتەکانەوە هەڵدەقوڵێن

## بەشی یەکەم: جۆری حکومەتەکان

لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا سێ چەشنە حکومەت هەیە: کۆماری، دەستووری، ئیستبدادی.

بۆ تێگەیشتن و بەدیارخستنی سروشتی ئەو حکومەتانە بیری نەزانترین کەسیش دەتوانێ شتێ بدات بەدەستەوە. هەر کەس لەگەڵ ئەوەی زانیاریشی کەم بێ دەتوانێ ئەو سێ جۆرە حکومەتە لە یەکتری جیابکاتەوە. سێ پێناسەی سادە بۆ ئەم سێ جۆرەی حکومەت دەکەم:

**یەکەم:** حکومەتی کۆماری (Republique): بەو حکومەتە دەگوترێ کە هەموو گەل یان بەشێکی گەل دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.

**دووەم:** حکومەتی پاشایەتی دەستووری (Monarchie): بەو حکومەتە دەگوترێ کە یەک کەس دەسەڵاتی لە دەست دابێ، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی یاسایەکی چەسپاو و دیاریکراو.

**سێهەم:** حکومەتی ئیستبدادی (Despotisme): بەو حکومەتە دەگوترێ کە تاکەکەسێک دەسەڵاتی لە دەست دابێ، بە بێ گوێدانە هیچ یاساو ڕێسایەک و بەپێی ئیرادەو مەیل و ئارەزووی خۆی هەرچی بیەوێ ئەنجامی بدات.

ئەوە ئەو شتەیە کەمن بەسروشتی حکومەتەکان ناوزەدم کردووە و ئێستا پێویستە ڕوونی کەینەوە چ یاسایەک ڕاستەوخۆ لەو سروشتە سەرچاوە دەگرێ، چونکە لە ئاکامدا ئەو یاسایانە هەمان یاسای دەستووری (یاسای بنەڕەتی) وڵات پێک دێنن.

## بەشی دووەم: حکومەتی کۆماری و یاساکانی دیموکراسی

ئەگەر لەناو حکومەتی کۆماریدا هەموو گەل دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت ئەوا بەو شێوە حکومەتکردنە دەگوترێ شێوازی دیموکراسی و ئەگەر دەسەڵات تەنیا لە دەست بەشێک لە



خەڵک دا بێ ئەوا پێی دەگوترێ: شێوازی ئەرستۆکراتی.

لە حکومەتی دیموکراتیدا گەل لەلایەک دەسەڵاتدارو لەلایەکی تریشەوە ژێر دەستەیە. گەل ناتوانێ دەسەڵاتدار بێ تەنیا لە ڕێگای دەنگی خۆیەوە نەبێ کە ئەویش بریتییە لە ئیرادەی گەل. کەواتە ئیرادەی گەل خودی گەل پێکدێنێ، هەر بۆیە ئەو یاسایەی مافی دەنگدان دیاری دەکا لە حکومەتی دیموکراتیدا بەگرنگترین یاسا دەژمێردرێ و لە ڕاستیدا هەمان یاسای بنەڕەتی واتە دەستوورە.

بەو ڕادەیەی کە لە حکومەتی دەستووریدا گرنگ و پێویستە شا بناسرێ و بزانرێ کێیەو چۆن چۆنی سەڵتەنەت و حوکم دەبا بەڕێوە، ئەوەندەش گرنگ و پێویستە لە حکومەتی کۆماریدا بزانین دەنگەکان چۆن دەبێ ڕێک بخرێن و لە ڕێگای کام ڕێوشوێن و بەهۆی چ کەسانێک و بەکێ بدرێ و لە چ بابەتێکدا بەکاربهێنرێ.

لیبانیۆس دەڵێ: لە ئەسینادا ئەگەر کەسێکی بێگانە لەکاتی دەنگداندا چووبا نێو کۆڕو کۆبوونەوەی گەل، ئەوا تووشی سزای مەرگ دەبۆوە، چونکە ئەو کەسە سەروەری گەلی پێشێل کردبوو. کەواتە پێویستە ژمارەی ئەو کەسانە دیاریکراو و جێگیربێت کە لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکەن، چونکە ئەگەر وانەبێ نازانرێ هەموو گەل ڕای خۆی دەربڕیوە یان تەنیا بەشێک لە خەڵک.

لە (لاسدمۆن)[3] دەبوایە دە هەزار کەس ئامادەی دەنگدان بن و کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی دە هەزار کەس پێک دەهاتن. بەڵام لە ڕۆمادا کە لە سەرەتادا بچووک و پاشان وردە وردە گەورەبوو و تووشی گێرەو کێشەکانی سەردەم هات، هەندێ جار بەڕادەیەک بچووک دەبۆوە کە جگە لە شاری ڕۆما هیچ شوێنێکی تری پێوە نەدەما و هەندێ جاریش هەموو خاکی ئیتاڵیا دەکەوتە ژێر ڕکێفی ڕۆمانەکانەوە. لەبەر ئەوەی لەو شارەدا ژمارەیەکی جێگریان دیاری نەکردبوو، هەر بۆیە دیارنەبوو کە ژمارەیەکی جێگیرو دیاریکراو دەنگیان داوە یان بەشێک لە خەڵک، ئەوەبوو بەهۆکارێک بۆ داڕمان و لەنێو چوونی ڕۆما. گەل کاتێ دەسەڵاتداری خۆیەتی، دەبێ بۆ خۆی ئەوەی لە دەستی دێ ئەنجامی بدات و ئەو کارانەش کە لەدەستی نایەت بەکاربەدەستەکانی بسپێرێت. کەواتە دەسەڵاتدارەکان سەر بەگەل نین تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردرابن. ئەوە بۆ خۆی یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی حکومەتی کۆماری، واتە گەل بۆخۆی کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی هەڵبژێرێ.

گەل هەروەکو پاشاکان و لەوانیش زیاتر پێویستی بەئەنجومەنێکی شورا یان ئەنجومەنێکی سەنا هەیە بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی بکا. بۆ ئەوەی دڵنیایی لەناو نەچێ

پێویستە گەل بۆ خۆی نوێنەرەکانی ئەو شورا یان سەنایە هەڵبژێرێ. جا چ ئەو هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجام بدرێ هەروەکو لە ئەسینا دەکرا، یان لە رێگای حاکمێک کە بۆ هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانە دیاریکراوە، هەروەکو هەندێ کات لە رۆمادا باوبوو[٤].

گەل زۆر شایستەو کارامەیە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە دەبێ بەشێک لە هێزو دەسەڵاتی خۆی بداتێ. گەل بابەتە هەستپێکراوە ساکارەکان زۆر بەزوویی دەرک دەکا، خەڵک باش دەزانێ فلانە کەس کە زۆر چۆتە جەنگ و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە، شایەنی فەرماندەییە. کەواتە بۆ هەڵبژاردنی و دەستنیشانکردنی فەرماندەیەکی جەنگ، گەل لە هەموو کەس لایەق و شیاوترە. گەل باش دەزانێ فلانە دادوەر زۆر جددییەو زۆرکەس لە دادگای ئەو بەرەزامەندی هاتوونەتە دەرو هیچ جۆرە بەرتیلێکی وەرنەگرتووە. کەواتە گەل زۆر باشتر دەتوانێ دادوەری باش بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

گەل شکۆمەندی و مەزنی و سەرمایەی هاووڵاتییەکانی خۆی باش دەبینێ و ئەو دیتن و سەرنج دانەش بەسە بۆ ئەوەی بتوانێ باشترین شارەوان بۆ خۆی هەڵبژێرێ و گەل لەمەڕ ئەو بابەتانە، زۆر لە پاشا ئاگادارترو هوشیارترە.

گەل لە مەیدانی پان و بەرینی ژیان وردتر سەرنجی ئەو شتانە دەدا نەک پاشا لە نێو کۆشکەکەی خۆیدا.

بەڵام ئایا گەل دەتوانێ یەکڕاست کارەکان راپەڕێنێ و بابەت و واقیع و هەلومەرجەکان بناسێ و کەڵکیان لێوەربگرێ؟ نەخێر.. هەرگیز ناتوانێ ئەو کارانە ئەنجام بدات. بەڵام ئەگەر هەر چەشنە گومانێکمان لە شیاوی سروشتی گەل بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی کەسانی لێهاتوو هەبێ، ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی ئەو هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکە پڕ بایەخ و شیاوانە بکەین کە خەڵکی ئەسیناو رۆما ئەنجامیان داوە و تەماشایەکی کارە مەزنەکانیان بکەین. بەهیچ جۆرێ ناتوانین ئەو هەڵبژاردنە شیاو و گونجاوانە بخەینە قاڵبی رێکەوت و پێشهاتەوە.

ئەگەرچی لە رۆما گەل دەیتوانی خەڵکی ئاسایی و عەوامیش بۆ پلەوپایەی دەوڵەت هەڵبژێرێ، بەڵام هیچ کات نەیدەتوانی رێگە بەخۆی بدا کە ئەوان بەنوێنەری خۆی هەڵبژێرێ. لە ئەسینا بەپێی یاسای (ئاریستید) دەتوانرا دەسەڵاتداران لە هەموو چینێک هەڵبژێردرێن. بەڵام هەروەکو گەزنەفۆن دەڵێ: هیچ کات وا رێکنەکەوت خەڵکی چینێک هەڵبژێرن کە حەزیان لە نەجابەت و شەرافەتمەندیی گەل نەبووبێ.

زۆربەی دانیشتوانی وڵات توانای هەڵبژاردنیان هەیە، بەڵام شایەنی ئەوەنین هەڵبژێردرێن. ئەگەرچی خەڵکی ئاسایی توانای لێپێچینەوەی هەیە لە بەڕێوەبەران، بەڵام



بۆ خۆی شایانی ئەوە نییە ببێت بە بەڕێوەبەر، چونکە پێویستە کارەکان بەرەو پێشەوە بچن، بەڵام نە زۆر خێراو نە زۆر هێواش. چالاکی گەل جاری وایە یەکجار زۆر و جاری واش هەیە یەکجار کەمە. گەل هەندێ جار بەبوونی سەد هەزار دەست لە جیاتی ئاوەدانی هەموو شتێ سەراوژێرو وێران دەکا، هەندێ جار بەبوونی سەد هەزار پێ، لە جیاتی ئەوەی بەخێرایی هەنگاوبنێ وەکو مێرووله بەهێواشی دەڕوا. کردەوەی گەل هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ زیادەڕۆیی و کەمڕۆیی بەڵام میانڕۆیی نییە.

لەناو حکومەتدا دانیشتوان بەسەر چەند چینێکدا دابەش دەکرێن - یاسادانەرە مەزنەکان لە شێوازی ئەم دابەش کردنەدا شیاوبوونی خۆیان سەلماندووەو بەردەوامی و بەرزێتی دیموکراسی هەمیشە پەیوەندی بەو دابەش کردنەوە هەبووە.

«سرۆیوس تۆلیوس» کە یەکێک لە گەورە پیاوەکانی رۆما بوو لە دابەشکردنی گەل بەسەر چینە جیاوازەکاندا پەیڕەوی لە رۆحی ئەرستۆکراتی دەکرد.

لە نووسینەکانی تیت لیڤ[٥] و دنیس هالیکارناس[٦] دا بەئاشکرا دەبینرێ کە ئەو چۆن مافی هەڵبژاردنی داوەتە دەست گرنگترین تاکەکانی گەل و خەڵکی رۆمای بەسەر (١٩٣) سانتۆری[٧] کە شەش چینی پێک دێنا، دابەش کردبوو. دەوڵەمەندکانی بەرێژەیەکی کەم لە سانتۆرییەکانی یەکەمدا دانابوو و ئەوانەش کە کەمتر دەوڵەمەندبوون لە سانتۆرییەکانی دواترو خەڵکی هەژارو بێ نەواش لەناو سانتۆرییەکانی دوایدا جێگایان بۆ کرابۆوە. لەبەر ئەوەی هەر سانتۆریش تەنیا خاوەنی یەک دەنگ بوو لە ئەنجام دا زۆرترین دەنگ لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە دەدراو هەژارەکان خاوەن کەمترین دەنگ بوون. سۆلۆن خەڵکی ئەسینای بەسەر چوار چیندا دابەش کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی رۆحی دیموکراسیی بەسەردا زاڵ بوو، مەبەستی لەو دابەشکردنە ئەوە نەبوو دەنگدەرەکان دیاری بکا بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو دەنگپێدراوەکان (هەڵبژێردراوەکان) دیاری بکا. هەر بۆیە مافی دەنگ دان و هەڵبژاردنی بەخشی بە هەموو تاکەکان و دەیویست لە ناو هەر چوار چیندا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ، بەڵام تەنیا لە سێ چینی یەکەم دا کە لە خەڵکانی دەوڵەمەند پێکهاتبوون دەسەڵاتدارەکان هەڵبژێردرێن. لەبەر ئەوەی لە حکومەتی کۆماریدا دابەش کردنی ئەو کەسانەی مافی هەڵبژاردنیان هەیە یاسایەکی سەرەکییە، کەواتە شێوازی سوود وەرگرتن لەو مافەش بۆ خۆی یاسایەکی سەرەکی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

دەنگ دان لە رێگا تیروپشکەوە (قرعە) بۆ خۆی یەکێک لە نیشانەکانی سروشتی دیموکراسییە، بەڵام دەنگدان بۆ هەڵبژاردن هەڵقوڵاوی سروشتی ئەرستۆکراتییە.

تیروپشک شێوازێکی هەڵبژاردنە کە کاریگەری لەسەر هیچ کەس دانانێ و هیوایەکی

معقول دەبەخشێ بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا تا بتوانن خزمەتی نیشتمانەکەیان بکەن. بەڵام چونکە ئەو شێوازە بۆ هەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا هەندێ ناتەواوی هەیە، یاسادانەرە مەزنەکان بۆ ڕێکترکردن و باشترکردنی هەوڵی جیاجیاو جیدیان داوە.

سۆلۆن لە ئەسینادا بڕیاری لەسەرئەوەدا کە هەموو پۆستە سەربازییەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێ، بەڵام سیناتۆرو دادوەرەکان لە ڕێگای تیروپشکەوە دەست نیشان بکرێن. هەروەها فەرمانیدا ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی پێویستیان بەخەرجی زۆرە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دابنرێن و هەموو پلەوپایەکانی دیکە لەڕێگای تیروپشکەوە بێ.

بۆ چاککردن و ڕێککردنی تیروپشک بڕیاریدا تەنیا لەنێو ئەو کەسانە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ کە خوازیارن و پاشان ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردرێ پێویستە لەلایەن دادوەرەکانەوە تاقی بکرێتەوە و هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە بە نەشیاو ناڵایەقی لە قەڵەم بدا، واتە رەخنە لە کارەکانی بگرێ. کەواتە دیارە سۆلۆن هەم شێوازی تیروپشک و هەم شێوازی هەڵبژاردنی بەکارهێناوە. پاش ئەوەی کە قۆناغی بەڕێوەبردنی ئەو کەسانەی هەڵبژێردراون کۆتایی دێ، لێپێچینەوەیەکی دیکەش پێویست بوو بۆ ئەوەی کردەوەو رەفتاری ئەو کەسانە هەڵبسەنگێنرێ، هەر بۆیە بەپێی ئەو ڕێوشوێنە بۆ کەسانی نەشیاو کارێکی گران بوو خۆیان بۆ دەرچوون لە تیروپشک بپاڵێون. ئەو یاسایەی کە شێوازی دانی کاغەزی تیروپشک دیاری دەکا بۆ خۆی یاسایەکی سەرەکی دیموکراسییەو یەکێک لە بابەتە گرنگەکان ئەوەیە کە ئایا دەنگدان بەئاشکرا بێ یان بەنهێنی.

شیشرۆن دەڵێ: ئەو یاسایەی لە کۆتایی دەورەی پاشایەتی ڕۆمانیدا دەنگدانی نهێنی هێنا ئاراوە، بوو بەیەکێک لە گەورەترین هۆکاری روخانی ئەو دەوڵەتە. لەبەر ئەوەی ئەو شێوازە لە کۆمارە جۆراوجۆرەکاندا بەشێوەی جیاواز بەکار دەبرێ. پێم وایە دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە بچینە دوێ.

بێگومان کاتێک گەل دەنگ دەدا پێویستە دەنگدان بەئاشکرابێ، ئەوکارە دەبێ بەیاسایەکی سەرەکی دیموکراسی بزانرێ. هەروەها پێویستە کەسانی لێهاتوو و دەستەبژێر ڕێبەرایەتی گەل بکەن و سەبرو ئارامی گەورەکان پێشی توندڕەوی گەل بگرێ. لە کۆماری ڕۆما هەر کە هەڵبژاردن بوو بەنهێنی هەموو شتێ بەرەو نابودی ڕۆیشت و ئیدی نەدەکرا ئەو میللەتەی بەرەو هەڵدێر دەچوو رووەو ڕێگای ڕاست بگەڕێنرێتەوە.

بەڵام لە حکومەتی ئەرستۆکراتی بەپێچەوانەیە، چەندە هەڵبژاردن بەنهێنی بێت ئەوەندە باشترە، چونکە هەڵبژاردن لە دەست نەجیبزادەکان دایە، هەروەها لە حکومەتی دیموکراتیدا ئەگەر مافی هەڵبژاردن بدرێتە دەست سەنا زۆر باش و گونجاوە، چونکە



هەڵبژاردن بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرێ، و لەبەر ئەوەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا تەنیا مەبەست پێشگرتن لە مەرایی کردنە، بەڵام لە نێو خەڵک دا کە هەمیشە بەپێی هەواو هەوەسی خۆی هەنگاو دەنێن مەرایی بەکەموکوڕی دانانرێت و هێندە جێگای مەترسی نییە. پێویستە ئەوە بزانین کە لە ئەنجوومەنی سەنا یان لە کۆمەڵی ئەرستۆکراتەکاندا، مەرایی جێگای مەترسیە، چونکە خەڵک لەو شوێنانەی کە هیچ بەشی بەحکومەتەوە نییە، هەندێ جار لە پێناوی هونەرمەندێک بەئەندازەی کاروباری وڵات گەرموگوڕی دەنوێنێ، کەواتە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا مەرایی جێگایی مەترسی نابێ.

بەدبەختی کۆمارێک ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کە هیچ کەس لە بیری مەرایی (تشبث)دا نەبێ. ئەم بارودۆخە کاتێ دێتە ئاراوە کە خەڵکیان بەهۆی پارەوە تووشی گەندەڵی کردبێ. لەو حاڵەتەدا خەڵک گەرموگوڕیان نامێنی و لەبەر هۆگری و خۆشەویستیان بۆ پارە گوێ نادەن بەکاروباری وڵات و بەبێ ئەوەی ئاگاداری کاروبارەکانی حکومەت بن زۆر بەهێمنی چاوەڕوانی کرێی خۆیان دەبن بۆ ئەوەی سوودێکیان پێ بگات.

یەکێکی تر لە یاساکانی دیموکراسی ئەوەیە کە گەل بە تەنیا خۆی یاساکان دابڕێژێ، بەڵام هەزاران حاڵەتی ئەوتۆ دێتە پێش کە دەبێ ئەنجوومەنی سەنا ڕای خۆی دەرببڕێ و تەنانەت زۆربەی کات پێویستە بەر لە داڕشتن و پەسەندکرانی یەکجاری، تاقی بکرێتەوە.

دەستووری ڕۆما و ئەسینا زۆر عاقڵانەبووە، بڕیارەکانی سەنا بۆ ماوەی یەک ساڵ حوکمی یاسای هەبوو و لە پاش ئەو تەنیا بەهۆی ئیرادەی گەل، واتە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی دەیتوانی هێزی هەبێ و بچەسپێ.

## بەشی سێهەم: یاسای تایبەت بە سروشتی حکومەتی ئەرستۆکراتی

لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دەسەڵات لە چنگی ژمارەیەکی دیاریکراو دایە. ئەو کەسانە بۆ خۆیان یاسا دادەڕێژن و هەر بۆ خۆشیان جێبەجێی دەکەن و گشت میللەتیش لە چاوی ئەوانەوە بەژێر دەستە (رعایا) دەژمێردرێ، هەروەکو پەیوەندی شاو ژێر دەستەکان لە حکومەتی پاشاییدا. ئەو تێڕوانینە گوزارشت لە کەمترین ڕێزو بایەخ دەکات بەرامبەر بە گەل. لەو جۆرە حکومەتانەدا هەڵبژاردن لە ڕێگای تیروپشکەوە کارێکی گونجاو و شیاو نییە، چونکە جگە لە زیان هیچ ئاکامێکی تری لێ ناکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە لە ڕێگای کەسایەتی و پلەوپایەی خۆی هاتبێتە سەر دەسەڵات، ئەگەر هەڵبژاردنی لە ڕێگای تیروپشکیشەوە بێ مایەی نەفرەتی خەڵکەو تیروپشک نابێتە بەربەست لەبەردەم نەفرەتی گشتی دژی ئەو حکومەتە.

لەبەر ئەوەی هەمیشە خەڵکی ئاسایی ئیرەیی بەخانەدانەکان دەبەن، هەرکاتێ ژمارەی ئەرستۆکراتەکان زیادی کرد پێویستە ئەنجوومەنێکی سەنا هەبێ بۆ ئەوەی ئەو کارانە رێک بخات کە چینی ئەرستۆکرات ناتوانێ بڕیاریان لەسەربدا و هەروەها ئەو کارانەش پەسند بکا کە ئەرستۆکراتەکان بڕیاری لەسەر دەدەن.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەرستۆکراتیەت لە خودی سەناداو دیموکراسی لەناو ئەو جۆرە حکومەتەدا لەنێو چینی ئەرستۆکراتی دایە و خەڵک وەکو هیچ سەیری دەکرێ. ئەگەر بتوانرێ لە رێگای ناڕاستەوخۆوە گەل لە هیچی دەربهێنرێ ئەوا کارێکی یەکجار باشە.

بۆ نموونە لە (ژن بانک سەن جۆرج) کە بەشێکی گرنگی لە رێگای کەسانی جێگای متمانەی گەلەوە بەڕێوەدەبرا، خەڵک دەتوانێ هەندێ نفوز بکاتە ناو حکومەت کە بووە هۆی بەرزیەتی ئاستی حکومەت.

سیناتۆرەکان نابێ مافی ئەوەیان هەبێ لە جیاتی نوێنەرەکانی سەنا کە کورسییەکانیان بەتاڵە بۆ خۆیان هەندێ کەس دیاری بکەن، چونکە ئەو کردەوە دەبێتە هۆی پێکهێنانی توندترین میکانیزم بۆ بەردەوامیی ستەمکاری و کەڵکی خراپ وەرگرتن.

لە رۆما لەسەرەتادا کە لەلایەن حکومەتی ئەرستوکراتییەوە بەڕێوەدەچوو، ئەنجوومەنی سەنا بۆ خۆی جێگا بەتاڵەکانی پڕ نەدەکردەوە، سیناتۆری نوێ لە رێگای سانسۆرەکانەوە دیاری دەکران[٨].

لە حکومەتی کۆماریدا ئەگەر دەسەڵاتێکی دیارینەکراو بدرێتە دەست تاکەکەسێ لە راستی دا وەکو ئەوە وایە کە حکومەتێکی پاشایی یان لەویش خراپتر واتە ئیستبدادی هاتبێتە ئاراوە.

لە حکومەتی دەستووریدا دەستوور ئەو بابەت و سنوورانەی دیاریکردووە، بەم جۆرە پرەنسیپەکانی حکومەت رێ لە سنوور بەزاندنەکانی پاشا دەگرێ. هەروەها دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر لە حکومەتی کۆماریدا کەسێک دەسەڵاتێکی دیارینەکراو بدا بەخۆی، ئەوا زۆر بەخراپی کەڵک لەو دەسەڵاتە وەردەگرێ، چونکە یاساکان پێشبینی بابەتی لەم چەشنەیان نەکردووە بۆ ئەوەی بەمەبەستی پێشگرتن لە گەندەڵکارییەکانی کارێک ئەنجام بدەن. ریزپەر لەو رێسایە کاتێ سەرهەڵدەدا کە دەستووری دەوڵەت پێویستی بە بوونی دەسەڵاتداری خاوەن دەسەڵاتی دیارینەکراو هەبێ، هەروەکو دیکتاتۆرەکانی رۆما. هەروەها لە ڤینیسیاش پشکنەرەکانی دەوڵەت لەم شێوەیە بوون. ئەوان دەسەڵاتداری ترسناک بوون کە زۆر بەخێرای دەوڵەتیان بەرەو پشێوی و بەرەڵڵای پاڵ پێوەدەنا. بەڵام هۆی چی بوو کە ئەو دوو جۆرە دەسەڵاتدارانە لەو دوو کۆمارەدا تا ئەو رادەیە لەیەک جیاوازبوون؟



هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە رۆما بەشێک لەو ئەرستۆکراتانەی کە مابوونەوە لە بەرامبەر خەڵکدا بەرگریان لە خۆیان دەکرد لە کاتێکدا لە ڤینیسیا بە هۆی پشکنەرەکانی خۆیانەوە دەیانەویست پارێزگاری لە حکومەتی ئەرستۆکراتی بکەن بەبێ بوونی خانەدانەکان. هەر بۆیە دیکتاتۆری لە رۆمادا زۆر دەوامی نەکردو ماوەیەکی زۆری نەخایاند، چونکە بەهۆی جۆش و خرۆش و بەوپەڕی توندڕەوییەوە کاروبارەکانی خۆیانیان ئەنجام دەدا بەبێ ئەوەی لە رێگای بنەماو بەرنامەیەکی رێکوپێک مەبەستەکانی خۆیان بەرەو پێش بەرن. بەم شێوەیە وا پێویست بوو کە ئەو جۆرە دەسەڵاتدارییە بەوپەڕی شکۆمەندی و مەزنییەوە بەڕێوەبچێ هەتا خەڵک بترسێنرێ بەبێ ئەوەی ئازاربدرێ، هەروەها واپێویست بوو کە دیکتاتۆر تەنیا بۆ ئەنجامدانی کارێک دیاری بکرێ و دەسەڵاتی دیارینەکراوی تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بخاتەگەڕ، چونکە بەردەوام ئەویان بۆ بارودۆخی چاوەڕوان نەکراو دیاری دەکرد.

لە ڤینیسیا پێچەوانەبوو، تاکەکەسێک دەسەڵاتداری هەمیشەیی بوو و دەیەویست حکومەتی ئەرستۆکراتی بەبێ بوونی خانەدانەکان بپارێزێت، لە پێناوی وەدیهێنانی ئەم نیازەدا هەوڵ بۆ دەستبەرکردنی ئامانج و مەبەستەکان و بەدواداچوونیان دەدرێ یان رادەگیرێن و سەرلەنوێ دەستیان پێ دەکرێتەوە. ئەوکاتە مەزنیخوازی تاکەکەسێ دەگۆڕێ بۆ مەزنیخوازی بنەماڵەیەک و پاشان لەناو چەندین بنەماڵەدا تەشەنە دەکا، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا گەل پێویستی بەرێکخراوێکی نهێنی هەیە چونکە ئەو خراپەکاریانەی کە ئەنجام دەدرێن دژ بە گەل بەنهێنی بەئەنجام دەگەن. ئەو دەسەڵاتدارییە نهێنییە پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی تەفتیش و پشکنینی گشتی هەیە. چونکە پێویستە نەک تەنیا پێشی رووداو و کارەساتە ئاشکراکان بگرێ بەڵکو دەبێ رووداوە نادیارەکانیش پێشبینی بکاو پێشیان بگرێ، چونکە ئەو دەسەڵاتە نهێنییە بۆ ئەوە دروست بووە تا بەری خراپەکارییە چاوەڕوانکراوەکان بگرێ و سزایان بدا ئەگەرچی ئەوەی یەکەمیان لە بەرامبەر تاوان و گوناهەکاندا زیاتر سوود لە ترساندن وەردەگرێ تا سزادان و تەمێ کردن، تەنانەت ئەگەر تاوانبار دان بە گوناهی خۆشی دابنێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەت لە هەموو بەدگومانیەک دەپێچێتەوەو سزای دەدا.

لە نێو هەموو دەسەڵاتدارییەکدا پێویستە گەورەیی دەسەڵات بەهۆی کەمی ماوەکەی قەرەبوو بکرێتەوە، ساڵێک بۆ فەرمانڕەوایی ماوەیەکە کە زۆربەی یاسادانەرەکان لەسەری کۆکن، ئەگەر ماوەیەکی درێژتریان دانابایە ئەوا بارودۆخەکە ترسناک دەبوو و دیارە کورت بوونی ماوەکەش تاڕادەیەک بەپێچەوانەی سروشتی دەسەڵاتەو لە مەزنی کەم دەکاتەوە.

له (راكۆز) دا سەرۆک کۆمار مانگ بەمانگ و خاوەن پلەو پایەکان هەفتە بەهەفتەو فەرماندەی کۆشکیش رۆژ بەرۆژ گۆڕانیان بەسەردا دەهات.

ئەو رێو شوێنە تەنیا لە حکومەتێکی بچووکدا پیادە دەکرێ کە لەلایەن هێزێکی ترسناک و پان و بەرینەوە پارێزگاری لێدەکرێ و سەرۆکە بچووکەکانی بەئاسانی بەهۆی بەرتیلەوە تووشی گەندەڵکاری دەبن. کێ دەیەوێ کاروباری بنەماڵەکەی خۆی بەم جۆرە بەڕێوە ببات؟

باشترین حکومەتی ئەرستۆکراتی ئەو حکومەتەیە کە ئەو بەشە لە گەل کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشداری ناکا بەڕادەیەک بچووک و کەم بێ کە چەوساندنەوەیان هیچ سوودێک بەچینی دەسەڵاتدار نەگەیەنێ. بۆ نموونە کاتێ ئانتی پاتێر لە ئەسینا بڕیاریدا هەر کەسێ بڕی دوو هەزار درهەمی نەبێ مافی هەڵبژاردن و دەنگ دانی نییە، بەم جۆرە باشترین حکومەتی ئەرستۆکراتی دامەزراند. بۆیە ئەم رێو شوێنەشی دانا چونکە ئەو رادەیە بەئەندازەیەک بچووک و کەم بوو کە ژمارەیەکی یەکجار کەمی لە مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە حکومەتدا بێبەش دەکرد. هیچ کەس، ئەوەی لە شاردا کەمترین رێزی هەبوایە بێبەش نەدەبوو.

کەواتە بنەماڵە ئەرستۆکراتییەکان پێویستە چەندی دەگونجێ لە نێو خەڵکەوە بێنە دەرو سەرهەڵبدەن، چونکە هەرچەندە حکومەتی ئەرستۆکراتی لە دیموکراسی نزیک ببێتەوە ئەوەندە کاملتر دەبێ و بەپێچەوانەوە هەرچەندە لە حکومەتی پاشایی نزیک ببێتەوە ئەوەندە لە کامڵ بوونەکەی کەم دەبێتەوە.

ناتەواوترین حکومەتی ئەرستۆکراتی ئەو حکومەتەیە کە بەشی هەرە زۆری ژێر دەستەکان (محکومین) کۆیلەو نۆکەری دەسەڵاتدارەکان بن، هەروەکو حکومەتی ئەرستۆکراتی پۆلۆنیا کە لەوێ گوندنشینەکان کۆیلەی خانەدانەکانن.

**بەشی چوارەم: پەیوەندی نێوان یاساو سروشتی حکومەتی دەستووری**

دەسەڵاتی نێوبەند و پاشکۆو پەیوەندیدار، سروشتی حکومەتی دەستووری، واتە ئەو حکومەتەی کە تێیدا تەنیا تاکەکەسێک لە رێگای دەستوورەوە فەرمانڕەوای دەکا، پێکدێنن.

بۆچی وتمان دەسەڵاتی نێوبەندو پاشکۆو پەیوەندیدار؟ لەبەر ئەوەی لە حکومەتی دەستووریدا پاشا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتە سیاسی و مەدەنییەکانە هەر بۆیە بوونی دەستوور، پێویستیبوونی جێبەجێکارە پەیوەندیدارەکان دێنێتە ئاراوە کە لەرێگای



ئەوانەوە دەسەڵات رادەپەڕێنرێ. هەروەک ئاشکرایە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور پێویستە هەندێ کەس هەستن بەجێبەجێکردن و لێرەدا ناومان ناوە دەسەڵاتی پەیوەندیدار.

چونکە ئەگەر بێتو لە دەوڵەتێکدا تەنیا ئیرادەی کاتی تاکەکەسێک و ئەویش لەسەر بنەمای هەواو هەوەس فەرمانڕەوا بێ، ئەوا هیچ شتێ بەجێگیری نامێنێتەوە و لە ئەنجامیشدا هیچ دەستوورێک بوونی نابێت.

سروشتیترین دەسەڵاتی نێو بەند و پاشکۆ، دەسەڵاتی ئەرستۆکراتەکانە، کە لەراستیدا دەچێتە ناو جەوهەری حکومەتی دەستوورییەوە و دروشمی سەرەکی حکومەتی دەستووری لەسەر دامەزراوە. ئەگەر پاشا نەبێ ئەرستۆکراتیش نابێ و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەرستۆکرات نەبێ پاشاش نابێ. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، بەم چەشنە دەبینە خاوەن فەرمانڕەوایەکی ملهوڕو موستەبد.

هەندێ کەس پێیان وایە دەبێ هەموو مافەکانی خانەدانەکان لە ئەوروپا لەناو بچێت، ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بەو جۆرە هەمان کردەوەی پەرلەمانی ئینگلترا دووبارە دەکەنەوە. ئەگەر لەناو حکومەتێکی دەستووریدا هەموو سەڵاحیاتی خانەدان و پیاوانی ئایینی و ئەرستۆکرات و شارنشینەکان لەناوبچێت، زۆر بەزوویی دەوڵەتێکی جەماوەریی سەرەڕۆ یان دەوڵەتێکی ملهوڕی ئیستبدادی جێگای دەگرێتەوە.

دادگاکانی دەوڵەتێکی گەورەی ئەوروپا «فەرەنسا» چەندین سەدەیە بەردەوام گورز لە مافی داوەریی بۆ ماوەیی ئەرستۆکرات و رۆحانییەکان دەدەن. ئێمە گەرەکمان نییە رەخنە لە دەسەڵاتدارەکان بگرین چونکە زۆر عاقڵن، بەڵام دەمانەوێ بۆ خۆیان بابەتەکە هەڵسەنگێنن و دیاریبکەن کە تا چ رادەیەک حکومەتی دەستووری بەم شێوازە گۆڕانی بەسەردادێ. من هیچ شێلگرییەکم لەسەر مافی پیاوە ئایینییەکان نییە، بەڵام حەز دەکەم بە شێوەیەکی یەکلا کەرەوە، یەکسەر رادەی مافی حوکمدانی ئەوان دیاری بکەن.

ئەو بابەتەی من گەرەکمە لەسەری بدوێم ئەوە نییە کە ئایا ئەو کەسانەی ئەو مافەیان داناوە لەسەر حەقن یان نا، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئایا بەراستی ئەو مافە بۆ پیاوە ئایینییەکان هەیە تا ببێتە بەشێک لە یاسای وڵات؟ ئایا لە نێوان دوو دەسەڵاتدا کە سەربەخۆیی یەکتر بەباشی دەرک دەکەن، پێویستە هەلومەرجی وەکو یەک لە گۆڕی دابێ یان نا؟ بەو چەشنەی پیاوە ئایینییەکان دان بەمافەکانی حکومەت دادەنێن ئایا حکومەتیش دان بەمافەکانی ئەوان دادەنێ یان نا؟ ئایا ئەو مافە رێژەییە یان لە هەموو شوێنێ بەکاردەبرێ؟ بەم جۆرە ژێردەستە (رعیت) دەتوانێ بەپێی حەزی خۆی ملکەچی قەزاوەتی پاشا بێ یان ملکەچی حوکمی پیاوانی ئایینی؟

پێویستە ئەوە بزانین چەندە دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان (ڕۆحانییەکان) لە حکومەتێکی کۆماریدا مەترسیدارە، هەر بەو رادەیە لەناو حکومەتێکی دەستووریدا بەتایبەتی ئەگەر ئەو حکومەتە مەیلی بەرەو ملهوڕی و ئیستبداد هەبێ، پێویست و گونجاوە. ئەگەر ئاوڕێک لە ئیسپانیاو پورتوگال بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، لەو کاتەوەی یاساکانی خۆیان لە دەست داوە لە چ بارودۆخێک دان و ئەگەر دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان نەبوایە لە چ بارودۆخێکدا دەبوون. مافی پیاوە ئایینییەکان و یاساکانیان بەربەستێکە، ئەگەر بەربەستی دیکەی لەبەردەم نەبێ هەمیشە باشە، چونکە ئیستبداد گورزو زیانی سەرسوڕهێنەر لە سروشتی مرۆڤایەتی دەدا. کەواتە تەنانەت ئەگەر کردەوەیەکی خراپ پێشی ئیستبداو ملهوڕی بگرێ و سنووری بۆ دابنێ، بۆ خۆی بەکردەوەیەکی باش دەژمێردرێ.

ئەو پاشایانەی کە دەسەڵاتەکانیان بێ سنوور دێتە بەرچاو، ئاستەنگ و بەربەستی زۆر بچووک دەتوانێ پێشیان لێبگرێت، ئەوان بەردەوام غورووری سروشتی خۆیان دەکەنە پاشکۆی نوێژو پاڕانەوە، وەکو ئەو دەریایانە وان کە دەڵێی دەیانەوێ گشت زەوی بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. بەڵام بچووکترین گیاو وردە بەردی کەنارەکان دەتوانن پێشیان لێ بگرن.

ئینگلیزەکان بۆ هاندان و بەهێز کردنی ئازادی هەموو دەسەڵاتە نێوبەندییەکانیان لەناو حکومەتی دەستووریدا لەناوبردووە. ئەوان مافی خۆیانە پارێزگاری لەو ئازادییە بکەن، چونکە ئەگەر ئەو ئازادییە لە دەست بدەن دەبنە یەکێک لە نەتەوە ژێردەستەکانی جیهان و لە کۆیلەیی و بەندەییدا ژیان بەسەر دەبەن.

بەڕێز (لاو) کە نە هیچی لەمەڕ دەستووری (یاسای بنەڕەتی) حکومەتی کۆماری دەزانی و نە ئاگاداری دەستووری حکومەتی پاشایەتی دەستووری بوو، بوو بەیەکێک لە گەورەترین لایەنگرانی ئیستبدادو ملهوڕی لە ئەورووپا. ئەو سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوو نائاساییی و سەرسوڕهێنەرانەی کە هێنایە ئاراوە، دەیەویست چینەکانی نێوبەندیش لەناوبەرێ و دەستە و تاقمە سیاسییەکان نەهێڵێ. ئەو بەهۆی بەخشینی پارەی بێ جێ، حکومەتی دەستووری بەرەو نەمان و لەناوچوون بردو تەنانەت دەیەویست، یاسای بنەڕەتی (دەستوور)یش بکڕێت.

تەنیا بوونی چینی ناوەڕاست لە حکومەتی دەستووریدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە پارێزگاری لە یاساکانیش بکرێ. ئەو پاراستنە لە رێگای چاوەدێری دەستەو تاقمە سیاسییەکانەوە دەبێ. چونکە هەرکاتێ یاسایەک داڕێژرا ئەو یاسایە رادەگەیەنن و



جێبەجێی دەکەن و ئەگەر هاتوو فەرامۆشیش کرا ئەوا وەبیری خەڵکیان دێننەوە.

نەزانیی سروشتی ئەرستۆکراتەکان و گوێ نەدان و پابەندنەبوونیان بەحکومەتی مەدەنی وا دەخوازێ کە دەستەیەکی سیاسی بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بەردەوام یاساکان لەژێر گەردو خۆڵی ئەو چاڵانە دەربێنن کە تێیدا نێژراون. شورای پاشایەتی پارێزەرێکی گونجاوی یاساکان نییە، چونکە شورا بەپێی سروشتی خۆی پارێزەرو پشتیوانی ئیرادەی کاتیی پاشایە و جێبەجێیان دەکا و پارێزەری دەستوور نییە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی شورای سەڵتەنەتی بەردەوام دەگۆڕێ و هەمیشەیی نییە و ناتوانێ خاوەنی ئەندامی زۆربێت و و بەڕادەی پێویست جێگای متمانەی خەڵک نییە. هەر بۆیە شورای ناوبراو ناتوانێ لەکاتی کێشەو گرفتەکاندا رێنوینی پاشا بکاو ناچاری بکات رێز لە یاسا بگرێت. لەبەر ئەوەی دەستوور لە حکومەتە ئیستبدادییەکاندا نییە هەر بۆیە پارێزەرانی یاساش لە هیچ کوێ دیارنین. لەم وڵاتانەدا هەمیشە ئایین لە رادەبەدەر بەهێزە چونکە دەستووراتی ئایینی بۆ خۆی پارێزەرێکی بەردەوامی یاسایەو ئەگەر ئایینیش نەبێ ئەوا ئەو دابونەریتانەی کە جێگای رێزی خەڵکن شوێنی یاسا ئایینییەکان دەگرنەوە.

## بەشی پێنجەم: یاسای تایبەت بە سروشتی حکومەتی ئیستبدادی

سروشت و ماهییەتی حکومەت و دەسەڵاتی ئیستبدادی بەم جۆرەیە؛ لەبەر ئەوەی تەنیا تاکەکەسێک دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایە، دەبێ لە پاش ئەویش جێبەجێکاری ئەو دەسەڵاتە هەمیشە تاکەکەسێک دەردەچێ. ئاشکرایە ئەو کەسەی هەر پێنج هەستەکەی بەردەوام ئاگاداری دەکەنەوە ئەو هەموو شتێکەو ئەوانیتر هیچ نین، ئەوا بێ گومان تەمبەڵ و شەهوەتپەرست و نەزان دەبێت، هەر بۆیە گوێ ناداتە کاروبارەکان. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو کارانە بداتە دەست چەند کەسێکەوە ئەوا لە نێوان ئەو چەند کەسەدا شەڕو ئاژاوە دروست دەبێ و هەر کامێکیان جۆرە مەراییەکی بۆ دەکا بۆ ئەوەی بۆخۆی ببێتە یەکەمین بەندەی پاشا، ئەوکاتە پاشا ناچار دەبێ دەست بخاتە کاروبارەکانی وڵاتەوە. کەواتە سروشتیترین و نزیکترین حاڵەت لە سروشتی حکومەتی ئیستبدادی ئەوەیە کە کاروبار تەنیا بە کەسێک بسپێرێ و پاشا تەنیا بیانداتە دەستی یەک وەزیر، بۆ ئەوەی گشت سەلاحیاتەکانی پاشای هەبێ. لێرەدا دیاریکردنی وەزیرێک لەم جۆرە حکومەتانەدا بۆخۆی بەجۆرە یاسایەکی بنەڕەتی دەژمێردرێ. دەڵێن کاتێک پاپا هەڵبژێردرا، لەبەر ئەوەی پەی بە بێ توانایی و لێنەهاتووی خۆی بردبوو لە سەرەتادا زۆر کێشەی دەنایەوە، بەڵام سەرەئەنجام ئەوەی قبوڵ کرد کە هەموو کارەکان بداتە دەست برازاکەی خۆی، پاشان

دەستی دەخستە کاروبارەکانی وڵات و دەیگوت: «هەرگیز نەمدەزانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ئەوەندە ئاسانە.».

پاشاکانی رۆژهەڵاتیش ئەوە حاڵیانە[٩] بەڵام هەر کە ئەوان لەو زیندانەی کە تێیدا بەردەوام دەهۆڵ کوتەکان دڵ و هۆشیان بێ هێزو لاواز دەکەن و تەنانەت زۆربەی کات بارودۆخی وڵاتیشیان لێ دەشارنەوە، دێننە دەرێ و لەسەر کورسی پاشایەتی دادەنیشن، لەسەرەتادا دەتاسێن و واقیان وڕدەمێنێ بەڵام کاتێ وەزیرێکیان بدرێتێ و بۆ خۆیان لەناو حەرەمسەراکاندا خەریکی رابواردن بن و لە نێو دەربارییەکاندا گەمژانەترین هەواو هەوەسەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوکاتە ئەوانیش وەکو پاپا دەڵێن هیچ کات حکومەتکردن ئەوەندە ئاسان نەبووە!!!

هەرچەندە وڵات گەورەتر بێ حەرەمسەراش گەورەتر دەبێ و لە ئەنجامدا پاشا زیاتر پابەندی شەهوەت دەبێ. بەم جۆرە لەو حکومەتانەدا چەندە ژێردەسەتەکانی پاشا زۆرتر بن، پاشا کەمتر لە بیری خزمەتکردنی ئەوان دادەبێ و چەندی کاروباری وڵات گرنگتر بێ ئەوا کەمتر لە بارەی کاروباری وڵاتەوە راوێژ لەگەڵ کەسانی تردا دەکا.

# پرەنسیپی حکومەتەکان

## بەشی یەکەم: جیاوازی نێوان سروشتی حکومەت و پرەنسیپەکانی

پاش لێتوێژینەوە لەو بابەتەی کە کام دەستە لە یاساکان پەیوەندییان بە سروشتی حکومەتەکانەوە هەیە، ئێستا پێویستە بزانین کام یەک لەو یاسایانە پەیوەندیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی حکومەتی دا هەیە.

لە نێوان سروشتی حکومەت و پرەنسیپەکانیدا ئەم جیاوازییە هەیە[١٠]. سروشتەکەی حکومەتی بەو جۆرە لێکردووە کە هەیە، بەڵام پرەنسیپەکانی ناچاری دەکات کردەوە لە خۆی نیشان بدات، بەو مانایە کە سروشت وەکو پەیکەر و پێکهاتەی تایبەتی حکومەتە، لەکاتێکدا پرەنسیپەکان ئەو بزوێنەرانەن کەوا لە حکومەت دەکەن بجوڵێ. هەروەها یەکێکیان بریتییە لە پێکهاتە تایبەتییەکەی و ئەویتریان بریتییە لە تەمایل و لایەنگری ئەو خەڵکەی بەجوڵەی دەخەن. کەواتە پێویستە یاساکان بەڕادەی سروشتی حکومەت لەگەڵ پرەنسیپەکانیشدا پەیوەندییان هەبێ.

کەواتە پێویستە ئەوە بزانین کە پرەنسیپی حکومەت هیچی لە سروشتی حکومەت کەمتر نییەو بەڕادەی ئەو گرنگە. بۆ ناسینی ئەو پرەنسیپانە من لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دەدەم و دەرەئەنجامی زۆریش دەدەم بەدەستەوە. بەڵێ ئەو کارە بەئەنجام دەگەیەنم.

## بەشی دووەم: پرەنسیپی حکومەتە جۆراوجۆرەکان

من ئاماژەم بەوەدا کە سروشتی حکومەتی کۆماری ئەوەیە کە گشت گەل یان کۆمەڵێک بنەماڵە دەسەڵاتیان لە دەست دابێت. سروشتی حکومەتی دەستووری بریتییە لەوەی کە پاشا کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، بەڵام بەپێی یاسایەکی دیاریکراو. هەروەها سروشتی حکومەتی ئیستبدادی ئەوەیە کە تاکەکەسێک بەپێی ئیرادەو ئارەزووی خۆی فەرمانڕەوای بکات. کەواتە بۆ دۆزینەوەی پرەنسیپەکانی ئەو سێ حکومەتە لەوە زیاتر پێویستمان بەروونکردنەوە نییە چونکە ئەو سێ حکومەتە حەتمەن لەو پرەنسیپانە پێک دێن.



ئێمە بابەتەکەمان بە حکومەتی کۆماری دەست پێ دەکەین و لە سەرەتادا باسی دیموکراسی دەکەین.

## بەشی سێهەم: پرەنسیپی دیموکراسی

بۆ ئەوەی حکومەتێکی دەستووری یان حکومەتێکی ئیستبدادی خۆی بپارێزی و درێژ بەژیانی خۆی بدا، پێویستییەکی زۆریان بەچاکەکاری نییە. لە رژێمی یەکەم هێزی یاساو لە رژێمی دووەمیشدا حوکم و ئیرادەی پاشا بەردەوام بۆ بڕیارو حوکمدان ئامادەن و دەتوانن هەموو شتێ ڕێک بخەن یان پێشی هەموو شتێ بگرن. بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا شتێکی تریش پێویستە و ئەویش بریتییە لە فەزیلەت. ئەوەی باسی دەکەم بەدرێژایی مێژوو راست بووەو زۆر بەباشی لەگەڵ سروشتی حکومەتەکاندا دەگونجێ[١١]. چونکە ئاشکرایە لەناو حکومەتێکی پاشایی دەستووریدا کە جێبەجێکاری یاسا خۆی لە سەروی یاساوە دەبینێ، کەمتر پێویستی بە فەزیلەت هەیە، بەڵام لە حکومەتی گەلدا جێبەجێکاری یاسا وا هەست دەکات کە خۆشی دەبێ ملکەچی یاسا بێت و پێویستە شان بداتە بەرباری یاسا.

ئەوەش روون و ئاشکرایە کە هەرکاتێ پاشا بەهۆی راوێژکارە ناکارامە یان کەمتەرخەمەکانی خۆیەوە وازی لە جێبەجێکردنی یاسا هێنا، بەئاسانی دەتوانێ ئەو زیانە قەرەبوو بکاتەوە، چونکە دەتوانێ تەنیا لە ڕێگای گۆڕینی راوێژکارەکان یان وازهێنانی خۆی لە کەمتەرخەمی باروودۆخەکە باش بکا. بەڵام لە حکومەتی گەلدا ئەگەر جێبەجێکردنی یاسا پشتگوێ بخرێ ئەوە نیشانەی گەندڵبوونی کۆمەڵگایەو لەم حاڵەتەدا دەوڵەت بەرەو نابوودی دەچێ.

لە ماوەی سەدەی رابردوودا «سەدەی حەڤدەهەم» ئینگلتەرا هەوڵێکی بێهودەیدا بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، چونکە ئەو کردەوەیە بەرواڵەت جوان خۆی دەنواند، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی دەستیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات داهەبوو، خاوەنی فەزیلەت نەبوون و ئارەزوویان بۆ پلەوپایە بەهۆی سەرکەوتنی کەسێکەوە کە ئازایەتی و هەڵەشەیی لە خۆی نیشان دابوو گەشەی دەسەند[١٢]، بیروبۆچوونی دەستەیەک دەبووە ڕێگر لە بەردەم بیروبۆچوونی دەستەیەکی تردا، واتە مەرام و مەبەستی دەستەی ئازادیخوازەکان ڕێگربوو لەبەردەم مەرام و مەبەستی دەستەیەکی تردا.

**«حکومەت بەردەوام دەگۆڕاو خەڵک سەری سوڕمابوو، لە هەموو شوێنێ بەدوای دیموکراسیدا دەگەڕا و لە هیچ کوێ بەدەستی نەدەهێنا».**

لە کۆتاییدا پاش زیان و زەرەرێکی زۆر تێگەیشتن پێویستە ملکەچی هەمان ئەو حکومەتە بن کە دەریان کردووە.

کاتێ لە رۆما «سیلا» ویستی ئازادی بەخەڵک ببەخشێ، خەڵکی رۆما نەیانتوانی سوود لەو ئازادییە وەربگرن، چونکە تەنیا بەشێکی زۆر کەم فەزیلەت لە ناویاندا مابوو و ئەویش بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە دەچوو. لە ئەنجامدا لە جیاتی ئەوەی دوای حکومەتی سزار، تی بێر، کایوس، کلود، نیرۆن، دۆمیسین ئەو فەزیلەتە بەهێز بێ و گەشە بکا بە پێچەوانەوە لە جاران زیاتر لاواز بوو، هەموو گورزی بزاڤە ئازادیخوازییەکان درا لە تاکەکەس و ستەمکارەکان لە جیاتی ئەوەی بدرێ لە خودی ستەمکاری.

سیاسەتمەدارەکانی یۆنان کە لەناو حکومەتی گەلدا ژیانیان بەسەر دەبرد، هیچ هێزێکی تریان جگە لە فەزیلەت بۆ پاراستنی خۆیان شک نەدەبرد، بەڵام سیاسییەکانی ئەمڕۆی ئێمە تەنیا باسی کارگە و بازرگانی و دارایی و سەرمایەو جوانکاری دەکەن.

هەر کاتێ فەزیلەت لەناوبچێ، پلەوپایەی خوازی کە بەشێکە لە تایبەتمەندی فیتری مرۆڤ بەسەر مرۆڤ دا زاڵ دەبێ. هیچ و پووچی بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی دڵەکان دەئاخنێ. مەسەلەی مەیل و ئارەزوو گۆڕانی بەسەردادێ و مرۆڤ هەواو هەوەس دایدەگرێ و لەهەر ساتێکدا گەرەکییەتی شتی نوێ بەدەست بێنێ. بەم جۆرە خەڵک ئەو شتەی جاران خۆشیان دەویست ئیتر خۆشیان ناوێ.

پێشتر ئازادبوون بە مەرجێک پەیڕەویان لە یاسا کردبا، بەڵام لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەیانەوێ بەپێچەوانەی یاسا بجولێنەوە و ئازادبن. هەموو کەسێک وەکو ئەو کۆیلەیە وایە کە لەماڵی ئاغاکەی رایکردبێ، هەموو ئەو شتانەی کە بەپیرۆزو جێگای رێز دەژمێردرێن، وەکو سەختگیری سەیری دەکرێ و هەموو ئەو شتانەی پێیان دەگوترێ رێساو رێکوپێکی بەمایەی زەحمەت و ئازار لێک دەدرێنەوە. وردبوونەوەو چاودێریکردن وەکو ترس و تۆقاندن تەماشا دەکرێ و میانڕۆیی و قەناعەت وەکو پووچی و بێ دەسەڵاتی سەیری دەکرێ. بەبوونی فەزیلەت، دارایی تایبەتی خەزێنەی گشتی پێکدێنێ و خەزێنە لە داهاتی گشتی دەئاخنرێ، بەڵام لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا خەزێنەی گشتی موڵکی هەندێ کەسەو هەرکەس لە جێگای خۆی هەوڵ دەدا سوودێکی بێ ماندووبوونی چنگ کەوێ. لێرەدایە کە کۆمار وەکو لاشەیەک دەکەوێ و هێزەکەی بریتی دەبێ لە هێزی چەند کەسێکی دەسەڵاتدارو سەرەڕۆیی و بەرەڵڵایی گشتی.

وڵاتی ئەسینا کاتێ گەورەترین وڵاتی دونیای کۆن بوو هێزو شانازییەکەی لە ژێر سایەی فەزیلەت دا بەدەست هێناو کاتێکیش بەرەو نەمان چوو و بوو بە کۆیلەی



نەتەوەکانی دیکە تەنیا لەبەر لەدەستدانی ئەو فەزیلەتە بوو.

وڵاتی ئەسینا ئەوکاتەی لە بەرامبەر هێرشی ئێرانییەکاندا خۆڕاگری کردو یۆنانییەکانی دەپاراست و هەروەها ئەو سەردەمەش کە بەرگری لە ئیمپراتۆریەتی یۆنانی دەکرد لە بەرامبەر سپارتییەکان و هێرشی دەکردە سەر دورگەی سیسیل، دانیشتوانەکەی تەنیا بیست هەزار کەس بوو، و ئەوکاتەش کە دمتریۆس دوفالێر، یۆنانییەکانی وەکو ئەو کۆیلانەی کە لە بازاڕ دەژمێردرێن، سەرژمێری کرد و ئەسینا تووشی رۆژڕەشی هاتبوو، دیسان دانیشتووانەکەی بیست هەزارکەس بوون. کەواتە ژمارەو چەندایەتی دانیشتوان هیچ جۆرە کاریگەری لەسەر پێشکەوتن و لەناوچوونی ئەسینا نەبووە، بەڵکو تەنیا ئەخلاق بوو کە ئەو بارودۆخانەی دروستکردو بوونی فەزیلەت و لەدەستدانی بووە هۆی مەزنی و داروخانی یۆنان.

ئەو سەردەمەی کە فیلیپ وێرا بیر لە فەرمانڕەوای یۆنان بکاتەوەو گەیشتە دەروازەی ئەسینا، هیچ کەس لە بەرامبەریدا رانەوەستاو تەنانەت یەک سەربازیشی لەدەست نەدا.

دەتوانین لە نووسینەکانی دەموستن -ەوە بەباشی تێبگەین کە فیلیپ بۆ وەخەبەرهێنانی خەڵکی ئەسینا چەندە هەوڵی بێ ئاکامیدا. خەڵکی ئەسینا لە فیلیپ دەترسان، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی دوژمنی ئازادی ئەوان بوو و دەیەویست ئازادییان لێ داگیربکا بەڵکو لەبەر ئەوەی وەکو دوژمنی هەوەسبازییەکانی ئەوان سەیری دەکراو پێشی لە کەیف و رابواردنی یۆنانییەکان دەگرت.

ئەگەرچی شاری ئەسینا لە بەرامبەر ئەو هەموو تێکشکانانەدا خۆی راگرت و پاش ئەو هەموو وێرانییە یەک لە دوای یەک دووبارە ئاوەدان بۆوە، بەڵام لە (شرنە) بەیەکجاری تێک شکا. فیلیپ دیلەکانی ئازاد دەکرد، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو چونکە ئەو کەسانەی ئازاد دەکران ئیتر مرۆڤ نەبوون و نەیاندەتوانی دژی فیلیپ رابپەڕن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا زاڵ بوون بەسەر هێزی ئەو شارەدا بەهۆی لەناوچوونی فەزیلەتی نەتەوەیی بۆ فیلیپ بەو رادەیە ئاسان بوو کە لەرابردوودا زاڵ بوون بەسەر فەزیلەتەکەیاندا کارێکی ئاستەم و گران بوو. کاتێک کارتاژ فەزیلەتی نەتەوەی خۆی لەدەست دا ئیدی چۆن دەیتوانی پارێزگاری لە خۆی بکا.

خەڵکی کارتاژ بەڕادەیەک تووشی گەندەڵی هاتبوون کە ئانیبالی سەرکردەو دەسەڵاتداری خۆیانیان لە بەرامبەر رۆمانەکان، واتە لە بەرامبەر دوژمنی خۆیاندا بە تاوانبارو بێ ئابروو لە قەڵەمدا، تەنیا لەبەر ئەوەی ئانیبال دەیەویست پێش لە گەندەڵی و خراپەکارییەکانی دەسەڵاتدارانی کارتاژی بگرێ.

**بەدبەختن ئەو کەسانەی دەیانەوێ خەڵکی وڵاتێک بن کە لە راستیدا ئەو وڵاتە بەمانا راستەقینەکەی بوونی نییە. چەند چارەڕەشن ئەو کەسانەی دەیانەوێ پارێزگاری لە دارایی و سەرمایەی خۆیان بکەن لە بەرامبەر چاوچنۆکی و تەماعکاری بێ ئەندازەی ئەو کەسانەی کە نابوودکەری سەرمایەی گشتین.**

هەر لەبەر ئەوەبوو کە لەماوەیەکی کەمدا رۆما توانی سێ سەد کەس لە گرنگترین کەسەکانی کارتاژ وەکو بارمتە بەدیل بگرێ و چەک و کەشتییەکانیان داگیر بکاو پاشان جاڕی شەڕیان لە دژ بدات.

بەسەرنجدانی مێژووی کارتاژ دەتوانین گرنگی فەزیلەت لەناو کۆمەڵگادا هەست پێ بکەین. کارتاژییەکان بەهۆی لەدەست دانی فەزیلەتەوە، پیاوە گەورەو شتومەک و پێداویستیەکانی خۆیان دایە دەست رۆمانەکان و چەک کران. ئەوکاتەی کارتاژ بەهێزبوو، لە رێگای فەزیلەتی نەتەوەییەوە دەیتوانی چەندەها کاری مەزن ئەنجام بدا. دەتوانین بەهۆی شرۆڤەی مێژووی ئەو نەتەوەیە حوکم بدەین کە لە ئەنجامی لەدەست چوونی فەزیلەت لە نێو گەلدا چی روودەداو چۆن هێزو ئابرووی نەتەوە لەناو دەچێت.

## بەشی چوارەم: پرەنسیپی حکومەتی ئەرستۆکراتی

هەروەک چۆن لەناو حکومەتی کۆماریدا فەزیلەت پێویستە ئاواش لەناو حکومەتی ئەرستۆکراتیدا پێویستە، بەڵام بەڕادەی ئەو نییە. چونکە گەل لە بەرامبەر ئەرستۆکراتەکاندا هەروەکو رەعیەت لە بەرامبەر پاشادا سەیریان دەکرێ و بەهۆی یاسا ئەرستۆکراتیەکانەوە پێشی گەل دەگیرێ. هەر بۆیە لەو حکومەتەدا کەمتر لە حکومەتی دیموکراسی فەزیلەت پێویستە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین چۆن دەتوانین پێشی ئەرستۆکراتەکان بگرین.

لەو حکومەتەدا ئەو کەسانەی دەبێ یاساکان دژی هاوکارەکانی خۆیان واتە دژی ئەرستۆکراتەکان جێبەجێ بکەن، هەست دەکەن لە کۆتاییدا دژی خۆشیان هەنگاویان ناوە. کەواتە بەپێی پرەنسیپ و سروشتی حکومەتی ئەرستۆکراتی، بوونی فەزیلەت لەنێو دەسەڵاتدارەکان پێویستە.

حکومەتی ئەرستۆکراتی خۆی لە خۆی دا خاوەنی هێزێکە کە حکومەتی دیموکراسی لێی بێبەشە: لەو جۆرە حکومەتەدا ئەرستۆکراتەکان دەستەیەک پێک دەهێنن کە بەهۆی ئیمتیازات و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بە پێش گەل دەکەونەوە. لەناو حکومەتی ئەرستۆکراتی هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی یاسا بوونی هەبێ چونکە بەرژەوەندی



ئەرستۆکراتەکان وا دەخوازێ کە یاساکان لە بەرامبەر گەلدا جێبەجێ بکرێن. بەڵام بەو رادەیەی کە بۆ دەسەڵاتدارە ئەرستۆکراتەکان رێگرتن لە گەل ئاسانە، هەر بەو رادەیە رێگرتن لە خودی ئەرستۆکراتەکان گران و ئاستەمە. ئەوەیە سروشتی ئەو حکومەتەی کە بەرواڵەت وا دیارە گشت خەڵک ملکەچی هێزی یەک یاسان، لە کاتێک دا کە تاقمێک رێوشوێن و یاسا گشتییەکان جێبەجێ ناکەن و بۆ خۆیان خاوەنی یاسایەکی تایبەتین.

کەواتە لەنێو ئەو دەستەو تاقمانەی کە لە ئەرستۆکراتەکان پێ هاتوون، بۆ خۆیان ناتوانن پێشی خۆیان بگرن تەنیا بەدوو شێواز نەبێ: یان بەهۆی فەزیلەتێکی یەکجار زۆر کە لە رێگای ئەوەوە خەڵک و ئەرستۆکراتەکان یەکسان بن و لەم حاڵەتەدا کۆمارێکی مەزن پێک دەهێنن. یان بەهۆی فەزیلەتێکی کەمتر لەو رادەیە کە ئەویش هەر بەکەڵکەو لە ئاکام دا لانی کەم ئەرستۆکراتەکان لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری یەکسان دەکاو دەبێتە هۆی پاراستنیان.

کەواتە میانەڕۆیی رۆحی ئەو حکومەتانەیە، بەڵام ئەو میانەرۆییەی کە لەسەر بنچینەی فەزیلەت دامەزرابێ نەک لەسەر بنەمای گوێ پێنەدان و تەوەزەلی.

## بەشی پێنجەم: فەزیلەت پرەنسیپی حکومەتی دەستووری نییە.

هەروەک چۆن لە جوانترین ماشینەکانی پیشەسازیدا چەندی بکرێ هەوڵ دەدرێ جوڵەو هێزی چەرخەکان کەمتر بەکار بهێنرێ ئاواش لە ناو حکومەتی دەستووری سەڵتەنەتی دا، سیاسەت پێویستە کاری زۆر گەورە بەکەمترین فەزیلەت ئەنجامبدا. لێرەدا دەبێ سیاسەتمەدارەکان بە فەزیلەتێکی کەمەوە سوودی مەزن بەگەل و کۆمەڵگای خۆیان ببەخشن.

دەوڵەت تەنیا بەهۆی نیشتمانپەروەری و گرنگی دان بەشانازی حەقیقی و لە خۆ بردوویی و فیداکردنی بەنرخترین بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و ئەم جۆرە فەزیلەتە دلێرانەیەوە درێژە بەژیانی خۆی دەدا. بەڵێ ئەم جۆرە سیفەتانە لەناو نەتەوە کۆنەکاندا دەبینران، بەڵام مخابن ئێمە تەنیا ناومان بیستوون.

لە حکومەتی دەستووریدا یاساکان جێگای ئەو فەزیلەت و بەهایانە دەگرێتەوەو ئەگەر نەشبن هێندە پێویست نین، چونکە بوونی ئەو فەزیل و بەهایانە دەبێتە هۆی ئەوەی کاروبارەکان بەبێ هات و هاوار ئەنجام بدرێن، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا پێویستە هەموو کارێک بەهات و هاوارو پڕوپاگەندەوە بەئەنجام بگات.

لە حکومەتە دەستوورییەکاندا پێویستە ئەو تاوانانەی کە لە راتسیدا گشتین لەو

تاوانانەی کە تایبەتین و زیان تەنیا بە کەسێک دەگەیەنن لە یەکتر جیا بکەینەوە. بەڵام بێ گومان دەبێ ئەوە بزانین کە هەموو تاوانەکان لایەنی گشتیان هەیە.

لە حکومەتە کۆمارییەکاندا، تاوانە تایبەتییەکان گشتیترن، بەو واتایەی کە زیاتر زیان بە بنەماکانی دەوڵەت دەگەیەنن نەک بە بەرژەوەندی تاکەکەسی. بەڵام لە حکومەتە دەستوورییەکاندا تاوانە گشتییەکان زیاتر لایەنی تایبەتییان هەیە، چونکە زۆرتر زیان بە تاکەکەسەکان دەگەیەنن نەک بە بنەماکانی دەوڵەت.

تکام ئەوەیە کە لە قسەکانم نەڕەنجێن، چونکە لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی جیهاندا بەر لە من باسی ئەم بابەتەیان کردووە. باش دەزانم بوونی پاشای خاوەن فەزیلەتیش شتێکی زۆر دەگمەن نییە، بەڵام دەڵێم لە حکومەتێکی دەستووریدا زۆر ئاستەمە خەڵک خاوەنی فەزیلەت بێت.

ئەگەر ئەوەی مێژوونووسەکان لە هەموو سەردەمەکاندا لەمەڕ دەرباری پاشاکان نووسیویانە بخوێننەوەو قسەوباسی پیاوانی وڵات لەسەر بێ ئەخلاقی دەربارییەکان بەبیر خۆتان بێننەوە، بۆتان دەردەکەوێ ئەوانە تەنیا چەند بیرۆکەیەک نین بەڵکو ئەنجامی کۆمەڵی ئەزموونی تاڵن.

بەبڕوای من پلەخوازی، بێکاری، هیچی، خۆبەزلزانی، ئارەزوو بۆ کۆکردنەوەی دارایی بەبێ کارکردن، نەفرەتکردن لە حەقیقەت، مەرایی، خیانەت، دووڕوویی، پەیمان شکێنی، گوێ نەدانە ئەرکە نەتەوەییەکان، ترسان لە فەزیلەتی پاشاو ئاواتی لاوازبوونی، و لە هەمووشیان زیاتر گاڵتەکردنی بەردەوام بە فەزیلەت، نیشانەو سیفەتی زۆربەی دەربارییەکانە لەگشت کات و لە هەموو وڵاتەکاندا.

بەڵام زۆر ئاستەم و تاقەت پڕوکێنە کە زۆربەی پیاوە ناودارەکانی وڵاتێک، کەسانی بێ بەهاو ناڕاست بن و هەموو خەڵکانی ژێردەست و چینی خوارتر کەسانی چاکەکاربن. ئەوان خەڵک هەڵخەڵەتێن بن و ئەمانیش بەردەوام فریو بخۆن. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ئەگەر مرۆڤێکی ڕاست لەناو خەڵکێکی ئاوادا سەردەربێنێ ئەوا کەسێکی بەدبەختە.

کاردینال ریشیلیو لە وەسیەتنامە سیاسییەکەیدا بەئاشکرا وتوویەتی پاشا نابێ کەسێکی لەم چەشنە لەلای خۆی دامەزرێنێ.

لێرەوە بەڕاستی بۆمان دەرکەوێ کە فەزیلەت بزوێنەری ئەم جۆرە حکومەتە نییە بەڵام بوونیشی لەناو حکومەتێکی لەم چەشنەدا مەحال نییە.



## بەشی شەشەم: لە حکومەتی دەستووریدا چ میکانیزمێک جێگای فەزیلەت دەگرێتەوە

من بۆ دەربڕینی مەبەستەکەم پەلە دەکەم و هەنگاوی خێراتر دەنێم بۆ ئەوەی وابیر نەکەنەوە کە دەمەوێ گاڵتەو سوکایەتی بە حکومەتی دەسووری بکەم. نەخێر، ئەگەرچی حکومەتی دەستووری لەو بزوێنەرە بێ بەشە کە باسمان کرد، بەڵام لە بەرامبەردا خاوەن بزوێنەرێکی ترە. شەرافەت، واتە بیروباوەڕی هەرکەس و هەر خاوەن پلەوپایەیەک جێگای فەزیلەتی سیاسی دەگرێتەوە و لە هەموو شوێنێ وەکو جێنشینی ئەو خۆ دەنوێنێ. شەرافەت دەتوانێ ببێتە هۆی ئەنجامدانی باشترین کارو کردەوە و ئەگەر بێتو لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادا هاوڕێ بێ، هەروەکو فەزیلەت مەبەستی حکومەت، واتە گەشەسەندن، دابین دەکات. بەم شێوەیە لەو وڵاتانەی کە خاوەن حکومەتی دەستووری ڕێکوپێکن، هەموو تاکەکەسێ، تاکێکی باش و بەسوودی کۆمەڵگا دەبێ، بەڵام بەدەگمەن کەسێکی چاکەکار سەردەردێنێ، چونکە بۆ چاکەکار[١٣] بوون، پێویستە مرۆڤ نیازی چاکەکارانەی هەبێ و حکومەتی لە گیانی خۆی زیاتر خۆش بوێت.

## بەشی حەوتەم: پرەنسیپی حکومەتی دەستووری

هەروەک گوتمان لە حکومەتی دەستووریدا مافی وەپێشخستن و پۆلێنکردن و تەنانەت خانەدانی و ڕەسەنایەتی ئەژدادیش جێگای گرنگی پێدانە. واتە ئەو ئیمتیازاتانە لە حکومەتی دەستووری دا وجودیان هەیە. چونکە سروشتی شەرافەت وا دەخوازێ کە هەندێ ئیمتیازات و تایبەتمەندێتی هەبێ، هەر بۆیە ئەو ئیمتیازاتانە بەسروشتی ئەو حکومەتە دەژمێردرێن.

لە حکومەتی کۆماریدا پلەوپایەخوازی دەبێتە هۆی گەندەڵی، بەڵام ڕەنگە بۆ حکومەتی دەستووری هەندێ دەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە ئەوە جگە لەوەی کە ئەو سیفەتە ڕەونەقێک بە حکومەتی دەستووری دەدا، یەکێک لە باشییەکانی تری ئەوەیە کە جێگای مەترسی نییە چونکە دەتوانرێ بەردەوام پێشی لێ بگیرێت.

ئەم حاڵەتە چەندە بە خولانەوەی زەوی دەچێ کە تێیدا هەمیشە هێزێک هەموو تەنەکان لەچەق دەردەپەڕێنێ و هێزی کێشکردنی زەویش بەردەوام بەرەو چەق دەیانکێشێ.

شەرافەت هەموو بەشەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەجوڵێنێ و بەهۆی کاریگەریەکەوە بەیەکتریان دەبەستێتەوەو لە ئاکامدا هەموو کەس بەنییەتی ئەوەی خزمەتی

بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکا، خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێ.

راستە ئەو شەرافەتە لەرووی فەلسەفییەوە شەرافەتێکی روالّەتی و دەستکردە کە هەموو بەشەکانی دەوڵەت بەرێوەدەبا، بەلاّم هەر ئەو شەرافەتە روالّەتییە بەرادەی شەرافەتی راستەقینە بۆ خەلّکی ئاسایی سوودی هەیە.

ئایا ئەوە بۆ خۆی گرنگ و جێگای رامان نییە کە تاکەکان ناچار بکرێن کاری زۆر ئاستەم و گران ئەنجام بدەن، ئەو کارانەی کە پێویستیان بە بەخشینی هێزێکی زۆرە، بەبێ ئەوەی هیچ پاداشتێکیان دەست کەوێت جگە لە ناوبانگ؟

## بەشی هەشتەم: شەرافەت بنەمای حکومەتی ئیستبدادی نییە

شەرافەت بنەمای حکومەتی ئیستبدادی نییە! چونکە لە ژێر چەتری ئیستبدادییەتدا هەموو خەڵک لەگەڵ یەکدا یەکسانن، هەر بۆیە کەس ناتوانێ خۆی بە بەرزتر بزانێ. لە حکومەتە ئیستبدادییەکاندا هەموو کەسێ کۆیلەیەو هیچ کەسێ لەچاو ئەوانی تر خاوەن ئیمتیازات نییە.

شەرافەت هەندێ یاساو رێسای تایبەت بەخۆی هەیە و ناتوانێ ملکەچی هەندێ رێوشوێنی دیکە بێ، هەر بۆیە تەنیا لەو ولاّتانەدا بەرچاو دەکەوێ کە خودان بنەمایەکی جێگیرن و یاسای نەگۆڕیان هەیەو لە هەر ساتێدا مەترسی ئاڵوگۆڕیان لەسەر نییە.

مرۆڤی ملهوڕو موستەبد چۆن دەتوانێ شەرافەتی کەسانی تر قبوڵ بکاو دانی پیابنێ؟ مرۆڤێکی شەرافەتمەند دڵی بەوە خۆشەو خۆی بەسەربەرز دەزانێ کە ژیانی بەهیچ وەرگرتووەو لە مەرگ ناترسێ، بەلاّم کەسێکی موستەبد هێزەکەی لەوەوە هاتووە کە دەتوانێ ژیان لە کەسانی دیکە بسێنێتەوە. شەرافەت چۆن دەتوانێ بچێتە ژێر باری ئستبدادەوە لەکاتێکدا ئەو خاوەن یاسای نووسراوو ئامانجی دیاریکراوو رێکو پێکەو لای هەمووانیش ئاشکرایە کە مرۆڤی ملهوڕو موستەبد پابەندی هیچ جۆرە یاسایەک نییەو هەواو هەوەسەکانی خۆی لەسەرو هەموو رێوشوێن و یاسایەکەوە دادەنێت و دەیەوێ ئەوانی تر نابوود و وێران بکات.

ئەو شەرافەتەی کە لە ولاّتە ئیستبدادییەکان تەنانەت زۆربەی کات ناویشی نییە لە ولاّتە دەستوورییەکاندا فەرمانڕەوایەو هێز دەبەخشێتە گشت دەسەلاّتە سیاسی و یاساییەکان.



## بەشی نۆیەم: پرەنسیپی حکومەتی ئیستبدادی

هەروەک چۆن فەزیلەت بۆ حکومەتی کۆماری و شەرافەت بوو ولاّتی دەستووری پێویستە ئاواش لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا بوونی ترس بەمەرجی سەرەکی دادەنرێ، چونکە لەو جۆرە حکومەتانەدا فەزیلەت هیچ پێویست نییەو شەرافەتیش جێگای مەترسییە.

لە دەوڵەتی ئیستبدادیدا ئەگەر هێزو دەسەلاّتی دیارینەکراوی پاشا بەهەرکەس بدرێ دەبێتە هۆی هەلّگەڕانەوەو لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی نرخ و رێزێکی زۆر بۆ خۆیان دادەنێن دەتوانن دەست بدەنە ئەنجامدانی شۆڕش، هەر بۆیە پێویستە ترس هەموو دلێری و ئازایەتیەکان بەچۆک دابێنێ و بچووکترین هەستی پلەخوازی لەناو بەرێ.

حکومەتێکی میانڕۆ دەتوانێ بەبێ هیچ چەشنە مەترسییەک تارادەیەک سەختگیرییەکانی کەم کاتەوەو پێشی خەڵک ئازاد بکا، چونکە لەراستیدا یاسا و تەنانەت دەسەلاّتی خودی ئەو حکومەتە دەتوانن پارێزگاری لێبکەن، بەلاّم لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا ئەگەر پاشا بۆ تەنیا ساتێ دەستی تەمێ کردن هەلّنەبرێ و ئەگەر ئەو کەسانەی پلەو پایە گرنگەکانیان داگیر کردووە لە پاشا نەترسێن، هەموو شتێ لەناو دەچێ، چونکە ئەگەر ترس کە بزوێنەری سەرەکی حکومەتە لەناو بچێ، ئیتر گەل هیچ جۆرە پشتیوانێکی نامێنێت. لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دادوەرەکان فتوایان دەرکرد کە سوڵتان ناچار نییە وەفادار بێ بەبەلّێن و سوێندەکانی خۆی. ئەم فتوایە بەئاشکرا لەبەر ئەوە بووە کە ئەو سوێندو بەلّێنانە دەسەلاّتی سوڵتان بەر تەسک دەکەنەوە[١٤]. چونکە هەروەک چۆن دەبێ یاسا بەسەر خەلّکی ئاساییدا جێبەجێ بکرێ ئاواش دەبێ هەواو هەوەسی پاشا بەسەر گەورە پیاوانی ولاّت دا فەرمانڕەوایی بکا بۆ ئەوەی بچووکترین رەعییەت لە ئەمان دابێ، بەلاّم دەبێ ئەوەشمان لە یادبێ کە ناتوانین بەبێ ترس و وەحشەت باس لەو حکومەتە سەیرانە بکەین چونکە هەمیشە زۆر ترسێنەرو وەحشەتناکن.

سۆفی ئێران[١٥] هەر لەو سەردەمەدا بەدەستی میرۆڤیس لەسەر تەختی حوکمڕانی لابراو حکومەتەکەی وێران بوو بەلاّم پێش ئەوەی ولاّتەکەی داگیر بکرێ بۆ خۆی لەناوچوو، هۆی هەموو ئەو رووداوانە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەرادەی پێویست خوێنڕێژی نەکردبوو و گەورەو یاخییەکانی لەناو نەبردبوو.

مێژوو پێمان دەلّێ کە دلّڕەقییە ترسێنەکانی دۆمیسین فەرماندەکانی بەجۆری توشی ترس و وەحشەت کردبوو کە خەڵک لە سەردەمی حکومەتی ئەودا بەئاسوودەیی ژیانیان بەسەر دەبرد و نەدەکەوتنە بەر ستەم و دەست درێژی فەرماندەکان.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو سێڵاوەی لەلایەکەوە هەموو شتێ وێران دەکا لەلایەکی ترەوە هەندێ کێڵگەو زەوی بەجێ دێڵێ کە لە دوورەوە مێرگ و چیمەنەکانیان دیارە.

بەڵێ، ئەگەرچی ملهوڕی و ئیستبدادی پاشاکان ترسناک و وێرانکارە، بەڵام هەندێ جاریش دەرئەنجامی باشی بۆ گەل لێ دەکەوێتەوە.

## بەشی دەیەم: جیاوازی ملکەچی لە نێوان حکومەتی میانرۆ و حکومەتی ئیستبدادیدا

لە حکومەتە ئیستبدادییەکاندا سروشتی حکومەت پێویستی بە ملکەچییەکی بێ سنوور هەیە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئیرادەی پاشا دەبێ ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاش زۆر بەزوویی بەدیاربکەوێ. لەم جۆرە حکومەتانەدا ئیرادەی پاشا ڕەهاو نەگۆڕە.

لەو حکومەتانەدا بەهیچ جۆری ناکرێ لەمەڕ بڕیارەکانی پاشا گۆڕان، ماوەخواستن، گونجان، کات، گۆڕینی باشتر، ڕەخنەو هیچ چەشنە ناوبژیوانییەک لە گۆڕێ دابێ و بڕیاری پاشا پێویستە جێبەجێ بکرێ و ناکرێ هیچ شتێکی تر پێشنیار بکرێ.

لەو جۆرە حکومەتانەدا مرۆڤ پاشکۆی ئیرادەی مرۆڤێکی دیکەیەو هیچی تر. لە نێو حکومەتی ئیستبدادیدا ناتوانی نیگەرانی خۆت لە ئەگەری ڕوودانی پێشهاتێک دەرببڕی و هەروەها ناکرێ سەرنەکەوتن بەهۆی قەزاو قەدەرەوە تەفسیر بکەی.

لە ژێر ئاڵای حکومەتی ئیستبدادیدا مرۆڤ وەکو ئاژەڵ هیچ شتێکی دەست ناکەوێ جگە لە غەریزەی سروشتی و ملکەچی و تەمێ کردن نەبێ. هەستە سروشتییەکانی وەکو ڕێزی دایک و باوک، خۆشەویستی ژن و منداڵ، یاساکانی شەرافەت و باس کردنی ئەو شتانە هیچ سوودێکی نییە، هەر بڕیارێک کە پاشای ملهوڕ دەری دەکا بەسەو دەبێ پەسند بکرێ و ئەملاو ئەولای نییە.

لە ئێران دا هەرکاتێ پاشا کەسێکی مەحکوم کرد، ئیتر ناتوانرێ لەو بارەوە قسەی لەگەڵ بکرێ یان خوازیاری لێبووردن بێ، تەنانەت ئەگەر حوکمەکەی لەکاتی مەستی و بەبێ بیرکردنەوەو عەقڵ دەرکردبێ دەبێ بەزووترین کات جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر وانەبێ واتای پێشێلکردنی بڕیارەکانی دەگەیەنێ و یاساش کە بڕیاری پاشایە نابێ پێشێل بکرێ. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هەمیشە لە ئێراندا باوبووە.

ئەو بڕیارەی (ئاسو ئروس) لەمەڕ کۆکوژیی یەهودییەکان دەریکردبوو بەهیچ جۆرێ نەدەکرا جێبەجێ نەکرێ، هەر بۆیە یەهودیەکانیش بڕیاریاندا مافی بەرگری واتە کۆکوژیی



دوژمنەکانیان لە پاشا وەگرن[١٦].

لێرەدا تەنیا بابەتێک هەیە کە دەتوانێت لە بەرامبەر ئیرادەی پاشادا بوەستێت و ئەویش بریتییە لە ئایین. ئەگەر پاشای ملهوڕ فەرمان بدا مرۆڤ باوکی خۆی بەجێ بێڵێ، ئەنجامی دەدا و تەنانەت ئەگەر فەرمان بدا بیکوژێ، دەیکوژێ، بەڵام ئەگەر پاشا فەرمان بدا خەڵک دەبێ شەراب بخۆنەوە، نایخۆنەوە چونکە ئایین نەهی لەو کردەوەیە کردووەو یاسا ئایینییەکان ئیجازەی خواردنەوەی شەراب نادەن تەنانەت ئەگەر پاشا بشیەوێ و فەرمانیش بدا.

بەڵێ، یاسا ئایینییەکان بنچینەیەکی بەرزترن چونکە هەم بەسەر پاشاو هەم بەسەر ژێر دەستەکانیدا فەرمانڕەوایی دەکەن. بەڵام لەڕووی مافی سروشتییەوە بەم جۆرە نییە چونکە لەوێدا پاشا تاکێکە وەکو هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگا.

لە وڵاتە دەستووری و میانرۆکاندا شەرافەت دەسەڵات بەرتەسک دەکاتەوە، کەواتە هیچ کەس لەگەڵ پاشادا باسی یاسا ئایینییەکان ناکا، چونکە ئەگەر کەسێکی دەرباری کارێکی لەم جۆرە بکا ئەوا دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی، بەڵام بەردەوام باسی شەرافەت دەکات.

لێرەدایە کە گۆڕانکاری لە گوێڕایەڵی و ملکەچیدا دروست دەبێ. دیارە و ئاشکرایە کە شەرافەت پاشکۆی هەندێ شتی نائاساییەو خەڵکیش پێویستە ملکەچی بن و جێبەجێی بکەن.

هەرچەندە شێوازی ملکەچی و گوێڕاڵی لەم دوو حکومەتەدا جیاوازە، بەڵام دەسەڵات و هێزەکەی یەکسانە. پاشا بەسەر کام لادا قورسایی هەبێ تای تەرازوو بەر ئەو لایە شۆڕدەبێتەوە و گوێڕایەڵی پاشا دەکەن. جیاوازییەکە لێرەدایە کە لە حکومەتی دەستووریدا وەزیرەکان لێهاتووترو لێزانترن لە وەزیری حکومەتی ئیستبدادی.

## بەشی یازدەهەم: تێڕامان و ئەنجامگیری

ئەوەبوون پرەنسیپەکانی ئەو سێ جۆرە حکومەتە: بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لەهەموو حکومەتە کۆمارییەکاندا فەزیلەت فەرمانڕەوایە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە دەبێ وابێ، هەروەها لەو شتانەی باسمان کرد ئەوە ناسەلمێ کە لە حکومەتی دەستووریدا حەتمەن شەرافەت بوونی هەیە یان لەناو حکومەتێکی ئیستبدادی دا ترس و تۆقاندن هەمیشە و بەردەوام لە ئارادایە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە پێویستە وابێ، چونکە ئەگەر وانەبێ حکومەتەکە تووشی کەموکوڕی و ناتەواوی دەبێت.

# پێویستە یاسای پەروەردە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حکومەتدا بگونجێ

## بەشی یەکەم: یاساکانی پەروەردە

یاساکانی پەروەردە بەیەکەمین یاسا دادەنرێن کە بەسەرماندا فەرمانڕەوایی دەکەن و لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانە ئێمە بۆ هاوولاّتی بوون ئامادە دەکەن هەر بۆیە پێویستە هەموو بنەماڵەیەکی تایبەتی لەسەر بنەماکانی نەخشەی بنەماڵەی گەورە کە گشت بنەماڵە بچووکەکان لە خۆ دەگرێ و ناوی کۆمەڵگایە، بەڕێوەبچێ.

ئەگەر گەل خاوەنی هەندێ بنەماو پرەنسیپ بێ، ئەوا بەشە پێکهێنەرەکانیشی واتە بنەماڵەکان خاوەنی هەمان بنەماو پرەنسیپ دەبن کەواتە یاساکانی پەروەردە لە حکومەتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن. یاساکانی پەروەردە بەپێی جۆری حکومەتەکان بەم شێوەیەن:

لە ناو حکومەتی دەستووریدا لەسەر بنەمای شەرافەت و لە حکومەتی کۆماریدا لەسەر بنەمای فەزیلەت و لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا لەسەر بنەمای ترس و ملکەچی دامەزراوە.

## بەشی دووەم: پەروەردە لەنێو حکومەتی دەستووریدا

لەو ولاّتانەدا کە حکومەتەکەیان دەستوورییە بناغەی پەروەردە لەناو قوتابخانەکان دانارێژرێ. بەڵکو هەر ئەوکاتەی کە تاکەکەسەکان دێنە ناو کۆمەڵگاوە پەروەردەکردنیان دەست پێدەکات. کۆمەڵگا هەر ئەو شوێنەیە کە دەتوانین ناوی قوتابخانەی شەرافەتی لێبنێین و ئەو مامۆستا مەزنەیە کە پێویستە خەڵک ڕێنوێنی بکا. لەناو کۆمەڵگادا هەمیشە ئەم سێ شتە دەبینرێ و دەبیسترێ:

لەنێو فەزیلەتدا هەندێ خانەدانی، لەنێو ئەخلاقدا هەندێ ڕاستگۆیی، لەنێو ئاکارو ڕەفتاردا هەندێ ئەدەب. بەلاّم ئەو فەزیلەتەی لەناو حکومەتی دەستووریدا فێری ئێمە دەکرێ ئاکامەکەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە تاکەکەس زۆر گرنگی دەدا بەخۆی و ئەوانیتر لەبیر دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەمان لە هاوولاّتیان و لەوەش زیاتر دەبێتە



هۆی جیابوونەوەو گەورەبوونی ئێمە لەچاو هاوجۆرەکانمان و هەندێ ئیمتیازات دەخاتە بەردەستمان. لەو ولاّتانەی کە حکومەتەکانیان دەستوورییە شێوازی تەحەکوم و هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەی خەڵک بەم جۆرەیە: سەیری جوانی کردەوەی خەڵک دەکرێ نەک باشی، سەیری گەورەیی دەکرێ نەک ڕاستی، سەیری نائاسایی بوون دەکرێ نەک مەعقوول بوون. کەواتە هیچ کەس وەدوای کاری باش ناکەوێ، بەڵکو بەدوای کاری جواندا دەگەڕێ، هەر بۆیە لە ولاّتی دەستووریدا هەرکاتێ شتێ لەگەڵ شەرافەتدا بگونجێ شەرعیەت وەردەگرێ، لێرەدایە شەرافەت یان دەبێتە دادوەرو مەشرووعیەتی پێ دەبەخشێ و یان دەبێتە سەفسەتەباز و لۆژێکیانە پێشانی دەدات.

بەهۆی بوونی شەرافەتەوە خۆشەویستی لە ولاّتە دەستوورییەکاندا وەکو شتێکی ئاسایی سەیری دەکرێ، جا ئەگەر ئەوە پەیوەندی بەهەستی دڵەوە هەبێ یان تەنیا بۆ ڕاکێشان و داگیرکردنی دڵەکان بێ. هەر ئەوەیە وادەکا کە ئەخلاقی خەڵک لەناو حکومەتی دەستووریدا وەکو ئەخلاقی ولاّتە کۆمارییەکان پاک نەبێت.

شەرافەت، مۆڵەت بەفرت و فێڵ دەدا ئەگەر پەیوەندی بە مەزنی بیرو گەشەسەندنی هۆش و فراوانکردنی مامەڵەکانەوە هەبێ، هەروەک چۆن لەناو سیاسەت و وردەکارییەکانیدا فێڵ و هەڵخەڵەتاندن ئاساییەو شەرافەت زامدار ناکا. شەرافەت مۆڵەت بەمەرایی کردن دەدا تەنیا لەیەک کاتدا پێشی لێدەگرێ کە بۆ کۆکردنەوەی سامانێکی گەورە بەکاربهێنرێ و لێرەشدا لەبەر ئەوەی دەربڕی خووخەسڵەتی نزمەو لەگەڵ شەرافەتدا دژایەتی هەیە، هەر بۆیە یاساغ کراوە.

بەلاّم لەمەڕ ئەخلاقەوە: لە باسی پرەنسیپەکانی پەروەردە لە حکومەتی دەستووریدا وتمان پێویستە ئەخلاق لەگەڵ هەندێ ڕاستگۆییدا ئاوێتە بێ. کەواتە لێرەدایە دەبێ لەکاتی قسەکردن و وتار خوێندنەوەدا حەقیقەت بپارێزین. بەلاّم پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئایا، ئەو حەقیقەت بێژیە تەنیا لەرووی خۆشەویستی بۆ حەقیقەتە؟ بەهیچ جۆرێ، تەنیا حەقیقەتیان بۆ ئەوە دەوێ تا پیاوی حەقیقەت بێژ دلێرو ئازا خۆی بنوێنێ و لە ڕاستیدا کەسێکی ئاوا ملکەچی ئەو ڕاستی و حەقیقەتەیە کە لە بابەتەکەیدا باسی دەکا و هیچ گرنگی بەوە نادا کە داخۆ خەڵکانی دیکە چۆن لە قسەکانی تێدەگەن.

هەر بۆیە لە ولاّتە دەستوورییەکاندا دەسەلاّتدارەکان بەو ڕادەیەی کە ئەو جۆرە ڕاستگۆییە لەناو خەڵکدا بلاّو دەکەنەوە، هەر بەو ڕادەیەش هیچ چەشنە گرنگییەک بەڕاستگۆی خەڵکی ئاسایی نادەن کە زۆر ڕاست و ساکارە، زۆر بەسووکایەتییەوە سەیری دەکەن، چونکە ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا نییە.

بەکورتی لە حکومەتی دەستووریدا پەروەردە بڕێک ئەدەب لەنێو ئاکارو ڕەفتاردا دێنێتە ئاراوە، چونکە ئەو کەسانە بۆ ژیان لەگەڵ یەکتریدا خەڵق کراون بۆ ئەوەی یەکتریان خۆش بوێ و لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن. هەر بۆیە ئەو کەسەی ڕێورەسمی ئاداب و پێکەوەژیان نەپارێزێ دەکەوێتە بەر نەفرەت و بێزاری دەوروبەرو بەجۆرێ پەیوەندی لەگەڵدا دەپچڕێن کە ناتوانێ هیچ چەشنە کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لەناو حکومەتی دەستووریدا ئەدەب و ئاکار لەسەرچاوەیەکی بێگەردەوە هەڵناقوڵێ، بەڵکو تەنیا بەهۆی ئارەزوو مەیلیان بۆ دیاربوون سەرهەڵدەدا. لە حکومەتی دەستووریدا بەئەدەب بوونی دەسەڵاتدارەکان یان ئاکامی خۆ بەزلزانییە یان حەزیان لەوەیە هەندێ ئاکارو ڕەفتاری ئەوتۆ ئەنجام بدەن کەبیسەلمێنێ لە ئاستێکی نزمدا لە دایک نەبوونەو هەمیشە بەڕێز بوونەو ئێستاش بەڕێزن و لەگەڵ ئەوکەسانە هەڵسوکەوتیان نەکردووە کە هەمیشە دوورەپەرێزو تەریک بوونە لە کۆمەڵگا.

لە حکومەتی دەستووریدا ئەدەب لە دەربارەوە سەرچاوە دەگرێ و بڵاو دەبێتەوە، کاتێ پیاوێکی دەرباری گرنگی بەخۆی دەدا، ئەوانیتر بەبچووک و کەم دەبینێ و لە ئاکامی ئەو خۆبەزلزانی و غروورەیە بەئەدەب خۆ دەنوێنێ.

لێرەدایە کە دەبێ ڕێزی هەموو کەس بگرێ بۆ ئەوەی هەم کەسە بەئەدەبەکەو هەم ئەو کەسانەی ئەدەب و ڕێزیان پێشکەش کراوە دڵیان خۆش بێ. ئەم جۆرە ڕەفتارە ئەوە دەردەخا کە خاوەنی ئەو کردەوە جوانە، یان پیاوێکی بەئەدەبی دەربارییە یان شایەنی ئەوەیە بچێتە ناو دەربارەوە. لەناو حکومەتی دەستووریدا بارودۆخی دەرباری وا دەخوازێ کە مرۆڤ واز لە گەورەیی سروشتی خۆی بێنێ و گەورەییەکی دەستکرد بەخۆی ببەخشێ ئەو گەورەبوونە ساختەییە زۆر زیاتر لە گەورەیی سروشتی دڵی دەرباریبەکان خۆش دەکا، چونکە حاڵەتێکی شکستە خۆیی شەریفیان پێ دەبەخشێ کە بۆ خەڵکانی تریش دەگوێزرێتەوە و ئەو گواستنەوەیەش بەڕێژەیی دوورکەوتنەوەی لەسەرچاوەی سەرەکی لە خۆ بەزلزانی و غروور کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەدەبەکەی هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەر بۆیە لەناو حکومەتی دەستووریدا ئەوە بەباشی دەبینرێ کە خەڵکی ئاسایی بەبێ ئەوەی خۆ بەزلزانی دەرباریبەکانیان هەبێ خاوەنی ئەدەبی وەکو ئەوانن.

لەناو دەرباردا زەوق و سەلیقەی جوان و ناسک لەناو هەموو شتێکدا دەبینرێ و ئەوەش لە بەکاربردنی بەردەوامی شتە زۆرەکان، لە جۆراوجۆری و فراوانی و تێکەڵاوی هەوەسە دڵگیرو پەسەندەکان و بەکورتی لە ماندووبوون لە چێژ وەرگرتن کە لە ژێر سێبەری سامانی زۆردا لەدایک دەبێ، سەرچاوە دەگرێ.



بەم جۆرە پەروەردە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوەو ئەو کەسەی خاوەنی هەموو ئەو شتانە بێ وەکو پیاوێکی پەروەردەکراو و خودان هەموو ئەو فەزیلەتانە سەیری دەکرێ کە بۆ حکومەتی دەستووری پێویستن. لەم حکومەتەدا شەرافەت لەناو هەموو شتێکدا دەبینرێ و لە گشت بەشەکانی هزر و لە هەموو جۆرە هەست و سۆزێکدا خۆی دەنوێنێ و تەنانەت بنەماکانی حکومەتیش بەڕێوەدەبات.

ئەم شێوازە شەرافەتە سەرسوڕهێنەرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەزیلەت هەر ئەو شتانە بێ کە شێوازو هەلومەرجەکان دەیانەوێ و بەپێی خواستی ئەو، فەزیلەت گۆڕانکاری بەسەردادێ و بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەخەڵکەوە هەیە هەندێ ڕێوشوێن دادەنێ و ئەرکەکان پەرە پێدەدا یان بەویستی خۆی بەرتەسکیان دەکاتەوە جا ئەوانە هەر چ جۆرە ئەرکێک بن ئایینی یا سیاسی و یان ئەخلاقی.

لە حکومەتی پاشایی دەستووریدا هیچ شتێ لە گوێڕایەڵی و ملکەچی کردن بۆ پاشا بەرزتر نییە، نەیاسا ئایینییەکان و نە شەرافەت. بەپێی ئەو وەسفە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئەو شەرافەتە کە لە ژێر سێبەری ئیرادەی پاشا دایە وادەخوازێ کە پاشا هەرگیز کارێ نەکاو فەرمانێک دەرنەکا کە ببێتە هۆی داماڵینی شەرافەت لە خەڵک، چونکە ئەگەر بێتو کەسێ شەرافەتی لێ بسێنرێتەوە، ئیتر شایستەی ئەوە نییە خزمەتی پاشا بکا.

کریبیۆن[١٧] کوشتنی دوک دوگیری ڕەتکردەوە، بەڵام ئەو پێشنیارەی پێشکەشی هێنری سێهەم کرد کە ماوەی بداتێ شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵدا بکات.

پاش ڕوداوی سەن بارتلمی[١٨] شارڵی نۆیەم فەرمانی بەگشت فەرماندەکان دابوو کە پرۆتستانەکان بکوژن، بەڵام ویکنت درێت فەرماندەی بایۆن لە نامەیەکیدا بۆ پاشا نووسی: «سەروەرم لەنێو دانیشتوان شارو لەشکردا خەڵکی باش و باش خەسڵەت و سەربازی چاکم دۆزیەوە، بەڵام جەللادێکم پەیدانەکرد، هەر بۆیە وەکو نۆکەری بەردەرگای پاشایانەت داواکارم، دەست و بازوو ژیانی ئێمە بۆ ئەنجام دانی کاری چاکە بەکاربهێنە.»

بەبڕوای ئەو فەرماندە مەزن و دلێرو جوامێرە بێ غیرەتی کارێکی محاڵ بووە.

شەرافەت زیاتر لە هەموو شتێ بانگەشەی خزمەت کردن بە پاشا دەکا. لەراستیدا خزمەتی سەربازی کارێکی مەزنە، چونکە ڕووداو سەرکەوتنەکان و تەنانەت بەدبەختییەکانی خزمەتی سەربازی مرۆڤ بەرەو گەورەیی دەبات.

بەڵام ئەو شەرافەتەی بارودۆخێکی ئەوتۆ دەخوڵقێنێ، دەیەوێ هەمیشە بۆخۆی حاکم بێ و هەر بۆیە ئەگەر زامدار بکرێ، هەندێ جار وادەخوازێ لەهەندێ کار خۆببوورێ و گۆشەگیربێ.

شەرافەت وا دەخوازێ کە خەڵک بوونی پلەو پایەو نەبوونی وەکو یەک سەیر بکەن و ئازادی بیروڕا لە کۆکردنەوەی سامان بەگرنگتر بزانن. کەواتە شەرافەت خاوەنی یاسای بەرزەو پێویستە پەروەردە لەگەڵیدا بێتەوەو بگونجێ. گرنگترین ڕێسای شەرافەت بریتییە لەوەی کە مرۆڤ هیچ نرخ و بەهایەک بۆ ژیانی خۆی دانەنێ، بەڵام ئازادە نسبەت بەدارایی و چارەنووس و سەرکەوتنەکانی خۆی هەرچی پێی خۆشە ئەنجامی بدات.

دووەمین یاسای شەرافەت بریتییە لەوەی کاتێ کەسێ دەگاتە پلەوپایەیەک نابێ کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدا کە بیسەلمێنێ شایانی ئەو پلەوپایە نەبووە و بێ لیاقەتی خۆی وەدەربخات.

یاسای سێهەمیشی ئەوەیە نابێ کردەوەیەک ئەنجام بدا کە شەرافەت یاساغی کردووە، ئەگەرچی توانای قبوولکردنی ئەو یاساغیەش گران بێت و یاسا کارپێکراوەکانیش باسی ئەو قەدەغەبوونەیان نەکردبێ، چونکە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا یاساغی زۆر قورس و گران دەبێ و مرۆڤی شەرافەتمەند پێویستە ئەو بەربەست و یاساغیە تەحمول بکا.(١٩)

هەروەها ئەو شتانەی شەرافەت خوازیارێتی، بەڵام یاساکان باسیان لێوە نەکردووە و هیچ بڕیارێکیان لەسەر نەداوە، ئەوەش کردەوەیەکە ئەنجام دانی ئەرکی کەسانی شەرافەتمەندە و بەشێکی زۆری ئەو کارانە دەبێ بەوپەڕی بەرزی و هیممەتی مەردانەوە بەئەنجام بگەن.(٢٠)

## بەشی سێهەم: پەروەردە لەنێو حکومەتی ئیستبدادیدا

هەروەک ئاشکرایە لە حکومەتە دەستوورییەکاندا پەروەردە بۆ پاککردنەوەی ئەخلاق و بەرزیی هیممەت و سنگ فراوانییە و خەڵکی فێری جوامێری دەکا، بەڵام لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا ڕێک بەپێچەوانەیە و هەوڵ و کۆششی بەردەوام دەدرێ بۆ نزمکردنەوەی ئاستی ئەخلاق و ڕەوشت و خەڵکی لەسەر ناجوامێری باردێنن.

لەو وڵاتانەدا دەبێ خەڵکی فێری کۆیلەیی و نۆکەری بن. چونکە یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو وڵاتانە ئەوەیە، هەر فەرماندەیەک فەرمانبەرێکەو هەموو ستەمکارێک بەجۆرێک ستەملێکراوەو هەر زاڵمێک مەزلومێکە: بەڵێ؛ چەندە جوانە دڵی مرۆڤیش بەرامبەر بە هاوجۆرەکانی خۆی ئاوابێ.

ملکەچی لەرادەبەدەر پێویستی بەوە هەیە کە کەسەکە گوێڕایەڵ و نەزان بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشترین شێوە ملکەچی بنوێنێ و تەنانەت دەبێ فەرماندەش نەزان بێ چونکە راوێژکردن و بەڵگەو بیرکردنەوەو مەترسی دەربڕین لە ئەنجامدانی هەندێ کردەوەدا هیچ



گرنگییەکیان نییە و تەنیا خواستێ دەور دەگێڕێ و هەر لەگەڵ ئەوەی ئیرادەی پاشا دەربڕا و گەڵاڵە بوو، پێویستە بەئەنجام بگات، تەنیا ئەوەندە بەسە کە بیانەوێ و هیچی تر.

**لە حکومەتە ئیستبدادیەکان هەرماڵێک بۆ خۆی حکومەتێکی سەربەخۆیە، پەروەردەو بارهێنان کە یەکێک لە گرنگترین پەیامەکانی هەڵکردن و ژیان لەگەڵ کەسانی تردایە، لەو وڵاتانەدا زۆر بەرتەسکە.**

پەروەردە لە حکومەتی ئیستبدادیدا تەنیا کاری ئەوەیە ترس لە دڵەکاند بچێنێ و کۆمەڵە بنەمایەکی ئایینی سادەو ساکار بخاتە مێشکی خەڵکەوە، چونکە زانست لەو وڵاتەدا بە مەترسییەکی گەورە دەژمێردرێ و دەرەنجامی شومی بەدوادا دێ.

بەڵام لەمەڕ فەزیلەتەوە، هەروەک ئەرستۆ لە کتێبی سیاسەتدا نووسیویەتی: «هیچ تەقوا و فەزیلەتێک وجودی نییە کە پەیوەندی بە کۆیلەکانەوە هەبێ!! تاکو بڵێین لە حکومەتی ئیستبدادیدا فەزیلەت هەیە، چونکە هەموو کەسێ لە ناو ئەم جۆرە حکومەتەدا کۆیلەیە و بەندەیە.»

کەواتە پەروەردە لەو جۆرە حکومەتانەدا لەراستیدا هیچەو بوونی نییە، چونکە هەتا فێربوون و پەروەردەی تاکەکان بەتەواوی لەناو نەچێ، حکومەتی ئیستبدادی دروست نابێ. یان ئەگەر بمانەوێ بەشێویەکی باشتر دەریبڕین دەبێ بڵێین یەکەمجار پێویستە تاکێکی خراپ دروست بکرێ بۆ ئەوەی کۆیلەیەکی باشی لێ دەربچێت.

بۆچی پەروەردە هەوڵ بدات تاکەکەسێکی باش دروست بکا بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە کێشەو گرفتە گشتییەکان و لە ئاکامیشدا تووشی بەدبەختی بێت؟

چونکە ئەگەر تاکەکەسێک بەباشی پەروەردە کرابێ و حکومەتی خۆش بوێ دەکەوێتە بیری ئەوەی کە هەندێ نەرمی بخاتە پێکهاتەی حکومەتەوەو دەست بخاتە ناو هەندێ کاروبارەوە، ئەو شێوە بیرکردنەوەیەش دژی ڕۆحی حکومەتی ئیستبدادیە. ئەو کەسە ئەگەر سەرکەوتوونەبوو لەبەر گوشاری هەست، سۆزو پەشیمانی لەناو دەچێ و ئەگەریش سەرکەوتن بەدەست بێنێ تووشی مەترسییەکی ئەوتۆ دەبێ کە هەم خۆی و هەم وڵاتەکەی و هەم پاشاکەی بەرەو نابوودی دەبات.

## بەشی چوارەم: جیاوازی دەرەنجامەکانی پەروەردە لە نێوان ئێمەو نەتەوە کۆنەکاندا

زۆربەی هەرە زۆری نەتەوە کۆنەکان لەناو حکومەتێکدا دەژیان کە بنەماکەیان لەسەر فەزیلەت دامەزرابوو. ئەو کاتانەی کە فەزیلەتیان گەیشتۆتە دواین پلەی خۆی گەلێ

شتیان خولْقاندووە کە ئێمە ئەمرۆکە نایان بینین و رۆحی بچووکی ئێمە تووشی راچڵەکین و تاسان دەکەن. یەکێک لە جیاوازی و باشی پەروەردەی ئەوان لەگەڵ هی ئێمە ئەوەیە کە پەروەردەی ئەوان هیچ کات هەڵنەدەوەشێنرایەوەو بە درۆ نەدەهاتەوەو لە نێویاندا هیچ بەرهەڵستکارێک نەبوو کە دژی ئەو پەروەردەیە راوەستێ و پەروەردە بەگشتی لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەشێوەیەکی وەک یەک و رێک بوو.

( ئیپامی نوندلس) لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی خۆیدا هەرهەمان ئەو شتانەی دەگوت و دەبیست و دەدیت و دەکرد کە لە سەرەتای پەروەردەکردنی ئەودا هاتبوونە ئارا.

ئەمرۆ ئێمە لەژێر کاریگەری سێ جۆرە پەروەردەکردنی جیاوازو دژ بەیەک داین:

پەروەردەی خێزان، پەروەردەی مامۆستا و پەروەردەی کۆمەڵگا، ئەو شتەی لە پەروەردەی سێهەم (کۆمەڵگا) فێری ئێمە دەکرێ، هەموو بیروبۆچوونەکانی پەروەردەی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە. بەشێکی گرنگی ئەو کارە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تا ئێستاش لەنێو ئێمەدا دژایەتی و جیاوازی هەیە لە نێوان ئیلتزاماتی ئایینی و ئیلتزاماتی کۆمەڵایەتیدا، لە کاتێکدا نەتەوە کۆنەکان دوچاری گرفت و دژایەتێکی لەم چەشنە نەبوونەتەوەو لەگەڵیدا ئاشنایەتییان نەبووە.

## بەشی پێنجەم: پەروەردە لە حکومەتی کۆماریدا

لەو حکومەتەدایە کە کۆمەڵگا پێویستی بەگشت هێزو کاریگەریەکانی پەروەردە هەیە، چونکە لە حکومەتی ئیستبدادیدا لەنێو هەرەشەو تەمێ کردندا خود بەخودترسی لەدایک دەبێ. هەروەک چۆن شەرافەت لە حکومەتی دەستووریدا بەهۆی ئاوات و ئارەزوو و هەواو هەوەسەکان سەرهەڵدەداو دەبنە هاندەرێکی سەرەکی.

بەڵام هەروەک ئاشکرایە فەزیلەتی (تقوی) سیاسی بریتییە لە تێکۆشان و لە خۆبووردوویی کە ئەویش هەمیشە کارێکی یەکجار ئاستەم و گرانە.

دەتوانین ئەو فەزیلەتە ناو بنێین یاسا دۆستی و نیشتمانپەروەری. خۆشەویستی بەرامبەر یاساو بەرامبەر بە وڵاتە وا لە مرۆڤ دەکا بەردەوام بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی بخاتە ژێر بەرژەوەندی گشتییەوە، ئەو خۆشەویستییەش هەموو فەزیلەتە تایبەتییەکان فێری مرۆڤ دەکاو دەکرێ ناوی ئەو فەزیلەتە بنێن بە بەرز سەیرکردنی کەسانی تر لەسەرو خۆتەوە.

ئەو خۆشەویستییە پەیوەندییەکی تایبەتی بە دیموکراسییەوە هەیەو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە حکومەتەیە، چونکە تەنیا لە حکومەتی دیموکراسیدایە کە



حکومەت دەدرێتە دەستی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا.

حکومەتیش وەکو هەموو شتەکانی دونیا بۆ ئەوەی بیپارێزی پێویستە خۆشت بوێ، هەرگیز نەمانبیستووە بڵێین پاشاکان کورسی سەڵتەنەتیان خۆشناوێ یان کەسانی ملهوڕو موستەبد دژی ئیستبدادن و نەفرەتی لێدەکەن.

کەواتە لە حکومەتی کۆماریدا هەموو شتێ پەیوەندی بەو خۆشەویستییەوە هەیەو پەروەردە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خۆشەویستییە تێبکۆشێ بۆ ئەوەی فەزیلەتی سیاسی لە دایک بێ.

رێگایەکی دڵنیاو گرنگ بۆ ئەوەی منداڵەکان خاوەنی ئەو هەستی خۆشەویستییە بن ئەوەیە کە دایک و باوکیشیان خاوەنی ئەو خۆشەویستییە بن.

بەزۆری مرۆڤ لە توانایدا هەیە و مافی خۆیەتی زانیارییەکانی خۆی بە منداڵەکانی ببەخشێ و هەروەها مافی خۆیەتی منداڵەکانی بکاتە بەشداری ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی.

ئەگەر ئاوا نەکرێ و ئەو شێوازە پەروەردەییە بەکارنەهێنرێ ئەوا هەموو ئەو شتانەی لەناو خێزاندا فێری منداڵەکان کراوە، بەهۆی کاریگەری دەرەکی لەناو کۆمەڵگا لەنێو دەچێ.

نەتەوەی لاو و ئەو نەتەوانەی لە حاڵەتی گەشەسەندن دان هیچ کات تووشی گەندەڵی نایەن، بەڵکو ئەو نەتەوەیە گەندەڵ دەبێ کە گەورە پیاوە دامەزرێنەرەکانی گەندەڵ بووبن.

## بەشی شەشەم: هەندێ سیستەمی یۆنانییەکان

ئەو نەتەوانەی لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتێکی نەتەوەییدا دەژین پێویستە خاوەنی فەزیلەت بن، نەتەوەکانی یۆنانی کۆن ئاگاداری ئەو خاڵەبوونەو بۆ پەروەردەو فێرکردنی ئەو جۆرە فەزیلەتە سوودیان لە هەندێ سیستەم دامودەزگا وەرگرتووە.

کاتێ ئێوە ژیانی (لیکورک) بخوێننەوەو سەیری ئەو یاسایانە بکەن کە ئەو بۆ دانیشتووانی لاسدمۆن ی دارشتووە، پێتان وایە مێژووی سوارامبەکان دەخوێننەوە. هەروەها یاساکانی کرێت لە دەقی سەرەکی یاساکانی لاسدمۆن وەرگیراوەو یاساکانی ئەفلاتونیش هەر ئەو یاسایانەن، بەڵام دەستکاری کراون و گۆڕانیان بەسەر داهاتووە.

ئەگەر کەمێک سەرنج بدەین و وردبینە وە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە ئەو یاسادانەرانە چ زەوق و سەلیقەیەکی جوان و لێوان لە وردەکاریان هەبووە کە توانیویانە یاساکان بەجۆرێ دارێژن کە سەرەڕای ئەوەی دژی دابونەریتە گشتییەکان بووە، بەڵام

توانیویەتی هەندێ دەرەنجامی زۆر باشی لێبکەوێتەوەو مەبەستەکانیان بپێکێ و توانیویانە زانایی و لێهاتوویی خۆیان بۆ جیهان بسەلمێنن.

لیکورک دزی[٢١] لەگەڵ رۆحی دادپەروەری و توندترین شێوەی کۆیلایەتی لەگەڵ ئەوپەڕی ئازادی و خراپترین هەست و سۆزی لەگەڵ مەزنترین میانڕۆیی ئاوێتەکرد. ئەگەر بە شێوەیەکی رواڵەتی سەیری یاساکانی لیکورک بکەین وا دێتە بەرچاو کە یاسادانەر ویستوویەتی پێشی بازرگانی و پیشەسازی و کڕین و فرۆشتن و بڵاوبوونەوەی دراو و هونەرە جوانەکان بگرێ و لە جیاتی ئەوان خۆ بە زلزانی و پلەخوازی و رق و ئیرەیی و دوژمنایەتی بورووژێنێ و پەرەی پێبداو وا دێتە بەرچاو کە لیکورک هیچ گرنگییەکی بەهەست و سۆزی سروشتی مرۆڤ نەداوەو نەیزانیوە کە دەبێ ژن و پیاو لەگەڵ یەکتردا بژین و هەموو ژن و مێردێک منداڵیان گەرەکەو وا تەسەور دەکرێ کە ئەو دژی داوێنپاکی و خۆپاراستن بووە.

بەڵام سەیری بلیمەتی یاسادانەر بکەن، سەرەڕای هەموو ئەو یاسا سەیرانە، ئسپارت بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو پێشکەوتن و بەختەوەری هەنگاوی ناو هیچ نەتەوەیەک نەیتوانی تێکی بشکێنێ، چونکە ئەو نەتەوانەی زاڵیش دەبوون نەیاندەتوانی یاساو شارستانییەت لە چنگی ئسپارتییەکان بێننە دەرێ.

لە (کرێت) و (لاکۆنی)یش هەر ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکران، هەر بۆیە لاسدمۆن دوایین جێگابوو کە لە بەرامبەر مەقدۆنییەکاندا تەسلیم بوو و کرێت دوایین شوێن بوو کە بووە پارووی داگیرکارە رۆمانییەکان. واتە ئەوپەڕی بەرگری و بەرەنگارییان لە بەرامبەر هێرشبەرەکاندا لە خۆیان نواند.

سامنیتەکانیش هەر ئەو دامودەزگایانەیان هەبوو. لە ئاکامی بەرگری و دەسەڵاتی نەتەوەیی و شارستانییەتیان دا بوو کە رۆمانەکان دوای ٢٤ جار هێرش کردن ئەو جا توانیان داگیری بکەن. ئەو شتە سەیرو سەرسوڕهێنەرانەی کە لەناو دامودەزگای یۆنان و یاساکانی لیکورک دا دیارن، لەسەردەمەکانی دواتریشدا دەرەنجامەکانیمان دیتووە دەرکمان کردووە. هەر کاتێ یاسادانەرێکی چاکە کار نەتەوەیەک پێک بهێنێ، داوێنپاکی لە نێو ئەو نەتەوەیەدا وەکو شتێکی سروشتی لێ دێت.

هەر بۆیە لەنێو نەتەوەی ئسپارتدا دلێری و داوێنپاکی وەکو شتێکی ئاسایی سەیری دەکرا.

بەڕێز (پێن) بۆخۆی لیکورکێکی حەقیقییە، هەرچەندە مەبەستی پێن ئاشتی و پاکییەو مەبەستی لیکورک جەنگ بوو، بەڵام ئەو دوو کەسە لەو رێگا تایبەتییەوە کە



توانیان نەتەوەکانیان رێبەری بکەن و لەڕووی ئەو نفووزە گەورەی لەنێو پیاوە ئازادەکاندا هەیان بووەو هەروەها توانیویانە بەسەر خورافات و نەزانیدا زاڵ بن و سەرکەون و هەوەس و ئارەزووە بێجێیەکان لەناوبەرن، زۆر بەیەک دەچن.

بارودۆخی وڵاتی پاراگــوای بۆخــۆی نموونەیەکی دیکەیە: هەرچەندە لە روانگەی خەڵکەوە فەرمانڕەوای و دەسەڵات گوناهێکی گەورەیە، بەڵام لەراستیدا ئەو کەسەی بتوانێ بەهۆی دەسەڵاتداری خۆیەوە گەلێک خۆشبەخت و کامەران بکا کارێکی زۆر باشی ئەنجام داوە.

چاکسازەکانی پاراگوای دەکرێ لە ریزی دەسەڵاتدارە چاکە خوازەکاندا بژمێردرێن، چونکە توانیان لەنێو گەلێکی بەربەریدا بڕی ئایین لەگەڵ هەستە سروشتییەکانی مرۆڤدا بگونجێنن و بەم جۆرە ئەو وێرانکارییانە نۆژەن بکەنەوە کە ئسپانییەکان لەو وڵاتەوەدا پێکیان هێنابوو و لە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو چاکسازانە دابوو کە گەلی پاراگوای سەرەڕای ئەوەی سەرەتایی و بەربەری بوو و هیچ شتێکی لەمەڕ خاکەڕێی و خۆ بەکەمزانی بەگوێ دا نەدەچوو، ئێستا شەرافەت لەلایان گرنگەو پەیڕەوی لە دینی مەسیحییەت دەکەن کە بنچینەکەی خاکەڕێی و خۆ بەکەمزانییە، رەنگە رۆژێک دابێ دانیشتوانی پاڕاگوای لەو قەشانەی کاریان بڵاوکردنەوەو راگەیاندنی ئەو دینەیە زیاتر گرنگی بە خاکەڕێی بدەن. لە ژێر سێبەری گرنگی دان بەشەرافەت و ئاییندا ئەو گەلە توانی هەندێ کاری زۆر مەزن ئەنجام بداو تێیدا سەرکەوتووبێ، توانی قەومە پەڕاگەندەو پەرت و بڵاوەکانی ناو جەنگەڵەکان کۆبکاتەوەو فێری خۆراک خواردن و جلوبەرگ لەبەرکردنیان بکاو ئەگەر بەهۆی ئەو کارانەوە توانیبێتیان یارمەتی گەشەپێدانی پیشەسازی بکەن دووبارە کارێکی زۆر مەزنیان ئەنجام داوە.

دەسەڵاتدارانی پاڕاگوای دەڵێی سەرمەشقیان لە کۆماری ئەفلاتون وەرگرتووە، چونکە هەر بەو شێوازە، رازی بوونە بە هاوبەشی لە شتومەکەکان وەکو کۆماری ئەفلاتون و ئەو رێزەی ئەو دەویست لە خوداکان بگیرێ ئەوان لەناو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوەو پێیان ڕادەگەیەنن و هەروەها وەکو رێوشوێنەکانی ئەفلاتون خۆ جیاکردنەوەیان لە بێگانە بۆ پاراستنی ئەخلاق بەشتێکی باش لە قەڵەم داوەو سەرنجی ئەوەیان داوە نابێ بازرگانی لەدەستی تاکەکەسدا بێ و هەموو خەڵک واتە نەتەوە کاروباری بازرگانی ببا بەڕێوە. دەستیان کردووە بەگەشەپێدانی پیشەسازی بەبێ ئەوەی گوێ بەجوانکاری و لایەنە رواڵەتییەکان بدەن و پێویستییەکانی خەڵکیان دابین کردووە، بەبێ ئەوەی هەواو هەوەسیان بورووژێنن.

دەسەڵاتدارانی پاڕاگوای پارەیان لەناوبرد، چونکە هەر تەنیا پارەیە سامانی خەڵک زۆر لە رادەی سروشتی زیا دەکا، هەروەها خەڵک فێری پاراستنی ئەو شتە بێ سوودانە دەکا کە بێهودەو بێ سوود کۆیان کردوونەتەوەو هەواو هەوەسەکان بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر بەرزدەکاتەوەو هەر بۆیە بەسەر ئەو هێزە سروشتیانەدا زاڵ دەبێ کە بۆ دامرکاندنی هەواو هەوەس و هەست و سۆز، ڕادەیەکی دیاری کراوەی داناوە. پارە هۆیەک دێنێتە مەیدانەوە کە مرۆڤەکان بەهۆیەوە یەکتر بەرەو گەندەڵکاری دەبەن.

خەڵکی ئەپیدامنی کاتێ هەستیان کرد بە هۆی تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ بێگانەکان خەریکە ئەخلاقیان تووشی گەندەڵی دەبێ دادوەرێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەناوی شارو بۆ شار هەبوو کاروبارەکان ئەنجام بدا، هەر بۆیە لە ئاکامیشدا بازرگانییەکەیان هیچ زیانێکی بەدەستوور نەدەگەیاند و دەستووریش خەڵکی لە ئیمتیازاتەکانی بازرگانی بێ بەش نەدەکرد.

## بەشی حەوتەم: لە چ هەلومەرجێکدا سیستەمی نائاسایی و تایبەت سوودی هەیە

دامودەزگای نائاسایی و تایبەتی بۆ حکومەتی کۆماری پێویست و گونجاوە و بەکەڵکی ئەم جۆرە حکومەتە دێ، چونکە فەزیلەتی سیاسی بنچینەکەی پێک دەهێنێ، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی شەرافەت لە حکومەتی دەستووریدا و ترس و تۆقاندن لە حکومەتی ئیستبدادیدا سیستەمی تایبەتی و ئەو هەموو سەرەنج و چاودێرییە هێندە پێویست نییە.

سەرەڕای ئەوە ئەم جۆرە دامودەزگایە تەنیا لەناو حکومەتێکی بچووکدا کە تێیدا دەوڵەت دەتوانێ گرنگی بدا بە پەروەردەکردنی هەموان و گشت تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو ئەندامی یەک بنەماڵە پەروەردە بکا، ئیمکانی هەیە، بەڵام لە جێگا گەورەکاندا ئەمە کارێکی کردەیی نییە.

یاساکانی مینوس، لیکورک و ئەفلاتون، گرنگی دان و سەرنجی یەکجار زۆری هەموو تاکەکان بەرەو یەکتر رادەکێشن و ئەو یاسادانەرانە تێبینی ئەوەیان کردووە کە خەڵک لە پەیوەندی نێوانیاندا پێویستە بەرپرس و چاودێر بن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین بەهۆی پشێوی و گوێپێنەدان و درێژبوونی مامەڵە لەنێو نەتەوەیەکی گەورەدا ئەو جۆرە پەروەردەیە ناشێ بەکاربهێنرێ و سوودی لێوەربگیرێت.

هەروەک وترا پێویستە لەناو ئەو دامودەزگایە و لەنێو ئەو دەوڵەتە بچووکانەدا پارە وەدەربنرێ و کاری پێ نەکرێ، بەڵام لە کۆمەڵگا گەورەکاندا چۆنایەتی و چەندایەتی و



گرنگی مامەڵەکان و ئاسانی فرۆشتن و سستی و هێواشی ئاڵوگۆڕەکان پێویستی بوونی تەرازوو و پێوەرێکی هاوبەش دێنێتەگۆڕێ، کە هەمان پارە (درا)یەو بۆ ئەوەی هێز بەرەو هەموو لایەک گەشەی پێ بدرێ یان لە هەموو شوێنێ بەرگری لێبکرێ پێویستە شتێکمان لە دەست دابێ کە خەڵک لە هەموو شوێنێکدان دان بەهێزەکەی دابنێن و ئەوەش تەنیا لە دراو دایە.

## بەشی هەشتەم: شیکردنەوەی بیروباوەڕێکی دژ بەیەکی نەتەوە کۆنەکان لەمەڕ ئەخلاقەوە

پولیب ی دادپیشە دەڵێ: مۆسیقا بۆ سازگارکردنی ئەخلاقی ئارکادەکان[٢٢] کە ئاووهەوای وڵاتەکەیان ساردو خەماوی بوو، پێویست بووە دانیشتوانی سینێت کە هیچ ڕێزێکیان لە مۆسیقا نەگرتووە، لە دڵڕەقی و دڵڕەشی لە یۆنانییەکانیشیان تێپەڕاند، لە هیچ شارێک بەڕادەی ئەوێ دڵڕەقی نەبینراوە.

ئەفلاتون بەبێ پێشکەشکردنی هیچ تێبینییەک دەڵێ ئەگەر گۆڕانکاری لە موزیکدا بکەن، ئەوا بنچینەی دەوڵەت گۆڕانکاری بەسەردادێ، ناتوانرێ هیچ گۆڕانێک لە مۆسیقادا پێک بهێنرێ تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە بنچینەی دەوڵەت گۆڕانی بەسەردادێت. ئەرستۆ کە بە رواڵەت کتێبی سیاسەتی بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی دژی بیروباوەڕی ئەفلاتون داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمەڕ کاریگەری مۆسیقا لەسەر ئەخلاق لەگەڵ ئەفلاتوندا هاوڕایە.

تئوفراست، پلۆتارک، ئستترابۆن و هەموو پێشینان هەروا بیریان دەکردەوە. ئەوە بیروباوەڕێک نییە کە لەرووی بێ مێشکییەوە دەربڕابێ، بەڵکو ئەوە یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی ئەوان بوو. ئەوان بەم جۆرە یاسایان دادەڕشت و دەیانویست شارەکان بەم شێوازە بەڕێوە بچن، من پێم وایە ناتوانم ئەو بابەتە بەباشی باس بکەم.

پێویستە تێبینی ئەو خاڵە بکەین کە لە شارەکانی یۆناندا بەتایبەتی کە ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە جەنگ، هەموو ئەو کارو پیشانەی کە بەهۆیانەوە دەتوانرا پارە کۆبکرێتەوە، بەشایانی پیاوێکی ئازاد نەدەزانران.

گەزەنفۆن دەڵێ: زۆربەی هەرە زۆری پیشەکان لەشی ئەو پیشەوەرانەی کە کاریان تێدا دەکەن گەندەڵ دەکات و بەهۆی ماندوویەتی لە کارکردن ناچاردەبن ماوەیەکی زۆر لەناو هەوای سارد یان گەرمدا خەریکی پشوودان و هێز وەبەرخۆ هێنانەوە بن و بەم جۆرە ئیتر هیچ کاتیان بۆ سەردانی دۆستەکانیان و خزمەتکردنی کۆمەڵگاو کۆمار بۆ نامێننەوە. لە

هەندێ وڵاتدا تەنیا گەندەڵی دیموکراسی بووە هۆی ئەوەی پیشەوەرەکان بتوانن بێنە ناو کۆمەڵگاو ببنە تاکی ئازاد.

ئەرستۆش بەم جۆرە باسی ئەو بابەتە دەکا: لە کۆمارێکی باشدا هیچ کات مافی هاووڵاتی بوون نادرێ بەخاوەن کارو پیشەوەرەکان.

کشتوکاڵیش کارێکی نۆکەرانەیە و هەمیشە لە ئاستی کۆیلەیەتیدا بووەو بەردەوام قەومی تێکشکاو خەریکی ئەم کارە دەبن.

بۆ نموونە: لەلای خەڵکی لاسدمۆن، ئیلۆتەکان و لەلای دانیشتوانی کرێت، پرسین ەکان و لەلای دانیشتووانی تسالی، پنسیتەکان و لە زۆربەی کۆمارەکانی تردا نەتەوە دیلەکان خەریکی ئەو کارانە بوون. بەکورتی هەموو پیشە نزمەکان لەلای یۆنانییەکان مایەی شەرم بوونە، چونکە ئەوکاتە پێویست دەبوو تاکەکەسێکی کۆمەڵگا خزمەتی کۆیلەیەک یان بەکرێگیراوێک یان بێگانەیەک بکاو ئەو فیکرەش لەگەڵ رۆحی ئازادی یۆنانییەکاندا نەدەگونجا. هەر لەم روانگەیەوە ئەفلاتون لە کتێبی یاساکانی خۆیدا فەرمان دەدا، ئەو کەسەی خەریکی بازرگانییە تەمێ بکرێ. کەواتە لەناو کۆمارەکانی یۆنان دا خەڵک زۆر بەزەحمەت دەژیان، چونکە خەڵکەکەی نەیاندەویست خەریکی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی بن و نەشیاندەویست بێکاربن، هەر بۆیە سەرگەرمی وەکو وەرزش و جەنگیان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە.

سیستەمی وڵات هیچ کارێکی تری جگە لەو کارانە نەدەخستە بەر دەستیان هەر بۆیە پێویستە کۆمەڵگای یۆنان ناوبنێین کۆمەڵگای وەرزشوان و جەنگاوەرەکان، ئەو جۆرە وەرزشە خەڵکی دڵرەق و بەربەری باردەهێنا، هەر بۆیە پێویستیان بەهەندێ ئامرازی تر هەبوو بۆ ئەوەی ئەخلاق هاوسەنگترو سازگارتر بکاو لەبەر ئەوەی مۆسیقا باشترین ئامرازی پەیوەندیدەری نێوان لەش و رۆح بوو، بۆ ئەو کارە زۆر گونجاو بوو هەر بۆیە لەناو خەڵکدا زۆر بانگەشەیان بۆ دەکرد. بەڵێ؛ مۆسیقا رادەو پێوانەیەکی هاوسەنگ و خاڵی ناوەڕاستی نێوان وەرزشی لەش کە مرۆڤ رەق و تووڕە دەکاو وەرزشی فیکرە کە مرۆڤ ئازاد باردەهێنێ یان بە وتەیەکی باشتر تەرازوو خاڵی هاوسەنگی نێوان فیکر و کردەوەیە. بەڵام ناتوانین بڵێین مۆسیقا فەزیلەت بە مرۆڤ دەبەخشێ.

چونکە بابەتێکی لەم چەشنە جێگای باوەڕنییە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر پێشی دەرەنجامەکانی سەرەتایی بون و دڵرەقی دەگرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی رۆح بتوانێ ئەو بەشەی لە پەروەردە بەچنگی نەدەکەوت لەوێ وەریبگرێ.

گریمان لەنێو ئێمەدا کۆمەڵە کەسانێک هەن کە بەجۆرێ شەیدای راون کە هەموو کاتی



خۆیان بەراوکردن بەسەردەبەن، گومانی تێدا نییە کە لە ئاکامی بەردەوامی ئەو کارەدا تووشی توندوتیژی و دڵرەقی دەبن، بەڵام ئەگەر بێتو هەر ئەو کۆمەڵە کەسە لە هەمان کاتدا گرنگی بەمۆسیقاش بدەن زۆر بەزوویی لە ئەخلاقیاندا گۆڕانکارییەک خۆ دەنوێنێ. وەرزشی یۆنانییەکانیش هانی لایەنێکی پەروەردەی دەدا کە بریتی بوو لە سەختی و توندوتیژی و بێڕەحمی و تووڕەیی.

مۆسیقا لە توانایدا هەیە گشت سیفاتەکانمان پێ ببەخشێ و سازگاری و بەزەیی و خۆشەویستی و چێژ بدا بەرۆح. داڕێژەرانی بنچینەی ئەخلاق لە کاتێکدا زۆر بەتوندی دژی شانۆن، زۆر بەباشی تێماندەگەیەنن کە مۆسیقا چ کاریگەرییەکی لە سەر رۆح هەیە.

ئەگەر ئەو کۆمەڵگایەی من باسی دەکەم تەنیا ئاوازی تەپڵ و شەیپوور لێبدا زۆر بەکەمی بە ئامانجی خۆی دەگا، بەڵام ئەگەر هەندێ جاریش مۆسیقایەکی هێمن بژەنێ وا تەسەوڕ دەکەم باشتر بەئامانجی خۆی دەگا. کەواتە پێشینان لەسەر حەق بوونە کە هەندێ جار بۆ پاک و بێگەرد کردنەوەی ئەخلاق ئاوازێکی مۆسیقایان بەسەر ئاوازێکی تردا پەسەند دەکرد. لەوانەیە بپرسن: بۆچی بەتایبەتی مۆسیقا هەڵبژێرین؟ چونکە مۆسیقا لە نێو هەموو چێژە هەستییەکاندا لە هەموویان کەمتر رۆح گەندەڵ دەکاو رەنگە بتوانین بڵێین مۆسیقا رۆح پەروەردە دەکات.

مرۆڤ لە شەرمان سوور هەڵدەگەرێ کاتێ لە کتێبی پلوتارک ئەوە دەخوێنێتەوە کە دانیشتووانی تب بۆ هێمن کردنەوەی ئەخلاقی لاوەکانیان جۆرە عشقێکیان لە رێگای یاساوە چەسپاند کە پێویستە لە ناو گشت نەتەوەکانی جیهان دا قەدەغە بکرێ.(٢٣) کەواتە ئەگەر بۆ هێمن کردنەوەی ئەخلاق لە جیاتی ئەو ئامرازە زیانبەخش و نزمانە مۆسیقایان بەکارهێنابا باشترنە دەبوو؟

## ئەو یاسایەی یاسادانەر دایدەرێژێ پێویستە لەگەڵ پرەنسیپی حکومەتدا بگونجێ و پەیوەندی پێوەهەبێ

### بەشی یەکەم: بابەتی ئەم کتێبە

پێشتر گوتمان پێویستە یاساکانی پەروەردە لەگەڵ پەرنسیپ و بنچینەکانی حکومەتدا بگونجێ. ئەو یاسایەش کە یاسادانەر پێشکەشی کۆمەڵگای دەکات، دیسان لەسەر ئەو خاڵە بەندە. گونجانی یاساکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی حکومەتدا بنەمای حکومەت پتەوتر دەکا و ئەو پرەنسیپە هێزێکی نوێ لەو گونجانە بەدەست دێنێ. بەم جۆرە ئاشکرایە هەروەک چۆن لە جووڵەی فیزیکیدا بەدوای هەرکارێکدا کاردانەوەیەک هەیە، لێرەشدا ئەم حاڵەتە فەرمانڕەوایە.

ئێمە ئەو پەیوەندییە لەناو حکومەتدا شرۆڤە دەکەین و لە حکومەتی کۆمارییەوە دەست پێدەکەین کە بنەماکەی لەسەر فەزیلەت دامەزراوە.

### بەشی دووەم: فەزیلەتی سیاسی لەناو دەوڵەتی کۆماریدا چی دەگەیەنێ؟

فەزیلەت لەناو حکومەتی کۆماریدا شتێکی زۆر سادەو ساکارەو بریتییە لە بوونی خۆشەویستی بەرامبەر بە کۆمارەکە. ئەوە تەنیا هەستێکە نەک زنجیرەیەک لە زانیاری کەڵەکەبوو، بچووکترین تاکەکانی کۆمەڵگا تا دەگاتە گەورەترین پیاوانی وڵات دەتوانن خاوەنی ئەم هەستەبن.

کاتێک ڕێنمایی ئەخلاقی باش پێشکەشی گەل بکرێ، خەڵک زۆر زیاتر لەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە چاکەخوازن، پابەندی ئەم ڕێنمایانە دەبن.

زۆر بەدەگمەن وا ڕێکدەکەوێ کە گەندەڵی ئەخلاقی لەگەڵەوە دەست پێ بکات، چونکە هەمیشە خەڵک بەهۆی کەمی و بچووکی زانیارییەکانەوە زیاتر هەست بە گرنگی ڕێوشوێن وڕێنماییەکان دەکات.

خۆشەویستی نیشتمان دەبێتە هۆی باشی ئەخلاق، باش بوونی ئەخلاقیش دەبێتە هۆی نیشتمانپەروەری. چەندی پێمان بکرێ واز لە حەزو ئارەزووە تایبەتییەکان بێنین، بەو



ڕادەیە زیاتر دەتوانین گرنگی بە حەزو ئارەزووی گشتی بدەین.

ئایا دەزانن قەشەکانی هەر چوار قوژبنی جیهان بۆچی هێندە گرنگی بە سیستەم و پیشەو ڕێکوپێکی کاری خۆیان دەدەن، ئەوە لە کاتێکیشدایە کە گرنگیدان بەو بنچینانە یەکێکە لە دژوارترین و تاقە تپروکێن ترین کارەکانی ژیان؟

هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێوشوێن و ڕێنمایەکانی کەنیسە ئەوان لە هەموو ئەو شتانە دادەبڕێ کە لەسەر هەوەس و ئارەزووی ڕۆژانە دامەزراوە، هەر بۆیە تەنیا ئارەزوو و کارێکی گرنگ دەمێنێ و ئەویش بریتییە لە ڕێنماییەکانی سیستەمی خۆیان، کەواتە چەندی ئەو ڕێوشوێن و ڕێنمایانە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ویست و حەزو ئارەزووی تایبەتی بەو ڕادەیەش هەستی گرنگیدان و پاراستنی سیستەم و ڕێنماییەکانی بەهێز دەکا.

### بەشی سێهەم: خۆشەویستی کۆمار لەناو دیموکراسیدا چی دەگەیەنێ؟

خۆشەویستی بەرامبەر بەکۆمار لەناو دیموکراسیدا هەمان خۆشەویستی بەرامبەر بەدیموکراسییەو خۆشەویستی بەرامبەر بە دیموکراسیش هەمان خۆشەویستییە بەرامبەر بە بەرابەری و یەکسانی.

خۆشەویستی دیموکراسیش بریتییە لە خۆشەویستی قەناعەت و میانڕەویی، چونکە هەموو کەسێ لەناو دیموکراسیدا دەبێ هەستی بەرامبەر بەخۆشبەختی و بەرژەوەندی گشتی بەهێز بێ و پێشی چێژو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بگرێ و هیوای بەیەکسانی هەبێ و ئەو شتانەش تەنیا لە قەناعەت و میانڕۆیی چاوەڕوان دەکرێن.

گرنگیدان و هۆگربوون بەیەکسانی لە وڵاتێکی دیموکراتیکدا، پلەخوازی بەرەو ئارەزوویەکی تایبەتی و خۆشبەختییەکی تایبەت بەتاک بەرتەسک دەکاو ئەو هەستە لە مرۆڤدا پێکدێنێ کە هەوڵ بدا لە کەسانی دەوروبەری زیاتر خزمەتی نیشتمانەکەی بکات و لە ڕاستیدا لە وڵاتێکی دیموکراتیکدا پلەخوازی بریتییە لەوەی کە مرۆڤ زۆرتر خزمەتی نیشتمانەکەی بکات.

هەموو تاکەکان ناتوانن خزمەتی وەکو یەک و یەکسان ئەنجام بدەن، بەڵام پێویستە هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی خزمەت بکات.

مرۆڤ هەر لە ساتی لە دایک بوونییەوە، قەرزداری نیشتمانەکەیەتی و ئەو قەرزەش بریتییە لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی کە هیچ کاتێ ناتوانێ بەتەواوی ئەنجامی بداو بیگەیەنێتە لوتکەی بەرزی. بەم جۆرە دیاربوون و ئیمتیازەکان لە بنچینەی یەکسانی

سەرهەڵدەدەن ئەگەرچی وادێتە بەرچاو کە گروپێک بەهۆی خزمەتی دیارو شایان و لێهاتوویی زیاتری خۆیانەوە خزمەتی گروپێکی دیکە دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

خۆشویستنی قەناعەت و میانڕۆیی مرۆڤ ناچار دەکا کە ئارەزوو و ویستەکانی خۆی لە چوارچێوەی دابین کردنی پێداویستییەکانی خێزان و بنەماڵەدا بەرتەسک بکاتەوەو هەرچی دەمێنێتەوە بۆ نیشتمان و کۆمەڵگاکەی بوێ و لە ئاکامی ئەوەشدا پێشی کەڵەکەبوونی سەرمایە دەگیرێ، بۆ ئەوەی نەکا کەسێک بەهۆی هەبوونی سامانی زۆرەوە بەهێز ببێ و یەکسانی لەناوببات، چونکە ئەو چێژەی سامانی زۆر دروستی دەکا یەکسانی لەناو دەباو لەگەڵ دیموکراسیدا دژایەتی هەیە. بەم جۆرە لە دیموکراسییە باشەکاندا بەهۆی بەرقەرارکردنی قەناعەتی بنەماڵەیی، دەرگایان بەرووی خەرجییە گشتییەکاندا کردۆتەوە، هەروەک لە ئەسیناو رۆمادا کاری لەم چەشنە ئەنجام دراوە. لەوێدا قەناعەت پلەیەکی مەزن و بەرێزی بەدەست هێنا و لەبەر ئەوەی یاسا ئایینییەکان فەرمانیان دەدا پێویستە بۆ پێشکەشکردنی دیاری بەخوداوەندەکان مرۆڤ دڵ و دەروونی پاک بێ، هەر بۆیە یاساکانیان بەجۆرێدا دارشت کە ئەخلاق لەسەر بنچینەی قەناعەت و میانڕۆیی دابمەزرێ تاکو بتوانن لە پێناوی نیشتمانەکەیاندا فیداکاری بکەن.

عەقڵ و جیایی و خۆشبەختی تاکەکان هەمیشە پەیوەندی بەهونەرو سامانە نێونجی و موعتەدلەکانیاوە هەیە.

ئەگەر کۆمارێک لە کۆمەڵێ مرۆڤی نێونجی و خەڵکی عاقڵ پێکهاتبێ، ئەوا یاساکانی بەشێوەیەکی عەقلانی دادەڕێژرێ و ئەگەر لە کەسانی خۆشبەختیش پێکهاتبێ ئەوا گەلەکەی خۆشبەخت دەبێ.

## بەشی چوارەم: چۆن دەتوانرێ خۆشەویستی بەرامبەر بەقەناعەت و یەکسانی لە دەروونەکاندا بچەسپێنرێ

خۆشەویستی یەکسانی و قەناعەت بەهۆی بەرقەرارکردنی یەکسانی و قەناعەت و میانڕۆیی گەشە دەکاو پەرەدەسێنێ، لەکاتێکدا یاساکانی ئەو کۆمەڵگایەی مرۆڤ تێیدا دەژی دانی بەیەکسانی و میانڕۆییدا نابێ.

لە وڵاتە ئیستبدادی و دەستوورییەکاندا هیچ کەس بە ئاواتی یەکسانی نییە و تەنانەت بیرێکی لەم چەشنە بە مێشکی هیچ کەسدا تێناپەڕێ و هەر کەسەو لە شوێنی خۆیەوە ئارەزووی گەورەتربوونی هەیە، ئاست نزمترین تاکەکان ئارەزوویانە لە نزمی و هیچی بێنەدەرو ببنە سەروەرو سەرداری کەسانی دیکە.



لەمەڕ قەناعەتیشەوە حاڵەکە هەر بەو جۆرەیە، بۆ ئەوەی خۆشت بوێ دەبێ لێی بەهرەمەندبی. ئەو کەسانەی بەهۆی چێژو خۆشییەکانەوە تووشی گەندەڵی هاتوون ژیانی مام ناوەندی و نێونجیان پێخۆش نییە.

ئەگەر ئەو شتە سروشتی و ئاسایی بوایە، (ئالسیبیاد) نەدەبووە جێگای رێزو خۆشەویستی گشت جیهانیان.

ئاساییە ئەو کەسانەی لە روانگەی باشی و شادمانی سەیری رازاوە (تجمل)ی خەڵکانی تر دەکەن، هیچ کات قەناعەتیان خۆش ناوێ.

ئەو کەسانەی لە پێش دەمی خۆیان سەیری کەسانی دەوڵەمەند دەکەن یان خەڵکانی چارەڕەش و بەدبەخت دەبینن کە هەژاری خۆیان و دەوروبەریان بەنەفرەت دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەیان خۆش ناوێ کە کۆتایی بەهەژاری دێنێ، چونکە هێشتا یەکسانیان نەناسیوە. لەم جۆرە وڵاتانەدا یاساکانی یەکسان بوون وجودی نییە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستن.

کەواتە ئەوە بنچینەو پرەنسیپێکی ئەخلاقی زۆر راستە، بۆ ئەوەی یەکسانی و قەناعەتمان لەناو کۆماردا خۆشبوێ، پێویستە یاسا دان بەیەکسانی و قەناعەت دابنێ تا ئەو خۆشەویستییە لەناو خەڵکدا پەرەبسێنێ.

## بەشی پێنجەم: چۆن یاساکان یەکسانی لەنێو حکومەتە کۆمارییەکاندا دەچەسپێنن

هەندێ لە یاسا دانەرە کۆنەکانی وەکو لیکورک و رۆمۆلۆس، زەوییان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش کرد، ئەم رێوشوێنە جێبەجێ ناکرێ تەنیا لە دوو جۆری کۆماردا نەبێ، یەکەم لە کۆمارێکی تازە دامەزراو و دووەمیان لە کۆمارێکی کۆندا کە بەتەواوی تووشی گەندەڵی هاتبێ، لە کۆماری دووەمدا بیری تاکەکان بۆ دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان ئامادەیەو هەژارەکان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە خوازیاری ئەو دابەشکردنەن و دەوڵەمەندەکانیش بیانەوێ و نەیانەوێ لە بەرامبەر لە دەست چوونی زەوییەکانیان دا بەرگە دەگرن، بەڵام لە کۆماری تازە دامەزراودا، هەروەکو یۆنانییەکان ئەنجامیاندا، هیچ جۆرە گرفت و ئاستەنگێک لە گۆڕێدا نابێ. یاسادانەرەکان ئەگەر دابەشکردنی لەم جۆرە ئەنجام بدەن بێ ئەوەی یاسایەکی گونجاو بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی دابڕێژن، لەراستیدا بناغەیەکی کاتیان دامەزراندووە، ئەوکات بیری نایەکسانی. لەو رێگایانەی کە یاسا پێشی نەگرتووە، دێتە ناوەوەو کۆمارو یەکسانی لەناو دەچێ.

کەواتە دەبێ لەم بارەیەوە، واتە لە بارەی دابەشکردنی دارایی، زەوی وزار، جیاز، ژن، دیاری، میرات و وەسێتنامەکان و بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەرچەشنە ئیلتزاماتێک کەلایەنی بەخشینی هەبێ و لە ئاکامدا نایەکسانی بێنێتە ئاراوە دەبێ هەندێ ڕێوشوێن دابنرێ، چونکە ئەگەر مۆڵەت بدرێت هەرکەس چۆنی پێخۆشە دارای و سامانی خۆی ببەخشێ ئەوکات ئیرادەی تایبەتی تاکەکان یاساو بنچینەکانی تێکوپێک دەدەن.

سۆلۆن لە ئەسینا مۆڵەتی ئەوەیدا بەهەموو کەسێ بەپێی وەسێتنامە دارایی خۆی بەهەرکەسێ پێیخۆشە ببەخشی، بەمەرجێک هیچ منداڵی نەبێ.

بەڵام ئەوکارە لەگەڵ یاسا کۆنەکانی پێش خۆی کە بەپێی ئەوان دەبوایە شتومەکەکان لەناو بنەماڵەی وەسێتکەردا بمابایە دژایەتی هەبوو، هەروەها لەگەڵ یاسایەکی خۆشیدا دژایەتی هەبوو، چونکە سۆلۆن لە فەرمانێکی تریدا بەهۆی لابردنی قەرزەوە یەکسانی پێکهێنابوو و یاسای بەخشین لەگەڵ ئەو فەرمانەدا دژایەتی هەبوو هەروەها یاسایەکی تریشیان هەبوو کە بوونی دوومیراتگری قەدەغە دەکردو یاسایەکی باش بوو. (مەبەستی ئەوەیە کەسێک لە دوولاوە میراتی پێ نەبڕێ، بۆ نموونە هەم لە باوکی و هەم لە دایکی یان لە خزم و کەسەکانی تری). چونکە مەبەستی سەرەکی لێی دابەشکردنی یەکسانی زەوی و بەشەماڵەو دەدرا بەهەموو ئەندامانی بنەماڵە. یاسا نەیدەویست کەسێک بەتەنیایی بتوانێ چەندین بەشەماڵی پێببرێ، هەروەها ئەو یاسایەی کە بەپێی ئەو دەبوایە نزیکترین خزمی کچە خاوەن میراتەکە مارە بکرێ، ئەویش لەسەرچاوەیەکی لەم جۆرەوە سەری هەڵدابوو.

لەلای یەهوودییەکانیش ئەو یاسایە لە ئاکامی دابەشکردنێکی ئاواوە جێبەجێ دەکرا.

ئەفلاتونیش کە یاساکانی خۆی لەسەر بنچینەی یەکسانی و دابەشکردنی وەک یەک دامەزراندووە هەر ئەو بڕیارە دەدا. کەواتە ئەو یاسایە پەیوەندی بە ئەسیناوە هەبوو و یاسای یەهوودییەکانیش هەر لەهی یۆنان وەرگیرابوو.

لە ئەسینادا یاسایەک هەبوو کە پێم وانییە هیچ کەس پەی بەرۆحی ئەو یاسایە بردبێ، ئەو یاسایە مۆڵەتی ئەوەی دەدا بە مرۆڤ تا لەگەڵ خوشکی خۆی (لە باوکی) ژیانی هاوسەری پێک بێنێ، بەڵام مۆڵەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خوشکی (لەدایک)نەدەدا. ئەو ڕێو شوێنە لە کۆمارەکانەوە بەجێ مابوو و ڕۆحەکەشی بریتی بوو لەوەی کە نابێ بەکەسێ دوو بەشەماڵ و لە ئاکامیشدا دوو میرات بدرێ، چونکە کاتێ پیاوێک خوشکەکەی (ئەوەی لە باوکییەتی) مارە دەکرد، دەبووە خاوەنی یەک بەشە میرات کە بریتی بوو لە بەشی باوکی، بەڵام ئەگەر هاتباو لەگەڵ ئەو خوشکەی کە لە



دایکی هەیبوو ژیانی هاوسەری پێک هێنابا، لەوانەبوو وارێک بکەوتبا باوکی ئەو خوشکە، منداڵی کوڕی نەبێ و میراتەکەی خۆی بۆ کچەکەی بەجێبێلێت، لە ئاکامدا ئەو برایەی مارەی کردووە دەبێتە خاوەنی دوو بەشە میرات.

لەسەر ئەو بابەتە ڕەخنەو ئیرادم لێمەگرن، چونکە (فیلۆن) گوتوویەتی هەرچەندە لە ئەسینا مارەکردنی خوشکی (باوکی) قەدەغە نەبوو و مارەکردنی خوشکی (دایکی) قەدغە بوو، بەڵام لە لاسدمۆن ڕێک بەپێچەوانەوەبوو، دەیانتوانی خوشکی (دایکی) لە خۆیان مارە بکەن، بەڵام نەیان دەتوانی خوشکی پشتی (باوکی) مارە بکەن، چونکە من لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئستترابۆن بۆم دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی لە لاسدمۆن خوشک دەبووە ژنی برای خۆی، جیازو بەشەماڵەکەی بەرادەی نیوەی بەشەماڵی براکەی بوو و ئاشکرایە کە ئەو یاسایە بۆ پێشگرتن لە دەرئەنجامە خراپەکانی یاسای یەکەم دانراوە، بۆ ئەوەی دارایی و سامانی بنەماڵەی خوشک نەچێتەسەر سامان و دارایی براکەی، چونکە بە ئەندازەی نیوەی دارایی براکەیان دەدا بەخوشکەکە.

(سنک) لەکاتی باسکردنی سیلانوسدا کە خوشکی خۆی مارەکردبوو دەڵێ: لە ئەسینا مۆڵەتی ئەنجامدانی ئەو کارە سنووردارو بەرتەسک بوو، بەڵام لە ئەسکەندەریەدا گشتی بوو.

لەو شوێنەی کە تەنیا کەسێ دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، قسەکردن لەسەر دابەشکردنی دارایی لە گۆڕێ نییە. لە حکومەتی دیموکراسیدا بۆ پاراستنی پرەنسیپی دابەشکردنی زەوی وزار، یاسایەکی باش هەبوو، چونکە تێیدا هاتبوو، ئەگەر باوکێک چەند منداڵی هەبێ، دەتوانێ یەکێکیان وەکو میراتگری خۆی هەڵبژێرێ و منداڵەکانی تریشی بدا بەو کەسانەی منداڵیان نابێ بۆ ئەوەی بەردەوام دانیشتوانی وڵات لەگەڵ ڕێژەی بەشەماڵ یەکسان بن.

ئەرستۆ دەڵێ: فالئاس دوکالسدوان ڕێوشوێنێکی تایبەتی دانابوو هەتا لەو کۆمارانەی کە دارایی یەکسان نەبوو بەرەو یەکسانی بڕوات.

ئەو بڕیاری دابوو کە پارەدارو دەوڵەمەندەکان جیازو دارایی بەهەژارەکان ببەخشن، بەڵام بۆخۆیان وەرینەگرن، هەروەها هەژارەکان پارە بۆکچەکانی خۆیان وەرگرن، بەڵام پارە نەدەن.

پێم وانییە لە هیچ کۆمارێکدا ئەو ڕێوشوێنە بە شێوازێکی ڕەزایەت بەخش جێبەجێ بکرێ، چونکە تاکەکان دەخاتە بارودۆخێکەوە کە جیاوازی یەکجار زۆری نێوانیان دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک نەفرەت لەو یەکسانییە بکەن کە دەیەوێ پرەنسیپ و بنچینەی

یەکسانی بچەسپێنێ.

باشتر وایە لە هەندێ حاڵەتدا یاساکان بەو ڕاشکاوییە بەرەو ئەو مەبەستەی دەیانەوێ نەچنەپێش، هەرچەندە لە دیموکراسیدا یەکسانی حەقیقی ڕۆحی دەوڵەت پێکدێنێ، بەڵام سەقامگیرکردنی تەواوی یەکسانی بەڕادەیەک گران و قورسە کە وردەکاری یەکجار زۆر بۆ ئەو کارە هەمیشە جێگای پەسندنییە. ئەوەندە بەسە کە خەڵک بەسەر چەند چینێکدا دابەش بکەن بۆ ئەوەی جیاوازییەکان بەرەو ئاستێکی نێونجی کەم بکەنەوە یان جێگری بکەن و لە پاش ئەوەدا یاسا تایبەتییەکان ئەو نایەکسانیانە هێدی هێدی لەناو ببەن بەجۆری کە هەندێ شت بە سەر دەوڵەمەندەکاندا بسەپێنن و هەندێ ئاسانکاری بۆ هەژارەکان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگییەک بێتە ئاراوە.

پێویستە ئەوەبزانین کە تەنیا خاوەن داراییە نێونجییەکان دەتوانن ئەم جۆرە شتانە بدەن و زیانەکانی قبووڵ بکەن، دەنا بۆ ئەو کەسانەی خاوەن دارایی یەکجار زۆرن، هەر شتێ کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵات و سەڵاحییەتیان بەسووکایەتی و بێ ڕێزیەکی گەورەی لە قەڵەم دەدەن.

هەر چەشنە نایەکسانییەک لە دیموکراسیدا دەبێ لە سروشتی دیموکراسی و هەمان بنچینەی یەکسانییەوە سەرچاوە بگرێ.

بۆ نموونە لەوانەیە هەندێ کەس کە بۆ دابین کردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان پێویستییان بەکاری بەردەوام هەیە بەهۆی کارەساتێکەوە تووشی هەژاری بێن یان پیشەوەرەکان تووشی غورور بن و کارەکەی خۆیان بەجێ بێڵن یان ئەو کۆیلانەی ئازادکراون و ژمارەیان زۆرە لە پیاوە ئازادەکان بەهێزتر بێن، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەتوانین یەکسانی نێوان تاکەکان لە دیموکراسیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دیموکراسی لە ناو ببەین، بەڵام ئەو یەکسانییەی لەناو دەچێ یەکسانییەکی رووکەشانەیە و یەکسانییەکی حەقیقی نییە. چونکە ئەو کەسەی بەهۆی کارەساتێکەوە تووشی هەژاری هاتووە لە بارودۆخێکدا دەژی کە خراپترە لە بارودۆخی کەسانی دەوروبەری، ئەو پیاوە ئەگەر ناچار بێ و لەکاتی ئەنجامدانی پیشەکەی کەمتەرخەمی بکا، خەڵکی تووشی بارودۆخێکی خراپتر لە بارودۆخی خۆی دەکا و هتد. لەو حاڵەتەدا چەسپاندن و جێگیرکردنی نایەکسانی بۆ نەهێشتنی حاڵەتی لەم چەشنە لە سروشتی دیموکراسییەوە سەرچاوە دەگرێ.



## بەشی شەشەم: چۆن لە حکومەتی دیموکراسیدا یاساکانی میانڕۆیی دەپارێزرێن

لەنێو حکومەتی دیموکراسیدا هەر ئەوەندە بەس نییە کە بەشە زەوییەکان یەکسان بن، بەڵکو پێویستە هەروەکو لە ڕۆما کاری پێدەکرا بەشەکان بچووکیش بن. کوریۆس بەسەربازەکانی دەگوت: «خوانەکا کەسێ ئەو پارچە زەوییەی بۆ دابین کردنی خۆراکی تاکێک گونجاوە، بەکەم بزانێ.» هەروەک چۆن یەکسانی لە داراییدا دەبێتە هۆی پارێزگاری کردن لە قەناعەت، قەناعەتیش یەکسانی دارایی دەپارێزێ. ئەو شتانەی بەرواڵەت جیاوازن، ناتوانن بەبێ بوونی یەکتر وجودیان هەبێ هەر کامێکیان هەم هۆ و هەم هۆگرە.

ئەگەر هاتوو یەکێکیان لە چوارچێوەی دیموکراسی بچێتە دەرەوە، ئەویتریشیان دوابەدوای ئەو دەچێتە دەر. ڕاستە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی لەسەر بنەمایەکی بازرگانی دامەزراوە ڕەنگە وارووبدا کە هەندێ کەس ببنە خاوەنی سامانێکی زۆر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەخلاق لە دیموکراسیدا تووشی گەندەڵی نایەت، لەبەر ئەوەی بازرگانی ڕۆحی قەناعەت و دەستپێوەگرتن و میانڕۆیی و کارو عەقڵ و هێمنی و پەروەردەو ڕێساکانی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو سامانەی لێی پەیدا دەبێ دەرئەنجامی خراپی لێناکەوێتەوە، چونکە دەرئەنجامی خراپ کاتێ سەرهەڵدەدا کە زیادەڕۆیی لە کۆکردنەوەی دارایی ڕۆحی بازرگانی لەناو ببات، لەم حاڵەتەدا لە ناکاو پشێوی و ناڕێک وپێکی کە لە نایەکسانی سەرچاوەیان گرتووە و پێشتر دیارنەبوونە سەرهەڵدەدەن. بۆ پاراستنی ڕۆحی بازرگانی پێویستە گرنگترین تاکەکانی کۆمەڵگا خەریکی ئەم کارە بن. پێویستە تەنیا ئەو ڕۆحە فەرمانڕەوا بێت و لەگەڵ هیچ ڕۆح و بیروبۆچوونێکی تردا ئاوێتە نەکرێ و هەموو یاساکان پشتگیری لێبکەن و لە ڕێگای ڕێوشوێن و پرەنسیپەکانی خۆیان داراییەکان بەپێی ئەو ڕادەییەی بازرگانی زیادی دەکا بچووک بکەنەوە، هەموو تاکێکی هەژار بەڕادەی پێویست سامانی پێ ببەخشرێ بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو کەسانی دیکە کاربکاو هەر تاکە کەسێکی سامانداریش بەڕادەیەک بۆ حاڵەتی ناوینی بگێڕنەوە کە تەنیا بۆ پاراستن یان بەدەست هێنانی دارایی پێویستی بەکار هەبێ.

لەناو کۆمارە بازرگانییەکاندا یاسایەکی زۆر باش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو منداڵەکانیان بەشی یەکسانیان لە میراتی باوکیان بۆ دەمێنێتەوە. بەم جۆرە هەرچەندە باوک سامانێکی بەربڵاو و زۆری کۆ کردبێتەوە، منداڵەکانی لەو کەمتر ساماندار دەبن و ناچار دەبن کاربکەن و واز لە تەجەمول وئیشە رواڵەتییەکانی ژیان و بەخۆڕا گەیشتن

بێن. من تەنیا باسی کۆمارە بازرگانییەکان دەکەم، چونکە ئەو کۆمارانەی بازرگانی نین، پێویستە یاسادانەر هەندێ ڕێساو یاسای جیاوازو تایبەتی بۆ دابڕێژێ.

لە یۆناندا دوو جۆرە کۆمارمان هەبوو، هەندێکیان وەکو لاسدمۆن زیاتر ڕەهەندی سەربازییان هەبوو و هەندێکیشیان وەکو ئەسینا بازرگانی بوون. لە کۆمارەکانی وەکو لاسدمۆن حەزیان دەکرد خەڵک بێکاربێ، بەڵام لە کۆمارەکانی وەکو ئەسینا هەوڵیان دەدا عشقی کارکردن لەناو خەڵکدا پەروەردە بکەن. سۆلۆن بێکاری بەجۆرە تاوانێک دەزانی و وتی: پێویستە هەموو کەسێک بیسەلمێنێ لە چ ڕێگایەکەوە بژێوی ژیانی بەدەست دێنێ، چونکە لە دیموکراسییەکی باشدا تەنیا دەبێ بۆ پێداویستییەکان پارە خەرج بکرێ. پێویستە هەموو کەسێک لە ڕێگای کارکردنەوە پارەی کۆکردبێتەوە، دەنا خەڵکانی تر لە خۆڕاییی پاری پێنادەن؟ هەڵبەتە بەبێ سوود وەرگرتن لە کاری هیچ کەسێک.

## بەشی حەوتەم: هەندێ ڕێگای دیکە بۆ بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی بنەماکانی پرەنسیپی دیموکراسیی

لە هەموو حکومەتە دیموکراتییەکاندا ناتوانرێ دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان ئەنجام بدرێ، چونکە لەوانەیە هەندێ جار ئەنجامدانی کارێکی وا ناکردەیی و تەنانەت مەترسیداریش بێت و لەگەڵ بنچینەکانی حکومەتدا دژایەتی هەبێ. هیچ پێویستیش ناکا هەمیشە ڕێگای توندڕەویان هەڵبژێردرێ. لە حکومەتی دیموکراتیدا هەرکاتێ ئەم جۆرە دابەش کردنە، کە لە بنچینەدا ئەرکی پاراستنی ئەخلاقە، گونجاو نەبوو، پێویستە دەسەڵاتداران پەنا بۆ ڕێگا چارەی دیکە ببەن بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە ئەخلاق بکەن. ئەگەر بێتو دەستەیەکی جێگیر کە بۆ خۆیان خاوەن ئەخلاقی بەرزو کردەوەو هزری چاک بن، پێک بهێنرێ واتە هەوڵ بدرێ بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی سەنا، کە مەرجی چوونە ناوی بریتی بێت لە ڕادەی تەمەن و کەسایەتی و خزمەتی زۆر، ئەوکاتە سیناتۆرەکان کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە وەکو خوداوەندەکان خۆ دەنوێنن، جۆرە هەستێک لە ناخی خەڵکدا پێکدێنن کە گشت بنەماڵەکان دەتەنێ و تێیدا جێگیر دەبێ.

بەتایبەتی پێویستە سیناتۆرەکان پابەندی دابونەریتە کۆنەکان بن و کارێکی ئەوتۆ بکەن کە گەل و سەرکردەکان سنوورەکانی نەبەزێنن، چونکە لەڕووی ئەخلاقییەوە پاراستنی دابونەریتە کۆنەکان کارێکی زۆر بەکەڵکە.

هەروەک ئاشکرایە نەتەوەی فاسد زۆر بەکەمی کاری مەزن ئەنجام دەدەن و ناتوانن کۆڕوکۆبوونەوە پێک بهێنن. یان شار دابمەزرێنن و یاسا دابڕێژن، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەو



میللەتانەی ئەخلاقی ساکارو سەنگینیان هەبووە بەزۆری دامەزراو دامودەزگای مەزنیان دروست کردووە، هەر بۆیە بەبیر هێنانەوەی بنچینە ئەخلاقییە ساکارە کۆنەکان بۆ پاککردنەوەی ئەخلاقی نەتەوەیەکی فاسد کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دەبێ و دەتوانێ بەرەو ڕێگای فەزیلەت پاڵیبنێ، سەرەڕای ئەوە ئەگەر هاتوو لە نێو نەتەوەیەکدا شۆڕش هەڵگیرسا و حکومەتێکی نوێ هاتە ئاراوە، هیچ گومانی تێدانییە کە ئەو شۆڕشە و بنەماکانی لە ژێر تیشکی زەحمەت و ڕەنجی گەلەوە لە دایک بووەو زۆر بەکەمی ڕوویداوە کە ئەخلاقی گەندەڵ و بێکاری بووبێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش.

ئەو کەسانەی شۆڕشیان هەڵگیرساندووەو ویستویانە تاموچێژی ئەو شۆڕشە دەرخواردی خەڵک بدەن، لەوکارەدا سەرکەوتوو نەبوونە تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە یاسای باشیان داڕشتبێ. کەواتە وەبیرهێنانەوەی دابونەریتی کۆن دەبێتە هۆی چاکسازی و هێنانە ئارای ڕێوشوێنی نوێ کە دەبێتە هۆی توندڕۆیی. کاتێ ماوەیەک بەسەر تەمەنی حکومەتدا تێپەڕی، بەبێ ئەوەی هەست پێ بکرێ، حکومەت بەرەو گەندەڵی دەڕواو چاکسازییەکانی سەرکەوتن بەدەست ناهێنن مەگەر زەحمەت و هەوڵێکی یەکجار زۆر لە پێناویدا بدرێ.

لەمەڕ ئەو بابەتە، پرسیارێک دێتەگۆڕێ کە ئایا ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنە سەنایەی ئێمە باسی دەکەن پێویستە بۆ هەتاهەتایە لەسەر حوکم بن یان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەڵبژێردرێن؟

هەڵبەت دەبێ هەتاهەتایی بن، هەروەک چۆن لە ڕۆما و لاسدمۆن و تەنانەت ئەسیناش باوبووە، چونکە نابێ ئەو شتەی لە ئەسینا پێیان دەگوت سەناو هەرسێ مانگ جارێک ئەندامەکانیان دەگۆڕێ لەگەڵ (ئاریۆپاژ – ئەنجوومەنی سەنای گەورەی ڕۆما) کە ئەندامەکانی بۆ «هەتا هەتایە» لەسەر حوکم دەبوون و هێمای بەردەوامی و بەرزی حکومەت بوون، تێکەڵ بکەین. دەستووری گشتی بەم جۆرەیە:

لە ئەنجوومەنێکی سەنا دا کە وەکو بناغەی حکومەت سەیری دەکرێ و لە ڕاستیدا پارێزەری ئەخلاقی گشتییە، پێویستە سیناتۆرەکان بۆ هەتاهەتایە هەڵبژێردرێن»، بەڵام لەو ئەنجوومەنە سەنایەی کە تەنیا بۆ جێبەجێ کردنی کارە ئاساییەکانی وڵات پێکهاتووە، لەوانەیە سیناتۆرەکان بگۆڕدرێن.

ئەرستۆ دەڵێ: عەقڵیش وەکو لەش پیردەبێ. ئەو ڕایە لەسەر تاکە دەسەڵاتدارێک ڕاست دەردەچێ، بەڵام ناتوانین بەسەر ئەنجوومەنی سیناتۆرەکاندا بەکاری بێنین، کەواتە هیچ کاتێ هێزی مەعنەوی ئەو دەستەیەی ئەنجوومەنی سەنای پێکهێناوە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە کەم ناکا. لە ئەسینا سەرەڕای ئاریۆپاژ، پارێزەرانی ئەخلاق و یاساش

وجوودیان هەبوو. لە لاسدمۆن، هەموو پیرەمێردەکان رەخنەگر بوون، لە رۆما دوو فەرمانبەری تایبەت خەریکی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن دەبوون، لە کاتێکدا سەنا چاوەدێری گەل بوو. سانسۆرەکانیش چاوەدێری میللەت و سەنابوون و ئەو شتانەی لەناو کۆماردا تووشی گەندەڵی دەهاتن، ئەوان سەر لەنوێ رێکیان دەخستەوە، سستی و عەقڵییەتەکانیان یادداشت دەکردو لە کەمکاری و ئیهمالییەکانیان دەپێچایەوە. هەڵەکانیان راست دەکردەوە هەروەک چۆن یاساکانی تایبەت بەتاوان، تاوانباران سزا دەدەن.

ئەو یاسایەی رۆما کە بەپێی ئەو دەبووایە لێپێچینەوەی تاوانی زینا بەئاشکرایی بێ، بۆ پارێزگاری کردن لە پاکی ئەخلاق جێگای ئافەرین بوو. چونکە ژنەکانی دەترساند و هەروەها ئەو کەسانەشی زیاتر دەترساند کە دەبوایە چاوەدێری ژنەکان بن.

هیچ شتێ بەرادەی گوێڕایەڵی بێ ئەملاو ئەولای گەنجەکان بەرامبەر پیرەمێردەکان نابێتە هۆی پاراستنی ئەخلاق، چونکە هەر دوولایان فێری سەبر و ئارامی دەبن. گەنجەکان بە هۆی ئەو رێزەی لە پیرەکانی دەگرن و پیرەکانیش بەهۆی رێزگرتن لە خۆیان.

هیچ شتێ بەرادەی گوێڕایەڵی بێ ئەملاوئەولای گەل بەرامبەر بەسەرکردەکان نابێتە هۆی بەهێزبوونی یاسا.[٢٤]

گەزەنفۆن دەڵێ: جیاوازییەکی گەورە کە (لیکورک) لە نێوان لاسدمۆن و شارەکانی تردا دایناوە بریتییە لە: ئەو بەتایبەتی لە لاسدمۆن کارێکی ئەوتۆی کردبوو کە خەڵک ملکەچی یاساکان بن و هەر کە دادوەر داوای دەکردن زۆر بەخێرایی لەبەردەمی دادوەردا ئامادە دەبوون، بەڵام لە ئەسینادا پیاوێکی دەوڵەمەند بەشەرمی دەزانی خەڵک وابزانن ئەو گوێڕایەڵی دادوەری کردووە.

بە مەبەستی پاراستنی ئەخلاق، دەسەڵاتی باوکیش بەسەرمنداڵەکاندا زۆر بەکەڵکە. پێشتر وتمان لە حکومەتی کۆماریدا هێزێکی ئەوتۆ وجوودی نییە کەوەکو حکومەتەکانی دیکە ترسێنەر بێ، کەواتە دەبێ یاساکان ئەم کەموکورییە پڕ بکەنەوەو ئەو کارە بەهۆی دەسەڵاتداریتی باوکەوە ئەنجام بدەن.

لە رۆما مافی مردن و ژیانی منداڵ بەدەستی باوکییەوە بوو، بەڵام لە لاسدمۆن هەموو باوکێک دەیتوانی منداڵی خەڵکی تر تەمێ بکا، لە رۆما دەسەڵاتی باوکانە لەگەڵ کۆمار لەناوچوو. لە حکومەتی پاشاییدا پاکی ئەخلاق هێندە پێویست نییە، چونکە دەسەڵاتدارەکان گەرەکیانە هەموو تاکەکان ملکەچی دەسەڵاتی ئەوان بن، یاساکانی رۆما گەنجەکانیان فێری گوێڕایەڵی کردبوو و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو یاسایانە



ماوەی تەمەنی منداڵیان زۆر دووردرێژ کردبوو. رەنگە ئێمە بۆ نیشاندانی ئەو وێنەیە تووشی هەڵە هاتبین، چونکە لە حکومەتی پاشاییدا ئەو هەموو فشارە پێویست نییە، هەر ئەو گوێڕایەڵییە لەوانەیە لە حکومەتی کۆماریدا ببێتە هۆی ئەوەی باوک هەتاهەتایە بەسەر سامانی منداڵەکانیدا فەرمانڕەوایی بکا، هەروەک لە رۆما ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام رۆحی حکومەتی دەستووری دژی ئەوەیە.

## بەشی هەشتەم: چۆن لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا یاساکان لەگەڵ پرەنسیپی حکومەتدا دەگونجێن

ئەگەر لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا گەل فەزیلەتی هەبێ دەتوانێ هەمان خۆشبەختی حکومەتی کۆماری بەدەست بێنێ و دەوڵەتیش بەهێزو دەسەڵاتداربێ.

بەڵام لە بەرئەوەی زۆر بەکەمی وا رێکدەکەوێ لەو شوێنەی سامانی خەڵک جیاوازە فەزیلەتێکی بەرفراوان سەرهەڵبدا، پێویستە یاساکان تا ئەو شوێنەی بۆیان دەگونجێ هەوڵبدەن رۆحی میانڕۆیی فێری خەڵک بکەن و ئەو یەکسانییەی کە بناغەی حکومەتە سەرلەنوێ بیچەسپێننەوە.

رۆحی میانڕۆیی هەر ئەو شتەیە کە لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا پێی دەگوترێ فەزیلەت. و جێگای رۆحی یەکسانی خوازی حکومەتی گەل دەگرێتەوە.

ئەگەر ئەو شکۆو مەزنییەی دەوری پاشاکانی داوە بەشێک لە دەسەڵاتیان پێک بێنێ ئەوا خاکەڕێی و سادەیی کردەوەو رەفتاریش دەبێتە هۆی دەسەڵاتی خانەدانەکان. ئەگەر بێتو ئەمانە خۆیان بەسەر خەڵکدا رانەنێن و لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ بن و وەکو خەڵک جلوبەرگ بپۆشن و خەڵک لە خۆشییەکانی خۆیاندا بەشداری پێ بکەن، خەڵک لاوازی خۆی فەرامۆش دەکات.

لەبەر ئەوەی گشت حکومەتەکان خاوەن سروشت و پرەنسیپی تایبەت بەخۆیانن کەواتە نابێ حکومەتی ئەرستۆکراتی سروشت و پرەنسیپی حکومەتی دەستووری بەخۆوە بگرێ، ئەمە لەکاتێکدا رووەدا کە خانەدانەکان بیانەوێ ئیمتیازاتی تاکەکەسی و تایبەتیان هەبێ، تا لە رێگای ئەوەوە دەستەی کۆمەڵگا ئەوان لە خەڵکی ئاسایی جیابکاتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە پێویستە ئیمتیازات تایبەت بێ بەدەستەی سەنا نەک تاکە سیناتۆرەکان، چونکە تەنیا رێزێکی سادەو ساکار بۆ سیناتۆرەکان بەسە.

لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دوو جۆرە پشێوی و گێرەشێوێنی هەیە: نەبوونی یەکسانی بەچەشنێکی بەرین لە نێوان دەسەڵاتدارەکان و ژێر دەستەکان (حاکم و محکوم)، نەبوونی

یەکسانی لە نێوان ئەندامە جیاوازەکانی دەستەی فەرماندەیی. لەکاتی بوونی ئەم دوو نایەکسانییە دوژمنایەتی و ئیرەییەکان سەرهەڵدەدەن کە پێویستە یاسا پێشی سەرهەڵدانیان بگرێ یان لە ئاستێکدا رایان بگرێت.

یەکەمین نایەکسانی بەزۆری ئەوکاتە سەر هەڵدەدا کە هەندێ ئیمتیازاتی گەورە پیاوەکان تەنیا لەبەر ئەوەی لە روانگەی خەڵکەوە ناپەسندن، جێگر بکرێن. بەو مانایەی کە گەورە پیاوەکان بەدانانی ئەو ئیمتیازاتانە بۆ خۆیان، هانی دوژمنایەتی خەڵک دەدەن بەرامبەر بەخۆیان. بۆ نموونە، ئەو یاسایەی لە رۆما پێشی ئەوەی دەگرت ئەرستۆکراتەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ژیانی هاوسەری پێک بێنن، لەم جۆرە یاسایانە بوو.

ئەو کارە هیچ ئاکامێکی باشی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەرستۆکراتەکانی لەلایەک مەغرور و لەلایەکی تریش بەدناو دەکرد. ئەم بابەتە ئالییەتێکی کاریگەری دایە دەستی گوتاربێژەکان تا بتوانن لەکاتی وتار خوێندنەوەکانی خۆیان خەڵکی دژی ئەرستۆکراتەکان هان بدەن و ئەرستۆکراتەکان بدەنە بەر رەخنەیەکی توندەوە.

ئەم نایەکسانییە لە کاتێکدا کە هەلومەرجی تاکەکان لەڕووی دانی باجەوە جیاواز بێ دووبارە گیروگرفتی جۆراوجۆر دەخوڵقێنێ.

**ئەو هەلومەرجە رەنگە بەچوارشێوە دروست بکرێ:**

١- ئەگەر خانەدانەکان ئیمتیازێکی ئەوتۆ بدەن بەخۆیان کە هیچ باجێک نەدەن.

٢- ئەگەر هەوڵ بدەن لە رێگای فرت و فێڵەوە خۆیان لەدانی باج رزگار بکەن.

٣- ئەگەر خانەدانەکان ئەو باجە وەکو حەقی کار یان وەکو مافێک لە بەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە، بۆ خۆیان بگێڕنەوە.

٤- ئەگەر خەڵکی بخرێتە خانەی باجدەری و ئەو سەرانەو باجەی ئەوان لە داهاتی خۆیان دەیدەن، خانەدانەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن (ئەمە کارێکی زۆر نارەوایە)و لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا حکومەتی ئەرستۆکراتی دەبێتە توندوتیژترین و سەخترین جۆری حکومەت.

ئەوکاتەی حکومەتی رۆما بەرەو ئەرستۆکراتی دەرۆیی، بەتەواوی لەو کەموکوڕیانە دوورە پەرێزو بێ بەری بوو، چونکە دەسەڵاتدارەکان لە بەرامبەر ئەنجامدانی کاروپیشەی خۆیان کرێیەکیان وەرنەدەگرت و گەورە پیاوانی کۆمار وەکو خەڵکانی ئاسایی باجیان دەداو تەنانەت لە خەڵکیش زیاتر بەسەر ئەواندا دەسەپێنراو هەندێ جاریش بەتەنیا ئەوان باجیان دەدا. نەتەنیا داهاتی دەوڵەتیان لە نێوان خۆیاندا دابەش نەدەکرد و هیچیان لە



خەزێنەی دەوڵەت چنگ نەدەکەوت بەڵکو گشت ئەو داراییەی لە سامانی تایبەتییەوە چنگیان دەکەوت لەنێوان خەڵکدا دابەشیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو شانازییانەی هەیانە لەنگ نەبێ و لە جێگای خۆیان بمێننەوەو هەست و سۆزی خەڵک راکێشن و نەبنە جێی ئیرەیی خەڵکی.

ئەوە بنەمایەکی چەسپاوو نەگۆڕە کە لە حکومەتی دیموکراسیدا هەرچەندە دابەشکردنی سامان لە نێوان خەڵک دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە ئەوا لە حکومەتە ئەرستۆکراتییەکاندا باشە. چونکە لە حکومەتی دیموکراسیدا دابەشکردنی سامان رۆحی میللەت گەندەڵ دەکا، بەڵام لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی رۆحی نەتەوەیی. ئەگەر لانی کەم داهاتەکەش لە نێوان خەڵکدا دابەش نەکەن ئەوا دەبێ پێیان نیشان بدرێ و تێبگەیەنرێن و ئەوە بخرێتە مێشکیانەوە کەگەل بەباشی بەرێوە دەچێ و لەراستیدا بە پێی ئەم رێوشوێنەو بەم جۆرە گەل بتوانێ لە داهاتی گشتی سوود وەرگرێ.

زنجیرە زێڕە بەناوبانگەکەی کە لە ڤینیسیا کێشرابوو و ئەو شتومەک و سامانەی لەکاتی داگیرکردن و سەرکەوتن بۆ رۆمایان دێناوە و ئەو خەزێنەی لە پەرستگای ساتۆرن[٢٥]دا پارێزگارییان لێدەکرد، لەراستیدا سامانی نەتەوەییان پێکدەهێنا و دەیسەلماند کە دارایی گشتی هەردەم پارێزراوە.

بەتایبەتی لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا ئەم بابەتە بنچینەیەکی سەرەکییە کە نابێ ئەرستۆکراتەکان خۆ لە وەرگرتنی باجەکان هەڵقورتێنن، لە رۆمادا چینی یەکەمی وڵات بە هیچ جۆرێ خۆی توخونی ئەوکارە نەدەکرد، بەڵکو چینی دووەم بەرپرسی ئەنجامدانی ئەو کارەبوو، بەڵام ئەویش لەدوایدا زیانی زۆری لێکەوتەوەو تووشی کەموکوڕی گەورە هات.

لەناو حکومەتی ئەرستۆکراتیدا ئەگەر هاتوو خانەدانەکان باجیان وەرگرت، گشت تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەونە ژێر رکێفی مامەڵەچی و سووخۆرەکان، لەبەر ئەوەی لەو حکومەتەدا دادگایەکی بەرز وجوودی نییە بۆ ئەوەی ئەرستۆکراتەکان سزابدا و پێشی سنوور بەزاندن و دەست درێژییەکانیان بگرێ، چونکە ئەوان بۆخۆیان پێکهێنەری دادگان و ئەوکەسانەی بەرپرسی پێڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ئەو دەست درێژیانەن، لە جیاتی بەرگرتن لە سووخۆرەکان لە دەست درێژییەکانیان قازانج دەکەن. لێرەدا ئەرستۆکراتەکان هەروەکو شازادەکان فەرمانڕەوای ملهوڕو و موستەبدیان لێ دەردەچێ کە دەتوانن بەئارەزووی دڵی خۆیان هەموو کەسێ رووت بکەنەوە، هەر بۆیە زۆربە زوویی گەندەڵکاری ئەرستۆکراتەکان دەبێتە هۆکارێکی دڵنیا بۆ کۆکردنەوەی سامان و بژێوی ژیان و سووخۆریش دەبێتە هاوکارێکی ترو بەڕادەیەکی زۆر پەرەی پێ دەدرێ، لێرەدایە کێڵگە

کشتوکاڵییەکان وێران دەبن و وەرزێرەکان چیتر توانای چاندن و بەرهەمهێنانیان نامێنێ و داهاتی گشتی بەرەو سفر دادەبەزێ.

هەر لەبەر ئەو هۆیەیە زۆر جار دەبنین کە هەندێ دەوڵەت بەبێ ئەوەی تووشی هیچ چەشنە داگیرکاری و هێرشێکی ئاشکرا هاتبێت، بەرەو لاوازی و بێ هێزی دەچێت و دراوسێکان و خودی تاکەکانی کۆمەڵگاش دووچاری سەرسوورمان دەبن لە بەرامبەر ئەو لاوازییە.

جگە لەوە پێویستە یاساکانی وڵات پێشی بازرگانی کردنی ئەرستۆکراتەکان بگرن، چونکە ئەو بازرگانانە خاوەنی ئەو هەموو ئیعتبارەن و بەهەموو جۆری دەتوانن شتەکان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ بکەن!

بازرگانی پیشەیەکە دەبێ هەموو تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان لێی بەهرەمەند بن. **لەنێو وڵاتە ئیستبدادییەکاندا، بێ نەواترین و بەدبەخترین وڵات ئەو وڵاتەیە کە پاشاکەی بازرگان بێ.**

یاساکانی ڤینیسیا پێشی بازرگانی ئەرستۆکراتەکانی دەگرت چونکە لەوانەبوو لە رێگای مەشروعەوە سامانێکی بەرفراوان بەیەکەوە بنێن.

یاساکان دەبێ سوود لە کاریگەرترین میکانیزمەکان وەرگرن بۆ ئەوەی ئەرستۆکراتەکان بەشێوەیەکی عادیلانە لەگەڵ خەڵک رەفتار بکەن.

ئەگەر هاتوو دادگایەک بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەوکارە لە گۆرێ نەبوو، ئەوا پێویستە خودی یاساکان ببنە جێنشینی دادگاو ناوبژیوانی نێوان خەڵک بەئەستۆوە بگرن، ئەگەر وانەبێ ئەوا هەرجۆرە دژایەتییەک دژی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی مافی خەڵک دەپارێزن دەبێتە هۆی لەناوچوونی حکومەتی ئەرستۆکراتی، ئەوکات هێدی هێدی ناعەدالەتی نزیک دەبێتەوەو حکومەتی ئیستبدادی شوێنی دەگرێتەوە.

یاسا بەردەوام ئەرکی سەرشانیەتی هزری غورور و دەسەڵات و زاڵ بوون بەسەر خەڵکدا لە مێشکی دەسەڵاتدارەکان دەربێنێ و لەناوی ببات.

هەروەها پێویستە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ هەتاهەتایە کەسێک بەدادوەر دیاری بکرێ (وەکو ئفورەکان لە لاسدمۆن و (موفەتیشی دەوڵەتی) لە ڤینیسیا کە ملکەچی هیچ چەشنە رێوشوێنێک نەبوون) بۆ ئەوەی ئەرستۆکراتەکان تووشی ترس و گوێڕایەڵی بکات.

حکومەتێکی ئاوا پێویستی بەهێزێکی بزوێنەر هەیە. لە ڤینیسیا کە حکومەتەکەی ئەرستۆکراتی بوو هەموو کەسێ مافی خۆی بوو سکالایان شکایەتی خۆی لە کردەوەی دەسەڵاتدارەکان بخاتە سندوقێکی بەردینی تایبەتەوە و زۆر بەخێرایی بەدەم



شکایەتەکەیەوە دەهاتن. ئەگەرچی شکایەت زیاتر لایەنی تاوانبارکردنی هەیەو لە روالەتدا زاڵمانە خۆی دەنوێنێ، بەڵام بۆ پاراستنی حکومەتی ئەرستۆکراتی زۆر کاریگەرو بەجێیە. چونکە یەکێکە لە هێزە بزوێنەرەکانی ئەم حکومەتە.

ئەو هەڵسەنگاندنە زاڵمانەیە لەناو حکومەتی ئەرستۆکراتیدا بەتەواوی بە تەفتیشی کردەوەی دەسەڵاتدارو بەرپرسەکان دەچێ، لەناو حکومەتی دیموکراسیداو ئەویش بەنۆرەی خۆی خاوەن جۆرە سەربەخۆییەکە و ئەگەر وانەبێ بەرپرسانی لێپێچینەوە ناتوانن بەباشی ئەرکی خۆیان راپەڕێنن.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، نابێ ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەلێپێچینەوە، بەهۆی ئەنجامدانی کارەکانیان و راییکردنی ئەرکەکانیان تووشی بانگهێشت و لێ پێچینەوە بن، بەڵکو پێویستە دڵنیا بکرێنەوەو و هەرگیز نائومێد نەکرێن. هەر بۆیە پێویستە ستایشی رۆمانەکان بکەین چونکە ئەو کارەیان ئەنجام دەدا.

لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دوو شت زیانبەخشن: یەکێکیان هەژاری لە رادەبەدەری خانەدانەکان و ئەویتریان سامانداری و دەوڵەمەندی لەرادەبەدەرو بێ سنووریان.

بۆ ئەوەی بتوانین پێشی هەژاری بگرین پێویستە هەرزوو خانەدانەکان لەسەر ئەوە رابێنین کە قەرزەکانی خۆیان بدەنەوەو بۆ هاوسەنگ کردنی سامانەکانیان پێویستە هەندێ رێوشوێنی عاقڵانەو هەست پێ نەکراو دابنرێ، بەڵام نابێ لەناکاو دارایی و شتومەکەکانیان داگیر بکرێ و بەهۆی دارشتنی یاسای کشتوکاڵی و وەرزێری، زەوی و زارەکانیان لە نێوان خەڵکدا دابەش بکرێ و قەرزی رەعییەتەکان بەرامبەر بەئەرستۆکراتەکان هەڵبگیرێ. چونکە ئەو کارە گەلێک زیانی بەدواوەیە.

یاساکان یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان بریتییە لە لەناوبردنی مافی بەرزو باڵایی لەنێو ئەرستۆکراتەکاندا بۆ ئەوەی لەکاتی دابەشکردنی میراتەکان، سامان بەردەوام بگەرێتەوە حاڵەتی یەکسانی. بەهیچ جۆری نابێ پەنا ببرێتەبەر خزمایەتی یان گەورە ساڵی (بەتەمەنی) یان قبووڵ کردنی منداڵ (منداڵی خەڵکی وەرگرتن)، چونکە هەموو ئەو یاسایانەی بۆ پاراستنی مەزنی و گەورەیی لە حکومەتی سەڵتەنەتی دەستووریدا دارێژراون، بە کەڵکی حکومەتی ئەرستۆکراتی نایەن.

پاش ئەوەی یاسا توانی یەکسانی بخاتە نێوان بنەماڵەکانەوە، ئەرکێکی دیکە دەمێنێ ئەویش بریتییە لە پێکهێنانی یەکێتی لە نێوان خانەدانەکان.

دژایەتی و جیاوازی نێوان خانەدانەکان پێویستە زۆر بەزوویی چارەسەربکرێ، چونکە ئەگەر وانەکرێ ئەوا دژایەتی و کێشەی تاکەکەسی دەگۆڕێ بۆ دژایەتی و کێشەی نێوان

بنەماڵەکان. کەواتە پێویستە پەنا ببرێتە بەرحیکمەت بۆ ئەوەی شەڕو ئاژاوەی نێوان بنەماڵەکان لەناو ببرێ و هەموویان یەکبگرن.

بەکورتی نابێ یاسا هەندێ ئیمتیازات و گەورە کردنەوە، کە دەبێتە هۆی غورورو خۆبەزلزانی لە نێوان بنەماڵەکاندا بەو بیانوویەی ئەوان رەسەنتر یان کۆنترن، هان بداو هەوڵی پەرەپێدانی بدا، بەڵکو پێویستە گشت بنەماڵەکان لەڕووی پلەوپایەوە لەگەڵ یەکتردا یەکسان بن.

سەیرێکی مێژووی (لاسدمۆن) بکەن، بۆتان دەردەکەوێ چۆن ئەفورەکان توانیاین غوروری سولتان و گەورە پیاوەکان لەناو ببەن.

## بەشی نۆیەم: لە حکومەتی دەستووریدا چۆن یاسا لەگەڵ پرەنسیپی حکومەت دەگونجێ

لەبەر ئەوەی بناغەی حکومەتی دەستووری لەسەر شەرافەت دامەزراوە هەر بۆیە پێویستە یاساکانیش لەسەر ئەو بناغەیە دابمەزرێن. پێویستە یاساکان ئەو ئەرستۆکراتانە بپارێزێن کە گرنگی بە شەرافەت دەدەن.

پێویستە بەهۆی یاساکانەوە ئەرستۆکراتی بکرێتە پشتاوپشت، بەڵام نەک لە پێناوی ئەوەی لە نێوان هێزی پاشاو بێ هێزی خەڵکدا سنوورێک دروست بکرێ، بەڵکو بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لە نێوان ئەو دووانەدا. بنچینەکانی میرات کە دارایی و سامانەکان لەناو بنەماڵە دەپارێزێ لەناو ئەم جۆرە حکومەتانەدا زۆر بەکەڵکە ئەگەرچی لەناو حکومەتەکانی تردا ئەو باشییەی نییە.

پرەنسیپی گێڕانەوەی ئەژدادی[٢٦]، ئەو زەوییانەی بەهۆی کەمکاری و زیادەڕۆیی و فەرامۆشی سەرپەرشتیارانی بنەماڵە لەناوچوون، دەداتەوە دەست خانەدانەکان.

زەوی و زاری ئەرستۆکراتەکان وەکو خۆیان خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتین. چونکە هەروەک چۆن ناتوانین کاروباری پاشا لە کاروباری وڵات جیابکەینەوە ئاواش ناتوانین کاروباری ئەرستۆکراتێک لە سامان و داراییەکەی جیابکەینەوە.

ئەگەر بیانەوێ هیچ زیانێک بەبنچینەکانی حکومەتی دەستووری سەڵتەنەتی نەگەیەنن و هێزی ئەرستۆکراتەکان و خەڵک کەم نەکەنەوە، پێویستە گشت ئەو ئیمتیازاتانە بدرێتە ئەرستۆکراتەکان و هیچ پەیوەندی بەخەڵکەوە نەبێ.

میرات و ئاڵوێری دارایی پێشی بازرگانی دەگرێ و گەلێک کێشە و گیروگرفت بەرهەم دێنێ. گێڕانەوەی ئەژدادی دەبێتە هۆی هاتنە ئارای کۆمەڵێ کێشە و مشتومڕ و



هەموو ئەو سامان و داراییەی لە وڵاتدا فرۆشراوە لانی کەم بۆ ماوەی ساڵێک بەبێ خاوەنی دەهێڵێتەوە.[٢٧]

ئیمتیازاتی تایبەت بەدارایی و سامان، هێزێک دەبەخشێتە ئەو کەسانەی خاوەنی ئەو سامانەن کە بۆ خودی ئەوان دەبێتە هۆی پێکهێنانی گیروگرفت و ئەو سوودەی کە لە داراییەکەش چنگیان دەکەوێ نرخی ئەو هەموو زەحمەت و گیروگرفتەی نییە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو داراییانە بدرێنە دەست خەڵکەوە بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێک دەستکەوێ، هەموو پرەنسیپەکانی خانەدانی پێشێل دەکرێن.

لە حکومەتی دەستووریدا دەتوانرێ بەشی هەرە زۆری سامان بەمیرات بۆ یەکێک لە منداڵەکان بەجێ بهێڵرێ. ئەو کارە باش نییەو تەنیا بەکەڵکی حکومەتی دەستووری دێ.

یاسا پێویستە هانی هەموو ئەو کڕین و فرۆشتنانە بدا کە لەگەڵ بنەماکانی حکومەتدا دەگونجێن، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بتوانن بەبێ ئەوەی لەناو بچن هەموو پێداویستییەکانی پاشاو دەربارییەکان کە رۆژ لە دوای رۆژیش نوێ دەبنەوە، دابین بکەن و توانای ئەوەیان هەبێ خۆیان لە بەرامبەر مەسرەفی پشتشکێن و زۆرو زەوەندی ئەواندا راگرن.

**پێویستە یاسا رێوشوێنێک بۆ گواستنەوەی باجی داهاتەکان دابڕێژێ بۆ ئەوەی شێوازی گواستنەوەی باج لە خودی باجەکە قورستر نەبێت.**

زیادی و قورسی باج لەسەرەتادا دەبێتە هۆی کارکردن، بەڵام کاری زۆر دەبێتە هۆی ماندووبوونێکی تاقەتپروکێن و ماندوبوونی تاقەتپرۆکێنیش دەبێتە هۆی دروست کردنی رۆحی تەمەڵی.

## بەشی دەیەم: خێرایی جێبەجێ کردن لە حکومەتی پاشایی دەستووریدا

حکومەتی پاشایی دەستووری خاوەن باشی و ئیمتیازێکی گەورەیە کە حکومەتی کۆماری لێی بێ بەرییە: لەبەر ئەوەی کاروبارەکان تەنیا لە دەستی تاکەکەسێک دان و لەلایەن ئەوەوە بەڕێوە دەچن هەر بۆیە خێرایی جێبەجێ کردن لەو حکومەتەدا زۆرترە، بەڵام لەبەر ئەوەی مومکینە هەندێ جار ئەو خێراییە بەرەو توندڕۆیی گۆڕانی بەسەردابێ، هەر بۆیە لەسەر یاسا پێویستە هەوڵ بدا کەمێ هێواشی بکاتەوە. یاسا نابێ تەنیا بنچینەی حکومەت بەهێز بکات، بەڵکو پێویستە پێشی ئەو توندڕۆیی و کە مرۆییانە بگرێ کە رەنگە سەرهەڵبدەن.

(کاردینال ریشیلیۆ) ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد کە لە حکومەتی دەستووریدا خۆ لە

پلاری هاوڕێکان بپارێزن چونکە گیروگرفت لەناو هەمووشتێکدا پێک دێنن[٢٨].

لە ولاتە دەستوورییەکاندا ئەو گروپانەی چاوەدێری یاسان، تەنیا کاتێ دەتوانن یاساکان بەباشی جێبەجێ بکەن ئەگەر بێتو هێدی و لەسەرەخۆ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێن، بەپێچەوانەی پیاوانی دەرباری کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر یاساکانی ولات نییە و هەر بۆیە کاریان توندڕۆییە، ئەو گروپ و دەستانە پێویستە لە کاروباری تایبەت لە جێبەجێ کردنی یاسادا لێ وردبوونەوە و میانڕۆیی بکەنە پیشەی خۆیان. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتێک، یەکێک بێت لە باشترین دەوڵەتە دەستوورییەکان، هەرکاتێ دەسەلاتداران بەنەرمی و لەسەرەخۆ پێشی توندڕۆیی و پاشاو دەرباریەکان نەگرن، ولات بەرەو پشێوی و گێرەشێوێنی خلۆر دەبێتەوە. جا هەندێ جار لەوانەیە توندڕۆییەکان سەرچاوەیان بگەڕێتەوە بۆ هەندێ پشێوی و نەخۆشی پاشاو گەلێک جار وارێکدەکەوێ کە پاشا لە رووی بەخشندەیی و گەورەییەوە، پاداشتێکی زۆر زیاتر لە نرخی خۆی دەدا بەخزمەتی هەندێ لە خزمەتگوزارەکان. لە کاتێکی ئەوتۆدا خۆتێهەڵقورتاندنی دەستەی یاسا دانان کاریگەرییەکی زۆرباشی دەبێ.

## بەشی یازدەهەم: باشیەکانی حکومەتی دەستووری

حکومەتی دەستووری لەچاو حکومەتی ئیستبدادی خاوەنی گەلێ باشی و ئیمتیازاتە. چونکە سروشتەکەی وا دەخوازێ لە ژێر فەرمانی پاشادا چەندین چینی دەسەلاتدارو لایەنگری حکومەتی دەستووری بوونیان هەبێ. هەر بۆیە لە حالەتێکی ئاوادا دەوڵەت سەقامگیرترو حکومەتی دەستووری چەسپاو و توندوتۆلترەو ئەو کەسانەش کە حکومەت بەڕێوەدەبەن لە ئاسایشێکی باشدا ژیان بەسەر دەبەن!

(شیشرۆن) لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەت لە ڕۆما بووە هۆی رزگارکردنی کۆمارو دەڵێ: «هێزی ئەو میللەتەی سەرکردەی نییە بەهۆی بەرەڵلایی و سەرەڕۆییەوە زۆر ترسناکترە، چونکە سەرکردە هەست دەکا بەڕێوەبردنی کاروبارەکان پەیوەندییان بەئەوەوە هەیەو لە بیری هەموو کەسێکدا روون و ئاشکرایە، بەلام خەڵک بەهۆی توندڕۆیی و نائارامی خۆیانەوە ناتوانن ئەو مەترسییە ببینن کە خۆیانی تووش دەکەن.»

لەوانەیە لە هەندێ لایەنەوە ئەو بارودۆخە بەحکومەتی ئیستبدادی بچێ، چونکە لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا نەتەوە خاوەنی هەندێ سەرکردەیە کە لەنێوان پاشاو خەڵکدا قەراریان گرتووە و لە هەندێ لایەنی تریشەوە دەتوانین بە حکومەتی دەستووری بچوێنین



کە لەوێشدا میللەت خاوەنی هەندێ سەرکردەیە کە لە نێوان پاشا و خەڵکدا قەراریان گرتووە.

لەراستیدا لە هەموو شوێنێک بینراوە هەرکاتێ نەتەوەی حکومەتە ئیستبدادییەکان دەستیان داوەتە سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و لەو ڕاپەڕینانەشدا خەڵک پێشی نەگیراوە، ئەوا ڕاپەڕینەکان لایەنی توندڕۆیان بەخۆیانەوە گرتووەو تا ئەو شوێنەی بۆیان کراوە درێژەیان بەکاری خۆیان داوەو پشێوی و گێرەشێوێنییەکانیان هیچ سنوورێکی بۆ نەبووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆر بەکەمی وا ڕێکدەکەوێ لەناو حکومەتە دەستووریەکاندا توندڕۆیی سەرهەڵبدا، چونکە سەرکردەکان ترسی ئەوەیان هەیە لەسەر کار وەلابنرێن و ئەو کەسانەی لەنێوان پاشاو خەڵکدا قەراریان گرتووە، هەرکام بۆ خۆیان نوێنەری دەسەلاتێکن و نایانەوێ خەڵک زۆر بێتە سەرێ، هەر بۆیە زۆر بەکەمی وارێکدەکەوێ ڕێکوپێکی و نەزمی ولات تووشی ئالۆزی بێت، چونکە پاشا زەوقی بەڕێکوپێکی دێ و نەیارەکان کە نە ئیرادەو نەتوانای ڕوخاندنی دەوڵەتیان هەیە، ناتوانن و نایانەوێ پاشا لەسەر کار لاببەن. هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە خاوەن عەقڵ و دەسەلاتن دێنە ناو کاروبارەکانەوەو پەیڕەوی لە جۆرە میانڕۆییەک دەکەن و توانای خۆ گونجاندنیان هەیەو هەڵدەستن بەئەنجامدانی کۆمەڵێ چاکسازی، ئیتر بەم جۆرە یاساکان بەهێز دەبن و خەڵکی ملکەچ و گوێڕایەڵیان دەبێ. هەموو مێژووی ئێمە پڕە لە جەنگی ناوخۆیی بەبێ ڕوودانی شۆڕش، بەلام مێژووی حکومەتە ئیستبدادییەکان پڕە لەسەرهەڵدانی شۆڕش بەبێ ڕوودانی جەنگی ناوخۆیی.

ئەو کەسانەی مێژووی جەنگە ناوخۆییەکانی هەندێ لە دەوڵەتەکانیان نووسیوەو تەنانەت ئەوانەی بۆ خۆیان بزوێنەری ئەو جەنگانەبوونە، ئەوە دەسەلمێنن کە تا چ ڕادەیەک ئەو دەسەلاتەی پاشاکان بۆ خزمەتکردنی خۆیان دەیاندا بەهەندێ لە چینەکان، جێگای دڵنیایی ئەوان بوو. چونکە بۆ نموونە ئەگەر ئەو چینانە تووشی فەساد هاتبێتن، هیچ کات نەبینراوە لەگەڵ ئاژاوەچییەکان دەست تێکەڵ بکەن دژی پاشا، بەڵکو بەردەوام پەشیمانی خۆیان لەوە دەربڕیوە، بۆچی بەپێچەوانەی یاساو ئەرکەکانی خۆیان کاریان ئەنجامداوە.

(کاردینال ریشیلیۆ) لەبەر ئەوەی پێیوابوو چینی نەجیبزادەکانی زۆر نزم و لاوازکردووە، هەر بۆیە ئامۆژگاری پاشاو دەرباریەکانی دەکرد کە پێویستە خاوەنی فەزیلەت بن. هەندێ خەسڵەتی ئەوتۆی داوەتە پاڵیان کە لە ڕاستیدا تەنیا دەکرێ بۆ فریشتەیەک ئەو هەموو وردەکاری و زانست و ئەو هەموو سەقامگیری و زانیارییە وەبەرچاو بگیرێ. مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بەوە بێنێ کە لە ئێستاوە تا ئەوکاتەی حکومەتە

دەستوورییەکان لەناو دەچن پاشاو دەرباری ئەوتۆ سەرهەڵبدەن.

ئەو نەتەوانەی لە ژێر سێبەری ڕێوشوێن و یاساکاندا دەژین زۆر خۆشبەختترن لەو نەتەوانەی بەبێ یاساو سەرکردە لەناو جەنگەڵەکاندا سەرگەردانن، هەروەها ئەو پاشایانەی لەژێر سێبەری دەستووری وڵاتی خۆیاندا ژیان بەسەردەبەن گەلێ خۆشبەختترن لەو پاشایانەی کە هیچ هۆکارو ئامرازێکیان بۆ ڕێکخستنی هەستی نەتەوەی خۆیان لە دەستدا نییە.

## بەشی دوازدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

هیچ کات لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا بەدوای مەزنی و بەرزی هیمەتدا مەگەڕێن، چونکە سوڵتانە ملهوڕەکان لەبەر ئەوەی بۆخۆیان خاوەنی هیچ چەشنە گەورەییەک نین هەر بۆیە ناتوانن گەورەیی بە خەڵکی دیکەش ببەخشن. لەو وڵاتانەدا شانازی لە هیچ کوێ وجوودی نیە.

لەناو حکومەتی دەستووری دایە کە لە پەنای پاشادا پەیڕەوو لایەنگرەکانی بەهۆی تیشکی مەزنی ئەوەوە بەخەبەر دێن. لەو وڵاتەدا لەبەر ئەوەی هەرکەس بەڕادەی خۆی خاوەن پلەو پایەیەو شوێنگەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر بۆیە دەتوانێ ئەو پاکییەی دەبێتە هۆی پێکهێنانی مەزنی و گەورەیی لەو جوودی خۆیدا پەروەردە بکات. ڕەنگە ئەو فەزیلەت و پاکییە سەربەخۆیی بەرۆح نەبەخشێ، بەڵام بێگومان مەزنی و هیمەتێکی بەرزی پێ دەبەخشێ.

## بەشی سێزدەهەم: ماهییەتی ئیستبداد

وەحشیەکانی «لویزیان»[٢٩] ئەگەر بیانەوێ میوەیەک وەچنگ بێنن، درەختەکە لەڕەگ و ریشەوە دەردێنن: ئەوەیە جەوهەری حکومەتی ئیستبدادی.

## بەشی چواردەهەم: چۆن یاساکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی حکومەتی ئیستبدادیدا دەگونجێن

حکومەتی ئیستبدادی لەسەر بناغەی ترس دامەزراوە، نەتەوە ترسنۆک و نەزان و لە پێ پەرپووەکان پێویستییان بەبوونی یاسای زۆر نییە. لەو حکومەتەدا دەبێ هەموو شتێ لەسەر بنەمای دوو یان سێ فیکر دامەزرابێ، کەواتە فیکری نوێ بەهیچ جۆرێ پێویست نییە، چونکە کاتێ ئێوە دەتانەوێ ئاژەڵێک ڕام بکەن تەنیا ئاگادارو چاودێری ئەوەن کەس



نەتوانێ ئاژەڵەکەتان ببات و بەردەوام خاوەنی خۆی بناسێتەوەو کردەوەکانی گۆڕانی بەسەردا نەیەو دەتوانی بەهۆی دووسێ ئاماژەوە کۆنترۆڵی بکەی.

ئەو کاتەی پاشای ملهوڕ لە خەڵوەت دایە، ناتوانرێ لە شوێنی شەهوەترانییەکەی بهێنرێتە دەرێ تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ کە هەموو ئەو کەسانەی پاشا لەوێدا دەپارێزن نارەحەت و بێزاربن، چونکە ئەوان ناتوانن ئەو ڕاستییە ببنن کە پاشاو دەسەڵاتەکەی کەوتۆتە دەست خەڵکانی ترەوە. پاشای موستەبد هیچ کات توانا و جورئەتی شەڕکردنی نییەو تەنانەت لەوەش دەترسێ کە خەڵک لە پێناویدا شەڕ بکەن. پاشا کە لەسەر ئەوە ڕاهاتووە لەناو کۆشکەکەی خۆیدا هیچ چەشنە بەرەنگارییەک نەبینێ، لەو بەرەنگارییە بێزارو وەڕەز دەبێ کە بەهۆی چەکەوە ئەنجام دەدرێ و بەزۆری هەستی تووڕەیی یان تۆڵەسەندنەوە هاندەریەتی و دەیبزوێنێ و تووشی ئەنجامدانی کردەوەی ترسناک و ناپەسندی دەکات. سەرەڕای ئەمانە هیچ کاتێ ناتوانێ مانای حەقیقی شانازی دەرک بکاو بەهیچ جۆرێ گوێ ناداتە یاسا جوامێریەکانی جەنگ کردن، هەر بۆیە جەنگەکان بەوپەڕی تووڕەیی و وەحشییەتی سروشتی ئەنجام دەداو حقوقی نێو نەتەوەیی لەم وڵاتانەدا لە هەموو شوێنێ کەمتر پەرەدەسێنێ.

ئەم پاشایانە بەجۆرێکی ئەوتۆ خاوەن عەیب و کەموکوڕین کە پێویستە لە دەرکەوتنی گەمژەیی سروشتییان بترسێن. ئەوخۆی حەشاردراوەو کەس نازانێ لە چ حاڵێکدا دەژی. بەخۆشییەوە لەو وڵاتانەدا خەڵک جۆرێک ڕاهاتوون کە تەنیا ناوی پاشا بۆ حکومەت کردن بەسەریاندا، بەسە.

(شارڵی دوازدە) ئەوکاتەی لە بەندەر بوو و هەواڵی پێگەیشت کە ئەنجوومەنی سەنای سوید برە دژایەتییەکی لەگەڵدا دەکات، بۆ ئەو ئەنجوومەنەی نووسی کە چەکمەیەکی خۆی دەنێرێ بۆ ئەوەی بەسەریاندا فەرمانڕەوایی بکا. ئەو چەکمەیە دەیتوانی وەکو پاشایەکی ملهوڕ حکومەت بکا. لەناو حکومەتە ئیستبدادییەکاندا هەرکاتێ پاشا بەدیل بگیرێ وەکو مردوو حسابی بۆ دەکەن و پاشایەکی تر دێتە سەر کورسی. ئەو پەیماننامانەی پاشای بەدیل گیراو مۆری کردون ئیعتباریان نامێنێ و پاشای جێگرەوەی دانیان پێدانانێ، چونکە لەڕاستیدا لەم جۆرە حکومەتانە پاشا هەم یاسایەو هەم دەوڵەت. هەرکە پاشا نەما هیچ شتێ نامێنێ و هەرکاتێ بەمردوو لە قەڵەم بدرێ دەوڵەتیش نابوود دەبێ. یەکێک لەو هۆکارانەی وای لە تورکەکان کرد لەگەڵ (پتری گەورە) ئاشتییەکی بەجیا بکەن ئەوەبوو کە ڕوسەکان بەباڵوێزی تورکیایان ڕاگەیاند کە لە سوید پاشایەکی دیکە هاتۆتە سەر کورسی حوکم[٣٠]. پاراستنی دەوڵەت هیچ نییە جگە لە پاراستنی پاشا یان ئەگەر

بمانەوێ باشتر دەربببڕین، پاراستنی ئەو کۆشکەی کە پاشا تێیدا زیندانی کراوە. هەر شتێکی راستەوخۆ کۆشک یان پایتەخت نەخاتە مەترسییەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هزری نەزانانە و مەغروورانەو خۆبەزلزانانەی پاشای ملهوڕ نابێ.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بابەتەکانی تر لەگەڵ یەکتردا. پاشای موستەبد ناتوانێ بەدوای ئەو بابەتانەدا بچێ یان پێشبینییان بکا و تەنانەت ناتوانێ بیریشیان لێ بکاتەوە. لەم جۆرە حکومەتانەدا دەبێ سیاسەت و هێزە بزوێنەرەکان و یاساکان زۆر بەرتەسک و دیاریکراوبن و حکومەتی سیاسی وەکو حکومەتی مەدەنی سادەو ساکاربێ، چونکە گشت بابەتەکان لەوەندەدا کورت دەکرێنەوە کە حکومەتی سیاسی و حکومەتی مەدەنی لەگەڵ حکومەتی بنەماڵەیی واتە خاوەن پلەوپایەی حەرەمسەراکان سازگاربێ.

بۆ ئەو حکومەتە کاتێ باشترین بارودۆخی ژیان پێکدێ، کە بتوانێ خۆی لە دونیادا بەتەنیا ببینێتەوەو هیچ دەوڵەتێک لەسەرو ئەوەوەیان یەکسان بەو نەبێ و سنووری وڵات بەبیابانی ناکشتوکاڵی دەورە درابێ و لەو نەتەوانەی بەبەربەری ناو دەبرێن دوورییەکی یەکجار زۆری هەبێ، بۆ ئەوەی پەلامار نەدرێ، بەکورتی واتە پەیوەندی لەگەڵ هیچ لایەکدا نەبێ. لەبەر ئەوەی ناتوانێ دڵنیابێ لە هێزی سوپای چەکدارو هەر بۆیە ناچارە بەشێکی لەناو ببات کە لەراستیدا لەناوبردنی هێزی وڵاتە. بناغەی حکومەتی ئیستبدادی بریتییە لە ترس و مەبەستی ترسیش پێکهێنانی ئارامی و ئاسایشە، بەڵام دەبێ ئەو بزانین ئەو ئارامییە ئاشتی و پێکەوە ژیان نییە بەڵکو بریتییە لەبێ دەنگی شارەکان کە خەریکە لەلایەن دوژمنەوە داگیردەکرێن. واتە جۆرە دڵەڕاوکێیەکی دەروونی وجوودی هەیە، چونکە دەسەڵات پەیوەندی بەدەوڵەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو سوپایەوە هەیە کە ئەو دەوڵەتەی پێکهێناوە.

پێویستە بۆ پاراستنی دەوڵەت پارێزگاری لەو سوپایە بکرێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر ئەو سوپایە بەجۆرە مەترسییەک دادەنرێ بۆ سەر پاشا، هەرکاتێک ئەو جیایی و دوورییە وجوودی هەبێ چۆن دەکرێ ئاسایشی دەوڵەت لەگەڵ ئاسایشی پاشا بەیەکەوە بگونجێنرێ، ئاساییە ئەو دووانە دژی یەکن.

سەرنجی ئەوە بدەن بەچ لێزانییەک دەوڵەتی روسیە دەیەوێ لە دەست ئەو ئیستبدادییەتە کە قورساییەکەی بۆ سەر خۆی زۆر زیاترە لە قورساییەکەی بۆ سەر خەڵک، خۆی رزگار بکات.

بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی روسیە سوپا گەورەکانی هەڵوەشاندووە و سزای تاوانەکانی



سووک کردووە و هەندێ دادگای دامەزراندووە کە خەریکن یاسا بەخەڵک دەناسێنن، میللەت باردێنن، بەڵام هۆکارێکی تایبەتی لە گۆڕییە کەرەنگە دەوڵەت تووشی ئەو بەدبەختییە بکاتەوە کە دەیەوێ لە دەستی رابکات.

لەناو دەوڵەتە ئیستبدادییەکاندا ئایین زیاتر لە وڵاتەکانی دیکە نفووزی هەیەو جۆرە ترسێکە بۆتە سەرباری ترس لە ملهوڕی و ئیستبداد. لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا بەشی هەرە زۆری رێزی سەرسوڕهێنەری خەڵک بۆ پاشا لە ئایین سەرچاوە دەگرێ. ئایینە بۆتە هۆی ئەوەی دەستووری عوسمانی هەندێ چاکسازی تێدابکرێ و ئەو کەسانەی بەهۆی شەرافەتی تاکەکەسی خۆیانەوە دڵیان بە گەورەیی و شانازییەکانی دەوڵەت خۆش نییە بەهۆی هێز یان لە رێگای بنەما ئایینییەکانەوە وایان لێدەکرێ گرنگی بەدەوڵەت بدەن.

لەنێو گشت حکومەتە ئیستبدادییەکاندا هیچ کامیان بەئەندازەی ئەو حکومەتە خراپ نییە کە تێیدا پاشا خۆی بەخاوەنی هەموو زەوی وزار و میراتگری هەموو پەیڕەوانی خۆی بزانێ، چونکە لە ئاکامدا کشتوکاڵی ناو کێڵگەکان وازی لێدەهێنرێ و ئەگەر پاشا بازرگانیش بکا هەموو پیشەسازییەکانیش لەناو دەچن.

لەو حکومەتانەدا هیچ شتێ نۆژەن ناکرێ و چاکسازی بەخۆیەوە نابینێ. خانووەکان تەنیا بۆ ماوەی ژیانی تاکەکەسێک دروست دەکرێن، کەناڵ و چاڵ هەڵناکەنن، دار ناڕوێنن، چەندی لە دەستیان بێت لەناخی زەوی شت دەردێنن، بەڵام هیچ شتێکی پێ نابەخشن. هەموو شوێنێ بەیارو نەچێنراو دەبێ. ئایا پێتان وایە ئەو یاسایەی خاوەندارێتی زەوی و زارو میراتی دارایی لەناو دەبات، دەتوانێ تۆزقاڵێ لە چاوچنۆکی و زێدەڕۆیی گەورەکان کەم بکاتەوە؟ نەخێر، بەڵکو چاوچنۆکی و زێدەڕۆییان زیاتریش دەکات، چونکە ئەوان دەتوانن هەزار جۆرە زوڵم و زۆری بکەن و جگە لەو زێڕو زیوەی کە حەشاریان داوە یان دەیدزن، نایانەوێ بەئاشکرا هیچ دارایی و سامانێکیان هەبێ بۆ ئەوەی کەس نەزانێ سەروەت و سامانیان چەندەیە.

بۆ ئەوەی هەموو شتێکمان لە دەست نەچێت وا چاکە چاوچنۆکی پاشا بەهۆی کۆمەڵە داب و رێوشوێنێکەوە هاوسەنگ بکرێ. بۆ نموونە لە تورکیا، سوڵتان تەنیا سێ لە سەری باج و میراتی خەڵک بۆ خۆی دەبا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی هەرەزۆری زەوی و زارەکان دەدا بەچەکدارەکانی خۆیی و هەر چۆنێ بیەوێ دەتوانێ تەسەروف بەو زەوی و زارانەوە بکا، تەواوی میراتی ئەفسەرەکانی سوپا بۆ خۆی داگیر دەکات و ئەگەر یەکێک میراتگری نێرینەی نەبێ، ئەوا سوڵتان دەست بەسەر دارایی و سامانەکەی دادەگرێ و تەنیا سووی داراییەکان دەدا بەکچانی خاوەن میرات. کەواتە بەشی هەرە زۆری سامانی گەل

بەشێوازێکی نارێک و بەبێ ئەوەی بەپێی یاسایەکی جێگیر، ڕێکخرابێ دەچێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە.

بەپێی یاسای (بانتام) پاشا هەموو میراتەکە داگیر دەکات، تەنانەت دەست بەسەر ژن و منداڵەکانیشدا دەگرێت. بۆ پێشگیری لەو یاسا بێ بەزەییانەیە ناچارن لە تەمەنی هەشت، نۆ، دەساڵی و هەندێ جار زووتریش ژن بۆ منداڵەکانیان بێنن بۆ ئەوەی بە بەشێک لە میراتی باوکیان نەژمێردرێن و نەبن بە غوڵام و کۆیلەی پاشا.

لە هەر وڵاتێکدا دەستوور نەبێ، میراتگریی حکومەتیش جێگیرو نەگۆڕ نابێ، چونکە شا دەتوانێ جێگری خۆی لە نێو بنەماڵەی پاشایەتی یان لە دەرەوە هەڵبژێرێ و لەو حاڵەتەشدا هەڵبژاردنی کوڕی گەورە بۆ جێنشینی هیچ حسابێکی بۆ ناکرێ.

زۆربەی کات جێگری پاشا یان پاشا خۆی یان وەزیرەکانی لە ڕێگای شەڕی ناوخۆییەوە دیاری دەکەن. بەم چەشنە هۆیەکی دیکە بەهۆیەکانی هەڵوەشانەوەو لەناوچوونی سەڵتەنەتی دەستوورییەوە زیاد دەبێ.

لەبەر ئەوەی هەموو شازادەکانی بنەماڵەی پاشایەتی وەکو یەک شایستەی ئەوەن بۆ پاشایی هەڵبژێردرێن، هەر بۆیە هەرکامێکیان بچێتە سەرکورسی حوکم بەر لە هەر کارێک براکانی خۆی لەناو دەبا بۆ ئەوەی هیچ نەیارێک هەڕەشەی لێ نەکات، هەروەکو لە تورکیا باوە یان چاویان کوێر دەکرێ هەروەکو لە ئێران باوە[٣١]. یان هەروەکو لەلای مەغۆڵەکان باوە شێتیان دەکەن و ئەگەر ئەو هەنگاوانە بۆ دڵنیابوون هەڵنەگیرێن لە دوای خاڵی بوونی هەر کورسییەکی دەسەڵات شەڕێکی ناوخۆیی سەرسوڕهێنەر ڕوودەدات.

بەپێی دەستووری ڕوسیا، تزار (قەیسەر) دەتوانێ هەرکەسێکی پێی خۆش بێ، جا لەناو بنەماڵەی خۆی یان لە دەرەوەی بنەماڵە، بکاتە میراتگری تاج و تەختی خۆی. ڕێوشوێنێکی لەم جۆرەش بۆ میراتگری و جێگرتنەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەزاران شۆڕش و لەبەر ئەوەی بنچینەو پرەنسیپی میراتگری تاج و تەخت بەم شێوازە ڕەمەکییەو بەبێ هیچ چەشنە لێوردبوونەوەیەک ئەنجام دراوە، هەر بۆیە بەردەوام کورسی و تەختی پاشایەتی لەرزۆک و لەقە.

ڕێکخستن و ڕێوشوێنی جێنشینی پاشا یەکێکە لەو شتانەی کە بۆ میللەت زانینی یەکجار زۆر گرنگە، باشترین ڕێوشوێنی میراتگری سەڵتەنەت ئەوەیە کە کوڕو ئەگەر نەبوو نزیکترین خزمی پاشا بچێتە سەر تەختی سەڵتەنەت. ئەو ڕێوشوێنە پێشی لاف و گەزاف لێدانەکان دەگرێ و ویستی پلەخوازی لەناو دەبات. ئیتر پێویست ناکا مێشک و دەروونی پاشایەکی لاوازبشڵەژێنرێ و بەپەنابردنە بەر ئاگادارکردنەوەی ئەرواحەکان و یارمەتی



ئەوان میراتگری تاج و تەخت هەڵبژێردرێ.

کاتێک کە میراتگری سەڵتەنەت لە ڕێگای دەستوورەوە دیاری کرابێ تەنیا شازادەیەک میراتگری تاج و تەخت دەبێ و براکانی هیچ مافێکی ئاشکرا یان حەقیقییان نابێ بۆ ئەوەی بتوانن داوای داگیرکردنی تاج و تەختی پاشا بکەن یان ناتوانن لافی ئەوە لێبدەن و بڵێین باوکیان دەرحەق بەیەکێکیان خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبووە، لەو حاڵەتەدا زیندانی کردن یان کوشتن یان کوێر کردنی برای پاشا یان هەرکام لە خزمەکانی بەهیچ جۆرێ ئەنجام نادرێ.

لە دەوڵەتە ئیستبدادییەکان براکانی پاشا هەر لەوکاتەدا کە کۆیلەی ئەون لە هەمان کاتیشدا بەنەیاری پاشا دەژمێردرێن و بۆ دڵنیا بوون وا پێویست دەکا کە ئەوان لە شوێنێکی دڵنیاو بێ خەمدا دەستبەسەر بکرێن و هەڕەشەو مەترسییەکانیان لەناو ببرێ، بەتایبەتی لە وڵاتە موسڵمانەکاندا کە بنچینەکانی ئایین، فەتح و سەرکەوتن بەجۆرە ویست و ئیرادەیەکی خوا دادەنێ. کەواتە لەناو ئەواندا هیچ کەسێ بەپێی مافێکی تایبەت سەڵتەنەت ناکا بەڵکو تەنیا واقیعییەتی بابەتەکە گرنگە، واتە هەرکەسێ توانی ببێ بەپاشا، بۆتە پاشا.

لەو دەوڵەتانەدا کە شازادەکان یەکسەر بۆیان دەردەکەوێ ئەگەر نەتوانن بچنە سەر کورسی سەڵتەنەت ئەوا یان زیندانی دەکرێن یان دەکوژرێن، هەستی پلەو پایەخوازی زۆر زیاتر لەوەی لەلای خەڵکی تر هەستی پێ دەکرێ لەناو ئەوان دەورووژێ، بەڵام لە بەرئەوەی لە ئەوروپا شازادەکان هەموویان وەکو یەک لە بارودۆخێکی ئەوتۆدان کە ئەگەر بێتو هەستی پلەوپایە خوازیشیان بەتەواوی ئارام نەکرێتەوە ئەوا تاڕادەیەک هێورو لەسەرەخۆن چونکە لە وڵاتانی ئێمەدا برای پاشا خاوەن ڕێزێکی یەکجار زۆرەو لە دوای پاشا بەپلەی یەکەم دێت.

پاشاکانی وڵاتە ئیستبدادییەکان بەردەوام لە ژن هێناندا زێدەڕۆییان کردووە. ئەوان هەمیشە چەندین ژن دێنن، بەتایبەتی لە بەشێکی دونیا واتە ئاسیا کە ئیستبداد بۆتە شتێکی ئاسایی و سروشتی.

ئەو پاشایانە بەڕادەیەک منداڵیان زۆرە، کە نە ئەوان دەتوانن منداڵەکانیان خۆشبوێ و نەمنداڵەکانیش براکانی خۆیان خۆش دەوێ. بنەماڵەی سەڵتەنەتی ڕێک وەکو خودی دەوڵەتە. واتە بنەماڵە زۆر لاوازو سەرۆکەکەی لەڕادەبەدەر بەهێزو دەسەڵاتدارە. ئەو بنەماڵەیە شێوەی دەوڵەتێکی موستەبدی هەیە، زۆر بەربڵاوە، بەڵام هیچ چەشنە مەزنی و گەورەیییەکی نییە.

ئەردەشیر هەموو ئەو منداڵانەی خۆی کوشت[۳۲] کە لە دژی پیلان و نەخشەیان دانابوو. ئەو بابەتە جێگای باوەڕکردن نییەو مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە پەنجا منداڵ لە دژی باوکی خۆیان پیلان دابنێن و بەتایبەتی سەیر لەوەدایە کە هەموو ئەو پیلان و نەخشانە تەنیا لەبەرئەوە روویان دابێ کە پاشا ملی بۆ ئەوە نەدا ژنی سیغەی خۆی بەکوڕە گەورەکەی ببەخشێ.

ساکارترین هۆکار بۆ ئەمە ئەوەیە کە وادابنێین ئەو رووداوە یەکێک لە پیلان و نەخشە ئاساییەکانی حەرەمسەراکانی رۆژهەڵاتەو لەو حەرەمسەرایانەدا غەدرو شەیتانی و فرتوفێڵی ئارام و بێدەنگ کاری خۆی ئەنجام دەداو هەموو شتێ پەردەپۆش دەکا. پاشای پیریش کە فەرماندەی حەرەمسەرایە رۆژبەڕۆژ گەمژەتر دەبێ و بۆ خۆی دەبێتە گەورەترین زیندانی کۆشکی پاشایەتی.

پاش هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد دەتوانین بگەین بەو دەرەنجامەی کە پێویستە مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی هەمیشە دژی حکومەتی ئیستبدادی راپەڕێ، بەڵام سەرەڕای عشقی مرۆڤ بۆ ئازادی و نەفرەتی لە دڵڕەقی و دڕندەیی، بەشی هەرە زۆری میللەتەکان پاشکۆی ئیستبدادن و زۆر بەئاسانیش دەتوانین هۆکارەکەی بزانین.

چونکە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی میانڕۆ پێویستە هەموو دەسەڵات و تواناکان لەگەڵ یەکدا ئاوێتە و رێک و هاوسەنگ بکرێن و کاریان پێ بکرێ، بەواتایەکی تر دەبێ یارمەتی هێزێک بدرێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هێزێکی دیکەدا بەرەنگاری بکات، ئەوە شاکارێکی یاسادانانە کە رێکەوت زۆر بەدەگمەن پێکی دێنێ و زۆر بەکەمیش وا رێک دەکەوێ کە بەپێی ئیرادەیەکی پێشتر و مەبەستێکی تایبەتی ئەو کارە ئەنجام درابێ.

بەپێچەوانەی حکومەتی ئیستبدادی کە بەردەوام کاروکردەوەکانی لەبەرچاوە، واتە لاساکردنەوەی زۆر سادەو ساکارەو لە هەموو جێگایەک یەکسان و وەک یەکە، چونکە بۆ بەرێوەبردن و سەقامگیرکردنی هیچ شتێ پێویست نییە جگە لە هەواو هەوەس و پێویست بە راوێژو بیرکردنەوە ناکاو هەموو کەسێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە شایستەیی هەیە.

### بەشی پازدەهەم: درێژەی هەمان بابەت

لە هەرێمە گەرمەسێرەکاندا کە هەمیشە ئیستبداد فەرمانڕەوایە، ئارەزوو و سۆزەکان زۆر زووتر سەرهەڵدەدەن و زووتریش لە ناو دەچن، لەو شوێنانە هۆش زۆر گەشە دەکا و هەروەها مەترسی لە دەست چوونی سامان کەمترەو هۆکایەنی خۆ دەرخستنیش کەمن. گەنجەکان لەبەر ئەوەی لەناو ماڵەکانیاندا زیندانی کراون کەمتر لەگەڵ یەکتردا



پەیوەندییان هەیە. لەو جێگایانەدا زووتر ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و رەنگە زووتر لە وڵاتە ساردەکان بگەنە تەمەنی پێگەیشتوویی. لە تورکیا تەمەنی پێگەیشتوویی لە پانزەساڵییەوە دەست پێدەکات.

لەم وڵاتانە رەهن و بەڵێننامەی ماڵ و دارایی لە بەرامبەر قەرزدا کاری پێ دەکرێ چونکە لە ناو حکومەتێکدا کە هیچ کەس لە ماڵ و دارایی خۆی دڵنیانییە زیاتر قەرز دەدەنە تاکەکەس نەک ماڵ و دارایی.

لەناو حکومەتە میانڕۆکان و بەتایبەتی لە کۆمارییەکاندا بەهۆی ئەو متمانەیەی کە بەدەستپاکی تاکەکەسەکان هەیەو بەهۆی ئەو کاریگەرییە باشانەی کە بنچینەی حکومەت هەیەتی، بەڵێننامەی شتومەک لە بەرامبەر قەرزدا برەو دەسێنێ.

ئەگەر لە کۆماری رۆمادا یاسادانەرەکان ئەو کارەیان ئەنجام دابوایە تووشی ئەو هەموو ئاژاوەو جەنگە ناوخۆییانە نەدەبوونەوە و تووشی ئەو گیروگرفتانە نەدەبوون کە ناچاربن پەنابەرن بۆ هەندێ ئامرازو هۆکاری مەترسیدار.

هەژاری و بێ متمانەیی بەرامبەر ماڵ و دارایی لە وڵاتە ئیستبدادییەکان، سووخۆری دەکاتە شتێکی سروشتی و هەموو کەسێ رادەی سوودی پارە نسبەت بەو مەترسییەی کە لە بەقەرز دانیدا هەیە دەباتە سەر، کەواتە چارەڕەشی لە هەموولایەکەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە بەدبەختەو هەموو شتێ لە دەست خەڵک دێتەدەرو تەنانەت قەرزکردنیش.

بەم جۆرە بازرگانێک لەو شوێنەدا ناتوانێ خەریکی بازرگانییەکی گەورە بێت و پێویستە پارە بۆ ژیانی رۆژانە پەیدا بکا، چونکە ئەگەر بێتو شتومەکێکی زۆر وەسەریەک بنێ بەهۆی دانی سووی زۆر بۆ دانانی نرخی شتومەکەکان زۆر زیاتر لەوەی لە شتومەکەکان قازانج بکا تووشی زەرەرو زیان دێ. کەواتە لەو شوێنانەدا یاسا وەک پێویستی خۆی نانوێنێ و دەکەوێتە ژێر هەندێ رێوشوێنی تایبەتییەوە. هیچ مومکین نییە حکومەتێک ستەمکاربێ ئەگەر خاوەنی هەندێ دەست نەبێ کە ئەو ستەمکارییەیی بۆ ئەنجام بدەن و مەحاڵیشە ئەو دەستانە کار بۆ خۆیان نەکەن. کەواتە لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا دزی و بەرتیل خۆری کارێکی سروشتی و ئاساییە.

لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانە ئەو تاوانە بەکارێکی سروشتی دادەنرێ، داگیرکردنی سامان و دارایی کارێکی بەکەڵکە، چونکە بەم جۆرە خەڵک تووشی جۆرە دڵخۆشییەک دەبێ و ئەو پارەیەی لەو رێگایەوە بەدەست دێ زۆر باشترە لەو باج و سەرانەیەی کە پاشا بەشێوازی جۆراوجۆر لە ژێردەستەو پەیڕەوە ماڵوێرانەکانی وەربیگرێ. ئەگەرچی داگیرکردنی سامان و دارایی کەسێک کە بنەماڵەیەک بەرێوە دەبات، خەڵکانی تر تووشی بەدبەختی دەکا، بەڵام

لەو جۆرە وڵاتانەدا هیچ بنەماڵەیەک وجوودی نییە کە پاشاو دەوڵەت بیانەوێ پارێزگاری لێبکەن.

لە وڵاتە میانڕۆکاندا بابەتەکە بەشێوازێکی دیکەیەو داگیرکردنی ماڵ و دارایی خاوەندارێتی تووشی لەرزۆکی و هەڵوەشانەوە دەکا. سەرەڕای ئەوەش باقی ئەندامانی خێزان تووشی هەژاری و ڕۆژڕەشی دەکا، چونکە ستەمێکی یەکجار گەورەیە کە منداڵەکان بەهۆی تاوانی باوکیانەوە لە هۆ و پێداویستیەکانی ژیان بێبەش بکرێن و بنەماڵەیەک دوچاری لەبەریەکچوون بێت لەکاتێکدا تاوانبار تەنیا کەسێکەو بنەماڵەو خاوخێزان بێ تاوانن.

لە حکومەتە کۆمارییەکاندا داگیرکردنی شت و مەکەکان دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕۆحی کۆمار کە یەکسانییەو تاکەکان لە پێداویستییەکانی ژیان بێبەش دەکا. یاسایەکی ڕۆمانی ئەو ڕێوشوێنەی دانابوو کە داگیرکردنی ماڵ و دارایی تەنیا لەکاتی بێ حورمەتی کردن بەپاشا ئەنجام دەدرێ، ئەوکارە زۆر ژیرانەیە، بەمەرجێ تەنیا بەدوای ڕۆحی ئەو یاسایەدا بچین و ئەو سزایە هەموو جۆرە تاوانێک نەگرێتەوە و داگیرکردنی دارایی تەنیا وەکو سزا بۆ هەندێ تاوان بەکاربهێنرێ. لەو وڵاتانەی کە دابونەریتی خۆجێیی هەندێ ڕێوشوێنی بۆ دارایی و سامانە تایبەتییەکان داناوە (هەروەکو بۆدەن گوتوویەتی): پێویستە تەنیا دارایی و سامانە وەدەست هاتووەکان (اکتسابی) داگیر بکرێن.

## بەشی شازدەهەم: گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی سەڵاحیاتەکان.

لە حکومەتی ئیستبدادیدا گشت دەسەڵاتەکان لە دەستی تاکەکەسێک دان و ئەو کەسەی دەسەڵاتی پێ سپێردراوە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی مامەڵە بکا. هەر وەزیرێک خۆی بەپاشاو هەر خاوەن پلەو پایەیەک خۆی بە وەزیر دەزانێ.

لە حکومەتی دەستووری (مشروطە) سەڵاحیاتەکان بەبێ لێک جیاکردنەوە نابەخشرێن، پاشا هەر لەو کاتەیدا کە هەندێ سەڵاحیات دەبەخشێ هەندێ وردەکاری و نەرمییان دەخاتە ناوودەسەڵاتەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابەش دەکات کە ئەگەر هاتوو بەشێکی بەکەسێ سپارد ئەوا بەشە گەورەکەی لە ژێر دەستی خۆیدا دەهێڵێتەوە.

بەم جۆرە لە دەوڵەتی پاشایی دەستووریدا حاکمی شارەکان چەندە لەژێر فەرمانی حاکمی هەرێمەکان دان ئەوەندەش لە ژێر فەرمانی پاشادان. خاوەن پلەو پایە تایبەتییەکانی دەستە سەربازییەکان ئەوەندەی پەیوەندییان بە پاشاوە هەیە، هێندە پەیوەندییان بە سەرۆک سوپاکانەوە نییە. لە زۆربەی وڵاتە دەستوورییەکاندا بەشێوەیەکی



زۆر ژیرانە ڕێوشوێنێکی ئەوتۆیان داناوە کە ئەو کەسانەی فەرماندەیی تاڕادەیەک بەربڵاو و پان و بەرینیان لە ژێر کۆنتڕۆڵ دایە، نابێ لەگەڵ هیچ دەستەو گرووپێکی چەکداریدا پەیوەندیان هەبێ، چونکە فەرماندەییەکەیان پەیوەندی بەئیرادەی تایبەتی پاشاوە هەیە، ئەگەر بینە بەشێک لە هێزی چەکدارەکان ئەوا ڕەنگە جۆرە سەربەخۆییەک پەیدا بکەن و پاشا نەتوانێ سوود لە خزمەتەکانیان وەرگرێ، لە ڕاستیدا ئەوان هەم خەریکی ئەنجامدانی خزمەتن و هەم لە دەرەوەی ئەنجامدانی خزمەتدان.

ئەو ڕێوشوێنە لەگەڵ ناوەڕۆکی حکومەتی ئیستبدادیدا ناگونجێ، چونکە ئەگەر بێتو ئەو کەسانەی هیچ کارێکیان نییە، ئیمتیازات و ناوبانگ وەربگرن، ئەوا لەناو وڵاتدا هەندێ کەس پەیدا دەبن بەبێ ئەوەی هیچ کارێکیان کردبێ گەورە دەبن و ئەوەش لەگەڵ سروشتی ئەو دەوڵەتەدا دژایەتی هەیە.

ئەگەر حاکمی شارێک لە ژێر فەرمانی حاکمی هەرێمێکدا نەبێ، ئەوا لەبەر ئەوەی هەردووکیان سەرەڕۆن، دەبێ هەموو ڕۆژێ هەوڵی ئاشت کردنەوەیان بدرێ. ئەو کارە لەناو حکومەتی ئیستبدادیدا هیچ مانایەکی نییە. جگە لەوە ئەگەر بێتو حاکمی شارێک گوێڕایەڵی فەرمانی حاکمی هەرێم نەبێ، ئەوا حاکمی هەرێم هیچ کاتێ هەست بە بەرپرسایەتی ناکات، چونکە گوێڕایەڵی نەکردنی حاکم کە پلەوپایەکەی لە خوار پلەوپایەی ئەوەوەیە لەوانە بە نرخی خوێنی ئەو کۆتایی پێ بێ و ببێتە هۆی تووڕەیی پاشا.

لەم جۆرە حکومەتانەدا لە توانادا نییە دەسەڵاتەکان هەموار (تعدیل) بکرێن. دەسەڵاتی بچووکترین کارگێڕ هیچی لە دەسەڵاتی پاشای موستەبد کەمتر نییە. لە وڵاتە میانڕۆکاندا یاسا لە هەموو شوێنێ بەشێوەیەکی ژیرانە دادەڕێژرێ و لە هەموو لایەکیشەوە گوێڕایەڵی دەکرێ و بچوکترین فەرمانبەری حکومەت ئامادەیە ملکەچی یاسا بێت و پەیڕەوی لێ بکات، بەڵام لە حکومەتی ئیستبدادیدا کە یاسا بریتییە لە ئیرادەی پاشاو ئەگەر پاشا ژیریش بێت، فەرمانبەرێک ناتوانێ پەیڕەوی لە ئیرادەیەکی نادیار بکا. کەواتە پێویستە گوێڕایەڵ و ملکەچی ئیرادەی خودی خۆی بێت. هەر لێرە شتێکی تر سەرهەڵدەداو ئەویش ئەوەیە، لەبەر ئەوەی یاسا بریتییە لە ئیرادەی پاشاو پاشاش ناتوانێ جگە لە چوارچێوەی زانیاری تایبەتی خۆی خاوەن هیچ ئیرادەیەک بێ، کەواتە هەر لەم سۆنگەیەوە وا پێویست دەکا هەموو کارگێڕو فەرمانبەرانی دەوڵەتیش وەکو پاشا زانیارییان بەرتەسک و ئیرادەیان تەنیا لەو چوارچێوەیەداو زۆر سەرەڕۆیانەبێ. بەکورتی لەناو ئەو حکومەتانەدا جگە لە ئیرادەی ساتەکی و بێ پێشینەی پاشا هیچ شتێکی دیکە وجوودی نییە.

## بەشی حەڤدەهەم: دیارییەکان

لە وڵاتە ئیتسبدادییەکاندا داب و نەریتێکی سەیر وجوودی هەیە، ناتوانی چاوت بە کەسانی پایەبەرز و تەنانەت خودی پاشاش بکەوێ تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە دیارییەکی بەنرخی پێشکەش بکەی. ئیمپراتۆری مەغۆل داوانامەی خەڵکی وەرنەدەگرت مەگەر پێشتر شتێکی وەکو دیاری لێوەرگرتبان. ئەو پاشایانە لە ئەنجام دانی ئەوکارە بەجۆرێک زێدەڕۆیی دەکەن کە تەنانەت دلۆڤانی خۆشیان گەندەڵ و ناشیرین دەکەن.

لە وڵاتێکدا کە هیچ کەس کارێکی بەگەل نییە، لە حکومەتێکدا کە ئەو هزرە فەرمانڕەوایە کە گەورەکان بەرامبەر بە بچووکەکان هیچ چەشنە ئەرکێکیان لەسەر شان نییە، لە وڵاتێکدا کە خەڵک هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردانییەو بنچینەی پەیوەندی و پاراستنی مافی بەرامبەر لەسەر ترس و سزادان دامەزراوە، لە وڵاتێکدا کە هیچ جۆرە کڕین و فرۆشتن و بازرگانییەک نییەو زۆربەکەمی وارێکدەکەوێ کەسێک پێویستی بەوە هەبێ بچێتە دیدەنی پیاوێکی گەورەو داواکارییەکی پێشکەش کات یان تکاو سکاڵایەکی هەبێ، بەهۆی وەستانی مامەڵەکان بەهیچ چەشنێک کەس نیازی بەدادگا نییە، ئاساییە لەو وڵاتانەدا هەر کەسێ بیەوێ بچێتە دیدەنی پیاوێکی گەورە دەبێ دیارییەک لەگەڵ خۆیدا ببات.

بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا دیاری، دابونەریتێکی نەفرەت لێکراوە، چونکە لەو وڵاتانەدا فەزیلەت (تقوی) فەرمانڕەوایە.

لە حکومەتی دەستووریدا شەرافەت بەڕادەیەک کاریگەری هەیە کە لە هەموو جۆرە دیارییەک بەنرخترە و دیاری هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام لە حکومەتی ئیستبدادیدا کە نە شەرافەت و نەفەزیلەت وجوودی هەیە، ناتوانرێ بەبێ بیرکردنەوە لە سوودی کارێک بڕیار لەسەر ئەنجامدانی بکرێتەوە.

ئەفلاتون فەرمانی دابوو هەرکەسێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک دیاری وەرگرتبێ دەبێ لە سێدارە بدرێ و ئەو لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی کۆمارەکەی راو سەرنجی خۆی دەردەبڕی، ئەفلاتون دەیووت: نە بۆ کاری چاک و نەبۆکاری خراپ نابێ دیاری وەربگیرێ. بۆ ئەنجامدانی فەرمانێک و بۆ خۆپاراستن لێی دیاری وەرگرتن یاساغە. ئەو یاسایەی کە رێگەی بە دادوەرەکانی رۆما دەدا دیاری و پێشکەشی بچووک وەربگرن بەمەرجێ نرخی هەموو دیارییەکان لە ماوەی ساڵێکدا لەسەد ئیکو تێنەپەڕێ، یاسایەکی زۆر خراپ بوو، چونکە ئەو کەسانەی هیچ شتێکیان پێ نادرێ هیچیشیان ناوێ، بەڵام ئەو کەسانەی شتێکی بچووکیشیان دەدرێتێ لە ماوەیەکی کەمدا شتی زیاتریان دەوێ و لە دوایدا



چاوەڕوانی و داواکارییەکی یەکجار زۆریان لە خەڵک دەبێ.

سەرەڕای ئەوە، رازی کردنی کەسێک بەمەبەستی ئەوەی هیچ شتێک وەرنەگرێ زۆر ئاسانترە لەوەی بەکەسێ بڵێین کەم وەرگرە، ئەو کەسە ناکرێ بۆ کەم وەرگرتن رازی بکرێ چونکە بەردەوام بۆ زیاتر وەرگرتن بیانوو و پاساو هۆو بەڵگەی قابلی قبووڵ دەدۆزێتەوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە چۆن بتوانێ زۆرتر وەربگرێ.

## بەشی هەژدەهەم: ئەو پاداش و دیارییانەی دەدرێن بەپاشا

لە حکومەتی ئیستبدادیدا هەموو کەسێک تەنیا چاوەڕوانی دابینکردنی هۆیەکانی خۆشگوزەرانی و سەقامگیرییە. پاشا ئەگەر بیەوێ پاداش و دیارییەک بدا بەیەکێ، دەبێ تەنیا پارەی بداتێ، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا کە شەرافەت بەتەنیا فەرمانڕەوایە، پاشا دەتوانێ هەندێ شانازی بکاتە دیاری. ئەگەر ئەو شانازییەی لەلایەن پاشاوە دەبەخشرێ بە تاکەکەسەکان، هەندێ تەجەموول بێنێتە ئاراوە، دیسان پاشا پارە نادات، چونکە هەر خودی ئەو شانازییە کەسەکە دەوڵەمەند دەکات. بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا کە تەنیا فەزیلەت فەرمانڕەوایە، هەر ئەو فەزیلەتە بەتەنیا بەسە و هۆکارەکانی تر لەناو دەبات. دەوڵەت پاداش و دیاری نادا بەهیچ کەسێ و پاداشەکەی تەنیا ئەوەیە کە کەسە خاوەن فەزیلەتەکە بەخەڵکی بناسێنێ.

ئەوە بەبنچینەیەکی گشتی دادەنرێ کە لە حکومەتی دەستووری و حکومەتی کۆماریدا پاداشی گەورە نیشانەی لاوازبوونی بنەمای دەوڵەتە، چونکە ئەوە دەسەلمێنێ کە پرەنسیپ و بنچینەکانی حکومەت تووشی گەندەڵی هاتوون و لە حکومەتی دەستووریدا ئەوە دەردەخا کە شەرافەت هێزێکی ئەوتۆی نەماوە و هەروەها دەربڕی ئەو راستییەیە کە لە حکومەتی کۆماریدا سیفەتی نەتەوەپەروەری واتە فەزیلەت تووشی سستی و لاوازی هاتووە.

خراپترین ئیمپراتۆرەکانی رۆما ئەو کەسانە بوون کە لە هەمووان زیاتر پاداش و دیارییان دەبەخشیەوە، وەکو:

کالیگۆلا، نیرۆن، ئۆتۆن، ڤێلیۆس، کمد، کاراکالا، هلیۆگابال. و باشترین ئیمپراتۆرەکانیش ئەوانە بوونە کە دەستیان بەماڵ و دارایی دەوڵەتەوە گرتووە، وەکو: ئۆگۆست، ڤسپازین، ئانتۆنن پێ، مارک ئۆرل، پرتیناکس.

لەسەردەمی ئیمپراتۆرە باشەکاندا دەوڵەت پرەنسیپ و بنچینە لە دەست چووەکانی خۆی بەچنگ دەهێنایەوەو گەنجینەی شەرافەت شوێنی گەنجینەی پارەی گرتەوە.

## بەشی نۆزدەهەم: هەندێ دەرەنجامی نوێی

## پرەنسیپی ئەو سێ جۆرە حکومەتە

من ناتوانم ئەو کتێبە تەواو بکەم تەنیا کاتێ نەبێ کە لەسەر ئەو بنچینەو پرەنسیپانەی خوارەوە هەندێ روونکردنەوە پێشکەش بکەم:

**یەکەم**: ئایا یاساکان پێویستە کەسێک لە کەسەکانی کۆمەڵگا ناچار بکەن پیشەی دەوڵەتی قبوڵ بکات.

بەبڕوای من لە حکومەتی دەستووریدا ئەوە ناگونجێ، بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا پێویستە ناچاربکرێ، چونکە لە حکومەتی کۆماریدا بوونی پلەوپایەی دەوڵەتی گەواهی فەزیلەت و ئەمانەتێکە کە نیشتمان بەکەسێکی ناو کۆمەڵگای دەسپێرێ و لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک پێویستە ژیان و فیکروکردەوەی تەنیا بۆ نیشتمانەکەی بێ، هەر بۆیە نابێ هیچ کەس لە قبوڵ کردنی پیشەی دەوڵەتی خۆ ببوێرێ، بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا ئەو پلەوپایانە گەواهی شەرافەتن و یەکێک لە هێماو نیشانەکانی شەرافەت ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو پیشەیە هەڵنەبژێرێ کە دڵی پێخۆش نییەو نایەوێ ئەنجامی بدات، هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا دەتوانێ لە ئەنجام دانی پیشەی حکومی خۆی ببوێرێ.

شا (ساردنی ڤیکتۆر ئامدە) ئەو کەسانەی سزا دەدا کە خۆیان لە قبوڵ کردنی شانازی و پیشەکانی دەوڵەت دەبواردو بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێکردبێ ئەفکاری حکومەتی کۆماری پیادە دەکرد، بەڵام شێوازی حکومەت کردنەکەی ئەوە دەسەلمێنێ کە مەبەستی پاراستنی حکومەتی کۆماری نەبووە.

**دووهەم**: ئایا ئەوە پرەنسیپێکی باشە کە کەسێک لە سوپادا ناچاربکرێ پلەیەکی نزمتر لە پلەی پێشووی خۆی قبوولّ بکات؟

لەنێو رۆمانەکان بەزۆری ئەوە بینراوە کە (سەروانەکانی) پێشوو لەژێر ئەمرو فرمانی (ستوانەکان)دا خزمەتیان کردووە. لەناو حکومەتی کۆماریدا کە فەزیلەت وا دەخوازێ هەموو کەسێک خۆی بکاتە قوربانی دەوڵەت و هیچ گرنگییەک بە مەیل و حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی نەدا، ئەو سووکایەتییە دەکرێ قبوولّ بکرێ، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا شەرافەتی حەقیقی یان ساختەیی ناتوانێ هیچ پلەیەکی نزم و سووکایەتییەک قبوولّ بکات.

لە حکومەتی ئیستبدادیدا شەرافەت و پلەو پایە کەڵکی خراپی لێوەردەگیرێ. دەتوانین هەر لەو کاتەیدا کە پاشا دەکەینە کەسێکی نزم لە هەمان کاتیشدا دەتوانین کەسێکی نزم و کەم بەها بگۆڕین و بیکەین بەپاشا، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا کە



دەبێ بەشێوازێکی باش کەڵک لە شەرافەت و پلەوپایە وەربگیرێ، ناکرێ کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدرێ.

**سێهەم**: ئایا دەکرێ لەیەک کاتدا هەم پیشەی مەدەنی و هەم پیشەی سووپایی بدرێ بەتاکەکەسێک؟

لە حکومەتی کۆماریدا دەتوانرێ ئەو کارە ئەنجام بدرێ، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا پێویستە پیشەی سوپایی و مەدەنی لە یەکتری جیابکرێتەوە لە حکومەتی کۆماریدا ئەگەر پیشەی سەرباری بەهەلومەرجێکی تایبەت دابنرێ و لە پیشەی مەدەنی جیابکرێتەوە، ئەوا کارێکی پڕ مەترسیە، بەڵام لە حکومەتە دەستوورییەکاندا رێک بەپێچەوانەیەو سپاردنی ئەو دوو پیشەیە بەیەکەوە بەتاکە کەسێک بە ئەندازەی جیاکردنەوەی ئەو دوو پیشەیە لە حکومەتی کۆماری دا، مەترسی هەیە.

لە حکومەتی کۆماریدا هیچ کەسێک چەک بەدەستەوە ناگرێ، تەنیا کاتێک نەبێ ئەویش بۆ بەرگری کردن لە یاساو نیشتمانی خۆی، هەر بۆیە هەموو تاکێک بەسەربازو ناسەربازەوە دانیشتووانی وڵاتن و تاکێکی نەتەوەی خۆشیانن، لە کاتی پێویستیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبنە سەرباز، ئەگەر ئەو دووپیشەیە لەگەڵ یەکتری جیاوازیان هەبێ ئەوا ئەو گومانە لەلای تاک سەرهەڵدەدا کە ئەو هیچ نییە جگە لە سەربازێک و لە هەموو ئیمتیازاتە نەتەوەییەکانی دیکە بێ بەشە، ئەوە لەکاتێک دایە کە ئەو گومانە راست نییە.

بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا پیاوە جەنگاوەرەکان بەپلەی یەکەم جگە لە شانازی هیچ مەبەستێکی تریان نییە و لە دوای ئەو لە قۆناغەکانی دواتردا خوازیاری شەرافەت و سامانن، هەر بۆیە پێویستە لە سپاردنی پیشەی مەدەنی بەو جۆرە کەسانە خۆمان ببوێرین و تەنانەت رێگایەکی ئەوتۆش بدۆزرێتەوە کە دەسەڵاتدارانی وڵات پێشیان بگرن، چونکە پیاوانی ناو سووپاکە بەهۆی بەدەست هێنانی شانازی بوونەتە جێگای متمانەی گەل، ئەگەر بێتو پیشەو کاری مەدەنیشیان بدرێتێ ئەوا رەنگە کەڵکی خراپ لەو متمانەیە وەرگرن.

لە وڵاتێکدا کە لە ناوەڕۆکدا کۆماری و بەرواڵەت دەستووری بێ میللەت نایەوێ هەندێ کەسی تایبەت خاوەن پیشەی سەربازی بن، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەرەکیەتی پیاوە جەنگاوەرەکانیش پیشە مەدەنییەکان بەدەستەوە بگرن، بۆ ئەوەی سیفەت و خەسڵەتە نەتەوەییەکان فەرامۆش نەکرێن و وەکو توێشە بەرەی گەل بن بۆ رۆژی تەنگانە.

بەم جۆرە دابەش کردنی پلەوپایەکان بەسەر پلەوپایەی مەدەنی و سەربازی کە رۆمانییەکان پاش لەناوچوونی حکومەتی کۆماری دایانمەزراند، کارێکی لە خۆڕاو

سەرەڕۆیانە نەبوو، بەڵکو لە ئاکامی گۆڕانی دەستووری ڕۆمابوو و لەگەڵ سروشتی حکومەتی دەستووریدا دەگونجا و لە سەردەمی ئۆگۆستەوە دەستی پێکردبوو، ئیمپراتۆرەکانی داوی ئەویش ناچاربوون گەشەی پێ بدەن بۆ ئەوەی حکومەتی سەربازی هەندێ میانڕۆتر ببێ.

بۆ نموونە (پرۆکۆب) نەیاری (ڤالانس) لەسەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆما کاتێ پلەی پرۆکۆنسولی بەخشی بە شازادەی ئێرانی (هۆرمزداد)، لەبەرئەوە بوو هەتا پلەی فەرماندەیی سووپای لێ بستێنێتەوە، چونکە ئەو کەسەی ئاواتی فەرماندەیی هەیە زیاتر گرنگی دەدا بەو کارەی کە بۆ دەوڵەت سوودی هەیەو کەمتر لە بیری بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دادەبێ.

**چوارەم**: ئایا دەگونجێ پلەوپایە بەهۆی پارەوە بەدەست بهێنرێ؟

لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا کە خەڵک لە ژێر ڕەحمەتی هەواو هەوەسی پاشادان نابێ بەم جۆرەبێت، بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا بەدەست هێنانی پلەوپایە بەهۆی پارەوە کارێکی باشە، چونکە وا لە مرۆڤ دەکا ئەو کارەی لە پێناوی دڵسۆزیدا نەیدەویست بیکا لە پێناو پارەدا ئەنجامی بدا و هەموو کەسێک ناچار دەکا کە هەستێ بەئەنجامدانی ئەرکێک و نەزم ودیسیپلینی وڵات سەقامگیردەکات. (سویداس) زۆر بەباشی ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێ: (ئاناستاز)، ئیمپراتۆریەتی کردبووە بەشێک لە حکومەتی ئەرستۆکراتی، چونکە گشت پلەوپایەکانی دەفرۆشت.

ئەفلاتون ئەو بیروبۆچوونەی لاپەسند نییەو دەڵێ: وەکو ئەوەیە لەناو کەشتییەکدا کەسێک بەهۆی ئەو پارەیەی هەیەتی بکرێتە مەلەوان یان کەشتیوان. بەڵام پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە ئەفلاتون باس لە کۆمارێک دەکا کە بنەماکەی لەسەر فەزیلەت دامەزراوە بەڵام ئێمە باس لە حکومەتێکی دەستووری دەکەین کە ئەگەر بێتو پلەوپایەو پیشەکان لە ڕێگای پەیڕەو و پرۆگرامێکی ڕەسمیەوە نەفرۆشرێن، ئەوا هەژاری و چاوچنۆکی دەربارییەکان بەنهێنی پیشەو پلەوپایەکان دەفرۆشێ و بەبێ ئەوەی پاشا ئەوکارە ئەنجام بدات، ڕەوتی کاروبارەکانی ناو دەربار ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە پێک دەهێنێ. کەواتە زۆر باشترە ئەگەر ئەو کارە بەشێوەیەکی ڕەسمی بێت و سوودەکەی بۆ دەوڵەت بێ نەک هەندێ کەس. بەکورتی پێشکەوتن و پێشەوەچوون بەهۆی پارەوە هانی باش بوونی کاروبارەکان دەدا. ئەو جۆرە حکومەتە پێویستییەکی یەکجار زۆری بە کارو پیشەسازی هەیە.



**پێنجەم**: لە چ جۆرە حکومەتێکدا دەبێ لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی (سانسۆرەکان) وجوودی هەبێ؟

لە حکومەتی کۆماری کە بناغەکەی لەسەر فەزیلەت دامەزراوە بوونی ئەو سانسۆرانە پێویستە، چونکە بەس بەتەنیا تاوان فەزیلەت لەناو نابات، بەڵکو کەمکاری، لادەری، هەستی لاوازی خۆشەویستی نیشتمان، ڕێنمای مەترسیدار، چاندنی تۆوی گەندەڵیش هەستی فەزیلەت لەناو دەبات، ئەم کارانە لەگەڵ یاسادا دژایەتیان نییە، بەڵام یاساکان بێ هێز دەکەن، هەموو ئەو شتانە پێویستە لەلایەن هەڵسەنگێنەرەکانە (سانسۆرەکان)وە چاکسازییان تێدا بکرێ.

لە ڕۆمانی کۆندا یەکێک لە ئەندامەکانی ئاریۆپاژ چۆلەکەیەکی بینی کە باشوویەک ڕاوی دەناو چۆلەکەکە خۆی خستنە باوەشی ئەوەوە، ئەویش چۆلەکەکەی کوشت، ئاریۆپاژ کەسەکەی سزادا. هەروەها ئاریۆپاژ منداڵێکی ئیعدام کرد لەبەر ئەوەی چاوی باڵندەکەی خۆی دەرهێنابوو، نابێ لەو حاڵەتانەدا تووشی سەرسوڕمان بین، بەڵکو دەبێ وردبینەوەو سەرنج بدەین کە تەنیا مەبەست لەو مەحکووم کردن و تەمێ کردنانە، دانانی سزانییە لە بەرامبەر ئەوکارانە، بەڵکو تەحەکومێکی ئەخلاقییە لە حکومەتێکی کۆماریدا کە بناغەکەی لەسەر ئەخلاق دامەزراوە.

لە حکومەتە دەستووریەکاندا (سانسۆر) پێویست نییە، چونکە ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای شەرافەت دامەزراوەو سروشتی شەرافەتیش ئەوەیە هەموو لایەک ڕەخنەی لێدەگرن و هەرکەسێک بەپێچەوانەی شەرافەتەوە بجوڵێتەوە، هەموو خەڵک تەنانەت ئەوانەی بۆ خۆیان هیچ شەرافەتیان نییە لۆمەی دەکەن و دەیدەنە بەر تیری ڕەخنە.

لەم جۆرە وڵاتانە ئەرکی سانسۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی کردەوەی گشتی لەناو دەچێ، چونکە سانسۆرەکان ناتوانن پێشی گەندەڵی ناو حکومەتی دەستووری بگرن، بەڵام گەندەڵی حکومەت لە توانایدا هەیە سانسۆرەکان لەناو ببات.

سانسۆر لە حکومەتی ئیستبدادیشدا پێویست نییە، چونکە ئەو بابەتە زۆر بەباشی هەست پێکراوەو بارودۆخی چینیش ئەو بابەتەی سەلماندووەو ڕوون و ئاشکرای کردووە. لەسەر ئەو بابەتە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆحی یاساکاندا بەدرێژی دەدوێن و هۆکارە تایبەتییەکانی هەلومەرجی ئەو حکومەتانەو پێویست نەبوونی سانسۆرەکان باس دەکەین.

## دەرئەنجامی پرەنسیپی حکومەتە جۆراوجۆرەکان بە نسبەت سادەیی یاسا مەدەنی و جنایییەکان و شێوازەکانی دادگایی کردن و سزادان

### بەشی یەکەم: سادەیی یاسا مەدەنییەکان لە حکومەتە جۆراوجۆرەکان دا

یاساکانی حکومەتی دەستووری وەکو یاساکانی حکومەتی ئیستبدادی سادەو ساکارنین. لەو ولاَتانەی حکومەتەکانیان پاشایی دەستوورییە، وجوودی دادگا زۆر پێویستە، ئەو بڕیارانەی دادگا دەریان دەکات دەبێ بپارێزرێن و بەهەموو لایەک رابگەیەنرێ و فێری خەڵکیان بکەن بۆ ئەوەی بنچینەو پرەنسیپەکانی دادگایی کردن بەجێگیری بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردانەیەک و گیان و ماڵی تاکەکان پارێزراو بێ، هەروەک چۆن بنەمای حکومەت نەگۆڕو جێگیرە.

لە حکومەتی دەستووریدا دادگاکان سەرەڕای ئەوەی چاو بەژیان و دارایی خەڵکدا دەخشێنن و پێی رادەگەن، لەمەڕ شەرافەتی تاکەکانیش بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، لێرەدا پێویستی لێکۆڵینەوە و لێپچینەوەی ورد بەباشی خۆی دەنوێنێ، چونکە هەرچەندە ئەو ئەمانەتییەی بەدادوەر دەسپێردرێ گرنگترو ئەو بابەتەی لەسەری راوبۆچوونی خۆی دەردەبڕێ گەورەتر بێ، ئەوا دەبێ هەر بەو رادەیە دادوەر لە ئەنجامدانی کارەکانی خۆیدا وردتر بێ.

لێرەدا نابێ لەبەر ئەوەی یاساکان لەناو حکومەتە دەستوورییەکاندا هەندێ رێساو ئاستەنگ دێننە ئاراوەو یان کە هەندێ حاڵەتی تایبەتی گەشەی پێ دەدرێ و لەڕووی چەندایەتییەوە زیاد دەکرێ، تووشی سەرسوڕمان بین و نابێ پێمان وابێ یاساکان عەقڵی مرۆڤ بەرەو ئامێر دەگۆڕن و دەیخەنە ژێر هەندێ کۆت و بەندەوە.

جیاوازی نێوان پلەوپایەو نەسەب کە لەناو حکومەتی مەشروطە (دەستووری)دا بەرقەرارە و زۆربەی کاتەکان دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئیمتیازات و هەندێ جیاکاری لە سروشتی شتومەکەکاندا، هەروەها یاساکانی تایبەت بەبنچینەی حکومەتی دەستووریش ژمارەی ئەو جۆراوجۆرییە زیاتر دەکات، بۆ نموونە لە ولاَتی ئێمەدا (مەبەست فەرەنسایە).



شێوازەکانی خاوەندارێتی و شتومەک و دارایییەکان گەلێک جۆری جیاوازییان هەیە، کە هەندێکیان بریتین لە: دارایی تاکەکەسی، بەدەست هاتوو، غەنیمەتی، جیازی، دارایی دایک و باوک (گواستنەوەی دارایی دایک و باوک لەسەردەمی ژیانی ئەواندا)، بەشە جۆراوجۆرەکانی دارایی گوێزاو (مەنقوول)، دارایی ئازاد، دارایی گۆڕاو، دارایی میرات، نامیراتی، رەسەن، ناڕەسەن، سوودی زەوی و زار، ئەو داراییەی بەپارە ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێ و هتد... و هەر کام لەو شتومەک و داراییانە بۆ خۆیان خودان یاسایەکی تایبەتین و پێویستە رێساکانیان بپارێزرێ بۆ ئەوەی بتوانین ببینە خاوەنی ئەو داراییانە، شتێکی ئاساییە ئەو ئیمتیازات و رێوشوێنانە لە سادەیی یاساکان کەم دەکەنەوە.

لە حکومەتەکانی ئێمەدا زەوییوزارەکانی پادشا (ئەو زەوییانەی خەڵک کاری لەسەر دەکا بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خۆی بەدەست بێنێ) چۆتە خانەی میراتەوەو وابەباشی زانراوە کە ئەرستۆکراتەکان هەندێ دارایی و سامانی جێگیرو نەگۆڕیان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لەسەر زەوییەک کاردەکات، شایانی ئەوەبێ خزمەتی پاشا بکا. ئەو رێسایەش بەشی جۆراوجۆری لە تیولدا هێناوەتە ئاراوە، بۆ نموونە لە هەندێ ولاَتدا توانیویانە تیولەکان لە نێوان براکاندا دابەش بکەن و لە هەندێ ولاَتی دیکەدا برا بچووکەکان کەڵکی زۆرتر لە تیولەکان وەردەگرن و دەتوانن لەو رێگایەوە بژێوی خۆیان بەدەست بێنن.

لەو ولاَتانەی سیستەمەکەیان پاشایی دەستوورییە، لەبەر ئەوەی پاشا هەرچوار لای ولاَتی لەبەرچاوە، هەر بۆیە دەتوانێ یاسای جۆراوجۆر دابڕێژێ یان چاوپۆشی لە دابونەریتی جیاوازی رەعیەتەکانی خۆی بکات و لە هەندێ خراپەکاری ببوورێ، بەڵام پاشای ملهوڕو موستەبد هیچ شتێک ناناسێ و ناتوانێ لە هیچ شتێ ببوورێ و لە هیچ کارێکدا ناتوانێ وردو رێکوپێک هەڵوێست وەگرێ، لە روانگەی ئەوەوە تەنیا شێوازێکی گشتی پێویستە، چونکە ئەو تەنیا لە رێگای ئیرادەیەکی بەهێز، کە لەهەموو لایەکی ولاَت یەکسان بێ دەتوانێ حکومەت بکات. هەموو شوێنێک لە ژێر پێیدا تەخت و هەموارەو لەدیدی ئەوەوە هەموو وەکو یەکن.

لە ولاَتە دەستوورییەکاندا بەو رادەیەی بڕیاری دادگاکان زۆرو جۆراوجۆرن بەهەمان رادەش روانگەو تەفسیرە قەزایییەکان لێوانن لەو بڕیارانەی کە هەندێ جار وارێکدەکەوێ پێچەوانەو دژی یەکترن، چونکە لەوانەیە هەر دادوەرێک بونیادێکی فیکری تایبەت بەخۆی هەبێ و کاتێ دادوەری دادگایەک دەگۆڕدرێ، دادوەر نوێیەکە جۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەندێ سکالاَو شکایەت جاری وا هەیە بەباشی و جاری واش هەیە بەخراپی بەرگریان لێ دەکرێ یان بەهۆی ئەو جموجۆڵ و چالاکییە شەیتانی و

خراپەکارییانەی کە بەردەوام لە چالاکیەکانی مرۆڤدا خۆی حەشارداوە، هەر بۆیە روانگە قەزاییەکان گۆڕانیان بەسەردادێ.

بەهەرحاڵ ئەوە کەموکوڕییەکە پێویستە یاسادانەر جاروبار لە ناوی بەرێ چونکە ئەوە دژی رۆحی حکومەتی میانڕۆیە. کاتێ خەڵک ناچار دەبێ پەنا بۆ بەر دادگاکان بەرێ دەبێ ئەو پەنابردنە بەپێی رۆح و سیستەمی حکومەت و بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدرێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، نەک بەهۆی دژایەتی یاساکان و رای جیاوازی دادوەرەکان خەڵک تووشی گیروگرفت و دەردەسەری بکرێن.

لە حکومەتێکدا کە حەتمەن لەنێو تاکەکاندا هەندێ جیاوازی هەیە، دەبێ هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتیش بێتە ئاراوە، ئەوکاتە بابەتەکە لە شێوە ساکارەکەی خۆی دەردەچێ و هەزار جۆرە ریزپەڕ (استثناء) بەرهەم دێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە حکومەتانە کە گرفتێکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵگا دروست ناکات، بابەتی دیاریکردنی سەلاحیات و دەسەڵاتی دادگاکانە.

بابەتی دەسەڵاتی دادگاکان نەبۆ خەڵک و نەبۆ خودی دادگا گرفتێکی ئەوتۆ پێک ناهێنێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دروست کردنی هەندێ ئاڵۆزی نوێ لەناو یاساکاندا، چونکە پێویستە خەڵک لەلایان ئاشکرابێ کە شکایەت و داواکاری خۆیان لە کامە دادگا بێننە بەرباس.

بارودۆخی نەتەوەی وڵاتە ئیستبدادییەکان لەگەڵ بارودۆخی نەتەوەی وڵاتە دەستوورییەکان بەتەواوی جیاوازی هەیە. نازانم لە وڵاتە ئیستبدادیەکان دادوەر بەپێی کامە پرەنسیپ، بیروڕای خۆی دەردەبڕێ و چۆن دادوەر حوکم دەردەکات، چونکە لە وڵاتە ئیستبدادیەکان لەلایەک هەموو زەوی و زارەکان هی پاشان و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی نسبەت بەخاوەنداریێتی زەوی و زار هیچ چەشنە یاسایەکی مەدەنی وجوودی نەبێ و هەروەها داگیرکردنی بازرگانی لەلایەن پاشا، لەگەڵ هەموو وڵاتەکان، پێویستی بوونی هەر جۆرە یاسایەکی بازرگانی لەناو دەبات، لەلایەکی تر، مارەکردنی کچە قەرەواشەکان لە وڵاتە ئیستبدادییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ یاسایەکی مەدەنی سەبارەت بە جیازو ئیمتیازاتی ئافرەتان وجوودی نەبێ، هەروەها بەهۆی زۆری سەرسوڕهێنەری قەرەواشەکان (ئەو کچانەی بەپارە دەکڕدرێن) هیچ کەسێک خودان ئیرادەی تاکەکەسی خۆی نابێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەس ناچار نەبێ لە بەرامبەر رەفتارو کردەوەکانی خۆی وەڵامی دادوەر بداتەوە.

زۆربەی هەرەزۆری ئەو سەرپێچییانەی کە یاسا ئەخلاقییەکان ئەنجامدانیانی قەدەغە



کردووەو لە روانگەی دایک و باوک مێرد یان مامۆستاکانەوە بەکردەوەیەکی ناشایست و چەوت لە قەڵەم دراوە، بەهۆی خودی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێ و دەسەڵاتدارەکان هیچ پەیوەندییان لەگەڵدا نییە. ئەوەی لەلای ئێمە پێی دەووترێ شەرافەت لە وڵاتە ئیستبدادییەکان وجودی نییە، هەر بۆیە هەموو ئەو کردەوەو رێوشوێنانەی تایبەتن بە شەرافەت و لەلای ئێمە گرنگییەکی مەزنی هەیە لەلای ئەوان بەهیچ جۆرێ پێویست نییە.

پاشای مستبد بەتەنیایی و بەپێی ئیرادەی سەرەڕۆیانەی خۆی هەموو شتێک بەڕێوەدەبات، بێگومان زۆر ئاساییە ئەگەر پێویستی بەهیچ یاسایەک نەبێ، هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە ئیستبدادییەکان رادێن و باسی بارودۆخی وڵاتی خۆیان دەکەن زۆر بە دەگمەن باسی یاسا مەدەنییەکانی وڵاتەکانیان دەکەن.

کەواتە ئاشکرایە داواکاری و دادگایی کردن لەو وڵاتانەدا زۆر کەمە و هەر بۆیەشە هەمیشە سزای زۆر سەخت بۆ تاوانبارەکان دادەنرێ و هیچ جۆرە یاساو رێوشوێن و پەیڕەوێک لە گۆڕێ نییە تا لەناو کون و کەلەبەرەکانیدا سکاڵاو شکایەتی خەڵک لە دیدی گشتی بشاردرێتەوەو لە ئاکامدا تاوانی تاوانبارەکان بەشێوەیەکی بەرجەستە لەبەرچاوی خەڵکەو لە ئەنجامدا سزای زۆر سەخت و قورس بەسەر تاوانبارەکاندا دەسەپێنرێت.

### بەشی دووهەم: ساکاری یاساکانی سزادان لە حکومەتە جیاوازەکاندا

زۆر جاران دەبیستین کە دەڵێن پێویستە دادپەروەری لە هەموو شوێنێک وەکو تورکیا جێبەجێ بکرێ. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوە رۆشنبیرەکان لەمەڕ ئەو بابەتەی کە زانین و تێگەیشتنی لە هەموو شتەکانی تر پێویستترە (واتە دادپەروەری) دەبێ چاو لە نەزانترین نەتەوەی جیهان بکەن. لەو حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ئەوان چاوکراوەترن[٣٣].

ئەگەر ئەو زەحمەت و رەنجەی کەسێک لە دەست رەسمیاتی دادگا دەیکێشێ بۆ ئەوەی سامانەکەی وەدەست بێنێتەوە یان قەرەبووی سووکایەتییەک بکات وەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو رەسمیاتانە گەلێک زۆرن. بەڵام دەبینین کە هەر ئەو رەسمیاتە بە نسبەت ئازادی و ئاسایشی گەلەوە یەکجار کەمن و ئاشکرایە ئەو زەحمەت وتێچوون و هێواشی رەوتی بە دواداچوونە و تەنانەت ئەو مەترسییانەی رووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە لە کاتی جێبەجێ کردنی عەدالەتدا، نرخێکە دەبێ هەموو تاکە کەسێک لە پێناو ئازادی خۆیدا بیدات.

پاشا (حاکم) پاش وەدەست هێنانی زانیاری لەسەر بابەتی شکایەت، بەپێی

ئارەزووی خۆی، چەند تێلایەک لەبن پێی شکایەت کارەکان دەداو دەیاننێرێتەوە ماڵی خۆیان.

ئەگەر لە حکومەتی ئیستبدادی وەکو حکومەتی دەستووری هەردوولای کێشەکە گرنگی بدەن بە بەدواداچوونی داواکارییەکانیان، ئەوا بارودۆخێکی مەترسیدار دەخوڵقێنن، چونکە لە کاتی جێبەجێ کردنی عەدالەت و پێشێل نەکردنی هیچ مافێک، چاوچنۆکی و رق و کینەی یەک لە دوای یەک سەرهەڵدەدا و ئەو جۆرە خووخەسڵەتە نیشاندەری مەیلی خەڵکە بۆ بەدواداچوونی مافەکان و خواستی بە دواداچوون و دادگایی کردن بەرهەم دێنێ.

لە حکومەتێکدا کە جگە لە ترس هیچ هەستێکی تر وجوودی نییە و هەموو شتە لە ناکاو پێش بینی نەکراوەکان دەبنە هۆی ترس و شۆڕش، دەبێ خۆ لە بیری دابین کردنی مافەکان بپارێزین و چاکتر وایە تەنانەت دادوەر ناوی کەسەکانیش نەزانێ و لە بنەڕەتدا داواکارییەکان بەرز نەکرێنەوە.

بە کورتی دەبێ ئەوە بزانین لە حکومەتی ئستبدادیدا ئاسایشی تاکەکان بێ سەروشوێن و نادیارە، بەڵام لە وڵاتە میانڕۆکاندا کە ژیان و بوونی خەڵک نرخ و بەهای خۆی هەیە هیچ کەسێک ناتوانێ سامان و شەرافەتیان بە تالان ببا تەنیا لە پاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دوورو درێژ نەبێ، هەروەها ناتوانرێ هیچ کەس لە ژیان بێ بەش بکرێ تەنیا لە حالەتێکدا نەبێ کە نیشتمان داواکار بێ و نیشتمانیش داواکاری لەسەر هیچ کەسێک تۆمار ناکا تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە هەموو هۆیەکانی بەرگری کردن بۆ تاکە کەسەکە دەستەبەر بکات. هەر بۆیە ئەو کەسانەی دەیانەوێ خودان دەسەلاتی رەهابن بەر لە هەموو شتێک بیر لە سادەکردنەوەی یاساکان دەکەنەوە[٣٤]. لەو جۆرە حکومەتە دەستوورییانەدا کەم و کوڕییە بچووکەکان زۆر زیاتر سەرنج رادەکێشن لە کاتێکدا کەم و کوڕی گەورە واتە لە دەست دانی ئازادی سەرنجی هیچ کەس راناکێشێ.

لە حکومەتە کۆمارییەکانیشدا لانی کەم بە ڕادەی حکومەتی دەستووری رەسمیات پێویستە چونکە لەو دوو حکومەتەدا چەندە گرنگی بدرێ بە شەرافەت و دارایی و ژیان و ئازادی تاکەکان ئەوەندەش رەسمیاتەکان زیاد دەبێت.

لە حکومەتی کۆماری و حکومەتی ئیستبدادیدا هەموو خەڵک لەگەڵ یەکتردا یەکسانن. لە یەکەمیاندا هەموو کەس هەموو شتێکە و لە دووەمیشیاندا هیچ کەس هیچ نییە.



## بەشی سێهەم: لە چ حکومەتێک و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ بەپێی دەقی راشکاو (صریح)ی یاسا حوکم بدرێ

هەرچەندە حکومەت نزیکتر بێتەوە لە پرەنسیپ و بنەماکانی حکومەتی کۆماری بەو ڕادەیە شێوازی حوکم کردن جێگیر و نەگۆڕتر دەبێ.

لە (لاسدمۆن) یەکێک لە کەم و کوڕییەکانی حکومەتی کۆماری ئەوە بوو ئفورەکان (دادوەری ئسپارتە) سەرەڕۆیانە حوکمیان دەردەکرد بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکیان لەبەر دەست بێ.

لە رۆما کۆنسولە یەکەمەکان وەکو ئفورەکان رەفتاریان دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی زیانەکانی ئەو کارە هەستی پێکرا بۆ پێشگرتنیان گەلێک یاسای ورد و رێکیان دارشت.

لەبەر ئەوەی لە حکومەتە ئستبدادییەکاندا هیچ یاسایەک بوونی نییە، هەر بۆیە بیر و ئارەزووی دادوەر جێگای یاسا دەگرێتەوە. بەڵام چونکە لە ناو حکومەتە دەستوورییەکاندا یاسا شوێنی تایبەتی هەیە، دادوەر بەپێی یاسا رەفتار دەکات و ئەگەر دەقەکان ورد و ئاشکرا بن ئەوا بەکاریان دێنێ و ئەگەریش ئاشکرا(صریح) نەبن و هەندێ تەم و مژیان لەسەر بێ ئەوا بە دوای رۆحی یاساکاندا دەگەڕێ.

لە حکومەتی کۆماری دا کە لە بنچینەدا سروشت و بنەمای حکومەت جۆرێکە، دەبێ حوکم دەرکردن بەپێی چەمکی یاسا بێ و نابێ لە هیچ حالەتێکدا یاسا دژی سامان و دارایی و شەرافەت یان دژی ژیانی خەڵک تەفسیر بکرێ و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.

لە رۆما دادوەرەکان تەنیا دەنگیان دەدا و راوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و ئاشکرایان دەکرد کە تاوانبار تاوانی ئەنجام داوە، بەڵام سزا لە ناو یاساکاندا دیاری کرابوو و دادوەر دیاری نەدەکرد[٣٥]. ئەو شێوازە لە یاسا جۆراوجۆرەکانی رۆمادا دەبینرێ.

لە ئینگلتەرا دادوەرەکان بەم جۆرە ڕای خۆیان دەردەبڕن: ئەو کردەوەی بە دەستیان گەیشتووە سەلمێنراوە یان نا؟ و ئەگەر سەلمێنراوە ئەوا دادوەرەکان ئەو سزایە رادەگەیەنن کە یاسا بۆ تاوانەکەی دیاری کردووە. لێرەدا لەو جۆرە حوکم دەرکردنە جگە لە چاوەکانیان پێویستیان بە هیچی تر نییە، واتە پێویست بە وردبوونەوە و ڕامانی زۆر ناکات.

## بەشی چوارەم: شێوازی رێکخستنی ئەحکامی قەزایی

لەوەی وترا بۆ چۆنیەتی رێکخستنی ئەحکامەکان شێوازی جۆراوجۆر پێکدێ.

لە حکومەتی دەستووریدا دادوەرەکان هەندێ حاکم هەڵدەبژێرن، پاشان حاکمەکان لەگەڵ یەکتردا راوێژ دەکەن و بیرو ڕا دەگۆڕنەوە و لەگەڵ یەکتردا دەسازێن، واتە هەر

کامێکیان ئامادەیە گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی خۆیدا پێک بێنێ بۆ ئەوەی ڕایەکی یەکگرتوو دروست بێ. بیروبۆچوونی کەمینە گوێڕایەڵی بیروبۆچوونی زۆرینە دەبێ. بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا ئەو ڕەوتە لەگەڵ سروشتی حکومەتدا ناگونجێ.

لە ڕۆماو شارەکانی یۆناندا دادوەرەکان لەگەڵ یەکتردا وتووێژیان نەدەکرد بەڵکو هەرکام لە دادوەرەکان رای خۆی بە یەکێک لەم سێ دەستەواژانەی خوارەوە دەردەبڕی:

بێ تاوانە، تاوانبارە، بە بڕوای من گومانلێکراوە. بەپێی ئەم تێڕوانینە وا هەست دەکرا میللەت حوکمی دەرکردووە و لەبەر ئەوەی میللەت ناتوانێ لە یاساکان ورد بێتەوە، گۆڕانکاری و دەستکاری حوکمەکان دەردی ئەو دەرمان ناکات و پێویستە زۆر بەراشکاوی بابەتەکە بخرێتە بەردەست ڕای گشتییەوە بۆ ئەوەی خەڵک ئاگاداری چارەنووسی خۆیان بن و بتوانن رای خۆیان دەربڕن یان بێ تاوانی تاوانبار رابگەیەنن یان وەک تاوانبار بیناسێنن و یان حوکمەکەی خۆیان بۆ کاتێکی تر دوا بخەن.

ڕۆمانەکانیش بە پەیڕەوی کردن لە یۆنانییەکان هەندێ ڕێ و شوێنی کردەییان دیاری کرد. پێویستی پێڕاگەیشتن بە هەموو بابەتەکان بە پێی ڕەوتی ئەو کردەوەیەی کە تایبەت بوو بەو کردەیە دیاری دەکرا. ئەو جۆرە تێڕوانینە پێویست بوو بۆ شێوەی حوکم دەرکردنیان چونکە دەبوایە چۆنیەتی و ڕاستی بابەتەکە بسەلمێنرایە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی هەمیشە لەبەر چاوی بێت و بە باشی لێی تێبگا و ئەگەر وا نەبا ئەوا لە کاتی سەرهەڵدانی بابەتێکی گەورە و گرنگدا نەیاندەتوانی شارەزای ڕەوتی کارەکانی بن، چونکە لەوانە بوو چۆنایەتی بابەتەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبا، تاوای لێهات لە لای ڕۆمانەکان، دادوەرەکان تەنیا مۆڵەتی چاوپیاخشاندنەوەیەکی وردیان بە داواکار دەدا بەبێ ئەوەی دەستکاری هیچ شتێک بکەن و هیچ گۆڕانێکی تێدا پێک بێنن.

بەڵام (پرۆتۆرەکان-دادوەری ڕۆمانی) شێوازێکی تریان لە قەزاوەت و حوکم دەرکردن هێنایە ئارا. بیرۆکەی ئەوان بۆ دەرکردنی حوکم بە نیاز پاکی (حسن النیە) ناوبانگی دەرکرد و بەم جۆرە زۆربەی حوکمەکان بەپێی بۆچوون و قەناعەتی دادوەر دەردەچوون و باشتر لەگەڵ ڕۆحی حکومەتی دەستووریدا دەگونجا. هەر بۆیە مافپەروەرانی فەڕەنسا دەڵێن: «لە فەڕەنسا گشت کارەکان لە رووی نیاز پاکییەوە ئەنجام دەدرێن».

### بەشی پێنجەم: لە چ جۆرە حکومەتێکدا پاشا دەتوانێ ببێ بە دادوەر

ماکیاڤیلی[٣٦] لەسەر ئەو بڕوایە بوو، ئازادی فلۆرانس بۆیە لە ناوچوو چونکە بە شێوازی دادوەرەکانی ڕۆما حوکمیان دەردەکرد و گەل لەمەڕ ئەو تاوانانەی دژی کۆمەڵگا



ئەنجام دەدرا یەکسەر حوکمی دەرنەدەکرد، تەنیا هەشت کەسی تایبەت وەکو دادوەر دیاری کرابوون، بەڵام ماکیاڤیلی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ژمارەیەکی کەم لەوانەیە بە هۆی هەندێ هۆکاری بچووک تووشی گەندەڵی بێن، هەروەک چۆن دادوەرەکانی فلۆرانس تووشی گەندەڵی هاتن.

حەزم دەکرد ئەو بیروبۆچوونەی ماکیاڤیلی قبووڵ کەم، بەڵام لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بەرژەوەندی سیاسی لەسەرو بەرژەوەندی مەدەنییەوەیە، من لەگەڵ بیروبۆچوونەکەی لەسەر ئەو بابەتە هاورا نیم. هۆیەکەی ئەوەیە، ئەگەر گەل یەکڕاست بەو تاوان و سووکایەتییانە ڕابگا کە دژی ئەنجام دراون و دادگاییان بکا، ئەوا ئالیشە و گرفتی گەورە سەرهەڵدەداو[٣٧] و هەر دەبێ چەند کەسێک هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی بێ لایەنانە لەسەر بابەتەکان حوکم دەرکەن.

یاسادانەرانی ڕۆما لەمەڕ ئەو بابەتە دوو کاریان ئەنجامدا:

مۆڵەتی ئەوەیان دا بە تاوانبارەکان تا بەر لە دادگایی کردن ماڵئاوایی لە نیشتمان بکەن و هەروەها بڕیاریان دا کە سامان و دارایی تاوانبارەکان بە پیرۆزی بمێنێتەوە[٣٨]، بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانێ داگیری بکا و بە ناوی خۆیەوە تۆماری بکات و بەم شێوەیە توانیان هێزی حوکم دەرکردنی نەتەوەیی بەرتەسک بکەنەوە (لە کتێبی یازدە دا لەسەر ئەو بابەتە زیاتر دەدوێین).

(سۆلۆن)یش پێشی ئەو کارەی گرت، واتە پێشی ئەو خراپەکاریانەی گرت کە لەوانە بوو خەڵک لە کاتی دادگایی کردنی تاوانبارەکان ئەنجامی بدەن و داوای ئەوەشی کرد ئاریۆپاژ سەر لە نوێ بە کێشەکان دابچێتەوە و ئەگەر بە پێچەوانەی عەدالەت حوکم بەسەر کەسێکدا دراوە ئەوە ئاریۆپاژ دیسان بە کێشەکەدا بچێتەوە و دادگاییەکە دووبارە بکاتەوە.

ئەو فەرمانەی سۆلۆن یاسایەکی جێگای ستایش کردنە، چونکە دەبووە هۆی ئەوەی تاوانبار بکەوێتە ژێر سەرنج و پێداچوونەوەی دادوەرێکی مەزن کە لە هەموو شتێ زیاتر جێی بڕوا و متمانەی گەلە و لە ڕاستیدا بەم جۆرە کردەوە و ڕەفتاری گەل دەکەوتە بەر لێپێچینەوەی خودی گەل. چاکتر وایە لەو حاڵەتانەدا هەندێ ئارامی و هێمنی بپارێزرێ بە تایبەتی کاتێک تاوانبار لە زیندان دایە بۆ ئەوەی خەڵک بە هێمنی و سەبر و پشوو درێژییەوە حوکم بدەن.

لە وڵاتە ئستبدادیەکاندا پاشا دەتوانێ بۆ خۆی حوکم دەربکا بەڵام لە دەوڵەتە دەستوورییەکاندا کارێکی لەم جۆرە محاڵە، چونکە ئەگەر بێتو ئەو کارە ئەنجام بدرێ

بناغەی حکومەت وێران دەکرێ و پەیوەندی نێوان پاشا و گەل واتە دەزگای بەرزی دادوەری لە ناو دەچێ و کۆتایی بە هەموو رەسمیاتە دادوەرییەکان دێ. ترس هەموو دڵەکان دادەگرێ و رەنگ بە روخسارەکانەوە نامێنێ و ئیتر هیچ لە دڵنیایی و شەرافەت و خۆشەویستی و ئاسایش و مەشرووتییەت نامێنێتەوە.

لە دەوڵەتە دەستوورییەکان (مەشرووتە) پاشا بۆ خۆی لایەنی تاوانبارە و دەتوانێ بە دوای تاوانەکەیدا بچێ یان لێی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر بۆ خۆشی دادگایی بکا ئەوا داواکار و دادوەر دەبن بەیەکێ، هەروەها لە حکومەتی دەستووریدا پاشا مافی دەست بەسەراگرتنی هەیە، کەواتە ئەگەر بۆ خۆی لە بەرامبەر تاوانەکاندا بوو بە دادوەر و خەڵکی دادگایی کرد ئەوا هەم دەبێتە داواکار و هەم دەبێتە دادوەر و ئەوە جگە لەوەی جوانترین مەزهەری دەسەڵاتی خۆی واتە مافی لێبووردن لە دەست دەدا و مەعقوول نییە کە بۆ خۆی هەم حوکم دەربکا و هەم لە رێگای لێبووردنەوە حوکمەکەی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و ئاشکراشە کە هیچ کاتێ پاشا ئامادە نییە دژی خودی خۆی بێ، سەرەڕای ئەوە، ئەگەر بێتو پاشا حوکم دەربکا ئەوا هەموو بیروبۆچوون و هزرەکان تێکەڵ دەبن و دەشێوێن، چونکە کەس نازانێ تاوانبار بەبێ تاوان دەرچووە یان وەبەر لێبووردنی پاشا کەوتووە.

کاتێک لویسی سێزدە ویستی لە دادگایی کردنی (دوک دالاڤالت) ببێ بە دادوەر (قاضی)، ژمارەیەک لە پیاوە گەورەکانی پەرلەمان و چەند راوێژکارێکی دەوڵەتی بانگ کردە دیوانی خۆی و ویستی ناچاریان بکا دەنگ بۆ ئیعدام کردنی تاوانبار بدەن.

بەڵام (بلینۆر) سەرۆکی پەرلەمان لە وەڵامدا گوتی: «لەمەڕ ئەو بابەتە تووشی کێشەیەکی سەیر هاتووین و ئەویش ئەوەیە، پاشا دەیەوێ دژی رەعیەت و ژێردەستەیەکی خۆی حوکم دەرکا ئەوە لە کاتێکدا گشت پاشاکان مافی لێبووردنیان بۆ خۆیان داناوە و دەرکردنی حوکمەکانیان بۆ دادوەر و پیاوە گەورەکان بەجێهێشتووە. ئایا ویژدانی خاوەن شکۆ توانای بینینی تۆمەتبارێکی هەیە کە کاتژمێرێک دواتر بە فەرمانی پاشایانەی ئەو لە داردەدرێ».

ئەو پاشایەی خودان بەزەیی و لێبووردنە ناتوانێ لە بەردەم حاڵەتێکی ئەوتۆدا خۆی راگرێ، چونکە تەنیا جەمالی پاشایە پەناخوازەکانی کەنیسە، لە پەناو پەسیوان دەردێنێ و دەیانگێڕێتەوە ناو ژیانی ئاسایی، کەواتە دەبێ هەمووکەس بە دڵ خۆشییەوە لەسەردانی پاشا بگەڕێنەوە.

کاتێکیش دادگایی کردنی دەستی پێکرد و خەریکی تاوتوێ کردنی کێشەکە بوون، دیسان بلینۆر وتی: «ئەم جۆرە حوکم دەرکردنە بێ وێنەیە و لە تەواوی سەردەمەکان تا بە



ئەمڕۆ هیچ پاشایەکی فەڕەنسا وەکو دادوەر و بەپێی حوکمی خۆی کەسێکی رەسەنی دادگایی و مەحکوم بە مەرگ نەکردووە».

ئەو فەرمانانەی پاشا لە کاتی دادگایی کردندا دەری دەکا دەبێتە سەرچاوەی هەموو جۆرە زوڵم و ستەمکاریەک و دەبێتە هۆی ئەوەی زوڵم و زۆرداری بە هەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوبێتەوە و هەمیشە دەربارییەکان بە هۆی نانەوەی وەسوەسە لە دڵی پاشادا ناچاری دەکەن حوکمی زاڵمانە دەربکات.

هەندێ لە ئیمپراتۆرەکانی رۆما ئارەزوویەکی سەیریان بۆ دەرکردنی حوکم و قەزاوەت هەبوو، هەر بۆیە ئەو زوڵم و ستەمەی لە قۆناغی ئەواندا دەبینرێ لە هیچ قۆناغێکی سەڵتەنەتی دیکەدا نابینرێ.

تاسیت دەڵێ: لەبەر ئەوەی (کلود) دەستی گرت بەسەر کاروباری و پیشەی دادوەرەکان هەر بۆیە هەلی بۆ خەڵکانی دیکە رەخساند تا بە ئارەزووی خۆیان دەست بدەنە تاڵان و زوڵم و ستەم.

(نیرۆن) کە لە دوای کلود بوو بە ئیمپراتۆر، بۆ رازی کردنی دڵی خەڵک رایگەیاند کە واز لە دادوەری دێنێ بۆ ئەوەی چارەنووسی داواکار و تاوانبار نەبێتە قوربانی دەستی دەربارییەکان.

(زوزیم) دەڵێ: لە سەردەمی (ئارکادیۆس) ژمارەی ئەو کەسانەی تۆمەتیان دەختە پاڵ خەڵکی زیادی کردو هەموو دەرباری تەنیەوە و بە زوڵم و ستەم و گەندەڵکاری دەرباری لەکەدار کرد.

کاتێک یەکێک دەمرد بۆ داگیرکردنی ماڵ و داراییەکەی وایان نیشان دەدا کە هیچ منداڵێکی لە پاش بەجێ نەماوە و بە هۆی فەرمانێکی پاشایانەوە سامان و داراییەکەیان دەبەخشیەوە. ئارکادیۆس پیاوێکی یەکجار گەمژە بوو، بەڵام شاژنەکەی زۆر چالاک و هەڵسوڕ بوو و بەبێ ئەوەی هەست بە هیلاکی بکا بەردەوام خەریکی دامرکاندنی حەز و ئارەزووی خزم و کەس و نۆکەرەکانی بوو و تاوای لێهات خەڵکانی ئابڕوومەند جگە لە ئاواتی مەرگ هیچ ئاوات و ئارەزوویەکیان نەماو لە گیانی خۆیان بێزار بوون.

(پرۆکۆب) دەڵێ: پێشتر ژمارەی دەربارییەکان زۆر کەم بوو بەڵام لە سەردەمی (ژۆستینین) لەبەر ئەوەی دادوەرەکان هیچ چەشنە ئازادییەکیان نەبوو هەر بۆیە دادگاکانیان خاڵی بوو، ئەوە لە کاتێک دایە کە کۆشکی پاشایەتی لە هاتو هاواری ئەو کەسانەی بۆ شکایەت و سکاڵا هاتبوون زایەڵەی دەهات. بەڵام هەموو کەسێک دەیزانی دەربارییەکان چۆن چۆنی کڕین و فرۆشتن بە ئەحکام و تەنانەت یاساکانیش دەکەن.

یاسا وەکو چاوی پاشایە و ئەوەی پاشا بە چاوە ئاساییەکانی خۆی توانای بینینی نییە لە ڕێگای یاساوە دەتوانێ بیبینێ. کەواتە ئەگەر پاشا بیەوێ دەست بەسەر کاروباری دادگاکاندا بگرێ و خۆی ئەنجامیان بدا ئەو کاتە بۆ بەرژەوەندی خۆی کار ناکا بەڵکو بۆ بەرژەوەندی و قازانجی کەسە هەڵخەڵەتێنەرەکانی دەوروبەری خۆی کار دەکا و دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی.

### بەشی شەشەم: نابێ لە حکومەتی دەستووریدا وەزیرەکانیش حوکم دەرکەن

لە حکومەتی دەستووریدا ئەو بابەتەش بە عەیبێکی گەورە دادەنرێ، واتە نابێ وەزیرەکان لەسەر گرفت و کاروباری نێوان خەڵک و کاری وەزارەتەکانی خۆیان حوکم دەرکەن.

تا ئێستاش دەوڵەتی ئەوتۆ هەیە کە لە ناو دامودەزگاکانیدا گەلێک دادوەر بۆ بڕیاردان لەسەر کاروباری باج و ماڵیات خزمەت دەکەن بەڵام وەزیرەکان دەیانەوێ بۆ خۆیان لەمەڕ ئەو کارانە حوکم دەرکەن. ئایا بڕوا دەکەن گەر بڵێم لە سەردەمی ئێمەدا و تائێستاش هەندێ وەزیر ئەو شێوازە بەکاردێنن؟!

لە سەر ئەو بابەتە گەلێک شت بە یادەوەریمدا رادبرێ بەڵام تەنیا باسی یەکێکیان دەکەم:

لە نێوان ئەنجوومەنی پاشاکان و دادگاکاندا بەپێی سروشتی پێکهاتەیان جۆرە دژایەتییەک هەیە، چونکە ئەنجوومەنی پاشا لە کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراو پێکدێ، بەڵام پێویستە دادگاکان ژمارەی ئەندامەکانیان زۆر بێ، دیارە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ناو ئەنجوومەنی پاشاییدا کاروبار و بابەتەکان بە گەرم و گوڕی و دەمارگرژییەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە، بەڵام لە نێو دادگاکاندا بە هێمنی و بە شێوەیەکی بێ لایەنانە تاوتوێ دەکرێن، هەر بۆیە ژمارەی ئەنجوومەنی پاشایی لە چوار پێنج کەس تێناپەڕێ، بەڵام ژمارەیەکی زۆرتر بۆ دادگاکان پێویستە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان، دەرکردنی حوکم بەبێ دەمارگرژی و بێ لایەنانە بە ئەنجام بگات.

### بەشی حەوتەم: دادوەری تایبەت بە تاک

بوونی تاکە دادوەرێک تەنیا لە دەوڵەتە ئستبدادییەکاندا ڕەنگە شوێنی ببێتەوە. مێژووی ڕۆما دەری دەخا تا چ ڕادەیەک تاکە دادوەرێک دەیتوانی کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتەکەی خۆی وەرگرێ.



بۆ نموونە لە ڕۆما کە (ئاپیۆس) تاکە دادوەر بوو، سووکایەتی بە یاساکان دەکرد و تەنانەت ئەو یاسایانەشی پێشێل دەکرد کە بۆ خۆی دەریکردبوون و بە پێچەوانەیان دەجووڵایەوە.

تیت لیڤ دەڵێ: دسەمویرەکان[39] کۆمەڵە دادوەرێکی زاڵم و ستەمکار بوون و نموونەیەکی زوڵم و ستەمکارییان بریتییە لە:

کەسێک پەنای بردە بەر دادگا و داوای کرد ژنێک بە ناوی (ڤیرژینی) کە خزمەتکاری خۆیەتی و ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبووە دەبێ بیدەنەوە دەستی. خزم و کەسی ڤیرژینی لە دادگا ڕایانگەیاند بەپێی یاسا تا دەرچوونی حوکمی دادگا و دیاریکردنی چارەنووسی ڤیرژینی دەبێ ئەو کچە لە لای ئەوان بمێنێتەوە. بەڵام دادگا بەو بیانوویەی کە یاسا تەنیا مۆڵەتی ئەوەی هەیە ژن بداتە دەستی باوکی و لەو کاتەشدا باوکی ئامادە نییە، هەر بۆیە ناتوانن ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن و ڤیرژینییان نەدایەوە دەست خزم و کەس و کاری و بەر لەوەی چارەنووسی ئەو کچە دیاریکرێ و لە داواکارییەکە بکۆڵرێتەوە وراستی دەرکەوێ، ڤیرژینییان دایە دەست داواکاری (واتە پیاوەکە).

### بەشی هەشتەم تۆمەت لەناو دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا

لەڕۆما هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبوو کەسێکی تر بە تۆمەتبار لەقەڵەم بدا، ئەو مافەش لەگەڵ ڕۆحی حکومەتی کۆماریدا دەگونجا و بەپێی بنەما سەرەکییەکانی دەبوایە هەموو کەسێک مەیل و گرنگیەکی بێ سنووری بەبیروبارەکانی کۆمەڵگادا بایەو هەر لەو کاتەش دا لەهەموو مافەکانی هاوولاتی بوون بەهرەمەندبێ.

لەسەردەمی ئیمپراتۆرەکانیش ئەو پرەنسیپەی حکومەتی کۆماری کاری پێدەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی پرەنسیپەکانی حکومەتی کۆماری لەگەڵ هەلومەرجی ئیمپراتۆریدا جیاوازییان هەبوو کۆمەڵە کەسانێکی فاسدو زیانبەخش پەیدا بوون. هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە لە هەوڵی وەچنگ خستنی پلەو پایەدابوو، بەهۆی ویستی پلە خوازیەوە خۆی سووک و بێ نرخ دەکرد و هەوڵی دەدا لە لای پاشا تۆمەت بخاتە پاڵ خەڵکەوە و لەو ڕێگەیەوە سامان و دارایی و ژیانێکی خۆشی پێ ببڕێ. ئەوە تەنیا هۆیەک بوو کە خەڵکی ئەو سەردەمە دەیانتوانی لە ڕێگایەوە شانازی و دەسەڵات بە دەست بێنن، بەڵام بە خۆشییەوە ئەو داب و نەریتە لە نێو ئێمەدا نییە، ئەمڕۆ هەندێ پرەنسیپ و بنچینەی شایستەی ئافەرین لە ناو ئێمەدا هەیە: پاشا بە سیفەتی ئەوەی جێبەجێ کاری یاسایە و لە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا قەراری گرتووە، لە هەر دادگایەکدا تەنیا نوێنەرێکی ئەو وجوودی هەیە بۆ

ئەوەی بە ناوی ئەوەوە بە شوێن تاوانبارەکاندا بگەڕێ و پیشەی هەواڵگری لە ناو ئێمەدا باوی نییە. ئەگەر ئەو گومانەش سەرهەڵبدا کە نوێنەری پاشا (داواکاری گشتی- مدعی العام) بە مەبەستی خراپەکاری پلەو پایەکەی خۆی بەکارهێناوە ئەوا ناچاری دەکەن کە ناوی هەواڵدەر ئاشکرا بکا و باسی سەرچاوەی زانیارییەکەی سەبارەت بە ڕووداوی تاوانەکە بکات.

## بەشی نۆیەم: توندوتیژی سزاکان لە ناو حکومەتەکان دا

سەختی و توندوتیژی سزا لەگەڵ حکومەتە ئستبدادیەکاندا دەگونجێ چونکە بناغەکەی لەسەر ترس و وەحشەت دامەزراوە. بەڵام لەگەڵ حکومەتی دەستووری و کۆماریدا ناگونجێ، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای شەرافەت و فەزیلەت دامەزراون.

لە دەوڵەتە میانڕۆکاندا هۆکارەکانی سەرهەڵنەدانی تاوان بریتییە لە خۆشەویستی نیشتمان و شەرم وترس لە سەرکۆنە کردن. گەورەترین سزا بۆ کردەوەیەکی خراپ ئەوەیە کە ڕاستی ڕووداوەکە بسەلمێنرێ و تاوانبار شەرمەزار بکرێ. کەواتە یاسا مەدەنییەکان لە ڕێگای ئاسان و دوور لە توندوتیژی تاوانبارەکان سزا دەدەن و دەسەڵات و هێزێکی ئەوتۆ پێویست نییە.

لە ناو ئەم جۆرە دەوڵەتانەدا یاسا دانەرە چاکەخوازەکان هەوڵدەدەن زۆر بە کەمی سزا بۆ تاوانەکان دابنێن بەڵکو بەردەوام تێدەکۆشن پێشی ڕووداونی تاوانەکان بگرن و ئەخلاقی بەرز فێری خەڵکی بکەن، لە جیاتی ئەوەی ئەشکەنجەیان بدەن و ڕۆژبەڕۆژ سزاکان توندتر و سەختتر بکەن(٤٠).

نووسەرە چینییەکان بەردەوام پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرن، چونکە لەناو ئیمپراتۆری چیندا هەر چەندە ژمارە و جۆری ئەشکەنجەدانەکان زیادی کردبا بەو ڕادەیە وڵات لە هەڵگیرسانی شۆڕش نزیکتر دەبۆوە، چەندە ئەخلاقی خەڵک تووشی گەندەڵی هاتبا ئەوەند زیاتر پەرەیان بە ئەشکەنجەدان دەدا.

سەلماندنی ئەو بابەتە کارێکی خراپ نییە. لە هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا بەو ڕادەیەی لە ئازادی نزیکتر یان دوورتر ببنەوە بە هەمان ڕادە ژمارەی سزاکان کەم یان زیاد دەکەن.

لە وڵاتە ئستبدادییەکاندا خەڵک بەڕادەیەک چارەڕەش و بەدبەختن کە بێزاری لە ژیان زیاترە نەک ترس لە مەرگ. بەدبەختییەکان بە جۆرێک فشار دێنن کە خەڵک باکی لە مردن نامێنێ و هەر بۆیە ژیان لە مردن زیاتر جێگەی ترس و وەحشەتە. کەواتە ئەو سزایانەی



مەرگ بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێ بەسەو هیچ پێویست بە توندوتیژی و ئەشکەنجە ناکات.

ئەو گەلانەی بێ سنوور خۆشبەختن و ئەو گەلانەی بێ سنوور بەدبەختن، هەردووکیان وەکو یەک مەیلی دڵڕەقییان هەیە. ڕەفتاری قەشەکانی هەر چوار قوژبنی جیهان و گەریدەکان ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ. تەنیا ئاوێتەیەکە لە خۆشبەختی و بەدبەختییەکە مرۆڤ فێری ڕەحم و بەزەیی دەکا. ئەوەی لەسەر ژیانی تاکەکان ڕاستە، لەمەڕ میللەتەکانیش ڕاستی خۆی دەسەلمێنێ.

لە نێوان نەتەوە بەربەرییەکان، کە زۆر بەسەختی ژیان بەسەر دەبەن و نەتەوەی حکومەتە ئستبدادییەکان کە تەنیا تاکە کەسێک بێ ئەندازە خۆشبەختە (پاشا) و ئەوانی تر هەموویان لە بەدبەختیدا دەژین وەکویەک دڵڕەقی و نەبوونی بەزەیی فەرمانڕەوایە. بەڵام لە حکومەتە میانڕۆکاندا جۆرە هاوسەنگییەک لە ئارادایە. کاتێ لە کتێبە مێژووییەکاندا بە سەرهات و نموونەی عەدالەتی بەربەریانەی سوڵتانە تورکەکان دەخوێنینەوە هاوکات لەگەڵ جۆرە ئازار و سەرسوڕمانێک، هەست بە ڕەنج و ئازاری گەورەی مرۆڤایەتی دەکەین.

لەناو حکومەتە میانڕۆکاندا بۆ یاسادانەرێکی باش فاکتەرە بچووکەکان دەکرێ بکرێنە هۆکاری داڕشتنی سزاکان و ئەوەندە پێویستی بە فاکتەری گەورە نییە. بۆ نموونە، لە ئسپارتە وا باوبوو کە پیاوەکان ژنەکانیان بە ئەمانەت دەدا بە یەکتری. یاسادانەرەکان یەکسەر سوودیان لەو نەریتە وەرگرت و هەندێ سزایان بۆ بەشێک لە تاوانەکان دانا. سزاکەش ئەوە بوو، ئەگەر هاتباو هەر کەسێک فلانە کردەوەی خراپی ئەنجام دابا ئیتر نەیدەتوانی ژنی خۆی بە ئەمانەت بدا بە کەسێکی تر یان ژنی کەسێکی تر بە ئەمانەت وەرگرێ. هەروەها هەر لەو نەریتەوە سزایەکی دیکەشیان داڕشتبوو، ئەویش ئەوە بوو، لە کاتی ئەنجامدانی فلانە تاوان، تاوانبار دەبوایە لە ماڵی خۆی لەگەڵ کچ و ئافرەتی شوو نەکردوو ژیان بەسەر بەرێ بێ ئەوەی بتوانێ لێیان نزیک ببێتەوە و غەریزەی جنسی دامرکێنێ.

کەواتە پێویستە سزاکان لە ڕووی ئەو فاکتەرە بچووکانەوە دابڕێژرێن نەک پەنا ببرێتە بەر هۆکاری تاقەت بڕوکێن. ناچار کردنی کەسێک بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی عادەتی خۆی ڕەفتار بکا بۆ خۆی جۆرە سزایەکە و هەر شتێک بە پێی یاسا بە سزا دابنرێ، سزا و ئاکامی دڵخواز دەدا بە دەستەوە.

### بەشی دەیەم: یاسا کۆنەکانی فەڕەنسا لەسەر ئەو بابەتە

لە یاسا کۆنەکانی فەڕەنسادا دەتوانین بە دوای ڕۆحی مەشرووتییەتدا بگەڕێین.

چونکە لەسەر کێشە داراییەکان (پارە) کەسە ناڕەسەنەکانیان کەمتر لە کەسە ڕەسەنەکان تەمێ دەکرد، بەڵام لەمەڕ ئەنجامدانی تاوانەکان بابەتەکە بە تەواوی بە پێچەوانە بوو و سزای پیاوە ڕەسەن و دیارەکان ئەوە بوو کە روخساری جوانی شەرافەتیان لەکەدار بکرێ و مافی چوونە ناو دەرباریان نەبێ. بەڵام پیاوە ناڕەسەن و بازاڕییەکان کە لە بنەمادا شەرافەتیان نەبووە، سزای جەستەییان بە سەردا دەسەپێنرا.

### بەشی یازدەهەم: توندوتیژی سزادان

خەڵکی ڕۆما زۆر چاکەخواز بوون، ئەو چاکە خوازییە بە ڕادەیەک بە هێزبوو کە هەمیشە و ئەگەر هاتبا یاسادانەر ڕێگای باش و ڕاستی نیشانی میللەت دابا ئەوا یەکڕاست بە قسەیان دەکرد و هەر کە ڕێگای چاکەخوازییان بۆ خەڵک دیاری کردبا ئەوا خەڵک بەسەری دادەڕۆیشتن و لە جیاتی بڵاوکردنەوەی هێزی تایبەت، پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەو میللەتە بەس بوو.

لە حکومەتی کۆماریدا یاسادانەرەکان سزا توندوتیژەکانی دوازدە تابلۆکە و سزا پاشاییەکانیان لە ناو برد. لە یاساکانی (ڤالرین) و هەروەها لە یاساکانی (پورسی) دا نزیکەی هەموو یاسا نوتدوتیژەکان هەڵگیران و ئەو کارە هیچ گرفتێکی نەنایەوە و ئاسایشی نەشێواند و نەبووی هۆی خەوشدار کردنی نەزمی حکومەتی کۆماری. یاسای ڤالرین بریتی بوو لە: هەر کاتێ کەسێک لە جیاتی پەنا بردنە بەر دادگا پەنای بۆ گەل ببردایە ئەوا لەو کاتەدا دادوەرەکان مافی خۆتێهەڵقورتاندنیان نەبوو و ئەگەر بهاتبا و خۆیان لەو کارە هەڵقورتاندبا ئەوا تووشی ریسوا بوون دەهاتن و ئەو سزایەش بەس بوو بۆ ئەوەی دادوەرەکان خۆ لەو کارە ببوێرن.

### بەشی داوزدەهەم: توندوتیژی سزادان

تاقی کردنەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە سزا نەرم و ساکارەکان کاریگەریەکی زیاتریان لەسەر زەینی تاکەکان هەیە. بەڵام هەندێ جار سزای توندوتیژیش کاریگەری خۆی دەبێ.

بەردەوام بینراوە کە لە کاتی ڕووداوە دڵتەزێن و ناخۆشەکاندا دەوڵەت ناچار بووە یاسای توند و سەخت داسەپێنێ و ویستوویەتی بە زووترین کات بارودۆخەکە هێمن کاتەوە و لە جیاتی یاسا ئاساییەکان پەنای بردۆتە بەر سزایەکی توندوتیژ بۆ ئەوەی بە



زوویی پێشی ڕووداوەکە بگرێ، بەڵام بەم جۆرە هێزی بزوێنەری حکومەت هەرەس دێنێ و هزری خەڵک زۆر بە سەختی هۆگری سزادان دەبێ.

بە زانینی ئەو راستییە کە تەمێ کردن و سزادانی کەم کاریگەری لەسەر خەڵک دەبێ کەواتە دەبێ سزای توندوتیژیش کاریگەری بەرچاوی هەبێ بەڵام هێدی هێدی ترسان لە زەبروزەنگ لە ناخی خەڵکدا کەمتر دەبێ و هەر بۆیە حکومەت ناچار دەبێ دیسان بیر لە زەبروزەنگی زیاتر بکاتەوە و ئاشکراشە ئەو رەوتە روو لە زیاد بوونە بەرەو کوێ دەچێ و هیچ ئاکام و دەرەنجامێکی باشیشی بۆ چاکسازی ئەخلاقی لێناکەوێتەوە.

بۆ نموونە، چەتەیی و ڕێگری لە هەندێ وڵاتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەندبوو، بۆ پێش گرتنی ئەشکەنجەدان بە چەرخیان داهێنا، ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە توانی بۆ ماوەیەک پێشی ڕێگری بگرێت، بەڵام دواتر دیسان دەستیان کردەوە بە ڕێگری.

لە سەردەمی ئێمەدا راکردنی سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگ زۆر بە زەقی دەبینرێ و ئیعدامیان وەکو سزای راکردووەکان داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین راکردن لە بەرەکانی جەنگ کەمی نەکردووە.

ئەو دەرەنجامە زۆر سروشتی و ئاساییە، چونکە ئەو سەربازەی راهاتووە لەسەر ئەوەی بەردەوام ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، ئەم سزایە لە لای ئەو هیچ نییە و هیچ کاریگەریەکی لەسەر دانانێ. بەڵام ئەگەر بێتو ئەو سەربازە لەسەر ئەوە رابهێنرێ کە لە جەنگ و سەرشۆڕی بترسێ لەوانەیە سزایەکی ئەوتۆی بدەن کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی تا کۆتایی تەمەن جێگەیان دیار بێ و بەردەوام وەکو هێمای سەرشۆڕی سەیری بکرێ.

کەواتە ئێستا بۆمان دەردەکەوێ ئیعدام کردن لەو جۆرە حاڵەتانەدا لە راستیدا سووک کردنی سزاکانە، ئەگەرچی پێیان وایە سزایەکی زۆر توندوتیژیان داسەپاندووە.

نابێ خەڵک بەرەو توندڕۆیی ڕێنوێنی بکرێ بەڵکو دەبێ بە هۆی ئەو ئامراز و میکانیزمانەی سروشت بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک خستوویەتە ژێر دەستمان میانڕۆیی و پشوو درێژیان فێر بکەین.

ئەگەر لەهۆکاری سەرەکی هەموو سستی و لاوازییەکان بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هۆیەکەی نەبوونی سزایە نەک کەمی سزاکان کەواتە لەسەرمان پێویستە پەنا بەرینەوە بەر سروشت و ئاشکرایە ئەویش شەرمی وەکو بەڵایەک بۆ خەڵک خولقاندووە و دەبێ گەورەترین بەشی سزا لە لامان نەنگ و سەرشۆڕی خۆڕاگرتن لەبەردەم سزاکان بێت. ئەگەر تا ئێستاش لە هەندێ وڵات سزا و ئەشکەنجە بە کار نەهێنرێ ئەوا نیشانەی ئەوە نییە کە خراپەکار و پیاوچاکەکان وەکو یەک سزا دەدەن بەڵکو ئەوە بۆ خۆی جۆرە زوڵم و

ستەمێکە، ئەگەر لە هەندێ وڵاتیشدا بە هۆی ئەشکەنجەی بێ بەزەییانە تەنیا پێشی کردەوەی خراپ دەگرن ئەوا نیشانەی زەبروزەنگی حکومەتەکەیەتی کە سزای توندوتیژی بۆ هەڵە و تاوانی بچووک داناوە.

کاتێ یاسادانەرێک دەیەوێ کەم و کورییەک لە ناو بەرێ بەردەوام فیکری لەسەر چاک کردنە و چاوی تەنیا ئەو چاکسازییە دەبینێ و دیدی لە ئاست زەرەرو زیانەکانی ئەو چاکسازییەدا کوێرە، هەر بۆیە پاش ئەوەی کەم و کوری یەکەم چارەسەرکرا، ئەو شتەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشێ رەقی گەلاڵەی یاسادانەر و ئەو عەیب و کەم و کورییانەیە کە ئاکامی ئەو چارەسەرە، لە حکومەتدا بەجێ ماوە. عەیبەکەش ئەوەیە کە زەین و هزری خەڵک لە ئاکامی قورسی و رەقی ئەو یاسایە تووشی گەندەڵی دەبێ و خوو بە ئستبدادییەتەوە دەگرێ.

گەزەنفۆن دەڵێ: کاتێک (لیزاندر) لە جەنگ لەگەڵ ئەسینییەکان دا توانی سەرکەوێ، هەموو دیلە ئەسینییەکانی دادگایی کرد و بەهانەکەشی ئەوە بوو کە ئەسینییەکان لە کاتی جەنگدا سەربازەکانی ئەویان لە کەشتییەوە هەڵداواتەوە ناو دەریاوە و لە ناو ئەنجوومەنی خۆیاندا بریاریان دابوو دەستی هەموو دیلەکانی لیزاندر ببرن. لیزاندریش سەری هەموو دیلە ئەسینییەکانی بری و تەنیا کەسێک بە ناوی (ئادیمانت) توانی رزگاری بێ. بەر لەوەی یەکێک لە دیلەکان کە ناوی (فیلۆکلس) بوو ئیعدام بکرێ، لیزاندر رەخنەی لێگرت کە، بە هۆی برینی دەستی دیلە ئسپارتیەکان وانەی بێ رەحمی و دڵرەقی فێری یۆنانییەکان کردووە و بیر و هۆشی خەڵکی فاسد کردووە.

(پلۆتارک) دەڵێ: کاتێ خەڵکی (ئارژ) هەزار و پێنج سەد کەسی هاووڵاتی خۆیان کوشت، خەڵکی ئەسینا دەستیان کرد بە قوربانی دان بۆ تۆبە کردن و دوور کەوتنەوە لە کاری ئەوتۆ و دوعایان کرد بۆ ئەوەی خوداکان خەیاڵی ئاوا بێرەحمانە نەخەنە دڵی خەڵکی ئەسیناوە. گەندەڵی و فەسادی کۆمەڵگا دوو جۆرە؛ یەکێکیان کاتێکە کە خەڵک گوێرایەڵی یاساکان نەبن و ئەو دەردە چارەسەری هەیە، بەڵام ئەویتریان کاتێکە کە یاسا ببێتە هۆی فاسد کردنی خەڵک و ئەوەش هیچ دەرمانێکی نییە، چونکە دەردەکە لە خودی دەرمانەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

## بەشی سێزدەهەم: بێ هێزی یاساکانی ژاپۆن

سزا توندوتیژەکان تەنانەت حکومەتە ئستبدادییەکانیش تووشی گەندەڵی دەکەن. با سەیرێکی یاسا جەزائییەکانی ژاپۆن بکەین، لەو وڵاتەدا سزای هەموو جۆرە تاوانێک



مەرگە و تەنانەت ملکەچ نەبوون بۆ شکومەندی و گەورەیی ئیمپراتۆر بۆ خۆی بە گەورەترین تاوان دەژمێردرێ، چونکە لەوێ مەبەستی سەرەکی چاک کردن و اصلاحی تاوانبار نییە بەڵکو سزا جۆرە تۆڵەیەکە پاشا لە خەڵکی دەسێنێتەوە.

ئەو جۆرە فیکرە رەگی لە کۆیلەیەتی دایە. هەروەها لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆر بۆ خۆی بە تەنیا خاوەنی هەموو سامان و داراییەکانە، هەموو تاوانەکان راستەوخۆ دژی بەرژەوەندی ئەوون.

لەو وڵاتەدا تەنانەت ئەو کردەوانەی کە بە رواڵەت بە تاوانیش ناژمێردرێن، زۆر بە توندی سزایان بۆ دیاری کراوە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک هەندێ پارە لە قومار کردندا خەرج بکات ئەوا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێ، هەروەها هەر کەسێک لە بەرامبەر دادوەردا درۆ بکا ئیعدام دەکرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو رەفتارە دژی بەرگری سروشتییە.

ئەخلاقی ژاپۆنییەکان بەم جۆرەیە: خەڵکانێکی خۆڕاگر، جددی، دەمارگرژن و زۆر لەسەر هەوا و هەوەس و ئارەزووەکانی خۆیان پێدادەگرن و گوێ نادەنە هیچ بەدبەختیەک. بە سەرنجدانی ئەو سیفەتانە، لە سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە یاسادانەرە ژاپۆنییەکان لە دڵرەقی و بێ رەحمیدا لەسەر حەقن، چونکە بە پێی سروشتی خۆیان ئەو میللەتە مەرگ بە هیچ دانانێن و لە بچووکترین کاردا لەوانەیە ورگی خۆیان بدرن. کەواتە ئایا لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کەس هیچ ترسێکی لە ئەشکەنجەی گەورە و توندوتیژ دەبێ؟ و ئایا لە کۆتاییدا خووی پێ ناگرن؟

سەفەرنامەکان بەم جۆرە باس لە پەروەردە کردنی منداڵە ژاپۆنییەکان دەکەن:

ژاپۆنیەکان بە هێمنی و سەبرەوە منداڵەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن، چونکە منداڵ لە بەرامبەر تەمێ کردنی دایک و باوکیدا دژ کردەوە نیشان دەدا و سەرەڕۆباردێ، هەروەها لەگەڵ کۆیلەکانیشدا زەبروزەنگ بەکار ناهێنن، چونکە ئەوانیش بەرگری لە خۆیان دەکەن.

بە گرنگی دان و پەیڕەوی کردن لە رۆحی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە، باشتروایە دەسەڵاتدارەکانیش لە ناو حکومەتی سیاسی و مەدەنیدا ئەو روانگە نەرم و لەسەرخۆیە بەکار بێنن.

یاسادانەری ژیر، هەوڵ دەدا لە رێگای پەنا بردن بۆ گۆڕینی سزاکان و دانانی پاداش و هەروەها بە هۆی پەندی فەلسەفی و ئەخلاقی و بنچینەکانی ئایین بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ ئەخلاقدا دەگونجێن و هەروەها لە ژێر سایەی جێبەجێ کردنی راست و دروستی یاساکانی شەرافەت و ترسان لە ئەشکەنجە و نەنگ و سەرشۆڕی و سوود وەرگرتن لە

خۆشبەختییەکی ئارام و سەقامگیر، خۆپاراستن لە ئەنجامدانی تاوان لە دەروونی خەڵک دابچەسپێنن.

یاسادانەری ژاپۆنی لەوە دەترسان کە خەڵک بە هۆی خو گرتنیان بە سزای توندوتیژەوە رەنگە ئیتر لە سزای کەم و بچووک نەترسێن هەر بۆیە بەردەوام سزای سەختتر و توندتریان بەکاردێنا. رێگا چارەی دروستی ئەو کارە ئەوە بوو کە هێدی هێدی سزاکان کەم بکەنەوە، بەجۆرێک کە لە سەرەتادا لە هەندێ تاوانی تایبەت و دیاریکراو خۆشبن و پاشان وردە وردە سزای تاوانەکان کەم کەنەوە و تا لە کۆتاییدا بتوانن سزای هەموو تاوانەکان سووک بکەن.

ئاخر من چی بکەم ئستبداد سوود لەو رێگایانە وەرناگرێ و خۆی لێیان نەبان دەکات،تەنیا کارێکی لە دەستی دێ ئەوەیە کە بەردەوام روانگەیەکی توندڕۆیانە ببەخشێتە ئستبداد و ملهوڕی خۆی و هیچی تر و جگە لەوەش هیچ کارێکی لە دەست نایەت. هەر بۆیە لە ژاپۆن، کاتێک حکومەتی ئستبدادی ویستی هەندێ گۆڕانکاری ئەنجام بدا نەیتوانی و بەرەو توندوتیژی زیاتر رۆیی. بەڵێ لەگەڵ ئەو رۆحانەی لە هەزار لاوە ترسێنراو و تۆقێنراون هیچ ناکرێ و تەنیا دەبێ بە ترس و وەحشەتێکی زیاترەوە رەفتاریان لەگەڵدا بکرێ. ئەوەیە بنەما و رۆحی یاساکانی ژاپۆن.

رق وتووڕەیی زیاتر بەسەر ئەو یاسایانەدا زاڵە نەک دەسەڵات. ژاپۆنییەکان توانیان مەسیحییەت لە ناو بەرن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە هەوڵ و تێکۆشانی یەکجار زۆریان لەو مەجالەدا نیشانەی لاوازی و بێ هێزییانە، چونکە ئەوان ویستیان نەزم و رێک و پێکییەکی راستتر دابمەزرێنن بەڵام لاوازیان باشتر وەدەرکەوت.

بەسەرهاتی چاوپێکەوتنی نێوان ئیمپراتۆر و (دیرۆ) لە (مئاکۆ) جێی تێڕامانە. لە ژاپۆن ژمارەی ئەو کەسانەی بە دەستی لات و رێگرەکان دەکوژرێن جێی سەرسوڕمانە. کچ و کوڕەکان دەدزن و بەشی هەرە زۆریان لە کاتی نابەجێدا لە شوێنە گشتییەکاندا دەدۆزرێنەوە و رووت و قووت لە ناو جەواڵەکانیان هاویشتوون بۆ ئەوەی نەزانن لە چ کوڵان و شوێنێکەوە هێنراون. لاتەکان هەر چییەکی پێیان باش بێ دەیدزن. ورگی ئەسپەکان دەدڕێنن بۆ ئەوەی سوارەکەی لەسەر پشتی بگلێ، گالیسکەکان ئاوەژوو دەکەن بۆ ئەوەی ئافرەتەکان رووت کەنەوە.

هۆڵەندییەکان بە ژاپۆنییەکانیان دەگوت ئەگەر بێتو شەو لەسەر داربەستەکان بمێننەوە دەکوژرێن. ژاپۆنییەکان لە داربەستەکان دەهاتنە خوار بەڵام دواتر کاری لەم چەشنەیان ئەنجام دەدا.



زۆر بەسەر پێی باسی بابەتێکی تریش دەکەم:

لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆر یەکجار زۆر شەهوانی بوو، ژنی نەدەهێنا و دەربارییەکانی لەوە دەترسان کە هیچ میراتگرێکی نەبێ. (دیرۆ) دوو کچی زۆر جوانی بۆ نارد، ئیمپراتۆر وەکو رێز لێنانێک بۆ دیرۆ یەکێکیانی مارە کرد بەڵام لەگەڵی نەدەخەوت.

دایەنی ئیمپراتۆر بە دوای جوانترین کچەکانی وڵاتدا دەگەڕا تا بۆ ئیمپراتۆریان بنێرێ، بەڵام هەموو کارەکان بێ ئاکام مانەوە تا لە کۆتاییدا کچی پیاوێکی چەک فرۆش سەرنجی ئیمپراتۆری بۆ لای خۆی راکێشا و بڕیاریدا بەیەکەوە ببنە خاوەنی منداڵ.

کوڕێکیان بوو، بەڵام ئافرەتەکانی دەربار زۆر بەوە دڵگران بوون کە ئیمپراتۆر ژنێکی ئاست نزمی بەسەر ئەواندا پەسند کردووە، هەر بۆیە منداڵەکەیان خنکاند و ئەو تاوانەیان لە ئیمپراتۆر شاردەوە، چونکە ئەگەر هاتباو زانیبای ئەوا سێڵاوی خوێن هەڵدەستا.

بە هەر حاڵ هەمیشە رەقی و سەختی یاساکان هۆکاری سەرەکین بۆ جێبەجێ نەبوونیان و کاتێک سزادان لە ڕادەی خۆی تێدەپەڕێ، بەردەوام ناچار دەبن تەمێ نەکردن بەسەر جێبەجێ کردنی یاسا سەختەکاندا پەسند بکەن.

## بەشی چواردەهەم: رۆحی سەنای رۆما

لەو سەردەمەی کە (ئاسیلیۆس گلابریۆپیزن) کۆنسول بوو، بۆ پێش گرتنی دیاردەی بەرتیل یاسای (ئاسیلیا)یان دانا.

دیۆن دەڵێ: ئەنجوومەنی سەنا کۆنسولەکانی ناچار کرد ئەو یاسایە پێشنیار بکەن و پێشی توندڕۆیی بگرن، چونکە (کرنلیوس) وتەبێژی (ناطق) ئەو سەردەمە بڕیاری دابوو هەندێ سزای سەیر و سەرسوڕهێن دژی بەرتیل خۆری پێشنیار بکا و میللەتیش رازی بوو لەسەر ئەو پێشنیار و رێ و شوێنە چونکە زۆر بە توندی دژی بەرتیل خواردن راوەستابوون.

بەڵام ئەنجوومەن بە باشی ئەوەی دەزانی کە سزای توندڕەوانە دەبێتە هۆی تۆقاندنی خەڵک و ئەوە جگە لەوەی دەبووە هۆی ئەوەی ئیدی هیچ کەس، کەسێکی تر تاوانبار یان مەحکوم نەکا، بەڵام ئەگەر بێتو سزاکان سووک بن هەم داواکار و هەم دادوەر پەیدا دەبێت.

## بەشی پازدەهەم: یاساکانی رۆما سەبارەت بە سزا

من هەر کاتێ کردەوەی رۆمانەکان و فیکر و بیروبۆچوونەکانی خۆم وەکو یەک دێتە

بەرچاو، بۆ پێشکەش کردنی ئامۆژگارییەکانم هەست بە بەهێزی دەکەم.

ئەو نەتەوە مەزنە بەردەوام لەگەڵ گۆڕینی یاسا سیاسییەکاندا یاسا مەدەنییەکانیشی گۆڕیوە، هەر بۆیە هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایەم کە سزاکان پەیوەندییان بە سروشتی حکومەتەوە هەیە.

لە ڕۆمانی کۆندا ئەو یاسا ئیمپراتۆریانەی بۆ میللەتێک دادەڕێژرا کە پێکهاتبوو لە راکردووەکان> کۆیلەکان، ڕێگرەکان زۆر سەخت بوون، بەڵام دواتر ڕۆحی کۆماری وایدەخواست کە دسهۆیرەکان ئەو یاسایانە بخەنە ناو دوازدە تابلۆکەوە، بەڵام ئەو کەسانەی مەیلێکی ستەمکارانەیان هەبوو، خۆیان لە چەسپاندنی ڕۆحی کۆماری دەبوارد.

تیت لیڤ دەڵێ: کاتێک کە (ماتیۆس سۆفیتۆس)ی دیکتاتۆری (ئالب) لە لایەن (تۆلۆس هۆستیلۆس)[٤١]ـەوە مەحکوم کرا، لە هەر دووک لاوە بە هۆی دوو گالیسکەوە ڕایانکێشاو تەواوی ئەندامی جەستەیان کوت کوت کرد. بە بڕوای تیت لیڤ ئەو سزایە یەکەمین و دوایین ئەشکەنجە بوو کە مانای ئینسانییەت تێیدا فەرامۆش کرا، بەڵام ئەو لە هەڵە دایە، چونکە یاسای دوازدە تابلۆکە پڕاوپڕیەتی لە سزای دڵڕەقانەتر. ئەو بابەتەی ئەو شێوازە سەخت و پڕ لە زەبرو زەنگەمان بۆ ئاشکرا دەکا حوکمی ئیعدامە دژی ئەو کەسانەی هەجوو و تەنز بەکاردێنن. ئەو بیروبۆچوونە لەگەڵ ڕۆح و سروشتی حکومەتی کۆماریدا ناگونجێ، چونکە لە ناو حکومەتی کۆماریدا بەردەوام خەڵک گەرەکیەتی گەورە پیاوەکان بە سەرشۆڕی ببینێ و ئەو کەسانەی دەیانەوێ کۆشکی ئازادی لە پێناو پاراستنی گەورەیی خۆیاندا بڕوخێنن، لەو نووسینانەی هەجویان دەکا و تەنزیان ئاراستە دەکات و ڕۆحی ئازادی وەبیر خەڵک دێنێتەوە، دەترسێن.

لە دوای وەدەرنانی دسمویوەکان، هەموو سزا و یاساکانیان لە ناو چوو، بەڵام بە ئانقەست لایان نەبردن و لە ئاکامی پێشگرتن لە ئیعدام کردنی دانیشتوویەکی ڕۆما کە یاسای (پرسیا) بەرگری لێکرد، یاساکانی دسمویر کاریگەری خۆیان لە دەست دا. ئەوە ڕێک ئەو سەردەمەیە کە لەگەڵ قسەکانی تیت لیڤدا دەگونجێ و دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە هیچ نەتەوەیەک بە ڕادەی نەتەوەی ڕۆمان سووک بوون ومیانڕۆییان لە سزاداندا خۆشنەویستووە. سەرەڕای ئەوەی بەردەوام سزاکان دەستکاری دەکران، هەموو تاوانبارێک مافی ئەوەی هەبوو بەر لە دادگایی کردن نارەزایەتی خۆی دەربڕێ و لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تا چەندە ڕۆمانەکان ڕۆحی سروشتی حکومەتی کۆماریان پاراستووە.

(سیلا) کە ستەمکاری و پشێوی و ئازادی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ کردبوو، یاسای (کۆرنلیۆس)ی داڕشت، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەو یاسایە بۆمان دەردەکەوێ کە



سیلا ئەو یاسایانەی تەنیا بۆ بە گشتی کردنی تاوانەکان داناوە، هەر بۆیە بەشی هەرە زۆری تاوانەکانی ناوناوە کوشتن و لە هەموو شوێنێ بە تاوانبارەکان دەڵێ بکوژ. بە هۆی چالاکی بێ بناغە و نامەنتقییانەی خۆی گەلێک داو و دڕکی لەسەر ڕێگای خەڵکدا چاندووە، یان بە واتایەکی باشتر چاڵی بۆ خەڵک هەڵکەندووە. خەڵکیش پەیڕەوییان لەڕێبازەکەی کردووە و لاساییان کردۆتەوە.

یاساکانی سیلا هەموو سزادانەکانی سەردەمی دسمویری قەدەغە کردکە هەندێکیان بریتی بوون لە دەست خستنە ناو ئاوی کوڵاو شتی لەم جۆرە.

سزار، داگیر کردنی سامانی مەحکوم کراوەکانیشی بە یاساکانەوە زیاد کرد، چونکە دەوڵەمەندەکان لە کاتی دوور خرانەوە، پارێزگاریان لە سامان و دارایی خۆیان دەکرد و ئەوەش بارودۆخێکی وەهای دەخوڵقاند کە ئازایانەتر و دلێرانە تر تاوان ئەنجام بدەن.

کاتێک ئیمپراتۆرەکان حکومەتی سەربازییان پێک هێنا هەرزوو هەستیان بەوە کرد کە جکومەتی سەربازی بۆ سەر خۆیان مەترسی زیاتری هەیە نەک بۆ سەر خەڵک، هەر بۆیە هەوڵیان دا کەمێک نەرمتر بجووڵێنەوە و بەرەو میانڕۆیی هەنگاو بنێن و گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە دەبێ بینە جێگای ڕێزو خۆشەویستی خەڵک. هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا تۆزێک لە حکومەتی دەستووری نزیکتر بوونەوە. سزاکانیان بەسەر سێ دەستەدا دابەش کرد:

یەکەم، ئەو سزایەی بۆ پیاوە پلەیەکەکان دانرابوو تا ڕادەیەک سووک بوو، دووهەم، ئەو سزایەی بۆ کەسانی خوارتر دانرابوو و کەمێک توند و سەختتر بوو لە سزای دەستەی یەکەم. سێهەم، هەندێ سزایان بۆ کەسە ئاست نزمەکان دانا کە لە هی هەردووکیان توندوتیژتر بوو.

(ماکسیمین)ی خوێنخۆرو شێت لە جیاتی ئەوەی حکومەتی سەربازی کەمێک بەرەو میانڕۆیی بەرێ، یاسا و ڕێوشوێنی توندوتیژتری بۆ دانا.

(کاپیتۆلن) دەڵێ: ئەنجوومەنی سەنایانی ئاگادار کردوەوە کە ماکسیمین هەندێ لە خەڵکی لە خاچ داوە و کۆمەڵێکی خستۆتە بەردەم گیانلەبەری دڕندەوە یان دەیانخاتە ناو پێستی ئەو ئاژەڵانەی تازە سەردەبڕدرێن، بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕێزێک بۆ پلەو پایەی کەسەکان دابنێ.

وا دێتە بەر چاو کە ماکسیمین ویستبێتی لە ڕێگای دیسیپلینی سەربازییەوە کاروبارە مەدەنییەکان بە ئارەزوو و مەیلی خۆی بەڕێوە ببات.

لە کتێبی (چەند تێبینییەک لەمەڕ مەزنی و داڕووخانی ڕۆمان) بۆمان دەردەکەوێ کە

چۆن (کۆنستانتین) ئستبدادی عەسکەری گۆڕی بۆ جۆرە ئستبدادێکی سوپایی و مەدەنی و بەم چەشنە لە حکومەتی دەستووری نزیک بۆوە.

لەو کتێبەدا ئالوگۆڕە جۆراوجۆرەکانی ئەو ولاتە و هەروەها ئەو راستییە پێشان دەدرێ کە چۆن کاری رۆمانەکان لە بەدبەختییەوە بەرەو گوێ پێنەدان و لەویشەوە بەرەو ئیهمالی گۆڕانکاری بەسەر داهات و بەهۆی تەمێ نەکردنی تاوانبارەکان بەرەو وێرانی و لە ناوچوون هەنگاوی نا.

### بەشی شازدەهەم: هاوسەنگی عادیلانەی نێوان تاوان و سزا

زۆر پێویست و گرنگە کە سزاکان لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ و هاوسەنگ بن. چونکە دەبێ زۆرتر خۆ لەو کردەوەیە بپارێزرێ و پێشی ببەسترێ کە زەرەرو زیانی زۆرتر لە کۆمەڵگا دەدا نەک ئەو کردەوانەی کە زیانی کەمتریان هەیە. ئەوە بابەتێکی گرنگ و پێویستە.

کەسێکی دوو ڕوو کە ناوی خۆی نابوو (کۆنستانتین دوکا)، راپەڕینێکی گەورەی لە قوستەنتینیە هەڵگیرساند، بەڵام دەستگیریان کرد و لەسەرەتادا مەحکوم بە شەلاق لێدانیان کرد بەڵام لەبەر ئەوەی تۆمەت و تاوانی خستبووە پاڵ کۆمەڵە کەسانێکی پایە بەرز، لە دوایدا بە تاوانی بوختان و تۆمەتسازی سوتێنرا. شتێکی سەیر و جێگای سەرسوڕمانە کە لە نێوان سزای ئەنجامدانی تاوان دژی دەوڵەت و سزای تۆمەت خستنە پاڵ تاکەکەسەکان ئەو جیاوازییە گەورە دابنرێ و تا ئەو ڕادەیە ناعەدالەتی هەست پێ بکرێ. ئەو بابەتە وتەکانی شارڵی دووەمان دێنێتەوە یاد کە جارێکیان وتبووی:

«لەسەر ڕێگای خۆم چاوم بە پیاوێک کەوت کە بە دارێکیانەوە هەڵواسیبوو و لە شوێنێکی گشتی و لەبەر چاوی خەڵکیان دانابوو، پرسیارم کرد بۆچی ئەو پیاوەتان لێرە هەڵواسیوە؟ وەڵامیان دامەوە کە دژی وەزیرەکانی خاوەن شکۆ (پاشا) شیعری هەجوی خوێندۆتەوە. شارڵ وتی: بە ڕاستی پیاوێکی گەمژەیە، بۆچی ئەو هەجویانەی راستەوخۆ دژی من نەدەنووسی، چونکە ئەگەر واشی کردبا من هیچ کارم پێ نەبوو.»

لە سەردەمی سەڵتەنەتی ئیمپراتۆر (بازیل) دا حەفتا کەس دژی ئەو پلانێکیان رێکخست، کاتێک پلانەکەیان ئاشکرا بوو، بە تاوانی پلانگێڕی شەلاقکارییان کردن و ئاگریان لە مووی سەریان بەردان و هەر لە سەردەمی ئەو ئیمپراتۆرەدا بە رێکەوت جارێکیان لە کاتی راوکردندا شاخی کەڵە کێوییەک لە کەمەربەندی پاشا گیر بوو. یەکێک لە پیادەکان بە شمشێر کەمەربەندی پاشای هەڵبڕی و ئیمپراتۆری رزگار کرد،



بەڵام ئیمپراتۆر فەرمانیدا بە تاوانی ئەوەی ئەو کەسە رووبەڕووی پاشا شمشێری هەڵبڕیوە، دەبێ لەسەری بدرێ.

کێ دەتوانێ بڕوا بکا کە ئەو دوو حوکمە سەیر و سەرسوڕهێنەرە هەردووکیان دەرکراون و بەو ڕادەیە ناعەدالەتی و ناهاوسەنگی لە نێوان تاوان و سزادا وجوودی هەبووە.!

لە ولاتی ئێمەدا یەکێک لە کارە خراپەکان ئەوەیە کە بۆ ڕێگرە ئاساییەکان و ئەو کەسانەی سەرەڕای ڕێگری و چەتەیی تاوانی کوشتنیش ئەنجام دەدەن، سزایەکی یەکسانیان داناوە.

ئەوە بابەتێکی زۆر ئاساییە، پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی لە ناو سزاکان بە پێی جۆری تاوانەکان جیاوازی هەبێ. لە چین دزە دڵڕەقەکان لەت لەت دەکەن بەڵام ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە بۆ دزەکانی دیکە بەکار ناهێنن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەو ولاتەدا ئەگەرچی دزی دەکرێ، بەڵام خۆ لە دڵڕەقی دەبوێردرێ واتە مرۆڤ ناکوژن. لە روسیا چونکە سزای دز و پیاو کوژ وەکو یەکە دزەکان هەمیشە تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن و دەڵێن مردوو قسە ناکا.

کاتێک هیچ جیاوازییەک لە نێوان سزاکاندا نییە ئەوا پێویستە لە ناو ئومێدی لێخۆش بووندا جیاوازی هەبێ. لە ئینگلتەرا لەبەر ئەوەی دزەکان ناکوژرێن، بەردەوام ئومێدیان هەیە و سزاکەیان ئەوەیە بۆ موستەعمەرەیەک دوور دەخرێنەوە و لە سزادان دەبەخشرێن. بەڵام پیاوکوژەکان ئەو ئومێدەیان نییە هەر بۆیە تاوانی کوشتن زۆربەکەمی روو دەدات.

لێبووردن و بەخشین هۆکارێکی باش و گونجاوە بۆ حکومەتە میانڕۆکان. لەو سەڵاحیاتەی پاشا هەیەتی و دەتوانێ تاوانبار ببەخشێ ئاکام و دەرەنجام باش دەست دەکەوێ. لەبەر ئەوەی بنچینەی حکومەتی ئستبدادی مۆڵەتی ئەوە نادا تاوانبار ببەخشرێ هەر بۆیە لەو ئیمتیازە بێ بەشە[٤٢].

### بەشی حەڤدەهەم: ئەشکەنجەدان یان لێ پێچینەوە

هەروەک ئاشکرایە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا تێکدەر و درندەیە، هەر بۆیە یاسا ناچارە لەوەی کە هەیە باشتر وێنای بکا، بەم جۆرە شایەتی دانی دوو کەس لە سەر تاوانێک بەسە و یاسا بڕوا بە شایەتی ئەو دوو کەسە دەکات و لە روانگەی یاساوە وەکو حەقیقەتێک سەیری دەکرێ. بۆ نموونە یاسا پێی وایە هەر منداڵێک کە لە کاتی ژیانی هاوسەریدا لە دایک دەبێ حەلاڵ زادەیە. یاسا بە جۆرێکی ئەوتۆ لە دایکی منداڵەکە

دڵنیایە کە جگە لە داوێن پاکی تەسەوری هیچ شتێکی تر ناکات.

بەڵام نابێ لێ پێچینەوەی تێکەڵ بە ئەشکەنجە قبووڵ و پەسند بکەین. ئێمە ئینگلتەرا دەبینین، و ئاشکرایە بەبێ ئەوەی هیچ خەوشێک بکەوێتە سەر شەرافەتی نەتەوەیی و بنەمای حکومەتەکەیان وازیان لەو کردەوەیە هێناوە.

پیاوە بە سەلیقەو نووسەرە لێهاتووەکان بە ئەندازەیەک لەسەر ئەشکەنجەدانی تاوانباران لە کاتی لێپێچینەوە شتیان نووسیوە و کەم و کوڕی و زیانەکانیان بە باشی سەلماندووە هەر بۆیە پێویست ناکا من جارێکی دیکە ئەو بابەتە دووبارە بکەمەوە.

دەمویست بڵێم لەبەر ئەوەی لە حکومەتە ئستبدادییەکاندا هەموو شتێک لەسەر ترس و تۆقاندن دامەزراوە رەنگە ئەو کارە گونجاو بێ و هەروەها ویستم بڵێم خزمەتکارەکان لە رۆما و یۆنانی کۆن لە ترسی ئەشکەنجە دران هیچ کارێکی خراپیان ئەنجام نەدەدا، بەڵام گوێم لە دەنگی سروشتە کە دژی ئەو بیروبۆچوونەی من هاوار دەکا و پێشی دەربڕینی ئەو تەسەوڕاتانەم لێ دەگرێ.

### بەشی هەژدەهەم: سزای ماددی و جەستەیی

ئەژدادی ئێمە (جێرمەنەکان) تەنیا سزای ماددی (دارایی) یان بەسەر تاوانباراندا دەسەپاند، چونکە ئەو گەلە ئازادیخواز و ئاشتی خوازە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە نابێ خوێنیان جگە لە کاتی جەنگ لە هیچ کاتێکی تردا بڕژێ، واتە تەنیا ئەو کاتەی چەکیان لە دەست دایە خوێنیان حەڵاڵە.

ژاپۆنییەکان بە پێچەوانەوە هیچ کاتێک ئەو جۆرە سزایەیان بەکارنەدەهێنا بە بیانووی ئەوەی سزای ماددی هیچ کاریگەریەکی لەسەر دەوڵەمەندەکان نابێ، بەڵام واش دابنێین کە کەسانی دەوڵەمەند لە بەفیڕۆچوونی داراییەکەیان باکیان نییە و ناترسێن. ئایا وا باشتر نییە کە سزا ماددییەکان بە پێی توانای کەسەکان دیاری بکرێ و بۆ دەوڵەمەندکان زیاتر بکرێ؟ و هەروەها ئایا ناکرێ سزای سەرسوڕهێنەر و ریسواکار بە سزای ماددییەوە زیاد بکرێ؟

یاسادانەری لێزان بەردەوام هاوسەنگی دەپارێزێ، نەبەردەوام سزای ماددی دەسەپێنێ و نە هەمیشەش سزای جەستەی، بەڵکو تاوانبارەکان هەر یەک بە پێی تاوانی خۆی سزا دەدات.



### بەشی نۆزدەهەم: یاسای قەساس

دەوڵەتە ئستبدادییەکان لەبەر ئەوەی هەمیشە حەزیان لە یاسای سادە و ساکارە بە زۆری سوود لە یاسای قەساس وەردەگرن. هەندێک جار دەوڵەتە میانڕۆکانیش کەڵک لەو یاسایە وەردەگرن، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە دەوڵەتە ئستبدادییەکان بەوپەڕی دڵڕەقی و توندوتیژییەوە جێبەجێی دەکەن، بەڵام لە وڵاتە میانڕۆکاندا بەردەوام سووکتری دەکەن و بە هێمنی جێبەجێی دەکەن.

یاسای دوازدە تابلۆکە تەنیا لە دوو حاڵەتدا قەساسی قبووڵ دەکرد. یەکەمیان لە کاتێکدا ئەگەر بە هیچ رێگایەکی دیکە نەیاتوانیبا شکایەتکار هێور بکەنەوە، دووەم لە کاتی مەحکوم بوون دەبوایە مەحکوم خەسارەت و زیانەکانی قەرەبوو بکردبایەوە بۆ ئەوەی مامەڵەکە یەکسان دەرچێ، بەم جۆرە تەمێ کردنی ماددی شوێنی تەمێ کردنی جەستەی دەگرتەوە.

### بەشی بیستەم: تەمێ کردنی باوکەکان لە جیاتی تەمێ کردنی کوڕەکان

لە چین هەر کاتێ کوڕەکان هەڵەیەک ئەنجام بدەن باوکەکانیان سزا دەدەن و لە پیرۆش ئەو رێوشوێنە باوە. ئەوەش جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئستبدادییانەیە، ئەگەرچی فەلسەفەکەشی لەسەر ئەوە بونیاد نرابێ کە گوایە چونکە باوکەکان سوودیان لە دەسەڵاتی باوکایەتی کە سروشت پێی داون و یاساش ئەو دەسەڵاتەی بە هێزتر کردووە، وەرنەگرتووە و منداڵەکانیان بە باشی پەروەردە نەکردووە. چونکە ئەگەر ئەو بنچینەیە قبووڵ بکەین ئەوا دەبێ وا دابنێین کە لە چین بە هیچ جۆری شەرافەت وجودی نییە، دەنا شەرمەزاری و سەرشۆڕی سزادانی منداڵەکان لەبەر ئەوەی تاوانبارن بۆ باوکەکان بەسە.

لە نێو ئێمەدا ئەو باوکانەی منداڵەکانیان مەحکوم کراوە و ئەو کوڕانەی باوکیان سزادراوە بە هۆی شەرمەزاری و سەرشۆڕی زۆر باش تەمێ دەبن. ئەو کارە رێک هەمان ئاکام و دەرەنجامی سزادانی چینی هەیە، بەڵام ئەوەندەیە لەوێ باوکەکە لە جیاتی کوڕەکەی تەمێ دەکرێ.

### بەشی بیست و یەکەم: لێبووردنی پاشا

لێبووردن یەکێکە لە سیفەتە تایبەتیەکانی پاشا. لە حکومەتی کۆماریدا کە لەسەر بنچینەی فەزیلەت دامەزراوە لێبووردن زۆر بەکەمی پێویست دەبێ. لە حکومەتی ئستبدادیشدا لەبەر ئەوەی ترس و تۆقاندن فەرمانڕەوایە کەمتر سوود لە لێبووردن

وەردەگیرێ چونکە دەبێ بە هۆی فەرمان و ڕێوشوێنی توندوتیژ پێشی کاری گەورە پیاوانی وڵات بگیرێ.

بەڵام لە حکومەتی دەستووریدا لەبەر ئەوەی شەرافەت فەرمانڕەوایە و ئەوەی یاسا قەدەغەی دەکا زۆربەی کات لە ڕێگای شەرافەتەوە مۆڵەتی پی دەدرێ، لێبووردن زۆرتر پێویستە.

لە حکومەتی دەستووریدا توڕەبوون وەکو سزا سەیر دەکرێ تەنانەت ڕەسمیاتی دادگایی کردن بۆ خۆی جۆرە تەمێ کردنێکە. لە حکومەتی دەستووریدا لە هەموو لایەکەوە تاوانبار شەرمەزار دەکرێ بۆ ئەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی سزا پێک بهێنێ.

لەم جۆرە حکومەتانەدا پیاوەکان لە ترسی تووڕەیی پاشا و لە دەستدانی ئیعتبار و سامان و چێژی ژیان بەردەوام هەڵدەلەرزن و بەردەوام تەمێ کراون. هەر بۆیە توندوتیژی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەگەڵیاندا هیچ سوودێکی نییە و تەنیا بەوە کۆتایی دێ کە خۆشەویستی پاشا لە دڵ و دەروونیان دێتە دەرو ئەو ڕێزەی نسبەت بە پلەوپایە و پیشەی خۆیان هەیانبووە لە ناو دەچێ.

هەروەک چۆن نەبوونی سەقامگیری و نەگۆڕی گەورە پیاوەکانی وڵات بە بەشێک لە سروشتی حکومەتی ئستبدادی دادەنرێ و دەبێ هەموو کەس تۆقاو و لەرزۆک بێ، ئەواش دڵنیایی و هێمنی سروشتی حکومەتی دەستووری پێکدێنێ.

پاشاکان هێندە سوود لە لێبووردن وەردەگرن و چێژێکی ئەوتۆیان پێ دەبەخشێ و بەڕادەیەک دەکەونە بەر شاڵاوی خۆشەویستی گەلەوە و بە جۆرێک دەبێتە هۆی ئارامی و سەر بلّندی پاشا کە بەردەوام دەبێتە هەلی دەربڕینی خۆشەویستی و جۆرە بەختیارییەکیان بە نسیب دەکا و هەر لە ڕێگای لێ خۆشبوونیشە ژێردەستە و پەیڕەوەکانیان زیاتر بۆ لای خۆیان رادەکێشن. لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە ئەو ڕێوشوێنە بەکار دەهێنرێ.

لەوانەیە هەندێ جار وا ڕێک بکەوێ کە بەشێک لە دەسەڵات و سەلاحیاتەکان لە پاشا بسێنرێتەوە، بەڵام هیچ کاتێک هەموو دەسەڵاتەکەی لێ ناسێنرێتەوە، ئەگەر هێندێک جار پاشاکان لە پێناوی تاج و تەختی خۆیاندا تێدەکۆشن ئەوا هیچ کاتێک لە پێناوی ژیانی خۆیاندا هەوڵ نادەن.

ڕەنگە ئەو پرسیارەم لێبکەن، لە چ هەلومەرجێکدا پێویستە پاشا مافی لێبووردن بەکاربێنێ؟ ئەوە بابەتێکە ناکرێ لە ژێر ڕیسایەکی گشتیدا ئاماژەی بۆ بکرێ و تەنیا پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە کە هەست بکرێ لێبووردن پێویستە.

لە هەندێ حاڵەتدا لێبووردن مەترسیدارە، بە تایبەتی کاتێ وا تەسەوربکرێ کە



لێخۆش بوون لەسەر بنەمای بەزەیی نەبووەو سەرچاوەکەی لاوازی و بێ دەسەڵاتی پاشا بووە و نەیتوانیوە تاوانبار تەمێ بکات، لەو حاڵەتەدا لێ خۆش بوون مەترسیدارە.

ئیمپراتۆر (مۆریس) بڕیاری دا هەرگیز خوێنی پەیڕەو و ژێردەستەکانی خۆی نەڕێژێ. (ئاناستاز)، هیچ کاتێک سزای بۆ تاوانەکان دانەدەنا. (ئسحاقی فریشتە)، سوێندی خوارد لە سەردەمی سەڵتەنەتی ئەودا نابێ کەس بکوژرێ.

بەڵام ئیمپراتۆرەکانی یۆنان نەیاندەزانی لە خۆڕا شمشێریان لە قەدیان بەستووە. واتە نەیاندەزانی ئەو شمشێرەی قەدیان بۆ جێبەجێ کردنی عەدالەتە.

## دەرەنجامی پرەنسیپی حکومەتە جیاوازەکان سەبارەت بە لوکس و چۆنیەتی هەلومەرجی خانمان

### بەشی یەکەم: لوکس (خۆڕازاندنەوە)

لوکس (تجمل) هەمیشە لەگەڵ نایەکسانی لە تاوانەکاندا سەرهەڵدەدات. ئەگەر لە ناو حکومەتدا سامان و داراییەکان بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر تاکەکاندا دابەش بکرێ ئەوە هیچ چەشنە خۆڕازاندنەوە و جوانکارییەک نایەتە ئاراوە، چونکە خۆڕازاندنەوە بە هۆی ئەو ئامرازە رەفاهیانەوە دەبێ کە بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکرێ و ئەوەش لە ئاکامی کاری خەڵکانی ترەوە وەدەست دێت.

ئەگەر بێتو پێداویستییەکان بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکەین، خۆڕازاندنەوەی ئەو کەسانەی تەنیا پێداویستییەکانی ژیانیان لەبەر دەست دایە یەکسان دەبێ بە سفر، واتە خاوەن هیچ جۆرە خۆڕازاندنەوە و جوانکاریەک نابن، بەڵام ئەگەر کەسێک دوو هێندەی پێداویستییەکانی خۆی شتی لەبەردەست دابێ ئەوا داراییەکانی خۆڕازاندنەوە دەبێ بە یەک و ئەگەر یەکێکی دیکە دوو هێندەی سامانی ئەوی هەبێ ئەوا داراییەکانی خۆڕازاندنەوە دەبێ بە سێ و ئەگەر دیسان داراییەکانی کەسێک دوو هێندەی داراییەکانی ئەو کەسەی ئێستا بێت ئەوا دارایی خۆڕازاندنەوە یەکسان دەبێ بە حەوت و بەم چەشنە ئەگەر بێتو سامان و دارایی تاکەکان بەم شێوازە بچێتە سەر و هەموو کەسێک دوو هێندەی کەسی پێش خۆی هەبێ و ئەو رەوتە پەرە دەستێنێ و تەجەمول بە رێژەی (دوو هێندە+ یەک) گەشە دەکا و دیارە ئاکامی ئەو کارەش بە کوێ دەگا و نایەکسانی و جیاوازی خۆڕازاندنەوە چ روخسارێک بە خۆیەوە دەگرێ «٠- ١-٣- ٧- ١٥- ٣١- ٦٣- ١٢٧- ٢٥٥-٠٠٠»

لە کۆماری سەردەمی ئەفلاتون دا «تەجەمول» بە رێژەیەکی دیاریکراو و راست، لەوانەبوو رێگەی پێبدرێ، چونکە ئەو کات خەڵکیان بەسەر چوار چیندا دابەش کردبوو و چوار جۆرە خۆڕازاندنەوە هەبوو.

یەکەمیان: ئەو رادیە بوو کە هەژاری تێیدا کۆتایی دەهات، دووەمیان دوو هێندە و



سێهەمیان سێ هێندە و چوارەمیان چوار هێندە. لە ناو چینی یەکەمدا بە هیچ جۆرێک خۆڕازاندنەوە نەبوو، بەڵام لە نێو چینی دووهەمدا یەکسان بوو بەیەک و لە چینی سێهەمدا یەکسان بوو بە دوو و لە کۆتاییشدا لە چینی چوارەم یەکسان بوو بە سێ.

ئەگەر خۆڕازاندنەوەی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان وەبەرچاوبگرین، لە ناو هەر وڵاتێکدا گەلێک هۆکاری ئاڵۆز هەیە کە نایەکسانی دارایی لە نێوان تاکەکان و دەوڵەتدا پێکدەهێنێ. بۆ نموونە لە «پۆڵۆنیا» سامان و دارایی بە شێوەیەکی یەکجار نایەکسان دابەش کراوە و هەژاریی گشتی ئاستەنگی سەرەکییە لە بەردەم چوونی ئەو وڵاتە بۆ ناو ریزی وڵاتە دەوڵەمەندەکان.

هەروەها ڕازاندنەوە و لوکس لەگەڵ مەزنیی شارەکان و بە تایبەتی پایتەختدا گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەوە جگە لەوەی هۆکارگەلی وەک دەوڵەمەندی دەوڵەت، نایەکسانی سامانی تاکەکان، زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی لە ناوچەیەک نیشتەجێ دەبن، زەمینەکانی نایەکسانی لە نێو خەڵکدا پێکدەهێنێ.

هەر چەندە رێژەی ئەو کەسانەی لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبن زۆرتر بێ، سەرەڕۆیی و خۆ بە زلزانی زیاتر دەبێ و تاکەکان هەوڵ دەدەن بە هۆی فاکتەر و کاری بچووکەوە سەرنجی رای گشتی بۆ لای خۆیان راکێشن. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی لە شوێنێک نیشتەجێ دەبن بە رادەیەک زۆر بێ کە کەس کەس نەناسێ، ئارەزووی دیاربوون و ئەنانییەت زۆر زیاتر پەرە دەستێنێ، چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا شانسی سەرکەوتن زۆرترە و خۆڕازاندنەوە (تجمل) ئەو شانسە زیاتر دەکات. ئەوە جگە لەوەی هەموو تاکەکان لە هەوڵی ئەوە دان ژیانی خۆیان بە جۆرێکی ئەوتۆ رێک بخەن کە وەکو چینەکانی سەرووتری خۆیان بێ، بەڵام دەرەنجامی پێچەوانەیان دەست دەکەوێ چونکە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە دەیەوێ لە خەڵکی تر جیاواز بێ و ئەوەش مەیلی پێشگیری گشتی زیاد دەکات و لە ئاکامدا هەموویان یەکسان دەبن و ئیتر هیچ کەس لەسەرو کەسێکی دیکەوە و لەبەر ئەوەی هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە دەیەوێ سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشێ و لە ئاکامیشدا کەس سەرنجی کەس بچێتە نادا و ئەو باردۆخەش جۆرە نارەحەتی و ئازارێکی گشتی بەرهەم دێنێ.

ئەو کەسانەی لە پیشەیەکی دیاریکراودا لێهاتوون، بە ئارەزووی دڵی خۆیان نرخێکی تایبەت بۆ هونەرەکەیان دادەنێن. ئەو حاڵەتە بچووکترین زەوق و سەلیقەکانیش دەگرێتەوە.

ئەو کات هاوسەنگی نێوان پێداویستی و ئالیەتەکان لە ناو دەچێ، چونکە

هاوسەنگی نێوان پێداویستی و ئالییەتەکانی دابین کردنی پێداویستی، شتێکی پێویستە. هەمومان دەزانین ئەگەر کەسێک داوانامەیەک پێشکەشی دادگا بکات حەتمەن پێویستی بە پارێزەر دەبێ و هەموو نەخۆشێکیش پێویستی بە پزیشک هەیە.

هەندێ کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە پایتەختدا دەبێتە هۆی وەستانی مامەڵەکان، چونکە خەڵک لە یەکتر دوور نین و لە پەنای یەکتردا دەژین. من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم، لەبەر ئەوەی هەر کاتێ خەڵک لە دەوری یەکتر کۆببنەوە پێداویستی و ئارەزووەکانیش پەرەدەستێنن و لە ئاکامیشدا مامەڵەی زیاتر دێتە گۆڕێ.

**بەشی دووهەم: دیموکراسی و یاساکانی تەجەممول**

لە حکومەتە کۆمارییەکاندا لەبەر ئەوەی سامان و دارایی بە شێوەیەکی یەکسان دابەش دەکرێ هیچ چەشنە خۆڕازاندنەوەیەک نابینرێ. هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یەکسانی لە دابەشکردن دەبێتە هۆی بەرزی و مەزنی کۆمار، کەواتە هەر چەندە تەجەممول لە حکومەتی کۆماریدا کەمتر بێ ئەوا ئەو کۆمارە پێگەیشتووتر و کامڵترە.

ڕۆمانە سەرەتاییەکان هیچ جۆرە خۆڕازاندنەوەیەکیان نەبوو. خۆڕازاندنەوە لە لای خەڵکی لاسەدمۆنیش دا باوی نەبوو. لە هەر کۆمارێکدا یەکسانی لە ناو بچێ، ڕوحی بازرگانی و کار و (تەقوا)و فەزیلەت هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەموو تاکەکان بە پێی ڕێژەی سامان و دارایی خۆیان ژیان بەسەر بەرن و بەم جۆرە خۆڕازاندنەوەش بە کەمی بەرچاودەکەوێ. یاسای دابەشکردنی زەوی و زار کە خەڵکی کۆمارەکان هەوڵێکی بێوچانیان دا بۆ داڕشتنی، کارێکی یەکجار بە کەڵک بوو و تەنیا لە یەک حاڵەتدا زیانبەخش دەبوو ئەویش ئەگەر هاتباو لە ناکاو جێبەجێیان کردبا، چونکە دابەشکردنی لە ناکاو دەبێتە هۆی ئەوەی لە پڕتاو دارایی و سامان لە هەندێ کەس بسێنرێت و بدرێتە هەندێکی تر. ئەوە جگە لەوەی دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لە ناو بنەماڵەکاندا و ئەو پشێوی و ئاژاوەیەش ڕەنگە لە ناو بنەماڵەکانەوە پەرەبستێنێ و بێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی گشتی لە وڵاتدا.

هەر چەندە تەجەممول لە حکومەتی کۆماریدا پەرەبستێنێ، بەو ڕادەیەش بیری خەڵک بەرەو پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی ئاراستە دەکرێ. ئەو کەسانەی تەنیا گرنگی بە پێداویستە زەرورییەکان دەدەن جگە لە شانازی نیشتمان و سەربەرزی خۆیان هیچ هیواو ئاواتێکی تریان نییە. بەڵام ئەو ڕۆحەی بە خۆڕازاندنەوە تووشی گەندەڵی دێ و ئاوات و



ئارەزووی دیکە لە ناخیدا سەرهەڵدەدا و بە زوویی دەبێتە دوژمنی یاسا چونکە بەرێگرو لەمپەری سەر ڕێگای خۆی دەزانێ.

تەجەممول و ڕازاندنەوەی قەڵای شاری (ڕێژ)[٤٣] بووە هۆکاری سەربڕینی دانیشتوانی شارەکە. لەگەڵ فاسدبوونی ڕۆحی ڕۆمانەکان ئارەزوو و هەوا و هەوەسەکانیان بەڕادەیەکی یەکجار زۆر پەرەی سەند. دەتوانین لەو نرخەی بۆ شتەکانیان دادەنا، پەی بەو ڕاستییە بەرین.

یەک گۆزە شەرابی فالێرن بە سەد دیناری ڕۆمانی دەفرۆشرا. نرخی یەک مەنجەڵ گۆشتی سوورکراوە (قاورمە) چوار سەد دینار بوو. کرێی «چێشتلێنەرێکی» باش چوار تالان بوو. نرخی کوڕەکان بە ڕادەیەک گران بوو کە دیاریکردنی کارێکی ئاستەم بوو.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە زۆر بە خێرایی بەرەو هەواو هەوەسەکانی خۆی هەنگاو دەنێ ئاشکرایە فەزیلەتی نەتەوەیی چەندە زوو لە ناو دەچێ.

**بەشی سێهەم: یاساکانی تەجەممول لە حکومەتی ئەرستۆکراتی دا**

یەکێک لە بەدبەختییەکانی حکومەتی ئەرستۆکراتی ئەوەیە کە سامان و دارایی لە دەست خانەدان و نەجیبزادەکان دایە، بەڵام خەرجی ناکەن. خۆڕازاندنەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕۆحی میانڕەوییدا ناگونجێ، دەبێ لەم وڵاتانەدا وەدەربنرێ، چونکە لە لایەک ئەرستۆکراتەکان خاوەنی سامان و داراییەکی یەکجار زۆرن کە بەداخەوە رایانگرتووە و خەرجی ناکەن و لە لایەکی تریشەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر لە هەژاریدا دەژین و کەس هیچیان ناداتێ. یاساکانی ڤینیسیا ئەرستۆکراتەکانی ناچار دەکرد میانڕۆ و قانع بن و ئەوەش ڕێگایەکە بۆ هاندان و پاراستنی پیشەسازی. ئەرستۆکراتەکان بەڕادەیەک خوویان بە کۆکردنەوەی ئابوورییەوە گرتووە کە تەنیا ژنە خراپکارەکان دەتوانن پارەیان پێ خەرج کەن، هەر بۆیە ژنە خراپکار و سووکەکان پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن. لە کاتێک دا کە باجدەرەکان (خەڵکی ئاسایی) لە تاریکترین بارودۆخدا ژیان بەسەر دەبەن و نانی شەویان نییە بیخۆن.

لە کۆمارە باشەکانی یۆنانی دێریندا، بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە هەندێ دامودەزگای بە سوودیان دامەزراند بوو. دەوڵەمەندەکان پارەیان بۆ جەژنەکان، گۆرانی و سرووده بە کۆمەڵەکان، مۆسیقاو گالیسکە، ئەسپەکانی سوارچاکی و خاوەن پلە و پایەکان خەرج دەکرد. لەوێ توانایی و کار لە دەست هاتن بە ڕادەی نەبوونی هەژارەکان، دەوڵەمەندەکانی تووشی زەحمەت و نارەحەتی دەکرد.

## بەشی چوارەم: یاساکانی خۆڕازاندنەوە لە حکومەتی دەستووریدا

تاسیت دەڵێ: سیونەکان کە نەتەوەیەکی جێرمەنی بوون ڕێزێکی زۆریان بۆ سامان و دارایی دادەنا، هەر بۆیە لە ژێر فەرماندەیی تاکەکەسێکدا دەژیان. واتای ئەو ڕستەیە ئەوەیە کە خۆڕازاندنەوە و تەجەممول تایبەتە بە حکومەتە دەستووریەکان و پێویست ناکا لە ڕێگای هیچ یاسایەکەوە ڕێکبخرێ، چونکە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا وجودی هەیە.

هەروەک ئاشکرایە لە حکومەتی مەشرووتە (دەستووری)دا بنەماکانی حکومەت بە جۆرێکە کە سامان و دارایی بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکا، هەر بۆیە تەجەممول وەکو پێویستی خۆ دەنوێنێ. لە حکومەتی دەستووریدا ئەگەر دەوڵەمەندەکان پارە خەرج نەکەن ئەوا هەژارەکان لە برسان دەمرن، کەواتە پێویستە دەوڵەمەندکان بە پێی توانا پارە خەرج بکەن. بەم جۆرە ئاستی خۆڕازاندنەوە لەگەڵ زیادبوونی سامان و داراییدا زیاد دەکات.

یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی زیادبوونی دارایی تایبەتی ئەوەیە کە کۆمەڵێک دەستیان بەسەر پێداویستی ماددی بەشێک لە دانیشتووانی شاردا گرتووە. دەوڵەمەندەکان لەسەریان پێویستە ئەو پێداویستییانە لە ڕێگای خەرجکردن بگەڕێننەوە. کەواتە بۆ ئەوەی حکومەتی دەستووری بتوانێ پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات پێویستە خۆڕازاندنەوە لە چینە نزمەکانەوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو زیاد بکرێ. لە جووتیارەوە بۆ خاوەن پیشە و لەوەوە بۆ بازرگان و لە بازرگانەوە بۆ ئەرستۆکراتەکان و لەوانەوە بۆ دەسەڵاتدار و پیاوە گەورەکان و سەرمایەدار و شازادەکان پەرە بستێنێ. ئەگەر ئەوە نەکرێ هەموو شتێک لە ناو دەچێ.

لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی سەنای ڕۆما لە پیاوی ژیر و یاسا ناس و خاوەن بیری کۆن پێکهاتبوو، لە سەردەمی پاشایەتی ئۆگۆستدا پێشنیاری ئەوەیان کرد کە پێویستە ئیسلاحات لە ئەخلاق و خۆڕازاندنەوەی ئافرەتەکاندا بکرێ.

لە کتێبی دیۆن بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆگۆست چەندە لێزانانە ئەو داواکارییە بێ جێیەی سیناتۆرەکانی ڕەد کردەوە، چونکە ئەو دیویست حکومەتی کۆماری هەڵوەشێنێتەوە و حکومەتێکی دەستووری دامەزرێنێ، هەر بۆیە پێویستی بە خۆڕازاندنەوە هەبوو و نەیدەتوانی واز لە بیرو بۆچوونی خۆی بێنێ و پێشنیاری سیناتۆرەکان پەسەند بکات.

لەسەردەمی سەڵتەنەتی تیبردا نوێنەرانی سەنا پێشنیاری ئەوەیان کرد کە یاساکانی پێشووی خۆڕازاندنەوە دیسان کاریان پێ بکرێتەوە. پاشا کە پیاوێکی ژیر و هوشیار بوو دژایەتی ئەو پێشنیارەی کردو وتی: «دەوڵەت ناتوانێ لە باروودۆخێکی ئەوتۆدا درێژە بە ژیانی خۆی بدا؟ خەڵکی شاری ڕۆما چۆن دەتوانن بەو شێوەیە بژین؟ ویلایەتەکان بەم



شێوەیە چۆن دەتوانن بژین؟ لە قۆناغی ئێستادا ئێمە سەروەت و سامانی دونیا خەرج دەکەین و دەرەبەگ و کویلەکان کارمان بۆ دەکەن، لە حاڵێکدا جاران لەبەر ئەوەی لە شارێک زیاترمان نەبوو لەو پەڕی قەناعەتدا ژیانمان بەسەر دەبرد.»

تیبر ئەوەی باش دەزانی کە ئیتر یاساکانی خۆڕازاندنەوە پێویست نین. هەر لە سەردەمی سەڵتەنەتی ئەو ئیمپراتۆرەدا، پێشنیارێکیان پێشکەشی سەنا کرد کە بە هۆی ئەو پشێویەی کە فەرماندەکان لە ناو خەڵکدا دروستی دەکەن، لە کاتی سەفەرکردندا ژنەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەگێڕن.

ئەو پێشنیارە ڕەدکرایەوە و وتیان: لەم سەردەمەدا پێویستمان بە ژیانێکی خۆشتر هەیە. هەستیان بەوە دەکرد پێویستە ئەخلاقێکی نوێتر لە ناو خەڵکدا پەرەی پێ بدرێ، هەر بۆیە نابێ پێشی فەرماندەکان بگیرێ و دەبێ بهێڵن ژنەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەنە ویلایەتەکان. کەواتە لە حکومەتی دەستووریدا خۆڕازاندنەوە کارێکی پێویستە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە بۆ حکومەتی ئیستبدادی زۆر پێویستترە. لە حکومەتی دەستووریدا بۆیە پێویستە چونکە خەڵک دەتوانن سوود لە ئازادی خۆیان وەربگرن، بەڵام لە حکومەتی ئیستبدادیدا هەموو لایەک دەبێ سوود لە کۆیلایەتی وەربگرن، چونکە هەروەک ئاشکرایە بناغەی حکومەتی ئیستبدادی لەسەر ئەوە دامەزراوە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا کۆیلەن و بەردەوام یەکێک بەسەر ئەویتردا حکومەت دەکا. کەواتە ئەو کۆیلانەی بۆ چەوساندنەوەی کۆیلەکانی دیکە هەڵدەبژێردرێن، بۆ خۆیان لە چارە نووسی خۆیان دڵنیا نین و خۆشبەختییەکەیان بریتییە لە دامرکاندنی حەز و ئارەزوو و غرور و هەوەسبازییەکانیان.

## بەشی پێنجەم: لە چ کاتێکدا یاساکانی خۆڕازاندنەوە لە حکومەتی دەستووریدا سوودی هەیە

لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەدا، لە هەندێ وڵات و یەک لەوان وڵاتی ئاراگۆن بە پێی بنچینەکانی حکومەتی کۆماری یاساکانی خۆڕازاندنەوە داڕێژران. ژاکی یەکەم فەرمانی دا نە پاشا و نە هیچ کەسێک حەقی نییە زیاتر لە دوو جۆرە گۆشت لە خواردنێکدا بەکاربێنێ. لە هەر جۆرە گۆشتێک دەبێ تەنیا یەک خۆراک دروست بکرێ، تەنیا کاتێک نەبێ ئەویش ئەگەر هاتوو ئەو گۆشتە لە ڕاو بە بەرهەمی ئارەقەی ناوچاوانی کەسەکەوە بە دەست هاتبێ. لە سەردەمی ئێمەشدا لە سوید هەندێ یاسای تایبەت بە ڕازاندنەوەیان داناوە، بەڵام مەبەستەکەی جیاوازە لەو ئامانج و مەبەستەی لە ئاراگۆندا هەیانبوو.

هەموو دەوڵەتەکان دەتوانن یاسای رازاندنەوە لە پێناوی پێکهێنانی قەناعەتی تەواودا دابڕێژن. رۆحی رازاندنەوە بەسەر حکومەتی کۆماریدا زاڵە. لە یاسای ئاراگۆنەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەست لە رازاندنەوە چ بووە و لەوانەشە هەندێ یاسای رازاندنەوە بۆ دروستکردنی قەناعەتێکی نسبی دابنرێ.

کاتێک دەوڵەتێک بزانێ هێنانی شتومەکی بە نرخی دەرەکی دەبێتە هۆی هەناردنی بڕێکی زۆری شتومەکی ناوەکی، ئەوا هێنانی شتومەکی دەرەکی یەکسەر و بە شێوەیەکی رەها قەدەغە ناکا. ئەوەیە رۆحی ئەو یاسایەی ئەمرۆکە لە سوید کاری پێدەکرێ. ئەم جۆرە یاسایانەی تەجەممول بۆ حکومەتە دەستوورییەکان پێویستترە.

بە شێوەیەکی گشتی هەر چەندە وڵاتێک هەژار بێ ئەوا بەو ڕادەیە رازاندنەوەی رێژەیی هەژارتر دەبێ، هەر بۆیە یاسای رازاندنەوەی رێژەیی پێویستە. بەڵام هەر چەندە وڵاتێک دەوڵەمەندتر بێ بەو ڕادەیە رازاندنەوەی رێژەیی دەوڵەمەندتری دەکا، هەر بۆیە دەبێ زۆر بەجددی خۆ لە یاساکانی رازاندنەوە بپارێزین. ئەو بابەتە لە کتێبی بازرگانیدا بە دوور و درێژی شی دەکەینەوە. ئێستا تەنیا باسی بابەتی رازاندنەوەی رەها دەکەین.

### بەشی شەشەم: تەجەممول لە وڵاتی چیندا

لە هەندێ وڵاتدا هۆکارێکی تایبەت دەبێتە سەرچاوەی دارشتنی یاساکانی تەجەممول. بۆ نموونە کاریگەری ئاو و هەوا رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتووان زۆر بێ و ئامێرەکانی دابینکردنی بژێوی کەم و لە رووی جۆریشەوە جیاواز بن.

هەر بۆیە لە حاڵەتێکی ئاوادا دەبێ هەموو خەڵک ناچار بکرێ خەریکی کشتوکاڵ بن، لەم جۆرە وڵاتانەدا خۆڕازاندنەوە کارێکی مەترسیدارە و یاساکانی تایبەت بە رازاندنەوە دەبێ زۆر توندوتیژ بن. کەواتە بۆ ئەوەی بزانین لە وڵاتێکدا دەبێ برەو بە رازاندنەوە بدرێ، یان قەدەغە بکرێ پێویستە پێشتر ئاگاداری ژمارەی دانیشتووان و ئاسانی یان سەختی دابین کردنی بژێوی ژیانی دانیشتووان بین.

لە ئینگلتەرا ئەو بەرهەمەی لە زەوی دەست دەکەوێ زۆر زیاترە لە رێژەی پێداویستی جووتیاران، کەواتە رەنگە لەو وڵاتەدا سەنعەتی جوان و لە ئاکامیشدا رازاندنەوە وجوودی هەبێ.

لە فەرەنسا بڕی بەرهەمی گەنم پێداویستییەکانی جووتیار و کرێکاران دابین دەکا و هەروەها هێنانی شتی دەرەکی و ناردنی هەندێ شتومەکی بەکارهێنراوی وڵات، پێداویستییە زەرورییەکانی خەڵکی دەستەبەر دەکات، هەر بۆیە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا



نابێ باکمان بە رازاندنەوە هەبێ. بەڵام لە وڵاتی چیندا بە پێچەوانەیە، ژنەکانیان خەرجیان زۆر گرانە و ژمارەی دانیشتووانیش بە خێراییەکی یەکجار زۆر زیاد دەکا، کە هەر چەندە گرنگی بدەن بە کشتوکاڵ دیسانیش ناتوانن خۆراکی پێویست بۆ خەڵکی دابین بکەن.

کەواتە لەو وڵاتەدا رازاندنەوە زۆر مەترسیدارە و لە بەرامبەریشدا رۆحی کارکردن و قەناعەت زۆر پێویستە، هەر بۆیە دەبێ لەم جۆرە وڵاتانەدا پەرە بە پیشەسازییە پێویستەکان بدرێ و رێ لە پیشەسازیی رازاندنەوە و جوانکاری بگیرێ.

فەرمانی ئیمپراتۆرەکانی چین-یش هەر لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵەی تانک دەڵێ: «باپیرانمان پەیرەویان لەم بنچینەیە دەکرد. ئەگەر بێتو پیاوێک لە ناوماندا خەریکی زەوی کێلان نەبێ و ژنیش خەریکی رستن نەبێ، ئەوا لەم ئیمپراتۆریەتەدا خەڵکی یان لە برسان یان لە سەرمان دەمرن.»

هەر ئەم ئیمپراتۆرە بە پەیرەوی کردن لەو بنچینەیە، بەشێکی زۆری دێری بوونزەکانی وێران کرد[٤٤].

سێهەمین ئیمپراتۆری چین کە لە بنەماڵەی بیست و یەکەم بوو فەرمانی دا دەرگای ئەو کانە بگرن کە چەند گەوهەرێکی بەنرخیان لێ دەرهێنا بوو و بۆ ئەویان ناردبوو، چونکە ئیمپراتۆر نەیدەویست میللەتی خۆی بە کارێکەوە هیلاک بکا کە نابێتە هۆی دابینکردنی خۆراک و پۆشاک بۆ خەڵکەکەی.

کیاونتی دەڵێ: «رازاندنەوەکانی ئێمە بە ڕادەیەک زۆرن کە خەڵکی وڵاتی ئێمە کاتێ دەیانەوێ منداڵەکانی خۆیان بفرۆشن پێڵاوی جوانیان لە پێ دەکەن و دەیانرازاێننەوە تا سەرنجی کڕیارەکان بۆ لای خۆیان راکێشن و پەسندیان بکەن.»

کاتێک کۆمەڵە کەسێک بۆ دابینکردنی پۆشاکی تاکە ئەرستۆکراتێک زەحمەت بکێشن ئایا چۆن بەشی هەرە زۆری خەڵک رووت و بێ بەرگ نابن؟

لە نێوان دە جووتیاردا، داهات و زەحمەتی نۆ جووتیار دەچێتە گیرفانی ئەرستۆکراتەکانەوە و تەنیا یەک کەسیان دەتوانێ سوود لە رەنج زەحمەتی خۆی وەرگرێ. ئایا لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا چۆن بەشی هەرە زۆری خەڵک برسی و بێ نان نابن؟

### بەشی حەوتەم: ئاکامە شوومەکانی رازاندنەوە لە وڵاتی چین

ئەگەر سەیرێکی مێژووی چین بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی بیست و دوو پاشادا، بیست و دوو شۆڕشی گشتی (جگە لە شۆڕشە تایبەتییەکان)

سەری هەڵداوە و وڵاتی تەنیوەتەوە. سێ بنەماڵەی یەکەم توانیان بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە ژیرانە حکومەتیان دەکرد و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەواندا وڵات هێندە پان و بەرین نەبوو. بنەماڵەکانی تریش لە سەرەتادا بە شێوەیەکی باش دەستیان بە کار دەکرد بەڵام پاش سێ چوار پاشا، فەسادی ئەخلاقی و ڕازاندنەوە و بێ کاری و خۆبەستنەوە بە چێژی ژیان، وجوودی جێگرەکانی دادەگرت. لە ناو کۆشکی پاشاییدا ڕۆح و بیری پاشاکان لاواز دەبوو و ژیانیان کورت و بە زوویی بەرەو نەمان دەچوون.

هۆکاری ئەو بارودۆخە ئەوە بوو، لە سەرەتادا سوڵتانەکان خاوەنی فەزیلەت و وردبینی و چاودێریی پێوستی پاشایەتی بوون، بەڵام وردە وردە ئەو سیفەتانە لە ناو دەچوون. لە بارودۆخی ئەو کاتدا ئەو ڕەوتە شتێکی سروشتی بوو، چونکە ئەو ئیمپراتۆرانەی لە ناو بگرە و بەردە و زەحمەت و سەختییەکانی جەنگدا پەروەردە ببوون و سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا و ئەو بنەماڵەیان لەسەر کورسی حوکم لادەبرد کە لە نێو چێژ و خۆشیدا نغرۆ ببوو، پارێزگارییان لە فەزیلەت دەکرد، چونکە زۆر بە وردی لایەنە باشەکانیان دەرک کردبوو و خۆیان لە هەواو هەوەس دەپاراست، لەبەر ئەوەی ئاکامە خراپەکانی ئەویشیان بە باشی دەزانی.

لە سەردەمی لە ناو چوونی هەر بنەماڵەیەکدا دەسەڵاتدار و پیاوە گەورەکانی وڵات سەر بەرز دەردەچوون و پیاهەڵگوتن پەرەی دەسەند. کۆشکی پاشایەتی کە پەناگای دەرباریەکان بوو دەبوو بە دوژمنی باوەکوشتەی وڵات، چونکە لە نێویدا کۆمەڵە کەسانێکی بێ کار ژیانیان بەسەر دەبرد و بەشی هەرە زۆری خەڵکی رووت و بێ بەشی وڵاتیش لە دەرەوەی کۆشکدا دەژیان کە بەردەوام لە لایەن دەربارییەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. منداڵە کەم تەمەن و بێ ئەزموونەکانیان لە لای خۆیان رادەگرت تا وەکو ئامێری ژێردەستیان بەکاریان بێنن.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا و لە ئاکامی لاوازی و بێ هێزی پاشاکان، لەبەریەکچوون و داڕووخانی دەسەڵات دەستی پێدەکرد، کەسێکی یاخی و توورە پەیدا دەبوو و ئیمپراتۆری لە ناو دەبرد و تەخت و تاجەکەی داگیر دەکرد. سەڵتەنەتێکی نوێی دادەمەزراند، دووبارە سێهەم یان چوارەمین پاشای ئەو بنەماڵەیە دووچاری ئەو بارودۆخە دەبۆوە و لە ناو کۆشکدا زیندانی دەکرا و ئەویش بە نۆرەی خۆی بە دەستی مرۆڤێکی یاخی و تورە لەسەر تەختی پاشایەتی دەهێنرایە خوارەوە.



## بەشی هەشتەم: داوێنپاکی گشتی

نەمانی داوێن پاکی ئافرەتان بە ڕادەیەک کاریگەری سلبی هەیە و بە ئەندازەیەک عەیب و کەم و کوڕی بەرهەم دێنێ و بە چەشنێک ڕۆحی خەڵکی گەندەڵ دەکا، کە ئەگەر بێتو وڵاتێک تووشی ئەو نەخۆشییە بێت و ئەو بنچینە و پرەنسیپە گرنگە لە ناویدا هەرەس بێنێ، ئەوا بێ شک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک ڕۆژ ڕەشی و بەدبەختیی گەورە. بە تایبەتی لە حکومەتە دیموکراتەکاندا لە ناوچوونی داوێنپاکی دەبێتە هۆی بەدبەختی و فەساد و بناغەی حکومەت هەڵدەتەکێنێ.

هەر بۆیە یاسادانەری باش لەسەری پێویستە، ئامۆژگاری خەڵک بکا داوێن پاک بن و، چاوەڕوانی هەیبەت و ئەخلاق بێ لە ئافرەتان.

لە حکومەتی کۆماریدا نەک هەر گەندەڵی ئەخلاقی بەڵکو بە ڕواڵەت نیشان دانی گەندەڵی ئەخلاقی و سووک و چروکیش قەدەغە کراوە. چونکە عیشوەکاری و بەنازی کە سەرچاوەکەی بێکاری ئافرەتەکانە، بەر لەوەی ببێتە هۆی فاسدکردنی ئافرەتەکان خەڵکانی تر تووشی فەساد دەکات، چونکە ئەو ڕەفتارە وا لە خەڵکی دەکا کە گرنگی بە شتی بێ بەها و کەم نرخ بدەن و شتە گەورەکانیش بە کەم بگرن و لە ئاکامیشدا لە سەر بنەمای گاڵتەجاڕی ژیانی خۆیان بەسەربەرن، چونکە ژنەکان لەو کارەدا زۆر لێهاتوو و لێزانن و گاڵتە کردن بە خەڵک شێوازێکی تایبەت بە خۆیانە.

## بەشی نۆیەم: ڕەفتاری ئافرەتان لە ناو حکومەتە جیاوازەکاندا

لە حکومەتی دەستووریدا ژنەکان کەمتر خەریکی خۆنواندنن، چونکە ئیمتیازاتی چینایەتی تاکە ڕێگای چوونە ناو دەربارە و لە ناو دەربارێشدا بە ئازادی ڕەفتار دەکەن، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی پاشاکان چاو لەو ئازاد بوونە دەپۆشن. هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆی سوود لە خۆنواندنن و ڕەفتاری ئافرەتان وەردەگرێ و لەبەر ئەوەی کورت بینی ژنەکان هۆکاری غرورو خۆ بە زلزانینیانە نەک ڕەوشت بەرزی و هەیبەت، هەر بۆیە بەردەوام حەزیان لە خۆڕازاندنەوەیە، چونکە غروور لەگەڵ خۆڕازاندنەوە و ڕەوشت بەرزی لەگەڵ سادەیی و قەناعەتدا هاوتا و گونجاوە.

لە حکومەتە ئیستبدادیەکاندا ژنەکان نابنە هۆی سەرهەڵدانی و ڕازاندنەوە بەڵکو بۆ خۆیان وەکو ئامراز و هۆکاری ڕازاندنەوە سەیریان دەکرێ. بۆ ئەوەی وەکو بەشێک لە ئامراز و هۆکاری ڕازاندنەوە سەیریان بکرێ دەبێ لە ڕادەبەدەر ملکەچ و گوێڕایەڵ بن. لە ناو حکومەتی ئیستبدادیدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا پەیڕەوی لە بنچینە و پرەنسیپەکانی

ئیستبداد دەکەن و ئەو داب و نەریتەی دەربار بۆ ناو بنەماڵەی خۆیان دەگوێزنەوە.

هەروەها لەبەر ئەوەی یاساکانی ئەو وڵاتانە سەخت و توندوتیژن و زۆر بە زوویی جێبەجێ دەکرێن، خەڵکی لەوە دەترسێن ئازادی ژنەکانیان کێشەیان بۆ بخوڵقێنێ.

ئەو کارامەیی و لێهاتوویییەی ئەو رۆحە بچووکانە لە راکێشانی سەرنج و حەزی پیاواندا هەیانە، سەرەڕای قەهرو ناز، ئیرەیی، حەسوودی، ئاژاوە نانەوە، قسە هێنان و بردن، نەبوونی عزەتی نەفس، ئاشکرا کردنی نهێنی، رق و تووڕەیی، ئارەزوو، هەواو هەوەس و هەروەها کینە و مەیلی بێ جێ، کاریگەری خۆی هەیە و رەنگە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاژاوە. هەروەها لەبەر ئەوەی پاشا ملهوڕەکان یاری بە سروشتی مرۆڤ دەکەن و هیچ گرنگییەک بە ژیان و بوونی مرۆڤ نادەن و هەر کامەیان چەندین هاوسەری هەیە، هەزار جۆرە تێبینی یان وایان لێدەکات ژنەکانی خۆیان زیندانی بکەن و نەهێڵن ئازاد بن.

لە حکومەتی کۆماریدا کە ئافرەتەکان لە رێگای یاساوە ئازادییان پێ دراوە و خودی ئەخلاق بۆ خۆی جۆرە سنوورێکیان بۆ دەکێشێ، هەر بۆیە رازاندنەوە باوی نییە و لەگەڵ نەبوونی خۆڕازاندنەوەش هەموو فەسادە ئەخلاقی و کەم وکورییەکان لە ناو دەچن.

لە یۆنانی دێریندا بە هیچ جۆرێ گوێ نەدەدرایە خۆپارێزی و داوێنپاکی ئافرەتان و داوێن پیسی وەکو عەیبێکی نهێنی زاڵ بوو، لارێیی و فەساد تا کەوشەنی شێتی پەرەی پێ درابوو و تەنانەت هەست و سۆزی خۆشەویستی لە ژیانی هاوسەریدا نەمابوو. بەڵام هەر لەو کاتەدا سادە و ساکاریی سروشتی ئافرەتان بەڕادەیەک بوو کە تا ئێستا هیچ میللەتێک بەم چەشنە نەبینراوە و هیچ نەتەوەیەک وەکو یۆنانییەکان خاوەن نەزم و رێکوپێکییەکی باشتر نەبونە، تا ئەو شوێنەی لە ئەسینادا، کەسێک بە تایبەتی بەرپرسی چاودێری رەفتاری ئافرەتان بوو.

### بەشی دەیەم: دادگای خێزانی لە سەردەمی رۆمانەکان

رۆمانەکان وەکو یۆنانییەکان چاودێرییەکی تایبەتیان لە رەفتاری ژنەکان نەدەکرد، بەڵام پشکنەرە گشتییەکان لەگەڵ چاودێریکردنی رەفتاری گشتیدا ئاگاداری هەڵسوکەوت و رەفتاری ئافرەتانیش بوون. هەروەها لە رۆما دادگایەکی خێزانی دامەزرابوو، کە لە جیاتی چاودێرەکان، ئاگاداری هەڵسوکەوتی ئافرەتەکان بوو.

دادگای خێزانی بەم جۆرە دانیشتنەکانی خۆی گرێ دەدا: مێردەکە خزم و کەسی ژنەکەی کۆدەکردەوە و بە ئامادەبوونی ئەوان ژنەکەی دادگایی دەکرد. ئەو دادگایە پارێزەری



ئەخلاقی چاک بوو و ئەخلاقی چاک و جوانیش عەدالەتی دادگای دەپاراست. ئەو دادگایە سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەمەڕ ئەو سەرپێچییانە دەکرد کە بە هۆی پێشێلکردنی یاساوە دروست دەبوون، هەروەها لەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەشی دەکۆڵییەوە کە دژی ئەخلاقی چاک ئەنجام درابوون. شتێکی ئاساییە ئەگەر کەسانێک بیانەوێ لەسەر ئەخلاقی جوان حوکم بدەن دەبێ بۆ خۆیان خودان ئەخلاقی جوان بن. ئەو سزایەی لەو دادگایە دەردەچوو ئیختیاری بوو و بە پێی بارودۆخ دەگۆڕدرا. لە راستیدا پێویستە هەرواش بێ، چونکە ئەو سەرپێچیانەی پەیوەندییان بە کەم و کوڕی و پشت گوێخستنی شتە ئەخلاقییەکانەوە هەیە و ئەو حاڵەتانەی پەیوەندییان بە رێسا و پرەنسیپەکانی خاکەڕێیی و تەوازوعەوە هەیە ناخرێنە ناو چوارچێوەی بنچینە یاساییەکانەوە. یاسا ئەرکی مرۆڤ سەبارەت بە کەسانی دەوروبەری دیاری دەکا، بەڵام ناتوانێ سەبارەت بە خودی مرۆڤ هیچ چەشنە پرەنسیپێک دارێژێ.

دادگای خێزانی لێکۆڵینەوەی لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتارە گشتییەکانی ئافرەت دەکرد، بەڵام تاوانە تایبەتییەکان (زینای ژنی مێردار) سەرەڕای ئەوەی لە دادگای خێزانیدا لێپێچینەوەی لەسەر دەکرا، لە دادگای گشتی و بە شێوەیەکی ئاشکرا حوکمی لەسەر دەدرا. هۆکاری سەرەکی ئەو کارە ئەو بوو کە حکومەتی کۆماری ئەو کردەوە سووک و چروکەی بە شایانی تاکی کۆمەڵگای خۆی نەدەزانی، هەروەها لەوانە بوو رەفتارخراپیی ئافرەتەکە بووبا بە هۆکاری فاسد بوونی مێردەکەشی. چونکە لەوە دەترسان کە رەنگە پیاوە بەئەخلاقەکان بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆیان، لە جیاتی ئەوەی ئەو تاوانە ئاشکرا بکەن و سزای بۆ دابنێن، لە خەڵکی بشارنەوە.

### بەشی یازدەهەم: چلۆن دام و دەزگاکانی رۆما لەگەڵ گۆڕانی حکومەتدا گۆڕانیان بەسەردا هات

هەروەک چۆن دادگای خێزانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەخلاقی جوان ئاواش تاوتوێکردنی تاوانەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئەخلاقی پاک و جوانیی فەزیلەت دێنێتە ئاراوە. بەڵام هەردووکیان، واتە هەم دادگای خێزانی و هەم دادگای ئاشکرا لەگەڵ لە ناوچوونی ئەخلاقی جوان و لەگەڵ کۆتایی هاتنی حکومەتی کۆماریدا هەرەسیان هێنا. دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی و حوکم دەرکردنی «پرۆتور»ەکان و ئەو پرەنسیپانەی هێنایانە ئاراوەو، قەزاوەت کردنیان لەسەر گشت کاروبارەکان بووە هۆی ئەوەی نفووزی دادگا خێزانییەکان کەم بێت و بنچینەکانی لە ناو بچن. لاواز بوونی دادگا بنەماڵەییەکان

لەسەرسوڕمانی مێژوونووسان بە دەردەکەوێ، چونکە کاتێک تیبر بە هۆی دادگای خێزانییەوە حوکمێکی دەرکرد، مێژوونووسان بەلایانەوە کارێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێن بوو و ئەو کارەیان بە شتێکی پێچەوانەی داب و نەریت و بەنامۆ لە قەڵەم داو پێیان وابوو ئەوە ژیاندنەوەی داب و نەریتە کۆنەکانە. هەروەها سەقامگیربوونی پاشایەتیی دەستووری و گۆڕانی داب و نەریتەکان بووە هۆی لەناوچوونی لێپێچینەوەی ئاشکرا، چونکە لەوە ترسان رووداوی لەناکاو رووبدات و کەڵکی خراپ لەو یاسایە وەربگرن. بۆ نموونە، لەوانەیە پیاوێکی خراپکار کە لە دەست سووکایەتی ژنێک بێزار بووە یان بە هۆی خۆ بەدەستەوە نەدانی و تەسلیم نەبوونی داوێنپاکی ژنێک وەزاڵە هاتووە، بیەوێ ئەزیەت و ئازاری بدا و هەوڵ بدا لەناوی بەرێ و بۆ ئەو مەبەستەش پەنا بەرێتە بەر تۆمەتبار کردنی. هەر لە پێناوی ئەوەدا بوو یاسای ژولیا بڕیاریدا کە تەنیا کاتێ گوێ لە تۆمەتبار کردنی ژنێک بە تاوانی زینا دەگیرێ و لێی دەکۆڵرێتەوە، ئەگەر بێتو لە لایەن مێردەکەیەوە شکایەتی لێ کرابێ. ئەو یاسایە ئەم جۆرە تۆمەتانەی کەمکردەوە و دەتوانین بڵێین لە ناو برد.

«سیکست کن» دەیویست سەر لە نوێ ئەو بابەتە بیووژێنێتەوە و سەر لە نوێ تۆمەتی زینا لێکۆڵینەوەی ئاشکرای لەسەر بکرێ، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کارەشی وەکو حکومەت کردنەکەی عەقڵانی نەبوو، چونکە ئەو جۆرە یاسایانە لە ناو حکومەتی دەستووریدا جێگایان نابێتەوە.

**بەشی دوازدەهەم: سەرپەرشتیکردنی ئافرەتان لە لای رۆمانەکان**

دام و دەزگاکانی رۆما ئافرەتەکانی دەخستە ژێر سەرپەرشتییەکی ئەبەدییەوە، ئەوە تەنیا ئەو ژنانەی نەدەگرتەوە، کە لە ژێر فەرمانی مێردەکانیاندا بوون. سەرپەرشتیکردن بە نزیکترین خزم و کەسی نێرینە دەسپێردرا.

ئەو بارودۆخە زۆر بە سەختی ژنەکانی ئازار دەدا. پێویستە بڵێین ئەم شێوازە لەگەڵ حکومەتی کۆماریدا دەگونجێ بەڵام لە نێو حکومەتی دەستووریدا بە هیچ جۆرێ پێویست نییە.

لە کۆی یاساکانی میللەتە بیابانشینەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەتە جێرمەنییە سەرەتاییەکانیش لە ژێر سەرپەرشتی ئەبەدیدا بوون. لە سەردەمی دامەزراندنی پاشایەتیی دەستووریشدا ئەو نەریتەیان زیندوو کردەوە بەڵام زۆری نەخایاند.



**بەشی سێزدەهەم: ئەو سزایانەی ئیمپراتۆرەکان بۆ زینای ئافرەتان دایاننابوو**

یاسای ژولیانا لە بەرامبەر زینادا هەندێ سزای دانا، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەم یاسایە و یاسای پاشتر ببێتە هۆی پاکبوونەی ئەخلاق، بووە هۆی فاسدبوونی ئەخلاق. لە سەردەمی حکومەتی دەستووریدا رەوشی سیاسیی ئافرەتان بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، ئیدی هیچ کەس باسی پاکی و بێگەردیی ئەخلاقی ئەوانی نەدەکرد، بەڵکو تەنیا مەبەست سزادانی تاوانبار بوو. لە ڕاستیدا یاسا نوێیەکان بۆ سزادانی خودی تاوانەکان دانەدەنران بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە دادەنران چونکە یاسا و رێساکانیان پێشێل کردبوو.

لارێیی و فەسادێکی سەرسوڕهێنەر وای لە ئیمپراتۆرەکان کرد هەندێ یاسا دەربکەن بۆ ئەوەی کەمێک پێشی داوێن پیسی بگرن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەبەستی ئەوان پاککردنەوەی ئەخلاق نەبوو و ئەو بابەتە پۆزەتیڤانەی کە مێژوونووسان بۆیان بەجێ هێشتووین زۆر باشتر لەو یاسایانەی داڕێژراون و ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنن کە مەبەستیان تەنیا پاراستنی حورمەت یان تۆڵەسەندنەوەی خۆیان بووە. لە نووسینەکانی دیۆن-ەوە زۆر بە باشی لە رەفتاری ئۆگۆست تێدەگەین.

ئۆگۆست زۆربەی کاتەکان داواکاری سزادانی بێ وەڵام دەهێشتەوە. ئەو ئەحکامە سەختانەی لە سەردەمی پاشایەتی ئۆگۆست و تیبردا، دژی داوێن پیسی هەندێ خانمی رۆمانی دەرکراوە لە مێژوودا دەبینرێ، بەڵام بە وردبوونەوە لە بارودۆخی ئەو دوو ئیمپراتۆرە زۆردارە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو سزایانە بە مەبەستی پاک راگرتنی ئەخلاق ئەنجام نەدراون و تەنیا رۆحی ئەو کردەوە و سزادانەمان پێ دەناسێنێ.

ئۆگۆست و تیبر بە تایبەتی گرنگییان بەوە دەدا کە سزای فەساد و لارێیی ژنەکانی خزم و کەسی خۆیان بدەن، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان مەبەستیان ئەوە نەبووە فەسادی ئەخلاقی قەدەغە بکەن، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بوو ئەو جۆرە تاوانەی کە بۆ خۆیان دروستیان کردبوو و بریتی بوو لە رێز نەگرتن و گوێ پێنەدان و سووکایەتی کردن بە پاشایەتی سزا بدەن، لە ڕاستیدا ئەو سزادانە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە یان پاراستنی ئیمپراتۆریەت بە پێویست دەزانرا، هەر بۆیە نووسەرانی رۆما زۆر بە توندی دژی ئەو ستەمکارییە راپەڕین.

ئەو سزایەی لە یاساکانی ژولیادا ئاماژەیان بۆ کرابوو، سووک بوون، بەڵام ئیمپراتۆرەکان ویستیان لە حوکم دەرکردنەکانیاندا سزاکان زیاتر بکەن و ئەو کردەوەیەش بووە هۆی دژایەتی و تانە لێدانی مێژوونووسان. ئیمپراتۆرەکان نەیاندەویست بزانن

ئافرەتەکان شایانی سزادانن یان نا بەڵکو دەیانەویست بزانن یاساکانی تایبەت بە سزادان پێشێلکراون یان نا، یەکێک لە گرنگترین زوڵم و ستەمکارییەکانی تیبر ئەوە بوو کە کەڵکی خراپی لە یاسا وەردەگرت و هەر کاتێ ویستبای ئافرەتێک، زیاتر لەو سزایەی لە یاسای ژولیادا دیاریکراوە، بە سزا بگەیەنێ، دادگای خێزانیی کۆنی ڕێکدەخست، ئەو شێوازە سەبارەت بە ژنی سیناتۆرەکان زۆرتر بەکاردەهێنرا نەک بۆ خێزانی خەڵکی ئاسایی، چونکە بۆ تۆمەت خستنە پاڵ گەورە پیاوەکان بەردەوام بە دوای بیانوودا دەگەڕان و فەسادی ئافرەتەکان بیانووی باشی دەخستە بەر دەستیان.

ئەوەی وتمان لە سەردەمی ئەو ئیمپراتۆرانەدا سەلماوە و ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە ئەخلاقی جوان لەگەڵ بنچینەکانی حکومەتی ئیستبدادیدا ناگونجێ. ئەگەر هەر کەسێ گۆمانی لەو وتەیە هەیە با سەیری نووسراوەکانی تاسیت، سۆئتۆن، ژوڤنال، مارسیال بکات.

### بەشی چواردەهەم: یاساکانی تایبەت بە تەجەمموول لە لای ڕۆمانەکان

باسی فەسادی گشتیمان کرد. لەبەر ئەوەی هەمیشە فەساد و گەندەڵی هاوکاتە لەگەڵ تەجەممول هەر بۆیە بەردەوام بە دوای یەکتردا دێن. ئەگەر بێتو پێشی لێدانی دڵ بەرەڵلا بکەی واتە بە دوای هەواو هەوەسدا وێڵ بێ چۆن دەتوانرێ بەری لاوازی ڕۆح بگیرێ.

لە ڕۆما جگە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، «سانسۆڕەکان» لە ڕێگەی دەسەڵاتدارەکانەوە هەندێ یاسایان سەبارەت بە پەرەپێدانی قەناعەت لە نێو ئافرەتاندا دارشت.[٤٥] یاساکانی (فانی بن، لیسی نین، ئیپی ین) بۆ ئەو مەبەستە دانرا بوون.

لە بەرهەمەکانی تیت لیڤ بۆمان دەردەکەوێ: کاتێک لابردنی یاسای (ئیپی ین) لە ئەنجوومەنی پیران (سەنا)دا هاتە بەر باس، چ هات و هاوار و پشێویەک لە سەنادا سەری هەڵدا. ڤالێر ماکسیم پێی وایە خۆڕازاندنەوە لە ڕۆما پاش لابردنی ئەو یاسایە دەستی پێکرد، چونکە ئەو یاسایە هانی قەناعەتی دەدا و پاش لابردنی یەکسەر خۆڕازاندنەوە سەری هەڵدا.

### بەشی پازدەهەم: جیازو سوودەکانی ژیانی هاوسەری لە ناو حکومەتە جۆراوجۆرەکاندا

لە حکومەتە دەستوورییەکاندا پێویستە جیازی ئافرەتان دیار و بەر چاو بێت بۆ ئەوەی مێردەکان بتوانن لە ناو ژیانێکی ڕازاوەدا بژین و پلەو پایە و ئابڕووی خۆیان بپارێزن.



لەبەر ئەوەی نابێ لە حکومەتی کۆماریدا خۆڕازاندنەوە زیادەڕۆ هەبێ هەر بۆیە دەبێ نرخی جیاز کەم بێ.

لە حکومەتە ئیستبدادییەکاندا دەتوانین بڵێین نابێ جیاز هەبێ، چونکە ئافرەتان لە سایەی ئەو حکومەتە وەکو کەنیزە ژیان بەسەر دەبەن. هاوبەشی نێوان ژن و مێرد لە سامان و داراییدا هەر وەک لە یاسای فەڕەنسادا ئاماژەی بۆ کراوە بۆ حکومەتە دەستوورییەکان زۆر پێویستە، چونکە وا لە ژنەکان دەکا گرنگی بدەن بە کاروبارەکانی خێزان و بمانەوێ و نەمانەوێ هانیان دەدا ماڵ و خێزان بە باشی بەڕێوە بەرن.

لە حکومەتی کۆماریدا لەبەر ئەوەی ژنەکان خاوەنی فەزیلەتێکی زۆرترن و بە پێی خەسڵەتی خۆیان کەیفیان بە کاروباری ماڵ و مێرد و ڕێکوپێکی دێ، هاوبەشی لە ساماندا هێندە پێویست نییە.

لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا لە بنەڕەتدا هاوبەشی سامان لە نێوان ژن و مێرددا بێ مانایە، چونکە لەوێ ژن وەکو بەشێک لە دارایی و سامانی مێرد حسابی بۆ دەکرێ.

لەبەر ئەوەی ئافرەت بە زۆری حەزی لە مێرد کردنە، سوود وەرگرتنیان لە سامان و دارایی مێردەکانیان کە یاسا دیاری کردووە هیچ کەڵکێکی نییە.

بە تایبەتی لە حکومەتی کۆماریدا ئەو بنچینەیە زۆر زیانبەخشە، چونکە سامانی تایبەتی ئافرەت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خۆڕازاندنەوە و ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی حکومەتی کۆماریدا دژایەتی هەیە. هەروەها لە ناو حکومەتی ئیستبدادیشدا سوود وەرگرتن لە ژیانی هاوسەری دا پێویستە تەنیا بەو ئەندازە بێت کە بژێوی ژیانیان دابین بکات.

### بەشی شازدەهەم: نەریتی جوانی لە نێو سامنیتەکان

سامنیتەکان پەیڕەوییان لە نەریتێکی سەیر دەکرد و دەبوایە لە کۆمارە بچووک و تایبەتەکەیاندا دەرەنجامی درەخشانی لێ بکەوێتەوە.

لە کاتی زەماوەندو ژن هێناندا هەموو کوڕە لاوەکانیان کۆ دەکردەوە و هەڵیاندەسەنگاندن. ئەوەی لە نێویاندا بە باشترین کوڕ دیاریکرابا و هەڵبژێردرابا، دەیتوانی ئەو کچەی دڵی لێیەتی، مارەی بکات و لە دوای ئەویش ئەو کوڕەی پلەی دووەمی بە دەست هێنا بوو کچێکی تری هەڵدەبژاردو بەم جۆرە کوڕەکان هاوسەری ژیانیان بۆ خۆیان دەست نیشان دەکرد.

ئەو شێوازە جێگای ستایشکردن بوو. دیاریکردن و هەڵبژاردنی باشترین کوڕ بە پێی

سیفەتی باش و ئەو خزمەتانەی پێشکەشی نیشتمانەکەی کردبوو بڕیاری لەسەر دەدرا و هەر کەسێک بە باشی ئەو سیفەتانەی تێدا بوایە دەیتوانی لە نێو کچی هەموو نەتەوەکەیدا، دڵی هەر کامیانی گرتبا هەڵیبژاردبایە.

سیفەتە باشەکانی کچەکانیش بریتی بوو لە عیشق و جوانی و داوێنپاکی و فەزیلەت و رەسەنی و تەنانەت لێهاتوویش. ئەم رێوشوێنە باشترین رێگایە بۆ گرێدانی ژیانی هاوسەری لە نێوان ژن و پیاودا و یارمەتیدانی پێشکەوتنی وڵات و هاندانی سیفات و خەسڵەتی چاک.

سامنیتەکان نەوە و بەرەی لاسدمۆنیەکان بوون. ئەفلاتون کە یاساکانی تەواوکەری یاسای لیکورکە ئەو یاسایەی داناوە.

### بەشی حەڤدەهەم: بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە لایەن ئافرەتانەوە

هەمەکارەبوونی ژن لە نێو خێزاندا بە پێچەوانەی عەقڵ و سروشتە، ئەو رێوشوێنە لە میسردا باو بوو، بەڵام ئاکامی باشی لێنەکەوتەوە.

بەڵام کاتێک ئافرەت فەرمانڕەوایی وڵات بە دەستەوە بگرێ ئەمەیان بە پێچەوانەی عەقڵ و سروشت نییە.

لە حاڵەتی یەکەمدا لاوازییان لە بەرامبەر مێرددا دەبێتە رێگر لە بەردەم هەستی مەزنایەتی، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا دەبێتە هۆی پێکهینانی میانڕۆیی و هێمنییەکی زۆرتر لە کردەوەکانیاندا. ئەو میانڕۆییە کە سەرچاوەکەی لاوازییە زۆر لە فەزیلەتێکی وشک و سەخت باشترە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی باش.

لە هیندستان زۆر لە حکومەتی ئافرەتان رازین. وا باوە ئەگەر هاتوو کوڕی پاشا لە دایکی شازادە نەبێ ئەوا ئەو کچانەی دایکیان لە نەوەی پاشایە فەرمانڕەوایی دەگرنە دەست و پاشان کۆمەڵە پیاوێکیان دەخەنە بەردەست تا لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا هاوکارییان بکەن.

بە سوود وەرگرتن لە نووسینەکانی مستەر سمیت بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئەفریقاش لە حکومەتی ئافرەتان رازین. ئەگەر سەیری روسیا و ئینگلتەراش بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەتان هەم لە حکومەتی دەستووری و هەم لە حکومەتی ئیستبدادیدا توانیویانە سەرکەوتوو بن(٤٦).

# گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەت

## بەشی یەکەم: مەبەستی گشتیی ئەو کتێبە:

گەندەڵی نێو هەر حکومەتێک هەمیشە لەگەڵ گەندەڵ
بوونی بنچینەکانی سەرهەڵدەدات

## بەشی دووەم: گەندەڵی بنچینەی حکومەتی دیموکراسی

لە دوو حاڵەتدا بنچینەکانی حکومەتێکی دیموکرات گەندەڵ دەبێ: یەکەمیان کاتێک ڕۆحی یەکسانی لە ناو بچێ و دووەمیان کاتێ ڕۆحی یەکسانی لە ڕادە و سنووری خۆی دەربچێ و هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە، خۆی بە هاوتاو یەکسان دابنێ لەگەڵ دەسەڵاتدار و پیاوە گەورەکانی وڵاتدا، واتە لەگەڵ ئەو کەسانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن.

لە حاڵەتی دووەمدا گەل نایەوێ ڕێزی ئەو سەڵاحیات و دەسەڵاتانە بگرێ کە بە پیاوە گەورەکانی سپاردووە و بە هیچ جۆرێ پەیڕەوییان لێ ناکا. کاتێک ڕۆحی یەکسانی لە ڕادەو سنووری خۆی تێپەڕێ خەڵک بڕیار دەدا بۆ خۆی هەموو کارەکان ئەنجام بدات، لە جیاتی دەسەڵاتی یاسادانان ڕاوێژ بکا، مافی دادوەرەکان پێشێل بکا، لە جیاتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یاساکان جێبەجێ بکاو کاروبارەکان ڕاپەڕێنێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ئیتر نەهەواڵێک لە فەزیلەتی کۆمار و نە باسێک لە پارێزکاری نامێنێ.

لەو حاڵەتەدا ئیدی خەڵک بە هیچ جۆرێ ڕێزی پلەو پایەی دەسەڵاتداران ناگرن، کەس ڕێزی دایک و باوکی لە لانامێنێ، هیچ نرخێک بە مێرد و هاوسەری ژیان ڕەوا نابینرێ و کەس ملکەچی فەرمانەکانی گەورەی خۆی نابێ. سەرەڕۆیی و بەرەڵڵایی دەبێتە حەز و خولیای هەمووان، ئەرکی فەرماندەیی و فەرمانبەری هەردووکیان مایەی هیلاکی و ماندووبوون دەبن. ئافرەت و منداڵ و خزمەتکارەکان ئیتر گوێڕایەڵی هیچ کەسێک ناکەن. ئەخلاق و گرنگی دان بە ڕێکخستن و ڕێکوپێکی و بە کورتی پارێزکاری و فەزیلەت لە ناو دەچێت.



گەزنۆفون لە کتێبی میوانداری دا باسێکی سادەی ئەو کۆمارە دەکا کە خەڵکی لەوێدا ئازادی بە خراپ بەکاردێنن. لەو کتێبەدا هەریەک لە میوانەکانی گەزەنۆفون باسی ئەو هۆکارە دەکا کە وای لێکردووە بە بارودۆخی خۆی ڕازی بێ.

شارمیدس کە یەکێک لە میوانەکانیەتی دەڵێ:

«من ڕازیم بە هەژاری خۆم، چونکە ئەو کاتەی دەوڵەمەند بووم دەبوایە دڵی تۆمەتچییەکانم لە خۆم ڕازی کردبا و ئەوەم باش دەزانی کە ئەوان لە خراپەکانی من زیاتر دەتوانن ئازارم پێ بگەیەنن. خەڵک بەردەوام داواکاریان لە من هەبوو و نەمدەتوانی جێبەجێیان بکەم، بەڵام لەوەتا تووشی هەژاری بوومە، بوومەتە خاوەن دەسەڵات و توانایییەکی تایبەت و باکم لە هیچ کەس نییە. کەس هەڕەشەم لێ ناکا، بە پێچەوانەوە من هەڕەشە لە خەڵکی دەکەم. هەر شوێنێکم پێ خۆش بێ دەچم، بچمە هەر شوێنێ دەوڵەمەندەکان لەبەرم هەڵدەستن و فەرمووی سەرەوەم دەکەن، ئێستا وەکو پاشایەک دەژیم، لە کاتێکدا پێشتر کۆیلەیەک بووم. پێشتر من باجم دەدا بە خەڵک بەڵام ئێستا ئەوان باجم دەدەنێ. ئیدی ناترسێم شتێکم لە دەست بچێ، چونکە لە ڕاستیدا هیچم نییە و بەردەوام بە ئومێدی ئەوەم شتێک بە دەست بێنم.»

ئەوەیە ڕۆژ ڕەشی ئەو گەلەی، دەسەڵاتدار و ئەو کەسانەی خەڵک ئیرادەی خۆیان پێ سپاردوون، بۆ حەشاردانی فەساد و گەندەڵی خۆیان دەیانەوێ نەتەوەکەش بەرەو فەساد و گەندەڵی بەرن. بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازییان ئاشکرا بکات، بەردەوام خەریکی پێ هەڵاگوتن و نیشاندانی مەزنیی گەلن. بۆ ئەوەی کەس ئاگاداری چاوچنۆکی و تەماعکارییەکانیان نەبێ هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دان لە زیادەڕۆیی و تەماعی خەڵکی بە شتێکی باش و ئیجابی لە قەڵەم بدەن. گەندەڵی لە ناو ئەو کەسانەی فەساد بڵاودەکەنەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ و لە نێو فاسدبووەکانیشدا بەردەوام بەرەو زیادبوون دەچێ. گەشت و سەیرانیش کە هەڵقولاوی خۆڕازاندنەوەیە دەبێتە سەرباری هەژاری. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بە هۆی تەوەزەلی و ڕازاوەپەرستی دەیەوێ سوود لە خەزێنەی دەوڵەت وەرگرێ، هەر بۆیە هەموو کەس دەیەوێ بچێتە ناو خزمەتی سەربازییەوە بۆ ئەوەی بە مانگانەی دەوڵەت بژێوی خۆی دابین بکات.

کەواتە نابێ سەرمان بسوڕمێ ئەگەر بڵێین دەنگەکانیش لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا بە پارە دەکڕدرێن، چونکە هەر کاتێک گەل هەموو شتێکی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ناتوانین بە هیچ جۆرێ شتێکی لە دەست بێنینە دەر، تەنیا بە ئاوەژووکردنەوەی بناغەی دەوڵەت نەبێ.

چەندی گەل زیاتر سوود لە ئازادی وەرگرێ بەو ڕادەیە ئەگەری لە دەست دانی ئازادیی ڕاستەقینە نزیکتر دەبێتەوە. ئیدی خونکار و یاخییە بچووکەکان کە خاوەنی گشت کەم و کوڕی و عەیبەکانی ستەمکارێکی گەورەن، سەر دەردێنن. ئیتر ئەوەی لە ئازادی دەمێنێتەوە تەنیا گەندەڵکارییە کە کەس ناتوانێ تەحەمولی بکات. لەو بارودۆخە دا سەرەڕۆیەک ڕادەپەڕێ و گەل و هەموو شتێک تەنانەت بەرژەوەندی گەندەڵکاری پێشووش لە دەست دەدا و لە ناو کۆت و بەندی کۆیلەیەتی ژیان بەسەر دەبات.

کەواتە هەمیشە پێویستە دیموکراسی خۆی لە دوو جۆرە زێدەڕۆیی بپارێزێ: یەکێکیان ڕۆحی نایەکسانی کە بەرەو حکومەتی ئەرستۆکراتی و دەسەڵاتی ئیستبدادی پاڵی دەنێ و ئەویتریان ڕۆحی یەکسانییەکی لە ڕادە بەدەرە کە ئەویش دیسان بەرەو ئیستبدادیەتێکی سەخت و توندوتیژ پەلکێشی دەکا و ئەو جۆرە ئیستبدادە بە هیچ جۆرێ لە ناو ناچێ تەنیا بە زاڵبوونی دوژمنی دەرەکی نەبێ.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو بابەتە پێویستە بدەینە گەندەڵکاری کۆماری یۆنان:

ئەو کەسانەی کۆماری یۆنانیان تووشی فەساد و گەندەڵکاری کرد هەموویان ستەمکار نەبوون، چونکە گرنگیەکی زیاتریان بە ئەدەب و رەوانبێژی دەدا نەک بە هونەری سەربازی و جەنگ. لە دڵی هەموو دانیشتووانی یۆناندا رق و کینەیەکی یەکجار زۆر دژی ئەوان کۆ ببۆوە و لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا پشێوی و ئاڵۆزی لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئیستبداد و ستەمکاری، بوو بە هۆی لە ناوبردنی کۆمار. بەڵام لە حکومەتی «سیراکۆز»دا کە لە نێوان ژمارەیەک حکومەتی ئەرستۆکراتیدا هەڵکەوتبوو، پشێوی بەرەو ستەمکاری و ئیستبدادی پاڵی پێوەنا. سیراکۆز خاوەنی ئەنجوومەنی سەنا بوو کە هیچ کاتێ لە مێژوودا باسی نەکراوە و هەر ئەو سەنایە بووە هۆکاری گەلێک بەدبەختی بۆ ئەو وڵاتە کە رەنگە فەساد و گەندەڵکاری ئاساییش ئەو چەشنە بەدبەختیانەیان لێنەکەوێتەوە. خەڵکی ئەو شارە بەردەوام یان لە حاڵەتێکی سەرەڕۆیی و بەرەڵڵاییدا دەژیان یان لە ژێر گوشار و زەبرو زەنگدا و ئەو سەردەمە لە روانگەی ئەوان سەردەمی هات و هاوارو گەردەلوولی رۆژرەشی بوو. ئەگەرچی ئەو شارە لە دەرەوە خاوەن هێزیکی گەورە بوو بەڵام بچووکترین فاکتەری دەرەکی دەبووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی ناوخۆیی. لەبەر ئەوەی وڵاتی سیراکۆز خودان نەتەوەیەکی گەورە بوو هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی ژیانی خۆی بەم چەشنە بەسەربرد، یان لە ژێر دەسەڵات و ملهوڕی کەسێک دابووە یان بە سەرەڕۆیی و بەرەڵڵایی ژیانی بەسەر بردووە.



## بەشی سێهەم: ڕۆحی یەکسانیی لە ڕادەبەدەر

بە ئەندازەی دووری نێوان ئاسمان و ڕێسمان، ڕۆحی یەکسانیی لەڕادەبەدەر لە ڕۆحی یەکسانی ڕاستەقینە دوورە. ڕۆحی یەکسانی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی کە هەر لەو کاتەدا کە یەکێک بەسەر ئادەمیزادەکاندا فەرمان دەردەکا، پێوستە گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانی ئەوانیش بێت، نەک بارودۆخێکی ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە هەموو کەس فەرمان دەرکاو هیچ کەس ئامادە نەبێ فەرمان جێبەجێ بکا. لە ژێر سایەی ڕۆحی یەکسانیی ڕاستەقینەدا مرۆڤ هەوڵی ئەوە نادا کە بەرەو سەرەڕۆیی هەنگاو بنێ و هیچ کەسێک سەرپەرشتیی نەکا، بەڵکو لە هەوڵ و تەقەلای ئەوە دایە کە ئەو مرۆڤانەی لەگەڵ ئەودا یەکسانن بتوانن سەرپەرشتیکردن بگرنە دەست و خاوەن سەڵاحیات بن.

لە دۆخی سروشتیدا هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی لە دایک دەبن، بەڵام ناتوانن هەر لەو دۆخەدا بمێننەوە و کۆمەڵگا و ژینگە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بارودۆخە سروشتییە لە ناو دەبەن. پاشانیش بە هیچ جۆرێ یەکسان نابن تەنیا لە ڕێگای یاساوە نەبێ.

جیاوازی نێوان دیموکراسی ڕێک و نارێک ئەوەیە کە لە یەکەمیاندا خەڵک هەموو وەکو هاووڵاتی یەکسانن بەڵام لە دووەمیاندا وەکو سیناتۆر، وەکو دادوەر، وەکو باوک، وەکو مێرد و وەکو دەرەبەگ و ئاغا یەکسانن[٤٧].

## بەشی چوارەم: هۆکاری تایبەتی گەندەڵی

سەرکەوتنە مەزنەکان، بە تایبەتی ئەو سەرکەوتنانەی کە گەل تێیاندا بەشدار بووە، نەتەوەکان تووشی غرورێکی ئەوتۆ دەکات کە ئیدی رێنوێنی کردنیان کارێکی ئاستەم و قورس دەبێ. گەل ئیرەیی بە دەسەڵاتدارەکان دەبا و تەنانەت چاوی بە بارودۆخەکەش هەڵنایەت، بۆیە دەبێتە دوژمنی دەسەڵاتداران و لە ماوەیەکی کورتدا دژایەتی بنەماکانی حکومەتیش دەکات. هەر بۆیە داگیرکردنی سالامین و تێکشکاندنی ئێرانییەکان، یۆنانییەکانی تووشی غروورکردو ئەوەش بووە هۆی گەندەڵبوونی کۆماری یۆنان و تێکشکانی ئەسینییەکان کۆماری سیراکۆزی وێران کرد.

بەڵام لە کۆماری (مارسی)دا سەرەڕای بەدەستهێنانی گەلێک سەرکەوتنی بەرچاو، هیچ کاتێ گەل تووشی غروور نەبوو و هەر بۆیە دوچاری ئەو بارودۆخەش نەهات. ژیرانە خۆیان بەڕێوەدەبرد و پارێزگارییان لە بنچینەکانی حکومەتی خۆیان دەکرد.

## بەشی پێنجەم: گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەتی ئەرستۆکراتی

کاتێک حکومەتی ئەرستۆکراتی تووشی گەندەڵی دەبێ ئەگەر بێتو دەسەڵاتی خانەدانەکان رەمەکی و سەرەڕۆیانە بێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا نەدەسەڵاتدار و نە ژێردەستەکان دڵسۆز و خەمخۆر نابن. بەڵام هەر کاتێک بنەماڵە پاشایەتییەکان هەوڵی چەسپاندنی یاسا بدەن، بارودۆخی حکومەتی ئەرستۆکراتی بەرەو حکومەتی دەستووری گۆڕانی بەسەر دادێ، واتە وەکو ئەو حکومەتەی خاوەنی چەندین پاشا بێ و هەموو پاشاکان ملکەچی یاسا بن. بەڵام کاتێ بنەماڵە ئەرستۆکراتەکان ملکەچی یاسا نەبن ئەوا بارودۆخەکە بەرەو حکومەتی ئیستبدادی دەگۆڕێ واتە حکومەتێک کە لە لایەن چەندین پاشای موستەبدەوە بەڕێوە ببرێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کۆمەڵگا تەنیا لە ئەرستۆکراتەکان پێک دێت و کۆمار هی ئەوان دەبێ و خەڵک هیچ بەهایەکی نابێ. سیستەمی کۆماری لە نێو دەستەی حاکم و، بنچینە و پرەنسیپەکانی حکومەتی ئیستبدادیش لە نێو ژێر دەستە و خەڵکی رەش و رووتدا پیادە دەکرێ. ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو دەستەی تەواو جیاواز و دژ بەیەک.

لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا ئەوکاتە گەندەڵی و فەساد دەگاتە لوتکەی خۆی، ئەگەر بێتو دەسەڵات و حکومەتی ئەرستۆکراتی بکرێتە پشتاوپشت و هیچ جۆرە میانڕۆیی و نەرمییەک لە نێو ئەرستۆکراتەکاندا نەمێنێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەگەر بێتو ژمارەی ئەرستۆکراتەکان کەم بێ ئەوا دەسەڵاتیان زۆر دەبێت بەڵام ئاسایشیان بە کەمی دەپارێزرێ و هەر کاتێ ژمارەیان زۆر بێ ئەوا دەسەڵاتیان کەم دەبێت، بەڵام ئاسایشیان بە باشی دەپارێزرێ و رۆژ لە دوای رۆژ دەسەڵات زۆرتر و ئاسایش بەرەو نەمان دەچێ و تا لە کۆتاییدا دەگۆڕێ بۆ حکومەتی ئیستبدادی واتە لەو پەڕی دەسەڵاتداریدا دەبن، بەڵام مەترسی و نەبوونی ئاسایشیش لەو پەڕی خۆیدا دەبێ. کەواتە زۆری ژمارەی ئەرستۆکراتەکان و حکومەتی پشتاوپشت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی زەبروزەنگ. بەڵام لەبەر ئەوەی فەزیلەت لە ناو ئەم جۆرە حکومەتەدا کەمە، ئەرستۆکراتەکان تووشی گیانی تەمەڵی و کەمتەرخەمی دەبن و لە ئاکامیشدا حکومەت نە توانای جووڵانی دەبێ و نە دەسەڵات.

حکومەتی ئەرستۆکراتی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ هێز و بنچینەکانی خۆی بپارێزێ ئەگەر بێتو دەسەڵاتداران هەست بەوە بکەن کە هیلاکی و مەترسیەکانی دەسەڵات و فەرماندەیی زۆر زیاترن لە چێژ و خۆشییەکانی. دەبێ دەوڵەت بارودۆخێک بخوڵقێنێ کە لە فاکتەرو مەترسییە دەرەکییەکان خۆ بپارێزێ و بترسێ و پێویستە بە باشی ئەو راستییە



بزانێ کە ئاسایشی حکومەت بەندە بە فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە، چونکە ئەگەرچی لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا بوونی برێک متمانە دەبێتە هۆی شانازی و ئاسایش بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا ئەرستۆکراتەکان دەبێ بەردەوام هەست بە مەترسی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام قایم و پارێزراو بن.

لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان بەردەوام لە ئێرانییەکان دەترسان و ئاگاداری هەڕەشەکانیان بوون بۆیە توانیان یاساکانی خۆیان بپارێزن. کارتاژ و رۆما لە یەکتر دەترسان بۆیە توانیان بۆماوەیەکی درێژ بە سەقامگیری بمێننەوە و خۆ لە لە ناوچوون بپارێزن. لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دژ کردەوەی ئاسایش شتێکی سەرسوڕهێنەرە، چونکە ئەو حکومەتانە چەندە ئاسایشیان پارێزراو بێ وەکو ئاوی وەستاو ئەوەندە ئەگەری بۆگەن بوون و فاسد بوونیان زۆرتر دەبێ.

## بەشی شەشەم: گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەتی دەستووری

هەروەک لە بەشەکانی پێشوو لەمەڕ دیموکراسییەوە وتمان ئەگەر بێتو گەل بەرەو ئازادی لە ڕادەبەدەر هەنگاو هەڵگرێ و بیەوێ گشت سەڵاحیات و دەسەڵاتەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و ئەندامی ئەنجوومەن و دەسەڵاتدار و دادوەرەکان لە سەر کار لاببات، ئەوا حکومەتی دیموکراسی لە ناو دەچێ. لە حکومەتی دەستووریشدا ئەگەر بێتو حاکمی شارەکان و دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوەکانی تری بەڕێوەبەری، سەڵاحیات و دەسەڵاتیان لێ بسێنرێتەوە، ئەوا حکومەتی دەستووری تووشی گەندەڵی دەبێ. جیاوازی نێوان گەندەڵیی حکومەتی دیموکراسی و دەستووری ئەوەیە کە لە دیموکراسیدا حکومەت بەرەو ئیستبدادی گشتی پەلکێش دەکرێ و لە دەستووریشدا بەرەو ئیستبداد و زاڵبوونی تاکەکەسێک.

نووسەرێکی چینی بەم جۆرە رای خۆی دەردەبڕێ: «هۆکاری لە ناوچوونی بنەماڵەی «تسین» و «سوئی» ئەوە بوو، پاشاکان لە جیاتی ئەوەی لێپێچینەوەیەکی هەمەلایەنە و چاودێریەکی گشتی بەسەر کاروبارەکانی وڵاتدا بکەن، ویستیان راستەوخۆ خۆیان خۆ لە کاروبارەکان هەڵقورتێنن.» ئەو نووسەرە چینیە هۆکاری گەندەڵبوونی هەموو حکومەتە دەستووریەکان بە پێی ئەم پرەنسیپە لێک دەداتەوە.

هۆکارێکی تری گەندەڵبوونی حکومەتی دەستووری ئەوەیە، پاشا لە جیاتی پەیڕەوی کردن لە یاساو داب و نەریتە باوەکان وای بۆ دەچێت ئەگەر بێتو داب و نەریت و یاساکان هەڵوەشێنێ دەسەڵاتی بە هێز دەبێ.

حکومەتی دەستووری لە ناو دەچێ ئەگەر پاشا بە پێی هەواو هەوەس و ئارەزووی خۆی هەندێ کەس لەسەر کار وەدەرنێ و سەرەڕۆیانە کارەکەیان بدا بە کەسێکی تر، واتە بە شێوەیەکی گشتی هەر کاتێ پاشا ملی بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی شۆڕ کرد و گوێی نەدایە ئیرادەی خۆی، حکومەت بەرەو هەرەس و لەناوچوون دەچێ.

هەروەها هۆکارێکی تریش حکومەتی دەستووری بەرەو هەڵدێر و نەمان دەبات ئەویش ئەگەر بێتو پاشا هەموو شتێکی بۆ خۆی بوێ و تایبەتیان بکا بەخۆی. دەوڵەت بکاتە هی پایتەخت و پایتەخت بکاتە هی دەربار و دەرباریش بکاتە هی خۆی.

لە کۆتاییدا ئەگەر پاشا ڕێزی هەلومەرج و دەسەڵاتی خۆی نەگرێ و خۆشەویستی میللەت دەرک نەکا و هەست بەوە نەکا کە لە ناو نەتەوەی خۆیدا لە ئاسایش و ئەماندا دەژی، حکومەتی دەستووری تووشی گەندەڵی دەبێ و بەرەو نەمان دەچێ، چونکە پاشای حکومەتی دەستووری لە نێو میللەتی خۆیدا هەمیشە هەست بە خۆشەویستی و ئاسایش دەکا بە پێچەوانەی پاشایەکی زۆردار کە بەردەوام لە نێو میللەتی خۆیدا لە مەترسی و هەڕەشە دایە.

**بەشی حەوتەم: درێژەی ئەم باسە**

ئەگەر بەرپرسە پلە یەکەمەکان لە ڕووی ملکەچییەوە لە بەرامبەر پاشادا وەکو کۆیلە ڕەفتار بکەن ئەوا بنەما و بنچینەکانی حکومەتی دەستووری تووشی گەندەڵی دەبن هەروەها کەمکردنەوەی ڕێزی گەورە پیاوان و لەناوبردن و بەکارهێنانیان بۆ هەندێ دەسەڵاتی بێ نرخ و سەرەڕۆیانە و هەروەها سپاردنی پلەو پایە بە کەسانی بەد نێو و ناشایست دەبێتە هۆی فاسدبوونی پرەنسیپەکانی حکومەت چونکە لە حکومەتی دەستووریدا پێویستە دامەزران لەسەر پلەو پایە بەرزەکان شەرافەتی لەگەڵ دابێ نەک سووکی و ڕەزیلەت[٤٨].

هەروەها بنەماکانی حکومەتی دەستووری کاتێ لە ناو دەچێ ئەگەر بێتو پاشا عەدالەت نەهێڵێ و توندوتیژی و سەختگیری لە جێگای دابنێ، وەکو ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما و یەک لەوان «کمد» کە وشەی «مدوز» (خوداوەندی قەهر و خراپی) بە سینگی خۆیەوە هەڵواسیبوو و ئەو ڕوخسارە و قیافە ترسناک و تۆقێنەرەی لەسەر پەیکەرەکانیشی دەردەهێنا.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گەندەڵبوونی پرەنسیپەکانی حکومەتی دەستووری کاتێک سەرهەڵدەدا ئەگەر بێتو کەسانی سووک و نزم



شانازی بەو گەورەییەوە بکەن کە لە کۆیلایەتی چنگیان کەوتووە و بوون بە کۆیلەی پاشا لە لایان بەڕادەیەک گرنگ بێ کە بە هیچ جۆرێ لە بیری نیشتماندا نەبن. هەروەک پێشتر وتمان لە هەموو سەردەمەکاندا ئەوە بینراوە، هەرچەندە پاشا دەسەڵاتی زیاتر بێ ئەوەندە ئاسایشی لە مەترسیدا دەبێ. کەواتە ئەگەر بێتو دەربارییەکان ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ بکەن و ماهییەتەکەی بگۆڕن ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دژی خودی شا ڕاپەڕیون؟

**بەشی هەشتەم: ئەو مەترسیانەی لە گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەتی دەستوورییەوە سەرهەڵدەدەن**

ئەگەر دەوڵەت لە ڕژێمێکی میانڕۆوە بەرەو ڕژێمێکی میانڕۆتر گۆڕانی بەسەردا بێ، بۆ نموونە ئەگەر لە حکومەتی کۆمارییەوە بۆ حکومەتی دەستووری یان بە پێچەوانەوە گۆڕانکاری تێدا ڕووبدات ئەوا هێندە جێگای مەترسی نییە. بەڵام مەترسی ڕاستەقینە کاتێکە، ئەگەر دەوڵەت لە حکومەتێکی میانڕۆوە بەرەو ڕژێمێکی ئیستبدادی بڕوات. تا ئێستاش بەشی هەرە زۆری نەتەوەکانی ئەوروپا لە ژێر کاریگەری حکومەتی ئەخلاق و داب و نەریتەکاندا دەژین، بەڵام ئەگەر بێتو بە هۆی خراپ بەکارهێنانی دوورودرێژی دەسەڵات یان لە ئاکامی داگیرکردن، ئیستبدادییەت فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، ئەوا نە ئەخلاق و نە فاکتەرەکانی ئاو و هەوا ناتوانن پێشی ئەو ئیستبدادە بگرن. لە کیشوەری جوانی جیهان (ئەوروپا)دا هەست و سۆزی مرۆڤانە بە هۆی سەقامگیری و باڵادەستی ئەو ئیستبدادییەتەی لە کیشوەرەکانی تردا هەیە تووشی ئازار و عەزاب دەبێ.

**بەشی نۆیەم: ئەرستۆکراتەکان چەندە حەزیان لە بەرگریکردن لە تەخت و تاجیان هەیە**

ئەرستۆکراتەکانی ئینگلتەرا لەگەڵ «شارلی یەکەم» لەسەر لەت و کوتەکانی تەخت و تاجی ئینگلتەرا لە گۆڕ نران و لەگەڵ لەناوچوونی ئەم پاشایە ئەوانیش لە ناوچوون و بەر لەویش کاتێک «فیلیپی دووەم» پاشای ئیسپانیا بۆ یەکەم جار وشەی ئازادی بە گوێی فەرەنسییەکاندا چرپاند، هەر ئەو ئەرستۆکراتانەی پەیڕەوی و ملکەچبوونیان لە بەرامبەر پاشادا بە شەرافەت لە قەڵەم دەدا، تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی ئاسایان بە گەورەترین شەرم و سەرشۆڕی دادەنا و نەیاندەویست خەڵک بەشداری لە دەسەڵات و سەلاحیاتەکاندا بکات.

بە ئاشکرا بنەماڵەی پاشایەتی نەمسا ئەرستۆکراتەکانی مەجارستانی بەردەوام ئازار

دەدا و نەیاندەزانی رۆژێک دادێ ئەو ئەرستۆکراتانە چ بایەخێکیان بۆ ئەوان دەبێت.

بنەماڵەی پاشایەتی داوای پارەی لە خەڵکی مەجارستان دەکرد بەڵام گەورە پیاوانی ناو میللەتی نەدەبینی و نەیدەزانی ئەوان بەردەوام چاودێرییان دەکەن.

کاتێک شازادەکان، وڵاتی نەمسا و مەجارستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، لەبەر ئەوەی ئەرستۆکراتەکان ماوەیەک بوو لاواز ببوون و چالاکییەکانیان راوەستابوو هەر بۆیە ئیدی نەیاندەتوانی بەرگری لە پاشایەتی بکەن و لە ئاکامدا پاشایەتییەکان یەک لە دوای یەک هەرەسیان هێناو چینی ئەرستۆکراتیش کە بە پارێزەری تاج و تەخت دادەنرا هیچ جووڵەیەکی لە خۆی نیشان نەداو بەشداری لە جەنگەکاندا نەکرد.

## بەشی دەیەم: گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەتی ئیستبدادی

بنەمای حکومەتی ئیستبدادی بەردەوام تووشی گەندەڵی دەبێ چونکە لە خودی خۆیدا گەندەڵە. حکومەتەکانی دیکە هۆی لە ناوچوونیان رووداو یان کارەساتێکی تایبەتە کە پرەنسیپەکانیان پێشێل دەکا و تووشی لە بەریەکترازانیان دەکات، بەڵام حکومەتی ئیستبدادی بە هۆی کەم و کوڕییە ناوخۆییەکانیەوە فاسد دەبێ و تەنیا بە هۆی فاکتەری دەرەکی دەتوانێ لەو گەندەڵی و فەسادە رزگاری بێ، کەواتە ئیستبداد ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بداو بەردەوام بێ تەنیا کاتێ نەبێ ئەویش ئەگەر بارودۆخی رۆژگار یان ئاو و هەواو ئایین یان هەلومەرج و خواستی گەل ناچاری بکات پەیڕەوی لە هەندێ رێوشوێن بکا و ملکەچی رێسایەک بێ، ئەو فاکتەرانە زۆر زوو کاریگەری لەسەر سروشتی حکومەتی ئیستبدادی دادەنێن بەڵام ناتوانن بیگۆڕن و ستەم و چەوسانەوە هەر دەمێنێ، بەڵام رەنگە بۆ ماوەیەکی کەم لاواز ببێ.

## بەشی یازدەهەم: دەرەنجامە سروشتییەکانی گەندەڵی و سارێژبوونی بنچینەکانی حکومەت

هەر کە بنچینەکانی حکومەت تووشی گەندەڵی بێ ئەوا باشترین یاساش خراپ دەبێ و دژی دەوڵەت کاری پێدەکرێ، بەڵام ئەگەر بێتو بنچینەکان ساغ و بەهێز بن ئەوا یاسا خراپەکانیش دەرەنجام و کاریگەرییان بە رادەی یاسای باشی لێدێ. کەواتە بنچینەی باش یان خراپ کاریگەری لەسەر هەموو شتەکان بەجێ دێڵێ و هەموویان پاشکۆی ئەون.

دانیشتووانی «کرێت» بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە یەکەمییەکانی خۆیان وا لێ بکەن ملکەچی یاسا بن رێگایەکی سەیریان بەکاردێنا و ئەویش بریتی بوو لە شۆڕشکردن. بەم



بەشێک لە خەڵک هەڵدەستان بە هەڵگیرساندنی پشێوی و شۆڕش و دەسەڵاتدارەکانیان ناچار بەڕا کردن دەکرد و پاشان بە پێی هەندێ مەرجی تایبەتی مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ سەر کاریان پێدەدان.

ئەو کارە بەڕواڵەت لەگەڵ یاسادا تەباو گونجاو بوو. هەروەک لامان ئاشکرایە هەمیشە شۆڕش و سەرهەڵدان دژی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆتە هۆی لە ناوچوونی کۆمار، بەڵام ئەمە کۆماری کرێتی لە ناو نەبرد. نەتەوە دێرینەکان هەر کاتێ بیانویستایە باسی نەتەوەیەکی نیشتمانپەروەر بکەن، کرێتیان بە نموونە دەهێنایەوە. بۆ نموونە ئەفلاتون دەڵێ: نیشتمان ئەو ناوەیە کە لە لای کرێتییەکان لە ڕادەبەدەر خۆشەویست بوو و خەڵکی کرێت ناوێکیان لە نیشتمان نابوو کە دەربڕی خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی بوو. لەبەر ئەوەی خۆشەویستی نیشتمان هەموو شتێک بەرەو چاکسازی و باشی دەبات و چونکە خەڵکی کرێت لەڕادە بەدەر نیشتمانپەروەر بوون، هەر بۆیە شۆڕش و پشێوییان دەنایەوە بەڵام نەدەبووە هۆی لە ناوچوونی حکومەت. لە نێو یاساکانی پۆڵۆنیاش مافی یاخی بوون هەیە بەڵام کەم و کوڕیی و عەیبەکانی یاخی بوون و شۆڕشەکانی دەریدەخا کە تەنیا نەتەوەی کرێت توانیویانە سەرکەوتووانە شۆڕش بە مەبەستی چاکسازی و گۆڕان ئەنجام بدەن.

دیسان ئەفلاتون دەڵێ: دانیشتووانی لاسدمۆن و کرێت هەندێ ئاکادیمیای وەرزشییان داهێناوە(٤٩) کە لە ژێر سایەی ئەودا پلەوپایەکی بەرزیان لە جیهاندا بە دەست هێنا. بە هۆی دامەزراندنی ئەو دام و دەزگا وەرزشییانە لە سەرەتادا هەستی داوێن پاکی خەوشدار کرا چونکە هەمیشە بە رووتی وەرزشیان دەکرد بەڵام بە هۆی سوودە کۆمەڵایەتییەکانی وەرزشەوە زۆر گوێ نەدەدرایە ئەو بابەتە. لە سەردەمی ئەفلاتوندا ئەو جۆرە دام و دەزگا بە سوودانە سەر بە بەشی هونەرە جەنگییەکان بوون بەڵام کاتێ فەزیلەت لە نێو یۆنانییەکان باری کرد، تەنانەت هونەری جەنگیشیان لە دەست دا. ئەو کەسانەی دەهاتنە ناو گۆڕەپانی وەرزشەوە مەبەستیان وروژاندنی شەهوەت و فەسادی ئەخلاقی بوو نەک گرنگی دان و گەشەپێدانی توانای لەش. (پلۆتارک) دەڵێ: لە سەردەمی ئەودا رۆمانەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە یارییە وەرزشییەکان بوونە هۆکاری بەندەیی و کۆیلەیی یۆنانییەکان بەڵام بابەتەکە بە پێچەوانە راستە، واتە کۆیلەی یۆنانییەکان بووە هۆکاری فاسدبوونی راهێنانە وەرزشییەکان.

لە سەردەمی پلۆتارک هەندێ پارکیان دروست کردبوو کە لەوێدا بە رووتی لەگەڵ یەکدا بەشەڕ دەهاتن. یاری زۆرانبازی لاوەکانی بێ غیرەت کردبوو و بەرەو عیشقێکی

پیس هانی دەدان و وای لێکردبوون مـرۆڤی لات و بەرەڵڵایان لێـدەرچێ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی «ئەپامی نونداس» راهێنانی وەرزشی و زۆرانبازی بووە هۆی ئەوەی خەڵکی «تب» لە جەنگی «لوکتێر»دا سەرکەوتن بە دەست بێنن.

تا ئەو کاتەی حکومەت بنچینە و پرەنسیپەکانی خۆی لە دەست نەداوە زۆر بە کەمی وا رێکدەکەوێ یاسا بەرەو خراپی بڕوات.

«ئیپیکۆر» لەمەڕ ئەو حاڵەتە پەندێکی هەیە، دەڵێ: «شەراب بۆگەن نەبووە بەڵکو پیاڵە بۆگەن بووە.»

## بەشی دوازدەهەم: درێژەی بابەتەکە

هەر کاتێ کۆمار تووشی گەندەڵی بێ ناتوانرێ هیچ کام لە دەردە کۆمەڵاتییەکان دەرمان بکرێ و کاری گرنگ و پێویست ئەوەیە کە گەندەڵکاری لە ناو ببرێ و حکومەت بگەڕێنرێتەوە بارودۆخی ئاسایی و جگە لەو حاڵەتە، هەر چەشنە دەستکاری و چاکسازییەک، یان هێورکردنیەتی یان کەم و کوڕی و عەیبێکی نوێ دەخوڵقێنێ.

لە رۆما دادوەرەکانیان لە نێوان سیناتۆرەکان[٥٠] هەڵدەبژارد. «گراکەکان» ئەو ئیمتیازەیان بە «شوالیەکان» بەخشی. لە «وزوس»-یشدا ئەو مافە تایبەت بوو بە شوالی و سیناتۆرەکان. «کوتا» سەرەڕای ئەو دوو دەستەیە، مافی قەزاوەت و حوکم دانی بە خەزێنەدارە پاشەکەوتکارەکانیش بەخشی، بەڵام (سزار) دەستەی خەزێنەدارەکانی لەو مافە بێ بەش کرد و لە سەردەمی «ئانتوان»-یشدا کۆڕی دە کەسی لە سیناتۆرەکان و شوالی و سانتۆریۆنەکان پێک دەهێنرا. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین تەنیا لەو سەردەمەی حوکم دەرکردن بە دەستی سیناتۆرەکان بوو رۆما توانی پارێزگاری لە بنچینەکانی خۆی بکات، چونکە هێشتا بنچینەکانی تووشی گەندەڵی نەهاتبوون و بەبێ زیادڕۆیی و کەمڕۆیی حوکم دەردەکرا. پاش ئەوەی بنچینەکان گەندەڵییان تێکەوت، ئیدی حوکم دەرکردن بە هەر دەستە و گروپێک بووبێ، هەمیشە یان خراپ بووە یان بۆتە هۆی خوڵقاندنی کەم و کوڕییەکی نوێ. دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ کاتێ شوالیەکان لە سیناتۆرەکان پایەبەرزتر نەبوون و سیناتۆرەکانیش بە هۆی پەیڕەویکردن لە بنچینەکانی حکومەت پایەبەرزیی پێشووی خۆیان لە دەست دابوو.

کاتێک گەلی رۆما توانی هاوکات لەگەڵ ئەرستۆکراتەکان لە دەسەڵات و بەڕێوە برندا بەشداری بکات، پێشبینی ئەوە دەکرا کۆمەڵێک مەراییکار سەرهەڵبدەن و بە ناوی گەلپەرستیەوە بێنە پیش و رکێفی دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام وا دەرنەچوو. هەرچەندە



خەڵکی ئاسایی توانی بەشداری لە دەسەڵاتدا بکات، بەڵام تەنیا خانەدانەکان بۆ بەڕێوە بردن و دەسەڵاتداری هەڵدەبژێردران و پلەو پایە بەرزەکانیان پێ دەسپێردرا. سەرەڕای ئەوەی خەڵک هەم خاوەنی فەزیلەت بوو هەم ئازادیش بوو و هەم بە سووکی سەیری دەسەڵاتی دەکرد و دوور بین بوو، بەڵام چونکە بنچینەکانی حکومەتی لە دەست چووبووە دەر، میانڕۆیی و رەوتی ئارامی کارەکانی لە ناوبرد و هێدی هێدی بەرەو دەسەڵاتگەرایی و وتوندڕەوی هەنگاوی نا. بە کارهێنانی ئەو شێوازە بووە هۆی ئەوەی میللەتی توندڕۆ دژی خۆیشی ستەمکار و چەوسێنەر بێت و لە کۆتاییدا ببێتە بەندە و کۆیلە. پاش ئەوەی هێزی ئازادیی راستەقینەیان لە دەست دا، ئاسەوارە سروشتییەکانی گەندەڵی هەموو لایەکی داگرت و سەرەڕۆیی و لاوازی بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەو بارودۆخە زاڵبوونی رۆحی ئازادی لە ڕادەبەدەر و سنووربەزێن بوو.

## بەشی سێزدەهەم: کاریگەری سوێند لە نێو گەلێکی خاوەن فەزیلەتدا

تیت لیڤ دەڵێ: گەندەڵی لە نێو گەلی رۆما زۆر درەنگ سەری هەڵدا، چونکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ میانەڕۆیی و هەژاری لە نێو ئەو گەلەدا جێگای رێز و شانازی بوو. سوێند لە نێو ئەو گەلەدا بەڕادەیەکی ئەوتۆ بەهێز بوو کە هیچ شتێکی دیکە وەکو سوێند ئەوانی بۆ پەیڕەویکردن لەیاسا هان نەدەدا. ئەوەندی کاتی خۆیانیان بۆ پاراستن و جێبەجێ کردنی سوێند تەرخان دەکرد هیچ کاتێ ئەوەیان بۆ نیشتمانپەروەری و شانازیەکان نەکرد. بۆ نموونە کاتێک «کن تیۆس سەن سیناتۆس» کۆنسولی رۆما ویستی دژی خێڵەکانی «ئەک» و «ولسک» سوپایەک لە خەڵک پێکبێنێ، نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی سەنا دژی ئەو کارە راوەستان. هەر بۆیە کەوتە بیر کردنەوە و ویستی سوود لە پابەندبوونی خەڵک بە سوێندەوە وەربگرێ و ئامانجی خۆی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە فرمانی دا هەموو ئەو کەسانەی لە لای کۆنسولی ساڵی پار سوێندیان خواردووە بێنە ژێر ئاڵای منەوە، پاش ئەو قسە، هەر چەند نوێنەرەکان هاواریان کرد ئەو سوێندە هیچ کاریگەریەکی نەماوە و ئەو کات کن تیۆس کۆنسول نەبووە، خەڵک گوێیان پێ نەداو و سوودی نەبوو. چونکە وەک رێزلێنانێک لە سوێندی خۆیان دەبوایە بەرامبەر بە کۆنسول وەفادار بن. خەڵک زۆر لەو نوێنەرانە بە ئیمانتر بوون کە دەیانویست رێنوێنیان بکەن و گوێیان لە داواکاری و هاواری ئەوان نەگرت.

هەر ئەو گەلە کاتێک دەیویست بەرەو کێوی پیرۆز[٥١] بچێ، وەبیری هاتەوە بە پێی ئەو سوێندەی خواردوویەتی دەبێ لەگەڵ کۆنسولەکاندا بەرەو بەرەکانی جەنگ بڕوا، هەر

بۆیە بەرەو کێوی پیرۆز نەڕۆیشتن. بۆ ئەوەی ڕەفتار و کردەوەکەیان دژی سوێندیان نەبێ کەوتنە بیری چارەیەکی گونجاو بڕیاریان دا کۆنسولەکان بکوژن، بۆ ئەوەی هەم سوێندەکەی خۆیان نەشکاندبێ و هەمیش بتوانن بەرەو کێوی پیرۆز هەنگاو بنێن. بەڵام کۆمەڵە کەسێک لە خەڵکیان گەیاند کە پاش کوشتنی کۆنسولەکانیش هێزی سوێندەکە لە جێگای خۆی دەمێنێ و نابێ بشکێنرێ.

بڕواننە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو گەلە کە چەندە بە ئیمان بووە و لەسەر بەڵێنەکانی خۆی سوور بووە و بەرامبەر بە شتە پیرۆزەکانی وەفادار بووە. ئەو تاوانەی دەیانویست لە پێناوی پاراستنی سوێندەکەی خۆیاندا ئەنجامی بدەن، دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە تا چ ڕادەیەک پابەندی سوێندەکانی خۆیان بوونە.

پاش جەنگی «کان» گەلی ڕۆما تۆقی و دەیویست لە دورگەی «سیسیل» دا ببێ بە پەنابەر، بەڵام (سیپیۆن)(٥٢) میللەتی سوێند دا کە نابێ شارەکە بەجێ بێڵن و ئاوارە و پەڕاگەندە بن. لەبەر ئەوەی ترسی سوێند شکاندن بەسەر هەموو ترسەکانی دیکەدا زاڵ بوو، خەڵک لە شاری ڕۆمادا مانەوە و ڕایان نەکرد. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆما وەکو کەشتییەک بوو کە لە نێو گەردەلوولی ڕووداو و کارەساتەکاندا دوو لەنگەر دەیانپاراست: یەکیان ئایین و ئەویتریان ئەخلاق.

## بەشی چواردەهەم: چۆن بچووکترین دەستکاری لە دەستووردا دەبێتە هۆی تێکچوونی بنچینەکانی حکومەت

کاتێک ئەرستۆ دێتە سەر باسی کۆماری کارتاژ، وەکو کۆمارێکی زۆر مەنتقی پێشانی دەدا. «پۆلیب» دەڵێ: لە دووەمین جەنگی «پونیک» (جەنگی ڕۆم و کارتاژ)دا هۆکاری خراپ بوونی بارودۆخی کارتاژ ئەوە بوو کە ئەنجوومەنی سەنا بە تەواوی دەسەڵاتی خۆی لە دست دابوو.

تیت لیڤ دەڵێ: کاتێ (ئانیبال) گەڕایەوە بۆ کارتاژ بۆی دەرکەوت کە دەسەڵاتدارەکان و دیارترین پیاوەکانی میللەت، داهاتە گشتییەکانیان بە ناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە و دەسەڵاتی خۆیان بۆ مەرامی خراپ و نابەجێ بەکارهێناوە.

کەواتە فەزیلەتی دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی سەنا بە یەکەوە لە ناوچوون، چونکە سەرچاوەی وێرانییەکەیان یەک شت بوو.

زیادەڕۆیی سانسۆرەکان لە لای ڕۆمەکان بە ناوبانگە. تا وای لێهات کە ئیدی ئەو بارودۆخە کەس خۆی لەبەر نەدەگرت و تاقەت پڕوکێن بوو. یەکێک لەو هۆکارانەی



پارێزگاری لە بوونی سانسۆرەکان دەکرد ئەوە بوو، ئەگەر ئەوان نەبان مەترسی خۆڕازاندنەوە زۆر زیاتر لە گەندەڵی پەرەی دەسەند. «کلۆدیوس» سانسۆرەکانی لاواز کرد، بەڵام ئەو لاواز کردنە بووە هۆی ئاوەژووکردنەوەی مەسەلەکە، واتە ئەمجارە گەندەڵی زۆر زیاتر لە خۆڕازاندنەوە پەرەی سەند و سانسۆرەکان هێدی هێدی لە ناوچوون.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە سانسۆرەکان هەندێ جار بەرەو نەمان دەچوون و هەندێ جاریش سەر لە نوێ سەریان هەڵدەدایەوە و دەستیان بە ئەنجام دانی کاروباری خۆیان دەکردەوە و تا لە کۆتاییدا بە تەواوی لە کار خران و لە ناوچوونیان هاوکات بوو لەگەڵ پاشایەتی «ئۆگۆست» و «کلود».

## بەشی پازدەهەم: هەندێ میکانیزمی زۆر کاریگەر بۆ پاراستنی بنچینەکانی حکومەت

هەتا چوار بەشی داهاتوو نەخوێننەوە، ناتوانم مەبەستی خۆمتان لەمەڕ ئەو بابەتە تێ بگەیەنم.

## بەشی شازدەهەم: سیفاتە دیارەکانی حکومەتی کۆماری

سروشتی حکومەتی کۆماری وا دەخوازێ کە لەسەر پانتایی و قەڵەمڕەوێکی بچووکدا دابمەزرێ. چونکە لە وڵاتی گەورە و پان و بەریندا ناتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکا و بەردەوام بێ. لە وڵاتێکی گەورەدا سامان و دارایی گەورە پەیدا دەبێ و هەر بۆیە میانڕۆیی و هێمنی زۆر بە کەمی بەسەر هزر و عەقڵی خەڵکدا زاڵ دەبێ. ئاشکرایە کاتێک سامانی مەزن بکەوێتە ژێر دەستی خەڵکەوە لە ژێر سایەی ئەودا بە هێز دەبن و ئەگەر بە هێز و سامانداریش بوون پێیان وایە دەتوانن لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بەخۆشی و سەربەرزی بژین، بەڵام زۆر زوو بۆیان دەردەکەوێ لە هەڵەدان و مەزنی و گەورەیی هەموو میللەتێک تەنیا لەسەر وێرانەکانی نیشتمانەکەیەتی.

لە کۆماری پان و بەریندا بەرژەوەندی گشتی قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی دەکرێ و هەزار جۆرە ڕێزوپەڕو ڕووداو دێتە پێش. بەڵام لە کۆماری بچووکدا بەرژەوەندی گشتی باشتر هەستی پێ دەکرێ و دەناسرێ و هەموو تاکەکانی وڵات دەتوانن سوودی لێوەرگرن، هەر بۆیە خراپ بەکارهێنان کەمتر پەرە دەستێنێ.

ئەو شتەی بووە هۆی مانەوەو لە ناونەچوونی «لاسدمۆن» ئەوەبوو کە تاکە مەبەستی خەڵک ئازادی بوو و تاکە سوودی ئازادیش شانازی و سەربەرزی بوو، خەڵکی لاسدمۆن

توانیان هەردووکی بە دەست بێنن، هەر بۆیە پاش گشت جەنگەکان توانیان لەسەر خاکی خۆیان بمێننەوە. رۆحی کۆمارەکانی یۆنان بریتی بوو لەوەی کە لەسەر خاکی خۆیان وەمێنن و پەل بۆ شوێنی دیکە نەهاوێن، هەروەک چۆن بە داب و نەریتی خۆیان رازین.

بەڵام کاتێ پاوانخوازی و پەلکێشی ئەسینای گرتەوە، لاسدمۆن و شوێنەکانی تریشی تووشی ئەو دەردە کرد، مەبەستی سەرەکی کۆماری ئەسینا ئەوە بوو بەسەر نەتەوە ئازادەکاندا حکومەت بکا نەک بەسەر کۆیلەکاندا زاڵ بێ. ئەسینا دەیویست سەرۆکایەتی ئەو یەکێتییە بگرێتە دەست کە جیهانی ئەو گرتبووەوە نەک دەوڵەتەکانی دیکە بکاتە کۆیلەی خۆی و یەکێتییەکەیان بشێوێنێ. بەڵام هەر کە یۆنان لە حکومەتی کۆمارییەوە بەرەو حکومەتی دەستووری گۆڕانی بە سەردا هات، حکومەت بەرەو فراوان کردنی خاکەکانی خۆی هەنگاوی نا.

جگە لە حکومەتی کۆماری هیچ حکومەتێکی دیکە بەبێ بوونی بارودۆخێکی تایبەت ئاستەمە بتوانێ لە وڵاتێکدا بەردەوام بێ و درێژە بە ژیانی خۆی بدا[٥٣].

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پاشای وڵاتە بچووکەکە هەوڵ دەدا ستەمکار و چەوسێنەر بێ چونکە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بەڵام خاوەنی ئامرازی پێویست نییە بۆ سوود وەرگرتن و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە، هەر بۆیە گەلەکەی دەچەوسێنێتەوە و مافەکانیان پێشێل دەکات. سەرەڕای ئەوە ئەو پاشایە دەکەوێتە ژێر کاریگەری گوشاری هێزێکی دەرەکی و تەنانەت رەنگە بکەوێتە ژێر فشاری هێزی ناوخۆش. بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە خەڵک لە دژی کۆڕ و کۆبوونەوە ببەستن، یان شۆڕش و پشێوی بنێنەوە. لێرەدایە ئەگەر بێتو پاشای تەنیای شارێک وەدەر بنرێت ئەوا ئیتر داواکارییەکان کۆتاییان پێ دێ، بەڵام ئەگەر قەڵەمڕەوەکەی پان و بەرین بێت و چەند شارێکی لە ژێر دەست دابێ، پاشا لە پایتەختەوە بۆ شارێکی دیکە رادەکا و داواکارییەکان سەر لە نوێ دەست پێ دەکەنەوە.

### بەشی حەڤدەهەم: تایبەتمەندییە دیارەکانی حکومەتی دەستووری

فراوانیی خاکی حکومەتی دەستووری پێویستە رادەیەکی ناوەند بە خۆیەوە بگرێ، چونکە ئەگەر زۆر بچووک بێ ئەوا بارودۆخەکەی وەکو حکومەتی کۆماری لێ دێ و ئەگەریش زۆر پان و بەرین و فراوان بێ ئەوا وەکو حکومەتی ئیستبدادی لێ دێ، چونکە لەبەر ئەوەی پیاوە دیارەکانی دەوڵەت خاوەن گەورەیی تایبەت بە خۆیانن و زۆر بە بەرچاوی پاشاشەوە نین رەنگە لە دەرەوەی دەرباری پاشا دەرباری تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و لەبەر ئەوەی لە سزا خێرایەکانی یاسا و جێبەجێکردنی داب و نەریتەکان



دوورو پارێزراون و هیچ چەشنە ترسێکیان لە دڵدا نییە لەوانەیە ئیدی گوێ بە فەرمانەکانی پاشا نەدەن.

هەر ئەو بارودۆخە بوو وای لە شارلمانی کرد هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەیدا، بە ناچاری بەش بەشی بکا، چونکە دەیزانی حاکمی هەرێمەکان پەیڕەوی لە فرمانەکانی ناکەن و بۆ ڕامکردنیان وای بە باش زانی ئیمپراتۆرەکەیان لە نێوان دابەش بکا و هەرکامیان بکاتە حاکمی بەشێک. پاش مردنی ئەسکەندەر ئیمپراتۆریەتەکەی لەت و پەت و بەش بەش کرا و ئەوەش شتێکی ئاسایی بوو چونکە گەورە پیاو و سەردارەکان هەر کام لە شوێنی خۆیەوە بانگەشەی شتێکی دەکرد و سەرۆکایەتی بەشێکی خاکە داگیرکراوەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەی لە دەست دابوو، هەر بۆیە ئامادە نەبوون ملکەچی فەرمانی یەکتر بن. لە دوای «ئاتیلا» ئیمپراتۆریەتەکەی هەڵوەشایەوە، چونکە ئەو پاشایانەی لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون هەر کام بۆ خۆی خاوەنی گەورەیی و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆی بوو و هیچ کەسێک نەیدەتوانی پاش ئاتیلا شوێنی بگرێتەوە و دووبارە پاشاکان بخاتە ژێر رکێفی خۆی.

لەو بارودۆخەدا تەنیا چارەسەر چەسپاندنی خێرای دەسەڵاتێکی دیاری نەکراوە وتەنیا دەسەڵاتێکی ناوەندی دەتوانێ پێشی لە ناوچوون و هەڵوەشانەوە بگرێ، بەڵام مخابن ئەوە بۆ خۆی بەدبەختیەکی نوێیە.

هەروەک چۆن رووبارەکان ناسرەون و لە نێو دەریاکان تێکەڵی یەکتر دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە، ئاواش پاشا ملهوڕ و زۆردارەکان لە ناو ئیستبدادی خۆیاندا لە ناو دەچن و ون دەبن.

### بەشی هەژدەهەم: حکومەتی دەستووری ئیسپانی بارودۆخێکی تایبەت بە خۆی هەبوو

ناکرێ حکومەتی دەستووری ئیسپانیا وەبەرچاو بگرین و لەگەڵ حکومەتی دەستووری واقیعیدا بەراوردی بکەین، چونکە ئیسپانیا بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەمریکا کارێکی کرد کە هیچ حکومەتێکی ئیستبدادی نەیکردووە. ئەو بابەتە راستی وتەکانی من دەسەلمێنێ.

ئیسپانیا بۆ پاراستنی موستەعمەرەی ئەمریکا، ئەو وڵاتەی لە ژێر دەستی خۆیدا هێشتەوە، واتە هەموو دانیشتووانەکانی ئەم خاکەی لە ناوبرد.

ئیسپانیا لە هۆڵەندا ئیستبدادی تاقی کردەوە و هەر کە ئەوێی بەجێهێشت،

گیروگرفتەکان زیادی کرد، چونکە لە لایەک «والۆنەکان» نەیاندەویست لە ژێر فەرمانی ئیسپانییەکاندا بن و لە لایەکی تریشەوە ئسپانیەکان نەیاندەویست ملکەچی فەرمانی ئەفسەرەکانی والۆن بن.

زاڵبوون و دەسەڵاتی ئسپانییەکان بەسەر ئیتاڵیادا و ئەو هۆیانەی وایکرد ماوەیەک بمێنێتەوە ئەوە بوو کە هەر لەو کاتەدا ئیتالییەکان دەیانویست لە شەڕ و خراپەکاریەکانی پاشای ئیسپانیا بە دوور بن، لە هەمان کاتیشدا نەیاندەتوانی چاو لە سامان و پارەکەی بپۆشن. لە کۆتاییدا ئسپانییەکان ئیتالیایان دەوڵەمەند و خۆیان ماڵ وێران کرد.

## بەشی نۆزدەهەم: سیفاتە دیارەکانی حکومەتی ئیستبدادی

لە ناو ئیمپراتۆریەتێکی فراوان و پان و بەریندا ئەو کەسەی حکومەت بەڕێوە دەبا، دەبێ خاوەنی دەسەڵات و سەلاحیاتێکی بێ سنوور بێ.

خێرایی جێبەجێ کردنی فەرمانەکان پێویستە قەرە بووی دووری نێوان شارەکان لەگەڵ یەکتری بکاتەوە. هەروەها دەبێ حاکمەکان بترسن و لە شوێنە دووردەستەکاندا خۆ لە کەمتەرخەمی بپارێزن. یاسا لە ژێر ئیرادەی تاکەکەسێکدا دەبێ و بە پێی ئەو ڕووداوانەی لە نێو ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەدا ڕوو دەدەن گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

## بەشی بیستەم: دەرەنجامی بەشەکانی پێشوو

بە پێی ڕوونکردنەوەکانمان لە چوار بەشی پێشوودا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تایبەتمەندی حکومەتە جۆراوجۆرەکان بەم شێوەیەیە: دەوڵەتە بچووکەکان پێویستە لە لایەن حکومەتی کۆمارییەوە بەڕێوە بچن، دەوڵەتە ناوەندییەکان حکومەتی دەستوورییان لەگەڵدا دەگونجێ و ئیمپراتۆرە گەورەکانیش دەبێ خاوەنی حکومەتی ئیستبدادی بن.

هەروەها لەو تایبەتمەندییە سروشتییانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بۆ پاراستنی بنچینەکانی حکومەت، پێویستە دەوڵەت بە مەزنی و شکۆمەندی خۆی بهێڵدرێتەوە و پارێزگاری لێ بکردرێ. هەروەها دەبێ بە پێی بچووک بوون یان بەرین بوونی سنووری وڵات ڕۆحی حکومەتیش گۆڕانی بەسەردا بێ و بە پێی ئەو تایبەتمەندییە سروشتییە گۆڕانکاری لە ڕژێمەکاندا پێک بهێنن.



## بەشی بیست و یەکەم: ئیمپراتۆری چین

لەمەڕ گشت ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا باسم کردوون، ڕەنگە هەندێک پرسیارم ئاراستە بکەن.

کەواتە بۆ ئەوەی ئەم کتێبە تەواو بێ، من وەڵامیان دەدەمەوە.

میسۆنێرە ئایینییەکانمان بە جۆرێ باسی ئیمپراتۆریەتی پان و بەرینی چین دەکەن گوایە حکومەتێکی شایستە و ڕێک و پێکە و لە نێو بنچینەکانی خۆیدا ترس و شەرافەت و فەزیلەتی ئاوێتەی یەکتر کردووە. ئەگەر وابێ کەواتە من لە دیارکردنی سێ بنچینەکەی حکومەتدا کارێکی بێهوودەم پێشکەش کردووە.

نازانم باسی چ شەرافەتێک دەکەن، لە وڵاتێک و لە نێو گەلێکدا کە هیچ کارێک بەبێ گورزی قامچی ئەنجام نادرێ دەبێ چۆن شەرافەت هەبێ!!

بازرگانەکانمان ناتوانن مانای ئەو فەزیلەتەمان تێ بگەیەنن کە مسیۆنێرەکان باسی دەکەن بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە فەزیلەتێک لە ناخی پەیوەندییەکانیان دایە.

لەو دیمەن و زانیارییانەی بازرگانەکان لەسەر بارودۆخی چین بۆمان دەگێڕنەوە تەنیا دەتوانین سەبارەت بە چەتەیی و ڕێگری ماندارنەکان-چینی بیرۆکراتی چین) شتێک تێبگەین، ڕەنگە ئەو فەزیلەتەی باسی لێوە دەکەن چەتەیی و ڕێگری بێ!!

لەمەڕ ئەو بابەتە پێویستە سوود لە زانیارییەکانی پیاوێکی وەکو (میلۆرد ئانسۆن) وەرگرین و هەروەها لە نامەکانی «پارنین» قەشەی فەڕەنسی کە سەردانی چینی کردووە زۆر بە باشی بۆمان دەردەکەوێ چ جۆرە فەزیلەتێک لەوێ هەیە.

پارنین لە نامەکانی خۆیدا دەنووسێ: ئیمپراتۆری چین لە دەست ئەو شازادانەی ئایینی مەسیحییەتیان قبووڵ کردووە وەزاڵە هاتووە و بە نەفرەتی کردوون و بەو پەڕی ناعەدالەتی و ساردو سڕییەوە دادگایی کردوون. ئەو بارودۆخە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگە ئەو فەزیلەتە (تقوی)ی باسی دەکەن ئەو پیلان و نەخشە ستەمکار و ناعادیلانەیە بێ کە بەردەوام پەیڕەوی لێ دەکەن و بە پێی هەندێ بنچینەی تایبەتی سووکایەتی بە سروشتی مرۆڤایەتی دەکرێ.

دیسان هەندێ نامەی پارنین و «دومران»-مان لەبەر دەست دایە کە بارودۆخی حکومەتی چینمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

پاش ڕامان و وردبوونەوە لەو نامانە بۆمان دەردەکەوێ بارودۆخی حکومەتی چین چۆنە و پێم وایە ئیدی لەمەڕ ئەو بابەتە هیچ پرسیار و وەڵام و ڕەخنە و سەرسوڕمانێک دروست نابێ.

لەوانەیە قەشەکانمان بە هۆی ئەو رووخسارە بە روالەت ریک و هەڵخەڵەتێنەرەی لە حکومەتی چیندا بینیویانە، فریویان خواردبێ، یان پێم وایە لەبەر ئەوەی قەشەکان هەمیشە لە ژێر ئیرادەی تاکەکەسێک (پاپا) و یاسا قورس و سەختە ئایینییەکاندا ژیاون و بەهۆی کاریگەریەکانی ئەو ریسا و شێوازانە ستایشی حکومەتی ئیستبدادی و تاکەکەسی چینیان کردبێ.

گومانێکی تریشم بە بیر دادێ. لەبەر ئەوەی قەشەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحییەت و ڕێنمایی خەڵک لە هیندستان گرفتاری هەندێ کێشەو ئاستەنگ بوونەتەوە و خەڵکی هیندستان گوێی بە قسەکانیان نەداوە، بەڵام هەندێ لە فەرمانڕەواکانی چین هاتوونەتە سەر دینی مەسیح و گەلێک یارمەتی و هاوکاری گەورەیان بۆ بەرەو پێش چوونی ئامانجەکانی ئەوان پێشکەش کردووە، ئەوە بووبێتە هۆکاری ئەوەی قەشەکان زیاتر لە حکومەتی ئیستبدادی و تاکەکەسی چین نزیک ببنەوە و ستایشی بکەن: بەڵێ، بۆ ڕایی کردنی ئەم جۆرە ئامانج و مەبەستانە رازیکردنی پاشاکان ئاسانترە لە رازیکردنی خەڵکی ئاسایی، چونکە هەر کە فەرمانڕەوا ئامانج و مەرامەکەی قبووڵ کرد، ئیدی لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانی نفووز لە خەڵکیش بکەی.

بە کورتی لە ناو هەڵەکانیشدا هەندێ جار بابەتی راست خۆی دەنوێنێ و لێرەشدا رەنگە بە هۆی بارودۆخی تایبەت و تاکەکەسی حکومەتی چین، بەڕادەی پێویست تووشی گەندەڵی نەهاتبێ و رەنگە ئەو بارودۆخەش پەیوەندی بە هەواوە هەبێ، چونکە لەو وڵاتەدا هۆکاری سروشتی و ئاوو هەوا کاریگەریەکی باشی لەسەر ئەخلاق داناوە کە جێگای ڕێز و ستایشە.

ئاو و هەوای چین بە جۆرێکە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان. ژنە چینییەکان بە جۆرێکن کە نموونەیان لە هیچ کوێی جیهاندا نەبینراوە. دڵرەقترین ستەمکار پێشی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ناگرێ، لە چین پاشاکان ناتوانن وەکو فیرعەونەکانی میسر بڵێن «مەعقوولانە زوڵم لە میللەت بکەن» بەڵکو بە پێی ئاوو هەوا دەکرێ وەکو ئارەزووەکەی «نیرۆن» بڵێن: «خۆزگە هەموو مرۆڤایەتی یەک سەری هەبا بۆ ئەوەی توانیبام بە یەک شمشێر بیپەڕێنم.» لە وڵاتی چین هۆکاری ئاوو هەواو فاکتەری سروشتی بە ڕێژەیەک دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، کە سەرەڕای بوونی ئەو ستەمکارییە لە ڕادەبەدەرەش، زۆریی ژمارەی دانیشتووان بەردەوام بەسەر زوڵم و ستەمدا زاڵ دەبێ.

وڵاتی چین وکو زۆربەی ئەو وڵاتانەی برنجیان لێ دەچێنرێ، هەمیشە تووشی قات و



قڕی دەبێ و لەبەر ئەوەی برسیەتی زۆر فشار بۆ خەڵک دێنێ، خەڵک ناچارە بۆ دابین کردنی خۆراک بە دەوروبەر و کەنارەکانی خۆیدا بڵاو بێتەوە بۆ ئەوەی بژێویەکی نەمرو نەژی پەیدا بکات، بۆ ئەو مەبەستە دەستەی سێ، چوار، پێنج کەسی لە دز و ڕێگر دروست دەکەن بەڵام لە یەکەم هێرشیدا دەکوژرێن و لە ناو دەچن. ئەو دەستە و تاقمانە زۆر جار لە ناو دەچن و جاری واش هەیە زۆر دەبن. بە هۆی دووری شارەکان لە یەکترییەوە لەوانەیە دەستەیەک بتوانێ گەشە بسێنێ و پێش بکەوێ.

لەگەڵ پەرەسەندندا هێدی هێدی بە هێز دەبێ و توانای خۆ پاراستنی دەبێ و وردە وردە شێوەی سوپایەک وەردەگرێ و بەرەو پایتەخت هێرش دەکا و سەرۆکەکەیان تەختی پاشایەتی داگیر دەکات. بە پێی سروشتی خۆی، حکومەتی خراپی چین بە سزای خراپییەکانی خۆی دەگا، چونکە پشێوی و ئاڵۆزی یەکسەر سەرهەڵدەدات.

هۆکاری ئەوەی کە لە وڵاتەکانی تردا توندڕۆیی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، لە ڕێگای هەندێ میکانیزمەوە چارەسەر دەکرێ و بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێ ئەوەیە کە کاریگەری هەست پێکراو و راستەوخۆی نییە. لە وڵاتی چین پاشاکان بە زوویی لە خراپی بارودۆخەکان ئاگادار ناکرێن هەروەها پاشاکانی چین وەکو پاشاکانی ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە نین کە ئەگەر بە خراپی حکومەت بەڕێوەبەرن لە ڕۆژی دواییدا سزا دەدرێن و لەسەر دونیاش خۆشبەخت و کامەران نابن و دەسەڵات و سامانێکی زۆریش بە دەست ناهێنن، ئەوان باش لەو خاڵە تێگەیشتوون ئەگەر شێوازی حکومەتەکەیان باش نەبێ ئەوا بەیەکەوە، پاشایەتی و ژیانیان لە دەست دەدەن.

سەرەڕای ئەوەی خەڵکی چین هەمیشە منداڵەکانی خۆیان بەرەڵڵا دەکەن و لە سەر ڕێگا و بانەکان بە جێیان دێڵن، بەڵام ژمارەی دانیشتووان بەردەوام رووی لە زیاد بوونە. خەڵک لەسەریان پێویستە هەمیشە کار بکەن بۆ ئەوەی خۆراکێکی گونجاو بە دەست بێنن. دەوڵەت بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەیە هەموو بتوانن کار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە رەنج و ماندووبوونی خۆیان وەرگرن. ئەو شێوە حکومەتە زیاتر بە حکومەتێکی بنەماڵەیی دەچێ نەک حکومەتێکی مەدەنی.

ئەوەیە بارودۆخی ئەو حکومەتەی ئەو هەمووە باسی دەکەن. ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن دەیانەوێ بڵێن لە چیندا یاساکان لەگەڵ ئیستبداددا جێبەجێ دەکەن. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین هەر شتێک تێکەڵی ئیستبداد بێ، ئیتر هێزی نامێنێ.

ئیستبداد بێهودە دەیەوێ لە ژێر سایەی گوشار و توندوتیژیدا هۆکارەکانی بەدبەختی خۆی کەم کاتەوە و دەستخەرۆیان بکات، بەڵام غافڵە لەوەی هەر ئەو سنوور و کۆت و

بەندانە بۆ خۆیان دەبنە چەکێکی نوێ و ئیستبداد ترسناک تر لێ دەکەن.

کەواتە وڵاتی چین خاوەنی دەوڵەتێکی ئیستبدادییە کە بناغەکەی لەسەر ترس دامەزراوە. ڕەنگە لە سەردەمی بنەماڵە سەرەتاییەکانی پاشاکان کە هێشتا ئیمپراتۆریەتی چین هێندە پان و بەرین نەببوو، حکومەت لە گیانی ئیستبدادی دوور بووبێ، بەڵام ئەمڕۆ وا نییە(٥٤).

# پەیوەندی نێوان یاساکان و هێزی بەرگری

## بەشی یەکەم: وڵاتە کۆمارییەکان چۆن دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن؟

حکومەتە دیموکراسی و ئەرستۆکراتییەکان، ئەگەر باش بن یان خراپ، خاوەنی دوو کەم و کورین. عەیب و کەم و کورییەکەش لە ناخی حکومەتەکان دایە و بە هیچ جۆرێ لە ناو ناچێ. رەنگە بپرسن ئەو کەم و کورییە چییە، ئێستا باسی دەکەم:

ئەو دوو رژێمە ئەگەر وڵاتەکەیان بچووک بێ ئەوا بە هۆی زاڵبوون و پەلاماری هێزێکی دەرەکی بە زوویی لە ناو دەچن و ئەگەر پان و بەرین و گەورەش بن ئەوا بە هۆی کەم و کوریی ناوخۆیی هەرەس دێن.

ئەگەر مرۆڤ نەیتوانیبا حکومەتێک پێک بێنێ کە خاوەنی هەموو ئیمتیازات و باشییە ناوخۆییەکانی حکومەتی دەستووری بێ ئەوا مەترسی ئەوە سەری هەڵدەدا کە هەتا هەتایە لە ژێر حوکمی حکومەتی ئیستبدادیدا ژیان بەسەر بەرێ. مەبەستم لەو جۆرە حکومەتە، ئەو کۆمارە یەکگرتووانەیە کە ئەمرۆکە لە دونیادا دروست بوونە(٥٥). ئەو حکومەتە بە هۆی پەیمان بەستنی چەندین دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێ کە ئامادەن ببنە ئەندامی دەوڵەتێکی گەورەتر و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو دروست بکەن.

ئەو حکومەتە بەو کۆمپانیایە دەچێ کە لە چەندین کۆمپانیای بچووک پێکهاتبن، کۆمپانیا سەرەکییەکە بە هۆی ئەندامێتی کۆمپانیا تازەکان گەورەتر دەبێ و لەو رێگەیەشەوە دەتوانن هێزێکی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دابین بکەن و یەکێتییەکەیان بپارێزن.

هەر ئەو یەکگرتنە (حکومەتی یەکگرتوو) بوو کە توانی بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی یۆنان بەرەو پێشەوە ببات. هەر بەهۆی ئەم جۆرە یەکگرتنەوە رۆمییەکان توانیان پەلاماری هەموو جیهانی سەردەمی خۆیان بدەن، هەروەها حکومەتەکانی تریش هەر بە هۆی ئەو یەکگرتنەوە توانیان لە بەرامبەر هێز و دەسەڵاتی رۆمییەکاندا رابووەستن و بەرگری لە خۆیان بکەن. کاتێک رۆما گەیشتە لوتکەی مەزنی



و شکۆمەندی خۆی، نەتەوە بیابانشینەکانی پشت رووباری (دانوب) و (رن) لە ترسی رۆمانەکان ئەو یەکە یەکگرتووانەیان پێکهێنا و توانیان لە بەرامبەر رۆمانەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن.

هەر بەهۆی ئەم یەکێتییە سیاسییانەوەیە کە لە ئەورووپا، وەکو کۆماری ئەبەدی سەیری هۆڵەندی و ئەڵمانی و کانتۆنەکانی سویسرا، دەکرێ(٥٦).

لە سەردەمە کۆنەکاندا، یەکگرتنی شارەکان زۆر لە ئێستا پێویست تر بوو، چونکە هیچ شارێک بە تەنیایی خاوەن دەسەڵاتێکی تۆکمە و تەواو نەبوو و بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی گەورەدا بوون. ئەگەر هاتبا و لە لایەن هێزێکی بیانییەوە داگیر کرابا، جگە لەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەموو سامان و دارایی خۆیان لە دەست دەدا، ئەوا هێزە مرۆییەکانیشی لە ناو دەچوو و ئازادی و هەموو شتێکی ئەو شارە وێران دەبوو.

ئەو جۆرە کۆمارە سەرەڕای ئەوەی لە توانای دایە دژی هێزێکی دەرەکی بەرگری لە خۆی بکات، لە تواناشیدا هەیە پارێزگاری لە گەورەیی و پان و بەرینی خۆی بکا. بە بێ ئەوەی ناواخنەکەی تووشی گەندەڵی بێت و هێزی ئەو یەکگرتنە پێشی زەرەرو زیانەکان دەگرێ. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک بیەوێ دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ، ئەوا لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا خاوەنی دەسەڵات و ئیعتبار نابێ. ئەگەر بەشێکی کۆمارەکە زۆر بە هێز بێ و بیەوێ بەشەکانی تر ئابڵۆقە بدا و بیانخاتە تەنگژەوە و لەو رێگایەوە رکێفی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا ئەو بەشەی کە تا ئەو کات توانیویەتی ئازادی خۆی بپارێزێ، دەتوانێ پێشی بگرێ و لە بەرامبەریدا بەربەرەکانی بکا و لەبەر ئەوەی ئەم بەشە ئازادە خاوەن دەسەڵات و هێزێکی زیاترە، بەر لەوەی ئەو بەشە بتوانێ بە مەبەستەکانی خۆی بگا، لە ناوی دەبا و بەو شێوەیە ئاسایشی کۆمارەکە دەپارێزرێ.

ئەگەر لە نێو یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو یەکێتییەیەدا راپەڕینێک بەرپا ببێ ئەوا ئەندامەکانی تر دەتوانن سەرکوتی بکەن، هەروەها ئەگەر لە بەشێکدا زێدەڕۆیی یان کەمتەرخەمی لە کاروبارەکاندا ئەنجام درا ئەوا بەشە ساغلەمەکان دەتوانن چارەسەری بکەن.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو دەوڵەتە ئەوەیە ئەگەر بێتو لە لایەکەوە تووشی هەڵوەشانەوە و لە ناوچوون بێت ئەوا لە لایەکانی دیکەوە بە هێز و سەقامگیرە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێتی نێوان دەوڵەتەکان هەڵوەشایەوە ئەوا هەر کام لە ئەندامەکان دەتوانن لە پانتایی دەسەڵات و حاکمییەتی خۆیاندا فەرمانڕەوایی بکەن و ئەو هەڵوەشانەوەیە هیچ زەرەرو زیانێکی ئەوتۆیان پێ ناگەیەنێ. بە کورتی لەبەر ئەوەی

دەوڵەتی کۆماری یەکگرتوو، لە یەکگرتنی کۆمارە بچووکەکانەوە پێکهاتووە، دەتوانێ سوود لە دەستکەوت و باشییەکانی ناوخۆی حکومەتەکان وەرگرێ و لە هەمان کاتیشدا لە رووی هێزی دەرەکییەوە، بە هۆی هێز و دەسەڵاتی وڵاتە بەشداربوو و ئەندامەکانەوە سوود لە دەستکەوت و خاڵە ئیجابییەکانی حکومەتە دەستوورییە گەورەکان وەربگرێ.

## بەشی دووەم: پێویستە حکومەتی یەکگرتوو لەو دەوڵەتانە پێک بێت کە هەموویان خاوەن هەمان سروشتی تایبەتی حکومەتی کۆمارین

هۆی لە ناوچوونی کەنعانییەکان ئەوە بوو، خاوەن سەڵتەنەتی بچووک بوون و یەکیان نەگرت و لە ریزێکی یەکگرتوودا بەرگریان لە خۆیان نەکرد. پێویستە ئەوە بزانین کە ماهییەتی پاشایەتییە بچووکەکان لەگەڵ یەکێتی دەوڵەتەکاندا جیاوازی هەیە.

کۆمارە یەکگرتووەکانی ئەڵمانیا لە شاری ئازاد و دەوڵەتی بچووک پێک هاتوون و هەردووکیان سەر بە پاشان.

لەبەر ئەوەی رۆحی حکومەتی پاشایەتی مەیلی بەرەو فراوانکردنی پانتایی دەسەڵاتداری خۆی هەیە و ئەوەش رۆحی جەنگ زاڵ دەکات، بە پێچەوانەشەوە رۆحی حکومەتی کۆماری لایەنگری میانڕۆیی و ئاشتییە، هەر بۆیە ئەو دوو جۆرە حکومەتە بە هیچ جۆرێک ناتوانن لە ناو حکومەتێکی یەکگرتووی گەورەدا بە یەکەوە بگونجێن–مەگەر بە زۆر. ئەگەر سەیری مێژووی رۆمانەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ چۆن کاتێ «وی ین»ەکان ویستیان پاشا بۆ خۆیان هەڵبژێرن هەموو کۆمارە بچووکەکانی «تسکان» لێیان جیابوونەوە و بەجێیان هێشتن، هەروەها کاتێ پاشاکانی مەقدۆنییە لە نێو «ئامفیکتیون»ەکانی یۆناندا سەقامگیر بوون، چۆن هەموو شتێک بەرەو نەمان چوو.

بەڵام هۆی بەردەوامیی کۆماری یەکگرتووی ئەڵمانیا کە لە یەکێتی نێوان شازادە و شارە ئازادەکان پێکهاتووە ئەوەیە کە تەنیا یەک سەرۆکیان هەیە. ئەو سەرۆکە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتداری کۆمارە یەکگرتووەکانە، لە هەمان کاتیشدا پاشای کۆمارە یەکگرتووەکەیە.

## بەشی سێهەم: هەندێ فاکتەری پێویستی تر بۆ کۆمارە یەکگرتووەکان

لە کۆماری هۆڵەندا هیچ ویلایەتێک نەیدەتوانی بەبێ رەزامەندی ویلایەتێکی تر پەیمانی یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتێکی بیانی ببەستێ. بەکارهێنانی ئەم بیرۆکەیە بۆ کۆماری یەکگرتوو زۆر باش و تەنانەت پێویستیشە. لە دەستووری ئەڵمانیدا ئەو رێسایە نییە،



بەڵام ئەگەر هاتباو ئەو بیرۆکەیەیان لە دەستووری خۆیاندا چەسپاندبا ئەوا پێشی هەموو جۆرە کارەسات و رووداوێکی دەگرت کە لەوانەیە بە هۆی گوێپێنەدان یان پاوانخوازی یان تەماعکاری یەکێک لە ئەندامەکانی کۆمار سەرهەڵبدا، چونکە ئەو کۆمارەی بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی سیاسی لەگەڵ کۆمارەکانی دیکەدا یەکدەگرێ، هەموو شتێکی خۆی بە کۆماری یەکگرتوو دەسپێرێ و هیچ سەلاحیات و دەسەڵاتێک بۆ خۆی ناهێڵێتەوە، نەکا ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنان یان گەندەڵی بەڕێوەبردن.

ئەو دەوڵەتانەی کۆماری یەکگرتوو پێک دێنن هەموویان لە رووی گەورەیی و هێزەوە وەکو یەکتر نین هەر بۆیە پێویستە ماف و دەسەڵاتیان لە یەکێتیی سیاسیدا بە پێی بارودۆخی وڵاتەکەیان بێ. کۆماری «لیسی» لە بیست و سێ شار پێکهاتبوو کە هەندێکیان گەورە و هەندێکی تریان نێونجی و بەشێکیشیان بچووک بوون. لە ئەنجوومەنی گشتیدا شارە گەورەکان سێ دەنگیان هەبوو و شارە نێونجییەکان دوو دەنگ و شارە بچووکەکانیش تەنیا خاوەنی یەک دەنگ بوون و باجیشیان بە پێی ژمارەی دەنگەکان دیاری دەکرد. هەروەها دادوەر و حاکمی شارەکان هەر بەو رێژەیە لە لایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە هەڵدەبژێردران. ئەگەر بیانەوێ نموونەی تەواو و جوانی کۆمارێکی یەکگرتوو دیاری بکەن، ئەوا من کۆماری لیسی هەڵدەبژێرم.

بەڵام کۆماری هۆڵەندا کە لە حەوت ویلایەت پێکهاتووە، هەر ویلایەتە و خاوەنی یەک دەنگە و ناتوانن بە پێی ئەو رێژەیەی ئاماژەمان پێکرد دەنگەکان دیاری بکەن، چونکە پێویستە هاوسەنگی هێزەکانی خۆیان لەبەر چاو بێ. دادوەر و حاکمە سیاسییەکانیش لە لایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە دیاری ناکرێن بەڵکو شارەکان بۆ خۆیان بەڕێوەبەری خۆیان هەڵدەبژێرن.

## بەشی چوارەم: دەوڵەتە ئیستبدادییەکان چۆن ئاسایشی خۆیان دەپارێزن

لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا سیاسەتی پاراستنی ئاسایش بە پێچەوانەی دەوڵەتە کۆمارییەکانە. واتە ئەوان بە هۆی بەش بەش کردن و لێک جیاکردنەوەی بەشەکانی وڵات ئاسایشی خۆیان دەپارێزن. بۆ نموونە ئامادەن بەشێکی وڵات بکەنە قوربانی پاراستنی ئاسایشی بەشێکی تر. سنوورەکان تێکوپێک دەدەن و وەکو بیابانی وشکیان لێدەکەن بۆ ئەوەی دەستیان بە پایتەخت ڕانەگا. لە نێو ئەو دەوڵەتەدا، ئەوەی کە لەوانەیە دوژمنێکی خوێنمژ لە دژی ئەنجامی بدا بۆ خۆی دژی خۆی ئەنجامی دەدا و دوژمنێکی باوەکوشتەی

خۆیەتی کە هیچ شتێک ناتوانێ رێ لێ بگرێ.

لە ئەندازیاریدا سەلماوە هەرچەندە رووبەری تەنەکان بەرین و گەورە تر بێ ئەوا دووریی نێوان خالّی سەر هێلّەکانی دەوروبەری کەمتر دەبێ. کەواتە سیاسەتی جیاکردنەوە و لەت و پەت کردنی سنوورەکان زیاتر لە ولاّتە گەورە ئیستبدادییەکاندا شایەنی پاساو بۆ هێنانەوەیە نەک لە ولاّتە نێونجی و بچووکەکاندا.

دەولّەتە ئیستبدادییەکان لە رێگای جۆرە جیاکردنەوەیەکی دیکەش دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن. واتە ویلایەتە دوورەکانی ولاّت بەو شازادانە دەسپێرن کە پەیڕەوی لە سیاسەتی حکومەتی ناوەندی دەکەن.

مغۆلەکان، ئێرانییەکان، چینییەکان لە بەرێوەبردنی ولاّتدا سوود لەو سیاسەتە وەردەگرن و ئەو حاکمانە دادەمەزرێنن کە پەیڕەوی لە حکومەتی ناوەندی دەکەن، هەروەها تورکەکانیش بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتێکی گونجاویان بەکارهێناوەو توانیویانە لە نێوان خۆیان و دوژمنەکانیان واتە خێلّی تەتەر، مولداڤ، ڤالاک، ترانسیلڤانیدا سوود لەو جۆرە حاکمانە وەربگرن و خۆ لە مەترسی و هەڕەشەی ئەو خێلاّنە بپارێزن.

## بەشی پێنجەم: حکومەتە دەستوورییەکان چۆن ئاسایشی خۆیان دەپارێزن

حکومەتی دەستووری وەکو حکومەتی ئیستبدادی هەولّ نادا بۆ لە ناوبردن و وێران کردنی خۆی. بەلاّم بۆ بەرگریکردن لە خۆی و سنوورەکانی ولاّت پێویستە خاوەنی قەلاّی سەخت و شوورەی قایم بێت. هەروەها دەبێ بۆ بەرگریکردن لە قەلاّو شوورەکان خاوەن لەشکرێکی ئەوتۆ بێ کە بچووکترین بەشەکانی خاکی ولاّت بەو پەڕی دلێری و ئازایەتی و هەنگاوی قورس و جوامێرانەوە بپارێزێ. چونکە لەوانەیە ئەو ولاّتانەی رووبەری خاکەکەیان مامناوەندییە بکەونە بەر پەلامار و داگیرکردن. دەولّەتە ئیستبدادییەکان لە بەرامبەر یەکتردا لە پلانگێری دان و هەمیشە لە بیری هێرش و پەلامار دان بۆ سەر یەکتری، بەلاّم سیفەتی شەڕکردن و جەنگان بە حکومەتی دەستوورییەوە لکاوە.

لە ولاّتە دەستوورییەکاندا پێویستە سنوورەکانی ولاّت بە هۆی قەلاّو شووره بپارێزرێن. بەلاّم ولاّتە ئیستبدادییەکان لە بوونی قەلاّو شووره دەترسێن و ناوێرن بە کەسیان بسپێرن. چونکە هیچ کەسێک دەولّەت و پاشای زۆردار و سەرەڕۆی خۆش ناوێ.



## بەشی شەشەم: هێزی بەرگری دەولّەتەکان

بۆ ئەوەی دەولّەتێک بە هێز بێ ئەوا پێویستە رووبەری خاکەکەی بە ئەندازەیەک بێ کە لە نێوان هێرش بۆ کردن و خێرایی بەرگری لێکردندا هاوسەنگییەک دروست ببێ. لەبەر ئەوەی لەوانەیە پەلاماردەر لە هەموو شوێنێکی ولاّتەوە سەر دەربێنێ، هەر بۆیە پێویستە هێزەکانی بەرگریش بتوانن لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بن. کەواتە رووبەری مامناوەندی باشترین شێوەیە بۆ ولاّت، چونکە لەگەلّ ئەو خێرایی گواستنەوەی کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە دەتوانرێ هاوسەنگییەک بکرێ. فەڕەنسا و ئیسپانیا خاوەن رووبەرێکی لەم جۆرەن، چونکە هێزەکانی دەولّەت لە هەموو شوێنە جیاوازەکانی ولاّتدا پەیوەندییان لەگەلّ یەکتردا هەیە و بۆ هەر شوێنێک بیانەوێ دەتوانن لە کەمترین ماوەدا خۆ بگەیەننە یەکتری. دەتوانن سنوورەکان ببڕن و هیچ باکیان بەو رێگر و ئاستەنگانە نییە کە دەبێتە هۆی لە دەست دانی کات.

لە فەڕەنسا پایتەخت لەسەر سنووری ولاّتە،[٥٧] بە تایبەتی ئەو سنوورانەی مەترسی هەڕەشە و پەلاماردانیان لێدەکرێ. پاشا هەموو ئەو ناوچانەی لەبەر چاوە کە لەوانەیە بکەونە بەر هێرش و پەلاماردان. بەلاّم ئەگەر بێتو ولاّتێکی پان و بەرینی وەکو ئێران هێرشی بکرێتە سەر بۆ کۆکردنەوەی هێزە پەرش و بلاّوەکانی دەوروبەر کاتێکی زۆری دەوێ و ناتوانن لە ماوەیەکی کورتدا (پازدە رۆژ) کە ئێمە دەتوانین لەشکری خۆمان بگەیەنینە سنوورەکان، ئەوان لەشکری خۆیان بە خێرایی بگەیەننە شوێنی مەبەست. هەر بۆیە ئەگەر هاتوو لەشکر لەسەر سنوورەکان تێک شکا لەبەر ئەوەی شوێنی پاشەکشەی نزیک نییە و هاوکارییەکانیشی درەنگ بە دەست دەگا، تووشی پەرتەوازەیی و پەڕاگەندەیی دەبێ. سوپای هێرشکەریش کاتێ هیچ چەشنە بەرگری و بەرەنگارییەک لە بەردەم خۆی نابینێ، بەخێرایی بەرەو پێشەوە هێرش دەکاو دەگاتە پایتەخت و داگیری دەکات، لە کاتێکدا کە فەرماندەیی ویلایەتەکان تازە وەخەبەر دێن و دەکەونە بیری ئەوەی یارمەتی بۆ هێزەکانی خۆیان بنێرن.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، ئەو کەسانەی چاوەڕوانی هەلّگیرسانی شۆڕشەکان دەکەن بە ملکەچ نەبوون و پەیڕەوی نەکردن لە بڕیارەکانی ناوەند، هەلّگیرسانی شۆڕش بە پەلەتر دەخەن. چونکە هەروەک ئاشکرایە ترس یەکێک لە هۆکارەکانی ملکەچیی حاکمەکانە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی و لە کاتی هێرش و پەلاماری هێزێکی دەرەکیدا کە مەترسی سزادان و تەمێکردن هەڕەشەیان لێناکات، بۆ بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان هەولّ دەدەن و پابەند نابن بەناوەندەوە. ئیدی ئەو کاتەیە کە پایتەخت داگیر

دەکرێ و ئیمپراتۆریەت هەڵدەوەشێتەوە و هێزی پەلامارەدەری دەرەکی بە مەبەستی داگیرکردنی ویلایەت یان هەرێمەکان دەکەوێتە جەنگەوە.

دەسەڵات و هێزی پاشا لەوەدا نییە کە بە ئاسانی بتوانێ وڵاتەکەی فراوان بکا، بەڵکو لەوە دایە کە بە زەحمەت و گیروگرفتێکی زۆرەوە بتوانرێ هێرشی بکرێتە سەر. دەسەڵاتی راستەقینە لەوە دایە کە مەسەلەی دەسەڵات بەردەوام نەگۆڕێ، دەنا گەورەبوونی دەوڵەتێک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کون و کەلەبەر و لاو گۆشەنیگای نوێ کە دەبنە هۆی وێرانبوون و لە ناوچوونی دەوڵەت و هەر لەوێوە زۆر بە ئاسانی دەکرێ هێرش بکرێتە سەر دەوڵەت و داگیر بکرێت.

کەواتە ئەگەرچی پێویستە پاشاکان خاوەنی عەقڵ بن بۆ ئەوەی پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن، دەبێ خاوەنی سڵکردنەوە و خۆپاراستنیش بن بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. کاتێک دەیانەوێ کەم و کورییەکانی وڵات چارەسەر بکەن یان وڵات فراوان بکەن، پێویستە ئاگادار بن و زەرەرو زیانەکانی فراوان بوون و پان بەرینیش وەبەرچاو بگرن.

## بەشی حەوتەم: هەندێ بیروڕا (لەمەڕ نەخشەکەی لویسی چواردە)

هەندێ لەو مێژوونووسانەی کە لە سەردەمی لویسی چوارددا ژیاون و زۆربەشیان فەرەنسی نەبوون، بە هۆی ئەو هەست و ترسەی لە دەسەڵاتی لویسی چواردەیان هەبووە، وتویانە ئەو پاشایە نیازی وا بووە کە گشت کیشوەری ئەوروپا داگیر بکا و یەک پاشایەتی تێدا دابمەزرێنێ.[٥٨] ئەگەر وا دابنێین ئەو قسەیە راستیشە و ئەو پاشایە خەیاڵێکی ئەوتۆی لەسەردا بووە، ئەوا دەبێ خۆشحاڵ بین کە ئەو پاشایە نەیتوانیوە بەو ئامانج و مەبەستە بگات، چونکە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشە و پیلانە نەک تەنیا بۆ کیشوەری ئەوروپا بەڵکو بۆ خودی فەرەنساو بەتایبەتی بۆ نەتەوەکەی زەرەرو زیانی گەورەی لێدەکەوتەوە. وەک بڵێی خودای فەرەنسا کە باشتر لە عەقڵ و زانیارییەکانی پاشا ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی وڵات بووە، لە هەندێ جەنگدا لویسی چواردەی تووشی تێک شکان کردووە و رێی لە بەجێگەیاندنی مەبەست و نیازەکانی گرتووە و لە جیاتی ئەوەی بیکاتە پاشای هەموو ئەوروپا، لە فەرەنسادا بە هێز و دەسەڵاتداری کرد، بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە بتوانێ زۆر زیاتر خزمەتی فەرەنسا بکا، چونکە گەلی فەرەنسا گەلێک نەبوو بتوانێ تا دوایین هەناسە یارو یاوەری مەبەست و نیازەکانی پاشا بێ کە دەیویست کیشوەری ئەوروپا داگیر بکات.



فەرەنسییەکان ئەگەرچی حەزیان لە شانازی و شکۆمەندییە، بەڵام هەر کە لە فەرەنسا چوونەدەر، گەورەترین ئاواتیان ئەوەیە بگەڕێنەوە وڵات بۆ ئەوەی سوود لە چێژ و خۆشییەکانی وڵاتی خۆیان وەرگرن. تاکی فەرەنسی لە توانایدا هەیە لە بەرامبەر مەترسی و هیلاکیدا خۆی راگرێ بەڵام هیچ کات ناتوانێ دەست لە خۆشگوزەرانی و لەزەت هەڵگرێ و هیچ شتێکی لە شادی و بەختەوەری خۆی پێ خۆشتر نییە و تێکشکان لە جەنگدا هێندە کاریگەریی لەسەردانانێ و بە پۆڵێنکردنی فەرمانده و سەردارەکانی دڵی خۆی خۆش دەکات. تاکی فەرەنسی هیچ کاتێ لە توانایدا نییە کارێک بە تەواوی بە ئەنجام بگەیەنێ و هیمەت و لە خۆبردوویی نییە. داگیرکردنی ئەوروپا پێویستی بە فیداکاری و لە خۆبردوویی هەیە و دەبوایە فەرەنسییەکان لە گشت جەنگەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنن، چونکە ئەگەر هاتباو لە وڵاتێکدا تێک بشکانایە، خەون و خەیاڵی داگیرکردنی ئەوروپا دەبووە بڵقی سەر ئاو و ئەگەر تاکە بازنەیەکی زنجیرەی داگیرکارییەکان بپسایە ئەوا هەموو شتێک لەناو دەچوو. کەواتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە مایەی خۆشحاڵییە کە لویسی چوارده نەیتوانی بە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بگات.

## بەشی هەشتەم: ئەگەر هێزی بەرگری وڵات لە هێزی هێرش کردن کەمتر بێ؟

سێر دو کوسی بە شارڵی پێنجەمی وت: «هیچ کاتێک ئینگلیزەکان وا بە ئاسانی تێک ناشکێنرێن و لاواز ناکرێن، تەنیا کاتێک نەبێ، ئەویش ئەگەر بێتو لە وڵاتی خۆیاندا هێرشیان بکرێتە سەر.»

هەر ئەو بابەتە بووە هۆی تێکشکانی کارتاژەکان و لەناوی بردن. ئەو قسەیە لەسەر رۆمانەکانیش وە راست دەگەڕێ. هەر دەوڵەتێک بیەوێ لەشکری خۆی بۆ دەرەوە بنێرێ تووشی ئەو بارودۆخە دەبێ، چونکە لەو حاڵەتەدا پێویستە ئەو کەسانەی بە هۆی بەرژەوەندی سیاسی و مەدەنییەوە لە ناوخۆی وڵاتدا دووچاری ململانێ و پێکدادان بووین، بە زەبری نەزم و دەسەڵاتی سەربازی بەرەو یەکگرتن هان بدرێن و ئەو بارودۆخەش بەردەوام دەبێتە هۆی لاواز کردنی دەوڵەت. هەم یەکێتی و هەم هێرشکردن بۆ دەرەوە رۆژ لە دوای رۆژ دەوڵەتەکە بەرەو لاوازی و بێ هێزی دەبات.

ئامۆژگارییەکەی سێر دو کوسی ریزپەڕێکە لەو رێسا گشتییەی کە دڵێ نابێ لە

شوێنە دوورەکاندا جەنگ بکرێ و ئەو ریزپەڕە دان بە ڕاستی ڕێساکە دادەنێ، چونکە بەسەر ئەو نەتەوانەدا تاقی کراوەتەوە کە بۆ خۆیان بە پێچەوانەی ئەو ڕێسایە ڕەفتاریان کردووە.

## بەشی نۆیەم: هێزی ڕێژەیی دەوڵەتێک

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە هەموو مەزنی و شکۆمەندییەک، هەموو هێز و توانایەک، ڕێژەییە. دەبێ باش سەرنجی ئەوە بدەین کاتێ بۆ پەرەدان بە گەورەیی و شکۆمەندی راستەقینەی وڵات هەندێ مەرایی ئەنجام دەدرێ، نابێ لە مەزنیی ڕێژەیی وڵات کەم بکرێتەوە.

لە ناوەڕاستەکانی پاشایەتی لویسی چواردە کە فەڕەنسا گەیشتبووە لوتکەی شکۆمەندی و گەورەیی خۆی، ئەڵمانیا هێشتا نەببووە خاوەنی ئەو پاشا مەزنانەی کە پاشتر وەدەستی هێنان. ئیتالیاش هەر ئەو بارودۆخەی هەبوو. هێشتا ئینگلتەرا و واکس یەک پاشایەتییان پێک نەهێنابوو و زۆر لاواز بوون.

ئەراگۆن و کاستیل یەکیان نەگرتبوو. ئەو بەشانەی لە ئیسپانیا جیا ببوونەوە زۆر لاواز بوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بێ هێزتر دەبوون. جگە لە وڵاتی کریمە بە هیچ جێگایەکی تریان نە دەگوت روسیا. بەڵام ئەمڕۆ کە بارودۆخەکە بەم جۆرە نەماوە، شکۆمەندی و مەزنیی ڕێژەیی فەڕەنسا لە بەرامبەر وڵاتەکانی دیکەدا کەم بۆتەوە.

## بەشی دەیەم: لاواز بوونی دەوڵەتە دراوسێکان

کاتێ دەوڵەتێکی گەورە، دەوڵەتە هاوسێیەکەی بەرەو نەمان دەچێ پێویستە زۆر بەجددی ڕێ لە هەڵوەشانەوە و لە ناوچوونی بگرێ و هەوڵ نەدا زیاتر لاوازی بکات، چونکە ئەو بارودۆخە و لاوازیی دەوڵەتی هاوسێ (لە ڕووی سنوورەوە) بۆ دەوڵەتە گەورەکە هەلومەرجێکی لە بار پێکدەهێنێ و ئەگەر دەوڵەت و پاشا بزانن سوود لەو بارودۆخە وەرگرن ئەوا باشترین هەلومەرجیان بۆ ڕەخساوە. هەموو دەوڵەتێکی گەورە دەبێ حەز لەوە بکا کە هاوسێیەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێ و لە هەڕەشە و ناخۆشییەکانیدا بەشدار بێ و لە جیاتی ئەو بەرگری لێبکات. ئەگەر بیەوێ دەست بەسەر ئەو وڵاتە لاوازەدا بگرێ یان ئەو وڵاتە لاوازە لە لایەن وڵاتێکی ترەوە داگیر بکرێ، بە هیچ جۆرێ لە بەرژەوەندی وڵاتە هاوسێیەکاندا نییە و دەسەڵات و هێزی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتانە پەرە ناستێنێ بەڵکو دەبێتە هۆی لاواز کردنی هێز و دەسەڵاتی ڕێژەیی، چونکە لەوانەیە پاش



لە ناوچوونی دەوڵەتە لاوازەکە، دەوڵەتێکی بەهێز جێگای بگرێتەوە و ببێتە هاوسێی و بەردەوام مایەی هەڕەشە و مەترسی بێت.

# پەیوەندی نێوان یاساکان و هێزی هێرش

## بەشی یەکەم: هێزی هێرشبەری

هێزی هێرشبەری بە هۆی بەرقەراریی یاسای نێو نەتەوەیی لەهەموو وڵاتەکاندا پێکدەهێنرێ کە یاسای سیاسیی نەتەوەکان بە هۆی پێویستبوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا ڕێکی دەخەن.

## بەشی دووەم: جەنگ

ژیانی نەتەوەکانیش وەکو ژیانی تاکەکەسەکانە. مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە لە حاڵەتی بەرگریکردن لە وجوودی خۆی، تووشی کوشتن بێ و هێرشبەر بکوژێ. چونکە ئەو ژیانەی بە هۆی پەلاماردرانەوە دەخرێتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە هی ئەوە، هەروەک چۆن ژیانی ئەو کەسەی هێرشی کردووە و بۆتە هۆی نانەوەی ترس، هی ئەوە! نەتەوەکانیش مافی ئەوەیان هەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان شەڕ بکەن، چونکە چۆن دەوڵەت و نەتەوەی هێرشبەر بەها بۆ وجوود و پارێزراو بوونی خۆی دادەنێ، هەموو نەتەوەکانی تریش مافی ئەوەیان هەیە پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن.

بەڵام لە نێو تاکەکاندا مافی بەرگریی سروشتی نابێتە هۆی زەرووەرەتی هێرشی پێچەوانە بەڵکو لە جیاتی ئەوە، پێویستە تاکەکان پەنا بۆ بەر دادگاکان بەرن. کەواتە لەو حاڵەتەدا تاکەکان سوود لە مافی بەرگریی سروشتی وەرناگرن؛ تەنیا لە کاتێکدا ئەگەر پەلامار و هێرشەکە لە ناکاو بێت و دەست ڕاگەیشتن بە هێزەکانی ئاسایش و چاوەڕوان کردنی کۆمەکی یاسا ببێتە هۆی لە ناوچوون، ئەوا لەم حاڵەتەدا تاکەکان مافی هێرشی پێچەوانەیان هەیە. بەڵام سەبارەت بە نەتەوەو کۆمەڵە جیاجیاکان مافی بەرگریی سروشتی هەندێ جار دەبێتە هۆی پێویستبوونی هێرش کردن. واتە ڕەنگە لە هەندێ کاتدا ئاشتییەکی دوورو درێژ نەتەوەی بەرامبەر زۆر بە هێز بکا و وای لێبکات بتوانێ بە ئاسانی نەتەوەیەکی تر لە ناو بەرێ، لەو حاڵەتەدا هێرشکردن تاکە ڕێگای پێشگرتنە لە لەناوچوون. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە لە نێوان نەتەوە و قەومە جیاوازەکاندا مافی



بەرگریی سروشتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هێرش.

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگا بچووکەکان لە کۆمەڵگا گەورەکان زۆرتر دەتوانن سوود لەو مافە وەرگرن واتە زۆرتر مافی جەنگ کردنیان پێ ڕەوا دەبینرێ. چونکە ئەوان زۆر زیاتر لە لەناوچوون دەترسێن و لەوانەیە زووتر بکەونە ژێر دەستدرێژی نەتەوە گەورەکان. کەواتە مافی جەنگ دەرئەنجامێکی پێویست و گرنگە بۆ پاراستنی عەدالەت.

ئەگەر ئەو کەسانەی جێگای متمانەی پاشاکانن و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرێ یان ئەو کەسانەی ڕێنوێنی ئەنجوومەنی پاشایی دەکەن یان مامۆستا و ڕێبەری هزر و بیرو بۆچوونیانن، بە توندی پێ لەسەر ئەو بیروبۆچوونە دانەگرن ئەوا ئەو وڵاتە بەرەو نەمان و هەڵدێر دەڕوات و هەموو شتێکی لە دەست دەچێ. هەروەها ئەگەر بێتو لە جیاتی بەرژەوەندی وڵات پاڵ بە هەندێ بنچینەی سەرەڕۆیانەوە بدرێ و هەندێ شانازی و پاکی و بەرژەوەندی سەرنجی گەورە پیاوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و چاو لە بەرژەوەندییە مەزنەکانی وڵات بپۆشن و کەمتەرخەمی بکەنە پیشەی خۆیان، ئەوا تووشی جەنگی ئەوتۆ دەبن کە لافاوی خوێن هەڵدەستێ.

نابێ باسی شانازییەکانی پاشا بکەین، چونکە شانازییەکەی تەنیا بریتیە لە غورور و خۆبەزلزانی و ئەوەش بچووکترین مافی مەشروعی پاشا نییە و تەنیا خۆ نواندن و ملکەچبوونیەتی بۆ حەز و ئارەزووەکانی. ڕاستە ناوبانگ و دەسەڵات و توانای پاشا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەوڵەت، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە ناوبانگی عەدالەتی پاشاش هەر بەو ڕادەیە هێزی دەوڵەت زیاتر دەکات.

## بەشی سێهەم: مافی داگیرکردن

مافی جەنگ دەبێتە هۆی پێکهێنانی مافی داگیرکردن، واتە مافی داگیرکردن سەرچاوەکەی مافی جەنگە. کەواتە مافی داگیرکردن پێویستە پەیڕەوی لە ڕۆحی یاساکانی جەنگ بکات.

کاتێک نەتەوەیەک داگیر دەکرێ، نەتەوەی داگیرکەر چوار ئەرکیدەکەوێتە سەر شان کە پێویستە جێبەجێیان بکا و هەر کامێکیشیان خاوەن هەندێ بنچینە و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیەتی و دەبێ پارێزگارییان لێبکرێ:

**یەکەم**: پاراستنی یاسای سروشتی، کە بە پێی ئەو بنچینەیە دەبێ هەموو شتێک لە خزمەتی پاراستنی وجوودی مرۆڤدا بێ.

**دووەم:** پاراستنی یاسای هاوسۆزیی سروشتی، کە بە پێی ئەو بنچینەیە پێویستە ئەوەی بە خۆمانی ڕەوا دەبینین بە خەڵکانی تریشی ڕەوا ببینین.

**سێهەم:** ئەو یاسایانەی کۆمەڵگا سیاسییەکان پێک دێنن و بە جۆرێکن کە سروشت ماوە و تەمەنی بەردەوامبوونیانی دیاری نەکردووە، دەبێ ڕێزیان بگیرێ و بپارێزرێن.

**چوارەم:** پاراستنی ئەو ڕێسا و بنچینانەی کە لە خودی مافی داگیرکردنەوە سەرهەڵدەدەن. چونکە هەروەک ئاشکرایە داگیرکردن لە پێناوی کۆکردنەوە و بە دەستهێنانە و ڕۆحی هەبوون و خاوەندارێتی، لە ناخی خۆیدا هەڵگری ڕۆحی پاراستن و بەکارهێنانە بە شێوەیەکی چاک و سوودمەند، نەک ڕۆحی وێرانکردن و تێکوپێک دان. کەواتە داگیرکار لەسەری پێویستە پارێزگاری لەو شوێنە بکا کە داگیری کردووە و بە شێوازێکی چاک و گونجاو سوودی لێ وەرگرێ.

ئەگەر دەوڵەتێک، وڵاتێک داگیر بکا، ئەوا ڕەفتاری لەگەڵ وڵاتی داگیرکراو وەکو یەکێک لەو چوار شێوازەی خوارەوە دەبێ،

**یەکەم:** حکومەتەکە بە پێی بنچینەو یاساکانی خۆی بەڕێوە دەچێ و تەنیا سیاسەتی دەرەوە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی داگیرکار.

**دووەم:** حکومەتێکی سیاسی و مەدەنی نوێی تێدا دادەمەزرێ.

**سێهەم:** دانیشتووانەکەی بەسەر هەموو لایەکی وڵاتدا پەرش و بڵاو دەکرێن.

**چوارەم:** بە پێی ڕێوشوێن و نەریتی سەردەمە کۆنەکان هەموو خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکە لە ناو دەبرێن.

شێوازی یەکەم بریتییە لە یاسای نێو نەتەوەیی و ئەو نەریتەی ئەمڕۆکە ئێمە پەیڕەوی لێ دەکەین و شێوازی چوارەم بریتییە لە یاسای نێو نەتەوەیی و پڕەنسیپی سەردەمی ڕۆمانەکان. لەو دوو حاڵەتەوە دەتوانین ئەوە دیاری بکەن کە مرۆڤایەتی چەندە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەرەو باشتر چووە. پێویستە لەو پەرەسەندنە فیکرییەدا خۆمان بە قەرزداری عەقڵ و فەلسەفە و ئایین و داب و نەریتەکان بزانین کە لەم سەردەمەدا بە هۆی هەوڵی زاناو بیرمەندەکان هاتۆتە ئاراوەو ئێمەی ڕێنوێنی کردووە.

بیرمەندانی «مافی گشتی» کە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر بنەمای مێژووە کۆنەکان دارشتووە، تووشی هەندێ هەڵەو لاڕێیی بوونە و هەندێ مافی سەرەڕۆیانەیان بە داگیرکاران بەخشیوە و پێیان وایە داگیرکار مافی ئەوەی هەیە هەرچی پێی خۆشە ئەنجامی بدات و ئەو جۆرە بیروبۆچوونەش گەلێک دەرئەنجامی ترسناکی لێکەوتۆتەوە و وەکو خودی پڕەنسیپ و بنچینەکانی ئەو دەرئەنجامانە، تۆقێنەرن. نازانم چۆن چۆنی ئەو مافەیان بە



داگیرکار بەخشیوە؟! تەنانەت خودی ئەو داگیرکارانەی کە بڕێک هەست و سۆز و ویژدانیان هەیە، ئەو پڕەنسیپ و ڕێوشوێنانەیان بە کارنەهێناوە. چونکە ئاشکرایە کاتێ شوێنێک داگیر دەکرێ، ئیتر داگیرکار مافی خەڵک کوشتنی نییە، لەبەر ئەوەی ئیدی لە حاڵەتی بەرگریی سروشتی و پاراستنی گیانی خۆیدا نییە.

هۆکاری سەرەکی بۆچوونی ئەو بیرمەندانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی داگیرکار مافی ئەوەی هەیە کۆمەڵگای داگیرکراو لە ناو ببا، کەواتە مافی ئەوەشی هەیە ئەو کەسانەی کۆمەڵگاکەشیان پێکهێناوە لە ناو ببات، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە ڕاست نییە و دەرئەنجامێکی هەڵەیە کە لە پڕەنسیپێکی هەڵەوە وەرگیراوە، چونکە **کۆمەڵگا بریتییە لە یەکێتی نێوان تاکەکان، نەک خودی تاکەکان**. بە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵگاوە ئەو دەرئەنجامە نایەتە دەست کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگاش لە ناو بچن.

لەوانەیە نەتەوە و کۆمەڵگا لە ناو بچێ بەڵام تاکەکەس و خەڵکی ناو کۆمەڵگاکە هەر بمێنن. کەواتە داگیرکار پاش داگیرکردنی وڵاتێک مافی لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگا داگیرکراوەکەی نییە.

سیاسییەکان مافێکی بێ بناغە و ناڕەوای دیکەشیان بۆ داگیرکار داناوە کە سەرچاوەکەی مافی کوشتنە لە کاتی داگیرکردن و ئەویش بریتییە لە مافی بە کۆیلەکردنی نەتەوەی داگیرکراو. ئەو دەرەنجامەش وەکو پڕەنسیپ و بنچینەکەی ترسناک و هەڵەیە. داگیرکار مافی کۆیلەکردنی خەڵکی نییە تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێ و ئەویش لە کاتێکدا ئەو کارە بۆ پاراستنی وڵاتە داگیرکراوەکە پێویست بێ، چونکە لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی خودی نەتەوە داگیرکراوەکە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە پاراستنی وڵاتە داگیرکراوەکە پێویستی بە کۆیلایەتی خەڵکەکەی نییە و ئەگەر کۆیلەیی گەلە داگیرکراوەکە درێژە بکێشێ ئەوا بە پێچەوانەی سروشتی مەسەلەکەیە و نەتەوە کۆیلەی ڕەعیەتە، لە کاتێکدا کۆیلەیی و دیلی لە کاتی داگیرکردندا کاتەکییە، چونکە کاتێک پاش ماوەیەک بەشە جیاجیاکانی دەوڵەتە داگیرکراوەکە بە هۆی تێکەڵاوبوونی داب و نەریت و ژنخوازی و یاسا و یەکێتی و گونجانی ڕۆحی، یەکیان گرت ئیتر دیلی و کۆیلایەتی دەوام ناهێنێ و پێویستە کۆتایی پێ بێ.

هەروەها لەبەر ئەوەی مافی داگیرکردن سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو شتانە لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بوونیان نەبووە و نەتەوەی داگیرکار و داگیرکراو بە چەشنێک لە یەک دوور بوونە کە هیچ متمانەیەکیان بە یەک نەبووە، هەر بۆیە ئەو نەتەوە داگیرکارەی دەست بەسەر گەلێک دادەگرێ و کۆت و بەندی دیلی و کۆیلایەتی لە گەردن

دەکات، پێویستە خاوەنی ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆر بێ بۆ ئەوەی بتوانێ نەتەوە داگیرکراوەکە لە کۆیلەیەتی رزگار بکات.[٥٩]

من ئەو قسەیە لە خۆڕا ناکەم، بەڵکو باب و باپیرانی ئێمە کاتێ ئیمپراتۆریەتی رۆمەکانیان داگیرکرد هەر بەم جۆرە رەفتاریان کرد. ئەو یاسایەی لە کاتی کار و لە سەردەمی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ و لەو پەڕی توندڕەویی و غورور و داگیرکردن و سەرکەوتندا دایان رشتبوو زۆر توند و سەخت بوو، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی جەنگ سووکتریان کردو یاسایەکی بێ لایەنانەیان دانا.

لمباردەکان، گوتەکان، بورگونییەکان هەمیشە ئاواتیان ئەوە بوو گەلی رۆمان نەتەوەیەکی داگیرکراو و تێکشکاو بێ بەڵام یاساکانی ئوریک، گندەبو، رتاریس توانی نەتەوە بیابانشین و رۆمانەکان بکا بە یەک نەتەوە.

شارلمانی بۆ ئەوەی بتوانێ ساکسۆنەکان ملکەچ پێ بکا ئازادی و خاوەندارێتی لێ سەندنەوە. لویسی ورگ زل ئازادی کردن. لە هەموو سەردەمی پاشایەتیدا کارێکی ئاوا باشی نەکردبوو چونکە تێپەڕینی کات و کۆیلەیەتی ئەخلاقی ساکسۆنەکانی هێدی تر کردبوو و کاتێک لویس ئەو کارەی لەگەڵدا کردن لە بەرامبەریدا وەفایان بۆی مایەوە.

## بەشی چواردەم: ئەو سوودانەی داگیرکران بە نەتەوەی داگیرکراوی دەبەخشێ

چەندە باشتر بوو لە جیاتی ئەوەی سیاسییەکان باسی مافی داگیرکردن بکەن و بگەنە هەندێ دەرئەنجامی شووم و خراپ، باسی ئەو سوودانە بکەن کە رەنگە ئەو مافە بە گەلی داگیرکراوی ببەخشێ. ئەگەر لە هەموو جێگایەک هەوڵ بۆ پاراستنی یاسای نێو نەتەوەیی درابا و لە پێناوی چەسپاندنیدا تێکۆشابان و لە هەموو شوێنێ پەیڕەوی لێ کرابایە، ئەوا ئەو سوود و قازانجانە بە باشی هەستیان پێ دەکرا.

ئەو وڵاتانەی دەکەونە بەر هێرشی داگیرکردنەوە هەمیشە لاوازن و دام و دەزگای بەهێزیان نییە دەنا داگیر ناکرێن. گەندەڵی رووی تێکردووە و یاساکان بە باشی جێبەجێ ناکرێن، هەروەها حکومەت بەرەو سەرەڕۆیی و ستەمکاری هەنگاوی ناوە. کەواتە بێگومان ئەگەر داگیرکاریی، ویرانکارانە نەبێ ئەوا وڵاتە داگیرکراوەکە دەتوانێ ئەو گۆڕانکاری و بارودۆخە نوێیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ.

ئەگەر دەوڵەتێک نەیتوانی چاکسازی لە ناو خۆیدا بکات و لاوازی بەسەریدا زاڵ بوو، ئایا ئەگەر بێتو لە ناوەوە سەر لە نوێ رێک بخرێتەوە و بنچینە و دامودەزگای نوێی تێدا



دابمەزرێندرێ، هیچی لە دەست چووە؟ [نەخێر] بەڵکو هەندێ قازانجیشی کردووە.

کاتێک داگیرکارێک پێی نایە خاکی نەتەوەیەکی ترەوە، دەتوانێ بنچینە و پرەنسیپە گەندەڵەکان لە ناو ببات، ئەو کاتە ئیدی ستەمکاران بێ دەنگ دەکرێن و زوڵمە نادیارەکانیان لە ناو دەچێ و بە هۆی سەختگیرییەکانی داگیرکار دەکەونە بارودۆخێکی ناخۆش و زەحمەت و دەمی ناڕەزایەتی دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان بە هەزار جۆرە فرت و فێڵ و بۆ داگیرکردنی مافی کەسانی تر جۆرەها رێگا دەگرنەبەر کە بەرواڵەت هەستی پێ ناکرێ و ئەوەی زوڵم و ستەمە لە خەڵکانی هەژار و بێ چارەی دەکەن و شێوازێکی یاساییشی پێ دراوە وا لە چارە رەشەکان دەگەیەنن کە دەبێ لە بەرامبەر زوڵم و ستەمدا سەر شۆڕ بکەن و مافی ئەوەیان نییە فشار و سەختییەکان هەست پێ بکەن، هەر بۆیە هاتنی داگیرکار و تێکچوونی بارودۆخەکە بە زیانی ئەوانە، بەڵام خەڵکی ژێر دەستە سوودی لێوەردەگرن. بۆ نموونە تێبینی ئەوە کراوە کە ئەو وڵاتانەی بە هۆی رەفتاری توندوتیژ و کۆیلە فرۆشتنەوە کەوتبوونە ئازار و بەدبەختییەوە، بە دەستی داگیرکارەکان رزگاریان بووە، چونکە داگیرکاران نە خاوەن ئەو پێداویستییانە بوونە کە پاشاکان ویستوویانە و نە پەیڕەوییان لە پرەنسیپ و رێوشوێنە یاساییەکانی ئەوان کردووە، هەر بۆیە ئەو زوڵم و ستەمەی پێش ئەوان باو بووە، بەبێ ئەوەی داگیرکار هەوڵی گۆڕین و چاککردنی بدا خۆی لە خۆیدا لە ناو چووە.

بە کورتی زۆربەی کات بوونی داگیرکار بۆ ئەو میللەتانەی لە رەنج و کوێرەوەریدا ژیاون مایەی گەشانەوە و بووژانەوەیە و ئەگەر بێتو میللەتی داگیرکار خودان قەناعەت بێ ئەوە هەموو ئەو پێداویستییانە بۆ نەتەوە داگیرکراوەکە دەگێڕێتەوە کە حکومەتی یاسایی و ستەمکاری پێشتر لە چنگی دەرهێنابوون.

دەست بەسەراگرتن و داگیرکردن دەتوانێ خورافاتە زیانبەخشەکان لە نێو گەلی داگیرکراودا لە بەین ببات، یان ئەگەر بمەوێ بە شێوازێکی باشتر مەبەستەکەم دەربڕم، رێبازێکی نوێ و باشتر فێری نەتەوەی داگیرکراو دەکات.

ئیسپانییەکان دەیانتوانی گەلێک کاری باش لەگەڵ مەکسیکییەکاندا بکەن و مخابن نەیان کرد، ئەوان دەیانتوانی ئایینێکی دوور لە دەمارگرژییان فێر بکەن، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵە وەهم و خورافاتێکیان بۆ بەجێهێشتن، ئەوان دەیانتوانی لە مەکسیکییەکان بگەیەنن کە مرۆڤ کردنە قوربانی چەند کارێکی خراپ و ناشایستە، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ خۆیان قەتڵ و عامیان کردن. ئەگەر بمەوێ پەنجە لەسەر هەموو ئەو باشییانە دابنێم کە نەیان کردووە و هەموو خراپەکارییەکانیان بژمێرم ئەوا هەرگیز لێی نابمەوە.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی داگیرکار ئەوەیە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو خراپەکارییانە بدات کە لە کاتی جەنگدا ئەنجامی داون. بە بڕوای من دەبێ مافی داگیرکردن بەو شێوەیە پێناسە بکرێ:

مافێکی پێویست و مەشروع و لە هەمان کاتدا بەدبەختی هێنەر کە بۆ هەتاهەتایە قەرزێکی گەورە دەخاتە ئەستۆی داگیرکار و داگیرکار پێویستە بۆ پێشان دانی هەستی مرۆڤ دۆستانە و جێبەجێکردنی ئەو قەرز و ئەرکەی لەسەر شانیەتی بەرامبەر بە مرۆڤ و نەتەوەی داگیرکراو، هەندێ هەنگاوی جددی هەڵێنێ.

### بەشی پێنجەم: ژێلۆن – پاشای سیراکۆز

پێم وایە جوانترین ڕێککەوتنی ئاشتی لەمێژوودا، ڕێککەوتنی نێوان ژێلۆن و خەڵکی کارتاژە. ژێلۆن داوای لە خەڵکی کارتاژ کرد واز لە عادەتی قوربانی کردنی منداڵەکانی خۆیان بێنن.

دەبێ هیچ کردەوەیەک هەبێ بەڕادەی ئەوە شایانی ئافەرین و ڕێزلێنان بێ کە دوای ئەوەی سێ سەد هەزار کارتاژی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو وڵاتەکەی داگیرکرد، داواو تکایەکی ئەوتۆی لێکردوون و مەرجێکی وەهای بۆ داناون کە نەک هەر تەنیا بۆ ئەوان بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی سوودی هەبووە!

خەڵکی باکتریان پیرەبابەکانی خۆیانیان دەرخواردی سەگە زلەکان دەدا، بەڵام کاتێ ئەسکەندەر ئەوێی داگیرکرد، ئەو کردەوەیەی قەدەغە کرد. ئاشکرایە ئەو داگیرکردنە دژی خورافات بووە.

### بەشی شەشەم: کاتێ حکومەتێکی کۆماری وڵاتێک داگیر دەکات

ئەگەر یەکێک لە دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتانەی لە حکومەتی کۆماریی یەکگرتوو پێکهاتووە بیەوێ دەوڵەتێکی دیکە داگیر بکات ئەوا سەرەڕای ئەوەی ئەو کردەوەیە دژی سروشت و بنچینەی یەکگرتنەکەیە، ئازادی خۆی دەخاتە مەترسییەوە بەڵام لەنێو وڵاتە یەکگرتووە تێکەڵاوەکاندا، واتە ئەوانەی لە کۆماری بچووک و پاشایەتی بچووک پێکهاتوون، ئەو کارە هێندە جێگای سەرسوڕمان نییە.

«ئەو کارەی ئەمڕۆکە لەنێو سویسرییەکان ئەنجام دەدرێ، بەپێی ئەو پرەنسیپەی باسم کرد، دژی سروشتی حکومەتی ئەوێیە.» ئەگەر حکومەتێکی کۆماری دیموکراتیک بیەوێ ئەو شارانە داگیر بکات کە ناتوانن بچنە ناو چوارچێوەی حکومەتە دیموکراسییەکەیەوە،



ئەوە دیسان بەپێچەوانەی سروشتی حکومەتە، چونکە گەلی داگیرکراو پێویستە بتوانێ سوود لە ئیمتیازات و مافی سەروەری خۆی وەرگرێ، هەروەک چۆن ڕۆمانەکان لە سەرەتادا ئەو بنچینەو شێوازەیان بەکاردەهێنا.

داگیرکردن پێویستە تەنیا ئەوەندە بەشەی کۆمەڵگا بگرێتەوە کە حکومەتی دیموکراسی دەتوانێ سەقامگیری تێدا بەرقەرار بکات.

ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی بیەوێ دەست بەسەر میللەتێکدا بگرێ و وڵاتەکەی داگیر بکات لە پێناوی حکومەتکردن بەسەریدا ئەوا ئازادی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، چونکە پێویستە دەسەڵات و سەڵاحیاتی لە ڕادەبەدەر بدا بەو کارگێڕانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتە داگیرکراوەکە دەیاننێرێ و ئەوەش خۆی لە خۆیدا مەترسیدارە.

ئەگەر ئانیبالی سەرداری کارتاژ بیتوانیبا ڕۆما داگیر بکات، ئەوا کۆماری کارتاژ تووشی پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆرتر دەبوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی شکستی خوارد، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها شۆڕش لە کارتاژدا، تۆ بڵێی ئەگەر بیتوانیبا ڕۆما داگیر بکات لە ئاکامی نغرۆبوون لە ناو غروردا چی بەسەر شارەکەی خۆی بهێنابا!!

هانن –ی کارتاژی بەهۆی پەنابردن بۆ هەندێ بەڵگەی بەجێ و عاقڵانەو لێزانییەوە، ئەنجوومەنی سەنای ڕازی کرد کە هاوکاری بۆ ئانیباڵ نەنێرن. چونکە هەروەک ئەرستۆ دەڵێ: ئەنجوومەنی سەنا بەڕادەیەک لێزانانەو عاقڵانە کارەکانی ئەنجام دەدا، هەرگیز بەبێ بەڵگەی بەجێ و مەنتقی بڕیاری نەدەدا. ئەم شێوازی کارکردنەش زیاتر ڕەونەق و بەختیاری ئەو کۆمارە دەسەلمێنێ. بەڵام ئەگەر هاتباو هانن حەسادەتی خۆی بەرامبەر بە ئانیباڵ دەربڕیبا ئەوا هیچ کات نەیدەتوانی ئەنجوومەنی سەنا ڕازی بکات بۆ ئەوەی یارمەتی بۆ ئانیباڵ نەنێرن. کەواتە ئەنجوومەنی سەنا زانیویەتی و ژیرانە خۆی لە هاوکاری کردنی ئانیبال بواردووە، چونکە چۆن دەکرێ سەنا نەیزانیبێ لە سێ سەد فەرسەنگی دا چ زەرەروزیانێک لە لەشکری ئانیباڵ دەدرێ.

لایەنگرەکانی هانن دەیانویست ئانیباڵ بدەنە دەست ڕۆمییەکان و لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کارتاژییەکان لە ئانیبالی سەرداری خۆیان زیاتر ترساون نەک لە ڕۆمییەکان.

بە بۆچوونی مێژوونووسەکانی ئێستا، کارتاژییەکان پێیان وانەبوو ئانیباڵ دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ هەر بۆیە یارمەتیشیان بۆ نەنارد، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، چونکە کارتاژییەکان بەهەموو لایەکدا پەرش و بڵاوببوون و بە باشی ئاگاداری بارودۆخی بەرەکانی جەنگی ئیتاڵیا و حاڵی لەشکری ئانیباڵ بوون، لەبەر ئەو زانیارییانە

نەیاندەویست یارمەتی بۆ ئانیبالْ بنێرن چونکە هانن لە دوای داگیرکردنی ترەبی، ترازیمن و کان زیاتر راستیی بۆچوونەکەی خۆی بۆ دەرکەوتبوو و زۆر خۆی نەدەبوارد، بەڵام لە ئانیبالْ دەترسا.

## بەشی حەوتەم: درێژەی بابەتەکە

داگیرکاریەکانی حکومەتە دیموکراتییەکان عەیب و کەموکورییەکی تریشی هەیە و هەمیشە حکومەتەکەیان لە دیدی نەتەوە داگیرکراوەکان مایەی نەفرەت و بێزاریە، چونکە حکومەتی دیموکراسی بەپێی هەندێ لێکدانەوە حکومەتی دەستوورییە. هەروەها پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەزموونی گشت سەردەم و هەموو وڵاتەکان ئەوەی سەلماندووە کە ئەو گەلانەی لەلایەن حکومەتە دیموکراتییەکانەوە داگیرکراون بارودۆخ و حاڵێکی غەمگینیان هەبووە، چونکە نەسوود لە باشی و ئیمتیازاتەکانی حکومەتی کۆماری وەردەگرن نە لەهی حکومەتی دەستووری. ئەوەی لەمەڕ حکومەتە کۆمارییەکانەوە گوتمان، بۆ حکومەتە ئەرستۆکراتیەکانیش راستە.

## بەشی هەشتەم: درێژەی بابەتەکە

بەم جۆرە کاتێ دەوڵەتێکی کۆماری دەست بەسەر گەلێکدا دەگرێ و وڵاتەکەی داگیر دەکات، پێویستە بەهۆی دانی مافی سیاسی باش و یاسای بەکەڵک ئەو کەموکوڕیانە داپۆشێ کە لە خودی کردەی داگیرکردنەوە هەڵدەقوڵێن.

یەکێک لە کۆمارەکانی ئیتالیا دەستی بەسەر ژمارەیەک لە خەڵکی دورگەکان (دانیشتوانی سیسیل) داگرت، بەڵام ئەو مافە سیاسی و مەدەنییەی پێی بەخشیبوون پڕ لە کەموکوڕی بوو. لێرەدا بەردەوام خاڵێک سەرنجمان رادەکێشێ ئەویش ئەوەیە، نەتەوە داگیرکراوەکان خوازیاری هەندێ ئیمتیازات و مافی تایبەتن، بەڵام پاشای داگیرکار هەر ئەو مافانە دەدا بەوان کە بە میللەتەکانی تریشی دەبەخشێ.

ئایا فەرمانی لێبووردنی گشتیتان لە بیرە، کە بەپێی ئەو نابێ هیچ کەسێک بەهۆی زانیاری تاکەکەسیی حاکمەوە سزای تاوانباری بەسەردا بسەپێنرێت و پێویستە بەڵگەی تەواو لە بەردەستدا بێ؟[٦٠] دەبێ نەتەوە داگیرکراوەکانیش سوود لەو مافانە وەرگرن.



## بەشی نۆیەم: داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەر لەلایەن دەوڵەتی دەستوورییەوە

ئەگەر دەوڵەتی دەستووری بتوانێ بەر لەوەی بەهۆی فراوانبوونی خاکەکەیەوە زۆر لاوازبێ، بەشێوەیەک رەفتار بکاو چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدا کە پارێزگاری لە مانەوەی بکات، ئەوا مادام دەسەڵاتەکەی لە ژێر کاریگەری دەوڵەتە دەستوورییەکانی دەوروبەریدا بێت دەتوانێ پارێزراوبوونی خۆی مسۆگەر بکات. کەواتە دەوڵەتی دەستووری نابێ بەهۆی داگیرکارییەوە هەوڵی بەرین کردن و فراوانکردنی خۆی بدات و پێویستە لەو رادەیە راوەستێ کە لەگەڵ حکومەتەکەیدا دەگونجێ و لەو سنوورە تێنەپەڕێ. یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی مانەوەی ئەوەیە، ئەگەر هاتوو لەو سنوورانە تێپەڕی دەبێ بە زووترین کات بوەستێنرێ و هەوڵ نەدات زۆر سنوورەکانی خۆی فراوان بکات.

لەو جۆرە داگیرکردنانەدا نابێ جگە لە لەشکرو ناوی پاشا هیچ شتێکی تری گەلەکە بگۆڕدرێت نەیاسا، نە دابونەریت، نەدادگاو نە ئیمتیازاتەکان، دەبێ هەموو ئەو شتانەی پێشتر هەبوون دەستیان لێ نەدرێ. پێویستە هەموو دابونەریت و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان وەکو خۆیان بپارێزرێن و دەستکاری نەکرێن، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بنچینەکانی حکومەتی داگیرکار تووشی کەموکوڕی نەکات و کاریگەری خراپی لەسەر بەجێ نەهێڵێت و نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکەی. ئەگەر هاتو دەوڵەتێکی دەستووری یەک یا چەند ویلایەتی دەوروبەری خۆی داگیرکردو خستیە سەر قەڵەمڕەوی خۆی ئەوا پێویستە لەگەڵ ئەو ویلایەتانە زۆر بەنەرمی و هێمنی رەفتار بکات.

هەر لە بنەڕەتدا داگیرکاری لەلایەن حکومەتی دەستوورییەوە کارێکی هەڵەیە و وڵات بەرەو وێرانی و هەڵدێر دەبات، هەرچەندە رواڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیەو وا مەزەندە دەکرێ دەوڵەت بەهێزە و توانیویەتی هەندێ شوێن داگیر بکات و پەرە بەدەسەڵات و قەڵەمڕەویی خۆی بدات، بەڵام لەراستیدا دەتوانین داگیرکارییەکانی حکومەتی دەستووری بە بارودۆخی گۆی زەوی بچوێنین، هەروەک چۆن گۆی زەوی لە ناوەندا ئاگرو لەسەر رووەکەشیدا خاوەنی مێرگ و چیمەنەو لەنێوان ئەو دوو چینەش زەویی وشک و ساردو بێ بەرهەم هەیە، ئاواش ئەو وڵاتە دەستوورییەی کە بۆ ماوەیەک سەرگەرمی داگیرکاری و فراوانکردنی خۆی بێ تووشی ئەو بارودۆخە دێت. جوانی و رازاندنەوەو هەیبەتێکی لە رادەبەدەر دەدرێ بەپایتەخت و ناوەندی وڵات و هەژاری و بێکاریش بەسەر هەرێم و شوێنە دووردەستەکاندا بڵاودەبێتەوە، چونکە شارو هەرێمە کۆنەکانی ئەو وڵاتە

مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بەدەست زوڵم و ستەمی کۆن و نوێوە دەکەونە مەینەت و ئازارەوەو باری قورسی داگیرکاری دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەوان و لە پەلوپۆ دەکەون. هەمیشە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا خەڵک شارەکان بەجێ دێڵن و رووەدەکەنە پایتەخت و هێدی هێدی شارەکان چۆڵ دەبن. پاش ئەوەی دەوڵەت توانی بەزەبری هێز شوێنەکە داگیر بکات و بیلکێنێ بە قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەگەر بێتو لەگەڵ نەتەوە داگیرکراوەکە هەروەکو نەتەوەی خۆی رەفتار بکات و توندوتیژی و زەبروزەنگ بەکاربهێنێ، ئەوا دەوڵەت خۆی دەخاتە مەترسییەوەو هۆکارەکانی لە ناوچوونی خۆی بەرهەمدێنێ و ئەگەریش بە نەرمی رەفتاریان لەگەڵدا بکا ئەوا خۆ لە دانی باج و سەرانە دەبوێرن و هیچ شتێک نادەن بە دەوڵەت.

لە بارودۆخێکی وەهادا سنووری وڵات بەرەو لەتوپەتی و بەرەو لاوازی دەڕوا و ئەوەش هەستێکی خراپ لە دەروونی خەڵکیدا دروست دەکات و تەنانەت پێداویستییەکانی ئەو لەشکرەش دابین ناکا کە لە هەرێمە تازە داگیرکراوەکاندا سەقامگیرکراوەو ئەرکی پاراستنی ئەو شوێنانەی لەسەر شانە.

ئەوەیە بارودۆخی حکومەتێکی دەستووری کاتێ بیەوێ پەنا بۆ دەست بەسەراگرتن و داگیرکاری ببات.

## بەشی دەیەم: ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی دەستووری، دەوڵەتێکی دەستووری تری داگیرکرد

هەندێک جار دەوڵەتێکی دەستووری لەلایەن دەوڵەتێکی تری دەستوورییەوە داگیر دەکرێ، پێویستە هۆکارەکانی پاراستنی دەوڵەتە داگیرکراوەکە لەگەڵ رووبەری خاکەکەیدا بگونجێ. ئەگەر دەوڵەتە داگیرکراوەکە زۆر بچووک بێ ئەوا دەتوانرێ بەهۆی هێزی سەربازییەوە پارێزگاری لێ بکرێ، بەڵام ئەگەر زۆر پان و بەرین بێت ئەوا پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان چەندین کەس لە نەتەوەی داگیرکار بچنە ئەوێ و لەراستیدا بەهۆی خەڵکانی کۆچەرەوە بپارێزرێ.

## بەشی یازدەهەم: دابونەریتی نەتەوەی داگیرکراو

لە دوای داگیرکاری هەر ئەوەندە بەس نییە یاساکانی نەتەوەی داگیرکراو پارێزگارییان لێ بکرێ، بەڵکو لەوە پێویستتر ئەوەیە دەستکاری دابونەریتەکانی نەکرێ، چونکە هەموو گەلێک زیاتر پابەندی دابونەریتەکانیەتی و رێزو خۆشەویستی بەرامبەر بەوان زیاترە نەک



بە بەرامبەر یاسا. بۆ نموونە فەرەنسا نۆ جار توانی ئیتاڵیا داگیر بکات، بەڵام هەموو جارێک وە دەردەنرایەوە. هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ئیتاڵییەکان زۆر پابەندی داوێنپاکی و رەوشت بەرزی بوون، بەڵام فەرەنسییەکان لەگەڵ ژن و کچە ئیتاڵییەکاندا بە داوێن پیسی و سووکییەوە رەفتاریان دەکردو ئەو کارەش بۆ نەتەوەی داگیرکراو لە رادەبەدەر تاقەت پڕوکێن و قورسە. گەلی داگیرکراو ناتوانێ هەم ملکەچی فەرمانەکانی گەلی داگیرکاربێت و غرور و خۆ بەزلزانییەکەی قبووڵ بکاو هەم رەوشت بەرزی و داوێنپاکیی بنەماڵەیی و گشتیشی بریندار بکرێ.

## بەشی دوازدەهەم: یاسای سیروس

کاتێک سیروس توانی «لیدی» داگیر بکات یاسایەکی دانا کە تێیدا هاتبوو، دانیشتوانی لیدی جگە لە پیشەو کارە سووک و ناپەسند حەقیان نییە هیچ کارێکی دیکە بکەن. بە بڕوای من ئەوە یاسایەکی باش نەبوو، چونکە سیروس پاش داگیرکردنی لیدی زۆر پەلەی ئەوەی بوو، گەلی داگیرکراو، واتە لیدیییەکان ملکەچ پێ بکاو پێشی راپەڕین و یاخی بوونەکانیان بگرێ، بێ خەبەر لەوەی کە لەوانە بوو نەتەوەیەکی دیکە هێرشی بکاتە سەرو هەم لیدی و هەم پارسیش داگیر بکات و بەهۆی تێکەڵاوی هەردووک نەتەوە، ئێرانییەکانیش وەکو لیدیییەکان ببنە خاوەن پیشەو کاری سووک و بچووک و بەرەو خەسڵەتی ناپەسند هەنگاو بنێن.

بەبڕوای من دەبێ لە رێگای هەندێ یاسای تایبەتییەوە توندوتیژی گەلی داگیرکار کۆنترۆڵ بکرێ نەک بەهۆی ئەو جۆرە یاسایانەی سیروس دایڕشتبوون، نەتەوەی داگیرکراو تووشی هەلومەرجێکی پڕ لە سستی و تەوەزەلی بکرێ و ئەو حاڵەتە کار لە نەتەوەی داگیرکاریش بکات.

ئاریستۆدم حاکمی ستەمکاری گۆم هەوڵی دەدا جوامێریی گەنجەکان لە ناوبەرێ و یان زۆر لاوازی بکات، ئەو فەرمانی دابوو کە مێرمنداڵەکانیش وەکو کچەکان دەبێ قژیان درێژ بێ و موی پرچیان بەگوڵ برازێننەوەو کراسی رەنگاورەنگی درێژ کە تاسەر پێیان بێت بکەنە بەریان و کاتێکیش دەچنە لای مامۆستای سەماو مۆسیقا دەبێ ئافرەتەکان چەترو باوەشێن و عەتریان بۆ بەرن و لەناو گەرماوەکانیشدا شانەو ئاوێنەیان بدرێتێ و دەبێ ئەو پەروەردەکردنە تا تەمەنی بیست ساڵی درێژەی هەبێ. ئایا ئەم رەفتارانە لەتمە لە پیاوەتی ئەوان نادات؟! ئەو شێوازە بۆ حاکم و پاشایەکی بچووک کە ئامادەیە سەروەریی خۆی بخاتە مەترسییەوە لە پێناوی پاراستن و بەرگریکردن لە ژیانی خۆی رەنگە گونجاوبێ،

بەڵام بۆ ئەو سوڵتان و پاشایانەی کە خاوەنی قەڵەمڕەوو دەسەڵاتی بەرفراوانن چۆن نابێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی و کەموکوڕییەکی یەکجار زۆر.

## بەشی سێزدەهەم: شارڵی دوازدە

ئەم پاشایە هەندێ ئامانج و مەبەستی هەبوو کە جێبەجێکردنی پێویستی بەجەنگێکی دوورو درێژ هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا هێزی تاکەکەسیی خۆی بەکاردێنا بووە هۆی هەرەسهێنان و لەناوچوونی خۆی، چونکە وڵاتەکەی تاقەتی جەنگی دوورودرێژی نەبوو. شارڵ نەیدەویست روسیا برووخێنێت کە خەریک بوو لەناودەچوو، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو پێشی گەشەو پێشکەوتنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بگرێ.

شارڵ بەناو بیابانەکانی پۆڵۆنیادا دەسووڕایەوەو خۆی بەفەرمانڕەوای هەموو جیهان دادەناو لەنێو خەیاڵی داگیرکردنی روسیا هێدی هێدی وڵاتەکەی خۆی (سوید) لە دەست دەدا، چونکە دوژمنەکەی (روسیا) خۆی لە دژی بەهێز دەکردو گوشاری دەخستە سەر، لە کەنارەکانی بالتیکدا جێگیر دەبوو و وڵاتی لیتوانی - کە دەکەوتە نێوان سوید و روسیا داگیر دەکرد. خەڵکی روسیا هەروەکو ئەوەی لە فێرگەیەکدا دەورە ببینن سوودیان لە جەنگەکانی شارڵ وەردەگرت. هەر شکستێک زیاتر لەسەرکەوتنی نزیک دەکردنەوە، لە کاتێکدا لەدەرەوە تێک دەشکان، لە ناوەوە فێری شێوازی بەرگری کردن دەبوون.

بەڵام سوید لە رووبارێک دەچوو ئاوەکەیان لەسەرچاوەوە بڕیبێ و لەو نێوەشدا رەوتی ئاوەکەیان گۆڕیبێ.

تەنیا جەنگی «پولتاوا» نەبووە هۆی لەناوچوونی شارڵ، بەڵکو ئەگەر لەو جەنگەشدا شکستی نەخواردباو یان لە بنەڕەتدا ئەو جەنگە بەرپانەبووبایە، ئەوا شارل لە جێگایەکی دیکە هەر تێک دەشکا. چونکە رێکەوتی چارەنووس و شانس بە ئاسانی لێکبدرێن، بەڵام ئەو پێشهاتانەی کە لە سروشتی شتەکانەوە و هەمیشە بەرهەم دێن، پێشگیریان کارێکی ئاستەمە. نە سروشت و نەچارەنووس، هێندەی خودی خۆی، دژی شارڵ بەهێز نەبوون. شارل کاروبارو بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر هەلومەرجی هەنوکەیی شتەکان و بەپێی بارودۆخی سروشتی ئەوان رێک نەدەخست، بەڵکو لەڕووی سەلیقەی تاکەکەسی خۆی و ئەو سەرمەشقە تایبەتییەی بۆ خۆی دانابوو، کارەکانی ئەنجام دەداو بەڵام بەو حاڵەش بەباشی رێکی نەدەخستن و بەراستی جێبەجێی نەدەکردن.

شارڵ دەیویست لاسایی ئەسکەندەر بکاتەوەو وەکو ئەو رەفتاری دەکرد، بەڵام شارڵ



ئەسکەندەر نەبوو، ئەگەر هاتباو بنچینەکانی خۆی بەپێی هەلومەرجی سروشت و بارودۆخی شتەکان رێک خستباو بەباشیش جێبەجێی کردبان ئەوا دەیتوانی ببێ بەباشترین سەربازی ئەسکەندەر.

نەخشەی ئەسکەندەر مەعقوول بوو، بۆیە توانی بەکردەوە ئەنجامی بدا و پیادەی بکات. سەرکەوتنە سەرەتایی و ناشایستەکانی ئێرانیەکان بۆ زاڵبوونی بەسەر یۆنانییەکان و داگیرکارییەکانی (ئاژێزیلاس) و پاشەکشەی دە هەزار سەرباز، لێهاتوویی یۆنانییەکانی لە تێکۆشان و جۆری چەک بەباشی پێشان دابوو و یۆنانییەکان بەباشی ئەو راستییەیان دەزانی کە ئێرانییەکان هەمیشە خۆ بەزل دەزانن و بەهۆی ئەو غرورەی هەیانە کەموکوڕییەکانی خۆیان نابینن و هەوڵی چاککردنیان نادەن.

لە خۆبەزلزانی پاشا ئێرانییەکانەوە ئەو خاڵەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەهۆی درێژەدانی جەنگەکان توانیان خۆیان بەرەو هەڵدێرو لەناوچوون ببەن، چونکە مەرایی دەرباریەکان بۆ ساتێکیش مۆڵەتی ئەوەی نەدەدانێ تۆزە گومانێکیان لە گەورەیی و شکۆمەندی خۆیان هەبێ. یۆنانییەکان زۆر بەباشی ئەو بابەتەیان دەرک کردبوو. ئیدی ئێرانییەکان نەیاندەتوانی بەهۆی ئاژاوەنانەوەو دووبەرەکی یۆنانییەکان لاواز بکەن، چونکە یۆنانییەکان لە ژێر فەرمانی سەرکردەیەکی وەکو ئەسکەندەردا بوون و بەردەوام بۆ لەبەین بردنی دوژمنە هەمیشەییەکانی خۆیان و ئومێدی داگیرکردنی ئاسیا هانی دەدان و یەکیدەخستن، یۆنانییەکان بەهۆی مژدەی داگیرکردنی ئاسیا ملکەچی ببوون و ئامادەبوون چاو لە زەحمەت و ئازارەکان بپۆشن.

ئیمپراتۆریەتی مەزنی ئێران کە یەکێک لە چالاکترین نەتەوەکانی ئەو سەردەمەی لە خۆگرتبوو، زەویەکی بەپیت و بەرەکەتی هەبوو و لە هەموو لایەکەوە خاوەن خۆشگوزەرانی بوو و بەپێی بنچینەکانی بیروباوەڕە ئایینییەکانی[٦١] ئەو وڵاتە، دانیشتوانەکەی خەریکی کشتوکاڵ بوون و زۆربوونی بەروبووم و پێداویستییەکان بووە هۆی ئەوەی دوژمنانی ئێران واتە ئەسکەندەرو یۆنانییەکان زۆر بەئاسانی بێنە ناویەوەو هەموو جۆرە ئامرازو هۆیەکی چوونە پێشیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

نەخشەکەی ئەسکەندەر سەرەڕای ئەوەی مەعقوول بوو، بەشێوەیەکی زۆر مەعقوولانە لەکاتی پێویستدا جێبەجێ کرا. ئەسکەندەر هەر لەو کاتەدا بەخێرایی هێرش و پەلامارەکانی ئەنجام دەداو خاوەن تەماع و پاوانخوازبوو و بە گوڕو تینەوە بۆ پێشەوە دەچوو، کەچی لە هەمان کاتیشدا بەهۆی رێنوێنی عەقڵی خۆیەوە کارەکانی ئەنجام دەدا.

ئەوانەی پێیان وابووە مێژووی ئەسکەندەر ئەفسانە بووە، مێشکیان بچووک بووە،

بەڵام هەر لەو کاتەشدا نەیانتوانیوە ئینکاری عەقڵ و لێزانییەکەی بکەن، کەواتە پێویستە لەسەر ئەو بابەتە بەتێرو تەسەلی بدوێین.

## بەشی چواردەهەم: ئەسکەندەر

ئەسکەندەر سەرەتا مەقدۆنیای هێورو ئارام کردەوەو خێڵە بەربەرەکانی دەوروبەری مەقدۆنیای لە ناوبردو بەباشی توانی ئاسایشی مەقدۆنیا دابین بکات، ئەوجار یۆنانییەکانی تێک شکاندو لاوازی و بێ هێزیی یۆنانییەکانی کردە بنەمایەک بۆ هەنگاوەکانی دواتری خۆی و سوودێکی باشی لە هەرەسهێنانی یۆنان وەرگرت و توانی نەخشەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات. پاشان ململانێی ئیسپارتەکانی لەناوبردو هێرشی کردە سەر ویلایەتە سنوورییەکانی یۆنان و لەشکرەکەی بە قەراغی دەریادا برد بۆ ئەوەی لە هێزە دەریایی و گەشتیگەلی خۆی دوور نەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوەی ژمارەی سوپاکەی یەکجار زۆر بوو، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لێزانانە توانی نەرم و ڕێکوپێکی لەناو لەشکرەکەیدا بەرقەرار بکاو بتوانێ باشترین کەڵکی لێوەربگرێ و هەموو ئاسانکاری و وردەکارییەکی پێویستی ئەنجامدا بۆ ئەوەی تفاق و کەلوپەلیان لێ نەبڕێ.

ئەگەر ئەو وتەیە ڕاست بێ کە، **داگیرکردن و سەرکەوتن هەموو شتێکی پێ بەخشی،** ئەوا ئەو قسەیەش ڕاستە کە **ئەو هەموو کارێکی کرد بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ.** چونکە لە سەرەتادا، واتە ئەو کاتەی مەترسی تێکشکانی لە گۆڕێدا بوو، زۆر بەکەمی شتەکانی دەدایە دەستی ڕێکەوت و چارەنووسەوە، بەڵام کاتێک شانس و بەخت بەسەر بابەت و شتە ئاساییەکاندا سەری خست، ئیدی ئەوکاتە زۆر بەباشی کەڵکی لە لێهاتوویی و زیرەکی خۆی وەرگرت.

ئەسکەندەر دژی (تریبالیس و ئیلیرییەکان) جەنگێکی قورسی بەرپاکرد کە زۆر بەشەڕەکەی سزار دەچوو لە وڵاتی گۆلدا و لەگەڵ هاتنەوەی بۆ یۆنان یەکسەر «تب»ی داگیرکردو وێرانی کرد، بەجۆرێک سەرەتا لە نزیک شاری تب دا ئۆردووی هەڵداو چاوەڕوانی ئەوە بوو خەڵکی تب داوای ئاشتی بکەن و ئەوانیش بۆ بەدبەختی خۆیان زۆر بەخێرایی داوای ئاشتییان کرد. ئەوکاتەی لەگەڵ ئێرانییەکاندا کەوتبووە ململانێوە، توانی سوود لە زیرەکی و ئازایی «پارمنیون»ی سەرداری لەشکرەکەی خۆی و عەقڵ و لێهاتوویی خۆی وەرگرێ و لە ڕێگای بەئەنجامگەیاندنی شاکارێکەوە توانیان ئێرانییەکان لە کەنارەکانی دەریا دوور بخەنەوەو ناچاریان بکەن کەشتیگەلەکان کە تاکە هۆکاری سەرکەوتنیان بوو بەجێ بێڵن.



«تیر» لە بنەڕەتدا سەر بەئێران بوو و نەیاندەتوانی چاو لە بازرگانی و دەریاوانییەکەی بپۆشن. ئەسکەندەر تیری وێران کردو بەرەو میسر پێشڕەوی کرد و لەو کاتەی کە داریوش قەڵاو بنکەکانی میسری چۆڵ دەکرد، ئەسکەندەر بەهۆی تێپەڕبوون لە کرانیک[٦٢] توانی موستەعمەراتەکانی یۆنان داگیر بکات. جەنگی ئیسۆس[٦٣] تیر و میسری بەنسیب کردو پاشان جەنگی (ئاربیل) هەموو دونیای ئەو سەردەمەی خستە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەوەوە.

پاش جەنگی ئیسوس ئەسکەندەر هێشتی داریوش ڕابکاو بۆ خۆی چاودێری ڕێکخستنی داگیرکارییەکانی خۆی دەکرد. لە دوای جەنگی ئاربیل بە چەشنێک لە نزیکەوە چاودێری گەڕان بەدوای داریووشی دەکرد کە لەتەواوی ئیمپراتۆریەتەکەیدا هیچ پەناگایەکی بۆ نەهێشتەوە. لەو سەردەمەدا داریوش نەدەهاتە ناو شارو هەرێمەکانی خۆی و تەنیا لە کاتە درەنگەکاندا دەیوێرا سەردەربێنێ. پێشڕەوییەکانی ئەسکەندەر بەجۆرێک خێرابوون کە دەتگوت ئیمپراتۆریەتی دونیا نرخی پێشبڕکێیە نەک نرخی سەرکەوتن[٦٤].

ئەسکەندەر بەم جۆرە وڵاتەکانی داگیرکرد، ئێستا با بزانین چۆن چۆنی توانی پارێزگارییان لێ بکا.

ئەسکەندەر زۆر بەتوندی دژی ئەو کەسانە ڕاوەستا کە دەیانەویست لە نێوان یۆنانی و ئێرانییەکاندا جیاوازی دروست بکەن و ڕێز لە یۆنانییەکان بگرن و سووکایەتی بە ئێرانییەکان بکەن و بەردەوام لە بیری ئەوەدابوو ئەو دوو گەلە یەکبخات و جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەی داگیرکارو سەرکەوتوو و نەتەوەی داگیرکراو و ژێرکەوتوو نەهێڵێ. پاش ئەوەی توانی بەتەواوی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، وازی لە گشت ئەو بیروبۆچوون و ڕێگایانە هێنا کە بۆ سەرکەوتن بەکاری هێنابوون. دابونەریتی ئێرانییەکانی قبووڵ کرد بۆ ئەوەی بتوانێ ئێرانییەکانیش ناچار بکا تا دابونەریتی یۆنانییەکان وەرگرن و لە پەیڕەوی کردنی ئەو دابونەریتانەدا تووشی نامۆیی و دڵتەنگی نەبن، هەر بۆیە بەرامبەر بە ژن و دایکی داریوش ئەوپەڕی عزەتی نەفسی بەکارهێناو ڕێزێکی شایانی ستایشی لێگرتن. هەر بۆیە لە دەست چوون و مەرگی ئەسکەندەر بووە هۆی غەم و پەژارەیەکی یەکجار زۆر. دەبێ ئەوە چ داگیرکارێک بێت کە هەموو نەتەوە داگیرکراوەکان بۆ مەرگی ئەسرینیان هەڵدەڕشت!؟ ئەوە چ فاتحێک بوو کە تەنانەت ئەو بنەماڵەیەی لەسەر تەخت و تاج هێنایانە خوارەوە لە ماتەمەکەیدا فرمێسکیان دەباراند. ئەوە یەکێک لە سیفاتەکانی ئەو داگیرکارە بووەو هەروەک مێژوونووسەکان دەڵێن لە مێژوودا هیچ داگیرکارێکی تر نەبووە خاوەنی ئەو سیفاتانە بێت و شانازی بەخۆیەوە بکات.

هیچ شتێک بەڕادەی ئەو سیفەتەی دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی لەنێوان دوو نەتەوەی داگیرکارو داگیرکراو، کردەی داگیرکردن بەهێز ناکات، بەتایبەتی یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو یەکگرتنە ژن و ژنخوازییە، ئەسکەندەر ژنی لە نەتەوە داگیرکراوەکان دەخواست و فرمانیدا دەربارییەکانیشی ئەو کارە بکەن و پاشان سەرجەم خەڵکی مەقدۆنیا پەیڕەویان لەو ڕەفتارە کرد.

لمباردەکانیش سەرەڕای ئەوەی مۆڵەتی ئەو کارەیان دابوو، بەڵکو هانیشیان دەدا. فرانکەکان و بۆرگۆنەکانیش مۆڵەتی ئەو جۆرە ژنخوازییەیان دابوو. لە ئیسپانیادا سەرەتا ڤیزیگوتەکان ئەو کارەیان قەدەغە کردبوو، بەڵام دواتر ئازادیان کرد.

کاتێک ڕۆمانەکان دەیانویست مەقدونیا لاوازبکەن، فەرمانیان دا کە نابێ یەکێتی نێوان خێڵی ویلایەتەکان بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە ئەنجام بدرێ.

ئەسکەندەر لە پێناوی یەکخستنی هەردوو نەتەوەکەدا، ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانی یۆنانی لە ئێراندا بڵاوکردەوەو چەندەها شاری نوێی دروست کرد، بە جۆرێک کە توانی هەموو بەشەکانی ئیمپراتۆرییەتە نوێیەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە، لە دوای مەرگی ئەگەرچی پشێوی و ئاژاوە و جەنگە ناوخۆییە سەرسوڕهێنەرەکان سەریان هەڵدا و یۆنان هێدی هێدی بۆ خۆی لەناوچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ کام لە ویلایەتە ئێرانییەکاندا شۆڕش و راپەڕین بەرپا نەبوو.

ئەسکەندەر بۆ ئەوەی بتوانێ پێشی لاوازبوونی یۆنان و مەقدۆنیا بگرێ، ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە یەهوودییەکان بەرەو ئەسکەندەرییە گواستەوەو بەلایەوە گرنگ نەبوو کە ئەو نەتەوانە چ جۆرە دابونەریتێکیان هەیە، تەنیا دەیویست پابەندبن پێیەوە و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن.

ئەسکەندەر سەرەڕای ئەوەی ڕێزی لە دابونەریتی نەتەوە داگیرکراوەکانی دەگرت بەهیچ جۆرێ دەستکاری یاساکانیشی نەدەکردو تەنانەت پاشاو حاکمی ئەو وڵات و شارانەشی نەدەگۆڕی کە داگیری دەکردن. بەڵام هەمیشە مەقدۆنییەکانی دەکردە سەرکردەی لەشکرو سەرکردایەتی حکومەتیشی بەخەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان دەبەخشی، چونکە مەترسی یاخی بوونی کەسێک یان چەند کەسێکی بەلاوە گرنگتربوو لە مەترسی سەرهەڵدانی راپەڕینێکی گشتی.

ئەسکەندەر ڕێزی دەگرت لە گشت دابونەریتە کۆنەکان و غروری نەتەوەیی و ئەو یادەوەرییانەی مایەی شانازی نەتەوە جیاوازەکان بوو. پاشاکانی ئێران هەموو پەرستگاکانی یۆنانی و میسرییەکانیان وێران کرد، بەڵام ئەسکەندەر سەرلەنوێ نۆژەن و



ئاوەدانی کردنەوە. هەموو ئەو نەتەوانەی لە بەرامبەر ئەسکەندەردا سەری خۆ بەدەستەوەدانیان شۆڕکرد، ئەسکەندەر لە پەرستگاکانیاندا قوربانی پێشکەش کردووە. کردەوەکانی دەریدەخا کە سەرەڕای ئەوەی دەیویست پاشای هەڵکەوتووی نەتەوە داگیرکراوەکان بێت، لە هەمان کاتیشدا مەبەستی بوو بەوەفاترین هاووڵاتی وڵاتەکەشیان بێت. ڕۆمانەکان هەر شوێنێکیان داگیر بکردبایە ئاداریان بەسەر پادارەوە نەدەهێشت و وێرانیان دەکرد، بەڵام ئەسکەندەر دەستی بەسەر هەر شوێنێک داگرتبا ئەوا هەموو شتەکانی دەپاراست و گەیشتبا هەر وڵاتێک هەمیشە یەکەمین هزرو مەبەستی ئەوەبوو، کارێکی ئەوتۆ بکا کە وڵاتەکە ئاوەدانترو بەهێزتر بکات.

ئەو خەسڵەتەی لە ئاکامی گەورەیی زەوق و سەلیقەی خۆیەوە بەدەست هێنابوو و لەژێر سایەی ئەو قەناعەت و دەستپێوەگرتنە تایبەتەی کە پەیڕەویی دەکرد، بەکاری دێنا بەرزترین و گرنگترین هۆکاری پێشڤەچوونی ئەسکەندەر ئەوەبوو کە بۆ ئەنجامدانی ئامانجی گەورەو بەدەست هێنانی سەرکەوتن، دەست بڵاوبوو و داراییەکی زۆری لەسەر دادەنا، بەڵام بۆ خەرجییە تایبەتییەکانی خۆی دەست قونجاو بوو.

هەرکاتێ بابەتی ڕێکخستنەوەی کاروباری خێزانی هاتبا پێش ئەوا ئەو کەسێکی مەقدۆنی بوو، واتە پیاوێکی قانع و کەم خەرج، هەرکاتێکیش بیویستایە داگیرکارییەکانی خۆی بە ئاگاداری خەڵکی ئەسینا بگەیەنێ و هەموو تاکەکانی لەشکری خۆی دەوڵەمەند بکات و قەرزی سەربازەکانی بداتەوە دەبۆوە ئەسکەندەر.

ئەسکەندەر لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا دووکاری خراپی کرد:

ئاگری لە پرسپۆلیس بەرداو هەروەها کلینۆسی سەرداری لەشکری خۆی کوشت، بەڵام بەهۆی دەربڕینی ئەو پەشیمانییەی لە خۆی دەینواند، کارە خراپەکانی قەرەبوو دەکردەوەو هەموو لایەکی تێدەگەیاند کە لە کردەوەکەی خۆی پەشیمانەو ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی کارە خراپەکانی لە بیر بکەن و بەرێزەوە ناوی بێنن و یادی سیفات و خەسڵەتە باشەکانی بکەنەوەو ئاماژە بە فەزیلەتەکانی بکەن و هەر بۆیە هیچ کاتێ کارە خراپەکانیان بەرەفتاری ئەنقەست نەدەزانی و پێیان وابوو بەڕێکەوت و بەبێ لەئارادابوونی ئیرادەی ئەسکەندەر ئەو کارە بەئەنجام گەیشتووەو بە جۆرە بەدبەختییەکیان دەزانی، بەچەشنێکی ئەوتۆ کە خەڵکی دڵیان پێدەسوتاو هیچ کاتێ رق و کینەیان لێ لە دڵ نەدەگرت.

بەبڕوای من ئەسکەندەر زۆر بە سزار دەچێ، چونکە کاتێ سزار ویستی لاسایی پاشاکانی ئاسیا بکاتەوە بەم جۆرە ڕواڵەتکارییە خۆی دەردەخست، بەڵام ڕۆمەکانی نائومێد دەکرد، وەلێ ئەسکەندەر بەپێی نەخشەو پرەنسیپێکی دیاریکراو ئەوکارەی ئەنجام

دەداو بە نەزم و ڕێکوپێکی و ئیرادەیەکی تایبەتییەوە لاسایی پاشاکانی ئاسیای دەکردەوە.

## بەشی پازدەهەم: بەکارهێنانی میکانیزمی نوێ بۆ پاراستنی شوێنە داگیرکراوەکان

ئەگەر پاشایەک وڵاتێکی گەورەی داگیرکرد لەسەری پێویستە کارێکی شایستەو بەجێ ئەنجام بداو ئەویش ئەوەیە کە سیستەمی ئیستبدادی هەندێ نەرم بکاتەوەو بەرەو ئاراستەیەکی میانڕۆیانە پاڵی پێوە بنێ و هەوڵبدات پارێزگاری لە وڵاتە داگیرکراوەکان بکات، ئەوەش تەنیا بەتێکەڵبوونی هەردوو نەتەوەکە بەئەنجام دەگات. داگیرکارە چینییەکان بەم جۆرە ئەو کارەیان جێبەجێ کردووە.

بۆ ئەوەی نەتەوەی داگیرکراو تووشی نائومێدی نەبێ و نەتەوەی سەرکەوتووش غرور نەیگرێ و بۆ ئەوەی حکومەت بەرەو بارودۆخێکی میلیتاریستی هەنگاو نەنێ، پێویستە هەردوو نەتەوەکە لە چوارچێوەی سنووری دیاریکراوی ئەرکی خۆیاندا پارێزگاری و چاودێری بکرێن. ئێستا کە بنەماڵەی تەتەر لە چین حکومەت دەکات، فەرمانی داوە لەشکری هەموو هەرێم و شارەکان نیوەیان چینی و نیوەیان تەتەر بێ، بۆ ئەوەی هەستی پێشبڕکێ لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا، بەرەو ئەنجامدانی ئەرکەکان هانیان بدات. هەروەها دەبێ ئەندامانی دادگاش نیوەیان چینی و نیوەیان تەتەر بن. ئەم شێوە بەڕێوەبردنە چەندین دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: هەر لایەک پێشی توندڕەویی لایەکەی دیکە دەگرێ. دووەم: هەردوو لایان خاوەنی هێزی سەربازی و مەدەنی دەبن و هیچ کامیان ناتوانێ ئەویتریان لەناوبەرێت و هاوسەنگیەک لە نێوانیاندا دروست دەبێ. سێهەم: داگیرکار دەتوانێ بەهەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوبێتەوە بەبێ ئەوەی تووشی لاوازی بێت و هەروەها ئامادەگی ئەوەی دەبێ لە بەرامبەر پشێوی و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان و هێرشە دەرەکییەکاندا بەربەرەکانی بکاو لێهاتوویی خۆی بەکاربێنێ.

ئەو شێوە حکومەت کردنە بە چەشنێکی ئەوتۆ ژیرانەیە کە ئاوڕ لێنەدانەوەو بەکارنەهێنانی بۆتە هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی بەشی هەرە زۆری ئەو داگیرکارانەی لە خەیاڵی فراوانکردنی وڵاتەکانیاندا بوونە.



## بەشی شازدەهەم: کاتێک دەوڵەتێکی ئیستبدادی شوێنێک داگیر دەکات

ئەگەر هاتو وڵاتی داگیرکراو یەکجار زۆر گەورەبوو ئەوا بەتەئکید پێویستی بە حکومەتێکی ئیستبدادی دەبێ، لەو حاڵەتەدا ئەو لەشکرەی دەنێردرێتە ویلایەتەکان بەس نییەو رەنگە نەتوانێ پێشی یاخیبوون و پشێوییە ناوخۆییەکان بگرێ، هەر بۆیە پێویستە سوپایەکی تایبەت کە بەرامبەر بەپاشا وەفادارە لە دەوروبەری پاشاو لە پایتەختدا پێکبهێنرێ و لە هەر ساتێکدا ئامادەیی ئەوەی هەبێ ئەگەر هاتو دژی پاشاو پایتەخت هەر چەشنە کردەوەیەک ئەنجام درا یان هەر بەشێکی ئیمپراتۆریەت تووشی ئاڵۆزی هات، بەزوویی پێشی لێبگرێ، ئەو سوپایە دەبێ پێشی خەڵکانی تریش بگرێ و ئەو کەسانەی لەڕووی ناچارییەوە لەناو ئیمپراتۆریەتدا دەسەڵاتێکیان پێدراوە، بەردەوام هەست بەترس و نیگەرانی بکەن.

دەوروبەری ئیمپراتۆری چین هەمیشە بە سوپایەکی تەتەر دەورە دراوە کە بەردەوام ئامادەو چەک بەدەستە.

لە نزیک پاشاکانی مەغۆل تەتەرو هەروەها لە ژاپۆن سوپایەکی تایبەت ئامادەیە کە ناوی پاسەوانی تایبەتی پاشایەتییەو راستەوخۆ لە خەزێنەی تایبەتی پاشاوە یارمەتی وەردەگرن. ئەو سوپایە لەگەڵ لەشکری گشتی وڵاتدا جیاوازی هەیە، چونکە ئەوان بەداهاتی گشتی بەڕێوە دەبرێن. ئەم جۆرە هێزە تایبەتانە رێ لە سەرهەڵدان و یاخی بوونی هێزە گشتییەکان دەگرن.

## بەشی حەڤدەهەم: درێژەی بەشی پێشوو

پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کاتێ دەوڵەتێک لەلایەن پاشایەکی زۆردارەوە داگیر دەکرێ دەبێ ئەو دەوڵەتە ملکەچی پاشابێ. مێژوونوسەکان هەمیشە رێزیان لە هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو پاشا داگیرکارانە ناوە کە پاش داگیرکردن تاج و تەختیان داوەتەوە دەستی پاشای نەتەوەی داگیرکراو. کەواتە رۆمانەکان لە بەرئەوەی سوودیان لەو کارە وەردەگرت و لەهەموو شوێنێ پاش داگیرکردن، هەندێ پاشایان دادەمەزراند و دەیانکردنە ئامرازی دەستی خۆیان، زۆر جوامێر بوونە. کردەوەیەکی لەم چەشنە لەکاتی دەستگرتن بەسەر وڵاتێکدا پێویستەو هەندێ دەرەنجامی باشیشی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر بێتوو داگیرکار نەتوانێ وڵاتە داگیرکراوەکە بپارێزێ ئەوا ئەو حاکمانەش کە دەنێردرێنە بەشە جۆراوجۆرەکان ناتوانن پێشی خەڵک بگرن و خودی ئەویش ناتوانێ پێشی حاکمەکان

بگرێ و هەر بۆیە ناچار دەبێ هێزە سەربازییەکانی وڵاتە کۆنەکەی خۆی و لەشکر رەوانەی وڵاتە نوێیەکە بکات. لە ئاکامیشدا بەدبەختییەکانی هەردووک وڵاتەکە ئاوێتەی یەکتر دەبن و هۆکاری جەنگی ناوخۆ لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆکاری جەنگی ناوخۆی وڵاتەکەی تر، بەڵام ئەگەر داگیرکار تەخت و تاجەکە بداتەوە دەست پاشای یاسایی وڵاتە داگیرکراوەکە ئەوا بەتەئکید خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو دەبێ و بەهۆی تێکەڵبوونی هێزی هەردووک لا، هێزێکی گەورەتر دروست دەکرێ.

لەم سەردەمەدا (نادرشا)ی پاشای ئێران ئەو جوامێرییەی لە خۆی نیشان داوەو پاش ئەوەی خەزێنەکانی پاشای هندستان (محەمەد شای مەغۆڵ)ی تالآن کرد، هندستانی دایەوە دەستی محەمەد شا.

## پەیوەندی نێوان بنەمای
## دەوڵەت و ئەو یاسایانەی ئازادی سیاسی پێک دێنن

### بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتی

پێویستە ئەو یاسایانەی ئازادی سیاسی دەستەبەر دەکەن و ئەو پەیوەندییەی کە ئازادی لەگەڵ بنەمای دەوڵەتدا هەیەتی لەو یاسایانەی کە خودی ئازادی پێکدێنن و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ خەڵکدا هەیەتی، جیابکرێنەوە. بابەتی یەکەم لەم کتێبەدا باسی لێوەدەکرێ و دووەمیشیان لە کتێبی داهاتوودا شی دەکرێتەوە.

### بەشی دووەم: ئەو واتا جیاوازانەی دەخرێنە پاڵ وشەی ئازادییەوە

هیچ وشەیەک بەڕادەی وشەی ئازادیی هزرو خەیاڵی مرۆڤی بەخۆیەوە خەریک نەکردووەو هیچ وشەیەک هێندەی وشەی ئازادی واتای جۆراوجۆرو جیاوازی نەخراوەتە پاڵ. هەندێ کەس پێیان وایە ئازادی بریتییە لە بوونی مافی لابردنی خێرای ئەو کەسانەی کە لەلایەن ئەوانەوە دەسەڵاتیان پێ بەخشراوە، بەڵام کەڵکی خراپ لەو دەسەڵاتە وەردەگرن و دەبنە کەسانێکی زاڵم و ستەمکار. لەلای هەندێکی تر ئازادی بریتییە لە مافی هەڵبژاردنی ئەو کەسەی دەبێ خۆیان گوێڕایەڵی بن. دەستەیەکی دیکە لایان وایە ئازادی ئەوەیە بتوانن چەکداربن و زوڵم و زۆر بکەن. هەندێکی دی بوونی کۆمەڵە ئیمتیازاتێک بۆ خۆیان بە ئازادی لە قەڵەم دەدەن، بۆ نموونە لە ژێر فەرمانی تاکەکەسێکی ناو کۆمەڵگای خۆیان یان لە ژێر ئاڵای یاساکانی خۆیاندا بەڕێوە ببرێن.

میللەتێکیش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە پاراستنی دابونەریتەکان ئازادییە. بۆ نموونە پێیان وابوو ئازادی ئەوەیە بتوانن ریشی درێژیان هەبێ.[٦٥]

هەندێ لە نەتەوەکانیش ئازادیان بەم جۆرە تەفسیرکردووە کە پەیوەندی بەو شێوازو رژێمە تایبەتیەو حکومەتەوە هەیە کە بۆ خۆیان هەیانە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی لە ژێر سایەی حکومەتی دەستووریدا دەژین، پێیان وایە ئازادی تایبەتە بە حکومەتی دەستووری



و ئەو کۆمەڵەش کە تامی حکومەتی کۆمارییان چێشتووە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئازادی تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەم شێوازە حکومەتەدا بەدی دێت.

بەهەرحاڵ هەرکەسەو هەر نەتەوەیەک ناوی ئازادیی لەو حکومەتە ناوە کە لەگەڵ دابونەریت و ئارەزووەکانیدا دەگونجێ و هۆکارەکەشی ئەوەیە: لەناو حکومەتی کۆماریدا بەرواڵەت هیچ کەموکوڕی و کەمایەسیەک نییەو ئەو فاکتەرو هۆکارانەی دەبنە مایەی ئازاردانی خەڵک ئاشکرا نین. هەروەها وادێتە بەرچاو کە یاساکان زیاتر کاریگەرییان هەیە نەک جێبەجێکاری یاساکان هەر بۆیە خەڵکەکە پێیان وایە ئازادی لە حکومەتی کۆماریدا دەستەبەر دەبێ و لە حکومەتی دەستووریدا هیچ چەشنە ئازادییەک دەست ناکەوێ هەروەها لەبەر ئەوەی لە حکومەتی دەستووری و دیموکراتیدا، بەرواڵەت گەل ئازادەو هەرچییەکی پێ خۆشبێ دەتوانێ ئەنجامی بدا، بۆیە خەڵک بەهەڵە دەسەڵاتی نەتەوەیی و ئازادی تێکەڵاو دەکەن و دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئازادی تایبەتی ئەم جۆرە حکومەتەیە.

### بەشی سێهەم: ئازادی چییە؟

راستە لەنێو حکومەتی دیموکراتیدا بەرواڵەت گەل هەرچییەکی پێخۆش بێ دەتوانێ ئەنجامی بدات، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە **ئازادی سیاسی ئەوە نییە هەر کەس هەرچییەکی پێخۆش بوو بیکا**، بەڵکو لەناو کۆمەڵگاو حکومەتێکدا کە یاسا فەرمانڕەوایە ئازادی مانایەکی تری هەیە. ئازادی بریتییە لەوەی تاکەکان ئەوەی دەبێ بیانەوێت، بیانەوێ و ئەنجامی بدەن و ئەو شتەی ناشیان هەوێ ناچار نەکرێن ئەنجامی بدەن. هەروەها پێویستە ئەو خاڵەش وەبەرچاو بگرین کە ئازادی و سەربەخۆیی جیاوازییان هەیە.

دەکرێ لە پێناسەیەکی تری ئازادیدا بڵێین، **ئازادی بریتییە لەوەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێ هەر کارێک ئەنجام بدا کە یاسا مۆڵەتی پێداوەو ئەو شتەش کە یاسا قەدەغەی کردووەو لە بەرژەوەندی ئەوی نەزانیوە ناچار بەئەنجامدانی نەکرێت.** لێرەدا ئەگەر هاتوو تاک کردەوەیەکی ئەنجامدا کە یاسا قەدەغەی کردبوو، ئیدی ئازادی لە گۆڕێ نامێنێ. ئەوەیە مانای سەرەکی سەربەخۆیی و ئازادی کە پێویستە هزرو خەیاڵی هەموو کەس بتەنێ.

## بەشی چوارەم: درێژەی بابەتی پێشوو

لەنێو حکومەتە میانڕۆکاندا ئازادی سیاسی بوونی هەیە، بەمەرجێک دەسەڵاتدارەکان کەڵکی خراپ لە پلەوپایەو بەرپرسایەتی خۆیان وەرنەگرن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری نەهێنن. ئەزموون راستی ئەو بابەتەی سەلماندووە کە هەرکەسێک جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست حەزدەکات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سوود لە دەسەڵات وەربگرێ، ئەم کردەوەیە هەرکاتێک لە رادەی خۆی تێپەڕببێ و بەرەو گەندەڵی و کەڵکی خراپ گۆڕانی بەسەر دابێ، گەل پێشی لێدەگرێ و نایەڵێ چیتر سنوور ببەزێنێ. بەڵێ؛ نەک هەر کردەوەی خراپ بەڵکو کردەوەی چاک و دڵسۆزی و فەزیلەتیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە.

بۆ ئەوەی بەخراپی سوود لە دەسەڵات و سەڵاحیاتەکان وەرنەگیرێ، پێویستە دەزگاو بنەمای دەوڵەت بەجۆرێک رێک بخرێ کە دەسەڵاتدارەکان نەتوانن ئەو ئەرک و کارانەی یاسا بڕیاری لەسەر داون بە ئیهمالی وەرگرن و گوێی خۆیانی نەدەنێ و هەروەها پێویستە پرەنسیپەکان بەچەشنێکی ئەوتۆ دابڕێژرێن کە هیچ کەس ناچار نەبێ کردەوەیەک ئەنجام بدا کە یاسا ئەنجامدانی بەپێویست نازانێ، بەکورتی دەبێ بارودۆخ و هەلومەرجی گشتی وڵات بەجۆرێک رێکبخرێ کە خودی دەسەڵات پێشی دەسەڵات بگرێ.

## بەشی پێنجەم: ئامانجی دەوڵەتەکان

هەر چەندە ئامانجی گشتی دەوڵەتەکان یەکێکەو بریتییە لە پاراستنی خۆیان بەڵام هەر لەوکاتەشدا هەر دەوڵەتەو ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئامانج و مەبەستی دەوڵەتی رۆما، گەشەسەندنی وڵات بوو، مەبەستی لاسدمۆن جەنگ بوو، مەبەستی سەرەکی یاساکانی یەهوود ئایین بوو، وڵاتی مارسی گەرەکی بوو بازرگانی بکات، یاساکانی وڵاتی چین دەیانویست ئاسایش و هێمنی بەرقەرار بکەن، یاساکانی دورگەی رووس هانی کەشتیوانی دەدا، مەبەستی سەرەکی رێوشوێنی نێو میللەتە بەربەرەکان ئازادیی سروشتییە، ئامانجی بەرچاوی دەوڵەتە ئیستبدادییەکان بەشێوەیەکی گشتی رابواردن و چێژی پاشاکانە، لە وڵاتە دەستوورییەکاندا شانازی و سەربەرزی پاشاکان جێگای سەرنجە، یاساکانی پۆڵۆنیا ئامانجی سەرەکییان سەربەخۆیی فەردیەو ئەوەش بۆتە هۆی چەوساندنەوەی گشت لایەک.

بەڵام لە دونیادا نەتەوەیەکیش هەیە کە ئامانجی سەرەکی و راستەوخۆی بریتییە لە ئازادی سیاسی(٦٦). ئێستا سەبارەت بەو پرەنسیپانەی کە ئازادی ئەو نەتەوەییەی لەسەر



بنیاتنراوە هەوڵی توێژینەوەو هەڵسەنگاندن دەدەین. دیاریکردن و کەشفی ئازادیی سیاسی لەناو دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت هێندە کارێکی دژوار نییە، ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بیانبینێ ئەوا توانیویەتی بیاندۆزێتەوەو ئیتر هیچ پێویستی بەگەڕان و لێکۆڵینەوە نییە. یەکێک لەو رێگایانەی کە دەتوانێ لێیەوە بیاندۆزێتەوە، هەڵسەنگاندنی بنچینەو پرەنسیپەکانە. ئەگەر پرەنسیپ و بنچینەکان باش و تۆکمە بن ئەوا وەکو ئاوێنەیەکی پاک و بێگەرد ئازادی لە نێویدا شۆق دەداتەوەو بەدیار دەکەوێ.

## بەشی شەشەم: بنەمای حکومەتی ئینگلتەرا

لە ئینگلتەرا، ئازادیی سیاسی بەلای هەر یەکێک لە تاکەکان بریتییە لە ئارامی و هێمنییەکی دەروونی، کە ئەویش لەو متمانەیەوە بەرهەم دێ کە تاک هەست دەکا لە ئارامیدا دەژی. بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ ببێتە خاوەنی ئاسایشی دەروونی و ئازادییەکی ئەوتۆ، لە ئینگلتەرا شێوازی حکومەت کردن بەچەشنێک رێکخراوە کە هیچ کەسێک لە کەسێکی دیکە ناترسێ. پێویستە ئەم شێوازی حکومەت بەڕێوەبردنە لە هەموو شوێنێک پیادە بکرێ، بۆ ئەوەی ئازادیی سیاسی لە گشت وڵاتەکاندا بەرقەرار بێت.

من نامەوێ لەمەڕ ئەو خاڵە بدوێم کە ئایا ئینگلیزەکان سوودو بەهرەیان لەم ئازادییە سیاسییە وەرگرتووە یان نا، هەر ئەوەندە بەسە بڵێم، بوونی ئەو ئازادییە لە رێگای یاساکانی ئەوانەوە دەستەبەرکراوەو پێویست ناکا هیچی تر بڵێم؛ چونکە من نامەوێ بەم کارەم سوکایەتی بەحکومەتەکانی دیکە بکەم و ناشمەوێ بڵێم بوونی ئەم ئازادییە سیاسییە لێوان لێو و پڕاوپڕەو دەبێ نەتەوەکانی تر تووشی سەرشۆڕی بکا کە خاوەنی ئازادییەکی کەمترو مامناوەندیترن، چۆن دەتوانم قسەیەکی ئەوتۆ بکەم چونکە منێک کە پێم وایە تەنانەت توندڕۆیی لە عەقڵیشدا هەمیشە شتێکی باش نییەو مرۆڤ دەبێ بەردەوام بەشێوەیەکی میانڕۆیانەو لە ئاستێکی مامناوەندیدا ژیان بەسەر بەرێ و خۆی لە توندڕۆیی و کەمتەرخەمی بپارێزێ، ناتوانم ئەو قسەیە بکەم.

یەکێک لە توێژەرەوەکانی رۆمی رۆژهەڵات، «هارینگتن» لە کتێبی «ئوسێ ئانا»دا باسی ئەو بابەتەی کردووەو دەڵێ: بەرزترین رادەی ئەو ئازادییەی کە دەستووری وڵاتێک دەتوانێ دیاری بکا لە کوێ دایە؟ پێویستە لە وەڵامدا بڵێین، ئەو ئازادییەت نەناسیوە، چونکە ئەگەر ئازادیت بناسیبا، لەمەڕ دیاریکردنی بەرزترین رادەی ئازادیدا هێندە زێدەڕۆییت نەدەکرد. **بەڵێ، بەرزترین رادەی ئازادی ئەو شوێنەیە کە ئازادی نەگاتە بەرزترین رادە!**

لە ناو سیستەم و پێکهاتەی ئەو وڵاتەدا سێ دەسەڵات بوونی هەیە، کە هەر کامێکیان کاری خۆی جێبەجێدەکات و لە یەکتری جیاکراونەتەوە.

یەکەمیان دەسەڵاتی یاسادانانە کە لە ڕێگای ئەوەوە پاشا یان یاسادانەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ هەمیشە هەندێ یاسا دادەڕێژێ و دەستکاری یاسا مەوجوودەکان دەکا یان هەڵیاندەوەشێنێتەوە.

دووهەمیان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کاروباری تایبەت بە یاسای نێو نەتەوەییەو بەهۆی ئەوەوە دەوڵەت دەتوانێ ئاسایشی دەرەکی وڵات بپارێزێ، پێشی هێرش و پەلاماری هێزە دەرەکییەکان بگرێ، جەنگ بکا، ئاشتی بکا، باڵوێز بنێرێتە دەرەوە و پێشوازی لە باڵوێزی وڵاتەکانیش بکات.

سێهەمیان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو کاروبارانەیە کە پەیوەندییان بە یاسای مەدەنییەوە هەیەو لە ڕێگای ئەوەوە کێشەو گرفتی نێوان تاکەکان حوکمی لەسەر دەدرێ، شکایەت و سکاڵاکان تاووتوێ و سزا بۆ تاوانەکان دیاری دەکرێ. ئەو دەسەڵاتە پێی دەگوترێ دەسەڵاتی دادوەری.

ئێستا پێویستە بەباشی لەوە تێبگەین ئەگەر هاتوو یەکێک لەو سێ دەسەڵاتانە یان هەر سێکیان خۆیان لە کاروبارەکانی یەکتر هەڵقورتاند یان هەرسێک دەسەڵات لە دەستی تاکەکەسێک یان گروپێکدا بوون یان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن تێکەڵاوکران، یان دەسەڵاتی دادوەری بکەوێتە دەستی یەکێک لەو دوو دەسەڵاتەی تر یان بەپێچەوانەوە، ئەوا سیستەمی دەوڵەت و بارودۆخی ژیانی خەڵک چی بەسەر دێ.

کاتێک دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر کران و کەوتنە چنگی تاکەکەسێک یان گروپێک کە دەسەڵاتی لە دەست دایە، ئیتر ئازادی بوونی نامێنێ، چونکە پێویستە هەمیشە لەوە بترسین کە ئەو تاکەکەسە یان گروپە یاسای ستەمکارانە دابڕێژێ و زۆر ستەمکارانەش جێبەجێی بکات. هەروەها ئەگەر بێتو دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن جیا نەکرێتەوە دیسان ئازادی بوونی نامێنێ، چونکە بڕیاردان و حوکم دەرکردن لەمەڕ ژیان و ئازادیی تاکەکەسان سەرەڕۆیانە دەبێ و هەرکاتێک کە دادوەر خۆی هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکاربوو، دەسەڵاتەکەی ستەمکارانە دەبێ.

ئەگەر هاتوو تاکەکەسێک یان گروپێک کە لە پیاوە گەورەکان یان خەڵکی ئاسایی و خانەدانەکان پێکهاتووە ئەو سێ دەسەڵاتەیان لە یەک کاتدا بەیەکەوە لە ژێر چنگدا بێ، واتە هەم یاسا دابڕێژن و هەم بڕیارە گشتییەکان جێبەجێ بکەن و هەمیش کێشەو گرفتی



نێوان تاکەکان یەکالا بکەن و سزا بۆ تاوانەکان دیاری بکەن، ئیدی ئەوکات هەموو شتێک لە ناو دەچێ.

لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا کە حکومەتی میانڕۆیان هەیە، پاشا تەنیا دوو دەسەڵاتی یەکەمی لە ژێر دەستدایە و دەسەڵاتی سێهەم واتە دەسەڵاتی دادوەری بە ژێردەستەو ڕەعیەتەکانی خۆی دەسپێرێ.

لە تورکیا لەبەر ئەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە لە دەستی پاشادایەو لەیەک شوێن کۆبۆتەوە، ئیستبدادێکی تۆقێنەر فەرمانڕەوایە. لە کۆماری ئیتاڵیا دیسان چونکە ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەک شوێندا کۆکراوەتەوە، ئازادی بەڕادەیەکی کەمتر لە وڵاتە دەستوورییەکان بەرقەرارە، هەر بۆیە دەوڵەت ناچارە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی پەنا بەرێتەوە بەر هەندێ ئامرازو ڕێگای توندوتیژی وەکو ئەوەی تورکیا. هۆکاری سەرەکی ئەو بابەتە بوونی پشکنەری (مفتش)ی دەوڵەتی و ئەو سندووقانەیە کە پشکنەرەکان لە هەرکاتێکدا بیانەوێ دەتوانن ڕاپۆرت لەسەر کاروکردەوەی خەڵکی بنووسن و بیخەنە ناو سندووقەکەوە و تۆمەت بخەنە پاڵ تاکەکان و بیانخەنە ژێر لێ پێچینەوەوە. چەندە ڕێگایەکی توندوتیژە!! دەبێ لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا بارودۆخی خەڵکەکە چۆن بێ؟! تاقمی دەسەڵاتدار هەر لەوکاتەی کە جێبەجێکاری یاسایە، دەتوانێ یاساش دابڕێژێ، کەواتە لە توانایاندا هەیە بەهۆی جێبەجێکردنی ئیرادەی گشتییەوە وڵات بەرەو هەڵدێری و پشێوی ببەن. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی حوکم دەرکردنیشیان هەیە، دەتوانن لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئیرادەی تایبەتی خۆشیانەوە خەڵک لەناو ببەن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەرچەندە ئاشکراکانی ئیستبداد کە بریتییە لە بوونی پاشایەکی ستەمکار بەجوانی دیاروبەر چاونییە، بەڵام بوونی حوکمێکی ئیستبدادی لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێدەکرێ، چونکە گشت دەسەڵاتەکان لەیەک شوێندا کۆکراونەتەوە.

هەندێ لە پاشاکانی ئەوروپا بەسوود وەرگرتن لەم شێوازە هەموو کاروبارە گرنگەکانی وڵاتیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیان و هەر پاشایەک ویستبێتی ملهوڕانە حکومەت بکا سەرەتا گشت ئیرادەکانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

حکومەتی ئەرستۆکراسی پشتاوپشتی ئیتاڵیا وەکو حکومەتە ئیستبدادییەکانی ئاسیا وایە، بەڵام پێم وانییە بەڕادەی ئەوان توندوتیژ بێت، چونکە زۆری ژمارەی دەسەڵاتدارەکان هەندێ جار دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی لە ئیتاڵیا هێور و هێمنتر کردووە و ئاشکرایە هەموو ئەرستۆکراتەکان هاوکات خاوەن مەبەست و ئامانجێکی چون یەک نین، دادگای جۆراوجۆر پێکدەهێنن کە دەستکاری حوکمی یەکتر دەکەن. بۆ نموونە لە

ڤینیسیا دەسەڵاتی یاسادانان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵادایە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ «پرگادییەکان» دایە و دەسەڵاتی دادوەریش لەگەڵ «کارانتییەکان» دایە. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئەو دادگایانە لەیەک تاقم پێکهاتوون و لە راستیدا بەیەک دەسەڵات دەژمێردرێن، هەمان کەموکوڕی حکومەتی ئیستبدادیان تێدایە.

نابێ دەسەڵاتی دادوەری بدرێتە دەست تاقم و دەستەیەکی هەمیشەیی، بەڵکو دەبێ بە ژمارەیەک لەو کەسانە بسپێردرێت کە لەنێو خەڵکداو لە هەندێ کاتی ساڵ و بەپێی رێوشوێنی یاساییەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەوان پێویستە دادگا پێک بهێنن کە بەردەوامییەکەی پەیوەندی بەپێویستبوونی مەسەلەکانەوە هەبێ. لە حاڵەتێکی ئاوادا دەسەڵاتی دادوەری کە لەروانگەی خەڵکەوە یەکجار گرنگە نابێتە پیشەیەکی هەمیشەیی و لەراستیدا نادیار دەبێ و لەبەر ئەوەی دادوەرەکان بەردەوام لە پێش چاوی خەڵکی نابن، خەڵک لە حوکم دەرکردن دەترسێن نەک لە خودی دادوەرەکان، لە کاتێکیشدا کە حوکم دەرکردن لە دەستی دەوڵەتیشدا نییە.

لەکاتی تاوانە گرنگەکاندا دەبێ تۆمەتبار بتوانێ بەپێی یاسا، دادوەری خۆی بۆخۆی دیاری بکا یان لانی کەم بتوانێ لە نێوان ئەو کەسانەی کە دیاریکراون ئەوەندە رەد بکاتەوە کە ئەوانەی دەمێننەوە، وەکو هەڵبژێردراوی خودی تۆمەتبار بژمێردرێن.

تەنانەت خودی دادوەریش پێویستە هەمان بارودۆخی تاوانباری هەبێ و هاوڕێبازی بێ بۆ ئەوەی تاوانبار وا هەست نەکا کەوتۆتە دەستی کەسانێکەوە کە دەیانەوێ زوڵم و ستەمی لێبکەن.

بەڵام دەکرێ دوو دەسەڵاتەکەی دیکە بەگروپ و تاقمی هەمیشەیی بسپێردرێت، چونکە بەسەر هیچ کەسێکی تایبەتیدا فەرمانڕەوایی ناکەن. یەکێک لە دوو دەسەڵاتەکان ئیرادەی گشتی میللەتە و ئەویتریشیان ئەو ئیرادەیە جێبەجێ دەکات.

بەڵام نابێ ئەو بابەتەشمان لەیاد بچێ، کاتێ دادگاکان جێگیر و هەمیشەیی نەبوون ئەوا پێویستە حوکمەکان بەچەشنێک جێگیرو نەگۆڕ بن کە بەردەوام وەکو دەقێکی یاسایی سەیریان بکرێ، چونکە ئەگەر بێتو حوکمەکان بریتی بن لە بیروبۆچوونی تایبەتی دادوەرەکان ئەوا مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە بەراستی نازانێ چ ئیلتزاماتێکی لەسەر شانەو رەنگە هەموو ساتێک گۆڕانکاری بەسەردا بێ.

ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان رێگا بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن بدا بەئارەزووی خۆی خەڵک زیندانی بکاو ئەو کەسانەی بەئاشکرا کردەوەکانیان راست و ژیرانەیە، لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ، ئیدی ئازادی بوونی نامێنێ، چونکە هۆکارێکی



ستەمکارانەیە بۆ دەستدرێژی و چەوساندنەوەیەکی یەکجار زۆرو بێ ئەژمار. تەنیا کاتێک کە کردەوە و رەفتاری تاکەکان بەجۆرێک تێکدەرانەو گوماناوی بێت کە یاسا بەتۆمەتباریان لە قەڵەم بدا لەوکاتەدا ئەگەر هاتو ئەو جۆرە کەسانە دەست بەسەر کران لە راستیدا ئازادن، چونکە تەنیا لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی یاسادان نەک لە ژێر نیری حەزو ئارەزووی ئیرادەیەکی تاکەکەسیدا. هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان هەستی بەوەکرد لە رێگای پیلان و نەخشەیەکی نهێنی یان بە هۆی سازان و رێککەوتن لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکاندا دەوڵەت کەوتۆتە بەر مەترسی و هەڕەشەوە ئەوا دەتوانێ و بەڵکو پێویستیشە کەسە گومانلێکراوەکان دەستبەسەر بکات. ئەم جۆرە کەسانە بەشێوەیەکی کاتەکی ئازادی خۆیان لە دەست دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بۆ هەمیشە بیپارێزن. ئەم شێوازە تاکە رێگایەکی ژیرانەیە کە دەتوانێ جێگای ئیستبدادێکی ستەمکارانە بگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتێکی ئازاددا هەموو تاکەکەسێک رۆحی ئازادی هەیەو پێویستە خاوەنی ئیرادەی خۆی بێ، هەر بۆیە دەستەی کۆمەڵی خەڵکیش پێویستە خاوەنی هێزو دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بێ کە ئەو هێزە بەهۆی دەربڕینی ئیرادەی خۆیەوەو بەناوی یاساوە بتوانێ بەسەر کۆمەڵگادا حکومەت بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی رێوشوێنی دەربڕینی راستەوخۆی ئیرادەی گشتی لە وڵاتە گەورەکاندا ئیمکانی جێبەجێبوونی نییەو لە وڵاتە بچووکەکانیشدا کەموکوڕی زۆری هەیە، کەواتە ئەو کارەی گەل بەگشتی ناتوانێ ئەنجامی بدا، پێویستە لە رێگای نوێنەرەکانەوە ئەنجام بدرێ.

لەهەر ناوچەیەکی دیاریکراودا پێویستە دانیشتوانەکەی نوێنەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، چونکە دانیشتوانی ناوچەکە باشتر ئاگاداری پێداویستییەکانی شاری خۆیانن تا شارەکانی ترو هەروەها لەمەڕ پێداویستی خزم و کەس و دراوسێکانی خۆیانەوە باشتر حوکم دەدەن نەک سەبارەت بە باقی هاووڵاتیان. لە حاڵەتێکی ئاوادایە نابێ ئەندامانی دەستەی یاسادانان بەشێوەیەکی گشتی لەنێو میللەت هەڵبژێردرێن بەڵکو پێویستە هەڵبژێردراوەکان خەڵکی ناوچەکان بن.

گرنگترین خەسڵەتی باشی نوێنەرایەتی ئەوەیە کە قابلییەتی راوێژی لە کاروبارەکاندا هەیە لە کاتێکدا رای گشتیی گەل ئەو قابلییەتەی نییە ئەو بارودۆخە لە حکومەتی دیموکراتیدا بەعەیب و کەم و کوڕییەکی گەورە دەژمێردرێ.

لەبەر ئەوەی فەرمانی گشتی بەنوێنەرەکان دەدرێ ئیتر پێویست ناکا (هەروەک لە ئەنجوومەنەکانی ئەڵمانیا باوە) سەبارەت بەهەموو کارێک فەرمانێکی تایبەتیان پێبدرێت.

راستـه له حـاڵەتێکی ئەوتۆدا لەوانەیە وا مـەزەندە بکرێ کـە بۆچوونی نوێنەرەکـان بەتەواوی دەربڕی دەنگی مـیللەت دەبێ، بەڵام ئەو ڕێوشـوێنە دەبێتـە هۆی درێژبوونەوەو ئاستەنگ لەبەردەم کارەکاندا دروست دەکا. هەروەها هەر نوێنەرێک دەکاتە ژێر دەستەی نوێنەرەکـانی ترو لە هەندێ بارودۆخی خێـراو لە ناکـاودا ویست و حەزی تاکەکەسێک دەبێتە بەربەست لەبەردەم هەموو هێزی گەلدا.

کاتێک نوێنەرەکان نوێنەری دەستەیەکی خەڵک بن (وەکو هەڵبژاردنەکانی هۆڵەندا) و هەڵبـژاردنی نوێنەرەکـان لە دوو قـۆناغـداو بەشێـوەیەکی ناڕاستـەوخۆ ئەنجـام بدرێ، دەبێ خـواستی ئەو کـەسانە جێبـەجێ بکرێ کە نوێنەرەکـانیـان هەڵبـژاردووە، بەڵام کـاتێک نوێنەرەکـان، نوێنەری ڕاسـتـەوخـۆی شارو شـارۆچکەکان بن هەروەکو لە ئینگلتـەرا پیادە دەکرێ، بابەتەکە ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێ. لەگشت ناوچە جۆراوجۆرەکـاندا هەمـوو کـەسێک دەبێ مافی دەنگدان بۆ هەڵبـژاردنی نوێنەری خـۆی هەبێ، تەنیـا ئەو کـەسانە نەبێت کـە تۆمەتی فـەسادی ئەخلاقی و ئەنجـامدانی کاری ناڕەوایان لەسەرە یان گـێل و دوورەپەرێزن.

لە زۆربەی کۆمارە دێرینەکاندا یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکان ئەوەبوو کە گەل مافی ئەوەی هەبوو بڕیار لەسەر ئەو کردەوانە بدا کە دەبوایە جێبەجێ بکرێن.

بەڵام نەیدەتوانی ئەو کارە واتە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆی، ئەنجام بدات. نابێ گەل ڕاستەوخۆ لە حکومەتدا بەشداری بکا تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا نەبێ، ئەم کـارەش دەتوانێ بەباشی ئەنجـام بدا، چونکە ئەگـەر دەنگدەرەکـان بەباشی هەست بەلێهاتوویی و کارامەیی ئەو کەسانە نەکەن کە خۆیان دەیاڵێون ئەوا دەنگیان پێنادەن و هەروەها هەمـوو کەسێک بەڕادەیەک تێگەیشتنی هەیە کە بزانێ ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرێ لەوانیتر بەئاگاو وشیارترە یان نا و زانیاری پێویستی هەیە یان نا.

نابێ دەستەی نوێنەرەکانیش بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە کردەییەکان هەڵبژێردرێن چونکە ناتوانن بەباشی ئەو کـارە ئەنجام بدەن. ئەوان تەنیـا لەسـەریان پێویستـە یاسـا دابڕێژن و چاودێری جێبەجێکردنیان بکەن.

لەبەر ئەوەی لە هەمـوو وڵاتێکدا هەمـیـشـە هەندێ کـەس لەڕووی سـامـان و ئەسڵ و فـەسڵ و شـانازییـەکـانەوە دیارو بەرچاوترن و ئەگـەر لەگەڵ خـەڵک تێکەڵ بن و وەکـو خەڵکی ئاسایی تەنیا یەک دەنگیـان هەبێ، ئەوا ئازادی هاوبەش بەنسبەت ئەوان وەکو کـۆیلەیەتی وایە و بەهیچ جـۆرێک نایانەوێ پارێزگـاری و بەرگـری لێ بکەن، چونکە زۆربەی بڕیارەکان دژی خودی ئەوان دەبێ، کەواتە پێویستـە بەپێی ڕێژەی ئەو ئیمتیـازەی



لە وڵاتدا هەیانە، بەشدارییان لە دەسەڵاتی یاسادانانەدا دیاری بکرێ. ئەو بابەتەش ئەو کاتە بەشێوەیەکی عەمەلی بەئەنجام دەگا کە ئەوانیش دەستەیەک پێکبهێنن کە مافی ئەوەی هەبێ پێشی کردەوەکانی خەڵک بگرێ، هەروەک چۆن خەڵک مافی ئەوەی هەیە ئاستەنگ بخاتە بەردەم کردەوەی ئەرستۆکراتەکانەوە[٦٧]. بەم شێوەیە دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێ کە دەستەیەکیان لە نوێنەری هەڵبژێردراوی گەل و ئەویتریان لە ئەرستۆکرات و خانەدانەکان پێکدێت و هەرکام لەم دوو دەستانە خاوەن ڕاوێژی جیاوازو بیروبۆچوون و بەرژەوەندی دیاریکراوی خۆیانن.

لە نێو ئەو سێ دەسەڵاتەی باسمان کرد دەسەڵاتی دادوەری هیچ پەیوەندییەکی بەدوو دەسەڵاتەکەی ترەوە نییەو خۆ لە کاروباریان هەڵناقورتێنێ، بەڵام دوو دەسەڵاتەکەی دیکە پێویستیان بەدەسەڵاتێکی تر هەیە بۆ ئەوەی ڕێکیان بخات و بتوانێ لەکاتی پێویستدا دەستکاری بڕیارەکانیان بکات، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەو دەستە لەدەسەڵاتی یاسادانان کە لە ئەرستۆکراتەکان پێکهاتووە (ئەنجوومەنی سەنا) بەتەواوی سەڵاحیاتی هەیە.

دەستەی ئەرستۆکراتەکان پێویستە پشتاوپشت بێت (کە دیارە هەرواشە)، چونکە لەو حاڵەتەدا باشتر گرنگی بەکاروبارەکان دەدەن و باشتر ئیمتیازاتەکان دەپارێزن. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو ئیمتیازاتانە دژایەتییان دەکرێ و لە دەوڵەتە ئازادەکاندا بەردەوام دەکەونە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە. نابێ ئەو دەستەیە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێ و یاسا دابڕێژێ بەتایبەتی یاسای تایبەت بە وەرگرتنی دراو و باج و لەم جۆرە یاسایانە، چونکە ئەو هێزە پشتاوپشتییە بەردەوام دەیەوێ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەستەبەر بکاو بەرژەوەندی گشتیی گەل پشتگوێ بخات.

لە هەندێ حاڵەتدا ڕەنگە پەیوەندی تایبەتی ببێتە هۆی گەندەڵکردنی یاساکان و بەرهەمهێنانی کەموکوڕی و فەساد. کەواتە بەشداری ئەرستۆکراتەکان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەمان دەسەڵاتی ڕێگرتنە کە بەهۆیەوە دەتوانرێ بڕیاری خەڵکانی تر هەڵبوەشێنرێتەوە، ئاشکراشە ئەگەر کەسێک مافی ڕێگرتن هەبێ ئەوا مافی پەسندکردنیشی هەیە، واتە پەسندکردنەکەی هەر ئەوەندەیە ڕادەگەیەنێ کە سوودی لە مافی پێشگرتن وەرنەگرتووەو خۆی لەو مافە بواردووە. تریبۆنەکانی ڕۆما خاوەنی ئەم جۆرە مافە بوون.

مەبەستمان لە دەستەواژەی داڕشتنی یاسا ئەوەیە کە خۆی لە خۆیدا مافی بڕیاردانی هەبێ و بتوانێ دەستکاری و گۆڕانکاری لە بڕیاری خەڵکانی تریشدا بکات. کەواتە دەسەڵاتی داڕشتنی یاسا لە ئەرک و سەڵاحیاتەکانی ئەنجوومەنی گەلە و دەسەڵاتی

پێشگرتن و لابردن و پەسندکردنی یاساکانیش تایبەتە بە ئەنجوومەنی ئەرستۆکراتەکان (ئەنجوومەنی سەنا).

پێویستە هەمیشە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ژێر دەستی پاشادا بێ چونکە ئەو بەشەی حکومەت بەردەوام پێویستی بەکردەوەی خێراو بەپەلە هەیەو لەلایەن تاکەکەسێکەوە باشتر بەڕێوەدەبرێ نەک بە هاوبەشی کۆمەڵە کەسانێک. لەکاتێک دا کە دەسەڵاتی یاسادانان بەپێچەوانەی ئەوەوەیەو هەمیشە بەهۆی چەند کەسێکەوە باشتر ڕێکدەخرێ و زۆرتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ نەک بەهۆی تاکەکەسێکەوە.

ئەگەر پاشا لە ئارادا نەبێ و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بدرێتە دەست کۆمەڵە کەسانێک کە لە نێوان دەستەی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵبژێردراون و چەند کەسێک بتوانن لە هەردوو دەسەڵاتەکەدا بەشدار بن ئەوا ئازادی لەناو دەچێ، چونکە هەر دوو دەسەڵاتەکە دەبن بە یەک و تووشی هەمان ئەو کەموکوڕییانە دەبنەوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەگەر بێتو دەستەی یاسادانان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ دابخرێت و کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام نەدا، ئەوا یەکێک لەو دوو گرفت و کەموکوڕییانە سەرهەڵدەدا، یان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ خۆی بڕیارە یاساییەکان دەداو دەسەڵاتێکی ڕەها بەخۆی دەبەخشێ یان لە بنەڕەتدا هیچ جۆرە بڕیارێکی یاسایی بوونی نامێنێ و دەوڵەت بەرەو پشێوی و ئاڵۆزی هەنگاو دەنێ. دەستەی یاسادانان نابێ بەردەوام کۆببێتەوە، بەڵکو دەبێ هەندێ ماوەی دیاریکراو لە نێوان کۆبوونەوەکانیدا هەبێ کە نە زۆر درێژو نە زۆر کورت و لە دوای یەک بێ، چونکە ئەگەر بێتو کۆبوونەوەکان بەدوای یەک و زوو زوو ببەسترێن ئەوا جگە لەوەی دەبێتە هۆی دروستکردن و خوڵقاندنی زەحمەت و گرفت بۆ نوێنەرەکان، دەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشێکی زۆری کاتی خۆی بۆ بەرگری کردن لەخۆ تەرخان بکات و هەر بۆیە بەردەوام لەرزۆک دەبێ و لە بیری جێبەجێکردنی کاروبارەکاندا نابێ بەڵکو هەمیشە هەوڵی پاراستنی پلەوپایەو بەرژەوەندی و ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی دەدات و دەیەوێ بەرگری و پارێزگاری لەو ئیمتیازاتانە بکات کە لەڕووی جێبەجێکردنەوە لە بەرامبەر ئەنجوومەندا هەیەتی.

نابێ دەستەی یاسادانان بۆ هەتاهەتایە هەڵبژێردرێ و قۆناغی یاسادانان نادیاربێ و نوێ نەکرێنەوە، چونکە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بەشی هەرە زۆری کاری نوێنەرەکان ئەوە دەبێ لە جێگای نوێنەرە کۆچکردووەکان نوێنەری دیکە هەڵبژێرن و کاتێک دەستەی یاسادانەرەکان یەک لە دوای یەک شوێنی یەکتریان گرتەوەو گەل لە نوێکردنەوەو دانانیاندا هیچ ڕۆڵێکی نەبوو و کاتێ بۆی دەرکەوت نوێنەرەکان تووشی گەندەڵی هاتوون، دووچاری



نائومێدی و بێ هیوایی دەبێ یان ڕق و کینەیان لە دژ هەڵدەگرێ و هیچ هیوایەکی بەیاسا داڕێژراوەکان نامێنێ، بەڵام ئەگەر دەورەی هەڵبژاردن ماوەیەکی دیاریکراوی هەبێ و ئەگەر گەل بەرامبەر بەدەستەی یاسادانەریش تووشی ڕەشبینی هات دەتوانێ هیوای بەدەستەی داهاتوو هەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو هەر تەنیا دەستەیەک لەسەر کار بێ ئەوا ئەو کەموکوڕییانە دێنە ئاراوە کە ئاماژەمان بۆ کردن. نابێ دەستەی یاسادانان لە گرووپی جیاجیادا کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و بیروبۆچوونی خۆیان دەرببڕن، چونکە لە حاڵەتێکی ئاوادا هەرگرووپەو خودان ئیرادەی تایبەتی خۆی دەبێ، پێویستە دەستەی یاسادانان هەموو بەیەکەوە لە شوێنێک کۆببنەوە، چونکە ئەگەر وانەبێ ناتوانرێ دیاری بکرێ کە دەستەی یاسادانانی ڕاستەقینە کامەیە، ئەو بەشەیە کە لە کۆبوونەوە ئامادەیە یان ئەو بەشەیە کە ئامادە نەبووە.

دەستەی یاسادانان بەمەبەستی بەستنی کۆبوونەوەکانی، پێویستە کاتی دیاریکراوی هەبێ، تا ئەو بابەتانەی دەخرێنە بەر تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە کۆبوونەوەو دەورەی دانیشتنەکاندا بەشێوەیەکی گونجاو و پەسندکراو بڕیاریان لەسەر بدرێ و بتوانن لەسەر هەموو بابەتە دیارکراوەکان بەتێروتەسەلی قسە بکەن. دەستەی یاسادانان مافی هەڵوەشاندنەوەی خۆی نییە. ئەگەر ئەو مافەی هەبێ (هەرچەندە ڕەنگە بڵێین هەرگیز کارێکی ئەوتۆ ناکا) کاتێ بیەوێ دژی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوەستێ ئەوا ئەو کارە بەشێوەیەکی ترسناک دەکەوێتەوە.

پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی ئەوەی هەبێ پێش لە کردەوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بگرێ، ئەگەر ئەو مافە دانی پیانەنرێ ئەوا دەسەڵاتی یاسادانان شکڵێکی ئیستبدادی وەردەگرێ و لەوانەیە هەموو جۆرە دەسەڵاتێک بەخۆی ڕەوا ببینێ و دەسەڵاتەکانی تر لەناو ببات، بەڵام بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتی یاسادانان نابێ پێشی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بگرێ چونکە جێبەجێکردن خۆی لە خۆیدا سنووردارو دیاریکراوەو سنووردارکردنی هیچ سوودێکی نییە، ئەوە جگە لەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەمیشە لەسەر کاروبارەکان بەشێوەیەکی کاتەکی جێبەجێ دەکرێ[٦٨]. پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان چاودێریی کردەوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوێ ئەو یاسایانەی کە دەریکردوون بە چ شێوەیەک جێبەجێ دەکرێن[٦٩].

بەڵام پێویستە تێبینی ئەو خاڵە بکەین، نابێ مافی چاودێریکردن ئیجازەی ئەوە بەدەسەڵاتی یاسادانان بدا حوکم لەسەر کەسێک یان تاکێک کە جێبەجێکارە بدات، چونکە دەبێ کەسایەتی ئەو تاکە بە پیرۆزی بمێنێتەوەو ئەو پیرۆزییە بۆ دەوڵەتیش

پێویستە. ئەوەش ڕێ لە ڕەشبینی و ستەمکاری دەستەی یاسادانەر دەگرێ. ئەگەر هات و ئەو تۆمەتبارکرا یان گومانی خراپە پاڵ ئەوا ئیدی ئازادی بوونی نامێنێ و کۆمەڵگایەکی نا ئازاد بەرهەم دێ.

ئاشکرایە جێبەجێکارەکان ناتوانن هیچ شتێک بەخراپی جێبەجێ بکەن تەنیا کاتێک ئەوە ڕوودەدات ئەگەر ڕاوێژکارو دەمڕاستەکان خراپ بن. هەر بۆیە ئەگەر پرۆسەی جێبەجێکردن بەخراپی ئەنجام درا پێویستە ڕاوێژکارەکان کە لەڕاستیدا پلەوپایەی وەزیریان هەیە لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و تەمێ بکرێن. وەزیرەکان لەڕووی ئەو پلەوپایەی لە وەزارەت داگیریان کردووە زۆر کەیفیان بە یاساو ڕێساکان نایەت، بەڵام لەڕووی مرۆڤایەتییەوە ڕێز بۆ یاسا دادەنێن و هانی جێبەجێکردنی دەدەن[٧٠].

هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی نابێ دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندی لەگەڵ هیچ کام لە بەشەکانی دەسەڵاتی یاسادانانیدا هەبێ، بەڵام لە سێ حاڵەتدا ئەو حوکمە گشتییە تووشی ڕیزپەڕ (استثناء)، دەبێ ئەو حاڵەتانە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی تایبەتی ئەو تاوانبارانەوە هەیە کە دەستبەسەرو دادگایی دەکرێن:

یەکەم: لەبەر ئەوەی هەمیشە گەورە پیاوان حەسوودی و ئیرەییان پێدەبردرێ، لەوانەیە ئەگەر خەڵک دادگاییان بکات ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە و تەنانەت بچووکترین ئیمتیاز، کە هەموو تاکێک لە وڵاتێکی ئازاددا دەتوانێ لێی بەهرەمەند بێ، ئەوانی لێ بێبەش بکرێ. کەواتە نابێ ئەوان لە نێو دادگا ئاساییەکانی خەڵکدا دادگایی بکرێن، بەڵکو پێویستە لەبەردەم و بەئامادەبوونی بەشێک لە دەستەی یاسادانان کە لە خانەدان و لۆردەکان پێکدێ دادگایی بکرێن[٧١].

دووەم: لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا یاسا لە ڕادەبەدەر توندوتیژ بێ، چونکە یاسا هەر لەو کاتەدا کە ئاشکرایە، تەمومژاویشە و دادوەرەکان ناتوانن دەستکاری سەختی یان توندوتیژی یاساکان بکەن، ئەوان تەنیا زمانی یاسان. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بۆ دەستکاری و گۆڕانکاری لە نێو یاسادا خۆتێهەڵقورتاندنی دەسەڵاتی یاسادانان پێویستە، چونکە هەروەک دەزانین سەڵاحیاتی تەفسیر یان دەستکاری یاساکان تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان و تەنیا ئەو مافی ئەوەی هەیە دەستکاری یاسا بکات لە پێناوی بەرژەوەندی یاساداو لەو ڕادەیە کەمتر سزا دابنێ کە یاسا دیاری کردووە.

سێهەم: دیسان ڕەنگە کەسێک لە کاروباری گشتیدا مافی خەڵکی پێشێل بکات و ببێتە هۆی خراپە کاری و لە توانای دادوەری دادگاکاندا نەبێ یان نەیانەوێ سزای بدەن. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بۆ پاراستنی کەرامەتی نەتەوەو ئاسایشی تاکەکان دەبێ



ئەنجوومەنی شورای گەل داواکاری پێشکەشی ئەنجوومەنی سەنا بکات. دەسەڵاتی یاسادانان بەشێوەیەکی گشتی ناتوانێ لە ئاست ئەم جۆرە کردەوانە بێ دەنگ بێت، چونکە لەڕووی نوێنەرایەتییەوە گەل لایەنی تاوانبارەکەیە و دەبێ داواکاری لە دژ پێشکەش بکات. لەلایەکی ترەوە دادگا ئاساییەکان کە لە یاسادانەری ئاست نزمتر پێکهاتوون و لە ڕێگای دەسەڵاتی خودی یاسادانەرەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ناتوانن لە تاوانبارەکە بپێچنەوە. کەواتە دەبێ لە نێو ئەنجوومەنی سەنادا کە وەکو دادگایەک سەیری دەکرێ و لەو حاڵەتانەدا هیچ بەرژەوەندی و داواکارییەکی نییە تا وای لێبکات لە بارەی تاوانبارەکەوە حوکمێکی ناعادیلانە دەربکا، دادگایی کردنەکە بەئەنجام بگات. ئەمەش یەکێکە لە ڕوخسارە هەرە باشەکانی ئەم جۆرە حکومەتانە بەرامبەر بە زۆربەی حکومەتە کۆمارییە دێرینەکان، چونکە لەوێدا گەل هەم دادوەرو هەم داواکار (مدعي) بوو.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگای مافی پشتگیریکردن لە یاسادانانیدا بەشداربێ، ئەگەر وانەبێ ئەوا لە ئیمتیازاتەکانی خۆی بێبەش دەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی یاسادانان خۆی لە کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵقورتاندو بەشداری تێدا کرد ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەناو دەبات. هەروەها ئەگەر پاشا بیەوێ بە سوودوەرگرتن لە مافی بڕیاردەرکردن بەشداری لە یاسادانانیدا بکا ئەوا ئازادی لەناو دەچێ، بەڵام لە هێندێک حاڵەتدا بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خۆی دەبێ بەشداری لە یاسادانانیدا بکات، ئەو کاتە ئەو بەشدارییە لە ڕێگای مافی پێش لێگرتن، کە بریتییە لە ڕاگەیاندنی پەسندکردن یان سوود وەرنەگرتن لەو مافە پیادەدەکرێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی حکومەتی ڕۆما ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی سەنا بەشێک لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لە دەستەخۆی گرتبوو و ئەو بەشداریکردنەش تەنیا تایبەت نەبوو بە مافی پێش لێگرتن.

ئەوەیە سیستەم و پێکهاتەی ئەو حکومەتەی کە دەمانەوێ باسی بکەین[٧٢]. لەناو دەسەڵاتی یاسادانانیدا کە لە دوو بەش پێکهاتووەو لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەیە، یەکێکیان پێشی توندڕەوییەکانی دەستەکەی تر دەگرێ و هەردووکیشیان سەر بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردنن و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش سەر بەدەسەڵاتی یاسادانانە. ئەو سێ دەسەڵاتە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، پێویستە دەستکاری و گۆڕانکاری لە چالاکی و کردەوەکانی یەکتردا بکەن و توندڕەوی و زێدەڕۆییەکانی یەکتر ئارام و هێواش بکەن. بەڵام چونکە بەپێی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شتەکان ناچارن بەرەو

پێشەوە بچن، ئەوا بە ناچاری هاوکات لەگەڵ یەکتردا بەرەو پێشەوە دەچن.

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنیا لە ڕێگای بوونی مافی پێش لێگرتن دەتوانێ لە یاساداناندا بەشدار بێ و ناتوانێ بەشداری وتووێژو هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بکات، کەواتە هیچ پێویست ناکا دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێشنیار پێشکەش بکات، چونکە ئەو هەمیشە ئەو توانایەی هەیە بڕیارەکان ڕەد بکاتەوە. هەر بۆیە دەتوانێ لەبنەڕەتدا هیچ پێشنیارێک نەکا یان تەنیا ئەو بڕیارانە دەربکا کە بەئارەزووی خۆیەتی.

لە هەندێ کۆمەڵگای کۆندا کە هەموو میللەت لەسەر کاروبارەکان ڕاوێژی دەکرد، دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاروبارەکانی پێشنیار دەکردو لەگەڵ گەلدا وتووێژی لەسەر دەکردن. ئەم شێوازە بۆ ئەو سەردەمە زۆر بەکەڵک بووە، چونکە ئەگەر وایان نەکردبا، ئەوا پشێوی و ئاڵۆزییەکی سەیر بڕیارەکانی دەتەنیەوە.

ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەبارەت بە وەرگرتنی باجی گشتی نەتوانێ ڕەزامەندی گەل مسۆگەر بکات، ئەوا هیچ ئازادییەک بوونی نامێنێ، چونکە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن گرنگترین خاڵی یاسادانان لە جیاتی دەسەڵاتی یاسادانان دەخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان بۆ هەمیشە سەبارەت بەوەرگرتنی باجی گشتی هەندێ بڕیارو ڕێوشوێن دەربکات ئەوا دیسان گەل دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لە دەست دانی ئازادییەوە. کەواتە پێویستە ساڵ بە ساڵ ئەو بڕیارە دەربکرێ[٧٣] و لە کاتی پێویستدا گۆڕانکاری تێدا بکرێ. هەروەها ئەگەر بێتو ئەو مافە بۆ هەمیشە لەژێر دەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێ، ئیدی پەیڕەوی لە دەسەڵاتی یاسادانان ناکات.

ئەو چاودێرییەی کە دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر هێزی سەربازی وڵاتدا دەیکا پێویستە هەموو ساڵێک نوێ بکرێتەوەو بڕیارو ڕاسپاردەکانی خۆی ساڵ بەساڵ ڕابگەیەنێ، کەواتە نابێ یەکجار و بۆ هەمیشە هێزەکان بخاتە ژێر چاودێرییەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە هێزەکانی لەژێر کۆنترۆڵدایە نەتوانێ زوڵم و ستەم لە خەڵک بکات. سەرەڕای ئەوە پێویستە هێزەکانی لەشکر کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دیاری دەکرێن لەنێو کۆمەڵانی خەڵکەوە هەڵبژێردرێن و خاوەنی ڕۆحی جەماوەری بن.

لە ڕۆما تا سەردەمی ماریۆس بە دوو ڕێگاوە سوپایان لە خەڵک پێ دەهێنا: یەکێکیان ئەوەبوو هەموو کەسێک لە سوپادا تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک خزمەتی دەکردو مەرجی دامەزراندنیشیان ئەوەبوو بەڕادەی پێویست سامان و دارایییان هەبێ بۆ ئەوەی ئاراستەی ڕەفتارو کردەوەکانی خۆیان بکەن بەرامبەر بە خەڵکی تر. ئەویتریان ئەوەبوو؛ ئەگەر دامەزراندنی تاکەکان لە سوپادا بۆ هەمیشە بایەو سەربازەکان لە خەڵکانی چینە



نزمەکان هەڵبژێردرابان ئەوا دەسەڵاتی یاسادانان، هەر ساتێک حەزی بکردایە دەیتوانی ئەو سوپایە هەڵوەشێنێتەوە. هەر بۆیە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا سەربازەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تێکەڵ دەبوون و ئوردوگاو سەربازگەو قەڵا جەنگییەکان لەنێو جەماوەردا دروست دەکران.

ئەگەر هاتوو لەشکر پێک هێنرا، نابێ ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی یاسادانان دابێت، بەڵکو پێویستە سەر بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت، چونکە ئەو حاڵەتە پەیوەندی بەسروشتی پێکهاتەکەوە هەیە و ئاشکرایە لەشکر زیاتر دەچێتە خانەی کردەوەوە نەک ڕاوێژو گفتوگۆ.

لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا شێوەی بیری مرۆڤ بەجۆرێکە کە زیاتر گرنگی بە ئازایەتی و چالاکی و زەبرو زەنگ دەدا نەک خۆشەویستی و خۆپارێزی و ئامۆژگاری؛ هەر بۆیە لەشکر بەچاوێکی سووکەوە سەیری ئەنجومەنی یاسادانان دەکات، بەڵام ڕێزێکی تایبەتی لە ئەفسەرەکانی خۆی دەگرێ. لەشکر هیچ نرخێک بۆ ئەو فەرمان و بڕیارانە دانانێ کە پێی وایە لەلایەن دەستەو تاقمی ترسنۆکەوە دەرکراون و شایانی ئەوە نین فەرمانەکانیان جێبەجێ بکرێ. هەر بۆیە ئەگەر بێتو لەشکر بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی یاسادانانەوە ئەوا حکومەت بەرەو حکومەتێکی عەسکەرتاری گۆڕانی بەسەردادێ. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتەوە بێ ئەوا بارودۆخێکی زۆر گونجاوو لەبار دێتە ئاراوە. هەر بۆیە بەردەوام لەشکر لە چەندین سوپا دروست دەکرێ و شارە گەورەکانیش خاوەنی جۆرە پێکهاتەیەکن کە تەنها بەهۆی هەلومەرجی تایبەت بە خۆیانەوە دەکرێ بەرگرییان لێ بکرێ و هیچ پێویستیان بە لەشکر نییە.

بارودۆخی لەشکری هۆڵەندا لە بارودۆخی لەشکری ڤینیسیا باشترەو لە ئاسایش و ئارامییەکی چاکتر دایە، چونکە ئەو هێزانەی پەنا دەبەنە بەر یاخی بوون یان لە برسان دەیانکوژن یان نغرۆیان دەکەن. لەشکر هەمیشە لەناو شارەکاندا بنکەو قەڵای نییە تا سەربازەکان بتوانن بە ئاسایی خۆراک و پێداویستییەکانی خۆیان لە خەڵک بستێنن، بەڵکو لە بیابانەکاندا نیشتەجێ دەکرێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دابینکردنی خۆراک و پێداویستییەکان بۆ لەشکر ناجێگیرو زەحمەت بێ و بەم جۆرە ناچارن ملکەچ بن. ئەگەر هاتو دەستەی یاسادانەر لە بارودۆخێکدا سەرکردایەتی لەشکری گرتە دەست و بەهۆی هێندێ سیفات و حاڵەتی تایبەتییەوە حکومەت بەرەو بارودۆخێکی عەسکەرتاری گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەوا وڵات تووشی هەندێ گەندەڵی و کەموکوڕی تر دێت و یەکێک لەم دوو بارودۆخە سەرهەڵدەدات: یان دەبێ لەشکر حکومەت لەناوبەرێ یان حکومەت بتوانێ

لەشکر لاواز بکات و هۆکاری ئەو بارودۆخەش روون و ئاشکرایە و سەرچاوەکەی لاوازیی دەوڵەتە.

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی تاسیت بکەین کە لەسەر دابونەریتی جێرمەنەکان نووسیویەتی، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شێوازەی حکومەتی سیاسی کە ئەوان بنیاتیان ناوەو ئەو شێوە پەسەندکراوە، سەرەتا لە جەنگەڵەکاندا سەری هەڵداوەو خەڵکانی تر لاسایی ئەوانیان کردۆتەوە.

دەوڵەتە دێرینەکانی رۆما، کارتاژ، لاسدمۆن بۆیە لەناوچوون چونکە دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیاتر تووشی گەندەڵی هاتبوو. ئەم دەوڵەتەش تەنیا ئەوکاتە بەرەو هەڵدێرو لەناوچوون دەچێ کە دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیاتر تووشی گەندەڵی بێت و هەر لەو کاتەش دا ئازادیی خۆی لە دەست دەدات.

## بەشی حەوتەم: ئەو حکومەتە دەستوورییانە کە ئێمە دەیانناسین

لە بەشی هەرەزۆری حکومەتە دەستوورییەکانی ئەوروپادا بەپێچەوانەی ئینگلتەرا ئازادیی سیاسی بەواتا راستەقینەکەی بوونی نییە، بەڵکو مەبەستیان تەنیا شانازیی دەوڵەت و پاشاو گەلە. بەڵام هەر خودی رۆحی شانازی توانیویەتی جۆرە رۆحێکی ئازادیش بەرهەم بێنێ کە لەم وڵاتانەدا بەهەمان رادەو گرنگی و مەزنییەوە کارەکان ئەنجام دەدا و رەنگە بەئەندازەی ئازادیی راستەقینەش دەوری هەبێ لە خۆشبەختی خەڵکدا.

هەرسێ دەسەڵاتەکە وەکو نموونەی ئینگلتەرا کە لە بەشی پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد دیاری نەکراون بەڵکو هەرکام لەو سێ دەسەڵاتە بەشێوەیەکی تایبەتی دابەش کراوەو جێگیربووەو کەم و زۆر لە ئازادی سیاسییەوە نزیکە، بەڵام ئازادییەکی تەواو کۆگیر نییەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر باشە، چونکە ئەگەر ئەو برە ئازادییەش نەبێ ئەوا حکومەتی دەستووری هەرەس دێنێ و دەبێتە حکومەتێکی ئیستبدادی.

## بەشی هەشتەم: بۆچی میللەتانی کۆن سەبارەت بە حکومەتی دەستووری تێڕوانینێکی روونیان نەبوو؟

میللەتانی کۆن شێوازی حکومەتی ئەرستۆکراتی و هەروەها ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی یاسادانان و نوێنەرایەتی دامەزرابێ، بەباشی نەیاندەناسی و ئاشنایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵیدا نەبوو. کۆمەڵگاکانی یۆنان و رۆما لەو دەوڵەت – 



شارانە پێک دەهاتن کە هەر کامەو حکومەتێکی تایبەت بەخۆی هەبوو و لەنێو چوار دیواری شارەکاندا خۆیان بەستبۆوە. بەر لەوەی رۆمانییەکان هەموو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، دەتوانین بڵێین لە هیچ شوێنێکی ئەوروپادا (ئیتالیا، گۆل، ئیسپانیا، ئەلمانیا) پاشا نەبووەو ئەوانە هەموویان بریتی بوون لە کۆمەڵگاو نەتەوەی بچووک.

ئەفریقاش هیچ دەوڵەتێکی گەورەی تێدا دروست نەببوو، ئاسیای بچووک لەلایەن یۆنانییەکانەوە داگیرکرابوو و بەکورتی هیچ جۆرە نموونەیەک لە بوونی ئەنجوومەنی دەوڵەتی و نوێنەری شارەکان بەدی نەدەکرا. تاکە دەوڵەتی بەهێزو گەورەی ئاسیا ئێران بوو کە خاوەن ناوەندێتی حکومەت و دەسەڵات و گەورەیی بوو.

ئەگەرچی دەتوانین بڵێین کۆمارە یەکگرتووەکان لە نەتەوەی بچووک پێکدەهاتن و ژمارەیەک شار نوێنەری خۆیان دەنارده ناو ئەنجوومەنەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە حکومەتێکی دەستووری لە چەشنی ئەم سەردەمەو بەو سیستەم و رێکخستنەی ئەمڕۆ هەیە، نەبووە. ئێستا هەوڵ دەدەین چۆنیەتی دروستبوونی یەکەمین نەخشەی حکومەتی دەستووری پێشان بدەین و دەربخەین چۆن حکومەتی دەستووری سەریهەڵدا.

جێرمەنە سەرەتاییەکان کە توانیان ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی داگیر بکەن، زۆر ئازادبوون و نووسراو و بەرهەمەکانی تاسیت راستی ئەم بابەتە دەسەلمێنن.

جێرمەنە داگیرکارەکان بە وڵاتی رۆماندا بڵاوبوونەوە، پێشتر بە زۆری لە بیابانەکاندا ژیانیان بەسەر بردبوو و کەمتر لەناو شارو گوندەکاندا نیشتەجێ ببوون. ئەو سەردەمەی لە جێرمەن بوون هەموو گەل دەیتوانی لە دەوری یەک کۆ ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ چوونیان بۆ رۆما ئیتر نەیانتوانی درێژە بەو کارە بدەن. لەبەر ئەوەی راهاتبوون لەسەر ئەوەی لە کاروبارەکاندا لەگەڵ یەک راوێژ بکەن، هەر بۆیە بەهەمان شێوازی جێرمەنی لە رێگای نوێنەرەکانی خۆیانەوە توانیان ئەم کارە ئەنجام بدەن. لێرەوە بنەمای حکومەتی گوتیک[٧٤] لەلای ئێمە سەرهەڵدەدات.

لەسەرەتادا حکومەت تێکەڵەیەک بوو لە حکومەتی ئەرستۆکراتی و دەستووری، بەڵام یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەوەبوو کە بەشی هەرە زۆری گەل دەکەوتە خانەی کۆیلەوە. ئەو حکومەتە خۆی لە خۆیدا توانای باشتربوونی هەبوو و هێدی هێدی رەوتی ئازادکردنی کۆیلە دەستی پێکرد، پاشان زۆر بەزوویی توانرا هەماهەنگییەک لەنێوان ئازادیی مەدەنی میللەت و ئیمتیازاتی ئەرستۆکراتەکان و پیاوە ئایینییەکان و دەسەڵاتی سوڵتانەکاندا پێک بهێنرێ، کە پێم وانییە بە بوونی ئەم شێوازە، لەسەر رووی زەوی حکومەتی

میانڕۆتر لە حکومەت ئەوروپا دروست بووبێ.

لە هەمان کاتیشدا زۆر سەیرە کە گەندەڵیی حکومەتی نەتەوەیەکی داگیرکار بتوانێ باشترین جۆری حکومەت، کە مرۆڤ ناتوانێ وێنکا بکا، پێکبهێنێ.

**بەشی نۆیەم: شێوازی بیرکردنەوەی ئەرستۆ**

کاتێ ئەرستۆ دێتە سەر باسی حکومەتی پاشایی دەستووری، زۆر بەئاشکرایی تووشی هەڵە دەبێ و بۆمان دەردەکەوێ بە باشی نەیتوانیوە ماهییەتی ئەو جۆرە حکومەتە بناسێ. ئەو، حکومەتەکان بەسەر پێنج جۆردا دابەش دەکات و زیاتر لەڕووی هەندێ شتی لاوەکی وەکو فەزیلەت یان کەموکوڕیی پاشا یان بابەتە دەرەکییەکانی وەکو زەبروزەنگی حکومەت یان ستەمکاری یان میراتگری و لەم جۆرە شتانە، حکومەت هەڵدەسەنگێنێ نەک لەڕووی شکڵی سیستەمە بنەڕەتییەکانی. ئەرستۆ حکومەتی ئیمپراتۆری ئێران و دەوڵەتی پاشایی ئسپارتی خستۆتە خانەی حکومەتی دەستوورییەوە، لەکاتێکدا ئێران ئیمپراتۆرییەتێکی ئیستبدادی و ئسپارت حکومەتێکی کۆماری بووە. هۆکاری سەرەکی ئەو جۆرە تێڕوانینەش دابەش نەکردنی حکومەتەکان بووە بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا و هەر بۆیە نەیتوانیوە سەبارەت بە حکومەتی دەستووری بە شێوەیەکی راست بیروبۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێ.

**بەشی دەیەم: شێوازی تێڕوانینی پیاوە سیاسییەکان**

(ئاریباس) پاشای (ئیپیر) جگە لە حکومەتی کۆماری هیچ بەدیلێکی تری لەکاتی گۆڕینی حکومەتی تاکەکەسی پێ شک نەهاتووە. (مولوس)ەکان لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی چۆن گۆڕانکاری لەنێو حکومەتەکەیان بکەن، لە جیاتی پاشایەک دوو پاشایان هێنایە سەر حوکم و بەم جۆرە دەوڵەتیان زیاتر تووشی لاوازی کرد. ئەوان دەیانویست دوو رکابەر دروست بکەن، بەڵام دوو دوژمنیان دروست کرد، چونکە بوونی دوو پاشا لە وڵاتێکدا، هەلی مانەوەو بەردەوام بوونی نییە. ئەم کارە تەنیا لە لاسدمۆن توانراوە بە باشی ئەنجام بدرێ. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە لاسدمۆن دا پاشا بۆ خۆی دەوڵەتی پێک نەدەهێنا. بەڵکو ئەویش ملکەچی یاسا بوو و بەشێک بوو لە سیستەم و پێکهاتەی دەوڵەت.



**بەشی یازدەهەم: پاشاکانی سەردەمی قارەمانی لە یۆنان**

لە سەردەمی قارەمانێتیدا لە یۆنان جۆرە حکومەتێکی دەستووری هاتەئارا، بەڵام نەیتوانی درێژە بەژیانی خۆی بدات، چونکە ئەو کەسانەی خزمەتێکیان بەخەڵک دەکرد بۆ نموونە، داهێنانێکی هونەرییان ئەنجام دەدا یان لە پێناوی گەلدا دەجەنگان و یان خەڵکیان کۆ دەکردەوەو زەوی و زاریان بەسەردا دابەش دەکردن، کاتێک کورسی پاشایەتییان داگیر دەکرد، پاشایەتیان دەخستە خزمەت خۆیانەوەو وەکو میرات بۆ منداڵەکانی خۆیانیان بەجێ دەهێشت. ئیدی ئەوان هەم دەبوونە پیاوی ئایینی و دادوەرو هەم پاشا. ئەو شێوازە یەکێکە لەو پێنج جۆرە حکومەتە دەستوورییەی کە ئەرستۆ باسی دەکات. ئەوە تاکە حکومەتێک بووە کە توانراوە بەپێی ئەوە، پێکهێنانی حکومەتی دەستووری لە خەیاڵ و بیردا بەرجەستە بکرێ، بەڵام نەخشە و پێکهاتەکەی لەگەڵ شێوازی حکومەتی دەستووری ئێستادا بەتەواوی جیاوازە.

دەسەڵاتەکان لەم جۆرە حکومەتەدا بەجۆرێک دابەش کراون کە دەسەڵاتی یاسادانان دراوەتە دەست گەل و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دادوەریش بە پاشا سپێردراوە. لەکاتێکدا ئاشکرایە لە حکومەتە دەستوورییەکانی ئێستادا پاشا دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەشێک لە دەسەڵاتی یاسادانانی لە ژێر چنگدایە، بەڵام لە دەسەڵاتی دادوەری دوورەو حوکم دەرناکات.

لە حکومەتەکانی سەردەمی قارەمانیدا، دەسەڵاتەکان بەباشی دابەش نەکرابوون و هەر بۆیە حکومەتە دەستوورییەکان نەیاندەتوانی بەردەوام بن، چونکە هەر کە دەسەڵاتی یاسادانان دەدرایە دەست خەڵکەوە بەپێی بچووکترین حەزو ئارەزووی خۆیان پاشایەتیان هەڵدەوەشاندەوە. بەڵێ راستە؛ کاتێک گەل دەسەڵاتی یاسادانانی بخرێتە چنگەوە و لە شارێکی بچووکدا بژی ئەوا کەموکوڕییەکانی سیستەم و پێکهاتەی حکومەتەکەی زۆرتر بەدیاردەکەوێ.

یەکێک لە شاکارەکانی یاسادانان ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری و حوکم دەرکردن بەجوانترین شێوە رێک بخات، هەروەکو یۆنانییەکان چۆن توانیان ئەم کارە بەباشترین شێوە بەئەنجام بگەیەنن. بەڵام ئەگەر بێتو دەسەڵاتی دادوەری بکەوێتە دەستی کەسێکەوە کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیشی لە دەست دایە، ئەوا ئەوکاتە بەخراپترین شێوە خۆی دەردەخات و لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا پاشا گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر خەڵک. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر پاشا بەشدار نەبێ لە دارشتنی یاساکاندا ئەوا ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات. هەر بۆیە دەبینین پاشاکان لەناو حکومەتە کۆنەکاندا دەسەڵاتێکی لە رادەبەدەریان

هەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە بەرگری لە خۆیان بکەن. لە سەردەمە کۆنەکاندا نەیاندەزانی پیشەی ڕاستەقینەی پاشا چییەو نەیاندەزانی کە پێویستە پاشا دادوەرەکان دیاری بکا، بەڵام نابێ بۆ خۆی حوکم دەرکات. هەر بۆیە چەمکی پێچەوانەی ئەو کردەوەیە واتە حوکم دەرکردنی پاشاو داگیرکردنی دەسەڵاتی دادوەری بووە هۆی ئەوەی حکومەتە تاکەکەسییەکان چیتر تەحەممول نەکرێن و لە کۆتاییدا گشت پاشا ستەمکارەکان لە یۆنان وەدەربنرێن.

یۆنانییەکان پێیان وانەبوو لە حکومەتی تاکەکەسیش دا دەکرێ دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن، هەر بۆیە ئەو دابەش کردنەیان لە حکومەتی فرەکەسیدا بەرقەرارکردو ناویان نا حکومەتی **پۆلیس**.

## بەشی دوازدەهەم: لە حکومەتی ڕۆما
## چۆن دەسەڵاتەکان دابەش و جیادەکرانەوە

حکومەتی پاشا ڕۆمانییەکان زۆر بە حکومەتی سەردەمی قارەمانێتی یۆنان دەچوو، بەڵام ئەویش وەکو ئەوان بەهۆی کەموکورییە گشتییەکان هەرەسی هێنا. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو حکومەتانە لە خۆیان داو بەپێی سروشتی تایبەتی خۆیان زۆرباش بوون. بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو حکومەتانە، باسی حکومەتی پێنج پاشای یەکەم و حکومەتی «سرۆیۆس تۆلیوس» و «تارکن» دەکەم:

لەسەردەمی پاشایەتی پێنج پاشای یەکەمدا ئەنجوومەنی سەنا گەورەترین دەوری هەبوو لە هەڵبژاردندا. هەروەها داگیرکردنی تەخت و تاج لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بوو. پاش ئەوەی پاشایەک دەمرد، سەنا هەڵدەستا بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتەی ئایا شێوەی ئەو حکومەتەی هەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان نا؟ ئەگەر مانەوەیان بەچاک زانیبا ئەوا دەسەڵاتدارێکی ناو دەستەی سەنا ڕادەسپێردرا بۆ ئەوەی پاشا دیاری بکات، پاشان دەبوایە سەناش ئەو هەڵبژاردنە پەسند بکات و لە دوای ئەویش دەبوایە گەل دەنگی بۆ بداو ئوسپیسەکانیش[٧٥] دەسەڵاتی بۆ دابین بکەن، ئەگەر هاتباو یەکێک لەو مەرجانەی تێدا نەبوایە، ئەوا دەبوایە هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجام بدرێ واتە ئەو پرۆسەیە سەرلەنوێ دووبارە بکرابایەوە.

بناغەی حکومەت لەسەر شێوازی دەستووری و ئەرستۆکراتی و نەتەوەیی دامەزرابوو. هەماهەنگی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بوو کە لەسەردەمی پاشا یەکەمەکاندا نە ئێرەیی دەبینرا نەکێشەو ململانێ. پاشا فەرمانی بە لەشکر دەداو چاودێری



قوربانییەکانیش یەکێک بوو لە ئەرکەکانی و هەروەها توانای بڕیارو قەزاوەتی هەبوو لە کاروبارە مەدەنی و تاوانکارییەکاندا. ئەنجوومەنی سەنای ئاگادار دەکردەوە، خەڵکی کۆ دەکردەوەو هەندێ کاروباری بە خەڵک پێشنیار دەکردو هەندێکیشی لەگەڵ ئەنجوومەنی سەنادا یەکالا دەکرد. ئەنجوومەنی سەنا دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری هەبوو، پاشاکان هەمیشە بۆ دەرکردنی حوکم و بڕیارەکان سوودیان لە بەشداری سیناتۆرەکان وەردەگرت و ئەگەر کارێک لە ئەنجوومەنی سەنادا پێشتر وتووێژی لەسەر نەکرابا ئەوا بە هیچ شێوەیەک پەسندیان نەدەکرد. گەل مافی ئەوەی هەبوو دەسەڵاتدارەکان هەڵبژێرێ و یاسا نوێیەکان پەسند بکات.

کاتێک پاشا مۆڵەتی جەنگ و ئاشتی دابا ئەوا لەلایەن خەڵکەوە ڕادەگەیەنرا. گەل خاوەن دەسەڵاتی دادوەری نەبوو و کاتێکیش «تولوس هوستیلوس» دادگایی کردنی «هوراس»ی بەخەڵک سپارد هەندێ هۆکاری تایبەتی هەبوو، کە «دنیس» زۆر بە جوانی شییان دەکاتەوە.

سیستەم و پێکهاتەی سەرەکی حکومەت لە سەردەمی پاشایەتی «سرۆیۆس تۆلیوس»دا تووشی ئاڵوگۆڕ هات، چونکە ئەنجوومەنی سەنا بە هیچ جۆرێ بەشدار نەبوو لە هەڵبژاردنیدا و لە ڕێگای خەڵکەوە پاشایەتی خۆی ڕاگەیاند. ئەم پاشایە وازی لە دەرکردنی حوکمی مەدەنی و حقوقی هێناو تەنیا دەرکردنی حوکمی تاوانکاری و سزای بۆ خۆی هێشتەوە. تەواوی کاروبارەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دەهێنا بەرباس.

قورسی گیروگرفتەکانی لە کۆڵی خەڵک کردەوەو هەمووی بەکۆڵی خانەدانەکان دادا. بەم جۆرە چەندە لە دەسەڵاتی پاشایی خۆی و توانای ئەنجوومەنی سەنای کەم دەکردەوە، ئەوەندە توانا و دەسەڵاتی خەڵکی زیاد دەکرد، بەڵام تارکن ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو. تارکن لە ڕێگای ئەنجوومەنی سەناوە هەڵبژێردرا نەک لە ڕێگای گەلەوە. تارکن بەچاوی دوژمن و داگیرکارێکەوە سەیری سرویوس تۆلیوسی دەکردو تاجی پاشایی بە مافێکی بۆماوەیی خۆی دەزانی. هەر بۆیە زۆربەی هەرە زۆری سیناتۆرەکانی لەناوبردو لەگەڵ ئەو کەسانەش کە مابوون هیچ جۆرە ڕاوێژو وتووێژێکی نەدەکرد و تەنانەت بۆ دەرکردنی حوکمەکانی خۆی بانگهێشتی نەدەکردن. پاش ئەوەی هێدی هێدی دەسەڵاتەکەی زیادی کرد توانی دەسەڵاتی گەلیش داگیر بکات. بەبێ بەشداری خەڵک یاسای دادەڕشت و تەنانەت دژی خودی خەڵکیش یاسای دادەنا، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین لەنێو ئەو دەسەڵاتەدا ئەوەی قێزەون بوو زیاتر قێزەون تر بوو، چونکە تارکن هەر سێ دەسەڵاتەکەی

خستبووە ژێر ركێفی خۆیەوە، بەڵام لە کۆتاییدا خەڵک تێگەیشتن کە مافی یاسادانان تایبەتە بەگەل هەر بۆیە تارکن لەناوچوو.

## بەشی سێزدەهەم: هەندێ بیروبۆچوونی گشتی سەبارەت بە دەوڵەتی ڕۆما پاش وەدەرنانی پاشاکان

مرۆڤ هیچ کاتێک ناتوانێ دەست لە ڕۆمانەکان هەڵگرێ، ئەوان ئەمرۆش خەریکن لە پایتەختدا کۆشکی نوێ بونیاد دەنێن و بەنێو کاولگەکاندا دەگەڕێن. گەورەیی ڕۆمانی کۆن و پاشماوە دێرینەکانی بەچەشنێکە کە چاو لەسەیرکردنی تێرنابێت. مرۆڤ لەکاتێکدا لەسەر جوانکاری چیمەنەکان پشوو دەدات و نوقمی سەیرکردنە، حەز دەکا تەماشای بەردەشکاوو چیا دێرینەکان بکات.

بنەماڵە خانەدانەکان لە گشت سەردەمەکاندا خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتی بوونە. ئەو ئیمتیازاتە کە لەسەردەمی پاشاکاندا گرنگی و برەوێکی زۆری پێ دەدرا لە پاش وەدەرنانیان گرنگییەکی زیاتری وەرگرت. ئەو بابەتەش هانی ئیرەیی خەڵکی ئاسایی دەدا و دەیانویست سووکایەتی بەخانەدانەکان بکەن. هەر بۆیە بەبێ ئەوەی بتوانن حکومەت لاواز بکەن، رەخنە و گلەیی خەڵک ئاراستەی سیستەم و پێکهاتەی سەرەکی حکومەت دەکرا، چونکە تەنیا رەسەنایەتی بنەماڵەیی بەتاکە مەرج دانەدەنرا بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارەکان بتوانن پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن، ئەگەر دەسەڵاتدارەکان لەهەر بنەماڵەیەک بوونایە پارێزگارییان لە دەسەڵاتی خۆیان دەکردو هیچ جیاوازییەکی نەبوو.

حکومەتی دەستووریی ئینتخابی وەکو ڕۆما پێویستی بەبوونی دەستەیەک ئەرستۆکراتی بەتوانا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاری لە حکومەت بکات، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوا بەزوویی حکومەت بەرەو حکومەتێکی ستەمکار یان حکومەتی خەڵک گۆڕانی بەسەر دادێ و لەبەر ئەوەی حکومەتی خەڵک هیچ پێویستییەکی بەو بنەماڵەو لێک جیاکردنەوەیان نییە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ، کەواتە خانەدان و لۆردەکان کە وەکو بەشێکی پێویست بۆ سیستەم و پێکهاتەی سەرەکی سەردەمی پاشاکان سەیریان دەکرا، لەسەردەمی کۆنسولەکان و حکومەتی خەڵکدا بوون بە بەشێکی زیادەو گەل توانی تەریکیان بکاو سووکایەتییان پێ بکات، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی لەناوچوونی خۆی و یان گۆڕانکاری لە سیستەم و پێکهاتەی دەوڵەتدا پێکبهێنێ یان هەڵیوەشێنێتەوە. کاتێک سرۆیۆس تۆلیوس سووکایەتی و بێ حورمەتی بەخانەدان و لۆردەکان دەکرد، ڕۆما بەتەواوی لە چنگی پاشاکان هاتبووەدەر و کەوتبووە ژێر دەستی خەڵکەوەو خانەدانەکانی



تەریک دەکرد و وەدەریدەنان بەبێ ئەوەی بەخەیاڵی دابێ کە سەر لەنوێ ڕۆما دەکەوێتەوە دەستی پاشاکان.

هەموو نەتەوەیەک بە دوو ڕێگا گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات: ئەگەر بێتو سیستەم و پێکهاتەی چاکسازییان تێدا ئەنجام بدرێ یان سیستەم و پێکهاتەکانی تووشی گەندەڵی بێت. ئەگەر بتوانێ لەکاتی گۆڕانی سیستەم و پێکهاتەکانیدا پارێزگاری لە پرەنسیپەکانی خۆی بکات ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم نەتەوەیە چاکسازی تێدا ئەنجام دەدرێ و بەرەو باشی هەنگاو دەنێ، بەڵام ئەگەر بێتو پرەنسیپەکانی خۆی لە دەست بداو سیستەم و پێکهاتەکەی تووشی گۆڕانکاری بێ ئەوە نیشانەی گەندەڵبوونیەتی. حکومەتی ڕۆما هەر لە دوای وەدەرنانی پاشاکانی، خۆی لە خۆیدا بەرەو حکومەتێکی دیموکراتی هەنگاوی نا، چونکە گەل دەسەڵاتی یاسادانانی لە دەستدا بوو و بەتێکڕای دەنگ وەدەرنانی پاشاکان پەسند کرابوو. ئەگەر لەسەر ئەو کارە پێیان دانەگرتبا ئەوا لەوانەبوو وەکو تارکن لە هەر ساتێکدا بتوانن سەر لەنوێ بێنەوە سەر دەسەڵات. ئەگەر بڵێم خەڵک دەیویست پاشاکان وەدەربنێ بۆ ئەوەی ببێتە کۆیلەی چەند بنەماڵەیەک، ئەوا بیروبۆچوونێکی ژیرانە نییە چونکە بارودۆخەکە وایدەخواست ڕۆما بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێ و بۆ ئەو مەبەستەش وا پێویست بوو دەسەڵاتی پیاوە گەورەکان کەم بکرێتەوەو دەوڵەمەندەکانیش بەرەو دیموکراسی هان بدرێن بۆ ئەوەی دیموکراسی بەرقەرار بێت.

هەمیشە کاتێ دەوڵەتەکان لە سیستەمێکەوە بەرەو سیستەمێکی تر گۆڕانیان بەسەر دادێ، پێشکەوتنی باشتر بەخۆیانەوە دەبینن نەک کاتێک بەرەو سیستەمی پاشتر یان پێشتر بگەڕێنەوە. لە سەروبەندی بارودۆخێکی ئەوتۆدایە کە گشت هێزە بزوێنەرەکانی حکومەت دەکەونە جووڵەو هەموو تاکەکانی گەل کە گەرەکیانە بەسەر دەستەو گرووپی جیاجیادا دابەش بن، بمانەوێ و نەمانەوێ پەلاماری یەکتر دەدەن یان هاوکاری یەکتر دەکەن بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی کە لایەنگری ئەو حکومەتەن کە خەریکە لەناو دەچێ یان هەواداری ئەو سیستەمەن کە دەیەوێ بێتە سەرکار. بەهەرحاڵ دەستەو گرووپەکانی خەڵک بەسەیرکردنی یەکتر و رکابەریەکی شەرافەتمەندانە کارەکان بەرەو پێشەوە دەبەن.

**بەشی چواردەهەم: چۆن دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پاش وەدەرنانی پاشاکان لە رۆما گۆڕانکاری بەسەر داهات؟**

چوار شت رێگربوو لەبەردەم ئازادی خەڵکدا، کە خەڵک توانی چاکسازی لە هەرچوار بەندەکەیدا بکات:

١- خانەدانەکان دەستیان بەسەر گشت پیشە پیرۆز و سیاسی و مەدەنی و سەربازییەکان داگرتبوو و تایبەتیان کردبوو بە خۆیان.

٢- دەسەڵاتێکی بێ سنووریان دابوو بە کۆنسولەکان.

٣- هەندێ سووکایەتیان بەخەڵک دەکرد.

٤- لە هەڵبژاردنەکاندا مەجالی هیچ چەشنە نفووزێکیان پێ نەدەدا. ئەم چوار بەندە بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری تێدا پێکهات.

لە حاڵەتی یەکەمدا - گەل پێی لەسەر ئەوە داگرت کە خەڵکی ئاسایش مافی ئەوەی هەیە هەندێ پیشە بگرێتە دەست و هێدی هێدی توانی گشت پلەوپایەکان داگیر بکات تەنیا پلەی «نێوان شا»[٧٦] نەبێ.

لە حاڵەتی دووەم دا- کۆنسولەکانیان دابەشکردو چەندین بەڕێوەبەرایەتیان دامەزراند، پریتۆرەکانیان دیاریکرد و مافی ئەوەیان هەبوو لەسەر کاروبارە تایبەتییەکان حوکم دەرکەن. کستورەکانیش دیاریکران بۆ ئەوەی لەمەڕ تاوانە گشتییەکانەوە بڕیار دەربکەن. نوێنەری شارەکانیان هەڵبژاردو پۆلیسیان پێ سپاردن. هەندێ خەزێنەداریان دیاریکرد بۆ بەڕێوەبردنی سامان و دارایی گشتی و بەکورتی بە پێکهێنانی سانسۆرەکان ئەو بەشەش لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بەرپرسی رێکخستنی دابونەریتی دانیشتوان و دەستە جیاوازەکان بوو لە چنگی کۆنسوڵەکان هاتەدەرێ. تەنیا ئیمتیازێک کە بۆ خانەدانەکان مایەوە بانگهێشی ئەنجوومەنی سەناو فەرمان دان بە لەشکر بوو.

لە حاڵەتی سێهەم - یاسا پیرۆزەکان هەندێ دادگایان دامەزراند کە لە توانایدا هەبوو لە هەموو ساتێکدا پێشی چالاکی خانەدانەکان بگرێ و بەم جۆرە نەک هەر بەری سووکایەتی و جوێنی تایبەتی بەڵکو بەری سووکایەتی و بێ حورمەتی گشتیشی دەگرت.

لە حاڵەتی چوارەمدا - خەڵک توانی پەرە بەنفووزی خۆی بدا لەنێو بڕیارە گشتییەکاندا.

بەم جۆرە گەل بەسەر سێ دەستەدا دابەش بوو:

**سانتۆرییەکان، کورییەکان، قەبیلەکان.** ئەم دەستانە لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوەو بەیەکێک لەم سێ شێوازەی خوارەوە یەکیان دەگرت و دەنگیان دەدا.



دابەشبوون بەسەر سانتۆری، زیاتر دابەشکردنێک بوو بەسەر شوێندا نەک دابەشکردنی کەسەکان. هەموو گەل بەسەر سەدو نەوەد و سێ سانتۆریدا دابەش کراوبوو و هەر کامێکیان خاوەن یەک دەنگبوو. نەجیبزادە و گەورە پیاوەکان نەوەدو هەشت سانتۆری ریزی پێشەوەیان داگیرکردبوو و خەڵکەکەی تریش خاوەنی نەوەدو پێنج سانتۆرییەکەی دیکە بوو. کەواتە لەو دابەشکردنەدا خانەدانەکان بەشی هەرە زۆری دەنگەکانیان لە ژێر دەستدابوو.

لە دابەشکردن بەسەر کورییەکاندا نەجیبزادە و خانەدانەکان خاوەنی ئەو ئیمتیازانە نەبوون، بەڵام لەوێشدا هەندێ ئیمتیازی دیکەیان مسۆگەر کردبوو. دەبوایە لەگەڵ ئوسپیسەکان (ئەستێرەناس - فاڵگرەوە) کە خانەدانەکان سەرۆکایەتییان دەکردن راوێژ بکەن. لەو حاڵەتەدا لەوانەبوو هەندێ پێشنیار ئاراستەی گەل بکرێ کە پێشتر ئاراستەی ئەنجوومەنی سەنانەکراوەو لەلایەن ئەوانەوە پەسند نەکراوە.

بەڵام لەکاتی دابەش بوون بەسەر هۆزەکاندا هیچ قسەو باسێک لە ئوسپیس و ئەنجوومەنی سەنا لە گۆڕێ نەبوو، خانەدان و نەجیبزادەکان مافی بەشداریکردنیان نەبوو. خەڵک بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو کۆڕو ئەنجوومەنانەی کە لەلایەن سانتۆرەکانەوە پێکدەهات بەهاوکاری و یارمەتی کورییەکان و ئەو کۆڕو ئەنجوومەنانەی لەگەڵ کورییەکان دروست دەکرا بەیارمەتی و بەشداری خێڵەکان دابمەزرێنێ و هێدی هێدی بەسوود وەرگرتن لەم رێوشوێنە توانرا کاروبارەکان لە دەستی خانەدانەکان دەربهێنرێ و بکەوێتە دەستی خەڵکەوە. بەم جۆرە کاتێک خەڵک توانی مافی دادگاییکردنی خانەدانەکان وەدەست بێنێ (ئەو بابەتە لە پاش دادگاییکردنی کوریولانەوە دەستی پێکرد) ویستیان خانەدانەکان لە رێگای ئەنجوومەنی خێڵەکانەوە دادگایی بکەن نەک بەهۆی ئەنجوومەنی سانتۆرەکان. بەڵام کاتێک ئەو مەسەلەیە روویدا، بڕیاری نوێی تریبون و نوێنەری شارەکان بەسوودی گەل شکایەوە، چونکە لە سەرەتادا خەڵک تەنیا مافی ئەوەیان هەبوو لە رێگای کورییەکانەوە کۆڕو ئەنجوومەن بە خێڵەکان دابمەزرێنن، بەڵام پاش ئەوەی گەل توانی زیاتر دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکا، دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا کۆڕو ئەنجوومەنەکان لە رێگای خێڵەکانەوە پێک بهێنێ.

**بەشی پازدەهەم: لەبەرچی حکومەتی کۆماری رۆما لە کاتێکدا بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا ئازادی خۆی لە دەستدا.**

لە گەرمەی کێشمەکێشم و رکابەری نێوان خانەدان و خەڵکی رەشورووت دا، خەڵک

داوای ئەوەیان بەرزکردەوە کە دەبێ یاساکان جێگیر و نەگۆڕبن، بۆ ئەوەی یاساکان نەبنە قوربانی ئیرادەی سەرەڕۆیانە یان دەسەڵاتێکی ملهوڕ. لە کۆتاییدا، سەنا پاش بەرەنگاری و بەرهەڵستییەکی یەکجار زۆر ئەو پێشنیارەی پەسند کردو بۆ داڕشتنی ئەم یاسایە ئەنجوومەنێکی دە کەسییان بەناوی «دسم ویر» پێک هێنا.

ئەو دە کەسە دەبوایە یاسایەک دابنێن کە لەگەڵ خوو خەسڵەتی جیاوازی گشت خەڵکدا بگونجێ، هەر بۆیە وایان بە پەسند زانی کە دەسەڵاتی ئەو دە کەسە بەربڵاو و بێ سنوور بێت.

پاش ئەوە، دسم ویر دامەزراندنی گشت دەسەڵاتدارەکانی راگرت و لە کومیس (ئەنجوومەنی نەتەوەیی) تەنیا بەڕێوەبەری کۆمارەکان دیاری کران. بەم جۆرە گەل هاوکات هەم دەسەڵاتی کۆنسولەکان و هەم دەسەڵاتی تریبونەکانی پێکەوە بەو ئەنجوومەنە دە کەسییە بەخشی.

دەسەڵاتی کۆنسولەکان مافی ئەوەی بە دسم ویرەکان دەدا بانگهێشتی سەنا بکەن و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی گەلیش ئەو مافەی پێ دەدان کە خەڵک لە شوێنێک کۆبکەنەوە، بەڵام ئەوان هیچکام لەو مافانەیان بەکار نەهێنا.

لەو سەردەمەدا، دە کەس لە کۆماری رۆما بە تەنیایی گشت دەسەڵاتەکانیان کەوتە دەست و دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و زوڵم و ستەمکارییەکی ئەوتۆیان لە رۆمادا بڵاوکردەوە کە چەشنی زوڵم و دەستدرێژییەکانی تارکن بێبەزەییانەو توندوتیژبوو. کاتێک تارکن ستەمکارانە حوکمی بەڕێوەدەبرد، خەڵک لە دەسەڵات و دەستدرێژییەکانی وەزاڵە هاتبوون، بەڵام کاتێک دسمویرەکان لە رێگای یاساو بەپشتیوانی ئەحکامەکان ستەم و دەستدرێژییەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، خەڵکی رۆما تووشی حەپەسان هاتبوون، چونکە ئەوان خۆیان ئەم دەسەڵاتانەیان پێ بەخشیبوون.

نازانین ئەوە چ پرەنسیپ و بنچینەیەکی ستەمکاری بوو کە لەلایەن هەندێ کەسەوە بەڕێوەدەچوو چونکە بەهۆی ئاشناییان لە کاروباری وڵاتدا دەسەڵاتی سیاسی سەربازییان گرتبووە دەست؟! هەر ئەو وڵاتەی لەو قۆناغەدا وا پێویست بوو خەڵکەکەی لەناوخۆی وڵاتدا بەهێمنی و ئارامی بژین بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری دوژمنی دەرەکی ببنەوە.

بەبڕوای من مەرگی (ڤێرژینی) کە لەلایەن باوکی خۆیەوەو لە پێناوی ئازادی و داوێنپاکیدا بوو بەقوربانی، بووە هۆکارێک بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتی دسمویرەکان. بەڵێ: هەرواش بوو. لە ئاکامی ئەو رووداوەدا هەرکەسێک خۆی بە ئازاد زانیبا بۆی دەرکەوت کە



سووکایەتی و بێ حورمەتی پێدەکرێ، چونکە هەموو خەڵک خاوەن ماف و ئیمتیازی کۆمەڵایەتی بوون و بەباوک لە قەڵەم دەدران. پاش ئەو رووداوە ئەنجوومەنی سەناو خەڵک دووبارە توانیان ئازادییەکەیان وەدەست بێننەوە کە هەر بۆ خۆیان خستبوویانە ژێر رکێفی کۆمەڵە ستەمکارێکی وەکو دسمویرەکانەوە.

گەلی رۆما زیاتر لە هەموو گەلێکی دیکە بینینی دیمەنی کارەساتاوی دەیهەژاند. بۆ نموونە لە رابردوودا، تەرمی خوێناوی «لوکرس» کۆتایی بە رژێمی پاشایەتی هێنا. دیمەنی جەستەی ئەو قەرزدارەی لەلایەن خاوەن قەرزەکەیەوە برینداركرابوو و بە لەشێکی زامدارەوە بەمەیدانی گشتی شارو بە بەرچاوی هەمووان‌دا تێپەڕی کۆتایی بە حکومەتی کۆماری هێنا. ئەم جارەشیان حاڵی ڤێرژینی بووە هۆکاری وەدەرنان و لابردنی دسمویرەکان. هەروەها لەکاتی دادگاییکردنی «مانۆلیۆس» - دیکتاتۆری شاری رۆما - خەڵک ئامادە نەبوو دان بەحوکمەکە دابنێ و پەسندی بکات، چونکە بەردەوام دلێری و ئازادییەتی و فیداکاری ئەویان لەکاتی بەرگریکردن لەکا پیتۆل (کۆشکی پاشایەتی و سەربازی شاری رۆما ) لە بەرچاو بوو. ئەو کەسانەی دەیانویست مانۆلیۆس مەحکوم بەمەرگ بکەن دەبوایە وەکو ئەمەکداری و دەربڕینی هەست و سۆزی خۆیان، سەرەتا کۆشکی کاپیتۆل وێران بکەن بۆ ئەوەی چیتر بە بەرچاوی خەڵکەوە نەبێ و خزمەتەکانی مانۆلیۆس فەرامۆش بکەن و حوکمەکەی کاریگەری لەسەر خەڵک دانەنێ و نەیان هەژێنێ. دەنا ئەستەم بوو بەبینینی ئەو کۆشکەو بیرەوەری بەرگری و خزمەتەکانی مانۆلیۆس بتوانن حوکمەکە رازی بن. هەروەها بینینی جلوبەرگی خوێناوی سزار بەچەشنێک خەڵکی هەژاندو کاری تێکردن کە ئەو رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵک لە بەرامبەر کۆیلەیی و دیکتاتۆری ملکەچ بکا، چونکە لە دوای کوشتنی سزار هەندێ ملهوڕو سەرەڕۆ توانیان بەسەر ژیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ ببن و پشێوی و ئاژاوەیەکی لەرادەبەدەر باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا. هەر کە جلی خوێناوی سزاریان بینی لەتاو ئەو کارەساتە چۆکیان داداو سەریان بۆ کۆیلەیەتی شۆڕ کرد.

**بەشی شازدەهەم: دەسەڵاتی یاسادانان لە کۆماری رۆمادا**

لە سەردەمی حکومەتی دسمویرەکاندا هیچ مافێک لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پێکهێنانی کێشەو ململانێ، بەڵام کاتێک کە دووبارە ئازادی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشایەوە سەرلەنوێ رکابەری و ململانێیەکان دەستیان پێکردەوە. ئەو ئیمتیازاتەی بۆ خانەدانەکان مابۆوە لەلایەنی خەڵکەوە دەستی بەسەرداگیرا. دیارە ئەگەر خەڵک

بەوەندەش رازی بوونایە و مافە نەتەوەییییەکانی خانەدانەکانیان پێشێل نەکردبا، گرفتێکی ئەوتۆی نەدەخولقاند، بەڵام هەندێ کات وای لێدەهات کە خانەدانەکان بەهیچ جۆرێک نەیاندەتوانی بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانانـدا بکەن و دەبوایە ملکەچی دەسەڵاتی یاسادانانی خەڵک (عوام)بن. لە سەرەتادا دەسەڵاتی یاسادانان لە سیناتۆرو خانەدان و خەڵک پێکدەهات، بەڵام لەکاتی ململانێ و کێشەکاندا خەڵک توانی دەست بەسەر ئەو ئیمتیازو مافەدا بگرێ و بەتەنیاو بەبێ بەشداری خانەدان و ئەنجوومەنی سەنا هەندێ یاسا دابڕێژێ و ناوی ئەو یاسایانەشیان نابوو (پلێبیسیت – Plebiscite) واتە گەڕانەوە بۆ رای گشتی. ئەو ئەنجوومەنەی ئەم جۆرە یاسایانەی تێدا دەردەکرا بەئەنجومەنی خێڵە ناوبانگی دەرکردبوو.

ئەو رەوتە لە جیاتی ئەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەهێز بکاو گەشەیان پێ بدات، زیانی پێگەیاندو لاوازی کردن، چونکە ئەوە دەرەنجامی هەموو جۆرە ئازادییەکی رەهایە. ئەو دەسەڵاتە بێ سنوور و ئازادییە رەهایە تەنانەت تواناو دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەناشی لەناوبرد. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا تواناو دەسەڵاتی کۆنسولەکان دەیتوانی سنوورێک بۆ ئەو ئازادییە دابنێ و بەرتەسکی بکاتەوە و پاش ئەوانیش دەسەڵاتی سانسۆرەکان ئەو رۆڵەی دەگێڕا کە هەر پێنج ساڵ جارێک ئەنجوومەنی نەتەوەییی گەورەیان پێک دەهێنا.

ئەم ئەنجوومەنە لە توانایدا هەبوو یاسا دابڕێژێ، بەڵام ملکەچی ئەو رێوشوێنانەبوو کە سانسۆرەکان دەریان دەکرد.

شیشرۆن دەڵێ: «بلیریۆس گراکۆس» کە یەکێک بوو لە سانسۆرەکان، کۆیلە ئازادبووەکانی بەهۆی یەک ئاماژەو یەک وتە رەوانەی نێو خێڵە شارییەکان دەکرد و ئەو دەسەڵاتەشی لە رێگای رەوانبێژییەوە بەدەست هێنابوو. ئەگەر ئەو کارانەی ئەنجام نەداباو کۆیلە ئازادکراوەکان نەبوانە بەشێک لە خەڵکی شار، ئەوا هیچ گومانێکتان نەبێ کەوا ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەمڕۆ زۆر بەزەحمەت دەتوانین پارێزگارییان لێ بکەین هەرگیز دروست نەدەبوون. لەلایەکی تریشەوە ئەنجوومەنی سەنا ئەو دەسەڵاتەی هەبوو لە رێگای پەنابردنە بەر، جۆرە دیکتاتۆریەتێک، پاشا تووشی ملکەچی بکاو وای لێ بکات پەیڕەوی لە فەرمانەکانی ئەنجوومەن بکاو هەر ئەو دەسەڵاتەش حکومەتی لە چنگی خەڵک دەردەهێناو بەم جۆرە باوترین یاساکانی پلبیسیت لە بۆتەی کورتبڕیدا دەمایەوە.



**بەشی حەڤدەهەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کۆماری رۆمادا**

خەڵکی رۆما زۆر گرنگییان دەدا بەدەسەڵاتی یاسادانان، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆیان بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن نەدەدا و بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەو دەسەڵاتەیان بەتەواوی بە ئەنجوومەنی سەناو کۆنسولەکان سپاردبوو و تەنیا مافی هەڵبژاردنی کاربەدەستەکان و پەسندکردنی کاروکردەوەی سەناو کۆنسول و سەردارەکانیان بۆ خۆیان هێشتبۆوە.

گەلی رۆما تەمای سەرکردایەتی کردنی هەبوو، حەزی دەکرد هەموو شتێک بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هەموو شتێکی داگیر کردبوو، کەچی بەردەوام دەیەویست پەرە بەو داگیرکردنە بدات، هەمیشە خۆی بەکاری گەورەوە خەریک دەکرد. زۆربەی کات دوژمنەکانی پیلانیان لە دژی دەگێڕا، بەڵام ئەو پەلاماری دوژمنەکانی خۆی دەدا. لەبەر ئەوەی ناچاربوو هەم لەلایەک بوێرو ئازاو بێ باک بێ و لەلایەکی تریشەوە پارێزی هەبێ و چۆنیەتی ئەو بارودۆخە وای پێویست دەکرد کە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بدرێتە دەست ئەنجوومەنی سەنا. لەسەرێکی تریشەوە لەبەر ئەوەی گرنگییەیەکی یەکجار زۆری بەئازادی دەدا سەبارەت بە وردەکارییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و گشت بەشەکانی هەمیشە لەگەڵ ئەنجوومەنی سەنا خەریکی مشتومڕو کێشەبوو، بەڵام سەبارەت بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ئەنجوومەنی سەنا تووشی تێکهەڵچوون نەدەهات و گرفت و ئاڵۆزی رووی نەدەدا، چونکە گرنگییەکی زۆری بە شانازییەکانی خۆی دەداو ئازادی و شانازی بەیەکەوە دەویست.

بەشداری ئەنجوومەنی سەنا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەرادەیەک زۆرو تواناییەکەی بەربڵاوبوو کە بەپێی وتەی (پۆلیب) بێگانەکان پێیان وابوو رۆما خاوەنی حکومەتێکی ئەرستۆکراتییە.

ئەنجوومەنی سەنا سامان و دارایی گشتی لە ژێر دەست دابوو و داهاتی ئەو سامانەی دەدایەوە بەکرێ. ناوبژیوانی نێوان کاروباری دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی رۆمای دەکرد. لەسەر جەنگ و ئاشتی بڕیاری دەداو هەر بۆ ئەو مەبەستە رێنوێنی کۆنسولەکانی دەکرد. ژمارەی هێزەکانی رۆماو هێزی هاوپەیمانەکان لەلایەن ئەنجوومەنی سەناوە دیاری دەکراو هەرێم و لەشکرەکانی بەسەر کۆنسول و پریتۆرەکاندا دابەش دەکرد. هەرکاتێ فەرماندەیەک ماوەی فەرماندەییەکەی کۆتایی هاتبا ئەوا کەسێکی تر بۆ جێگیری لەلایەن ئەوەوە دیاری دەکرا. ساڵی یەکجار بالوێزی وەردەگرت. هەروەها ئەنجوومەن بالوێزی بۆ وڵاتەکان دەنارد، پلەی شانازی دەبەخشی، پاداشی دەدا، سزای دیاری دەکرد، دادگایی دەکرد، نازناوی هاوپەیمانی رۆمای بە وڵاتان دەبەخشی[٧٧] و لێی دەسەندنەوەو پاشای دیاری دەکرد.

کۆنسولەکان ئەو سەربازانەیان کۆدەکردەوە کە دەبوایە بەرەو بەرەکانی جەنگ رۆشتبان. فەرمانیان بەهێزی وشکانی و دەریایی دەدا. هاوپەیمانەکان لە ژێر دەسەڵات و رکێفی ئەواندا بوون و لە هەرێمەکاندا خاوەنی هەموو سەڵاحیاتەکانی کۆمارەکە بوون. لەگەڵ نەتەوە داگیرکراوەکاندا ئاشت دەبوونەوە و مەرجەکانی خۆیانیان دادەسەپاند یان ئەو مەرجانەیان بۆ ئەنجوومەنی سەنا رەوانە دەکرد.

گەل کاتێ پێشتر لە کاروبارەکانی جەنگ و ئاشتیدا بەشداربوو، زیاتر گرنگی بە دەسەڵاتی یاسادانان دەدا نەک جێبەجێکردن. کاری گەل پەسندکردنی کردەوە و چالاکی پاشاکان و ئەنجوومەنی سەنابوو، بەڵام مافی راگەیاندنی جەنگی نەبوو و هەمیشە دەبینین سەرەڕای دژایەتی تریبونەکان، یان کۆنسولەکان یان ئەنجوومەنی سەنا فەرمانی جەنگیان دەرکردووە، بەڵام گەل لەگەڵ بەهێزبوونی، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆی پەرەپێداو تریبۆنی لژیۆن کە پێشتر لەلایەن سەردارەکانەوە دیاری دەکران، بۆ خۆی دیاریکردن و ماوەیەک بەر لە جەنگی پونیک بڕیاردرا کە تەنیا گەل مافی راگەیاندنی جەنگی هەیە.

## بەشی هەژدەهەم: دەسەڵاتی دادوەری لە کۆماری رۆمادا

لە رۆما دەسەڵاتی دادوەری درابوو بە خەڵک، سەنا، کاربەدەستان و هەندێ لە دادوەرەکان، بەڵام بابزانین ئەو دەسەڵاتە چۆن دابەشکرابوو. سەرەتا لە کاروباری مەدەنییەوە دەست پێ دەکەم: کۆنسولەکان پاش پاشاکان و پریتۆرەکانیش پاش کۆنسولەکان حوکمیان دەردەکرد. هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، سرۆیۆس تۆلیوس دەرکردنی حوکمی لەمەڕ کاروبارە مەدەنییەکان لە کۆڵ خۆی کردەوەو کۆنسولەکانیش لەسەر ئەم بابەتانە حوکمیان دەر نەدەکرد تەنیا لە هەندێ کاتی زۆر دەگمەندا نەبێ. هەر بۆیە حوکمەکانیان بە حوکمی نائاسایی بەناوبانگە. کۆنسولەکان تەنیا دادوەرەکانیان دیاری دەکردو ئەو دادگایانەیان دادەمەزراند کە حوکمیان دەردەکرد.

بەپێی وتەکانی «ئاپیۆس کلۆدیۆس» کە لە بەرهەمەکانی «دنیس» دا ئاماژەی بۆکراوە، لە ساڵی ٢٥٩ی رۆمییەوە لەلای رۆمانییەکان ئەو بابەتە وەکو عادەتێکی ئاسایی لێهات و ئەگەر بێتو تا سەردەمی سرۆیۆس تۆلیوس درێژی بکەینەوە، ئەوا هێشتا زۆر دوور نەڕۆیشتووین. پریتۆرەکان هەموو ساڵێ جارێک بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی یەک ساڵەی دەسەڵاتداریی خۆیان، لیستێک یان خشتەیەکیان لەو کەسانە پێک دەهێنا کە شایەنی پلەوپایەی حوکم دەرکردن بوون و لەناو ئەو خشتەیەدا ژمارەی کەسەکانیشیان بە گوێرەی



پێویستی بەڕێوەبردنی کارەکە دیاردەکرد. (ئێستا لە ئینگلتەرا سوود لەم رێسایە وەردەگرن) ئەوەی لەم نێوەدا سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ ئازادی ئەوەبوو کە پریتۆرەکان دادوەرەکانیان بەڕەزامەندی هەردوولا - داواکارو داوالێکراو - دیاری دەکرد.

بەشێکی زۆری ئەو کاروبارانەی لە ئینگلتەرا دادوەر هەڵوێستیان لەسەر وەردەگرێ، تارادەیەک لەم نەریتە وەرگیراوەن.

دادوەرەکان تەنیا لەسەر کاروبارە ماددییەکان بڕیاریان دەدا و حوکمیان دەردەکرد. بۆ نموونە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئایا بڕە پارەیەک دراوەتەوە یان کارێک ئەنجام دراوە یان نا، ئەوا دادوەرەکان حوکمیان دەدا، بەڵام کاروبارە مەعنەوییەکان چونکە پێویستیان بە سەڵاحییەت و دەسەڵاتێکی تایبەتی هەبوو، بۆیە بڕیارو حوکم دەرکردنیان بە(سەنتوم ویرەکان) واتە دەستە سەد کەسییەکان دەسپێردرا.

بڕیارو حوکمدان لەسەر کاروبارە تاوانکارییەکان بەیەکێک لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی پاشا دادەنرا و لە راپەڕاندنی ئەو کاروبارانەدا کۆنسولەکان بەجێگری پاشا دادەنران. لە ئاکامی ئەو دەسەڵاتەوە بوو کە کۆنسول پرۆتۆس، منداڵەکانی خۆی و هەموو ئەو کەسانەی کوشت کە لە بەرژەوەندی تارکن و دژی پاشا پیلانگێڕیان کردبوو. ئەم دەسەڵاتە لە سنووری خۆی تێپەڕیبوو و لەبەر ئەوەی کۆنسولەکان دەسەڵاتی سەربازیشیان لە ژێر دەست دابوو، هەر بۆیە خۆیان لە کاروباری شارەکانیش هەڵدەقورتاند بەم چەشنە کردەوەکانیان تەنیا بەرواڵەت عادیلانە بوو دەنا لە بنەرەتدا زۆر ناعادیلانە و توندوتیژ بوو.

لە ئاکامی ئەو بارودۆخەوە یاسای «ڤالێرین» سەری هەڵدا: ئەو یاسایە رێگەی دەدا هەرکاتێ بەهۆی بڕیاری کۆنسولەکانەوە ژیانی تاکێک بکەوتایە مەترسییەوە، ئەوا ئەو کەسە دەیتوانی داوای تێ هەڵچوونەوە لە (گەل) بکا واتە سەرلەنوێ حوکمەکەی هەڵسەنگێننەوە. لەوکاتەوە ئیتر کۆنسولەکان نەیانتوانی هیچ کەسێک ئیعدام بکەن و تاکەکەس تەنیا بەپێی ئیرادەی گەل حوکمی مەرگی بەسەردا دەدرا.

لە یەکەمین پیلانگێڕی کە بە مەبەستی هێنانەوەی تارکن ئەنجام درا، کۆنسول پرۆتۆس بە تەنیا حوکمی لەسەر تاوانبارەکان دەرکرد، بەڵام لە پیلانگێڕیی دووەمدا (سەناو کۆمیسەکان) کۆبوونەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە پیلانگێڕەکان بڕیارێک دەربکەن.

یاسا پیرۆزەکان هەندێ تریبۆنیان بەخەڵکی ئاسایی بەخشی کە وەکو دەستەیەک خۆی دەنواندو لە سەرەتادا ئیدعاو داخوازی ئەو دەستەیە بێ سنوور بوو. کاتێک یاسای ڤالێرین مافی تێهەڵچوونەوە و بڕیاردانی لە کۆنسولەکانی سەندەوەو بە گەلی بەخشی، خەڵک پێیان وابوو کە ئەو مافە تەنیا تایبەتە بە ئەوان، لەکاتێکدا یاسای ڤالێرین تەنیا

خەڵکی ئاسایی نەدەگرتەوەو مەبەستی گشت میللەت بوو بەهەمووچین و توێژەکانییەوە واتە هەم سیناتۆرەکان و هەم خانەدانەکان و هەم خەڵکی ئاسایی دەگرتەوە. لێرەدا دوو رەوتی جیا سەریان هەڵدا. یەکێکیان بۆچوونی ئەنجوومەنی سەنابوو کە هەندێ مافی بە ئاسانکاری و هێمنییەوە بەخەڵک دەبەخشی و ئەویتریان بۆچوونی خەڵک بوو کە بە پڕکێشییەکی زۆرەوە داخوازییەکانی خۆی پەرە پێ دەدا. «روون نییە کە لەلای خەڵک پڕکێشی لە داخوازییەکان گرنگتر بووە یان رەزامەندی و ئاسانکاری لەلای ئەنجوومەنی سەنا» ، و بەڵکو ئەو بابەتە هاتە بەر باس کە ئایا خەڵکی ئاسایی سەلاحییەتی حوکم دەرکردن و بڕیاردانیان هەیە یان نا ؟ ئەو رەوتەش لە کۆتاییدا بەهۆی کێشەی «کۆریۆلان» تووشی دووبەرەکی و ئاژاوەهات و هەر بەو کێشەیەش کۆتایی پێهات.

کۆریۆلان تاوانبارکرابوو. بەپێچەوانەی رۆحی یاسای ڤالێرین، بانگەشەی ئەوەی دەکرد چونکە لە چینی خانەدانەکانە دەبێ لەلایەن کۆنسولەکانەوە دادگایی بکرێ و خەڵکی ئاساییش بەپێچەوانەی رۆحی یاسای ڤالێرین بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنیا ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کۆریۆلان دادگایی بکەن و لە کۆتایشدا داخوازی خۆیان بردە سەرو دادگاییان کرد. یاسای دوازدە تابلۆکە ئەو رێوشوێنەی گۆڕی و بڕیاریدا کە بۆ حوکمدان لەسەر مەرگ یان ژیانی تاکێکی ناو کۆمەڵگا ، دەبێ لەناو کۆبوونەوەی بە فراوانی گەلدا بڕیاری لەسەر بدرێ. بەم جۆرە دەستەی خەڵک یان کۆمیسی خێڵەکان کە هەر ئەو دەستەی پێشوویان پێک دەهێنا ، ئیدی حوکمیان دەرنە دەکرد. حوکم و بڕیاری ئەوان تەنیا تایبەت بوو بەو تاوانانەی کە سزای دراوییان بۆ دانرابوو.

بۆ دەرکردنی حوکمی ئیعدام یاسایەکی تایبەت پێویست بوو ، بەڵام بۆ ئەو تاوانانەی کە سزاکەیان بە پارە دیاری دەکرا تەنیا گەڕانەوە بۆ رای گشتی بەس بوو. رێوشوێنی یاسای دوازدە تابلۆکە زۆر عاقڵانەبوو چونکە توانی گونجانێکی تەواو لە نێوان ئەنجوومەنی سەناو خەڵکی ئاساییدا پێک بهێنێ و لەبەر ئەوەی دەسەڵات و سەڵاحییەتی هەردووک لایان پەیوەندی بە گرنگی سزاو سروشتی تاوانەکەوە هەبوو هەر بۆیە وا پێویست بوو کە لەگەڵ یەکتردا راوێژ بکەن و بیروڕا بگۆڕنەوە.

یاسای ڤالێرین گشت ئاسەواری حکومەتەکانی پێشووی (ئەو حکومەتانەی هاوکات بوون لەگەڵ سەردەمی قارەمانێتی یۆنانیدا) لەناوبردو بەم جۆرە ئیتر کۆنسولەکان هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ سزادانی تاوانبارەکان لە دەست دانەما.

ئەگەرچی هەموو تاوانەکان رەهەندی گشتییان هەیە ، بەڵام لە نێوان ئەو تاوانانەی کە زیاتر تایبەت بوون بە پەیوەندی نێوان خەڵکەوەو ئەو تاوانانەی کە تایبەت بوون بە



پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاکەکانەوە جیاکارییەک کراو ئەوەی یەکەمیان ناونا تاوانی گشتی.

لە کاتی بڕیاردان لەسەر تاوانە گشتییەکان گەل بۆ خۆی حوکمی دەردەکرد ، بەڵام تاوانە تایبەتییەکان هەر کامیان لەلایەن کۆمسیۆنێکی تایبەت یان لێکۆڵەرێکەوە ، هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی لەسەردەکرا. گەل هەمیشە کاربەدەستێک و هەندێ جاریش تاکەکەسێکی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دیاری دەکردو پێیان دەگوت (کستورپاریسید)و لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا ناوی هاتووە.

ئەو دادوەرەی لە کێشەکەی دەکۆڵیەوەو ناوی لێکۆڵەر بوو لە رێگای تیروپشکەوە دادوەرەکانی دیاری دەکردو دادگای پێک دەهێناو لە ژێر چاودێری و فەرمانی ئەودا دادگا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەداو ئەو سەرۆکایەتی دادگاکەی دەکرد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە رۆڵی ئەنجوومەنی سەنا بکەم لە هەڵبژاردنی لێکۆڵەردا تا بۆمان دەرکەوێ چۆن توانیویانە هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا دروست بکەن.

هەندێ جار ئەنجوومەنی سەنا کەسێکی دیکتاتۆری دیاردەکرد بۆ ئەوەی کاری لێکۆڵەری ئەنجام بدات. هەندێ جار بڕیاری دەدا کە گەل بەهۆی تریبونێکەوە بانگهێشت بکا بۆ ئەوەی لێکۆڵەرێک دیاری بکاو هەندێ جاریش گەل بەرپرسێکی دادگای دیاریدەکرد تا لە تاوانەکە بکۆڵێتەوەو راپۆرتەکەی بداتەوە بە ئەنجوومەنی سەناو داخوازی دیاریکردنی لێکۆڵەرێک پێشکەشی ئەنجوومەنی سەنا بکات. بەپێی نووسراوەکانی «تیت لیڤ» لەکاتی دادگاییکردنی لوسیۆس سپیۆن دا سوود لەم جۆرە رێوشوێنە وەرگیراوە.

لە ساڵی ٦٠٤ی رۆمییەوە هەندێ لەم کۆمسیۆنانە سیفەتی هەمیشەییان پێ بەخشراو هێدی هێدی هەموو کاروبارە تاوانکارییەکانیان بەسەر بەشی جیاجیادا دابەش کردو ناویان نان لێکۆڵینەوەی هەمیشەیی. پریتۆری جۆراوجۆریان دیاریکردو هەر یەک لەو پریتۆرانە بۆ ماوەی ساڵێک بوونە بەرپرسی لێکۆڵینەوەو سەلاحییەتی ئەوەیان هەبوو سەبارەت بە تاوانە دیاریکراوەکان حوکم دەربکەن، پاشان لەگەڵ بوونی ئەو سەلاحییەتە بە حاکمی ویلایەتەکانی خۆیان هەڵدەبژێردران.

لە کارتاژ ئەنجوومەنی سەنا کە ژمارەیان سەد کەس بوو لەو دادوەرانە پێکهاتبوون کە بۆ هەتا هەتایە هەڵبژێردرابوون، بەڵام لە رۆما ئەو پریتۆرانەی کە حوکمیان دەردەکرد بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردران و لە راستیدا ماوەی دەسەڵاتەکەیان ساڵێکیش نەبوو چونکە ئەوانیان بەردەوام بۆ کاروباری تایبەتی هەڵدەبژاردو لە بەشی شەشەمی ئەو

کتێبەشدا باسی گرنگی ئەو ڕێوشوێنەمان بۆ ئازادی کردووە.

هەتاکو سەردەمی «گراکەکان» دادوەرەکانیان لە نێوان دەستەی سیناتۆرەکان هەڵدەبژارد، بەڵام «تیبریۆس گراکۆس» فەرمانیدا کە دەبێ دادوەرەکان لە چینی شیڤالییەکان (نەجیبزادەکان) هەڵبژێردرێن و ئەو گۆڕانکارییە بەڕادەیەک گرنگ بوو کە تیبریۆس گراکۆس شانازی بەخۆیەوە دەکردو دەیگوت بەهۆی ئەنجامدانی ئەو کارەوە دەستی سیناتۆرەکانی لە دەسەڵاتدا کورت کردۆتەوە.

پێویستە ئەو خاڵەمان لە بەرچاو بێت کە دەکرێ سێ دەسەڵاتەکە بەنسبەت ئازادیی سیستەمی دەوڵەتەوە باش دابەش کرابێ، ئەگەرچی بەنسبەت ئازادی تاکەکانەوە باش دابەش نەکرابێ.

کاتێ لە ڕۆما گەل بەشی هەرە مەزنی دەسەڵاتی یاسادانان و بەشێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەشێکی دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر دەست دابوو، لەبەر ئەوەی سنووری دەسەڵاتەکەی پان و بەرین بوو دەبوایە بەهۆی دەسەڵاتێکی ترەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێ و کۆنترۆڵ بکرێ. هەرچەندە ئەنجوومەنی سەناش بەشێکی دەسەڵاتی یاسادانانی لە ژێر ڕکێف دابوو، بەڵام لەگەڵ دەسەڵاتی گەلدا هاوسەنگ نەبوو چونکە دەبوایە سەنا لە دەسەڵاتی دادوەریشدا بەشداربێ. سەردەمێک کە دادوەرەکان لەنێو سیناتۆرەکان هەڵدەبژێردران ئەنجوومەنی سەنا توانی لە دەسەڵاتی دادوەریدا بەشداربێ، بەڵام کاتێک گراکەکانیان لە دادوەری بێبەش کرد، ئیدی ئەنجوومەنی سەنا نەیتوانی لە بەرامبەر گەلدا ڕاوەستێ.

بۆ ئەوەی گەشە بە ئازادی تاکەکان بدەن، زیانیان بە ئازادی دەوڵەت گەیاندو لەگەڵ لەناوچوونی ئازادیی سیستەمی دەوڵەتدا، ئازادیی تاکەکانیش لەناوچوو و لە ئاکامی ئەو ڕەوتەشدا گەلێک دەردو کێشەی مەترسیدار سەری هەڵدا. ئێستا بەکورتی باسی هەندێ لەو گەندەڵی و گیروگرفتانە دەکەین:

لەکاتێکدا سیستەمی دەوڵەتیان گۆڕی کە دەوڵەت لە نێو ئاگری دووبەرەکییە ناوخۆییەکاندا دەسووتاو زۆر بە سەختی هەست بە بوونی دەکرا. شیڤالییەکان (بەجیبزادەکان) ئیتر ئەو چینە ناوەندەیان پێک نەدەهێنا کە پردی پەیوەندی نێوان گەل و ئەنجوومەنی سەنا بن. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ڕایەڵ و پۆی دەوڵەت لە بەریەک هەڵوەشابوو.

هۆکارێکی تایبەت لە ئارادابوو بۆ ئەوەی پێشی ئەوە بگیرێ کە حوکم دەرکردن و بڕیار بدرێتە دەست شیڤالییەکان. لە سەرەتادا تەنیا ئەو کەسانە دەیانتوانی ببنە سەرباز کە



خاوەن سامانێکی ئەوتۆ بن کە زەمانەتی ڕەفتارو کردەوەیان بکا. لەبەر ئەوەی شیڤالییەکان لە هەموو لایەک دەوڵەمەندتربوون هێزی سوارەی لژیۆن[٧٨] یان پێک دەهێناو دەوڵەت لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزرابوو. بەڵام کاتێ کاروبارەو دەسەڵاتەکانیان گەشەی سەندو بوونە چینێکی دیار، ئیتر چیدی ئامادە نەبوونی لەناو ئەو سوپا نەتەوەیییەدا خزمەت بکەن و هەر بۆیە ناچار بوون خەڵک بۆ سەربازی بەرن. ماریۆس لە هەموو چینەکان خەڵکی وەرگرت و لەناو لژیۆنەکاندا دایمەزراندن و لە ئاکامیشدا گەندەڵی سەری هەڵداو کۆماری لەناوبرد.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، شیڤالییەکان ببوونە دەڵاڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشی زیاتریان بە بەدبەختی و ڕۆژ ڕەشی خەڵکەوە زیاد دەکردو بەردەوام پێداویستییەکانی خەڵک زیادی دەکردو دەبووە هۆی دروستکردنی گیروگرفت.

لە جیاتی ئەوەی مافی حوکم دەرکردن و دادوەری بدرێ بە شیڤالییەکان زۆر باشتر دەبوو ئەگەر ئەوان خرابانە ژێر چاودێری دادوەرەکانەوە.

پێویستە لەکاتی ئاماژەکردن بۆ مەزنیی یاسا دێرینەکانی فەڕەنسا ئەو خاڵە وەبەرچاو بگرین. خەڵک دەرحەق بە مامەڵەچییەکان بە چەشنێک بەدگومان بوون کە وەکو دوژمنێک سەیریان دەکردن. کاتێک لە ڕۆما حوکم دەرکردن و دادوەری کەوتە ژێر دەستی دەڵاڵە کۆمەڵایەتییەکان ئیتر نە فەزیلەتێک ما نە پۆلیسێک، نە یاسایەک، نە حوکم دەرکردنێک و نە دادوەرێک.

شیکردنەوەیەکی زۆر ساکار سەبارەت بەو بارودۆخەو سەردەمی دادوەری شیڤالییەکان لەبەرهەمێک و هەندێ پارچە نووسراوی «دیودۆر» و «دیۆندا» دەبینرێت.

دیودۆر دەڵێ: (موتێوس سەولا) ویستی دابونەریتە کۆنەکان بژێنێتەوەو لە ڕێگای سامان و دارایی تایبەتی خۆی و بە داوێنپاکی ژیان بەسەر ببات، چونکە کاروکردەوەی کەسانی پێش خۆی، کە بەهۆی هەڵسان و دانیشتن و نزیکایەتیکردنی دەڵاڵە کۆمەڵایەتییەکان گەلێک تاوانی گەورەیان ئەنجام دابوو، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر دانابوو، هەر بۆیە دادگایی کردن و ئەو کەسانەی خەڵکیان زیندانی کردبوو لەلایەن مۆتیۆسەوە زیندانی کرانەوە.

دیۆن دەڵێ: «پوبلیۆس ڕوتیلیوس»ی جێگری لەلایەنی شوالییەکان زۆر بەدناوبوو و بەوە تاوانباریان کردبوو کە گوایە هەندێ دیاریی وەرگرتووە، بەڵام لەو کاتەدا کە حوکمی ئەوەیان بەسەردا دا کە تاوانەکەی ئەنجام داوە، هەر لەناو ئەنجوومەنی دادگادا بڕیاریدا کە هەموو دارایی و سامانەکەی خۆی دەبەخشێ و دەرکەوت کە هەموو سامان و داراییەکەی

زۆر کەمتر بوو لەو ڕادەیەی کە دەیانگوت وەکو دیاری وەریگرتووە، هەر بۆیە بە بەڵگە بێ تاوانییەکەی دەرکەوت و هەر لەوێ قەبالەی دارایی خۆی پێشانی ئامادەبووان داو ئیتر بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە نزیکایەتی نەکردو پەیوەندی لەگەڵیاندا پچڕاند.

دیسان دیۆن دەڵێ: ئیتالییەکان لە سیسیلدا بە کۆمەڵ کۆیلەیان دەکڕی بۆ ئەوەی کێڵگەکانیان بۆ بکێڵن و مێگەلەکانیان بۆ بپارێزن، بەڵام خواردنیان نەدەدا بەو کۆیلانە.

ئەو بەدبەختانە ناچاربوون نێزەوگورز بکەنە چەکی دەستی خۆیان و پێستی گیانلەبەرەکان لەبەر بکەن و بەهۆی ئەو سەگە زلانەی لە دەوریان کۆدەبوونەوە خەریکی چەتەیی و ڕێگری بن و لە گشت ویلایەتەکاندا کاری ڕاوڕوت و خروقات ئەنجام بدەن. خەڵک ئیدی خاوەنی هیچ شتێک نەبوون، نە پریتۆرێک و نە پرۆکۆنسولێک پەیدا نەدەبوو کە بتوانێ و بیەوێ پێشی ئەو پشێوی و ئاڵۆزییە بگرێ یان بوێرێ ئەو کۆیلانە تەمێ بکا، چونکە ئەو کۆیلانە سەر بە شیڤالییەکان بوون و شیڤالییەکانیش لە ڕۆمادا دادوەری و حوکم دەرکردنیان لە ژێر دەست دابوو تا لە کۆتاییدا بەهۆی ئەو بارودۆخەوە جەنگی کۆیلەکان دەستی پێکرد.

**ئەو کەسانەی لە دونیادا جگە لە بەرژەوەندی چاوەڕوانی هیچی تر نین و هەمیشە دەیانەوێ شت لە خەڵکی وەرگرن و هیچ کاتێک شتێک بە کەس نەبەخشن، هەستی بەزەییان نییەو بەهۆی چاوچنۆکی و تەماکاری خۆیانەوە نەک هەر هەژارەکان بەڵکو دەوڵەمەندەکانیش تووشی هەژاری دەکەن. ئەوانە بەهیچ جۆرێ سەلاحییەتی دادوەری و حوکم دەرکردنیان نییەو نەک لە ڕۆما بەڵکو لە هیچ کوێ و لە هیچ وڵاتێکدا ئەو جۆرە کەسانە سەلاحییەتی دادوەرییان نییە.**

## بەشی نۆزدەهەم: حاکمی ویلایەتەکانی ڕۆما

بەو شێوازەی کە ئاماژەمان بۆ کرد دەسەڵاتەکان تەنیا لە ڕۆمادا دابەش و جیاکرابوونەوەو لە هەرێم و ویلایەتە دوورەکاندا بەهیچ جۆری ئەم ڕێوشوێنە پیادەو جێبەجێ نەدەکرا. لە ناوەندا ئازادی هەبوو، بەڵام لە شوێنەکانی تردا ستەمکاری باڵادەست بوو.

کاتێک حکومەتی ڕۆما تەنیا بەسەر ئیتالیادا حکومەتی دەکردو هێشتا وڵاتەکانی تری داگیر نەکردبوو قەبیلەکانی ئیتالیا وەکو نەتەوەی یەکگرتوو بەڕێوەدەبران، بەڵام کاتێک داگیرکارییەکان پەرەیان سەند ئیتر ئەنجوومەنی سەنا نەیتوانی چاودێری هەموو شوێنەکان بکات و دەسەڵاتدارەکانی ڕۆما نەیانتوانی بەشێوازی ئیمپراتۆری فەرمانڕەوایی



بکەن. لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدابوو کە ژمارەیەک پریتۆرو پرۆکۆنسولیان ناردە ویلایەتەکانی ترو لەو کاتەوە ئیتر هەماهەنگی نێوان هەر سێک دەسەڵاتەکە تێکچوو، چونکە ئەو دەسەڵاتدارانەی ڕەوانەی ویلایەتەکان دەکران خاوەنی گشت سەلاحییەت و دەسەڵاتێک بوون و هاوشێوەی سەلاحییەتی دەسەڵاتدارەکانی ڕۆما بوو.

من چ دەڵێم، ئەوان سەرەڕای ئەوەی سەلاحییەتی ئەنجوومەنی سەنا بەڵکو سەلاحییەت و دەسەڵاتی گەلیشیان لە ژێر دەست دابوو و هەر سێ دەسەڵاتەکەیان بۆ خۆیان تاپۆکردبوو. دەسەڵاتداری زۆردارو ملهوڕبوون و بۆ ئەو ناوچە دوورانە باش بوون و دەگونجان. ئەگەر من ئەو قسەیە بکەم باشتر وایە بڵێم ئەوان پاشای حکومەتی کۆماری بوون[٧٩].

لە هەندێ شوێنی تریشدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە ئەو کاربەدەستانە بەهۆی بارودۆخی سروشتی حکومەت هەم خاوەنی کاروباری لەشکری و هەم خاوەنی کاروباری مەدەنین.

کۆماری داگیرکار کاتێ دەست دەکا بەداگیرکردن ناتوانێ حکومەتی خۆی ڕاگەیەنێ و بیناسێنێ و وڵاتە داگیرکراوەکە بەپێی شێوازو سیستەمی خۆی بەڕێوەبەرێ، تەنیا کاتێک نەبێ ئەگەر ئەو کاربەدەستانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە دوورانە ڕەوانەیان دەکا سەرەڕای دەسەڵاتی لەشکری و مەدەنی خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانانیش بن، چونکە کێ دەتوانێ بەبێ پرسکردن بەوان و بەبێ ڕەچاوکردنی ئارەزووی ئەوان یاسا دابڕێژێ. کەواتە پێویستە ئەو حاکمەی کە ڕەوانەی ویلایەتەکان دەکرێ هەرسێک دەسەڵاتەکەی لەژێر دەست دابێ و هەر بۆیەشە لە ڕۆما سوود لەو ڕێوشوێنە وەرگیراوە.

حکومەتی کۆماری زۆر ئاسانتر دەتوانێ لە دەوڵەتێکی دەستووری حکومەتەکەی خۆی ڕابگەیەنێ، چونکە ئەو حاکمانەی دەیاننێرێتە شوێنە دوورەکان هەندێکیان خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنن لە کاروبارەکانی وڵاتداو هەندێکیشیان خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنن لە کاروبارە لەشکرییەکانداو سوود وەرگرتن لەم ڕێوشوێنەش پێشی زۆرداری دەگرێ.

خەڵکی ڕۆما خاوەنی ئیمتیازاتێکی گەورەبوون و ئەویش ئەوەبوو کە تەنیا لەلایەن گەلەوە دادگایی دەکران، ئەگەر وانەبا ئەوا خەڵک لەناو ویلایەتەکان دەبوونە پاشکۆی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی پرۆکۆنسولێک یان پریتۆرێک و دەوڵەتی ناوەندیش هەستی بەو گوشارە نەدەکرد کە لە ئاکامی ناردنی ئەوانەوە بۆ ویلایەتەکان دروست دەبوو.

لە دونیای کۆنی ڕۆمادا ئەو کەسانەی ئازادبوون لە ڕادەبەدەر ئازادییان پێ دەدراو ئەو

کەسانەش کە کۆیلەبوون، ئەو پەڕی کۆیلەیەتیان بەسەردا دەسەپێنرا. لە لاسدمۆنیش هەروابوو، هەر بۆیە باجەکان بەوپەڕی عەدالەتەوە وەردەگیران و هیچ جۆرە جیاوازییەک لە ئارادا نەبوو.

بەپێی ڕێوشوێنی سرۆیۆس تۆلیۆس هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەسەر شەش چیندا دابەش کران و ئەو دابەشکردنەش بەپێی ڕادەی سامان و داراییەکانیان بوو. باجی هەموو کەسێک بەڕێژەی ئەو بەشدارییەی کە لە حکومەت هەیبوو دیاری دەکرا. هەر بۆیە هەندێ جار وارێکدەکەوت بەهۆی زۆری باجەوە کە لە زۆری متمانەوە سەرچاوەی دەگرت تووشی زەحمەت و کێشە دەهاتن و هەندێ جاریش بەهۆی بچووکی متمانێ و بەهۆی کەمی باجەوە دڵخۆش دەبوون.

بابەتێکی تریش کە شیاوی ڕێزو سەرنج بوو ئەوە بوو کە لەبەر ئەوەی ئەو دابەشکردنەی سرۆیوس تۆلیۆس و جیاکردنەوەی خەڵک بەسەر شەش چین لەگەڵ پرەنسیپ و سیستەمی حکومەتدا دەگونجا، هەر بۆیە ئەو باجەی کە لە چینەکانیان وەردەگرت لەگەڵ پرەنسیپ و سیستەمی حکومەتدا دەگونجاو تەنیا ئەو کاتە لەناو دەچوو ئەگەر هاتباو حکومەت لە بچووایە.

لەو سەردەمەی کە شاری ڕۆما باجی بەبێ هیچ گیروگرفتێک دەدا و یان هەر نەی دەدا[٨٠]، ئەوا ویلایەتەکان کەوتبوونە بەرهێرش و ڕاوڕوتی شیڤالییەکان و ببوونە مامەڵەگەری کۆماری یان دەڵاڵی کۆمەڵایەتی.

ئێمە زۆرمان باسی ستەمکارییەکانی ئەوان کردو مێژووی جیهانیش پڕاوپڕە لەو جۆرە ستەمکاریانە.

میتریدات دەڵێ: ئاسیا وەکو ڕزگاریدەرێک چاوەڕوانی منە. چونکە ڕاڕوتی پرۆکۆنسولەکان و پارە وەرگرتنی پیاوانی مامەڵەچی و تۆمەت و تاوانی بێ بنەما لە ناو دادگاکاندا ڕق و کینەیەکی لە ڕادەبەدەری دژی ڕۆمییەکان دروست کردبوو. هەر بۆیە هێزی ویلایەتەکان کۆماری بەهێزتر نەکردو بەپێچەوانەوە لاوازتریشی کرد، چونکە خەڵکی ویلایەتەکان لەناوچوونی ئازادی ڕۆمایان بەسەقامگیربوونی ئازادی خۆیان دەزانی.

## بەشی بیستەم: کۆتایی ئەم کتێبە

زۆرم پێخۆشە توێژینەوە لەسەر حکومەتە میانڕۆکان بکەم تا بۆم دەرکەوێ کە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە چ شێوەیەکە و لەم ڕێگایەوە ڕادەی ئازادی هەرکامێکیان پێوانە بکەم، بەڵام پێویست ناکا هێندە لە بابەتەکان بکۆڵرێتەوە کە هیچ شتێک بۆ



خوێنەر نەمێنێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە خوێنەران زیاد لە ڕادەی پێویست ناچار نەکەم بەخوێندنەوە خەریک بن بەڵکو ناچاریان بکەم کەمێک بیربکەنەوەو بۆ خۆیان ئەو بەراوردکارییە بکەن.

# پەیوەندی نێوان گەل و ئەو یاسایانەی ئازادی سیاسی دێننە ئاراوە

## بەشی یەکەم: بابەتی ئەم کتێبە

تەنیا توێژینەوە لەسەر بابەتی ئازادی و پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی دەوڵەتدا بەس نییەو پێویستە لە پەیوەندی نێوان ئازادی و گەلیش بکۆڵینەوە. لە کتێبی رابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە ئازادی لە حاڵەتی یەکەمدا بەهۆی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە وەدی دێت، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، کە بابەتی ئەم کتێبەیە، پێویستە ئازادی لە روانگەیەکی ترەوە هەڵسەنگێنین و ئەویش بریتییە لە ئاسایش یان ئەو بڕوایەی کە مرۆڤ بە ئاسایشی خۆی هەیەتی.

رەنگە لە هەندێ حاڵەت وا رێک بکەوێ کە سیستەمی دەوڵەت ئازاد بێ، بەڵام گەلەکەی خاوەن ئازادی نەبێ و یان بەپێچەوانەوە گەل خاوەنی ئازادی بێت، بەڵام سیستەمی دەوڵەت ئازاد نەبێ. لێرەدا دەوڵەت لە روانگەی مافەوە ئازادە نەک لەڕووی کردەییەوە و گەلیش بەکردەوە ئازادە نەک لە روانگەیەکی مافەوە.

پەیوەندی نێوان ئازادی سیاسی و دەوڵەت تەنیا لە رێگای سەقامگیرکردنی یاساو ئەویش لە رێگای یاسای بنەڕەتییەوە (دەستوور) دێتە ئاراوە، بەڵام سەبارەت بە گەل دابونەریت و کردەوەو رەفتارو سەرمەشقەکان ئازادی بەرهەم دێنن و پاشان بەهۆی هەندێ یاسای مەدەنییەوە دانیان پێدا دەنرێ. هەروەها لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتەکاندا زۆر زیاتر لەوەی سیستەمی دەوڵەت خوازیاری بێ ئازادی دەکەوێتە بەر ئاستەنگ و تێکهەڵچوونەوە، کەواتە واچاکە سەبارەت بەو یاسا تایبەتیانە بدوێین کە رەنگە لەناو هەموو دەوڵەتێکدا یارمەتیدەر یان رێگربن لە بەردەم ئازادیدا.

## بەشی دووەم: ئازادیی گەل

لە روانگەی فەلسەفەوە ئازادی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئیرادە یان لانی کەم بڕوای مرۆڤ بەوەی کە دەتوانێ ئیرادەی خۆی جێبەجێ بکا. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەگشت لایەنەکانەوە لەسەر ئازادی بدوێین دەتوانین بڵێین:



ئازادی سیاسی بریتییە لە ئاسایش یان بڕوابوون بە بوونی ئاسایش. هیچ کاتێک ئەو ئاسایشە ناکەوێتە بەر پەلاماردان، تەنیا لەکاتی تۆمەت هەڵبەستنەکاندا نەبێت. کەواتە ئازادی گەل بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە یاساکانی سزادان بەباشی دارێژرابن.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە یاساکانی سزادانیان بە یەکجار تەواو نەکردووە، بەڵکو لەو شوێنانەی کە زۆرتر بەدوای ئازادیدا وێڵ بوونە کەمتر بینراوە. ئەرستۆ دەڵێ: لە «کۆم»دا خزم و کەسی داواکار (شکایەتکار) دەیانتوانی ببنە شاهیدیشی. لە سەردەمی پاشا رۆمانییەکاندا یاساکان بەچەشنێک کەموکوڕیان تێدابوو کە سرۆیۆس تۆلیوس دژی منداڵانی ئانکۆس مارتیۆس حوکمی دەرکردو مەحکوم بەمەرگی کردن، چونکە بەوە تاوانبارکرابوون کە زڕباوکی خۆیان کوشتووە کە پاشا بوو. لە سەردەمی پاشایەتی یەکەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا کلوتێر یاسایەکی دانا کە بەپێی ئەو یاسایە مومکین نەبوو پێش گوێگرتن لە قسەکانی تاوانبار حوکمی بەسەردا بدرێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەندێ حاڵەتی تایبەت یان لەلای هەندێ خێڵی بەربەردا پێچەوانەی ئەم رێوشوێنە بەکارهێنراوە، واتە بێ گوێگرتن لە بەرگرییەکانی تاوانبار حوکمی بەسەردا دراوە. «کاروندەس» رێوشوێنێکی تایبەتی دانا بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بە ناڕەوا شاهیدی دەدەن سزا بدرێن. ئەو بابەتە هاندەرێکی باشە بۆ ئاسایشی خەڵک، چونکە تا ئەو کاتەی ئاسایش دەستەبەر نەکرابێ ئازادی مانای نییە.

دڵنیاترین رێسا کە بکرێ لە کاروبارە سزایی و حوکمە تاوانکارییەکاندا پیادەیان بکەین، زانیاری هەندێ وڵاتن کە مرۆڤ هان دەدا و حەزی لێیە لێیان تێ بگات. تەنیا لە رێگای بەکارهێنانی ئەوجۆرە زانیارییانەوە دەتوانین ئازادی سەقامگیر بکەین. لە هەر وڵاتێکدا کە لەو لایەنەوە وردەکاری و دیقەتی زۆرتر کرابێ و خاوەنی باشترین یاسابێت، دەتوانین بڵێین ئەو کەسەی دادگایی کراوەو خەریکە لە دار دەدرێ زۆر لە پاشایەکی تورک ئازادترە.

## بەشی سێهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

ئەو یاسایانەی دان بە شاهیدیدانی تاکەکەسێک دادەنێن و قبووڵی دەکەن یان شاهیدیدانی تاکەکەسێک دەبێتە هۆی تاوانباربوونی کەسێکی تر، بۆ وەدیهاتنی ئازادی، کارێکی زۆر شوومە. کاری ژیرانە ئەوەیە کە شاهیدەکان دووکەس بن چونکە شاهیدیدانی کەسێک لەسەر ڕوودانی تاوانێک لە بەرامبەر تاوانباردا کە دەیەوێ ئینکاری تاوانەکە بکا وەکو دووتای تەرازوو وایەو کێشەکە یەکلایی ناکرێتەوەو ئەوە خۆی لە خۆیدا

گیروگرفت دروست دەکات و رای کەسی سێهەم دەتوانێ کۆتایی بەو کێشەیە بێنێ.

یۆنانییەکان و رۆمانییەکان بۆ تاوانبارکردنی کەسێک رای زۆرینەی دادوەرەکانیان وەردەگرت و ئەو زۆرینەش بە جیاوازی یەک دەنگ (نیوە + یەک) پێک دەهات. لە فەرەنساش بۆ سەلماندنی تاوان دەبێ دوو شاهید لە ئارادابێ. یۆنانییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دابونەریتی ئەوان لە لایەن خوداوەندەکانەوە دانراوە، بەڵام نەریتی ئێمە خۆی بەم جۆرەیە.

## بەشی چوارەم: ئازادی بەهۆی هاوسەنگی نێوان سزاکان و سروشتی تاوانەکان پایەداری خۆی دەپارێزێ

ئەو کاتە ئازادی دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ کە یاسای سزادانی هەموو تاوانێک لە سروشتی خودی تاوانەکەوە هەڵبێنجرێ. ئەوکات ئیتر هەموو جۆرە سەرەڕۆییەک کۆتایی پێ دێت و سزادان نابێتە پاشکۆی حەزو ئارەزووی یاسادانەر، بەڵکو لە سروشتی خودی تاوانەکەوە دەردەهێنرێت و ئیدی هیچ مرۆڤێک ناتوانێ ستەمکاری دژی مرۆڤێکی تر ئەنجام بدات. تاوانەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکرێن: هەندێ لە تاوانەکان دژی ئایین ئەنجام دەدرێن و هەندێکی تریان دژی ئەخلاق و بەشی سێهەمیان دژی ئاسایشی گشتی و چوارەمیش دژی تاکەکان. ئەو سزایانەی کە دادەنرێن دەبێ لە سروشتی هەریەک لەو تاوانانە هەڵبێنجرێ. ئەو تاوانانەی دژی ئایین ئەنجام دەدرێن دەبێ تەنیا ئەوانە بخەینە ئەو ریزەوە کە راستەوخۆ دژی خودی ئایین بن و هێرشی کردبێتە سەر ئایین نەک ئەوەی کە جێبەجێکردنەکەی بشێوێنێ وەکو کوفر، چونکە ئەو تاوانانەی کە جێبەجێکردنی ئایین دەشێوێنن دەچنە خانەی ئەو تاوانانەی کە ئاسایش و هێمنی تاکەکان دەشێوێنن و پێویستە لەم بەشەدا سزایان بۆ دابنرێ. بۆ ئەوەی سزای ئەو تاوانە لە سروشتەکەیەوە دەربهێنرێ پێویستە بریتی بێ لە بێ بەریکردنی تاک لە هەموو ئیمتیازاتە ئایینییەکان وەکو دەرکردنی لە پەرستگا، بێبەشکردنی لە هاتووچۆکردنی نێو ئیماندارەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ هەمیشە، خۆ دوورگرتن لە کافرەکان و بە نەفرەت کردنیان، بێزاری دەربڕین لەم جۆرە کەسانە، وتنی نەعوزوبیلا بەکردەوەکانیان و سزای لەم چەشنە، چونکە سزا لەمەڕ ئەو کردەوانەی کە دەبێتە هۆی شێواندنی هێمنی یان ئاسایشی وڵات حوکمەکەی پەیوەندی بەعەدالەتی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام ئەو رەفتارانەی دژی پلەوپایەی خوداوەند ئەنجام دەدرێن لەبەر ئەوەی ناچنە خانەی کردەوەی گشتییەوەو پەیوەندیان بەخودی تاوانبارەکەوە هەیە، هیچ تاوانێکی ئەوتۆ نییە چونکە تەنیا لە نێوان مرۆڤ و



خودادا روویداوە و خودا بۆ خۆی وادەو رادەی تۆڵەی خۆی باشتر دەزانێ. لێرەدا ئەگەر بێتو دادوەر بیەوێ سزایان بۆ دیاری بکا کارێکی هەڵەی ئەنجام داوەو یان ئەگەر بمەوێ باشتر دەریببڕم، لێکۆڵینەوەی لەسەر کردەوەیەک کردووە کە هیچ پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکاو ئەم کارە ئازادی تاکەکان لەناو دەبات، چونکە غیرەت و ویژدانی هەندێ کەسی بەئیمان و ئازا لە دژیان هان دەدا.

هەڵەکە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندێ لە پیاوە ئایینییەکان پێیان وایە کە دەبێ تۆڵەی خودا بسێنرێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە خودا پیرۆزو ستایش بکرێ، چونکە ئەگەر بیانەوێ بەم شێوازە رەفتار بکەن کەس نازانێ کۆتایی ئەشکەنجەدانەکان دەگاتە کوێ! ئەگەر یاسا مرۆییەکان بیانەوێ تۆڵەی بوونەوەرێکی بێ کۆتایی (لایتناهی) واتە خودا لە کافرێک بسێننەوە، ئەوا وا پێویست دەکا کە یاساکانی خۆیان لەسەر بنچینەی بێ کۆتایی دابمەزرێنن نەک لەسەر بنەمای سروشتی مرۆیی کە لە نەزانی، هەوەس، حەزو ئارەزو و لاوازی پێکهاتووە. مێژوونووسێک رووداوێک دەگێڕێتەوە کە بە باشی دەریدەخا کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە (واتە تۆڵەی خوا) تا چەندە کاریگەری خراپی لەسەر هزرو دەروونی مرۆڤ دەبێ و چەندە پاشماوەی شووم لە دوای خۆی بەجێ دێڵێت.

دەڵێ کەسێکی یەهودی بەتۆمەتی ئەوەی دژی حەزرەتی مریەم کوفری وتووە، حوکمی بەسەردا درابوو کە دەبێ زیندەبەچاڵ بکرێ. شیڤالییەکان، دەمامک لە دەم و چاو و چەقۆ بەدەست هێرش دەکەنە سەر شوێنی لەناوبردنی و جەللادەکە وەلادەنێن بۆ ئەوەی بۆ خۆیان تۆڵەی شەرافەتی حەزرەتی مریەم بکەنەوە!

من گەرەکم نییە لەسەر ئەم بابەتە لە جیاتی خوێنەرەکان بڕیار بدەم و رای خۆم دەربڕم.

دووەمین جۆری تاوانەکان بریتین لەو تاوانانەی کە دژی ئەخلاق ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە پێشێلکردنی یاساکانی خۆپارێزیی گشتی و تایبەتی واتە شێواندنی شێوازی دیاریکراوی سوودوەرگرتن لەو چێژەی کە لە تێکەڵبوونی هەست و سۆزو جووتبوونی دوو کەس پێکدێ. سزای ئەو تاوانەش پێویستە لە سروشتی خودی تاوانەکە دەربهێنرێ. بۆ نموونە بێبەریکردنی لەو ئیمتیازاتانەی کە کۆمەڵگا بۆ پاکیی ئەخلاقی داناوە، سەرکۆنەکردن، شەرمەزارکردن، ناچارکردنی بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، سووککردنی لە بەرچاوی خەڵک و شار بەدەرکردن و لە کۆمەڵگا وەدەرنانی. بەکورتی دەبێ هەموو سزاکان پەیوەندییان بەسزادانی گوناهەوە هەبێ؛ ئەم جۆرە سزایانە بۆ پێشگیریکردن لە گوێنەدان بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەوە بەسە، چونکە لە راستیدا ئەو شتانە بەکەمی لە شەیتانییەتەوە سەرچاوە دەگرێ و هۆکاری سەرەکی لە فەرامۆشی یان سووکایەتی پێکردن و بە کەم

زانینی خودی گوناهکارەوە سەرچاوە دەگرێ. لێرەدا مەبەستی ئێمە تەنیا ئەو تاوانانەیە کە دژی ئەخلاق ئەنجام دەدرێن و باسی ئەو تاوانانە ناکەین کە هەم دژی ئەخلاق و هەم دژی ئاسایشی گشتین. بۆ نموونە خەڵک دزین (اختطاف) یان دەستدرێژی کردنە سەر کچێنی، چونکە ئەم جۆرە تاوانانە دەچنە بەشی چوارەمەوە.

تاوانەکانی بەشی سێهەم بریتین لەو تاوانانەی کە زیان بەهێمنی و ئاسایشی تاکەکان دەگەیەنن و سزای ئەوانیش دەبێ لە سروشتی خودی تاوانەکەوە هەڵبێنجرێت بگرێ وەکو زیندانی کردن و تەمێکردنی جەستەیی و سزای تری لەم چەشنە کە دەروونە نیگەرانەکان ئارام دەکاتەوەو نەزم و ڕێکوپێکی بۆ وڵات دەگەڕێنێتەوە. تاوان دژی هێمنی پێویستە تەنیا ئەو کردەوانە بگرێتەوە کە دەبنە هۆی شێواندنی نەزم و ڕێکوپێکی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵک دروست دەکەن، بەڵام ئەو تاوانانەی کە هەم دەبنە هۆی شێواندنی هێمنی و هەم هێرش دەکەنە سەر ئاسایش لە جۆری چوارەم دەژمێردرێن.

سزای جۆری چوارەمی تاوانەکان بەئەشکەنجە ناودێر دەکرێ، ئەمە جۆرە تۆڵەیەکە خودی کۆمەڵگا دژی ئەو کەسانە ئەنجامی دەدا کە ئاسایشی خەڵکانی تریان پێشێل کردووە یان ویستوویانە پێشێلی بکەن و ئەو سزایە لە سروشتی شتەکان و لە عەقڵ و چاوگی چاکەو خراپەوە وەردەگیرێت. ئەگەر یەکێک ئاسایشی بە چەشنێکی ئەوتۆ پێشێل کرد کە بووە هۆی لە دەستدانی ژیانی کەسێک یان ویستی ژیان لە کەسێک بستێنێ، ئەوا موستەحەقی مەرگە. سزای ئیعدام وەکو دەرمانە بۆ ئەو نەخۆشییە. بەڵام کاتێ کە ئاسایشی دارایی بشێوێنرێ ڕەنگە هەندێ هۆکار لە ئارادابێ بۆ ئەوەی سزای مەرگ بسەپێنرێ، بەڵام چاکتر وایە و سروشتیتر دەبێ ئەگەر بێتوو تاوانکاریی دژی دارایی سزاکەی دەستبەسەرداگرتن و سەرف کردنی دارایی تاوانبار بێت. بەڵام سوودوەرگرتن لەم شێوازە سزادانە لەمەڕ تاوانی دژی دارایی، کاتێ باشە کە هەموو لە سامان و داراییدا یەکسان یان هاوبەش بن. وەک ئاشکرایە بەم جۆرە نییە، بۆیە سزادانی جەستەیی جێگەی سزادانی دارایی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی خاوەنی هیچ چەشنە ماڵ و داراییەک نین و پەلاماری ماڵ و دارایی خەڵکانی تر دەدەن، کەواتە ئەو تاوانە سزایەکی لەم جۆرە بەدوای خۆی دادێنێ. ئەوەی لەسەری دوام لە سروشتی شتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و سوودێکی یەکجار زۆر بەئازادی دەگەیەنێ.



**بەشی پێنجەم: بەشێک لەو تۆمەتانەی کە بەشێوەیەکی بەتایبەت میانڕۆیی و خۆپارێزییان پێویستە**

پەندێکی گرنگ: پێویستە لەکاتی ڕاوەدوونان و لێکۆڵینەوە لەسەر سیحربازی و هەڵگەڕانەوە لە ئایین زۆر خۆپارێز (محتاط)بین، چونکە خستنە پاڵی ئەو دوو تاوانە ڕەنگە زیانێکی گەورە بەئازادی بگەیەنێ و ئەگەر بێتو یاسادانەرەکان نەتوانن سنوورێکی بۆ دابنێن ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەکی بەخوڕی ستەمکاری. چونکە ئەم تۆمەتانە ڕاستەوخۆ دژی کردەوەی تاکەکەسێک نییە بەڵکو دژی ئەو وێنایەیە کە خەڵکانی تر لەمەڕ ئەخلاقی تۆمەتبارەکە دروستی دەکەن و بەپێی نەزانی خەڵک ئەو تۆمەتە گەلێک مەترسیدار دەبێ. کەواتە تاک هەمیشە لەژێر مەترسی و هەڕەشە دایەو تەنانەت بەباشترین کردەوەی دونیاو پاکترین ئەخلاق و بەئەنجام گەیاندنی هەموو ئەرکەکان زامنێکی تەواو نییە دژی ئەم بەدگومانییە.

لەسەردەمی دەسەڵاتداریی «مانوێل کومن» کەسێک بەناوی «پرۆتستاتۆر» بەوە تۆمەتبارکرا کە گوایە لە دژی ئیمپراتۆر پیلانگێڕی کردووەو بۆ بەئەنجام گەیاندنی پیلانەکەی خۆی سوودی لە هەندێ نهێنی و سیحر وەرگرتووە کە دەبنە هۆی شاردنەوەی مرۆڤ. هەروەها هەر لە ژیاننامەی ئەو ئیمپراتۆرەدا هاتووە: هارون ناوێکیان بینی کە خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو لەسەر حەزرەتی سلێمان کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەبووە هۆی ئامادەبوونی جنۆکە. کەواتە ئەگەر سیحر خاوەنی هێزێکی ئەوتۆ بێت و سیحرباز بتوانێ هەموو جۆرە بەدبەختی و ڕۆژەڕەشییەک بەسەر مرۆڤایەتیدا ببارێنێ ئەوا سیحرباز کەسێکە کە لە هەموو کەس زیاتر توانای تێکدان و شێواندنی کۆمەڵگای هەیە. کەواتە دەبێ کۆمەڵگا زۆر بەتوندی ئەو کەسە سزا بدات: ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەر کاتێ سیحر خاوەنی هێزی وێرانکردنی ئایینیش بێت ئەوا بێزاری و نەفرەتی خەڵک دژی سیحرباز زیاتر پەرەدەسێنێ. مێژووی قوستەنتینیە بۆمان دەردەخات کاتێ بەهۆی ئیلهامەوە، ئەسقەفێک بۆی دەرکەوت کە موعجزەیەک بەهۆی جادووی سیحربازێک لەناوچووە، هەر بۆیە هەم سیحربازو هەم کوڕەکەیان مەحکووم بە مەرگ کرد. ئاشکرایە گەلێک شتی سەیرو سەمەرە پەیوەندی بەو بابەتەوە پەیدا دەکاو هۆکارو بەدواداچوونی ئاڵۆز دێنە سەر ڕێگای لێ پێچینەوەی ئەم جۆرە تاوانەو پێویستە بەناویاندا شۆڕبینەوە. بۆ نموونە دەبێ: ڕوودانی ئیلهامەکە دەگمەن بێ، ئیلهامەکە ڕاست بێ، ئیلهام بۆ ئەسقەفەکە هاتبێتە خوار، موعجیزەیەک لە ئارادا بێ، موعجیزەیەک لەناو چووبێ، سیحرێک لە گۆڕێدا بێ، ئەو کەسە سیحرباز بێت، سیحر ئایینی تووشی شکست کردبێ

و بەکورتی کردەیی سیحربازی ئەنجام درابێ بۆ ئەوەی تاوانەکە بسەلمێ.

ئیمپراتۆر (تیۆدۆر لاسکاریس) هۆکاری نەخۆشییەکەی خۆی بۆ سیحر دەگێڕایەوەو ئەو کەسانەی بەو کارە تۆمەتبار کرابوون هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی پارچە ئاسنێکی سوورەوەبوو بەدەستیانەوە بگرن بێ ئەوەی دەستیان بسووتێ و بەم جۆرە بێ گوناهییەکەیان بسەلمێت. لەسەردەمی یۆنانییەکاندا ئەگەر کەسێک تۆمەتی سیحربازی خرابایە پاڵ ئەوا زۆر بەزەحمەت دەیتوانی پاکانە بۆ خۆی بکا.

گەمژەییەکەیان بەرادەیەک توندڕۆیانە بوو کە بۆ تاوانێکی وەهمی و نادیارو بێ بنەما، بێ بناغەترین بەڵگەیان دادەتاشی. لەسەردەمی پاشایەتی فیلیپی ناسراو بەدرێژ، یەهوودییەکانیان بەتاوانی ئەوەی کانیەکانییان بەهۆی نەخۆشی گولییەوە ژاراوی کردووە لە فەرەنسا وەدەرنان. ئەو تۆمەتە بێ مانایە، گومان دەخاتە دڵی مرۆڤەوە دژی هەموو ئەو تۆمەتانەی لەسەر بنەمای رق و کینەی گشتی دامەزراون. خوێنەران پێویستە ئاگاداری ئەوە بن کە من لەو بەشەدا نەمگوتووە نابێ هەڵگەڕاوەکان سزا بدرێن بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لە سزادانیاندا پێویستە خۆپارێز بین.

## بەشی شەشەم: تاوانی دژی خوو و سروشتی مرۆڤ[81]

پەنادەگرم بە خوا لە تاوانێکی لەم چەشنە، چونکە ئەو تاوانە هەم لەلایەن ئایین و ئەخلاق و هەم لەلایەن سیاسەتەوە بەنەفرەت کراوەو ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە زۆر بەتوندی سزا دەدرێن. منیش نامەوێ بەهیچ شێوەیەک لەکاریگەرییە خراپەکانی کەم بکەمەوە و پێویستە زۆر بەتوندی پێشی لێ بگیرێ چونکە نەفس نزمی کەسێک بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوەو بەهۆی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە گەنجێکی سەربڵند دەگۆڕێ بۆ پیرێکی سەرشۆڕی شەرمن. بەڵام ئەوەی من گەرەکمە لێی بدوێم باسی لایەنە خراپەکانی ئەو تاوانە ناکات و تەنیا درێژدادڕییەکە کە زیاتر دەرخەری بێزاری و نەفرەت دەبێ لەم کردەوەیە.

لەبەر ئەوەی سروشتی تاوانەکە بە جۆرێکە کە بە نهێنی ئەنجام دەدرێ هەر بۆیە زۆربەی جار وا رێکدەکەوێ کە بەهۆی شاهیدیدانی منداڵێک، یاسادانەرەکان تاوانبارەکە بەسزا دەگەیەنن. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمە کردنەوەی دەرگایەکی ئاواڵەیە بەرووی تۆمەت و بوختان هەڵبەستن و بەئاسانی رێگای تۆمەت و قسەی ناڕەوا بۆ خەڵکی خۆش دەکات.

پرۆکوپ دەڵێ: ژۆستینین یاسایەکی دژی ئەم تاوانە دانا کە جگە لەوەی ئەو کەسانەی



دەگرتەوە کە دوای دەرچوونی یاساکە ئەو تاوانەیان ئەنجام دابوو، ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە پێش دەرچوونی یاساکە ئەم تاوانەیان ئەنجام دابوو. تەنیا شاهیدیدانی منداڵێک و هەندێ جار کۆیلەیەک بۆ سەلمانی ئەم تاوانە بەس بوو، بەتایبەتی ئەگەر دژی دەوڵەمەندەکان و دژی ئەو کەسانە بوایە کە لە دەستەی سەوزدا بوون[82].

شتێکی سەیرە کە لە فەرەنسادا سێ تاوان سزاکەی سوتاندنە کە بەهۆی لێکۆڵینەوە دەتوانین بڵێین کە یەکەمیان بوونی نییە (واتە سیحر) و دووهەمیان پێویستی بە زنجیرەیەک لێوردبوونەوەو هەڵسەنگاندن و تێرامانی ورد هەیە (واتە هەڵگەڕانەوە لە ئایین و کوفر) و سێهەمیشیان هەمیشە زۆر نادیارو نائاشکرایە (واتە تاوان دژی خوو و سروشتی مرۆڤ).

بەبڕوای من تەنیا کاتێک تاوان دژی خوو و سروشتی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا پەرە دەستێنێ ئەگەر بێتو خەڵک بەهۆی هەندێ دابونەریتەوە هۆگریان پێ پەیداکردبێ. بۆ نموونە لە یۆناندا کوڕە لاوەکان بە لەشی رووتەوە خەریکی وەرزش و راهێنان دەبوون، یان ئەگەر بێتو وەکو فەرەنسا پەروەردەی خێزانی لە ئارادا نەبێ یان وەکو ئاسیا کە هەندێ کەس بە رادەیەک ژن دەهێنن کە زۆر بەچاوێکی سووکەوە سەیریان دەکەن و لێیان تێر دەبن و هەندێ کەسی تریش ناتوانن ژن بێنن و خێزان بەیەکەوە بنێن.

نابێ بە هیچ جۆرێ پەرە بەو تاوانانە بدەین و لە کۆمەڵگادا هانیان بدەین بەڵکو پێویستە بەهۆی رێوشوێنی راست و دروستەوە پێشی هەموو ئەو کردەوانە بگرین کە پێچەوانەی داوێنپاکی و ئەخلاقە، ئەوکاتە لەناکاو بۆتان دەردەکەوێ کە سروشت بۆ خۆی بەرگری لە مافی خۆی دەکاو ئەو کارە هێدی هێدی روو لەکەمی دەکات.

سروشت بۆخۆی زۆر هێمن و دلۆڤان و پارێزەرەو چێژو خۆشییەکانی بەدەستی پڕ لە بەخشش و کەرەمەوە لە دونیادا بڵاودەکاتەوەو هەر لەوکاتەدا کە وامان لێدەکا سوود لە چێژو خۆشییەکان وەرگرین بەهۆی هێنانە دونیای منداڵەوە کە لە راستیدا هۆکاری نوێ بوونەوەی ژیانی ئێمەیە، بەرادەیەکی ئەوتۆ شادی و خۆشی لە ژیانی ئێمەدا دروست دەکا کە لە خودی چێژو خۆشییەکە زۆر گەورەترە.

## بەشی حەوتەم: ئەنجامدانی تاوان دژی پاشا

لە یاساکانی چین دا هاتووە، ئەگەر هەر کەسێک رێزی ئیمپراتۆر نەگرێ ئەوا سزاکەی لەسەردانە، بەڵام لەبەر ئەوەی روونی ناکەنەوە مەبەستیان لە رێزنەگرتن چییە رەنگە هەموو کردەوەیەک بیێتە بیانووی کوشتن و لەناوبردنی خەڵک و هەموو بنەماڵەیەک بەو

تۆمەتە تووشی لەناوچوون بکرێ.

دووکەس راسپێردرابوون رۆژنامەی دەربار بنووسن و لەکاتی نووسینەوەی رووداوێکدا هەندێ شتیان باس کردبوو کە دواتر دەرکەوت راست نییە، هەر بۆیە ئەو دوو کەسەیان کوشت. ئایا نووسینی بابەتێکی ناواقیعی لە رۆژنامەی دەرباردا وەکو ئەتک و رێزنەگرتنی پاشا سەیری دەکرێ؟!

یەکێک لە شازادەکان بەهەڵە لەسەر ئەو یادداشتەی کە مۆری سووری ئیمپراتۆری لێدرابوو بیرەوەرییەکی نووسی، ئەو بابەتە والێک درایەوە کە ئەو کەسە بێ رێزی بەرامبەر بەئیمپراتۆر ئەنجام داوەو هەر بۆیە سەرسوڕهێنترین ئەشکەنجەیان لە دژیدا بەکارهێنا کە مێژوو بەردەوام لە یادی دەمێنێ. کاتێک تاوانی دژی پاشا تا ئەو رادەیە نادیارو تەمومژاوی بێ، حکومەتی ئیستبدادی سەرهەڵدەدا، واتە ئەو بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت بەرەو ئیستبدادییەت گۆڕانکاری بەسەردا بێ. لەسەر ئەم بابەتە لە کتێبی شێوازی دارِشتنی یاساکان بەدووورودرێژی قسە دەکەم.

## بەشی هەشتەم: ناونیشانی تاوانی سووکایەتی کردن بە ئایین و پاشا بەخراپی بەکارهێنراوە

ئەمەش کردەوەیەکی زۆر توندوتیژەو ناونیشانی تاوانی سووکایەتیکردن بە پاشایەتیان خستۆتە پاڵ ئەو کردەوانەی کە خاوەن ئەو سیفەتە نین. یاسایەک لە رۆما کاری پێدەکرا کە بەپێی ئەو یاسایە هەر کەسێک سەرپێچی لە ئەحکام و بڕیارەکانی پاشا کردبا یان گومانی لە لێهاتوویی ئەو کەسانە هەبوایە کە پاشا بۆ پلەوپایەکانی هەڵیدەبژاردن، وەکو سووکایەتیکردن بەشتە پیرۆزەکان لێک دەدرایەوەو بەتوندی تەمێ دەکرا. کابینەی پاشاو خۆشەویست و زمان لووسانی دەربار ئەم تاوانەیان داتاشیبوو.

یاسایەکی تریش کاری پێدەکرا و ئەگەر هەرکەسێک هەوڵی کوشتنی وەزیرو ئەفسەرەکانی پاشای دابایە وەکو ئەوە وابوو کە ئەو کردەوەیەی دژی خودی پاشا ئەنجام دابێ. ئەم یاسایە لە سەردەمی دوو پاشادا دانراو کاری پێکرا کە بێ هێزی و لاوازییان لە مێژوودا وێنەی نییە. یەکیان ئارکادیۆس و ئەویتریان هۆنۆریۆس بوو. ئەم دوو پاشایە ملکەچی وەزیرەکانی خۆیان بوون، وەزیرەکان وەکو شوان کاتێ مێگەلەکەی بەئارەزووی خۆی دەگێڕێ، پاشایان بەم لاو ئەولادا دەبردو پاشا خاوەنی هیچ چەشنە ئیرادەیەک نەبوو. لە کۆشکەکانیاندا وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو لە ئەنجوومەنی پاشایەتیشدا حسابی منداڵێکیان بۆ دەکردن، لەناو لەشکردا بەچەشنی بێگانەیەک هەڵسوکەوتیان



دەکرد کە زانیارییان لەسەر هیچ بابەتێک نەبێ. ئیمپراتۆریان تەنیا بۆ بەخشینی دیاری دەویست و حەزیان دەکرد بەردەوام شت بەخەڵکی ببەخشێ. سەیرکەن دەوڵەت لە سەردەمی ئەم دووپاشایەدا چەندە لاواز بووە!! هەندێک لە ئەرستۆکرات و خزم و کەسەکانی شا دژی ئیمپراتۆر دەستیان خستبووە ناودەستی یەکترو بۆ لەناوبردنی بناغەی حکومەت خەریکی پیلانگێڕی بوون. کاتێک ویستیان ئەو خائینانە بەسزای تاوانی خۆیان بگەیەنن ناچاربوون دژی یاسا بجوولێنەوە، چونکە زیان گەیاندن بە ئەرستۆکرات و دەربارەکان وەکو سووکایەتیکردن بەپاشا سەیری دەکرا. هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەو رەفتارو لاوازییەی دەوڵەت بووە هۆی داگیرکرانی رۆما لەلایەن جێرمەنەکانەوە.

خراپ بەکارهێنانێکی تری ئەم یاسایە؛ سێن مارس[٨٣] دژی کاردینال ریشیلیۆ هەندێ بیروبۆچوونی دەربڕیبوو و دەیویست لەسەر کورسی راوێژکاری دایبەزێنێ. بەڵام لەو راپۆرتەی لەسەریان نووسیبوو پشتیان بەو بەڵگەیە بەستبوو چونکە تاوان دژی وەزیرەکان بەپێی دەستووری ئیمپراتۆرەکانی رۆما وەکو ئەنجامدانی تاوان دژی پاشا سەیری دەکرا و بەرواڵەت مەبەستی ئەم یاسایەش ئەوەبوو، لەبەر ئەوەی وەزیر بەباشی خزمەتی وڵات و پاشا دەکات، ئەگەر بێتوو لە دژیدا هەر چەشنە کردەوەیەک ئەنجام بدرێ ئەوا وا لێک دەدرێتەوە کە وەزیریان هەم لە وڵات و هەم لە پاشا ئەستاندووەو وەکو ئەوە وایە کە دەستێکی پاشایان لێکردبێتەوە یان وڵاتیان لە هێزێکی خۆی بێبەش کردبێ.

بەڵام ئایا بەپەنابردن بۆ ئەم جۆرە بەڵگەو پاساوانە زوڵم و ستەمکاری ناگاتە ئەوپەڕی خۆی؟! ئایا لەسەردەمی کۆیلەیەتیشدا زوڵم و ستەمی لەم چەشنە لە ئارادا بووە؟!

بەپێی یاسایەکی تر «ڤالانتین یەن»، «تیودۆز» و «ئارکادیۆس»، ئەو کەسانەی دراوی تەزویریان دروست کردبا وەکو ئەو کەسە سەیریان دەکرد کە سووکایەتی بەپلەوپایەی پاشایەتی کردبێ. لێرەشدا ئەو دوو تاوانە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاودەکرێن و لە تەوژمی سووکایەتیکردن بەپلەوپایەی پاشایەتی کەم دەکرێتەوە.

## بەشی نۆیەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

پۆلین دەڵێ: لەسەردەمی ئەلکساندەری ئیمپراتۆری رۆما دادوەرێک دژی فەرمانەکانی پاشا حوکمێکی دەرکرد و من مۆڵەتم خواست لەو کارە بپێچمەوە، بەڵام ئیمپراتۆر وڵامی دامەوە کە لەسەردەمی دەسەڵاتی مندا تاوانە ناڕاستەوخۆکان وەکو سوکایەتی بەپلەوپایەی پاشایەتی سەیریان ناکرێ و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوکارە لە پێناوی ئەوەی سوکایەتیە بەپلەوپایەی پاشایەتی کردووە کارێکی زۆر بێ جێیە.

فوستینین لە نامەیەکی بۆ ئەلکساندردا دەڵێ: من بەگیانی پاشا سوێندم خواردووە کە هەرگیز کۆیلە گوناهکارەکانم نەبەخشم و ئێستاش ناچارم بۆ ئەوەی تاوانی سووکایەتی کردن بەپلەوپایەی پاشایەتیم ئەنجام نەدابێ هەمیشە لێی توورەبم و تەمێی بکەم. بەڵام پاشا لە وەڵامدا گوتی: لە خۆڕا ترس دایگرتووی بۆچی تۆ نازانی بیروبۆچوونی من لەسەر ئەو بابەتە چۆنە؟

لە پرەنسیپێکی تردا کە لە گەڕانەوە بۆ رای گشتی وەرگیرابوو هاتووە، ئەگەر هاتوو پەیکەری پاشا پەسند نەکرا ئەوا نابێ هونەرمەندەکەی وەکو ئەنجامدەری تاوانی سووکایەتی بەپلەوپایەی پاشایەتی سەیری بکرێ. «سور»و «ئانتۆنین» کە دوو ئیمپراتۆری رۆما بوون لە نامەیەکیاندا بۆ پۆنتیۆس نووسیبوویان: هەرکەسێک پەیکەرە پەسند نەکراوەکانی پاشا بفرۆشێ ئەوا وەکو تاوانباری سووکایەتی بەپلەوپایەی پاشایەتی حسابی بۆ ناکرێ. هەروەها ئاماژەیان بەوەکرد بوو ئەگەر هاتوو کەسێک بەرێکەوت بەردێکی لە پەیکەری ئیمپراتۆر گرت، نابێ وەکو تاوانباری سووکایەتی بەپلەوپایەی پاشایەتی بژمێردرێ.

هۆکاری سەرەکی ئەو فەرمانانە بوونی ئەو کەموکورییە بوو کە لە یاسای ژۆلی دا هەبوو، چونکە یاساکانی ژۆلی هەندێ رێوشوێنی زۆر توندی دا سەپاندبوو و دەبووایە ئەو گۆڕانکارییانەی تێدا بکرێ. یاسای ژۆلی نەتەنیا ئەو کەسانەی سزا دەدا کە پەیکەرەکانی ئیمپراتۆریان دەشکاند بەڵکو ئەو کەسانەش کە کردەوەی لەم جۆرەیان ئەنجام دابوایە بەتاوانی سووکایەتیکردنی بەپلەو پایەی پاشایەتی لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا.

ئەو رێوشوێنەی باسمان کرد بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی بەتاوانەکان دەدا، هەر بۆیە وا پێویست بوو لەگەڵ ئەوەی کە تاوانی سووکایەتیکردن بەپلەوپایەی پاشایەتییان داناوە، لێکیشیان جیابکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە راوێژکاری یاسایی ئولپین پاش ئەوەی وتی: ئەو تاوانانەی دژی پلەوپایەی پاشایەتی ئەنجام دەدرێن بەلەناوبردنی کەسەکەش هەر دەمێنن و درێژەی بەقسەکەی داو وتی: ئەو تاوانە تەنیا ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە تێیدا هەوڵی کوشتنی ئیمپراتۆر یان هێرش کردنە سەر ژیانی ئیمپراتۆر بدرێ و هەموو ئەو تاوانانە ناگرێتەوە کە لە یاسای ژۆلیندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

**بەشی دەیەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو**

لەسەردەمی هێنری هەشتەمدا یاسایەک لە ئینگلتەرادا پەسند کرا کە بەپێی ئەو یاسایە هەموو ئەو کەسانەی پێشبینی مەرگی پاشایان دەکرد وەکو خائینی دژی نیشتمان



سەیریان دەکرا، هەر بۆیە لە دوایین نەخۆشی ئەو پاشایەدا پزیشکەکان نەیانوێرا باسی ئەوە بکەن کە ژیانی لە مەترسی دایە و بێگومانیش هەر بەپێی ئەم یاسایە رەفتاریان کرد. بەڵێ ئیستبداد بەڕادەیەک ترسناکە کە تەنانەت دژی جێبەجێکارەکانیشی زۆر بەترسەوە بەکاردەهێنرێ.

**بەشی یازدەهەم: بیرکردنەوە**

کەسێک لە خێڵی مارسیاس خەونی بینی و لە خەویدا سەری دنیسی ئیمپراتۆری دەبری. پاش ئەوەی خەونەکەی گێڕایەوە کەوتەوە بەرگوێی دنیس، دنیس کوشتی و وتی ئەگەر بەرۆژ بیری لەوە نەکردبایەوە شەوێ نەدەهاتە خەوی. ئەوە ستەمێکی یەکجار گەورەبوو، گریمان بەم جۆرەش بیری کردۆتەوە، بەڵام خۆ نییەت و مەبەستەکەی خۆی جێبەجێ نەکردبوو. یاسا تەنیا لێپرسراوی ئەو کردەوانەیە کە جێبەجێ کراون و روویان داوە.[٨٤]

**بەشی دوازدەهەم: وتەی بێ پەردە**

ئەگەر وتەو قسەی بێ پەردە وەکو تاوانی سووکایەتیکردن سەیریان بکرێ و لەبەر ئەوەی فلانە کەس فلانە قسەی کردووە، وەکو تاوانبار لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ، ئەوا کردەوەیەکی یەکجار ستەمکارانەیە، چونکە مرۆڤ لە توانایدا هەیە چەندەها تەفسیرو شیکردنەوە بداتە پاڵ قسەیەک و دەبێ ئەوە بزانین کە لەنێوان گوێ پێنەدان و شەیتانییەتدا جیاوازییەکی گەورە هەیەو ئەو زاراوانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان دێنن جیاوازییان کەمە، هەر بۆیە یاسا ناتوانێ قسەکەر بەسزای ئیعدام بگەیەنێ. تەنیا ئەو کاتە قسەکەر سزا دەدرێ ئەگەر بێتو بە راشکاوی هەندێ قسەی کردبێ کە دەلالەت لە دەستپێکردن و سەرەتای تاوان بکات. قسە خۆی لە خۆیدا تاوان نییەو تەنیا لەناو بیردادەمێنێتەوە زۆربەی جار قسە خۆی لە خۆیدا هیچ مانایەکی نییەو بەڵکو ماناکەی لەو ئاوازەدایە کە ئەدا دەکرێ و بەمەبەستی گوتن بەکاردەبرێ. بەردەوام دەتوانین سوود لەو وتەو قسانە وەربگرین و دووبارەیان بکەینەوە بەبێ ئەوەی یەک مانایان هەبێ. بەشێوەیەکی گشتی مانا بەستراوەتەوە بە پەیوەندی نێوان وتە لەگەڵ نییەت و مەبەستدا.

هەندێ جار بێ دەنگی لە هەموو ئەو قسانە زیاتر مەبەست بەیان دەکات، هیچ شتێک بە رادەی قسە دوولایەنە نییە، کەواتە چۆن دەکرێ وەکو تاوانی سووکایەتیکردن بە پلەوپایەی پاشایەتی لە قەڵەم بدرێ. یاسای لەم چەشنە ئەگەر لەهەر شوێنێک بەرقەرار

بێ نەتەنیا ئازادی لە بنەڕەتدا نابێ بەڵکو سێبەری ئازادیش ناشێ هەبێ.

راگەیەندراوێک لەلایەن شاژنی کۆچکردووی روسیاوە دژی بنەماڵەی ئەلگورکی دەرکراو یەکێک لە شازادەکانی ئەم خانەدانە بەمەرگ مەحکووم کرا، بەهۆی ئەوەی هەندێ قسەی بێ ئەدەبانەی لە دژی شاژن کردبوو. هەروەها کەسێکی تریش لەبەر ئەوەی ئەو نەزم ورێکوپێکییە عاقڵانەی شاژنی لە دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردندا ناونابوو شەیتانییەت و لە رێگای هەندێ وشەوە سووکایەتی بە زاتی پیرۆزی شاژن کردبوو، حوکمی ئیعدامی بە سەردا سەپێنرا. من ئینکاری ئەوە ناکەم کە سووکایەتیکردن و رێزنەگرتنی پاشا کارێکی بێزراوە، بەڵام دەڵێم ئەگەر گەرەکیان بێ هەندێ میانڕۆیی بخزێتە ناو ئیستبدادییەتەوە ئەوا سزادانێکی سادە بۆ ئەو کردەوەیە زۆر گونجاوتر دەبێ نەک تۆمەتی سووکایەتیکردن بە پلەوپایەی پاشایەتییان بخرێتەپاڵ، چونکە ئەمە بۆ بێ تاوانەکان هەمیشە مایەی ترس و تۆقینە. ئاشکرایە کە ئەو جۆرە کردەوەیە هەمیشەو بەردەوام روونادات و ئەگەر رووشبدا ئەوا خەڵک زۆر بەوردی دەیبینن. لێرەدا تۆمەتێکی هەڵبەستراوو درۆ سەبارەت بەم جۆرە کردەوانە بەئاسانی روون دەبێتەوە. هەرکاتێک قسەیەک هاوکات لەگەڵ کردەوەیەک بەئەنجام بگا ئەوا سروشتی ئەو کردەوەیە وەردەگرێ. بۆ نموونە ئەو کەسەی لە گۆڕەپانی گشتی شاردا خەڵکی بۆ راپەڕین و یاخی بوون هان بدا ئەوا دەبێ وەکو ئەنجامدەری تاوانی سووکایەتی بە پلەوپایەی پاشایەتی سەیری بکرێ، چونکە قسەکردنەکەی هاوکات لەگەڵ کردەوە ئەنجام داوەو بەشداریشی کردووە. ئەو شتەی سزاکەی بۆ دادەنرێ قسەکردنەکە نییە بەڵکو ئەو کردەوەیەیە کە لەکاتی قسەکردندا ئەنجام دەدرێت. وتەو قسەکردن لە خودی خۆیدا بەتاوان دانانرێ، تەنیا کاتێک دەچێتە خانەی تاوانەوە ئەگەر کردەوەیەکی تاوانبارانە رێکبخات یان پاش ئەوەی قسەکە کرا کردەوەکەش ئەنجام بدرێ. قسەکردن تەنیا ئاماژەیە بۆ تاوان و نابێ خودی قسەکە بەتاوان دابنرێ. ئەگەر هاتوو قسەکردن و ئاخاوتنیش یاساغ کراو لێ پێچینەوەی لە دژکرا ئەوا هەموو شتێک وێران دەبێ.

تیۆدۆز، ئارکادیۆس، هۆنۆریۆس ئیمپراتۆرەکانی رۆما لە نامەیەکیاندا بۆ (رۆفین) ی سەرۆکی دادگا دەنووسن: «ئەگەر هاتوو کەسێک لە دژی ئێمە یان حکومەتەکەی ئێمە قسەی خراپی کرد ئەوا ئێمە نامانەوێ تەمێی بکەین، چونکە ئەگەر لەرووی گەمژەییەوە ئەو قسەیەی کردبێت ئەوا پێویستە بەچاوێکی سووک سەیری بکرێ و ئەگەر شێتە ئەوا دەبێ دڵت پێی بسوتێ و ئەگەر جوێنێکیشی داوە ئەوا پێویستە ببەخشرێت... کەواتە واز لە کێشەکان بێنەو تەنیا هەندێ زانیاری بۆ ئێمە بنێرە تاکو ئێمە لەرووی قسەکانیەوە



حوکمی بەسەردا بدەین و بەباشی لێکی بدەینەوەو هەڵیسەنگێنین ئایا پێویستە ئەو کەسە دادگایی بکرێ یان لێی ببووردرێت».

## بەشی سێزدەهەم: نووسراوەکان

نووسین زۆر زیاتر لە ئاخاوتن دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک وەکو تاوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر دەستی هەبووبێ لە پێکهێنانی تاوانی سووکایەتی پێکردنداو جگە لەم حاڵەتە نابێ بەهیچ جۆرێ وەکو تاوان سەیربکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا «تبەبێر»و «ئۆگۆست»ی ئیمپراتۆری رۆما سزای تاوانی سووکایەتی کردن بەپلەوپایەی پاشایەتییان بۆ ئەو نووسیانە دیاری کردبوو کە گومانی سووکایەتی کردنیان لێدەکرا. تبەبێر بۆیە سزای بۆ ئەم کارە دانا چونکە پێی وابوو هەندێ لە نووسینەکان دژی ئەون. پاساوی ئۆگوستیش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ئەوەبوو کە هەندێ لە نووسراوەکان دژی ژن و پیاوە ناودارەکانی سەردەمی ئەو نووسراون.

کرۆمۆتیۆس کرۆدۆس لەبەر ئەوەی لەساڵنامەکەی خۆیدا نووسیبووی (کاسبۆس گەمژەترین کەسی رۆمایە) بەتاوانبار لە قەڵەم درابوو. هیچ شتێک هێندەی سزادانان بۆ نووسینەکان، زیانی بەئازادی رۆما نەگەیاندووە.

لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا نووسینی تەنزئامێزو کۆمێدی هێندە باونییە، چونکە غەفڵەت و نەزانی نەزەوقی نووسین پیدەگەیەنێ نەئیرادەکەی. بەڵام لە وڵاتە دیموکراتیکەکان پێشی ئەم جۆرە نووسینانە ناگرن.

بەڵام هەر بەو هۆیانەی ئاماژەمان بۆ کرد لە حکومەتە تاکەکەسییەکانیش بەری ئەم جۆرە نووسییانە دەگرن. لەنێو حکومەتی دیموکراتیدا چونکە گەل حکومەتی لەژێر دەست دایە و هەمیشەش ئەو جۆرە نووسراوانە دژی کەسانی دەسەڵاتدارو بەهێز دەنووسرێ، ئەوا دەبێتە هۆی هاندانی هەست و زەوقی خەڵک. لە وڵاتە دەستوورییەکانیشدا پێشی ئەم جۆرە نووسینانە دەگیرێ، بەڵام زیاتر وەکو سەرپێچی سەیر دەکرێ نەک وەکو تاوان. لەلایەکی تریشەوە ئەو نووسینە تەنزئامێزانە لەوانەیە ببنە هۆی دامرکاندنی هەستی رەخنەگرانەی خەڵک و ناڕازییەکان کەمێک هێمن بکەنەوەو ببنە هۆی کەمکردنەوەی ئیرەیی دژی بەرپرسەکان و توانای زەحمەتکێشان و خۆڕاگری لەنێو خەڵکدا پەرە پێ بدەن و وەپێکەنینیان بخەن.

لەنێو حکومەتی ئەرستۆکراتیدا زۆر بەتوندی پێشی نووسینی کۆمێدی دەگیرێ، چونکە لەم جۆرە حکومەتەدا هەر بەرپرسە و بۆ خۆی پاشایەکی بچووکەو هێندەش

گەورەنین تا بەچاوی سووکایەتییەوە سەیری جوێنی خەڵک بکەن. ئەگەر لەنێو حکومەتی ئەرستۆکراتی تیرێک لە پاشا بگیرێ، لەبەر ئەوەی پاشا شوێنەکەی هێندە بەرزە تیرەکەی بەرناکەوێ، بەڵام رەنگە تیرەکە بەر جەستەی سەرکردەیەکی ئەرستۆکراتی بکەوێ.

دسمویرەکانیش لەبەر ئەوەی حکومەتێکی ئەرستۆکراتییان دامەزراندبوو، سزای مەرگیان بۆ نووسینە کۆمێدییەکان دیاری کردبوو.

## بەشی چواردەهەم: پێشێلکردنی داوێنپاکی لەکاتی سزادانی تاوانباراندا

بەشێوەیەکی گشتی هەموو نەتەوەکانی سەر رووی زەوی خاوەنی هەندێ رێساو رێوشوێنی تایبەتن بۆ پاراستنی داوێنپاکی. ئەگەر هاتوو لەکاتی سزادانی تاوانبارەکان کە مەبەستی سەرەکیش لە سزادانیان پاراستنی سەقامگیری و رێکخستنە، ئەو رێسایانە پێشێل بکرێن، ئەوا کردەی سزادان هیچ مانایەکی نامێنێ.

لە رۆژهەڵاتدا ژنەکانیان دەخستە ژێر پێی فیلەکانەوەو ئەو فیلانەش بۆ جۆرە ئەشکەنجەیەکی قێزەون پەروەردەکرابوون. ویستوویانە بەهۆی یاسایەکەوە یاسایەکی دیکە پێشێل بکەن؟! واتە لە پێناوی پاراستنی نەزم و سەقامگیریدا یاساکانی داوێنپاکییان پێشێل کردووە. بەهۆی دابونەریتێکی کۆنی رۆمانی، قەدەغەبوو ئەو کچانەی نەگەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتوویی بکوژرێن. (تیەبێر) رێگا چارەیەکی دۆزییەوە؛ دەبوایە جەللاد بەرلەوەی بیانکوژێ لە کچێنیان بخات. ئەم چەشنە ستەمکارییە بێ رەحم و دڵڕەقە، ئەخلاقی لەناودەبرد لە پێناوی ئەوەی پارێزگاری لە دابونەریتەکان بکات.

دادگاکانی ژاپۆن ژنەکانیان رووت دەکردەوەو لە گۆڕەپانی گشتی شاردا پێشانی خەڵکیان دەدان و ناچاریان دەکردن وەکو چوارپێ بڕۆن و بەم کارەیان پایەی داوێنپاکییان سست دەکرد. کاتێک ویستیان دایکێک ناچاربکەن... کوڕێک ناچار بکەن... لەرزەیان خستە سروشتەوە. من لە توانامدا نییە رستەکە تەواو بکەم.

## بەشی پازدەهەم: ئازادکردنی کۆیلە بۆ تاوانبارکردنی خاوەنەکەی

ئۆگۆست فەرمانی دابوو کۆیلەی ئەو کەسانەی دژی ئەو خەریکی پیلانگێڕی بوونە بەخەڵکانی تر بفرۆشرێن بۆ ئەوەی بتوانن دژی خاوەنەکانی خۆیان شاهیدی بدەن.

نابێ کەمتەرخەمی لەو شتانەدا بکرێ کە رەنگە ببنە هۆی کەشف کردنی تاوانێکی



گەورە، هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی کۆیلەیان تێدایە، کۆیلەکان پێویستە تەنیا زانیاری پێشکەش بکەن و نابێ شاهیدی بدەن.

«وێندێکس» هەواڵی ئەو پیلانەی هێنا کە لە بەرژەوەندی تارکن رێکخرابوو، بەڵام لە دژی مندالّی برۆتۆس شاهیدی نەدا. بەپێی راستی و عەدالەت دەبوایە ئەو کەسە ئازاد بکرێ چونکە خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە نیشتمانەکەی خۆی کردبوو، بەڵام ئازادیان نەکرد بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی وڵاتەکەی بکا، هەر بۆیە تاسیت فەرمانیدا نابێ کۆیلەکان لە دژی خاوەنەکانی خۆیان شاهیدی بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو شاهیدیدانە تاوانی سووکایەتی کردن بەپلەوپایەی پاشایەتیش بسەلمێنێ. ئەو یاسایە لەنێو یاساکانی ژوستینیندا نابینرێ.

## بەشی شازدەهەم: لەمەڕ تاوانی سووکایەتی کردن بەپلەوپایەی پاشایەتی

تەنیا سزارەکان نەبوون کە یاسای سووکایەتیکردن بەپاشایەتیان وێناکردو دایانڕشت. نابێ سەبارەت بەمانە لە حەق بچینەدەر، چونکە لە سەرەتادا «سیلا» فێری کردبوون نابێ تۆمەت چی و بوختانکارەکان سزا بدەن، دواتر هێدی هێدی کار گەیشتە شوێنێک کە پاداشتیان بەتۆمەت چییەکان دەدا.

## بەشی حەڤدەهەم: لەکاتی کەشفکردنی پیلانەکاندا

مەفهوومی سەرەکی یاسای «دوتەرۆنۆم» ئەوەبوو: «کاتێک کە براکەت، یان کوڕەکەت، یان کچەکەت، یان هاوسەرە خۆشەویستەکەت یان دۆستەکەت کە وەکو گیانی خۆت خۆشت دەوێن بەنهێنی پێیان گوتی بەرەو لای خودای تر برۆ واتە ئایینەکەت بگۆڕە، لەسەرت پێویستە بەرد بارانیان بکەی. یەکەم جار دەستی تۆ بەروویاندا بەرزدەبێتەوەو پاشان دەستی هەموو گەل.» نابێ لەنێو نەتەوەکاندا ئەو پرەنسیپە وەکو یاسایەکی مەدەنی سەیر بکرێ، چونکە دەرگا بەرووی گشت تاوانێکدا دەکاتەوە. ئەو یاسایەی لە رێگای هەڕەشەی ئیعدام مرۆڤ ناچار بکات ئەو پیلانە ئاشکرا بکا کە بۆ خۆی هیچ جۆرە بەشدارییەکی تێدانەبووە، یاسایەکی گەلێک سەخت و توندوتیژە. ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە لەنێو حکومەتی دەستووریدا بەکارهێنرا ئەوا دەبێ زۆر بەرتەسک بکرێنەوە. ئەو یاسایە جگە لەکاتی تاوانی سووکایەتیکردن بە پاشایەتی نابێ بەوشێوە توندوتیژەی کە دیاریکراوە جێبەجێ بکرێ و زۆر زەحمەتە کەسە جۆراوجۆرە گومان لێکراوەکانی ئەم

تاوانە بە هەڵە مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ. لە ژاپۆندا یاساکان هەموو بیروعەقڵی مرۆڤ ئاوەژوو دەکەنەوە، تاوانی کەشف نەکردن (دانپیانەنان) بەسەر ئاساییترین کێشەکاندا دەسەپێنرێ. لە سەفەرنامەیەکدا هاتووە؛ دووکچیان خستە ناو سندووقێکی داخراو و هێندە لەناو ئەو سندووقەدا رایان گرتن تاکو مردن. گوناهی یەکێکیان ئەوەبوو دڵداری کردبوو و گوناهی ئەویتریشیان ئەوەبوو ئەو کارەی ئاشکرا نەکردبوو.

## بەشی هەژدەهەم: کارێکی زۆر مەترسیدارە ئەگەر لە حکومەتی کۆماریدا ئەو کەسەی تاوانی سووکایەتی کردن بەدەوڵەتی خراوەتە پاڵ بەتوندی سزابدرێ

کاتێک دەوڵەتێکی کۆماری توانی هەموو ئەو کەسانە لەناوبەرێ کە خەریکی پیلان گێڕان بوون بۆ رووخاندنی، ئەوا لەسەری پێویستە زۆربەخێرایی کۆتایی بەتۆڵەو سزاو تەنانەت پاداشتەکانیشی بێنێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ناکرێ تەمێکردنی زیاد لە پێویست بەکاربێنرێ. تەنیا دەتوانن دەسەڵاتێکی زۆر بەهەندێ کەس ببەخشن. لەو بارودۆخەدا چاکتر وایە زیاتر پەنا بۆ لێبووردن ببەن نەک سزادان و کەمتر خەڵک نەفی بکەن و زۆرتر خۆشەویستی بڵاوبکەنەوە.

نابێ دەست بەسەرماڵ و دارایی خەڵکیدا بگرن و بەناوی خۆیانەوە تۆماریان بکەن، چونکە بەبیانووی تۆڵە، کۆماری تۆڵەسێنە ستەمکارەکان دادەمەزرێنن. باسی ئەوە ناکەین کە دەبێ کەسی زاڵ لەناو بچێ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە خودی زاڵبوون نەمێنێت و پێویستە بەزووترین کات رەوتی ئاسایی حکومەت بەرقەرار بکرێتەوە بۆ ئەوەی یاسا فەرمانڕەوابێت نەک کەسەکان.

یۆنانییەکان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ستەمکارەکان و ئەو کەسانەی گومانی ستەمکارییان لێدەکرا هیچ سنوورێکیان نەدەناسی. هەندێ جار منداڵەکانیشیان دەکوشتن و جاری واش هەبوو پێنج کەس لە نزیکترین خزم و کەسەکانیان لەناو دەبردن. چەندین بنەماڵەیان نەفی کرد، هەر بۆیە کۆمارەکەشیان لەرزۆک بوو. نەفی کردن و گەڕانەوەی نەفی کراوەکان هەمیشە کاتێک روودەدات کە بنچینەی حکومەت تووشی گۆڕانکاری هاتبێ، بەڵام رۆمانەکان ژیرتربوون، چونکە کاتێک «کاسیۆس» بە تاوانی مەیل بۆ ستەمکاری مەحکووم کرا، ئەو پرسە سەری هەڵدا کە ئایا منداڵەکانیشی دەکوژن یان نا، بەڵام منداڵەکانی هیچ جۆرە سزایەکیان بەسەر دانەسەپێنرا.

دنیس دەڵێ: «ئەو کەسانەی ویستیان لە کۆتایی جەنگی مارسەکان و جەنگە



ناوخۆییەکاندا ئەو یاسایە بگۆڕن و منداڵی نەفی کراوەکان بەپێی فەرمانی سیلا سزا بدەن، جنایەتکاربوونە».

لە جەنگەکانی ماریۆس و سیلادا بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵک چەندە فاسدو گەندەڵ ببوون و پاش ئەو جەنگانە هەموو کەس پێی وابوو کە جارێکی دیکە ئەو فەسادو وێرانییە سەرهەڵنادادتەوە چونکە بەڕادەیەک شووم و زیانبەخش بوو تەسەوری هاتنەوەیان نەدەکرا، بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتداری سێ بەڕێوەبەرەکە نەک هەر فەسادو گەندەڵی پێشوو گەڕایەوە بەڵکو زۆر لەجاری یەکەم بەهێزتریش بوو. چونکە ئەوان دەیانویست پێشی زوڵم و ستەم بگرن و بەرواڵەت دادپەروەری بڵاوبکەنەوە.

**بەڵێ ئەو سەفسەتەیەی ستەمکارەکان بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانی خۆیان بەکاری دێنن مایەی غەم و پەژارەیە.**

لە بەرهەمەکانی ئاپیندا فۆرمۆلی نەفیکردن دەبینرێ، بەڵام بەجۆرێکی ئەوتۆ داڕێژراوە کە دەڵێی جگە لە خێروخۆشی کۆمەڵگا هیچ مەبەستێکی تری نەبووە، چونکە هەندێ ئیمتیازاتیان بۆ داناوەو بەوپەڕی هێمنی و لەسەرەخۆییەوە باسی لەسەر کراوەو هەندێ هۆکاری باشیان تێدا بەکارهێناوە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هەم دەوڵەمەندەکان ژیانیان لە ئەماندا دەبێ و هەم چینی سێهەمیش بەئاسوودەیی دەژی، هەروەها بەڕادەیەک لە هەڕەشەی خەڵک ترساون کە هێمنی لەشکریشیان لە بەرچاو بووەو بەم جۆرە خەڵک بەخۆشبەختی و بەختیاری ژیاون.

کاتێک لاپیدۆس - یەکێک لە سێ بەڕێوەبەرەکانی رۆما - ئیسپانیای داگیرکرد، وڵاتی رۆما بەهۆی جەنگی ناوخۆیی شەلاڵی خوێن ببوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاپیدۆس فەرمانیدا بەبۆنەی داگیرکردنی ئیسپانیاوە جەژن بگرن و شادی بکەن، هەرچەندە مەترسی لەناوچوونیش هەڕەشەی لێدەکردن.

## بەشی نۆزدەهەم: چۆن لەنێو حکومەتی کۆماریدا بەکارهێنانی ئازادی هەڵدەپەسێردرێ

ئەو وڵاتانەی گرنگییەکی زۆرتر بەئازادی دەدەن، هەندێ یاسای ئەوتۆیان هەیە کە ئازادی لە تاکەکانی دەسێنێتەوە بۆ ئەوەی گشت، بتوانێ سوودی لێ وەرگرێ. ئەم جۆرە یاسایە لەئینگلتەرا کاری پێدەکرێ، وەکو لایعەی یاسایی ناسراو بە ئەتاندەر[٨٥].

سەرچاوەی ئەم نەریتە یاساکانی ئەسینایە. لە ئەسینا دژی کەسێک حوکمیان دەردەکرد کە شەش هەزار کەس دەنگی لەسەر داباو هەروەها بەشێکیشی لە یاساکانی رۆمانەوە

سەرچاوە دەگرێ و لەوێشدا لە ژێر ناوی ئیمتیازات دژی تاکەکان پیادە دەکرا. ڕۆمانەکان ئەو یاسایانەیان لە کۆبوونەوەی گەورەپیاوانی گەلدا دەخستە بەرباس، بەڵام بە بڕوای شیشرۆن ئەو یاسایانە ڕاست نەبوون. شیشرۆن دەیگوت پێویستە ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنرێنەوە چونکە یاسا دەبێ هەموو کەسێک بگرێتەوە. هێزی یاسا لەوەدایە کە بەسەر گشت خەڵکدا حوکم بکات. بەبڕوای من پێویستە هەندێ جار ئازادی پەردەی بەسەر دابکێشرێ هەروەک چۆن لە ڕابردوودا هەندێ جار پەیکەری خواوەندەکانیان دەشاردەوە. لەم حاڵەتەدا دانانی ئەم جۆرە یاسا تایبەتەو لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، کە لەنێو دابونەریتی ئازادترین نەتەوەی جیهاندا بەکارهێنراوە پێویستە، چونکە مەبەست لێی پاراستنی ئاسایشی گشتییە.

## بەشی بیستەم: ئەو یاسایانە لە حکومەتی کۆماریدا بۆ ئازادی تاکەکان سوودی هەیە

زۆربەی کات لە دەوڵەتی کۆماریدا چونکە خەڵک فەرمانڕەوایی لەژێر دەست دایە تۆمەت خستنە پاڵ، لایەنی گشتی هەیە واتە ڕێگای شکایەت کردن بۆ هەموو کەسێک کراوەیەو دەکرێ تۆمەت بخرێتە پاڵ هەموو کەسێکەوە. هەر بۆیە ناچاربوونە بۆ بەرگری کردن لەبێ گوناهەکان هەندێ یاسا دابڕێژن.

لە یۆنان وا باوبوو ئەگەر کەسێک یەکێکی تۆمەتبارکردباو یەک لەسەر پێنجی دەنگی خەڵکی بۆ خۆی بەدەست نەهێنابا ئەوا سزاکەی هەزار درهەم بوو. لەبەر ئەوەی «ئیشین» تۆمەتی خستبووە پاڵ «کشیفۆن» و ئەو ژمارە دیاریکراوە دەنگیان بۆ نەدابوو ئەو سزایەی بەسەردا سەپێنرا. لەڕۆما ئەگەر کەسێک لە خۆڕا تۆمەتی خستبا پاڵ یەکێکی ترەوە ئەوا ناوی دەزڕاو پیتی - ک - یان لەسەر نێوچاوانی داغ دەکرد و دەیانخستە ژێر چاودێری پاسەوانەکانەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ بەرتیل بدا بەدادوەر یان شاهیدەکان. ئێمە پێشتر لەمەڕ یاسای ڕۆماو ئەسینا دواوین کە مۆڵەتیان بە تۆمەتبار دەدا بەر لەدەرچوونی حوکم دادگا بەجێ بێڵێ.

## بەشی بیست و یەکەم: بێ ڕەحمی یاساکانی حکومەتی کۆماری سەبارەت بەقەرزدارەکان

کاتێک کەسێک پارە بەقەرز بدا بەیەکێکی تر بەتەئکید خۆی لەو بەگەورەتر دەزانێ. لەبەر ئەوەی قەرزدارەکە پارە بۆ خەرج و پێداویستییەکانی خۆی وەردەگرێ پاش ئەوەی



پارەکەی خەرج کرد ئیدی هیچ پارەیەکی بەدەستەوە نامێنێ. ئێستا ئەگەر بێتو لە حکومەتی کۆماریدا یاساکانیش نەریتی کۆیلایەتی و گەورەیی قەرزدەر بەسەر قەرزداردا پەرە پێ بدەن دەبێ چ ڕووبدات؟

لە ئەسیناو ڕۆما سەرەتا مۆڵەتی ئەوە دەدرا ئەگەر هاتو قەرزدار نەیتوانی قەرزەکەی بداتەوە ئەوا وەکو کۆیلە بفرۆشرێت. سۆلۆن ئەو نەریتەی ئەسینای گۆڕی و فەرمانیدا نابێ هیچ کەسێک بەهۆی قەرزدارییەوە ئازاری جەستەیی بدرێ یان تووشی کۆیلەیەتی بکرێ، بەڵام دسمویرەکان لە ڕۆما پەیڕەوییان لە سۆلۆن نەکردو ئەو نەریتەیان نەگۆڕی، ئەگەرچی پەیڕەونامەی سۆلۆنیان لەبەرچاوبوو، بەڵام حەزیان نەدەکرد جێبەجێی بکەن. ئەوەش یەکەم جار نییە کە پرەنسیپەکانی یاسای دوازدە تابلۆکە دەربڕی نییەتی دژایەتی دسمویرەکانە لەگەڵ ڕۆحی خەڵک و نموونەی لەم چەشنە زۆرە. ئەو یاسا ڕەق و بێ ڕەحمانە دژی قەرزدارەکان چەندین جار حکومەتی کۆماری ڕۆمای تووشی مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوون کرد. بۆ نموونە جارێکیان قەرزدارێک لەکاتێکدا هەموو جەستەی بەهۆی لێدانی خاوەن قەرزەکەیەوە زامداربیوو لە ماڵی خاوەن قەرزەکەیەوە ڕای کردو بەم حاڵە خۆی نیشانی خەڵک داو ئەو دیمەنە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر خەڵک داناو بووە هۆی ئەوەی خاوەن قەرزەکانی تریش نەوێرن قەرزدارەکان زیندانی بکەن، قەرزدارەکان لە چاڵەڕەشەکانی خاوەن قەرزەکانەوە هاتنەدەر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەڵێنانەیان جێبەجێ نەکرد کە پێیان دابوون بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ دانەوەی قەرزەکان، گەل بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە ڕووی کردە کێوی پیرۆز، بەڵام نەیانتوانی هەڵیبوەشێننەوە. لەو سەروبەندەدا دادوەرێک بەناوی (مانلیۆس) بەرگری لە گەل کردو دەیویست خۆی لەبەرچاوی خەڵک شیرین بکات و لە خۆڕا هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو کەسانە ئازاد بکا کە لە جیاتی قەرزەکانیان کراون بەکۆیلە، بەڵام پێشی خواست و مەرامی ئەویشیان گرت. ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە هەروەکو خۆی مایەوە تا هەندێ یاسای تایبەتییان دارِشت و هەندێ ئاسانکارییان بۆ قەرزدارەکان کرد بۆ ئەوەی بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە.

لە ساڵی ٤٦٨ ڕۆمی کۆنسولەکان یاسایەکان دانا کە بەپێی ئەم یاسایە قەدەغەبوو خاوەن قەرزەکان، قەرزدارەکان وەکو کۆیلە لە ماڵی خۆیاندا ڕاگرن و ئەم کارەیان یاساغ کرد.

سووخۆرێک بەناوی پاپیرۆس گەنجێکی بەناوی پوبلیلبۆس ی لە ماڵی خۆیدا بەزنجیر بەستبۆوە، چونکە کوڕەکە نەیدەتوانی قەرزەکەی بداتەوەو ئەو سووخۆرە ویستبووی شەرەفی ئەو گەنجە لەکەدار بکا.

هەروەک چۆن تاوانەکەی سکتۆس ئازادی بۆ رۆما گەڕاندەوە، ئەو تاوانەش بووە هۆی ئەوەی ئازادی مەدەنی سەر لەنوێ سەقامگیر بکرێتەوە.

بارودۆخی گشتی بەجۆرێک بوو کە روودانی تاوانی نوێ و کاریگەرییەکانی لەسەر مەعنەویاتی خەڵک ئازادی زیاتر دەچەسپاند کە بەهۆی روودانی تاوانی پێشووترەوە لاوازببوو. کوژرانی (ڤێرژینی) بەدەستی (ئاپیۆس) و ئەو نەفرەتەی بەدبەختییەکانی (لوکرس) دژی ستەمکارەکان لە دڵی خەڵکدا دروستی کردبوو، دووبارە نوێ بوونەوەو سەریان هەڵدایەوە. سی و حەوت ساڵ پاش تاوانەکەی پاپیرۆس - یش تاوانێکی هاوشێوەی ئەو، بووە هۆی ئەوەی خەڵک روو لە کێوی ژانیکۆل بکەن و بەم جۆرە یاسا بۆ پاراستن و لایەنگریکردن لە قەرزدارەکان هێزێکی نوێی وەرگرت. پاش ئەوە ئیتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ قەرزدارەکان نەدەکرد بەهۆی نەدانەوەی قەرزەکانیان بەڵکو زیاتر لێ پێچینەوەیان لەگەڵ خاوەن قەرزەکاندا دەکرد بەتاوانی پەیڕەوی نەکردن لە یاساو سووخۆرییەوە.

## بەشی بیست و دووەم: ئەو شتانەی لە حکومەتی دەستووری دا هەڕەشە لە ئازادی دەکەن

لە حکومەتی دەستووریدا بەزۆری بۆ حوکم دەرکردن و بڕیاردان لەسەر کاروبارە تایبەتەکان هەندێ کۆمیسێر دیاری دەکرێن. ئەو کۆمیسێرانە دەبنە هۆی لاوازکردنی ئازادی و بێ سوودترین شتێ بۆ پاشا. لەبەر ئەوەی پاشا هێندە بەکەمی سوود لەو کۆمیسێرانە وەردەگرێ، هیچ پێویست ناکا بۆ سەقامگیرکردنی ئەوان رەوتی کاروبارەکان بگۆڕێ، چونکە پاشا بۆ خۆی لەرووی ئەخلاقییەوە دڵنیایە کە ئەو لە کۆمیسێرەکان زیاتر خاوەنی رۆحی داوێنپاکی و دادپەروەرییە، هەروەها ئەو کۆمیسێرانە لەبەر ئەوەی بەردەوام لەژێر فەرمانی پاشادان و بەهۆی ئەو ترسەی هەیانە لێی و لە پێناوی بەرژەوەندییەکی وەهمی کە لە دەوڵەتەوە پێیان دەگات و سەرئەنجام بەهۆی شانازیکردن بەهەڵبژاردنی خۆیان، هیچ سنوورێک بۆ کارەکانی خۆیان دانانێن.

لە ئینگلتەرادا لەسەردەمی هێنری هەشتەم کاتێک لۆردێکیان دادگایی دەکرد، حوکم دەرکردنیان دەدایە دەست ئەو کۆمیسێرانەی کە لە ئەنجوومەنی ئەعیان هەڵبژێردرابوون و بەوپێیە دەیانتوانی هەر لۆردێکی حەزیان لێ بێ بیکوژن.



## بەشی بیست و سێهەم: بارودۆخی سیخوڕەکان لە حکومەتی دەستووریدا

ئایا وجوودی سیخوڕ لە حکومەتی دەستووریدا پێویستە؟ ئەگەر بێتو هەندێ کەسی باش و گونجاو بۆ ئەو کارە دیاری بکرێن رەنگە سیخوڕی خراپ نەبێ، بەڵام ئەو نزمی رەزالەتەی بۆ کەسی سیخوڕ پێویستە دەلالەتە لەسەر نزمی و رەزالەتی کردەی سیخوڕی. پێویستە پاشا لەگەڵ ژێردەستەو پەیڕەوانی خۆیدا بەسادەیی و راستگۆیی و دڵنیاییەوە رەفتار بکات. ئەو کەسەی لە دڵەوە تووشی نیگەرانی و ترس و بەدگومانی هاتبێ پێویستی بەسیخوڕە، وەکو ئەو ئەکتەرەی کە لەکاتی رایی کردنی رۆڵەکەی خۆی تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبێ، بەڵام کاتێک مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ یاسا بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەهێزو جێگای رێزە، دەتوانێ هەست بەئاسوودەیی و ئاسایشی خۆی بکات، چونکە شێوازی گشتی شێوازی تاکەکان دابین دەکات.

هیچ پێویست ناکا پاشا بترسێ. پاشا نازانێ خەڵک چەندەیان خۆش دەوێ. لەراستیدا بۆچی دەبێ خۆشیان نەوێت؟ دەکرێ بڵێین پاشا سەرچاوەی گشت ئەو چاکەکارییانەیە کە ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەموو سزاکان لەرووی یاساوە دیاری دەکرێن.

پاشا خۆی بەگەل نیشان نادات و ئەگەریش خۆی نیشان بدا ئەوا بەروخسارێکی گەشاوەوە دەردەکەوێ. دەسەڵات و هێزی پاشا گەل دەپارێزن و شانازییەکانی بەناو گەلدا بڵاودەبنەوە. خەڵک بۆیە پاشایان خۆش دەوێ چونکە متمانەی پێدەکەن، هەرکاتێک وەزیرێک داواکارییەک رەت دەکاتەوە خەڵک وا تەسەوڕ دەکەن کە ئەگەر پاشا بۆ خۆی بوایە قبوولی دەکردو تەنانەت لەکاتی کارەسات و بەڵا گشتییەکانیشدا بەهیچ جۆرێ خودی پاشا تۆمەتبار ناکەن و خەڵک پێیان وایە پاشا ئاگاداری بابەتەکان نییە یان خەڵکی فاسد دەورەیان داوەو خراپیان تێگەیاندووە، خەڵک دەڵێن: «ئەگەر پاشا زانیبای ئاوا نەدەبوو».

ئەو وشانە وەکو جۆرە پاڕانەوەیەک و بەڵگەی متمانەی خەڵکە بەپاشا... کەواتە کارێکی باش نییە ئەگەر بێتو پاشاکان سیخوڕ لەسەر خەڵک دابنێن، چونکە هەر کاتێک تاک وەفاداربێ بەیاساکان ئەوا بەباشی ئەرکی خۆی بەرامبەر بەپاشا رادەپەڕێنێ. هەروەها پێویستە هەموو کەسێک لانی کەم لە ماڵەکەی خۆیدا ئاسوودە بێ و ژیانی لە ئەماندا بێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

## بەشی بیست و چوارەم: نامەی بێ واژۆ (ئیمزا)

تەتەرەکان ناچارن ناوی خۆیان لەسەر تیرەکان بنووسن بۆ ئەوەی ئەو کەسەی تیرەکە دەهاوێ بناسرێتەوە. فیلیپی مەقدۆنی لەکاتی دەورەدانی شارێکدا بریندار کراو لەسەر تیرەکە ئەو رستەیە نووسرابوو: «ئاستێر ئەو گورزەی لە فیلیپ سرەواند».

ئەو کەسانەی تۆمەت دەخەنە پاڵ خەڵکانی تر ئەگەر ئەو کارەیان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا ئەنجامدا ئەوا دەبێ لەبەردەم دادوەردا قسەکانی خۆیان بکەن نەک لە پێش پاشادا، چونکە پاشا زۆر بەئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام دادوەرەکان بەئاسانی فێڵیان لێ ناکرێ، هەروەها دادوەرەکان سەبارەت بە تۆمەتچییەکان هەندێ یاسایان لەبەر دەستدایە. ئەو کەسانە ئەگەر رازی نەبن یاسا بکەن بە ناوبژبوانی نێوان خۆیان و تۆمەتبارکراوەکان ئەوا یان دەترسێن یان راست ناکەن. بچووکترین سزا بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە گوێ بە وتەکانیان نەدرێ و بڕوایان پێنەکرێ. تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا کە هێواشی رەوتی دادگا قابلی تەحەممول نییە یان کاتێک کە پاراستن و سەلامەتی پاشا لە ئارادابێ دەکرێ گوێ لەو جۆرە کەسانە بگیرێ و پێمان وابێ تۆمەت چی لەرووی ناچاری و بێ دەرەتانییەوە هاتووە لەلای پاشا شکایەت دەکات. بەڵێ «کاتێ دەبینین زۆربەی کەسەکان دوژمندارن، نابێ بڕوا بەقسەی تۆمەتچییەکان بکەین و تووشی بەدگومانی ببین». ئەگەر تاک تەنیا خاوەنی یەک دوژمنیش بێت ئەوا بەسە بۆ ئەوەی لەرووی کینەو کەللەڕەقییەوە ئەوکارە ئەنجام بدا.

## بەشی بیست و پێنجەم: شێوازی حکومەتکردن لە دەوڵەتی دەستووریدا

دەسەڵات و باڵادەستیی پاشایی بزوێنەرێکی گەورەیە، پێویستە بەئاسانی و بەبێ دەنگی لەسەر جوڵەی خۆی بەردەوام بێت. چینییەکان وەسفی گەورەیی یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی خۆیان دەکردو دەیانگوت: «وەکو ئاسمان حکومەت دەکات» واتە لە ئاسمان سەرمەشق وەردەگرێ.

لە هەندێ حاڵەتدا پێویستە دەسەڵات بەهەموو هێزیەوە رۆڵی خۆی بگێڕی، بەڵام هەندێ حاڵەتی ئەوتۆش هەیە پێویستە لە سنووری دەسەڵاتی خۆی نەچێتەدەر. بەرزترین و جوانترین پلەی بەرێوەبردن ئەو کاتەیە کە بەباشی بزانن دەبێ کام بەشە لە دەسەڵات لە چ حاڵەتێکدا بەکاربهێنن. لەناو حکومەتی دەستووریدا هەموو بەختیارییەکان سەرچاوەکەیان ئەو بڕوایەیە کە خەڵک بەهێمنی و میانڕۆیی هەیەتی. وەزیرە ناشایست و نەگونجاوەکان



بەردەوام حەزیان لێیە بەخەڵک بڵێن ئێوە کۆیلەن و جگە لە چەند رستەیەکی وەکو پاشا سەیرە، پاشا تۆقێنەرە! یان هەندێ کاری بەدەستەوەیە، هیچی تر نانووسن و ناڵێن. جۆرە کەمتەرخەمییەک لەکاتی فەرمانڕەواییدا هەیەو ئەویش ئەوەیە، لەلایەک پاشا خەڵک دڵگەرم بکاو هانیان بداو لەلایەکی تریشەوە یاساکان خەڵک بترسێنن.

## بەشی بیست و شەشەم: لە حکومەتی دەستووریدا دەبێ خەڵک دەستیان بەپاشا رابگات

ئەگەر نموونەیەک بێنمەوە، بابەتەکە ئاسانتر دەبێ. بەرێز پێری دەڵێ تزار (پێتری یەکەم) فەرمانێکی دەرکرد کە بەپێی ئەو فەرمانە قەدەغەبوو لە هیچ حاڵەتێکدا و هیچ کەس داوانامەی بۆ بنێرێ. تەنیا ئەو کەسانە دەیانتوانی داوانامە (عریضە) پێشکەش بکەن ئەگەر پێشتر لەسەر شکایەتەکەی خۆیان دووجار داوانامەی نووسراویان ئاراستەی بەرپرسە پلە بەرزەکان کردبێ و بەشێوەیەکی ناعادیلانە حوکمیان لەسەر دابێ و لە جاری سێهەمدا مافی ئەوەیان هەیە داوانامە پێشکەشی تزار بکەن. هەرکەسێک بەپێچەوانەی ئەم رێوشوێنە بجووڵێتەوەو بەبێ ئەوەی خاوەن ماف بێ، داوانامە بۆ پاشا بنێرێ سزای لە داردانی بەسەردا دەسەپێنرێ. ئەو فەرمانە بووە هۆی ئەوەی کە پاش ئەوە هیچ کەس داوانامە پێشکەشی تزار نەکات.

## بەشی بیست و حەوتەم: لەمەڕ ئەخلاقی پاشاوە

ئەخلاقی پاشا وەکو یاساکان یارمەتیدەری ئازادیە. ئەخلاقی پاشا لە توانایدا هەیە مرۆڤ بگۆڕێ بۆ ئاژەڵ و ئاژەڵ بگۆڕێ بۆ مرۆڤ. ئەگەر پاشا ئازادیخوازەکانی خۆشبوێ ئەوا خاوەنی خەڵکانی ئازادیخواز دەبێ و ئەگەر خەڵکی گەمژەو سووکیشی خۆشبوێ ئەوا خاوەنی کۆمەڵە کۆیلەیەک دەبێ و بەس. ئەگەر پاشا بیەوێ هونەری گەورەی پاشایەتی و بەرێوەبردن فێربێ ئەوا پێویستە شەرافەت و فەزیلەت لە خۆی نزیک کاتەوەو گەشە بەلێهاتوویی تاکەکەسی خۆی بدات. هەندێ جار گرنگی بە زەوق و بەهرەکان بدات و ئاورێکیان لێ بداتەوە. پاشا نابێ ترسی لەو شوێنە هەبێ کە نەیاری ئەوی لێیە، چونکە هەرکە خۆشەویستی لەگەڵدا دامەزراندن ئەوا بەتەئکید رکابەرییەکەیان لەناو دەچێ و لەگەڵ یەکتردا یەکسان دەبن. پێویستە پاشا دڵی خەڵک لە خۆی رازی بکاو نابێ خەڵکی بکاتە دیل و یەخسیری خۆی.

پاشا دەبێ خۆی بەخەڵکی بناسێنێ و لە سۆزو خۆشەویستی بچووکترین تاکی

خەڵکەکەی خۆی خۆشحاڵ بێت چونکە هەموویان مرۆڤن.

هەرچەندە خەڵک زۆر بەکەمی چاوەڕوانی لوتف و سەرنجی پاشان، بەڵام مەرجی دادپەروەری ئەوەیە کە ئاگاداریان بێت و لە لوتفی خۆی بێبەشیان نەکات. دووریی بێ سنووری نێوان پاشاو خەڵک هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانێ بەخزمەت پاشا بگات، بەڵام دەبێ پاشا لەرێگای ئەخلاقی خۆیەوە ئەو دوورییە کەم کاتەوە. پێویستە پاشا باش بزانێ کە گەل سوودو بەهرەی پێدەگا ئەگەر بێتو پاشا خۆ لە داواکاری و لاف لێدانی دەربارییەکان ببوێرێ. کەواتە هەر لەوکاتەدا کە سکاڵا و تکاکان قبووڵ دەکا دەبێ داواکاری ئێمەش پەسند بکات.

## بەشی بیست و هەشتەم: پێویستە پاشا رێزی میللەتی خۆی بگرێ

دەبێ پاشا زۆر بەتوندی خۆی لە گاڵتەجاڕی ببوێرێ، چونکە ئەو کارە ئەگەر لایەنی کات رابواردنی هەبێ و زێدەڕۆیی تێدانەکرێ و لەگەڵ رێزو ئەدەب هاوشان بێ ئەوا دەبێتە هۆکاری دڵخۆشی خەڵک و نیشانەی خۆشەویستی و یەکڕەنگی نێوان خەڵک و پاشایە. بەڵام گاڵتەی روشێنەرو ئازاردەر بۆ پاشاکان رەوا نییەو دەبێ خۆی لێ بپارێزن و تەنیا گاڵتەی روشێنەری پاشاکانە کە برینی کوشندە دەخاتە جەستەوە. نابێ بەهیچ جۆرێک پاشاکان جوێن بدەن، چونکە ئەوانیان بۆ بەخشین و تەمێ کردن خستۆتە سەرکورسی نەک بۆ جوێن و قسەی ناشیرین.

جوێنی پاشا زۆر دڵڕەقانەترە لە کردەوە و رەفتاری پاشاکانی تورکیاو تزاری مۆسکۆ، چونکە کردەوەی ملهوڕانەی سوڵتانەکان دەبێتە هۆی سەرشۆڕی، بەڵام شەرافەتی هیچ کەس ئەتک ناکەن و ئەگەر بێتو پاشا جوێن بدات ئەوا هەردوو کارەکەی لە دەست دێت واتە هەم خەڵکی تووشی سەرشۆڕی دەکاو هەم شەرافەتیشیان ئەتک دەکات.

خەڵکی ئاسیا پێیان وایە جوێنی پاشا جۆرە خۆشەویستییەکی باوکانەیە، بەڵام بەبڕوای ئەوروپییەکان قسەی ناشیرینی پاشا نەک هەر سووکایەتییەکی گەورەیە بەڵکو بەهیچ جۆرێکیش قەرەبوو ناکرێتەوەو جگە لە بێزراوی، نائومێدیشی پێوە زیاددەبێ، چونکە سومعەی ئەو کەسەی کەوتۆتە بەرسووکایەتی پاشاوە هەرگیز خاوێن نابێتەوە. پاشاکان دەبێ زۆر دڵخۆش بن بەوەی کە خەڵکەکەیان شەرافەتیان لە ژیانیان لا خۆشەویستترە، چونکە ئەو شەرافەتە بۆخۆی دەبێتە هۆی وەفاداری بەرامبەر بەپاشاو نیشانەی دلێرییە. دەتوانین ئاماژە بەهەندێ لەو بەدبەختییانە بکەین کە لە ئاکامی جوێن دان بەخەڵک بۆ پاشاکان هاتۆتەئاراوە. بۆ نموونە:



تۆڵەی کرئا؛ نرسس؛ کۆنت ژۆلینژ؛ دۆشێس دۆمۆنپانسیە، لەبەر ئەوەی هێنری سێهەم هەندێ لە کەموکوڕی و عەیبەکانی ئاشکراکردبوو، ئەو شتە دڵگرانی کردبوو و لە هەموو تەمەنی خۆیدا ژیانی لە هێنری سێهەم تاڵ کرد.

## بەشی بیست و نۆیەم: یاسا مەدەنییەکان دەتوانن کەمێک کەشی ئازادی لەنێو حکومەتی ئیستبدادیدا بکەنەوە

هەرچەندە حکومەتی ئیستبدادی بەپێی سروشتی خۆی لەهەموو شوێنێکدا وەکو یەکە، بەڵام بارودۆخ، بیروبۆچوونی ئایینی، بیری خورافاتی، سەرمەشق، شێوازی تێفکرین و دابونەریتی گەلەکان بەتەواوی لەگەڵ یەکتردا جیاوازی هەیە. زۆرکارێکی باشە هێندێ فکرو بیروبۆچوون لەنێو ئەو وڵاتانەدا بڵاوبۆتەوە. بۆ نموونە لەچین پاشا بەباوکی گەل ناودەبرێ و لەنێو عەرەبەکاندا لەسەرەتای ئیمپراتۆریدا پاشا وەکو رێنوێن سەیری دەکرا. هەروەها زۆر کارێکی بەجێیە ئەگەر کتێبێکی پیرۆز وەکو سەرچاوەی پرەنسیپ و رێساکان بەکاربهێنرێ. هەروەک قورئان لەلای عەرەبەکان و کتێبی زەردەشت لەلای ئێرانییەکان و ودا لەلای هیندییەکان(٨٦) و کتێبە کلاسیکەکان لای چینییەکان، بەکاردەهێنرێن.

کاتێک یاسای ئایینی لە جیاتی یاسا مەدەنییەکان بەکاردەبرێت، سنوورێک بۆ سەرەڕۆیی تاکەکان دادەنێ. کارێکی خراپ نییە ئەگەر هاتوو لەسەر کێشە گوماناوییەکان دادوەرەکان لەگەڵ پیاوە ئایینییەکاندا راوێژ بکەن. بۆ نموونە لە تورکیا دادوەرەکان لەگەڵ مەلاکان راوێژ دەکەن. ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا گوناهکارێک سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا باشتر وایە دادوەرێکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ و راوتێبینی حاکمەکانی شەرعیش وەربگیرێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەدەنی و رۆحانی لە رێگای سەلاحیاتی سیاسییەوە بەرەو میانڕۆیی و هێمنی پاڵ بدرێن.

## بەشی سییەم: درێژەی بابەتەکە

لە وڵاتە ئیستبدادیەکاندا وا باوە کاتێ باوک دەکەوێتە بەر رق و توڕەیی پاشاوە ئەوا ژن و منداڵ و خزم و کەسەکانیشی دەکەونە بەر ئەو توڕەییەو بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی چەوتیان ئەنجام دابێ تووشی بەدبەختی دەبن. پێویستە پاشا لەنێوان خۆی و ئەو کەسانەی لێیان توڕە دەبێ هەندێ کەس بۆ واستەو پاڕانەوە بێڵێتەوە بۆ ئەوەی تووڕەییەکەی دامرکێننەوەو بابەتەکەی بۆ روون بکەنەوەو هانی دادپەروەرییەکەی بدەن.

عادەتێکی باش لە (مالدێر) پیادە دەکرێ، هەرکاتێ یەکێک لە خانەدانەکان دەکەوێتە

بەر رق و تووڕەیی پاشـاوە، ئەوا هەمـوو رۆژێ دەچێـتـە دەربارو كـڕنۆش بۆ پاشـا دەباو خاكـەڕێیی خۆی نیـشـان دەدا بۆ ئەوەی سـەرلەنوێ بكەوێتـەوە بەر لوتف و بەزەیی پاشا. لەراسـتـیـدا ئامـادەبوونی ئەو دەبێـتـە هۆی دامـركـانی تووڕەیی پاشـا. لە هەندێ وڵاتی ئیستبدادی پێیان وایە ئەگەر سەبارەت بەكەسێک كە كەوتۆتە بەر رق و تووڕەیی لەگەڵ پاشـادا بدوێن ئەوا وەكـو ئەوەیە كـە حـورمـەتی پاشـایان شكاندبێ و بەجـۆرێک لێک دەدرێتەوە كە ئەو كەسانە ئەوپەڕی هەوڵ و كۆششی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لە فەزیلەتی بەزەیی پاشا بێبەش بكەن.

لەو یاسـایەدا كە ئەو هەمـووە لەسـەری دواین، ئاركـادیۆس و هۆنۆریۆس فـەرمـانیـان دەركردبوو ئەو كەسانەی دەوێرن داوای لێبووردن و بەخشین بۆ سەرپێچی كارەكان بكەن بەهیچ جـۆرێ نابەخـشـرێن. ئەوە یاسـایەكی زۆر خـراپە، بەڵام لەحكومـەتی ئیـسـتـبـدادیدا خراپتریشە.

لە وڵاتی ئێـران هەركـەسـێک بكەوێتـە بەر رق و تووڕەیی پاشـاو بیـەوێ وڵات بەجێ بێڵێ ئەوا مۆڵەتی چوونە دەرەوەی پێدەدرێ، ئەوە عـادەتێكی باشە هەرچەندە عـادەتێكی پێچەوانەیەو لە ئیستبدادییەتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونكە وەكو بەندەو كۆیلە سەیری خەڵكی دەكرێ و ئەو كەسانەی وڵات بەجێ دێڵن وەكو كۆیلەی راكردوو لە قەڵەم دەدرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو عادەتە لە ئێراندا بۆ ئیـسـتـبـداد زۆر باشـە، چونكە ترسـان لە راكـردن و گـۆشـەگـیـریی خـەڵک، لـە زوڵم و سـتـەمی دەسـتـدرێژیكارو حـاكـمـەكـان كـەم دەكاتەوەو بەرەو میانڕۆیی هانیان دەدا.

## پەیوەندی باج وەرگرتن
## لەگەڵ زۆری داهاتی گشتی و ئازادی گەل

### بەشی یەکەم: داهاتی دەوڵەت

داهاتی دەوڵەت بریتییە لەو بەشە داراییەی کە پێویستە هەموو کەسێک لە ماڵ و سامانی خۆی بەدەوڵەتی ببەخشێ بۆ ئەوەی سەرجەم سامان و دارییەکەی لە ئەماندا بێ یان بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشترین شێوە سوود لە پاشماوەی سامانەکەی خۆی وەرگرێ. بۆ ئەوەی ئەم داهاتە بەباشی دیاری بکرێ دەبێ هەم پێداویستییەکانی دەوڵەت وەبەرچاو بگیرێ و هەم پێداویستی تاکەکان. پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێ، نابێ لە پێناوی دابین کردنی پێداویستییە وەهمییەکانی دەوڵەتدا لە پێداویستی حەقیقی گەل کەم بکرێتەوە. پێداویستییە وەهمییەکانی دەوڵەت بریتییە لەو پێداویستییانەی کە سەرچاوەکەیان ئارەزووی زێدەڕۆیانە بۆ وەدەست هێنانی شانازیی بێهوودە و تەمای دەسەڵاتدارەکان و ڕۆحی لاوازی کاربەدەستەکان و پێشبینی نەخشە نائاساییەکانە.

ئەو کەسانەی بە ڕۆحێکی لەرزۆک و پەرێشانەوە لەژێر فەرمانی پاشادا کاروبارەکان هەڵدەسووڕێنن، هەمیشە پێیان وایە پێداویستییەکانی دەوڵەت بریتییە لە پێداویستیی ڕۆحی بچووک و پەرێشانی ئەوان.

نابێ داهاتی گشتی لەسەر بنەمای ئەو ڕادەیەی خەڵک دەتوانێ بیدات بپێورێ، بەڵکو پێویستە لەرووی ئەو ڕادەیەی دەبێ بیدات هەڵبسەنگێنرێ. ئەگەر بشیانەوێ داهاتی گشتی و ئاستی توانای دانیشتوان هەڵسەنگێنن ئەوا لانی کەم دەبێ هەڵسەنگاندنەکەیان لەسەر ئەو ڕادەیە بەئەنجام بگات کە دانیشتوان بەردەوام دەتوانن بیدەن.

### بەشی دووهەم: بەڵگەیەکی زۆر بێ جێیە ئەگەر پێمان وابێ زۆرکردنی خەراج خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە

ئەگەر سەیری هەندێ وڵاتی دەستووری بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو وڵاتانەی لە باج



دان بەخشراون وەکو وڵاتەکانی دراوسێیان کە لەژێر باری قورسی باجدا پشتیان چەماوەتەوە، بەدبەخت و بێ نەوان. هۆکاری سەرەکی ئەو بابەتە ئەوەیە: وڵاتێکی بچووک کە لەلایەن وڵاتێکی گەورەوە دەورە دراوە لە توانایدا نییە ببێتە خاوەنی پیشەسازی و کارخانەی بەرهەم هێن، هەر بۆیە لەلایەن ئەو وڵاتە گەورەیەی کە دەوری گرتووەو خاوەن پیشەسازی و کارخانەو تەکنیکی جۆراوجۆرە، هەندێ دامودەزگای بۆ دادەمەزرێنرێت، بەڵام دەبێ هەموو پێداویستییەکانی ئەو کارە بخاتە ئەستۆی خۆی؛ کەواتە هەرچەندە باجی کەمیش لە وڵاتە بچووکەکان وەربگیرێ دیسان هەر بەهەژاری دەمێننەوە.

بەڵام سەیر لەوەدایە کە هۆکاری ئەو دەوڵەتانەیان بەم جۆرە لێک داوەتەوە: بۆ ئەوەی گەلێک هونەرمەند بێ ئەوا دەبێ باجێکی قورس بدات. زۆر باشتر دەبوو ئەگەر گوتبایان نابێ بەهیچ جۆرێک باج بدات چونکە گشت مرۆڤە ڕۆژەڕەش و بێ نەواکانی دەوروبەر لەوێدا کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی کار نەکەن. لەبەر ئەوەی قورسی و سەختی کارکردن نائومێدی کردوون و هەموو ئاسایش و خۆشبەختی خۆیان لە تەمبەڵی دا دەبیننەوە. سامان و دارایی زۆر لە وڵاتێکدا هەستی پلەخوازی و پاوانخوازی لە دڵدا دروست دەکات و هەژاریش نائومێدی بڵاودەکاتەوە. یەکەمیان بەهۆی کارکردنەوە گەشەی پێدەدرێت و دووهەمیشیان بەتەمبەڵی و بێکاری ڕازی دەبێ و دڵی خۆی خۆش دەکات.

سروشت بەرامبەر بەمرۆڤ دادپەروەرەو پاداشی زەحمەتەکانیان دەداتەوە، هەر بۆیە مرۆڤ تووشی زەحمەتکێشان دەکات و بۆکاری گەورە پاداشی گەورەی داناوە. بەڵام ئەگەربێتو هێزێکی سەرەڕۆ، پاداشتەکانی سروشت لە مرۆڤ بگرێتەوە ئەوا لەکارکردن بێزاری دەکات و وەکو تاکە نیعمەتێک سەیری بێکاری دەکات.

### بەشی سێهەم: شێوازی وەرگرتنی باج لە وڵاتێکدا کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی کۆیلەی کشتوکاڵن

هەمیشە نەتەوەیەک پاش ئەوەی داگیرکرا، دەکرێ بە کۆیلەی سەرزەوی. پێویستە ئەو کۆیلەیەی خەریکی کشتوکاڵە، رەعیەتێک بێ کە لەگەڵ دەرەبەگدا شەریکە، چونکە تەنیا شەریکی و هاوبەشی لە قازانج و زیاندا دەتوانێ دەرەبەگ و رەعیەتێک لەگەڵ یەکدا بگونجێنێ، دیارە مەبەستی یەکەمیان (دەرەبەگ) سوودوەرگرتنەو مەبەستی دووەمیشیان (رەعیەت) کارکردنە.

## بەشی چوارەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو (ئەگەر بارودۆخی کۆمارێک بەم جۆرە بێت)

کاتێک حکومەتێکی کۆماری نەتەوەیەک ناچاربکا زەوی بۆ بکێڵێ و کاری بۆ بکات ئەوا نابێ دەرفەتی ئەوە بە دەرەبەگەکان بدا کە باجی سەر کۆیلەکان زیاد بکەن. لە لاسدمۆن ئەم کارە قەدەغەبوو، چونکە لەسەر ئەو بڕوایەبوون ئەگەر جوتیارەکە بزانێ ماوەی کارەکەی زۆر ناکرێ ئەوا زەوییەکەی باشتر رەنێو دەهێنێ و ئەگەر دەرەبەگەکەش چاوەڕوانی بەرهەم و بەروبوومی زیاتری نەکردبا ئەوا وەکو مرۆڤێکی باش سەیری دەکراو بەتاکێکی راستەقینەی گەل لە قەڵەم دەدرا.

## بەشی پێنجەم: ئەم بارودۆخە لە حکومەتی دەستووریدا

ئەگەر لە حکومەتی دەستووریدا ئەرستۆکراتەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان خەڵکیان ناچارکرد خەریکی کشتوکاڵ بن ئەوا دیسان نابێ باج زیاد بکەن، هەروەها سەرەڕای ئەمە زۆر باشترە ئەگەر بێتو پاشاکان بەزەوی و زاری خۆیان و خزمەتی سەربازی رەعیەتەکانیان رازی بن و زێدەڕۆیی دیکە نەکەن. بەڵام ئەگەر بیانەوێ بەجیا باج لە کۆیلەی خانەدانەکان وەرگرن ئەوا دەبێ دەرەبەگەکان زەمانەتی ئەو باجە بکەن و لە جیاتی رەعیەتەکانی خۆیان باج بدەن بەپاشاو دواتر لەوانی بسێننەوە. بەڵام ئەگەر پەیڕەوی لەو رێسایە نەکرێ و هەندێ کەس بەناوی پاشا راستەوخۆ باج لە رەعیەتەکان وەرگرن و دەرەبەگەکانیش بەجیا لێیان وەرگرن ئەوا گوشاری هەردووکیان دەبێتە هۆی پێکهێنانی زوڵم و چەوسانەوەیەکی زۆر بۆ سەر رەعیەت و کۆیلەکان و یەک لە دوای یەک ئەوەندە باجیان لێوەردەگرن تاکو وا لە رەعیەتەکان دەکەن لە بەدبەختییان بمرن یان بەرەو دارستانەکان رابکەن.

## بەشی شەشەم: ئەم بارودۆخە لە حکومەتی ئیستبدادیدا

ئەوەی لە بەشەکانی پێشوودا لەسەر باج دان باسی لێوەکرا ئەوا لە حکومەتی ئیستبدادیدا زۆر پێویستترە، چونکە لەو جۆرە حکومەتانەدا لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە زەوی و زار و رەعیەتەکان لە چنگی دەرەبەگەکان دەربهێنرێت، هەر بۆیە زۆر گرنگی بەپاراستنیان نادەن و لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەبێ رێ لە زۆرکردنی باج بگیرێ. پێتری مەزن چونکە دەیویست لاسایی شێوازی ئەڵمانیا بکاتەوەو باج بەشێوەی دراو وەرگرێ،



پەیڕەونامەیەکی عادیلانەی رێکخست کە تائێستاش ئەو رێسایە لە روسیادا بەکاردەهێنرێ و جێبەجێ دەکرێ. خانەدانەکان باجیان لە خەڵکی گوندەکان وەردەگرت و بۆ تزاریان دەنارد، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا ئەگەر هاتباو ژمارەی جوتیارانی گوند کەمیشی کردبا ئەوا دەرەبەگەکە باجی بۆ تزار هەر دەنارد، بەڵام ئەگەر ژمارەی جوتیارەکان زیادی کردبا ئەوا دەرەبەگەکە باجی زیادەی بۆ تزار نەدەنارد و هەر بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی خۆی دەستدرێژی و زوڵمی لە جوتیارەکان نەدەکرد.

## بەشی حەوتەم: شێوازی باج وەرگرتن لەو وڵاتانەی کە رەعیەتی کۆیلەی تێدانییە

کاتێ لە وڵاتێکدا هەموو خەڵکی وەکو هاووڵاتی و تاکی ناو کۆمەڵگا سەیریان بکرێ ئەوا هەرکەس لەسەر زەوی و زاری خۆی دەرەبەگێکە و هەموو کەس لە مڵکی خۆی خاوەنی ئەو سەڵاحیات و دەسەڵاتەیە کە پاشا بەسەر هەموو وڵاتدا هەیەتی. لێرەدا دەگونجێ (تاکەکەس، زەوی، شتومەک) یان دوو دانەیان یان هەرسێکیان پێکەوە باجیان لێ وەربگیرێ.

ئەگەر لەکاتی وەرگرتنی باجی سەرانەدا باج بەپێی دارایی دیاری بکرێ ئەوا کارێکی زۆر ناعادیلانەیە چونکە هەموو کەسێک خاوەن پێداویستییەکی سروشتییە کە نابێ بەهیچ جۆرێ باج لەو پێداویستییە وەربگیرێ، بەڵام هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی پێداویستی سروشتی دان و تەنیا بۆ سوود لێ وەرگرتن بەکاردەبرێن باجیان دەکەوێتە سەر. هەروەها پێویستە بەکەمی باج لە داهاتی سافی وەربگیرێ چونکە قورسی و گەورەیی باج و زیادکردنی بەسەر داهاتی سافیدا دەبێتە رێگرێک لەبەردەم گەشەکردنی داهات.

لە ئەسینادا خەڵکیان بەسەر چوار دەستەدا دابەش کردبوو: ئەو کەسانەی لە کێڵگەکانیان پێنج سەد عەربە میوەی نوێ یان وشک کراویان کۆکردباوە، یەک تالان باجیان دەدا، ئەوانەی سێ سەد عەربەیان کۆکردباوە نیو تالانیان باج لێوەردەگرتن، ئەو کەسانەی دووسەد عەربەیان بەروبووم کۆکردباوە دە مین (یەک لەسەر شەشی تالانێک)یان باج دەدا و چینی چوارەم، واتە ئەو کەسانەی لە دوو سەد عەربە کەمتر بەروبوومیان کۆدەکردەوە باجیان نەدەدا. ئەو باجە هەرچەندە رێژەیی بوو و بەپێی رێژەی دارایی دیاری نەدەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکاندا دەگونجا، زۆر عادیلانەبوو.

بۆ وەرگرتنی باجی زەوی و زار هەندێ خشتەی تایبەت دروست دەکەن و مڵکدارو

چینە جۆراوجۆرەکانی تێدا دیاری دەکەن، بەڵام ناسین و دیاریکردنی جیاوازی نێوان سامان و دارایی کارێکی زۆر گرانەو دۆزینەوەی هەندێ کەسیش بۆ دیاریکردنی ئەو جیاوازییە بەشێوەیەکی عادیلانە کارێکی گرانترە. کەواتە ڕەنگە لەو نێوەدا دووجۆرە ناعەدالەتی سەرهەڵبدا: یەکەمیان بابەتی دیاریکردنی جیاوازی نێوان دارایی و زەوی و زارەکان، دووەمیان ناعەدالەتی بەرپرسان (ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەئەنجامدانی ئەم کارە)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر باجەکان زۆر نەبن و پێداویستییەکانی خەڵک بەباشی دابین بکەن ئەو ناعەدالەتییە تایبەتیە هێندە گرنگ نابێ، بەڵام هەرکاتێک ئەگەر ژیانێکی نەمرنەژیش بۆ خەڵک نەهێڵنەوە ئەوا بچووکترین نایەکسانی و تێکچوونی هاوسەنگی گەورەترین زەرەروزیانی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ژمارەیەک لە دانیشتوانی وڵات بەڕادەی پێویست باج نەدەن، زۆر گرنگ نییە، چونکە هەرچییەک بێ لە کۆتاییدا سامان و داراییەکەیان بەسوودی گشت خەڵکە، بەڵام ئەگەر چەند کەسێک لە ڕادەی پێویست زیاتر باج بدەن ئەوا ڕۆژڕەشی و بەدبەختییەکەی بەزیانی هەموو خەڵک تەواو دەبێ. هەرکاتێ دەوڵەت سامانی خۆی لەگەڵ سامانی دانیشتواندا هاوسەنگ بکا ئەوا سامانی خەڵک زۆر بەزوویی سامانی دەوڵەت بەرەو زۆربوون دەبا. هەموو شتێک پەیوەندی بەواقیعەوە هەیە. ئایا دەوڵەت خەڵکی خۆی تووشی هەژاری دەکا بۆ ئەوەی بۆ خۆی دەوڵەمەند بێ؟ یان ڕادەوەستێ تاکو دەست و پێی خەڵکی بکرێتەوەو دەوڵەمەندی بکەن؟ ڕێگای یەکەم بەسوودترە یان ڕێگای دووەم؟ لەگەڵ سامان دەست بەکار بکەن باشترە یان لە کۆتاییدا دەوڵەمەندبن؟

باجی سەر کالای بازرگانی جۆرە باجێکە کە خەڵک بەکەمی هەست بەقورساییەکەی دەکات چونکە ڕاستەوخۆ لە خەڵک وەرناگیرێ. دەتوانین بەشێوەیەکی ژیرانە ڕێوشوێن بۆ ئەو جۆرە باجە دیاری بکەین. بەجۆرێکی ئەوتۆ کە خەڵک نەزانێ و هەست بەوە نەکا کە شتێک دەدات. دەبێ لەم بەشەدا فرۆشیارەکان باج بدەن، ئەوان باش دەزانن کە بۆ خۆیان باج نادەن بەڵکو باجەکە لەلایەن کڕیارەوە دەدرێ چونکە جێبەجێکاری ڕاستەقینەو ئەو ڕێوشوێنە لەکاتی وەرگرتنی باجدا زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی کڕیار کە بەکاربەری ڕاستەقینەیە، باج و نرخی شتومەکەکە بەهەڵە لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکات. هەندێ لە نووسەرەکان دەڵێن «نێرۆن» ئەو باجەی لابرد کە بڕەکەی یەک لەسەر بیست و پێنج بوو و لە کاتی فرۆشتنی دەخرایە سەر کۆیلەکان، بەڵام لەڕاستیدا فەرمانی دابوو دەبێ کڕیار لە جیاتی فرۆشیار ئەو باجە بدات. ئەو یاسایە پارێزگاری لەهەموو باجەکان دەکرد، بەڵام بەرواڵەت وا دەهاتە بەرچاو کە باجی لابردووە.



دوو وڵات لە ئەورووپادا باجێکی قورسیان خستۆتە سەر خواردنەوە، لە یەکێکیاندا دروستکەری خواردنەوەکە باج دەداو لە ئەویتریاندا هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو خواردنەوەیە بەکاردەبەن باجیان دەکەوێتە سەر. لە وڵاتی یەکەمدا هیچ کەس هەست بەقورسی باج ناکات، بەڵام لە دووەمیاندا بە باجێکی زیانبەخشی دەزانن. لە یەکەمیندا خەڵک هەست بە ئازادی نەدانی باج دەکا، بەڵام لە دووەمیاندا جگە لەو زەرورەتی کە هەموو کەس ناچار بە باجدان دەکا، خەڵک هەست بەهیچ ناکات.

هەروەها جگە لە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەی خەڵک ئەو باجە بدەن دەبێ هەمیشە لەنێو ماڵی خەڵکدا بگەڕێن و هیچ شتێکیش بەڕادەی ئەم کردەوەیە دژی ئازادی نییە. ئەو کەسانەی ئەم جۆرە باجە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن، نەیانتوانیوە، بەشێوەیەکی عاقڵانە کۆمەڵگا لە خۆیان ڕازی بکەن.

## بەشی هەشتەم: چۆن ئەو هەڵەیە دەپارێزن
## (جیاوازی نێوان باج و نرخی شتومەک)

بۆ ئەوەی نرخی شتومەک و باج لە هزری ئەو کەسەی کە باجەکە دەدا یەکالابێتەوە، پێویستە ڕادەو هاوسەنگییەک لە نێوان شتومەک و باجدا بکرێ. هەروەها پێویستە باجێکی زۆر نەخەنە سەر کالایەکی خۆراکی کەم نرخ.

هەندێ وڵاتی ئەوتۆ هەیە کە تیایدا باج حەڤدە یان هەژدە بەرابەری نرخی شتومەکەکەیە. لەم حاڵەتەدا پاشا تەنانەت ئەو خۆشخەیاڵییەش لە خەڵکەکەی خۆی داگیر دەکاو خەڵک بۆیان دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەنابرێن و پێیان وایە لەوپەڕی بەندەیی و کۆیلەییدا ژیان بەسەر دەبەن. سەرەڕای هەموو ئەوانە بۆ ئەوەی پاشا بتوانێ ئەو باجەی کە بەم جۆرە لەگەڵ شتومەکەکاندا ناهاوسەنگە، لە خەڵک وەرگرێ، پێویستە کالا بازرگانییەکان (مال التجارة)ی خۆی بفرۆشێ و خەڵک نەتوانێ لە شوێنێکی ترەوە شت بکڕێ. ئەم کارەش هەزار کەموکوڕی هەیە.

لەبەر ئەوەی لەم بارودۆخەدا کاری قاچاغ قازانجی زۆرەو سزاکەشی زۆر گرنگ نییەو تەنیا لەوانەیە دەست بەسەر شتومەکە قاچاغەکەدا بگیرێ، هەر بۆیە قاچاغچییەتی پەرەدەستێنێ. دەوڵەت توانای ئەوەی نییە پێشی ئەو کارە بگرێ بەتایبەتی چونکە کالای بازرگانی نرخەکەی یەکجار کەمە، کەواتە بۆ ڕێگرتن لە قاچاغچییەتی دەبێ پەنا ببرێتە بەر سزای سەیرو سەمەرە کە هەندێ جار سزای گەورەترین تاوانی بۆ دیاری دەکرێ و لێرەدایە کە هاوسەنگی نێوان سزاو تاوان تێکدەچێ. ئەو کەسانەی بەهیچ جۆرێ

شەڕخوازو ئاژاوەچی نین وەکو مرۆڤی خراپەکار سزا دەدرێن. ئاشکرایە ئەوکارە لەگەڵ ڕۆحی حکومەتی میانڕۆیانەدا دژایەتییەکی تەواوی هەیە.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، هەرچەندە خەڵک ڕێگای بدرێ بەهۆی مامەڵە کردنەوە کاری تەزویر بکا ئەوا هەندێ کەس دەوڵەمەندو هەندێکی تر تووشی هەژاری دەکرێ، ئەوکات بۆ ڕێگرتن لە کاری تەزویر دەبێ هەندێ ئامرازی نائاسایی بدرێتە دەست مامەڵەچییەکان و بەم شێوەیەش هەموو شتێک بەرەو لەناوچوون دەچێ.

### بەشی نۆیەم: جۆرە باجێکی خراپ

مەبەستم لەو باجەیە کە لە هەندێ وڵاتدا بەپێی هەندێ پەیماننامەی مەدەنی دەبەسترێ. لەم جۆرە باجەدا کەسەکە خۆی بەجێبەجێکاری پەیڕەو و پەیماننامە دەوڵەتییەکان دەزانێ و بەرامبەر دەسەڵاتێکی ڕەهای بەسەر سامان و دارایی خەڵک دا هەیە. بۆ بەرگریکردن لە زوڵم و چەوساندنەوەی ئەم جۆرە کەسانە پێویستیمان بەزانیارییەکی زۆر هەیەو ئەو کارەش دەبێ لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەنجام بدرێ و بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە مایەی زەحمەت و ماندووبوون بۆ خەڵک. ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە هەمیشە باجێکی ئاشکراو دیاریکراو لەو باجە باشترە کە بەگوێرەی پەیماننامەو پلەی جیاجیاوە ڕێکخرابێ.

### بەشی دەیەم: باجی زۆر پەیوەندی بەسروشتی حکومەتەوە هەیە

دەبێ باجی وڵاتە ئیستبدادییەکان زۆر سووک بێ چونکە ئەگەر وانەبێت، هیچ کەسێک زەحمەتی زەوی کێڵان و چاندن نادات بەر خۆی و لە وڵاتێکیشدا کە لە جیاتی ئەوەی حکومەت بڕێکی دیاریکراو شت لە ڕەعیەتی خۆی وەرگرێ، هەموو شتێک داگیر بکات و هیچ بۆ ڕەعیەتەکانی خۆی ناهێڵێتەوە، خەڵک چۆن دەتوانێ باجی قورس و زۆر بدات! بەهۆی دەسەڵاتی سەرسوڕهێنەری پاشاو لاوازیی سەیروسەمەرەی خەڵکەوە لە نێو حکومەتی ئیستبدادیدا، نابێ هیچ چەشنە لێڵی و تەمومژێک لەسەر هیچ شتێک هەبێ. پێویستە باج بەڕادەیەک ئاسان وەربگیرێ و بەجۆرێکی ئەوەندە ئاشکرا ڕێکخرابێ کە کاربەدەستە باج وەرگرەکان نەتوانن زیادو کەمی تێبخەن. باجێکی سەرانە، باجی فلانە شت و بەگشتی بۆ هەموو شتومەکەکان باجێکی دیاریکراو دابنرێت.

لە حکومەتی ئیستبدادیدا کارێکی باش و گونجاوە ئەگەر بازرگانەکان خاوەنی دەسەڵات و ڕێزی تایبەتی بن و ڕێز لە خووعادەتەکانیان بگیرێ، چونکە ئەگەر وانەبن



ئەوا لەکاتی وتووێژ لەگەڵ خاوەن پلەوپایەو دەربارییەکانی پاشادا زۆر بێهێزو لاواز دەردەکەون.

### بەشی یازدەهەم: سزای سەر باجەکان

ئەو سزایەی لەسەر باج دانراوە، بابەتێکی تایبەتییە کە لە ئەورووپادا زۆر سەختتر لە ئاسیا پیادە دەکرێ. لە ئەورووپا جگە لەوەی دەست بەسەر شتومەکەکەدا دەگرن، هەندێ جار دەست بەسەر هۆیەکانی گواستنەوەو تەنانەت کەشتییەکانیش دا دەگرن. لە ئاسیا نە ئەم کارە دەکەن و نەئەویدیکە. هۆکاری سەرەکی ئەو بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە ئەورووپا دادوەرەکانی ڕێ لە پێشێلکاری و سنووربەزاندنەکانی بازرگانەکان دەگرن. بەڵام ڕەنگە لە ئاسیادا دادوەرە ئیستبدادییەکان بۆخۆیان سنوور ببەزێنن، چونکە بازرگانێک لەبەرامبەر پاشایەکدا کە فەرمانی داگیرکردنی شتومەکەکەی دەرکردووە چی لە دەست دێت؟ ئەوە خودی دەستدرێژییەکە توندی و سەختییەکەی بەسەرخۆیدا زاڵ بووەو دەرەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە، واتە خۆی ناچاردەکا بەرەو جۆرە میانڕۆییەک هەنگاوبنێ.

لە تورکیادا تەنیا یەک جار گومرگی هاتنەژوور وەردەگرن و پاش ئەوە ئیدی دەروازەی وڵات بەرووی بازرگاندا ئاواڵەیە. بەهۆی درۆکردن نەدەست بەسەر شتومەکەکاندا دەگیرێ نە باجەکەی سەری زیاد دەکرێ.

لە چین سندوقی داخراوی ئەو کەسانەی بازرگان نین دەستی لێنادرێ و ناکرێتەوە. لەلای مەغۆلەکان سزای تەزویرکاری دەست گرتن نییە بەسەر شتومەک و کالاکاندا بەڵکو گومرگەکەی دوو بەرامبەر دەکەن. شازادەی تەتەرەکان کە لە شارەکانی ئاسیادا نیشتەجێن، هیچ شتێک لەو بازرگانانە وەرناگرن کە بەلای ئەواندا تێپەڕ دەبن. لە ژاپۆن تەزویرکاری لە بازرگانیدا وەکو تاوانێکی گەورە سەیری دەکرێ و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەیانەوێ هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ بێگانەکان قەدەغە بکەن. هەر بۆیە تەزویرکاری لە بازرگانیدا وەکو پێشێلکردنی یاسای ئاسایشی وڵات وایە نەک وەکو پێشێل کردنی یاساکانی بازرگانی.

### بەشی دوازدەهەم: پەیوەندی بەتینی نێوان باج و ئازادی

ڕێسای گشتی: بەپێی ئازادی خەڵک دەکرێ باجیش زیاتر وەربگیرێ و بەڕێژەی زۆربوونی کۆیلەکانیش، دەسەڵاتدارەکان ناچارن باجەکان سووکتر بکەن. ئەو ڕێسایە

هەمیشە وابووەو هەرواش دەبێ و لەبەر ئەوەی لەسروشتەوە سەرچاوەی گرتووە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت. ئەم ڕێسایە لەگشت وڵاتەکاندا هەیە. چەندە ئازادی زیاتر بێ باجیش زۆرترەو چەندەش ئازادی کەم بێ ئەوا بەو رادەیەش باج کەم دەبێ. ئەو رێسا گشتییە لە ئینگلتەراو هۆڵەنداش دەبینرێ و لە وڵاتەکانی تریشدا هێدی هێدی ئازادی بەرەو کەمی دەڕواو باجیش کەم دەبێتەوە تا دەگاتە تورکیا. وەک دیارە وڵاتی سویسرا لە چوارچێوەی ئەو رێسایە دەچێتەدەر، چونکە لەوێدا هیچ کەس باج نادات و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوێ چیاکان زۆر بێ بەرهەمن و خواردەمەنی یەکجار زۆرگرانە و رێژەی دانیشتوانی وڵاتیش گەلێک زۆرە. لەوێ ئەوەی سویسریەک دەیدا بەسروشت چوار بەرامبەری ئەو شتەیە کە تورکێک پێشکەشی پاشای دەکا. ئەوە رێسای گشتی دەسەلمێنێ.

گەلی فەرمانڕەوا، وەکو ئەسینی و رۆمانەکان دەتوانێ خۆ لە دانی هەموو جۆرە باجێک ببوێرێ، چونکە ئەوان خۆیان بەسەر گەلی تردا فەرمانڕەوایی دەکەن و هەر بۆیە باج بەئازادی خۆیان نادەن و لەوحاڵەتەدا گەل بۆ خۆی وەکو پاشایەک رەفتار دەکات، بەڵام بەردەوام رێسا گشتییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەنێو دەوڵەتە میانڕۆکاندا هەمیشە قورسی باجەکان بەئازادی قەرەبوو دەکەنەوەو لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا هاوکێشەیەک جێگای ئازادی دەگرێتەوەو ئەویش کەمیی باجە.

لە هەندێ وڵاتی دەستووریی ئەورووپادا، هەندێ ویلایەتی ئەوتۆ دەبینرێن کە بەهۆی سروشتی حکومەتە ناوخۆییەکانیان بارودۆخیان لە ویلایەتەکانی تر باشترە. خەڵک پێیان وایە باجێکی کەمیان لێدەسێنرێت، بەڵام لە حاڵێکدا وانییە، بەڵکو بەهۆی باشیی بەڕێوەبردنی حکومەت، خەڵک دەتوانن باجێکی زۆرتر بدەن بەبێ ئەوەی هەست بەقورساییەکەی بکەن.

دەوڵەتیش پێیوایە باجی کەم وەردەگرێ هەر بۆیە هەوڵ دەدا حکومەتە ناوخۆییەکە بگۆڕێ، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و چاکتر وایە واز لە حکومەتە ناوخۆییەکە بێنێ بۆ ئەوەی ویلایەتەکانی تریش پەیڕەوی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو بکەن.

## بەشی سێزدەهەم: لەنێو چ جۆرە حکومەتێکدا باجەکان زیاد دەکرێن

دەکرێ لەنێو زۆربەی حکومەتە کۆمارییەکاندا باج زیاد بکرێ چونکە خەڵک ئەوە دەزانن کە پارەکە لە خۆیان خەرج دەکرێتەوە. هەروەها بارودۆخی حکومەت بە جۆرێکە کە خەڵکەکەی توانای دانی باجی زیاتریان هەیە. لە حکومەتی دەستووریشدا دەکرێ باجەکان



زیادبکرێن چونکە میانڕۆیی حکومەت سەرچاوەیەکی باشە بۆ کەڵەکەبوونی سامان و دارایی. بەڵام بەهیچ جۆرێک ناکرێ لە حکومەتی ئیستبدادیدا باجەکان زیادبکرێن، چونکە دوایین پلەی کۆیلەیەتی هیچی پێوە زیاد ناکرێ!

## بەشی چواردەهەم: جۆری باجەکان پەیوەندییان بەحکومەتەکانەوە هەیە

باجی سەرانە بۆ ئەو وڵاتانەی بنچینەی کۆیلایەتییان تێدا باوە شتێکی ئاساییە، بەڵام باجی سەر شتومەک زیاتر لە رۆحی ئازادی نزیکترە، چونکە باجی سەر شتومەکەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەردەگیرێ و گیروگرفت بۆ تاکەکان نانێتەوە.

سروشتی حکومەتی ئیستبدادی وادەخوازێ پاشا بەهیچ جۆرێک پارە نەدا بەلەشکرو دەربارییەکانی خۆی، بەڵام لە جیاتی ئەوە زەوی و زاریان بەسەردا دابەش بکات و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی باجی کەم وەرگرێت. بەڵام ئەگەر بێتو پاشا دەرماڵەیان بداتێ ئەوا سروشتیترین باج، باجی سەرانەیەو پێویستە ئەم جۆرە باجە زۆر کەم بێ. لەبەر ئەوەی بەپێی زوڵم و ستەمی حکومەت و ئەو دەستدرێژییانەی لەو رژێمەوە سەرچاوە دەگرێ، ناتوانین لە حکومەتی ئیستبدادیدا خەڵک بەسەر چین و توێژی جۆراوجۆر دابەش بکەین، کەواتە هەر دەبێ باجی سەرانە بەگوێرەی داهاتی هەژارترین تاکی ناو کۆمەڵگاوە دیاری بکرێ.

سروشتیترین باج بۆ حکومەتی میانڕۆ باجی سەر کاڵای بازرگانییە، هەرچەندە لەراستیدا ئەو باجە لەلایەن کڕیارەوە دەدرێت، بەڵام ئەو کەسەی دەیخاتە خەزێنەی دەوڵەتەوە بازرگانەکەیە. هەروەها لە راستیدا ئەوە هاوکارییەکە کە بازرگان پێشکەشی بەرکاربەری کردووە. کەواتە دەبێ بازرگان وەکو قەرزداری گشتی دەوڵەت و خاوەن قەرزی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم بدەین، چونکە ئەو باجەی کڕیار رۆژانەو هێدی هێدی دەیداتەوە بە بازرگانەکە ئەو پێشتر هەمووی پێکەوە داوە بە دەوڵەت. کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە چەندە حکومەتەکە میانڕۆتر بێ و چەندە رۆحی ئازادی تێیدا فەرمانڕەوابێ و هەتاکو زیاتر سامان و دارایی خەڵک لە ئەماندا بێ ئەوا بەو رادەیە بۆ بازرگان کارێکی ئاسانترە کە گومرگ و باجی سەرشانی راستەوخۆ و یەکجار بدا بە دەوڵەت و لە شێوەی قەرزیشدا بیخاتە خزمەتی خەڵکەوە.

لە ئینگلتەرادا بازرگانێک بۆ هەر هومە شەرابێک پەنجا یان شەست لیرە گومرگ بەدەوڵەت دەداو لەراستیدا ئەو پارەیەی بەقەرز دراوە بە بەکاربەر. کام بازرگانی وڵاتە

ئیستبدادییەکان، ئەو وڵاتانەی وەکو تورکیا بەڕێوەدەبرێن، دەتوانێ کارێکی لەم جۆرە بکات؟ گریمان دەوێرێ کارێکی ئاواش ئەنجام بدا، چۆن دەتوانێ ئەم کارە بەو سامانە گوماناوییە ئەنجام بدا؟

**بەشی پازدەهەم: خراپ بەکارهێنانی ئازادی**

دەسکەوتە مەزن و لایەنە جوانەکانی ئازادی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئازادی خراپ بەکاربهێنرێ. لەبەر ئەوەی حکومەتە میانڕۆکان دەرەنجامی باشیان لێکەوتۆتەوە، ئەو میانڕۆیی و ئارامییەیان ئاوەژووکردۆتەوە. بەڵێ بەهرەو سوودێکی زۆریان لە ئازادی وەرگرتووە، بەڵام مخابن ڕێگای زێدەڕۆییان گرتۆتەبەر. ویستوویانە بەباشترین شێوە کەڵک لە ئازادی وەرگرن، بەڵام لە ئاکامدا دەستی دلۆڤانیی ئازادییان وەلا ناوە کە هەڵگری ئەو دیارییە گرانبەهایە بووەو بەرەو کۆیلەیەتی شۆڕبوونەتەوە، بێ خەبەر لەوەی کۆیلە هیچی نییە تا بیداتێ، لەکاتێکدا ئازادی هەموو شتێکیان بەخۆڕایی پێ دەبەخشێ. ئازادی بۆتە هۆی ئەوەی زێدەڕۆیی لە وەرگرتنی باجدا بکرێ، بەڵام بێ خەبەر لەوەی ئاکامی ئەو هەموو باجە زۆروزەوەندە کۆیلایەتییەو دەرەنجامی سەرەکی کۆیلایەتیش نەمانی باجە.

بەپێی فەرمانی پاشاکانی ئاسیا هەر ساڵەو ویلایەتێک لە دانی باج دەبەخشرێ، ئەم فەرمانە وەکو جۆرە نیعمەتێک لەلایەن خەڵکەوە سەیری دەکرێ. بەڵام لە ئەورووپا بەپێچەوانەیەو فەرمانەکانی پاشا هەمیشە دەبێتە هۆی رق و تووڕەیی خەڵک چونکە لەم فەرمانانەدا بەردەوام باسی پێداویستییەکانی پاشا دەکرێ نەک هی خەڵک واتە بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی دەربارو دابینکردنی پێداویستی بۆی، باج زیاد دەکرێ نەک لە پێناوی گەل و کۆمەڵگادا.

وەزیرەکانی حکومەتی ئیستبدادی کە هیچ کات گوێ نادەن بەبارودۆخی وڵات و ژیانی میللەت کاریگەری لەسەریان نییە، تەنیا قازانجێکیان بۆ خەڵک هەیەو ئەویش ئەوەیە کە باجی نوێ و یەک لە دوای یەک بەسەر خەڵکدا ناسەپێنن. چونکە لەم جۆرە دەوڵەتەدا هیچ کات خەرجییەکانی دەوڵەت روو لە زیادبوون ناکاو نەخشەو پیلانی نوێ ناخرێتەڕوو و ئەگەر بەرێکەوتیش هەندێ نەخشە دابڕێژن ئەوا زۆر زوو کۆتاییەکەی دەبینرێ؛ نەک ئەو نەخشەو پیلانانەی کە لەمێژە دەستی پێکراوەو هەرگیز کۆتایی نایەت. ئەو کەسانەی بەسەر وڵاتدا حکومەت دەکەن نایانەوێ خەڵکی تووشی دەردەسەری بکەن چونکە نایانەوێ دەردەسەری بۆ خۆیان بێننەکایەوە. بەڵام بۆ ئێمە (مەبەست گەلی فەرەنسایە)



مەحاڵە هەرگیز ڕێسایەکمان هەبێ لەکاروباری داراییدا، چونکە ئێمە هەمیشە چاومان لێیە کە کار دەکەین، بەڵام هەرگیز نازانین چ دەکەین. لەلای ئێمە بەکەسێک ناڵێن وەزیری مەزن کە داهاتی گشتی بەشێوەیەکی عاقڵانە دابەش بکا بەڵکو بەکەسێ دەوترێ کە زیرەک بێ و بەهۆی فرت و فێڵەوە ڕێگاچارەی گونجاو پەیدا بکات.

**بەشی شازدەهەم: فتوحاتی موسڵمانەکان**

بوونی ئەو باجە زۆرو زەوەندە ئاسانکارییەکی سەیری خستەبەر دەستی موسڵمانەکان لەکاتی فتوحاتەکانیاندا، چونکە نەتەوە داگیرکراوەکان سەیریان دەکرد لە جیاتی کۆمەڵێ دەستدرێژی کە لە ئاکامی ملهوڕیی ئیمپراتۆرەکانەوە بەسەریاندا دەسەپا، ئێستا بەهۆی دانی باجێکی سادە کە بەئاسانی دەدرێ و بەئاسانیش وەردەگیرێ دەتوانن لە ژیانێکی باشتردا بژین. هەر بۆیە فتوحاتی موسڵمانەکان بەبێ گیروگرفت بەرەوپێشەوە دەچوو و نەتەوەکان هەستیان دەکرد بەختیارترن و حەزیان دەکرد ملکەچی میللەتێکی بیابانشین بن نەک حکومەتێکی فاسد کە لەنێویدا لەدەست کەموکوڕی و ترس و تۆقاندن و کۆیلەیەتی و نەبوونی ئازادی وەزاڵە هاتبوون.

لەمەڕ وەرگرتنی باجی زۆرو بێهودە سەیری ئەو زێدەڕۆییە شێتانەیە بکەن لەمێژوودا:
ئاناستاز باجی خستبووە سەر هەڵمژینی هەوا!!

**بەشی حەڤدەهەم: زیادکردنی لەشکر**

نەخۆشییەکی تازە لە ئەورووپادا بڵاوبۆتەوە و ئەویش دەردی پاشاکانە کە ئێمەشی تووش کردووە. ئێستا پاشاکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر هێز لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە ئەو نەخۆشییەش پەرەدەستێنێ و حەتمەن خەڵکیش دەیگرێتەوە. چونکە هەرکە پاشایەک ژمارەی لەشکری خۆی زیادکرد ئەوا خەڵکانی تریش بیانەوێ و نەیانەوێ ژمارەی سوپای خۆیان زیاد دەکەن و لە ئاکامیشدا جگە لە ماڵوێرانیی گشتی هیچ شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە. پێویستە هەموو پاشایەک ئەوەندە هێزی چەکداری هەبێ کە بەراستی لەکاتی هێرشی دوژمنی بیانیدا پێویستی پێیان هەبێ. چەندە سەیرە! ئەو جموجۆڵ و تێکۆشانە گشتییەیان ناوناوە ئاشتی!! کە هەموویان دژی هەموویان خەریکن!! ئاشکرایە ئێستا ئەورووپا بەڕادەیەک وێران بووە کە ئەگەر تاکەکان تووشی ئەو بارودۆخە بێن ئەوا لە برسان دەمرن.

ئێمە سەرەڕای ئەوەی سامان و بازرگانی تەواوی دونیامان لەژێر دەست دایە دیسان هەر هەژارین و بەهۆی زۆریی ژمارەی سەربازەکانەوە لە ماوەیەکی کەمدا جگە لەسەرباز هیچی ترمان نابێ و وەکو تەتەرەکانمان لێدێ. پاشاکان هەر بەوەندە واز ناهێنن کە لەشکری شازادە بچووکەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان لە دەوروبەر هاوپەیمان بۆ خۆیان دروست بکەن. لە ئاکامیشدا خەرجییەکانیان زیاد دەکات و دەرەنجامی ئەو بارودۆخەش زیادکردنی بەردەوامی باجەکانە و هیچ چارەیەکیشیان نییە، چونکە بۆ خەرجیی پێداویستییەکانیان هیچ جۆرە داهاتێکیان نییەو ناچارن بەهۆی دانانی باجی نوێ پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن و لە راستیدا لە سامانی نەتەوەیی پارە خەرج دەکەن و جەنگی پێ هەڵدەگیرسێنن. هەندێ وڵاتی ئەوتۆ هەن کە لەکاتی ئاشتیدا دارایی و شتومەکەکانی خۆیان دەخەنە رەهنەوەو بۆ وێرانکردنی خۆیان پەنا دەبەنە بەر هەندێ وەسیلە کە ناویان دەنێن حاڵەتی نائاسایی. ئەوە کارێکی یەکجار زۆر سەیرە! چونکە ناتوانین تەسەوری ئەم جۆرە دەست بڵاوی و بەرەڵڵاییە بکەین و تەنانەت دەست بڵاوترین گەنج کە لەلای باوکی خۆشەویستە و بەپارەی ئەو خەریکی رابواردنە ناتوانێ تەسەوری ئەو خەرجییانە بکات!؟

## بەشی هەژدەهەم: لەمەڕ بەخشینی باج

پێویستە وڵاتە دەستوورییەکان پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی ئیمپراتۆرە گەورەکانی رۆژهەڵات بکەن. لە رۆژهەڵاتدا ئەو ویلایەتانەی تووشی زەحمەت و وێرانی هاتوون باجیان لێ ناسێنرێ و دەبەخشرێن، بەڵام نابێ هەڵە بکەین، چونکە پاشا لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا زوڵم و ستەمی خۆی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو وڵاتدا دادەسەپێنێ. هەرچەندە بەرواڵەت وادیارە کە هەندێ ویلایەت لە باجدان عەفوکراون، بەڵام ئەم جۆرە لێبووردنە هیچ سوودێک بەگەل ناگەیەنێ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو یەک زیانیان پێدەگا. چونکە ئەگەر گوندێکیان لە باجدان عەفوکرد ئەوا زۆر زیاتر لەو گوندە وەردەگرن کە توانای باج دانی هەیە. لەراستیدا گوندی یەکەم ئاوەدان ناکەنەوە بەڵکو گوندی دووەم وێران دەکەن.

خەڵک لە ترسی دەستدرێژی و مەترسی دانی باج و هەروەها لە ترسی زیادبوونی گومرگ بەردەوام لە بێ بەشی و نائومێدی و وێرانیدا دەناڵێنن. لێرەدا دەوڵەتیش وەکو تاکەکان رەفتار دەکا، هەموو داهاتەکەی خەرج دەکاو لە ئاکامیشدا لاوازو هەژار دەبێ. ئەگەر دەوڵەتێک بیەوێ بەردەوام کاروبارەکانی بەباشی بەڕێوەبچێ ئەوا دەبێ هەمیشە بڕە



پارەیەکی دیاریکراو بۆ خەرجییە چاوەڕوان نەکراوەکان بخاتەریزی پێشەوەی خەرجییەکانی خۆیەوە.

هەندێ کەس وایان داناوە کە دانیشتوانی گوندێک لەکاتی دانی باجدا پێویستە زەمانەتی یەکتر بکەن بۆ ئەوەی لە دەست باجدان رانەکەن. بۆ ئەو گریمانەیە بەڵگەیەکیشیان داتاشیوەو پێشیان وایە عەقڵانییە، بەڵگەکەیان ئەوەیە لەبەر ئەوەی لەنێو خەڵکی گونددا پیلانێکی تەزویرکارانە بۆ نەدانی باج لە گۆڕێ دایە هەر بۆیە پێویستە پەیڕەوی لە بنچینەی زەمانەتکردنی یەکتر بکەن. بەڵام ئەوەیان لە کوێوە هێنا ؟ چۆن دەکرێ شتێکی ئەوتۆ کە خۆی لە خۆیدا ناعادیلانەیە و زیانیش بەدەوڵەت دەگەیەنێ لەسەر بنەمای گریمانە دابمەزرێندرێ. کەس نازانێ!

## بەشی نۆزدەهەم: بەکرێدان یان بەڕێوەبردنی باج، کامیان باشتر لەگەڵ دەوڵەت و میللەتدا دەگونجێ؟

بەڕێوەبردنی راستەوخۆی باج لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو شێوازی بەڕێوەبردنی باوکێکی دڵسۆزە کە خۆی زۆر بەڕێکوپێکی و وردکارییەوە داهاتی خۆی کۆدەکاتەوە. لە رێگای بەڕێوەبردنی راستەوخۆوە دەوڵەت سەربەستە لەوەی کە دانی باج بەپێی پێداویستییەکانی خۆی یان پێداویستیی میللەتەوە پێش بخا یان ئەگەر پێویست بوو وەپاشی بخات. بەهۆی بەڕێوەبردنی راستەوخۆوە، رێ لە بەرژەوەندی زۆروزەوەندی باج وەرگرەکان دەگیرێ کە بەهەزار رێگا دەوڵەت تووشی هەژاری دەکەن. بەهۆی بەڕێوەبردنی راستەوخۆوە بەری کۆبوونەوەی سامانە لەناکاوەکان دەگیرێ کە میللەت بەبینینیان تووشی غەم و پەژارە دەبێ. لە رێگای بەڕێوەبردنی راستەوخۆوە پارە کەمتر دەستاودەست دەکات، بەهۆی بەڕێوەبردنی راستەوخۆی دەوڵەتەوە، میللەت لە چنگ ئەو بنچینەو رێسایەی کە چاوچنۆکیی باج وەرگرەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی کاتەکی خۆیان پێکیان هێناوە پارێزراو دەبێت و لە دەست رێوشوێنە ناشیرین و دەرەنجامە شوومەکانی و ئەو رێسایانە کە دواتر سەرهەڵدەدەن، دەپارێزرێن.

لەبەر ئەوەی هەمیشە پارەدار بەسەر بێ پارەدا زاڵەو ئاستێکی بەرزتری هەیە، کەواتە باج وەرگرەکان دژی خودی دەوڵەتیش ئیستبدادییەت بەکاردێنن. باج وەرگر یاسادانەر نییە، بەڵام دەوڵەت ناچاردەکا هەندێ یاسا دابڕێژێ. هەندێ جار کارێکی باشە ئەگەر ئەو باجەی تازە دانراوە بەکرێ بدرێ چونکە بۆ رێگرتن لە تەزویرکاریی جێبەجێکارەکان هەندێ هونەرو رێگای تایبەتی هەیە کە زەوقی باج وەرگرەکان باشتر دەتوانێ کەشفیان

بکاو دەوڵەت لە توانایدا نییە بۆ ئەو هونەرو ڕێگایانە بچێت، بەڵام هەرکە شێوازی وەرگرتنی باج لە ڕێگای باج وەرگرەوە سەقامگیرکرا ئەوا پێویستە زۆر بەخێرایی بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆ دابمەزرێتەوە.

لە ئینگلتەرادا بەڕێوەبردنی باجی ناڕاستەوخۆ و داهاتی پۆست بەو شێوازەی ئەمڕۆ کاری پێدەکرێ، لە باج وەرگرەکان وەرگیراوەو ئاکامی ئەزموون و چالاکی ئەوان بوو.

لە حکومەتە کۆمارییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی داهاتی دەوڵەت بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەبرێت و پێچەوانەی ئەمە (وەرگرتنی باج بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگای باج وەرگرەکان) عەیب و کەموکوڕیی گەورەو سەرەکیی حکومەتی ڕۆما بوو. لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگرتنی باج لە ئارادایە گەل بەختیارترە و بەڵگەی ئەم وتەیەشمان ئێران و چینە. بەدبەختترین وڵات لە جیهاندا ئەو وڵاتەیە کە پاشاکەی بەندەرو شارە بازرگانییەکانی بەکرێ دابێ. مێژووی وڵاتە دەستوورییەکان پڕاوپڕیەتی لەو بەڵاو نەهامەتییانەی کە بەهۆی وەرگرتنی باج لەلایەن باج وەرگرەکانەوە سەری هەڵداوە.

نێرۆن لەدەست زوڵم و چەوساندنەوەی باج وەرگرەکان وەزاڵەهاتبوو، هەر بۆیە بیرێکی سەیر دایگرت و بڕیاریدا هەموو باجەکان هەڵبوەشێنێتەوە، بێ خەبەر لەوەی ئەگەر هاتباو ڕاستەوخۆ باجی لە خەڵک وەربگرتایە ئەو حوکمەی دەرنەدەکرد.

تاسیت دەڵێ: نێرۆن پاش هەڵوەشاندنەوەی باجەکان چوار فەرمانی دەرکرد:

**یەکەم**: ئەو ڕێوشوێنانەی ئاشکراکرد کە تایبەت بوون بەباج وەرگرەکان و تا ئەوکاتە جێبەجێکارەکان لێی بێخەبەر بوون.

**دووەم**: ئەگەر باج وەرگرەکان باجی نەدراوی پیاوە گەورەکانیان وەرنەگرتبێ ئەوا ئیتر مافی وەرگرتنیان نییە.

**سێهەم**: دادوەرێکی تایبەتی بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەکان دامەزراند.

**چوارەم**: فەرمانیدا نابێ بازرگانەکان باجی کەشتییەکان بدەن.

## بەشی بیستەم: باج وەرگرەکان

ئەگەر پیشەیەکی سوودبەخشی وەکو باج وەرگری بەهۆی ئەو داراییەی تێیدا دەسووڕێ هێدی هێدی وای لێ بێت وەکو پیشەیەکی شەرافەتمەندانە سەیری بکرێ ئەوا هەموو شتەکان بەرەو نابودی دەچن. ڕەنگە ئەو کارە لە وڵاتێکی ئیستبدادیدا کە چاودێریی وەرگرتنی باجەکان هەمیشە وەکو کارێکی فەرمانڕەواکان سەیری دەکرێ باش بێ، ئەوا



دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمە لەگەڵ حکومەتی کۆماریدا ناگونجێ و ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی لەناوچوونی کۆماری ڕۆمابوو. باج وەرگری لەنێو حکومەتی دەستووریشدا پیشەیەکی باش نییە چونکە دژی ڕۆحی ئەم جۆرە حکومەتانەیەو لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا هەموو پیشەکانی دیکە بێزراو دەبن. شەرافەت هەموو جۆرە ڕێزێکی خۆی لە دەست دەدات و ئیتر بەهیچ جۆرێ ڕێگای لەسەرەخۆ و سروشتی بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتی کاریگەریی نامێنێ و ئەم ڕەوتەش زیانێکی قورس لە بنەمای حکومەت دەدا.

لەسەردەمە کۆنەکاندا، گەلێ سامانی زۆرو زەوەندو پڕ لە ڕیسوایی کۆکرایەوەو ئاکامەکەشی سەرهەڵدانی جەنگی پەنجا ساڵە بوو. ئەوکات خەڵک گاڵتەی بەوجۆرە سامانە دەهات، بەڵام بۆچی ئێستا ئێمە ئەو هەموو ڕێزەی لێ دەگرین؟!

هەموو پیشەیەک چارەنووسێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چارەنووسی ئەو کەسانەی باج وەردەگرن دەوڵەمەندبوونەو پاداشی ئەو سامانەش هەر سامان دەبێ. بەڵام شەرافەت و شانازی چارەنووسی ئەو ئەرستۆکراتانەیە کە جگە لە خودی شەرافەت و شانازی هیچ شتێک بەسامانی ڕاستەقینە لە قەڵەم نادەن. ڕێزو ستایش شایەنی ئەو وەزیرو دادوەرانەیە کە پاش بەئەنجام گەیاندنی هەر کارێ جگە لە گەڕان بەدوای کارێکی تردا چاویان لە هیچی تر نییەو شەوڕۆژیان لەسەریەک داناوەو چاودێریی خۆشگوزەرانی و بەختیاریی وڵات دەکەن، هەر بۆیە شایەنی ڕێزو گەورەیی و ستایشن.

# پەیوەندی نێوان یاساکان و جۆری ئاووهەوا

## بەشی یەکەم: روانینێکی گشتی

سیفاتی رۆحی و هەست و سۆزی مرۆڤەکان، بەهۆی کاریگەری ئاووهەوای جیاوازەوە دەگۆڕێت. ئەگەر راستی ئەم بابەتە قبوڵ بکەین، ئەوا بەپێی جیاوازیی سروشت و ئاووهەوا جۆراوجۆرەوە، یاساکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێ.

## بەشی دووەم: جیاوازی دانیشتوان
## لە ژێر کاریگەری ئاووهەوا جۆراوجۆرەکاندا

هەوای سارد بەشی کۆتایی ریشاڵە شانەکانی لەش پڕ دەکاتەوەو ئەو چڕبوونەوەیەش چالاکی ئەو ریشاڵە شانانە زیاد دەکات و دەبێتە هۆی گەڕانەوەی خوێن لە بەشی کۆتایی لەشەوە بەرەو دڵ. هەروەها هەوای سارد درێژیی ئەو ریشاڵە شانانە کەم دەکاتەوەو بەم جۆرەش هێزێکی زیاتر دەخزێتە نێو ئەو ریشاڵانەوە. بەڵام لە ئاووهەوای گەرمدا حاڵەتەکە بەپێچەوانەی لێ دێتەوە، واتە هەوای گەرم دەبێتە هۆی خاوبوون و درێژبوونەوەی ریشاڵە شانەکان و ئەوەش وای لێ دەکات هێزو توانای جوڵە و بزاوتنی کەم ببێتەوە. کەواتە لەناوچە ساردەکاندا مرۆڤ خاوەن هێزو چالاکییەکی زۆرترەو لێدانی دڵ و دژکردەوەی کۆتایی ریشاڵە شانەکان خێراترەو ماددە شلەکانی ناو لەشی مرۆڤ هاوسەنگیەکی باشتریان هەیەو خوێن بەخێراییەکی زۆرتر بەرەو دڵ دەگەڕێتەوە، لە ئاکامیشدا دڵ بەهێزتر دەبێ و ئەو بەهێزییەش کاریگەریی جۆراوجۆر لە پاش خۆی بەجێدێڵێ.

بۆ نموونە بەشێک لەکاریگەری و دەرەنجامەکانی بریتییە لە: بڕوابوون بەخودو دلێری و چالاکی، ناسینی هەستی بەرزبەتی کەسایەتی واتە پەنابردنە بەر تۆڵەسەندنەوە، بڕوایەکی قووڵ بەئاسایش واتە بوونی راستگۆییەکی تەواوو پشت نەبەستن بە فرتوفێڵ و بەدگومانی.

ئەو خەسڵەت و سیفەتانە دەرەنجامی راستەوخۆی لەشساغی و بەهێزیی مرۆڤە. ئێستا ئەگەر بێتو مرۆڤێک بخەنە ناوچەیەکی گەرمەوە، بەپێی ئەو هۆکارانەی باسمان کرد زۆرتر



هەست بەئازاری دڵی دەکات و ئەگەر لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا داوای چالاکییەکی دلێرانەی لێ بکرێ، ئەوا بە بڕوای من لە توانایدا نابێ ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنێ، چونکە خراپیی باری دەروونی، رۆحی تووشی نائومێدی و بێ هیوایی دەکاو لە هەموو شتێک دەترسێ و هەست دەکا توانای ئەنجامدانی هیچ چەشنە کارێکی نییە.

خەڵکی وڵاتە گەرمەسێرەکان وەکو مرۆڤی پیر ترسنۆکن، بەڵام خەڵکی وڵاتە کوێستانییەکان چەشنی گەنجی خوێنگەرم ئازاو دلێرن.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو جەنگانەی دوایی بدەین کە هاوکاتن لەگەڵ سەردەمی ژیانی ئێمەدا[٨٧]، دەگەینە هەندێ دەرەنجامی وردو رێک کە لە دوورەوە بەباشی هەستیان پێناکرێ، بۆمان دەردەکەوێ کاتێک خەڵکی ناوچەکانی باکوور بەرەو وڵاتانی باشوور گوێزرانەوە، ئەوا نەیاندەتوانی چالاکییەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن و وەکو هی ئەو کەسانەی لە ئاووهەوای ناوچەی خۆیاندا خەریکی جەنگ بوون، نەدەهاتەوەو لەبەر ئەوەی جەنگەکانیان کەوتبووە ناوچە گەرمەکانەوە بەهیچ جۆرێ خودان دلێری و ئازایی راستەقینەی خۆیان نەبوون.

هێزی ریشاڵە شانەی لەشی نەتەوەکانی باکوور دەبێتە هۆی ئەوەی بەباشترین و گونجاوترین شێوە شیلەی خواردەمەنییەکان دەربهێنن و باشترین سوودی لێ وەرگرن. ئەوەش دوو دەرەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە چونکە شیل و لینف (مەبەست جەنگەکانی تاج و تەختی ئیسپانیایە) رووبەرێکی گەورەتریان هەیە، تواناییەکی باشتریان هەیە بۆ ئەوەی بە ریشاڵە شانەکان بنووسێندرێن و خۆراکیان پێ بگەیەنن. دووەمیان، بەهۆی ئەو ترشەڵۆکەی تێیدایە لە توانای دایە شلەی دەمارەکان نەرم بکاتەوە، هەر بۆیە ئەو نەتەوانەی هەیکەل و قەڵافەتیان گەورەیە کەمتر تووڕە دەبن.

ئەو دەمارانەی لە هەموو لایەکی لەشەوە شانەکانی پێستی مرۆڤ دەتەنن، هەرکامێکیان لە کۆمەڵە دەمارەشانەیەک پێکهاتووە. بەزۆری لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا کە پێکهاتەی پێستی لەش سست و خاوە، کۆتایی دەمارەکان کراوەیەو لە بەرامبەر بچووکترین کردەوەو بێ هێزترین شتدا توانای خۆڕاگرییان نییە، بەڵام هەموو دەمارەکە هان نادرێت و گرژ نابێتەوە بەڵکو بەشێکی بچووکی کە کەوتۆتە کۆتایی دەمارەشانەکەوە گرژدەبێتەوە.

لە وڵاتە کوێستانییەکاندا شانەکانی لەش بەشێوەیەکی چڕ خۆدەنوێنن و هەڵاوساوییەکەیان بەسەریەکدا کەڵەکە بووە و لە راستیدا کۆمەڵە دەمارەشانەکان تووشی ئیفلیجی هاتوون و هەست و سۆزێکی بچووک کاریگەری لەسەر مێشک دانانێ و دەبێ

هەستەکە زۆر بەهێزبێت و بەگشت دەمارەکاندا گوزەری کردبێ. بۆچوون، هەستەکان، زەوق و سەلیقەو توندوتیژی هەموویان پەیوەندییان بە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هەستەوە هەیە.

ئەگەر بەچاو سەیری شانەکانی زمانی بزنێک بکەین دەبینین بە هەندێ بەرزی و نزمی داپۆشراوە، بەڵام ئەگەر بەمیکرۆسکۆپ سەیری بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە لەسەر ئەو بەرزی و نزمییە هەندێ دەزوولەی بچووک هەن. من ئەو کارەم ئەنجام داو بۆم دەرکەوت کە لە ناوەڕاستی بەرزی و نزمییەکاندا هەندێ قوچەک هەن کە کۆتاییەکەیان وەکو نووکی قەڵەمێکی بچووک خۆی دەنواند. ئاشکرایە ئەو قوچەکانە بەشێکی سەرەکی هەستی تامکردن پێک دێنن. پاشان نیوەی ئەو زمانەم خستە سەهۆڵەوە تا بەستی و سەیرم کرد کە ئەو بەرزی و نزمیانە بەجۆرێکی زۆر سەیر بچووک بوونەتەوە و هەندێ لەو بەرزی و نزمی و هەڵاوساوییە لە جێی خۆیان رۆچووبوونەوەو ئەوجارەش دووبارە بەمیکرۆسکۆپ شانەکەم تاقی کردەوە بەڵام ئیدی قوچەکەکانم نەبینی. هەرچەندە زمانەکە لە حاڵەتی بەستن دەهاتە دەرو زیاتر دەکرایەوە بەرزی و نزمیەکان زیاتر درێژدەبوونەوە و لەژێر میکرۆسکۆپەکەشدا دەزوولەکان سەرلەنوێ بەدیاردەکەوتنەوە.[٨٨]

ئەو تاقی کردنەوەیە قسەکەی من دەسەلمێنێ. لە وڵاتە کوێستانی و ساردەکاندا دەمارە شانەکان کەمتر دەکرێنەوەو هەمیشە لە حاڵەتی چڕبوونەوەدان و بەکەمی دەکەونە ژێر کاریگەری شتە دەرەکییەکان، هەر بۆیە هەڵچوون بەتوندی دەرناکەوێ و خەڵک بەکەمی لە بەرامبەر چێژو خۆشییەکاندا سۆزدارن. بەڵام لە وڵاتە فێنکەکاندا ئەو هەڵچوونە زیاتر دەکاو لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا دەگاتە بەرزترین رادەی خۆی.

هەروەک چۆن لە رێگای پلەی پانی و درێژی جوگرافی سروشتی ئاووهەوا دیاری دەکرێ ئاواش دەتوانین بەهۆی پلەی هەڵچوونی دانیشتوانی ناوچەکەوە، سروشتی ئاووهەواکە دیاری بکەین.

من لە ئینگلتەرا و ئیتاڵیا هەندێ ئۆپێرام بینی کە کارەکتەرو شانۆنامەو مۆسیقاکەیان وەکو یەک بوو، بەڵام هەر ئەو مۆسیقایە کاریگەرییەکی هێندە جیاوازی لەسەر دەروونی ئەو دوو نەتەوەیە دادەنا کە مرۆڤ دەتاسێنێ. یەکێکیان بەڕادەیەک هێمن و ئارام و ئەویتریان بەجۆرێک هەڵچوونانەبوو کە هەر تەسەوڕنەدەکرا.

ئێش و ئازاریش هەر بەو جۆرەیەو بەهۆی برینداربوونی ریشاڵێک لە نێو ریشاڵە شانەکان ئازارەکە سەرهەڵدەدا. پەروەردگاری سروشت بەچەشنێک ئەم رێوشوێنەی رێکخستووە کە هەرچەندە ئەو پشێوی و تێکچوونە زۆرتربێ ئەوا ئێش و ئازارەکەشی زیاتر دەبێ.



ئاشکرایە قیافەو قەڵافەتی گەورەو بەهێزو ریشاڵی چڕی خەڵکی باکوور کەمتر لە ریشاڵە نەرم و خاوەکانی خەڵکی باشوور تووشی تێکچوون و شێواوی دەبن، هەر بۆیە لە باکوور بەکەمی رۆح هەست بەدەردو ئازارەکان دەکات.

دەبێ پێستی لەشی تاکێکی رووسی زامدار بکرێ بۆ ئەوەی هێزی هەستەکانی زیادبکرێ. لە وڵاتە گەرمەسێرەکان، لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی لەش ناسکن، رۆح دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە نزیکایەتی جنسیی ژن و پیاوەوە هەیەو هەموو کارێکیش تەنیا لە پێناوی ئەو مەبەستە بەئەنجام دەگات، بەڵام لە وڵاتەکانی باکووردا کردەی سروشتیی عیشق بەزەحمەت توانای خۆدەربڕینی هەیە. لە وڵاتە فێنکەکاندا عیشق لەگەڵ هەزاران گرێ و گۆڵ بەرەو روویەو بەهۆی هەندێ شتەوە لە سەرەتادا وا هەست دەکرێ خودی عیشقە، بەڵام عیشق نییە و عیشقبازییە. بەڵام لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا عیشقیان تەنیا لە پێناوی خودی عیشقدا خۆش دەوێ و تاکە رێگای خۆشبەختییەو عیشق وەکو خودی ژیان سەیری دەکرێ. لە وڵاتەکانی باشووردا لەشی مرۆڤ وەکو ماشینێکی لاوازە بەڵام زۆر هەستیارانە خەریکی عیشقە. لەنێو حەرەمسەراکان هزروهۆشی مرۆڤ بەردەوام و بێ پسانەوە خەریکی گەڕانە بەدوای عیشقبازیداو پاش ئەوەی هەستەکەیان دامرکا ئەوا لەگەڵ یەکێکی تر دەکەونە عیشقبازی. هەر بۆیە لەم جۆرە وڵاتانەدا ژنەکان بەتەواوی ئازادن و ئەوەش هەزاران جۆرە هەوەسبازی و پشێوی لێ دروست دەبێ.

لە وڵاتەکانی باکووردا لەشی مرۆڤ وەکو ئامێرێکی باش و ساغ دروست کراوە، بەڵام زۆرچڕە. ئەو جۆرە لەشە زۆرتر چێژ لەو شتانە وەردەگرێ کە گەشە بەچالاکی ئەندامەکانی لەش دەدات هەر بۆیە زیاتر چێژ لە راوو گەڕان و جەنگ و شەراب وەردەگرن.

دانیشتوانی وڵاتانی باکوور زۆر بەکەمی عەیبدارن و کەموکوڕییان تێدا نابینرێ و بەڕادەی پێویست راستگۆن و زمانیان بەباشی گۆ دەکات و دڵسۆزییەکی باش لە ناویاندا گەشەی کردووە. بەڵام هەرچەندە لە وڵاتە گەرمەسێرییەکان نزیک ببیتەوە، و هەست دەکەی لە چاوگی ئەخلاق دوورکەوتوویەتەوە. لەنێویاندا هەستی پەنابردن بۆ تاوان زۆر بەهێزە و هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە گەرەکیەتی ئیمتیازاتی ئارامی و سۆزو خۆشی لە دەستی ئەویتر بڕفێنێ و بیخاتە خزمەت خۆیەوە. خەڵکی وڵاتە فێنکەکان کردەوەو رەفتاریان تەنانەت لە کەموکوڕی و فەزیلەتیشدا جێگیر نییە، چونکە ئاووهەوا لەوێ بەجۆرێک گۆڕانکاری خێرای بەسەردادێ کە خەسڵەت و سیفاتی دانیشتوانەکەی بەهیچ شێوەیەک بەرەو سەقامگیربوون ناڕوات. لەوانەیە گەرما بەڕادەیەک بەهێزبێ کە لەش

بەهیچ جۆرێک نەتوانێ لە شوێنی خۆی بجوولێ، لێرەدایە سستی و خاوی رۆحیش دادەگرێ و هیچ چەشنە کردەوە و هەستێکی جوامێرانە بوونی نامێنێ. هەموو ئاوات و ئارەزووەکان لایەنی سلبییان هەیەو تەمبەڵی و بێکاری دەبنە هۆی خۆشبەختی. لەم جۆرە وڵاتانەدا خۆڕاگرتن لە بەرامبەر سزا پڕ لە سووکایەتییەکان زۆر ئاسانترە لە خۆڕاگری لە بەرامبەر سزای رۆحی و ئەخلاقیدا. کۆیلەیەتی زۆر ئاسانترە لە بڕوابەخۆبوون.

### بەشی سێهەم: ئەخلاقی نەتەوەکانی باشوور هەندێ سیفەتی دژ بەیەکی تێدایە.

هندییەکان هەر بەپێی سروشتی خۆیان لە دلێری و جوامێری بەدوورن[٨٩]. تەنانەت منداڵی ئەوروپییەکانیش کاتێ لە هندستان لە دایک دەبێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاوو هەوای ئەوێ و جوامێریی خۆی لەدەست دەدات. بەڵام چۆن دەتوانین ئەو بابەتە لەگەڵ کردەوەی پڕ لە دڵڕەوقی و بێ رەحمی و تۆبەی وەحشییانە و دابونەریتەکانیاندا بگونجێنین؟!

ئەگەر سەیری هندستان بکەین دەبینین پیاوەکانیان خۆیان تووشی دەردو ئازاری سەیرو سەمەرە دەکەن و ژنەکانی خۆیان دەسووتێنن. ئەم کردەوەیە لە بەرامبەر ئەو هەموو لاوازییەدا بە هێزییەکی سەیرنیشان دەدا. سروشت لاوازییەکی ئەوتۆی تووشی ئەو میللەتە کردووە کە لە هەموو شتێک دەترسن و هەروەها هێزێکی وێناکردنی وای پێداون کە تەوژمی توندوتیژی هەموو شتێک کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر دادەنێ. ناسکیی ئەندامەکانی لەشیان بۆتە هۆی ئەوەی لە مەرگ بترسن و واشی لێکردوون جگە لە مەرگ لە هەزاران شتی تر بترسێن و لە ئاکامیشدا هەر ئەو هەڵچوونە وای لێکردوون لە دەست هەموو جۆرە هەڕەشەیەک رابکەن و خۆیان تووشی بەڵاو نەهامەتی بکەن. خەڵکی ئەم جۆرە وڵاتانە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیان بە یاسادانەری باش هەیە، چونکە پەروەردەکردنێکی باش بۆ منداڵەکانیان پێویستترە وەک لەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتوویی. مرۆڤ چەندی زیاتر و ئاسانتر بکەوێتە ژێر کاریگەری واقیعەوە پێویستە کەمتر وەهم و خورافات قبووڵ بکات و زیاتر پشت بەعەقڵ ببەستێ. زۆر گرنگە ئەگەر ئەم رێوشوێنە بەشێوازێکی گونجاو و رێکوپێک ئەنجام بدرێ.

لەکاتێکدا رووسەکان لەژێر چەتری شارستانییەتدا دەژیان، نەتەوەکانی باکووری ئەوروپا بەبێ پیشەسازی و بەبێ هیچ چەشنە رێوشوێن و تەنانەت بەبێ یاساش ژیانیان بەسەردەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان بەهۆی کاریگەری ئاووهەواو لە رێگای عەقڵ و



تێگەیشتنی خۆیانەوە لە بەرامبەر رۆمانەکاندا بەرەنگاری بکەن و بە وازهێنان لە جەنگەکانیان، دەسەڵات و گەورەیی و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی تێک بشکێنن.

### بەشی چوارەم: هۆی نەگۆڕانی ئایین و دابونەریت و یاساکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا

ئەگەر جگە لە لاوازیی ئەندامەکانی لەش کە هۆکاری سەرەکی هەڵچوونی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتە، زەبوونیی رۆحیش کە بێ گومان لەگەڵ پەیوەندی بە زەبوونیی جەستەییەوە هەیە، زیادبکرێ، بەجۆرێک کە زەین توانای ئەنجامدانی هیچ چەشنە کردەوەو کۆشش و خۆ پارێزییەکی نەبێ، ئەوا بۆتان دەردەکەوێ ئەو رۆحەی چەندین جار کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەوە ئیتر توانای گۆڕانی نامێنێ.

هەر بۆیە یاسای ئایینی و دابونەریتەکان، تەنانەت نەریتە زۆر بێبەهاکانیش بە نەگۆڕی دەمێننەوە. بۆ نموونە شێوازی جلوبەرگ پۆشینی ئێستای رۆژهەڵات لەگەڵ هەزار ساڵ لەوەپێش هیچ جیاوازییەکی نییە.

### بەشی پێنجەم: یاسادانەری خراپ بەو کەسانە دەگوترێ کە ملکەچی ئاووهەوا دەبن و پەرە بەکەماسییەکانی دەدەن و یاسادانەری باش بەوانە دەگوترێ کە دژی ئەو کەموکورییانە دەوەستن و هەوڵی گۆڕینی دەدەن

هندییەکان پێیان وایە پشوودان و لەناوچوون بنەمای هەموو شتێکە و نەبوون، نهێنی ئەو شوێنەیە کە هەموو شتێک بەرەو ئەو دەچێتەوە. کەواتە لەلای ئەوان چالاکی و ئەنجام نەدان وەکو تەواوترین حاڵەت و ئامانجی هەموو هیواو ئاواتەکان سەیری دەکرێ. لەبەر ئەوەی خۆیان ناجوولێن، سیفەتی وەستاوی و نەجووڵان دەخەنە پاڵ پەروەردگارەوەو ئەوە لەکاتێکدایە کە بارودۆخی دەروونیان سەرچاوەی ئەم جۆرە حوکمانەیە.

سیامییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوپەڕی بەختیاری ئەوەیە مرۆڤ ناچار نەبێ ئامێرێکی وەجووڵە بخا یان تەنێک بخاتەکار. لەم جۆرە وڵاتانەدا لەبەرئەوە گەرمای لە رادەبەر مرۆڤ تووڕەو وێران دەکا، حەوانەوە بەجۆرێک چێژبەخش و جووڵە بەئەندازەیەک تاقەت پڕوکێنە کە بنچینەکانی حیکمەتی میتافیزیکی وەکو شتێکی ئاسایی دێنە بەرچاو. (فوئە)ی یاسادانەری هیند کاتێ فەرمانی داوە دەبێ مرۆڤ مل بۆ بێکارییەکی رەها شۆڕبکا لە ژێر کاریگەریی ئاووهەوای باوی ناوچەکەی خۆیدا ئەو قسەیەی کردووەو

تەنیا بەدوای ئەو شتانەدا گەڕاوە کە خۆی هەستی پێ کردوون. بنچینەکانی ئەو کە بەپێی سروشتی ئاووهەوا دانراوە و هانی تەمبەڵی دەدەن، هەروەها بوونەتە هۆکاری هەزاران جۆرە بەدبەختی. یاسادانەرەکانی چین ژیرانەتر بیریان کردۆتەوە، ئەوان پێیان وانەبووە مرۆڤ دەبێ لەسەر بنەمای ئاسوودەییەکی هەتاهەتاییدا کە بەهۆی مەرگ دێتەئاراوە، ژیان بەسەر ببات، بەڵکو هەمیشە مرۆڤیان لە حاڵەتی جووڵەو چالاکیدا وێناکردووە و ئەو جووڵەو چالاکییەش وەکو هۆکاری ئەنجامدانی ئەرکەکان و ژیان و بەردەوامییەکەی سەیری کراوە. بەشێوەیەکی گشتی رەهەندێکی پراکتیکیان بەخشیوە بە ئایین و فەلسەفەو یاساکانی خۆیان.

کەواتە چەندە هۆکارە سروشتییەکان پاڵ بەمرۆڤەوە بنێن بەرەو حەوانەوەو پشوودان خلۆربێتەوە، ئەوا پێویستە فاکتەرە ئەخلاقییەکان ئەوەندە لەو پشوودان و تەمبەڵییەی دووربخەنەوە.

## بەشی شەشەم: کشتوکاڵ لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا

کشتوکاڵ گرنگترین کاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگایە. چەندە ئاووهەوا خەڵکی لەوکارە دووردەخاتەوە، بەو رادەیەش پێویستە ئایین و یاساکان خەڵک بەرەو کشتوکاڵ هان بدەن و پێشگیرییان لێ بکەن. کەواتە لەبەر ئەوەی یاساکانی هندستان زەوی و زارەکان بەشازادەکان دەبەخشێ و رۆحی مڵکداری لە تاکەکان دەسێنێتەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەرییە خراپەکانی ئاووهەوا زیاتر بکاو وا بکات خەڵک تەمبەڵ بن.

## بەشی حەوتەم: رەهبانیەت یان تەسەووف

رەهبانیەتیش لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا ئەو دەردو مەینەتییانە بەرهەم دێنێتەوە. مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئەو کارەش رۆژهەڵاتە، چونکە لەوێ زیاتر پەنا دەبردرێتە بەر هەست نەک عەقڵ؛ ژمارەی دەرویش یان راهیبەکان بەپێی گەرمیی هەوا زیاد دەکات. لەبەر ئەوەی پلەی گەرما لە هندستان لە بەرزترین رادەی خۆی دایە، پڕە لەم جۆرە کەسانە، لە ئەورووپاش بەپێی جۆراوجۆریی ئاووهەوا ئەو جیاوازییە هەستی پێدەکرێ. بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەو تەمبەڵییەدا زاڵ بن کە سەرچاوەکەی لە ئاووهەواوەیە، پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ هەموو رێگاکانی ژیانی بێ کارکردن لەناو ببرێن. بەڵام لە باشووری ئەورووپادا یاساکان پێچەوانەی ئەوە ئەنجام دەدەن و هەندێ کاری تایبەت دەدەن بەو کەسانە کە دەیانەوێ بێکاربن و ئەوکارەش زۆرتر پەیوەندی بە تەسەوفەوە هەیە. ئەو کەسانە لەوپەڕی



بەهێزییەوە ژیان بەسەر دەبەن و سامان بارێکی قورسە بەسەر شانیانەوە، هەر بۆیە زۆر ژیرانە قازانجی سامانی خۆیان بەسەر چینی هەژراو کەم دەرامەتدا دابەش دەکەن. هەرچەندە ئەو چینە بەهۆی بێکارییەوە خاوەندارێتی سامان و داراییان لە دەست داوە، بەڵام بەهۆی یارمەتیدانی هەژاران ئەو بێکارییەی خۆیانیان قەرەبوو کردۆتەوەو بەم جۆرە رەوتی ژیانی چینی هەژار بەرەو ئاراستەیەک دەڕوا کە حەز بە هەژاریی خۆیان دەکەن و بابەتەکە بەپێچەوانەی لێ دێتەوە.

## بەشی هەشتەم: عادەتێکی باشی چین

سەفەرنامەکانی تایبەت بەچین باسی دابونەریتێکی باش دەکەن. هەموو سەری ساڵێک ئیمپراتۆر زەوی و زارەکان (افتتاح) دەکاتەوەو دەیانەوێ لە رێگای ئەو کارەوە زەوی کێڵان و رەنێوهێنانی بکەنە نەریتێکی گشتی و رەسمی و خەڵک بەرەو ئەو کارە هان بدەن. سەرەڕای ئەوە هەموو ساڵێک ئەو جوتیارەی لە کارەکەی خۆیدا لێهاتووە خەڵات دەکرێ و لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پلەی هەشتەمی خانەدانیی پێ دەبەخشرێت.

لەلای ئێرانییە دێرینەکان لە هەشتەمین رۆژی مانگ کە بە (خرّم روز) ناودێرکرابوو پاشاکان لەسەر عەرشی مەزنی خۆیان دەهاتنە خوارو لەگەڵ جوتیارەکاندا نانیان دەخوارد. ئەو دابونەریتە کە بەمەبەستی هاندانی کشتوکاڵ ئەنجام دەدرا شایانی رێزوستایشە[٩٠].

## بەشی نۆیەم: رێگای گەشەسەندنی پیشەسازی

لەکتێبی نۆزدەهەمی رۆحی یاساکاندا زۆر بەدرێژی ئەم باسە شیکراوەتەوەو سەلمێنراویشە کە نەتەوە تەمبەڵەکان هەمیشە مەغروورن. هێندێ جار دەتوانین دەرەنجام لە دژی هۆکار بەکاربێنن و تەمبەڵی و زەبوونی بەهۆی غرورەوە لەنێو ببەین. لە باشووری ئەورووپادا لەبەر ئەوەی نەتەوەکانی لە رادەبەدەر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری مەسەلەی شەرافەتەوە، کارێکی باشە ئەگەر بێتو ئەو جووتیارانەی لە هەموو کەس چاکتر زەوی و زاری خۆیان کێڵاوە یان ئەو کرێکارانەی گەشەیان بە پیشەسازی خۆیان داوە، خەڵات بکرێن. ئەو رێوشوێنە لە هەموو وڵاتەکاندا سەرکەوتن بەدەست دێنێ. لە ئێرلەندا بۆ دامەزراندنی یەکێک لە گرنگترین کارخانەکانی رستنی دونیا سوود لەم شێوازە وەرگیراوە.

## بەشی دەیەم: ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەقەناعەتی نەتەوەکانەوە هەیە

لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا ئاوی خوێنی لەش بەهۆی عارەق کردن و هەڵمینەوە زۆر بەفیڕۆ دەڕوات، کەواتە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سوود لە شلەیەکی تر وەربگیرێ. ئاو لە وڵاتە گەرمەکاندا زۆرە بەشێوەیەکی بەربڵاو سوودی لێ وەردەگرێ. شەرابە بەهێزەکان ئەو خڕۆکانە تووشی بەستەڵەکی و چڕبوونەوە دەکەن کە پاش بەفیرۆچوونی ئاوەکە دەمێننەوە. لە وڵاتە ساردەکاندا ئاوی خوێنی لەش کەمتر بەهۆی عارەق کردنەوە بەفیڕۆدەچێت و ڕێژەکەی لەخوێندا زۆرە، کەواتە دەکرێ لەوێدا سوود لە خواردنەوەی بەهێز وەربگیرێ بەبێ ئەوەی خوێن تووشی مەیین و چڕبوونەوە بێت. هەروەها لەبەر ئەوەی لەوێ نارەحەتی و ئاڵۆزی دەروونی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ ڕەنگە کەڵک وەرگرتن لە خواردنەوە بەهێزەکان کە خوێن وەجووڵە دەخەن زۆرگونجاوو باش بێت. یاسای محمد (د.خ) کە خواردنەوەی شەرابی قەدەغە کردووە، یاسایەکی زۆرگونجاوەو لەگەڵ سروشت و ئاووهەوای عەرەبستاندا دەگونجێ و بەرلەهاتنی محمدیش (د.خ) تەنیا ئاوی سادە وەکو خواردنەوە بەکاردەهێنرا. ئەو یاسایەش کە خواردنەوەی مەشروبی لە خەڵکی کارتاژ قەدەغەکردبوو، یاسایەکی گونجاوبوو و لەگەڵ ئاووهەوای ناوچەکەدا دەهاتەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ئاووهەوای هەردوو وڵات تا رادەیەکی زۆر لەیەک دەچن. ئەو یاسایە لەگەڵ وڵاتە ساردەکاندا ناگونجێ چونکە لەوێ ئاووهەوا خەڵک بەرەو جۆرە مەستییەک دەبات.

مەستی لە هەموو جیهاندا بەپێی ساردی و ڕێژەی شێ دەگۆڕێ. ئەگەر بێتو لە هێڵی ئیستیواوە بەرەو جەمسەری باکوور هەڵبکشێی بۆت دەردەکەوێ مەستی بەپێی دوورکەوتنەوە لە هێڵ و پلەی پانی جوگرافی تین و گوڕ بەخۆیەوە دەگرێ، و ئەگەر لە هێڵی ئیستیواشەوە بەرەو جەمسەری باشوور هەنگاو بنێی و چەندە بەرەو باشوور برۆی ئەوا بەو رادەیە مەست بوون خێراتر دەبێ. شتێکی ئاساییە لەو شوێنانەی کە شەراب بەهۆی جۆری ئاووهەواوە لەگەڵ تەندروستی مرۆڤدا ناکۆکەو زیانی پێدەگەیەنی، پێویستە زۆر بەتوندی بەکارهێنان و خواردنەوەی قەدەغە بکرێ، بەڵام لەو شوێنانەی خواردنەوە کەمتر زیان بەتاک و کۆمەڵگا دەگەیەنێ و زۆر نابێتە هۆی توڕەکردنی مرۆڤ و باری دەروونی تێک نادا و تەنیا تووشی جۆرە گێژییەکیان دەکات، یاساکان تەنیا بەرواڵەت قەدەغەی دەکەن. کەواتە ئەگەر لە وڵاتێک کەسێک هەم بەهۆی سەرپێچییەکەی و هەم بەهۆی مەستییەکەیەوە سزابدرێ، ئەوا سزاکەی پەیوەندی بەمەستبوونی تاکەکانەوە هەیە



نەک مەستبوونی گشتی و ئاسایی.

بۆ نموونە تاکێکی ئەڵمانی بەپێی خووعادەتی خۆی هەمیشە دەخواتەوە، بەڵام ئسپانییەک زۆر بەدەگمەن و ڕەنگە بەڕێکەوت تووشی مەستی بێت.

لە وڵاتە گەرمەکاندا بەهۆی سستی و خاویی ریشاڵە شانەکانەوە بەشێکی زۆری ئاوی لەش لە ڕێگای عەرەق کردن و هەڵمینەوە بەفیڕۆ دەڕوات، بەڵام بەشە ڕەقەکانی (ئەندامەکانی لەشی) کەمتر زیانیان پێدەگات: ریشاڵە شانەکان بەهۆی لاوازی و بێ هێزی و نەجووڵانیان، بەکەمی لەناو دەچن، هەر بۆیە شیلەیەکی کەم بەسە بۆ دروست کردنەوەی دەمارە شانەکان و لەم شوێنانەدا خەڵک زۆر کەم خواردن دەخۆن.

پێداویستییە جۆراوجۆرەکان لەنێو سروشت و ئاووهەوای جیاوازدا دابونەریتی جۆراوجۆر بەرهەم دێنن و ئەو دابونەریتە جۆراوجۆرانەش چەندەها یاسای جیاوازییان پێک هێناوە. کەواتە ئەو یاسایەی بۆ بەڕێوەبردنی نەتەوەیەک کە پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ یەکتردا هەیە دەگونجێ، لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا نایەتەوە کە زۆر پەیوەندییان لەگەڵ یەکدانییە و هەر بۆیە دەبێ سوود لە یاسای تر وەربگرن.

## بەشی یازدەهەم: ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە خراپیی ئاووهەواوە هەیە

هێرۆدۆت دەڵێ: ئەو یاسایەی یەهودییەکان بەرامبەر بە گوڵی بەکاری دەهێنن لە دابونەریتی میسرییەکانەوە وەرگیراوە، چونکە نەخۆشی گوڵی لەنێو یەهودییەکان پێویستی بەو دەرمانانە هەبوو کە لە میسردا بەکاریان دەهێنا. یۆنانی و ڕۆمانە سەرەتاییەکان ئەو یاساو نەخۆشییانەیان نەناسیوەو پەیوەندییان بەئاووهەوای میسرو فەلەستینەوە هەیە. هەروەها خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە ئاووهەوای ئەوێدا، هانی داون بەدوای چارەسازی و بیرکردنەوەدا بگەڕێن و لە یاساکانیاندا بیگونجێنن. یەهودییەکانیش بەوپەڕی لێزانییەوە ئەو یاسایانەیان داڕشتووە.

ئێمە بۆ خۆمان دەرەنجامەکەیمان بینی، شەڕی خاچ پەرستەکان گوڵیی بەدیاری بۆ ئێمە هێنا. ئەو پەیڕەوو ڕێنوێنییە ژیرانەیەی بۆ ڕێگرتن لەو نەخۆشییە ڕێکخرابوو وای کرد خەڵک تووشی گوڵی نەبێ.

لە یاسای لیمباردەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو نەخۆشییە بەر لە جەنگی خاچ پەرستەکانیش لە ئیتالیادا هەبووە و سەرنجی یاسادانەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. «رتاریس» فەرمانی دابوو ئەگەر هاتوو گولێک لە ماڵەکەی خۆی وەدەرنرا و بەرەو

شوێنێکی تایبەتی نەفی کرا ئەوا ناتوانێ سوود لە سامان و داراییەکەی خۆی وەرگرێ، چونکە لەماڵ وەدەرنان ئەوە دەگەیەنێ کە کەسەکە مردووە. بۆ ئەوەی گۆلەکان لەگەڵ هیچ کەسدا پەیوەندییان نەبێ لە ئەرک و مافە مەدەنییەکان بێ بەشیان دەکردن. بەبڕوای من ئەو نەخۆشییە بەهۆی داگیرکاری ئیمپراتۆرەکانی یۆنان لە میسرو فەلەستینەوە گەیشتۆتە ئیتالیا، چونکە لەوانەیە لەناو لەشکری خۆیاندا سەربازی فەلەستینی و میسریشیان هەبووبێ و بەهۆی ئەوانەوە بڵاوبووبێتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ توانیان تا سەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکان پێشی ئەو نەخۆشییە بگرن.

دەڵێن سەربازەکانی «پومپە» لە کاتی گەڕانەوەیان لە سووریا، نەخۆشییەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو کە زۆر بەگۆلی دەچوو، هەرچەندە هیچ چەشنە ڕێوشوێنێکی تەندروستی نەگەیشتۆتە دەستی ئێمە، بەڵام لەوانەیە هەندێ ڕێوشوێنیان بۆ پێشگیریکردن دانابێ، چونکە ئەو نەخۆشییە تا سەردەمی لیمباردەکان سەری هەڵنەدا.

دوو سەدە لەوەپێش جۆرە نەخۆشییەک لە جیهانی نوێوە (ئەمریکا) بەرەو دونیای ئێمە هات و باوباپیرانی ئێمە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لەسەری نەبوو. ئەو نەخۆشییە هەڕەشەیەکی گەورەبوو بۆ سەر سروشتی مرۆڤ. لە باشووری ئەورووپادا زۆربەی هەرەزۆری بنەماڵە گەورەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی شوم و خێرایی جۆرە نەخۆشییەک لەناوچوون. بەڵام ئەو دەردە سەرشۆڕکەرە نەخۆشییەکەی بڵاونەدەکردەوە بەڵکو تەماو چاوچنۆکی بۆ بەدەست هێنانی زێڕ هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەو گواستنەوەی ئەو نەخۆشییەبوو. بەردەوام خەڵک بەرەو ئەمریکا کۆچیان دەکردو، لەگەڵ خۆیاندا هەوێنی نەخۆشیی نوێیان بۆ دەهێنایەنەوە[۹۱].

پیاوە ئایینی و قدیسەکان هەوڵیاندا حاڵەتێکی تایبەت بەروخساری ئەو نەخۆشییە ببەخشن، بەڵام چونکە ئەو بەڵایە خزیبووە نێو ژیانی ژن و مێردایەتی و منداڵەکانیش تووشی ببوون نەیانتوانی ئەو ناوەی لەسەردابنێن. لەبەر ئەوەی یەکێک لە ئەرکەکانی یاسادانەری ژیر ئەوەیە کە چاودێری تەندروستی خەڵک بکا، کارێکی زۆرباش بوو ئەگەر هاتباو لە ڕێگای یاسایەکی چەشنی یاسای موسا پێشی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەیان گرتبا.

تاعوون نەخۆشییەکە خێراتر بڵاودەبێتەوەو مەڵبەندی سەرەکی بڵاوبوونەکەشی میسرەو لە وێوە بەهەموو دونیادا بڵاودەبێتەوە. لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکاندا هەندێ ڕێوشوێنی باشیان بۆ پێشگرتن لەو نەخۆشییە داناوە کە نایەڵی نەخۆشییەکە زۆر بڵاوبێتەوە. لە سەردەمی ئێمەدا ڕێگایەکی زۆر گونجاویان بۆ پێشگیری کردن دۆزیوەتەوە. لە دەوروبەری



وڵاتە تووشبووەکە هێڵێکی سەربازی پێک دەهێنن و ئەو گرووپە ڕێ لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک دەگرێ. تورکەکان بۆ ئەو مەبەستە هیچ ڕێوشوێنێکیان دانەناوەو بەشی هەرە زۆری خەڵک بەنەخۆشی لە ناودەچن. سەرەڕای ئەوەی دەبینن مەسیحییەکان بەهۆی خۆپارێزییەوە لە مەترسی تووش بوون بەنەخۆشی تاعوون لە ئەمان دان کەچی ئەوان جلوبەرگی نەخۆشەکان دەکڕن و لەبەری دەکەن. بڕوابوون بەچارەنووسێکی دیاریکراو کە پێیان وایە هەموو شتێک پێشتر ڕێکخراوەو ئەوانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، وای لە دەسەڵاتدارەکان کردووە وەکو تەماشاچی هێمن خۆ بنوێنن، پێیان وایە خودا هەموو شتێکی دروستکردووەو ئامادەی کردووەو هیچ کارێک بۆ ئەوان نەماوەتەوە.

## بەشی دوازدەهەم: یاساکانی دژ بەو کەسانەی خۆیان دەکوژن

ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆمانەکان هیچ کاتێ لە خۆڕا خۆیان نەکوشتووە، بەڵام ئینگلیزەکان بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارو پاڵنەرێک لە گۆڕێ دابێ خۆیان دەکوژن و تەنانەت هەندێ جار لەوپەڕی خۆشبەختی و کامەرانیدا ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

ئەو کارە لەلای ئینگلیزەکان پەیوەندی بە ئاڵۆزیی باری دەروونییەوە هەیەو لە ئاکامی ماندووبوونی ئاسایی کۆئەندامی دەماغ ئەو حاڵەتە ڕوودەدات و پەیوەندی بەهیچ هۆکارێکی ترەوە نییە. بەڵام لەلای ڕۆمانەکان لە ئاکامی پەروەردەو شێوازی بیرکردنەوەو دابونەریتدا ئەو حاڵەتە ڕووی دەدا. وادیارە ئەو نەخۆشییە لە ئاکامی ئەو شێواوییەوە سەرهەڵدەدا کە لە دەمارە شانەکانی مێشکدا دروست دەبێ، چونکە ئەو سیستەمەی کە هێزە بزوێنەرەکانی بەردەوام لە چالاکی دان تووشی هیلاکی و ماندووبوون دەبێ و ڕۆحی مرۆڤ هەست بە ئازار دەکات، بەڵام گوێ بەگیروگرفتەکان نادا.

دەردو ئازار جۆرە ڕەنجێکی بچووکە و مرۆڤ ئاواتەخوازە هەموو دەردەکان بەزووترین کات کۆتاییان پێ بێ، بەڵام قورسیی باری ژیان ئەو دەردەیە کە هیچ شوێنێکی تایبەتی نییەو وا لە مرۆڤ دەکات بۆ بینینی کۆتایی ژیان هەنگاوبنێ. یاسای مەدەنی هەندێ وڵات دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە سەرکۆنەی خۆ کوشتن بکەن، بەڵام لە ئینگلتەرادا ناتوانن سزای بدەن و هەر بۆیەش ناتوانن سەرپێچیی شێتەکان بەتاوان لە قەڵەم بدەن.

## بەشی سێزدەهەم: دەرەنجامەکانی ئاووهەوای ئینگلتەرا

ئەگەر لە وڵاتێکدا نەخۆشییەک کە سەرچاوەکەی خراپی باری ئاووهەوا بێ ڕۆحی

مرۆڤ بە رادەیەک بهەژێنێ کە مرۆڤ لە هەموو شتێک و تەنانەت لە ژیانی خۆشی بێزاربێ، باشترین شێوازی حکومەت کردن ئەوەیە دەوڵەت خۆ لەو کاروبارانە هەڵنەقورتێنێ کە دەبنە هۆی پەشۆکاوی و غەمگینیی خەڵک و تەنیا یاساکان حکومەت بکەن و دەسەڵاتدارەکان نەتوانن بۆ گۆڕینی حکومەت بەدڵی خۆیان دەستکارییان بکەن. گریمان ئەو میللەتە لەژێر کاریگەری ئاووهەوادا تووشی سیفەتی بێ تەحمولیش هاتووەو ناتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر رکێفی بارودۆخێکی تایبەتیدا ژیان بەسەرببا، دیسان باشترین شێوازی حکومەت کردن هەر ئەو جۆرەیە کە باسمان کرد، چونکە سیفەتی بێ سەبری خۆی لەخۆیدا گرنگ نییە، بەڵام هەرکاتێ تێکەڵ بەدلێری و ئازایەتی بکرێ ئەوا یەکجار زۆر گرنگ دەبێ. ئەو سیفەتە زۆر جیاوازە لە گێژی و گەمژەیی. واتە مرۆڤ بەبێ بوونی هیچ مەبەستێ دەست بداتە ئەنجامدانی کارێک و بێ مەبەستیش وازی لێ بێنێ. ئەو تایبەتمەندییە زیاتر لە راسان نزیکە چونکە سەرچاوەکەی هەستکردنێکی قووڵە بەئازار کە لە ئەنجامی راهاتن لەسەری وای لێهاتووە تەحەموول بکرێ.

ئەو تایبەتمەندییە لەگەڵ گەلێکی ئازادو بۆ تێکدانی پیلانە ستەمکارانەکان کە هەمیشە لەسەرەتادا سست و لاوازو لە کۆتاییدا توندو خێران، زۆر گونجاوە. چونکە لەسەرەتادا روویەکی خۆش بۆ هاوکاریکردن نیشان دەدات، بەڵام لە دواییدا زۆر بەتوندی گوشاری دەخاتە سەر. کۆیلەیی هەمیشە لەخەوو غفلەتەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ئەو گەلەی لە هیچ بارودۆخێکدا ئاسوودەیی نەبینیوەو بەردەوام دەست بەجەستەی شەکەتی خۆی دادێنێ و لە هەموو شوێنێکی هەست بە ئازارو دەرد دەکات، بەهیچ جۆرێ خەو نایباتەوەو هەرگیز کەس ناتوانێ بیکا بەکۆیلەی خۆی.

سیاسەت وەکو هەسانێکی بێ دەنگ وایە کە شتەکان هەڵدەوەرێنێ و هێدی هێدی بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، بەڵام ئەو کەسانەی ئێمە باسیان دەکەین ناتوانن لەنێو وتووێژەکانی خۆیاندا خاوی و شتی لاوەکی و ئارامی تەحەموول بکەن و زۆر بەکەمی لەو کارەدا سەرکەوتن بەدەست دێنن و ئەوەی بەزەبری چەک پەیدای دەکەن لەوانەیە لە رێککەوتنێکدا لە دەستی بدەن.

**بەشی چواردەهەم: هەندێ کاریگەریی دیکەی ئاووهەوا**

باوانی ئێمە، جێرمەنە دێرینەکان، لەنێو ئاووهەواو سروشتێکدا دەژیان کە زەوق و هەست و سۆزێکی هێمنی پێدەبەخشین. یاساکانیان پەیوەندی بەو شتانەوە هەبوو کە



دەیان بینی و جگە لەوە بیریان بۆ هیچی تر نەدەچوو. سووکایەتیکردن بەپیاوەکانیان وەکو زام و برینێک سەیر دەکردو بەگوێرەی ئەویش دەیان پێوا، بەڵام لەمەڕ سووکایەتیکردن بەئافرەتان هێندە وردەکاری و ئەدەبیان بەکار نەدەهێنا. لێرەدا یاسا ئەڵمانییەکان زۆر سەیر خۆ دەنوێنن. ئەگەر سەری ئافرەتێک رووت بوایەو لەچکەی لەسەر نەبایە ئەوا دەبوایە شەش شاهی غەرامە کراباو ئەگەر لە بەلەکییەوە تا ئەژنۆی رووت با دیسان ئەوەندەیان پارە لێ دەسەند، بەڵام ئەگەر لە ئەژنۆی بۆ سەرێ رووت با ئەوا دوو هێندەیان غەرامە لێ دەسەند. وەک دیارە یاسای جێرمەنەکان رادەی سووکایەتیکردن بەئافرەتی وەکو شکڵێکی ئەندازەیی پێوەوە. یاساکەیان، تاوانی بۆچوون و خەیاڵی سزا نەدەدا، بەڵام سەیرکردنی رێگەپێنەدراوی سزا دەدا.

کاتێک بەشێک لە گەلی جێرمەن لەگەڵ لەشکرێکدا کۆچیان کرد بەهۆی گۆڕانی ئاووهەواوە هەندێ یاسای تریان دانا. یاسای ڤیزیگۆتەکان فەرمانی دابوو نابێ ئافرەتی ئازاد دەماربڕی (کەڵەشاخگرتن) بۆ بکرێ تەنیا کاتێک نەبێ کە باوک یان دایک یان برا یان ئامۆزای ئامادە بێت.

کاتێ بۆچوونی خەڵک توندوتیژی بەخۆوە دەگرێ، یاسادانەریش هەر بەو رادەیە گوڕوتین دەدا بەخۆی. ئەو گەلەی بەرامبەر بەهەموو شتێک بەدگومان بێ ئەوا یاساکانیشی لەمەڕ هەموو شتێک بەدگومان دەبن و لە ئاکامیشدا وای لێ دێ کە یاسا گرنگی بەهەردوو رەگەزی مرۆڤ بدات.

ئەو سزایەی ڤیزیگۆتەکان دایان نابوو زیاتر لە پێناوی تۆڵەسەندنەوەی تایبەتی و دەست خۆشی تاکەکان دابوو و کەمتر لایەنی تۆڵەی گشتی هەبوو. بۆ نموونە زۆربەی کات تاوانبارەکەیان دەخستە ژێر کۆت و بەندی دایک و باوک یان ئەو مێردەی خیانەتی لێکراوە. ئەگەر ژنێکی ئازاد تەسلیمی پیاوێکی خێزانداربووبا ئەوا دەیان خستە ژێر دەستی پیاوەکەو دەیتوانی بەدڵی خۆی هەموو کارێکی لەگەڵدا بکات. ئەو یاسایە کۆیلەکانی ناچار دەکرد ئەگەر ژنێکیان لەکاتی زینادا دیتبا، ئەوا دەبوایە بیگرن و تەسلیمی مێردەکەی بکەن، مۆڵەتیان بەمنداڵەکانی دەدا تاکو تۆمەتباری بکەن، کۆیلەکان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکردو ناچاریان دەکرد دان بە گوناهەکەی دابنێ. بەم جۆرە لەرادەبەدەر گرنگییان بەهەندێ بابەتی لاوەکی دەدا کە لایەنی شەرافەتیان هەبوو و هێندە خۆیان بەدارِشتنی یاسای کۆمەڵایەتی باشەوە خەریک نەدەکرد. هەر بۆیە نابێ زۆرمان پێ سەیربێ کاتێ «کۆنت ژولین» پێیوایە لە پێناوی ئەو تۆمەتەدا دەبێ پاشاو وڵاتەکەی لەناو بچن. هەروەها نابێ سەرمان لەوە بسوڕمێ کە مەراکشییەکان نەیانتوانی بەئاسانی لە

ئیسپانیادا جێگیربن و بمێننەوەو هەرەسی ئیمپراتۆرەکەیان وە درەنگ بخەن، چونکە ئەو ئەخلاق و دابونەریتەی لە ئیسپانیادا هەبوو لەگەڵ ئەواندا نەدەگونجا.

## بەشی پازدەهەم: جیاوازی ئەو متمانەیەی یاسا بەگەلی بەخشیوە بەپێی جۆری ئاووهەوا

گەلی ژاپۆن ئەخلاقێکی زۆر سەیریان هەیەو یاسادانەرو دەسەڵاتدارەکان هیچ چەشنە متمانەیەکیان پێ ناکەن. هەر بۆیە سزاو هەڕەشە بەردەوام لەبەرچاوی خەڵکدا ئامادەیەو لە هەر هەنگاوێکدا لەگەڵ لێپێچینەوەو پۆلیسدا بەرەو روودەبن.

لە ژاپۆندا لەنێوان پێنج بنەماڵەدا سەرۆکی یەکێک لە بنەماڵەکان وەک گەورەی هەر پێنجیان سەیری دەکرێ و لەکاتی سزادانی تاکەکەسێکدا هەموو بنەماڵەکە یان گەڕەکێک تەمێ دەکەن.

لە ئەنجامی ئەو یاسایەوە لەهەر شوێنێک تاکە سەرپێچیکارێک هەبێ ئیتر هیچ کەس وەکو بێگوناح سەیری ناکرێ. ئەو یاسایە بۆ ئەوە داڕێژراوە کە هەموو کەس بەرامبەر بەیەکتر بەدگومان بێت و هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە چاودێری هەڵسوکەوتی ئەوانی تر بکات و خۆ بەلێکۆلەرو شاهیدو دادوەری خەڵکانی تر بزانێ. بەڵام گەلی هند بەپێچەوانەوە، گەلێکی ئارام و دلۆڤان و دڵ پڕ بەزەییە، هەر بۆیە یاسادانەرەکان متمانەیەکی یەکجار زۆریان پێ هەیەو سزای کەمیان داناوەو ئەو سزایانە زۆر توندوتیژنین و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەتەواوی جێبەجێ ناکرێن. هندییەکان منداڵی برا تەسلیمی مام و هەتیو تەسلیمی سەرپەرشتیار دەکەن، هەروەک چۆن لە شوێنەکانی تر تەسلیمی باوکیان دەکەنەوە. هندییەکان میرات لە رووی لێهاتوویی میراتگر دیاری دەکەن. وا دێتە بەرچاو کە یاسا فەرمانی دابێ، پێویستە هەموو کەس متمانە بە نیەتپاکی باشی بەرامبەرەکەی بکات، هندییەکان زۆر بەئاسانی کۆیلەکانی خۆیان ئازاد دەکەن و ژنیان بۆ دێنن وەکو منداڵی خۆیان لەگەڵیاندا دەجوڵێنەوە. ئەو ئاووهەوایەی ئەخلاقی سادەو یاسای نەرم بەرهەم دێنێ، چەندە مایەی بەختیارییە!

## پەیوەندی نێوان یاساکانی کۆیلایەتیی مەدەنی و سروشتی ئاووهەوا چۆنە؟

### بەشی یەکەم: کۆیلایەتیی مەدەنی

مەفهوومی راستەقینەی کۆیلەیی بریتییە لە سەقامگیرکردنی مافێک، واتە مرۆڤێک بەشێوەیەکی تایبەتی دەکرێتە بەردەی مرۆڤێکی ترو ئەو کەسە خاوەنی رەهای گیان و ماڵیەتی.

مانای کۆیلەیی نە بۆ خاوەن کۆیلەو نەبۆ کۆیلەکە باش نییە. ئاشکرایە بۆ کۆیلەکە خراپەو سوودی نییە چونکە ناتوانێ هیچ کارێک لەسەر بنەمای فەزیلەت ئەنجام بدات. لەلایەکی دیکەش هیچ کەڵکێکی بۆ گەورەو خاوەنەکەش نییە چونکە بەهۆی بوونی کۆیلەوە فێری هەموو خووخدەیەکی ناپەسند دەبێت و بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکا خویان پێ دەگرێت و بەپێچەوانەی گشت فەزایلە ئەخلاقییەکان دەجوڵێتەوە. هەروەها خۆ بەزلزان، توندوتیژو دڵڕەق، تورە، شەهوانی و بێ بەزەیی دەبێ. لەبەر ئەوەی لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا کۆیلەیەتی سیاسی هەیە، کۆیلەی مەدەنی لەوێدا لە هەموو شوێنەکانی تر باشتر تەحەممول دەکرێ. لەوێ دەبێ هەموو کەسێک بەوە رازی بێ کە خاوەنی بژێوی و ژیانی خۆیەتی، هەر بۆیە بارودۆخی کۆیلەکان لە بارودۆخی خەڵکی ئاسایی خراپتر نییە.

بەڵام نابێ لەنێو وڵاتە دەستوورییەکاندا کۆیلەیی هەبێ، چونکە نابێ مرۆڤ بروخێندرێ و دەروونی تووشی لاوازی بکرێ. لەنێو حکومەتە دیموکراتییەکاندا پێویستە یاساکان بەوپەڕی جدییەتەوە هەوڵ بدەن تا ئەو شوێنەی سروشتی حکومەت رێگا دەدا هەموو تاکەکان یەکسان بن. کەواتە کۆیلایەتی پێچەوانەی بنەماو رۆحی دیموکراسییە، چونکە دەسەڵات و پلەیەک بەخاوەن کۆیلە دەبەخشێ کە لە بنەڕەتدا نابێ هەیبێ.

### بەشی دووەم: بنەمای مافی کۆیلەیی لەلای یاساناسەکانی رۆما

یاساناسەکان بنەمای کۆیلەییان بۆ ئەو سێ رێگایەی خوارەوە گێڕایەوە:

**١- یاسای نێونەتەوەیی وادەخوازێ دیلەکانی جەنگ وەکو کۆیلە سەیریان بکرێ بۆ ئەوەی نەیانکوژن.**



**٢- یاسای مەدەنی رۆما مۆڵەتی بەو قەرزدارانە دەدا کە لەلایەن خاوە قەرزەکان ئازارو ئەشکەنجە دەدران بۆ ئەوەی خۆیانیان پێ بفرۆشن.**

**٣- بەپێی یاسای سروشتی منداڵی باوکێکی کۆیلە وەکو باوکی دەکرێ بەکۆیلە، چونکە باوکەکە ناتوانێ بژێوی منداڵەکەی دابین بکات.**

بەڵام پێویستە بزانین کە بەڵگەی یاساناسەکان بەهیچ جۆرێ مەعقول نییە، چونکە ناتوانین بروا بەوە بکەین کە بەزەیی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کۆیلەیی. یەکەم، زۆر هەڵەیە ئەگەر لەجەنگدا جگە لەکاتی پێویست کەسێک بکوژرێ. ئەگەر هاتوو یەکێک کەسێکی تری کردە کۆیلەی خۆی، ناتوانین ئەوە بسەلمێنین کە پێویست بووە لەسەر خاوەنەکە کۆیلەکەی خۆی بکوژێ و چونکە نەیکوشتووە لەرووی رەحم و بەزەییەوە کردوویە بەکۆیلەی خۆی، بەڵام ئەو مافەی لە جەنگدا بۆ دیلەکان دیاری کراوە ئەوەیە کە پێویستە بەجۆرێکی ئەوتۆ چاودێرییان بکرێ نەتوانن زیان بەکەس بگەیەنن. کوشتنی مرۆڤ بەدەستی سەربازەکان لە ئاکامی توندوتیژبوونی شەڕەکان، لەلایەن تەواوی نەتەوەکانی دونیاوە رەفزکراوەتەوە. دووەم؛ کارێکی راست نییە پیاوێکی ئازاد بتوانێ خۆی بفرۆشێ، فرۆشتن پێویستی بەنرخ هەیە. ئەو کۆیلەیەی خۆی دەفرۆشێ، هەموو سامان و داراییەکەی دەکەوێتە ژێر چنگی خاوەنەکەیەوە. کەواتە ئاغاکە هیچی ناداتێ و کۆیلەکەش هیچ وەرناگرێ. ئەگەر وتووشیانە کۆیلەکە دەبێتە خاوەنی هەندێ دراو، ئەوا دراوو پارە شتێکی ئەوتۆ نییە و لە حاڵەتی کۆیلەییدا هیچ جۆرە کەسایەتییەک بۆ تاک نامێنێتەوە. لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە خۆی بکوژێ و ئەگەر ئەو کارەشی کرد ئەوا بوونی خۆی لە نیشتمانەکەی دزیوە، هەر بۆیە هیچ کەسیش مافی ئەوەی نییە خۆی بفرۆشێ، چونکە ئازادیی هەر تاکێک بەشێک لە ئازادی کۆمەڵگا پێک دێنێ و تەنانەت ئەو سیفەتە لە حکومەتی جەماوەریدا بەشێک لەسەروەری دەوڵەت پێک دێنێ. خۆفرۆشتنی تاکێکی کۆمەڵگا کردەوەیەکی نابەجێ و ناشیرینە و ناکرێ مرۆڤ ئەو کارە بکات.

ئەگەر ئازادی بۆ کڕیارەکە بەهایەکی هەبێ ئەوا بۆ فرۆشیارەکە هیچ بەهایەکی نییە. یاسای مەدەنی کاتێ مۆڵەتی خەڵک دەدا سامان و دارایی لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن ناتوانێ رێگەی ئەوە بدا بەشێک لەو خەڵکەی ئەو دابەشکردنە ئەنجام دەدەن وەکو شتومەک سەیریان بکرێت. یاسای مەدەنی کاتێ لە توانایدا هەیە پەیمانە شوومەکان هەڵوەشێنێتەوە، ناتوانێ ئەو پەیمانەی وەدیهێنەری گەورەترین شوومی و بەدبەختییە هەڵنەوەشێنێتەوە.

سێهەم؛ شێوەی سێهەمیشیان کە پەیوەندی بە لەدایکبوونی منداڵەوە هەیە لە کاتی کۆیلەیی باوکدا، بەهۆی ئەو دوو بەڵگەی پێشووەوە مسداقییەتی خۆی لە دەست دەدات، چونکە ئەگەر کەسێک نەتوانێ خۆی بفرۆشێ ئەوا ناتوانێ منداڵەکەشی بفرۆشێ کە هێشتا نەهاتۆتە دونیاوە. ئەگەر لە توانادا نەبێ دیلێکی جەنگ بکرێتە کۆیلە ئەوا ناتوانرێ منداڵەکەشی بخرێتە نێو کۆت و بەندی کۆیلایەتییەوە. ئەو شتەی شەرعییەت دەدا بەمەرگی تاوانبارێک ئەو یاسایەیە کە بەسزای دەگەیەنێ و لە بەرژەوەندی ئەو دارێژراوە. بکوژەکە سوود لەو یاسایە وەردەگرێ کە مەحکوومی کردووە چونکە هەموو ساتێ ژیانی ئەویش دەپارێزێ، کەواتە ناتوانێ دژی ئەو یاسایە نارەزایەتی دەربڕێ. بەڵام بارودۆخی کۆیلە بەم جۆرە نییە، چونکە یاسای کۆیلەیی هیچ کاتێک لە بەرژەوەندی ئەو نەبووە و لە گشت حاڵەتەکاندا دژی ئەووەستاوە و ئەو بنچینەیەش دژی بنەمای سەرەکی گشت کۆمەڵگا مرۆیییەکانە. رەنگە بڵێین ئەو یاساییە لەو رووەوە سوودی بەکۆیلەکە بەخشیوە چونکە ئاغاکە خواردنی داوەتێ، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبێ کۆیلەیی تایبەت بێت بەو کەسانەی کە توانای دابینکردنی بژێوییان نییە، بەڵام هیچ کەسێک کۆیلەی لاوازو بێ هێزی ناوێ.

بەڵام سەبارەت بە منداڵەکان، سروشت شیری بە دایک بەخشیوەو ئەویش خۆراکی منداڵەکەی دابین دەکات و دوای ئەو قۆناغەش منداڵ لە هەموو ماوەی ژیانیدا توانای گەشەکردنی هەیە و ناتوانین بڵێین کەسێک بە سیفەتی خاوەن کۆیلەیی ئەوی بەخێوکردووە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسمان کرد، کۆیلەیی بە ئەندازەی دووری لە یاسا سروشتییەکان لە یاسا مەدەنییەکانیش دوورە. چ یاسایەکی مەدەنی دەتوانێ پێشی هەڵاتنی ئەو کۆیلەیە بگرێ کە لە کۆمەڵگادا شوێنێکی نییەو هیچ یاسایەک پەیوەندی بە ئەوەوە نییە؟ جگە لە یاسای خێزانی کەس ناتوانێ پێشی راکردنی بگرێ! کەواتە جێبەجێکردنی یاسای مەدەنی بەسەر کۆیلەکاندا هیچ مانایەکی نییە!

### بەشی سێهەم: هەندێ سەرچاوەی تری مافی کۆیلەیی

بە بڕوای من مافی کۆیلەیی سەرچاوەکەی سووکایەتیکردنی گەلێکە بەرامبەر گەلێکی ترو ئەوەش لەسەر بنەمای جیاوازی داب و نەریتەکان دەوەستێت.

(لۆپێزدۆگۆمارا) دەڵێ: ئیسپانییەکان لە نزیک سێنت مارت هەندێ سەبەتەیان دۆزیەوە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پڕیان کردبوو لە مێرووی چەشنی قالۆچە، شەیتانۆکە،



سیسرکەو کلۆ. داگیرکارەکان ئەو کارەیان بە جۆرە تاوانێک لە قەڵەم دا. لۆپزدۆگۆمارا پێی وایە ئەو بابەتە بووە هۆی ئەوەی ئسپانییەکان مافی کۆیلەکردنی ئەمریکییەکان بە خۆیان رەوا ببینن. جگە لەوە ئەمریکییەکان جگەرەیان دەکێشاو ریشیشیان وەکو ئسپانییەکان کورت نەدەکردەوە. ئەو شتانە وای کرد ئسپانییەکان بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەمریکییەکان بکەن.

زانیاری، نەرمی و هێمنی بە مرۆڤ دەبەخشێ و عەقڵ بەرەو ئینسانیەت هانی دەدات، تەنیا بیروبۆچوونی خورافی و پڕ لە وەهم لە ئینسانیەتی دوور دەکاتەوە.

### بەشی چوارەم: سەرچاوەیەکی تری مافی کۆیلەیی

بە بڕوای من ئایین مافی ئەوەی بە ئیماندارەکان داوە کۆیلەیی بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنن کە بێ ئایین بوونە، بۆ ئەوەی لە رێگایەکی ئاسانترەوە دینەکەی خۆیان بڵاوبکەنەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بوو کە وێرانکارو تێکدەرانی وڵاتی ئەمریکای هان دەدا بۆ ئەوەی تاوانکاری ئەنجام بدەن و لەسەر بنەمای ئەو فیکرە بوو، مافی ئەوەیان بە خۆیان دەدا ئەو هەموو میللەتە بخەنە ژێر کۆتی کۆیلەیی خۆیان. چونکە ئەو چەتەو رێگرانە دەیانویست هەم رێگر بن و هەم مەسیحییەکی زۆر بە ئیمان.

لویسی سێزدە زۆر غەمی لەو یاسایە دەخوارد کە رەش پێستی وڵاتە موستەعمەرەکانی ئەفریقای بە کۆیلە لە قەڵەم دەداو رازی نەبوو لەسەر کۆیلەیی ئەوان. بەڵام چونکە وایان تێگەیاند ئەو کارە باشترین رێگایە بۆ گۆڕینی دینی رەش پێستەکان، رەزامەندی پێشاندا.

### بەشی پێنجەم: کۆیلەیی رەش پێستەکان

ئەگەر بڕیار بێ ئەوە قبووڵ بکەین مافی ئەوەمان هەیە رەش پێستەکان بکەینە کۆیلەی خۆیان، ئەوا من بەم جۆرە رای خۆم دەردەبڕم: گەلانی ئەوروپا کاتێ دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکایان لەناوبرد، ناچاربوون ئەفریقییەکان بکەنە کۆیلەی خۆیان بۆ ئەوەی زەوی وزارە کشتوکاڵییەکانیان پێ رەنێو بێنن. ئەگەر کۆیلەکان چاوەدێری ئەو رووەکەیان نەکردبا کە شەکری لێ دروست دەکرا (قامیشی شەکر) ئەوا نرخی شەکر زۆر گران دەبوو. ئەو مرۆڤانەی باسیان دەکەین لە نووکی پێ تا تەپڵی سەریان رەشەو لووتیان بە رادەیەک گەورەیە کە محاڵە بەو دیمەنەوە مرۆڤ سکی پێیان بسووتێت و ناتوانین ئەو فیکرە لە

مێشکی خۆماندا بچەسپێنین کە پەروەردگاری دانا، ڕۆحێکی باشی خستۆتە نێو ئەو جەستە ڕەشانەوە.

شتێکی زۆر ئاساییە مرۆڤ پێی وابێ ڕەنگ جەوهەری ئینسانییەتە. لە نێو گەلانی ئاسیادا پیاوەکان دەخەسێنن و لێرەش بەردەوام سوود لەم شێوازە وەردەگیرێ ڕەش پێستەکان لەو سیفەتانە بێ بەش دەکەن کە بە ئێمەیان دەبەستێتەوە. بە هۆی ڕەنگی پێستەوە دەتوانین حوکم لەسەر ڕەنگی قژیش بدەین. میسرییەکان کە باشترین فەیلەسووفی دونیا بوونە بەڕادەیەک گرنگییان بەو بابەتە داوە، هەر کاتێ مرۆڤێکی سوورپێستیان بەردەست کەوتبا یەکسەر دەیانکوشت.

بەڵگەیەک کە دەیسەلمێنێ ڕەش پێستەکان شعووریان نییە ئەوەیە کە ملوانکەیەکی شووشەیان پێ گرنگترە لە ملوانکەیەکی زێڕ، لە حاڵێکدا گشت نەتەوە پێشکەوتووەکانی دونیا گرنگیەکی یەکجار زۆر بە زێڕ دەدەن.

محاڵە بتوانین تەسەوری ئەوە بکەین ئەو کەسانە لەرەگەزی مرۆڤن، چونکە ئەگەر پێمان وابێ ئەوان مرۆڤن ئەوا دەبێ وا بزانین ئێمە مەسیحی نین. هەندێ کەسی بێ مێشک سەبارەت بەو ناعەدالەتیەی لەگەڵ ڕەش پێستەکاندا دەکرێ مبالەغەیەکی زۆر دەکەن، چونکە ئەگەر وتەکانی ئەوان ڕاست بێ، ئایا بە بیری پاشاکانی ئەوروپادا نایەت کە لە زەمەنی ئەو هەموو ڕێککەوتنە بێهوودانەی لەگەڵ یەکتریدا دەیبەستن، ڕێککەوتنێکی گشتیش سەبارەت بە چاوپۆشی و بەزەیی هاتنەوە بەرامبەر بە ڕەش پێستەکان بێننە ئاراوە.

## بەشی شەشەم: سەرچاوەی ڕاستەقینەی مافی کۆیلەیی

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەدوای سەرچاوەی ڕاستەقینەی مافی کۆیلەییدا بگەڕێین. پێویستە ئەو مافە لە سروشتی شتەکانەوە هەڵقوڵابێ: با بزانین ئایا هیچ حاڵەتێک هەیە کە لێی وەرنەگیرابێت؟

لەنێو حکومەتە ئیستبدادییەکاندا خۆفرۆشتن کارێکی زۆر ئاسانە، چونکە لە نێو ئەو حکومەتەدا کۆیلەیی سیاسی ئازادی مەدەنی لەنێو دەبات. مسیۆ «پری» دەڵێ: خەڵکی ڕوسیا زۆر بە ئاسانی خۆیان دەفرۆشن. من بە باشی هۆکاری ئەم کارە دەزانم، هۆیەکەی ئەوەیە ئازادییەکەیان هیچ بەهایەکی نییە.

لە ئاسیاشدا هەموو کەس هەوڵ دەدا خۆی بفرۆشێ. هەندێ لە ئاغا گەورەکان لانی کەم هەزار کۆیلەیان هەیەو ئەو کۆیلانەش بریتین لە بازرگانی بەناوبانگ و ئەوانیش بۆ



خۆیان چەندەها کۆیلەیان هەیەو ئەو کۆیلانەش خاوەن کۆمەڵە کۆیلەیەکی ترن. دەستەیەک لەو کۆیلانە دەچنە خانەی میراتەوەو سەوداو مامەڵەیان پێ دەکرێ. لەو جۆرە وڵاتانەدا، لەبەر ئەوەی پیاوە ئازادەکان لەبەرامبەر دەوڵەتدا زۆر بێ هێزن هەوڵ دەدەن ببنە کۆیلەی کەسێک کە لە بەرامبەر دەوڵەتدا بە هێزە. ئەو سەرچاوە ڕاست و مەعقوولەی مافی کۆیلەیی زۆر نەرمە کە لە هەندێ وڵاتدا دەبینرێ، پێویستە نەرمیش بێت چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە مرۆڤ لە پێناوی بەرژەوەندی و سوودی خۆی کەسێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و ئەو کارەش جۆرە ڕێککەوتنێک لە نێوان هەردوو لادا دێنێتەکایەوە

## بەشی حەوتەم: سەرچاوەیەکی تری مافی کۆیلەیی

سەرچاوەیەکی تری مافی کۆیلەیی لەنێو خەڵکدا هەیە کە هەمیشە بێ ڕەحمترین حاڵەتی ئەو مافەیە:

هەندێ وڵاتی ئەوتۆ هەیە تێیدا گەرما لەش دەپروکێنێ و بەڕادەیەک جوامێری کەم دەکاتەوە کە پیاوەکان ئامادەنین مل بۆ کاری قورس بدەن و تەنیا لە ترسی سزادان کاردەکەن. کەواتە کۆیلەیی لەوێدا کەمتر دژی عەقڵە. لەبەر ئەوەی ئاغا لەبەرامبەری پاشادا بە ئەندازەی پەیوەندی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلە لاوازو بێ دەسەڵاتە، کەواتە کۆیلەیی سیاسی لەگەڵ خۆیدا کۆیلەیی مەدەنی دێنێ و لەم جۆرە وڵاتانەدا هەردوو شێوەی کۆیلەیی بوونیان هەیە.

ئەرستۆ دەیەوێ بیسەلمێنێ کە کۆیلەیی بە شێوەیەکی خۆڕسک هەیە، بەڵام ئەو بەڵگانەی بەکاری دێنێ ڕایەکەی بە تەواوی ناسەلمێنێ. من پێم وایە ئەگەر کۆیلە هەبێ هەر ئەو کەسانەن کە باسم کردن. بەڵام بەو حاڵەش چونکە هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی لە دایک دەبن پێویستە بڵێین کۆیلەیی پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە. ئەگەرچی لە هەندێ وڵاتیشدا لەسەر بنەمای سروشتی سەری هەڵدابێ، پێویستە ئەم وڵاتانە لەو وڵاتانە جیابکەینەوە کە زەمینەی سروشتی تێدا نییە بۆ کۆیلایەتی، هەروەکو وڵاتەکانی ئەوروپا کە بە خۆشییەوە کۆیلەیی لەوێدا هەڵوەشێنراوەتەوە. پلۆتارک لە ژیاننامەی نۆمادا دەڵێ: لەسەردەمی «ساتۆرن»دا نە کۆیلەدار هەبوو نە کۆیلە، واتە کۆیلایەتی هەر نەبووە. ئەمڕۆش لە وڵاتەکانی ئێمەدا مەسیحییەت ئەو چەرخەی نوێ کردۆتەوەو بە هۆی کاریگەریی ئایینی مەسیح کۆیلەیی لەناوچوو.

## بەشی هەشتەم: بێ سوود بوونی کۆیلەیی لەنێو ئێمەدا

پێویستە کۆیلەی سروشتی تایبەت بێ بە هەندێ وڵاتی دیاریکراوی جیهان. لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکاندا سەقامگیرکردنی سیستەمی کۆیلایەتی هیچ پێویست نییە، چونکە ئەگەر خەڵک بیەوێ کاری قورس و پڕ مەترسی ئەنجام بدا دەتوانێ لە رێگای کرێکارو پیاوە ئازادەکانەوە کارەکان راپەڕێنێ. ئەو بیرۆکەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد پشت بەو بنەمایە دەبەستێ. بەر لەوەی مەسیحییەت لەئەوروپادا کۆیلەیی مەدەنی هەڵوەشێنێتەوە، کارکردن لە کانەکانیاندا بەرادەیەک پێ زەحمەت بوو، پێیان وابوو دەبێ تەنیا کۆیلەکان یان تاوانبارەکان ئەوکارە ئەنجام بدەن. بەڵام ئێستا ئەو پیاوانەی لە نێو کانەکاندا کاردەکەن خۆیان بە بەختەوەر دەزانن چونکە بە هۆی هەندێ ئیمتیازاتی بچووکەوە ئەو پیشەیان پەرە پێ داوە. بۆ کاری قورس و زۆر کرێی زیادیان داناوەو بەم جۆرە کرێکارەکانی ئەو پیشەیە کاری خۆیان لە هەموو کارەکانی دیکە زیاتر خۆش دەوێ.

کار هەرچەندە قورس بێ دەکرێ لەگەڵ تواناو هێزی ئەو کەسەی ئەنجامی دەدا بگونجێندرێ، بەو مەرجەی رێکخستنی کارەکە لە رێگای عەقڵەوە بێت نەک بە هۆی ئیرەیی و نەفس نزمی.

دەتوانین هەموو ئەو کارانەی کۆیلەکان رایدەپەڕێنن بەهۆی ئامێرەوە کە بەرهەمی پیشەسازییە بە ئەنجام بگەیەنین.

کانی ویلایەتی تمسواری تورکیا زۆر لە کانەکانی مەجارستان دەوڵەمەندتر بوو، بەڵام بەرادەی ئەوان بەرهەمی نەبوو، چونکە بۆ دەرهێنانی کانەکان جگە لە هێزی بازووی کۆیلەکان سوودیان لە هیچی تر وەرنەدەگرت.

نازانم ئەوە عەقڵە یان سۆز کە ئەو شتانەم پێ دەنووسێ. لەوانەیە لەسەر رووی زەوی هەندێ هەرێمی ئەوتۆ هەبن کە نەتوانن کار بە پیاوە ئازادەکانیان بکەن، چونکە یاساکانیان خراپ بووەو بە هۆی ئەوەوە پیاوی ئیش نەکەرو تەمبەڵ پەیدابوونەو لەبەر ئەوەی پیاوەکانیان تووشی تەمبەڵی هاتوون ملکەچی کۆیلەیی بوونە.

## بەشی نۆیەم: ئەو وڵاتانەی ئازادی مەدەنییان تێدا سەقامگیربووە

بەردەوام گوێ بیستی ئەوە دەبین دەڵێن ئەگەر لە لای ئێمەش کۆیلایەتی هەبوایە زۆر باش دەبوو. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەو بابەتە بە باشی قەزاوەت بکەین نا بێ تەنیا سەیری کەمینەیەکی دەوڵەمەندو دەست رۆیشتوو بکەین، چونکە شتێکی ئاساییە کە کۆیلەیی بۆ ئەوان سوودی هەیە، پێشم وا نییە هیچ کەسێکی ناو ئەو کەمینەیە ئامادە بێ



بۆ خۆی ببێ بە کۆیلە. ئەگەر بێتو ژمارەیەک لەنێو چینی دەوڵەمەند لە رێگای تیروپشکەوە بۆ کۆیلایەتی هەڵبژێردرێن، ئەوکات ئەوانەی لە هەموو کەس زیاتر بە قازانجی کۆیلەفرۆشی پڕوپاگەندە دەکەن، لە هەموو کەس زیاتر لێی بێزار دەبن. هەروەها هەژارترین کەسیش لە کۆیلەیی بێزار دەبێ. کەواتە لایەنگریکردن لە کۆیلە فرۆشی، لایەنگرییە لە لوکس و شەهوەتپەرستیە نەک بەختیاریی گشتی.

شتێکی ئاساییە هەموو کەس ئارەزوو دەکات بەسەر سامان و دارایی خەڵکانی تردا زاڵ بێت و ئەو کارە خۆشحاڵی دەکاو گشت مەیل و ئارەزووەکانی بۆ گەشەدان بەو فیکرە وشیاردەبنەوە. بەڵام ئەگەر ئێستا دەتانەوێ بزانن ئەو مەیل و ئارەزووە مەشرووعە یان نا، ئەوا لێکۆڵینەوە لەسەر ئاوات و ئارەزووی هەموو کەسەکان بکەن، ئەوکات بۆتان دەردەکەوێ بەشی هەرەزۆری گەل دژی سەرەڕۆیی و لوکس پەرستی کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو (واتە خاوەن کۆیلەکان)ـە. بەم جۆرە دژایەتیی گشتی لە گەڵ سیستەمی کۆیلەیەتی دەسەلمێت.

## بەشی دەیەم: جۆرەکانی کۆیلەیی

دوو جۆرە کۆیلەیی هەیە: کۆیلەیی راستەقینە، کۆیلەیی تاکەکەسی (تایبەتی).

کۆیلەیی راستەقینە بەو جۆرە دەگوترێ کە کۆیلە بە زەوییەوە دەبەسترێتەوە. هەروەک تاسیت ئاماژەی بۆ دەکا، لەنێو جێرمەنەکاندا ئەم جۆرە کۆیلەیەتیە باوبووە وکۆیلەکان لە ماڵەکاندا کاریان نەکردووەو تەنیا بڕێک گەنم و ئاژەڵ و پارچەیان دەدا بە خاوەنەکانیان و مەسەلەی کۆیلە بوونەکەیان لەو سنوورە تێ نەدەپەڕی. ئەم جۆرە کۆیلایەتیە هەم لە مەجارستان و هەم لە چەندین ناوچەی ئەڵمانیای خوارووداباوبووە. بەڵام کۆیلەیی تایبەتی پەیوەندی بە ماڵ بەرێوەبردنەوە هەیەو زیاتر پەیوەندی بە خاوەن کوێلەوە هەیە. ستەمکارانەترین جۆری کۆیلایەتی ئەوەیە کە کۆیلەیی هەم تایبەت بێ و هەم راستەقینە. کۆیلەیی ئیلۆتەکان لەبەرامبەر لاسدمۆنی یەکان بەم جۆرە بوو، چونکە ئیلۆتەکان لەدەرەوەی ماڵەکاندا ناچاردەکران هەموو کارێک ئەنجام بدەن و لە نێو ماڵەکانیشدا بەردەوام سووکایەتیان پێ دەکرا. ئەم جۆرە کۆیلایەتیە دژی سروشتی مرۆڤایەتییە. لەنێو نەتەوە سادەکاندا تەنیا کۆیلەیی راستەقینە هەیە چونکە ژن و منداڵەکانیان هەموو کارەکانی ماڵەوە رادەپەڕێنن، بەڵام نەتەوە سەرەڕۆو شەهوەتپەرستەکان کۆیلەی تایبەتیان هەیە، چونکە لۆکسپەرستیی ژیانی ئەوان پێویستی بە کۆیلە هەیە. ئەو جۆرە کۆیلایەتیەی بەسەر ئیلۆتەکاندا دەسەپا، هەردوو جۆری کۆیلایەتی لە تاکە کەسێکدا کۆدەکردەوە.

## بەشی یازدەهەم: یاسا لەمەڕ کۆیلایەتی دەبێ چ بکا

سروشتی کۆیلایەتی هەرچییەک بێ، پێویستە یاسا مەدەنییەکان تێبکۆشن لە لایەکەوە دەستدرێژی و لە لایەکی تریشەوە مەترسییەکانی کۆیلایەتی لەناو ببەن.

## بەشی دوازدەهەم: چەوساندنەوە لە کاتی کۆیلە فرۆشتندا

لە وڵاتە موسڵمانەکاندا خاوەن کۆیلە سەرەڕای ئەوەی گیان و ماڵی قەرەواشەکان (کەنیزە) دەخاتە ژێر رکێفی خۆی، دەست درێژی دەکاتە سەر پاکی و شەرافەتیشیان. ئەم مەسەلەیە گەورەترین بەدبەختیی ئەو وڵاتانەیە، دەڵێی بەشی هەرە زۆری گەل بۆ خزمەتکردن و ملکەچبوونی تاقمێکی کەم خەڵق کراون. کۆیلەیی بە هۆی ئەو تەمبەڵیەی ویژدانی کۆیلەکان ئاسوودە دەکا، قەرەبوو دەدرێتەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەمە بۆ خۆی بەدبەختیەکی ترە. هەر ئەو تەمبەڵیەیە کە حەرەمسەراکانی رۆژهەڵاتی کردۆتە سەرچاوەی چێژو لەزەت بۆ ئەو کەسانەی کە حەرەمسەراکانیان لە دژ دروست کراوە. ئیدی ئەو کەسانەی لە کارکردن دەترسن، دەتوانن بەختیاری و خۆشبەختی خۆیان لەم شوێنە هێمنانەدا وەچەنگ بێنن. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە هەر لەو رێگایەوە رۆحی سەقامگیرکردنی کۆیلایەتی هەرەس دێنێ، چونکە عەقڵ وا دەخوازێ دەسەڵاتی خاوەن کۆیلە سنووری ئەودیوی خزمەتکاری نەبەزێنێ و کۆیلە ئەرکەکەی خزمەتکردن بێت نەک دامرکاندنی شەهەوەت و ئارەزووی خاوەن و گەورەکەیان. کاتێ کۆیلە وەکو سەرچاوەی رابواردن و شەهوەت سەیری کرا ئەوا خۆی بە هاوڕێ و هاوسەری خاوەنەکەی دەزانێ.

مافی شەرافەت و داوێنپاکی یەکێکە لە مافە سروشتییەکان و پێویستە هەموو نەتەوەکانی جیهان هەستی پێ بکەن و پارێزگاری لێ بکەن. ئەو یاسایەی شەرافەت و ناموسی کۆیلەکان دەپارێزێ ئەگەر لە وڵاتێکی ئیستبدادیدا باش بێ ئەوا بە تاکید لە وڵاتە دەستوورییەکاندا باشترەو لە وڵاتە کۆمارییەکانیشدا هەر یەکجار باشە.

ڕێوشوێن و ڕێسایەک لە نێوی یاسای لیمباردەکاندا چەشپییوە کە دەکرێ بڵێین لەگەڵ هەموو حکومەتەکاندا دەگونجێ و باشە. ئەگەر پیاوێک دەستدرێژی کردبایە سەر ژنی کۆیلەکەی خۆی و تووشی لارێیی کردبا، ئەوا ژن و پیاوە کۆیلەکە هەردووکیان ئازاد دەکران. ئەو میانڕۆیی و نەرمییە شایانی ستایش کردنە، چونکە بەبێ هیچ چەشنە توندوتیژیەکی ئەوتۆ پێشی سەرەڕۆیی و خەمساردیی خاوەن کۆیلەکان دەگرێ.

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە رۆمانەکان لەمەڕ ئەو بابەتە هیچ چەشنە یاسایەکی ڕێک و پێک و گونجاویان نەبووە. ئەوان خاوەن کۆیلەکانیان ئازاد دەکرد



و تەنانەت کۆیلەکان لە مافی ژیانی هاوسەریش بێ بەش دەکران. لە لای رۆمانەکان، کۆیلە نزمترین و بێ نرخترین چینی کۆمەڵگابوو، بەڵام هەرچەندە بێ نرخ و نزم با دەبوایە ئەخلاقێکی باشی هەبێت. دەبێ ئەوە بزانین کە رێگەگرتن لە ژیانی هاوسەریی کۆیلەکان، ژیانی هاوسەریی خەڵکە ئازادەکەشی تووشی فەساد دەکرد.

## بەشی سێزدەهەم: زۆری ژمارەی کۆیلەو مەترسییەکانی

زۆریی ژمارەی کۆیلەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کاریگەری جیاوازی هەیە. کۆیلەیی لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا وەکو بارو ئەرکێکی قورس سەیری ناکرێ، چونکە لەوێدا لەبەر ئەوەی کۆیلەیی سیاسی لەناو سیستەمی دەوڵەت دایە هەر بۆیە کۆیلەیی مەدەنی کەمتر هەستی پێ دەکرێ. ئازادیی ئەوکەسانەی پێیان دەگوترێ پیاوی ئازاد لە ئازادی تاکی کۆیلە زۆرترنییە. لەبەر ئەوەی لەژێر ناوی گەورە یان کۆیلەی ئازادکراو یان بەندەدا رکێفی دەسەڵات دەگرنەدەست، هەلومەرجی ژیانی پیاوێکی ئازاد و کۆیلەیەک زۆر بە یەک دەچێ. کەواتە زۆر بوون و کەم بوونی ژمارەی کۆیلەکان هیچ لە بارودۆخی کۆمەڵگا ناگۆڕێ. بەڵام ئەو بابەتە لەنێو حکومەتە میانڕۆکاندا گرنگیەکی تایبەتی هەیەو نابێ ژمارەی کۆیلەکان روو لە زیادبوون بکات. رێگرتن لە زۆربوونی ژمارەی کۆیلەکان، میانڕۆیی و هێمنیی حکومەتەکە دەپارێزێت.

لەم وڵاتانەدا ئازادیی سیاسی نرخ و بەهایەکی زیاتری بە ئازادیی مەدەنی بەخشیوەو هەر کەسێکیش لە ئازادیی مەدەنی بێ بەش بکرێ ئەوا بێشک خاوەن ئازادیی سیاسیش نابێ. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا کۆیلە بە چاوی خۆی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر دەبینێ کە بۆ خۆی لەوێدا ئەندام نییە، بۆی دەردەکەوێ کە ئاسایش بۆ هێندێک کەس هەیەو بۆ ئەو نییە. هەر بۆیە کۆیلەکە هەست دەکا رۆحی ئاغاکەی بەردەوام گەورە دەبێ و بەڵام رۆحی ئەو بەردەوام بەرەو سست و لاوازی دەچێ. هیچ شتێک بەرادەی ئەوە مرۆڤ بەرەو درندەیی و ئاژەڵی هان نادا کاتێ سەیر بکا خەڵکانی تر ئازادن و ئەو ئازاد نییەو بەردەوام لەنێو کۆت و بەندیکۆیلەییدا گرفتارە. ئەم جۆرە کەسانە دوژمنی باوەکوشتەی کۆمەڵگان و زۆریی ژمارەیان هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر حکومەت. هەر بۆیە نابێ پێمان سەیر بێ کە شۆڕشی کۆیلەکان بەردەوام لەنێو حکومەتە میانڕۆکاندا سەرهەڵدەدا و وڵات تووشی پشێوی و ئاڵۆزی دەکات و بەپێچەوانەوە لە نێو حکومەتە ئیستبدادییەکاندا رووداوی ئەوتۆ بەدەگمەن روودەدەن.

## بەشی چواردەهەم: کۆیلەی چەکدار

مەترسی چەکداربوونی کۆیلەکان لەنێو حکومەتی کۆماریدا گەلێک زیاترە وەک لە حکومەتی دەستووری دا، چونکە لەناو حکومەتی دەستووریدا تاقمە سەربازی و کۆمەڵە ئەرستۆکراتەکان دەتوانن پێشی مەترسی کۆیلە چەکدارەکان بگرن. بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێو حکومەتی کۆماریدا هیچ چینێکی نایاب نییە ناتوانن پێشی ئەو کەسانە بگرن کە لەگەڵ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا یەکسانن و بەڵام چەکیشیان لە دەست دایە.

کاتێ گوتەکان ئیسپانیایان داگیرکرد، لەنێو ئەو وڵاتەدا بڵاوبوونەوە بەڵام زۆر بە زوویی بەرەو لاوازی و بێ هێزی ڕۆیشتن. گووتەکان لە ئیسپانیادا سێ پەیڕەونامەی گرنگیان داڕشت: ئەو داب و نەریتە کۆنەیان هەڵوەشاندەوە کە ڕێگر بوو لەبەردەم تێکەڵاویی ئەوان و ڕۆمانەکان لە ڕێگای ژن و ژنخوازیەوە. هەروەها بڕیاریاندا ئەو کەسانەی لە باج دان دەبەخشرێن دەبێ بەرەو بەرەکانی جەنگ بچن و ئەگەر ئەمە جێ بە جێ نەکەن ئەوا دەکرێن بە کۆیلە، بڕیاریشیاندا دەبێ هەر گووتیەک یەک لەسەر دەی کۆیلەکانی خۆی چەکدار بکاو بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕەوانەیان بکات. ئەو ڕێژەیە لەچاو زۆریی ژمارەی کۆیلەکانیان ڕێژەیەکی زۆر نەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەو کۆیلانەی هاوڕێ لەگەڵ ئاغاکانی خۆیاندا دەچوونە جەنگ سوپایەکی تایبەتیان پێک نەدەهێنا، بەڵکو دەبوونە بەشێک لە لەشکر.

## بەشی پازدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

کاتێک هەموو میللەت شەڕکەر بێ ئەوا پێویست ناکا زۆر لە کۆیلە چەکدارەکان بترسێین. بە پێی یاساکانی ئەڵمانیا ئەگەر هاتباو کۆیلەیەک شتێکی دزیبا کە لە شوێنێک دانرابوو، ئەوا هەر ئەو سزایانەی بەسەردا دەسەپا کە بۆ کەسێکی ئازاد دانرابوو. بەڵام ئەگەر لە ڕێگای توندوتیژی و هێزەوە شتێکی داگیرکردبا ئەوا تەنیا دەبوایە شتەکەی دابایەوە.

ئەو کردەوانەی پشتئەستوورن بە بوێری و ئازایەتی لە لای ئەڵمانییەکان بێزراونەبوون و کۆیلەکانی خۆیان لە کاتی جەنگەکاندا بەکار دەهێنا. لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمارەکاندا بەردەوام هەوڵیان داوە جوامێریی کۆیلەکان لەنێو بەرن بەڵام چونکە گەلی ئەڵمانیا متمانەی بە خۆی هەبوو تێدەکۆشا جوامێریی کۆیلەکان پەرەپێ بداو لەبەر ئەوەی خۆیان هەمیشە چەکدار بوون هیچ باکێکیان بە کۆیلەکان نەبوو. کۆیلەکان دەبوونە هۆی سەربەرزیی ئەوان.



## بەشی شازدەهەم: ئەو خۆپارێزییانەی بۆ حکومەتێکی میانڕۆ پێویستە

ئەو بەزەییەی لەنێو حکومەتی میانڕۆدا بەرامبەر بە کۆیلەکان نیشان دەدرێ پێشی ئەو مەترسییانە دەگرێ کە بە هۆی زۆربوونی ژمارەکەیانەوە دێنە ئاراوە.

مرۆڤ خوو بە هەموو شتێکەوە دەگرێ، تەنانەت بە کۆیلەیش، بە مەرجێ ئەو دەسەڵاتەی بەسەریانەوەیە لە خودی کۆیلەییەکە توندوتیژتر نەبێ. ئەسینییەکان بەوپەڕی هێمنییەوە لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا ڕەفتاریان دەکرد، هەر بۆیە هیچ کاتێ نەبوونە هۆی تێکدان و شێواندنی کاروبارەکانی دەوڵەت. بەڵام لە لاسدمۆندا وانەبوو. ڕۆمانییە کۆنەکانیش لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا باش بوون و هیچ کات هەستیان بە نیگەرانی نەکردووە لێیان، بەڵام کاتێ هەموو هەستێکی مرۆڤانەیان لەبەرامبەر کۆیلەکان لەدەست دا، جەنگە ناوخۆییەکان، کە بە جەنگی پونیک دەشوبهێنرێن، سەریان هەڵدا.

ئەو گەلانەی خۆیان حەزیان لە کارکردنە لەو گەلانەی کە لایەنگری کارکردن نین، هەستی بەزەییان زۆرترە بەرامبەر بە کۆیلەکان. ڕۆمانییە سەرەتاییەکان لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا کاریان دەکردو دەژیان و بەیەکەوە نانیان دەخواردو دەرحەق بە کۆیلەکان زۆر دلۆڤان و دادگەر بوون.

گەورەترین سزا کە لەو سەردەمەدا بەسەر کۆیلەکاندا دەسەپێنرا ئەوە بوو کە دارێکیان لەپشت دەبەستن و بە بەردەمی دراوسێکاندا دەیانگێڕان.

لەو سەردەمەدا تەنیا یاسا ئەخلاقییەکان ئەرکی پارێزگاریکردن لە ئەمەکداری کۆیلەکانیان ڕادەپەڕاندو هیچ پێویستیان بە یاسای سزادان نەبوو.

بەڵام هەر کە ڕۆمانەکان گەورەبوون ئیتر شەریکە بەشی و هاوکاری کۆیلەکان کۆتایی پێهات و ئەمجار وەکو هۆکاری ڕابواردن و دامرکاندنی حەزو ئارەزووی ڕۆمانەکان سەیریان دەکرا. لەبەر ئەوەی ئەخلاقی ساکاری بەراییی لەناوچوو و هێدی هێدی یاسا ئەخلاقییەکان بەرەو لاوازی ڕۆیشتن، ناچاربوون هەندێ یاسای سزادان سەبارەت بە کۆیلەکان داڕێژن، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بۆ پاراستنی گیانی ئەو خاوەن کۆیلانەی لەگەڵ کۆیلەکاندا دەژیان هەندێ یاسای زۆر قورس و توندیان دانا، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ژیانی ئەوان وەکو هی ئەو کەسانە وابوو کە لەنێو دوژمنەکانیاندا ژیان بەسەردەبرد، هەر بۆیە کۆمەڵە یاسایەکی توندیان دەرکرد. بەپێی ئەو یاسایەی کە سیلانی نوێنەری ئەنجوومەنی سەنا بە یارمەتی ڕای گشتی داڕشتبوو، ئەگەر ئاغایەک بکوژرابا ئەوا دەبوایە هەموو ئەو کۆیلانەی لەگەڵیدا دەژین و تەنانەت ئەو کۆیلانەش کە لە نزیک

شوێنی ڕووداوەکە بوون (بە جۆریک کە دەنگە دەنگیان گوێ لێ بووبێ) حوکمی مەرگیان بەسەردا دەسەپێنرا. ئەگەر کەسێک لەو نێوەدا پەنای کۆیلەیەکی مەحکوومی دابا ئەوا ئەویش حوکمی مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا.

ئەو یاسایانەی سەبارەت بە ملکەچی کۆیلەکان لەبەرامبەر ئاغاکانیان لە ڕۆما دانرابوو یەکجار زۆر توندوتیژ بوو، ئەگەر هاتبا ئاغایەک فەرمانی بە کۆیلەکەی دابا بیکوژێ و کۆیلەکە سەرپێچی ئەو فەرمانەی کردبا یان نەیهێشتبا ئاغاکەی خۆی بکوژێ ئەوا حوکمی مەرگی بە سەردا دەسەپێنرا یان وەکو گوناهکار لە قەڵەم دەدرا.

هەرکاتێک خاوەن کۆیلەیەک لە کاتی سەفەرکردن کوژرابا ئەوا هەموو ئەو کۆیلانەی لەگەڵیدا بوون بە مەرگ مەحکووم دەکران، هەروەها هەموو کۆیلە ڕاکردووەکان و ئەو کەسانەی ئاغاکانیان بە جێ دەهێشت لە داردەدران.

بە کورتی ڕۆمانەکان بە پێی ئەم یاسایە تەنانەت کۆیلە بێ گوناهەکانیشیان مەحکووم بە مەرگ دەکرد، بۆ ئەوەی کۆیلەکان ئاگاداربن و باش بزانن دەبێ ملکەچی فەرمانی خاوەن کۆیلەکانیان بن و لە هیچ کارێکدا سەرەلەقێ نەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاگاداربین کە ئەو یاسایانە بەشێک نەبوون لە یاسای ڕۆما، بەڵکو ئەم یاسایانە بۆیە دارێژران چونکە حکومەتی مەدەنی بەمانا ڕاستەقینەکەی لە ڕۆمای دێریندا نەبوو دەنا یاسای ئەوتۆ کە دژی ڕۆحی میانەڕۆییە دانەدەنرا.

یاسای ڕۆمای دێرین سەبارەت بە کۆیلەکان، بە پێی بنچینەکانی یاسای جەنگ و ڕەفتار لەگەڵ دیلەکان، دارێژرابوو. تەنیا جیاوازییان ئەوەبوو کە لەم حاڵەتەدا دوژمنەکانی ڕۆما لەناو ڕۆما بوون و لەگەڵ ڕۆمییەکاندا دەژیان. یاسای سیلانی کە بە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی پەسندکرا جگە لە یاسایەکی نێونەتەوەیی واتە یاسای جەنگ هیچی تر نەبوو، چونکە هیچ کاتێک لەنێو یاسای مەدەنیدا ڕێوشوێنی ئاوا توندوتیژ داناندرێ.

ڕۆژ ڕەشە ئەو حکومەت و گەلەی یاسادانەرەکانی ناچاربن یاسای ئاوا توندوتیژ دابڕێژن، چونکە تا بارودۆخی ژیانی خەڵک بەڕادەیەک قورس و ئاڵۆز نەبێ کە گوێڕایەڵی و ملکەچی ببێتە کارێکی قورس و دژوار، یاسادانەر ناچار نابێ یاسای ئاوا سەخت و توند بۆ ملکەچی و گوێڕایەڵی دابنێ. کاتێ لە ڕۆمای کۆندا ئەو یاسا توندوتیژانە سەبارەت بە ملکەچکردنی کۆیلەکان دادەنرا لەبەر ئەوە بوو کە ڕۆمانەکان بەڕادەیەک لەگەڵ کۆیلەکان بە خراپی دەجووڵانەوە کە ئەو چینە ڕۆژڕەشە بە هیچ جۆرێ متمانەیان بە خاوەنەکانیان نەمابوو و هیچ چەشنە متمانەیەکیشیان بە یاساکان نەدەکرد، هەر بۆیە متمانەی یاساو یاسادانەرەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوان دەسێندرایەوە.



## بەشی حەڤدەهەم: ڕێوشوێنی نێوان کۆیلەکان و خاوەنەکانیان

لە ڕۆمای دێریندا یاسادانەر ئەرکی سەرشانی بوو کە سەرنجی ئەوە بدا خواردن بدرێ بە کۆیلەکان و جل و بەرگ بپۆشن. جۆری جل و بەرگ و خواردنەکەش لەلایەن یاساوە دیاری دەکرا. هەروەها دەسەڵاتدارەکان دەبوایە دیقەتیان لەوە بکردبا کە ئاغاکان لەسەریانە لە کاتی نەخۆشی و پیریدا چاودێری کۆیلەکان بکەن.

«کلود»ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی یاسایەکی دانابوو، هەرکاتێ ئاغا، کۆیلەیەکی نەخۆشی خۆی لە ماڵەوە دەربکاو چاوەدێری نەکاو لە ئاکامیشدا کۆیلەکە ڕابکا، ئەوا ئاغاکە هیچ مافێکی بەسەر کۆیلەکەوە نامێنێ و ئەو کەسە ئازاد دەبێ.

هەرچەند ئەو یاسایە لەبەرژەوەندی ئازادی کۆیلەکان دانرابوو، بەڵام بە هیچ جۆرێ یارمەتی خۆشگوزەرانی و ژیانی ئەوانی نەکرد. کاتێک یاسادانەرەکان ئاغاکانیان کردۆتە خاوەنی گیانی و ماڵی کۆیلەکان و تەنانەت مافی کوشتنی کۆیلەکانشیان پێ داون، پێویستە هەندێ ڕێوشوێنی ئەوتۆش دابنێن کە ئاغاکە وەکو دادوەرێک سوود لە سەڵاحیات و دەسەڵاتی خۆی وەرگرێ نەک وەکو کەسێک کە خونکارێکی ڕەهایە. هەروەها دەبێ یاسادانەر هەندێ ڕێوشوێنی تایبەت دابنێ بۆ ئەوەی لە کاتی گوناهکاری کۆیلەکاندا بەپێی هەندێ ڕێورەسمی تایبەت سوود لە دەسەڵاتی خۆی وەرگرێ و سزایان بەسەردا بسەپێنێ و بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرا بێ کە کۆیلەکە بە پێی حەزو ئارەزووی ئاغاکەی نەکوژراوە. هەروەها ئەو وڵاتانەی سیستەمی کۆیلایەتیان تێدا سەقامگیرە واباشە سوود لەم ڕەفتارە وەرگرن، واتە ئەگەر بڕیارە کۆیلە گوناهکارەکان لەدار بدەن ئەوا یاسا بە جۆرێ دابڕێژن کە کۆیلەکە مافی ئەوەی هەبێ لە دادگاو لە لایەن دادوەرەوە حوکمی ئیعدامی بەسەردا بسەپێ.

یاسای موسا لەمەڕ کۆیلەکانەوە زۆر توندوتیژبوو. چونکە بە پێی ئەو یاسایە ئەگەر هاتباو کەسێک بە جۆرێک لە کۆیلەکەی خۆی دابا کە لە ئاکامی لێدانەکەدا گیانی لەدەست بدا، ئەوا خاوەن کۆیلەکە سزا دەدرا، بەڵام ئەگەر لە کاتی لێدانەکەدا نەمردبا واتە یەک دوو ڕۆژ دوای لێدانەکە گیانی دەرچووبایە ئەوکات ئیدی ئاغاکە سزا نەدەدرا، چونکە ڕاستە کۆیلەکە مردووە، بەڵام بەشێک بووە لە سامان و دارایی ئاغاکەو فەوتاوە، هەر بۆیە ئاغاکە هیچ چەشنە سزایەکی بەسەردا نەدەسەپێنرا.

ئەم یاسایە، یاسایەکی یەکجار زۆر نابەجێیە، چونکە یاسادانەر یاسای سروشتی پێشێل کردووە کە پارێزەری گیانی مرۆڤەو خۆی لێ نەبان کردووە.

پلۆتارک دەڵێ: بە پێی یەکێک لە یاساکانی یۆنان، ئەگەر ئاغایەک بە خراپی لەگەڵ

کۆیلەیەک هەڵسوکەوتی بکردایە، ئەوا کۆیلەکە مافی ئەوەی هەبوو داوا بکا بە ئاغایەکی تری بفرۆشێ.

لە قۆناغەکانی دواتری ڕۆمانیشدا ئەم یاسایە سەری هەڵداو ئەگەر کۆیلەیەک لە ئاغاکەی ڕازی نەبا یان ئاغاکە سکاڵا و شکایەتی لە دەست کۆیلەکەی هەبا، دەبوایە لە یەکتر جیابینەوە.

ئەو وڵاتەی پرەنسیپی کۆیلەیی تێدا سەقامگیرە، دەبێ یاسایەکی ئەوتۆ هەبێ بۆ ئەوەی هەر کاتێ کەسێک کردەوەیەکی چەوتی دژی کۆیلەی کەسێکی تر ئەنجامدا، ئەوا کۆیلەکە بتوانێ لە دادگا شکایەت بکات.

لە یاسای ئەفلاتۆندا هاتبوو کە کۆیلە ناتوانێ سوود لە بەرگری سروشتی وەرگرێ واتە ئەگەر هاتوو هێرشی کرایە سەر نابێ بۆ بەرگری کردن لە خۆی هیچ کارێک ئەنجام بدات. ئەفلاتون بە پێی ئەو یاسایە مافی بەرگری سروشتی لە کۆیلە سەندۆتەوە لە هەمان کاتدا مافی بەرگریی مەدەنیشی پێ نەداوە، واتە ناتوانێ پەنا بەرێ بۆ دادگاو شکایەت بکات، لە کاتێک دا دەبوایە لانی کەم مافی مەدەنی پێ بەخشیبا بۆ ئەوەی بتوانێ پەنا بۆ دادگا بەرێت و داوای مافی خۆی لە دادوەر بکات.

لە ئسپارتەدا کۆیلەکان مافی ئەوەیان نەبوو ئەگەر ئازار دران یان سووکایەتیان پێ کرا بچن شکایەت بکەن، لەو ڕووەوە کۆیلە ئسپارتییەکان بەڕادەیەک بەدبەخت بوون کە جگە لەوەی کۆیلەی تاکە کەسێک بوون وەکو کۆیلەی کۆمەڵگاش سەیریان دەکرا، چونکە هەموو کەسێک دەیتوانی بەبێ ترس لە یاسا، ئازاریان بدات. لە ڕۆمای دێریندا ئەگەر کەسێک ئازاری کۆیلەیەکی دابا ئەوا سزا دەدرا، چونکە ئەو ئازارە زیانی بە خاوەن کۆیلەکە گەیاندووە واتە ئەگەر جەستەی کۆیلەکە بریندار بکرابا ئەوا لە نرخی کۆیلەکەی کەم دەکردەوەو دەبوایە قەرەبووی ئەو زیانەیان کردبایەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بریني جەستەی کۆیلەکانیان وەکو بریني جەستەی چوارپێیەکان سەیر کردووەو ئەگەر زیان ببێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخ ئەوا دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە!

بەڵام لە ئەسینادا هەرکاتێ یەکێک ئازارێکی بە کۆیلەیەک گەیاندبا ئەوا زۆر بە توندی سزا دەدراو تەنانەت حوکمی مەرگیشی بەسەردا دەسەپێنرا. یاساکانی ئەسینا لەو مەجالەدا عادیلانە بوون، چونکە نەیاندەویست ئەو کۆیلەیەی کە خاوەنداری و ئازادی خۆی لە دەست داوە، ئاسایشیشی لە دەست بدات.



## بەشی هەژدەهەم: ئازادکردنی کۆیلەکان

بەشێوەیەکی گشتی بوونی کۆیلە لەنێو حکومەتی کۆماریدا گیروگرفتی زۆر دەنێتەوە، چونکە ناتوانرێ لە ژێر نەزم و ڕێکوپێکیدا ڕێکبخرێن. کەواتە پێویستە ژمارەیەک لەو کۆیلانە ئازاد بکرێن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە زۆری ژمارەی کۆیلە ئازادکراوەکانیش گیروگرفت دروست دەکات، چونکە ئەو کەسانەی پێشتر کۆیلە بوونە ناتوانن بژێوی خۆیان دابین بکەن، هەر بۆیە دەبنە سەرباری حکومەت و کۆمەڵگا و لەسەر حکومەت پێوستە بژێویان بۆ دابین بکات. کەواتە لەنێو حکومەتی کۆماری دا، دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی لە لایەک ڕێ لە زۆربوونی ژمارەی کۆیلەکان بگرێ و لە لایەکی تریش چاودێری ژمارەی کۆیلە ئازادکراوەکان بێت و بەردەوام هاوسەنگی نێوان کۆیلەو ئازادبووەکان بپارێزێ.

ئەو یاسا جۆراوجۆرانەی کە لە ڕۆمای دێرین لەمەڕ ئەم بابەتە دادەنران و هەندێ جار دەبوونە ڕێگر لەبەردەم ئازادبوونی کۆیلەکان و هەندێ کاتیش ئاسانکاری لە ئازادکردنیاندا دەکرد، لەو دژوارییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە مەسەلەی زۆربونی کۆیلەو ئازادکراوەکان بۆ حکومەتی هێنابووە ئاراوە، تەنانەت لە قۆناغێکدا حکومەتی ڕۆما جورئەتی نەکرد سەبارەت بەم بابەتە هیچ یاسایەک دابنێ.

تاسیت دەڵێ: لە سەردەمی (نێرۆن) خەڵک داواکارییەکیان پێشکەشی ئەنجومەنی سەنا کردو تێدا داوایان کردبوو ئەنجومەن مۆڵەت بەو ئاغایانە بدا کە سەر لەنۆی ئەو کۆیلە ئازادکراوە نمەک بە حەرامانەی هات و هاواریان دروست کردووەو گیروگرفتیان بۆ ئاغاکانیان ناوەتەوە، بکاتەوە بە کۆیلەو کۆت و بەندی کۆیلایەتیان بەسەردا بسەپێنن. بەڵام ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە ترسی شۆڕشی کۆیلە ئازادکراوەکان فەرمانیدا کە لەوانەیە لێکۆڵینەوە لەسەر سکاڵاو شکایەتی تایبەتی ئاغاکان بکرێ بەڵام نابێ هەموو ئازادکراوەکان سەرلەنۆی بخرێنەوە ناو کۆت و بەندی کۆیلایەتی.

بەهەر حاڵ لێرەدا من باسی ئەوە ناکەم کە حکومەتی کۆماری پێویستە چ جۆرە یاسایەک بۆ ئەو مەسەلەیە دابنێ، چونکە داڕشتنی هەندێ یاسا لەسەر ئەو بابەتە پێویستی بە گەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونی من بەم جۆرەیە:

ئازادکردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کۆیلەکان لە ڕێگای یاسایەکی تایبەتییەوە کارێکی گونجاوو باش نییە چونکە دەبێتە هۆی پشێوی و تێکدانی سیستەمی ئابووری کۆمەڵگاو تەنانەت گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە لە (ولسینی) لەبەر ئەوەی کۆیلە ئازادبووەکان توانیان مافی دەنگ دان لە هەڵبژاردندا

بۆخۆیان وەدەست بێنن زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو یاسایەکیان دارشت کە بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر کەسێکی ئازاد زەماوەند بکات دەبێ کۆیلەیەکی ئازادکراو شەوی یەکەم لەگەڵ بووکەکە بخەوێ و شەوی دووەم تەسلیمی زاوای بکات! کەواتە پێویستە ئازادکردنی کۆیلەکان قۆناغ بە قۆناغ بێت. بۆ نموونە رەنگە یاسادانەر مافی ئەوە بدا بە کۆیلەکان کە داهاتی کاری خۆیان کۆ بکەنەوەو خۆیان لە ئاغاکەیان بکڕنەوە یان قۆناغی کۆیلە دیاریکراو بێ، هەروەک چۆن موسا قۆناغی کۆیلەیی عبرانییەکانی کردە شەش ساڵ. یان لەوانەیە هەر ساڵەو ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆیلەکان ئازاد بکرێن بە مەرجێک تەمەن و باری تەندروستی و کاسبی و پیشەکەیان مۆڵەتی ئەوەیان پێ بداو بتوانن بژێوی خۆیان دابین بکەن.

هەندێ رێگای دیکە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کۆیلەکان هەن، لەوانە: لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو کۆیلانە خەریکی پیشەی جۆراوجۆری وەکو پیشەسازی و بازرگانی و دەریاوانین هەر بۆیە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە کەسە ئازادکراوەکان لەسەر ئەو کارانە دابمەزرێندرێن ئەوا ژمارەی کۆیلەکان بە زوویی کەم دەبێتەوە.

هەرکاتێک ژمارەی کۆیلە ئازادکراوەکان زیادی کرد، یاسا مەدەنییەکان ئەرکی سەر شانیانە مافەکانیان بۆ دیاری بکەن و پەیمانی ئازادبوونی کۆیلەکان و ئەو باجەی کە دەبێ تاکە ئازادبووەکان بیدەن بە خاوەنەکانی پێشوی خۆیان روون و ئاشکرا بێت.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا پێویستە کۆیلە ئازادبووەکان سوود لە مافی مەدەنی وەرگرن نەک مافی سیاسی و لە راستیدا دەبێ مافی دەنگ دان و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی بۆ ئەوان بەرتەسک بکرێت، چونکە تەنانەت لە حکومەتێکی کۆماریشدا کارێکی گونجاو و باش نییە کە بەشێوەیەکی رەها دەسەڵات بکەوێتە دەستی خەڵکی ئاسایی (عوام)یەوە.

لە وڵاتی رۆما کاتێ ژمارەی کۆیلە ئازادبووەکان زیادی کرد، هەندێ یاسای سیاسی گونجاویان بۆ دانان. بەم جۆرە بە شێوەیەکی رەها مافی بەشداریان لە کاروباری سیاسیدا لێ قەدەغە نەکردن، بەڵام هەر لەو کاتەدا بە جۆرێ بەرتەسکیان کردبۆوە کە نەتوانن راستەوخۆ دەسەڵات و بەڕێوبردنی کاروبارەکان بەدەستەوە بگرن و زۆرینە بەدەست بێنن. ئەگەرچی کۆیلەکان دەیانتوانی ببن بە پارێزەرو پلەو پایەی ئایینیش وەربگرن بەڵام لە رێگای ئەو سنوورو چوارچێوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بۆیان دیاری دەکرا ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتیەکانیان کارایی نەدەما.

کۆیلەکان مافی ئەوەیان هەبوو بچنە ناو لەشکرەوەو لە رواڵەتدا مافی سەربازیان لێ زەوت نەکرابوو، بەڵام چونکە سەربازی کردن پێویستی بە هەندێ مەرج هەبوو کە



ئازادبووەکان نەیانبوو هەر بۆیە نەیاندەتوانی بەکردەوە ببن بە سەربازو چەک بەدەستەوە بگرن. لە رۆمای دێریندا ئازادبووەکان دەیانتوانی لەگەڵ بنەماڵە رۆمیەکان واتە ئەوانەی لە بنەڕتدا ئازادبوون خزمایەتی بکەن بەڵام مافی ئەویان نەبوو ژن لە نوێنەرانی ئەنجومەنی سەنا بخوازن. ئەو منداڵانەی لە هاوسەرێتی نێوان ئازادبووەکان و بنەماڵە رۆمیەکان لە دایک دەبوون، هەموویان ئازادبوون و دەیانتوانی سوود لە گشت ماف و ئیمتیازەکانی تاکی ئازاد وەرگرن.

## بەشی نۆزدەهەم: خواجە[٩٣] و ئازادبووەکان

لەنێو حکومەتی کۆماریدا باشتر وایە پلەو پایەی حقوقیی ئازادکراوەکان نزمتر بێ لە پلەوپایەی ئەو کەسانەی لە بنەڕەتدا ئازادبوونەو هەر لەوکاتەدا هەندێ یاسای ئەوتۆ هەبێ کە ئازادبووەکان رازی بکات. بەڵام لە حکومەتە تاکەکەسییەکاندا لەبەر ئەوەی ئیرادەی تاکەکەسێک بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە دەکات، ئەم جۆرە یاسایە بە هیچ جۆرێ بوونی نییە.

هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەنێو حکومەتی تاکەکەسیدا بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتی، کۆیلە ئازادکراوەکان بۆ خودی خۆیان خاوەن پلەوپایەی بەرزن و لەنێو کۆشکی پاشاکان و تەلاری ئەمیرو پیاوە گەورەکاندا بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەژێردەستی ئەوان دایە. پێویستە ئەوەشمان لە یاد بێ کە ئەو کۆیلانە بەر لەوەی ئازاد بکرێن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ پاشاو ئەمیرەکاندا ژیانیان بەسەر بردووەو زۆر بە باشی شارەزای دەروون و خاڵە لاوازەکانیانن و دەزانن چۆن بەسەریاندا زاڵ بن. کاتێک کۆیلەکان بەشێک بن لە خواجەکان ئەگەر بێتو بەڕێوبەرو فەرماندەش بن ئەوا ناتوانین بە ئازاد ناویان بەرین، چونکە ئەم جۆرە کۆیلانە بە حوکمی ماهییەتی خۆیان ناتوانن خێزان پێک بێنن و بەردەوام خۆیان بە بنەماڵەی ترەوە دەبەستنەوەو بیانەوێ و نەیانەوێ بە کۆیلەیی دەمێننەوەو تەنیا بە رواڵەت ئازادن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وڵاتی ئەوتۆ هەیە کە لەوێدا خواجەکان بەردەوام پلەو پایەی گەورە دەگرنەدەست. هەروەک (دامپیر) لە سیاحەتنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: لە تونکین هەموو دەسەڵاتدارە سەربازی و مەدەنییەکان خواجەن و بنەماڵەیان نییە، و بەزۆریش بە حەسوودی و چاوچنۆکی بەناوبانگن. بەڵام لەبەر ئەوەی خێزانیان نییە لە کۆتاییدا دیسان پاشاکان سوودیان لێ وەردەگرن، واتە پاش مردنیان هەموو سامان و دارایییەکەیان بەناوی خۆیانەوە تۆمار دەکەن.

دووباره دامپیر له سیاحەتنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: لەگەڵ ئەوشەدا خواجەکانی تونکین ناتوانن دەست لە ژن هەڵگرن و بەشێوەیەکی گشتی هەموویان خێزان پێک دێنن، بەڵام سروشتییەکە منداڵیان نابێ و یاسای ئەو وڵاتەش لەبەر ئەوە مۆڵەتی داوە ئەم جۆرە کەسانە ژیانی هارسەری پێک بێنن چونکە، یەکەم ئەم کەسانە لەو وڵاتەدا پلەوپایەیەکی بەرزیان هەیەو دووەم ژن لەو وڵاتەدا هیچ نرخ و بەهایەکی نییەو هیچ کەس رێز بۆ مافەکانیان دانانێ.

بە کورتی لە وڵاتی تونکین دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی بە خواجەکان دەسپێردرێ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە خێزانیان نییەو پەیوەندی و نزیکایەتیان لەگەڵ کەسدا نییە، هەر بۆیە بێ لایەنانە حوکم دەدەن. بەڵام هەروەک ئاشکرایە لەبەر ئەوەی خاوەن پلەوپایەی بەرزن مۆڵەتی پێک هێنانی ژیانی هاوسەریشیان پێ دراوە. ژن هێنانی خواجەکانی تونکین پەیوەندی بە یاسایەکی سروشتییەوە هەیەو، ئەو یاسایەش بەم جۆرەیە؛ کاتێک مرۆڤ یەکێک لە هەستەکانی لە دەست دەدا بەهۆی هەوڵێک کە تێکەڵە بە نائومێدی، تێدەکۆشێ لە رێگای هەستێکی ترەوە ئەو کەمایەسیە قەرەبوو بکاتەوە، هەروەک چۆن کوێرێک بە هۆی هەستی بیستن و بەرکەوتن (لمس) کەمایەسی هەستی بینین قەرەبوو دەکاتەوە.

هەر بۆیە هەندێ کەس پێیان وایە خواجە چینییەکانیش لە رێگای هەستی بەرکەوتنەوە کەمایەسی خۆیان قەرەبوو دەکەنەوە. خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی مێژووی چیندا گەلێک یاسا دانران بۆ ئەوەی پلەوپایە سەربازی و مەدەنییەکان لەژێردەستی خواجەکان دەربهێنن و نەهێڵن شوێنە بەرزەکان داگیر بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین خواجەکان وەکو دەردی بێ دەرمان سەرلەنوێ سەریان هەڵداوەتەوەو شوێنێ خۆیان لەنێو پلەوپایە سەربازی و مەدەنییەکاندا کردۆتەوە.

## بۆچی یاساکانی کۆیلایەتی ناوماڵ پەیوەندیان بە جۆری ئاوو هەواوە هەیە؟

### بەشی یەکەم: کۆیلەی ناو ماڵ

بریتیە لەو کۆیلەو نۆکەرانەی کە بۆ خزمەتکردنی بنەماڵەکان دیاری دەکرێن. بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە کۆیلەو نۆکەرەکان وەکو ئەندامی بنەماڵە سەیریان ناکرێ، هەر بۆیە دەبێ جیاوازایی دابنێین لەنێوان کۆیلەیی بە مانا راستەقینەکەی و کۆیلەیی و بەندەیی ژنان لە هەندێ وڵاتی جیهان دا. لێرەدا ئێمە جۆری یەکەمان ناوناوە کۆیلەی ناو ماڵ.

### بەشی دووەم: لەوڵاتەکانی باشووردا ڕێژەی وەچەخستنەوە زۆرترە

ئەو وڵاتانەی خاوەن ئاو و هەوای گەرمن، ئافرەتەکانیان لەنێوان تەمەنی هەشت نۆ ساڵیدا دەگەنە تەمەنی پێگەشتوویی و خۆناسین و پاش مێردکردنیش بەزوویی منداڵیان دەبێت، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین لە وڵاتە گەرمەکاندا مێردکردن و دووگیان بوونی ئافرەتەکان بەردەوام و بەدوای یەکدا روو دەدات.

(پریدۆ) لە ژیاننامەی محمد (د.خ)دا دەڵێ: ئەو پێغەمبەرە خەدیجەی لە تەمەنی پێنج ساڵیدا مارەکردو لەتەمەنی هەشت ساڵیدا ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێک هێنا[٩٤].

هەر بۆیە ئافرەتی وڵاتە گەرمەسێرەکان لەتەمەنی بیست ساڵی، لە کاتێکدا تازە عەقڵیان بەرەو کامڵ بوون و گەشەکردنی تەواو دەڕوات، پیردەبن، پاش ئەوە ئەگەرچی رۆژ لەدوای رۆژ عەقڵیان زیاتر گەشە دەسێنێ بەڵام جوانیەکەیان بەردەوام لەناو دەچێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ بۆچی ئافرەتانی وڵاتە گەرمەکان هەمیشە لە ژێر دەسەڵات و کۆت و بەندی پیاوەکان دان و خاوەن ئەو ئازادییە نین کە ئافرەتەکانی ئەورووپا هەیان. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنەکان لە تەمەنی پیریدا بە هۆی لە دەست دانی جوانیەکەیان ناتوانین هیچ چەشنە کاریگەرییەک لە دەروونی پیاوەکاندا بکەن، بەڵام ئافرەتەکانی ئەورووپا بەهۆی جۆری ئاووهەواوە دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژتر جوانی خۆیان بپارێزن و لە تەمەنی



پیریشدا دەتوانن کار لە دەروونی پیاوەکان بکەن و کاریگەریان لەسەر دابنێن. بە پێی ئەو بنچینەیە ئەگەر لە وڵاتە گەرمەکاندا کۆت و بەندی ئاییینی لە گۆڕێ نەبێ ئەوا پیاوەکە دەتوانێ واز لە ژنەکەی خۆی بێنێ و ژنێکی دیکە بخوازێ یان ببێتە خاوەنی چەندین ژن.

ئەو وڵاتانەی ئاووهەواکەیان فێنکە، ئافرەتەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر دەتوانن پارێزگاری لە جوانیی خۆیان بکەن و درەنگتر دەگەنە تەمەنی پێگەیشتوویی و کاتێکیش کە ژیانی هاوبەش پێک دەهێنن بە هۆی گەورەیی تەمەنیانەوە کۆمەڵێک ئەزموونیان بەدەست هێناوەو کاتێک دەگەنە قۆناغی منداڵ هەبووندا بەشێک لە تەمەنەکەیان (لە رواڵەت دا) لە دەست داوەو، دەکرێ بڵێین ژن و مێردەکە لە یەک کاتدا پیر دەبن، هەر بۆیە جۆرە یەکسانییەک لەنێوان ژن و پیاوەکەدا هەیەو پیاوەکان لە ژنێک زیاتر ناهێنن.

بەڵام لە وڵاتە ساردەکاندا لەبەر ئەوەی پیاوەکان بەزۆری و بەردەوام مەشروباتی کحولی دەخۆنەوە تووشی ئاڵۆزیی فیکری دەبن. بەڵام ئافرەتەکان بە هیچ جۆرێ مەشروباتی کحولی ناخۆنەوە (بەکارهێنانی مەشروباتی کحولی بێ دەسەڵاتیان دەکاو ناتوانن لەبەرامبەر پیاوەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئافرەتەکان لە لایەنی عەقڵ و بیرکردنەوە بەسەر پیاوەکاندا زاڵن. ئاشکرایە کە خەسڵەتی دیار و بەرچاوی پیاو لە سروشت و هێزەکەی دایەو هی ژنیش لە جوانیەکەی دا. کەواتە ئەگەر هاتوو پیاوێک عەقڵ و هێزی خۆی لە دەستدا ئەوا لە پێش چاوی خەڵک دەکەوێ، هەروەک چۆن ئافرەتەکانیش بەهۆی لەدەسەتدانی جوانیەکەیانەوە لەبەرچاو دەکەون.

کەواتە یاسای ڕێگرتن لە فرەژنی لە ئەورووپا و ئازادکردنی ئەو کارە لە ئاسیادا پەیوەندی بە جۆری ئاووهەواوە هەیە. هەروەها جۆری ئاو و هەوا وای کرد کە دینی ئیسلام بەم جۆرە لە ئاسیادا بڵاو ببێتەوە، لە کاتێکدا دینی مەسیحی نەیتوانی لە ئاسیادا گەشە بکات و دووبارە هەر ئەو هۆکارە وای کرد کە دینی ئیسلام لە وڵاتی چیندا بڵاوببێتەوە بەڵام دینی مەسیحیەت نەیتوانی لەو وڵاتەدا بە باشی نفوز بکات.

(ڤالانتینین) ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بەهۆی هەندێ پاساوی تایبەت مۆڵەتی دا بە پیاوەکان چەندین ژن بهێنن، بەڵام چونکە ئەو یاسایە لەگەڵ ئاو و هەوای ئەورووپادا نەگونجا هەر بۆیە لە لایەن ئیمپراتۆرەکانی تری وەک تئودۆز، ئارکادیۆس و هۆنۆریۆسەوە هەڵوەشێنرایەوە.

## بەشی سێهەم: فرەژنی پەیوەستە بەوەی مێردەکە بتوانێ بژێوی هەموویان دابین بکات

هەرچەندە لەو وڵاتانەی فرەژنی دیاردەیەکی باوە، راگرتنی چەندین ژن پەیوەندی بە سامان و دارایی مێردەوە هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین تەنیا دارایی ومالّی پیاوەکە هۆکاری سەرەکی فرەژنییە. چونکە هەروەک لە بەشی تایبەت بەخەڵکی بەربەردا باسمان کرد، لە وڵاتە گەرمەکاندا هەژاری و نەداریش هۆکارێکی تری فرەژنییە لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەدا پێداویستی دانیشتوان کەمەو خۆراک هەرزان و زۆروزەوەندە، پیاوەکان دەتوانن چەندین ژن لەگەڵ منداڵەکانیان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

## بەشی چوارەم: هۆکارە جۆراو جۆرەکانی فرەژنی

بەپێی ئەو سەرژمێریانەی ئەنجام دراوە لە ئەوروپادا کوڕ زیاتر لە کچ لە دایک دەبێ و بە پێچەوانەوە لە ئاسیاو ئەفریقادا رێژەی کچان زۆرترە لە رێژەی کوڕان. کەواتە ئەو یاسایەی فرەژنی لە ئەوروپا قەدەغە کردووەو لە ئاسیاو ئەفریقادا مۆڵەتی ئەو کارەی داوە، پەیوەندی بە ڕادەی کەمی ژن لە ئەوروپاو ڕێژەی زۆریی ئافرەتەکان لە ئاسیاو ئەفریقادا هەیە. بەڵام لە ناوچە ساردەکانی ئاسیاشدا وەکو (تبت) لەبەر ئەوەی وەکو ئەوروپا رێژەی کوڕان زیاترە لە ڕێژەی کچان، هەر بۆیە ژنێک دەتوانێ چەندین مێردی هەبێ.

(ابو الظهير الحسين) ی گەڕیدەی بەناوبانگی عەرەب، لەسەدەی نۆی زاینییندا کاتێ سەردانی هندستان و چینی کرد تێبینی ئەو داب و نەریتەی کرووەو بە یەکێک لە هۆکارەکانی بێ ئەخلاقی لە قەڵەم داوە. بەڵام من لەو بڕوایەدانیم جیاوازی نێوان ڕێژەی ژن و پیاو لە وڵاتە جۆراو جۆرەکان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی پیاوەکان ناچاربن چەندین ژن بهێنن یان هەر ژنێک چەندین مێردی هەبێ.

لە سیاحەتنامەیەکدا هاتووە، لە (بانتام) ڕێژەی نێوان ژن و پیاوەکان بە چەشنێک جیاوازە کە هەر پیاوێک دە ژنی بەردەکەوێ. بەڵام نابێ ئەو حالەتە ریزپەڕە (استثنائی) بکەینە رێسایەکی گشتی بەسەر هەموو ناوچە گەرمەکان دا.

بەهەرحاڵ ئەو بابەتانەی لەو بەشەدا لەسەر فرەژنی نووسیومە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کردەوەیەم قبوڵەو بەکارێکی مەشرووعی دەزانم، بەڵکو ویستومە ئەو هۆکارانە بۆ خوێنەر دەستنیشان بکەم کە دەبنە هۆی فرەژنی.



## بەشی پێنجەم: هۆکاری دەرچوونی یەکێک لە یاساکانی مالابار

لە کەنارەکانی مالابار دا خێڵێک بەناوی خێڵی (نائیر) هەیە. پیاوانی ئەو خێڵە مافی ئەوەیان نییە لە ژنێک زیاتر یان هەبێ، بەڵام ژنەکانیان دەتوانن چەندین مێرد هەڵبژێرن. بە بڕوای من هۆکاری سەرەکی دارشتنی ئەو یاسایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوەکانی خێڵی نائیر یەکێک لە شەڕکەرترین خێڵەکانی جیهانن و بەهۆی رەسەنایەتی خۆیان، پیشەیان جەنگاوەرییە. هەروەک چۆن ئێمە لە ئەوروپادا پێشی ژیانی هاوسەری سەربازەکان دەگرین بۆ ئەوەی خێزانداری نەبێتە هۆکاری لاوازبوونی پیشەی سەربازی، ئەوا خێڵەکانی مالاباریش بە پێی توانا هەوڵیان داوە پیاوانی خێڵی نائیر لە پێک هێنانی ژیانی هاوبەش دووربکەونەوەو لەبەر ئەوەی گەرمی ئاووهەوا ڕێگە نادا بەتەواوی پێشی ئەو کارە بگرن، هەر بۆیە بڕیاریان داوە چەندین پیاو یەک ژنیان هەبێ بۆ ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ خێزانیاندا سست و بێ هێز بێت و نەبێتە ئاستەنگ لە بەددەم پیشەی سەربازی دا.

## بەشی شەشەم: هەندێ بیربۆچوونی دیکە لەمەڕ فرەژنی

لەبەشی پێشوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە گەلێک هۆکارو یەک لەوان گەرمیی ئاو و هەوا هانی کرداری فرەژنی دەدات. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە بە شێوەیەکی گشتی فرەژنی بۆ مرۆڤ بە پیاوو ژنەوە باش نییە، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان دایک یان باوک لەگەڵ منداڵەکەی دا. شتێکی ئاشکرایە ئەو پیاوەی دە ژن و بیست منداڵی هەبێ ناتوانێ وەکو ئەو پیاوەی دوو یان سێ منداڵی هەیە، منداڵەکانی خۆش بوێ. لەو وڵاتانەی کە فرەمێردی ئازادە باروودۆخەکە زۆر خراپتریش دەبێ، چونکە خۆشەویستی باوکانە لە بنەڕەتدا وجوودی نامێنێ و پیاوەکە نازانێ ئەو منداڵەی لە ژنەکە بووە هی ئەوە یان هی مێردەکانی ترە.[٩٥]

دەڵێن پاشای مەراکش لەنێو حەرەمسەراکەیدا لە هەموو رەگەزێک (بە سپی و زەردو رەش پێستەوە) ژنی هەیە. بەڵام ئەگەر ئەو پاشایە دوو هێندەی ئەو ژنانەی ئێستاش ژنی هەبێ دیسان ژنی نوێی دەوێ: چونکە شەهوەتپەرستی وەکو ئیرەیی و چاوچنۆکییە، هەرچەندە زۆرتر بە بەرییەوە بدەی زیاتر دەبێ، هەروەک چۆن وەدەست هێنانی زێڕو زیوی زۆریش دەبێتە هۆی زیادبوونی تەماعکاری و چاوچنۆکی.

لەسەردەمی ژوستینین، کۆمەڵە فەیلەسوفێکی رۆمانی لەبەر ئەوەی ئایینی مەسیحیەتیان قەبوڵ نەکردبوو، لە لایەن مەسیحییەکانەوە ئازار درا بوو و سوکایەتیان پێ

کرابوو، هەر بۆیە لە رۆما رایان کردبوو و پەنایان بردبووەبەر دەرباری خوسرەو پەرویزی پاشای ئێران. لەوێدا ئەوەی زیاتر لە هەمووشتێ سەرنجی راکێشان و تاساندنی ئەوەبوو کە نەک هەر فرەژنی شتێکی باو و ئاسایی بوو بەڵکو پیاوەکان لەگەڵ ژنەکانی یەکتریشیدا جووت دەبوون. ئەو بابەتە لە لایەن (ئاکاتیاس)ی مێژوونووسی رۆمانییەوە نووسراوە.

فرەژنی ئاکامێکی خراپی تریشی هەیەو داب و نەریتی عەشقبازییەکی ناشیرین و پێچەوانەی سروشت فێری خەڵکی دەکاو پەرەی پێ دەدات. چونکە لە پانتایی شەهوەتپەرستیدا هەر کردەوەیەک لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی تێپەڕێ، کردەوەی بێ سەروبەرو ناشایستی دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

لە ئەستەمبۆڵ کاتێک راپەڕین دژی سوڵتان ئەحمەد دەستی پێ کردو لەسەر تەختی سەڵتەنەت هێنایانەخوار لە هەموو حەرەمسەراکانی ئەو پاشایەدا تاکە ژنێک نەدەبینرا، چونکە ئەو لە رێگای عەشقبازییەکی پێچەوانەی خووسروشتی مرۆڤ ژیانی خۆی بەسەر دەبرد. هەروەک ئاماژەی پێ دەکرێ ئێستا لە حەرەمسەراکانی ئەلجەزیرەدا هیچ ژنێک نابینرێ و لە جیاتی ئەوان کەڵک لە گەنجە خراپکارەکان وەردەگیرێ.

## بەشی حەوتەم: فرەژنی و پاراستنی یەکسانی نێوان ژنەکان

ئەگەر هاتوو فرەژنی لە لایەن یاساوە رێگەی پێ درا، ئەوا پێویستە مێردەکە لەگەڵ ژنەکانیدا بە یەکسانی رفتار بکاو جیاوازییان لەنێوان دانەنێ. بۆ نموونە دینی ئیسلام کە مۆڵەتی هێنانی چوار ژنی بە پیاو داوە، بەسەر مێردەکەشیدا سەپاندووە کە لەگەڵ هەر چوار ژنەکەی لە رووی خواردن و جل و بەرگ و ئەرکی خێزانداریییەوە، وەکو یەک رەفتار بکات.

لە یاسای مالدیۆشدا کە مۆڵەتی هێنانی سێ ژنی داوە، ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێ مێردەکە بە یەکسانی رفتاریان لەگەڵدا بکات.

لە یاسای موساشدا هاتووە، هەرکاتێ کەسێک قەرەواشی خۆی لە کوڕەکەی مارە بکات و پاشان کوڕەکە سوور بێ لەسەر ئەوەی ژنێکی تر (جگە لە قەرەواشەکە) بهێنێ، نابێ جل و بەرگ و خواردنی ژنی یەکەم کەم بکاتەوەو واز لە ئەرکی ژن و مێردایەتی بێنێ، بەڵام دەتوانێ زیاتر بە ژنی دووەم ببەخشێ.



## بەشی هەشتەم: جیاکردنەوەی ژن و پیاوەکان لە یەکتری

لەو وڵاتانەدا کە فرەژنی وەکو نەریتێکی ئاسایی سەیری دەکرێ، بە تەئکید پێویستە ژن و پیاوەکان لە یەکتری جیابکرێنەوەو ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدرێ ئەوا رێکخستنی نێو بنەماڵەو خێزان لەناو دەچێ. چونکە مەیل و ئارەزووی ژن و پیاو بەرامبەر بە یەکتر لەم وڵاتانەدا بە هۆی گەرمیی ئاووهەواوە جۆرێکە کە تەنیا لە رێگای یاسا ئەخلاقییەکانەوە ناکرێ پارێزگاری لە داوێنپاکی و شەرافەت بکرێ و ناچارن شوێنی ژنەکان لە نێو حەرەمسراو لە پشت دیوارە بەرزەکان بکەنەوە.

بەڵێ لەم جۆرە وڵاتانەدایە کە کاریگەری دیوارە بەرزو دەرگا داخراوەکان گەلێک زیاترە لە یاسا و رێوشوێنە ئەخلاقییەکان. لە یەکێک لە کتێبە کۆنەکانی چیندا گەورەترین و بەرزترین سیفەتی ئەخلاقی بەوەدانراوە کە پیاوێک لەگەڵ ژنێکی جوان لە ژوورێک دابێ و دەست درێژی نەکاتە سەر، لەکاتێکدا ژن و پیاوەکانی ئەورووپا هەموو رۆژێ ئەو سیفەتە نائاساییە لەخۆیان نیشان دەدەن.

## بەشی نۆیەم: پەیوەندی نێوان بەڕێوەبردنی خێزان و بارودۆخی حکومەت

هەروەک ئاشکرایە لە وڵاتە کۆمارییەکاندا ژیانی تاکەکەس لە چوارچێوەی یاسا دەرناچێ، بەڵام هەموو تاکەکان ژیانێکی هێمن و بەختیاریان هەیەو ئەو بارودۆخەش پەیوەندی بەبوونی ئازادییەوە هەیە. پیاوەکان ناتوانن بەتەواوی بەسەر ژنەکانیاندا زاڵ بن. ئەگەر هاتوو ئاو و هەوا وایکرد کە پیاو بەسەر ئافرەتدا زاڵ بێت ئەوا حکومەتی رەهاو تاکەکەسی زۆر باشتر لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دەگونجێ.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە نەیهێشتووە هەرگیز حکومەتێکی نەتەوەیی و دیموکرات لە رۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی جێگیرو بەردەوام سەقامگیر بێ، هەر ئەو مەسەلەیە، واتە زاڵ بوونی تەواوی پیاو بەسەر ژندا و کۆیلەیی بێ ئەملاو ئەولای ئافرەت کە زۆر بە باشی لەگەڵ رۆحی حکومەتی تاکەکەسی و ئیستبدادیدا دەگونجێ.

لەم جۆرە حکومەتانەدا کە تاکەسێک خونکارو خاوەنی هەموو کەس و هەموو شتێکەو ملکەچکردنی رەها نیشانەی وەفادارییە و هەرچەشنە ئازادییەک لە روانگەی ئەوەوە بە خیانەت دەژمێردرێ، زۆر باشترە ئەگەر ژنەکان لە کۆت و بەندی پیاوەکان دابن و نەتوانن سوود لە ئازادی وەرگرن، چونکە ئازادی و بێ سەروبەریی بنەماڵەیی، فەسادی لێ دەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی بابەتەکە ئاسانتر خۆی بنوێنێ، گریمان ژنە ئەورووپییەکان لەگەڵ

ئازادی و سووکی و زەوق و خۆنواندن و هەست و سۆز و چالاکییە فیتنەهەڵگیرسێنەکانی خۆیان دەچنە وڵاتێکی ڕۆژهەڵات. ئایا پێتان وایە بارودۆخی ژیان لەوێ چی بەسەر دێ؟... بێگومان لە نێو ئەو حکومەتە ڕەهاو ئیستبدادیانەدا ڕەفتاری ئافرەتەکانی ئێمە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی فیتنەو خوێنڕێژییەکی یەکجار زۆر.

## بەشی دەیەم: بنچینە ئەخلاقییەکانی ڕۆژهەڵات

ئەگەر پەیڕەوی لە فرەژنی بکرێت، ئەوا دەبێ هەندێ یاسای تایبەتی دابڕێژرێ، چونکە بنەماڵەکان خاوەنی یەکێتی و یەکگرتوویی نین و ئەرکی یاسایە کە ئەو یەکگرتووییە بێنێتەکایە. ئاشکرایە هەر ئافرەتێک بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێ لە ڕێگای هەندێ ڕێوشوێنەوە بەرژەوەندییەکانیان هاوبەش و یەکسان بکرێ. جیاکردنەوەی ئافرەتەکان لە پیاوەکان و دروستکردنی حەرەمسەرا ئەو مەبەستە دەپێکێ.

دروستکردنی حەرەمسەرا بۆ ژنەکان و دانانی هەندێ ڕێوشوێنی وەکو خۆداپۆشین و داوێنپاکی و بێ دەنگی و گوێڕایەڵی بۆ مێردو بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی خێزانداری ومنداڵ بەخێوکردن، ئەو مەبەستانەی سەرەوە دەستەبەر دەکات. هەر بۆیە لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر پیاوکان لە ئافرتەکان جیابکرێنەوەو حەرەمسەراکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دروست بکرێن ئەوا ژنەکان خودان ئەخلاقێکی بەرز دەبن. لە وڵاتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتدا چەندە پیاوە گەورەکان بەهۆی هێزو دەسەڵاتی خۆیان بەباشی چاوەدێری حەرمسەراکان بکەن و نەهێڵن ژنەکانیان بێنە ناو کۆمەڵگا ئەوا ئەخلاقی ژنەکانیان پاکتر دەبێ. لەو ڕوویەوە ژنی وڵاتانی ئێران، تورکیا، چین و ژاپۆن شایەنی ستایشن.

بەڵام لە هندستاندا بارودۆخەکە بەم جۆرە نییە. سەرەڕای ئەوەی لەوێش حەرەمسەرا هەیە بەڵام چونکە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک چاودێری ناکرێ هەر بۆیە ئەخلاقی ژنە هندیەکان فاسدە. لە هندستان بەهۆی زۆریی دوورگەکان[٩٦] و جیارازی ناوچەکان، چەندین وڵات دروست بوونە کە هەموویان خاوەن حکومەتی ڕەهای ئیستبدادین و هۆکاری سەرهەڵدانی حکومەتی ئیستبدادی لەم وڵاتەدا گەلێک زۆرەو بۆ ئەوەی درێژ دادڕی نامەوێ لێرەدا باسیان بکەم. بەشێوەیەکی گشتی خەڵک لەو وڵاتەدا دەست کورت و هەژارن. دەستەیەک لە خەڵک لە تاوی هەژاری و بێ دەرەتانی دەستیان کردووە بە ڕێگری و چەتەیی و هەڵدەکوتنە سەر ماڵی دەستەیەکەی تر کە ئەوانیش هەر هەژارن و تاڵانی دەکەن. لەو وڵاتەدا بە کەسێ دەگوترێ دەوڵەمەند کە بەڕادەی بژێوی ژیانی خۆی دەتوانێ شت پەیدا بکات، هەر بۆیە ناتوانن وەکو ئێران و ژاپۆن و هتد، حەرەمسەرای ڕێکوپێک



بۆ ژنەکانیان دروست بکەن و لە ئاکامیشدا ئەخلاقی ژنەکانیان فاسد دەبێ.

لە وڵاتە بچووکەکانی هندا کاریگەری خراپی ئاو و هەوا بە جۆرێکە کە بە تەواوی ئاکارو ڕەوشتی سروشتیی لەناوبردووەو بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هیچ چەشنە ڕێوشوێنێک بۆ پێشگیری لە کاریگەرییەکانی ئاو و هەوا نییە، هەر بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەخلاق بەرەو لاوازی دەڕوات.

بۆ نموونە لە وڵاتی پاتان، پیاوەکان دەبێ خۆیان لە شەڕی شەهوەتپەرستی ژنەکان بپارێزن. زەوقی ژنەکانی (گینیا)ی نوێش لە زەوقی ژنەکانی پاتان کەمتر نییە، لەوێ بە تۆبزی پیاوەکان ناچاردەکەن کە لەگەڵیاندا بخەون و هەڕەشەیان لێ دەکەن ئەگەر بێتو وڵامی داواکارییەکانیان نەدەنەوە ئەوا لە لای مێردەکانیان شکایەتیان لێ دەکەن و تۆمەتی دەست درێژیان دەدەنەپاڵ.

## بەشی یازدەهەم: لە چ حاڵەتێکدا دەبێ ژن ببەستریێتەوە، هەرچەندە فرەژنیش لە ئارادانەبێ؟

هەر تەنیا فرەژنی نابێتە هۆی ئەوەی کە ژنەکان ببەستنەوەو بیانخزێننە نێو حەرەمسەراکان، بەڵکو هەندێ جار کاریگەری ئاووهەوا دەبێتە هۆی بەستنەوەی ژنەکان، هەرچەندە مێردەکە تەنیا یەک ژنیشی هەبێ. باشترین نموونە بۆ پێشان دانی ئەو ڕاستییە بارودۆخی ئافرەتەکانی نێو موستەعمەرەکانی پورتوگالە.

لەو ناوچانەی کە پورتەگالییەکان تێیدا دەژین، بەپێی یاساکانی دینی مەسیح مافی ئەوەیان نییە زیاتر لە ژنێک بێنن، بەڵام کاریگەری ئاووهەوای گەرمی ناوچەکە بەڕادەیەکە، کە گەلێک فەسادو فیتنەی وەکو کوشتن و ژەهردەرخوارد دان و هتد... سەرهەڵدەدەن. ئەگەر هاتباو ئافرەتە پورتەگالییەکان لەو شوێنەدا ئازاد نەبان و لەگەڵ پیاوەکاندا تێکەڵاویان نەکردبا ئەوا ئەو گەندەڵی و فەسادە ڕووی نەدەدا.

کەواتە تەنیا فرەژنی نابێتە هۆی بەستنەوەی ئافرەتەکان، بەڵکو ئاووهەوای ناوچەکەش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە. هەر ئەو فاکتەرەش وادەکا بۆ نموونە لە وڵاتەکانی باکووری ئەورووپا هیچ پێویست نەبێ کۆت و بەند بخرێتە سەر ئافرەتەکان، چونکە لەو ناوچانەدا ژنەکان هەست و سۆزێکی هێمنیان هەیەو تەنیا پیاوێکیان بەسەو هەر ئەو عەشق و خۆشەویستییەی بەرامبەر بە مێردەکانیان دەریدەبڕن، گەورەترین چاوەدێری ناموس و داوێنپاکیانە. ئافرەتەکان لە باکووری ئەورووپا زۆر بە ئازادی لەگەڵ پیاوەکان تێکەڵاو دەبن و بە جوانییەکەی خۆیان کۆبوونەوەو دانیشتنەکان دەڕازێننەوەو دڵی

میوانەکان خۆش دەکەن بە بێ ئەوەی ئازادیەکەیان ببێتە هۆی فیتنەو فەساد یان هانی داوێنپیسی بدات.

**بەشی دوازدەهەم: شەرم و حەیای سروشتی**

هەموو نەتەوەکانی جیهان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە پێویستە ئافرەتەکان خاوەنی شەرم و حەیابن بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر هەستی خۆیاندا زاڵ بن. هۆکارەکەشی بۆ یاساکانی سروشت دەگەڕێتەوەو یاساکانی سروشت وایان داناوە کە ژنەکان دەبێ خۆیان داپۆشن و بەسەر هەستی شەهوەتپەرستی خۆیاندا زاڵ بن. سروشت پیاوی بە جۆرێک دروست کردووە کە هەڵەشەییەکەی زیاترە، بەڵام ئافرەتی بە جۆرێک خەڵق کردووە کە خۆپارێزی و تەحەمولی زیاتری هەیە. کەواتە نابێ هیچ کات پێمان وابێ کە بەرەڵڵایی ئافرەتەکان لەگەڵ یاساکانی سروشتدا دەگونجێ، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانین کە بەرەڵڵایی بە پێچەوانەی یاساکانی سروشتە و شەرم و حەیا و خۆپارێزی لەگەڵ یاساکانی سروشتدا دەگونجێ. سروشت بە جۆرێک دروستی کردووین کە هەست بە کەم و کوڕییەکانی خۆمان دەکەین هەر بۆیە خاوەنی شەرم و حەیاین و حەیاو خۆپارێزی بریتییە لەو شەرمەی کە لە کەم و کوڕیی و ناتەواوی خۆمان هەمانە. ئێستا ئەگەر کاریگەرییەکانی ئاووهەوای ناوچەکە بە جۆرێک بێت کە پێشێڵی ئەو یاسا سروشتیە بکات، ئەوا ئەرکی یاسادانەرە کە بەهۆی دارشتنی هەندێ یاسای تایبەت ئەو کەم و کوڕییە لەناو ببات بۆ ئەوەی یاسا سروشتییەکان بەردەوام هێزو کاریگەری خۆیان بپارێزن.

**بەشی سێزدەهەم: ئیرەیی**

مرۆڤ خاوەنی دوو جۆرە ئیرەییە: یەکێکیان ئیرەیی لەبەرامبەر عشقدا و ئەویتریان ئیرەیی بەرامبەر بە داب و نەریت و عادەتەکان.

ئیرەیی عشق هێزێکی مەترسیداری هەیە کە ئاگر لە دەروونی کەسکە بەردەدا و هەموو جۆرە هێمنی و ئاسوودەییەکی لێ دەبڕێت. بەڵام ئیرەیی جۆری دووەم ئەو هێزەی نییەو بەزۆری مایەی نەفرەت و بێزاری خەڵکە.

ئیری بەرامبەر بە عشق لە ڕێگای نەفرەت و گوێ پێنەدانەوە تیمار ناکرێ و ئەو ئیرەییە کە سەرچاوەی عشقە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئاووهەوادا هەیە، واتە لە هەندێ شوێندا بەهێزو توندەو لە هەندێ ناوچەی تریش لاوازو سستە.



**بەشی چواردەهەم: بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ماڵ لە ڕۆژهەڵات دا**

لە ڕۆژهەڵات لەبەر ئەوەی ژنەکان زووبەزوو دەگۆڕدرێن هەر بۆیە ناتوانرێ ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ماڵیان پی بسپێردرێ. کەواتە بەڕێوەربردنی کاروباری ماڵ دەدرێتە دەست خواجەکان و کلیل و سندوقەکان لەژێر چاودێری ئەوان دادەبێ. «شاردن» لە سیاحەتنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: لە ئێراندا وەکو منداڵەکان جل و بەرگ لە لایەن خواجەکانەوە دەدرێ بە ژنەکان و هەرچەندە ئامادەکردن و دوورینی جل و بەرگ کاری تایبەتی ژنەکانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنی حەرەمسەراکانی ئێران هیچ چەشنە پەیوەندییەکیان بەم کارەوە نییە.

**بەشی پازدەهەم: تەڵاق دان و وازهێنان لە ئافرەت**

جیارازی نێوان تەڵاق و وازهێنان لەوەدایە کە تەڵاق بە پێی ڕەزامەندی هەردوو لایان بە ئەنجام دەگات، کاتێ ژن و پیاوێک نەیانویست لەگەڵ یەکتردا بژین ئەوا لە یەکتری جیا دەبنەوە، بەڵام وازهێنان بە پێی ئیرادەو ئارەزووی لایەنێک دەبێ، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئیرادەو ئارەزووی لایەنەکەی تر. بە شێوەیەکی گشتی ئەو یاسایەی مافی وازهێنانی داوە بە پیاو و یاسایەکی توندو نابەجێیە، چونکە مێرد بە هەزار ڕێگا دەتوانێ ژنەکەی لە ماڵدا ملکەچ و گوێڕایەڵ بکا بەبێ ئەوەی ناچار بێت وازی لێبێنێت. بەڵام زۆر بەکەمی ئافرەت دەتوانێ بە هۆی وازهێنانی، مێردەکەی بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، چونکە ئەو ژنەی مێردەکەی خۆی بەجێ دێڵێ زۆربەی کات تووشی بەدبەختی دەبێ و زۆر بەزەحمەت دەتوانێ مێردێکی دیکە پەیدا بکات و لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری جوانیەکەی خۆی لە ماڵی مێردی یەکەم لە دەست داوەو ئیتر وەکو جاران سەرنجڕاکێش نییەو بێگومان داواکارەکانی لە پێشوو کەمتر دەبنەوە. هەروەها یەکێک لەو هۆکارانەی کە لە تەمەنی پیری ئافرەتەکەدا هەستی وەفاداری مێردەکەی دەجوڵێنێ، یادی جوانی و گەنجی سەردەمی کچێنی ئافرەتەکەیە، بەڵام لە ماڵی مێردی دووەم دا ژنەکە خاوەنی ئەو ئیمتیازە نییە. بە هەرحاڵ ئەو نەتەوانەی کە مافی وازهێنانی داوە بەپیاو باشتربوو ئەگەر ئەو مافەشیان بە ژنەکەداباو تەنیا مافی تەڵاقیان دابا بە مێردەکە.

لەو وڵاتانەی کە فرەژنی تێدا باوە، پیاوەکە نابێ بە هیچ جۆرێ واز لە ژنەکەی بێنێت، چونکە ئەگەر ئەخلاق و ڕەفتاری ژن و پیاوەکە لەگەڵ یەکتردا ناگونجێ ئەوا هەڵەی پیاوەکەیەو هۆکارەکەی بۆ زۆربی ژنەکانی دەگەڕێتەوەو لەو نێوەدا ژنەکە بێ گوناهە.

لەو وڵاتانەی کە بە هۆی نەزۆکی، ڕێگە بە وازهێنان لە ئافرەتەکان دراوە، پێویستە

تەنیا لە کاتێکدا سوود لەو مافە وەربگیرێ کە پیاوەکە تەنیا یەک ژنی هەبێ، لە کاتی فرەژنیدا نابێ بە بیانوی ئەوەی یەکێک لە ژنەکان نەزۆکە، واز لە ئافرەت بهێنرێت.

لە یاسای هۆزەکانی مالدیۆدا ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی بەرەڵاکردووە دەتوانێ سەرلەنوێ مارەی بکاتەوە. بەڵام لە یاسای مەکسیکدا ژن و پیاو بە مەرجێک دەتوانن سەرلەنوێ ژیانی هاوبەش پێک بهێننەوە کە تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ یەکتردا بژین. لەو رووەوە یاسای مەکسیک زۆر باشترە لە یاسای مالدیۆ، چونکە یاسای مالدیۆ ژیانی هاوسەری و وازهێنانی کردووە بە گاڵتەو گەپ.

لە یاسای مەکسیکدا ژن و پیاو ناتوانن واز لە یەکتر بهێنن، بەڵام دەتوانن تەڵاق لە یەکتر وەربگرن، هەر بۆیە پێک هێنانەوەی ژیانی هاوسەری گەلێک رێوشوێنی سەختی بۆ دانراوە، چونکە جیابوونەوەی پێشتریان بەوپەڕی دڵنیایی و وردەکارییەوە بە ئەنجام گەیشتووە. ئاشکرایە کە بەرەڵڵاکردن کردەوەیەکە کە بە زۆری بە هۆی تۆڕەبوونی کاتەکی و هەڵچوونەوەو بەبێ ئاگاداری لایەنەکەی دیکە ئەنجام دەدرێ بەڵام تەڵاق دان بەرەزامەندی هەردوولایانەو کردەوەیەکی عەقلانییە کە خوێندنەوەیەکی وردی لەسەرکراوە.

### بەشی شازدەهەم: وازهێنان و تەڵاق دان لە رۆمای دێرین دا

رۆمۆلۆس، یاسادانەری بەناوبانگی رۆمانی مافی ئەوەی دابوو بە مێرد، هەرکاتێ ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی تردا خەوت یان ویستی ژەهرخواردی بکا یان کلیلی دەستکردی بەکارهێنا ئەوا دەتوانێ بەرەڵڵای بکات، بەڵام ئەو مافەی نەدابوو بە ئافرەتەکان، هەر بۆیە پلۆتارک بە یاسایەکی زۆر توندو سەختی ناودەبات. بەڵام لە ئەسینادا ژن و پیاو هەردووکیان مافی وازهێنانیان هەبوو و دواتر کە ئەو یاسایە لە یۆنانەوە گوێزرایەوە بۆ رۆما، ژنە رۆمانیەکانیش مافی وازهێنان لە مێردەکانیان پێ بەخشرا و لە یاساکانی دوازدە تابلۆکەدا گونجێنرا. شیشرۆنی یاسادانەری رۆمانی سەبارەت بە هۆکارەکانی بەرەڵڵاکردن دەڵێ: لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا شیکراوەتەوە. ئەو قسەیە راستە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو هۆکارانەی لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا هاتوون، هەمان ئەو هۆکارانەن کە رۆمۆلۆس بۆ وازهێنان دایناپوون. مافی تەڵاق دانیش یەکێک لە رێوشوێن یان دەرئەنجامەکانی یاسای دوازدە تابلۆکە بوو، چونکە کاتێ بڕیاردرا کە ژن و مێرد دەتوانن بەبێ ئاگاداری یەکتر لە یەک جیابینەوە، بە رێگای یەکەم دەیانتوانی بە هۆی وتوویژ لە یەکتر جیاببنەوە واتە تەڵاق وەرگرن.

لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا هیچ هۆکارێک بۆ تەڵاق دان دەستنیشان نەکرابوو. چونکە ئەگەر وازهێنان بەبێ ئاگاداری لایەنێکیان پێویستی بەهەندێ هۆ و بەڵگەی تایبەتی هەبێ ئەوا تەڵاق کە بە راوێژو گفتوگۆ ئەنجام دەدرێ، هیچ هۆیەکی تایبەتی نییەو ئاشکرایە کە رازی نەبوونی ژن یا پیاوەکە هۆکاری سەرەکی تەڵاقە.

(دنیس، والرماکزیم و ئۆلۆژل) کە سێ مێژوونووسی بەناوبانگن لەمەڕ تەڵاق لە رۆمای کۆندا بابەتێکیان باس کردووە کە بە بڕوای من هەڵەیە. ئەوانە دەڵێن، هەرچەندە لە رۆمای کۆندا پیاوەکان دەیانتوانی واز لە ژنەکانی خۆیان بهێنن، بەڵام بە هۆی ئەو رێزەی کە فاڵگری و ئەو خورافاتەی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت هەیبوو، بە درێژایی پێنج سەدو بیست ساڵ هیچ کەس ژنەکەی خۆی تەڵاق نەدا و لەدوای ئەو ماوەیەش تەنیا (کارویلیوس روگا) بە هۆی نەزۆکی ژنەکەی خۆی تەڵاق دابوو. بەڵام هەرکەسێک شارەزای دەروونی مرۆڤ بێت دەزانێ دەبێ کارەساتێکی گەورە رووی دابێ بۆ ئەوەی میللەتێکی مەزنی وەکو رۆمان سەرەڕای بوونی مافی وازهێنان، بە درێژایی پێنج سەدوبیست ساڵ سوودیان لەو مافە وەرنەگرتبێ. ئەگەر خەڵک سوودیان لەو مافەی خۆیان وەرنەدەگرت بۆچی یاسای دوازدە تابلۆکە پەرەی بە یاسای بەرەڵڵاکردندا کە لە لایەن رۆمۆلۆسەوە دانرابوو، چونکە تا کاتێ پێویست نەبێ گەشە بە یاسا بدرێ ئەوا دەستکاری یاسا ناکەن و ژمارەیەکی زۆرتر ناخەنە ژێر رکێفی یاساوە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر وەکو رێزگرتن لە خورافات، خۆیان لە تەڵاق و بەرەڵڵاکردن دەبوارد، بۆچی یاسادانەرە رۆمانیەکان بۆ پاراستنی ئەو رێزە، خۆیان لە دارشتنی یاسای نوێ سەبارەت بە وازهێنان نەدەبوارد.

ئەگەر وتەی ئەو سێ مێژوونووسە لەگەڵ قسەی پلۆتارک بەراورد بکەین ئەوا ئەو گومانە نامێنێ و راستیی بابەتەکە دەردەکەوێ. بە ئاشکرا پلوتارک لە ژیاننامەی رۆمۆلۆسدا دەڵێ: رۆمۆلۆس سێ یاسای وازهێنانی دیاری کردبوو و ئەگەر پیاوێک جگە لەو سێ حاڵەتە ژنەکەی تەڵاق دابا ئەوا بەپێی یاسای پاشایەتی دەبوایە نیوەی سامان و داراییەکەی بدا بە ژنەکەی و نیوەکەی تریش لە پێناوی سرس (خواوەندی کشتوکاڵ)دا خەرج بکات. کەواتە هەموو کەس دەیتوانی بەجێبەجێ کردنی ئەو خەرجییە ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام هیچ کەسێک تا سەردەمی کارویلیوس روگا ژنەکەی تەڵاق نەدا. ئەو کەسە، بە وتەی پلوتارک، ژنەکەی دوو سەدو سی ساڵ دوای رۆمۆلۆس تەڵاق داوەو لە راستیدا کاتێک کە لە ژنەکەی جیابۆوە، ٧١ ساڵی مابوو بۆ دانانی یاسای دوازدە تابلۆکە کە ماف و هۆکارەکانی وازهێنانی پەرەپێدابوو.

ئەو سێ مێژوونووسە دەڵێن کارویلیوس روگا ژنەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست، بەڵام

به هۆی نەزۆکی، سانسۆرەکان ناچاریان کرد سوێند بخوات و ژنەکەی تەڵاق بدا و ژنێکی تر بێنێ، بۆ ئەوەی لێی ببێتە خاوەنی منداڵ و خزمەتی کۆماری رۆما بکات.

به وتەی ئەو سێ مێژوونووسە، ئەو بابەتە بووە هۆی بێزاری خەڵک لەو پیاوە گەورە، چونکە ژنەکەی خۆی تەڵاق دابوو. بەڵام پێویستە ئاگادار بین گەلی رۆما لەبەر ئەو هۆکارە لە روگا بێزار نەببوون چونکە تەڵاقدانی ژنێک نابێتە هۆی بێزاری، بەڵکو هۆکاری بێزار بوونەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سوێندی بۆ لێکۆڵەرەوەکانی دەوڵەت خورادبوو و رێنوێنی کردبوون کە یاساکە هەڵوەشێننەوەو پێشێلی بکەن.

ئەو خاڵەی پێویستە سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە گەلی رۆما لە مێژبوو هەستیان بەوە کردبوو کە لێکۆڵەرەکان دەیانەوێ سوودی خراپ لە دەسەڵات و سەڵاحیاتی خۆیان وەرگرن و خەڵک تووشی کۆیلەیی بکەن. من لە بەشی بیست ویەکەمی کتێبی بیست و سێهەمدا روونی دەکەمەوە کە چۆن و بۆ چی گەلی ڕۆما دژی ئەم جۆرە رێوشوێنەی کە سانسۆرەکان دایان دەنا، نارەزاییان دەردەبڕی.

ئێستا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم بۆچی لەنێوان وتەی ئەو سێ مێژوونوسەو پلۆتارک سەبارەت بە تەڵاق جیاوازی هەیە؟

هۆیەکەی ئەوەیە ئەوان ویستویانە رووداوێکی نائاسایی و سەیر بگێڕنەوە بەڵام مەبەستی پلۆتارک حەقیقەت بێژی بووە.

## پەیوەندی نێوان یاساو ڕێوشوێنی کۆیلایەتی سیاسی و جۆری ئاوو هەوا

### بەشی یەکەم: کۆیلەیی سیاسی

مەبەست لە کۆیلەیی سیاسی ئەوەیە، گەلێک بەسەر گەلێکی تردا زاڵ بێت و بیخاتە کۆت و بەندی کۆیلایەتییەوە. بەرهەمەکانی ئەو کۆیلایەتیەش هەروەک لە بەشەکانی داهاتووش دا باسی دەکەین، وەکو کۆیلەیی مەدەنی و کۆیلەیی ناوماڵ، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاوو هەواوە.

### بەشی دووەم: جیاوازی میللەتەکان لە ڕووی چالاکی و هەڵەشەیی و بوێرییەوە

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ئاووهەوای گەرم دەبێتە هۆی سستی و لاوازی و بە پێچەوانەوە ئاووهەوای سارد دەبێتە هۆی بە هێزکردنی دانیشتوان و خەڵکی ناوچە ساردەکان دەتوانن زەحمەت و ناخۆشیی قورس و درێژخایەن تەحەمول بکەن. ئەو بابەتە سەرەڕای ئەوەی بە بەراوردکردنی نەتەوەو وڵاتە جۆراوجۆرەکان ڕاستیی خۆی دەسەلمێنێ، ئەگەر لە وڵاتێکیشدا دانیشتوانی ناوچە گەرم و شوێنە ساردەکان لەگەڵ یەکتر بەراوردبکەین ئەوا دیسان ئەو حەقیقەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بۆ نموونە بوێری و چالاکی دانیشتوانی باکووری چین زۆر زیاترە لە چالاکی دانیشتوانی باشوور، هەروەها چالاکی خەڵکی باکووری کۆریا زۆر زیاترە لە چالاکی خەڵکی باشووری ئەو وڵاتە.

کەواتە نابێ پێمان سەیر بێ بۆچی سستی و لاوازی، خەڵکی ناوچە گەرمەکانی تووشی کۆیلەیی کردووە، لە کاتێکدا خەڵکی وڵاتە ساردەکان ئازاد و ئاغان. ئەو بۆچوونە لەسەر ئەمریکاش ڕاستیی خۆی دەسەلمێنێ، چونکە نەتەوە کۆیلەکان لەناوچەی هێڵی ئیستوادا دەژین و نەتەوە ئازادەکانیش لە ناوچەکانی باکوور و باشوور و شوێنە ساردەکاندا نیشتەجێن.





هەروەک لە کتێبی گەڕیدەکان و جوگرافیادا ئاماژەی پێ کراوە، بەشی باکووری ئاسیا لە چل پلەی هێڵی پانیەوە دەست پێ دەکات و بە جەمسەری باکوور کۆتایی دێت و لەرووسیاوە تا دەریای ڕۆژهەڵات دەگرێتەخۆ، سەرزەمینێکی ساردە کە سیبیریا بەشی باکووری پێک دەهێنێ و باشوورەکەشی لە وڵاتی تەتەرستان پێک هاتووە. ئاوو هەوای سیبیریا بە ڕادەیەک ساردە کە جگە لە چەند شوێنێک لە هیچ جێگەیەکی دیکە گیاو رووەک ناڕوێ. لەو شوێنانەش کە دارو درەخت دەڕوێ، تەنیا داری سنەوبەری بچووک و سەرخەس گەشەدەکات، هەندێ خێڵی هەژارو نەداری وەکو خێڵەکانی کەنەدا زۆر بە سەختی لەو خاکەدا ژیان بەسەر دەبەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم سەرمایە بەرزیی زەوییەو هۆکارێکی تریش پەیوەندی بەوەوە هەیە هەر چەندە بەرەو باکوور هەڵبکشێین بەرزیی چیاکان کەم دەبێتەوەو لە هەندێ شوێن هەر نامێنێ هەر بۆیە با ساردەکانی باکوور بەبێ هیچ لەمپەرو بەربەستێک لەو شوێنانەدا هەڵدەکەن. هەر ئەو بایە لە ناوچەکانی (زامبلی نوێ)دا بە جۆرێک ئاوو هەوا گەرم دەکات کە مرۆڤ توانای ژیانی نییە. بەڵام هەروەک وتمان لە سیبیریا بە چەشنێک ئاوو هەوا سارد دەکا کە ڕووەک ناتوانێ لە زەوی سەردەربێنێ. بای ساردی باکوور لە ناوچەکانی باکووری ئەورووپاو لە وڵاتەکانی وەکو سویدو نەرویج و هتد بە چیای بەرز پێشی دەگیرێ و ئەو چیایانە خێرایی بایەکە کەم دەکەنەوە، بەرادەیەک کە لە ستۆکهۆڵمدا سەرەڕای ئەوەی کەوتۆتە پەنجاو نۆ پلەی پانی باکووری ئیستیوا کەچی جۆرەها درەختی میوەی لێ دەڕوێت و تەنانەت ئابۆش کە کەوتۆتە شەست و سێ و شەست و چوار پلەی پانی باکوور خاکەکەی بە پیتەو کانە زیوی تێدایە.

دیسان لە کتێبی جوگرافیادا هاتووە: خاکی تەتەرستان کە کەوتۆتە باشووری سیبیریاوە خاکێکی ساردو بێ پیتە هیچ جۆرە درەختێکی میوەی تێدا ناڕوێ، بەڵام لەوەرگای باشی لێیەو دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە ئاژەڵەکانی خۆیان لەوێ دەلەوەڕێنن. هەرچەندە لەنزیک چین و مەغۆلستان زەوی و زاری پان و بەرینی لێیەو هەرزنی تێدا ڕەنێودێنن، کەچی لەم ناوچەیەدا گەنم و برنج ناڕوێت. لە تەتەرستانی چین دا گشت ئەو زەویانەی کەوتوونەتە ٤٣، ٤٤، ٤٥ پلەی پانی ئیستیوا، بۆ ماوەی حەوت هەشت مانگ بە بەستەڵەکی دەمێننەوە، بە جۆرێک ئەو ناوچەیە ساردیەکەی هاوشێوەی ساردیی دوورگەی ئایسلەندە، لەکاتێکدا دەبوایە وەکو باشووری فەرەنسا گەرم بوایە، تەتەرستان لە چەند شاری کەم پێک هاتووەو ئەگەر چاوپۆشی لە شاری ناوچەکانی بوخارا و

تورکستان و خارەزم بکەین، ئەوا لەسەرجەم شوێنەکانی تردا هیچ شارێک نابینین. هۆکاری سەرەکی ساردی لە ڕادەبەدەری ئەو شوێنە لەلایەک بۆ پێکهاتەی زەوی دەگەڕێتەوە کە لە شۆرەکات و جۆرەها نیترات دروست بووەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە بەرزی زەوی لە ئاستی دەریاوە هەیە.

بەرزی ئەو وڵاتە لە ئاستی دەریا بەرادەیەک زۆرە، دەتوانین بڵێین خاکی تەتەرستان چیایەکی زۆر بەرزە بەڵام ڕووەکەی تەختە، هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی تەواوی ڕووبارەکانی ئاسیایە کەچی خاکی تەتەرستان بێ ئاوەو جگە لە هەندێ شوێنی دەوروبەری، ڕووبارو دەریاچەکان هەموویان وشکیان کردووە.

بە سەرنج دانی ئەو شتانەی باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە بەشی هەرە گەورەی کیشوەری ئاسیا لە ناوچەی سارد پێکهاتووەو دوابەدوای ئەویش ناوچەی گەرم دەست پێ دەکات، بە شێوەیەک کە لە نێوان ناوچەی ساردو ناوچەی گەرم دا هیچ ناوچەیەکی فێنکی پان و بەرین نییە. بەڵام لە ئەوروپادا بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆری خاکەکەی لە ناوچەی فێنک پێکهاتووە. هەرچەندە جۆرە وێکچوونێک لە نێوان ئاووهەوای ئاسیا و ئەوروپادا هەیە، بەڵام ساردو گەرمی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپادا ڕێژەکیە، واتە هەرچەندە لە باشوورەوە بەرەو لای باکوور هەڵبکشێین ئاوو هەوا بەرەو ساردی دەڕوات، لە ئاکامیشدا وڵاتە دراوسێکانی ناو ئەوروپا لە ڕووی ئاوو هەواوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نییەو نەتەوەکانیشیان لە لایەنی دەروونی و ئەخلاقییەوە زۆر بە یەکتر دەچن.

بەڵام لە ئاسیادا بە هۆی نەبوونی ناوچەیەکی فێنکی (معتدل) فراوان و بوونی دوو ناوچەی ساردو گەرم، نەتەوەکانی ئاسیا بەسەر دوو میللەتی داگیرکار و داگیرکراودا دابەش بوونە. بەم جۆرە: دەستەیەک بەردەوام خەریکی داگیرکارییەو نەتەوەکانی دیکە دەخاتە کۆت و بەندی کۆیلایەتی و دەستەکەی تریش هەمیشە دەبێ لە ژێر نیری کۆیلایەتیدا بناڵێنێ. بەڵام دەتوانین بڵێین لە ئەوروپادا هەموو نەتەوەکان بە هێزن و هیچ دەستەیەک بەتەواوی بەهێز یان لاواز نییە.

ئەو بابەتەی ئاماژەمان بۆ کرد یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزیی ئەوروپاو لاوازیی ئاسیا، هەر بۆیەشە لە ئاسیادا هەرگیز ئازادی سەقامگیر نابێ. دیارە پێویستە ئەوە بڵێین سەرەڕای ئەوەی ئازادی لە ئەوروپادا سەقامگیر بووە بەڵام بەردەوام گەشەسەندن و لاوازی بەخۆیەوە دەبینێ.



## بەشی چواردەهەم: دەرئەنجامەکانی بەشی پێشوو

ئەوەی لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد لەگەڵ حەقیقەتە مێژووییەکانیشدا ڕاست دێتەوە: ئاسیا سێزدە جار هێرشی کراوەتەسەر، یازدە جار هێرشکەرەکان لە باکوورەوە هاتوون و تەنیا دوو جار لە باشووری ئاسیاوە هێرش کراوە.

(سیت)ەکان کە هەندێ خێڵی باکوور بوون لە سەردەمانی کۆنی مێژوودا سێ جار هێرشیان کردۆتە سەر ئاسیا، پاشان مادەکان و پارسەکان درێژەیان بە هێرشەکان داوەو دوابەدوای ئەوانیش عەرەبەکان و دواتریش تورک و مەغول و تەتەرو ئەفغانییەکان درێژەیان بە هێرشەکان داوە. خاکەکانی باشووری ئاسیا بە ڕادەیەک کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماردان کە لە ئەژمار نایەت و ئەو سێزدە هێرشە گەورەیەی باسمان کرد تایبەتە بە ناوچەکانی باکووری ئاسیا. ئەگەر بمانەوێ هێرش و پەلامارە ناوخۆیی و بچووکەکانی سەر باشووری ئاسیا بژمێرین ئەوا ژمارەی هێرشەکان لە ڕادەبەدەرو لە توانای ئێمەدا نییە.

لەو کاتەوە کە کۆچەرە یۆنانی و فینیقییەکان لە ئەوروپادا سەقامگیر بوون، لە چوار هێرش زیاترم بە بیر نایەت:

١- هێرشی ڕۆمەکان و سەرکەوتنەکانیان.

٢- هێرشی جێرمەنەکان کە توانیان ڕۆمانەکان لەناو ببەن.

٣- سەرکەوتنەکانی شارلمانی.

٤- هێرشی نۆرماندەکان.

بەڵام ئەگەر بێتو سەرنجی ئەو هێرشانە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو هێرش و پەلامارەکاندا، نەتەوەی هێرشکەر تووشی جۆرەها گیروگرفت بووە، چونکە هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا بەهێز بوون، لە کاتێکدا کە لە ئاسیادا هێرشکەرەکان بە ئاسانی وڵاتە گەورەکانیان داگیر دەکرد.

## بەشی پێنجەم: دەرئەنجامی داگیرکاری نەتەوەکانی باکووری ئاسیا وەکو دەرئەنجامی داگیرکاری نەتەوەکانی باکووری ئەوروپا نەبووە

نەتەوەکانی باکووری ئەوروپا کە دەستیان کرد بە داگیرکاری و چەندین وڵاتیان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، نەیاندەویست خەڵکی ئەو وڵاتانە بکەنە کۆیلەی خۆیان، لە کاتێک ئامانجی سەرەکی نەتەوەکانی باکووری ئاسیا لە داگیرکارییەکان، بە کۆیلەکردنی نەتەوە داگیرکراوەکان بوو.

پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، سەرەڕای ئەوەی گەلی تەتەر کە بەناوبانگترین

نەتەوەی داگیرکاری ئاسیایەو لە هەموو نەتەوەکانی دیکە زیاتر دەستی بەسەر ولاتەکانی تردا گرتووەو هەرچەندە لە ناوچەکانی باشووری ئاسیادا چەندین ولاتی داگیرکردووە، کەچی ئەو بەشەی تەتەرەکان کە لە ناوەوەی ولاتدا مابوونەوە، پەیڕەویان لە دەسەلاتدارە ملهوڕو موستەبدەکان دەکردو دەسەلاتدارەکانیش چەشنی نەتەوە داگیرکراوەکان لەگەڵ میللەتی خۆیاندا رەفتاریان دەکرد، واتە چۆن تاکی کۆمەڵگا داگیرکراوەکانیان دەکردە کۆیلەی خۆیان ئاواش وەکو کۆیلە سەیری تاکەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیان دەکرد.

ئەو نەریتە ئێستاش لە ولاتی تەتەرستاندا باوەو پەیڕەوی لێ دەکرێ.[٩٧] ئیمپراتۆرەکانی تەتەرستان سەرەڕای ئەوەی چینیان داگیرکرد، کەچی لەگەڵ نەتەوەی داگیرکراو واتە چینییەکان چۆن هەڵسوکەوتیان دەکرد ئاواش لەگەڵ تاکەکانی خۆیاندا دەجولانەوە. لە مێژوودا هاتووە، ئیمپراتۆرەکانی چین هەندێ کۆچەریان لە چینەوە بۆ تەتەرستان نارد بۆ ئەوەی لەوێدا نیشتەجێ بن، بەلام چینییەکان زۆر بەزوویی خۆو رەوشتی تەتەرەکانیان گرت و زۆری نەخایاند بوونە دوژمنی باوەکوشتەی رەگەزی خۆیان واتە (دوژمنی چین) بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رۆیشتن و کۆچکردنی ژمارەیەک لە چینیەکان بەرەو تەتەرستان بووە هۆی ئەوەی شێوازی حکومەتکردنی چینییەکان لە تەتەرستاندا پەرەبستێنێ.

زۆربەی کات پاش ئەوەی گەلی تەتەر لە داگیرکردنەکانیدا سەرکەوتنی بە دەست دێنا، لە ولاتە داگرکراوەکان وەدەردەنراو بەرەو تەتەرستان پاشەکشەیان دەکرد، بەلام لە گەڕانەوەی خۆیاندا رۆحی کۆیلەیی و بەندەییان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە، چونکە لەنێو نەتەوە داگیرکراوەکاندا خویان بە رۆحی کۆیلەیی گرتبوو.

ئەو کەسانەی گەرەکیانە باشتر ئەو راستییەیان بۆ روون بێتەوە، با سەیری مێژووی چین و مێژوو خۆمان بکەن، بڕوانن سیتەکان سەرەڕای ئەوەی سێ جار ئاسیایان داگیرکرد چۆن لەوێ وەدەرنران. هەر بۆیە سەیر دەکەین رۆحی حکومەتی نەتەوەی تەتەر هاوشێوەی رۆحی حکومەتی نەتەوە داگیرکراوەکانی ئاسیا بووە، ئەگەر لەنێو نەتەوە داگیرکراوەکانی ئاسیا نێزەو شەلاق فەرمانڕەوای رەهاو تاکە هۆکاری حکومەتکردن بووە ئەوا لە نێو نەتەوەی تەتەریشدا نیزەو قامچی وەکو تاکە هۆکاری بەرقەرارکردنی نەزم و رێک و پێکی سەیری کراوە. کەچی هیچ کات نێزەو قامچی رۆحی حکومەتی نەتەوەکانی ئەوروپای پێک نەهێناوەو ئەوەی لە ئاسیا وەکو هۆکاری بەرقەراری نەزم و دیسیپلین و سزادانی سەرپێچیکاران سەیری دەکرێ ئەوا لە ئەوروپا وەکو سووکایەتی و دەست درێژی لە قەڵەم دەدرێ. تەتەرەکان کاتێ توانیان ئاسیا داگیربکەن و پاش ئەوەی ئیمپراتۆری یۆنانیان



شکست پێ دا، ئیستبدادیەتیان لە ناوچەکەدا چەسپاندو نەتەوە داگیرکراوەکانیان کردە کۆیلەی خۆیان، بەلام گوتەکان کە سەر بە نەتەوە داگیرکارەکانی ئەوروپابوون پاش دەست گرتن بەسەر ئیمپراتۆری رۆمانی لە هەموو شوێنێکدا گەشەیان بە بنچینەی ئازادی و پاشایەتی دەستووری دا.

(رودبێک)ی مێژوونووسی بەناوبانگی سویدی، گەڵێک ستایشی گەلانی ئەسکەندەناڤیای (باکووری ئەوروپا) کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە خۆی لە راستیەکی حاشاهەڵنەگر بواردووەو باسی لێوە نەکردووەو ئەویش ئەوەیە کە نەتەوەکانی ئەسکەندەناڤیا سەرچاوەو بنەمای ئازادین لە ئەوروپادا و ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ ئێمە لە سایەیدا دەژین بەری رەنجی ئەوانە!

(ژرناندس) ی نووسەری گووتی دەڵێ: باکووری ئەوروپا کارگەی مرۆڤسازیی ئەوروپایە، بەلام من دەڵێم باکووری ئەو کیشوەرە پێگەی بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازو کەرستانەیە کە زنجیری ئیستبدادی ناوچەکانی باشووری ئەوروپای لەبەر یەک ترازاند.

بەڵێ، لە باکووری ئەوروپاوە ئەو نەتەوانە راپەڕین و لەماوەی داگیرکردنی ولاتە جۆراو جۆرەکانی ئەو کیشوەرە، زنجیری کۆیلەیی و دەسەلاتە رەهاکانیان دارووخاندو فێری خەڵکیان کردن کە: **سروشت هەموو کەسی وەکو یەک و بەیەکسانی خەلق کردووە و ئەگەر عەقڵی مرۆڤ بە پێویستی زانیوە هەندێ لە تاکەکان بکەونە ژێر فەرمانڕەوایی کەسانی ترەوە ئەوا لە پێناوی ئەوەدا بووە بەرەو بەختیاری هەنگاو بنێن و ئاسوودەتر ژیان بەسەر بەرن نەک بینە دیلی کۆیلەیی و ئیستبدادییەت.**

### بەشی شەشەم: هەندێ هۆکاری سروشتیی
### سەقامگیربوونی کۆیلەیی لە ئاسیاو ئازادی لە ئەوروپا

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە کیشوەری ئاسیا بەردەوام خاوەنی ئیمپراتۆری گەورە بووە لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێ ئیمپراتۆرە گەورەکان نەیانتوانیوە لە ئەوروپادا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

یەکێک لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەشتی پان و بەرینی بەشی هەرە زۆری خاکی ئاسیای پێکهێناوە کە بە هۆی چیاو دەریای گەورەوە بەسەر بەش و کەرتی گەورەدا دابەش کراون و لەبەر ئەوەی ئەو دەشتانە کەوتوونەتە بەشی باشوورەوەو رووبارەکانی بە زوویی وشک دەکەن و لەبەر ئەوەی بەفری چیاکانی ئەو ناوچەیە زووتر دەتوێتەوەو لەبنەڕەتدا چیای ئەو کیشوەرە وەکو چیاکانی ئەوروپا بەفری لێ نابارێ، هەر بۆیە دەبێ لە

ئاسیادا حکومەتی ئیستبدادی فەرمانڕەوایی بکا، چونکە ئەگەر هەر چەشنە حکومەتێکی تر لەوێدا بەرقەرار بکرێ ئەوا زۆر زوو هەموو بەشەکانی لێک جیادەبنەوە.

بەڵام پێدەشت و دەشتە لیتەییەکانی ئەوروپا بچووکن و وڵاتە بچووکەکان لە ڕێگای سنووری سروشتی لە یەکتر جیابوونەتەوەو بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی ئەو وڵاتانە حکومەتی ئیستبدادی پێویست نییە. هەموو کاروبارەکان لە ڕێگای یاساو بنچینە یاساییەکانەوە ڕایی دەکرێن، بەڕادەیەک حکومەتی یاسا لەگەڵ وڵاتەکانی ئەوروپادا دەگونجێ. ئەگەر بێتو لە یەکێک لە وڵاتەکاندا یاسا فەرمانڕەوا نەبێ ئەوا ئەو وڵاتە لە ماوەیەکی کورتدا تووشی هەرەس هێنان و داڕوخان دەبێ و کاروانی پێشکەوتن لەو وڵاتەدا رادەوەستێ.

ئەو بارودۆخە سروشتییە لە ئەوروپادا رۆحی ئازادی بەهێز کردووە، بە جۆرێک کە هیچ هێزێکی داگیرکەری دەرەکی ناتوانێ هیچ کام لە بەشەکانی ئەوروپا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو ئەگەر هاتوو یەکێک لە بەشەکان سەری رەزامەندی شۆڕکرد ئەوا تەنیا بەهۆی یاسا لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی ئەو کارە ئەنجام دەدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، بارودۆخی سروشتی ئاسیا بۆتە هۆی بەهێزکردنی رۆحی کۆیلەیی و ئەو رۆحی کۆیلەییە بەچەشنێکە کە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئەو کیشوەرە مەزنەدا تروسکاییەک نابینی کە دەربڕی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی رۆحی ئازادی بێت!

### بەشی حەوتەم: ئەفریقاو ئەمریکا

پاش ئەوەی لە ئاسیاو ئەوروپا بووینەوە، دێینە سەر باسی ئەفریقا. لەبەر ئەوەی بارودۆخی سروشتیی ئەفریقا لە بارودۆخی باشووری ئاسیا دەچێ هەر بۆیە ئەویش گرفتاری کۆیلایەتییە. ئەمریکا کە لە سەدەی شازدەو حەڤدەی زایینیدا وێران کراو نەتەوەکانی ئەوروپاو ئەفریقا لەوێدا نیشتەجێ بوون، هێشتا زووە بۆ ئەوەی ماهییەتی خۆی دەربخات. بەڵام مێژووی ئەو کیشوەرە دەریدەخا کە لەوێدا ئازادی زاڵ بووە.

### بەشی هەشتەم: هەڵبژاردنی پایتەختی ئیمپراتۆریەتێک

یەکێک لەو دەرەنجامانەی کە لە بەشەکانی پێشوو دەستگیرمان دەبێ ئەوەیە کە دەسەڵاتداری وڵاتێکی گەورە دەبێ بەوپەڕی لێزانی و وردەکارییەوە پایتەختی وڵاتەکەی دیاری بکات. ئەگەر ئەو پایتەختە بکەوێتە باشووری ئیمپراتۆرییە گەورەکە ئەوا لەوانەیە



ناوچەکانی باکووری وڵاتی لە دەست بچێ، بەڵام ئەگەر پایتەخت لە ناوچەکانی باکوور دروست بکرێ، ئەوا چاودێری و پاراستنی باشوور ئاسانترە. شتێکی ئاساییە رەنگە ئەو ڕێسا گشتییە هەندێ ڕێزپەڕی تێ بکەوێ، چونکە هەندێ جار ڕێزپەڕ لە ڕێسا زانستییەکانیشدا هەڵدەکەوێ.

# پەیوەندی نێوان یاساو جۆری زەوی و خاک

## بەشی یەکەم: کاریگەری سروشت و جۆری خاک لەسەر یاساکان

کاتێ خاکێک بە پیت و بەرەکەت بێت ئەوا بێگومان سەرنجی خەڵکانی دەوروبەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ و لە ئاکامیشدا دەکەوێتە بەر هەڵمەتی داگیرکردن. جوتیارانی سەر ئەو خاکە گرنگییەکی زۆر بە سەربەخۆیی خۆیان دەدەن و زیاتر خەریکی راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان، واتە کشتوکاڵن. بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی بە پیت و دەوڵەمەند هەمیشە سیلەی چاوی پەلامارەدەرو تالآنکارەکانی لەسەرەو دانیشتوانەکەی بەردەوام ترسیان لە سوپای دەرەکی هەیە.

شیشرۆن لە کتێبەکەی خۆیدا لە کاتی وتوویژ لەگەڵ ئاتیکۆس دا دەڵێ:

«جوتیارو وەرزێرەکان هیچ گرنگییەک بە سیاسەت نادەن و هیچ پێویست ناکا دژی حکومەتی دەستووری بن، چونکە ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئەوان بوونی ژیانێکی ئاسوودەو بێ گیروگرفتەو هەر جۆرە حکومەتێک بتوانێ ئەو ئامانجە دابین بکات ئەوا دەسەڵاتەکەی پەسند دەکەن».

ئەگەر سەرنجی ئەو بابەتەی سەرەوە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە هەمیشە زەوی و خاکە بە پیتەکان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی تاکەکەسێک، واتە لەبەر ئەوەی خەڵک لەو شوێنەدا حەزیان لە هێمنی و ئاسوودەییە، هەر بۆیە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی تاکەکەسێک قبووڵ دەکەن، بەڵام ئەو ناوچانەی بە پیت نین حاڵەتێکی پێچەوانەیان هەیەو بەردەوام دەکەونە ژێر رکێفی دەسەڵاتی چەندین کەسەوە. بۆ نموونە نەبوونی زەوی و زاری کشتوکاڵی لە ئاتیک[٩٨] بووە هۆی ئەوەی حکومەتێکی کۆمەڵایەتی یا ئیشتراکی لەوێدا سەرهەڵبداو بەهێز بێ، بەڵام چونکە ئیسپارتە خاوەن زەوی و زاری بە پیت بوو هەر بۆیە حکومەتی ئەرستۆکراتی لەوێدا دروست بوو. سەرەڕای ئەوەی کە یۆنان لەو سەردەمەدا هیچ چەشنە ئینتیمایەکی بۆ حکومەتی تاکەکەسی نەبوو، بەڵام زەوی و زارە بە پیتەکانی ئیسپارتە بە حوکمی سروشتی خۆی حکومەتێکی ئەرستۆکراتی لەوێدا پێکهێنا کە زیاتر لە حکومەتی تاکەکەسی نزیک بوو. بۆ سەلماندنی رای خۆمان و روون کردنەوەی پەیوەندی نێوان



حکومەتی ئەستۆکراتی و تاکەکەسی لەگەڵ زەوی و زارە بە پیتەکان، وتەیەکی پلۆتارک بە بەڵگە دەهێنینەوە. پلۆتارک لە کتێبەکەی خۆی بە ناونیشانی ژیاننامەی «سۆلۆن»دا دەڵێ: «کاتێک شۆڕشی ناسراو بە یاخیبوونی سیلۆنی لە وڵاتی ئەسینادا کپ کرا، دانیشتوانی وڵات لە رووی بۆچوون و رێبازی سیاسییەوە بەسەر چەند چینێکدا دابەش بوون، بە چەشنێک کە هەرکام لە چینەکان بە پێی جۆری زەوی و زاری وڵاتەکەیان داوای حکومەتێکی تایبەتییان دەکرد. دانیشتوانی چیاکان کە خاوەنی زەوی و زاری کشتوکاڵی نەبوون خوازیاری حکومەتی کۆمەڵایەتی یان ئیشتراکی بوون و دانیشتوانی دەشتە بە پیت و بەرەکەتەکان داوای حکومەتی ئەرستۆکراتییان دەکردو ئەوانەی لە کەناری دەریادا دەژیان حکومەتێکی تێکەڵە لە هەر دوو جۆرەکەیان دەویست.

## بەشی دووەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

بە شێوەیەکی گشتی زەوی و زاری بە پیت و کشتوکاڵی ئەو دەشتانەن کە لە رووی سەربازی و لە کاتی جەنگدا بەرەنگاری کردن لە بەرامبەر داگیرکەردا تیایدا کارێکی ئاستەمە، هەر بۆیە دانیشتوانەکەی تەسلیمی داگیرکەر دەبن. کاتێکیش سەری خۆبەدەستەوەدانیان نەوی کرد، ئیدی رۆحی ئازادی لەوێدا هەرگیز بە ئاگا نایەتەوەو لە دەستدانی زەوی و زار تووشی ملکەچییەکی هەمیشەییان دەکات. بەڵام دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دەتوانن لە بەرامبەر هێرشی داگیرکەردا بەرەنگاری بکەن. **ئازادی گەورەترین سامان و دارایی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانەو** دەتوانن زۆر بە باشی بەرگری لێ بکەن و هەر بۆیەشە بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتە شاخاوییەکاندا ئازادی بەرقەرارە. ئەو هێزەی دەیەوێ ئەو خاکە داگیر بکات زۆر بە سەختی دەستی پێ رادەگا، چونکە بردنی کەرستەو پێداویستییەکانی جەنگ و لەشکرکێشی بەرەو ئەو ناوچانە، کارێکی دژوارە، هەروەها لەشکری داگیرکەر ناتوانێ کەرستەو چەک و پێداویستییەکانی خۆی لەناوچەکەشدا دابین بکاو هەر بۆیەشە بە شێوەیەکی گشتی وڵاتە شاخاوییەکان زۆر بە کەمی دەکەونە بەر هێرش و داگیرکردن.

## بەشی سێهەم: چ جۆرە وڵاتێک بۆ کشتوکاڵ دەشێ

زەوی و زاری کشتوکاڵی بەو خاکە دەگوترێ کە دانیشتوان توانیویانە کشتوکاڵی تێدا رەنێوبێنن نەک ئەو زەوی و زارانەی کە لە بنەڕەتدا بە پیتن و توانای کشتوکاڵیان هەیە. ئەگەر بە خێرایی سەیرێکی زەوی و زارە جۆراوجۆرەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە

هەندێ جار ئەو خاکەی توانای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەیە، بە هیچ جۆرێ بەروبوومی تێدا رەنێو نەهێنراوەو نەبۆتە شوێنی نیشتەجێبوون و بە پێچەوانەشەوە لەو شوێنانەی کە خاکەکەی توانای کشتوکاڵی نییە نەتەوەی گەورە سەریهەڵداوەو هەر بۆیە تووشی سەرسوڕمان دەبین و دەپرسین بۆچی زەوی و زاری چەشنی یەکەم (ئەوانەی توانای کشتوکاڵیان هەیە) خەڵکی لەسەر نیشتەجێ نەبووە. پێویستە لە داگیرکارییەکاندا بەدوای هۆکاری ئەو بابەتەدا بگەڕێین چونکە بێگومان هەرکاتێ خاکێک ئاوەدان بێت ئەوا دەکەوێتە ژێر سەرنجی داگیرکەران و لەبەر ئەوەی هیچ شتێک وەکو پەلاماردان و داگیرکردن ئاوەدانی وێران ناکات، هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا خاکە ئاوەدانەکان دەبنە کاولاش و وێرانە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین خاکە نا ئاوەدانەکان سەرنجی داگیرکەران راناکێشن و ئەو خەڵکەی بە خۆڕاگرتن لە بەرامبەر سەختی و دژوارییەکاندا لەوێ نیشتەجێ بوونە بە هۆی هێرشی داگیرکەرەکانەوە لەناو ناچن.

بەپێی ئەو بیردۆزە بۆمان دەردەکەوێ بۆچی ئەو خاکەی توانای هەموو جۆرە گەشەسەندن و ئاوەدانییەکی هەیە هەندێ جار کەسی تێدا نیشتەجێ نابێ و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سەیری زەوی و زارەکانی باکووری گۆی زەوی بکەین دەبینین سەرەڕای ئەوەی بۆ ئاوەدانی و کشتوکاڵ دەست نادەن کەچی خەڵکی تێدا نیشتەجێ بووە. بەپێی بیروبۆچوونی هەندێ مێژوونووس، نەتەوەکانی ئسکەندەنافیا لە بەراییدا لە کەنارەکانی رووباری دانووب دا ژیانیان بەسەر دەبرد، کەچی لە کەنارە ئاوەدانەکانی ئەو رووبارەوە بەرەو باکووری ئەورووپا رۆیشتن. نابێ وەکو داگیرکاری و سەرکەوتن سەیری ئەو کۆچە بکەین چونکە ناچێتە عەقڵەوە گەلێک زەوی و زارە ئاوەدانەکەی خۆی بەجێ بێڵێ و خاکێکی وێران داگیر بکات، بەڵکو ئەوەی بووە هۆکاری ئەو کۆچکردنە، پەلاماری هۆزەکانی تربووە کە دانیشتوانی کەنارەکانی دانووبی ناچار کردووە بەرەو ناوچە چۆڵەکانی باکوور هەڵبکشێن.

ئەرستۆ دەڵێ: هەندێ بەڵگە و دیکۆمێنتمان لە ژێردەست دایە کە دەیسەلمێنێ دوورگەی ساردنی یەکێک بووە لە کۆچنشینە ئاوەدانییەکانی یۆنان و دانیشتوانەکەی گرنگییەکی زۆریان بە کشتوکاڵ داوە و زۆر دەوڵەمەند بوونە، بەڵام ئەو خاکە ئاوەدانە کەوتە بەر پەلاماری داگیرکەرەکان و خەڵکی کارتاژ هێرشیان کردەسەر. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لەوێش هێرش و پەلامار، کاری خۆی کردووەو ئاوەدانی لەو ناوچەیەدا وێران کردووە، تەنانەت کارتاژییەکان هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد ئەگەر بێتو هەرکەسێک خەریکی کشتوکاڵ بێ ئەوا سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێ.



بە جۆرێک ئەو پەلامارە ساردنی وێران کرد، تا ئێستاش ئاوەدان نەکراوەتەوە. بەشە ئاوەدانەکانی ئێران و تورکیاو روسیاو پۆڵەنداش بە چەشنێک لە لایەن تەتەرەکانەوە تێک و پێک دران کە تاکو ئێستا ئاوەدانییان بە خۆیانەوە نەدیوەتەوە.

## بەشی چوارەم: هەندێ شوێنەواری تری ئاوەدانی و بێ پیت بوونی خاک

دانیشتوی ئەو ناوچانەی ئاوەدان نین و بۆ کشتوکاڵ دەست نادەن زیاتر لە خەڵکانی پیشەوەر و زەحمەتکێش و قانع و شەڕکەر پێک دێن، چونکە ناچارن بەهۆی نەبوونی کشتوکاڵ بژێوی خۆیان لە رێگای سەخت و دژوارەوە بەدەست بێنن. بەڵام بە پێچەوانەوە، زەوی بە پیت و ئاوەدان دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانەکەی تەمبەڵ و خۆپەرست بن و هەر بۆیە لەوێ خۆشەویستی و هەوڵدان بۆ ژیان و مانەوە بەهێزە.

ئەو تێبینییە لەسەر سەربازە ئەڵمانییەکان راستیی خۆی سەلماندووە. ئەو سەربازانەی خەڵکی شوێنە بە پیت و دەوڵەمەندەکانن ترسنۆکن، لەکاتێکدا سەربازی ناوچە شاخاوی و چۆڵەکان بوێر و ئازان. کەواتە پێویستە لە یاساکانی سەربازیدا ئەو خاڵە وەبەرچاو بگیرێ و دیقەت لەوە بکرێ کە لە کامە ناوچە، سەربازی دلێر بۆ ناو لەشکر هەڵبژێردرێ.

## بەشی پێنجەم: دانیشتوی دوورگەکان

خەڵکی دوورگەکان بەبەراورد لەگەڵ دانیشتوی کیشوەرە پان و بەرینەکان توانایەکی زۆرتریان هەیە بۆ ئەوەی لە باوەشی ئازادیدا بژین، چونکە دوورگەکان بە زۆری رووبەریان کەمە و هەلومەرجی ژیان لەوێدا بە جۆریکە کە بەشێک کاتی ئەوەی نییە خۆی بە ئازاردانی بە شێکی ترەوە خەریک بکات و لەبەر ئەوەی دەریاکان ئەوانی لە کیشوەرە گەورەکان جیاکردۆتەوە، هەر بۆیە هێرش کردنەسەریان زۆر دژوارە. کەواتە لەبەر ئەوەی دوورگەنشینەکان هەڕەشەی داگیرکارییان لە سەر نییە هەر بۆیە توانیویانە پارێزگاری لە یاساکانی خۆیان بکەن و ژیانێکی ئاسوودەتر بەسەر ببەن.

## بەشی شەشەم: وڵاتە پیشەسازییەکان

ئەو وڵاتانەی بە هۆی بەشێک لە پیشەسازی و کارگەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن و ئازادییەکەیان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە مانەوەی پیسەشازییەوە هەیە، پێویستییان بە حکومەتی میانڕۆ و عادیلانە هەیە و ئەگەر ئەم جۆرە حکومەتە سەقامگیر نەبێ ئەوا پیشەسازییەکەیان لەناودەچێ و وڵات بەرەو وێرانی دەڕوات.

سێ وڵات بە نموونە دێنینەوە: یەکەمیان؛ دوو ویلایەتی ئاوەدانی (کیانک نان) و (چکیانک) لە چین. دووەم؛ وڵاتی میسر و سێهەم وڵاتی هۆڵەندا.

لە وڵاتی چیندا ئیمپراتۆرە کۆنەکان خەیاڵی جیهانگیرییان لەسەردا نەبووە و ئەو هەنگاوانەی بۆ ئاوەدانی وڵات جێبەجێیان کرد، دەریخست دەسەڵاتداری ژیرو وریان. بە هۆی هەنگاوەکانی ئەوانەوە بوو کە ئەو دوو ویلایەتە ئاوەدان و پیشەسازییەی باسمان کرد پێک هاتن و تەنانەت بەهۆی ئاوەدانی ئەو دوو ناوچەیە، ئەوروپییەکان پێیان وابوو سەرانسەری چین ئاوەدانە. ئاوەدانی ئەو دوو ویلایەتە پێویستی بە وردەکاری و چاودێرییەکی بەردەوام هەیە و ئەوەش بە هیچ جۆرێ بە دەست نایەت ئەگەر میللەت خۆی لە توندڕەوی و کەمتەرخەمی نەپارێزێ و ئەگەر حکومەت بکەوێتە ژێر دەستی ملهوڕ و ستەمکارێک و ئیرادەی خونکارو زاڵمێک حوکم بکا، ئەوا پیشەسازی هەرەس دێنێ و لەناودەچێ هەروەکو لە میسری کۆندا گشت پیشەسازییەکان وێران بوون.

وڵاتی هۆڵەندا کە ئەمڕۆکە لە پیشەسازی و بازرگانیدا بەرزترین پلەی بۆخۆی داگیرکردووە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن یاسای عادیلانەیەو میللەتی هۆڵەندا بە چاودێری و وردەکارییەکی بەردەوامەوە نیگەرانی پیشەسازی و بازرگانی خۆیەتی و هەرکاتێ ئەو چاودێری و وردەکارییە بەرەو گوێ پێنەدان و خەمساردی بگۆڕێ ئەوا ئەو ئاوەدانییە لەناودەچێ.

### بەشی حەوتەم: کارە مرۆییەکان

هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ بۆتە هۆی ئەوەی زەوی و زارەکان بۆ ژیان باشترو گونجاوتر بن. بۆ نموونە ئەو شوێنانەی ئاویان لێنەبووە، بە هۆی هەوڵی مرۆییەوە کاریزو جۆگەلەی تێدا دروستکراوە و لە شوێنەکانی تر زۆنگاوەکان گۆڕانکارییان تێداکراوەو کراونەتە زەوی و زاری کشتوکاڵی.

لە سەردەمێکدا کە ئێران لە ئاسیادا خاوەنی حکومەتی پاشایی موتلەق بوو، ئەگەر هەر کەسێک کارێزێکی لێ دابا یان بە هۆی ئاودێرییەوە ناوچەیەکی وشکی پاراو بکردبا ئەوا هەتا پێنج پشت، نەوەکانی دەیانتوانی سوود لە مافی مڵکداری ئەو شوێنە وەرگرن. هەر ئەو هۆکارەشە وای کردووە ئەمڕۆکە لە ئێراندا چەندین رووبار بە نێو زەوی و زارە وشکەکاندا گوزەر بکەن و هیچ کەس نازانێ کێ دروستی کردووەو لە کوێوە هەڵدەقوڵێن. هەروەک چۆن پاشماوەو شوێنەواری هێرش و وێرانکارییەکانی نەتەوە داگیرکارەکان چەندین سەدە دەمێنێتەوە، ئاواش پاشماوەی ئاوەدانی کە گەلە ژیرو



زەحمەتکێشەکان سەدە لە دوای سەدە پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات.

### بەشی هەشتەم: پەیوەندی نێوان یاساو هۆیەکانی دابین کردنی بژێوی ژیان

یاسا هەمیشە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چۆنیەتی و جۆری بژێوی نەتەوە جۆراو جۆرەکاندا هەیە. بۆ نموونە ئەو گەلانەی لە رێگای بازرگانی و دەریاوانی ژیان بەسەر دەبەن زۆر زیاتر لەو گەلانەی لە رێگای کشتوکاڵەوە بژێوی خۆیان دابین دەکەن، پێویستییان بە یاسا هەیە، هەروەها ئەو میللەتەش کە کشتوکاڵ تاکە سەرچاوەی ژیانیەتی لەو میللەتەی کە لە رێگای ئاژەڵدارییەوە بەرێوەدەچێ زیاتر پێویستی بە یاسا هەیە. پێویستیی یاسا لەنێو خێڵە ئاژەڵدارەکان گەلێک زیاترە لەو خێلانەی بە هۆی راوەوە بژێوی خۆیان دابین دەکەن.

### بەشی نۆیەم: زەوی و زارەکانی ئەمریکا

هۆکاری سەرەکی زۆریی گەلی بەربەر لە کیشوەری ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەدانی زەوی و زارەکەی. هەر کە ئافرەتەکان لە قەراغ کۆختەکانی خۆیان بڕێک گەنمەشامی بڕوێنن ئەوا دەتوانن سوود لە بەروبوومی گەنمەشامی وەرگرن. دانیشتوانی ناوچەکەش لە رێگای راوی ئاژەڵ و ماسی خۆراکێکی زۆر وەچنگ دێنن. لە ئەمریکادا گامێش و کەڵەکێوی گەلێک زۆرە، بەڵام گیانلەبەری دڕندەی بەکەمی لێیە، لە کاتێکدا کیشوەری ئەفریقا زۆرتر شوێنی دڕندەکانە. بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە زەوی و زارەکانی ئەوروپا دانەچێنین ئەوا خاکی ئێمە وەکو ئەمریکا پڕ نابێ لە گیانلەبەری بە سوود بۆ خۆراک بەڵکو زەوی بە دارستانی کاج و بەڕو و درەختی بێ بەر دادەپۆشرێ.

### بەشی دەیەم: پەیوەندی نێوان رێژەی دانیشتوان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ژیانیان

ئەگەر نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە رێگای کشتوکاڵەوە بژێوی خۆیان دابین نەکەن و زەوی و زارەکان نەکێڵن، رێژەی دانیشتوان بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ:

لەبەر ئەوەی ئەو گەلانە خۆراکی خۆیان لە میوەی دارستان و راوی ئاژەڵ و ماسی دابین دەکەن و بە هیچ جۆرێ تووشی قاتو قڕی نابن، رێژەی دانیشتوانیان بەرادەی رێژەی دانیشتووی ئەو شوێنانەیە کە لە رێگای کشتوکاڵەوەو بە سوود وەرگرتن لە بەروبوومی

وەرزێری ژیان بەسەر دەبەن و هیچ ترسێکیان لە قاتی نییە.

ئێستا ئەگەر نەتەوەیەک هەم خەریکی کشتوکاڵ بێت و هەم خەریکی پیشەوسەنعەتگەری بێ ئەوا گەلێک فاکتەری جۆراوجۆر کاریگەری لەسەر ڕێژەی دانیشتوانەکەی دادەنێت کە لێرەدا ناتوانین بە وردی دیاریان بکەین. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو گەلەی خەریکی کشتوکاڵ نەبێ خاوەن گەورەیی نییە و ناتوانێ کۆمەڵگاو گەلێکی مەزن دروست بکات و تەنانەت خێڵە ئاژەڵدارەکانیش ناتوانن گەلی گەورە پێک بێنن، چونکە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی خۆیان پێویستییان بە زەوی و زاری پان و بەرینەو بەزۆریش ڕێژەیەکی کەمیان لە خاکە پان و بەرینەکاندا ژیان بەسەردەبەن و هەر ئەوەش وای کردووە نەتوانن نەتەوەی گەورە پێک بهێنن.

لەو شوێنانەش کە هۆکاری بژێوی خەڵک ڕاوکردنە، گەلی گەورە دروست نابێ و لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی هیچ جۆرە گرنگییەک بە کشتوکاڵ نادەن و بۆ پاراوکردنی زەوی و زارەکانیان کەناڵ و کارێزیان دروست نەکردووە، خاکەکەیان پڕ لە دارستان و زۆنگاوەو هەر هۆزەو لە قەراغ زۆنگاوێک و دوور لە یەکتری ژیان بەسەر دەبەن.

## بەشی یازدەهەم: جیاوازی نێوان خێڵە بەربەر و خێڵە بیاباننشینەکان

جیاوازی سەرەکی نێوان خێڵە بەربەر و هۆزە بیاباننشینەکان لەوەدایە کە گروپی یەکەم دەستەی بچووکن و لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت و جۆراو جۆر ناتوانن کۆببنەوە و کۆمەڵگایەکی گەورە پێک بێنن، لە کاتێکدا هۆزە بیاباننشینەکان کۆمەڵەی بچووکن، بەڵام کۆبوونەتەوەو نەتەوەیەکی گەورەیان پێکهێناوە.

خێڵە بەربەرەکان بە زۆری لە ڕێگای ڕاوی ئاژەڵ و ماسی بژێوی خۆیان دابین دەکەن لەکاتێکدا خێڵە بیاباننشینەکان بە هۆی ئاژەڵداری ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. باشترین نموونە بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە کە خێڵە بەربەرەکان توانای کۆبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵگای گەورەیان نییە، شێوازی ژیانی خەڵکی باکووری ئاسیایە. لەو ناوچانەدا خێڵە بەربەرەکانی سیبیریا ناتوانن لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو کۆمەڵگای مەزن پێک بێنن، چونکە لەوێ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگایەکی گەورە مومکین نییە. بەڵام تەتەرەکان چونکە لە ڕێگای ئاژەڵدارییەوە دەژین، دەتوانن لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو هەر کە ماڵاتەکانی خۆیان کۆکردەوە ئەوا دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگایەکی گەورە کارێکی ئاسانە.



کاتێک کە تەتەرەکان کۆبوونەوەو کۆمەڵگەیەکی گەورەیان پێکهێنا، ئەوا دوو ئەگەر دێتە ئاراوە؛ یان لە یەکتر جیادەبنەوەو هەر بەشەو لەگەڵ ئاژەڵەکانی خۆیان بەرەو لایەک دەچن یان بەرەو زەوی و زارەکانی باشووری ئاسیا شۆڕدەبنەوەو دەست دەکەن بە داگیرکردنی خاکەکان.

## بەشی دوازدەهەم: یاسای نێونەتەوەیی لەلای ئەو نەتەوانەی کشتوکاڵ ناکەن

ئەو نەتەوانەی بە کشتوکاڵەوە خەریک نین، لەبەر ئەوەی زەوی و زارەکانیان سنوورێکی دیاریکراوی نییە، بەردەوام تووشی گیروگرفت دەبن. چۆن لە لای ئێمە خەڵک لەسەر میرات شکایەت لە یەکتر دەکەن، لە لای ئەوانیش لەسەر زەوی و زاری بێ پیت و نە چێنراو شەڕو کێشە سەرهەڵدەدات. ئەو نەتەوانە، بە زۆری لەسەر ڕاو و شکار و زەوی وزاری بێ پیت و چوار پێ و ژن، تووشی شەڕو پێکدادان دەبن لەگەڵ یەکتری. بەشێوەیەکی گشتی یاسای نێو نەتەوەیی ئەوان زیاترە لە هی نەتەوە شارستانییەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە، یاسای ناوخۆییان نییە یان ئەگەر هەشیان بێت ئەوا زۆر کەمە، چونکە زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ تاکەکان لە دژی یەک شکایەت تۆمار بکەن و بەردەوام لەنێوان نەتەوەکاندا شەڕو ئاژاوە هەیە.

## بەشی سێزدەهەم: یاسا مەدەنییەکانی ئەو میللەتانەی بە کشتوکاڵەوە خەریک نین

لە سەرەتادا پێویستە ئەوە بزانین ئەوەی بۆتە هۆی گەشەدان بە یاسا مەدەنییەکان، هەمان دابەشکردنی زەوی و زارە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو میللەتانە خەریکی کشتوکاڵ نین و خاکی داچێنراویان نییە تا لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن هەر بۆیە ئەم جۆرە یاسایانە لە ناو ئەواندا زۆر لاوازە، بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین هۆکاری پابەندبوون و ڕێکخستنی نێو ئەو کۆمەڵگایانە داب و نەریتە نەک یاسا.

لەنێو ئەو نەتەوانەدا لەبەر ئەوەی پیرەمێرد و پیرەژنەکان داب و نەریتە کۆنەکانیان لە یاد ماوە زۆر ڕێزیان لێ دەگیرێ، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین گەورەیی و پێگەی تاکەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا بە سامان و دارایی نییە بەڵکو یان بە تەمەنە یان بە دلێری و ئازایەتییە، ژیانی ئەو نەتەوانە بە گەڕان بەنێو لەوەڕگاو دارستانەکان دا تێپەڕ دەبێ و ڕێوشوێنی ژیانی هاوسەری لەنێو ئەواندا یاساو شێوازی دیاریکراوی نییە، چونکە

ماڵیان نییەو لەکاتی بوونی کۆختەیەکیشدا ژنەکان ناچار نین لە ماڵ و لە لای مێردەکەیان دانیشن، هەر بۆیە پیاوەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ژنەکانی خۆیان بگۆڕن و یان وەکو ئاژەڵ بە بێ هیچ جۆرە کۆت و بەندێک لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بن. بەڵام نەتەوە بیابانئنشینەکان لەبەر ئەوەی لە ڕێگای ئاژەڵدارییەوە ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن و چونکە ناتوانن لە ئاژەڵەکانی خۆیان جیا ببنەوە، هەر بۆیە ناشتوانن لە ژنەکانی خۆیان جیاببنەوە (چونکە ژنەکان پارێزگاری لە ئاژەڵەکان دەکەن). بەشی هەرەزۆری تەمەنی ئەو نەتەوانە لە بیاباندا تێپەڕدەبێ و بەردەوام لەژێر هەڕەشەی تاڵان و دەستدرێژی دان، هەر بۆیە هەندێ یاسای تایبەتییان هەیەو لە کاتێک شوێنێک داگیردەکەن، دەستکەوتەکانی جەنگ بە پێی ئەو یاسا تایبەتییانە دابەش دەکەن و لەنێو ئەو نەتەوانەدا دزی یەکجار زۆر بێزراوەو سزای زۆر قورسیان بۆ داناوە.

## بەشی چواردەهەم: بارودۆخی سیاسی ئەو گەلەی کشتوکاڵ ناکات

ئەو گەلانەی بە کاری کشتوکاڵەوە خەریک نین ئازادییەکی یەکجار زۆریان هەیەو لەبەر ئەوەی زەوی و زارەکان داناچێنن هەر بۆیە هیچ پەیوەندییەکیان بە خاکەوە نییەو بۆ کوێ حەزیان لێ بێ دەڕۆن. ئەگەر سەرۆکێک بیەوێ ملکەچیان بکات و قەیدو بەندیان بۆ دابنێ و یان وەکو ئێمە دەڵێین پەیڕەونامەی سیاسییان بۆ دابنێ، ئەوا یەکسەر بەجێی دەهێڵن و بەدوای سەرۆکێکی تردا دەچن یان بەرەو دارستانەکان رادەکەن و لەگەڵ خێزانەکانیاندا لەوێ ژیان بەسەر دەبەن. لەنێو ئەو میللەتانەدا ئازادیی سروشتی بەڕادەیەکە، ئازادی سیاسیشی گرتۆتە خۆ.

## بەشی پازدەهەم: ئەو نەتەوانەی شارەزاییان لە بارەی دراو هەیە

«ئاریستیت» پاش ئەوەی لە دەریادا نغرۆ بوو، ماوەیەک مەلەی کردو لەناکاو گەیشتە کەنارێکی نەناسراو و لەوێ لەسەر خاک و لمی کەنار دەریاکەدا چاوی کەوت بە شکلێکی ئەندازەیی و ئەو دیمەنە خۆشحاڵی کرد، چونکە یەکسەر بۆی دەرکەوت دانیشتوانی ئەو سنوورە بەربەر نین.

مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەو نموونەیە ئەوەیە، ئەگەر هەرکاتێک ئێوە بە تەنیا ڕێتان کەوتە لای گەلێکی نەناسراو، هەرکە چاوتان بە دراوەکەیان کەوت بزانن تووشی گەلێکی شارستانی بوونە. ئاشکرایە کاروباری وەرزێری پێویستی بە دراو هەیە، چونکە وەرزێری پێویستی بە زانیاری و هونەری جۆراوجۆر هەیە و لەبەر ئەوەی زانیاری و هونەرو



پێداویستییەکانی مرۆڤیش بەردەوام بەجۆرێک دەڕواتەپێش، بە ناچار گەلێک کە خەریکی کاری کشتوکاڵ و وەرزێرییە، بۆ ڕایی کردنی ئاڵوێرە جۆراوجۆرەکانی خۆی پێویستی بە یەکەیەکی پێوانەیی هەیە. سێڵاو و ئاگرەکان فێریان کردین کە ناخی زەوی جۆرەها کانزای تێدایەو پاش ئەوەی کانزامان بە دەست هێنا، بەکارهێنانی لە شێوەی دراودا ئاسان بوو.

## بەشی شازدەهەم: یاسای مەدەنی
## ئەو گەلانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ دراودا نییە

کاتێک گەلێک ئاشنایەتی لەگەڵ پارەدا نەبێ و دەستەیەک لە تاکەکانی ئەو گەلە هەوڵ بدەن زوڵم و ستەم بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن ئەوا بێ هێزەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوەو لەبەرامبەر بەهێزەکان دا بەرگری لەخۆیان دەکەن و بەو جۆرە هەنگاوانەش دەگوترێ کردەوەی سیاسی.

بەڵام ئەگەر پارە لە نێو نەتەوەیەک برەوی هەبێ ئەوا ئەو ستەمکارایییانەی لەو نەتەوەیە دەکرێ تەنیا لە ڕێگای هێزەوە ئەنجام نادرێ، چونکە لە نێو ئەو گەلەدا دەکرێ لە ڕێگای فرت و فێڵیشەوە ستەمکاری ئەنجام بدرێ و فرت و فێڵیش هەزار جۆری هەیە. هەر بۆیە ئەو میللەتە بە ناچاری پێویستی بە یاسای مەدەنی دەبێ و لەڕێگای چەسپاندنی ئەو یاسایانەوە پێشی ئەو زوڵم و ستەمە دەگیرێ کە سەرچاوەکەی فرت و فێڵ و زۆردارییە. لەنێو ئەو گەلانەدا کە پارە بەکار ناهێنرێ، دزەکان جگە لە شتومەک هیچی تریان بۆ نادزرێ، بەڵام ئەو شتومەکە زۆر بە زوویی ئاشکرا دەبێ، چونکە دزەکە ناتوانێ بیانشارێتەوە یان بە پارە ئاڵوێریان بکات، بەڵام لە نێو ئەو میللەتەی پارە کاری پێ دەکرێ و برەوی هەیە، دزەکان دەتوانن هەم پارە بدزن و هەم شتومەکە دزیارییەکان بە پارە بگۆڕنەوە، هەر بۆیە دزی لەنێو گەلی دەستەی دووەم زۆر زیاترە لە دزی لەنێو گەلی دەستەی یەکەمدا.

## بەشی حەڤدەهەم: یاسا سیاسییەکانی
## ئەو گەلانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ دراودا نییە

ئاشنانەبوون بە پارە یەکێک لەو هۆیانەیە کە یارمەتی گەشەسەندنی ئازادی دەدا لە نێو ئەو گەلانەی خەریکی کشتوکاڵ نین و ئازادی تاکەکان لەو کۆمەڵگایەدا زاتییە. بێگومان دەپرسن بۆچی؟ لە وەڵامدا دەڵێم؛ ئەو گەلانە ناتوانن پارێزگاری لە میوەی

دارستان و گۆشتی راو بکەن چونکە بە زوویی خراپ دەبن و دەڕزن و ناشتوانن بە پارە ئاڵوویری پێ بکەن چونکە لە بنەڕەتدا پارەیان نییە، هەر بۆیە هیچ کەس ناتوانێ سامان و داراییەکی زۆرو زەوەند کۆبکاتەوە و لەرێگای ئەو سامانەوە گەورەیی و باڵادەستی خۆی بەسەر خەڵکانی تردا بسەپێنێ و هەرکەس داوای شتێکی لێ کرد بیداتێ و لە دەوری خۆی کۆیان کاتەوەو لەو رێگایەوە نفووزو دەسەڵات پەیدا بکات. بەڵێ لە نێو ئەم جۆرە کۆمەڵگایەدا هەموو تاکەکان یەکسانن و کەس بەسەر کەسدا باڵادەست نییەو سەرۆکی ستەمکاریان تێدا هەڵناکەوێ تا ئازادی تاکەکان پێشێل و بەرتەسک بکاتە. هەر بۆیە دەڵێین لەنێو ئەو گەلانەدا ئازادی شتێکی سروشتی و زاتییە.

## بەشی هەژدەهەم: هێزی خورافات

لەنێو یەکێک لە خێڵە بەربەرەکانی ویلایەتی لویزیانا کە کەوتۆتە ئەمریکا، سەرۆکی خێڵ خاوەنی گیان و ماڵی تاکەکانەو ئەگەر داوای گیانی تاکەکانیش بکات ئەوا کەس ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئەو کەسە لە نێو کۆختەکەی خۆیدا بە جۆریک رێزی لێ دەگیرێ و تاکەکان بە چەشنێ خۆیان بە ملکەچی فەرمانەکانی دەزانن کە ئیمپراتۆری ژاپۆنیش ئاوا نییە.

هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە نێو ئەو خێڵانەدا هێزی خورافات لە هێزی ئازادی زیاترە و هیچ بەڵگەو مەنتیقێک ناتوانێ لەبەرامبەر خورافاتدا بەرەنگاری بکات. هەرچەندە خێڵە بەربەرییەکان بەپێی سروشتی خۆیان ئازادن و نازانن ئیستبداد چییە، کەچی تاکەکانی ئەو خێڵە گرفتاری داوی ئیستبدادن، چونکە وەهم و خورافات دەپەرستن. تاکەکانی ئەو خێڵە رۆژ دەپەرستن و سەرۆکی خێڵەکە پێی گوتوون من برای رۆژم و هەر بۆیە دەیپەرستن. ئەگەر سەرۆکی خێڵ ئەو بانگەشەیەی نەکردبا ئەوا تاکەکانی خێڵ ئەویشیان وەکو خۆیان بە یەکێک لە بەدبەخت و رۆژرەشەکان لە قەڵەم دەداو هیچ ئیمتیازێکیان پێ نەدەبەخشی.

## بەشی نۆزدەهەم: ئازادی عەرەب و کۆیلەیی تەتەرەکان

عەرەبەکان و تەتەرەکان هەردووکیان گەلی بیابانـنشین و خەریکی ئاژەڵدارین. عەرەبەکان هەمان ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە کە ئەو نەتەوانەی کشتوکاڵی نین هەیانە، کەچی گەلی تەتەر (سەیرترین میللەتی سەر زەوی) لە حاڵەتی کۆیلایەتیدا ژیان بەسەر دەبات.



لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم بە هۆکاری کۆیلەیی تەتەرەکان کردووەو لێرەشدا هەندێ هۆکاری تر باس دەکەم. تەتەرەکان خاوەنی شارو دارستان و دەریاچەو زۆنگاوین و رووبارەکانیشیان لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا بە بەستەڵەکی دەمێنێتەوە. شوێنی نیشتەجێ بوونیان ئەو دەشتە پان و بەرینانەیە کە ئاژەڵەکانی خۆیانی تێدا دەلەوەڕێنن. سەرەڕای ئەوەی تەتەرەکان خاوەن سەروەت و سامانن، بەڵام ناتوانن لە کاتی هێرش و پەلاماری خێڵەکانی تر بە هۆی نەبوونی شارو قەڵای پتەو، بەرگری لە خۆیان بکەن. هەر کە خێڵەکەیان داگیرکرا ئەوا سەرۆکی خێڵی داگیرکەر زۆربەی کات سەری سەرۆکی خێڵی داگیرکراو و کوڕ و خزمەکانی دەبڕێ، بەڵام دەست بەسەر خێڵە داگیرکراوەکەدا ناگرێ، واتە خەڵکی خێڵە داگیرکراوەکە ناکرێن بە کۆیلە، بەڵام دەکەونە ژێر فەرمانی سەرۆکی خێڵی داگیرکەرو ملکەچی دەبن و بەم جۆرە کۆیلایەتییەکەیان بە کۆیلەیی سیاسی لە قەڵەم دەدرێ.

ئەو خاکەی بەردەوام شوێنی پێکدادان و پەلامار بێت و خێڵەکان بەردەوام هەڵکوتنە سەر یەکتری و هەر خێڵەو چەندین جار کەوتبێتە ژێردەستی سەرۆکی خێڵەکانی ترو لە هەموو جارەکانیشدا سەرۆکی خێڵی داگیرکراو و گەورەپیاوەکانی خێڵ لەسەریان درابێ، ئەوا ئیدی خەڵک ناتوانن ئازاد بن، چونکە هیچ فیلێک نابینرێ کە چەندین جار لەبەریەک هەڵنەوەشێنرابێ.

ئەو خاڵەی پێویستە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە خێڵەکانی تر ئەگەر هاتوو داگیرکران ئەوا دەتوانن بەپێی هەندێ مەرجی تایبەت پارێزگاری لە بەشێک لە ئازادی خۆیان بکەن، لە کاتێک دا کە خێڵەکانی تەتەر ئەگەر تێک شکێنران ئەوا ناتوانن هیچ جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ سەرۆکی پەلاماردەردا ببەستن. هەر لە بەشی دووەمی ئەو کتێبەدا ئاماژەم بەوەکرد کە دانیشتوانی دەشتە بە پیت و کشتوکاڵییەکان ناتوانن ئازادی خۆیان بپارێزن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی تەتەرەکان دەشتی نا کشتوکاڵییە کەچی هیچ چەشنە ئازادییەکیان نییە.

## بەشی بیستەم: یاسای نێونەتەوەیی لە لای تەتەرەکان

ئەگەرچی تەتەرەکان لەنێو خۆیاندا خەڵکێکی هێمن و دڵۆڤانن کەچی لە کاتی جەنگدا زۆر دڵرەق و بێ بەزەیین و گشت خەڵکی کۆمەڵگا داگیرکراوەکە لەناو دەبەن و ئەگەر خەڵکی نەتەوە داگیرکراوەکەیان فرۆشت یان لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردن پێیان وایە بە دڵنەرمی و رەحمەوە لەگەڵیاندا جوڵاونەتەوە.

دەستدرێژی ئەو خێڵانە بەرادەیەک بووە کە هەموو ئاسیا ، لە ئێرانەوە بیگرە تا دەریای ناوەڕاست چەندین جار کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماری تەتەرەکان و بەتایبەتی ئێران و وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ئێران زەرەروزیانێکی زۆریان لە پەلاماری ئەو خێڵانە پێگەیشتووە.

هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە یاسا نێونەتەوەییە کە وای لە تەتەرەکان کردووە بەم چەشنە لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان هەڵسوکەوت بکەن و هەموویان لە ناوبەرن بە بڕوای من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

تەتەرەکان لە بنەڕەتدا شاریان نەبووەو هەموو جەنگەکانیان وەکو بروسکە و بە خێرایی ئەنجام داوە. ئەگەر لە ناوخۆیاندا شەڕ بکەن، کاتێ بزانن هیوای سەرکەوتنیان هەیە ئەوا زۆر بە خێرایی جەنگەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەگەر هیوای سەرکەوتن و داگیرکردنیان نەبێ ئەوا بە زووترین کات لە بەرەکانی جەنگ رادەکەن و خۆیان دەگەیەننە بە هێزترین خێڵی تەتەرەکان. سەرەڕای بوونی ئەو سایکۆلۆژییەت و داب و نەریتە، کاتێ هێرشیان دەکردە سەر وڵاتەکانی تر، بەرهەڵستی و بەرەنگاری شارێکیان -کە بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی پێشی هێرشەکانی ئەوان بگرێ- بە دژی یاسای نێونەتەوەیی خۆیان لەقەڵەم دەداو چونکە بۆ خۆیان خاوەنی شار نەبوون هەر بۆیە نەیاندەتوانی شار وەکو شوێنی نیشتەجێ بوونی خەڵکانی سڤیل سەیر بکەن.

لە کاتێکدا ئەگەر شارە جۆراو جۆرەکان لەبەرامبەر خێڵی تەتەرەکاندا بەرەنگاریان کردباو لەبەر ئەوەی ئەو خێڵە شارەزای هونەری دەورەگرتن و ئابلۆقەدان نەبوون، بۆ داگیرکردنی شارەکان فیداکارییەکی یەکجار زۆریان ئەنجام دەداو پاش ئەوەی دەستیان بەسەر شارەکەدا دەگرت، دانیشتوانی شارەکەیان وەبەر نووکی تیژی شمشێر دەدا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بە بڕوای من یاسای نێونەتەوەیی تایبەتی تەتەرەکان لەمەوە سەری هەڵداوە.

## بەشی بیست و یەکەم: یاسای مەدەنی تەتەرەکان

پرۆفیسۆر «دۆناڵد» دەڵێ: لەنێو خێڵی تەتەرەکاندا هەمیشە دواین منداڵ دەبێتە میراتگری باوک، چونکە هەرچەندە منداڵەکان تواناو شایستەیەکی زۆرتریان هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاژەڵداری، ماڵی باوکیان بەجێ دێڵن و باوک بەشێک لە کۆیلەو خزمەتکارەکانیان پێ دەبەخشێ بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی ژیانی خۆیان بەڕێوەبەرن، هەر بۆیە دواین منداڵی کوڕ کە لە ماڵەوە دەمێنێتەوە دەبێتە میراتگری باوکی. بیستوومە ئەو داب و نەریتە لە هەندێ شوێنی ئینگلتەراش هەیە و هەروەها لە ویلایەتی بریتانیی



فەرەنسا بە تایبەتی لەنێو دوک (ناسناوی ئەرستۆکراتە فەرەنسی)ەکانی دوهانیش پەیڕەوی لەو داب و نەریتە دەکرێ. لەوانەیە ئەو داب و نەریتەیان لە خێڵێکی بیابانشین و شوانکارە وەرگرتبێ و رەنگە خێڵە جێرمەنییەکان ئەو نەریتەیان بۆ ئەوێ گواستبێتەوە، چونکە بە پێی بەرهەمەکانی تاسیت و سزار بۆمان دەردەکەوێ کە خێڵە جێرمەنەکان ئەژەڵداربوونەو هیچ جۆرە گرنگییەکیان بە کشتوکاڵ نەداوە.

## بەشی بیست و دووەم: یاسایەکی مەدەنی نەتەوە جێرمەنەکان

یاسای «سالیک» کە یاسایەکی فرانکە کۆنەکان بوو، لە لایەن میللەتێکەوە دانرا بوو کە خەریکی کشتوکاڵ نەبوون یان زۆر بە کەمی ئەو کارەیان ئەنجام دەدا. لەو یاسایەدا هاتبوو، ئەگەر پیاوێک چەندین منداڵی هەبێ ئەوا کوڕەکانی دەبنە میراتگری باوکیان و لەونێوەدا کچەکان لە وەرگرتنی میرات بێ بەری دەکرێن.

بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخی زەوی و زارەکانی سالیک چۆن بووە دەبێ لە سەرەتادا بزانین پێش ئەوەی فرانکەکان جێرمەن بەجێ بێڵن، شێوازی مڵکدارێتی لەنێو ئەواندا چۆن بووە. مستر «ئیشارد» سەلماندوویەتی کە وشەی سالیک لە وشەی سالا وەرگیراوەو سالاش بە واتای ماڵ بەکار دەبرێ. کەواتە زەویی سالیک مانای زەویی ماڵ دەگەیەنێ. ئێستا بابزانین لە نێو نەتەوە جێرمەنییەکاندا ماڵ چۆن بووەو زەوی و زاری ماڵ چ مانایەکی هەبووە. ...

تاسیت دەڵێ: نەتەوە جێرمەنییەکان شارنشین نەبوونەو رازی نەبوونە ماڵەکانیان لەپەنا یەکتر بێ و بە یەکەوە بچەسپێ، هەر بۆیە کاتێ خانوویان دروست دەکرد بە دەوروبەریدا سنوورێکیان دەکێشاو چەشنی دیوار، دەوری ماڵەکەی دەگرت.

بۆچوونەکەی تاسیت راستە، چونکە لەنێو یاساکانی نەتەوە ئاژەڵدارو بیابانشینەکاندا هەندێ رێوشوێن و یاسای تایبەت دژی ئەو کەسانە دانراوە کە سنووری زەوی و زارەکان دەبەزێنن یان حەوشەی ماڵەکان دەروخێنن.

لەلایەکی ترەوە لە کتێبەکانی تاسیت و سزار ئاماژەی بۆ کراوە کە زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان لەنێو نەتەوە جێرمەنەکاندا تەنیا بۆ ماوەی یەک ساڵ دەدرا بەتاکەکان و لەدوای ئەو ماوەیە ئەو زەوی و زارانە دەبوونە مڵکی گشتی، واتە دەیاندا بە کەسانی تر بۆ ئەوەی کشتوکاڵی لەسەر بکەن. لەڕاستیدا تاکە جێرمەنەکان زەوی و زاری کشتوکاڵی تایبەتیان نەبوو و تاکە مڵک و زەوی و زاری ئەوان بەو سنوورە دەگوترا کە لە دەوری ماڵی خۆیاندا کێشابوویان و کاتێکیش دەمردن ئەو سنوورە (زەوی و زاری سالیک) بە

میـرات بۆ کوڕەکـان دەمـایەوەو ئەگەر دابایان بە کـچـەکـان ئەوا زەوی و زارەکـان لە ژێر دەستی بنەماڵەکە دەدەچوون. بەڵام پاش ئەوەی فرانکەکان هێرشیان کردە سەر هۆڵەندا و سەرجەم شوێنەکانی تریان داگیرکرد کۆمەڵە زەوی و زارێکی نوێیان وەچەنگ هێناو تاکەکان توانیان ببنە خاوەنیان و ئەو زەوی و زارانەشیان بە پێی نەریتی کۆنی خۆیان ناونا زەوی و زاری سالیک.

تا ئەو کاتەی کە فرانکەکان لە جێرمەن نەچووبوونە دەر و دەستیان نەکردبوو بە داگیرکردنی زەوی و زارەکان، سامان و داراییان بریتی بوو لە کۆیلەو ئەسپ و مێگەل و چەک و کاتێک دەمردن زەوی و زارەکانیان و تەنانەت ئەو زەوییانەی لە دەوروبەری ماڵەکەیان بوون بە میرات بۆ کوڕەکان بەجێ دەما بۆ ئەوەی تێیدا نیشتەجێ بن. بەڵام پاش ئەوەی توانیان دەست بەسەر زەوی و زاری وڵاتەکانی تردا بگرن و سامان و داراییان زۆری کرد کەوتنە بیری ئەوەی کە نابێ کچەکانی خۆشیان لە میرات بێ بەری بکەن. ئیدی ڕێوشوێنێکیان دارشت کە بە پێی ئەو ڕێوشوێنە باوک دەیتوانی میرات بە کچەکانی و تەنانەت بە منداڵی کچەکەکانیشی ببەخشێ.

نابێ لێرەدا تووشی هەڵە بین، مەسەلەی بەخشینی میرات بە کچەکان ڕوویەکی یاسایی وەرنەگرت بەڵکو تەنیا ڕێوشوێن و نەریتێک بوو سەری هەڵداو هێدی هێدی بە هەموو لایەک دا بڵاوبۆوە تا وای لێهات بوو بە فۆرمۆل[۹۹].

لەنێو فۆرمۆل یا پەیڕەونامەکانی خێڵە جێرمەنەکاندا یەکێکیان بەلامەوە زۆر سەیر بوو، ئەویش ئەوەیە: پیاوێک دەیتوانی هاوکات لەگەڵ کچ و کوڕەکانی خۆی میرات بدا بە نەوەکانیشی. ئەو بابەتە بۆیە لە لای من سەیرە چونکە بەپێی یاسای سالیک بە پلەی یەکەم میراتی باوک بۆ کوڕەکان بەجێ دەمێنێ و گریمان ئەو نەریتەشیان زیاد کرد کە کچەکانیش میراتیان وەبەردەکەوێ، زۆر جێگای سەرسوڕمانە کە نەوەکانیش بکەنە شەریکەبەشی میراتی کوڕو کچەکان.

بەپێی یاسای سالیک زەوی و زاری سالیک بە میرات بۆ کوڕەکان بە جێ دەما، بەڵام خێڵە جێرمەنەکان لە کاتی دانانی ئەو یاسایەدا هیچ گرنگییەکیان بە مانەوەی ناوی بنەماڵە نەدەداو لە بنەڕەتدا بڕوایان بە پایەبەرزیی کوڕ بەسەر کچدا نەبوو و ئەو بنچینە ئاڵۆزە لەگەڵ بیری سادەو بێ گەردی ئەواندا نەدەهاتەوە، بەڵکو زیاتر لایەنی ئابووری ئەو یاسایەیان ڕەچاو دەکردو پێیان وابوو دەبێ ماڵ و زەوی و زارەکانی دەوروبەریان بدرێ بە کوڕەکان، چونکە بۆ ژیان لەناویدا پێویستییان پێی هەیە و شوێنی دیکەیان نییە، لە کاتێک دا کە کچەکان دەتوانن لە ماڵی مێردەکانیاندا نیشتەجێ بن.



ئەمەش دەقی یاسای سالیکە کە تایبەتە بە میرات:

«**یەکەم**- ئەگەر هاتوو پیاوێک منداڵی نەبوو ئەوا لەدوای مردنی، دایک و باوکی دەبنە میراتگری».

«**دووەم**- ئەگەر مردووەکە دایک و باوکیشی نەبوو ئەوا برا یان خوشک دەبێتە میراتگری».

«**سێیەم**- ئەگەر مردوو خوشک یان برای نەبێ ئەوا میرات بۆ خوشکی دایکی (پووری) بەجێ دەمێنێ».

«**چوارەم**- ئەگەر مردوو خوشکی دایکیشی نەبێ ئەوا خوشکی باوک دەبێتە میراتگری».

«**پێنجەم**- ئەگەر مردوو خوشکی باوکیشی نەبێ ئەوا نزیکترین خزم و کەسی نێرینە دەبێتە میراتگری».

«**شەشەم**- سەبارەت بەو کەسانەی خاوەن منداڵن، ئەوا بەردەوام کوڕەکان دەبنە میراتگر و هیچ بەشێکی زەوی و زاری سالیک بە میرات نادرێ بە کچەکان».

ئەگەر سەرنجی ئەو دەقە یاساییە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە پێنج ماددەی یەکەم تایبەتە بەو کەسانەی کە بەبێ منداڵ دەمرن و تەنیا ماددەی شەشەم تایبەتە بەو کەسانەی لەدوای مردنیان منداڵیان لە پاش بەجێ دەمێنێ. هەروەها بە خوێندنەوەی ئەو یاسایە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرکاتێ کەسێک بە وەجاغ کوێری مردبێ، حوکمی یاسا بە جۆرێک بووە کە هیچ جیاوازییەکی لەنێوان خزم و کەسە نێرینەو مێینەکاندا دانەناوە، تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا نەبێ.

بۆ نموونە لە ماددەی یەکەم و دووەمدا ئیمتیازاتی کوڕو کچ لەڕووی میرات وەرگرتنەوە یەکسانەو لە ماددەی سێیەم و چوارەمیشدا ڕەگەزی مێینە بۆ میراتگری بەسەر نێرینەدا ئەفزەلییەتی پێ بەخشراوە، بەڵام لە ماددەی پێنجەمدا ڕەگەزی نێرینە لە ڕووی میراتگرییەوە خاوەن ئیمتیازە.

ئێستا پێویستە بزانین لەبەرچی خێڵە فرانکییەکان ئەو یاسا سەیرەیان بۆ ئەو کەسانە دانابوو کە بەبێ منداڵ دەمردن. هۆکاری دانانی ئەو یاسایە لە کتێبی تاسیت دا ئاماژەی بۆ کراوە.

تاسیت لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «لە لای خێڵە جێرمەنەکان منداڵی خوشک لە لای برا (خاڵەکانیان) گەلێک خۆشەویست بوون و وەکو منداڵی خۆیان خۆشیان دەویستن.»

هەر بۆیە پاشا یەکەمەکانی فەرەنسا کە لە خێڵی فرانکییەکان بوون ئەو هەموو ڕێزەیان لە خوشکەکانی خۆیان دەگرت و منداڵی خوشکەکانیان گەلێک خۆش دەویست.

ئاساییە کاتێک خاڵ و پوور وەکو منداڵی خۆیان سەیری منداڵی خوشکەکانی خۆیان بکەن ئەوا منداڵەکانیش وەکو دایک و باوک سەیری پوور و خاڵیان دەکەن.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ هۆکاری ئەوە بزانین کە بۆچی لە یاساکانی میراتگریدا خوشکی دایک ئەفزەلییەتی هەیە بەسەر خوشکی باوکدا، ئەوە دەبێ دیسان لەنێو داب و نەریت و یاساکانی فرانکەکاندا بۆ ئەو بابەتە بگەڕێین؛ هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێ مێردی ژنێک دەمرێ و بە بێوەژنی دەمێنێتەوە، ئەو دەکەوێتە ژێر چاودێری و پێڕاگەیشتنی خزم و کەسەکانی مێردەکەی، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە لە ژێر چاودێری و پێڕاگەیشتنی خزم و کەسی مێردەکەیدا بوو، یاسای سالیک بڕیاری دا کە دەبێ لە چاودێری و پێڕاگەیشتنی خزم و کەسە مێینەکانی مێردەکەشی بەهرەمەند بێت. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کاتێ کچێک شوو دەکات و دەچێتە ماڵێکی تازەوە زۆرتر لەگەڵ ئەندامە مێینەکانی ئەو بنەماڵەیەدا هاونشینەو زیاتر خوو بەوانەوە دەگرێ نەک ئەندامە نێرینەکان. کەواتە لەو حاڵەتەدا یاسای سالیک عەقڵانی بووە.

هەروەها کاتێ یەکێک تاوانی کوشتنی ئەنجام دەداو نەیدەتوانی خوێنباییەکەی بدا، یاسا بڕیاری دابوو ئەوەی بۆ خۆی لە دەستی دێت بیدات و ئەوەکەی تریش خزم و کەسەکانی بۆی بدەن.

لەو حاڵەتەدا باوکی بکوژەکە بۆ دانی خوێنبایی بە پلەی یەکەم دەهات و ئەگەر بکوژ باوکی نەبوایە ئەوا دایک و برا دەبوایە خوێنبایی بدەن و ئەگەر بکوژ نە باوک و نە دایک و نە برای نەبوایە ئەوا خوشکی دایکی (پووری) خوێنباییەکەی دەدا، چونکە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە خۆشەویستی پوور بەرامبەر بە خوشکەزا لەنێو خێڵە فرانکییەکاندا گەلێک زۆر بووەو لەبەر ئەوەی لەکاتی دانی خوێنبایی دا پوور لەنێو هەموو خزم و کەسەکان دا بە پلەی یەکەم هاتووە هەر بۆیە یاسا بڕیاری دابوو لە کاتی میرات وەرگرتندا پوور بە پلەی یەکەم بێت.

یاسای سالیک پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ لە پاش خوشکی باوک واتە پوور نزیکترین خزم و کەسە نێرینەکان مافی میراتگریان هەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو خزم و کەسە نێرینە لە رووی نزیکایەتییەوە لە پلەی پێنجەم دوورتر بوایە ئەوا لەو حاڵەتەدا مافی میرات وەرگرتنی نەبوو و خزم و کەسی مێینە کە لەو نزیکتر بوون دەبوونە میراتگر و لە راستیدا ئەو ژنەی لە رووی نزیکایەتییەوە لە پلەی شەشەم دەبوایە ئەوا لە پێشتر دەبوو. هەروەها باسمان کرد لە ماددەی پێنجەم دا هاتبوو ئەگەر مردوو خاوەنی منداڵ بێت ئەوا



بەپێی یاسای سالیک کچەکان لە میرات (زەوی و زاری سالیک) بێ بەش دەکرێن و تەنیا کوڕەکان دەبنە میراتگر...

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە یاسای سالیک یەکسەر و بەبێ هیچ تێبینییەک کچەکانی لە مافی میراتگری زەوی و زاری سالیک بێ بەش نەکردووە، بەڵکو تەنیا لەو حاڵەتەدا لە میرات بێ بەش کردوون ئەگەر کوڕەکان لە میرات بێ بەشیان بکەن و هۆکاری ئەو بابەتەش بەم جۆرەیە:

١- ئەو بابەتە لە خودی یاسادا روون کراوەتەوەو یاسای سالیک پاش ئەوەی دەڵێ کچەکانی لە زەوی و زاری سالیک میراتیان وەبەرناکەوێ و تەنیا کوڕەکان میراتگرن، مەرجێکی بۆ داناوە و دەڵێ: (واتە کوڕ وەرگر و خاوەنی میراتی باوکە).

٢- دەقی یاسای سالیک لە بنچینەکانی یاسای ریپۆئردا کە ئەوانیش هۆزێکی دیکەی فرانکەکان بوون، روون کراوەتەوەو دەڵێ: کچەکان کاتێ لە میراتی سالیک بێ بەش دەبن، ئەگەر بێتو کوڕەکان لەو مافە بێ بەرییان بکەن.

٣- یاسای نەتەوە جێرمەنەکان هەمووی وەکو یەکەو دەتوانین بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتە سوود لە هەموویان وەرگرین، چونکە رۆحی یاساکان و بنەمای گشتییان یەکێک بووە؛ لە یاسای ساکسۆنەکاندا، کە ئەوانیش نەتەوەیەکی تری جێرمەنین، هاتووە: دایک و باوک لەسەریانە میراتی خۆیان بۆ کوڕەکانیان بەجێ بێڵن نەک بۆ کچەکانیان، بەڵام ئەگەر منداڵی کوڕیان نەبێ ئەوا هەموو میراتەکە بۆ کچەکان بەجێ دەمێنێ.

٤- لە فۆڕمۆلە کۆنەکاندا هەندێ حاڵەتی ئەوتۆ وەبەرچاو دەکەوێ کە ویستویانە جیاوازی نێوان کچ و کوڕ لەناوبەرن و ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە بەپێی یاسای سالیک کوڕەکان دەیانەوێ کچەکان لە میرات بێ بەری بکەن.

٥- لە یەکێک لە فۆڕمۆلەکاندا بە روونی ئاماژە بەوەکراوە کە سەرەڕای بوونی نەوی نێرینە، کچ مافی میراتگری هەیە. کەواتە کچەکان تەنیا لەبەرامبەر کوڕەکاندا نەیاندەتوانی ببنە میراتگر، نەک لە بەرامبەر منداڵە نێرینەکانی تری مردووەکەدا (وەکو نەوەو نەتیژە وهتد.)

٦- ئەگەر کچەکان بە پێی یاسای سالیک بە تەواوی لە میراتی زەوی و زاری سالیک بێ بەش کرابان ئەوا مێژووی پاشاکانی فرانک بە شێوەیەکی گشتی تەم و مژاوی دەبوو، چونکە لەو مێژووەدا بەردەوام لەمەڕ پەیڕەونامەو یاسای تایبەت بە سامان و زەوی و زاری ئافرەتان قسەو باس کراوە.

بەشێک لە مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە زەوی و زاری سالیک تیول بووە، لە

کاتێکدا وانییەو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە زەوی و زارەکانی تیول نەبوونە.

١- ناونیشانی یاساکە تایبەتە بە میراتگری زەوی و زاری سالیک، واتە ئەو زەوی و زارانەی موڵک بوونە.

٢- لە سەرەتای سەرهەڵدانی تیولدا، تیول بۆماوەیی نەبووە تا بە میرات بۆ منداڵەکان بەجێ بمێنێ.

٣- ئەگەر زەوی و زاری سالیک تیول بووە، بۆچی هەندێک لە یاسادانەرەکان ئەوەندە دژی داب و نەریتی فرانکەکان بوونە کە کچەکانیان لە میراتی زەوی و زارەکان بێ بەش کردووە؟... ئاشکرایە تەنانەت کوڕەکانیش تیولیان بە میرات بۆ بەجێ نامێنێ جا چ بگا بە کچەکان!

٤- ئەو ئەحکام و فەرمانانەی بە بەڵگە دەیهێننەوە تا بیسەلمێنن کە زەوی و زاری سالیک تیول بوونە، پێچەوانەی مەبەستەکەیان دەگەیەنێت دەریدەخات کە ئەو زەویانە تیول نەبوونە بەڵکو موڵکی تاکەکەسەکان بوونە.

٥- نەریتی تیول کاتێ سەری هەڵداوە کە فرانکەکان توانیان دەست بەسەر زەوی و زاری پان و بەریندا بگرن، لە حاڵەتێکدا یاسای سالیک کاتێ ئیشی پێ کراوە کە هێشتا فرانکەکان لە جێرمانیاوە کۆچیان نەکردبوو.

٦- ئەوە یاسای سالیک نەبووە کە بە هۆی بەرتەسکردنی مافی میرات وەرگرتنی ئافرەتەکان، نەریتی تیول[١٠٠]ی داهێناوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرهەڵدانی تیول بوو کە بووە هۆی ئەوەی میراتگری ئافرەتەکان بەرتەسک بکرێتەوەو گۆڕانکاری لە ڕێوشوێنی یاسای سالیک دروست کرد سەبارەت بە میراتگری ژنەکان.

بە هەرحاڵ لە ئاکامی ڕێوشوێنی سالیکەوە بوو کە لە فەرەنسا کوڕەکانی پاشا دەیانتوانی بچنە سەر تەختی سەڵتەنەت، چونکە لە یاسای بۆرگۆنی (یەکێکی تر لە خێڵەکانی جێرمەن) مافی میراتگری زەوی و زارەکانی باوکیان نەبوو، هەر بۆیە لە مافی میراتگری تاج و تەختیش بێ بەش بوون. بەڵام لە یاساکانی ڤیزیگۆت (یەکێکی تر لە خێڵەکانی جێرمەن) کچەکان وەکو کوڕەکان دەیانتوانی ببنە میراتگری زەوی و زاری باوکیان و هەر بۆیە ئەو ئافرەتانە توانیان تاج و تەختیش بە میرات وەرگرن.

تاسیت دەڵێ: خێڵە جێرمەنەکان خاوەنی کۆمەڵە یاسایەکی گشتی و هەر لەو کاتەشدا خاوەنی کۆمەڵە یاسایەکی تایبەتیش بوون و بابەتی میراتگری کچەکان وەکو کوڕەکان لەنێو خێڵی ڤیزیگۆت یەکێک لە یاسا تایبەتییەکان بووە. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە



لە نێو ڤیزیگۆتەکاندا یاسای مەدەنی میرات بۆتە هۆی سەرهەڵدانی یاسای سیاسی بە میرات وەرگرتنی تاج و سەڵتەنەت.

یاسایەکی مەدەنی تەنیا لەو حاڵەتدا نییە کە دەبێتە سەرچاوەی یاسایەکی سیاسی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەیاسای سالیکدا هەموو براکان وەکو یەک میراتیان وەبەر دەکەوت، لەنێو فرانک و بۆرگۆنییەکاندا براکانیش تاج و تەختیان بە میرات بۆ بەجێ دەما، بەڵام لە ڕێگای توندوتیژی و داگیرکردن و یاخیگەرییەوە.

## بەشی بیست و سێیەم: بسکی درێژی پاشاکانی فرانک

ئەو میللەتانەی گرنگی بە کشتوکاڵ نادەن لە ئاگایان لە لوکس و خۆڕازاندنەوە نییە. هەر بۆیە جێرمەنەکان بەوپەڕی سادەیی و ساکاری ژیانیان بەسەردەبرد و لەبەر ئەوەی زانیارییان لەسەر هونەرو تەکنیکی خۆرازاندنەوە نەبوو، هەر بۆیە لەناو سروشت دا بەدوای جوانی و خۆرازاندنەوەدا دەگەڕان، و ئەگەر سەرۆکی بنەماڵە یان خێڵێک گەرەکی با خاوەن نیشانەیەکی دیار بێ، ئەوا ئەو نیشانەیەشیان لە سروشت وەردەگرت. هەر بۆیە سەیردەکەین نیشانەو جوانی ئەفسەرو ئەمیری سوڵتانەکانی فرانک، بۆرگۆنی و ڤیزیگۆت بریتی بوو لە بسک و زوڵفی درێژ.

## بەشی بیست و چوارەم: ژنهێنان لەنێو پاشاکانی فرانک دا

لە یەکێک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە لەنێو ئەو میللەتانەی خەریکی کشتوکاڵ نین ژنهێنان و ژیانی هاوسەری سەقامگیری تێدا نییەو پیاوێک لەوانەیە چەندین ئافرەت لە خۆی مارە بکات. بەڵام هەروەک تاسیت دەڵێ لەنێو گشت میللەتە بیاباننشین و ئاژەڵدارەکاندا تەنیا پیاوی نەتەوەی جێرمەن یەک ژنی دەهێناو ئەگەر لەنێو ئەو نەتەوەیەدا هەندێ جار کەسانی ئەوتۆ هەبووبن کە چەندین ژنیان هێنا بێ ئەوا لە رووی پێشێلکردنی یاساوە نەبوو بەڵکو زیاتر وەکو خۆرازاندنەوەو رەسمیات بووە. هەر بۆیە پاشاکانی بنەماڵەی یەکەم و پاشاکانی فرانک ئەو هەموو ژنەیان هێناوە. لەبەر ئەوەی ئەو ژنهێنانە لە رووی رەسمیات و لوکسەوە بوو و یەکێک بووە لە ئیمتیازاتەکانی پاشا بۆیە خەڵک بە هیچ شێوەیەک لاسایی نەدەکردنەوە.

## بەشی بیست و پێنجەم: شیلدریک

(شیلدریک) بەگزادەیەکی فرانکی بوو کە بە هۆی شەهوەتپەرستی نەفی کرا. پێویستە

لەنێو داب و نەریتی ئەوکات بە دوای هۆکارەکانی ئەو رووداوە دا بگەڕێین.

تاسیت دەڵێ: ژیانی هاوسەری لە لای جێرمەنەکان بەشتێکی پیرۆز دادەنرا و ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی رەوشت و داوێنپاکی هەڵسوکەوتیان دەکرد زۆر بە توندی لە لایەن کۆمەڵەوە لەقاو دەدران و کۆمەڵگا نەفرەتی لێ دەکردن. زۆر بە کەمی هەڵکەوتووە لەنێو تاکەکانی نەتەوەی جێرمەندا کەسێک خیانەتی بە بنچینە سەرەکی و گرنگەکانی ژیانی هاوسەری کردبێ.

هۆی نەفی کردنی شیلدریک-یش هەر ئەوەیە. چونکە ئەوکات تازە گۆل لە لایەن فرانکەکانەوە داگیرکرابوو، هێشتا داب و نەریتە کۆنەکانیان لە دەست نەدابوو و لوکس و سەرکەوتن ئەخلاقی گەندەڵ نەکردبوون.

## بەشی بیست و شەشەم: تەمەنی پێگەیشتوویی پاشاکانی فرانک

نەتەوە بیابانشین و ئاژەڵدارەکان کە لە بنەڕەتدا کشتوکاڵ ناکەن وڵات و زەوی و زاری دیاریکراو و سنووردارییان نییە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لەنێو ئەو میللەتانەدا جەنگ وەکو شتێکی ئاسایی سەیری دەکرێ و ئەوەندی یاساکانی جەنگ (یاسای نێونەتەوەیی) لەنێو ئەو میللەتانەدا کاری پێ دەکرێ و باوە ئەوەندە یاسای مەدەنی گرنگی نییەو ئیشی پێ ناکرێ، هەر بۆیە هەمیشە چەکدارن.

تاسیت دەڵێ: جێرمەنەکان بەردەوام چەکداربوون، هیچ چەشنە کارێکی خۆیان ئەنجام نەدەدا ئەگەر هاتباو چەکیان لە دەست نەبایە. بیروبۆچوونە سلبی و ئیجابییەکانی خۆیان لە کاتی مامەڵەدا بەهۆی ئاماژەکردن بۆ چەکەکانیان دەردەبڕی. هەرکە تەمەنی منداڵەکانیان دەگەیشتە ئەو رادەیەی کە بتوانن چەک هەڵگرن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بە دەوری یەک کۆڕیان دەبەست و لەوێ رمێکیان دەدا بە گەنجەکەو لەوەڕا دەردەکەوت کە تەمەنی منداڵێتی بەجێ هێشتووەو چۆتە ناو قۆناغی گەنجێتی. لە پاش ئەوە، ئەوان جگە لەوەی ئەندامی بنەماڵەیەک بوون ئەوا بە ئەندامێکی کۆمەڵگای جێرمەنیش لە قەڵەم دەدران.

یەکێک لە پاشاکانی ئستروگۆت (یەکێک لە خێڵە جێرمەنییەکان) دەڵێ: کاتێک جوچکەکانی هەڵۆ گەورە دەبن باڵ و چرنووکیان بەهێز دەبێ ئیدی دایک و باوکیان خۆراکیان بۆ پەیدا ناکەن، جوچکەکان دەبێ بۆ خۆیان خواردن وەچنگ بێنن. کەواتە دەبێ ئێمەش گەنجەکانمان بنێرینە بەر خزمەتی سوپا بۆ ئەوەی بتوانن کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن.



بەپێی رێوشوێنی یاسای ریپوئر، تەمەنی پازدە ساڵی، تەمەنێک بوو کە گەنجەکان دەیانتوانی چەک هەڵگرن و هەر لەو کاتەدا دەگەیشتنە تەمەنی یاسایی. هەروەک چۆن کاتێ شیلدبێری دووەم پاشای فرانک گەیشتە تەمەنی یاسایی و لە لایەن مامیەوە «گۆنتران» رەسیویەکەی (بلوغ) راگەیەنرا تەمەنی پانزدە ساڵ بوو. هەروەها لەیاسای ریپوئر دا نووسرا بوو، ئەگەر یەکێک لە فرانکییەکانی ریپوئر کوژراو منداڵێکی لە پاش بەجێما، منداڵەکەی ناتوانێ ململانێ لەگەڵ بکوژەکەدا بکات یان بۆ دوێل بانگهێشت بکرێ، تەنیا لە کاتێکدا دەبێ ئەگەر تەمەنی منداڵەکە گەیشتبێتە پازدە ساڵ. لەو تەمەنەدا دەتوانێ ململانێ لەگەڵ بکوژدا بکات یان نوێنەرێک بۆ ململانێیەکە هەڵبژێرێ. کەواتە پێویست بوو رۆح و جەستەی منداڵەکان بۆ دادگایی کران و ململانێ بە تەواوی پێگەیشتبان.

لەنێو هۆزەکانی «بۆرگۆنی»یشدا کە کێشە و گیروگرفتەکان لە رێگای دوێلەوە یەکلایی دەکرانەوە، بڕیاریان دابوو گەنج تاکو نەگاتە تەمەنی پازدە ساڵی ناتوانێ لە ململانێیدا بەشداری بکات. «ئاگاتیاس»ی مێژوونووسی بەناوبانگ دەڵێ: بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە چەکی فرانکییەکان سووک بوو، دەیانتوانی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا چەک هەڵگرن و هەر لەوتەمەنەدا رەسیویان رادەگەیەنرا، بەڵام پاشتر هێدی هێدی چەکی فرانکییەکان قورس بوو تا گەیشتە سەردەمی شارلمانی و لەو قۆناغەدا چەکەکانیان زۆر قورس بوون. لە پاش ئەوە، ئەو خەڵکانەی لەسەر زەوی و زاری تیولی دا ژیانیان بەسەردەبردو دەبوایە بچنە خزمەتی سەربازی، لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا بۆ سەربازی دەبران و لەو تەمەنەدا توانای هەڵگرتنی چەکیان هەبوو.

## بەشی بیست و حەوتەم: درێژەی بەشی پێشوو

وتمان لە نێو خێڵەکانی جێرمەندا تا کاتێک منداڵ نەگەیشتبا تەمەنی پازدە ساڵی مافی ئەوەی نەبوو بچێتە نێو کۆڕی گشتی و وەکو ئەندامی کۆمەڵگای جێرمەن سەیر نەدەکرا، هەر بۆیە منداڵەکانی «کلۆدۆمیری» پاشای ئەرلیان کە سەرزەوی بۆرگۆنی داگیرکردبوو، لەدوای مردنی باوکیان بە جێنشین هەڵنەبژێردران، چونکە تەمەنیان رێگەی نەدەدان بچنە ناو کۆڕو کۆبوونەوەی گشتی. دەبوایە پاش ئەوەی دەگەنە تەمەنی پازدە ساڵی کورسی پاشایەتی بگرنە دەست و تا ئەوان دەگەیشتنە ئەو تەمەنە باپیریان کاروبارەکانی هەڵدەسووڕاند بەڵام براکانی کلۆدۆمیر کە مامی ئەو منداڵانە بوون، هەموویان سەربڕین بۆ ئەوەی نەبن بە پاشاو پاشان وڵاتەکەیان لەنێوان خۆیاندا دابەش

کرد. ئەو خیانەتە هەندێ ئاڵوگۆڕی لە یاساکانی فرانک دا هێناکایەو بڕیاریاندا کە منداڵی پاشا دوای مردنی باوکی دەتوانێ بۆ دەسەڵاتداری هەڵبژێردرێ، هەرچەندە نەگەیشتبێتە تەمەنی ڕەسیویش. بەپێی ئەو یاسایە شیلدبێری دووەم لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بە پاشا هەڵبژێردرا، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو مامەکەی بیکوژێ. بەڵام ئەو پاشایەی لە تەمەنی پێنج ساڵیداو بەر لەوەی بگاتە تەمەنی یاسای کورسی حوکمی دەگرتە دەست، سەڵتەنەتەکەی بە نێو بوو و هیچ ڕەسمیەتێکی نەبوو و تەنانەت ئەحکام و فەرمانەکانیش بە نێوی پاشای بچووکەوە دەرنەدەچوون.

## بەشی بیست و هەشتەم: جێنشینی لەلای جێرمەنەکان

لە لای خێڵە جێرمەنەکان ئەگەر کەسێک ویستبای یەکێکی تر بکات بە منداڵی خۆی یان بیکاتە جێنشینی خۆی ئەوا چوونە ناو تەمەنی ڕەسیوی و بەخشینی چەک پێی نیشانەی جێنشینایەتی بوو. واتە بەم ڕێوڕەسمە کەسێکیان بە جێنشین یان منداڵی خۆ قبووڵ دەکرد.

بۆ نموونە کاتێک گۆنترانی پاشای فرانک ویستی تەمەنی ڕەسیوی برازاکەی خۆی شیلدبێر رابگەیەنێ و بە منداڵ و جێنشینی خۆی هەڵیبژێرێ ئاوا هاتە دوان: «من ئەو رمە دەدەمە دەستی تۆو نیشانەی ئەوەیە کە وڵاتەکەی خۆم بە تۆ سپاردووە». و پاشان رووی کردە کۆڕی گشتی و وتی: «لە لای هەمووتان ئاشکرایە کە برازاو کوڕی من ئیتر ئێستا پیاوێکە بۆ خۆی کەواتە پەیڕەوی لێ بکەن».

«تیۆدۆریک» ی پاشای هۆزی ئستروٚکۆت کە یەکێک لە هۆزە گەورەکانی جێرمەن بوو، کاتێ ویستی پاشای هۆزی هێرۆل بکاتە جێنشینی خۆی لە نامەیەکدا بۆی نووسی:«یەکێک لە نەریتە هەرە ڕەسەنەکانی ئێمە ئەوەیە کە تاکەکەس بە هۆی وەرگرتنی چەک بۆ پلەو پایەی جێنشینی و خەلافەت هەڵدەبژێردرێ، چونکە تەنیا لاوە دلێرو ئازاکان شایستەیی ئەوەیان هەیە ببنە منداڵی ئێمە و یەکێک لە باشییەکانی ئەو کردەوەیە ئەوەیە کە کاتێ یەکێک چەکی بە دەستەوەگرت، هەزار جار مەرگ بەسەر ئەتکی شەرەف و بێ ئابڕووییدا پەسەند دەکات. کەواتە بە پێی نەریتی نەتەوەیی و بەسەرنج دانی ئەوەی کە ئێدی ئەتۆ بووی بە پیاو، ئێمە بە ناردنی ئەو قەڵغان و شمشێرو ئەسپانە تۆ بە جێنشینی خۆمان هەڵدەبژێرین.»



## بەشی بیست و نۆیەم: خوێنڕێژی پاشاکانی فرانک

کلۆڤیس یەکەمین سەرۆک خێڵی فرانەکان بوو کە فرانکەکانی بۆ داگیرکردنی زەوی و زاری گۆل پەلکێش کردو لەبەر ئەوەی ئەو کارە سوودێکی زۆری پێ دەگەیاندن، سەرجەم سەرۆک خێڵەکانی تریش لاساییان کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کلۆڤیس زەوی و زارێکی زۆری بە سەربازو خەڵکانی دەوروبەری خۆی دەبەخشی هەر بۆیە لایەنگرەکانی زۆر زیاتر بوون لە لایەنگری سەرۆک خێڵەکانی تر و چونکە سەرۆک خێڵەکانی دیکە لاواز بوون نەیانتوانی لەگەڵ کلۆڤیس دا ململانێ بکەن.

کلۆڤیس لەوە دەترسا نەکا فرانکەکان پاشایەکی تر لە جیاتی ئەو هەڵبژێرن هەر بۆیە هەموو نەیارەکانی خۆی کوشت و پاشان نەریتی کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان لەنێو خانەدانی ئەودا پەرەی سەند، بە جۆرێک کە برا لە دژی برا و تەنانەت برا لە دژی منداڵەکانی خۆی پیلانگێڕی دەکرد بۆ ئەوەی زەوی و زارەکانیان داگیربکات. هەرچەندە یاسا و ڕێوشوێنە تایبەتەکان بەشی هەرکام لە تاکەکانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی دیاری دەکردو زەوی زارو حکومەتی پێ دەسپاردن، لەگەڵ ئەوەشدا چاوچنۆکی و تەماع و ترس و پلەخوازی بەردەوام ئەو یاسایانەی تێک دەدا.

## بەشی سییەم: کۆڕو ئەنجوومەنی نەتەوەیی فرانکەکان

ئەو میللەتەی گرنگی بە کشتوکاڵ نادات، خاوەنی ئازادییەکی زۆرە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە جێرمەنەکان ئازادییەکی یەکجار زۆریان هەبوو. تاسیت دەڵێ: جێرمەنەکان دەسەڵاتی رەهایان نەدەدا بە دەسەڵاتدارەکانی خۆیان.

سزار دەڵێ: لە سەردەمی ئاشتیدا جیرمەنەکان خاوەن سەرۆک و دەسەڵاتداری هەمیشەیی و گشتی نەبوون بەڵکو هەر ناوچەیەو دەسەڵاتداری تایبەت بە خۆی هەبوو کە تەنیا لەو شوێنەدا عەدالەتی جێبەجێ دەکرد.

بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتداری هەمیشەیی، فرانکەکان تا بەر لە هاتنیان بۆ فەرەنسا لە خاکی جێرمەندا پاشایان نەبوو. «گرگواردۆتۆر»ی مێژوونووس زۆر بە باشی ئەو بابەتە دەسەلمێنێ.

تاسیت دەڵێ: جێرمەنەکان خاوەنی ئەنجوومەنی گشتی بوون و بابەتە گرنگەکان لەنێو ئەو کۆڕانەدا باس دەکران و پاش ئەوەی هەموو میللەت ئاگاداری بابەتەکە دەبوو، ئەوکات بابەتەکەیان دەبردە بەردەمی سەرۆکەکان. دووبارە لە شوێنێکی تردا تاسیت دەڵێ: لەوانەیە تاوانی مرۆڤ کوشتنیش لە ئەنجومەنی گشتیدا باس بکرێت. فرانکەکان

توانیـان پاش داگیـرکـردنەکـانیش پارێزگاری لەو نەریتـەی خـۆیان بکەن و ئەرسـتـۆکـراتە گەورەکان لەنێو ئەو کۆڕو ئەنجوومەنانەدا دادگایی دەکران.

## بەشی سی و یەکەم: دەسەڵاتی قەشەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فرانک دا

لە لای نەتەوە کـۆچەرو ئاژەڵدارەکان، پیـاوە ئایینیـیەکـان دەسەڵاتێکی فـرەیان هەیە، چونکە لەنێو ئەو نەتەوانەدا خەڵک زیاتر بڕوای بە خـوڕافات و شـتـە وەهمـییـەکـان هەیەو لەبەر ئەوەی بە رواڵەت کردەوەکانیان بە پێی وەحی و ڕێوشوێنی ئاسمانییەوە بە ئەنجام دەگاو پێشەوای کاروباری ئایینیش، زۆرتر دەتوانن نفووز بکەنە ناو خەڵکەوە.

پیـاوە ئایینییـەکان لەنێـو میللەتی جێرمەندا دەسـەڵاتێکی زۆریان هەبوو و تەنانەت ئەرکی پاراستنی ڕێک و پێکی ئەنجوومەنی گشـتی بە وان سپێردرابوو. هیچ کـەس جگە لە پیاوە ئایینییەکان نەیدەتوانی فەرمانی سزادان دەربکاو خەڵک تەمێ بکات و دەستی مەحکوومەکان ببەستێ و لێیان بدات. لە کاتی جەنگیشدا قەشەکان ئامادە دەبوون.

کـەواتە کـاتێ فـرانکەکـان لە فـەڕەنسـا پاشـایەتیـان دامـەزراند و لە سـەردەمی فەرمانڕەوایی یەکەمین نەوەی پاشاکانی فرانک دا قەشەکان دەسەڵاتێکی یەکجار زۆریان هەبووو حوکمی سزادانیان دەردەکردو لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا ئامادە دەبوون و بە هۆی نفووزی خۆیان بڕیارەکانی پاشایان دەگۆڕی و لە ژێر سایەی ئەو نفووزو دەسەڵاتەدا سامان و داراییەکی یەکجار زۆریان بەیەکەوەنا.

## پەیوەندی یاساکان لەگەڵ لایەنی رۆحی و ئەخلاق و داب و نەریتی نەتەوە

### بەشی یەکەم: بابەتی کتێبەکە

بابەتی کتێبی نۆزدەهەمی رۆحی یاساکان گەلێک بەربڵاوە، هەر بۆیە لە توێژینەوە جۆراو جۆرەکانی ئەو کتێبەدا زیاتر گرنگی بە تەرتیبی باسەکان دەدەم نە بە خودی باسەکان و لەنێو باسە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی ئەو کتێبەدا هەوڵ دەدەم رێگەیەک بۆ خۆم بکەمەوەو بەرەو پێش هەنگاو بنێم.

ئایا هیچ کاتێ لەنێو دارستانێکی چڕدا پیاسەتان کردووەو بەدوای رێگایەکدا گەڕاون؟... ئەگەر ئەو کارەتان کردبێ ئەوا لە مەبەستەکەم تێدەگەن.

### بەشی دووەم: بۆ ئەوەی یاسا بە باشی دابڕێژرێ و جێبەجێ بکرێ وا چاکە دەروونی خەڵک بۆ وەرگرتنی ئەو یاسایە ئامادە بێت.

گەلی جێرمەن بە پێی عادەتی خۆیان داواکاری گەورەیان لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا دەخستەڕوو، هەر بۆیە پێکهێنانی دادگای تایبەت بۆ باسکردنی داواکارییەکان، وەکو دادگاکانی رۆما بەلایانەوە زۆر سەیر بوو، نەفسیەتی ئەوان بۆ قبوولّ کردنی ئەو دادگایانە ئامادەنەبوو.

کاتێک «ژوستینین»ی ئیمپراتۆری رۆمای بچووک، دادگایەکی تایبەتی لەنێو خێڵی «لاز» دا پێکهێنا بۆ ئەوەی تاوانباران و بکوژانی پاشای ئەو میللەتە دادگایی بکات، جێرمەنەکان بەڕادەیەک نەفرەت و قینیان لەو دادگاییە هەڵسا تا گەیشتە ئەوەی بە کارێکی دڕندانەیان لە قەڵەم دا، چونکە رۆح و دەروونیان بۆ وەرگرتنی ئامادەنەبوو.

میتراداتی پاشای ئەشکانی کە لە لای رۆمانییەکان ژیانی بەسەردەبرد، فۆرمالیتەو رێوڕەسمی دادگاکانی رۆمای زۆر پێ سەیر بوو، چونکە هەست و دەروونی ئەو شازادە ئەشکانییە لەگەڵ فۆرمالیتەی نێو دادگاکان نەدەهاتەوە. بەڵام هەر ئەو شازادەیە کاتێ گەڕایەوە بۆ لای پارتەکان، واتە بۆ لای میللەتی خۆی، کردەوەو رەفتارەکانی بووە جێگای



سەرسووڕمان و تەنانەت نەفرەتی خەڵک، چونکە ئەو لەگەڵ رۆمانەکاندا ژیابوو و خووی بە ئەخلاقی دیموکراسی رۆماوە گرتبوو و دەیویست لەنێو میللەتەکەی خۆشی هەروا بجووڵێتەوە. بەڵام پارتەکان زۆریان رق لەو پاشا دیموکراتەبوو و بێزارییان دەربڕی کە بۆچی بەبێ قەیدو شەرت و رەسمیات پێشوازی لە خەڵک دەکات، چونکە ئازادی لە لای پارتەکان شتێکی نائاسایی بوو و نەیاندەتوانی تەحەممولی بکەن. بەڵێ، هەندێ جار هەوای بێگەرد بۆ سییەکان ئەو کەسانەی لە زۆنگاوەکاندا ژیان بەسەر دەبەن زیانبەخشە.

لە ساڵی ١٥٩٦ ی زایینیدا ئیتاڵیاییەک بە نێوی «بالبی» دەستی کرد بە گەڕان بە دەوری جیهانداو لە رۆژهەڵات چووە لای پاشای خێڵی «پێگۆ» کە کەوتۆتە دورگەکانی ملوک. ئەوپاشایە کاتێ بیستی کۆماری ڤینیسیا پاشای نییە، لە سەرسوڕماویان هێندە پێکەنی، کۆخەیەکی توند دایگرت و خەریک بوو بخنکێ.

ئایا دەکرێ پێشنیاری ئەوە بەو میللەتە بکرێ کە حکومەتێکی دیموکراتی یان کۆماری دابمەزرێنن؟!.

### بەشی سێیەم: ئیستبدادو چەوساندنەوە

دوو جۆر ستەم و چەوسانەوە هەیە:

یەکەمیان، زوڵم و چەوساندنەوەی راستەقینەو ئەوەش سەرچاوەکەی رەفتاری حکومەتێکە کە خەڵک بچەوسێنێتەوەو داراییەکانیان لێ داگیربکات و بەپێی حەزو ئارەزووی خۆی خەڵک بخاتە زیندانەوە و تووشی تاراوگەیان بکات.

دووەمیان، ئیستبدادی فیکری یان مەعنەوییە کە بریتییە لەوەی هەندێ دەوڵەت هەندێ نەریت و رێوشوێنی ئەوتۆ دابنێن کە لە لای خەڵک سەیرو نامۆو نائاسایی بێت و لەگەڵ زەوقی خەڵکدا نەگونجێ.

«دیۆن»ی مێژوونووسی رۆمانی دەڵێ: ئۆگۆستی ئیمپراتۆری رۆمانی دەیویست ناوی خۆی بنێ رۆمۆلۆس کە دامەزرێنەری رۆما بوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا ئەو بابەتە لە روانگەی خەڵکەوە ناپەسەند بێت، چاوپۆشی لەو کارە کرد.

رۆمانییە بەراییەکان بە هیچ جۆرێ پاشایان نەدەویست. هەرچەندە سزارو ئۆگۆست و دەستەی بەرێوەبەریی سێ کەسی وەکو پاشای راستەقینە سەیریان دەکراو تەنانەت مێژوو ناوی ئۆگۆستی وەکو ئیمپراتۆر تۆمار کردووە، کەچی ژیانی گشتی و تایبەتی ئەوان هیچ چەشنە فۆرمالیتەو رەسمیاتێکی تێدانەبووو وەکو ژیانی پاشاکان نەبوو، چونکە خەڵکی رۆما حەزیان لە رەسمیاتی پاشایەتی نەدەکرد.

دیسان دیۆن دەڵێ: ئۆگۆست هەندێ یاسای سەختی دانا کە بووە هۆی ناڕازیبوونی خەڵک، بەڵام هەر کە فەرمانی دا (پێلاد ئارتیست تئاتر) کە نەفی کرابوو بگەڕێتەوە رۆما، ناڕەزایی گشتی نەما.

هەست و رۆحیەی گەلی رۆمانی بەم جۆرە بوو، نەفی کردنی ئارتیست وەکو تەحەممول کردنی یاسای قورس و توندوتیژ بەلایانەوە ستەمکارانە بوو.

## بەشی چوارەم: رۆحیەی گشتی میللەت

ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە بریتین لە:

ئاووهەوا، ئایین، بەسەرهاتەکانی رابردوو، ئەخلاق، داب و نەریت و بنچینەکانی حکومەت. کۆی گشتی ئەو فاکتەرانە نەفسیەت و مەعنەویاتی گشتی پێک دەهێنن، هەرچەندە یەکێک لەو فاکتەرانە بەسەر فاکتەرەکانی تردا زاڵ بێ و بەهێز بێ ئەوا فاکتەرەکانی دیکە جێ چۆڵ دەکەن و پاشەکشێ دەکەن. لەنێو خێڵە بەربەرەکاندا ئەو فاکتەرەی لە هەموویان زیاتر بە هێزو کاریگەرە، ئاوو هەواو سروشتە، لەنێو چینەیەکاندا داب و نەریت بەڕادەیەک بەهێزە کە دەتوانین بڵێین داب و نەریتەکان حوکم بەسەر چین دا دەکەن.

لە ژاپۆن دا یاسا هێزێکی یەکجار زۆری هەیەو حاکمی رەهایە. لەسەردەمە کۆنەکاندا لەنێو میللەتی ئسپارتەدا ئەخلاق هێزو گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، بەجۆرێک کە ئەخلاق بەسەر میللەتی ئسپارتەدا فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەوەی لە رۆمای دێرین دا شایانی گرنگی پێدان بوو بنچینەکانی حکومەت و ئەخلاق و ئەزموونی پێشینان بوو.

## بەشی پێنجەم: پێویستە ئاگادار بین نەفسیەتی باشی میللەتێک نەگۆڕین

هەرکاتێ لەجیهاندا گەلێک خاوەنی ئەو سیفات و مەرجانە بێ: زمان شیرین و کۆمەڵایەتی، دڵ ئاواڵا، خۆش خۆراک، عاشقی ژیان، بە زەوق و سەلیقە، سادە و ساکار (بە جۆرێک کە رازو نهێنی دڵی خۆی بەبێ ترس بە کەسانی تر بڵێ)، چوست و چالاک، دڵگیر، هەندێ جار خۆنەپارێزو بێ ئیحتیات، خاوەن هیممەت و جوامێری و بوێری و راستگۆیی، ئارەزوومەندی شەرافەت و ئابڕوو... ئەوا نابێ یاسادانەری ئەو میللەتە بە هۆی دانانی یاساوە بیەوێ گۆڕانکاری لەنێو داب و نەریت و هەندێ جار ئاوات و ئارەزووی گەلدا بێنێتەکایەوە، چونکە ئەگەر پێشی حەزو ئارەزووی ئەو گەلە بگیرێ ئەوە



زیان بە سیفات و تایبەتمەندییە بەرزەکانی دەگاو خەسڵەتە باشکانی لەناو دەبات.

لەوانەیە لەنێو ئەو گەلەدا هەندێ یاسا بۆ پێشگیری لە ئازادی ئافرەتەکان و حەزو ئارەزوو و خۆڕازاندنەوەیان دابنرێ، بەڵام ئەو پێشگیرییە زەوق و سەلیقەو گفت شیرینیان لەنێو دەبات و زیان لەو ئەدەب و رێزە دەدا کە لەناو ئەو گەلەدا باوە.

پێویستە یاسادانەر بەردەوام مەعنەویاتی گشتی گەلی لەبەرچاو بێت و بیپارێزێ تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ ئەگەر لەگەڵ بنچینەکانی دەوڵەتدا دژایەتی هەبێ.

کاتێ یاسادانەر بۆ دانانی یاساکان مەعنەویاتی گشتی میللەتی وەبەرچاو گرت، ئەوا گەل بە حەزو ئارەزووی خۆی پەیڕەوییان لێدەکات، چونکە کاتێ مرۆڤ کارێکی بە دڵنیاییەوە ئەنجامدا ئەوا بە باشی بە ئەنجامی دەگەیەنێ.

ئەگەر یاسادانەر بۆ ئەو میللەتەی کە لە خودی خۆیدا گفت شیرین و ژیان پەرستە یاسایەکی ئەوتۆ دابڕێژێ کە ببێتە هۆی خوێن ساردی و خۆ بەزلزانی، ئەوا ئەو میللەتە هیچ قازانجێکی ماددی و مەعنەوی ناکات.

ئەو میللەتە لە کاتی کارو هەڵکەندنی بەردە گەورەکان لە شاخەکاندا خەریکی گۆرانی گوتنە، دەبێ وازی لێبهێنرێ گۆرانی خۆی بڵێ و کاری جیددی بە گاڵتەو گەپەوە ئەنجام بدات.

## بەشی شەشەم: نابێ چاکسازی لە هەموو شتێکدا بکرێ

یەکێک لە قسەخۆشەکانی میللەتێک کە خاوەن هەموو ئەو سیفات و مەرجانەیە کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، دەڵێ: هیچ کارێکتان بە ئێمە نەبێ و لێمان گەڕێن چۆنین با وا بین، سروشت هەموو شتێک چاک دەکاتەوە.

ئەو قسەخۆشەی باسمان کرد دەڵێ: «ئەگەرچی سروشت هەڵەشەیی پێ بەخشیوین و لەوانەیە هەندێ جار ئەو هەڵەشەییە ببێتە هۆی بێ ئاگاییەکی گەورە، بەڵام هەر لەو کاتەدا هەڵەشەیی و توندوتیژی ئێمە، لە رێگای ئەو ئەدەب و رێزەی لە نێو ئێمەدا هەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو هەر ئەو ئەدەب و رێزە، خۆش سەلیقەیی بە ئێمە بەخشیوە و وای لێکردووین مۆدێل پەرست بین و لەو پێناوەدا زنجیرەیەکی بازرگانی گەورە پێک بێنین و هەموو نەتەوەکانی ئەوروپا جل و بەرگی رازاوەی ئێمە بە نرخێکی باش بکڕن.»

پێویستە لێمان گەڕێن و خەریکی لابردنی کەم و کورییە بچووکەکان نەبن، نەکا خەسڵەت و تایبەتمەندییە مەزنەکانمان لەنێو بچێت.

## بەشی حەوتەم: ئەسینی و ئسپارتییەکان

دیسان قسەخۆشەکە دەڵێ: ئەسینییەکان گەلێک بوون تا ڕادەیەک لە ئێمە (فەڕەنسییەکان) دەچوون و کارەکانی خۆیان بە ڕووخۆشی و چالاکییەوە ئەنجام دەداو پێیان ناخۆش نەدەبوو ئەگەر هەندێ جار نوێنەری سەنا لە پشت تریبۆنی ئەنجوومەن گاڵتە بکاو بابەتە جیددییەکان لەگەڵ هەندێ گاڵتەو قسەی خۆشدا تێکەڵ بکات. بە پێچەوانەوە، گەلی ئسپارت گەلێکی خوێن ساردو جیددی و هێمن بوون و بە هیچ جۆرێ گرنگیان بە گاڵتەو گەپ نەدەدا...

ئەگەر هاتباو پێداویستیەکانی پشوو و خۆشگوزەرانییان بۆ ئسپارتییەکان دابین کردبا بۆ ئەوەی وەپێکەنینیان بێنن، ئەوا هیچ ئاکامێکی نەدەبوو و ئەگەر وەعزو پەندیشیان بۆ ئەسینیەکان خوێندبا و فێری ویقار و خوێن ساردییان کردبان ئەوا هیچ سوودێکی نەدەبوو.

## بەشی هەشتەم: کاریگەری ئەخلاقی کۆمەڵایەتی

بەهەر رادەیەک نەتەوەکان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵاوبن ئەوا بەهەمان ڕادە زۆرتر خوو و خەسڵەتەکانیان گۆڕانکاری بەسەر دادێ، چونکە باشتر دەتوانن تایبەتمەندی ژیانی خەڵکی تر ببینن. کاتێک میللەتێک لەگەڵ میللەتێکی دیکەدا تێکەڵاوی کرد، ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێ بگۆڕێ.

تێکەڵاوی و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت هەرچەندە دەبێتە هۆی گەندەڵیی ئەخلاقی، بەڵام لە بەرامبەریشدا زەوق و سەلیقە باش و ناسک دەکات و مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرنجی کەسەکانی دەوروبەری ڕاکێشێ خەریکی خۆ ڕازاندنەوە دەبێ و مۆدێلی جل و بەرگەکەی دەگۆڕێ و هێدی هێدی جل و بەرگ گرنگییەکی زۆر پەیدا دەکات، ئەگەرچی لە سەرەتادا جگە لە یارییەک هیچی تر نییە، بەڵام لە کۆتاییدا یەکێک لە بەشە گەورەکانی بازرگانی پێک دێنێ.

## بەشی نۆیەم: شانازی بەخۆکردن و بەدەعیەبوون

چەندە شانازی بە خۆکردن بۆ میللەت باشە ئەوەندەش غروور زیانبەخشە. چونکە لە سایەی شانازی بەخۆکردندا هەندێ ئیمتیازی گەورە بە نسیبی میللەتانی جیهان دەبێ و هەوڵ دەدەن پیشەسازی و هونەر و جوانکاری خۆیان گەشە پێ بدەن، بەڵام خۆ بەزلزانی گەلێک ڕێوشوێن بەسەر میللەتە جیاوازەکاندا دەسەپێنێ و لە ئاکامیشدا گەل تووشی تەمەڵی و خۆبەزلزانی و بێکاری و گوێنەدەری و دڵڕەقی و خوێنمژی دەکات.



کەسێکی ئسپانی لەبەر ئەوەی خۆبەزلزانە کار ناکات، چونکە یەکێک لە دەرەنجامە ڕاستەوخۆکانی خۆبەزلزانی کار نەکردن و تەمەڵییە. بەڵام کەسێکی فەڕەنسی لەبەر ئەوەی هەستی شانازی بە خۆکردنی تێیدا بەهێزە لە هەمووان باشتر کار دەکاو زەوق و سەلیقەی خۆی بە خەڵکانی تر نیشان دەدا. نەتەوە تەمەڵەکان هەمیشە وشک و ئارامن، چونکە ئەو کەسانەی کارناکەن بزۆکی و جوولەو چالاکی بە جۆرە سووکییەک لە قەڵەم دەدەن. بۆ نموونە گەلی ئاشیم کە کەوتۆتە ئاسیاوە خۆبەزلزانەو هەر بۆیە تەمەڵیشەو لەنێو تاکەکانی ئەو میللەتەدا ئەو کەسەی خاوەنی کۆیلە نەبێ ئەوا کۆیلە بەکرێ دەگرێ تەنانەت ئەگەر بۆ هەڵگرتنی هەندێ برنجیش بێت، چونکە پێیان وایە ئەگەر بۆ خۆیان خۆراکی خۆیان هەڵگرن ئەوا لە گەورەییان کەم دەکات.

ئافرەتەکانی هندستان پێیان نەنگە بخوێنن و دەڵێن خوێندن و نووسین کاری کۆیلەکانەو پێویستە ئەوان لە پەرستگاکاندا خەریکی دوعاو پاڕانەوە بن. لەنیو هەندێ خێڵی هندستاندا ژنەکان خووری و لۆکە نارێسن و لەنێو هەندێ خێڵی تردا قەرتاڵەو سەبەتە ناچنن و لە هەندێ شوێنیشدا ئافرەتەکان پێیان شەرمە بچن لە کانییەکان ئاو بهێنن. بەڵام چونکە خوو و خەسڵەتی ئەخلاقی بە پێی ئاوو هەواو پێکهاتەکەی لەگەڵ خەسڵەتە ئەخلاقییەکانی تردا جیاوازی هەیە، هەر بۆیە هەندێ جار خۆبەزلزانی دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە، چونکە خۆبەزلزانی ڕۆمانییەکان لەگەڵ سیفاتی پلەخوازی و جیهانگیریدا جووت و هاوکات بوو، هەر بۆیە هەندێ دەرەنجامی درەوشاوەی لێدەکەوتەوەو دیارە دواتر ئاماژەمان بۆ کردووە.

## بەشی دەیەم: خەسڵەتی ئیسپانی و چینیەکان

سیفات و تایبەتمەندی گەلانی جیهان تێکەڵەیەکە لەچاکەو خراپە، هەندێ جار ئەو تێکەڵەیە دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە و گەلێک جاریش ئاکامی خراپ دەدا بە دەستەوە، بەبێ ئەوەی خەڵک هەست بەهۆکار و ڕەهەندەکانی بکات. بۆ نموونە ئیسپانیەکان میللەتێکی بە بیروباوەڕن و ئەمانەتداری ئیسپانییەکان لەهەموو سەردەمەکاندا بەنێو بانگە و هەمیشە مەرگ لە ئاشکراکردنی نهێنی خەڵکانی تردا پەسند دەکەن. ئێستا گشت ئەو بازرگانانەی لەگەڵ کادیکس (یەکێک لە بەندەرەکانی ئیسپانیا )دا مامەڵەدەکەن، پارەی خۆیان دەدەنە دەستی بازرگانە ئیسپانییەکان و تا ئێستا نەمانبیستووە تووشی پەشیمانی هاتبن. بەڵام مخابن ئەو خەسڵەتە بەرزەی ئیسپانییەکان لەگەڵ تەمەڵیدا تێکەڵە و ئەوەش دەرەنجامێکی خراپی لێکەوتۆتەوەو بۆتە

هۆی ئەوەی ئیسپانییەکان لە بازرگانیدا دەست کورت بن و میللەتەکانی ئەورووپا بە بەرچاوی ئەوانەوە هەموو بازرگانیی ئەو وڵاتە بۆ خۆیان داگیر بکەن. چینییەکان بەپێچەوانەوە، چالاکی بازرگانییان یەکجار زۆرە، بەڵام چونکە بەپێی پێکهاتەی ئاو و هەواوە تەمەنیان کورتە، دەیانەوێ لەو ماوە کورتەی تەمەنی خۆیاندا باشترین قازانج بە دەست بێنن و ئەوەش گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە هیچ میللەتێک ناوێرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

هەر ئەو چالاکیە زۆرە بۆتە هۆی ئەوەی کە چینیەکان دەست بەسەر هەموو بازرگانی ژاپۆن دا بگرن، تا ئەو شوێنەی کە هیچ بازرگانێک جگە لە بازرگانی چینی جورئەتی نییە بۆ بازرگانی بچێتە ژاپۆن.

## بەشی یازدەهەم: دەرەنجام

بەپێی ئەو بۆچوونەی دەرم بڕی، نابێ خوێنەر وا بیربکاتەوە من دەمەوێ چاکە و خراپە تێکەڵ بکەم و هیچ جیاوازییەک لەنێوان باشی و خراپیدا دانەنێم. خوانەکا بیرم بۆ شتێکی ئەوتۆ چووبێ، بەڵکو مەبەستی سەرەکی من ئەوە بوو کە میللەتانی جیهان چەندین جۆر عەیب و کەم و کوڕییان هەیە و نابێ بەهەڵە لەگەڵ یەکتریان تێکەڵ بکەن. بۆ نموونە عەیبی سیاسی جیایە لەعەیبی ئەخلاقی و هەروەها عەیبی ئەخلاقیش جیاوازە لەعەیبی سیاسی. لەسەر یاسادانەرەکان پێویستە لە کاتی دانانی یاسادا ئەو خاڵانە وەبەر چاو بگرن، بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خەڵکدا بگونجێ و دەرەنجامی باشی لێبکەوێتەوە.

## بەشی دوازدەهەم: ئەخلاق و داب و نەریت لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا

یەکێک لە پرەنسیپە جێگیرەکان ئەوەیە نابێ بەهیچ جۆرێ ئەخلاق و داب و نەریتی خەڵک لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا گۆرانگاری بەسەردا بهێنرێ، چونکە زۆر بەخێرایی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، لەبەر ئەوەی لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا یاسا بەواتای راستەقینەی خۆی بوونی نییە و ئەوەی هەیە بریتییە لە داب و نەریت، کاتێکیش داب و نەریت و ئەخلاق لەنێو بچێ وەکو ئەوە وایە هەموو شتێک لەناو چووبێ.

پێویستە ئەو خاڵەمان لەبەرچاو بێت کە ئەخلاق و داب و نەریت باشتر لە یاسا لە مێشک و دەروونی خەڵکدا جێگیر دەبێ، چونکە هەروەک ئاشکرایە ئەخلاق و داب و نەریت شتێکی خودی و فیترییە، بەڵام یاسا خودی و فیتری نییە بەڵکو کۆمەڵە



ڕێوشوێنێکە لەهەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لەبەر ئەوەی یاسا سەرچاوەکەی بریتییە لە فیکرو ئیرادەی چەند کەسێکی دیاری کراو و کاتەکیشە، هەر بۆیە ئەگەر یاسا لەنێویش ببرێ ئەوا فیکر و ئیرادەی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکیان لەناو بردووە.

بەڵام هەرکاتێ داب و نەریتەکان لەنێوبەن ئەوا پێکهاتەی دەروونی و رەوشتی میللەتێکیان داڕووخاندووە و زۆر بەخێرایی دژکردەوەیەکی سلبی لێدەکەوێتەوە.

لەنێو وڵاتە ئیستبدادییەکاندا پەیوەندی نێوان گەورەتر و بچووکتر یان حاکم و مەحکووم وەکو وڵاتە دیموکراسییەکان ئازادو پلەپلە نییە، هەر بۆیە داب ونەریت لەم وڵاتانەدا لە دۆخێکی جێگریدایە و چەشنی وڵاتە دیموکراتیکەکان بەهۆی زۆریی تێکەڵاویی و پەیوەندی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتریدا، گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەر بۆیە پێویستە ئەخلاقی دەسەڵاتدارەکانی وڵاتە ئیستبدادییەکان بە جۆرێک بێت کە هەلومەرج و رەوشتیان لەگەڵ داب ونەریت و ڕێوڕەسمی گشتیدا دژ نەبێ و لەگەڵ زەوق وسەلیقەی خەڵکدا بگونجێ.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتە ئیستبدادییەکان هەمیشە ژنەکان داپۆشراو یان موقەیەدن و بەئازادی لەگەڵ پیاوەکاندا تێکەڵاو نابن، هەر بۆیە یارمەتی گۆڕانی داب و نەریتەکان نادەن، بەڵام لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا لەبەر ئەوەی ژن و پیاو لەگەڵ یەکدا پەیوەندی و تێکەڵاوییان هەیە و زاتەن دەیانەوێ خۆشەویست بن و بۆ ئەو مەبەستە خۆیان دەڕازێننەوە، هەر بۆیە بەردەوام گۆڕانکاری لەداب و نەریتەکاندا دەکەن.

## بەشی سێزدەهەم: داب و نەریتی خەڵکی چین

لەچین دا داب ونەریتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، تەنانەت، نەتەنیا ئافرەت دوور لەپیاو ژیان بەسەر دەبا بەڵکو لەو وڵاتەدا داب و نەریتەکان وەکو بنچینەی ئەخلاقی لە قوتابخانەدا فێری قوتابییەکان دەکرێن. هەر بۆیە ئەگەر ئێوە تووشی کەسێکی چینی بوون لە شێوازی سڵاوکردن و خۆناساندنییەوە بۆتان دەردەکەوێ کە خوێندەوارە یان نا. ئەو داب ونەریتانەی مامۆستاکان لە قوتابخانەدا فێری قوتابییەکانی دەکەن وەکو نەخشی سەربەرد دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نایەت.

## بەشی چواردەهەم: شێوازی گۆڕینی داب ونەریتی میللەتێک

لەبەشی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە جیاوازی نێوان داب و نەریت و یاسا ئەوەیە:

یاسا ئەو بناغەیە کە یاسادانەر دایدەڕێژێت، لەکاتێکدا داب ونەریت، بنەمایەکە کە لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوە پێک دەهێنرێت. کەواتە ئەگەر بیانەوێ داب ونەریتەکانی گەلێک بگۆڕن نابێ لە رێگای دانانی یاساوە گۆڕانکاری تێدا بکەن، چونکە لە روانگەی خەڵکەوە ئەوە کارێکی یەکجار ستەمکارانەیە. باشتر وایە بۆ گۆڕینی داب ونەریتەکان پەنابیەنە بەر هەندێ میکانیزمی دیکە.

کاتێک دەسەڵاتدارێک دەیەوێ لە وڵاتەکەیدا هەندێ چاکسازی ئەنجام بدا، پێویستە چاکسازییە یاساییەکان لە رێگای یاسا و چاکسازی لەنێو داب ونەریتی خەڵکیش بەهۆی داب و نەریتێکی نوێوە بەئەنجام بگەیەنێ. بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەن لەرێگای یاساوە چاکسازی لەنێو داب ونەریتەکانی خەڵکیدا پێک بهێنن ئەوا سوودیان لە شێوازێکی زۆر خراپ وەرگرتووە.

بۆ نموونە لە روسیادا یاسایەکیان داڕشت، بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە پیاوەکان ڕیشی درێژی خۆیان بتاشن و جل و بەرگەکانیان کورت بکەنەوە. لە روانگەی روسەکانەوە ئەوە یاسایەکی یەکجار ستەمکارانە بوو، بەتایبەتی کاتی پێتری مەزن لە دەروازەی شارەکانیدا هەندێ پاسەوانی دانا بۆ ئەوەی هەرکەسێک بەجلی درێژەوە دێتە ناو شار جلەکەی تا ئەژنۆ کورت بکەنەوە و تەنانەت پێتری مەزن هەندێ سزاشی بۆ ئەو کەسانە دانابوو کە ریشیان نەدەتاشی.

پێویستە تەنیا ئەو کاتە سزا دابنرێ کە مەسەلەی رێگرتن لە تاوان لە ئارادا بێ. گۆڕینی داب ونەریتەکانی هەرگەلێک تەنیا لە رێگای پێشان دان و پێشکەشکردنی سەرمەشق و نموونەی بەرزەوە دەبێ.

بەسەرنج دان بەوەی کە روسەکان لەماوەیەکی کورتدا توانیان لە جەرگەی دەوڵەتە شارستانییەکاندا سەردەربێنن و سەلماندیان لێهاتووییەکی باشیان هەیە بۆ وەرگرتنی شارستانییەتی ئەوروپا، هەر بۆیە پێویستی نەدەکرد، بۆ بەشارستانیکردنیان، پێتری مەزن پەنا بەرێتە بەر هەندێ رێگای چەتوون، بەڵکو دەیتوانی بە نەرمی ئەو مەبەستەی خۆی بپێکێ. تەنانەت خودی پێتری مەزنیش بۆی دەرکەوت کە لەرێگای ئاسانتر و نەرمتر دەتوانێ دەرەنجامی باشتر بەدەست بێنێ، هەر بۆیە ئازادی دا بەئافرەتەکانی روسیا. ئافرەتانی روسیا هیچ کاتێ لەگەڵ پیاوەکاندا تێکەڵاوییان نەدەکرد و بەردەوام لە ماڵەکانی خۆیاندا زیندانی و دەستبەسەر بوون و وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵا دەکرا. پێتری مەزن لەرێگای خانمەکانی دەربارەوە، ئافرەتەکانی بۆکۆشک بانگهێشت دەکرد و قوماشی جوان و ناسکی دەدانێ و داوای لە بەرگدروە ئەڵمانییەکان کرد کە جل وبەرگی



جوان و نایابیان بۆ بدوورن. زۆری نەخایاند کە ژنەکان لەسەر بنەمای پێشبرکێ و خۆدەرخستن هەموویان جل و بەرگی ئەوروپییان پۆشی و بەئازادی لەگەڵ پیاوەکاندا تێکەڵ دەبوون. پێتری مەزن لە چاکسازی کۆمەڵایەتی خۆی دا هەندێ ئاکام و دەرەنجامی ئەوتۆی بەدەست هێنا کە تەنانەت بۆ خۆشی چاوەڕوانی نەدەکرد.

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەر بوو بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی روسیا ئەوە بوو کە داب و نەریتی کۆنی روسیا لەگەڵ ئاو و هەوای ئەوێدا نەدەگونجا. ئەو داب و نەریتە لەلایەن ئەو میللەتە جۆراوجۆرانە هێنرابوو کە هێرشیان کردبووە سەر رووسیا. هەر کە پێتری مەزن ویستی چاکسازی ئەنجام بدا، لەبەر ئەوەی رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو لەگەڵ ئاو و هەوای ناوچەکەی خۆیدا باشتر دەگونجا ،خەڵک پێشوازییان لێ کرد. روسیا وڵاتێکی ئەوروپی بوو و پێتری مەزنیش دەیویست ژیانێکی ئەوروپییانە لەو وڵاتەدا سەقامگیر بکات. هەر بۆیە بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی هیچ پێویستییەکی بە گوشار خستنەسەر نەبوو و تەنیا لەرێگای نیشاندانی داب و نەریتی ئەوروپا و یارمەتی گونجاوی ئاووهەوا توانی گەلی روسیا بێنێتە سەر شاڕێی شارستانییەت.

پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەردەوام داب و نەریتەکانی خۆیان خۆش دەوێ و ئەگەر بە زەبری هێز و ناچارکردن گۆڕانکاری تێدا پێک بهێنرێ ئەوا دەبێتە هۆی بەدبەختی و ئازاری خەڵکەکە. باشترین رێگا بۆ گۆڕینی داب و نەریتەکان ئەوەیە کە خودی میللەت ناچار بکرێ واز لە داب و نەریتە کۆنەکان بهێنێ و ئەو کارەش بەهۆی نیشان دان وپێشکەشکردنی سەرمەشق پراکتیکە بکرێ. بەشێوەیەکی گشتی سزا دەبێ تەنیا لە کاتی پێویستدا، واتە لە بەرامبەر تاوان و بۆ پێشگیری لەتاوان دابنرێ. یاسادانەر نابێ یاسا بکاتە هۆیەک بۆ پێشاندانی حوکم و دەستەڵاتی خۆی و دەبێ ئاگاداری ئەوە بێ کە یاساو حاڵەتی جێبەجێکردنی دەبێ لەگەڵ یەکدا بگونجێن.

## بەشی پازدەهەم: نفووزی پرەنسیپی بنەماڵەیی لە نێو سیاسەتی دەوڵەتدا

گومانی تێدا نییە کە ئازادبوونی ئافرەتانی روسیا کاریگەری لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی حکومەتی ئەو وڵاتە دادەنێ، هەروەک چۆن ئیستبدادییەتی دەستەڵاتدارانی روسیا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ دیلیی ئافرەتاندا هەبوو، ئازادی ئافرەتانیش فشاری ئیستبدادییەت کەم دەکاتەوە و رۆحی ئازادی لەوڵاتەدا دەپشکوێنێ.

## بەشی شازدەهەم: هەندێ لە یاسادانەرەکان بەهەڵە داب و نەریت و ئەخلاق ویاسا تێکەڵ بەیەکتر دەکەن

داب ونەریت، بریتییە لەو شتانەی کە یاسا داینەناون، واتە نەیتوانیوە یان نەیویستووە دایان بنێ. جیاوازی نێوان یاسا و نەریت ئەوەیە کە یاسا بۆ تاکەکانی کۆمەڵگایەک دادەنرێ بەڵام نەریت پەیوەندی بەهەموو مرۆڤەکانەوە هەیە...

یاسا بۆیە کردەوەکانی مرۆڤ رێک دەخات و رێسایان بۆ دادەنێ چونکە ئەندامن لەکۆمەڵگایەکدا، بەڵام داب ونەریتەکان لەو رووەوە کردەوەکانی مرۆڤ رێکدەخەن چونکە خاوەنی ئینسانییەتن.

داب ونەریت و ئەخلاقیش لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە، چونکە ئەخلاق پەیوەندی بە ناخ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە لە کاتێکدا داب ونەریت پەیوندی بە رواڵەتەوە هەیە.. ئەخلاق دەروونی مرۆڤ پاک دەکاتەوە و داب و نەریتیش رواڵەتەکەی دەپارێزێ، بەڵام هەندێ جار لە وڵاتێکدا داب و نەریت و ئەخلاق و یاسا لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو دەکرێ. «لیکورکی» یاسادانەری ئسپارتی بۆ ئەخلاق و یاسا و داب ونەریتەکان یەک رێوشوێنی دانا. یاسادانەرە چینیەکانیش ئەو کارەیان کردووە.

بەڵام نابێ سەرمان لەوە بسوورمێ کە بۆچی یاسادانەرە ئسپارتی و چینییەکان ئەو شتانەیان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو کردووە، چونکە هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەم ئەخلاق، یاسا بەهێز دەکات و داب و نەریتیش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئەخلاق. بۆنموونە مەبەستی سەرەکی یاسادانەرە چینیەکان ئەوە بوو کە گەلەکەیان بەئاسوودەیی و بەختیاری ژیان بە سەرببا، هەر بۆیە وایان بەباش زانی و فەرمانیان دا کە دەبێ خەڵک زۆر رێزی یەکتر بگرن و هەموو کەس لەبەرامبەر کەسێکی تردا هەست بە قەرزداری بکات و بەم جۆرە گەشەیەکی زۆریان بە داب ونەریت و رەوشت دا.

لە چین دێهاتیەکان بە بەکارهێنانی رەسمیات و شکۆمەندییەکی تایبەتییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا دەکەن. ئەو رەسمیاتەش یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ هێمن کردنی ئەخلاقیان و توندوتیژی لەنێو بردووە، چونکە توندوتیژی سەرچاوەکەی ئەخلاق و خووی وشک و رەقە بەڵام بە پێچەوانەوە خاکەڕێیی دەبێتە هۆی ئارامی و هێمنی مرۆڤ.

پێویستە ئەوە بزانین کە خاکەڕێیی لە رەوشت بەرزترە، چونکە لەوانەیە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەدەب و رەوشت ببێتە هۆی خۆبەزلزانی و غرووری کەسانی دەوروبەرو کاتێک دەبینن تۆ لەبەرامبەریاندا زۆر بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت دەکەی شانازی بەخۆیانەوە بکەن، بەڵام خاکەڕێیی دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ خۆمان خوخدەی وشک و توندی خۆمان



سەرکوت بکەین. بەکورتی خاکەڕێیی بریتییە لە بەربەستێک کە رێ لە یاخیبوونی تاکەکان دەگرێ بەرامبەر بەیەکتری.

بەڵام کاتێ لیکورکی یاسادانەری ئسپارتی یاساکانی خۆی دانا و رێوشوێنە ئەخلاقی و داب ونەریتەکانی لەگەڵ یەکدا تێکەڵ کرد، بەهیچ جۆرێ گرنگی بەخاکەڕێیی نەدا، چونکە ئەو نەیدەویست گەلێکی هێمن و ئارام پەروەردە بکات، بەڵکو دەیویست گەلەکەی لەسەر بنەمای توندوتیژی و جەنگاوەری ڕابێنێ. هەرچەندە هیچ گرنگییەکی بەخاکەڕێیی نەدا بەڵام گرنگییەکی تایبەتی بە سەرجەم بنچینە ئەخلاقییەکانی دیکە دا بۆ ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی شەڕکەر و توندوتیژ بتوانن لەنێو خۆیاندا بژین و داب ونەریتەکان بپارێزن.

## بەشی حەڤدەهەم: بارودۆخی تایبەتی چین

یاسادانەرە چینییەکان لەتێکەڵاوکردنی داب ونەریت و یاساکاندا هەنگاوێکی تریش چوونە پێش و دینیشیان تیکەڵ بەوانە کردن و لە ئاکامدا لەچین، چوار فاکتەری گەورە کەبەسەر مرۆڤدا فەرمانڕەوایی دەکەن تێکەڵاوکران و بوون بەیەکێ.

ئەو چوار فاکتەرە بریتی بوون لە: دین، یاسا، ئەخلاق، داب ونەریت.

ئەو یاسایەی لە تێکەڵ بوونی ئەم چوار فاکتەرە پێک دەهات، هەروەک لای خۆمان باوە نێویان نا رێوڕەسم و بەهۆی جێبەجێ کردنی ورد و رێکی ئەو رێوڕەسم لەکۆتاییدا حکومەتی چین سەرکەوتنی بەدەست هێناو وڵاتی چین لەئاسایش و رێک وپێکی نزیک بۆوە. منداڵە چینییەکان هەموو ماوەی گەنجێتی خۆیان سەرفی فێربوونی ئەو رێوڕەسمانە دەکرد و پاشان بە درێژایی تەمەن بەکاریان دەهێنا. ئەدیب و چینی رۆشنبیر ئەو رێوڕەسمانەیان فێری لاوەکان دەکرد، دادوەرەکان جێبەجێیان دەکرد و پیاوە ئایینییەکانیش پروپاگەندەیان بۆ دەکرد. ئاشکرایە ئەو رێوڕەسمانە هەموو کون و کەلەبەرە بچووک و گەورەکانی ژیانی لەخۆ گرتبوو و لەبەر ئەوەی بە باشی جێبەجێ دەکران، توانی نەزم و رێک و پێکی لەنێو حکومەتی چیندا دابین بکات.

دوو شت بووە هۆی ئەوەی کە ئەو رێوڕەسمانە لە رۆحی گەلی چین دا بچەسپێن، یەکەمیان رێنووسی چین بوو کە گەلێک دژوار بوو وای لە منداڵ و گەنجەکان دەکرد کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆیان بە فێربوونی ئەو رێنووسە ببەنەسەر و جگە لە گرنگی دان بە دەوروبەر گرنگی بە هیچی تر نەدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو رێوڕەسمی لە کتێبەکاندا نووسراوە بە باشی فێربن.

دووەمیان، ڕێوڕەسمی چینی زنجیرەیەک بنچینەی تیۆری و مەعنەوی نەبوو کە فێربوونی زۆر دژوار بێت بەڵکو هەندێ بنچینەی سادە بوو کە هەموو کەس دەیتوانی زۆر بە ئاسانی فێریان بێت.

لە ڕابردوودا هەندێ دەسەڵاتداری ئەوتۆ هەڵکەوتن کە ویستیان لە ڕێگای سزادان و ئەشکەنجەوە ئەخلاقی جوان بچەسپێنن، غافڵ لەوەی کە ئەخلاقی جوان لە ڕێگای سزادان و ئەشکەنجەوە دروست نابێ، چونکە ڕاستە ئەشکەنجە سزای یەک دووکەس دەدا کە بنچینەکانی ئەخلاقیان پێشێل کردووە، بەڵام ئەدی ئەگەر میللەتێک ئەخلاقی جوانی لەدەست دابێ، ئەو کات چی ڕوودەدات؟! شتێکی ئاساییە، هەر چەندە ئەشکەنجە بتوانێ پێشی یەک دووکەس بگرێ ئەوا ناتوانێ ئەخلاقی قێزەونی میللەتێک چاک بکاتەوە.

هەر بۆیە کاتێ چینییەکان وازیان لە ڕێوڕەسمەکانیان هێنا و ئەخلاقی جوان لەنێو چوو، پەنایان بۆ سزای توندوتیژ برد و لەپاش ئەوە بەردەوام پشێوی و شۆڕشی گەورە لە چیندا ڕوویاندا.

## بەشی هەژدەهەم: دەرەنجامی بەشی پێشوو

بەپێی ئەو شتانەی لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گریمان گەلی چین لەلایەن گەلێکی ترەوە داگیر دەکرێ بەڵام سەرەڕای داگیرکراوی یاساکانی خۆی لە دەست نادات، چونکە لە چیندا داب و نەریت و ئەخلاق و دین یەکێکە و هیچ کاتێک هیچ نەتەوەیەک بە ئاسانی ناتوانێ هەموو ئەوانە بەیەکەوە بگۆڕێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی ئەخلاق و داب و نەریت و دین و یاسای میللەتە داگیرکەرەکە لەگەڵ یەکتردا جیایە، هەر بۆیە هێدی هێدی میللەتە داگیرکارەکە ڕێوڕەسمانەی میللەتە ژێر دەستەکە وەردەگرێ.

بەداخەوە هەر ئەو هۆکارە وای کردووە کە دینی مەسیح بەشێوەیەکی نەگۆڕ وگشتی سەقامگیر نەبێ، چونکە هەندێ بەشی مەسیحییەت وەکو وازهێنان لە دونیا و بەشداری ئافرەتان لە کەنیسە و دانان بە گوناهکار بوون و هێنانی تاکە ژنێک و هتد... لەگەڵ ڕێوڕەسمانەی چینییەکاندا ناگونجێ.

دینی مەسیح کە پاداشی گەورەی بۆ خێرو سەدەقە داناوە و فەرمانی بەخەڵک داوە کە بەشێوەیەکی گشتی و بەکۆ ڕێوشوێنە ئایینییەکان بەئەنجام بگەیەنن، مەبەستی ئەوە بووە یەکێتی و کۆمەڵە بوون لەنێو ئیماندارەکاندا پێک بهێنێ، لەکاتێکدا لەنێو ڕێوڕەسمی چینی دا هەندێ ڕێوشوێنی ئەوتۆ هەیە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دوورەپەرێزی خەڵک



لەیەکتری! کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حکومەتی دەستووری باشتر لەگەڵ مەسیحییەتدا دەگونجێ و بنچینەکانی ئیستبدادییەت چاکتر هانی ئەو جۆرە ڕێوڕەسمانە دەدات کە لەسەر بنەمای جیایی و دووبەرەکی خەڵک دامەزراوە.

## بەشی نۆزدەهەم: بەچ شێوەیەک لە چین دا داب و نەریت و ئەخلاق و یاسا یەک دەگرن؟

مەبەستی هەرەسەرەکی یاسادانەرە چینییەکان ئەوە بوو کە، هێمنی و ئاسایش لە وڵاتدا بەر قەرار بێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ملکەچی و پەیڕەوی تاکەکانیان بەباشترین ڕێگا لەقەڵەم دا و بۆ سەقامگیرکردنی ملکەچی، ڕێزگرتنی باوکیان کردە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکەکان. بۆ ئەو مەبەستە داب ونەریت و ڕێوشوێنی تایبەتیان دانا بۆ ئەوەی باوک لەسەردەمی ژیان و لەدوای مردنیشدا ڕێزی لێ بگیرێ.

ڕێزگرتنی یەکجار زۆری باوک لە پاش مردنی پەیوەندی بە بنچینە ئایینییەکانەوە هەبوو و لەبەر ئەوەی باوک لەدوای مەرگیدا ڕێزێکی شایانی لێدەگیرا، هەر بۆیە پێویست بوو لە سەردەمی ژیانیشیدا ڕێزێکی زۆری لێ بگیرێ، بەڵام ڕێزگرتنی باوک لەکاتی ژیاندا پەیوەندی هەبوو بەگشت داب ونەریت و ئەخلاق و یاساکانەوە، چونکە هەموو ئەوانە یەکێک بوون و هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ناویان نرا بوو ڕێوڕەسم.

بێگومان ڕێزگرتنی یەکجار زۆری باوک دەبووە هۆی پێکهێنانی ڕێزگرتن لە پیرەمێردو مامۆستا و دادوەرو ئیمپراتۆرەکان. لەلایەکی ترەوە چۆن منداڵەکان ڕێزیان لەباوکیان دەگرت، باوکەکانیش منداڵەکانی خۆیان خۆشدەویست. بەشێوەیەکی گشتی پیرەمێرد و گەورەپیاوەکان ڕێزێکی زۆریان بۆ لاوەکان دادەنا و هەموو ئەوانە بریتی بوون لەو ڕێوڕەسمانەی کە هەستی نەتەوەیی لێپێکدەهات.

بنەمای حکومەتی چین لەسەر هەندێ شت دامەزرابوو کە بەڕواڵەت پەیوەندی بەحکومەتەوە نەبوو، بەڵکو لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی خێزان دامەزرابوو. ئەگەر هاتباو لە خێزانێکدا ڕێز و دەسەڵاتی باوک کەم با ئەوا خۆشەویستی ئەویش بەرامبەر بە منداڵەکانی کەمی دەکرد. لەنێو گەلی چین دا ئەگەر ڕێزی باوک یان بەشێوەیەکی گشتی بەساڵاچووەکان نەگیرابا ئەوا پیرەمێرد و گەورە پیاوەکانیش هیچ گرنگییەکیان بەگەنجەکان نەدەدا و لەئاکامیشدا ئیمپراتۆریش هیچ گرنگییەکی بەرەعیەت و خەڵکی خۆی نەدەدا.

کەواتە لەنێو حکومەتی چین دا ئەگەر ڕێزی باوک نەگیرابا ئەوا بنەماکانی حکومەت هەرەسیان دێنا.

لەوانەیە بە رواڵەت ئەوە هیچ گرنگییەکی نەبێ کە هەموو ڕۆژێ ئەگەر کیژێک لەخەو هەستا بەفلانە شێوە سلاو لە داپیرەی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کە ئەو شێوازی سلاو کردنە بەردەوام جۆرە هەستێک لە دڵەکاندا بەرامبەر بەیەکتر دروست دەکا و کۆی گشتی ئەو هەستانەش هەستی نەتەوەیی پێک دەهێنن، ئەوکات گرنگی پێویستی ڕەچاوکردن و پاراستنی ئەو عادەتەمان بۆ دەردەکەوێ.

## بەشی بیستەم: هۆی فروفێڵ و ساختەکاری چینییەکان

ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی هەموو کون و کەلەبەری ژیانی چینییەکان بەپێی شەعایرێکی تایبەت دیاریکراوە، کەچی ئەو گەلە هەڵخەڵەتێنترین و فێڵبازترین میللەتی دونیایە. ئەگەرچی پێویستە هەمیشە لە بازرگانیدا ڕەچاوی دەستپاکی و راستی بکرێ کەچی ئەو گەلە لە بازرگانیشدا فرت وفێڵ بەکاردێنێ.

هەر کەسێک بیەوێ شت بکڕێ دەبێ لە ماڵی خۆیەوە تەرازوو بیات، چونکە هەموو فرۆشیارێک سێ تەرازووی هەیە. یەکێکیان تەرازووی قورس بۆ کێشانی ئەو شتانەی دەیانکڕێ، ئەویتریان تەرازوویەکی سووکە بۆ کێشانی ئەوشتانەی دەیانفرۆشێ و سێیەمیشیان تەرازوویەکی راست و هاوسەنگە و تایبەتە بەوکەسانەی کە هەمیشە ئاگادارن وفرت و فێڵیان لەتەکا ناکرێ.

به بڕوای من هۆکاری سەرەکی فرت و فێڵی گشتیی میللەتی چین ئەوەیە:

یاسادانەرە چینییەکان هەوڵیان دەدا دوو مەبەستی مەزن بپێکن. یەکەمیان دەیانویست گەلی چین گوێرایەڵ و ملکەچ بێ و دووەمیشیان گەرەکیان بوو کاربکەن و زەحمەت بکێشن. بەڵام چونکە بەپێی پێکهاتەی ئاو و هەواوە تەمەنی خەڵکی چین کورت بوو و هیچ جۆرە جێگیرییەکی تێدانەبوو هەر بۆیە هەموویان هەوڵیان دەدا ئەوپەڕی قازانج لە ژیان بەدەست بێنن.

کاتێ لەنێو میللەتێکدا هەموو تاکەکان ملکەچ بن و هەمووشیان کاربکەن ئەوا ئەو گەلە لە سوودپەرستی نزیک دەبێتەوە. یاسادانەرە چینییەکان هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ ئەوەی پێشی مەیلی توندڕەوانەی چینییەکان بۆ کۆکردنەوەی قازانج بگرن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو مەیلەیان هان دەدا بۆ ئەوەی خەڵک کاربکەن و گەشە بەپیشەسازی بدەن. یاسادانەرە چینییەکان تەنیا ستەمکارییان قەدەغەکرد، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێ لەرێگای هێزەوە قازانج بەدەست بێنێ بەڵام لەبەرامبەردا کاسبی بازرگانی و



پیشەسازی ئازاد کرد تا لەو رێگایەوە هەرکەس گەرەکیەتی سوود و قازانج بەدەست بێنێ.

ئێمە نابێ هەست و ڕەوشتی خۆمان لەگەڵ هەست و ڕەوشتی چینییەکاندا بەراورد بکەین، چونکە لەنێو گەلی چین پێویستە هەموو کەس ئاگاداری بەرژەوەندی خۆی بێت و دەست بە کلاوی خۆیەوە بگرێ با نەیبا. کەواتە ئەگەر کەسە فێڵباز و ساختەکارەکان ئاگاداری پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانن ئەوا دەبێ کەسە سادەو ساویلکەکانیش لەبیری خۆیاندا بن، چونکە هەروەک چۆن دزی کردن لە ئسپارتەدا رەوا بوو لە چینیشدا فرت وفێڵ و ساختەکاری رەوایە.

## بەشی بیست و یەکەم: پێویستە یاسا لەگەڵ ئەخلاق و داب و نەریتدا بگونجێ

راستە کە دین، یاسا ، ئەخلاق، و داب ونەریت هەر کامیان شتێکی جیایە و نابێ تێکەڵ بە یەکتریان بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرکام لەم فاکتەرانە دەبێ لەگەڵ سێ فاکتەرەکەی تردا بگونجێ. لە سۆلۆنی حەکیمی یۆنانیان پرسی: ئایا ئەو یاسایەی تۆ بۆ گەلی ئەسینات داڕشتووە، باشترین یاسا نییە؟ سۆلۆن وڵامی دایەوە: بەڵێ باشترین یاسایە کە دەکرا بۆ گەلی ئەسینای دابڕێژی.

بە بڕوای من پێویستە گشت یاسادانەرەکان ئەو بابەتەیان لەبەرچاوبێ و گرنگی پێ بدەن و ئەوە بزانن کە یاسا دەبێ بەجۆرێک دابنرێ کە لەگەڵ ئەخلاق و دابوو نەریتی خەڵک دا بگونجێ.

خوداوەند لە تەوراتدا بە گەلی یەهوود دەڵێ: «من بۆ ئێوە یاسایەکم داناوە کە زۆر باش نییە». کەسانی بێ ئاگا لە دوای خوێندنەوەی ئەو رستەیە پێیان وایە خوداوەند بە ئەنقەست یاسای خراپی بۆ گەلی یەهود داڕشتووە لەکاتێک مەبەستی پەروەردگار ئەوەیە کە یاسا خۆی لەخۆیدا باش نییەو یاسای لەوە باشتر نەبوو کە بۆ گەلی یەهوود دابنرێ.

## بەشی بیست و دووەم: تەواوکەری بابەتی بەشی پێشوو

ئەگەر میللەتێک خاوەنی ئەخلاقی باش بێ ئەوا هیچ پێویستی بە یاسای ئاڵۆز و بە پێچ و پەنا نییە و تەنیا هەندێ یاسای سادەی بەسە.

ئەفلاتون لە کتێبی (یاسا)ی خۆیدا دەڵێ: (رادا مانت) بەسەر میللەتێکی ئایینی و ئیمانداردا حکومەتی دەکرد، هەر بۆیە کێشە و شکایەتەکانی بە خێرایی یەکالا و چارەسەر دەکرد. هەر ئەوەندەش بەس بوو کە یەکێک لە لایەنی کێشەکە سوێند بخوات بۆ

ئەوەی کۆتایی بە کێشەکە بێ. بەڵام هەر ئەو ئەفلاتونە دەڵێ: کاتێک بیروباوەڕ لە نێو میللەتێکدا نەما، ناکرێ کێشەکان لە ڕێگای سوێند خواردنەوە چارەسەر و یەکالا بکەینەوە، تەنیا پێویستە ئەو کەسانە سوێند بخۆن کە هیچ سوودێکیان لە ناوەڕۆکی کێشەکە پێ ناگات. وەکو شاهید و هتد.

## بەشی بیست و سێیەم: چۆن یاسا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەخلاقەوە

لە سەردەمێکدا کە ڕۆمانەکان خاوەن ئەخلاقێکی پاک و بێگەرد بوون، هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ سزادانی دزی لە ئارادا نەبوو. کاتێکیش کە دزی سەریهەڵدا دیسان هیچ چەشنە سزایەکیان بۆ دانەنا. تاکە سزای دزی ئەوە بوو کە شتومەکە دزراوەکەیان بۆ خاوەنەکەی دەگەڕاندەوە و خودی ئەو کارەش بۆ دزەکان بە گەورەترین سزا لە قەڵەم دەدرا.

## بەشی بیست و چوارەم: تەواوکەری بابەتی بەشی پێشوو

لەو وڵاتانەی سەرپەرشتی منداڵە بچووکەکان بە دایک دەسپێردرێ، مەبەستی سەرەکی یاسادانەر ئەوەیە کە منداڵە بچووکەکە وجوودی پارێزراو بێت و تووشی مەرگ نەبێت، بەڵام لەو وڵاتانەی کە سەرپەرشتی منداڵە بچووکەکان دەدرێتە نزیکترین میراتگر، مەبەستی سەرەکی لێی پاراستنی سامان و دارایی و میراتە.

لەو وڵاتانەی کە ئەخلاقی گشتی فاسد نەبووە، هیچ گرفتێکی تێدا نییە ئەگەر بێتو سەرپەرشتی منداڵە بچووکەکان بە نزیکترین میراتگر یان دایک یانیش هەندێ جار بە هەردووکیان بسپێردرێ. لە ڕۆمانی کۆن تا ئەو کاتەی ئەخلاقی گشتی گەندەڵ نەببوو، سەرپەرشتی منداڵی بچووکیان بە نزیکیترین میراتگر دەسپارد و لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەو سەرپەرشتە ڕێ لە بە هەدەرچوونی دارایی منداڵە بچووکەکە دەگرێ و لە ڕاستیشدا هەروا بوو. هەرچەندە ئەگەر منداڵەکە مردبا هەموو دارایی منداڵەکە بە میرات بۆ سەرپەرشتیارەکە بەجێ دەما بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتیارەکان پارێزگارییان لە منداڵەکان دەکرد. بەڵام پاشتر کە ئەخلاق فاسد بوو، نزیکترین میراتگر هەوڵی لەناوبردنی منداڵەکەی خۆی دەدا بۆ ئەوەی پاش مردنی منداڵەکە داراییەکەی لە ڕێگای شەرعییەوە داگیر بکا. لە دوای ئەوەوە بۆچوونی یاسادانەرەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هات و «کائیوس و ژوستینین» دوو لە بەناوبانگترین یاسادانەرەکان ڕۆما فەرمانیاندا:

هەر کاتێ وەسیەتنامە ترسناک بێ ئەوا لە دوای مردنی خاوەن وەسیەتەکە سەرپەرشت بۆ داگیرکردنی دارایی منداڵە بچووکەکە پەنا بۆ هەموو جۆرە ڕێگایەک دەبا، هەر بۆیە



باشتر وایە وەسیەتنامەکە بە جۆرێک ڕێکبخرێ کە تا پێش گەیشتنی منداڵەکە بە تەمەنی ڕەسیوی کەس نەتوانێ بیکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی وەسیەتنامەکە لە سەردەمی بچووکی منداڵەکاندا بە نهێنی بمێنێتەوە و کەس لێی ئاگادار نەبێ. ئاساییە کاتێکیش کە منداڵەکان گەورە بوون ئیتر سەرپەرشتکارەکان ناتوانن پەلاماری گیانیان بدەن.

## بەشی بیست و پێنجەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

ڕێوشوێنە یاساییەکانی ڕۆما مۆڵەتی ئەوەی دەدا کە ژن ومێرد بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دیاری پێشکەشی یەکتر بکەن، بەڵام پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نەیاندەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن، چونکە ڕۆمانەکان نەتەوەیەک بوون ستایشی سادەیی و کەم خەرجییان لە هەمووشتێکدا دەکرد. ژیانی هاوسەرییان بۆیە پێکدەهێنا تا ژیانێکی ڕێک وپێک و خێزانیی دروست بکەنە ڕێگایەک بۆکۆکردنەوەی سامان و دارایی.

لەیاساکانی ویزیگۆتدا هاتبوو، مێرد نابێ زیاتر لە یەک لەسەر دەی دارایی خۆی بدا بەو ژنەی مارەی دەکات و جێگەی ئاماژەیە کە لەساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەریدا پیاوەکە نەیدەتوانی هیچ شتێک بدا بە ژنەکەی.

مەبەستی سەرەکی یاسادانەرە ویزیگۆتیەکان ئەوە بوو کە ڕێ لە زیادە خەرجی و خۆڕازاندنەوەی بووکە ئیسپانییەکان بگرن و هەروەها نەهێڵن ئافرەتەکان لە سەرەتای ژیانی هاوسەریدا جوانی کاتەکی خۆیان بکەنە هۆیەک بۆ فشار خستنە سەر مێردەکانیان و بە هەدەردانی ماڵ و داراییەکانیان.

## بەشی بیست وشەشەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

لە یاسا کۆنەکانی ڕۆمادا هۆکاری تەڵاق لە ئەخلاق و داب ونەریتی ڕۆمانییە کۆنەکان وەرگیرابوو. یەکێک لەهۆکارە پەسندەکانی تەڵاق ئەوە بوو، ئەگەر مێرد بە جۆرێ ژنەکەی خۆی تەمێ بکا کە شایستەی تاکێکی ئازاد (کەسێک کە کۆیلە نییە) نەبێ ژنەکە مافی تەڵاق وەرگرتنی هەیە. بەڵام لەو یاسایانەی کە پاشتر بۆ تەڵاقیان دانا ئەو هۆیەیان فەرامۆش کرد چونکە هێدی هێدی ئەخلاقی ڕۆمانییەکان تووشی فاسد بوون دەهات و دابونەریتی ڕۆژهەڵات لەڕۆمادا بڵاوەبووەوە و تەشەنەی دەسەند تا کار گەیشتە جێگایەک ڕۆمانییەکان لە ژنەکانی خۆیان دا و تەنانەت خواجەیەک لە کۆشکی پاشایەتی شاژنی ڕۆمادا، هەڕەشەی لێدانی لە هاوسەری ژوستینیی دووەم کرد.

بەهۆی کاریگەری ئەو داب و نەریتانە، یاساکانی ڕۆما لەمەڕ تەڵاقەوە گۆڕانکاری

بەسەرداهات و یاسا کەوتە ژێر کاریگەری دابونەریت وئەخلاقەوە.

ئێستا کە زانیمان چۆن یاسا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەخلاقەوە، پێویستە بزانین لە چ حاڵەتێکدا ئەخلاق پەیڕەوی لە یاسا دەکات.

## بەشی بیست وحەوتەم: کاریگەری یاسا لەسەر پەرەسەندن و پێگەیشتنی ئەخلاق وداب و نەریت و خەسڵەتەکانی میللەتێک

### عاداتی میللەتێکی کۆیلە بەشێکە لەکۆیلایەتییەکەی و عاداتی میللەتێکی ئازادیش بەشێکە لە ئازادییەکەی.

لە بەشی شەشەمی کتێبی یازدەهەمی رۆحی یاساکاندا سەبارەت بەمیللەتی ئازادی ئینگلتەرا دواین و باسی بنچینەکانی یاسا و دام و دەزگاکانی ئەو میللەتەمان کرد. ئێستا دەمانەوێ بزانین کاریگەری ئەو بنچینە یاسایانە چییە؟ بۆتە هۆی پێکهێنانی چ جۆرە خەسڵەتێک و چ جۆرە دابونەریتێکی هێناوەتە ئارا؟ من دان بەو راستییەدا دەنێم کە بەشێک لەداب و نەریت و ئەخلاقی ئەو گەلە لەژێر کاریگەری ئاو و هەوای تایبەتی ئەو وڵاتەدا دروست بووە، بەڵام هەر لەو کاتەدا دەڵێم ئەخلاق و داب ونەریتی گەلی ئینگلیز پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ یاساکانی ئەو وڵاتەدا هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتی ئینگلتەرادا دوو دەسەڵات هەیە. واتە بەئاشکرایی دیارە کە ئەو وڵاتە خاوەنی دوو دەسەڵاتە: یەکێکیان دەسەڵاتی یاسادانانە ئەویتریشیان دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە. لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەدا تاکەکان ئازادن و دەتوانن بەئاشکرا و بە ڕاشکاوی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن، هەر بۆیە کۆمەڵێک بوونەتە لایەنگری دەسەڵاتی یاسادانان و کۆمەڵێکی تریش لایەنگری لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەن.

ئەو راستییە سەلماوە کە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا خاوەنی ئەو عەدالەت و ئینساف و وردەکارییە نین لە دیاریکردنی شتەکاندا کە بەیەک ڕادە و بەیەکسانی لایەنگری لەهەر دوو دەسەڵاتەکە بکەن و لە لایەکی تریشەوە چونکە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەموو پلەو پایەکانی لەژێر دەست دایە. ئەوکەسانەی لەو دام ودەزگایە دا بەرپرسیارییەتییەکیان هەبێ ئەوا لێی ڕازین و بە تەئکید لایەنگری لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەن، هەر بۆیە لەوانەیە ئەو کەسانەی کە پیشە و پلەو پایەیەکیان پێ نەبڕاوە، ئیرەییان پێ ببەن.

پێویستە ئەوەش بزانین کە دەربڕینی هەست و سۆز لە نێو میللەتی ئینگلتەرادا ئازادە



و ئەوەش ئەو دەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە هەستی رکەبەرایەتی بگاتە چڵەپۆپەی خۆی و زۆر بە توندی سەرهەڵبدات و دەبێ هەرواش بێت، چونکە ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بێت و لە کۆمەڵگادا هیچ جۆرە رکەبەرایەتی و دژایەتییەک لە گۆڕێدا نەبێ ئەوا دەوڵەت و میللەت وەکو ئەو نەخۆشە وان کە لەپەل و پۆ کەوتووە و لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ هێزیک نییە، هەر بۆیە بە تەئکید خاوەنی هیچ جۆرە هەست و سۆزێکیش نابێ.

ئەو رکەبەرایەتی و هەست و سۆزە کە هەندێ جار کێشە و ململانێی لێ دەکەوێتەوە، لە نێوان لایەنگرانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردندا درێژخایەن و هەمیشەییە، چونکە هەر دوو دەستەکە ئەوەندە بەهێز نین کە یەکێکیان ئەویتر لە ناو بەرێ و هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵکی هەردوو دەستەکەی خەڵکانێکی ئازادیخوازن، ئەگەر هاتو دەستەیەکیان بەهێزتر بوو و تای تەرازوو بە لای ئەودا شکایەوە ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگا بە هانای دەستەکەی ترەوە دەچن و بەهێزی دەکەن و ناهێڵن لە نێو بچێ، هەر بۆیە رکەبەرایەتی و ململانێکە بەردەوام هاوسەنگی خۆی دەپارێزێ.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئینگلتەرادا هەمیشە تاکەکان ئازادن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی هەست و سۆزی خۆیان رەفتار بکەن، هەر بۆیە هەندێ جار لە حزبێکەوە دەچنە ناو حزبێکی تر و بیروبۆچوونی خۆیان دەگۆڕن و واز لە گروپێک دێنن و پەیوەندی بە گروپێکی ترەوە دەکەن. ئەوەش ئەو دەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە خەڵک هەندێ جار لەگەڵ نەیار و بەڵکو دوژمنەکانی خۆیاندا دەبنە دۆست و پەیڕەوی لە هەست و سۆزی خۆیان دەکەن. هەر بۆیە لە نێو میللەتی ئینگلیزدا ئازادی بۆتە هۆی ئەوەی کە یاسای دۆستایەتی و دوژمنی جیاواز بێ لەو شێوەی کە لە نێو سەرجەم میللەتانی تردا هەیە. لەو وڵاتەدا پاشاش وەکو تاکەکان هەڵسوکەوت دەکات و هەندێ جار بە پێی هەست و سۆز و ئازادی فیکری خۆی، واز لە بنچینەی دوژمنایەتی و رکەبەری دێنێ.

گەلی ئینگلتەرا بەردەوام ترسیان لەوە هەیە کە نەکا بەختیاری و خۆشگوزەرانی خۆیان لە دەست بدەن، لە حاڵێکدا نازانن ئەو بەختەوەرییە چییە و هەر ئەو ترسە وا دەکات کە لەو وڵاتەدا هەموو شتێک گرنگ و مەزن خۆ بنوێنێ و بەڕاستیش مەزن خۆ دەنوێنێ.

هەموو پرسە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان لە لایەن خەڵکەوە ئەوپەڕی گرنگییان پێ دەدرێ. گەل لە ئاسوودەترین و خۆشترین سەردەمی ژیانیدا بەردەوام خۆی لە بەردەمی هەڕەشە و مەترسی دەبینێتەوە و رۆحی دووربینی و خۆپارێزی لە هەموو کاروبارەکانی خۆیدا رەچاو دەکا.

هەرچەندە ڕەنگە و بەڵکو بە تەئکیدیش ئەوە ترسێکی بێهوودەیە و هیچ مەترسییەک هەڕەشە لە گەلی ئینگلتەرا ناکا، بەڵام هەر ئەو ترسە خەڵک لە مەترسییە ڕاستەقینەکان دەپارێزێ و پێشی ئەوە دەگرێ میللەت چاو و گوێیەکی داخراوی هەبێ و یان تەنانەت یەک جاریش بکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەوە.

لەو وڵاتەدا دەسەڵاتی یاسادانان لە کاتێکدا بەرژەوەندی میللەت وەبەرچاو دەگرێ ئەوا ڕێنوێن و ڕێنیشاندەریشیانە و ئەو کەسانەش کە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا دەکەن، بۆ خۆشیان نازانن هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو دژایەتییە چییە. هۆکارەکەی تەنیا بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە کە هەموو شتێک گەورە دەکاتەوە و تەنانەت ئەو هەست و سۆزانەی ناوەڕۆکەکەیان پڕە لەدژایەتی. لەلایەکی تریشەوە چونکە دەسەڵاتی یاسادانان جێگەی متمانەی خەڵکە و لە چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵ پێکهاتووە، کاریگەری و توندڕەوی گەل ئارام دەکاتەوەو پێشی سەرهەڵدان و ئاژاوەی نێو کۆمەڵگا دەگرێ و لەخەڵک دەگەیەنێ کە هیچ پاساوێکی ژیرانە بۆ ئەو ترسەی ئەوان لە گۆڕێدا نییە.

یەکێک لە باشی و ئیمتیازەکانی حکومەتی دیموکراسی ئینگلتەرا لەچاو حکومەتە دیموکراتییە دێرینەکاندا ئەوەیە کە لە کۆندا دەسەڵاتی گەل یەکسەر و ڕاستەوخۆ بەبێ پردێکی پەیوەند و زۆر بە خێرایی جێبەجێ دەکرا. هەرکە گوتاربێژو قسەکەرەکان میللەتیان هان دەدا، ئەوا میللەت زۆر بەخێرایی دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنا، هەرچەندە ئەو بەکارهێنانە نابەجێ و خراپیش بوایە. بەڵام لەوڵاتی ئینگلتەرا و لە نێو پرەنسیپی دیموکراسی و ئازادی ئەو گەلەدا، سوود لەو ڕێگا زیانبەخشە وەرناگیرێ و ئەگەر ترس و دڵەڕاوکێی گەل پاساوێکی مەنتقی لەپشت نەبێ و نابەجێ بێ، ئەوا بەهاتوهاوارێکی بچووک کۆتایی پێ دێ و هیچ ئاسەوارێکی تری لێ ناکەوێتەوە. بەڵام هەرکاتێ مەسەلەی پێشێلکردنی یاساکان و دەستووری وڵات بێتە گۆڕێ و گەل لەو ڕوویەوە ترسی لێ بنیشێ، ئەوا ئەو کاتەیە کە دەسەڵاتی نەتەوەیی دژ کردەوەیەکی گەورە و سەرسوڕهێن لە خۆی نیشان دەداو لەوانەیە ببێتە هۆی یاخیبوون، بەڵام تەنانەت ئەو یاخیبوونەش بەشێوەیەکی ناپەسند سەرهەڵنادات و نابێتە هۆی دروستبوونی پشێوی و ئاڵۆزی، بەڵکو بە شێوازێکی ئارام و بەبێ دەنگی ئەنجام دەدرێ. واتە هێمنی و بێ دەنگییەکی سەرسوڕهێن بەسەر تاکەکاندا زاڵ دەبێ و هەموو هێزو توانای گەل دژی ئەو کەسانە ڕادەپەڕێ کە یاساکانیان پێشێل کردووە بە کەمتەرخەمی کارەکانیان ئەنجام داوە.

ئەگەر بێتو دەوڵەتێکی دەرەکی هەڕەشە لەو میللەتە بکات ئەوا بەرژەوەندی بچووکی تاکەکان و دژایەتی چینایەتی لەناو دەچێ و جێی خۆی دەدا بە بەرژەوەندی بەرز و مەزنی



میللەت. هەموو تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا یەکدەگرن و دەبنە هێزی پشتیوان و یارمەتی دەری. ئەگەر لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا دەستوور پێشێل بکرێ ئەوا شۆڕش سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەو جۆرە شۆڕشە شێوازی حکومەت و بنەماکانی ناگۆڕێ، چونکە ئەو شۆڕشانەی بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی سەرهەڵدەدەن ئەوا بەتەئکید لایەنگیری ئازادیشن.

**لەنێو میللەتە ئازادەکاندا بەردەوام فریادرەس و ڕێبەری باش هەڵدەکەوێ، بەڵام لەنێو میللەتە کۆیلەکاندا جگە لە زاڵم و ستەمکار و موستەبد هیچ شتێکی تر سەردەرناهێنێ.**

**ئەگەر کەسێک بتوانێ ستەمکارێک لەسەر کورسی حوکم دەرپەڕێنێ ئەوا دەتوانێ دەهۆڵی ئیستبدادییەتەکەشی بکوتێ.**

لەنێو میللەتی ئینگلتەرادا ئازادی بەجۆرێک دامەزراوە کە بۆ سوودوەرگرتن لەو ئازادییە دەبێ هەموو کەس لە دەربڕینی بیروڕای خۆی ئازاد بێ. لەڕاستیدا پاراستنی ئازادی پێویستی بەوەیە کە ئەوەی لە دەروون دایە بەیان بکرێ. کەواتە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا تاکەکان ئازادن و ئەوەی پێیان خۆش بێ دەیڵێن و دەینووسن تەنیا ئەو شتانە نەبێ کە یاسا قەدەغەی کردوون.

گەلی ئینگلیز زۆر بەخێرایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی خۆی و هەر بۆیە بەردەوام لەحاڵەتی هەڵچوون وکڵپەسەندن دایە و لەوانەیە هەندێ جار دەسەڵاتدارەکان ئەو سیفەتە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و گەل ناچار بکەن کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەنگاو بنێ. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا نوێنەرەکانی گەل پێشی ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتدارەکان دەگرن. میللەتی ئینگلیز بە ڕادەیەک گرنگی بە ئازادی دەدەن کە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ئامادەن ماڵ و گیان و ئاسوودەیی خۆیان بکەنە قوربانی و ئامادەنە قورسترین باج لە پێناوی پاراستنی ئازادیدا بدەن کە هیچ پاشایەکی موستەبد ناتوانێ دایبنێ. چونکە بۆ خۆی دەزانێ لە پێناوی چ بەرژەوەندییەکدا ئەو باجە قورسە دەدات. ئەومیللەتە لەبەر ئەوەی نرخی ئازادی بۆ دەرکەوتووە، بۆیە ئەو باجە قورسە لە سەردەمی گیروگرفتەکان و لەپێناوی ئازادیدا دەدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تووشی ئەم جۆرە باجانە نەبێ. هەر بۆیە دانی باجی زۆر نارەحەتی بۆ خەڵک دروست ناکا. بەڵام لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا فیکری دانی باجی زۆر و زەوەند بەڕادەی خودی باجەکە نیگەرانی و زەحمەت بۆ خەڵک دەنێتەوە، چونکە نازانن لە پێناوی چیدا ئەو باجە زۆرەیان لێدەستێنن.

گەلی ئینگلیز لەناوخۆیدا خاوەن متمانەیەکی زۆرە، چونکە بۆ خۆی قەرز لەخۆی وەردەگرێ و دەشیداتەوە بە خۆی. هەندێ جار لەوانەیە هەستێ بە ئەنجامدانی هەندێ کارو مامەڵە کە زۆر زیاتر لە سامانی دەوڵەت و میللەتەکەی تێ بچێ و بۆ ئەم مەبەستە سوود لە سامانێکی خەیاڵی وەربگرێ. بەم جۆرە ئەو متمانەیەی کە لە نێوان دەوڵەت و میللەتدا هەیە و سەقامگیری پرەنسیپەکانی ئەو حکومەتە، سامانە خەیاڵییەکە لەشێوەی سامانێکی راستەقینە دەردەخات و هەروەکو ئەو سوودی لێ وەردەگیرێ و لەبەر ئەوەی تاکەکان باش دەزانن بە لەناوچوونی ئازادی هەم سامان و دارایی و هەم قەرزەکەیان لەدەست دەچێ، هەر بۆیە بەوپەڕی فیداکارییەوە لەپێناوی پاراستنی ئازادیدا تێدەکۆشن. ئەو تێکۆشانە نوێیەی تاکەکانیش دەبێتە ئیزافەیەک بۆ سەر چالاکی گشتی و نەتەوەیی لەپێناوی پاراستنی ئازادیدا.

ئەو میللەتە دورگەنشینە بەهیچ جۆرێ هەوڵی داگیرکردنی وڵاتەکانی تر نادات، چونکە داگیر کاری و جیهانگیری دەبێتە هۆی لاواز کردنی و لەبەر ئەوەی لەدورگەکەی خۆیدا خاوەنی زەوی وزاری باش و بەپیتە، هەر بۆیە بۆ وەدەستهێنانی سامان و دارایی هیچ پێویستی بەجیهانگیری و جەنگ نییە و ئاشکراشە لەو وڵاتەدا هیچ کەس لەژێر دەسەڵات و ویستی کەسێکی تردا نییە و زیاتر لە هەوڵی پاراستنی ئازادی خۆیدایە نەک لەهەوڵی وەدەست هێنانی شانازی. پیشەی پیاوی جەنگاوەرو کاروباری سەربازی لەرووی گرنگیەوە هیچی زیاتر نییە لەپیشەی پیاوە ئاساییەکان. خەڵک لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو پیشەیەش وەکو سەرجەم کارەکانی تر سوودی بۆ خەڵک هەیە و خاوەن ئیمتیازاتی تایبەت بەخۆیەتی.

لەبەر ئەوەی تاکەکانی گەلی ئینگلیز لە باوەشی ئاشتی و ئازادیدا ژیان بەسەر دەبەن و هزری جیهانگیری و وێرانکردنی وڵاتەکانی تریان لەسەردا نییە، هەر بۆیە زۆر حەزیان لە بازرگانیکردن هەیەو لەبەر ئەوەی خاوەنی کەرەستەی خاون کە لە کاروباری پیشەسازیدا بەکاردێ، هەر بۆیە دامەزراو و کارخانەی گەورەیان دروست کردووەو لەو کارخانانەدا لە کەرەستەی خاو شتی نوێ دروست دەکەن و لەو رێگایەشەوە دەتوانن بە باشترین شێوە سوود لە سروشت وەرگرن و قازانجی زۆر بەدەست بێنن.

لەبەر ئەوەی ئەو میللەتە لە کەنارەکانی باکووری گۆی زەویدا ژیان بەسەر دەبا و بەروبوومی تایبەتی ئەو ناوچەیەی لەژێر دەست دایە و زۆر لەڕادەی پێویستی خۆشی زیاترە و لەلایەکی تریشەوە ئەو بەروبوومانەی نییە کە لە ناوچەکانی باشووری زەویدا رەنێو دەهێنرێن، هەر بۆیە لەگەڵ وڵاتەکانی باشووردا دەروازەی بازرگانی کردۆتەوەو لەگەڵ



ئەو وڵاتانەش کە دەتوانێ بەباشی بازرگانی بکا، پەیماننامەو رێککەوتنی بازرگانی دەبەستێ.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئینگلتەرا بە بازرگانییەوە خەریکن. ئاشکرایە لەوڵاتێکی ئاوادا ژمارەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان گەلێک زۆر دەبێ و ئاساییشە هەر کەس دەیەوێ پارێزگاری لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بکا چونکە گەلێک فاکتەری ئەوتۆ هەیە کە رەنگە زیان بەو بەرژەوەندییانە بگەیەنێ. سەرەڕای ئەوەی لەو وڵاتەدا یاسای سادەو سووک فەرمانڕەوایە، کەچی بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە بازرگانییەکان پەنایان بۆ هەندێ یاسای بازرگانی و دەریاوانی زۆر توندوتیژ بردووە. رێوشوێنە بازرگانی و دەریاوانییەکان بەڕادەیەک سەخت و توندن دەڵێی بۆ دوژمن دارێژراون.

کاتێک هەندێ جار دەوڵەت و میللەتی ئینگلتەرا کۆچەرەکان بۆ شوێنە دووردەستەکان دەنێرن، مەبەستی سەرەکییان گەشە و پەرەپێدانی بازرگانییە. بەهیچ جۆرێ خەیاڵی جیهانگیریان لەسەردا نییە. بەڵام چونکە مرۆڤ هەر بە سروشت حەزدەکات لە شوێنەکانی تریشدا داب و نەریتی خۆی بپارێزێ و پەیڕەوییان لێ بکا هەر بۆیە ئەو میللەتە لەنێو موستەعمەرات و کۆچ نشینەکانی خۆی دا حکومەتێکی چەشنی حکومەتی ئینگلتەرا پێک دەهێنێ بۆ ئەوەی لە جەنگەڵە دووردەستەکاندا نەتەوەی گەورەو ئازاد سەرهەڵبداو ئەگەر بێتو ئەو نەتەوانە رۆحی رکەبەرایەتیان هەبێ، ئەوا لەو حاڵەتەدا پاش جێگیرکردنی داب ونەریت و یاساکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی بنچینەی ئازادی پێک دێنن، دەوڵەتی ئەو گەلانەش وەکو حکومەتی خۆیان لێدەکەن و وایان لێدەکەن پەیڕەوی لەبنچینەو سیستەمی هاوشێوەی سیستەمی ئینگلتەرا بکەن و ئازادیخوازی لەنێو تاکی ئەو گەلانەدا بڵاوبکەنەوەو بەنەریتی ئازادیخوازی گۆشیان بکەن.

لەبەر ئەوەی میللەتی ئینگلیز دورگەنشینە و لەهەموو لایەکانەوە دەریا دەوری داوەو خاوەنی بازرگانییەکی بەرفراوانە، هەر بۆیە هێزێکی گەورەی لە دەریاکاندا کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی سوود لە هەڵکەوت و بارودۆخی خۆی وەرگرێ. لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی ئازادی ناوخۆیی وڵات بەربەستە لەبەردەم ئەوەی لە ناوەوەی وڵاتدا قەڵاو بارەگای سەربازی دروست بکرێ، بۆیە بۆ رێزگرتن لە هێرشی بێگانە هێزێکی دەریایی گەورەیان پێکهێناوە و هەموو بوودجەی جەنگییان بۆ هێزە دەریاییەکان تەرخان کردووە.

سەروەری بەسەر دەریاکاندا غروور و گەورەییەکی تایبەتی بەو گەلانە بەخشیوە کە لەسەر دەریاکان دەژین. لەبەر ئەوەی لەرێگای کەشتییەکانی خۆیان دەتوانن بەرەو هەموو لایەک بچن، هەر بۆیە پێیان وایە دەتوانن هەموو شوێنێک داگیر بکەن. بەڵام ئەم

بیرۆکەیە لەمەڕ میللەتی ئینگلیز ڕاست نییە، چونکە بەهیچ جۆرێ چاویان نەبڕیوەتە خاکی هیچ وڵاتێک. دەوڵەت و میللەتی ئینگلیز لەلایەن دەوروبەرو دراوسێکانیان ڕێزێکی یەکجار زۆریان لێدەگیرێ و نفووزێکی زۆریان لە نێو وڵات و دراوسێکانی دەوروبەریاندا هەیە و ئەمانەی دوایی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان دۆستایەتی ئینگلیز بەدەست بێنن.

یەکێک لە سەربەرزییەکانی نەتەوەی گەورە ئەوەیە کە هەمیشە لەدەرەوەی خۆیدا خاوەن نفووز و ڕێزێکی بێ پایان بێ و دراوسێکانی ترسیان لە دوژمنایەتیکردنی هەبێ وهەوڵبدەن دۆستایەتی لەگەڵدا پێک بێنن هەرچەندە بارودۆخی ناوخۆییان ئاڵۆز و ناسەقامگیر بێت.

ئەگەر ئەو وڵاتە ببێتە ناوەندی ڕێککەوتنە نێو نەتەوەییەکانی ئەوروپا، ئەوا وەزیرو پیاوە سیاسییەکانی ئینگلتەرا ئەمانەتکاری و ڕاستییەکی یەکجار زۆر دەنوێنن بەجۆرێک کە لە ئەمانەتی پیاوە سیاسییەکانی سەرجەم وڵاتەکانی تر زۆرترە. چونکە سیاسی و وەزیرەکانی ئەو وڵاتە ناچارن ئاکامی وتووێژو هەوڵەکانی خۆیان بە ئاشکرا بە ئاگاداری پەرلەمان بگەیەنن. هەر ئەوەشە وایان لێ دەکات لە وتووێژو هەڵسوکەوتەکانی خۆیاندا ڕاست و ئەمین بن. جگە لەمانە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکی دیموکراتی دا لەوانەیە هەندێ ڕووداو و پێش هاتی چاوەڕوان نەکراو ڕووبدات و پیاوەگەورە و وەزیرو دەسەڵاتدارەکان بخاتە ژێر باری قورسی بەرپرسایەتییەوە، هەر بۆیە وایان لاباشە هەمیشە پەیڕەوی لەڕێگای ڕاست بکەن.

لەبەر ئەوەی لە سەردەمەکانی پێشووتردا گەلی ئینگلیز خاوەنی حکومەتی ئیستبدادی بووە، هەر بۆیە لەبەشێک لە کاروبارەکاندا پارێزگاری لەم شێوازە کردووە، بە جۆریک ئەمڕۆکە سەرەڕای ئەوەی لە ژێر ئاڵای دیموکراسی دا ژیان بەسەر دەبا، کەچی ئاسەوارەکانی حکومەتی موتڵەق لە هەندێ شوێندا دەبینرێ.[1]

لەسەردەمەکانی پێشوودا نەجیبزادەو گەورە پیاوەکانی ئەو گەلە خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر بوون، بەڵام پاشا ویستی لەدەسەڵاتیان کەم بکاتەوە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پەنای بردە بەر بەهێزکردن و پێشخستنی گەل. سەختترین ڕۆژگاری ژیانی میللەتی ئینگلتەرا ئەو کاتە بوو کە میللەت ئاگاداری دابەزین و داڕمانی دەسەڵاتی نەجیبزادە و پیاوەگەورەکان بووەو خەریک بووە پەی بە دەسەڵاتی خۆی بەرێ، چونکە ئەو بابەتە فشارێکی دەروونی و ئازارێکی مەعنەوی بۆ خوڵقاندبوو، ئەمە بۆ میللەتی ئینگلیز کارێکی گەلێک دژوار بووە.



بەڵام سەبارەت بە دین، لەبەر ئەوەی لەنێو ئەو حکومەتەدا بیروڕا ئازادە هەموو کەسێک دەتوانێ کام بیروباوەڕی پێ جوانە قبوڵی بکا و لەوانەیە بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا بەهیچ شێوەیەک گرنگی بە دین نەدەن، یان بەشی هەرە زۆری خەڵک دینی ڕەسمی و گشتی وڵاتیان قبووڵ نەبێ یان چەندین ئایین و گروپی دینی جۆراوجۆر لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدا. بەڵام ئەگەر دینێک لەسەر بنەمای ملکەچی و کۆیلەیی دامەزرابێ ئەوا ئەو دینە لەناو ئەو گەلەدا بەهیچ جۆرێ گەشە ناکاو پەرە ناستێنێ، چونکە ئەم دۆخ و شتانە بەردەوام لەگەڵ ڕەهەندو لایەنەکانی ژیانی ئەواندا وەبەرچاو دەگیرێن. دینێکیش کە لەسەر بنەمای کۆیلەیی و ملکەچی دامەزرابێ لەنێو میللەتێکی ئازادو دیموکراتدا بەهیچ جۆرێ قبووڵ ناکرێ. سەرەڕای ئەوەی ئەو جۆرە ئایینانە لە ئینگلتەرادا باویان نییە، کەچی یاساش دژی ئەو ئایینەی کە پڕۆپاگەندە بۆ بنچینەکانی کۆیلەیی و بەندەیی دەکات، سزای توندوتیژی دانەناوە، بەجۆرێک بە خوێن ساردی و خەمسارییەوە بەرامبەر بە بڵاوکەرەوەکانی ئەو ئایینیانە هەڵسوکەوت دەکرێ کە گەلێک لە سزای توندوتیژ زیاتر زیانیان پێ دەگەیەنێ.

لەئینگلتەرادا شێوازی ژیان بەجۆرێکە کە پیاوە ئایینییەکان ئیمتیازێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو ئیمتیازاتی خەڵکی ئاسایی لە هی ئەوان زۆرترە و لەجیاتی ئەوەی پیاوە ئایینییەکان مەغروور بن سەری ڕەزامەندیان شۆڕ کردووە و ئامادەن لەرووی ئیمتیازاتەوە لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا یەکسان بن، بەڵام لە بەرامبەردا بەهۆی نیشاندانی خەسڵەتی ڕەزامەندی و پارێزگاری و تەقواوە هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتییان لەچاو خەڵکی تر بەدەست هێناوە.

پیاوە ئایینییەکانی ئەو میللەتە ناتوانن لەپەنای هێزە ماددییەکانی ئایینیدا ژیان بەسەربەرن و لەلایەکیشەوە ناچارن ڕاستییەکانی نێو ئایینەکەی خۆیان بە هەموو خەڵک ڕابگەیەنن، هەر بۆیە لە مەجبوورییان قەڵەمیان بەدەستەوە گرتووە و خەریکی نووسینی کتێبن و لەئاکامیشدا بەرهەمی بەڵگەخوازیی گەورەو جێگای سەرنج لە قەڵەمەکانیان دادەچۆڕێ.

ئەگەر کەسێک بەرێکەوت لەو وڵاتەدا سەرهەڵبدا و بیەوێ چاکسازی ئەنجام بدا و بەرێکەوت لەپێناوی چاکسازیدا ئەنجوومەن هەڵوەشێنێتەوە و کەم وکوڕییەکانی لەنێو بەرێ و هەوڵی ڕێکخستن و چاککردنی بدات، ئەوا میللەت بەهیچ جۆرێ ئەو شتە قبووڵ ناکات و بەهۆی ئەو مەیلە زۆرەی بەرامبەر بە ئازادی هەیەتی، ئامادەیە ئەنجوومەن بە هەموو کەم کوڕییەکانییەوە بپارێزێ و ئەو چاکسازییە بەئەنجام نەگات. لەئینگلتەرادا

پلەو پایە و بەرپرسایەتیەکان بەپێی دەستوور و پرەنسیپەکانی حکومەت دیاری دەکرێن، هەر بۆیە سەقامگیری و بەردەوامبوونیان لەسەرجەم وڵاتەکانی تر زۆرترە و بەهۆی دەستەڵاتی ئازادییەوە خانەدان و گەورە پیاوەکان لەخەڵکی ئاساییەوە نزیکن. سەرەڕای ئەوەی تاکەکان یەکسانن بەڵام لە نێوان پلەو پایەکاندا دوورییەکی یەکجار زۆر هەیە.

لەبەر ئەوەی لەنێو گەلی ئینگلیزدا دەسەڵاتدارەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و دەسەڵات لەوانەوە وەردەگرن، هەر بۆیە گەل هەوڵ دەدا دەوروبەری دەسەڵاتداران بە کەسانی دیارو شایستە پڕبکەنەوە و بەردەوام بتوانن سوود بەکۆمەڵ بگەیەنن. کەواتە کەسانی مەراییکەر وگاڵتەچی ناتوانن بچنە ناو دەسەڵاتەوە. لەکاتێکدا کە لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا هەمیشە کۆمەڵە مەراییکەر و گاڵتەچییەک لە دەوری پاشا کۆدەبنەوەو لەگیرفانی ئەو بژێوی رۆژانەیان دابین دەکەن. لەنێو میللەتی ئینگلیزدا هونەر و لێهاتوویی راستەقینە بەردەوام شایەنی گرنگیپێدانە و رواڵەتکاری بێ بنەما و بەتاڵ بەهیچ شێوەیەک سەرنجی کەس راناکێشێ.

لەوڵاتی ئینگلتەرادا خۆڕازاندنەوە بوونی هەیە، بەڵام خۆڕازاندنەوەیەکی پێویست و سەقامگیرەو بەهیچ جۆرێ رواڵەتێکی خۆبەزلزانانەی بەخۆوە نەگرتووە. ئەو کەسانەی حەزیان لە جوانکاری و خۆڕازاندنەوەیە بەردەوام پێداویستیە راستەقینەکانیشیان لەبەر چاوەو رابواردن و خۆشگوزەرانی تاکەکان لەسنووری چێژو لەززەتی سروشتی تێ ناپەڕێ و لەبەر ئەوەی خەرجی بێ سوود لەنێو دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتەکاندا نییە، هەر بۆیە ئەو کەسانەی خاوەن سامان و داراییەکی زۆرن، پارەی خۆیان بەشێوازێکی نوێ و سەرسوڕهێن خەرج دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی لە خەرجکردندا عەقڵ بەسەر حەزو ئارەزوویاندا زاڵە. رەوشتی توندڕۆیانە و رواڵەتکارانە کە سەرچاوەکەی بێکارییە لەنێو تاکەکانی ئەو میللەتەدا دەست ناکەوێ، چونکە خەڵک بەردەوام لەبیری کارو بەرژەوەندی و کەسابەت و پیشەی خۆیان دان و وەکو نەتەوە بێکارەکان کاتێکی ئەوتۆیان نییە کە بۆ ئەو جۆرە کارانەی تەرخان بکەن. لە نێو میللەتە بێ کارەکاندا کە بازرگانی و پیشەسازی و کەسابەت کەمەو کۆمەڵێک لەسەر گیرفانی کۆمەڵێکی دیکە بژێوی خۆیان بەدەست دێنن، تاکەکان بەردەوام هەوڵ دەدەن زەحمەت بۆ یەکتری دروست بکەم وخەڵکی لە خۆیان بێزار بکەن، هەر بۆیە روحی رەوشتی توندڕۆیانە و رواڵەتکارانە لە نێویاندا تەشەنە دەکات. لەکاتێکدا پێویستە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگایەکدا ئەخلاق پەرەبستێنێ نەک دابونەریتی رواڵەتکارانە و بێ بنەما. لە رۆمای کۆندا ئەدەب و رەوشت لە سەردەمی سەقامگیربوونی حکومەتە ئیستبدادیەکاندا پەرەی پێ درا. چونکە هەمیشە حکومەتە ئیستبدادییەکان



لایەنگرو پەرەپێدەری بێکارین و بێکاریش خەڵکی بە ئەدەب و بە ویقار دروست دەکا.

لەنێو میللەتی ئینگلیزدا تاکەکان بەپێی دڵخوازی خۆیان و لەسەر بنەمای ئارەزوو و ئیرادەی خۆیان بەشداری لەحکومەتدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتەکان هیچ بەشدارییەکیان لەکاروبارەکان دا نییە و ژیانی خۆیان بەخێزانداری و منداڵ بەخێوکردن بەسەر دەبەن، هەر بۆیە سادەو موحەجەبە باردێن و ئەو شەرم و حەیایە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە بەرچاو و دیارەکانیانە و لەڕادەبەدەر سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشاوەو بۆتە جێی رێزو ستایش.

لەئینگلتەرادا یاسا لەلایەن تاکەکەسێکەوەو یان بۆ تاکەکەسێک دانەنراوە، هەر بۆیە هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا خۆیان بە پاشا دەزانن، بەشێوەیەک دەڵێی تاکەکانی ئەو میللەتە هەموو بەیەکەوە حکومەتێکی یەکگرتوویان پێکهێناوە نەک میللەتێک.

لەو وڵاتەی کە هەموو تاکەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن و هەمووشیان خاوەن بەرژەوەندی سیاسی خۆیانن ئەوا سروشتییە کە لەسەر بابەتە سیاسییەکان بەتێرو تەسەلی قسە دەکرێ و دەگەیە هەر کەسێ لەسەر پرسە سیاسی و دەوڵەتیەکاندا لەگەڵت دەدوێ و هەندێ جار وا رێک دەکەوێ، کۆمەڵە کەسانێک هەموو تەمەنی خۆیان سەرفی هەڵسەنگاندنی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان دەکەن. لەکاتێک دا کە رووداو و پێشهاتەکانی جیهان بەهۆی ئەو هەموو فاکتەرانەی کە دەستیان لە پێکهێنانیدا هەیە، بەورد و دروستی هەڵسەنگاندنیان لەسەر ناکرێ و ناتوانین سەرهەڵدانی رووداوێک لە رابردوودا حەتمەن بکەینە بنەمای سەرهەڵدانی رووداوێکی دیکە لەئاییندەدا.

لەنێو گەلێکی ئازادی وەکو گەلی ئینگلیزدا، هیچ پێویست ناکا تاکەکان هەموویان بە راست و دروستی حوکم بدەن و قەزاوەت بکەن، لەوانەیە قەزاوەت و حوکمی کۆمەڵە خەڵکێک راست نەبێ، بەڵام ئەوەی شایانی گرنگیپێدانە ئازادی بیروڕایە، لەبەر ئەوەی رادەربڕین و قەزاوەت ئازادە، هەر ئەو ئازادییە دەبێتە زامنی راست و دروستیی قەزاوەت و رادەربڕینی گشتی خەڵک. بەڵام بەپێچەوانەوە لە وڵاتێکی ئیستبدادیدا بیروڕاو قەزاوەتی خراپی خەڵکی گەلێک گرنگە، چونکە لەوانەیە ئەو قەزاوەتە خراپ و ناڕاستە بنەمای حکومەت و میللەت ئاوەژوو بکاتەوە.

لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەدا هیچ کەسێک بە توێژی سەرنجی خەڵکانی دیکە بۆلای خۆی راناکێشی و ناکەوێتە بەر خۆشەویستی ئەوان و هەموو کەس بەپێی حەزو ئارەزووی خۆی ژیان بەسەردەبات، لەوانەیە هەندێ جار کەسانی ئەوتۆ هەڵبکەون لەنێو بیرو بۆچوون و هزر و خەیاڵکردنی خۆیاندا رۆبچن و ئەگەر هێزی ئەو بیرو بۆچوونەیان زۆر بێ ئەوا ئەو

هزره لەهەموو کەس و هەموو شتێکیان بێ زار دەکات و لەئاکامیشدا لە وانەیە ژیانیان بە بەختەوەری تێپەڕ نەبێ، لە کاتێک لە وڵاتێکی دیموکرات و ئازاد دا گەلێک هۆ و ڕێگا بۆ بەختەوەربوون لە خزمەتی خەڵک دایە.

لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەدا هیچ کەس لەکەسێکی تر ناترسێ و هەموو کەس هەست بە ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دەکا، هەر بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگا هەمیشە خۆیان بە سەربەرز دەزانن و شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، هەروەک چۆن سەرچاوەی سەربەرزی و شانازی پاشاکان بۆ ئەو سەربەخۆیی و سەڵاحیاتە دەگەڕێتەوە کە لەمەڕ خۆیانەوە هەیانە. بەڵام لە ئاکامی ئەو ئازادی و سەربەرزییە زۆرتر خەریکی خۆیان دەبن و کەمتر گرنگی بە خەڵکانی دەوروبەریان دەدەن. هەر بۆیە هەمیشە خاوەنی جۆرە شەرم و حەیایەکن کە تووشی دوورەپەرێزی و گۆشەگیریان دەکا، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێین ئینگلیزەکان خوێن سارد و وشکن.

خوو خەسڵەتەکانی ئەو میللەتە زۆر بەباشی لەکتێبەکانیاندا بە دیاردەکەوێ، چونکە نووسەرەکان لەناو تەنیایی و بیری خۆیاندا ڕۆچوون و دوور لەکۆمەڵگا شتەکانیان نووسیوە. ژیان لە نێو کۆمەڵگادا تەنیا ڕواڵەتی کەم و کوڕییەکانمان بۆ دەردەخات، بەڵام بە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و ژیان لەدەرەوەی سنووری کۆمەڵگادا کەم و کوڕیە ڕاستەقینەکانمان بۆ دەردەکەوێ. هەر بۆیە ئەگەر بێتو لەنێو میللەتی ئینگلیزدا نووسەری کۆمێدی هەڵکەوێ ئەوا نووسینەکانیان کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دەبێ.

لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا مێژوونووسەکان ناتوانن ڕاستییەکان بنووسن و ناچارن بەجۆرێکی تر شتەکان نیشان بدەن. بەڵام ئەگەر لە وڵاتە ئازادەکاندا ڕاستییەکان نەنووسرێن ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئازادی دەگەڕێتەوە و لەبەر پشێوی و ئاڵۆزی بیروبۆچوونەکانەوە سەرهەڵدەدات. چونکە لەئاکامی ئازادی بیرو بۆچووندا هەرکەس لە ڕوانگەی خۆیەوە بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێ و هەر بۆیە حەقیقەتیش بە گەلێک شێوەی جۆراوجۆر خۆی پێشان دەدات.

شاعیرە ئینگلیزەکان لە نووسین دا خاوەنی شێوازێکی پتەون. پتەویی بیروڕا و شێوازی شاعیری لە بەرهەمەکانیاندا زۆر زاڵترە بەسەر سەلیقە و ناسکیی شیعرەکانیاندا، بۆ ئەوەی باشتر لە مەبەستەکەم تێ بگەن بەرهەمەکانی میکلانژ و ڕافائیل لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەن، ئەو کات بۆتان دەردەکەوێ لەبەرهەمەکانی ڕافائیلدا جۆرە ناسکییەک هەیە کەچی لە بەرهەمەکانی میکلانژدا لایەنی حەماسی زیاتر جێگای ئەو ناسکییەی گرتۆتەوە.

# پەیوەندی نێوان یاسا و بازرگانی

## بەشی یەکەم: بازرگانی

بابەتی ئەو کتێبە زۆر دوورودرێژە بەڵام من هەوڵ دەدەم بەپێی توانا کورتی بکەمەوە.

بازرگانی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە لەسەر باشبوونی ئەخلاقی نەتەوەکان و روحی توندو تیژی و بەربەریەت لەنێو دەبا. بەچەشنێک کە لە هەر جێگایەک بازرگانی برەوی هەبێ، ئەخلاقی خەڵکی ئەو شوێنە هێمن و لەسەرخۆیە.

ئەگەر ئەمڕۆکە ئەخلاقی ئێمە زۆر هێمن و ئارامترە لەئەخلاقی بان و باپیرانمان و ئێمە وەکو ئەوان توندوتیژ و دڕندە نین ئەوا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بازرگانی گۆڕانکاری بەسەر ئەخلاقی ئێمەدا هێناوە. چونکە ئاشکرایە، بازرگانی دەبێتە هۆی ئەوەی خێڵ و نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵاو ببن و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەخلاق و دەروون و رەوشتی یەکتردا پەیدا بکەن. بەم جۆرە جیایی ئەخلاقی و جیاوازی شێوازی ژیان کە لەسەرەتادا زۆر نەگونجاو لەگەڵ یەکتردا خۆ دەنوێنێ لەناودەچێ. کەواتە بازرگانی هەم پاککەرەوەی ئەخلاقە و هەم دەبێتە هۆی گەندەڵبوونیشی، چونکە هەر لەوکاتەدا کە بە هۆی تێکەڵاوی، ئەخلاقی نەتەوە بەربەرەکان پاک دەکاتەوە ئەوا لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی فاسدبوونی ئەخلاقی نەتەوە شارستانییەکان. ئەو میللەتانەی خودان ئەخلاقی پاکن بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ میللەتەکانی دیکەدا تووشی گەندەڵی دەبن.

ئەفلاتون حەقی بوو کە گوتی: بازرگانی ئەخلاقی یۆنانییەکانی تووشی گەندەڵی کرد.

## بەشی دووەم: رۆحی بازرگانی

یەکێک لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی بازرگانی ئەوەیە کە نەتەوە سوودخواز و بازرگانەکان بەرەو ئاشتیخوازی هان دەدا، چونکە ئەو میللەتانەی بە بازرگانییەوە خەریکن پێویستییان بە یەکتر دەبێ و هەروەک چۆن فرۆشیار بۆ فرۆشتنی شتومەکەکانی خۆی پێویستی بە ئاشتی و ئارامی هەیە، کڕیاریش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی لەرێگای کڕینی شتومەکەکانەوە، پێویستی بە ئاشتی هەیە. هەرچەندە یەکێک لە



تایبەتمەندییە سروشتییەکانی بازرگانی ئەوەیە لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دا ئاشتی بەر قەرار دەکا، بەڵام لەیەکتریان نزیک ناکاتەوە و نابێتە هۆکارێک بۆ گەشەسەندنی رۆحی دادپەروەری، چونکە بەشێوەیەکی گشتی تاکەکانی نەتەوەیەکی بازرگان لەبەرامبەر هەمووشتێکدا پارەیان دەوێ و بۆ بچووکترین شت و بچووکترین خزمەت، نرخێکی دیاریکراویان داناوە.

بەڵام لەبەرامبەر ئەو بارودۆخەشدا، هەر کاتێک بازرگانی لەنێو تاکەکانی میللەتێکدا پەرەی سەند و لەگەڵ یەکتردا مامەڵەیان کرد تاڕادەیەک رۆحی عەدالەت لەناویاندا گەشە دەسێنێ و بێ گومان داگیر و تالانکردنی لەنێو دەچێ. تاکەکانی نەتەوەیەکی بازرگان وەکو خێلە بەربەر و تالانکارەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەتوندی پێ داناگرن و هەندێ جار ئامادەشن بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندی خەڵکانی تر. بەڵام نەمانی بازرگانی بەشێوەیەکی رەها رۆحی تالانکاری و چەتەیی بەهێز دەکات.

پێویستە ئەوەش بزانین کە تالانکاری و چەتەیی بەشێوەیەکی رەها خەسڵەتە ئەخلاقییەکان لەنێو نابات، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بەشێک لەخەسڵەتە ئەخلاقییەکان، بۆ نموونە، هەستی میوانداری بەهێز دەکا، لەحاڵێکدا نەتەوە بازرگانەکان بەهیچ جۆرێ هەستی میوانداریيان لەناودا نییە.

«تاسیت» سەبارەت بە میوانداری نەتەوە جێرمەنەکان دەڵێ: ئەگەر یەکێک لە کەسەکانی ئەو نەتەوەیە دەرگای ماڵەکەی خۆی بەرووی کەسێکی تردا داخستبا، جا ئەو کەسە ئاشنابا یان بێگانە، ئەوە گوناهێکی زۆر گەورەی ئەنجام دابوو. کاتێک تاکەکانی نەتەوە جێرمەنییەکان پێشوازییان لە میوانێک دەکرد، ئەوا لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تریان دەبرد بۆ ئەوەی لەوێش خزمەتی بکەن.

بەڵام کاتێک جێرمەنەکان زەوی و زاری خەڵکانی تریان داگیر کرد و سەڵتەنەتی گەورەیان پێک هێنا، رۆحی میوانداری هێدی هێدی لەناو چوو و تەنانەت هەندێ رێو شوێنی تایبەتییان دانا بۆ پێشگرتن لەو خەسڵەتە جوانە. بۆ نموونە لەیاسای بۆرگۆنیدا دوو ماددەی یاسایی دەبینرێ کە دژی میوانداریيە.

یەکێک لەو دوو ماددە یاساییە سزای بۆ ئەوکەسانە داناوە کەمیوان دەبەنە ماڵی کەسێکی رۆمانی و لە ماددەکەی تردا هاتووە، ئەگەر کەسێک پێشوازی لەمیوانێکی بێگانە بکا، ئەوا دەبێ خەرجی میوانداریەکە لەلایەن هەموو خەڵکی ناوچەکە بەیەکسانی دابین بکرێ.

## بەشی سێیەم: هەژاریی گەلان

نەتەوە هەژارەکان دووجۆرن: یەکێکیان بەهۆی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکانی خۆیان تووشی هەژاری هاتوون و تاکەکانی نێو ئەم نەتەوانە خاوەنی خەسڵەتی ئەخلاقی نین، چونکە هەژاری و بێ دەرەتانیان بەشێکە لەکۆیلەیی و بەندەییان. جۆری دووەم ئەو نەتەوانەن کە بەهۆی ئاشنانەبوونیان بەشێوازو ڕێگاکانی ژیان یان بەهۆی گوێنەدان بە سامان و دارایی و خۆڕازاندنەوە هەژاربوونە. ئەو نەتەوانە خاوەن خەسڵەتی ئەخلاقی بەرزن و لەوانەیە هەندێ کاری زۆر گەورە بەئەنجام بگەیەنن، چونکە هەژاری و بێ دەرەتانیان بۆ ئەو ئازادییە دەگەڕێتەوە کە تێیدا دەژین.

## بەشی چوارەم: بازرگانی لەنێو دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان دا

بازرگانی هەمیشە پەیوەندی بە سیستەمی حکومەت و ڕژێمەکانەوە هەیە. بۆ نموونە لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا بازرگانی شتومەکی خۆڕازاندنەوە و جوانکاری برەوودەستێنێ، هەر چەندە لە و وڵاتانەدا بازرگانی شتومەکەکانی تریش لەئارادایە، بەڵام مەبەستی سەرەکی بازرگانی دابینکردنی شتومەکی جوانکاری و خۆڕازاندنەوەیە بۆ دامرکاندنی هەستی خۆبەزلزانی و خۆپەرستی و ئەنانییەتی دەوڵەمەندەکان. بەڵام لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا مەبەستی سەرەکی لە بازرگانیکردن دابین کردنی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵکە، چونکە لەو جۆرە وڵاتانەدا بازرگانەکان تەنیا چاویان نەبڕیوەتە یەک دوو کەس، بەڵکو بەرژەوەندی هەموو گەلیان لەبەر چاوە. هەر بۆیە بازرگانی ئابووری لەو وڵاتانەدا گەشە دەستێنێ نەک بازرگانی لوکس و خۆڕازاندنەوە. هەروەک چۆن لەکۆمارەکانی تیرا، کارتاژ، ئەسینا، مارسی، فلۆرانس، ڤینیسیا و هۆڵەندا پەرەی سەند.

بنەمای بازرگانی ئابووری لەسەر ئەوە دامەزراوە کە بازرگانەکان بەسوودێکی کەم ڕازی بن و هەمیشە بەدوای قازانجێکی زۆرەوە نەبن لەکاتی کڕین و فرۆشتن دا. ئەم جۆرە بازرگانییە لەوڵاتە لوکسپەرستەکاندا پەرە ناستێنێ، چونکە وڵاتە لوکس پەرستەکان بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی سوود و قازانجی زۆر دان.

«شیشرۆن» نووسەرو گوتاربێژی ڕۆمانی دەڵێ: من حەزم لێ نییە ئەو گەلەی لەکاتێکدا فەرمانڕەوای جیهانە بازرگانیش بێت، چونکە لەنێو ئەو گەلەدا هەموو تاکەکان حەز و ئارەزوو و خەیاڵی گەورەیان لەسەردایە بەڵام بەهۆی بازرگانییەوە مێشکیان پڕدەبێ لە بیروڕا و سەوادی بچووک، چونکە بازرگانی پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام سەرنجت



لەسەر بابەتە بچووکەکان بێت و ئەو دوو مەسەلەیەش لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە.

بەڵام نابێ پێمان وابێ لەو وڵاتانەی کە بازرگانیی ئابووری گەشەی سەندووە، ئیتر تاکەکان و کۆمەڵەکان توانای ئەنجامدانی کارو مامەڵەیان نییە، چونکە پانتایی کڕین و فرۆشتن بەربڵاوەو بازرگانییەکی بچووک هێدی هێدی پەرە دەستێنێ و گەورە دەبێ و ئەو کەسەی بەقازانجێکی کەم ڕازی بێ ئەوا وردە وردە دەبێتە خاوەنی سامان و دارایی و دەتوانێ کارو مامەڵەی گەورە بەئەنجام بگەیەنێ.

لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا مامەڵە و کڕین و فرۆشتنە بازرگانییەکان لەگەڵ مامەڵەی گشتی دا هاوجووت و ڕێکە، بەڵام لەوڵاتە ئیستبدادیەکاندا کڕین و فرۆشتنی بازرگانی لەگەڵ مامەڵەی گشتیدا هاوجووت و گونجاونییە. چونکە بازرگانەکان خۆیان لەمامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکانی تر (واتە لەگەڵ هەموو میللەت) دەبوێرن و زۆر لەوە دەترسن کە ئیرادە ڕەهاکانی بوونی خۆیان لێ بڕفێنن.

کەواتە لەبەر ئەوەی لە وڵاتە کۆماری و دەستوورییەکاندا بازرگانەکان خۆیان بە خاوەنی ماڵ و سامانی خۆیان دەزانن و دڵنیان هیچ کەس بەزەبری هێز شتومەکەکانیان داگیر ناکا، هەر بۆیە دەست بۆ مامەڵەی گەورە دەبەن بۆ ئەوەی گەشە بەسامان و دارایی خۆیان بدەن و تاکە مەترسییەک کە لەم جۆرە حکومەتانەدا هەڕەشە لەبازرگانەکان دەکا شێوازی بازرگانییەکەیە واتە ئەو شێوازە ناپەسندەی کە ڕەنگە خودی بازرگانەکە لە مامەڵەکردن دا پەنای بۆ بەرێ.

من ناڵێم لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا بەشێوەیەکی ڕەها بازرگانیی ئابووری نییە، بەڵام دەڵێم ماهییەتی ئەم جۆرە دەوڵەتانە لەگەڵ بازرگانیی ئابووریدا ناگونجێ. هەروەها ناڵێم لەوڵاتە دیموکراتەکاندا بازرگانی لوکس نییە، بەڵام دەڵێم بازرگانی لوکس کەمێ پەیوەندی لەگەڵ ماهییەتی ئەم جۆرە حکومەتانەدا هەیە.

لە حکومەتێکی ئیستبدادی دا خەڵک بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن بۆ ئەوەی شتومەکەکانیان لەدەست نەچێ و بەهۆی ئەو ترسەی لە حکومەت هەیانە زۆر بەکەمی سامان و دارایی خۆیان دەخەنە گەڕ، بەڵام لە حکومەتە دەستووری و کۆمارییەکاندا خەڵک سامان و دارایی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی قازانجێکی زۆرتر بەدەست بێنن.

## بەشی پێنجەم: ئەو نەتەوانەی پەنایان بۆ بازرگانی ئابووری بردووە

کۆماری مارسی یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە پەنای بردە بەر بازرگانیی ئابووری. بەندەری مارسی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کە دەریایەکی پڕجۆش و خرۆشە، بە

بەندەرێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرا و بارودۆخی کەنارەکان و گاشە بەردی نێو دەریاکان بەجۆرێک بوو، کە کەشتییەکان بیانویستایە یان نا دەبوایە پەنایان بۆ بەندەری مارسی ببردایە. لەلایەکی ترەوە بێ پیت بوونی زەوی و زاری ئەو ناوچەیە، دانیشتوانەکەی ناچارکرد کە زەحمەتێکی یەکجار زۆر بکێشن و بەدەستی ماندوو ئارەقی نێوچەوانی خۆیان، بێ رەحمی و دڵڕەقی سروشت قەرەبوو بکەنەوەو هەر لەکاتی زەحمەتکێشان دا عەدالەت و دادپەروەریش رەچاوبکەن. چونکە دانیشتوانی ئەو کۆمارە لەگەڵ کۆمەڵە نەتەوەیەکی بیابانشین و نیمچە بەربەر هەڵسوکەوتیان دەکرد و ئەگەر هاتباو دادپەروەریان رەچاونەکردبا، نەیاندەتوانی لەگەڵیاندا ژیان بەسەر ببەن و مامەڵەیان لەتەکا بکەن. لەلایەکی تریشەوە دەبووایە لەهەموو شتێکدا کەم خەرجی بکەن و بەقازانجی کەمیش رازی بووبان، بۆ ئەوەی هەموویان بتوانن لەرێگای بازرگانییەوە بژێوی خۆیان وەدەست بێنن.

بەشێوەیەکی گشتی بێ رەحمی و دڵڕەقیی سروشت و سەختیی ژیان و ماندوونەناسی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بازرگانیی ئابووری. هەر بۆیە ئەگەر سەیرکەین دەبینین تیرو ڤینیسیا و هۆڵەندا پەنایان بردۆتە بەر بازرگانیی ئابووری، چونکە زەوی و زاری ئەوانیش زۆر بێ پیت و بەرەکەت بووە و ناچاربوونە بەزەحمەت و ماندووبوونی خۆیان دڵی سروشت نەرم بکەنەوە و لەرێگای بازرگانیی ئابوورییەوە لەگەڵ هەموو شوێنەکانی جیهاندا پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن.

## بەشی شەشەم: هەندێ لەدەرەنجامەکانی دەریاوانی

هەندێ جار وارێکدەکەوێ ئەو میللەتەی پەنادەباتە بەر بازرگانیی ئابووری، پێویستییەکی ناچاریی بە شتومەکی فلانە نەتەوەی تر هەیە، بەڵام بۆ ئەوە نییە کە زۆر بە خێرایی بۆ ژیانی خۆی کەڵکی لێوەرگرێ بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو شتومەکە بۆ مامەڵە لەگەڵ نەتەوەی سێیەم دا بەکاربێنێ. بۆ نموونە میللەتی هۆڵەندا کە ئێستا دەکرێ بڵێین بەتەنیایی بازرگانیی باکووری ئەوروپای لەگەڵ باشووردا کەوتۆتە ژێر دەست، شەراب لە فەرەنسا دەکرێ، بەڵام بۆ خۆی پێویستی پێ نییە بەڵکو بە نەتەوەکانی باکووری ئەوروپای دەفرۆشێتەوە و لەراستیدا ئەو شتومەکە وەکو پارەیەک وایە کە نەتەوەی هۆڵەندا مامەڵەی پێوە دەکا.

لە وڵاتی هۆڵەندا هەندێ لەو شتومەکانەی کە لەدوورەوە راهاتوون، هەر بە نرخی شوێنی دروست کردنیان دەفرۆشرێنەوە. هۆیەکەی ئەوەیە:



کەشتیوانێکی هۆڵەندی بۆ پاراستنی هاوسەنگی هەماری کەشتییەکەی بڕێک بەردی مەڕ مەڕ دەکڕێ و دەیخاتە نێو هەمارەکانەوەو یان بۆ چاککردنەوەی کەشتییەکەی هەندێ تەختە دەکڕێ و باری دەکا. ئەگەر لە رێگا تەختەکەی بەکارنەهێنا ئەوا لە هۆڵەندا دەیانفرۆشێتەوە و بەردی مەڕمەڕەکەش دەفرۆشێ و کاتێ لەفرۆشتنی ئەو شتانە هیچ زیانێکی پێ نەگەیی وەکو ئەوە وایە قازانجی کردبێ، هەر بۆیە لە هۆڵەندا تەختەو بەردی مەڕمەڕ بە رێژەی زۆر وەدەست دەکەوێ لەکاتێک دا ئەو وڵاتە دارستان و کانە بەردی نییە!

کەواتە نەتەنیا بازرگانییەکی بێ سوود و سەرمایە لەوانەیە قازانجی هەبێ، بەڵکو رەنگە بازرگانییەکی زیانبەخشیش سوودی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە راوی نەهەنگ راستەوخۆ قازانجی نییە و لەوانەیە زیانیشی هەبێ، بەڵام ئەو ڕاوە کۆمەڵە کەسانێکی زۆری بە دروستکردنی کەشتی و چارۆگە و گوریسەوە خەریک کردووەو سوودێکی زۆریان پێ دەگەیەنێ و کاتێکیش کە کەشتییەکان بۆ راوکردنی نەهەنگ چوونە قوڵایی دەریاکان و ئەگەر نەهەنگێکیان راوکرد ئەوا قازانجێکی زۆری لێوەردەگرن. لەڕاستی دا راوی نەهەنگ وەکو لاتاری وایە وهەموو کەسێک بۆ بردنەوەی خەڵاتی گەورە لەو یارییەدا بەشداری دەکا و هەموو خەڵک لەو یارییە بێ مەترسییەدا بەشداری دەکەن و ئەو بەشدارییە گشتییەش بەقازانجی بازرگانی وڵات کۆتایی دێ.

## بەشی حەوتەم: شێوازی بازرگانی ئینگلیزەکان

ئینگلتەرا بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە یاسا و رێوشوێنی بازرگانی جێگیرو چەسپاوی نییە، هەر بۆیە رێوشوێن و یاسای بازرگانی ئەو وڵاتە لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی تردا جیاوازە. هەر پەرلەمانێک کە دێتە سەر حوکم هەندێ رێوشوێنی نوێ بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتە بێگانەکان دا دادەنێ یان رێوشوێنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. گەلی ئینگلیز بەپێی پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا مامەڵە ناکا، بەڵکو دەبێ نەتەوەکانی دیکە بەپێی یاساکانی ئینگلتەرا لەگەڵ ئەو وڵاتەدا مامەڵە بکەن.

ئەگەر لەدونیادا هەندێ نەتەوە هەبن بەرژەوەندی سیاسی لەسەرو بەرژەوەندی بازرگانییەوە دابنێن و ئەو بەرژەوەندییە بازرگانیانەی کە بەهۆی پەیماننامەکانەوە دەیبەستن، بکەنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی، ئەوا ئینگلتەرا بەپێچەوانەی ئەوانەوەیە، واتە هەمیشە بەرژەوەندی سیاسی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی بازرگانی و هیچ پەیماننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا نابەستێ نەوەکا بەرژەوەندی بازرگانی

ببێتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی. گەلی ئینگلیز لە هەموو نەتەوەکانی دیکە زیاتر ڕێز لە سێ بنچینەی ئازادی، بازرگانی ودین دەگرێ.

## بەشی هەشتەم: ئاستەنگ خستنە بەردەم بازرگانی ئابووری

لەهەندێ وڵاتی ئیستبدادیدا کۆمەڵە یاسایەکی ئەوتۆیان داڕشتووە کە ڕێ لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەو میللەتانە دەگرێ کە خەریکی بازرگانین. بۆ نموونە قەدەغەکراوە و خەڵک مافی ئەوەیان نییە جگە لە شتومەکی خۆیان شتومەکی وڵاتەکانی تر بێنن و بیفرۆشن، هەروەها مافی ئەوەیان نییە بەو کەشتییانەی کە لەوڵاتەکانی دیکەدا دروست دەکرێن بازرگانی ئەنجام بدەن و... هتد.

بەڵام میللەتێک کە ئەو ڕێوشوێنانە بۆ میللەتانی تر دادەنێ پێویستە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ میللەتێکی بازرگانی بێ ئەگینا زیانی پێ دەگات و خۆی لەبازرگانییەکی گەورە بێ بەش دەکا. دەبێ چی لەوە باشتربێ کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ نەتەوەیەکدا هەبێ کە خەریکی بازرگانیی ئابوورییە، واتە بەقازانجێکی کەم ڕازی دەبێ و لەخودی خۆیاندا ئاشتیخوازن. هەرشتێکی کە دەیکڕن یەکسەر پارەکەی دەدەن و هیچ کات خەیاڵی جیهانگیریان لەسەردا نییە. بەڵێ، زۆرباش دەبێ ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا سەروکارمان هەبێ نەک ئەو نەتەوانەی کە لەوانەیە ڕۆژێک دابێ ببنە نەیارمان.

## بەشی نۆیەم: بایکۆت کردن لە بازرگانیدا

یەکێک لەبنچینە سەرەکییەکانی بازرگانی ئەوەیە کە بایکۆت نەخەنە سەر هیچ گەلێک بۆ بازرگانی کردن، دەنا تووشی زەرەرو زیان دەبن. گەلی ژاپۆن کە جگە لەچینی و هۆڵەندییەکان لەگەڵ هیچ میللەتێکی تردا بازرگانی ناکا، بەردەوام زیان بەخۆی دەگەیەنێ چونکە چینی و هۆڵەندییەکان شتومەکەکانی خۆیان بەقازانجی هەزار لەسەد بە ژاپۆنییەکان دەفرۆشن و ژاپۆنییەکان کە تەنیا لەگەڵ ئەو دوو میللەتەدا بازرگانی دەکەن، لەو ڕاستییە بێ خەبەرن کە تەنیا ڕکەبەرایەتی نرخی شتومەکە بازرگانییەکان دێنێتەوە خوار.

هەروەها نابێ هیچ میللەتێک خۆی ناچاربکا شتومەکەکانی تەنیا بە میللەتێکی دیاریکراو بفرۆشێ. پۆڵۆنیاییەکان کە گەنمی خۆیان تەنیا بە شاری دانتزیک دەفرۆشن و هەندێ لە ڕاجەکانی (ناسناوی حاکم و فەرمانڕەواکان لەهندستان) هندستان کە بەروبوومی خۆراکی تەنیا بە هۆڵەندییەکان دەفرۆشن، بەردەوام زیانیان پێدەگا. مەگەر



ئەوەی بڵێین هەژاری و بێ دەرەتانی هندی و لهستانییەکان هیوای وەدەستهێنانی سوودی زۆرتری لێ بڕیون.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو میللەتەی هەوڵی وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سوودی زۆرترە و ئاواتەخوازە گەشە بسێنێ و بەرەو پێشەوە بچێ نابێ بەهیچ جۆرێ شتومەکەکانی خۆی تەنیا بە میللەتێکی دیاریکراو بفرۆشێ.

## بەشی دەیەم: پێویستییەکانی بازرگانیی ئابووری

لەو وڵاتانەدا کە خەریکی بازرگانیی ئابوورین، هەندێ بانک دروست دەکەن کە خاوەنی سەرمایەن و ئەو بانکانە بەهۆی ئەو ئیعتبارانەی کە هەیانە یارمەتی گەشەسەندنی بازرگانیی دەدەن. بەڵام دروستکردنی بانک لەوڵاتە ئیستبدادییەکاندا کە خەریکی بازرگانی لوکسین کارێکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی لەم جۆرە وڵاتانەدا دەسەڵات لەدەستی تاکەکەسێک دایە، لەنێوان سەرمایە و دەسەڵاتدا جیاوازی و کێشە دروست دەبێ و دەسەڵات سەرمایەکە لەناودەبات. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە کە هەندێ جار هەژارن، بەهیچ جۆرێ ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن کە دەسەڵاتێکی گەورەی وەکو دەسەڵاتی سەرمایەی بانکەکان لە بەرامبەریاندا قوت بێتەوە.

ئەگەر لە وڵاتە ئیستبدادییەکاندا خەزێنەیەک بۆ کۆکردنەوەی پارە هەبێ ئەوا هەمان خەزێنەی فەرمانڕەوایی مستەبدی وڵاتە. هەروەها هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە کە لە وڵاتە ئیستبدادییەکان دا کۆمپانیای گەورەی بازرگانی لە ڕێی سەرمایەی ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانەکان پێک نایەن، چونکە ئەو کۆمپانیایانە دەبنە خاوەن دەسەڵاتێکی گەلێک گەورەو لەوڵاتە ئیستبدادییەکانیشدا دەسەڵات تەنیا دەبێ لەدەست پاشادا بێ.

بە بڕوای من کۆمپانیای گەورەی بازرگانی، تەنانەت لەگەڵ وڵاتە دیموکراتییەکان و ئەو شوێنانەی خەریکی بازرگانی ئابووریشن، ناگونجێ، چونکە ئەگەر لەو وڵاتانەدا هەندێ مامەڵەی گەورە ئەنجام بدرێ و بازرگانییەکە بە جۆرێک بێ کە سەرمایەی تاکە کەسی بەشی ئەو کارە نەکا، باشتر وایە کۆمپانیای گەورەی بازرگانی پێک نەهێنرێت بۆ ئەوەی ئازادی بازرگانی لە نێو نەچێت و نەیاری گەورە لە بەرامبەر بازرگانەکاندا قوت نەکرێتەوە.

## بەشی یازدەهەم: تەواوکەری بابەتی پێشوو

لەو وڵاتانەدا کە خەریکی بازرگانی ئابوورین، هاتنی شتومەک بە شێوەیەکی ئازاد و

بەبێ دانی گومرگ، هیچ زەرەروزیانێک بە حکومەت ناگەیەنێ، چونکە لەو ولاتانەدا هەموو تاکەکان ژیانێکی مامناوەندی بەسەر دەبەن و گشتیان زەحمەتکێشن و کار دەکەن. ئەگەر دەوڵەتیش لە وەرنەگرتنی مافی گومرگی زیانی پێ بگا ئەوا لە بەرامبەردا ژێرخانی ئابووری ولات ئەو زیانە قەرەبوو دەکاتەوە. بەڵام لە ولاتە ئیستبدادییەکاندا لەبەر ئەوەی بازرگانی لوکس برەوی هەیە، هەر بۆیە وەرنەگرتنی حقوقی گومرگی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە دەوڵەت خۆی لە تاکە قازانجی بازرگانی لوکسی بێ بەش دەکا، ئەوە جگە لەوەی کە وەرگرتنی مافی گومرگی وەکو ئاستەنگێکە لە بەردەم گەشەسەندنی ئەو جۆرە بازرگانییەدا.

## بەشی دوازدەهەم: ئازادی بازرگانی

نابێ بە هەڵە ئازادیی بازرگانی لەگەڵ ئازادیی بازرگان تێکەڵ بکەین و پێمان وابێ بازرگان هەر کارێکی حەزی لێ بێ دەتوانێ ئەنجامی بدات، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئازادیی بازرگانی پێشی ئازادیی بازرگان دەگرێ، بە جۆرێک کە لە هیچ ولاتێکدا بازرگانەکان وەکو بازرگانی ولاتی دیموکراتی کە بازرگانیکردن تێیدا ئازادە موقەیەد و کۆت و بەند کراو نین و بە پێچەوانەشەوە لە ولاتە ئیستبدادییەکاندا بازرگانەکان خاوەنی ئازادین.

لە ولاتی ئینگلتەرادا کە ولاتێکی دیموکراتییە هەناردنە دەرەوەی خوری قەدەغەیە، هەروەها خەڵووزی بەردی ئینگلتەرا دەبێ هەر بە هۆی کەشتییەوە بۆ لەندەن بگوێزرێتەوە.

هیچ کەس مافی ناردنە دەرەوەی ئەسپی نییە. کەشتی ولاتە موستەعمەرەکانی ئینگلتەرا کاتێ لەگەڵ ئەوروپادا بازرگانی دەکەن دەبێ لە بەندەرەکانی ئینگلتەرادا لەنگەر بگرن.

ئەو رێوشوێنانە هەرچەندە ئاستەنگن لەبەردەم ئازادیی بازرگانەکاندا بەڵام لە بەرامبەردا یاریدەدەری ئازادیی بازرگانین.

## بەشی سێزدەهەم: چ شتێک ئازادیی بازرگانی لە نێو دەبات

لە هەر ولاتێکدا بازرگانی ئەنجام بدرێ ئەوا گومرگیش هەیە. مەبەستی سەرەکی بازرگانی ئەوەیە کە هێنان و هەناردنێک بە قازانجی ولات یان دەوڵەت ئەنجام بدرێ و مەبەستیش لە گومرگ ئەوەیە کە لە هێنان و هەناردنی شتومەکاندا باجێک بە سوودی دەوڵەت یان ولات وەربگیرێ. بەڵام لە کاتی بەرقەراربوونی ئازادیی بازرگانیدا دەبێ



دەوڵەت لە نێوان بازرگانەکان و گومرگدا بێ لایەن بێ و بە شێوەیەکی ئەوتۆ رەفتار بکا کە گیروگرفت لە نێوان ئەو دووانەدا دروست نەبێ.

بەردەوام بینراوە رێوشوێنی دارایی و گومرگی دەوڵەت بەهۆی ستەمکاری و ناعەدالەتی و زوڵم و زۆرەوە، بناغەی بازرگانی لە بەریەک هەڵوەشاندووە یان بۆتە هۆی شێواندن و ئاڵوزکردنی.

لە ولاتی ئینگلتەرادا کە ئازادیی بازرگانی چەسپاوە، فۆرمالیتەی گومرکی و دارایی هێندە ئاسانە کە بازرگانەکان بە نووسینی دوو وشە مامەڵەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و هیچ ناچار نین کاتی بەنرخی خۆیان سەرفی ئەنجامدانی شکڵیاتی دوور و درێژی دارایی و گومرگی بکەن.

## بەشی چواردەهەم: یاسای بازرگانی سەبارەت بە تۆمار کردنی شتومەکەکان

لە سەرزەمینی ئازادی واتە ولاتی ئینگلتەرادا تۆمارکردنی شتومەکی بازرگانیی بازرگانە بێگانەکان لە کاتی جەنگدا قەدەغەیە، تەنیا لە کاتێکدا نەبێ ئەگەر مەسەلەی مامەڵەی بەرامبەر لە ئارادا بێ. بەڵام لە ساڵی ١٧٤٠ی زایینیدا کاتێ ئینگلتەرا و ئیسپانیا لە جەنگدا بوون، ئیسپانییەکان یاسایەکیان دانا، هەر کەسێ شتومەکی ئینگلیزی بێنێتە ناو خاکی ئیسپانیاوە ئەوا سزاکەی لەداردان دەبێ و هەر کەسێ شتومەکی ئسپانی بۆ ئینگلتەرا بەرێت ئەوا دیسان سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێ. بە بڕوای من ئەو یاسایە جگە لە ژاپۆن لە هیچ شوێنێکی تردا وێنەی نییە و بە تەواوی دژی رەوشت و گیانی ئەوروپاییەکانە، چونکە پێویستە لە نێوان تاوان و سزادا هاوسەنگی هەبێ. بۆ فرۆشتنی شتومەکێکی قەدەغە کراو کە جۆرە سەرپێچییەکە نابێ سزای ئیعدام کە تایبەتە بەو کەسانەی خیانەت بە دەوڵەت و میللەت دەکەن، دابنرێت.

## بەشی پازدەهەم: سزای جەستەیی

هەروەک «پلۆتارک» ئاماژەی بۆ دەکات، یاسادانەری یۆنانی «سۆلۆن» یاسایەکی دانا کە بە پێی ئەو یاسایە، نەدەبوایە قەرزدار دەسبەسەر یان زیندانی بکرێ. سۆلۆن ئەو یاسایەی لە میسرییەکان وەرگرتووە، چونکە بۆ یەکەمین جار بوکشۆریس-ی پاشای میسر ئەو یاسایەی دانا و سزۆستریس-یش پەسندی کرد. ئەو یاسایە لەگەڵ قەرزە ئاسایی و بچووکەکاندا دەگونجێ، بەڵام بۆ قەرزە بازرگانییەکان باش نییە، چونکە هەمیشە

بازرگانەکان ناچارن پارەیەکی گەلێ زۆر بە قەرز بدەن، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا داوای قەرزەکەی خۆیان دەکەنەوە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ لە نێو بازرگاندا بیخەنە گەڕ. کەواتە دەبێ لەوە دڵنیا بن کە قەرزدارەکە، قەرزەکە دەداتەوە و ئەگەر بێتو سزای دەسبەسەرکردن هەبێ، ئەوا قەرزدار لە ترسی دەستبەسەرکران قەرزەکە دەداتەوە. بۆ قەرزی ئاسایی و بچووک دەسبەسەرکردنی قەرزدار کارێکی ناشایست و ناپەسندە، چونکە نابێ یاسا بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی تاکەکەسێک، تاکێکی تری کۆمەڵگا دەسبەسەر بکا و ئازدییەکەی پێشێل بکا. بەڵام لە بازرگانیدا پێویستە یاسادانەر تاکەکەس بکاتە قوربانی ئاسوودەیی و وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گشتی، ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدات ئەوا بازرگانی لە نێو دەچێ[1].

### بەشی شازدەهەم: یاسایەکی باشی جنێڤ

یەکێک لە یاسا باشەکانی جنێڤ بریتییە لەوەی، ئەگەر یەکێک قەرزی خەڵکانی تر نەداتەوە و بمرێ ئەوا لەسەر منداڵەکانی پێویستە قەرزەکە لە جیاتی باوکیان بدەنەوە، ئەگینا ناتوانن لە هیچ پلەو پایە و پیشەیەکی حکومیدا دامەزرێن. ئەو یاسایە دەبێتە هۆی زیادکردنی دڵنیایی لە نێو بازرگان و کارمەندە حکومییەکان و دهەڤدا دڵنیایی گشتی زیاد دەکات.

### بەشی حەڤدەهەم:یاسای ڕۆدس

دانیشتوانی دوورگەی ڕۆدس لەم بارەیەوە هەنگاوی زیاتریان ناوە و هەروەک «سکتۆس ئامپریکۆس» ئاماژەی بۆ دەکا؛ لە نێو ئەو میللەتەدا هیچ منداڵێک نەیدەتوانی جگە لە چاوپۆشین لە میراتی باوکی خۆ لە دانی قەرزەکانی باوکی ببوێرێ. ئاشکرایە ئەو یاسایانە لە دوورگەی ڕۆدسدا بۆ بازرگانی دانرا بوون چونکە ئەو میللەتە بە بازرگانییەوە خەریک بوو، بەڵام بە بڕوای من بۆ ئەوەی پەرە بە بازرگانی بدرێ چاکتر وابوو یاسادانەرەکانی ڕۆدس سنوورێکیان دانابا و وتبایان؛ کاتێک کوڕێک گەیشتە تەمەنی ڕەسیوی و بۆ خۆی خەریکی کاروباری بازرگانی بوو، ئەگەر باوکی قەرزدار بوو، نابێ کوڕەکە لەو سوود و شتومەکەی کە بە دەستی هێناوە، قەرزی باوکی بداتەوە. چونکە کوڕەکە کە ئێستا بۆ خۆی بازرگانە، پێویستە لە هەموو حاڵەتێکدا سنوور و ئیلتیزاماتی قەرزی خۆی بزانێ، نەک بە نەزانی و بێ بوونی هیچ چەشنە زانیارییەک ناچار بکرێ ئیلتیزاماتی باوکی قبووڵ بکا.



### بەشی هەژدەهەم: دادوەری دادگای بازرگانی

«گەزنفۆن» لە کتێبی (عایدات)دا دەڵێ: ئەو دادوەرانەی لە نێو دادگایی بازرگانیدا بەخێرایی داواکاری و شکایەتەکان یەکالا دەکەنەوە و کێشە بازرگانییەکان چارەسەر دەکەن، پێویستە خەڵات بکرێن. ئەو یاسادانەرە زۆر بە جوانی هەستی بەوە کردووە کە دەبێ کێشە بازرگانییەکان بە خێرایی یەکالا و چارەسەر بکرێن. لە ڕاستیدا نابێ بازرگانی بخرێتە کۆت و بەندی فۆرمالیتەوە، چونکە کاروباری بازرگانی لەگەڵ پێشهاتەکانی ڕۆژدا بەرەوپێش دەڕوات و هەموو ڕۆژێ کاری نوێ سەرهەڵدەدا و بە پێچەوانەی کارە تایبەتییەکانە کە هەمیشە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوونادات. بۆ نموونە مرۆڤ لە هەموو ژیانی خۆیدا تەنیا یەکجار ژن دێنێ و یەکجار وەسیەتنامە دەنووسێ.

ئەفلاتون لە کتێبی «یاسا»دا دەڵێ: ئەو شارەی بە بازرگانی دەریاییەوە خەریک نەبێ هێندە پێویستی بە یاسا نییە، لەو شارانەدا یاسای مەدەنی بە ئەندازەی نیوەی یاسای ئەو شارانەیە کە خاوەنی بازرگانی دەریایین.

ئەو قسەیە زۆر ڕاستە، چونکە بازرگانی دەبێتە هۆی ئەوەی میللەتە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی شوێنە دوورەکاندا تێکەڵاوی بکەن و لەو تێکەڵاوبوونەش ڕێوشوێن و یاسای نوێ سەرهەڵدەدا و لە ئاکامیشدا لە شارێکی بازرگانیدا ژمارەی دادوەرەکان کەم و ژمارەی یاساکان زۆر دەبێ.

### بەشی نۆزدەهەم: نابێ دەسەڵاتدارەکان خەریکی کاروباری بازرگانی بن

«تیۆفیل» ئیمپراتۆری ڕۆمانی کاتێ زانی یەکێک لەو کەشتییانەی کە شتومەکی بازرگانی بارکردووە، خێزانەکەی خۆی (تیۆدۆر) خاوەنییەتی، فەرمانیدا کەشتییەکە بە بارەوە بسوتێنن و پاشان وتی: من ئیمپراتۆرم و ئێوە دەتانەوێ بمکەنە بازرگان یان کەشتیوان، ئەگەر من و ژنەکەم خەریکی بازرگانی بین، ئەوکاتە خەڵکانی میللەتەکەم کە دەبێ لە ڕێگای بازرگانییەوە بژێوی خۆیان دابین بکەن، دەبێ چی بکەن؟

زۆر باش دەبوو ئەگەر ئەو ئیمپراتۆرە لە درێژەی وتەکانی خۆیدا گوتبای: من ئیمپراتۆرم و ئەگەر بێتو خەریکی بازرگانی بم کێ دەتوانێ داواکارییەکانی خۆی لە من وەرگرێتەوە و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆم ناچارم بکا ئیلتزاماتەکان جێبەجێ بکەم. من ئیمپراتۆرم و ئەگەر بمەوێ فڵانە شتومەک بخەمە ژێر ڕکێف و مۆنۆپۆلی خۆمەوە کێ دەتوانێ دژایەتیم بکا و لە بەرامبەر دوکانی مندا دەرگای دوکانەکەی بکاتەوە.

ئەگەر من دەستم بۆ بازرگانی برد ئەوا دەربارییەکانیش خەریکی بازرگانی دەبن و لەو حاڵەتەدا کێ دەتوانێ پێشی چاوچنۆکی و تەماعکارییان بگرێ.

## بەشی بیستەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

کاتێ پورتوگالی و ئسپانییەکان دەروازەی بازرگانییان بە رووی دورگەکانی هیندی رۆژهەڵاتدا کردەوە، بە ڕادەیەک لەو بازرگانییە قازانجییان وەدەست هێنا، تەنانەت پاشاکانیش خۆیان لە کاروبارەکان هەڵقورتاند و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بازرگانی ئەو دوو وڵاتە لە هیندی رۆژهەڵاتدا هەرەس بێنێ، چونکە (نائب السلطنە)ی هیندی رۆژهەڵات هەندێ ئیمتیازی تایبەتی دەدا بە کۆمەڵە بازرگانێکی دیاریکراو و زۆری نەدەخایاند ئەو ئیمتیازانەی لێ دەسەندنەوە و دەیدا بە یەکێکی تر. ئەو هەڵسوکەوتە بەردەوام بوونی بازرگانی لە نێو برد و متمانەی بازرگانەکانی تووشی لەرزۆکی کرد. باوکەکان بە هیچ جۆرێ گرنگییان بەوە نەدەدا کە بازرگانی بۆ نەوەکانی خۆیان بە میرات بەجێ بێڵن، هەموو کەس لە هەوڵی ئەوەدا بوو زۆرترین قازانج لە کەمترین ماوەدا بە دەست بێنێ و پاشماوەی ژیانی بە خۆشی و ئاسوودەیی بەسەر ببا. بەم جۆرە بازرگانی پورتوگالی و ئسپانییەکان لەگەڵ هیندی رۆژهەڵاتدا هەرەسی هێناو لەناوچوو.

## بەشی بیست و یەکەم: بازرگانیکردنی نەجیبزادەکان لە وڵاتە پاشایەتییەکاندا

نابێ لە وڵاتە پاشایەتییەکاندا نەجیبزادەکان خەریکی کاروباری بازرگانی بن. هۆنۆریۆس و تیۆدۆر دوو لە ئیمپراتۆرەکانی رۆما دەیانگوت: بازرگانیکردنی نەجیبزادەکان دژی بەرژەوەندی شارەکانە، چونکە بازرگانەکان ناتوانن بەو ئاسانییەی کە لەگەڵ هاوکاروانەکانی خۆیاندا مامەڵە دەکەن لەگەڵ نەجیبزادەکانیش کردەی کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن و ئەو مەسەلەیە زیان بە بازرگانی دەگەیەنێ.

بازرگانیکردنی نەجیبزادەکان لەگەڵ رژێمی پاشایەتیشدا ناگونجێ و مەسەلەی بازرگانیکردنی نەجیبزادەکان لە ئینگلتەرادا بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی لاواز بوونی رژێمی پاشایەتی ئەو وڵاتە لە قەڵەم دەدرێ.



## بەشی بیست و دووەم: هەندێ حاڵەتی تایبەت

لەبەر ئەوەی لە ئینگلتەرادا نەجیبزادە و خانەدانەکان خەریکی کاروباری بازرگانین، هەندێ کەس پێیان وایە دەبێ لە فەرەنساش یاسایەکی ئەوتۆ دابڕێژرێ بۆ ئەوەی نەجیبزادەکان بتوانن بازرگانی بکەن. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە دانانی ئەو یاسایە لە فەرەنسادا دەبێتە هۆی لە نێو بردنی نەجیبزادەکان بەبێ ئەوەی هیچ یارمەتییەک بە گەشەسەندنی بازرگانی بکات. لەم بارەیەوە داب و نەریتەکانی فەرەنسا زۆر جوانن، چونکە هەرچەندە بازرگانەکان لە فەرەنسادا لە چینی نەجیبزادەکان ناژمێردرێن، بەڵام دەتوانن بە هۆی نییەتپاکی و ڕاستی و ئەمانەتدارییەوە بچنە نێو چینی خانەدان و نەجیبزادەکان و ئەوەش یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بازرگانەکان بەرەو دەستپاکی و راستگویی هان دەدات.

نابێ لە وڵاتی فەرەنسادا یاسایەکی ئەوتۆ دابنرێ کە هەموو کەس ناچار بکا لەسەر پیشە و کاری باوک و خێزانی خۆی بمێنێتەوە و مافی ئەوەی نەبێ لە چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بچێتەدەر، چونکە ئەو یاسایە تەنیا بە دەردی وڵاتە ئیستبدادییەکان دەخوا.

رەنگە پێم بڵێن ئەگەر ئەو یاسایە دابنرێت ئەوا هەموو کەس ناچار دەبێ بە باشی کارو پیشەکەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، چونکە باش دەزانێ چوونە دەرەوەو بەجێ هێشتنی ئەو پیشەیە مومکین نییە. بەڵام من لە وەڵامدا دەڵێم ئەگەر ئەو کەسە بزانێ بە وردەکاری و خۆپارێزی و ناوبانگی باش و ڕاستی، پلەوپایەی[١٠١] دەچێتە سەرەوە، ئەوا پیشەکەی خۆی زۆر بە باشی ئەنجام دەدا.

کاتێ بازرگانەکە لێی روون بوو کە بە وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی فڵانە بڕە سامان و دارایی دەتوانێ بچێتە ناو چینی نەجیبزادەکانەوە، ئەوا هەوڵ دەدا سامان و دارایی خۆی بگەیەنێتە ئەو ڕادەیە بۆ ئەوەی بەم پلەوپایە کۆمەڵایەتییە بگا.

رەنگە رەخنەم لێ بگرن و بڵێن، بەم جۆرە سامانی جێگیر شوێنی خەسڵەتە بەرزەکان دەگرێتەوە، واتە هەموو سیفات و خەسڵەتە باشەکان بە زەبری پارە دەکڕدرێن، بەڵێ، ئەو رەخنەیە راستە، بەڵام هەندێ دەوڵەتی ئەوتۆ هەن کە بەکارهێنانی ئەم رێوشوێنە تێدا سوودبەخش دەبێ. بۆ نموونە لە فەرەنسادا دادوەر و حاکم و شارەوانەکان چینێکیان پێک هێناوە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی چینی نەجیبزادەکان لە لایەک و چینی عەوام لە لایەکی ترەوە.

ئەگەرچی ئەم چینە وەکو نەجیبزادەکان گەورەو بەهێز نین، بەڵام لە رووی مافی مەدەنی و کۆمەڵایەتییەوە هیچیان لەوان کەمتر نییە و ئەگەر یەکێک لە نەجیبزادەکان دەست درێژی بکاتە سەر تاکێکی ئەم چینە ئەوا بە پێی یاسا سزا دەدرێ. تاکەکانی ئەم چینە هەمیشە خاوەنی پیشەی ئابڕوومەندانە و شەریفن و بە هەر ئەندازییەک سامان و خەسڵەتە بەرزەکانیان گەشە بکات ئەوا تەمایان زۆرتر دەبێ و بۆیان دەردەکەوێ چەندی سامان و دارایی کۆ بکەنەوە ئەوا دیسان دەبێ هەوڵ بدەن زیاتر بە دەست بێنن و هەر لەو کاتەشدا ئومێدیان بەوە هەیە کە دەگەنە پلەوپایەی بەرز و دەتوانن پلەی نەجیبزادەکان وەدەست بێنن. بەڵام چینی نەجیبزادەکان بەو کەسانە دەگوترێ کە جەنگ بە گەورەترین پیشەی خۆیان دەزانن و لەوانە هێندێکیان هەر لە بنەڕەتدا هیچ سامان و داراییەکی نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رازین بەوەی خاوەنی نەجیبزادەیی بن. هەروەک چۆن سامان دەبێتە هۆی رەزامەندی و دڵخۆشی بازرگانەکان و لەگەڵ ئەوەشدا هیوای گەیشتن بە پلەو پایەی نەجیبزادەییان لە دڵ دایە، ئەوا نەجیبزادەییش بۆتە هۆی رەزامەندی و دڵخۆشی نەجیبزادەکان و ئەوانیش بەردەوام هیوایان بەوە هەیە رۆژێک سامان و دارایی وەدەست بێنن، بەڵام ئەگەر بە دەستیشی نەهێنن ئەوا دیسان بە پلەوپایەی خۆیان رازین.

هاوسەنگی نێوان چینە جیاوازەکان بۆتە هۆی ئەوەی لە ماوەی دوو سێ سەدەی رابردووەوە تاکو ئێستا رۆژبەرۆژ گەورەیی ئەو وڵاتە زیاتر بێ، چونکە ئەگەر فەرەنسا شان لە شانی گەورەیی دەدات ئەوە هۆیەکەی باشی و گونجاوی یاساکانییەتی نەک رێکەوت و قەزاو قەدەر، بە هیچ جۆرێ قەزاو قەدەر و رێکەوت خاوەنی ئەم سەقامگیری و پایەدارییە نییە.

**بەشی بیست و سێیەم: بازرگانی زیان بە کام میللەت دەگەیەنێ**

بە شێوەیەکی گشتی دارایی بریتییە لە ماڵ و سامانی گوازراوەو جێگیر. هەمیشە ماڵ و دارایی جێگیر هەموو وڵاتێکدا لە ژێر دەستی دانیشتوانەکەی دایە، وەکو زەوی و زار و خانوو.. هتد. بەشێکی زۆری وڵاتەکان هەندێ یاسایان هەیە کە رێگەنادا بێگانەکان زەوی و زار و خانووبەرە بکڕن، چونکە ماڵ و دارایی جێگیر پەیوەندی بە خەڵکی رەسەنی ناوچەکەوە هەیە، بەڵام ماڵ و دارایی گوازراوە وەکو پارە و دراو و سەهمی کۆمپانیاکان و کەشتییەکان و سەرجەم شتومەکە بازرگانییەکان پەیوەندییان بە هەموو جیهانەوە هەیە، هەر بۆیە هەموو جیهان وەکو وایە و هەر کام لەو نەتەوانەی ماڵ و دارایی گوازراوەیان زۆرتر هەبێ ئەوا دەوڵەمەندترن.



هەندێ لە میللەتەکانی جیهان سامان و داراییەکی فراوانیان هەیە و ئەو سامانەشیان لە رێگای بەروبوومی زەوی و چالاکی کرێکارەکان و پیشەسازی و دۆزینەوەکانی خۆیان بە دەست هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو میللەتەکانی دونیا ئارەزووی وەچنگ هێنانی سامان و داراییان لە مێشک دایە، هەر بۆیە دارایی ئاڵوویری پێ دەکرێ و دەستاودەست دەگوێزرێتەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا لەوانەیە هەندێ میللەتی هەژاری ئەوتۆ هەبن کە نەک هەر خاوەنی ماڵ و دارایی گوازراوە نین بەڵکو ماڵ و دارایی جێگیریشیان نییە و بەم جۆرە بێگانەکان دێن زەوی و زار و خانووبەرەکانیان لێدەکڕن، بەچەشنێ کە بێگانەکان دەبنە خاوەن موڵک و میللەتێکی ئەوتۆ خاوەنی هیچ شتێک نییە و ناتوانێ هیچ داهاتێکی هەبێ، هەر بۆیە زۆر باشترە ئەگەر لە بازرگانی بێ بەش بێت، چونکە لەو هەلومەرجەی کە تێیدایە بازرگانی بە تەواوەتی لە نێو دەبا. ئەو وڵاتانەی کە هەناردنیان کەمترە لە هێنانیان بۆ خۆیان هاوسەنگییەک دروست دەکەن بە جۆرێ کە هێدی هێدی ئاستی هێنانی شتومەک لە کەمی دەدا و تا دەگاتە حاڵەتێک بە هۆی نەبوونی هەناردن ناتوانن هیچ شتومەکێکیش بێنە ناو وڵاتەوە.

لە وڵاتە بازرگانییەکاندا کە خاوەنی هەناردن و هێنانن، ئەگەر بە رێکەوت پارە لە بازاڕەکاندا لە کەمی بدا ئەوا ئەو حاڵەتە زۆر بەردەوام نابێ و سەر لە نوێ پارە لە بازاڕەکاندا زۆرو فراوان دەبێتەوە، چونکە ئەو میللەتانەی پارەکەیان بردووە، لە رێگای مامەڵە و کڕین و فرۆشتنەوە سەر لە نوێ پارەکە دەگەڕێننەوە. بەڵام ئەو وڵاتانەی بازرگانیان تێیدا ئەنجام نادرێ ئەگەر پارە لە کەمی بدا ئەوا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بازاڕەکانی وڵات بێ دراو دەمێننەوە، چونکە ئەو لایەنەی پارەکەی بردووە نە قەرزدارە و نە بازرگان، بۆ ئەوەی پارەکە بگەڕێنێتەوە.

بۆ نمونە وڵاتی پۆڵۆنیا تاڕادەیەکی زۆر ماڵ و دارایی گوازراوەی نییە و تەنیا خاوەنی بەروبوومی گەنمە. لەو وڵاتەدا شازادە و ئەرستۆکراتەکان کە خاوەنی زەوی و زاری پان و بەرین و بەرفراوانن، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵ بەروبوومی گەنم لە دەستی جووتیار و وەرزێڕەکان دێننەدەر و بەرەو دەرەوەی بەڕێ دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە جیاتی ئەوە پێداویستییەکانی خۆڕازاندنەوە و جوانکاری بێننە ناوەوە. ئێستا ئەگەر ئەو وڵاتە بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک نەبا و گەنمەکەی بۆ دەرەوە نەناردبا، خەڵکی بێ چارە و بەدبەختی ئەو وڵاتە بە ئاسوودەیی ژیانیان بەسەر دەبرد، چونکە ئەو کات خانەدان و ئەرستۆکراتەکان گەنمەکەیان دەدایەوە بە جووتیارەکان و زەوی زارە پان و بەرینەکانیان لە نێوان جووتیارەکاندا دابەش دەکرد و بەم جۆرە ئاژەڵ و مەڕو ماڵات زیادی دەکرد و هەموو

کەس دەیتوانی لە خووری ناوچەکەی جل و بەرگ بۆ خۆی دروستبکا و وەکو ئەمڕۆکە بۆ کڕینی جل و بەرگ گەنمیان نەدەنارده دەرەوەی وڵات و خانەدان و ئەرستۆکراتەکان کە، هەر بە خەسڵەت حەزیان لە خۆڕازاندنەوە و لوکس هەیە، هیچ ڕێگایەکیان لەبەر دەستدا نەدەبوو بۆ ئەوەی شتومەکی لوکس لە دەرەوەڕا بێنن. کرێکار و ڕەعیەتەکانیان بۆ کار و پیشەسازی هان دەدا و ئەو کات پیشەسازی لەو وڵاتەدا گەشەی دەسەند و پۆلۆنیا دەبووە یەکێک لە بەختەوەرترین وڵاتەکانی جیهان.

ئێستا تیشکێک دەخەینە سەر ڕەوشتی بازرگانی ژاپۆن. ئەو وڵاتە خاوەنی ماڵ و دارایی گوازراوەیە و شتومەکەکانی بە زۆری بۆ دەرەوە دەنێرێت و هەر بۆیە دەتوانێ شتومەکێکی زۆریش بێنێتە ناو وڵات و بە چەشنێک کە لە ڕێگای هاوسەنگی نێوان هەناردن و هێناندا گەورەیی ئەو ژمارەیە بە دیار دەکەوێ. بەڵام ژمارەی گەورەی هەناردن و هێنان لە ژاپۆندا سوودێکی گەورە بەو وڵاتە دەگەیەنێ، چونکە ڕێژەی بەرهەمهێنان و خەرجکردن زیاد دەکاو گەشە بە پیشەسازی دەدا و بەم جۆرە کار بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک دابین دەکا و لە ئاکامیشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی هێز و دەسەڵاتی وڵات و وڵات دەوڕێکی زۆری دەبێت. چونکە میللەتەکان بۆیان دەردەکەوێ لە کاتی پێویستیدا دەتوانن یارمەتییەکی زیاتر لەو وڵاتە وەرگرن. لەم جۆرە وڵاتانەدا بە هیچ جۆرێ شتومەک و کاڵای زیادە و بێ سوود دەست ناکەوێ، چونکە یەکێک لە گەورەترین خاسیەتەکانی بازرگانی ئەوەیە کە شتومەکە زیاد و بێ سوودەکان دەگۆڕێ بۆ شتومەکی بە کەڵک و شتومەکە بە کەڵکەکانیش دەکا بە پێویست.

لە وڵاتی ژاپۆندا لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک شتومەکی پێویستی خۆی هەیە هەر بۆیە دەتوانن گەلێک شتی بە کەڵک بەرهەم بێنن. بە شێوەیەکی گشتی ئەو میللەتانەی هیچ پێویستییەکیان بە دەرەوە نییە سوود لە بازرگانی وەردەگرن، بەڵام ئەو وڵاتانەی بۆ هەموو شتێ پشت بە دەرەوەی خۆیان دەبەستن، بازرگانی زیانیان پێ دەگەیەنێ. کەواتە ئەو وڵاتانەی هەموو پێداویستییەکانی خۆیان دابین کردووە، کارێکی باشە ئەگەر بە بازرگانییەوە خەریک بن، بەڵام ئەوانەی لە وڵاتی خۆیاندا هیچ شتێکیان نییە باشتر وایە دەست بۆ بازرگانی نەبەن.

## پەیوەندی نێوان یاسا و بازرگانی بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا بەسەر بازرگانیدا هاتووە

### بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتی

ئەگەرچی بازرگانی بە پێی سروشتی خۆی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەر دادێ، بەڵام هەندێ جار وا ڕێکدەکەوێ هێندێ فاکتەر، بە تایبەتی فاکتەری ئاو و هەوا یان جۆری خاک، ڕەوشی بازرگانی بۆ هەمیشە بە سەقامگیری دەهێڵێتەوە و لەوەشەوە جۆری بازرگانییەکە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە یەکێک لەو بازرگانییانەی بە درێژایی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بازرگانی هندستانە، واتە بە درێژایی چاخەکان، هەموو میللەتە بازرگانەکان، دراویان بۆ هندستان بردووە و لە بەرامبەردا شتومەکیان لەوێوە هێناوە.

ڕۆمانە کۆنەکان، هەموو ساڵێ بڕی پەنجا ملیۆن سترس (یەکەی دراوی ڕۆما) یان بۆ هندستان دەبرد و لە جیاتی ئەوە شتومەک و کاڵای بازرگانیان دەهێنا. ئێمەی فەڕەنسیش ئەمڕۆ پارە دەبەین بۆ هیندستان و شتومەکیان لێ دەکڕین و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی تریش چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بەردەوام کانزا بۆ هندستان دەبەن و لە بەرامبەردا شتومەکی بازرگانی دەهێنن. هۆکاری ئەم نەگۆڕانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی سروشتی و جۆری خاک، بازرگانی کردنی لە هندستاندا بەم جۆرە جێگیر و نەگۆڕ کردووە، چونکە هندییەکان بە پێی نەریتی ناوچەیی خۆیان ژیان بەسەر دەبەن و خاوەنی کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن کە دەتوانێ پێداویستییەکانیان دابین بکات و بە هیچ جۆری پێویستییان بە کەرەستەو شتی لوکسی ئێمە نییە. یاخود بە جۆرێکی تر، بارودۆخی ئاو و هەوا مۆڵەتی ئەوەیان پێ نادا سوود لە کەرەستەو شتومەکی جوانکاری ئێمە وەرگرن. خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆربەی کات ڕووتن و ئەگەر جلوبەرگیش بپۆشن ئەوا دەستکردی ناوچەیی خۆیان بەشی پێداویستییەکانیان دەکات. هەروەها ئایینییەکانیشیان مۆڵەتی ئەوەیان پێ نادات کە خۆراکەکانی ئێمە بخۆن. کەواتە تاکە پێویستییەکی ئەوان بە ئێمە، سوود وەرگرتنە لە کانزاکانمان و لە شێوەی پارەدا بەکاری دەهێنن و لە بەرامبەر ئەوەشدا بڕێکی زۆر شتومەکی بازرگانی بۆ دەرەوەی وڵات دەنێرن و ئەوەش بۆ بارودۆخی سروشتیی هندستان دەگەڕێتەوە، کە بواری ئەوەی ڕەخساندووە بەروبوومی جۆراوجۆر بە بڕێکی فراوان بەرهەم بهێنرێت.

ئەو نووسەرانەی لە ڕابردوودا لەسەر هندستان کتێبیان نووسیوە، بە جۆرێ پێناسەی ئەو وڵاتە دەکەن، دەڵێی ئێستا لەبەر چاوی ئێمەیە و لە ڕاستیدا بارودۆخی ئێستای هندستان لە رووی ژیان و ئەخلاق و داب و نەریت و دینەوە لەگەڵ ڕابردوودا هیچ جیاوازییەکی نییەو لە داهاتووشدا هەر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و هەموو ئەو میللەتانەی لە ئایندەدا لەگەڵ هندستان بازرگانی دەکەن پارە دەبەن بۆ هندستان و لە بەرامبەردا شتومەک دەهێنن.

### بەشی دووەم: نەتەوەکانی ئەفریقا

نەتەوەکانی ئەفریقا (مەبەستمان نەتەوەکانی بیابانی ئەفریقایە) بە شێوەیەکی گشتی بەربەر یان بیابانشینن، بیابانشینەکان بژێوی ڕۆژانەی خۆیان لە ڕێگای ئاژەڵدارییەوە پەیدا دەکەن. هۆکاری سەرەکی بەربەریەتی نەتەوەکانی ئەفریقا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێک لە زەوی و زارەکانی ئەفریقا وشک و بێ کشتوکاڵە و خەڵکی تێیدا نیشتەجێ نەبووە، لە کاتێکدا لە بەشەکانی تردا خەڵک نیشتەجێ بووە. ئەو شوێنانەی چۆڵن و کەسیان تێدا نیشتەجێ نەبوو، ئەو شوێنانە لە یەکتر جیا دەکەنەوە کە خەڵکیان تێدا نیشتەجێ بووە.

ئەو نەتەوە بەربەری و شوانکارانە هیچ چەشنە پیشەسازییەکیان نییە و لە بەرامبەر ئەوەشدا بڕێکی یەکجار زۆر لە کانزایان هەیە کە زۆر بە ئاسانی لە ژێر خاک دەریدەهێنن، هەر بۆیە نەتەوە پێشکەوتووەکان لە کاتی بازرگانی کردن لەگەڵ ئەفریقادا سوودێکی زۆر وەردەگرن، بە جۆرێ کە شتومەک و کاڵای بێ نرخیان پێ دەفرۆشن و لەبەرامبەردا بڕێکی زۆر کانزای بە بەها وەدەست دێنن.

### بەشی سێیەم: پێداویستی نەتەوەکانی باکوور جیاوازە لە پێداویستی نەتەوەکانی باشوور

نەتەوەکانی باکوور و باشووری ئەورووپا وەکو دوو تای هاوسەنگی تەرازوویەک، بە هۆی خەسڵەتە سروشتی و وەدەست هاتووەکان یەکتری تەواو دەکەن، چونکە نەتەوەکانی باشوور بە هۆی جۆری ئاو و هەواوە پێداویستییەکانی ژیان و ئاسوودەییان لە ژێر دەست

دایە و ژمارە و جۆری پێداویستییەکانیان زۆر نییە، بەڵام نەتەوەکانی باکوور پێداویستییەکانی ژیان و ئاسوودەییان لە ژێر چنگدا نییە و هەر بۆیە ژمارەی پێداویستییەکانیان گەلێک زۆرە.

سروشت شتی زۆری بە نەتەوەکانی باشووری ئەوروپا بەخشیووە و لە ئاکامیشدا ئەو میللەتانە پێویستییان بە هیچ نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی سروشت نەتەوەکانی باکووری ئەوروپای لە بەخششی خۆی بێبەری کردووە، هەر بۆیە ئەو میللەتانە ژمارەی پێداویستییەکانیان گەلێک زۆرە، بەڵام بە هۆی ئەو چالاکییەی سروشت بە نەتەوەکانی باکووری بەخشیووە و بە پێچەوانەشەوە نەتەوەکانی باشووری تەمەڵ کردووە، هاوسەنگییەکە بەر قەرار دەبێ.

چونکە نەتەوەکانی باکوور بۆ درێژەدان و بەردەوام بوونی ژیانیان پێویستییان بە چالاکی هەیە، لە کاتێکدا کە باشوورییەکان هیچ پێویستییان بە کارو چالاکی نییە. هەر بۆیە یەکێک لەو فاکتەرانەی بۆتە هۆی پەیدابوونی کۆیلەیەتی لە نێو نەتەوەکانی باشووردا هەر ئەوەیە و لەبەر ئەوەی ئەوان بە ئاسانی دەتوانن چاو لە کارو چالاکی و وەدەست هێنانی سامان و دارایی بپۆشن هەر بۆیە بە ئاسانیش دەتوانن چاو لە ئازادی بپۆشن. بەڵام نەتەوەکانی باکوور پێویستییەکی حەتمیان بە ئازادی هەیە بۆ ئەوەی لە سایەیدا بتوانن کاروچالاکی خۆیان ئەنجام بدەن و پێداویستییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

کەواتە، ئەگەر نەتەوەکانی باکوور ئازاد نەبن ئەوا بە پێچەوانەی رەوشی سروشتییە و ئەگەر نەتەوەکانی باشووریش ئازاد بن ئەوا دیسان پێچەوانەی سروشتە.

## بەشی چوارەم: جیاوازی نێوان بازرگانی سەردەمی کۆن و بازرگانی ئێمە

بارودۆخی بازرگانی بە پێی جۆری ئاو و هەوا دەگۆڕێ، بۆ نموونە ئەمڕۆکە بازرگانی ئەوروپا لە نێوان نەتەوەکانی باکوور و باشوور ئەنجام دەدرێ، چونکە بە هۆی جیاوازی ئاو و هەواوە کە لە نێوان باکوور و باشووری ئەوروپادا هەیە، نەتەوەی ئەو دوو ناوچەیە سوود لە بەروبوومی یەکتر وەردەگرن و پێویستییان بە ئاڵوویرکرنی شتومەک و بەروبوومەکانی یەکتر هەیە.

یەکێک لەو بەروبوومانەی کە نەتەوەکانی باکوور پێویستییان پێی هەیە و نەتەوەکانی باشوور هەیانە مەشرووباتی کحولییە و پێشینیان لەو بازرگانییە بێ ئاگا بوونە و هەر بۆیەش ئەگەرچی جاران قەبارەی کەشتییەکان بە گوێرەی عەربەی گەنمەوە دیاری دەکرا،



کەچی ئێستا قەبارەی کەشتییەکان لە رووی بەرمیلی مەشرووبەوە دیاری دەکرێت و دەڵێن فلانە کەشتییە جێگای ئەوەندە بەرمیل مەشروبی هەیە[١٠٢].

بەڵام لە سەردەمی کۆندا بازرگانی لە نێوان باکوور و باشووری ئەوروپادا نەدەکرا، بە زۆری بازرگانی بە درێژایی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و لەم بەندەر بۆ ئەو بەندەر ئەنجام دەدرا و لەبەر ئەوەی هەموو ئەو بەندەرانە کەوتبوونە ژێر یەک جۆر ئاو و هەواوە، هەر بۆیە بەروبووم و شتومەکەکانیان وەکو یەک بوو و هێندە پێویستییان بە بەروبووم و شتی یەکتر نەبوو هەر بۆیە لە رابردوودا بازرگانی ئەوروپا وەکو ئێستا بەرفراوان نەبوو.

ئەم مەسەلەیە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو بابەتە نییە کە لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا لەمەڕ هیندستانەوە باسمان کرد، چونکە بە هۆی جیاوازییەکی یەکجار زۆری ئاو و هەوای ئەوروپا و هیندستان، تەنانەت پێداویستییەکی رێژەیش لە نێوان ئەو دوو ناوچەیەدا نییە.

## بەشی پێنجەم: هەندێ جیاوازی تر

بازرگانی ناوچەیەکی جێگیر و دیاریکراوی نییە و لەسەر رووی زەوی ناوەندێکی تایبەتی نییە. بە هۆی هێرش و پەلاماری سوڵتانە جیهانگیر و ئیستبدادیی فەرمانڕەوا زاڵمەکانەوە ئاڵوگۆڕ بەسەر شوێنەکەیدا دێ و هەر کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا فشاری خرایە سەر، ئەوا بەرەو شوێنێکی تر دەڕوا، بە چەشنێک کە هەندێ لە ناوەندە گەورەکانی بازرگانی سەردەمی رابردوو ئێستا بوونەتە بیابانی وشک و قاقڕ بە پێچەوانەشەوە ئەو شوێنانەی کە پێشتر جەنگەڵ و بیابان یان دەشتی چۆڵ و بەردەڵان بوونە، ئەمڕۆ بوونەتە ناوەندی بازرگانی. بۆ نموونە خاکی کولشید[١٠٣] ئەمڕۆکە جگە لە جەنگەڵێکی پان و بەرین کە شوێنی ژمارەیەکی کەمی خەڵکە هیچی تری لێ نەماوەتەوە، ئەو ژمارە کەمە ناچارن بۆ پاراستنی ئازادی خۆیان بەردەوام لە شەڕدابن لەگەڵ ئێرانی و تورکەکان. لەسەر خاکی بە جەنگەڵ داپۆشراوی کولشید هیچ شوێنەوارێک لە شارە ئاوەدانەکانی سەردەمە دێرینەکان نەماوە، بە جۆرێک کە ئەگەر لە رێگای کتێبەکانی پلین و ئسترابون وەسفی ئەو ناوچەیەو ئاوەدانییەکەیمان نەخوێندبایەوە، پێمان وابوو ئەو شوێنە یەکێکە لە ئاوەدانترین ناوچەکانی جیهان و رۆژێ لەڕۆژان ناوەندی بازرگانی بووە.

مێژووی بازرگانی هەمان مێژووی پەیوەندی میللەتەکانی دونیا و هەڵکشان و داکشانی ژیانی میللەتەکان و سەرهەڵدان و وێران بوونی وڵاتەکانە، بە جۆرێک ئەو رووداوانە بەسەرهاتە گەورەکانی مێژووی بازرگانی پێک دەهێنن.

## بەشی شەشەم: بازرگانی لە سەردەمی کۆندا

خەزێنە گەورەکانی سەمیرامیس[١٠٤] بە باشی دەری دەخا کە ئاشوورییەکان ئەو خەزێنە گرانبەهایانەیان لەماوەی رۆژێک و دوو رۆژدا وەسەریەک نەناوە بەڵکو بە ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو خەزێنەیان لە دارایی خێڵ و نەتەوەکانی ترەوە بە دەست هێنا، یان داگیریان کردو خێڵەکانی تریش بە نۆبەی خۆیان خەزێنەکانی سەمیرامیسیان تالآن کرد.

سەنعەتی بوونی ئەو خەزێنە گرانبەهایانە بارودۆخێکمان بۆ دەردەخا کە لە سەردەمی شکۆمەندی و گەورەیی سەمیرامیسدا بازرگانی گەشەسەندنێکی باشی بە خۆوە بینیوە، چونکە یەکێک لە دەرەنجامە راستەوخۆکانی بازرگانی بەرهەمهێنانی سامان و داراییە و هەروەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جوانکاری و لوکس و لوکسیش هونەری جۆراوجۆر و سەنعەتی جوانکاری دەگرێتەوە.

لە سەردەمە دێرینەکاندا بازرگانی لە وڵاتانی ئاسیادا گەشەسەندنێکی مەزنی بە خۆوە دیتووەو رەونەقێکی یەکجار زۆری هەبووە، بە جۆرێک کە مێژووی بازرگانی نەتەوەکانی ئاسیا یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی بازرگانی پێک دێنێ. بەڵام ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر وڵات و شارەکانی ئاسیادا هاتووە و ئەو ئاڵوگۆڕە بۆتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی بازرگانی لەو کیشوەرەدا.

مێژووی پلین و ئسترابون دەریدەخا کە لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران و ئەو شوێنانەی ئەمڕۆکە پێیان دەگوترێ تورکستان و ئەفغانستان و خوراسان گەلێک شاری ئاوەدان سەریانهەڵداوە کە لەناوچوون و ئەمڕۆ نەماون، هەروەها لە باکووری ئێران و ئەو ناوچەی دەکەوێتە نێوان دەریای خەزەر و دەریای ڕەش زۆر شاری گەورە هەبوون، کە ئەمڕۆکە نەماون.

ئەراتوستن و ئاریستوبۆل لە زمانی پاترۆکل-ی جیۆگرافیزانی بە ناوبانگ کە وتەکانی جێگای پەسەندی سەربژاردەیە، دەگێڕنەوە: شتومەکی بازرگانی هندستان لە سەردەمی کۆندا لە ڕێگای رووباری جەیحون و دەریای خەزەرەوە بەرەو دەریای ڕەش دەگوێزرایەوە. هەروەها مێژوونووسە بە ناوبانگەکانی وەکو پلین و ئسترابۆن و مارک وارۆن دەگێڕنەوە: ئەو کاتەی پمپەی قەیسەری رۆما لەگەڵ میترداتی پاشای ئەشکانیدا خەریکی جەنگ بوو، ڕێبوارەکان لە ماوەی حەوت رۆژدا لە هیندستانەوە بەرەو میزۆپۆتامیا لە ڕێگای ئاوەوە واتە هیرمەند کە ئەو کاتە تێکەڵی جەیحون دەبۆوە، سەفەرەکەی خۆیان ئەنجام دەدا، پاشان لە ڕێگای جەیحونەوە دەچوونە ناو دەریای خەزەر و ئەو کات بە هۆی



دەریاوانییەوە شتومەکەکانی خۆیان دەگەیاندە ڕێژگەی (مەسەبی)[١٠٥] رووباری سیروس[١٠٦] و پاشان بە درێژایی رووبارەکە دەڕۆیشتن و دەچوونە ناو فاز و لەبەر ئەوەی ئەو رووبارە تێکەڵ بە دەریایی ڕەش دەبوو، هەر بۆیە شتومەکی بازرگانی هیندستان بەم جۆرە دەگەیشتە دەریای ڕەش.

بەم جۆرە ئەو دەوڵەتە گەورانەی لە ئاسیای ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا، وەکو ئاشوورییەکان و مادەکان و پارسەکان بەردەوام لە ڕێگای ئاوەوە بە هۆی ئەو نەتەوە جۆراوجۆرانەی دەکەوتنە نێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەر و رووباری جەیحون، لەگەڵ هندستان و رۆژئاوای جیهاندا پەیوەندییان هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ ئەو ڕێگا گرنگ و مەزنەی بازرگانی لە نێو چووە و نەتەوەکانی ئەم سنوور و شوێنانە بەهۆی هێرش و پەلاماری بەردەوامی تەتەرەکان نابوودکران و تا ئێستاکەش تەتەرەکانی نیشتەجێ لەم سنوورانە ئاستەنگ و ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەم میللەتانەدا.

رووباری سەیحونیش کە لە سەردەمە دێرینەکاندا سنووری نێوان نەتەوە شارستانی و تەتەرەکانی دیاری دەکرد، وەکو رووباری جەیحون ئیتر نە دەڕژایە دەریای خەزەرەوە، تەتەرەکان ڕەوتی رووباری سەیحونیشیان وەکو رووباری جەیحون گۆڕی. ئەمڕۆ تەنیا یەک رووبار لە لای رۆژهەڵاتەوە دەڕژێتە نێو دەریای خەزەرەوە کە ناوی رووباری ئەترەکە کە هەندێ لە جوگرافی زانەکان بە نێوی ئەستڕئاباد تۆماریان کردووە.

بە هەر حاڵ ئەو ڕێگا بازرگانییە دێرینەی کە بە هۆی ئەوەوە شتومەک و کاڵاکانی هیندستان بە رووباری هیرمند و جەیحوندا تێدەپەڕین و دەگەیشتنە دەریای خەزەر و لە وێشەوە پاش تێپەڕبوون لە رووباری ئاراس و فاز دەگەیشتە دەریای ڕەش، چیتر کەڵکی لێ وەرنەگیرا.

لە دوای مەرگی ئەسکەندەر، کاتێ سلۆکیدەکان هاتنە سەرکار سلۆکۆس نیکاتری پاشای بەنێوبانگی بنەماڵەی سلۆکید، بڕیاری دا کە دەریای خەزەر بە هۆی ئەو رووبارانەی لە قەوقازیادا هەن بە دەریای ڕەش ببەستێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوشتیان ئەو نەخشەیەی بۆ جێبەجێ نەکرا. گریمان زیندووش بمایە، لەوانە نەبوو بیتوانیبا ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکا، چونکە قەوقازیا ناوچەیەکی شاخاوییە، سەرەڕای ئەوەی رووباری زۆری تێدایە، بەڵام کارێکی ئاستەمە بتوانرێ سوود لە رووبارەکانی وەرگیرێ بۆ بەستنەوەی دوو دەریا بە یەکتری، بە تایبەتی چونکە لەو سەردەمەدا وەکو ئێستا شارەزای دروستکردنی بەربەستی ئاو نەبوونە، واتە نەیاندەتوانی لە ڕێگای بەربەستەوە ئاستی ئاوی رووبارەکان بەرز بکەنەوە.

هەندێ لە یاداشت نووسەکان پێیان وابووە سلۆکۆس نیکاتر دەیویست هەر لەو شوێنەی کە لە لایەن پێتری مەزنەوە دەست کرا بە لێدانی کەناڵێک، واتە لە پێچی رووباری دۆن دا کەناڵێک هەڵکەنێ و رووباری ولگا بە شەتی دۆن ببەستێتەوە، بۆ ئەوەی کەشتییەکان لە رێگای دەریای مازەندەرانەوە (خەزەر) بچنە ناو رووباری ولگا و پاش تێپەڕبوون بە کەناڵەکە خۆیان بگەیەننە کەنداوی دۆن و بە درێژایی ئەو کەنداوە رێگا ببڕن تا دەگەنە دەریای ڕەش. بەڵام لە سەردەمی سەڵتەنەتی سلۆکۆس نیکاتر و تا ماوەیەکی زۆر دواتریش هێشتا بەشی باکووری دەریای خەزەر کەشف نەکرابوو و خەڵکی ئەو سەردەمە لە بوونی رووباری ولگا بێ ئاگا بوون.

لە کاتێکدا نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست خەریکی بازرگانی لوکس بوون، دانیشتوانی تیر(نەتەوەیەکە لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و رۆژئاوای ئاسیای بچووک) خەریکی بازرگانی ئابووری بوون، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی مەدیتەرانەدا هەندێ کۆچ نشینیان پێک هێناو تەنانەت لە جەبەل تارقیش تێپەڕین و لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسیشدا هەندێ کۆچنشینیان دروست کرد.

بەڵام چونکە لەو سەردەمەدا دەریاوانەکان ناچار بوون بەردەوام بە رێکاورێکی کەنارەکاندا بڕۆن و قیبلەنمایان نەبوو و کەنار دەریا، رۆڵی قیبلەنمای بۆ ئەوان دەبینی، هەر بۆیە سەفەرە دەریاییەکان دوور ودرێژ دەبوون و بە هێواشی بە ئەنجام دەگەیشتن. هەروەک گەشتی دەریایی ئولیس کە لە یۆناندا بە ناوبانگە و بەسەرهاتی ئەو گەشتە یەکێکە لە داستانە حەماسییەکانی گەلی یۆنان.

دوورودرێژ بوونی گەشتە دەریاییەکان و ئەو زانیارییە کەمەی نەتەوە دووردەستەکان لەسەر یەکتر هەیان بوو، دەبووە هۆی ئەوەی دەریاوانەکان و ئەو کەسانەی خەریکی بازرگانی ئابوورین سوودێکی زۆر بە دەست بێنن و بە پێی ئارەزووی خۆیان شتومەکەکانیان بفرۆشن. لەو سەردەمەدا وڵاتی میسر لە رووی دینەیەوە لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی تردا جیاوازی هەبوو، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان میسر و نەتەوەکانی تردا نەبوو و لەگەڵ هیچ میللەتێکدا بازرگانییان نەدەکرد، بەڵام چونکە خاوەنی زەوی زاری بە پیت و کشتوکاڵی بوون جۆرەها بەروبوومیان رەنێو دێنا، بۆ خۆیان پێداویستییەکانی خۆیانیان دابین دەکرد. لەو رووەوە، وڵاتی میسر لەو کاتەدا وەکو وڵاتی ژاپۆنە لە سەردەمی ئێستادا.

میسرییەکان بە ڕادەیەک سەبارەت بە بازرگانی کەمتەرخەم بوون، دەریاوانی دەریای سووریان بەو میللەتە بچووکانە سپاردبوو کە لە کەنارەکاندا هەندێ بەندەریان هەبوو. بەم



جۆرە یەمەنی و یەهودی و سریانییەکان لە نێو دەریای سووردا خەریکی دەریاوانی بوون. سلێمانی بە ناوبانگ خەڵکی تیری لەسەر دەریاوانی دامەزراند، چونکە لە دەریاوانیدا بێ هاوتا بوون و شارەزاییەکی باشیان لەسەر دەریای سوور هەبوو.

یوسف مێژوونووسی بەناوبانگی یەهوودی دەڵێ: لەبەر ئەوەی میللەتی یەهوود تەنیا خەریکی کشتوکاڵ بوون، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ دەریاوانی نەبوو و زۆر بە کەمی لە دەریای سووردا بازرگانییان دەکرد. بەڵام بەهۆی بازرگانییەوە توانیان دوو بەندەری ئالان و ئازتۆن کابر لە یەمەنییەکان داگیر بکەن و تا ئەو کاتەی ئەو دوو بەندەرە لە ژێر دەستی یەهوودییەکان دابوو، لە دەریای سووردا بە بازرگانییەوە خەریک بوون، بەڵام پاش ئەوەی ئەو دوو بەندەرەیان لە دەست چوو، ئەوا بازرگانییەکەشیان لە دەست دەرهێنرا.

بەڵام فینیقییەکان بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بازرگانی دەریایی ئەوروپایان لە ژێر دەست دابوو و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەهیچ جۆرێ ئەو میللەتە خۆی بە بازرگانی لوکسەوە خەریک نەدەکرد و بەردەوام خەریکی بازرگانیی ئابووری بوو، هیچ کات لە خەیاڵی جیهانگیری دانەبوو و لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زەحمەتکێش و قانع و سەنعەتکار بوون و لە دەریاوانیدا شارەزاییەکی باشیان هەبوو، زۆری نەخایاند کە هەموو میللەتەکانی ئەو سەردەمە، چاویان بڕیە یارمەتی ئەوان.

ئەو نەتەوانەی لە رابردوودا لە کەنارەکانی دەریای سووردا ژیانیان بەسەر دەبرد، جگە لەو دەریایە و رۆژهەڵاتی ئەفریقا لە هیچ شوێنێکی تردا بازرگانییان نەدەکرد و بەڵگەکەشمان ئەو تاسان و سەرسوڕماوییەیە کە لە دوای کەشف کردنی زەریای هیندی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەزندا بەسەر خەڵکی جیهاندا زاڵ بوو. چونکە هیچ کام لە نەتەوە دەریاوانەکان، شارەزا و ئاگاداری بوونی زەریای هند نەبوون.

لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا وتم؛ ئەو میللەتە کۆنانەی لەگەڵ هندستاندا خەریکی بازرگانی بوون، بەردەوام زێروزیویان بۆ ئەو وڵاتە دەبرد و لەوێوە شتومەکیان دەهێنا و هیچ بازرگانێک لە هیندەوە زێروزیوی نەدەهێنا.

ئێستا لەوانەیە رەخنەم ئاراستە بکەن و بڵێن، لەبەر ئەوەی کەشتی یەهوودییەکان لە کاتی گەڕانەوە لە دەریای سوور زێروزیویان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، کەواتە ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەر لە ئەسکەندەریش زەریای هندییان ناسیوەو شارەزای بوونە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو زێڕوزیوەی کەشتییە یەهوودییەکان لەکاتی گەڕانەوە لە دەریایی سووردا لەگەڵ خۆیان دەیان هێنایەوە، لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا وەدەستیان دەهێنا نەک لە هیندستان و ئەو کەشتییانە لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا زۆر بەرەو باشوور

نەدەڕۆیشتن. لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن لەبەر ئەوەی ماوەی گەڕانەوەی کەشتییەکانی سلێمان و ئاسف لە کاتی سەفەرکردن بۆ دەریای سوور سێ ساڵی دەخایاند، کەواتە ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقاوە زۆر بەرەو لای باشوور رۆیشتوون. بەڵام ئەوانە بێ خەبەرن لەوەی کە ماوە درێژیی گەشتی کەشتییەکانی سلێمان و ئاسف بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەوان لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا واتە بەرەو لای باشوور زیاد پێشڕەویان کردووە.

پلین و ئسترابۆن دوو لە کۆنە مێژوونووسەکان لە کتێبەکانی خۆیاندا دەڵێن:

کەشتییەکانی دەریای سوور لە دار دروست دەکران، هەر بۆیە زۆر بە هێواشی دەجوولان. بەڵام کەشتییە رۆمانییەکانیان لە تەختە دروست دەکرد و ئەوان زۆر بە خێرایی جووڵەیان دەکرد، بەجۆرێ کە رێگای بیست رۆژەی کەشتییەکانی دەریای سوور، بە حەوت رۆژ لە لایەن کەشتییە رۆمانییەکانەوە دەبڕا. کەواتە گەشتی سێ ساڵەی کەشتیەکانی سلێمان ئەگەر بە کەشتی رۆمانی ئەنجام درابا ئەوا یەک ساڵی دەخایاند.

کاتێ خێرایی جولەی دوو کەشتی جیاواز بوو، وەدواکەوتنی کەشتییە هێواشەکان تەنیا بە پێی هیواشی جولەکەیان نابێ و زۆر زیاتر لەوەی حیسابە رواڵەتییەکان دەری دەخەن، گەشتی کەشتییە خێراییەکان ماوەی پێویستە. چونکە کاتێ کەشتییە چارۆگەدارەکان لە سەردەمی کۆندا راستەوڕاست بە درێژای کەنارەکاندا دەڕۆیشتن و چوونە ناو بەندەرەکان و هاتنە دەرەوە لێیان گیروگرفتی زۆری بۆ کەشتییە هێواشەکان دروست دەکرد و زۆربەی کاتەکان ناچار بوون چاوەڕوانی بای گونجاو( ئەو بایەی لەگەڵ ئاراستەی رۆیشتنی کەشتییەکەدا دەگونجێ) بکەن، لە کاتێک دا کەشتییە خێراکان، هەروەک چۆن دواتر باسی لێوە دەکەین سوودیان لە هەموو جۆرە بایەک، تەنانەت بایە پێچەوانەکانیش وەردەگرت و وەکو کەشتیە هێواشەکان ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕوانی هەڵکردنی بای گونجاویان نەدەکرد. یەکێک لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؛ لەبەر ئەوەی کەشتییەکانی دەریای سوور و کەشتییەکانی دەریای هند لە دار دروست دەکران هەر بۆیە بنکەی کەشتییەکە زۆر لە ئاودا نوقم نەدەبوو، بەڵام چونکە کەشتییە رۆمانی و یۆنانییەکان لە تەختە دروست دەکران و ئاسنیان پێوە هەڵدەواسی هەر بۆیە زۆر لە ئاودا نوقم دەبوون.

بۆ ئەوەی زیاتر لەو بابەتە بگەین، پێویستە سەیرێکی کەشتییەکانی ئێستا بکەن، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ، ئەو نەتەوانەی خاوەنی بەندەری قووڵ نین بە ناچاری کەشتییەکانی خۆیان بە جۆرێ دروست دەکەن کە بنکەکانیان پان و پۆڕ بێ.

هەر بۆیە کەشتییەکان زۆر لە ئاودا نوقم نابن و دەتوانن بچنە ناو ئەو بەندەرانەی کە



قوولاییان کەمە وەکو بەندەرەکانی ئیتالیا و ڤینیسیا و هوڵەندا و یان لێیانەوە بێنە دەر. بەڵام نەتەوەکانی تری وەکو فەڕەنسی و بەریتانییەکان لەبەر ئەوەی بەندەری باشیان هەیە و بەندەرەکانیان گەلێک قووڵە، کەشتییەکانی خۆیان بە جۆرێ دروست دەکەن کە بنکەکانیان زۆر لە نێو ئاودا نوقم دەبێ. لە ئاکامیشدا کەشتییە بنکە پان و پۆرەکان کە زۆر لە ئاودا نوقم نابن تەنیا کاتێ دەتوانن درێژە بە گەشتی خۆیان بدەن ئەگەر ئاراستەی با لە پشتەوە ڕا هەڵکا و بە چارۆگەکانیان بکەوێ دەنا بە هیچ جۆرێ ناتوانن جولە بکەن. بەڵام ئەو کەشتییانەی لە جۆری دووەمن، لەبەر ئەوەی بنکەیەکی درێژکۆڵەیان هەیە و زۆر لە ئاودا نوقم دەبن، هەر بۆیە لە هەر لایەکەوە با هەڵبکا دەتوانن گەشتی خۆیان دەست پێ بکەن و بە هۆی ئەو بنکە درێژکۆڵەیەوە دەتوانن چەقە قورساییەکی باش لە ئاوەکەدا دروست بکەن و لەبەر ئەوەی کەشتییەکە درێژە، با لە هەر لایەکەوە هەڵبکا بە یەکێک لە دوو لای کەشتییەکە دەکەوێ وەجولەی دەخاو ئەو کاتە بە هۆی جولەی سوکانەوە، کەشتییەکە بەرەو ئەو شوێن و لایە لێ دەخوڕن کە مەبەستیانە، بەڵام کاتێک کە بنکەی کەشتییەکە پان و پۆر بوو زۆر لە نێو ئاودا نوقم نەبوو ئەوا ناتوانێ چەقە قورساییەک لە ئاوەکەدا پەیدا بکا و با بە ئارەزووی خۆی دەیجولێنی و بەرەو پێشەوەی دەبا و کەشتییەکە دەتوانێ تەنیا بە ئاراستەی بایەکە جولە بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی بای دەریا کاتێکی دیاری کراوی نییە و هەموو رۆژێ یان هەرچەند رۆژ جارێک لە لایەکەوە هەڵدەکات جگە لە بایە وەرزی و هەمیشەییەکان، هەر بۆیە ئەم دەرەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: ئەو کەشتیانەی کە بنکەکەیان پان و پۆڕ یان خڕە، پێویستە هەمیشە لە چاوەڕوانی بای گونجاودا بن و ئەو بابەتەش، بێ گومان دەبێتە هۆی دواکەوتنی جولە و گەشتی کەشتییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمە کۆنەکاندا بە هۆی نەبوونی قیبلەنماوە کەشتییەکان ناچار بوون بە درێژای کەنارەکاندا بڕۆن و لەبەر ئەوەی کەنارەکانیش پێچاوپێچی زۆری تێدا بوو، هەر بۆیە هێڵی گەشتی کەشتییەکانیش رۆژ بەڕۆژ گۆڕانی بەسەردا دەهات.

دووەم: کاتێ کەشتییەکە بنکەکەی پان و پۆڕ و خڕ بێ ناتوانێ چارۆگەی زۆر هەڵدات و ئەم بابەتە لەگەڵ بیروبۆچوونی دەریاوانەکانی ئەمڕۆشدا دەگونجێ. ئێستا کە هونەری دروستکردنی کەشتی گەیشتۆتە لوتکەی خۆی و هەر چەشنە کەم و کوڕییەک لە ئاکامی زانست و پیشەسازییەوە لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر دەکرێ کەچی جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان کەشتی خڕ و کەشتی نوک تیژدا هەیە. هزر بکەن پێشتر لە نێوان ئەو دوو

جۆرە کەشتیەدا چەند جیاوازی هەبووە.

لە لایەکی تریش، کەشتییەکانی دەریای سوور و هندستان بچووک بوون، بەڵام کەشتییە رۆمانییەکان یەکجار گەورە بوون، دەتوانین بڵێین تەنیا تۆزێک لە کەشتییەکانی ئێمە بچووکتر بوونە و لای هەمووانیش ئاشکرایە کە کەشتی بچووک زۆر زیاتر لە کەشتیی گەورە لە کاتی گەردەلوولەکاندا زیانی پێ دەگا. بۆ نموونە لەوانەیە گەردەلوولێک کەشتییەکی بچووک نغرۆی ناو دەریا بکا، بەڵام هیچ چەشنە زیانێک بە کەشتییەکی گەورە نەگەیەنێ.

ڕێسایەکی ئەندازەیی هەیە دەڵێ: هەرچەندە قەبارەی تەنێک گەورەتر بێ رووی (سطح) دەرەوەی کەمتر دەبێ. بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە شیکردنەوەیەک پێشکەش دەکەم. بە پێی ساختمانی کەشتی قەبارەی بارهەڵگری کەشتییەک بریتییە لە کێشی نیوەی ئەو ئاوەی کە کەشتییەکە دەتوانێ هەڵیگرێ. بۆ نموونە ئەگەر کەشتییەک بتوانێ هەشت سەد تەن ئاو لە خۆیدا جێگا بکاتەوە واتە هەڵیگرێ، ئەوا قەبارەی بارهەڵگری ئەو کەشتییە لە دەریادا چوار سەد تەنە و ئەو کەشتییە بچووکەی کە لە توانایدا هەیە چوار سەد تەن ئاو لە خۆیدا جێگە بکاتەوە ئەوا لە دەریادا توانای هەڵگرتنی دوو سەد تەنی هەیە.

بەم جۆرە ڕێژەی گەورەیی گەشتی یەکەم بە پێی ئەو بارەی هەڵیدەگرێ ڕێژەی هەشت (٨) بە (٤) چوارە و ڕێژەی گەورەیی کەشتیی دووەمیش بە پێی ئەو بارەی دەتوانێ هەڵیگرێ ڕێژەی چوار(٤) بە دوو (٢) یە. ئێستا ئەگەر وا دابنێین کە رووی دەرەوەی کەشتیی یەکەم لە چاو رووی دەرەوە کەشتی دووەم، وەکو ٨ بە ٦ بێ، ئەوا رووی دەرەوەی کەشتیی یەکەم نسبەت بە کێشەکەی ٨ بە ٤ و ڕێژەی رووی دەرەوەی کەشتیی دووەم نسبەت بە کێشەکەی ٦ بە ٢ دەبێ. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە کەشتیی یەکەم چونکە گەورەیە لە چاو رووی دەرەوەی خۆی زۆر زیاتر بارهەڵدەگرێ و لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی با خێراو شەپۆلە دەریاییەکان تەنیا هێرش دەبەنە سەر رووی دەرەوەی کەشتییەکە، کەشتیی گەورە لە بەرامبەر شەپۆڵ و گەردەلوولدا باشتر بەرگە دەگرێ، چونکە کێشەکەی زیاترە، لە کاتێکدا کەشتییە بچووکەکان لەبەر ئەوەی بارێکی کەمیان هەڵگرتووە، کێشەکەیان کەم و گەردەلوول و شەپۆلەکان زیاتر زیانیان پێ دەگەیەنن. ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کە دەری دەخات، کەشتییە رۆمانی و یۆنانییەکان بە هۆی گەورەییەوە لە رووی دەریاوانییەوە لە کەشتییە بچووکەکانی دەریای سوور و هیندستان باشتر بوون.



## بەشی حەوتەم: بازرگانی یۆنانییەکان

یۆنانییە سەرەتاییەکان هەرهەموویان چەتەی دەریایی بوون. ئەگەر مینۆس چەتەی دەریایی بەناوبانگی یۆنان، سنووری چالاکییەکانی تەنیا دەوروبەری دورگەی نیشتەجێ بوونی خۆی نەگرتباوە، ئەوا بێگومان دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر دەریادا دەبوو. بەڵام کاتێ یۆنانییەکان بوون بەمیللەتێکی گەورەی ناوچەکە، رۆژ لە دوای رۆژ دەسەڵاتیان بەسەر دەریاکاندا پەرەی دەسەند تا ئەو شوێنەی کە بەڕاستی میللەتی ئەسینا توانیان سەروەری دەریاکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و یەکێک لە گەورەترین پاشاکانی ئەو سەردەمە کە پاشای ئێران بوو ناچار بکەن بیروبۆچوونەکانیان قبووڵ بکات و هەروەها توانیان هێزی دەریایی سریانییەکان و دورگەی قبرس و فینیقییەکان تێک بشکێنن. ئێستا باسی سەروەریی دەریایی ئەسینا دەکەین:

گەزنەفۆنی مێژوونووس دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی ئەسینییەکان سەروەریی دەریاکانیان لەژێر چنگ دایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کیشوەرێکدا ژیان بەسەر دەبەن، هەر بۆیە بەردەوام دەکەونە بەر هێرشی بێگانەکان و وڵاتەکەیان تاڵان و وێران دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدا کە کەشتییەکانی ئەسینا بەسەر شوێنە دوور دەستەکاندا حکومەت دەکەن.

بەهۆی ئەو هێرش و تاڵانکارییانەوە، گەورە پیاوەکانی ئەسینا زەوی و زارەکانی خۆیان بەجێ دێڵن و دارایی و شتومەکەکانی خۆیان لە یەکێک لە دورگەکاندا کە شوێنێکی ئەمنە حەشار دەدەن و چین و توێژەکانی تریش لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ شتێک نین لەو هێرشانە ناترسێن.

ئێستا ئەگەر ئەسینا دورگەیەک با، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی سەروەریی دەریایی دەبوو، دەیتوانی ئازار بە نەتەوەکانی تریش بگەیەنێ و هیچ میللەتێکیش نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەری و زەرەرو زیانی پێ بگەیەنێ.

کاتێ بیروبۆچوونەکانی گەزنەفۆن لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بەراورد دەکەین، دەڵێی گەزنەفۆن ویستوویەتی سەبارەت بە ئینگلتەرا بدوێ، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو هەموو گەورە پیاوانەو سەرەڕای ئەو هەموو نەخشە و پرۆژە گەورەو سەرنجڕاکێشانەی کە لە بیری بازرگان و گەورە پیاوەکانی ئەو وڵاتە دەردەچوون و بەردەوام لە بیری فراوانکردنی سەروەریی دەریایی خۆیاندا بوونە بەبێ ئەوەی سوودی لێوەرگرن و سەرەڕای بوونی کان و دەریاوانی زۆرو ئەو نفووزە بەربلاوەی هەیان بوو کەچی نەیانتوانی سوود لە بازرگانی وەرگرن، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سۆلۆن یاسادانەری گەورەی یۆنانی زۆر یاسای باش و سەرنجڕاکێشی بۆ ئەو وڵاتە دارشتبوو.

بازرگانی ئەسینا تەنیا لە یۆنان و دەریای رەشدا ئەنجام دەدرا و لەو سنوورە تێنەدەپەڕی بەڵام بازرگانی کورنێت[١٠٧] بەپێچەوانەبوو و رەونەقێکی باشی هەبوو، چونکە ئەو شارە هەردوو دەریای رۆژهەڵات و رۆژئاوای لە یەکتر جیادەکردەوەو بە دەروازەی یۆنان لە قەڵەم دەدراو شوێن و هەڵکەوتێکی بەرچاوی لە ناوچەکەدا هەبوو و لەو سەردەمەدا کە هەرکام لە شارەکانی یۆنان بۆ خۆیان دەوڵەتێکی تایبەتییان پێک دەهێنا، کورنێت گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو، هەر بۆیە زۆر زیاتر لە ئەسینا بازرگانی کرد.

کورنێت خاوەنی دوو بەندەربوو، یەکێکیان بۆ وەستانی ئەو کەشتییانەی کە لە ئاسیاوە دەهاتن و ئەویتریان بۆ لەنگەرگرتنی ئەو کەشتییانەی کە لە ئیتاڵیای ئێستاوە سەفەریان بەرەو ئەوێ ئەنجام دەدا. لەبەر ئەوەی تێپەڕبوون لە بەرامبەر سەری کورنێت بەهۆی ئەو بایە پێچەوانەیەی کە لەو شوێنەی دەریاوە هەڵیدەکرد، یەکجار زۆر دژوارو سەخت بوو هەر بۆیە کەشتییەکان وایان پێ باشتربوو کە لە یەکێک لە دوو بەندەرەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەو شارە لەنگەربگرن و تەنانەت لەوانەبوو شتومەکی بازرگانی لە رێگای وشکانییەوە بۆ بەندەرێکی تر بگوازنەوە و لەوێڕا لە کەشتییەکی تری باربکەن.

هیچ کام لە شارەکانی یۆنان بەڕادەی کورنێت کاریگەری پیشەسازی و هونەری پێوە دیار نەبوون، بەڵام مخابن ئایین ئەخلاقی بێگەردی خەڵکەکەی فاسد کردو لەلایەکی تریشەوە تەجەمول و خۆڕازاندنەوە یارمەتییەکی زۆرتری گەندەڵبوونی ئەخلاقی داو ئەو دوو فاکتەرە دەستیان خستە ناو دەستی یەکترو ئەخلاقی خەڵکی کورنێتیان بەرەو فەسادو گەندەڵی پەلکێش کرد. بۆ نموونە لە پێناوی ڤینۆس (خواوەندی جوانی)دا پەرستگایەکیان دروست کرد کە هەزار کچی جوانیان بەتایبەتی بۆ خزمەتی ئەو پەرستگایە دانابوو و بەشی هەرە زۆری جوانەکانی یۆنان هەروەک ئاتنە بەسەرهاتەکانی نووسیون لەو پەرستگایە هاتنەدەر.

لە سەردەمی هۆمیرۆس، شاعیری بەناوبانگی یۆنانیدا تەنیا سێ شاری رۆدس و کورنێت و ئورکومن خاوەنی گەورەیی و پێشکەوتن بوون. هۆمیرۆس لە کتێبی ئیلیادەدا دەڵێ: ژوپیتێری خوای خواوەندەکان لەبەر ئەوەی خەڵکی رۆدسی خۆشدەویست هەر بۆیە سامان و داراییەکی زۆری پێ بەخشین و هۆکارەکانی کۆکردنەوەو بەدەست هێنانی سامانی خستە ژێر دەستی خەڵکی کورنێت. لە شوێنێکی تری ئیلیادەدا، هاوکات لەگەڵ وەسف کردنی ئەو شارانەی خاوەنی زێڕی زۆرن، بەپلەی یەکەم باسی شاری ئورکومن دەکات و دەڵێ: ئەو شارە لەڕووی زۆریی کانی زێڕەوە بەشاری تبسی میسر دەچێ. رۆدس و



کورنێت توانیان پارێزگاری لە گەورەیی و پێشکەوتنی خۆیان بکەن، بەڵام ئورکومن گەورەیی و رەونەقی خۆی لەدەستدا.

چونکە ئورکومن کەوتبووە نزیک دەریای هلسپۆن و دەریای رەش و ئاشکراشە کە سامان و دارایی خۆی لە رێگای دەریاوانی لەو دەریایانەدا بەدەست دەهێنا، هەروەک چۆن ئەفسانەی (هەودای زێڕین) کە یەکێک لە ئەفسانە کۆنەکانی یۆنانەو دەلالەتێکە بۆ ساماندارای و دەوڵەمەندی خەڵکیی ئورکومن لە کەناری دەریای هلسپۆن روویداوە. هەروەها ئەفسانەکانی تریش کە لەسەر دەریاوانە یۆنانییەکان لە کتێبەکاندا تۆمارکراون، رووداوەکانیان هەر لەو دەریایەدا سەریهەڵداوەو روویان داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دواتر دەریای هلسپۆن و دەریای رەش و هتد، ناوبانگێکی زیاتریان پەیدا کرد و شارەکانی دیکەی یۆنانیش لەوێدا بەردی بناغەی بازرگانییان دامەزراندو لەگەڵ نەتەوە بەربەر و بیاباننشینەکاندا دەستیان کرد بە بازرگانی، هەر بۆیە شاری ئورکومن هێدی هێدی رەونەق و گەورەیی خۆی لەدەستدا و وەکو سەرجەم شارەکانی تری یۆنانی لێهات.

یۆنانییەکان بەر لە هۆمیرۆس تەنیا لەنێو خۆیاندا بازرگانییان دەکردو پاشان هێدی هێدی لەگەڵ میللەتە بەربەرییەکاندا دەستیان کرد بەکڕین و فرۆشتن و مامەڵەو هەرچەندی دەسەڵاتیان پەرەی دەسەندو وڵاتەکەیان فراوانتردەبوو، نەتەوەی نوێیان پێک دەهێناو هەندێ کۆچەری تازەیان لێ جیادەبووەوە کە ئەوانیش هەرکام بۆخۆیان نەتەوەیەکیان پێکدەهێنا.

ئەگەر سەیری نەخشەی یۆنان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وڵاتە نیمچە دورگەیەکی گەورەیە کە لە هەموو لایەکەوە سەرو باریکەکانی چوونەتەپێش و دەڵێی دەریایان رەپاشناوەو هاوکات چەندین کەنداو لە دەوروبەرەکەیدا دروست بووە، دەڵێی بۆ میوانداریی دەریا باوەشی خۆی کردۆتەوەو کۆچنشینە یۆنانییەکان وەکو بازنەیەک دەوری ئەو وڵاتەیان داوەو لە ئاکامیشدا بارودۆخی سروشتی ئەو وڵاتە بەجۆرێک بووە، کە لەسەردەمی کۆندا ئەو میللەتە دەیتوانی لەهەموو لایەکەوە بازرگانی بکات و لەگەڵ دونیای ئەوکاتدا بە بەربەر و نابەربەرەوە ئاشنایەتی پەیدا بکا. بەهۆی بوونی ئەو بارودۆخە سروشتییەوە، یۆنانییەکان چووبانە هەر ناوچەیەک کۆچ نشینێکیان دروست دەکرد، هەروەک چۆن لە سیسیل و ئیتاڵیا و کەنارەکانی دەریای رەش و ئاسیای بچووکدا چەندین کۆچ نشینیان پێکهێنا و هەرکام لەمانەش نەتەوەیەکی نوێیان دروست کردو هێدی هێدی شارەکانی یۆنان رەونەق و گەورەییەکی زۆریان بەدەست هێناو ئەو زنجیرە دورگەیەش کە لە ریزی پێشەوە دەوری کەنارەکانی یۆنانییان دابوو، ئاستەنگ و

بەربەستێکی گەلێک باش بوون بۆ ڕێگرتن لە هێرش و پەلاماری بێگانەکان.

لە پاش ئەوە هەموو جیهان چاوی بڕییە یۆنان، پەرستگای گەورە لەو وڵاتەدا دروست کران و پاشای گشت میللەتە جۆراوجۆرەکانی یۆنان دیاریی گرانبەهایان بۆ دەنارد. جەژنی گەورەیان وەڕێدەخست بەجۆرێ کە هەموو میللەتەکانی یۆنان بەشدارییان تێدادەکرد. خەتیب و گوتاربێژی ئەوتۆ سەریان هەڵدا کە نێوبانگیان لە ئاسۆدا دەدرەوشایەوە. زاناو بلیمەتەکانی یۆنان لە هەموو جیهاندا ناوبانگیان پەیداکرد، پیشەسازی و هونەرە جوانەکان گەیشتنە چڵەپۆپەو لەو پلەیە بەرزتر بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات.

### بەشی هەشتەم: ئەسکەندەرو داگیرکارییەکانی

لەسەردەمی ئەسکەندەردا چوار ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا کە شۆڕشێکی گەورەیان لە بازرگانیدا هێناکایەوە. ئەو چوار ڕووداوە بریتین لە: داگیرکردنی شاری تیرو فەتحکردنی میسرو داگیرکردنی هندستان و کەشفکردنی دەریایەکی گەورە کە دەکەوێتە باشووری هندستان.

پاش ئەوەی ئەو دەریا گەورەیە دۆزرایەوە، یۆنانییەکان لە ڕێگای ئەو دەریایەوە کە هەمان ئۆقیانووسی هندە، دەستیان کرد بە بازرگانی کردن. بەڵام پێویستە ئاگاداربین کە بەر لەئەسکەندەر میللەتێکی تریش هندستانی کەشف کردبوو.

ئێرانییەکان لەپێش ئەسکەندەردا ئۆقیانووسی هندییان دۆزیبۆوە، چونکە ئیمپراتۆری داریوش، پاشای ئێران لەلای ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنووری دەریای «سەند» بوو. داریوش فەرمانی بە دەریاوانەکان دا کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووباری سەند دا بڕۆن و ئەو شوێنە بدۆزنەوە کە ڕووبارەکە لێوەی دەڕژێتە دەریاوەو پاشان لەو شوێنەوە درێژە بە دەریاوانی خۆیان بدەن. بەم جۆرە دەریاوانەکان هەتاکو دەریای سوور ڕۆیشتن، سەرەڕای ئەوە کەچی ئێرانییەکان سوودیان لە دەریاوانی و بازرگانی هندستان وەرنەگرت و هۆکاری سوودوەرنەگرتن لەو دەریایە، کە دەریای کەنارەکانی هندستان بوو بەم جۆرەیە:

دەریای ئێران (عومانی ئێستا) لە کەنداوی فارسەوە تاکو ڕووباری سەند درێژ دەبێتەوەو لە باشووریش دەگاتە کێوەکانی پارۆپامیزاد(١٠٨)و لەڕاستیدا سەر بە ئێران بوو، بەڵام بەشەکانی باشووری ئەو دەریایە خاکی وشک و بێ کشتوکاڵ بوو و هیچ کەسی لەسەر نەدەژیاو لە داستانەکانیشدا هاتووە کە لەشکری سیروس و سەمیرامیس لەو دەشتەدا بەهیلاک چوونەو تەنانەت دەشتەکانی باکووری ئەم دەریایەش (فارس و کرمانی ئێستا) چۆڵ و بێ کشتوکاڵ بوونە. ئەسکەندەری مەزن کاتێ بە دەشتەکانی باکووری ئەو



دەریایەدا تێپەڕی، لەکاتی گەڕانەوە لە هندستان، بەشێک لە لەشکرەکەی خۆی بەهۆی گەرمیی هەواو بێ ئاوی لە دەستدا. لەو دەشتانە کۆمەڵە خێڵێک دەژیان کە پلێن ناوی ناون خێڵی ماسی خۆر، چونکە ئەو خێڵانە بە کشتوکاڵەوە خەریک نەدەبوون و تەنیا لە ڕێگای ڕاوی ماسییەوە بژێوی خۆیان دابین دەکردو لە ئاکامیشدا دەشتەکانی باشووری ئێران کە دەکاتە باکووری دەریای عومان، هیچ جۆرە شارو بەندەرێکی نەبوو و لەلایەکی تریشەوە ئێرانییەکان هیچ شارەزاییەکیان لە دەریاوانی نەبوو و ئاییینی زەردەشتی دەریاوانی قەدەغە کردبوو.(١٠٩)

ئەگەرچی داریوشی پاشای ئێران لە ڕێگای دەریاوانەکانییەوە دەریای هندی لە ڕژێنگەی ڕووباری سەندەوە تاکو دەریای سوور بڕی، بەڵام مەبەستی سەرەکی لەو دەریاوانییە پێشاندانی دەسەڵاتی پاشایانەو دامرکاندنی هەواو هەوەسی پاشابوو نەک بازرگانی، هەر بۆیە لەو دەریاوانییەدا هیچ دەسکەوتێکی ماددییان چنگ نەکەوت.

هۆیەکی تر کە وای لە ئێرانییەکان کرد لەگەڵ هندستاندا بازرگانی نەکەن ئەوەبوو، لەو سەردەمەدا دەیانگوت بەشی باشووری هندستان چۆڵەو کەسی لێ ناژی و باسی ئەوەیان دەکرد کە سیروس هەموو لەشکرەکەی لەو ناوچەیەدا بەهیلاک چووەو جگە لە حەوت کەس هیچ کەس لە سوپایەکەی نەگەڕاوەتەوە.

کاتێ ئەسکەندەر بەرەو هندستان لەشکرکێشی کرد، هەرچەندە لەلای باکوورەوە خۆی گەیاندە ئەو ناوچەیە، بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت بەشی باشووری هندستان ئاوەدانەو پڕە لە شاری گەورە، هەر بۆیە بەشی باشووری هندستانی داگیرکرد. پاشان ئەسکەندەر بڕیاریدا هندستان لە ڕێگای بازرگانییەوە بە ئەوروپا ببەستێتەوەو بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستە فەرمانیدا کەشتیگەلێکی زۆر لە قەراغ ڕووباری هیداسپ کە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری سەند دروست بکەن و پاشان کەشتییەکان لەو ڕێگایەوە شۆڕبوونەوەو چوونە نێو ڕووباری سەندو بەرەو لای دەریا ڕۆیشتن.

لەوکاتەدا شارێک کەوتبووە ڕێژگەی ڕووباری سەندو ناوی پاتاڵ بوو. ئەسکەندەر هێزی دەریایی و لەشکرەکەی خۆی لەو شارەدا سەقامگیرکرد و بە خۆی و کۆمەڵە کەشتییەکەوە ڕێگای دەریایان گرتەبەرو بۆ ماوەیەکی درێژ بە کەنارەکانی هندستان و بلوچستاندا تێپەڕی و لە هەندێ شوێنی تایبەتدا فەرمانیدا بەندەرو شوێنی داگرتنی بار دروست بکرێ و پاشان بەرەو پاتاڵ گەڕایەوە!

ئەم جار گەشتی پان و بەرین و گەورەی هێزی دەریایی ئەسکەندەر بە درێژایی کەنارەکانی دەریای هند دەستی پێکرد. لە کاتێکدا هێزی دەریایی بە درێژایی کەنارەکان

دەچووە پێش، هاوکات ئەسکەندەریش بە خۆی و لە شکرەکەیەوە لە ڕێگای وشکانییەوە پێشڕەوییان دەکرد بۆ ئەوەی بەردەوام هێزە دەریایی و وشکانییەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێ و بتوانن یارمەتی یەکتر بکەن.

بەم جۆرە لەشکری وشکانی و هێزی دەریایی ئەسکەندەر بەکەنارەکانی هندستان و کەناری هۆزە ماسیخۆرەکان (بلوچستانی ئێستا) و کەناری کارامانی (کرمانی ئێستا) و کەناری فارسدا تێپەڕین.

ئەسکەندەر بەدرێژایی ئەو دەشت و کەنارانە چەندین شاری دروست کردو لە چەندین جێگە بیری بۆ وەدەست هێنانی ئاو هەڵکەند. فەرمانی بە بەشێک لە هۆزە ماسی خۆرەکاندا کە واز لە خواردنی ماسی بێنن و خۆیان بە کشتوکاڵەوە خەریک بکەن، بۆ ئەوەی بەدرێژایی ئەو کەنارانە نەتەوەی شارستانی نیشتەجێ بێ.

بەسەرهاتی گەشتی هێزی دەریایی ئەسکەندەر لە ڕژێنگەی ڕووباری سەندەوە تا ڕژێنگەی شەتولعەرەب لەلایەن دوو کەشتیوان بەناوی نۆهئارک و ئونزیکریت نووسراوەتەوە. بەپێی ئەو سەفەرنامەیە بۆمان دەردەکەوێ کە گەشتەکەی ئەسکەندەر دە مانگی خایاندووە و کاتێک هێزی دەریایی گەیشتە شوش (خوزستانی ئێستا) لەگەڵ لەشکری وشکانیدا تێکەڵ بەیەک بوون، لەوکاتەدا لە شوش ئەسکەندەر مۆڵەتی چاوپێکەوتنی بە سەربازەکانی خۆی داوە[١١٠].

هەندێ لە یادداشت نووسەکان نووسیویانە، ئەسکەندەر بۆیە شاری ئەسکەندەریەی لە میسر دروست کرد تا لەگەڵ هندستاندا بازرگانی بکا، بێ ئاگا لەوەی کاتێ ئەسکەندەر ئەو شارەی دروست کرد هێشتا نەچووبووە هندستان و ئوقیانووسی هندی کەشف نەکردبوو. مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی ئەسکەندەریە زاڵبوون بەسەر میسردا بوو. تەنانەت پاش کەشف کردنی ئوقیانووسی هندیش هەرچەندە ئەسکەندەر دەیویست لە ڕێگای ئەو ئوقیانووسەوە ئەوروپاو هندستان بەیەکەوە ببەستێتەوە، کەچی دیسان بیری لەوە نەکردەوە کە بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هندستاندا سوود لە ئەسکەندەریە وەرگرێ چونکە ئەسکەندەر نەیدەزانی دەریای سوور دەکەوێتە نێوان ئەسکەندەریەو ئوقیانوسی هندەوە.

ئەسکەندەر ئوقیانوسی هندی کەشف کرد، بەڵام دەریاوانی ئەو پاشایەی گەیاندە شوش. هەر بۆیە بڕیاریدا لە ڕێگای نێوان دووزێ (بين النهرين) ئەوروپاو هندستان بەیەکتر ببەستێتەوەو لەو پێناوەدابوو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووباری فورات و دیجلەو کارون و ئەو بەنداوانەی وێران کرد کە ئێرانییەکان لە بەردەم ئەو ڕووبارانەدا دروستیان کردبوو بۆ ئەوەی ڕێ لە کەشتیوانی نەگرن. لە بابلدا لە کەنارەکانی ڕووباری



دیجلە بەندەرێکی گەورەی دروست کرد کە جێگای هەزار کەشتی دەبۆوە و بڕی پێنج سەد تالان (یەکەی پارە زێڕ)ی بۆ سووریەو فینیقیە نارد بۆ ئەوەی دەریاوانەکانی ئەوێ دامەزرێنن و بیانهێنن بۆ بابل، هەتاکو ئەسکەندەر بەدرێژایی کەنارەکانی کەنداوی فارس و دەریای عومان نیشتەجێیان بکات و چاودێری جموجۆڵ و ڕۆیشتنی کەشتییەکان بکەن. هەموو ئەو هەنگاوانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەسکەندەر دەیویست لە ڕێگای بابل و کەنداوی فارسەوە پەیوەندی بازرگانی لە نێوان ئەوروپاو هندستان دابمەزرێنێ نەک لە ڕێگای ئەسکەندەریەو دەریای سوورەوە.

هەندێ کەس پێیان وایە ئەسکەندەر دەیویست عەرەبستان داگیربکاو دەڵێن ئەو پاشایە لە خەیاڵی دابوو عەرەبستان بکاتە ناوەندی ئیمپراتۆریەتی خۆی، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە هەڵەیە، چونکە؛ یەکەم، ئەسکەندەر تا ئەوکاتە نەیدەزانی عەرەبستان کوێیە و ئەوێی نەدیتبوو بۆ ئەوەی بزانێ بە کەڵکی ئیمپراتۆریەتەکەی دێ یان نا. جگە لەوەش ئەگەر چووبا بۆ ئەوێش بۆی دەردەکەوت کە بۆ ناوەندی ئیمپراتۆریەتی ئەو دەست نادات چونکە هەروەک دواتر دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی خەلیفەکانی ئیسلام لە عەرەبستاندا سەریان هەڵدابوو، بەڵام هەر کە بەهێزبوون و ئیمپراتۆری ئیسلامی دروست بوو، بۆیان دەرکەوت کە عەرەبستان بۆ ناوەندی ئیمپراتۆرییەکەیان باش نییەو ئەوێیان بەجێهێشت و بەغدایان بۆ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی خۆیان هەڵبژارد.

### بەشی نۆیەم: بازرگانیی یۆنانیەکان لە پاش ئەسکەندەر

کاتێک کە ئەسکەندەری مەزن میسری داگیرکرد، بەپێچەوانەی ئەمڕۆ خەڵک شارەزاییان لەسەر هەموو خاکی میسر نەبوو. لەکەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی میسر کە دەکاتە کەناری ڕۆژئاوای دەریای سوور بێ ئاگابوون. لەو سەردەمەدا تەنیا بە بەشێکی قەراغی ڕووباری نیلیان دەگوت میسر کە هێڵێکی باریک لە خاکی ئەو وڵاتە پێکدێنێ کە دەکەوێتە کەنارەکانی ڕووبارەکەوەو هەموو ساڵێ بەهۆی هەڵچوون و تۆفانی ڕووباری نیلەوە تێراودەبێ. خەڵک نەک هەر تەنیا ئاگاداری دەشتەکانی ڕۆژهەڵاتی میسر نەبوون بەڵکو نەشیان دەزانی کە دەوری عەرەبستان دەریایە و لەسەر ئەو بڕوایە بوون ناتوانن بەدەوری نیمچە دورگەی عەرەبیدا بسووڕێنەوە، چونکە ئەو کەسانەی لەو پێناوەدا هەوڵی خۆیان خستبووە گەڕ هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنابوو.

خەڵک لەو سەردەمەدا دەیانگوت چۆن دەکرێ لە کەناری ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا دەریاوانی ئەنجام بدرێ لەکاتێکدا لەشکری کامبیزی پاشای ئێران لە کەناری ڕۆژهەڵاتی

عەرەبستاندا لەناو چوو، و ئەو لەشکرەی یەکێک لە پاشاکانی بتالیسە لە میسرەوە بۆ هاوکاریکردنی سلۆکۆس نیکاتری پاشای بابلی نارد، نارچاربوو بەبیابانی عەرەبستاندا تێپەڕێ و لەکاتی تێپەڕینی بەو شوێنانەدا کە ئەمڕۆ وەکو دورگەی سیناو بیابانی فەڵەستینە، تووشی زەحمەت و هیلاکییەکی یەکجار زۆر هاتن و لەبەر بەرزی پلەی گەرما ناچاربوون شەوانە بەگەشتەکەیان درێژە پێ بدەن.

خەڵکی ئەو سەردەمە لەمەڕ عەرەبستانەوە بەم جۆرە بیریان دەکردەوە: پێیان وانەبوو بتوانن بە دەوری عەرەبستاندا دەریاوانی بکەن، لەلایەکی ترەوە ئێرانییەکان هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر دەریاوانی نەبوو و هەر بۆیە کاتێ میسریان داگیرکرد لەوێشدا بەپێی شێواز و بۆچوونی هەمیشەیی خۆیان هیچ چەشنە گرنگییەکیان بە دەریاوانی نەدا و لە بنەڕەتدا دەریاوانی لە دەریای سووردا فەرامۆش کرا. لە کاتێکدا کە بەر لەو مێژووەو لەسەردەمە کۆنەکاندا هەروەک لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد، یەهوودییەکان و خەڵکی تیر نەک هەر لە دەریای سووردا خەریکی دەریاوانی بوون بەڵکو لە هەموو ئۆقیانووسی هنددا خەریکی کاروباری بازرگانی بوون. کاتێ کە یۆنانییەکان میسریان داگیرکرد لە نێوان رووباری نیل و دەریای قلزم دا دەستیان کرد بە راوی فیل. ئەو راوکردنە بووە هۆی ئەوەی کە پانی و فراوانی وڵاتی میسریان بۆ دەرکەوێ و ئەوانی گەیاندە کەنارەکانی دەریای سوور. ئەوان توانیان کەناری رۆژئاوای ئەو دەریایە کە دەکاتە کەناری رۆژهەڵاتی میسر، کەشف بکەن، تاکو دواتر لەسەردەمی پاشایەتی یۆنانییەکان لەمیسردا، توانیان دەریای سوور کەشف بکەن.(١١١)

بتالیسەکانی میسر دوای کەشفکردنی دەریای سوور دەستیان کرد بە دەریاوانی و بازرگانی، بەتایبەتی چونکە لەو سەردەمەدا میللەتی تیر کە بەردەوام نەیاری گشت نەتەوە دەریاوانەکانی دەریای سوور و ئوقیانووسی هند بوون لەناوچووبوون و بتالیسەکان هیچ بەرهەڵستکارێکیان لەبەردەم نەبوو و لە ئاکامی ئەو بازرگانییەدا، وڵاتی میسر بوو بە چەقی دونیا.

ئێرانییەکانیش نەبوونە نەیارو بەرهەڵستکاری بازرگانی بتالیسەکان و وازیان لێهێنان بۆ ئەوەی لە رێگای دەریای سوورو باشووری عەرەبستان و هندستان خەریکی بازرگانی خۆیان بن، چونکە ئێرانییەکان لەسەردەمی بتالیسەکانیش هەروەک جاران گرنگییان بە بازرگانی باکووری هندستان دەدا و لە رێگای جەیحون و دەریای خەزەرەوە شتومەکی بازرگانی هندستانیان بۆ دەریای رەش دەگواستەوە.

ئەو خاڵەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە؛ لەسەردەمە کۆنەکان و تەنانەت



لەسەردەمی ئەسکەندەرو پاش ئەویش کاتێ سلوکیدەکان لە ئێراندا پاشایەتیان دەکرد، هەموو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەریای خەزەر بەئۆقیانووسەوە بەسراوەتەوەو دەیانگوت لەلای باکوورەوە هاوسنووری هندستانە و تەنانەت ئەسکەندەر بەر لە مردنی بڕیاری دابوو، ئۆقیانووسی باکوور کە لەگەڵ هندستاندا پەیوەندی هەیەو بەدەریای خەزەرەوە بەستراوەتەوە، کەشف بکا.

لە دوای ئەسکەندەریش جێنشینەکانی (سلۆکۆس و ئەنتیۆکوس) هەر لەسەر ئەو بڕوایە بوون و بۆ کەشفکردنی ئەو ئۆقیانووسەی بەدەریای خەزەرەوە بەستراوەتەوە، هەندێ کەشتییان لەو دەریایەدا دروست کرد و هەرکامێکیان بەشێکی دەریای خەزەریان دۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیسان نەیانتوانی بگەنە راستی ئەو بابەتەو نەیاندەزانی ئەو دەریایە لەهەر چوار لایەوە بەخاک دەورە دراوە. گرنگیدانی بەردەوام بەو دەریایەو خەیاڵی بازرگانی کردن لەگەڵ باکووری هندستان لە رێگای رووباری جەیحونەوە، وای لێکردن بازرگانی ئۆقیانووسی هند بۆ بتالیسەکان بەجێ بێڵن و رەنگە وشک و بێ پیت بوونی دەشت و کەنارەکانی باشووری ئێران کە دەکاتە باکووری دەریای عومان و کەنداوی فارس - یش پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبووبێ، چونکە ئەو هۆزانەی لەو کەنارانەدا ژیانیان بەسەر دەبرد هیچ شارەزاییەکیان لە دەریاوانی نەبوو و لە کەشتیوانیشدا لێهاتوو نەبوون و سلوکیدەکان (پاشا ئێرانییەکانی جێنشینی ئەسکەندەر) نەیاندەتوانی بۆ بازرگانی لەگەڵ هندستان سوودیان لێوەرگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی بتالیسەکان لە میسردا خاوەنی دورگەی قبرس و فینیقیە بوون سوودیان لە کەشتیوانە لێهاتووەکانی ئەو دوو ناوچەیە وەردەگرت بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ میسردا.

بەهەر حاڵ ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پێشینیان بە پێداگرتنێکی سەیرەوە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەریای خەزەر بە ئۆقیانووسەوە بەستراوەتەوەو ئەو دۆزینەوانەی کە ئەسکەندەرو پاشا سریانی و ئەشکانیەکان لەو دەریایەدا پێی گەیشتن، بەهیچ جۆرێ بیروباوەڕی ئەوانی لەق نەکرد. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشینیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جگە لە باشووری ئەو دەریایە شارەزای هیچ شوێنێکی تر نەبوون و ئاگادارییان لەسەر ناوچەکانی تر نەبوو. پاش ئەوەی هێدی هێدی بەرەو باکوور هەڵکشان، پێیان وابوو بەرەو ئۆقیانووس دەچن، بەڵام گەشتی ئەوان بەرەو باکوور لە سنووری رژێنگەی جەیحون لە رۆژهەڵات و ئالبانی(١١٢) لە رۆژئاوادا تێپەڕی نەکرد، چونکە دەریای خەزەر لە ناوچەکانی باکووردا لە زۆنگاو قوڕولیتە پێکهاتووە و بۆ کەشتیوانی دەست نادات.

بگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی خۆمان، ئەسکەندەر لە گەشتەکەی بۆ هندستان لە سنووری رووباری هیپانیس تێنەپەڕی، ئەو رووبارە دوایین و رۆژهەڵاتیترین رووبارە کە دەڕژێتە نێو رووباری سەندو لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان شارەزایی بەشێکی کەمی هندستان بوون تەنیا بازرگانییان لەگەڵ ئەو بەشەدا دەکرد. بەڵام سلۆکۆس نیکاتر کە لە دوای ئەسکەندەر لە ئێراندا بووە جێنشینی ئەو، هەتاکو رووباری گونگ پێشڕەوی کرد و مەسەبی ئەو رووبارەی دۆزیەوەو لە ئاکامیشدا توانی شارەزای ئەو دەریایە بێ کە ئەمرۆکە پێی دەڵێن کەنداوی بەنگالە.

لەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێشینیان لە رێگای وشکانیەوە دەریاکانیان کەشف دەکرد لە کاتێکدا ئەمرۆ زەوی و خاکە نادیارەکان لە رێگای دەریاوە دەدۆزنەوە.

لە دوای ئەسکەندەرو سلۆکۆس نیکاتر، ئەوانیتر لەلای رۆژهەڵاتی هندستاندا هیچ شوێنێکیان نەدۆزیەوە. ئیسترابۆنیش لەو بەشەدا گومانی هەیە، بەڵام دۆزینەوەی ئەوانیتر پاش سلۆکۆس نیکاتر بەرووی باشووردا پەرەی سەند و لە ئاکامیشدا هەندێ بەندەری نوێیان لە کەنارەکانی رۆژئاوای هندستاندا کەشف کرد، کە یەکێکیان ناوچەی سیجر بوو و دۆزینەوەی ئەو ناوچەیە یارمەتییەکی نوێ بوو بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ هندستاندا.

پلین دەڵێ: پێشینیان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هندستاندا ئەم سێ رێگایەیان هەڵبژارد، لەسەرەتادا رێگای بازرگانی لەگەڵ هندستان بریتی بوو لەوەی کە کەشتییەکان لەسەری سیاگر لە رۆژهەڵاتی عەرەبستانەوە دەچوونە رژێنگەی رووباری سەندەوە پاشان رێگایەکی تریان هەڵبژارد چونکە هەم کورتتر بوو هەم دڵنیاتر و لەسەری سیاگرەوە بەرەو خاکی سیجر دەچوون[١١٣]. بەڵام لەبەر ئەوەی سیجر کەوتبووە بەشی باشووری رژێنگەی سەندەوە وادەهاتە بەرچاو کە رێگای دووەم درێژتر بێ، بەڵام هۆی ئەوەی کە رێگای دووەم لەبەرچاوی پێشینیان کورتتری دەنواند ئەوەبوو کە ناچار نەبوون بەدرێژایی کەنارەکاندا گەشتەکەی خۆیان ئەنجام بدەن و دەیانتوانی سوود لە بایە وەرزییەکان وەرگرن. لە کۆتاییدا بازرگانە کۆنەکان رێگایەکی تریان هەڵبژارد کە سێیەمین رێگای بازرگانیکردن بوو لەگەڵ هندستاندا و لە بەندەرەکانی کان، ئوسلی کە دەکەوێتە دەروازەی دەریای سوور (باب المندبی ئێستا ) گەشتەکانیان دەست پێدەکرد و بەسوود وەرگرتن لەبای رۆژئاوا خۆیان دەگەیاندە کەنارەکانی رۆژئاوای هندستان و لە جیاتی ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ، بە کەنارەکانی عەرەبستاندا برۆن، راستەوخۆ لە رۆژئاواوە دەچوونە رۆژهەڵات، چونکە توانیبوویان کاتی هەڵکردنی بای رۆژئاواو رۆژهەڵات لەو ناوچەیەدا کەشف بکەن. لە



راستیدا بای وەرزی و هەمیشەیی بۆ ئەوان رۆڵی قیبلەنمای دەبینی.

پلین دەڵێ: دەریاوانەکان لە ناوەڕاستی هاویندا بەرەو هندستان دەڕۆیشتن و لەکۆتای پاییزو سەرەتای زستاندا لەوێوە دەگەڕانەوە. ئەو مەسەلەیە لەگەڵ راپۆرتی رەسمی دەریاوانەکانی ئەمڕۆدا بەتەواوی دەگونجێ، چونکە لەم بەشەی دەریادا کە کەوتۆتە نێوان عەرەبستان و ئەفریقاو هندستان دوو وەرزەبا هەیە، یەکەمیان ئەو بایەیە کە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات هەڵدەکا، ئەو بایە لە مانگی ئاب و ئەیلوول کە دەکاتە کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییز دەست پێدەکا دووەمیان ئەو بایەیە کە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا هەڵدەکا و ئەم بایەش لە مانگی کانوونی دووەم کە دەکاتە سەرەتای زستان دەست پێدەکات. ئەمرۆکەش دەریاوانەکانی ئێمە بە پەیڕەویکردن لەکاتی هەڵکردنی ئەو دوو وەرزە بایە، رێک وەکو دەریاوانەکانی چاخی بتالیسە بەرەو هندستان سەفەر دەکەن و لەوێوە دەگەڕێنەوە.

هێزی دەریایی ئەسکەندەر بۆ گەیشتن بە خوزستان، لە رژێنگەی رووباری سەندەوە دە مانگیان پێچوو، و کەشتییەکانی لە مانگی ژوئیەدا لە رژێنگەی رووباری سەندەوە گەشتەکەیان دەست پێکرد، واتە لەکاتێکدا گەشتەکە دەستی پێکرد کە وەرزەبا لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات هەڵیکردبوو. ئەمرۆکە هیچ دەریاوانێک جورئەتی ئەوەی نییە لەوکاتەدا لە هندستان بگەڕێتەوە، چونکە لە ماوەی نێوان هەڵکردنی دوو وەرزە بایەکەدا، بایەک لە باکوورەوە هەڵدەکاو لەگەڵ وەرزەباکاندا تێکەڵ دەبێ و لە نزیک کەنارەکاندا گەردەلوولێکی ترسناک بەرپا دەبێ. لەبەر ئەوەی هێزی دەریایی ئەسکەندەر بەدرێژایی کەنارەکاندا دەڕۆیشتن و هەڵکردنی وەرزەبایەکان بەپێچەوانەی رەوتی جوڵەی کەشتییەکان بوو، هەر بۆیە دەریاوانەکانی تووشی گەردەلوولێکی سامناک و سەخت بوون.

پێویستە ئەوە بزانین کە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا، دەریاوانی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. چونکە ئەگەر سەیرکەن: هێزی دەریایی داریوش بۆ گەیشتن بەدەریای سوور، لە رژێنگەی رووباری سەندەوە تا دەریا دووساڵ و نیوی پێچوو و هێزی دەریایی ئەسکەندەریش کاتێ لە رووباری سەندەوە سەرەتای گەشتەکەیان دەست پێکرد ماوەی ١٠ مانگی خایاند تا گەیشتە خوزستان. لەو ماوەیەدا سێ مانگیان لە رووباری سەندو حەوت مانگیان لەناو دەریادا بەسەربردبوو، بەڵام دواترو لەسەردەمی دەریاوانی بتالیسەکاندا بە چل رۆژ لە دەریای سوورەوە دەچوونە کەنارەکانی هندستان.

پلین دەڵێ: پێشینیان شارەزایەکی ئەوتۆیان نەبوو لەسەر ئەو خاکەی دەکەوێتە نێوان هیپانیس و رووباری گونگ کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هندستان. لەنێو

دەریاوانەکان زۆر بەکەمی کەسێک هەڵکەوتووە کە تاکو ڕووباری گونگ ڕۆیشتبێ.

لەڕاستیشدا هەروایە، چونکە دەریاوانەکانی ڕابردوو لەبەر ئەوەی بە هەڵسەنگاندنی وەرزە بایەکان گەشتیان بەرەو هندستان دەکرد تەنیا لەگەڵ کەنارەکانی ڕۆژئاوای هندستاندا بازرگانییان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەی ساڵێکدا بچن و بگەڕێنەوە. ئەگەر هاتباو لە گەرووی کمرن کە دوورترین شوێنی باشووری هندستانە تێپەڕیبان و بۆ گەیشتن بە ڕووباری گۆنگ سوڕێکیان بە دەوری هندستاندا لێدابا، کاتی وەرزە بایەکان بەسەردەچوو و ئیتر نەیاندەتوانی هەر لەو ساڵەدا لە هندستانەوە بگەڕێنەوە.

ئەگەر چاوپۆشی لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی هندستان بکەین، بازرگانی یۆنانی و ڕۆمانییە دێرینەکان لەگەڵ هندستاندا بەڕادەی بازرگانی ئێستای ئێمە لەگەڵ ئەو هەرێمەدا گەشەسەندوو بووە، لەکاتێکدا کە ئەمڕۆ ئێمە هەموو میللەتی هندستان دەناسین و پێشینیان ئەو میللەتەیان بەتەواوی نەناسیوەو بەکورتی ئەوان زۆر ئاسانتر لە ئێمە، لەگەڵ هندستاندا بازرگانییان کردووە.

ئەمڕۆ ئەگەر ئێمەش تەنیا لەگەڵ کەنارەکانی ڕۆژئاوای هندستاندا بازرگانیمان کردبا و لەگەڵ دورگەکانی سوماتراو جاوەو گینەو ملوک و هتد دا بازرگانیمان نەکردبا زۆر باشترو ئاسانتر دەبوو، چونکە لە دەریای سوورەوە دەچووینە هندستان و ئەو زەحمەتە گەورەی سوڕانەوە بەدەوری کیشوەری ئەفریقاو تێپەڕبوون لە سەری ئاواتی چاک (کیب گود هوپ)-مان نەدەخستە سەرشانی خۆمان.

**بەشی دەیەم: سوڕانەوە بەدەوری ئەفریقادا**

هەروەکو مێژوو پێمان دەڵێ، بەر لە دروستکردنی قیبلەنما، پێشینیان چوارجار ویستوویانە بەدەوری کیشوەری ئەفریقادا بسوڕێنەوە. جاری یەکەم (نکۆ) و جاری دووەم (ئۆدۆکس) فەرمانی بەهەندێ دەریاوانی خەڵکی فینیقیەدا بۆ ئەوەی لە دەریای سوورەوە گەشتەکەیان دەست پێ بکەن و بەدەوری ئەفریقادا بسوڕێنەوەو توانیان خۆیان بگەیەننە دەریای ناوەڕاست. لە دوای ئەوان (ساتاسپ) لەسەردەمی گزرسس پاشای ئێراندا بۆ سێیەمین جار ویستی بەدەوری ئەفریقادا بسوڕێتەوەو توانی لە جەبەل ئەلتارق-ی بپەڕێتەوە، بەڵام نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێ و سوڕێک بەدەوری ئەفریقادا لێ بدات. بۆ جاری چوارەم هانون لەلایەن کارتاژیەکانەوە ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی بەدەوری ئەفریقادا بسوڕێتەوە، ئەویش وەکو سێیەم کەس (ساناسپ) لە جەبەل ئەلتارق تێپەڕی، بەڵام نەیتوانی دەور تا دەوری کیشوەری ئەفریقا بپێوێ.



هۆی ئەوەی دووکەسی یەکەم توانیان بەمەبەستی خۆیان بگەن و بەدەوری ئەفریقادا بسوڕێنەوە ئەوەبوو کە لە دەریای سوورەوە دەستیان بەگەشتەکەیان کرد، چونکە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا زۆر باشترە لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای و لەو ڕێگاوە زووتر دەتوانی بگەیە «سەری ئاواتی چاک». لە کاتێکدا ئەگەر لە کەناری ڕۆژئاواوە دەست پێ بکەین دەبێ ڕێگایەکی دوورودرێژ ببڕین و کێشەو زەحمەتێکی زۆر تەحەممول بکەین. بەم جۆرە هەتاکو قیبلەنما دروست نەکرا دەریاوانەکان نەیانتوانی بەناوەندی دەریادا گەشت ئەنجام بدەن و نەیانتوانی لە ڕێگای کەناری ڕۆژئاوای ئەفریقاوە بە مەبەست بگەن.

گرفت و ئاستەمی سوڕانەوە لە دەوری ئەفریقا بووە هۆی ئەوەی پێشینیان تەنیا خەریکی بازرگانی کردن بن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاو بەبێ ئەوەی دەوراندەوری ئەو کیشوەرە گەورەیە بپێون لە هەندێ کەناری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەستیان کرد بە بازرگانیکردن، واتە لە ڕێگای دەریای سوورەوە بەرەو کەناری ڕۆژهەڵات و لە ڕێگای جەبەل ئەلتارقیش بەرەو کەناری ڕۆژئاوا ڕۆیشتن.

لەسەرەتادا بتالیسە کە لە پاشاکانی یۆنانی میسر بوون دەریای سووریان کەشف کرد و توانیان گەشتێک بەناو هەندێ بەشیدا ئەنجام بدەن کە لە باکووری دەریاکەوە دەستی پێ دەکردو لە باب المندب کۆتایی دەهات و لەوێشەوە دەگەیشتە سەری ئارمات کە بەشی کۆتایی دەریای سوور پێکدێنێ دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاوە. ئەو خاڵەی دەمانەوێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە پێشینیان دوای سوود وەرگرتن لە ڕێگای وشکانییەوە، لەو سەرەوە (رأس) توانیان کەنارەکانی ئەفریقا کەشف بکەن. ئەو دۆزینەوەیە لە پاش سەردەمی ئسترابۆن ڕوویداوە، هەر بۆیە ئسترابۆن باسی ئەو دۆزینەوەیە ناکات.

لەدوای ئەو مێژووە ڕۆمانییەکان لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا یەک بەدوای یەک بەرزایی ڕاپتۆم (سۆمالی) و پراسۆم (زنگبار) یان کەشف کردو هەروەک ئاشکراشە ناوی ڕۆمانیان لەوسەری ناوە.

بتلیمۆس جوگرافیزانی ڕۆمانی کە لەسەردەمی ئادرین دا ژیاوە دەڵێ: بەشی کۆتایی کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا بەرزایی پراسومە کە دەکەوێتە چوار پلەی باشووری هێڵی ئیستیواوە.

نووسەرێکی بێ ناونیشانی ڕۆما کە سیاحەتنامەی دەریای ئێریتریای نووسیوە دەڵێ: بەشی کۆتایی کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا بەرزایی ڕاپتۆمە کە دەکەوێتە دە پلەی باشووری هێڵی ئیستیوا.

هۆکاری جیاوازی نێوان ئەم دوو کەسە بۆ دیاریکردنی بەشی کۆتایی کەناری ئەفریقا ئەوەیە کە بتلیمۆس شوێنێکی بە کۆتایی ئەفریقا داناوە کە پێشتر کەشف کرابوو، بەڵام دەریاوانەکان نەدەچوونە ئەوێ و لەگەڵ ئەو شوێنەدا بازرگانییان نەدەکرد، بەڵام خاوەنی سیاحەتنامەی دەریای ئەریتریا ناوچەیەک بە کۆتایی کەناری ئەفریقا دەزانی کە دەریاوانەکان هاتووچۆی ئەوێیان دەکردو بازرگانییان لەگەڵدا ئەنجام دەدا.

ئەو شتەی ئەم گریمانەیە پەسند دەکات ئەوەیە کە خێڵی ئەفریقایی بەرزایی پراسوم مرۆڤخۆر بوونە و بتلیمۆس کاتێ باسی ئەو بەرزاییە دەکات، بەهیچ جۆرێ باسی ئەوە ناکات کەچ زەوی و کەنارێک کەوتۆتە نێوان بەرزایی راپتۆم و پراسۆم، لە کاتێکدا کە هەر خودی ئەو نووسەرە بە درێژی باسی ئەو شوێنانە دەکات کە کەوتوونەتە نێوان ئارمات و بەرزایی راپتوم.

بەهەرحاڵ، هەرچەندە رۆمانییەکان کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقایان کەشف کرد بەڵام زۆر بازرگانییان لەگەڵدا نەدەکردن، چونکە بازرگانی لەگەڵ هندستان بازرگانی کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقای خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، سەرەڕای ئەمە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، پێشینیان لە رێگای وشکانی یان بەرێکەوت و لە رێگای ئەو گەردەلوولانەوە کە کەشتیەکانی بەرەو ئەو کەنارانە هەڵدەداشت، ئەو کەنارانەیان نەدۆزیوەتەوە، هەر بۆیە لە رێگای دەریاوە هاتووچۆی ئەو شوێنانەیان نەدەکرد.

ئەمرۆ ئێمە شارەزاییەکی باشمان لەسەر کەنارەکانی ئەفریقا هەیە، بەڵام لە ناوەوەی ئەو کیشوەرە بێ ئاگاین، پێشینیانمان ئەو کیشوەرەیان زۆر بەباشی دەناسی، بەڵام هیچ زانیارییەکیان لەسەر کەنارەکانی نەبوو.

هەروەک وتمان: فینیقیەکان دووجار بەپێی فەرمانی نکۆ و ئودۆکس بەدەوری ئەفریقادا سووڕاونەتەوە، بەڵام بتلیمۆس پێیوایە ئەو گەشتە گەورەیە ئەفسانەیە و دوورە لەراستی هەر بۆیە دەڵێ لە بەرزایی پراسۆم (زنگبار) تاکو دەریای سینۆس مانیۆس (کەنداوی سیامی ئێستا) ناوچەیەکە کە لە ئەفریقاوە دەچێ بۆ ئاسیا. بەپێی وتەی ئەم نووسەرە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە دەریای هند دەریایەکی داخراوە واتە دەریاچەیە.

هەندێ جوگرافیزانی تر کە لە پاش بتلیمۆسەوە هاتوون ئەو ناوچە وەهمییە دەخەنە باشووری دەریای هندەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بازرگانی هندستان لەگەڵ رێگای ئێران و ماوراء النهرینەوە ئەنجام دەدراو خەڵکی لەسەردەمی کۆندا جگە لەو چەند حاڵەتەی باسمان کرد لە رێگای باشوورەوە دەستیان بە هندستان رانەدەگەیشت.



## بەشی یازدەهەم: مارسی و کارتاژ

کارتاژەکان هەندێ یاسای نێونەتەوەیی سەیروسەمەرەیان هەبوو. بۆ نموونە، هەموو ئەو کەشتییانەیان نغرۆ دەکرد کە لە نێوان دورگەی ساردنی و جەبەل ئەلتارق دا بازرگانییان دەکرد. یاسای سیاسی کارتاژەکانیش جێگای سەرسوڕمان بوو. یەک لەوان، خەڵکی ساردنی مافی کشتوکاڵیان نەبوو و ئەگەر هاتباو ئەم کارەیان ئەنجام دابا ئەوا ئیعدام دەکران.

کارتاژە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لەناوچەکەدا هەیبوو، هێدی هێدی سامان و دارایییەکەشی زیادی کرد و لەلایەکی تریشەوە هەر ئەو سامانە بووە هۆی فراوانبوونی دەسەڵاتەکەی. لەکاتێکدا لە هەموو کەنارەکانی باشووری دەریای ناوەڕاستدا خەریکی بازرگانی بوون، بڕیاریاندا لە کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسیشدا بازرگانی بکەن و هانونی دەریاوانی بەناوبانگی کارتاژی لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی سەنای کارتاژ سی هەزار کارتاژی گواستەوەو لە نێوان جەبەل ئەلتارق و سرنەدا نیشتەجێی کردن.

هانون لەکاتی گێڕانەوەی گەشتەکەی خۆیدا دەڵێ: بە ئەندازەی دووریی کارتاژ لە جەبەل ئەلتارقەوە، سرنەش ئەوەندە لە جەبەل ئەلتارق دوورە. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ سەرنە چەندین پلە دوورتر بووە لە دورگەکانی خالدات (کاناری) واتە کەوتۆتە باشووری خالداتەوە.

کاتێ کە هانون لە سونەدا جێگیربوو بڕیاریدا زیاتر بەرەو باشوور شۆڕبێتەوە و بۆماوەی ٢٦ رۆژ بەدرێژایی کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقادا بەرەو باشوور چووە خوار، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی نەمانی خواردەمەنی پاشەکشەیان کردو گەڕانەوە. بەڵام کارتاژەکان سوودیان لەو دۆزینەوە تازەیەی هانون وەرنەگرت و سیلاکس گەڕیدەی بەنێوبانگی کارتاژی دەڵێ: بەو دیوی سرنەدا دەریا بۆ کەشتیوانی دەست نادات و پڕ لە گژوگیاو قوڕولیتەی دەریاییە.

پیس بوونی ئەو دەریایە بەقوڕولیتەو گژوگیا، بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کارتاژەکان نەتوانن سوود لەو دۆزینەوە نوێیەی هانون وەرگرن. ئەگەرچی هانون خاوەنی شەست کەشتی بوو و هەر کام لە کەشتییەکانیشی پەنجا سەوڵیان هەبوو و توانیان لەو دەریایە بپەڕنەوە، بەڵام کەشتییە بازرگانییەکان نەیاندەتوانی لەم دەریایە بپەڕنەوە. نابێ ئەوەشمان لە یادبچێ کە ئەو گەشتە زیاتر لایەنی موغامەرات و دۆزینەوەی هەیەو پشتیوانەکەی بوێری و هەڵەشەییەو زۆر جیاوازە لەو گەشتە ئاساییانەی کە بەمەبەستی بازرگانی ئەنجام دەدرێن.

بەسەرهاتی گەشتەکەی هانون بە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقا زۆر سەرنجڕاکێش و خۆشە، چونکە نووسەری ئەو سیاحەتنامەیە خودی هانونەو لەبەر ئەوەی دەریاوان و دۆزەرەوە گەورەکان هەمیشە یادداشت و دیدەنیەکانی خۆیان بەسادەیی دەنووسن، هەر بۆیە بەسەرهاتی چالاکییەکانیان زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە کارەکەیان زۆر لەوە گەورەترە پێویستی بە رازاندنەوە هەبێ.

گشت ئەو بابەتەی کە هانون لە کتێبەکەی خۆیدا لەسەر ئاووهەواو بارودۆخی کەنارەکان و خێڵە ئەفریقییەکان نووسیویەتی رێک وەکو ئەو بابەتانەیە کە ئەمڕۆ لە کتێبی دەریاوانەکانی ئێستادا دەیانخوێنینەوە.

هانون لە کاتێکدا بە کەشتییەکەی خۆی بەدرێژایی کەنارەکانی ئەفریقادا بەرەو باشوور دەڕۆیشت، سەیری کرد لەکاتی رۆژدا بێدەنگییەکی تەواو بەسەر وشکانییەکەدا زاڵ دەبێ، بەڵام کاتێ شەو دادێ دەنگی جۆرەها ئامێری مۆسیقا لە وشکانییەکەوە دەبیسرێ و لە هەموو جێگەیەکەو ئاگرو تروسکایی بەدیار دەکەوێ.

ئەمڕۆکەش دەریاوانەکانی ئێمە هەر بەم جۆرە باسی بارودۆخی ئەو کەنارانە دەکەن. دیارە هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە رۆژدا خێڵە بەربەرەکانی لە ترسی تینی گەرما خۆیان دەخزێننە ژێر سێبەری جەنگەڵەکانەوەو لەکاتی شەویشدا بۆ دوورکردنەوەی گیانلەبەرە دڕندەکان ئاگر دادەگیرسێنن و لەشەودا حەزیان لە مۆسیقاو سەماکردنە.

لە شوێنێکی تردا هانون باسی هەڵچوونی یەکێک لە گڕکانەکانی کەناری ئەفریقا دەکات و گێڕانەوەکەی رێک وەکو حاڵەتی هەڵچوونی کێوی گڕکانی و زۆیە لە ئیتاڵیادا.

بەسەرهاتی ئەو دوو ژنە توکنەی کە لە کەنارەکانی ئەفریقا بینران و رازی نەبوونە لەگەڵ کارتاژەکاندا بڕۆن و کارتاژەکان ئەو دوو ژنەیان کوشتووە و پێستەکانیان بۆ کارتاژ بردۆتەوە، زۆریش دوور نییە لە راستی.

بەڵام دواتر رۆمانەکان دەیانگوت ئەو سیاحەتنامەیە ئەفسانەیەو لەبەر ئەوەی کارتاژەکان ئەو دۆزینەوەیان کردبوو سووکایەتیان بەکارەکەیان دەکردو هەر بۆیە بە ئەفسانەیان لە قەڵەم دەدا. ململانێ و رکابەری نێوان رۆمانی و کارتاژەکان بەڕادەیەک توندبوو، تەنانەت دوای ئەوەی رۆمانەکان کارتاژەکانیان تێکشکاند، رەزامەندییان پێشان نەدا بۆ ئەوەی شوێنەوارە دێرین و مێژوویی و دۆزینەوەکانیان بەدەست لێنەدراوی بمێنێتەوە.

لەسەردەمی نوێشدا، وەکو سەردەمی رۆمانەکان ئەم دۆزینەوانە ئینکار دەکرێن و دەڵێن: ئەو شارانەی هانون لە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقادا دروستی کردن لە کوێن؟



بەرەو کوێ رۆیشتن ئەو کۆچ نیشانەی کە هانون لەو شارانەدا نیشتەجێی کردن؟

بێ خەبەر لەوەی ئەگەر ئەو شارو کۆچ نشینانە مابان سەیرتردەبوو، چونکە ئەو شارانەی هانون لە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقادا دروستی کردن وەکو ئەسینا و کورنێت نەبوون، تا ئێستا ئێمە بتوانین شوێنەوارو پاشماوەکانیان لەژێر خاک یان لەسەر خاک بدۆزینەوە.

هانون لە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقادا زۆر بەخێرایی هەندێ بینای سادەی دروست دەکردو ژمارەیەک کارتاژی لەو بینایانەدا نیشتەجێ دەکردو ئامرازی پێویستی دەخستنە بەردەست بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرابەر خێڵە بەربەر و گیانلەبەرە دڕندەکان و پاش ئەوە ئیدی بەرەو شوێنەکانی تر دەڕۆیشت بۆ ئەوەی ئاوەدانی نوێ دروست بکا. کاتێک گەورەیی و شکۆمەندی کارتاژ وردە وردە هەرەسی دێناو دەریاوانییەکەیان لە نێو چوو، تەنیا دوو حاڵەت رووی داوە؛ یان ئەو کۆچەرو هەوارنشینانە لەنێوچوونە یان منداڵەکانیان بوونەتە بەشێک لە خێڵە بەربەرەکان. گریمان شوێنەوارێکیش لەو شارانە بەجێمابێ، ئەمڕۆکە کێ دەتوانێ لە ناوەڕاستی دارستان و زۆنگاوەکاندا ئەو پاشماوانە بدۆزێتەوە؟

بەڵام هەروەک باسمان کرد ئەو شارو کۆچنشینانە دروست کراون، هەروەک سیلاکس و پولیب دوو گەڕیدەی کارتاژی لە سیاحەتنامەکەی خۆیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام بەرەبەرە ئەو کۆچنشین و شارە کارتاژیانە لە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقادا لەناوچوونەو ئەمڕۆ جگە لە هەندێ شوێنەواری بچووک هیچ شتێکی تریان لێ نەماوەتەوە. بەڵام ئەگەر کارتاژییەکان بەدرێژایی کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقا پێشڕەوییان کردباو چەند پلەی تر چووبانە خوارێ و خۆیان گەیاندبایە کەنارەکانی زێڕ ئەوا سەروەت و سامانێکی گەورەیان بە نسیب دەبوو، گەلێک کانزای بەنرخیان بەدەست دێنا، هەروەک چۆن ئەمڕۆکە هەندێ نەتەوە ئەو کانزایانە لە ئەمریکا وەدەست دێنن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، هەندێ جار میللەتە دێرینەکان گەیشتونەتە هێندێ ناوچە و گەلێک کانزای بەنرخیان دەستکەوتووە، بۆ نموونە، هەروەک ئەرستۆ دەڵێ: کاتێ فینیقییەکان گەیشتنە تارتز (ڤالانس) کە دەکەوێتە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئیسپانیا، هێندەیان زیو دۆزییەوە، بەچەشنێ نەیانتوانی لە کەشتییەکانی خۆیان باربکەن و پێداویستی و ناوماڵ و کەلوپەلی مەتبەخیان لە زیو دروست کردبوو. دیۆدۆری مێژوونووسی رۆمانی دەڵێ: کاتێ کارتاژییەکان گەیشتنە شاخەکانی پیرنە هێندەیان زێڕو زیو بەدەستکەوتبوو، لەنگەری کەشتییەکانی خۆیان لە زێڕو زیو دروست کردبوو. ئسترابۆن

له زمانی پولیبی گەریدەی کارتاژییەوە دەڵێ: لە سەرچاوەی رووباری بتیس کە کەوتبووە رۆما کانێکی زیو هەبوو کە چل هەزار کەس کاریان تێدا دەکرد و رۆژانە بەبڕی ٢٥ هەزار درهەم قازانجیان لەو کانە بەدەست دێنا، کە بەپێی دراوی ئەمڕۆی فەرەنسا دەبێتە پێنج ملیۆن لیۆر لە ساڵێکدا. ئەو شاخەی ئەم کانانەی تێدابوو ناوی نرابوو کێوی زیو، بەڵام ئەمڕۆ کانێکە کەوتۆتە هانۆڤەری ئەڵمانیا کە کرێکارەکانی چارەگێکی کرێکارە رۆمانییەکان پێکدێن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی رۆژانەی ئەوێ زۆر زیاترە لە کانی رۆمانەکان و رەنگە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کانی بتیس ببووە جێگەی رامان و سەرنجی یۆنانییەکان و ئستراباۆن کە ئەویش هەر یۆنانی بوو، چونکە رۆمانەکان تەنیا کانی مسیان هەبوو و هێندە کانی زیو لەلای ئەوان دەست نەدەکەوت، یۆنانییەکانیش جگە لە کانە بچووکەکانی خۆیان هیچی تریان نەبوو، هەر بۆیە سەریان لە داهاتی کانی بتیس سوڕمابوو.

لە کۆتاییدا جەنگ لە نێوان فەرەنساو ئیسپانیا لەسەر کورسی دەسەڵات هەڵگیرسا. کەسێک بەناوی (مارکی دوردس) کە دەیانگوت لەسەر کانی زێڕ تووشی ئیفلاسی هاتووە و لە بەرامبەر ئەوەدا بەهۆی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان سامانێکی باشی بەدەست هێناوە، بەخوێندنەوەی سەرچاوە مێژوویییەکانی رۆمانیاو کارتاژ، پێشنیاری ئەوەی بە دەرباری فەرەنسا کرد کە سەرلەنوێ لەنێو کانەکانی پیرنەدا دەست بەکاربکاتەوەو پاش وەرگرتنی مۆڵەتی کار دەستی کردەوە بەکارکردن، بەڵام هەرچەندە زیاتر هەوڵی دەداو تێدەکۆشا، زێڕو زیوێکی کەمی بەدەست دێنا.

خەڵکی کارتاژ لەبەر ئەوەی لەرابردوودا بازرگانی زێڕو زیویان لە ژێر دەست دابوو، بڕیاریان دا دەست بەسەر بازرگانی قورقوشم و قەڵاییشدا بگرن. لەو سەردەمەدا قورقوشم و قەڵاییان لە دورگەکانی کاسیترید دەردەهێنا کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئینگلتەراو رۆژئاوای فەرەنسا و ئەمڕۆکەش پێی دەگوترێ دورگەی سیای. بەم جۆرە قورقوشم و قەڵایی ئەو دوورگانە بەرەو بەندەرەکانی رۆژئاوای گۆل (فەرەنسا) دەگوێزرایەوەو لەوێشەوە بەهۆی گالیسکەو عەرەبانەوە بەرەو کەنارەکانی باکووری فەرەنساو بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست بار دەکراو لەوێش کارتاژییەکان ئەم کانزایانەیان دەکڕی. بەڵام بۆ ئەوەی لە دەستی یەکەم (لەیەک قۆناغدا) ئەو کانزایانە بکڕن، پیاوێکیان بەناوی هیمیلکن نارده دورگەکانی کاسیترید، بۆ ئەوەی لەوێدا بازاڕێک دروست بکاو پاش ئەوە چوونە ئینگلتەراو لەگەڵ ئەوێشدا پەیوەندییان دامەزراند. هاتووچۆی کارتاژەکان بەرەو ئینگلتەرا ئەو گومانەی لە هزری هەندێ کەسدا دروست کرد کە رەنگە ئەوان قیبلەنمایان



هەبووبێ و هەر بۆیە ناچار نەبوونە بەدرێژایی کەنارەکاندا بڕۆن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەوانیش وەکو هەموو میللەتە دەریاوانەکانی ئەوکاتی دەریای ناوەڕاست، گەشتەکانی خۆیان بەدرێژایی کەنارەکاندا ئەنجام دەدا، بەڵگە بۆ ئەم وتەیەم، بەسەرهاتی ئەو کەشتیوانە کارتاژییەیە کە لەکاتی سەفەرکردن بەرەو ئینگلتەرا، هەرکە دیتی کەشتییەکی تر لە پشت سەریەوەیەتی، کەشتییەکەی خۆی لە وشکانی نزیک کردەوە بۆ ئەوەی رێگای ئینگلتەرا بەکەشتیە رۆمانەکە نیشان نەدات و هەر بۆیە لەلایەن ئەنجوومەنی سەنای کارتاژەوە خەڵات کرا. ئەو بەسەرهاتە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کەشتییەکان بەدرێژایی کەنارەکاندا رۆیشتوون و دەنا چۆن کەشتیوانە کارتاژیەکە دەیتوانی کەشتییەکەی خۆی بباتە سەر وشکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی نائاسایی و دوور نەبوو ئەگەر کەشتیوانە رۆمانی و کارتاژییەکان بەجۆرێ گەشتەکانی خۆیان ئەنجام بدەن وەکو بڵێی قیبلەنمایان هەبووبێ و دەیانتوانی دوور لە کەنارەکان و بەقووڵایی دەریادا گەشتەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، چونکە کاتێ هەوای دەریا بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە یان زیاتر سامال دەبوو و هەموو رۆژێ هەتاو دەهاتەدەرو شەوانەش ئاسمان سامال دەبوو، کەشتیوانەکان دەیانتوانی ئەستێرەی باکوور کە دەکەوێتە باکووری گۆی زەوی ببینن، ئەوکات بەیارمەتی ئەستێرەی باکوورو هەتاو بەجۆرێ گەشتەکەیان ئەنجام دەدا وەکو بڵێی قیبلەنمایان هەبووە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم جۆرە دەریاوانییە حاڵەتێکی دەگمەن بووەو نەک گشتی.

گەلی کارتاژ گەلێکی دەریاوان بووەو زۆری بەلاوە گرنگ بووە دەست بەسەر دەریاوانی دابگرێ، هەر بۆیە لە پاش کۆتایی هاتنی یەکەمین جەنگی نێوان کارتاژ و رۆمانەکان، بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە هانون بەمەبەستی چەسپاندنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ رۆمانەکاندا بەستی، پێی گوتن؛ من بەهیچ جۆرێ قبووڵ ناکەم ئێوە پێ بنێنە ناو دەریای سیسیلەوەو دەستی خۆتان بەئاوی ئەو دەریایە بشۆن. یەکێک لە مەرجەکانی ئەو رێککەوتننامەیە ئەوە بوو کە رۆمانەکان مافی ئەوەیان نییە لەگەڵ دورگەی سیسیل و ساردنی و باکووری ئەفریقادا بازرگانی بکەن و پێویستە تەنیا لەگەڵ کارتاژدا بازرگانی بکەن.

ئەو مەرجە ریزپەڕە (استثناء) بۆیە دانرابوو تا رۆمانەکان جگە لە میللەتی کارتاژ ئاشنایی لەگەڵ هیچ میللەتێکی تردا پەیدا نەکەن و بەردەوام شتومەکەکان لە دەستی دووەم بکڕن و ئەوەش بە قازانجی کارتاژەکان تەواو دەبوو.

چەندە کارتاژییەکان گرنگییان بەسەروەری دەریاکان دەدا، رۆمانەکانیش بەو رادەیە

گرنگییان بە کۆنترۆڵکردنی سەروەری وشکانی دەدا. هەردوو میللەت بەوپەڕی سووربوون و ئیرەییەوە خوازیاری پاراستنی سەروەری بوون لەناو قەڵەمڕەوی تایبەت بە خۆیاندا.

گرنگی پاراستنی سەروەری دەریایی لەلایەن کارتاژیەکانەوە بووە هۆی ئەوەی چەندین جەنگی گەورە لەنێوان کارتاژییەکان و مارسی بەتایبەتی لەسەر راوکردنی ماسی رووبدات. بەڵام دواتر لەگەڵ یەکدا ئاشت بوونەوەو لەرێگای بازرگانییەوە درێژەیان بە رکابەرییەکەیان داو هەر لەوکاتەدا خەڵکی مارسی زۆر ئیرەییان بەکارتاژییەکان دەبرد، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی دەریاوانی و پیشەسازی دەریاییەوە لەگەڵ یەکدا بەرابەربوون، بەڵام لەڕووی توانا و هێزەوە لە کارتاژییەکان لاوازو بێ دەسەڵاتتربوون. هەرئەوەش وای لە مارسییەکان کرد لەگەڵ نەیاری کارتاژەکان واتە رۆمانەکاندا گەڵاڵەی هاوکاری دابڕێژن و بەوپەڕی نیازپاکییەوە لەسەر دۆستایەتیکردنی رۆمانەکان بەردەوام بن. لە کاتی جەنگی رۆمانەکان دژی کارتاژەکان لە ئیسپانیا، مارسییەکان قازانجێکی زۆر باشیان بەدەست هێنا، چونکە لە ناوەندی هەردووکیاندا بوون و پێداویستییەکانی جەنگیان دابین دەکردو بەرۆمانەکانیان دەفرۆشت. کاتێ کارتاژ لە باکووری ئەفریقاو کورنێت لە باشووری یۆناندا وێران کران، لەبەر ئەوەی مارسییەکان ئیتر هیچ نەیارێکیان نەما، دەسەڵات و رەونەقیان گەشەی سەند و رۆمانەکانیش بەبێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکیان لە مارسییەکان هەبێ، پارێزگارییان لێدەکردن، ئەگەر جەنگە بنەماڵەییەکان دەرفەتیان دابایە، مارسی دەیتوانی بە بەختەوەری و ئاسوودەیی درێژە بەژیانی خۆی بدا.

## بەشی دوازدەهەم: دورگەی دلۆس – میتریدات

کاتێک کە رۆمانەکان کورنێتیان وێران کرد، بازرگانەکانی ئەو شارە بەرەو دورگەی دلۆس کۆچیان کرد بۆ ئەوەی ژیانیان لە ئەماندا بێ، چونکە بەپێی بیروبۆچوون و رێورەسمی نەتەوەکانی ئەوکات (هەروەک نسترابۆن لە کتێبی دەیەمی خۆی باسی دەکا) دورگەی دلۆس شوێنێکی ئارام بوو و هەرکەسێک رووی لەوێ بکردبا ئەوا ئاسایشی دەپارێزرا.

بەڵام بازرگانەکانی کورنێت تەنیا بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش روویان لەو دورگەیە نەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو دورگەیە کەوتبووە ناوەندی رێگای ئیتاڵیاو ئاسیاو لە دوای داڕووخانی کارتاژو یۆنان، باشترین شوێنی بازرگانی بوو لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا.



پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە یۆنان لەسەرەتادا هەندێ کۆچ نشینی بە دەوروبەری خۆیدا بڵاوکردەوەو بەتایبەتی بۆ ئاسیای بچووک و کەنارەکانی دەریای رەشی ناردن. ئەو کۆچنشینانە توانیان لەژێر دەسەڵاتی پاشا ئێرانییەکانیشدا دابونەریتی خۆیان بپارێزن ئەسکەندەریش دژایەتی لەگەڵدا نەکردن و زۆر دواتر لەنێو ئەو کۆچنشینانەدا هەندێ پاشاو دەوڵەت سەریانهەڵدا کە میتریداتی پاشای ئەشکانی توانی سوودێکی باشیان لێوەرگرێ و لە ژێرسایەی یەکگرتن لەگەڵ ئەواندا توانی بەردەوام پارەو لەشکرو پێداویستیی جەنگ بۆ بەرەنگاری لەگەڵ رۆمانییەکان دابین بکاو هێدی هێدی لەشکرەکەی خۆی لەسەر شێوازی لەشکری رۆمانی رێکبخاو راهێنانیان پێ بکاو لە ئاکامیشدا لەشکرێکی بەهێزی دروست کرد. ئەگەر ئەو پاشایە بەهۆی تەجەممول و رابواردنەوە فاسد نەبووبایە ئەوا بێگومان بەیەکێک لە پاشا گەورەکان لە قەڵەم دەدرا.

بەم جۆرە کاتێ رۆمانەکان لەوپەڕی گەورەیی و لوتکەی بەختەوەریدا دەژیان و کارتاژو کورنێت و سەرجەم نەیارەکانی تریان لەناو برد، میتریدات جارێکی تر رۆمانیای بەرەو جەنگ پەلکێش کردو دەسکەوتی داگیرکارییەکانی پێشووی رۆمانی وێران کرد.

لەو جەنگەی لە نێوان رۆمانی و ئەشکانییەکاندا روویدا، سەرەڕای ئەوەی هەردوو لایەنی شەڕکەر بەهێزبوون، گشت نەتەوەکانی ئاسیاو ئەوروپا بە دۆست و دوژمنەوە، بەڵاو موسیبەتێکی زۆریان کێشاو دەردو ئازارێکی زۆریان چەشت، دورگەی دلۆس شکۆمەندی و گەورەیی خۆی لە دەست داو بازرگانییەکەی لەناوچوو، چونکە ئەو میللەتانەی لەگەڵ ئەو دورگەیەدا بازرگانییان دەکرد لەناوچوون، بەپێی ئەو شتانەی لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد، رۆمانەکان میللەتێکی فاتح بوون، بەڵام سەرکەوتنی خۆیان لە وێرانکردنی وڵات و نەتەوەکانی تردا دەبینی، هەر بۆیە کارتاژو کورنێتیان لەناوبردو دایان رووخاندن، ئەگەر ئەو میللەتە هەموو وشکاییەکانی ئەوروپای کۆنی داگیر نەکردبا ئەوا بێگومان لەنێو دەچوو، بەڵام پاشاکانی ئاسیای بچووک دوای ئەوەی وڵاتە یۆنانییەکانی کەناری دەریای رەشیان داگیرکرد، بەپێچەوانەی رۆمانەکان، خۆیان لە وێران کردنی و تێکدانی بوارد، هەر ئەوەش پلەی گەورەیی و دەسەڵاتی بەرزکردنەوە.

## بەشی سێزدەهەم: لێهاتوویی رۆمانەکان لە دەریاوانیدا

رۆمانەکان لە تێکۆشان و خەبات لەسەر وشکانیدا لێهاتووییەکی تایبەتیان هەبوو و لەکاتی شەڕە زەمینییەکاندا دلێری و ئازایەتییەکی زۆریان دەنواند و تا دوایین هەناسە شەڕیان دەکرد و لە مەیدانەکانی شەڕو تێکۆشاندا گیانیان بەخت دەکرد، بەڵام

زانیاریـیەکی ئەوتۆیان لەسەر شەڕی دەریایی نەبوو و نەیاندەتوانی فێری شێوازی بەرەنگاری و شەڕی ناو دەریا بن و هەروەها نەیاندەزانی شێوازی جەنگی دەریایی و وشکانی جیاوازییەکی یەکجار زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

جەنگاوەرە دەریاییەکان هەندێ جار خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن و لە دوایین ساتەکاندا مەیدان چۆڵ دەکەن و جارێکی دیکە سەرلەنوێ بەدیاردەکەونەوە و تا ئەو شوێنەی دەگونجێ خۆیان لە مەترسی دەپارێزن. هەمیشە زیاتر پەنا دەبەنە بەر فرتوفێڵ نەک هێزو ئازایەتی، بەڵام ئەو شێوە تێکۆشانە لەگەڵ لێهاتوویی جەنگی یۆنانی و بەتایبەتی ڕۆمانەکاندا نەدەگونجا، هەر بۆیە ڕۆمانەکان زۆر گرنگییان بەپیشەی دەریاوانی نەدەداو چینە بەرزەکانی ڕۆمانیا خۆیان لەو کارە دەبوارد و تەنیا کۆیلە ئازاد کراوەکان ئەو پیشەیان قبووڵ دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە بەم جۆرە نییەو ئێمە سەبارەت بەشەڕکەرە زەمینی و دەریاییەکان زێدەڕۆیی ناکەین، واتە نەسەربازە زەمینییەکانمان پێ بوونەوەری گەورە و نائاساییەو نەبەچاوی سووکایەتییەوە سەیری سەربازە دەریاییەکان دەکەین، یاخود بە جۆرێکی تر، بەهای هەرکام لەم دوو دەستەیە، لە ڕوانگەی ئێمەو، بەڕادەی ئەو سوودەیە کە ئەمانە پێشکەشی کۆمەڵگای دەکەن و ئێمە کەڵکیان لێ وەردەگرین.

## بەشی چواردەهەم: لێهاتوویی ڕۆمانەکان لە بازرگانیدا

هەموو یادداشت نووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕۆمانەکان لەکاتی بازرگانیدا ڕەزیل نەبوونەو ئیرەییان نەبووە. هۆکاری هێرشی ڕۆمانەکان بۆ سەر کارتاژ سەرچاوەکەی ڕکەبەرایەتی و ململانێی سیاسی بوو. هەر بۆیەش ڕۆمانەکان لەگەڵ هەندێ وڵاتدا هاوکارییان دەکرد بۆ ئەوەی بازرگانییەکەیان گەشە بسێنێ و نەکەونە ژێر چەپۆکی کارتاژەکانەوە، دیسان هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو کە بازرگانی لە مارسی بووژایەوە، چونکە ڕۆمانەکان هەڕەشەو مەترسی زۆر وڵاتیان لەسەر سەری مارسی ڕامالیبوو.

لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکان مامەڵەچی نەبوون هەر بۆیە هیچ ترسێکیان لە نەتەوە بازرگانەکان نەبوو و هیچ گرنگییەکیشیان بە بازرگانی نەدەدا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لێهاتوویی و خەسڵەتە نەتەوەیی و ڕێوڕەسم و شانازیی مێژوویی و پەروەردەی سەربازی و بەکورتی شێوازی حکومەت و ڕژێمی دەوڵەتی، ئەوانی لە بازرگانی دووردەکردەوە.

شارنشینە ڕۆمانەکان جگە لە بیرکردنەوە لە جەنگ، هەڵبژاردن، یاسادانان، دادگایی، وتارخوێندنەوە و خەتابە بیریان لە هیچی تر نەدەکردەوە. جوتیارو ڕەعیەتە ڕۆمانەکانیش خەریکی کاروباری کشتوکاڵی بوون و لە ویلایەت و هەرێمەکانیشدا ڕژێمی ئیستبدادی و



ڕەوشتی ناشایستی دەسەڵاتدارەکان ڕێگربوو لەبەردەم ئەوەی خەڵک گرنگی بەبازرگانی بدا. چەندە ڕژێمی حکومەتی ڕۆمانی ڕێگربوو لەبەردەم گەشەسەندنی بازرگانیدا، ئەوەندەش یاسا نێونەتەوەییەکانی ڕۆمانیا دژی گەشەسەندنی بازرگانی بوو. لەمەڕ ئەو بابەتەوە پۆمپۆنیۆس کە یەکێکە لە حقوقیە (مافپەروەرە) ناودارەکانی ڕۆما، دەڵێ:

ئەگەرچی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ ئێمەدا دۆست نین و یەکێتیمان لە نێواندا نییەو لە نێوان ئێمەو ئەواندا نەریتی میوانداریتی ناوی نییە کەچی بە دوژمنی ئێمە لە قەڵەم نادرێن، بەڵام ئەگەر ئەوان ببنە خاوەنی شتومەکەکانی ئێمەو ئەو شتەی هی ئێمەیە بکەوێتە ژێر دەستی ئەوان، لەوکاتەدا میللەتی نێوبراو دەبێتە خاوەنی مافی موڵکداری و پیاوە ئازادەکانی ئێمە دەبنە کۆیلەی ئەوان و لە ڕاستیدا وەکو ئەوە وایە کە ڕۆمانەکان ببنە کۆیلەی ئەوان.

یاسای مەدەنی ڕۆمانیاش بەربەست بوو لەبەردەم گەشەکردنی بازرگانیدا، بەڕادەیەک کە لەهەندێ حاڵەتدا ژنە بازرگان و مامەڵەچییەکان لەریزی ژنە بەرەڵاو بەدکارەکان لە قەڵەم دەدران. بۆ نموونە لە یاسای کۆنستانتینیدا هاتووە: ئەو منداڵانەی لە هاوسەریتی چینی عەوام و ئەرستۆکراتەکان لە دایک دەبن، حەرامزادەن و ئەو ئافرەتانەی کە دوکاندارن وەکو ئەو ژنانەن کە لە قومارخانەو تیاترۆو شوێنە گشتی و قەحپەخانەکاندا کاردەکەن. هەروەها هەر لەناو ئەو یاسایەدا هەندێ ڕێوشوێنی تر دانراوە کە ژنە مامەڵەچی و بازرگانەکان بەیەک چاو لەگەڵ ژنە خراپەکارو کچی ئەو پیاوەی خاوەنی قەحپەخانەکەیە سەیر دەکاو لە هەندێ شوێنی تری ئەو یاسایەدا هاتووە: ئەگەر ئافرەتێک خەریکی دوکانداری بێ و بازرگانی بکا وەکو کچی ئەو پیاوەیە کە مەحکووم بەوە کراوە لەسەر شانۆدا لەگەڵ نەیارەکەی ململانێ بکا[١١٤].

ئەو خوێنەرانەی ئەم بەشە دەخوێننەوە لەوانەیە ڕەخنەم لێبگرن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بازرگانی سوودێکی یەکجار زۆر بەهەموو وڵاتێک دەگەیەنێ و لەبەر ئەوەی ڕۆما یەکێک لە شارستانیترین وڵاتانی جیهان بووە، پێیان وابێ ئەو وڵاتە، بۆ پەرەپێدانی بازرگانی هەوڵێکی زۆری داوە، بەڵام ڕاستیی مێژوویی هەرئەوەیە کە خوێنەرەکان چاویان پێداخشاند، واتە وڵاتی ڕۆما نەک هەر هانی بازرگانی نەدا بەڵکو لە ڕێگای هەندێ ڕێوشوێن و یاسای تایبەتەوە پێشی گەشەسەندنیشی گرت.

## بەشی پازدەهەم: بازرگانی ڕۆمانەکان لەگەڵ جێرمەنەکاندا

ڕۆمانەکان بەهۆی داگیرکردنی بەشی هەرە گرنگی ئاسیاو ئەورووپاو ئەفریقا، ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان دامەزراند و یەکێک لەو فاکتەرانەی یارمەتی گەورەیی و شکۆمەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دا ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتە داگیرکراوەکان هیچ چەشنە دەسەڵات و هێزێکیان نەبوو و ئەو نەتەوانەی کەوتنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەوان هەست و جورئەتی نەتەوەییان نەبوو.

دەوڵەتی ڕۆمانی پاش ئەوەی ئەو وڵاتانەی داگیرکرد، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا هەوڵیدا لەگەڵ نەتەوەکانی تردا (واتە ئەوانەی لە ژێر ڕکێفی ڕۆمادا نەبوون) پەیوەندی نەبەستێ، بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانە ڕێوشوێنی جەنگ و داگیرکاری لە ڕۆمانەکان فێر نەبن، تەنانەت چاوپۆشییان لە بازرگانی و قازانجی بازرگانی میللەتەکانی تریش دەکرد. بۆ نموونە ڕۆمانەکان یاسایەکیان داڕشت بۆ ئەوەی هیچ کەسێک لەگەڵ نەتەوەکانی جێرمەندا بازرگانی نەکاو هەندێ ڕێوشوێنی تایبەتیان لە وڵاتدا جێبەجێ دەکرد و بەپێی ئەم ڕێوشوێنانە نەدەبوایە هیچ کەسێک شەراب و ڕۆنی زەیتون و خواردنەوەکانی تر بۆ جێرمان بباتە دەرەوە. یان بۆ نموونە، یەکێک لەو یاسایانەی کە لەو پێناوەدا لە ڕۆمانیادا داڕێژرابوو ئەوەبوو کە هیچ کەس ناتوانێ زێڕ بەرەو جێرمەن بباتە دەرەوە و ئەگەر نەتەوە جێرمەنەکان زێڕیان هەبێ دەبێ بە پەنابردنە بەر فرت و فێڵ لە دەستیان دەربهێنرێ و هەروەها نەدەبوو هیچ کەس ئاسن بۆ ئەو وڵاتە ببا و هەرکەس سەرپێچی لەو یاسایانە کردبا سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا.

یەکێک لە پاشاکانی ڕۆما بەناوی دۆمیسین دارە مێوەکانی وڵاتی گۆتی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا بۆ ئەوەی ڕەزو باخەکانی فەڕەنسا خێڵە جێرمەنەکان بەرەو ئەو ناوە پەلکێش نەکات. چونکە ڕەزوباخەکانی ئیتاڵیا ببووە هۆی پەلکێش کردنی خێڵە جێرمەنەکان، بەڵام سەرجەم پاشاکانی ڕۆما کە هیچ ترسێکیان لە جێرمەنەکان نەبوو، وەکو پرۆبوس و ژۆلین لە وڵاتی گۆلدا هانی چاندنی داری مێویان دەدا.

کاتێ کە وڵاتی ڕۆما لە لوتکەی بەختەوەرییەوە داخزیە نشێوی زیلەتەوە، خێڵە جێرمەنەکان دەوڵەتی ڕۆمایان ناچارکرد بۆ ئەوەی مل بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئەوان بدا، ئەو بابەتە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ڕۆمانەکان لە بنەڕەتدا خوازیاری بازرگانی نەبوون و هەست و ڕەوشتی ئەوان لەگەڵ بازرگانیدا نەدەگونجا.



## بەشی شازدەهەم: بازرگانی ڕۆمانەکان لەگەڵ عەرەبستان و هندستاندا

تاکە بازرگانییەک کە ڕۆمانەکان خۆیان پێوە خەریک دەکرد، بازرگانی عەرەبستان و هندستان بوو، چونکە عەرەبەکان سوودێکی زۆر باشیان لە دەریاو دارستانەکانی خۆیان وەردەگرت و کەلوپەلێکی زۆریان دەفرۆشت و لە بەرامبەریشدا شتومەکێکی کەمیان دەکڕی. هەر بۆیە توانیان سامان و دارایییەکی فراوان کۆبکەنەوەو زێڕوزیوی وڵاتەکانی تر بۆ لای خۆیان رابکێشن. (ئۆگۆستی) دەسەڵاتداری بەنێوبانگی ڕۆمانی کاتێ ناڤودەنگی سامان و دارایییەکەیانی بەرگوێ کەوت، بڕیاریدا، دۆستانە بێ یان دوژمنانە، دەبێ سوود لەو سامانە وەرگرێ و هەر بۆیە ئەلیوس گالۆسی لە میسرەوە نارده عەرەبستان بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە داگیر بکات. گالۆس پاش چوونە ناو خاکی عەرەبستان بۆی دەرکەوت خێڵە عەرەبەکان هێمن و تەمبەڵ و تاڕادەیەک ئاشتیخوازن، هەر بۆیە شەڕی لەگەڵدا کردن چونکە سەرکەوتنی خۆی بە حەتمی دەزانی، بەڵام گەرمی هەواو فێڵی ڕێنوێنی لەشکرو نەمانی خۆراک و نەخۆشی جۆراوجۆر و دەرکردنی هەندێ بڕیار کە پێچەوانەی بارودۆخی ناوچەکە بوو، لەشکرەکەی تێکوپێک داو لەناوی برد، هەر بۆیە ڕۆمانەکان لەگەڵ عەرەبەکاندا پەنایان بۆ ئاشتی بردو وەکو سەرجەم نەتەوەکانی دیکە لەسەر ئەوە پێکهاتن لەجیاتی کڕینی شتومەکەکانیان زێڕو زیویان پێ بدەن.

ئەمڕۆش بازرگانی لەگەڵ عەرەبەکاندا هەربەم شێوەیە ئەنجام دەدرێ، واتە زێڕو زیو وەردەگرن و شتومەک دەفرۆشن.

بارودۆخی سروشتی ناوچەی عەرەبەکان زۆر لەگەڵ بازرگانیدا دەگونجاو هیچ پێویستی نەدەکرد ئەو میللەتە شەڕخوازبێ، بەڵام پاش ئەوەی عەرەبەکان کەوتنە نێوان قەڵەمڕەوی ئەشکانی و ڕۆمانەکان، کاتێ لەگەڵ ئەوان و سەردەمێ لەگەڵ ئەماندا دەستیان تێکەڵاو دەکردو وردە وردە لەگەڵ جەنگدا ئاشنابوون، تا ئەوکاتەی حەزرەتی محەمەد (د.خ) سوودی لە لێهاتوویی جەنگی ئەوان وەرگرت و ئەوانی بەرەو جیهانگیری هاندا.

بەڵێ، ڕۆمانەکان لە دوای عەرەبەکان لەگەڵ هندستاندا بازرگانییان دەکرد و بەجۆرێک کە ئسترابۆنی مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی لەکاتی گەشتەکەی بۆ میسر بۆی دەرکەوتووە، ١٢٠ کەشتی ڕۆمانی لەگەڵ هندستاندا بازرگانیان کردووەو ڕۆمانەکان بەردەوام زێڕو زیویان بۆ هندستان ناردووەو لە بەرامبەردا شتومەکیان لەوێوە بردووە.

پلین دەڵێ: ئەو شتومەکەی لە هندستانەوە بەرەو ڕۆمان دەهات، قازانجەکەی سەد بەرابەری نرخی وڵاتی یەکەم بوو، بەڵام بەبڕوای من زێدەڕۆیی لەو بابەتەدا کراوە، ڕەنگە

یەک دووجار شتومەکی هندستان بەو نرخە لە رۆما فرۆشرابێ، بەڵام بەردەوام وانەبووە، چونکە ئەگەر وابا ئەوا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەوتنە بیری بازرگانیکردن و ئەوکات ئیدی نرخی شتومەکی هندستان تا پلەی سفر دادەبەزی.

حەز دەکەین بزانین ئایا بازرگانیکردن لەگەڵ هندستان و عەرەبستان هیچ سوودێکی بۆ رۆمانەکان هەبووە یان نا ؟

گومانی تێدانییە کە رۆمانەکان لە بەرامبەر کڕینی شتومەکی هندو عەرەبستاندا ناچاربوون زێڕو زیوی خۆیان بۆ ئەو ناوچەیە بنێرن و لەلایەکی تریشەوە وەکو ئەمڕۆی ئێمە چۆن سوود لە زێڕو زیوی ئەمریکا وەردەگرین ئەوان ئەوکات ئەو هۆیانەیان لەژێر دەستدا نەبووە بۆ سوود وەرگرتن بۆ ئەوەی هەناردنی دراوی وڵاتەکەیان قەرەبوو بێتەوە. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی بەهای دراو لە رۆمای کۆندا ئەوەبووە کە بڕێکی زۆری دراوی رۆما بەرەو هندستان رەوانە کراوەو گریمان شتومەکە هندییەکان بەسەد بەرابەری نرخی سەرەکی خۆیان لە رۆما فرۆشراون، دیسان ئەو بابەتە هیچ یارمەتییەکی زیادبوونی سامانی نەتەوەیی نەداوە، چونکە رۆمانەکان سوودیان لە خۆیان وەردەگرت نەک خەڵکانی تر، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو خاڵە وەبەرچاو بگرین و دەرکی ئەو سەردەمە بکەین و دووبارە بۆمان دەردەکەوێ کە بازرگانیکردن لەگەڵ هندستاندا سوودی بە رۆما گەیاندووە، چونکە بازرگانی لەگەڵ هندستان یارمەتی بەهێزبوونی دەریاوانی رۆمای دەداو زامنی پاراستی سەروەری دەریایی ئەو دەوڵەتە بوو و شتومەکی تازەو نوێ گەشەی بە بازرگانی ناوخۆیی دەداو پیشەسازی جوانکاری و پیشەسازییە قورسەکانی بەهێز دەکردو هۆکارەکان و پێداویستییەکانی ژیانی زۆرتر دەکردو لە ئاکامدا یارمەتی زۆربوونی رێژەی دانیشتوانی دەدا.

هەروەکو لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، بازرگانی یارمەتی دەرو هاندەری لوکسەو لەبەر ئەوەی لوکس (خۆڕازاندنەوە) سوود بە حکومەتی تاکەکەسی دەگەیەنێ (هەروەک چۆن زیان بە حکومەتی سۆسیالیستی دەگەیەنێ) رۆماش چونکە ناوەندی سامانی جیهان بوو، دەبوایە لوکس و سامانی دونیا بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی و هەرچییەکی بۆلای خۆی راکێشاوە لەو رێگەیەوە بیداتەوە، بەم چەشنە، بەشێوەیەکی گشتی بازرگانی هند و عەرەبستان سوودی بە رۆما نەگەیاند.

ئسترابۆن دەڵێ: رۆمانەکان زۆر زیاتر لە میسرییەکان لەگەڵ هندستاندا بازرگانیان دەکرد. رەنگە ئەو خاڵە لە روانگەی ئێمەوە زۆر سەیر خۆ بنوێنێ و بڵێین لەگەڵ ئەوەدا کە رۆمانەکان لە بازرگانیکردندا لێهاتوو نەبوون، وای لێکردن کە لە میسرییەکان زیاتر



لەگەڵ هندستاندا بازرگانی بکەن، لە کاتێکدا کە دووری نێوان میسرو هندستان زۆر کەمترە لەدووری نێوان هندستان و رۆما و بەکورتی دەتوانین بڵێین هندستان لەبەرچاوی میسردایە.

هۆکاری مەسەلەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: لە دوای مەرگی ئەسکەندەردا پاشا میسرییەکان دەستیان کرد بە بازرگانی دەریایی لەگەڵ هندستانداو لە هەمان کاتیشدا پاشا سریانییەکان کە هەندێ ویلایەتیان لە رۆژهەڵاتیترین شوێنی ئیمپراتۆری میسرو هندستاندا بەدەست هێنابوو، ئەو بازرگانییەی لە بەشی شەشەمی ئەو کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد و لە رێگای وشکانی و دەریاییەوە ئەنجام دەدرا، درێژە پێدا. بەتایبەتی چونکە ئەو کۆچنشینانەی لەلایەن ئەسکەندەرەوە لە رۆژهەڵات دروست کرابوون، ئاسانکارییان لەو بازرگانییەدا دەکرد، بەجۆرێک کە ئەوروپییەکان لە دوو رێگاوە پەیوەندیان لەگەڵ هندستاندا هەبوو؛ یەکێکیان لە رێگای میسرو ئەویتریان لە رێگای وڵاتی سریانییەوە. تەنانەت پاش ئەوەی وڵاتی سریانی لەت لەتیش بوو کەچی دیسان ئەو بازرگانییە هەر بەردەوام بوو و لە سەردەمەکانی دواتردا بازرگانە مەقدۆنییەکان کە هاتوچۆی هندستانیان دەکرد هەندێ دۆزینەوەی نوێیان لەو هەرێمەدا ئەنجامداو ئەو کارەی کە پاشاکانی رابردوو ئەنجامیان نەدابوو، ئەوان بەئەنجامیان گەیاند. ئەوە بابەتێکە کە مارۆن، کەسێکی وڵاتی تیر، ئاماژەی بۆ دەکاو بتلیمۆسی جوگرافیزانیش لەوی وەرگرتووەو تیشکی دەخاتە سەر.

گرنگی دۆزینەوەکانی بازرگانە مەقدۆنییەکان بەڕادەیەک زیادبوو کە سنووری هندو چینیشی بەزاندو خۆی گەیاندە بەشەکانی رۆژهەڵات و باکووری چین.

بەهەرحاڵ لەسەردەمی سەڵتەنەتی پاشا سریانییەکاندا و پاش لەت لەت بوونی وڵاتەکەیان و دروست بوونی وڵاتی سەغد (باکتریان) بازرگانەکانی باشووری هندستان لە رێگای سەند و جەیحون و دەریای خەزەرەوە دەچوونە ئەوروپا و بازرگانە چینییەکانیش لە رێگای هندو چین و دەریا یان وشکانییەوە خۆیان دەگەیاندە فورات. بەشێوەیەکی گشتی هێڵی کاروانی بازرگانەکانی دەستەی دووەم بەو شوێنانەدا تێدەپەڕێ کە دەکەوێتە چل پلەی پانی باکووری هێڵی ئیستیواو لەو سەردەمەدا ئەو ناوچەیە لە چەند وڵاتێکی شارستانی پێکدەهات، چونکە هێشتا نەکەوتبووە بەر هێرش و تاڵانکاری تەتەرەکانەوە.

لەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پاشا سریانییەکان کە لە نەژادی رۆمانی بوون و بەشێکی رۆمایان پێک دەهێنا لەرێگای وشکانییەوە گەشەیان بە بازرگانی کردن لەگەڵ هندستاندا و لە کاتێکدا وڵاتی میسر نەیتوانی بەباشی لەگەڵ هندستاندا بازرگانی ئەنجام بداو لەراستیدا بازرگانی رۆما و هندستان زۆر زیاتر لە

بازرگانی میسرو هندستان گەشەی سەند.

لە دوای ئەوە سەڵتەنەتی ئەشکانییەکان دەستی پێکرد و زۆر بەزوویی بەهێزبوون. رۆمانییەکان وڵاتی میسریان داگیرکرد، بەڵام کاتێک رۆمانەکان وڵاتی میسریان داگیرکرد ئەشکانییەکان لە لوتکەی شکۆمەندی و گەورەییدا بوون و لەوەبەدوا ئیمپراتۆری رۆمانی هەموو کاتی خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەشکانییەکان تەرخان کرد.

ئەشکانی و رۆمانەکان زۆر بە سەختی بەربەرەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەکردو بەردەوام لە حاڵەتی جەنگدابوون، بەجۆرێک کە ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە جگە لەوێرانەو کاولیی هیچیان بۆ نەمایەوە، ئیتر نەک هەر هەلێک بۆ بازرگانی نەمایەوە بەڵکو هەردوو ئیمپراتۆری رۆمانی و ئەشکانی پەیوەندییەکی ئاساییشیان لەگەڵ یەکتردا نەهێشت و خۆ بەزلزانی و ئیرەیی و کینەو خۆویستی و جیاوازی بیروبۆچوون و ئایین بەتەواوی لە یەکتری جیاکردبوونەوە.

بەر لە هاتنی ئەشکانییەکان چەندین رێگای بازرگانی کردن لەگەڵ هندستان لە ئارادابوو و بازرگانە ئەوروپییەکان لە چەندین رێگاوە لەگەڵ وڵاتی هنددا بازرگانییان دەکرد، بەڵام پاش ئەشکانییەکان بەهۆی جەنگی بەردەوامی نێوان رۆمانی و ئەشکانییەکان تەنیا یەک رێگای بازرگانی کردن لەگەڵ هندستاندا مایەوەو بازرگان بیویستبا یان نا دەبوایە لەرێگای میسر واتە ئەسکەندەرییەوە بازرگانی بکات، هەر بۆیە وردە وردە شەوکەت و گەورەیی ئەسکەندەرییە پەرەی سەند.

بەڵام سەبارەت بە بازرگانی ناوخۆیی رۆما؛ لەراستیدا رۆما بازرگانی ناوخۆیی نەبوو و تاکە شتێک کە بازرگانی ناوخۆیی دەگرتەوە کڕین و فرۆشتنی گەنم بوو کە بۆ بەردەوامی و درێژەی ژیانی ئەو میللەتە لەرابەدەر پێویست بوو، تا جێگەیەک کە دەتوانین بڵێین رەنێوهێنانی گەنم بۆ رۆمانەکان وەکو بابەتێکی سیاسی سەیری دەکرا نەک بابەتێکی بازرگانی. بەپێی ئەو بیروبۆچوونە سۆئتۆن، یەکێک لە مێژوونووسەکانی رۆما دەڵێ: دەوڵەت ئەو دەریاوانانەی خەڵات دەکرد کە گەنمیان بۆ رۆما دەهێنا، چونکە مانەوەی رۆمانەکان پەیوەندی بە فیداکاری ئەوانەوە هەبوو.

## بەشی حەڤدەهەم: بازرگانی لە ئەوروپا، پاش داڕووخانی رۆما

کاتێ کە ئیمپراتۆری رۆما کەوتە بەر هێرش و پەلاماری خێڵە جێرمەنەکان، بازرگانییەکەیان لەناوچوو، چونکە خێڵە جێرمەنەکان هەروەک چۆن هیچ نرخێکیان بۆ وەرزێڕی و کشتوکاڵ دانەدەنا، ئەوا هیچ گرنگییەکیان بەبازرگانیش نەدەداو زۆربەزوویی



بازرگانی لە ئەوروپای ئەو سەردەمەدا باروبنەی پێچایەوە، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هێدی هێدی خانەدان و ئەرستۆکراتەکان دەهاتنە سەرحوکم و ئەو چینەش لە بنەڕەتدا گرنگییان بە بازرگانی نەدەدا.

لە یەکێک لە یاساکانی ویزیکۆتدا یاسایەکم بەرچاوکەوت کە تێیدا هاتبوو، کەشتییەکان مافی ئەوەیان نییە لە کاتی گەشتەکانیاندا زیاتر لە نیوەی رووبارەکە دابگرن و دەبێ نیوەکەی دیکەی رووبار کراوە بێت بۆ ئەوەی ماسیگرەکان بتوانن راوی خۆیان بکەن. ئەو بابەتە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بازرگانی و کەشتیوانی لەو ناوچانەی داگیریان کردبوو هیچ گەشەیەکی نەسەندووە دەنا یاسایەکی ئەوتۆیان دانەدەنا.

لەو ناوچەی کە جێرمەنەکان داگیریان دەکرد هەندێ یاسای نابەجێ هاتە ئاراوەو ئەویش بریتی بوو لە دەست بەسەرداگرتنی شتومەکی کەشتییە نغرۆبووەکان، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو سەردەمە بازرگان نەبوون هەر بۆیە هیچ چەشنە مافێکیان دەرحەق بە بێگانەکان نەدەپاراست، واتە تەنیا خۆیان بەخاوەن ماف دەزانی و شتومەکی ئەو کەسانەیان داگیردەکرد کە کەشتییەکانیان تێک دەشکا یان نغرۆ دەبوون بەبێ ئەوەی بچووکترین هەنگاو بنێن بۆ رزگارکردنی نوقم بووەکان. ئەم جۆرە بیروبۆچوونە لە شێوازی ژیانی جێرمەنەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. لەبەر ئەوەی ئەو چینە لە کەنارەکانی باکووری ئەوروپادا ژیانیان بەسەر دەبردو بەردەوام هەژاربوون، هەر بۆیە هەموو شتێکی بچووکیش سەرنجی رادەکێشان و بێ نرخترین شت لەلای ئەوان نرخێکی زۆری هەبوو و لە کەنارە بەردەڵان و ترسناکەکانی خۆیانەوە چاویان دەبڕیە دەریاو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کەشتییەک خۆ بە بەردەڵانی کەنارەکاندا بکێشێ و تێک بشکێ بۆ ئەوەی شتومەک و کەلوپەلەکانی بەتاڵان ببەن. بەڵام لەبەر ئەوەی رۆمانەکان خەڵکانێکی بازرگان بوون و چەندین نەتەوەیان بەڕێوەبردبوو و یاسای تایبەتیان بۆ دانابوون، لەکاتی نوقم بوونی کەشتییەکانیشدا هەندێ یاسای باشیان دانابوو و رێی لەوە دەگرت دانیشتوانی کەنارەکان شتومەکی کەشتییە تێک شکاوەکان بەتاڵان ببەن یان باجی تایبەتیان لێ بسێنن.

## بەشی هەژدەهەم: هەندێ رێوشوێنی تایبەت

لە یاسای ویزیگۆتەکاندا پەیڕەونامەیەک دانرابوو کە هەرکاتێ کێشەیەک لە نێوان بازرگانە دەریاییەکان و دانیشتوانی ناوچەکەدا روویدابا، ئەوا کێشەکە بەپێی یاسای نەتەوەیی و لەرێگای دادوەری سەر نەتەوەی بازرگانەکانەوە، چارەسەر دەکرا. لەوانەیە پێتان وابێ ویزیگۆتەکان ئەو یاسایەیان بەمەبەستی ئاسانکاری بازرگانی داڕشتووە،

لەکاتێکدا وانییە. دانانی ئەو یاسایە پەیوەندی بەشێوازی تایبەتی ژیانی جێرمەنەکانەوە هەیە، چونکە یەکێک لە پەیڕەو و نەریتەکانی ژیانی جێرمەنەکان ئەوەبوو کە تاکەکانی هەر خێڵێک بەپێی یاسای تایبەت بەخۆیان دادگایی دەکران. لە کتێبەکانی داهاتوودا بەدوورودرێژی باسی ئەو بابەتە دەکەین.

### بەشی نۆزدەهەم: ڕەوشی بازرگانی پاش لاوازبوونی ڕۆمانەکان لە ڕۆژهەڵاتدا

پاش ئەوەی ئیسلام سەریهەڵدا، لەسەرەتادا دەستی کرد بەداگیرکردنی وڵاتەکان، بەڵام کاتێ کە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لەت لەت بوو و وڵاتی میسر سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا و پاشای تایبەت بەخۆی هەبوو، میسر وەکو رابردوو لەگەڵ هندستاندا دەستی کردەوە بەبازرگانیکردن، هەر بۆیە سامانی ئەو سەردەمە لە میسردا کۆبۆوەو پاشا میسرییەکان بوون بە بەهێزترین پاشای ئەو سەردەمە و هەر لەوکاتەدا بەپەنابردنە بەر عەقڵ و سوودوەرگرتن لە هێزی خۆیان بەشێوەیەکی میانڕۆیانە، توانیان پێشی خاچ پەرستەکان بگرن و خۆیان لە مەترسی و زیانەکانیان بپارێزن.

### بەشی بیستەم: چلۆن پاش هێرشی جێرمەنەکان و سەقامگیربوونیان بازرگانی لە ئەوروپادا سەری هەڵدا

پاش ئەوەی قۆناغی هێرش و پەلاماری جێرمەنەکان کۆتایی پێهات و جێرمەنەکان توانیان لە ئەوروپادا سەقامگیر بن، ژمارەیەکی کەم لە بیرمەندو فەیلەسووفە ئەوروپییەکان فریوی فەلسەفەو نووسینەکانی ئەرستۆیان خواردو لە ماوەیەکی کەمدا بیروبۆچوون و فیکری ئەو فەیلەسووفەیان بڵاوکردەوەو قوتابخانەیەکی فەلسەفی تایبەتی بەناوی قوتابخانەی مەشایی (لایەنگرانی ئەرستۆ) دامەزرا. لایەنگرەکانی فەلسەفەی ئەرستۆ کە لە هەموو شتێکدا پەیڕەوییان لە بیروبۆچوونی مامۆستای خۆیان دەکرد، لەمەڕ سوودو قازانجیشەوە بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆیان وەرگرت کە لە کتێبی «سیاسەت»دا نووسیویەتی و بەتەواوی مۆرکی حەرام بوونیان پێوەلکاند، لەکاتێکدا ئەگەر هاتباو گەڕابانەوە سەر ئینجیل، ئەوا گەلێک ڕێوشوێنی هێمنترو باشتریان لەسەر ئەو بابەتە دەست دەکەوت. لە ئاکامیشدا بازرگانی کە تا ئەوکات کەم و زۆر بێزراوبوو بەیەکجاری لە ریزی کردەوە ناپەسەندو ناشایستەکان لە قەڵەم دراو هەرکەسێک خەریکی ئەوکارە بوایە، خەڵک وەکو تەڵەکەچی و قرچۆک سەیریان دەکرد. ئەوە ڕێسایەکی گشتییە،



هەرکاتێ پێشی کاروبارە سروشتییەکان و ئەو شتانەی کە حەتمەن پێویست و ڕێگەپێدراون بگیرێ، ئەوا ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەوکارە بەنزم و تەڵەکەچی و گوناهکار سەیریان دەکرێ. دوای ئەوە بازرگانی کەوتە دەستی میللەتێکەوە (مەبەست یەهوودییەکانە) کە زۆر بەدناوبوون. زۆری نەخایاند کە ئیتر هیچ کەس نەیدەتوانی جیاوازی دابنێ لە نێوان سووخۆری و قۆرغکاری و بازرگانی و تەنانەت کردەوەی ناشایست بۆ وەدەست هێنانی پارە.

ئەگەرچی یەهوودییەکان لە ڕێگای کردەوەی ناشایست و مامەڵەکانی خۆیانەوە دەوڵەمەند ببوون، بەڵام کەوتبوونە ژێر چنگی کۆمەڵە دەسەڵاتدارێکی چاوچنۆکەوە. هەروەک چۆن ئەوان بەدڵڕەقییەوە پارەیان لە خەڵکی دەستاند، حاکم و دەسەڵاتدارەکانیش بەدڵڕەقییەوە بوونی ئەوانیان دەخستە ژێر پێوە.

بۆ نموونە جیمس پاشای ئینگلتەرا بۆ داگیرکردنی سامان و دارایی یەهوودییەکان دەیخستنە زیندانەوەو بەوەندەش نەدەوەستا، بەڵکو ئەو کەسانەی ئامادەنەبوون مل بۆ بەخشینی سامانی خۆیان شۆڕ نەدەکرد تووشی ئەشکەنجە دەهاتن. لەنێو یەهوودییەکاندا زۆر بەکەمی کەسێک هەڵدەکەوت کە چاوێکی کوێر نەکرابێ.

یەکێک لە یەهوودییەکان رازی نەدەبوو پارە بدا، خستیانە ژێر ئەشکەنجەوەو بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەموو ڕۆژێ ددانێکیان دەردەهێنا هەتا لە ڕۆژی هەشتەمدا رازی بوو بڕی دە هەزار مارک پارە بدا.

هێنری سێیەمی پاشای ئینگلتەرا، لە کەسێکی یەهوودی کە ناوی ئارایۆن (هارون) و خەڵکی ویلایەتی یورک بوو، چواردە هەزار مارکی بۆ خۆی و دە هەزار مارکی بۆ شاژن لێ سەند.

لەو سەردەمەدا لەبەر ئەوەی پاشاکان نەیاندەتوانی چاوی تەماع ببڕنە گیرفانی میللەت، هەر بۆیە یەهوودییەکانیان لەنێو دەبرد، چونکە بەچاوی میللەتی راستەقینەوە سەیری یەهوودییەکانیان نەدەکرد و ئاگاداری ئەوەش بوون کە خەڵک بەچاوی رەزامەندییەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە دارایی و سامانی یەهوودییەکان بەتاڵان دەبەن.

هەر ئەو پاشایە یاسایەکی سەیرو سەمەرەی دارشت، ئەویش بریتی بوو لەوەی هەرکاتێ کەسێکی یەهوودی دینەکەی خۆی بگۆڕێ و ببێ بەمەسیحی ئەوا داراییەکەی داگیر دەکرێ. هێنری سێیەم بیانووی بۆ دانانی ئەو یاسایە ئەوەبوو کە: دەبێ دارایی یەهوودییەکان دەستی بەسەردا بگرێ بۆ ئەوەی چیتر وەسوەسەی شەیتان لە دڵیاندا

نەمـێنێتـەوەو تیـول کـە نموونەو مـەزهەرو پەیڕەوی یەهوودییـەکـانە لەنێـو بچێ، بەڵام حەقیـقـەت شـتـێکی تر بوو. ئەو پاشـاو دەسـەڵاتدارانە لایەنگری جێبـەجێکردنی ئەو یاسایەبوون، لەراستیدا دەیانویست سەرچاوەی داهاتەکەیان کە بەهۆی بەمەسیحی بوونی یەهوودییەک وشک دەبێ، بەیەکجاری قەرەبوو بکەنەوە.

لەو سەردەمەدا یەهوودییەکان زۆر ئازارو دەدران و هەزاران پاساویان بۆ ئازاردانی ئەو کۆمەڵەیە ساز دەکرد. بۆ نموونە، جارێک لەسەر ئەوەی بوونەتە مەسیحی داراییەکانیان داگیر دەکردن و جارێکی دیکە بەتاوانی ئەوەی بۆچی واز لە دینی موسا ناهێنن و نابنە مەسیحی، دەیانسوتاندن. لەگەڵ هەموو ئەوانەداو سەرەڕای ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتە کەچی بازرگانی گەشەی سەندو ئەو یەهوودییانەی توانیبوویان داراییەکانی خۆیان حەشار بدەن، حوکم و دەسەڵاتدارەکان دەستی کۆمەکیان لەبەردەم پان دەکردنەوەو ئیتر لەوە پاش زۆر نەدەکەوتنە بەر ئازارو ئەزیەتەوە. بەم جۆرە داراییەکانی خۆیان حەشاردەدا: بازرگانە کەلیمیەکان سەفتەیان داهێناو لەو ڕێگاوە شتومەک و داراییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی نهێنی ئاڵوویر دەکرد و هیچ شوێندەست و شوێنەوارێکی مامەڵەکە نەدەبینرا. هاوکاتیش لایەنگرانی فەلسەفەی ئەرستۆو فەقیهەکان بەبیروبۆچوونەکانی خۆیاندا چوونەوەو دەستکارییان کرد، بەچەشنێ کە هێدی هێدی سووکی و بێ نرخبوونی بازرگانی نەما.

لەنێـوچوونی بازرگـانی لە ئەورووپادا لە دوای زاڵبـوونی جـێـرمـەنەکـان، پەیوەندی بەبیروبۆچوونی توندڕۆیانەی لایەنگرانی فەلسەفەی ئەرستۆو چاوچنۆکی لەرادەبەدەری حاکم و دەسەڵاتدارەکانەوە هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتدارو حاکمەکان گۆڕانکارییان لە شێوازی حکومەتکردندا کرد، وردە وردە بازرگانی سەری هەڵدایەوەو وڵاتەکان بوژانەوە و خودی حاکم و دەسەڵاتدارەکانیش بۆیان دەرکەوت کە بوژانەوەو کرانەوە تەنیا لەژێر سایەی حکومەتێکی میانڕۆدا دێتەدی و سوود وەرگرتن لە شێوازی توندڕۆیانە جگە لە بەدبەختی و هەژاری وڵات هیچ ئاکامێکی تری نییە.

**بەڵێ، سەرەڕای ئەوەی خەڵک خاوەن حەزو ئارەزوو غەریزەی توندڕۆیانەن، بەڵام پێویستە پەیڕەوی لە شێوازێکی میانڕۆیانە بکەن، بەرژەوەندی و خێری ئەوان لەوەدایە کە خۆیان نەخەنە ژێر دەستی وەسوەسەی حەزو ئارەزوو و غەریزەکانەوە، چونکە میانڕۆیی لە هەموو کاروکردەوەیەکدا یارمەتیدەری پێشڤەچوونی شارستانییەتە.**



## بەشی بیست و یەکەم: دۆزینەوەی دوو جیهانی نوێ و بارودۆخی ئەوروپا لە هەمبەریا

دوای دروستکردنی قیبلەنما، کەشتیوانەکان هێدی هێدی ئاسیاو ئەوروپایان کەشف کرد، لەکاتێکدا بەر لە دروستکردنی قیبلەنما جگە لە هەندێ بەشی کەمی ئەو کیشوەرە، ئاشناییـان لەگـەڵ زۆربەی هەرەزۆریدا نەبوو. ئەمـریکاشـیـان لە ڕێگای بەکـارهێنانی قیبلەنماوە دۆزیەوە، لەکاتێکدا پێشتر هیچ شارەزاییەکیان لەسەری نەبوو.

پورتوگـالیـەکـان لە درێژەی دەریاوانی لە ئۆقیـانووسی ئەتلەسیـدا دوورترین خـاڵی باشووری ئەفریقا واتە «سەری ئاواتی چاک»یان کەشف کردو لەوێوە چاویان بەدەریایەکی گەورە کەوت کە هەمـان ئۆقیـانووسی هند بوو. هەر ئەو ئوقیـانووسە ئەوانی گەیاندە هندستـان. «کامۆئن» شاعیری بەناوبانگی پورتوگالی لە شیعرە حەماسییەکانی خۆیدا گەورەیی و گرنگی دۆزینەوەی (سەری ئاواتی چاک) و هند و کەلکەتەو مۆزەمبیق و هتد زۆر بە جوانی وەسف دەکات، بەجۆرێک کە بەرهەمە حەماسییەکانی ئەو هاوشانی بەرهەمە حەماسییەکانی یۆنانی دێرینە.

پێش کەشفکردنی سەری ئاواتی چاک بازرگانی هندستان لەلایەن ڤینیسیەکانەوە قۆرغ کرابوو. ئەوان لەڕێگای تورکیاوە بە دەربازبوون لە گیروگرفتێکی زۆرو دانی گومرگی لە رادەبەدەر، لەگەڵ هندستاندا بازرگانییان دەکرد، بەڵام پاش کەشفکردنی سەری ئاواتی چاک، ئیتالیاو ڤینیسیا ناوەندێتی خۆیان لەدەست دا و چیتر وەکو ناوەندی بازرگانی ئەوروپاو هندستان سەیر نەدەکران بەڵکو لە ڕیزی یەکێک لە شوێنە دووردەستەکانی ئەوروپا دەژمێردران. ئێستاش هەر بەو چاوە سەیریان دەکرێ و ئەگەر ئەمڕۆکە ئیتالیا لەگەڵ هندستان بازرگانی دەکا ئەوا بازرگانییەکەی بەشێکی کەم پێکدێنێ و پاشکۆی دەوڵەتەکانی ترە.

پورتوگالیەکان پاش دۆزینەوەی هندستان لەو سۆنگەیەوە کە خۆیان بە فاتح و جیهانگیر دەزانی، لەسەر بنەمای فەتح کردن و زاڵ بوون لەگەڵ هندستاندا بازرگانیان دەکردو ئەو یاسا ستەمکارانەی کە ئێستا لەلایەن هۆڵەندییەکانەوە لە هندستاندا جێبەجێ دەکرێ، پاشماوەی رەفتاری پورتوگالییەکانە لەو وڵاتەدا.

لەدوای ئەوە بنەماڵەی پاشایەتی نەمسا لە ئەوروپا گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی خۆی و وڵاتی جۆراوجۆرو یەک لەوان ئیسپانیای داگیرکرد، دەستی چارەنووس و تەقدیریش گەورەیی و شکۆمەندی ئەو بنەماڵەی هێندەی تر پەرەپێداو کیشوەری ئەمریکا بەدەستی

کریستۆف کلۆمب بۆ ئیسپانیا کەشف کرا. هەرچەندە ئیسپانیا هێزێکی بچووکی رەوانەی ئەو کیشوەرە کرد، بەڵام دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەو چەند وڵاتێکی تری لە ئەمریکادا داگیرکرد. لەکاتێکدا ئسپانیەکان لەلای رۆژئاواوە واتە لە کیشوەری ئەمریکادا لەسەر دۆزینەوەکانی خۆیان بەردەوام بوون. پورتوگالییەکان لەلای رۆژهەڵاتەوە واتە لەهندستان و دورگەکانی هندی رۆژهەڵات خەریکی دۆزینەوەکانی خۆیان بوون. لە کۆتاییدا ئەو دوو میللەتە لەکاتی هەوڵدان بۆ کەشفکردنی زیاتر بەیەک گەیشتن و خەریک بوو جەنگ و خوێنرێژییەکی گەورە لەنێوانیاندا روویدات، بەڵام (پاپ ئەلکساندری شەشەم) هاتە نێو کێشەکەیان و لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە پێکهاتن کە لە دورگەکانی خالیدات بەرەو لای رۆژئاوا هەرچییەک کەشف بکرێ هی ئسپانییەکان بێ و زەوی و زارە تازە کەشف کراوەکانی لای رۆژهەڵاتی ئەو دورگانەش تایبەت بن لە پورتوگالییەکان. بەڵام نەتەوەکانی تریش هاتنە نێو مەسەلەکەوە، ئەوروپاییەکان نەیان هێشت ئسپانی و پورتوگالییەکان سوودو بەهرەی تەواو لە دۆزینەوەکانی خۆیان وەرگرن. بۆ نموونە هۆڵەندییەکان هێرشیان کردە سەر موستەعمەراتەکانی پورتوگال و دورگەکانی هندی رۆژهەڵاتیان لە دەست دەرهێنان و هەروەها سەرجەم نەتەوەکانی تری ئەوروپا رێگای ئەمریکایان گرتەبەر و هێدی هێدی لەوێدا جێگیربوون.

ئسپانییەکان پاش داگیرکردنی ئەمریکاو سەرجەم شوێنەکانی تر، تەنیا دڵیان بەوە خۆش بوو کە زەوی و زارێکی پان و بەرینیان داگیرکردووەو زێڕو زیوەکەی بەتاڵان دەبەن و کەیفیان بەجیهانگیری خۆیان دەهات، بەڵام نەتەوەکانی تر کە لەوان زیرەکتر بوون، پاش جێگیربوون لەم شوێنانە بۆیان دەرکەوت کە دەتوانن سوودی بازرگانی یەکجار گەورەیان لێوەرگرن. هەر بۆیە کۆمپانیای بازرگانی گەورەیان پێک هێنا کە لەماوەیەکی کەم گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی. ئەو کۆمپانیایانە بەبێ ئەوەی ببنە هۆی زەحمەت و دەردەسەری بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان، یارمەتییەکی بەرچاویان بە شکۆمەندی و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە کرد. لە رێگای دامەزرانی ئەو کۆمپانیایانەوە هەندێ کۆچنشین لە میللەتە ئەوروپاییەکان لەنێو موستەعمەراتەکاندا دروستبوون.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو کۆچەرانە لەگەڵ کۆچەرە کۆنەکانی رۆمان و یۆناندا جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەیە، چونکە مەبەستی سەرەکی دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە پێکهێنانی ئەو کۆچنشینانە بازرگانی بوو و دەیانویست بەپێی هەندێ هەلومەرجی باشترو گونجاوتر لە بازرگانی ئەوروپا لەگەڵ ئەواندا بازرگانی بکەن، هەر بۆیە بازرگانی کردن لەگەڵ ئەواندا تایبەت بوو بەخۆیان. کەواتە ئینگلیزێک نەیدەتوانی لەگەڵ کۆچەرێکی



هۆڵەندیدا بازرگانی بکا، تەنیا دەوڵەتی هۆڵەندا مافی ئەوەی هەبوو لەگەڵ کۆچنشینەکانی خۆیدا بازرگانی بکا.

ئەمرۆکە یەکێک لە یاسا سەرەکی و نێونەتەوەییەکانی ئەوروپا ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتێک لەگەڵ کۆچەری دەوڵەتێکی دیکەدا بازرگانی بکا ئەوا دەبێ سزابدرێ و وەکو ئەوە سەیری دەکرێ کە سنووری بازرگانی ئەو وڵاتەی پێشێل کردبێ، لەکاتێکدا پێشتر وانەبوو و هەموو دەوڵەتەکان دەیانتوانی لەگەڵ کۆچەرە یۆنانی و رۆمانییەکاندا بازرگانی بکەن. هەروەها یەکێک لە یاسا سەرەکییەکانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتە ئەوروپییەکان پەیمانی بازرگانییان لە نێواندا هەبێ ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ لەگەڵ کۆچەرەکانی یەکتردا بازرگانی بکەن. ئەگەرچی ئەو رێوشوێنە سەختانە ئازادی کۆچەرەکان بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو سوودەشی هەیە کە بەردەوام لە ژێر چاودێری دەوڵەتەکانی خۆیاندا دەبن و دەوڵەتەکانیان بەوپەڕی هێزەوە بەرگرییان لێدەکەن. هەر بەو بۆنەیەوە یاسایەکی تری نێونەتەوەیی لە ئەوروپادا سەری هەڵدا کە ئەویش بریتی بوو لە: بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی ئینگلتەرا مافی ئەوەی نەبێ لەگەڵ کۆچەرە هۆڵەندییەکاندا بازرگانی بکا ئەوا مافی ئەوەشی نابێ لەنێو ئاوی کۆچەری ئەو وڵاتانە کەشتیوانی بکات. ئەگەر سەرنجی ئەو خاڵەی سەرەوە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەکانیش لە جیهاندا لەڕووی پەیوەندی و مامەڵەکردنەوە رێک وەکو تاکەکان دەجووڵێنەوە، هەروەک چۆن کەسێکی ئاسایی زەوی خۆی دەدا بەکەسێکی تر، میللەتێکیش دەریای خۆی دەدا بە میللەتێکی دیکە.

ئەم رێوشوێنە تەنیا تایبەت نییە بەئێستا بەڵکو لە رابردووشدا حاڵەتی ئەوتۆ هەبووە، بۆ نموونە کارتاژییەکان لەگەڵ رۆمانەکاندا پەیمانێکیان بەستبوو کە بەپێی ئەو پەیمانە کەشتییە رۆمانییەکان مافی ئەوەیان نەبوو لەسنووری دیاریکراو تێپەڕبن و هەروەها یۆنانییەکان لەگەڵ پاشا ئێرانییەکاندا پەیمانێکیان گرێدابوو کە بەپێی ئەوە دەبوایە کەشتیە ئێرانییەکان بەردەوام بەئەندازەی مەیدانێکی ئەسپ لە کەنارەکانی یۆنان دووربن.

بەهەرحاڵ هەرچەندە کۆچەرەکانی ئێمە (فەرەنسا) لە ناوەندەوە دوورن، بەڵام ئەو دوورییە بۆ ئەوان جێگەی مەترسی نییە، چونکە هەروەک چۆن ئێمە لێیانەوە دوورین، نەتەوە نەیارەکانیش، ئەوانەی رەنگە خەیاڵی داگیرکردنی کۆچەرەکانی ئێمەیان هەبێ، لەوان دوورن. جگە لەوە ئەم دوورییە باشییەکیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کاتێ منداڵە فەرەنسییەکان بەرەو کۆچنشینەکان دەچن لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خویان بەئاووهەوای ناوچەکە نەگرتووە، بۆیە ناچارن هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان لە فەرەنسا دابین

بکەن و بەردەوام بەناوەندەوە ببەسترێنەوە و بەم جۆرە بەردەوام کۆچ نشینەکان سەر بە فەڕەنسا دەبن.

لە سەردەمە کۆنەکاندا، کاتێک کارتاژییەکان ساردنی و کرس یان داگیرکرد و هەندێ کۆچەریان لەوێدا جێگیرکرد، بڕیاریاندا کە دانیشتوانی ئەو دورگەیە مافی کشتوکاڵیان نییەو دەبێ خۆراکی خۆیان لە کارتاژەوە ببەن، هەتا لەم ڕێگاوە بەردەوام پێویستییان بەکارتاژ هەبێ و لە ئاکامیشدا هەمیشە کۆچەرەکان بەکارتاژەوە ببەسترێنەوە. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ بەبێ ئەوەی ئەو یاسا سەختەمان داڕشتبێ، لەڕووی وابەستەبوونی کۆچەرەکانەوە ڕێک هەر ئەو دەرەنجامانەمان چنگ کەوتووە.

بەهەرحاڵ یەکێک لە دەرەنجامە ڕاستەوخۆکانی کەشفکردنی ئەمریکا ئەوەبوو کە ئەفریقاو ئاسیا لەڕووی بازرگانییەوە بە ئەوروپا بەسترانەوە. کانزا بەنرخەکانی ئەمریکا لە شێوەی دراو و شتومەکی بازرگانی بوو بەهۆیەک بۆ ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ ئاسیاو ئەفریقادا و هاوکات کرێکارە ئەفریقییەکان (مەبەست کۆیلەکانە) کە لە کانەکانی ئەمریکادا زۆر پێویستییان پێیان هەبوو، ڕەوانەی ئەمریکا کران و خەریکی کارکردن بوون. ئەمڕۆکە لە سایەی بازرگانی سێ کیشوەردا (ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکا) ئەوروپا دەسەڵات و شکۆمەندییەکی ئەوتۆی بەدەست هێناوە کە لە هیچ کام لە قۆناغەکانی ڕابردوودا وێنەی نەبووەو لەهیچ سەردەمێکی مێژوویدا، ئەو هەموو سامان و کڕین و فرۆشتنە زۆرو زەوەندە نەکراوە. بەڕێز دوهاڵد باوکی ڕۆحانی دەڵێ: بازرگانی ناوخۆی چین زۆر زیاترە لە بازرگانی هەموو ئەوروپا. ئەو وتەیە ڕاستە، بەڵام بە مەرجێک بازرگانی دەرەوەی ئەوروپا لە بەرچاو نەگرین، چونکە ئەمڕۆ ئەوروپا لەگەڵ هەموو کیشوەرەکانی گۆی زەویدا بازرگانی دەکا، هەروەک چۆن هەموو بازرگانی ناوخۆیی ئەوروپا لەژێر دەستی فەرەنساو ئینگلتەراو هۆڵەندا دایە.

## بەشی بیست و دووەم: ئەو سامانەی ئیسپانییەکان لە ئەمریکا بەدەستیان هێنا

کاتێ دەبینین ئەوروپا سوودێکی یەکجار زۆری لە بازرگانیکردن لەگەڵ ئەمریکا وەرگرتووە و وەردەگرێ، هەموو کەس پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئیسپانیا ئەمریکای کەشف کردووەو زێڕو زیوی ئەو کیشوەرەی دەرهێناوە، ئەوا بێگومان لە هەموو لایەک زیاتر سوودی لە ئەمریکا وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی خەڵک لێی بێئاگایە ئەوەیە کە داگیرکردنی زێڕو زیوی ئەمریکا بۆتە هۆی هەژاری و بەدبەختی ئیسپانیا و فیلیپی دووەم پاشای



ئیسپانیا کە لە دوای شارل کۆن تەختی پاشایەتی داگیرکرد، ناچاربوو خۆی موفلیس پێشان بدا. بەدرێژایی ماوەی پاشایەتی، ئەو پاشایە گرفتاری بێ پارەیی بوو و بەردەوام لەشکرەکەی لە دەست نەدانی دەرماڵە شکایەتیان هەبوو.

لەو مێژووەوە تاکو ئەمڕۆ هێدی هێدی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا ڕووەو هەڵدێر چووەو دەچێ و هۆکارەکەشی ئەوەیە، ئەو وڵاتە گەورەیە تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەن هاتووە کە دەکرێ ناوی بنێین نەخۆشی زێڕو زیو. لەبەر ئەوەی زێڕو زیو هۆیەکە بۆ ئاڵوێرکردنی شتومەکەکان و وەکو خۆراک و پۆشاک بەکاربەری ڕاستەقینەی نییەو لەلایەکی تریش زۆر بەردەوام دەبێ و درەنگ تێک دەچێ، بۆیە چەندە ڕێژەی زێڕوزیو زیادبکرێ ئەوەندە بەهاکەی دادەبەزێ.

کاتێ ئیسپانییەکان ئەمریکایان کەشف کرد لە جیاتی ئەوەی گرنگی بە سەرچاوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکانی ئەو کیشوەرە بدەن، تەنیا بیریان لە کۆکردنەوەی زێڕوزیو دەکردەوە، چونکە ئەوکات زێڕوزیو لە ئەوروپا زۆر دەگمەن بوو و ئیسپانییەکان دەیانویست بەهێنانی زێڕوزیو زۆرترین سوود بەدەست بێنن، بێ ئاگا لەوەی هەرچەندە ڕێژەی زێڕو زیو زیاتربێ ئەوەندە بەهاکەی دادەبەزێ، چونکە هەروەک گوتمان زێڕوزیو لە خودی خۆیدا هیچ بەهایەکی نییەو تەنیا هۆیەکە بۆ ئاڵوێرکردنی شتومەکەکان. لەلایەکی ترەوە، ئیسپانییەکان بەپێچەوانەی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا (کە تەنیا خەریکی کانە بچووکەکانی سەرزەوین و بەشێوازێکی سادە دەری دێنن) لە دۆزینەوە و دەرهێنانی زێڕدا زۆر لێزان بوون و دەیانتوانی بەڕێژەیەکی زۆر لە خاکی پڕ لە زێڕی ئەو کیشوەرە زێڕو زیو دەربهێنن. کاتێکیش بەهۆی هێنانی زێڕو زیوێکی یەکجار زۆر بەرەو ئەوروپا پارە زیادی کردو دەکرێ بڵێین بوو بە دوو بەرابەر، نرخی هەموو شتێک بەرز بۆوە. بۆنموونە، ئەوەی خەڵک بە لیورێک دەیکڕی، ناچاربوون بەدوو لیور بیکڕن. ئیسپانیەکانیش درێژەیان بە دۆزینەوەی زێڕوزیو داو بەزەبری قامچی لە کانەکاندا کاریان بەخەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە دەکرد. بەکەڵک وەرگرتن لە خوێی جیوەو تاڤگەکان پەرەیان بەدەرهێنانی کانزاکان دەداو زێڕو زیویان لە کەشتییەکانی خۆیان بار دەکردو بەرەو ئەوروپایان دەهێنا. لەو سەردەمەدا جارێکی دیکە پارەی ئەوروپا دوو بەرابەر بوو و ئەوەی خەڵک جاران بە دوو لیور دەیکڕی ناچاربوو بەچوار لیور بیکڕێ. بەڵام ئیسپانییەکان ئاگایان لەو مەسەلە نەبوو و نەیاندەزانی کە یەک مەن زێڕ کە گریمان نرخەکەی دە لیور بوو لە قۆناغی یەکەمدا نرخەکەی پێنج لیور بووەو ئێستا لە دوولیورو نیو زیاتر ناکاو تەنانەت نرخی زێڕو زیو لەو ڕادەیەش زیاتر دابەزی، هۆیەکەشی بەم جۆرەیە: هەمووتان دەزانن کە دەرهێنانی کانزا لە زەوی و

بارکردنی تاکو ئەوروپا خەرجی تێدەچێ و ئێمە لەبەر ئاسانکردنەوەی بابەتەکەمان وادادەنێین خەرجیەکەی بەپێی ڕێژەی یەک بەشەست و چواربووە، واتە ئەگەر یەک لیوریان خەرج بکردایە بە بڕی شەست و چوار لیور سوودیان لە زێڕەکە وەردەگرت.

لە قۆناغی یەکەمدا کاتێ پارەکە دوو بەرابەر بوو و خەرجی ژیانیش دوو بەرابەر چووە سەر، ئسپانییەکان ناچاربوون لە جیاتی یەک لیور لە بەرامبەر شەست و چوار لیوردا دوو لیور خەرج بکەن. کەواتە خەرج و داهاتەکەیان بەڕێژەی دوو بەشەست و چوار بوو. بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە کە کەشتییە ئسپانییەکان بەڕادەی جاری یەکەم زێڕیان بەرەو ئەوروپا بارکردبوو، بەڵام نرخەکەی بەڕادەی نیوەی نرخی زێڕی یەکەم جار بوو و لە جاری سێیەمدا ڕێژەی نێوان خەرج و داهات بەرەو چوار بۆ شەست و چوار، گۆڕانی بەسەرداهات و ئەگەر هەر بەو ڕێژەیە بیپێوین بۆمان دەردەکەوێ نەک نرخی زێڕو زیو بەردەوام لە ئەوروپادا دادەبەزێ بەڵکو ئسپانییەکان ناچارن هەر بەو ڕێژەیە خەرجی دەرهێنانی زێڕو زیوەکەش زیاتر بکەن.

ئێستا وا نزیکەی دوو سەد ساڵە ئەوروپاییەکان و بەتایبەتی ئسپانییەکان سوود لەکانی زێڕو زیوی ئەمریکا وەردەگرن و هەرچەندە زێڕو زیو زۆر بووە، خەرجی دەرهێنانیشی چۆتە سەر. بێگومان هەر بەم شێوەیە ڕۆژێک دادێ کە دەرهێنانی زێڕو زیوی کانەکانی ئەمریکا بەهیچ جۆرێ سوودی نابێ بەڵکو زیانیشی دەبێ.

ڕێسای گشتی بەم جۆرەیە؛ هەرچەندە زۆرتر زێڕو زیو لە کانەکانی دەربهێنرێت بەو ڕێژەیە سوود وەرگرتن لێی کەم دەبێتەوە.

لەبەرئەوەی لەم دواییانەدا پورتوگالییەکان کۆمەڵە کانێکی زۆریان لە بەرازیلدا دۆزیوەتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە کە بەزوویی نرخی زێڕ دادەبەزێ و بازاڕی قازانجی ئسپانییەکان زیاتر لە کەمی دەدا. من بۆ خۆم چەندین جار بیستوومە کە فەرەنسییەکان ڕەفتاری فرانسوای یەکەمی پاشای فەڕەنسا لەمەڕ کریستۆف کۆلۆمب لە قاو دەدەن و دەڵێن ئەو پاشایە کارێکی خراپی کرد کاتێ پێشنیارەکەی کریستۆف کۆلۆمبی سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەمریکا قبوڵ نەکرد، بەڵام لەوانەیە بەپێی (دوژمن دەبێتە هۆی خۆشی، ئەگەر خوا بیەوێ) ئەو کەسانەی کوێرکوێرانە نەیانهێشت فرانسوای یەکەم داواکارییەکەی کریستۆف کۆلۆمب قبووڵ بکا، کارێکی باشیان کردووە، چونکە ئەگەر وانەبا ئەوا ئەمڕۆ ئێمە لەڕووی هەژاری و نەدارییەوە لە وەکو ئسپانییەکان دەژیاین. بارودۆخی ئسپانییەکان پاش نوقم بوون لەنێو زێڕو زیوی ئەمریکا ڕێک وەکو ئەو پاشایەیە کە دەستی کیمیابووەو دەستی لە هەرچی داوە بووە بەزێڕ، ئەوکات ناچاربوو لەبەر دەرگای خودا بپاڕێتەوە بۆ



ئەوەی ئەو تایبەتمەندییەی لێ بستێنێتەوەو لە برسان نەمرێ.

تەنیا شتێک کە لەو ناوەدا یارمەتی ئسپانیەکانی داوە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی پورتوگالییەکان بۆ بازرگانی لەگەڵ هندو ڕۆژهەڵاتدا پێویستییان بەزێڕو زیو هەیە، بەشێک لە زێڕو زیو لە بەرامبەر شتومەکەکانی خۆیاندا لە ئیسپانیا وەردەگرن و ئەو بابەتە بۆ ئسپانییەکان وەکو کڵاورۆژنەی هاتی و کرانەوەیەو تاڕادەیەک لە شەڕی زێڕو زیوەکانیان دەیانپارێزێ. سەیر لەوەدایە سەرەڕای ئەو هەموو زێڕو زیوە، لە ئیسپانیادا یاسایەک دانراوە کە بەپێی ئەوە خەڵک مافی ئەوەیان نییە زێڕو زیو بۆ دروستکردنی دەفرو شتومەکی ڕازاندنەوەدا بەکاربێنن، لەکاتێکدا ئەو کارە تاڕادەیەک دەبێتە هۆی خەرج بوونی زێڕو زیو و کەمبوونەوەی ڕادەی هەڵاوسان لە بازاڕدا.

بیروبۆچوونەکانی من لەسەر کانی زێڕو زیو هیچ پەیوەندی بە کانەکانی ئەڵمانیاو پۆڵۆنیاوە نییە، چونکە دەستکەوتی کانی زێڕو زیوی ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا کەمەو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هەزار کرێکار لەنێو ئەو کانانەدا کاردەکەن و خۆراکێکی زۆر و زیادی وڵات سەرف دەکەن. دەرهێنانی ئەو کانزایانە نەک هەر زیانی نەبووە بەڵکو سوودیشی هەبووە.

هەرچەندە ئەمریکاو ئیسپانیا لەژێر دەسەڵاتی یەک پاشا دایەو بەرواڵەت دەبوایە ئیسپانیا ناوەندو ئەمریکا پەراوێز بوایە کەچی بارودۆخی ئابووری و بازرگانی وادەخوازێ کە ئەمریکا ناوەندو ئیسپانیا پەراوێز بێت، چونکە ئەمریکا ساڵانە بەبڕی پەنجا ملیۆن لیور شتومەکی بازرگانی وەدەست دێنێ و لەو بڕە زۆرە وڵاتی ئیسپانیا لە دوو ملیۆن و نیو لیور زیاتر بۆ ئەمریکا نانێرێ. ئەگەرچی پاشای ئیسپانیا گومرگێکی یەکجار زۆر لە شتومەکی بازرگانی و هاوردەنی ئەمریکا وەردەگرێ، بەڵام ئەو گومرگە داهاتی دەوڵەتەو هیچ یارمەتییەک بە سامانی نەتەوەیی ناکات و ئسپانییەکان هەروا هەژارو نەدارن، تەنیا ئەوەندە نەبێ پاشایەکی دەوڵەمەند کە لە ڕێگای وەرگرتنی گومرگەوە پارەی وەسەریەکناوە، حوکمیان بەسەردا دەکا.

ئەگەر پاشای ئیسپانیا ئەو گومرگەی لە بازرگانی و مامەڵەو داهاتی ناوخۆی وڵات وەدەست هێنابا، لەو حاڵەتەدا لەبەر ئەوەی سامانەکەی لە ئاکامی سامانی تاکەکان و دەزگا ناوخۆییەکانی وڵاتەوە کەڵەکەدەبوو، پیشەسازی و بازرگانی ئیسپانیا بوژانەوەیەکی زیاتری بەخۆوە دەبینی و خەڵک دەوڵەمەند دەبوو و ئەوکات پاشای ئیسپانیا لە جیاتی ئەوەی خەزێنەیەکی گەورەو میللەتێکی هەژاری هەبێ، خەزێنەیەکی گونجاو میللەتێکی دەوڵەمەندی دەبوو.

## بەشی بیست و سێیەم: تێبینی

من ناڵێم، لەبەر ئەوەی ئیسپانیا ناتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکادا بازرگانی بکا، با رێگەی بدا بۆ ئەوەی بێگانەکان بازرگانی لەگەڵدا بکەن(١١٥)، باس کردنی ئەو بابەتە پەیوەندی بەمنەوە نییە، بەڵام من لەسەر ئەو بڕوایەم ئێستا کە ئیسپانیا راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا بازرگانیی ناکا، چاکتر وایە تا ئەو شوێنەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەرفەت دەدا، هەندێ ئاسانکاری بۆ وڵاتە بێگانەکان بکرێ بەمەبەستی بازرگانیکردنیان لەگەڵ ئەمریکادا، چونکە ئێستا ئەو شتومەکەی بازرگان و وڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەمریکای دەبەن، بەنرخێکی گران دەفرۆشرێت و لە ئاکامیشدا دانیشتوانی ئەمریکایی ناچارن لە جیاتی ئەو کەلوپەل و شتومەکانە زێڕو زیوێکی زۆر بدەن و ئەو بابەتەش لە شوێنی خۆیدا کاریگەری هەیە لەسەر دابەزینی بەهای زێڕو زیوی ئەمریکا، بەڵام کاتێ کۆت و بەندی بازرگانی نەماو دەوڵەت و میللەتی جۆراوجۆر توانیان لەگەڵ ئەمریکادا بازرگانی بکەن، بێگومان مەسەلەی کێبڕکێ سەرهەڵدەداو بازرگانەکان لە رقی یەکترو بۆ وەدەست هێنانی بازاڕی بازرگانی، شتومەکەکانی خۆیان بەنرخێکی هەرزانتر دەفرۆشن و دانیشتوانی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو شتومەکەی کە دەیکڕن زێڕو زیوێکی کەمتر خەرج دەکەن، واتە بەهای زێڕو زیو لە بەرامبەر شتومەکدا بەرز دەبێتەوە.

ئەوە ئەو تێبینییەیە کە بەبڕوای من پێویستە دەوڵەتی ئیسپانیا وەبەرچاوی بگرێ. هەڵبەتە نابێ لە وردە سەرنج و تێبینییەکانی تریش غافڵ بێت، چونکە ئەگەر ئێستا کۆت و بەندی بازرگانی بۆتە هۆی ئەوەی شتومەکەکان لە بەرامبەر زێڕو زیوی ئەمریکادا بەهایەکی بەرزیان هەبێ، ئەوا لە بەرامبەردا مەترسی هێرش یان گیروگرفتی دامەزراندنی چەندین بەشی گومرگی بۆ هەریەک لە دەوڵەتە بازرگانەکان، لە ئارادانییەو هاوکات نابێ ئینکاری ئەوە بکەین کە هەندێ جار مەترسی و هەڕەشەی گریمانەیی زۆر کاریگەرترە لە مەترسی حەقیقی و مەترسی حەقیقی کاریگەرییەکەی لە مەترسی و هەڕەشەی گریمانەیی کەمترە.

## پەیوەندی نێوان یاساو خەرجی دراو

### بەشی یەکەم: هۆکاری خەرجی دراو

لەبەر ئەوەی نەتەوە بەربەرەکان بۆ بازرگانیکردن شتومەکی کەمیان لەبەردەست دایەو هەندێ لە نەتەوە شارستانییەکانیش تەنیا دوو سێ جۆر شتومەکیان هەیە. هەر بۆیە لە رێگای ئاڵوویرەوە بازرگانی دەکەن. ئەو کاروانانەی لە باکووری ئەفریقاوە بەرەو تمبوکتۆ دەڕۆن بەمەبەستی ئەوەی لە ناوەندی ئەفریقا خوێ بە زێڕ بگۆڕنەوە، لە بنەڕەتدا پێویستیان بە پارە نییە. ئەو کاروانچییانە لەکاتی ئاڵوویرکردنی شتەکانی خۆیاندا، خوێ دەخەنە تایەکی تەرازووکەوەو رەش پێستەکانیش زێڕی خۆیان دەخەنە تایەکەی دیکەی تەرازوو، ئەگەر هاتوو خوێیەکە لە زێڕەکە زیاتر بوو بڕێکی لێ هەڵدەگرنەوە یان بڕێک دەخەنە سەر زێڕەکەو تا هەردوو تەرازووەکە یەکسان دەبێ و هەر دوو رەزامەندی لەسەر پێشان دەدەن.

بەڵام کاتێ میللەتێک بڕێکی زۆر شتومەکی هەیەو بازرگانیان پێوەدەکا، ناچارە پەنابەرێتە بەر دراو، لەبەر ئەوەی گواستنەوەو هەڵگرتنی پارە ئاسانترەو بەڕادەیەکی زۆر لە قەبارەی گواستنەو گەیاندنی ئەو شتومەکانە کەم دەکاتەوە کە ئاڵوویریان پێدەکرێ.

ئەگەرچی نەتەوەکانی جیهان لەرووی بازرگانییەوە پێویستیان بەیەکتری هەیە، بەڵام پێداویستییەکانیان لەگەڵ یەکدا جیاوازی هەیە. هەندێ جار میللەتێک پێویستییەکی زۆری بەشتومەکی میللەتێکی دیکە هەیەو لەکاتێکدا ئەو میللەتە پێویستییەکی ئەوتۆی بەشتومەکەکانی ئەو نییە، بەڵام کاتێ دراوو پارە لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا برەوی سەند ئەو میللەتەی پێداویستییەکانی زۆرترە، لە جیاتی زیادەی ئەو شتومەکانەی کڕیوبەتی، پارە دادەنێ و لە ئاکامیشدا کاتێ دراو و بنچینەی کڕین و فرۆشتن لەنێو میللەتە جۆراوجۆرەکاندا گەشە بسێنێ بازرگانی بە رێژەی پێداویستییەکانی ئەو میللەتانەی خوازیاری شتومەکێکی زۆرن، بەردەوام پەرەسەندن بەخۆوە دەبینێ، لەکاتێکدا بەئاڵوویرکردنی شتومەکەکان، بازرگانی هەرگیز لە سنووری پێداویستییەکانی ئەو



نەتەوانەی خوازیاری شتومەکی کەمترن تێناپەڕێت، چونکە ئەم جۆرە میللەتانە ناتوانن رێژەی جیاوازی نێوانیان بەپارە پڕ بکەنەوەو حسابی خۆیان رێکبخەن.

### بەشی دووەم: ماهییەتی دراو

پارە هێمای نرخی هەموو جۆرە شمەکێکە. هەمیشە ئەو کانزایانە بۆ دروستکردنی پارە هەڵدەبژێرن کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێننەوەو لە کاتی بەکارهێناندا لەنێو ناچن. دەبێ بکرێنە پارچەی بچووک بچووک، هاوکات بۆ ئەوەی گواستنەوەو ئاڵوویری پارە بەئاسانی بەئەنجام بگات، هەمیشە سوود لە کانزا گرانبەهاکان وەردەگرن. کانزا گرانبەهاکان سەلاحییەتێکی تایبەتیان بۆ پارەی باوی وڵات هەیە، چونکە دەتوانرێ نرخێکی یەکگرتووی بۆ دابنرێت، ئەوکات هەموو دەوڵەتەکان نیشانەی خۆیان لەسەر پارەکە دەدەن و لەشێوەی دراودا دروستی دەکەن و شکڵێکی تایبەتی بۆ هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی نرخ و کێشەکەی دیاری کراوبێ و بەئاسانی بتوانین بەهای دراوەکە دەستنیشان بکەین.

یۆنانییە کۆنەکان لەبەر ئەوەی شارەزاییان لەسەر کانزاکان هەبوو، مانگایان لە جیاتی دراو بەکاردەهێنا(١١٦) و رۆمانەکانیش بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لەمەڕ وەردەگرت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە دوو مانگا یان دوو مەڕ لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ یەکتریدا یەکسان نین، لەکاتێک دا کە دوو پارچە دراو بەتەواوی لەگەڵ یەکتریدا یەکسانن و بەیەک دەچن. هەروەها ئەگەر پارە پێوەری نرخی شتومەکە بازرگانییەکان بێ ئەوا کاغەزی دراویش پێوەری نرخی پارەیەو کاتێ خرایە قاڵبی حەواڵە یان شیک و بەرادەی پێوەری پارەی لێهات، ئیدی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوانەدا نامێنێ و هەروەک چۆن پارە پێوەری نرخی هەموو جۆرە شتومەکێکە، شتومەکە جۆراوجۆرەکانیش وەکو پێوەری نرخی پارە سەیریان دەکرێ و هەرچەندە ئەو دوو پێوەرە واتە نرخی پارەو نرخی شتومەکەکان لەگەڵ یەکتریدا یەکسان بن ئەوا بەو رادەیە وڵات لە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی نزیک دەبێتەوە.

ئەو یەکسانی و هاوسەنگییە لەو وڵاتانەدا بەدی دێت کە حکومەت بەهێمنی و میانڕۆیانە لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لەو وڵاتانەشدا بەشێوەیەکی بەردەوام هاوسەنگی لە نێوان پارەو شتومەکی بازرگانی یان بەپێچەوانەوە، دروست نابێ.

بۆ نموونە، گریمان لە یەکێک لەو وڵاتانەدا، دەوڵەت یارمەتی بازرگانێکی موفلیس دەداو لە قەرزەکانی خۆش دەبێت، لەو حاڵەتەدا شتومەکی بازرگانەکە ئیدی نوێنەری

پێوانەی پارە نییەو هەروەها لەو وڵاتانەی کە لەسەر بنەمای زوڵم و ئیستبداد دامەزراون، کەلوپەل و شتومەکەکان پێوەری پارە نین چونکە خەڵک لە ترسی کاربەدەستانی دەوڵەت پارەکەی خۆیان دەشارنەوە و لە ئاکامیشدا هاوسەنگی و یەکسانی نێوان پارەو شتەکان لە نێو دەچێ. هەندێ لە یاسادانەرانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەهۆی ئەو شارەزایی و وردبینییەی کە لە کاروباری ئابووریدا هەیانە، هەندێ ڕێوشوێنی ئەوتۆیان داناوە کە نەک هەر کەلوپەل و شتەکان بوونەتە پێوەری راستەقینەی پارە بەڵکو شوێنی خودی پارەشیان گرتۆتەوە. بۆ نموونە، سزاری قەیسەری ڕۆمانی یاسایەکی دانا کە بەپێی ئەوە قەرزدارەکان لە جیاتی پارە، زەوی و زارەکانی خۆیان بەو نرخەی کە لەپێش جەنگە ناوخۆییەکاندا هەیانبووە، دەدا بەخاوەن قەرزەکان. تیبێریش کە یەکێک بوو لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان، فەرمانیدا، ئەو کەسانەی پێویستییان بەپارە هەیە دەتوانن بڕوانامەیەک پێشکەشی خەزێنەی دەوڵەت بکەن و بەڕادەی نیوەی بەهای بڕوانامەکەیان پارە وەربگرن. لە ئاکامدا لە سەردەمی سزاردا نرخی پارە و زەوی و زار لەگەڵ یەکتریدا یەکسان بوو، بەڵام لە سەردەمی تیبێردا بەهای زەوی بەڕادەی نیوەی بەهای پارە بوو. هەروەک لە ئینگلتەرادا باوە، ئەگەر شتومەکی گوزراوەی قەرزدارێک بەشی دانەوەی قەرزەکانی نەکات، ئەوا نابێ شتومەک یان زەوی و زارەکەی لێ داگیر بکرێ، بەم جۆرە لە ئینگلتەراش هەموو کەلوپەل و شتومەکەکان وەکو نوێنەرو پێوەری پارە حسێبیان بۆ دەکرێ.

لە یاسای خێڵە جێرمەنییەکاندا پارەیان بەهۆکارێک دادەنا بۆ پاککردنەوە و فارەتی تاوان و گوناهەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی پارە بە ئەندازەی پێویست لە ناویاندا دەست نەدەکەوت هەر بۆیە بە بەهای دانەوێڵەو چوار پێ هەڵیاندەسەنگاند. ئەو هەڵسەنگاندنەش بەپێی ڕێژەی کەمی و زۆری شتومەکی خێڵە جۆراوجۆرەکان گۆڕانکاری بەسەردا دەهات. مەبەست ئەوەیە لە نێو ئەو خێڵانەدا پارە دەگۆڕا بۆ دانەوێڵەو مالات و شتومەکی بازرگانی و بەپێچەوانەشەوە دانەوێڵەو چوارپێ و شتومەکی بازرگانی وەکو پارە حسابی بۆ دەکرا. لە بەشەکانی ئایندەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە نەتەنیا پارە پێوەرو نوێنەری شتومەک و کەلوپەلەکانە بەڵکو نوێنەرو پێوەری خودی پارەشە.

### بەشی سێیەم: پارەی گریمانەیی و خەیاڵی

لە سەرێکەوە دەتوانین دراو بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین: دراوی راستەقینە، دراوی گریمانەیی. دراوی راستەقینە بریتییە لەو پارەیەی کە بەهای راستەقینەی خۆی هەبێ، بەڵام دراوی گریمانەیی بەو پارەیە دەگوترێ کە خاوەنی بەهای راستەقینەی خۆی



نییە. لە سەرەتادا پارەی سکە (واتە دراوی گریمانەیی) برەوی نەبوو و گشت پارەکان دراوی راستەقینە بوون. بۆ نموونە کاتێ دەیانگوت فلانە دراوە یەک لیورە، مەبەستیان ئەوەبوو کە کێشەکەی یەک لیورەو بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام زۆر بەزوویی لەڕووی پێویستی یان بەهۆی بەدنییەتییەوە کێشی سکەیان کەم کردەوە بەبێ ئەوەی ناوەکەی بگۆڕن یان بەهاکەی دابەزێنن. ئەو ڕەوتە بەجۆرێک بەردەوام بوو کە لیور تەنانەت یەک لەسەر بیستی کێشی جارانی نەبوو کەچی هەر بە لیوریان لە قەڵەم دەداو لیور و یەکە بچووکەکەی (شایی) هەمان بەهای جارانیان هەبوو. ئەو پارەیەی کە خاوەنی کێش و عەیاری راستەقینەی خۆی نییە پێی دەوترێ دراوی گریمانەیی. کاتێ بەکارهێنانی دراوی گریمانەیی دێتە گۆڕێ، لەوانەیە هەموو جۆرە دراوێک، جا هەر جۆرە کێش و عەیارێکی هەبێ بەلیور لە قەڵەم بدرێ و هەمان بەهای بۆ حسێب بکەن. بەبڕوای من بۆ ئەوەی ڕێ لە خراپ بەکارهێنان و بەدنییەتی بگیرێ و یارمەتی گەشەی بازرگانی بدرێ باشتر وایە هەموو دەوڵەتەکان سوود لە دراوی راستەقینە وەرگرن و بەکاری بێنن و خۆ لەو چالاکی و کردەوانە ببوێرن کە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای دراوی گریمانەیی، چونکە تاکە شتێک کە پێویستە بەردەوام لە گۆڕان بپارێزرێ هەمان پێوەری دراوە، کە هۆی سەرەکی بازرگانییە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەشمان لە یاد بێ کە لە بنچینەدا بازرگانی کارێکە هەمیشە گۆڕانکاری بەسەردا دێ و ناجێگیرەو نابێ لە ڕێگای ناسەقامگیرکردنی پێوەری پارەوە ئەو لەرزۆکییە زیاتر بکەین.

### بەشی چوارەم: بڕی زێڕوزیو

کاتێ کە نەتەوە شارستانییەکان سەروەری جیهانیان لە ژێر دەست دابێ، ساڵ بەساڵ زێڕوزیو زۆرتر دەبێ، چونکە ئەو نەتەوانە بەدەرهێنانی کانزاکان و بازرگانی یارمەتی زۆربوونی زێڕوزیو دەدەن، بەڵام ئەگەر نەتەوە بەربەرەکان بەسەر جیهاندا حکومەت بکەن ئەوا بەپێچەوانەوە ڕێژەی زێڕوزیو لە کەمی دەدا. هەر بۆیە لەسەردەمی هێرشی خێڵی گوتە، ڤاندال، تەتەرو خێڵەکانی باکووری ئەفریقادا ڕێژەی زێڕوزیو بەبڕێکی زۆر دابەزینی بەخۆوە بینی.

### بەشی پێنجەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

ئەو زیوەی لە کانەکانی ئەمریکا دەرهێنراو ڕەوانەی ئەورووپا کراو لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بارکرا، یارمەتییەکی باشی بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کەشتیوانی گەیاند،

بەڵام هەر ئەو زیوە بووە هۆی دابەزینی نرخی دراو، چونکە هەرچەند زۆری زێڕوزیو لە شێوەی شتومەکی بازرگانی، سوود بە گەشەسەندنی بازرگانی دەگەیەنێ، بەڵام دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای سکەی زێڕوزیو واتە دراو. ئاشکرایە بەرزبوونەوەی بەهای دراو پەیوەندی بە کەمیی زێڕوزیووەوە هەیە. بەر لە جەنگی پونیک بەهای زیو ۹٦۰ بەرابەری بەهای مس بوو بەڵام ئەمڕۆ تەنیا ۷۳,۵ بەرابەری مسە، لەکاتێکدا ئەگەر بەهای زیو بۆ حاڵەتی پێشووی خۆی بگەڕێتەوە، ئەوا باشتر ئەرکی دراویی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێ.

**بەشی شەشەم: بۆچی پاش ئەوەی هندستان لەلایەن دەریاوانە ئەوروپییەکان کەشف کرا بەهای سوود دابەزی؟**

لە کتێبی جەنگە ناوخۆییەکانی ئیسپانیادا ئینکاکارسی لاسو دەڵێ: پاش دۆزینەوەی هندستان بەهای سوود کە لە ئیسپانیا دینارێک بیست لە سەدی بۆ دیاریکرابوو، بەرەو دە لەسەد دابەزی. دەبوایە هەروابێ، چونکە بەیەک جار بڕێکی زۆر زێڕو زیو بەرەو ئەوروپا گوێزرایەوەو نرخی هەموو شتێ جگە لە بەهای زێڕوزیو دابەزینی بەخۆوە بینی و ئەو کەسانەی قەرزداربوون قەرزەکانی خۆیان دایەوە. ئێمەی فەرەنسی هەموومان سەردەمی چاکسازیی ئابووریی لاو-مان لە یادە کە هەموو شتێک جگە لە پارە گەشەسەندنی بەخۆوە بینی و لە ئاکامیشدا ئەو کەسانەی پارەیان هەبوو، بەهۆی دابەزینی بەهاکەی، نرخی سوودیان هێنایە خوار.

لە دوای دۆزینەوەی هندستان و ئەمریکا، ئیتر نرخی سوود نەگەیشتە ئاستی جاران چونکە ساڵ لە دوای ساڵ زێڕوزیو و پارە لە ئەوروپادا زۆرتر دەبوو و دەوڵەتەکان کە لە ڕێگای بازرگانییەوە سامانێکی زۆرو زەوەندیان وەسەریەک نابوو، پارەی خۆیان بەنرخێکی کەم بەقەرز دەدا. هاوکات بەهۆی پەرەسەندنی حەواڵەو شیک ئاڵوویرکردنی پارە ئاسانتر بوو و بەپێچەوانەی سەردەمە کۆنەکان، ئیدی هەندێ لە ناوچەکانی ئەوروپا گرفتاری کەم پارەیی نەدەبوون.

**بەشی حەوتەم: چۆن نرخی شتومەک بەپارە دیاری دەکرێ؟**

هەموومان دەزانین کە بەهای شتومەک و دانەوێڵەو ماڵات و هتد بەپارە دیاری دەکرێ، بەڵام پێویستە بزانین ئەو بەهایە چۆن دیاری دەکرێ، واتە ئەگەر هەموو ئەو زێڕو زیوەی لە جیهاندا هەیە لەگەڵ هەموو شتومەک و کەلوپەلەکانی جیهاندا بەراورد بکەین، ناچار لە بەرامبەر هەربەشێک لە بەشەکانی شتومەکە بازرگانییەکان دەبێ بەشێک لە بەشەکانی



زێڕوزیو هەبێ و لەبەر ئەوەی کۆی گشتی بەشەکانی پارە یەکسانە بەکۆی گشتی بەشەکانی شتومەکە بازرگانییەکان، هەر بۆیە هەربەشێک لە شتومەک یەکسانە بەبەشێک لە پارە، کەواتە سەد بەشی شتومەکێک یەکسانە بەسەد بەشی پارەیەک و هەزار بەشی شتومەکێک یەکسانە بە هەزار بەشی پارەیەک. بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە کۆی گشتی شتومەک و کەلوپەلەکانی مرۆڤ بەردەوام لە بازاڕی بازرگانیدا بوونی نییە، هەروەک چۆن کۆی گشتی پارەش هەمیشە لە بەردەستدا نییە بۆ کڕین و فرۆشتن. هەروەها پێویستە لە بیرمان بێ کە ئەو شتومەکەی ئەمڕۆ دەستی لێنەدراوە ڕەنگە مانگێکی تر بێتە ناو بازاڕەوە. هەروەک چۆن پارەی وەستاوی ئەمڕۆ لەوانەیە سبەینێ بێتە نێو بازاڕەوە. کەواتە نرخی شتومەک لە بەرامبەر پارەدا پەیڕەوی لە هەڵکشان و داکشانی سێ فاکتەر دەکا:

١- کۆی گشتی ئەو پارەی لە جیهاندا هەیە بەنسبەت کۆی شتومەکەکان.
٢- کۆی گشتی ئەو شتومەکانەی لەناو بازاڕدا هەن و حاڵەتی کڕین و فرۆشتندا نسبەت بەرێژەی ئەو پارەیەی لە بەردەست دایەو بۆ مامەڵە و کڕین و فرۆشتن.
٣- ئەو شتومەک و پارەیەی کە دواتر دێتە ناو بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە.

بەپێی ئەو سێ بنچینەیە دەڵێن: دەوڵەتەکان ناتوانن بەزەبری هێز هەندێ حوکم و ڕێوشوێن بۆ دیاریکردنی نرخی شتومەک و کەلوپەلە بازرگانییەکان دابنێن.

ژولینی ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات کاتێ فەرمانیدا دەبێ حەتمەن نرخی گەنم لە شاری ئانتیۆسدا بێتە خوارێ، ئەو حوکمە زۆرەملییە بووە هۆی سەرهەڵدانی گرانییەکی تاقەت پروکێن لەو شارەدا، چونکە ناکرێ بەهای شتومەک بەپێی ویستی تاکەکەسێک دیاری بکرێ.

**بەشی هەشتەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو**

کۆچەری دەشتەکانی ئەفریقا، بەهای شتومەکەکانیان بەپارە دیاری ناکەن بەڵکو لەسەر بنەمای بەهای گریمانەیی ئەوشتومەکانە دامەزراوە کە پێویستییان پێیەتی. بۆ نموونە فڵانە شتومەک یان فڵانە دانەوێڵە نرخەکەی پێنج ماکوتە (پارەی ناوخۆیی) و شتومەکێکی تر حەوت ماکوت و کەلوپەلێکی دیکە دە ماکوت. کەواتە نرخی دوایین شتومەک دوو هێندەی شتومەکی یەکەمە کە نرخەکەی تەنیا پێنج ماکوت بوو. بەم جۆرە ئەو بەهایەی ڕەش پێستەکانی ئەفریقا بۆ شتەکانی دادەنێن لە بەراوردکردنی نێوان شتومەکە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و بەهیچ جۆری پارە لە نێویاندا باو نییە بەڵکو هەر

شتومەکێک نسبەت بەشتومەکەکەی تر حسابی پارەی بۆ دەکرێ.

ئێستا ئەگەر بێتو ئێمە لە وڵاتی خۆماندا سوود لەو نرخ دانانە وەرگرین ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە هەموو شتومەک و دانەوێڵەو کەلوپەلەکانی جیهان بریتین لە بڕە ماکوتێک و گریمان نرخەکەی هەزار ماکوتەو لە ئاکامدا ئەو پارەیەی لە جیهاندا هەیە کە یەکسانە بەشتومەکی هەموو دونیا بەهاکەی هەزار ماکوت دەبێ و یەک لە هەزاری پارەکە یەکسانە بەیەک ماکوت. ئەگەر پارەی دونیا ببێ بە دوو هێندە ئەوا لە بەرامبەر یەک ماکوتدا دەبێ دوو لە هەزارا یان دووبەشی پارە بدەن. هەروەها بەدوو هێندە کردنی پارەی جیهان ماکوتەکانی دونیاش دوو هێندە بکەین ئەوا دیسان پارەو ماکوت یەکسان دەبن.

ئەگەر لەسەردەمی دۆزینەوەی هندستان و ئەمریکاوە تاکو ئەمڕۆ پارەی ئەوروپا بیست هێندەی لێ هاتبێ ئەوا پێویستە نرخی شتومەکەکانیش لەو کیشوەرەدا بیست هێندەی لێ بێت، بەڵام ئەگەر لەلایەکەوە پارەکە بیست هێندەو شتومەکەکە دوو هێندی لێ هاتبێ، ئەوکات ڕێژەی گەشەی پارەو شتومەک بەڕێژەی یەک بۆ دە، دەبێ و لە ئاکامیشدا رادەی شتومەک و دانەوێڵەو کەلوپەلەکان لەگەڵ گەشەسەندنی بازرگانیدا زیاد دەکەن. هەرچەندە بازرگانی پەرەسەندن بەخۆیەوە ببینێ ئەوا دەبێتە هۆی زۆربوونی دراو کە هێدی هێدی دێتە ناو بازاڕەوە و هەروەها زۆربوونی شتومەک و بازرگانیکردن بە دراو دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەروازەی مامەڵە لەگەڵ خاک و وڵاتە نوێیەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا، بکرێتەوەو ئەوەش خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەشەسەندنی بازرگانی و زۆربوونی شتومەک.

## بەشی نۆیەم: کەمبوونی ڕێژەیی زێڕوزیو

جگە لە کەمبوون و زۆربوونی رەهای زێڕوزیو، هەندێ جار وا ڕێکدەکەوێ کە یەکێک لەو دوو کانزایە بە گوێرەی ئەویتر کەم و زیاد دەبێ. بۆ نموونە هەندێ کەسی حەسوودو چاوچنۆک زێڕو زیوەکان حەشار دەدەن و بەم جۆرە لە ژێر دەستی خەڵک دەریان دێنن و دەبنە هۆی ئەوەی یەکێک لەو دوانە لە کەمی بدات، بەتایبەتی چونکە لەوە دڵنیان کە زێڕوزیو لەنێو ناچێ و بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، هەر ئەو کەسانە حەشاردانی زێڕیان لە زیو پێ باشترە، لەبەر ئەوەی بەردەوام لەدەست درێژی دز دەترسێن. هەر بۆیە کانزایەک بۆ حەشاردان هەڵدەبژێرن کە کێشەکەی سووک و بەهاکەی گران بێت. بەم جۆرە کاتێ زیو بوو بەپارەی کارپێکراوی وڵات زێڕ کەم دەکات، واتە لەلایەن کەسە چاوچنۆکەکانەوە حەشار دەدرێ و هەرکاتێ زیو لە کەمیدا و دەگمەن بوو ئەوا زێڕ فراوان دەبێ، چونکە ئەو



کەسانەی ئەو کانزایەیان شاردۆتەوە بەناچاری دەری دەهێنن و خەرجی دەکەن. کەواتە بابەتی زۆربوون و کەمبوونی زێڕوزیو بەو شێوەیەی باسمان کرد خاوەن ڕێسایەکی گشتییە و لە بەشەکانی ئایندەدا لەمەڕ کەمبوون و زۆربوونی ڕێژەیی و زۆربوون و کەمبوونی راستەقینەی زێڕوزیو زیاتر قسە دەکەین.

## بەشی دەیەم: ئاڵوویری دراو

ئاڵوویری پارە لەگەڵ دراوی بیانی، سەرچاوەکەی زیادو کەمی ڕێژەیی پارەیە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا. دراویش بریتییە لە سەقامگیری پارە لەناوخۆی وڵاتدا بەرامبەر بەپارەی بیانی و بەپێچەوانەشەوە راستە.

زیو دوو جۆرە نرخی هەیە، یەکەمیان بەهای بازرگانییە و ئەویش لەکاتێک دایە کە وەکو یەکێک لە شتومەکەکان سەیری زیو بکەن. دووەمیان بەهای پارەکەیەتی. گومانی تێدا نییە ئەگەر زیو تەنیا بەهای بازرگانی هەبوایە و وەکو جۆرە شتومەکێک سەیری کرابا، ئەوا بەهاکەی بەڕێژەیەکی زۆر دادەبەزی، بەڵام کاتێ زیو رۆڵی پارە دەبینێ ئەوا نرخەکەی لە ڕێگایەکی تایبەتییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دیاری دەکرێ. کە دەڵێین بە ڕێگایەکی تایبەتی، لەبەر ئەوەیە کە جگە لەو ڕێگایە ناتوانرێ بەهای پارە سەقامگیر بکرێت. دەسەڵاتدارەکان لەسەرەتادا بەهای بازرگانی زیو وەبەرچاو دەگرن و نرخەکەی دیاری دەکەن و ئەوکات بەهای پارەیی ئەو بڕە زیوەش دیاری دەکەن و هاوکات کێش و بەهای سەرجەم کانزاکانی تریش کە لە جیاتی پارە بەکاردەبردرێن دیاری دەکرێن و بۆ هەر جۆرە دراوێک کێش و بەهایەکی تایبەت دادەنرێت و نرخە گریمانەییەکەش هەروەکو بێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دیاری دەکرێ. من ناوی ئەم جۆرە نرخبەندییەی پارە دەنێم (نرخبەندی پۆزەتیڤ)، چونکە دەتوانین لە ڕێگای یاسایەکی تایبەتییەوە نرخەکەی جێگیر بکەن. جگە لەمە، نرخی پۆزەتیڤی پارەی هەموو وڵاتەکان خاوەنی نرخێکی ڕێژەییەو ئەوەش لەکاتێک دایە کە نرخەکەی لەگەڵ نرخی پارەی وڵاتێکی تردا بەراورد بکرێ. نرخی ڕێژەیی بەردەوام لە ڕێگای بنچینەی دراو و ئاڵوویرەوە دیاری دەکرێ، بەڵام بازرگانی و بیروبۆچوونی بازرگانەکانیش دەوریان هەیە لە دیاری کردنیدا، دەسەڵاتدارەکان ناتوانن نرخی ئاڵوویر و دراوی بیانی دیاری بکەن و لە ڕێگای فەرمان و یاسایەکی تایبەتییەوە بەهایەکی بۆ دابنێن، چونکە دیاریکردنی نرخی ڕێژەیی پارە پەیوەندی بەئاڵوویری نێو نەتەوەییەوە هەیەو گەلێک فاکتەر رۆڵیان لە دیاریکردنیدا هەیەو بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادێ.

لەکاتی دیاریکردنی نرخی دراوی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا، پەیڕەوی لە ڕێوشوێنەکانی ئەو وڵاتە دەکرێ کە لە هەمووان زیاتر پارەی هەیە، واتە بەهای پارەی خۆیان بە پارەی ئەو وڵاتە دەپێون و ئەگەر ئەو وڵاتە بەتەنیا بەئەندازەی هەموو وڵاتەکان پارەی هەبێ، ئەوا هەموو نەتەوەکان پارەی خۆیان بەپارەی ئەو وڵاتە دەپێون، بەم جۆرە وەکو ئەوە وایە کە گشت وڵاتەکان پارەی خۆیان بەهی یەکتری پێوابێ. لەبەر ئەوەی وڵاتی هۆڵەندا لە هەموو وڵاتەکانی تر پارەی زۆرترە، هەر بۆیە نرخی ڕێژەیی پارە واتە نرخی دراو بە بەراورد کردن بە پارەی هۆڵەندا دیاری دەکرێ. یەکەی پارەی هۆڵەندا ناوی فلۆرنەو هەر فلۆرنێکیش بیست شایی یان چل نیو شاییە. لەوێ نیوشاییی بە گرو ناوزەدکراوە. بۆ ئەوەی بەئاسانی لە بابەتەکە تێبگەین، گریمان لە هۆڵەندا جگە لە گرو هیچ پارەیەکی تر نییە، واتە فلانە کەسە لە جیاتی هەزار فلۆرن خاوەنی چل هەزار گرویە، لەو حاڵەتەدا بەم جۆرە ئاڵوویری دراو لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا ئەنجام دەدرێ: هەموو وڵاتەکان دەیانەوێ بزانن بەهای پارەکەیان چەند گرویە و لەبەر ئەوەی بازرگانە فەڕەنسییەکان حسێبی خۆیان لە ڕێگای دراوی سێ لیورییەوە ئەنجام دەدەن، ئاڵوویری پارە لەنێوان هۆڵەندا و فەڕەنسا بەم جۆرە دەبێ کە هەر سێ لیوری فەڕەنسە یەکسانە بە چەند گروی هۆڵەندی. ئەگەر نرخی دراو ٥٤ بێت، سێ لیورییەکی فەڕەنسی نرخەکەی یەکسان دەبێ بە ٥٤ گروی هۆڵەندی و ئەگەر هاتوو نرخی دراو ٦٠بێ سێ لیوری فەڕەنسی هاوتای ٦٠ گروی هۆڵەندی دەبێت و ئەگەر پارە لە وڵاتی فەڕەنسادا لەکەمی بدا سێ لیور لە بەرامبەر گرودا زیاتر ئاڵوویری پێدەکرێ و ئەگەر هاتوو زۆربوو ئەوا لە بەرامبەر بڕێکی کەمتری گرودا ئاڵوویری پێدەکرێ. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم زۆربوون و کەم بوونی پارەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی نرخی دراو، زۆربوون و کەم بوونی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو زۆربوون و کەم بوونێکی ڕێژەییە، بەواتا کاتێ فەڕەنسا لە وڵاتی هۆڵەندا پێویستی بەسەرمایەیەکی زۆرترەو بەپێچەوانە وڵاتی هۆڵەندا هیچ پێویستی بەبوونی سەرمایە لە فەڕەنسادا نییە، لەو حاڵەتەدا پارە لە فەڕەنسا زۆرو لە هۆڵەندا کەم دەبێ و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

بۆ ئەوەی بابەتەکە باشتر لە بەرچاوی خوێنەر ڕوون بێتەوە، وا دادەنێین نرخی دراو لە نێوان فەڕەنساو هۆڵەندا (٥٤)ە، هەروەها گریمان فەڕەنساو هۆڵەندا یەک وڵات یان یەک شارن، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا کاتێ کەسێکی فەڕەنسی پارەیەکی سێ لیوری لە گیرفانی خۆی دەردێنێ و دەیدا بە هۆڵەندییەک و ئەویش ٥٤ گرو لە گیرفانی خۆی دەردێنێ و دەیدا بەفەڕەنسییەکەو هەردوولا بەرەزامەندییەوە دوای کاری خۆیان دەکەون، بەڵام لەبەر ئەوەی فەڕەنساو هۆڵەندا هەرکامێکیان وڵاتێکی سەربەخۆیەو پاریس و ئەمستردامیش



دوو شاری جیاوازن، هەر بۆیە کاتێ فەڕەنسییەکە سێ لیوری دا بەهۆڵەندییەکە، هۆڵەندییەکە پێی دەڵێ بڕۆ ٥٤ گرو لە هۆڵەندا وەرگرەو بۆ ئەو مەبەستە شیکێکی ٥٤ گرویی هۆڵەندا دەدا بە فەڕەنسییەکە. کەواتە پیاوە هۆڵەندییەکە ٥٤ گروی نەداوە بەفەڕەنسییەکە بەڵکو پارچە کاغەزێکی پێ داوە کە لە هۆڵەندا نرخەکەی ٥٤ گرویە و لەوانەیە لەلای بازرگانێکی ئەوێش هەمان نرخی هەبێ.

ئێستا بۆ دیاریکردنی زۆری و کەمی پارەکە، پێویستە ئەوە بزانین کە ئایا شیکێکی ٥٤ گروی لە فەڕەنسا زۆرترە یان لە هۆڵەندا. شیکی سێ لیوری فەڕەنسا زۆرتر دەبێ ئەگەر لە فەڕەنسا شیکی ٥٤ گروی زۆرو لە هۆڵەندا شیکی سێ لیوری کەم بێت، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارە لە هۆڵەندا زیاترو لە فەڕەنسا کەمترە و بەهۆی ئەو کەمییەوە نرخی پارە لە فەڕەنسا زیاتر دەبێ و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. لە ئاکامیشدا نرخی دراوی بیانی دەچێتە سەر، واتە لە بەرامبەر سێ دراوی سێ لیوری فەڕەنسیدا دەبێ زیاتر لە ٥٤ گرو بدەن و دەنا فەڕەنسییەکە ڕازی نابێ دراوەکەی خۆی بدا. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە کرداره جۆراوجۆرەکانی دراو بۆ خۆی حسابێکی داهات و خەرجی لێدەکەوێتەوە کە دەبێ بەردەوام چاودێری بکرێ و حسابەکە جیابکرێتەوە، چونکە ئەو دەوڵەتەی لەڕووی، سەرچاوەی دراوی بیانییەوە قەرزەکەی خۆی دەداتەوە ڕێک وەکو ئەو کەسە وایە کە بۆ دانەوەی قەرزەکەی خۆی پارە ئاڵوویر دەکا. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە نموونەیەک دەهێنینەوە: وادادەنێین لە جیهاندا جگە لە سێ وڵات، فەرەنساو ئیسپانیاو هۆڵەندا هیچ وڵاتێکی ترمان نییەو هەروەها گریمان ژمارەیەک بازرگانی ئسپانی بڕی سەد هەزار مارک (یەکەی کۆی دراوی ئیسپانیا) بە فەڕەنسییەکان قەرزدارن و کۆمەڵە فەڕەنسییەکیش سەدو دە هەزار مارک بە ئسپانییەکان قەرزدارن و هەردوولا دەیانەوێ بەیەک جار پارەی خۆیان وەرگرنەوە. لەو حاڵەتەدا ئاڵوویری پارە چۆن چۆنی ئەنجام دەدرێ؟... گریمان ئەگەر فەرەنسییەکان سەد هەزار مارکیش بدەن بە ئسپانییەکان و ئەوانیش سەد هەزار مارک بۆ فەڕەنسییەکان بێنن، دیسان فەڕەنسییەکان دە هەزار مارک بە ئسپانییەکان قەرزدارن، واتە ئسپانییەکان دە هەزار مارکیان وەکو شیک لەلای فەڕەنسییەکانە، لەکاتێکدا فەڕەنسییەکان هیچ شیکێکی ئسپانییەکانیان لەلا نییە. دیسان وادادەنێین کە بازرگانەکانی وڵاتی سێهەم واتە هۆڵەندا دە هەزارمارک بە فەڕەنسییەکان قەرزدارن، لەو حاڵەتەدا فەڕەنسییەکان دەتوانن بەدوو ڕێگا قەرزی ئسپانییەکان بدەنەوە. یان حەواڵە (شیک) دەدەن بە داواکارە ئسپانییەکان بۆ ئەوەی بچن قەرزەکە لە قەرزداری فەڕەنسییەکان واتە هۆڵەندییەکان وەرگرنەوەو یان دە هەزار

مارک پارەی نەخت دەخەنە کیسەیەک و بۆ خاوەن قەرزەکانی خۆیانی دەنرێنە ئیسپانیا.
لەرووی رەسمییەوە بۆ دەوڵەتێک هیچ جیاوازییەکی نییە کە قەرزەکەی خۆی لە شێوەی پارەی نەخت یان شیکدا بداتەوە بە وڵاتی داواکار، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە هەر سێ وڵاتی فەرەنساو ئیسپانیاو هۆڵەندا هاوبەش لە بابەتەکەداو بەوەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەش کە هۆڵەندا پارەدارترین وڵاتی دونیایە و پارەی سەرجەم وڵاتەکانی تر لەڕووی پارەی ئەوەوە نرخی بۆ دادەنرێ، دەبێ بزانین ئایا هۆڵەندا لە بەرامبەر دەهەزار مارکی پارەی نەختدا زیاتر فلۆری هۆڵەندی دەدا یان لە بەرامبەر دە هەزار مارکی شیک دا، هەڵبەتە لەکاتی دانەوەی پارەی نەختدا، خەرجی گواستنەوەو نرخی بیمەش وە بەرچاو دەگیرێ. ئەگەر هاتوو لە بەرامبەر کێش و بڕێکی دیاریکراوی پارەی فەرەنسادا کێش و بڕێکی دیاری کراویان لە پارەی هۆڵەندا بەمن دا، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەڵێین ئاڵوویرەکە بەدراوی یەکسان بەئەنجام گەیشتووە. ئێستا کە ساڵی ١٧٤٤ زایینییە پارەیەکی سێ لیوری فەرەنسی نرخەکەی بەرامبەری ٥٤ گروی هۆڵەندییە و ئەگەر ئاڵوویرەکە زیاتر بێ واتە لە بەرامبەر سێ پارەی فەرەنسیدا ٥٥ گرو بدەن دەڵێین ئاڵوویرەکە لە بەرزبوونەوەدایەو ئەگەر لە ٥٤ گروش کەمتر بێ ئەوا دەڵێین دراو لە دابەزین دایە.

بۆ ئەوەی بزانین لەکاتی هەلومەرجی تایبەتی ئاڵوویردا، ئایا دەوڵەتێک قازانج دەکا یان زیانی پێدەگا، پێویستە وا دابنێین کە ئەو دەوڵەتە هەم خاوەن قەرزەو هەم قەرزدار، هەم کڕیارەو هەم فرۆشیار و لە هەمان کاتیشدا سەیرێکی ئەو تابلۆیەی خوارەوە بکەین:

پارەیەکی فەرەنسی ئەگەر بەرابەری ٥٤ گرو بێ ئەوا لە حاڵەتی یەکسانی دایە. پارەیەکی فەرەنسی ئەگەر بەرابەری ٥٥ گرو بێ ئەوا لە حاڵەتی بەرزبوونەوەدایە.

پارەیەکی فەرەنسی ئەگەر بەرابەری ٥٣ گرو بێ ئەوا لە حاڵەتی دابەزین دایە.

تێگەیشتن لە تابلۆی سەرەوە زۆر ئاسانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەیەک پێشکەش دەکەم:

ئەگەر وا دابنێین کە ئێستا نرخی پارەیەکی فەرەنسی بەرابەری ٥٤ گرو بێ و ئەگەر لە بەرامبەر پارەیەکی فەرەنسیدا ٥٥ گرومان بدەنێ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئاڵوویرکاریەکەمان روو لە بەرزبوونەوەیە، چونکە نرخی پارەی ئێمە بەرزبۆتەوەو، ٥٥ گرویان داوە بەئێمە. بەڵام ئەگەر ٥٣ گرومان بدەنێ ئەوا نرخی ئاڵوویرەکە دابەزیوە واتە نرخی پارەکەمان کەم بۆتەوەو لە بەرامبەردا پارەی هۆڵەندی بەرزبۆتەوە.

ئێستا ئەگەر نرخی ئاڵوویر لە دابەزیندا بێ ئەوا دەوڵەت لە حاڵەتی قەرزدار نەبووندا زیانی پێدەگا، چونکە پارەکەی دابەزیوە و دەبێ پارەیەکی زۆرتر بدات و ئەگەر خاوەن



قەرز (داواکار) بێ قازانجی پێدەگا، چونکە پارەی هۆڵەندی بەرزبۆتەوەو پارەیەکی زۆرتر وەردەگرێ. هەروەها ئەگەر کڕیار بێ ئەوا دیسان زیانی پێدەگا، چونکە دەبێ لە بەرامبەر ئەو شتومەکانەی کە دەیکڕێ، پارەیەکی زۆرتر بدات، بەڵام ئەگەر فرۆشیار بێ قازانج دەکا، چونکە لە بەرامبەر ئەو شتومەکانەی دەیانفرۆشێ، پارەیەکی زۆرتر وەردەگرێ.

هەر بۆیە لەکاتی دابەزینی ئاڵوویری دراوەکاندا، ئەو بازرگانەی شتومەک بەدەرەوە دەفرۆشێ نەک هەر زیانی پێنەگەیشتووە، بەڵکو لەوانەیە قازانجیشی پێبگا، چونکە ئەو سەرمایەی بۆ ئەم مەبەستە خستوویەتیە گەڕ، بەپارەی هۆڵەندی لە حاڵەتی بەرزبوونەوە دایە بۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو دەوڵەتێک یان حکومەتێک لەکاتی دابەزینی بەهای دراودا، پارە بۆ دەرەوە بنێرێ، ئەوا زیانی پێدەگا، چونکە پارەکەی بەتەواوی بۆ ناگەڕێتەوە.

کاتێک کە بازرگانەکان لە وڵاتێکدا مامەڵەیەکی زۆر ئەنجام دەدەن، ئەوا نرخی ئاڵوویر لەو شوێنەدا بەرز دەبێتەوە، چونکە ئیلزاماتێکی زۆر دەخنە سەرشانی خۆیان و کەلوپەلێکی زۆر دەکڕن و بۆ دانی نرخی ئەو کەلوپەلانە شیکی وڵاتی خۆیان دەدەن و ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئاڵوویر بەشێوەیەکی گشتی. نرخی ئاڵوویری وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا هاوسەنگ دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر نرخی پارەی ئێرلەندا لەنرخی پارەی ئینگلتەرا زۆرتر بێ و نرخی پارەی ئینگلتەرا لە نرخی پارەی هۆڵەندا زۆرتر بێ، ئەوا نرخی پارەی ئێرلەندا زۆر زیاتر دەبێ لە نرخی پارەی هۆڵەندا، چونکە هۆڵەندییەک لە ئێرلەندا پارەی هەیە، هەوڵ دەدا راستەوخۆ پارەکەی لە ئێرلەنداوە بگوازێتەوە هۆڵەندا، نەک لە ڕێگای ئینگلتەرا، چونکە بڕێکی زۆر لە بەهاکەی دادەبەزێ، لەبەر ئەوەی بەردەوام پارەی ئێرلەندا شیرینتر و بەهادارترە لە پارەی ئینگلتەرا. پێویستە ئەوەش بزانین کە پرۆسەی (سەفتە)و (سەرافی) پەیوەندی بەو باسەوە نییەو لێرەدا باسی ناکەین.

کاتێ دەوڵەتێک نرخی پارەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە، بۆ نموونە ئەو پارەیەی جاران سێ لیور بوو دەیکاتە شەش لیور بەبێ ئەوەی کێشی ئەو پارەیە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، ئەوا هیچ جیاوازییەک لە ئاڵوویرەکەدا رووتادا. واتە ئەگەر هۆڵەندییەک لە بەرامبەر سێ لیوری جاراندا ٥٤ گروی دەدا، لە بەرامبەر ئەو شەش لیورەش دا ٥٤ گرو دەدەن و ئەگەر جیاوازییەکیش لە ئاڵوویردا دروست بێ تەنیا بەهۆی نوێبوون و موفاجەئەی رووداوەکەیە کە کاریگەری لەسەر کردەی سەرافی دەبێ.

کاتێ دەوڵەتێک بەهۆی دروستکردنی پارەیەکی نوێ (نەگۆڕانی ناو و نەگۆڕانی

یاسایی) بیەوێ پارەکەی خۆی بگۆڕێ و هەوڵبدا پارەیەکی عەیارگران بگۆڕێ بەپارەیەکی عەیار سووک، لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییەدا دوو جۆرە پارە لە وڵاتدا پەیدا دەبێ، یەکیان پارەی کۆن و عەیارگران کە باوی نەماوەو جگە لە بانکەکان لە هیچ شوێنێکی تر وەرناگیرێ و ئەویتریان پارەی نوێ و عەیارسووک کە لە وڵاتدا بڵاوبۆتەوە پەرەی سەندووە. کەواتە پێویستە ئاڵوویرەکانیش بەپێی پارە نوێیەکە رێک بخرێ. بۆ نموونە ئەگەر لە فەرەنسادا عەیاری پارە نیوە بکرێ، ئەوا پارە کۆنەکە لە هۆڵەندا نرخەکەی ٦٠ گرو دەبێ و پارە نوێیەکەش نرخەکەی تەنیا ٣٠ گرو دەبێ.

هەرچەندە لەسەرەوە ئاماژەمان بەوەکرد کە دەبێ ئاڵوویرەکان بەپێی پارە نوێیەکە رێک بخرێ، بەڵام لە روویەکی دیکەوە وادێتە بەرچاو کە پێویستە ئاڵوویر بەپێی پارە کۆنەکە رێکبخرێ، چونکە نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ کە شیکەکان بەپێی پارە کۆنەکە کە عەیارەکەی گران بووە دەردەچێ و ئەو بازرگانەی شیکی دەرەوە وەردەگرێ، ناچارە بەپێی پارە عەیارگرانەکە بیانفرۆشێتەوەو هەر لەوکاتەدا دەبێ پارە عەیارگرانەکەی خۆی لە سندوق بێنێتەدەر و بیبات بۆ سکەخانەو لە بەرامبەردا پارەی نوێ و عەیار سووک وەرگرێ واتە زیانی پێ بگا.

لێرەدا لەبەر ئەوەی سەراف پێویستە شیکە بیانییەکان بدات رووبەڕووی بارودۆخێکی ناخۆش دەبێت و لە هەموو لایەکەوە زیانی پێ دەگا. تەنیا لە حاڵەتێکدا زیانی پێ ناگا ئەگەر نرخی ئاڵوویر لە رادەی ناوەندی نێوان پارەی کۆن و نوێدا راوەستێ و هەمیشەش هەرئاوا بێ. رادەی ناوەند بەم جۆرە بەدەست دێ کە پارە کۆنە عەیارگرانە کە وردە وردە نرخەکەی خۆی لە دەست دەداو دادەبەزێ و لە بەرامبەریشدا پارە عەیارسووکە نوێیەکە هێدی هێدی متمانە پەیدا دەکاو بەنسبەت پارە کۆنەکە بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ و لە بازاڕەکاندا برەو دەسێنێ.

هۆی دابەزینی نرخی پارە عەیارگرانەکە ئەوەیە کە بازرگانەکان ناتوانن بۆ هەمیشە ئەو پارەیە لە سندوقەکانی خۆیاندا هەڵبگرن و سەرمایەیەکی گەورە بەیەکەوە بنێن و لەلایەکی تریشەوە ناتوانن ئەو پارە لە بازاڕدا خەرج بکەن. بۆ خەرج کردنی ئەو پارەیە تەنیا یەک رێگایان لە پێشەو ئەویش ئەوەیە کە هەزار پارە بدەن بەسکەخانەو هەزار پارەی نوێ کە عەیارسووکە، هەر بەو نرخە وەرگرن. بەڵام لەبەر ئەوەی بیانییەکان وەکو پارە کۆنەکە دان بە پاّرە عەیارسووکەکە دانانێن، هەر بۆیە نرخی ئاڵوویری پارە لەنێوەندی پارە نوێ و پارە کۆنەکەدا دەبێ. لەو حاڵەتەدا ئەگەر هاتوو بازرگانەکان توانیان پارە عەیار گرانەکە بۆ دەرەوە بگوازنەوە، بۆ نموونە بیبەن بۆ هۆڵەندا ئەوا سوودیان پێدەگا، چونکە هەمان ٦٠



گروی جاران لە بەرامبەر پارەکەی خۆیاندا وەردەگرن. لەبەرئەو هۆیەیە زۆربەی کاتەکان لە حاڵەتی ئەوتۆدا هەموو پارە کۆن و عەیار گرانەکە بۆ دەرەوەی وڵات دەگوێزرێتەوەو ئەو سوودەی دەوڵەت لە سووککردنی عەیاری پارە کە مەبەستی بوو، بە نسیبی بازرگانەکان دەبێ.

بۆ پێشگرتن لەو کەموکوڕییە، دەوڵەت بەر لە گۆڕینی پارەکە، بڕێک لە پارە عەیارگرانە کە بۆ ئەو دەوڵەتە دەنێرێ کە بیروڕاکانی کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی نرخی دراوەکە هەیە، بەم جۆرە متمانەیەک لەلای ئەو دەوڵەتە بۆ خۆی بەدەست دێنێ بەچەشنێ کە ئەو دەوڵەتە پارە عەیارسووک و نوێیەکە هەر بەنرخی پارە کۆنەکە وەرگرێ. هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا دیسان جیاوازی هەیە لە نێوان پارە کۆن و نوێیەکەدا بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازی نرخەکە زۆر کەمە، هەر بۆیە بازرگانەکان ئیدی هەوڵ نادەن پارە کۆنەکە بۆ دەرەوەی وڵات بگوازنەوە، چونکە بە وەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسییانەی دێتە سەر رێگای قاچاغی پارەو بە وەبەرچاوگرتنی خەرجیی گواستنەوە، بردنە دەرەوەی پارە هیچ سوودێکی نییە.

بۆ ئەوەی بابەتەکە روونتر بکەمەوە نموونەیەک دەهێنمەوە:

دەوڵەت فەرمان بە بازرگانێک بە ناوی بێرنارد دەدا کە بە نێوی دەوڵەتەوە لەگەڵ هۆڵەندا مامەڵەی بانکی ئەنجام بدات و ئەو بازرگانە بە بەردەوام بڕێک پارەی کۆن و عەیارگران بۆ هۆڵەندا دەنێرێ و لە ئاکامدا نرخی ئاڵوویر بەرز دەبێتەوەو لە لایەکی ترەوە بە بڵاوکردنەوەی شیک لە ناوەوەی وڵات و وەرگرتنەوەی پارە، هەموو پارەی ناوخۆ واتە پارە عەیار سووکەکە کۆدەکەنەوە، بە جۆرێ کە سەرجەم سەرافەکان بە هۆی کەمی پارەوە ناچارن پارە کۆنەکەیان ببەنە بانک و بە پارەی نوێی بگۆڕنەوەو لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی هەست پێ نەکراو گشت پارەکە لەلای بێرنار کۆ دەبێتەوە، شیکی سەرافەکانی دیکە بە داشکانی سوودێکی زۆرەوە دەکڕن.

ئەو رێوشوێنە هەرچەندە لەوانەیە لە سەرەتادا زیانی لێ بکەوێتەوە، بەڵام قازانجی کۆتایی، زیانە سەرەتاییەکە قەرەبوو دەکاتەوە.

لە کاتی ئەو بارودۆخەدا قەیرانێکی دارایی سەخت لە وڵات دا سەرهەڵدەدا، چونکە پارە لە وڵاتدا کەم دەبێ و پێویستە بەشێکی گرنگی لە گەڕ بخرێ و بەشێکیشی بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێ و هاوکات خەڵکیش هەوڵ دەدەن پارە کۆنەکە بشارنەوە، چونکە هەموو کەس دەیەوێ قازانجی پێ بگاو هیچ کەسێک ئامادە نییە قازانجەکەی خۆی بدا بە دەوڵەت. هەر بۆیە کردەی گۆڕینی پارە پێویستە نە زۆر خێراو نە زۆر هێواش بێت. هەر

چەندی دەوڵەت بیەوێ لە گۆڕینی پارە سوودێکی زۆرتری چنگ کەوێ، گیروگرفت و کەم و کوڕی زۆرتر سەرهەڵدەدات.

پێشتر گوتمان ئەگەر نرخی پارەی بیانی لە نرخی پارەی وڵات کەمتر بێ، قازانج لەوەدایە کە پارەکە بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ بکرێ، بەڵام ئەگەر زیاتر بێ ئەوا پێویستە بۆ ناوەوەی وڵاتی بێنن. بەڵام لەوانەیە هەندێ جار نرخی پارەی ناوەوەو دەرەوە یەکسان بێ، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا قازانج لەوەدایە کە پارەی ناوەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ بکرێ و ئەوە لە کاتێک دایە گەر بیانەوێ پارە بۆ دەرەوە بنێرن و لەوێدا پارەی نوێ دروست بکەن، لەو حاڵەتەدا دیسان ئەگەر پارەکە بە عەیاری سووک دروست بکەن، قازانجیان پێ دەگات.

هەندێ جار وا رێکدەکەوێ کۆمپانیایەک دروست دەبێ و پشکێکی (سەهم) زۆر دەینێنرێتەدەرەوەو لە ماوەی چەند مانگێکدا بەهای ئەو سەهامە بە رادەی بیست و پێنج هێندەی بەهای سەرەتا زیاد دەبێ، ئێستا ئەگەر ئەو کۆمپانیایە لەلایەن دەوڵەتەوە دروست بکرێ و بانکێکیش لە وڵاتدا دراو دروست بکا، بەڵام بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لەگەڵ بەهای لە رادەبەدەری سەهمی کۆمپانیاکە، ژمارەی ئەسکەناسەکانی زۆرتر بکا، ئەوا ئەو کات هەم بەهای سەهمەکانی کۆمپانیاکەو هەم نرخی دراوەکان دادەبەزێت.

هۆیەکەی ئەوەیە، کە لە ئاکامی گەشەی ناسروشتی بەهای سەهمەکاندا هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا سامانێکی زۆر و زەوەند لە پارەی کاغەز وەسەریەک دەنێن و بۆ پارێزگاری کردن لە سامانەکەیان و لەبەر ئەوەی بە هۆی پشێوی نرخی سەهم و پارەی ناوخۆی ئەو سامانەیان لە نێو نەچێ، هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە هەوڵ دەدا سامانەکەی لە شوێنێکی دڵنیادا دابنێ، واتە بۆ دەرەوەی وڵاتی بەرێ بکا. ئەو کاتەیە بۆ نموونە ئەگەر نرخی پارەیەکی فەرەنسی (٤٠) گروی هۆڵەندی بێ، سەرافە هۆڵەندییەکان لە بەرامبەر دراوی فەرەنسادا چل گرو نادەن بەڵکو لەوانەیە (٣٦,٣٧,٣٨,٣٩) گرو بدەن و دەگاتە حاڵەتێکی ئەوتۆ کە نرخی دراوێکی فەرەنسی بۆ پێنج گروی هۆڵەندی و تەنانەت کەمتریش دادەبەزێ و بەهای پارەی کاغەز بە تەواوی لە نێو دەچێ، لەو حاڵەتە ئەو شتەی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوە یا دابەزاندنی رێژەی بەهای پارەی کاغەزو پارەی زیو هەمان نرخی ئاڵوویر واتە نرخی دراوی بیانییە.

لە سەردەمی لاو-دا پارەیەکی سێ لیوری فەرەنسا بەرابەری چل گروی هۆڵەندا بوو بەڵام پارەیەکی کاغەزیی سێ لیوری زیاتر لە هەشت گروی نەدەهێنا، واتە نرخەکەی یەکسان بوو بە یەک لەسەر پێنجی پارەیەکی لە زێڕ دروستکراو.



## بەشی یازدەهەم: عەمەلییەی ڕۆمانەکان لەمەڕ پارەوە

عەمەلیاتی دراوی ئەمڕۆکە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێ، داهێنانێکی نوێ نییە، بەڵکو رۆمانەکان لە سەردەمە کۆنەکاندا داهێنانێکی باشتریان پێشکەش کردووە. ئەڵبەتە پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو کارە لە سەردەمی پشێوی و بێ بەندو باری کۆماری رۆماو لە قۆناغێکی تردا کە رژێمی کۆماری ئەو وڵاتە نزیکی فەسادو گەندەڵکاری ببووەوە، رووی نەدا، بەڵکو لە سەردەمێکدا ئەو کارە پراکتیکە کرا کە رۆمانەکان لە دوای داگیرکردنی هەموو شارەکانی ئیتاڵیا لەگەڵ ئیمپراتۆرەکانی کارتاژدا تەپڵی ململانێیان لێ دەداو لەگەڵ کارتاژییەکاندا دەجەنگین.

هەروەکو پلین لە کتێبەکەی خۆی (مێژووی سروشتی)دا دەنووسێ ئەو داهێنانەی رۆمانەکان لە رووی گۆڕینی پارەوە ئەنجامیان دا بەم جۆرە بوو:

(ئاس) واتە یەکەی دراوی رۆمانی کە لە سەرەتادا ئونسێکی مس بوو بەرەو دوو ئونس گۆڕانی بەسەردا هات و پاشان دووبارە کرایەوە بە یەک ئونس[١١٧]و ئەو هۆیەی وای لە رۆمانەکان کرد کێشی پارەکەیان سووک بکەن، هەر ئەو هۆیەیە کە ئەمڕۆ ئێمە وا لێدەکا تاکو کێشی دراوە زیوییەکانی خۆمان سووک بکەین بۆ ئەوەی بتوانین دراوێکی شەش لیوری بۆ دوو دراوی شەش لێوری بگۆڕین، واتە بیکەینە دوازدە لیور. لە رۆمانی دێریندا گۆڕانکاری لە پارەو دەستکاری کردنی کێشەکەی لە کاتی یەکەمین جەنگەکانی نێوان رۆماو کارتاژییەکان دا رووی داو ئێمە ئاگاداری وردو درشتی باسەکە نین، بەڵام چۆنیەتی عەمەلییەی دراوی رۆمانییەکان لە دووەمین جەنگی نێوان رۆمان و کارتاژییەکاندا روونەو هۆیەکەی ئاشکرایەو لێهاتوویی و لێزانی دەسەڵاتدارە رۆمانییەکان نیشان دەدا.

لەو سەردەمەدا کۆماری رۆما هەندێک قەرزداربوو و بە هۆی کەمی پارەوە نەیدەتوانی قەرزەکەی خۆی بداتەوەو هاوکاتیش یەک ئاس کە یەکەی دراو بوو کێشەکەی دوو ئونسی مس بوو و یەک دیناریش دە ئاس بوو واتە کێشەکەی یەکسان بوو بە بیست ئونسی مس. دەوڵەت فەرمانی دا کە یەک ئاس لە جیاتی ئەوەی کێشەکەی دوو ئونس بێ بکرێتە یەک ئونسی مس و بەم جۆرە پارەی نێو سکەخانەکانی دەوڵەت دوو هێندەی لێهات و کۆماری رۆما قەرزەکانی خۆی بەو دینارەی کە کێشەکەی دە ئونس بوو دایەوە، بەڵام ئەم کردەوەیە زیانێکی گەورەی لە مامەڵەکردن دا، چونکە خەڵکیش ناچاربوون قەرزی نێوان خۆیان بەو پارەیە بدەنەوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەوڵەت بیرۆکەیەکی نوێ و زانایانەی پێشکەش کردو فەرمانی دا ئەو دینارەی کە تا ئەو کاتە دە ئاس بوو، لە مامەڵەی نێوان

خەڵکدا بکرێ بە شازدە ئاس، لە ئاکامیشدا ئەگەر ئەو کەسانەی قەرزیان لەلای دەوڵەت هەبوو و لەو عەمەلییەیەدا لە نیوەی مافی خۆیان بێ بەش کران ئەوا داواکارەکانی بازاڕو خەڵکی ئاسایی لە یەک لە سەر پێنجی مافی خۆیان زیاتر بێبەری نەکران و بە واتایەکی تر پارەی ڕۆما لە یەک لە سەر پێنج زیاتر دابەزینی بە خۆیەوە نەبینی و نرخی شتومەکیش لە یەک لەسەر پێنج زیاتر بەرز نەبۆوە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە ئاڵوگۆڕی دراوی ڕۆمانەکان زۆر لە هی ئێمە فەڕەنسییەکان عەقڵانی تر بوو، چونکە لە عەمەلییەی دراوی خۆمان نەک مامەڵەکانی دەوڵەت بەڵکو مامەڵەکانی گەلیشمان تووشی ئاڵۆزی و لەرزۆکی کردووە.

لە بەشەکانی ئایندەش دا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆمانەکان لە هەندێ حاڵەتی تریشدا لە ئێمە باشتر کاریان کردووە.

## بەشی دوازدەهەم: چۆنیەتی عەمەلییەی دراوی لە ڕۆمای کۆن دا

پێشتر زێڕو زیو لە ئیتالیادا زۆر دەگمەن بوو، چونکە ئەو وڵاتە زێڕو زیوی لێ نەبوو و ئەگەر هەشیبایە ئەوا هێندەیان لێ دەرنەدەهێنا. کاتێ خێڵەکانی گۆل (فەرەنسا) دەستیان بەسەر ئیتالیا داگرت لە هەمووی ئەو وڵاتەدا زیاد لە هەزار لیور زێڕ دەست نەدەکەوت، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەو خێڵانە تەواوی شارە گەورەکانی ئیتالیایان تالان کردبوو و زێڕەکەیان کۆ کردبۆوە.

نەبوونی زێڕو زیو وای کرد کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دراوی ڕۆمانەکان پارەی مس بێت و تەنیا لە دوای داگیرکردنی پیرۆسدا بە ڕادەی پێویست زیویان چنگ کەوت و دراویان دروست کرد. سکەی زیوی ڕۆمانەکان دینار بوو کە نرخەکەی هاوتای دە ئاس بوو و هەر ئاسێکیش یەک لیور مسی لەگەڵدا بوو و لەوە پاش ڕێژەی بەهای زیو و مس (٩٦٠) بە (١) بوو، چونکە دیناری ڕۆمانی نرخەکەی یەکسان بوو بە دە ئاس یان دە لیور مس. لەبەر ئەوەی دە لیور مس هاوتای (١٢٠) ئۆنس بوو و لە لایەکی تریشەوە دینارێکی زیو یەکسان بوو بە یەک لەسەر هەشتی ئاسێک، هەر بۆیە ڕێژەی نێوان زیو و مس هاوتای(٩٦٠) بە (١) بوو.

پاش ئەوەی ڕۆمانەکان بەسەر بەشێکی خاکی ئیتالیادا کە دەکەوێتە نێوان یۆنان و سیسیل زاڵ بوون و لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دەوڵەمەندە واتە یۆنان و کارتاژدا نیشتەجێبوون گرت بڕی زیوەکەیان رووی لە زیادبوون کردو لە دوای ئەوە هاوسەنگی(٩٦٠) بە (١) تێکچوو و ڕۆمانەکان هەندێ عەمەلییەی ئەوتۆیان لەسەر



پارەکەیان ئەنجامدا کە بۆ ئێمە روون و ئاشکرا نییە، هەر ئەوەندە دەزانین کە لە سەرەتای دووەمین جەنگی نێوان ڕۆمان و کارتاژەکاندا دیناری ڕۆما نرخەکەی تەنیا (١٥) ئۆنسی مس بوو و بەم جۆرە ڕێژەی نرخی زیو و مس گۆڕا بۆ (١٦٠) بە (١). لە پاش کۆتایی هاتنی یەکەمین جەنگی نێوان کارتاژو ڕۆمانەکاندا، ڕۆمانەکان بەسەر سیسیل دا زاڵ بوون و لەوێوە چوونە ساردنی و پاشان بەرەو ئیسپانیا پێشڕەویان کردو دیسان بڕی زیوی ڕۆمانەکان زیادی کردو دووبارە ڕۆمانەکان پەنایان بۆ هەندێ عەمەلییە برد کە نرخی دیناری زیویان گەیاندە شازدە ئۆنس و لە دوای ئەوە زیو و مس ڕێژەکەیان گۆڕا بۆ (٢٨) بە (١).

مێژووی ڕۆما دەری دەخا کە ڕۆمانەکان هەمیشە لە عەمەلییەی تایبەت بە دراودا ئەوپەڕی عەقڵ و لێهاتووییان بەکارهێناوە.

## بەشی سێزدەهەم: گۆڕانکاریی دراوی لە سەردەمی ئیمپراتۆری دا

گۆڕانی دراو لە سەردەمی کۆماری ڕۆمادا لە ئاکامی پێداویستی خەڵکەوە بوو، بەڵام گۆڕانی دراو لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە، سەرچاوەکەی پێداویستی ئیمپراتۆرەکان بوو. لە سەردەمی کۆماریدا هیچ کاتێ دەستکاری عەیاری پارەیان نەدەکرد، بەڵام ئیمپراتۆرە ڕۆمانەکان کە بە هۆی موختاربوون و دەست ڕۆیشتویان تووشی پێویستی و بێ دەرەتانی هاتبوون و لە ڕێگای شێواندنی پارەوە، چارەسەریان دۆزییەوە. بە جۆرێ کە بەشێک لە زیوی سەر پارەکەیان هەڵگرت و مسیان لە جیات دانا بۆ ئەوەی لە کاتی دانەوەو بەخشیش و دیارییەکانیان دا هیچ جیاوازییەک سەرهەڵنەدا، بەڵام بەهای پارەکە دادەبەزی. ئێستاش لە مۆزەخانەکان دا مەدالیای ئەوتۆ دەبینرێ کە لە مس دروست کراوەو رووکەشەکەی زیوەو ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو بابەتە زانیاری زۆرتریان دەست کەوێت پێویستە سەیری کتێبی ناساندنی مەدالیاکان، نووسینی ژوبێر بکەن.

یەکەمین ئیمپراتۆر کە پەنای بردە بەر شێواندنی پارە، «دیدیۆس ژولین» بوو و لە دوای ئەویش «کاراکالا» عەیاری پارەی کەم کردەوەو بە جۆرێ کە پارەی کاراکالا نیوەی تەزویر بوو.

لە سەردەمی ئەلکساندەر سور دوو لەسەر سێی پارەکە تەزویر بوو و هەر بەم جۆرەش عەیاری پارەکە دابەزی تا لە کاتی «گالین»دا، پارەی ڕۆما جگە لە مسی ئاوزیو کراو هیچی تر نەبوو. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لە سەردەمی ئێمە ناتوانن بەهۆی تێکەڵ کردنی کانزا جۆراوجۆرەکانەوە بەهای پارە دابەزێنن و ئەگەر دەوڵەتێکیش بیەوێ پەنا بۆ

ئەم جۆرە کارە ببات ئەوا لەوانەیە خۆی فریو بدا، بەڵام ناتوانێ خەڵکانی تر فریو بدا، چونکە نرخی دراوی بیانی و ئاڵوویری نێونەتەوەیی بۆتە هۆی ئەوەی کە خاوەن بانک و سەڕافەکان بەهای راستەقینەی پارە بە پێی زێڕو زیو دیاری بکەن.

## بەشی چواردەهەم: نرخی ئاڵوویر ئاستەنگی بەردەم دەوڵەتە ئیستبدادییەکانە

دەوڵەتی رووسیا گەرەکییەتی فەرمانە ئیستبدادییەکانی خۆی لە وڵاتدا جێبەجێ بکا، بەڵام ناتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا، چونکە وڵات بەبێ بازرگانی و بازرگانی بەبێ ئاڵوویر بەردەوام نابێ و عەمەلییەی تایبەت بە دراوی بیانی و ئاڵوویر رێگرن لە بەردەم جێبەجێ بوونی فەرمانە ئیستبدادییەکانی دەوڵەتی رووسیادا.

هەر لەمەڕ عەمەلییەی ئاڵوویر بوو کە لە ساڵی ١٧٤٥دا ئیمپراتریسی رووسیا فەرمانی دا کە هەموو یەهوودییەکان لە وڵات وەدەربنرێن، چونکە ئەوان، پارەی خۆیان و ئەو بیانیانەی لە خزمەت رووسیادا بوون، بەرێ دەکرد بۆ دەرەوەی وڵات. دیسان هەر بەپێی فەرمانێکی تری ئیمپراتریس، هیچ کام لە خزم و نزیکەکانی ئیمپراتۆری رووسیا نەیاندەتوانی بچنە دەرەوەی وڵات یان سامان و دارایی خۆیان بۆ دەرەوە بنێرن تەنیا بە پێی مۆڵەتی تایبەتی نەبێ. بەڵام ئەو فەرمانە بە تەواوی دژی ئاڵوویری پارەیە، چونکە ئاڵوویری پارە پێویستی بە ئازادی هەیە. گەشەسەندن و بووژانەوەی بازرگانیش لەگەڵ ئەحکامە ئیستبدادییەکانی ئیمپراتریسی رووسیادا ناگونجێ، چونکە دانیشتوانی رووسیا بەهۆی ئەم ئەحکام و یاسا جۆراوجۆرانەوە، جگە لە کۆمەڵە کۆیلەیەک هیچی تر نین، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە هەندێکیان کۆمەڵە کۆیلەیەکن کە بە ناوی وەرزێرەوە خەریکی گیان سپاردنن و چینەکەی تریش کۆیلەی رەسەن و رۆحانی و لە هەمان کاتدا ئاغای کۆیلەکانی چینی یەکەمن. وا دێتە بەرچاو کە لە رووسیادا چینی سێهەم نەبێ بۆ ئەوەی خەریکی پیشەسازی و بازرگانی بێ و لە ئاکامیشدا لەوێ بازرگانی باوی نییە.

## بەشی پازدەهەم: دابی هەندێ لە وڵاتەکانی ئیتالیا

لە هەندێ وڵاتی ئیتالیادا (پێشتر ئیتالیا لە چەندین وڵات پێکهاتبوو) یاسایەکیان داناوە کە خەڵک مافی ئەوەی نییە زەوی و زارەکانی خۆیان بفرۆشن و پارەکەی بۆ دەرەوە ببەن. ئەم یاسایە بۆ ئەو سەردەمە باش بوو کە سامانی هەموو وڵاتەکان تایبەت بوون بە خودی خۆیان و نەیاندەتوانی لە سنوورەکانی وڵات بپەڕێننەوە، یان دژواری زۆر دەهاتە



سەر رێگای ناردنە دەرەوەی. بەڵام لەو کاتەوە کە ئاڵوویری نێونەتەوەیی پەرەی سەندووە و بۆتە شتێکی ئاسایی، سامان و دارایی بە هیچ جۆرێ لە ژێر رکێف و مۆنۆپۆلی دەوڵەتێک دا نییە، هەر بۆیە ئەو یاسایەی سەرەوە زۆر زیانبەخشە، چونکە تاکەکەس ناتوانێ بۆ مامەڵەو بازرگانیکردن لەگەڵ دەرەوەدا سوود لە سامانی زەوی و زاری خۆی وەرگرێ، یەکێکی تر لە عەیب و کەم و کوڕییەکان ئەو یاسایە ئەوەیە کە ئەفزەلییەت دەدا بە شتومەکی مەنقول بەسەر شتومەکی نا مەنقول داو خەڵکی لە کشتوکاڵ و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و زارەکان بێزار دەکاو دەبێتە ئاستەنگ و رێگریش لە بەردەم بێگانەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ سامان و دارایی خۆیان بێنە ناو وڵات و لەوێدا نیشتەجێ بن.

## بەشی شازدەهەم: پارمەتی سەڕافەکان بە دەوڵەت

ئەرکی سەڕافەکان ئاڵوویرکردنی پارەیە نەک قەرزدان، لە کاتێکدا دەوڵەت تەنیا بە ئاڵوویرکردنی پارە وازیان لێ بێنێ و برە قازانجێکیان بداتێ ئەوا لە روانگەی ئەوانەوە بەهایەکی زۆری دەبێ و داوای شتی زیاتر ناکەن. بەڵام کاتێ کە دەوڵەت قەرز لە سەڕافەکان وەربگرێ یان سەڕافەکان قەرز بدەن بە خەڵکانی تر، ئەگەر هاتوو داوای قازانجی زۆرتریان کرد ئەوا مافی خۆیانەو نابێ تۆمەتی سووخۆریان بخرێتە پاڵ.

## بەشی حەڤدەهەم: قەرزی گشتی

هەندێ خەڵک پێیان وایە کارێکی باشە ئەگەر دەوڵەتێک یان وڵاتێک بە خۆی قەرزدار بێت یان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەو رێگایەوە سامان و دارایی روو لە زیادبوون دەکا، چونکە پارەیەکی زۆر بەگەڕ دەخرێ. بە بڕوای من ئەو کەسانە کاغەزی پارەیان لەگەڵ شیکی بازرگانی و کاغەزی قەرزی وڵاتەکاندا بە هەڵە تێکەڵ کردووە. کاغەزی پارە و شیک دەبنە هۆی بەگەڕخستنی سامان، بەڵام بەڵێننامە (أوراق تعهدات)ی قەرزی وڵات نابێتە هۆی گەشەسەندنی سامان و تەنیا بەڵگەیەکە کە بە هۆیەوە ئەو کەسەی قەرزی داوە دڵنیایە کە داواکارییەکەی وەردەگیرێتەوە.

**کەم و کوڕی کاغەزی قەرز بەم جۆرەیە:**

١- کاتێک بیگانەکان بڕیکی زۆریان لەم کاغەزانە لەدەست دابێ، هەموو ساڵێ رێژەیەکی زۆری لە جیاتی سوودی قەرزەکە لە ناوەوە دەبەن بۆ دەرەوەی وڵات.

٢- ئەو وڵاتەی کە هەمیشە قەرزدارە، نرخی ئاڵوویر بەردەوام رووی لە دابەزینە، واتە

نرخی پارەی ناوخۆ لە بەرامبەر پارەی دەرەوەدا روو لە کەمی دەکا.

٣- ئەو باجەی بۆ دانەوەی سوودی ئەو قەرزە، لە خەڵک وەردەگیرێ، زیان بە سەنعەتکارەکان دەگەیەنێ، چونکە کرێی کارەکەیان زیاد دەکەن.

٤- داهاتی دەوڵەت، واتە باج لەو کەسانە وەرناگیرێ کە سەنعەتکار یان کرێکارن بەڵکو لەو کەسانە وەردەگیرێ کە تەنیا کاغەزی بەڵێننامەی قەرزی دەوڵەتیان لە دەست دایە.

لە راستیدا هۆی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو کەسانە دابین دەکا کە کار ناکەن و لە بەرامبەریشدا بۆ ئەو کەسانەی زەحمەتکێشن گیروگرفت دروست دەکا. ئەو شتەی بەردەوام هەڵەی تێدا دەکرێ ئەوەیە کە بوونی کاغەزی بەڵێننامە دەوڵەتییەکان بەڵگەیەکە بۆ دەوڵەمەندبوونی وڵات یان دەوڵەت نەک هەژاری، چونکە ئەو دەوڵەتە بە دەوڵەمەند دادەنرێ کە بتوانێ لە عۆدەی بەڵێنی بەهای ئەو کاغەزانە بەبێ موفلیس بوون بێتە دەرێ و تەنانەت دەوڵەتێکی ئەوتۆ دەبێ سامانێکی یەکجار زۆری هەبێ.

لە ئاکامدا هەر چەندە پەرەپێدانی بەڵێننامەی قەرزی دەوڵەت، کەم و کوڕی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەندێ ڕێگاوە قەرەبوو دەکرێتەوە، واتە پێوەری سامانی دەوڵەتە، دەڵێین بێ کەم و کوڕییە.

ئەوە ڕێسایەکی گشتییە کە هەر کاتێ لە بەرامبەر کەم و کوڕییەک دا باشییەک هەبێ ئەو دوانە یەکتر پاک دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر رادەی باشییەکە بەسەر عەیبەکەدا بە زۆری زاڵ بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین کەم و کوڕی لە گۆڕێدا نییە.

## بەشی هەژدەهەم: دانەوەی قەرزی گشتی

پێویستە هەمیشە لە نێوان قەرزداری و داواکاری (خاوەنی قەرزی) دەوڵەتدا هاوسەنگی هەبێ، دەنا مسداقییەتی دەوڵەت لەنێو دەچێ. لەوانەیە دەوڵەت بڕێکی زۆرو دیاری نەکراو پارەی بە قەرز دابێ، بەڵام نابێ قەرزداری دەوڵەت لە سنووری دیاری کراو تێپەڕ ببێ، ئەگەر وانەبێ ئەوا مسداقییەتی دەوڵەت تووشی لەرزۆکی دەبێ. تا ئەو کاتەی ئیعتبارو مسداقییەتی دەوڵەت تووشی لەرزۆکی نەبووە دەتوانرێ وەکو ئینگلتەرا بڕێکی زۆر پارە دابین بکرێ و بدرێ بە قەرزدارەکان و لە هەمان کاتیشدا بڕی سوودەکە دیاری بکرێ، چونکە هەروەک چۆن لە کاتی قەرز وەرگرتنی دەوڵەتدا خەڵک بڕی سوودەکە دیاری دەکا، لە کاتی دانیش بڕی سوودەکە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکرێ. تەنیا کەم کردنەوەی سوودەکە بەس نییە، بەڵکو قازانجی کەم کردنەوەی سوود دەبێ بە رادەیەک بێ کە مسداقییەت دروست بکاو لە ژێر سایەی ئەو مسداقیەتەدا بتوانرێ هەموو



ساڵێک بەشێک لە بڕە پارە سەرەکییەکە بدرێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر ئیعتباری دەوڵەت تەواو و بەس نەبێ دیسان پێکهێنانی ئەو مسداقییەتەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە رێگای کەم کردنەوەی بڕی سوودەکە، کەڵکی دەبێ، چونکە بەهۆی ئەو یارمەتییەی پێشکەشی دانی بڕە سەرەکییەکەی دەکا، متمانەی گشتی بە دەست دێنێ.

لە وڵاتە کۆماری و دیموکراتییەکاندا، کە نەخشەو پیلانەکانی دەوڵەت بەردەوام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دادەڕێژرێ، هیچ پێویست ناکا سەرمایەی «ئیستهلاکی» قەرز بێ، بەڵام لە وڵاتە نادیموکراتییەکاندا دەبێ ئەو سەرمایەیە زۆر بێ.

ڕێوشوێنەکانی سەرمایەی ئیستهلاکی قەرز دەبێ بە جۆرێک بێت کە بەدەوڵەت و خەڵکەوە هەردوو لا بە یەکسانی بەرپرسی پێکهێنانی ئەو سەرمایەیە بن. ئەو کەسانەی دەوڵەت پێیان قەرزدارە بە یارمەتی ئەو پارەیەی پێشکەشی سەرمایەی ئیستهلاکی قەرزی دەکەن، لە راستیدا داواکارییەکەی خۆیان وەردەگرنەوە.

**ئەو چینانەی قەرزی دەوڵەت دەدەنەوە لە چوار بەش پێک دێن:**

**یەکەم:** موڵکدارو خاوەن زەوی و زارەکان.

**دووەم:** بازرگان و کاسبکارەکان، واتە ئەوانەی لە رێگای کڕین و فرۆشتنەوە ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

**سێهەم:** جووتیارو سەنعەتکارەکان.

**چوارەم:** داواکارەکانی دەوڵەت واتە سووخۆرەکان.

لە نێو ئەو چوار چینەدا پێویستە چینی چوارەم کەمتر بخرێتە ژێر چاودێری و پاراستنەوە چونکە ئەو چینە لە وڵاتدا چینێکی بێ کارە لە کاتێکدا سەرجەم چینەکانی تر کارکەرو زەحمەتکێشن و دەوڵەت بە هۆی هێزی هەوڵ و کاری ئەوان پارێزگاری لە مانەوەی خۆی دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ زوڵم و ستەم لە چینی چوارەمیش بکرێ، چونکە متمانەی گشتی لە نێو دەچێ. (ئەوە ڕێسایەکی گشتییە کە لە هەر وڵاتێکدا رەفتارو کردەوەی ستەمکارانە دژی چینێک ئەنجام بدرێ، دەبێتە هۆی لاواز بوون و نەمانی متمانەی سەرجەم چینەکانی تر، هەر بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەو چینەش وەکو سەرجەم چینەکانی دیکە بە هێمنی و میانڕۆییەوە هەڵسوکەوت بکرێت.)

## بەشی نۆزدەهەم: قەرزی بە سوود

پارە هێماو نوێنەری بەهاکانەو هەروەک چۆن مرۆڤ دەتوانێ سەرجەم پێداویستییەکانی خۆی وەرگرێ، لە کاتی پێویست بوونی ئەو پێوەرەش، دەبێ بتوانێ

ئەویش بە کرێ وەرگرێ. ئەو جیاوازییەی لە نێوان پارەو سەرجەم شتەکانی تردا هەیە، ئەوەیە کە دەتوانرێ شتەکانی دیکە هەم بە قەرز وەربگیرێ و هەم بکرِدرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە پارە بە کرێ وەردەگیرێ و ناتوانین بیکرِین تەنیا ئەو کاتە دەتوانین کە لە قالّبی زێرِو زیوی بازرگانی واتە شتومەکی بازرگانیدا بێ. ئەگەر مرۆڤ پارەی خۆی بەبێ سوود بە قەرز بدا بە یەکێکی تر ئەوا کارێکی باشی ئەنجام داوە، بەڵام ئەو کارە کە لە دینەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە کارێکی ئەخلاقیە نەک کارێکی یاسایی و نەریتێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی. بۆ پەرەسەندنی بازرگانیی پێویستە پارە سوودی هەبێ، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو سوودە لە سنوورێکی دیاری کراو تێنەپەرِێ چونکە ئەگەر سوودی پارەکە زۆربێ ئەو کاتە بازرگانەکان بۆ بازرگانی کردن پارە بە قەرز وەرناگرن، چونکە قازانجی بازرگانییەکەی بەو رادەیە نییە کە بتوانێ هەم سوودی پارەکە بدات و هەم خۆشی قازانجێکی پێ بگات. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر پارە هیچ سوودێکی نەبێ دیسان دەبێتە هۆی راوەستانی بازرگانی، چونکە ئەو کات هیچ کەس پارەی خۆی بە قەرز نادات و دەستی ئەو بازرگانەی کە پێویستی بە پارە هەیە دەبەسرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە دەبێ کاری کۆمەڵگا رایی بکرێ کەواتە دەبێ پارە، سوودی رەسمی و بازرگانی هەبێ بۆ ئەوەی بنچینەی سووخۆری پەرە نەستێنێ و ئەو بنچینەیەش گەلێک کەموکورِی هەیە کە لە هەموو قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بینراوە.

لە یاسای موحەممەد «د.خ»دا لەبەر ئەوەی بە یەک چاو سەیری سوودی رەسمی پارەو سووخۆری کراوەو قەدەغە کراوە، خەڵک ناتوانن بە شێوەیەکی رەسمی پارەی خۆیان بە قەرز بدەن و سوودێکی مام ناوەندی وەرگرن، هەر بۆیە بنچینەی سووخۆری پەرەیسەندووە. لەبەر ئەوەی بە هۆی قەدەغەکردنەوە هەمیشە مەترسی لە ئارادا هەیە بۆیە سووخۆرەکانیش سوودی زیاتر وەردەگرن بۆ ئەوە لە بەرامبەر ئەگەری ئەو مەترسییەدا بیمەیەکیان بۆ خۆیان دابین کردبێ.

## بەشی بیستەم: سوو لە مامەڵەی دەریایی دا

سوو لە مامەڵەی دەرییاییدا زۆرەو ئەویش لەبەر دوو هۆ: هۆی یەکەمیان ئەوەیە کە دەریاوانی مەترسی زۆری لە پێشەو هەر بۆیە ئەو کەسانەی پارە بە قەرز دەدەن سووێکی زیاتریان دەوێت. هۆی دووەم ئەوەیە کە لە مامەڵە دەرییاییەکاندا کرِین و فرۆشتنی زۆر گەورە ئەنجام دەدرێ و ئەوەش لە شوێنی خۆیەوە پاڵنەرێکی ترە بۆ زۆرکردنی سوو.



بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کام لەو فاکتەرانە لە مامەڵەی زەمینیدا بوونی نییە رادەی سوو لە سنوورێکی دیاریکراو تێناپەرِێ.

## بەشی بیست و یەکەم: قەرز بە پێی پەیماننامە، سوو لە رۆمانی کۆندا

جگە لە قەرزی بازرگانی کە سوود پەیوەندی بەوەوە هەیە، خەڵکیش لە نێوان خۆیاندا قەرز دەدەن بە یەکتری و ئەو قەرزەش لەبەر ئەوەی بە پشتیوانی بەڵگەو پەیماننامە ئەنجام دەدرێ سوودی هەیە. لە رۆمانی کۆندا، چەندە تواناو دەسەڵاتی خەڵک و میللەت لە بەرامبەر دەوڵەتدا زیادی دەکرد، ئەوەندەش یاسادانەرەکان بۆ رازیکردنی دڵی خەڵک دەکەوتنە هەوڵدان بۆ دارِشتنی یاساو رێوشوێنی نوێ.

لە سەرەتادا لە رادەی سوودیان کەم کردەوەو پاشان سوودوەرگرتنیان قەدەغە کردو هەروەها زەمانەتی جەستەییان لە بەرامبەر قەرزدا هەڵوەشاندەوە تا کار گەیشتە شوێنێک کە تەنانەت قەرزدانیشیان هەڵوەشاندەوە. هەر کاتێک یەکێک لە نوێنەرەکانی گەل بیویستبا خۆی شیرین بکاو خۆشەویستی خەڵک بەدەست بێنێ ئەو بابەتەی دوایی دەهێنایە بەر باس.

ئەو گۆرِان و قەدەغە جۆراوجۆرانە سەبارەت بە سوود، بووە هۆی ئەوەی کە لە رۆمانی کۆندا بنچینەی سووخۆری پەرەبستێنێ، چونکە ئەو کەسانەی پارەیان بە قەرز دەدا بە گەل (خەڵکی ئاسایی) کاتێ بۆیان دەرکەوت کە گەل هەم قەرزدارو هەم یاسادانەرو هەم دادوەری ئەوانە ئیتر متمانەیان بەو پەیماننامانە نەدەکرد کە لەسەر سوود بەسترابوون. تەنیا کاتێ ئامادەبوون قەرز بدەن بە میللەت کە هیوای وەرگرتنی قازانجێکی زۆر لە ئارادابا. تەنانەت ئەو کاتانەش کە هیچ یاسایەک دژی سوود دانەدەنرا دیسان خاوەن قەرزەکان دەترسان، چونکە دەیانزانی کە میللەت لە سوود وەرگرتن نارِازییە. لە ئاکامدا وای لێهات کە سەرجەم قەرزە عادیلانەکان لە رۆمای کۆندا لەنێوچوون و لە بەرامبەر ئەوەشدا بنچینەیەکی سووخۆری قێزەون شوێنی گرتەوەو سەرچاوەی سەرەکی ئەم کەموکورِییەش ئەوەبوو کە لە کاتی سوو وەرگرتندا بنچینەی میانرِۆییان وەبەرچاو نەدەگرت. (ئەوە رێسایەکی گشتییە کە هەر کاتێک یاسایەکی توندرِۆیانە بۆ باشکردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵک دابنرێت، ئەوا دەرەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە).

رۆمانییە سەرەتاییەکان هیچ یاسایەکی ئەوتۆیان نەبوو کە ڕێوشوێنەکانی سوود دیاری بکا، واتە لە ڕۆمانی کۆندا سوودو سوو یەک مانایان دەبەخشی. لەو ململانێییەی کە لە نێوان چینی ئەرستۆکرات و خەڵکی ئاساییدا سەریهەڵداو لەو ڕۆژگارانەی کە خەڵک بۆ هەڵوەشاندەوەی ئیمتیازاتی ئەرستۆکراتەکان روویان لە گردی پیرۆز کردو لەوێ مانیان گرت، دیسان هیچ ڕێوشوێنێکی جێگیر لەمەڕ سوودەوە دانەنرا، تەنیا کارێکی کە کردیان ئەوەبوو کە درێژی ماوەی قەرزەکەیان گۆڕی و متمانەی نێوان قەرزدارو خاوەن قەرز لەنێوچوو و سوود، یان سوو کەوتە ژێر ڕکێفی ڕێوشوێنە تاکەکەسی و تایبەتییەکانەوە.

پێدەوایە بە شێوەیەکی گشتی ئاسایی نرخی سوود وەرگرتن لە سەدا دوازدە بوو بۆ ماوەی ساڵێک، ئەوەی گریمانەکەی من لەو بارەیەوە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە لە ڕۆمانی کۆندا سوودی لە سەدا شەش بە ناوی نیو سوودو سوودی لە سەدا سێش بە ناوی چواریەکی سوود ناوزەد دەکرا. کەواتە سوودی تەواو لە ساڵێکدا لە سەدا دوازدە بووە.

ئەگەر لە من بپرسن، چۆنە لە نێو ئەو میللەتە هەژارەی کە هیچ بازرگانییەکی نەبوو، سوودێکی ئەوتۆ سەریهەڵدا، لە وەڵامدا دەڵێم: ئەو میللەتە ناچار بوو هەمیشە بەرەو بەرەکانی جەنگ بچێ و بۆ جەنگیش پێویستی بە پارە هەبوو. لەبەر ئەوەی پاش تەواو بوونی جەنگ بە قازانجێکی زۆرەوە دەهاتەوەو دەیانتوانی قەرزەکانی خۆیان بدەنەوە، هەر بۆیە بنچینەی سوود وەرگرتن لە ڕۆمانی کۆندا پەرەی سەند. ئەو بابەتە لە چۆنیەتی وتووێژی ئەو سەردەمە دەردەکەوێ، چونکە لە کاتی ئەو وتووێژانەدا قەرزدارەکان لە دەست چاوچنۆکی سووخۆرەکان شکایەتیان نەدەکرد، بەڵکو شکایەت لەوە بوو کە ئەگەر بە خۆشی هەڵسوکەوتیان بکردباو لە ژیاندا ڕێگای میانڕەوییان هەڵبژاردبا دەیانتوانی قەرزکانی خۆیان بدەنەوە. بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر لە سەر ئەو بابەتە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قسەکانی ئاپیۆس لە کتێبە بەناوبانگەکەی (دانیس)دا.

لە ڕێگەی ئەو وتووێژو گفتوگۆیەی کە لەسەر دانی قەرز ئەنجام دەدرا، هەندێ ڕێوشوێنیان دادەنا کە تەنیا دەرەنجامی کاتەکی هەبوو. بۆ نموونە فەرمانیان دا ئەوانەی دەچنە جەنگ لە قەرزەکانیان خۆش بن و ئەو کەسانەی لەسەر قەرزداری زیندانی کراون، دەبێ ئازاد بکرێن و موفلیسەکان و هەژارو بێ دەرەتانەکان کە توانای دانەوەی قەرزەکانیان نییە بەرەو موستەعمەراتەکان دوور بخرێنەوەو هەندێ جاریش بۆ دانی قەرزی گشتی خەزێنەی دەوڵەت ئاوالا دەکرا. خەڵکیش کە لە ژێر سایەی ئەو ڕێوشوێنانەدا بۆ ماوەیەک ئاسوودەو ڕازی ببوون، بێدەنگیان هەڵبژادبوو و ئیدی لە بیری ئایندەدا نەبوون و



لە ئاکامیشدا نوێنەرەکانی میللەت واتە ئەنجوومەنی سەنا هیچ گرنگییەکی بە ئایندە نەدەدا. ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنی سەنا سەبارەت بە سوود بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی و وتووێژەکان لەسەر ئەو بابەتە بە قازانجی قەرزدارەکان یەکالا دەکرانەوە، خەڵکی ڕۆما ژیانێکی سادەو دوور لە زەرق و بە ڕقیان هەبوو و تەنانەت هەژاری و بێ دەرەتانیشیان خۆش دەویست.

دەستووری وڵات بە چەشنێک ڕێکخرابوو کە هەموو خەرجییەکانی دەوڵەت لە سەر شانی دەوڵەمەندەکان بوو و خەڵکی ڕەشوڕووت هیچ شتێکی نەدەکرد.

تاسیت دەڵێ: یاسای دوازدە تابلۆکە ڕێژەی سوودی بۆ لە سەدا یەک لە ساڵێکدا جێگیر کرد، بەلام تاسیت بە هەڵەدا چووەو ئەو یاسایەی ئێستا لە سەری دەدوێین لەگەڵ یاسای دوازدە تابلۆکەدا بە هەڵە تێکەڵی کردووە، چونکە ئەگەر یاسای دوازدە تابلۆکە ئەو بابەتەی چەسپاند بوو، بۆچی لە دوای ئەو یاسایە کاتێ کێشە لە نێوان قەرزدارو خاوەن قەرزەکاندا سەری هەڵدا، کوڵکیان لەو یاسایە وەرنەگرت.

لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا هیچ ڕێوشوێنێک لەمەڕ سوودەوە دانەنراوە. لە یاسای کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان ئەرستۆکرات و خەڵکیشدا کە هەشتا ساڵ پاش یاسای دوازدە تابلۆکە دارێژراوەو بە نێوی دانەرەکەی ناونراوە (یاسای لوسینی)، هیچ ڕێوشوێنێکی چەسپاو سەبارەت بە سوو دانەڕێژراوە. ئەو یاسایە یاسایەکی کاتەکی بوو کە بۆ ماوەیەکی کەم خەڵکی بێدەنگ کرد و فەرمانیدا ئەوەی قەرزدارەکان لە جیاتی سوود داویانە لە قەرزە سەرەکییەکەی کەم بکەنەوەو ئەوەی دەمێنێتەوە بە سێ قستی یەکسان بیدەنەوە.

لە ساڵی ٣٩٨ ڕۆمی دوو کەس لە نوێنەرانی گەل بە ناوی دوئلیوس و منیوس یاسایەکیان پەسند کرد کە بە پێی ئەو یاسایە ڕێژەی سوود بۆ یەک لە سەد ١ ٪ لە ساڵدا کەم کرایەوەو هەر ئەو یاسایەیە کە تاسیت بە هەڵە لەگەڵ یاسای دوازدە تابلۆکە تێکەلاوی کردووە. ئەوەش بۆ یەکەمین جارە کە لە ڕۆمانی کۆندا یاسایەک بە مەبەستی جێگیرکردنی نرخی سوود دادەڕێژرێ، دە ساڵ دوای ئەوە سوود بۆ نیوە کەم کرایەوەو پاشان بە تەواوی سوود هەڵوەشێنرایەوە. هەروەکو تاسیت دەڵێ:

ئەگەر سەرنج بدەینە وتەی هەندێ لەو نووسەرانەی کە کتێبی «تیت لیڤیان» دیتووە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵوەشاندنەوەی سوود لە سەردەمی کۆنسولی س. مارتیوس رویتلوس و ک. سرویلیوس دا لە ساڵی ٤١٣ ڕۆمیدا روو داوە، دەرەنجامەکانی ئەو یاسایەش ڕێک وەکو دەرەنجامی حاڵەتەکانی ترە، کاتێ یاسادانەرەکان شێوازێکی

تووندرۆیانە دەگرنەبەر. ئەگەرچی لە سەرەتادا سوودیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام دواتر ناچاربوون هەندێ یاسای دیکە بۆ سەقامگیرکردن و چاککردن و دەستکاریکردنی سوود دابڕێژن، هەندێ جار بە تەواوی پشتیان لە یاساکان دەکردو بۆ ڕێکخستنی سوود پەنایان بۆ داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکە دەبردو هەندێ جاری تریش وازیان لە داب و نەریتی خەڵکی دەهێناو پەنایان دەبردە بەر یاسا. بەڵام هەرچۆنی، بێت داب و نەرینی خەڵک کاریگەری خۆی لەسەر شتەکان دادەنێ.

کاتێ کەسێکی ڕۆمی دەیەویست قەرز وەربگرێ، ئەو یاسایەی بۆ پارێزگاریکردن لەو داڕێژرابوو لە راستیدا دژی ئەو کاریگەری خۆی بەجێ دەهێشت. ئاپین و تیت لیڤ بیرمان دەخەنەوە کە خاوەن قەرزێک بە ناوی سامپرۆنیۆس ئاسلیو مژدەی بە قەرزدارەکانی خۆی دا کە بە پێی یاسای سوود هەڵسوکەوتیان لە تەکدا دەکا، بەڵام خاوەن قەرزەکانی دیکە کوشتیان، چونکە دەیانگوت هەنگاوی ئەو پیاوە، سەختی و دژوارییەکانی یاسای سوود سەر لە نوێ دەبوژێنێتەوە. ئەوە لە ساڵی **٦٦٣**ی ڕۆمیدا ڕوویداوە.

با کەمێک لە شاری ڕۆما بێینە دەرو سەیرێکی ناوچەو ئاوەدانییەکانی دەوروبەریش بکەین.

لە کتێبی یازدەهەم بەشی نۆزدەهەمی ڕۆحی یاساکاندا گوتمان کە ویلایەت و شارەکانی ڕۆما لە نێو ئاگری نا عەدالەتی حکومەتێکی ئیستبدادی و ستەمکاردا دەسووتان، ئێستا دەڵێین کە هۆکاری بەدبەختی خەڵکی ویلایەت و هەرێمەکانی ڕۆما تەنیا رەفتاری حکومەت نەبوو بەڵکو سووخۆریش کاریگەری خۆی هەبووە.

شیشرۆن لە کتێبی (مراسلات)دا بە ناونیشانی ئاتیکۆس، لە نامەی بیست و یەکەمی بەرگی پێنجەم دەنووسێ: خەڵکی سالامین گەرەکیان بوو پارە لە ڕۆمانەکان بە قەرز وەرگرن، بەڵام بە هۆی بوونی یاسای گابینی نەیاندەتوانی ئەو قەرزە وەرگرن. پێویستە بزانین یاسای گابینی چ بووە؟

بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە پێویستە بزانین کە، لە ڕۆمانی کۆندا کاتێ قەرزی بە سوود قەدەغە کرا، خەڵک بۆ ئەوەی ئەو یاسایە نەیان گرێتەوە پەنایان بۆ ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر دەبردو لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە هاوپەیمانەکانی ڕۆماو میللەتی لاتینی نەدەگرتەوە، کەسێکی لاتینی یان کەسێکی دەوڵەتێکی دیکەیان کە هاوپەیمانی ڕۆما بوو، دەکردە واستە کە بە رواڵەت خۆی وەکو داواکار (قەرز وەرگر) پیشان بدا، لە کاتێکدا داواکاری راستەقینە ڕۆمی بوو.

گەلی ڕۆما شکایەتیان لەو ڕەوشەی قاچاغی مامەڵەیە کرد و مارکۆس سامپرۆنیۆس



نوێنەری گەل لە ساڵی **٦٥١**ی ڕۆمی بە گەڕانەوە بۆ رای گشتی، یاسای قەدەغەکردنی قەرزی بە سوودی تەواوکرد، لە پاش ئەوە ئەو یاسایە نەک هەر قەرزدارێکی ڕۆمی دەگرتەوە، بەڵکو هەر کاتێ مامەڵەی قەرز لە نێوان کەسێکی ڕۆمی و کەسێکی نەتەوەیی هاوپەیمان یان لاتینیەکدا بە ئەنجام گەیشتبا، ئەو یاسایە ئەوانیشی دەگرتەوە.

لەو سەردەمەدا بە نەتەوەکانی ئیتالیایان دەگوت نەتەوە هاوپەیمانەکان و خاکەکەیان هەتا ناوچەی ئارنۆ و روبیکن درێژ دەبۆوەو شێوازی بەڕێوەبردنی ئەوان لەگەڵ شێوازی بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی ڕۆما جیاوازی هەبوو.

کاتێ خەڵکی ئیدی نەیانتوانی بە ناوی کەسێکی نەتەوە هاوپەیمانەکانیشەوە پارە بە قەرز وەربگرن، پەنایان بۆ خەڵکی ویلایەتەکانی ڕۆما بردو لەبەر ئەوەی شێوازی بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی ڕۆما لەگەڵ ناوەندا جیاوازی هەبوو، هەر بۆیە سووخۆرەکان پەنایان بۆ خەڵکی ویلایەتەکان بردو بە ناوی ئەوانەوە قەرزیان دەدا، ئەو جارەیان بارودۆخەکە وای دەخواست کە یاسایەکی نوێ دژی ئەو جۆرە قاچاغە دابنرێت، هەر بۆیە گابینۆس لە ساڵی **٦١٥**ی ڕۆمی یاسا بەناوبانگەکەی خۆی کە هەر بە ناوی گابینییەوە ناوزەدکراوە دادەڕێژێ.

گابینۆس بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو کە بۆ کۆتایی هێنان بە سووخۆری دەبێ کارێک ئەنجام بدات بۆ ئەوەی خەڵک بە هیچ جۆرێ پارە بە قەرز وەرنەگرن و یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکان ئەوەیە کە پێشی تەزویرکاری هەڵبژاردن و بەرتیل دان بۆ وەرگرتنی دەنگ بگرێ. هەروەک لە (مراسلات)ی شیشرۆن لە کاتی دواندنی ئاتیکۆس بۆمان دەردەکەوێ، هەمیشە لە کاتی هەڵبژاردندا قەرز پەرەی دەسەندو ئەو کەسانەی دەیانەویست ببنە نوێنەر، بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان پێویستیان بە پارە هەبووە.

یاسای گابینی و یاساکەی پێشتریشی (یاسای سامپرۆنی) کە بە هۆی گەڕانەوە بۆ رای گشتی داڕێژرابوو، بەسەر ویلایەتەکانی ڕۆمادا سەپاندو لە دوای ئەوەوە ئیتر خەڵکی سالامین نەیاندەتوانی بە هۆی یاساغییەکانی ئەو یاسایەوە لە شاری ڕۆما قەرز وەرگرن. بەڵام برۆتۆس لەژێر ناوی جۆراوجۆردا قەرزی بە سوودی لەسەر چوار لەسەدی ٤٪ بۆ مانگێک دەدا بە خەڵکی سالامین و بە هۆی گەڕانەوە بۆ رای گشتی توانی بیسەلمێنی کە ئەو قەرزانە قاچاغ نین و حاکمی سیسلیسی فەرمانیدا کە داواکارەکان دەتوانن بە پێی پەیماننامە قەرزی خۆیان لە قەرزەکانی سالامین وەربگرنەوە(١١٨).

بە هەر حاڵ لەبەر ئەوەی گابینی بە تەواوی قەرز وەرگرتن و قەرزدانی لە نێوان خەڵکی شاری ڕۆماو ویلایەتەکانی ئەو وڵاتەدا قەدەغە کردبوو و لە لایەکی تریشەوە

# پەیوەندی نێوان یاساو دینی هەر کام لە وڵاتانی جیهان و پەیوەندی یاساکان لەگەڵ ڕێوشوێنە ئایینییەکاندا

## بەشی یەکەم: ئایین لە روانگەیەکی گشتییەوە

هەروەک چۆن لەنێوان تاریکییەکاندا هەندێکیان رەشترو ئەنگوستە چاوترن و مرۆڤ دەتوانێ جیاوازی تاریکییەکان دەرک بکا، هەندێ چاڵ قووڵترن و مرۆڤ دەتوانێ جیاوازی قووڵاییەکان دیاری بکات، لەنێو ئایینە باتڵەکانیشدا هەندێ ئایینی ئەوتۆ دەبینرێ کە بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی بەختەوەری جاویدانی تاکەکان، لەم دونیایەدا مرۆڤ بەرەو خۆشبەختی و کامەرانی پاڵدەنێ و یارمەتی باشبوونی ژیانی سەر ئەم دونیایە دەکا.

کەواتە ئەگەر لێرەدا لەسەر دینەکان قسە دەکەین، تەنیا لەرووی ئەو سوودەوەیە کە لە ژیانی دونیایی خەڵکدا هەیەتی، بەبێ گوێ دانە ئەوەی کە ئایا ئەو ئایینە ئاسمانییە یان زەمینی واتە لەلایەن خواوە نێردراوە یان نا. هاوکات پێویستە ئەوەش بڵێین، لەبەر ئەوەی من زانایەکی ئایینی نیم و تەنیا نووسەرێکی سیاسیم، هەر بۆیە لەوانەیە لەم بەشانەدا هەندێ بابەتی ئەوتۆ بنووسرێ کە تەنیا لە لایەنی ژیانی ئاسایی مرۆڤەکانەوە حەقیقەتی هەبێ و ئەگەر بمانەوێ لەلایەنی ئایینی یان بیروبۆچوونە ئایینییەکان و بنچینە دینییەکان شرۆڤەی بکەین، هیچ حەقیقەتێکی لەخۆی دا هەڵنەگرتبێ. کەواتە ئەو کەسانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە، نابێ پێیان وابێ نووسەر هیچ گوێی بەبیروبۆچوونە ئایینییەکان نەداوەو ویستوویەتی بابەتە سیاسییەکان بەسەر حەقیقەتە ئایینییەکاندا پەسند بکات.

مەبەستی سەرەکی من تەنیا پراکتیکە کردنی بابەتە سیاسیەکانە لەگەڵ بنچینە ئایینییەکان نەک ویستبێتم بابەتە سیاسییەکان لە سەروو بیروبۆچوونە ئایینییەکاندا دابنێم، چونکە هیچ شتێک لەبیروبۆچوونەکانی ئایینی مەسیح بەرزتر نییە، بەڵام ئەو دینە بۆ لێک نزیک کردنەوەی خەڵک و دروست کردنی خۆشەویستی لە دڵەکاندا لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارو حەز دەکا خەڵک لەپاش بیروبۆچوونە ئایینییەکان خاوەنی



باشترین بنچینەو یاسای سیاسی بن بۆ ئەوەی لەژێر سایەی دا بتوانن بە ئاسوودەیی ژیان بەسەربەرن.

بەڵێ، لەدوای بیروبۆچوونە ئایینییەکان، هیچ شتێک بەڕادەی یاسا کۆمەڵایەتی و سیاسییە گونجاوەکان بۆ میللەت بەسوود نییە.

## بەشی دووەم: چەوتبێژی بایل

بەڕێز بایل دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بوونی خوا رەد بکاتەوەو هیچ خوایەک نەپەرستێ، زۆر چاکترە لەوەی بت پەرستی بکاتە دروشمی خۆی. لەراستیدا بەڕێز بایل دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ خاوەنی هیچ دینێک نەبێ زۆر باشترە لەوەی دینێکی خراپ پەسند بکات.

بەڕێز بایل وەکو پاساوی وتەکەی خۆی، بەم جۆرە بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. من ئەگەر بەهیچ جۆرێ بوونم نەبێ زۆر باشترە لەوەی بوونم هەبێ، بەڵام دەوروبەر بە مرۆڤێکی خراپ و شەڕەنگێز و دژە خەڵکم لە قەڵەم بدەن.

بەڵام بەڕێز بایل ئەو خاڵەی فەرامۆش کردووە، کە ئەگەر وتیان فلانە کەس بوونی نییە ئەوا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی مرۆڤ نابێ وهیچ گۆڕانکارییەک نایەتە ئاراوە و هەروەها بوونی ئەو هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی کۆمەڵگای گەورەی مرۆڤایەتی دا پێک ناهێنێ. بەڵام هەرکاتێ بڵێین خوا هەیە ئەوا ئەو بیروبۆچوونە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دەبێ.

هەرکە گوتمان خوانیە، یەکسەر بیری ئازادی و سەرەڕۆیی مرۆڤ بەمێشکماندا ختورە دەکا و ئەو سەرەڕۆییە لە مرۆڤدا دەگاتە پلەی یاخیبوون و راپەڕین دژی هەموو شتەکان، بەڵام کاتێ وتمان خوا هەیە ئیدی فیکری ئازادییەکی بێ سنوور و سەرەڕۆیی لەنێو بیری مرۆڤدا سەرهەڵنادات. ئەگەر ئێوە بڵێین بڕوا بوون بەخوا یان بوونی دینێک نابێتە ڕێگر لەبەردەم سەرەڕۆییدا چونکە بەردەوام و لەهەموو شوێنێکدا ناتوانێ پێشی سەرەڕۆیی تاکەکان بگرێ، وەکو ئەوە وایە کە بڵێین، دانانی یاسای مەدەنی ناتوانێ بەری سەرەڕۆیی تاکەکان بگرێ، چونکە هەندێ جار سەرەڕای بوونی ئەو یاسایانەش کەچی دیسان تاکەکان سەرەڕۆیی ئەنجام دەدەن.

بەڕێز بایل هەموو عەیب و کەم و کوڕی دینە باتڵەکانی لەکتێبەکەی خۆیدا کۆکردۆتەوە، لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێ باسی لایەنە باشەکانییانی نەکردووە. منیش ئەگەر بمەوێ تەواوی کەم و کوڕی و عەیبی رژێمە جۆراوجۆرەکانی وەکو ئیستبدادی و

کۆماری و سەڵتەنەتی و دیموکراسی و ئەوانیتر باس بکەم و هیچ ئاماژەیەک بەلایەنە باشەکانیان نەکەم، وا دێتە بەرچاو کە هیچ کام لەم رژێمانە بەکەڵکی بەرێوەبردنی ژیانی خەڵک نایەن.

گریمان ئایین هیچ سوودێکی بۆ خەڵک نییە، بەڵام ناتوانین ئینکاری ئەوە بکەین کە بیروبۆچوونە ئایینییەکان هیچ باشییەکان بۆ سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان نییە واتە بە قازانجی کۆمەڵگا تەواودەبێ، چونکە ئەو بیروبۆچوونانە وەکو ئاستەنگێکن لەبەردەم کارو کردەوەی دەسەڵاتدارەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ ترسێکیان لە سزای خەڵک و لێ پێچینەوەی سەر ئەم دونیایە نییەو بەرپرسایەتییەکەیان تەبرەئە کراو و پارێزراوە لەبەدوا داچوون و لێکۆڵینەوە. تەنانەت ئەگەر پاشا و دەسەڵاتدارەکان دینەکەیان بەبێ بڕوایەکی دەروونی و تەنیا لە ترسان قبووڵ کردبێ، دیسان بە قازانجی کۆمەڵگا تەواو دەبێ، چونکە ئەگەر پاشایەک لەرووی حەقیقەتەوە بیروبۆچوونە ئایینییەکانی قبووڵ کردبێ وەکو ئەو شێرە وایە کە بە ئارەزووی خۆی خووی بە مرۆڤەوە گرتبێ و ئەگەر لەرووی ترسیشەوە پەنا بۆ دین ببات و لەدڵەوە رقی لێ بێت وەکو ئەو شێرە وایە کە لەنێو قەفەزدا زیندانی کراوەو بەتۆپزی ناچار دەکرێ ملکەچ بێت، بەڵام ئەو پاشایەی پەیڕەوی لە هیچ دینێک ناکات ئەو شێرەدڕندەیەیە کە بە ئازادی لەشارو بیابانەکاندا دەخولێتەوەو ئارەزووی بۆ هەرکەس بچێ لەبەریەکی هەڵدەدرێ و گۆشتەکەی دەکا بە خۆراکی خۆی.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر تاک یان میللەتێک دینێکیان هەبێ و لە هەمان کاتدا جارجار لەبنچینە ئایینییەکانی یاخی بن و یان کەڵکی خراپی لێوەرگرن زۆرباشترە لەوەی کە بەهیچ جۆرێ دینییان نەبێ.

نووسەرەکان و یەک لەوان بەرێز بایل بۆ ئەوەی لە سەختی و دژواری و دەرەنجامە خراپەکانی بێ دینی مطلق کەم کەنەوە، رەخنە ئاراستەی بت پەرستی دەکەن و عەیب و کەم و کوڕییەکانی دەژمێرن و دەڵێن بت پەرستەکان تەنانەت بۆ عەیب و کەم و کوڕییە گەورەکانی وەکو نەخۆشییە کوشندەکانیش بتیان داتاشیوەو دەیپەرستن، بێ خەبەر لەوەی ئەگەر بت پەرستەکان بۆ کەم و کوڕییە گەورەو نەخۆشییە کوشندەکان بت دادەتاشن لەبەر ئەوە نییە کە ئەو نەهامەتییە قبووڵ دەکەن و یان خوازیاری ئەو بارودۆخەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەو نەفرەت و رقەی لەو نەهامەتییەیان هەبووە، بتیان بۆ دادەتاشن بۆ ئەوەی لەشەڕی ئەو نەهامەتیانە پارێزراو بن.

بۆ نموونە کاتێ خەڵکی شەڕکەری ئسپارتە پەرستگایەکیان بۆ ترس و وەحشەت دروست کرد ئەوەی نەدەگەیاند کە ترسیان خۆشدەوێ و حەزدەکەن بەردەوام ترس لە دەرگای



دڵیان بدات بەڵکو بەپێچەوانەوە نەفرەتێکی قووڵیان لەترس هەبوو و حەزیان دەکرد هەرگیز ترس لەدڵی سەربازەکانیاندا سەرهەڵنەدات.

## بەشی سێهەم: گونجانی حکومەتی میانڕۆ لەگەڵ مەسیحییەت و حکومەتی ئیستبدادی لەگەڵ دینی ئیسلام.

لەبەر ئەوەی دینی مەسیح جەخت لەسەر دلۆڤانی و خۆش رەفتاری دەکاتەوە، هەر بۆیە دوورە لەستەم و دەست درێژی. ئەو پاشاو دەسەڵاتدارانەی کە خاوەنی دینی مەسیحین، نابێ بە دەوری ستەم و دەست درێژی دا بسوڕێنەوەو لە رێگای توندوتیژییەوە دەسەڵات بەرێوەبەرن. لەبەر ئەوەی لە دینی مەسیحیدا فرە ژنی قەدەغەکراوە، ئەو پاشاو دەسەڵاتدارانەی هەڵگری ئەو دینەن بە ناچاری لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیاندا ژیان بەسەردەبەن واتە خۆیان لێ دوور ناکەنەوە و هەر بۆیە ئاشنایەکی زیاتریان لەسەر پێداویستییەکانی کۆمەڵگا هەیەو خاوەنی هەست و سۆزێکی مرۆڤانەن و لە ئاکامیشدا زیاتر مل بۆ ئەوە دەدەن کە بکەونە ژێر رکێفی یاساکان.

دەسەڵاتدارو پاشا ئیسلامەکان بە خوێنساردییەوە خەڵک دەکوژن و لە میللەتی خۆیان دوورن. بەڵام لەدینی مەسیحیدا پاشاکان بەهۆی سەرەڕۆیی خۆیان نابنە هۆی مەرگی خەڵک و بەهۆی تێکەڵاویان لەگەڵ کۆمەڵگاوە شەرم و حەیایان زۆرەو کەمتر خوێنرێژن.

بەکورتی ئەگەر چی دینی مەسیحی بەشێوەیەکی سەرەکی جگە لە دابین کردنی بەختەوەری جاویدانی واتە بەختەوەری دونیای پاش مردن هیچ مەبەستێکی تری نییە، بەڵام هۆیەکانی ژیانی سەر ئەم دونیایەشی دەستەبەر کردووە. بەهۆی بەرقەرار بوونی دینی مەسیحی لەوڵاتی حەبەشە، سەرەڕای سەختی کەش و هەوا و گەورەیی وڵاتەکە، کەچی بنچینەی ئیستبدادی و جەورو ستەم بوونی نییە، لەبەر ئەوەی وەلی عەهدی حەبەشە مەسیحییە و لەرووی گوێڕایەڵی و دلۆڤانی و خۆش رەفتاری بۆتە سەرمەشق و پێشەنگی هاووڵاتییەکانی خۆی و ئەوە لە کاتێک دایە کە هەر لەو نزیکە واتە لەوڵاتی سنار، کاتێ پاشا مرد منداڵەکانیان زیندانی کرد، پاشان ئەنجوومەنی سەڵتەنەتی منداڵە بێ تاوانەکانی پاشایان لەپێناوی ئەو کەسەدا کوشت کە دەیویست بگاتە کورسی سەڵتەنەت.

ئەگەر رەشەکوژیەکانی یۆنانی و رۆمانییەکان بێنینەوە بیری خۆمان و لەوە رامێنین کە ئەوان چۆن شارو ئاوەدانییەکانیان وێران دەکردو رەشەکوژی تەیمور و جەنگیز بێنینە بەرچاوی خۆمان کە بەبێ رچاوکردنی هیچ چەشنە رێساو بنچینەیەکی مرۆڤایەتی هەزاران کەسیان لە خاک و خوێن گەوزاند، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن دینی مەسیح بووە

هۆی ئەوەی داگیرکارەکان لە جەنگەکاندا میانڕۆیی وەبەرچاوبگرن و تاڕادەیەک مافی تاکەکان بپارێزن.

لە ئاکامی دینی مەسیح دایە کە لە وڵاتە داگیرکراوەکانی ئەوروپادا گیان و ماڵ و ئازادی بیروبۆچوونی خەڵک پارێزراوەو هیچ کەسێک دەست درێژییان ناکاتەسەر.

## بەشی چوارەم: دەرەنجامە ئەخلاقییەکانی مەسیحییەت و ئیسلام

کاتێ سەرنج دەدەینە سەر دەرەنجامە ئەخلاقییەکانی مەسیحییەت و ئیسلام، بێ دوو دڵی ئەو بیرە بەمێشکمان دادێ کە پێویستە دینی مەسیحی قبووڵ بکەین، چونکە مەسیحییەت دەبێتە هۆی چاک کردنی ئەخلاق و بەپێچەوانەوە دینی ئیسلام ئەخلاق بەرەو توندوتیژی پاڵدەنێ.

یەکێک لە بەدبەختییەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە هەموو داگیرکارەکان دینی خۆیان بەسەر کۆمەڵگا داگیرکراوەکە دا دەسەپێنن. دینی ئیسلام کە بەزەبری شمشێر بەسەر خەڵک دا سەپێنراوەو لەبەر ئەوەی بناغەکەی لەسەر جەورو زۆرەملێ دامەزراوە هەر بۆیە بۆتە هۆی سەختی و توندوتیژی و ئەخلاق و ڕۆحییاتی خەڵک بەرەو زەبروزەنگ هان دەدات.

لێرەدا مێژووی ژیانی ساباکۆن پاشای خەڵک پەروەری میسر جێگای رامانە... ئەو پاشایە شەوێک لەخەویدا، خواوەندی (تبس) فەرمانی پێ دەکا هەموو رەعییەتەکانی خۆی بکوژێ. کاتێ پاشا وەخەبەر دێ دەتاسێ و دەڵێ، ئاشکرایە کە ئیدی خواوەندەکان حەزیان لە سەڵتەنەتی من نییە، ئەگینا فەرمانێکی ئەوتۆیان دەرنەدەکرد کە بەپێچەوانەی ئیرادەی ئاسایی خۆیانە، هەر بۆیە ساباکۆن وازی لە پاشایەتی هێناو چووە حەبەشەو لەوێ خەریکی خەڵوەت نشینی بوو.

## بەشی پێنجەم: گونجانی ئایینی کاتۆلیک لەگەڵ رژێمی سەڵتەنەتی و ئایینی پرۆتستان لەگەڵ رژێمی کۆماری

کاتێ دینێک لەوڵاتێکدا سەرهەڵدەدا، بێگومان لەگەڵ رژێم و شێوازی حکومەتی ئەو وڵاتەدا دەگونجێ و پراکتیکە دەکرێ، چونکە ئەو خەڵکەی خویان بەو رژێمەوە گرتووە، هیچ شێوازێکی دیکە بۆ حکومەت کردن ناناسن و پێیان وانییە لە توانایان دا هەبێ رژێمێکی تر هەڵبژێرن.

دوو سەدە لەوە پێش لەکاتێکدا ڕووداوێکی دڵتەزێن لە دینی مەسیحییەتدا روویدا و



بەسەر دوو ئایینی کاتۆلیک و پرۆتستاندا دابەشی کرد، دانیشتوانی ناوچەکانی باکووری ئەوروپا ئایینی پرۆتستانیان پەسندکردو دانیشتوانی باشووریش کە کاتۆلیکی بوون، هەر لەسەر ئایینەکەی خۆیان مانەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکانی باکووری ئەوروپا خاوەن ڕۆحی سەربەخۆیی بوون و دانیشتوانی ناوچەکانی باشووریش بێ بەری بوون لەو ڕۆحە، هەر بۆیە ئەو ئایینەی لە راستیدا هیچ سەرۆکێکی نییە لەگەڵ ڕۆحییەی ئەوان دا زیاتر دەگونجا نەک ئایینی کاتۆلیک کە سەرۆکێکی ڕۆحانی دیاری کراوی هەبوو.

تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە ئایینی پرۆتستان سەری هەڵدا، لەبەر دروست بوونی ئەو ئایینە چەندین شۆڕش و راپەڕین سەری هەڵدا، ئەو شۆڕشانە بەپێی سیستەمی حکومەتی ئەو شوێنانە سەری هەڵدا.

لوتێر کە یەکێکە لەپێشەواکانی ئایینی پرۆتستانتی، لەو وڵاتانەوە راپەڕین و بزاڤەکانی خۆی دەست پێ کرد کە لەژێر چاودێری شازادەکان بەڕێوە دەچوون و ئەوان ئامادە نەبوون ئایینێک قبووڵ بکەن بە ئاشکرا هیچ سەرۆکێکی نەبێ، هەر بۆیە لوتێر ناچار بوو بۆ پاڵپشتی ئایینەکەی پەنا بۆ وتەکانی مەسیح ببات و بەم جۆرە دەسەڵاتی سەرۆکێکی دیاری کراو و مەعنەوی بەسەر بزووتنەوەکەی لوتێردا زاڵ بوو. بەڵام کالۆن کە یەکێکی ترە لەپێشەوایانی ئایینی پرۆتستان لەوڵاتە کۆمارییەکاندا دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکەی خۆی، هەر بۆیە دەکرا بەبێ بوونی پێشەوایەکی دیاری کراویش بزووتنەوەکە پێک بێنن، بۆیە کالۆن بۆ پاڵپشتی ئایینەکەی خۆی پەنای بۆ وتەی حەوارییەکان برد.

## بەشی شەشەم: چەوتبێژیەکی تری بایل

بەڕێز بایل پاش ئەوەی تانەو تەشەر لەتەواوی دینەکان دەدات، لۆمەو سەرزەنشی دینی مەسیحیش دەکات و دەڵێ: مەسیحییە راستەقینەکان و ئەوانەی بەراستی خودانی ئەو دینەن ناتوانن دەوڵەتێک دابمەزرێنن کە بۆ ماوەیەکی درێژ بتوانێ بەردەوام بێت.

ئەمە چ جۆرە بیرو بۆچوونێکە؟!! بۆچی مەسیحییەکان ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن و بەڕێوەی ببەن؟! لە کاتێکدا ئەوان کەسانێکی ئەوتۆن کە بەباشی شارەزای ئەرکەکانی خۆیانن و بەو پەڕی جدییەتەوە ئەرکەکانی خۆیان رادەپەڕێنن و ئاشنان بە مافی بەرگری سروشتی لەوڵاتی خۆیان و هەرچەندە ئیمانێکی زیاتریان بە ئایینەکەی خۆیان هەبێ بەو رادەیە گرنگییەکی زۆرتر بە نیشتمانەکەیان دەدەن.

ئەگەر بنچینەکانی دینی مەسیحییەت بەباشی لەدڵ دابچەسپێ ئەوا زۆر بەهێزترە لە ڕێزی ساختەیی ڕژێمە سەڵتەنەتی و مرۆڤدۆستی ڕژێمە کۆماری و ترس و وەحشەتی ڕژێمە ئیستیدادییەکان. زۆر سەیرە کەسێکی وەکو بەڕێز بایل پەی بەڕۆحی دینەکەی خۆی واتە دینی مەسیحی نەبردووەو نەیتوانیوە ئەو ئەحکامانەی لەپێناوی سەقامگیرکردنی دینی مەسیح داڕێژراون لە خودی دینەکە جیابکاتەوەو جیاوازی بکا لەنێوان پەندو ئامۆژگارییەکانی ئینجیل و یاساکانیدا. ئەو کەسەی ئینجیلی هێناوە زۆر بەباشی ئەوەی دەرک کردووە کە دەبێ جیاوازی هەبێ لە نێوان پەندو ئامۆژگار و یاساکاندا، چونکە ئەگەر ئامۆژگارییەکانی بە شێوەی یاسا لە ئینجیلدا هێنابایە بەرباس ئەوا ئەوکات لەهێزی یاساکانی کەم دەکردەوە.

### بەشی حەوتەم: یاسا دینییەکان و کەماڵی مرۆڤایەتی

لەبەر ئەوەی یاسا مرۆییەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژرێن، هەر بۆیە دەبێ خاوەنی ڕێوشوێنی تایبەتی بن و هیچ پێویستی بە پەندو ئامۆژگاری نییە، بەڵام یاسا دینییەکان چونکە بۆ ڕۆح و دڵی خەڵک دانراون، پێویستە زیاتر هەڵگری پەندو ئامۆژگاری بن و کەمتر خۆی بەڕێو شوێنەکانەوە ببەستێتەوە.

بۆ نموونە کاتێ لە دیندا هەندێ ڕێساو ڕێوشوێن دادەڕێژرێ بۆ ئەوەی تاک نەک هەر باش بەڵکو ببێتە یەکێک لە باشترین تاکەکانی کۆمەڵگا و هەروەها تەئکید لەسەر ڕەفتارێک دەکرێتەوە کە تاک دەگەیەنێتە بەرزترین پلەی کەماڵ، ئەوا لەو کاتەدا پێویستە ئەو ڕێساو ڕێوشوێنانە بەشێوەی پەندو ئامۆژگاری ئاماژەیان بۆ بکرێ، چونکە گەیشتن بە بەرزترین پلەی کەماڵ شتێک نییە لەتوانای هەموو کەسێک دابێ، لەکاتێکدا یاسادانەر بیەوێ لە جیاتی پەندو ئامۆژگاری هەندێ یاسا دابڕێژێ ئەوا لە هێزی یاساکان کەم دەبێتەوەو ئەوە جگە لەوەی بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو یاسایانەی لە پێناوی گەیاندنی مرۆڤ بە بەرزترین پلەی کەماڵ داڕێژراون، دەبێ کۆمەڵە یاسایەکی زۆری تر دابنرێت بۆ ئەوەی مەبەست و ئامانجی یاسادانەر (شارع) بێتەدی.

یەکێک لە ئامۆژگارییەکانی دینی مەسیح ئەوەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە بەرزترین پلەی کەماڵ پێویستە بەڕەبەنی ژیان بەسەربەرێ و هاوسەری ژیان هەڵنەبژێرێ. ئەو بابەتە تەنیا وەکو پەندو ئامۆژگاری ئاماژەی بۆ کراوەو هیچی تر، بەڵام دواتر ئەو ئامۆژگارییەیان بۆ کۆمەڵە کەسانێک کە ڕەهبانەکانن کردە یاسا و هەر لە پاش ئەو ناچار بوون لەپێناوی ئەم یاسایەدا کۆمەڵە یاسایەکی تر دابڕێژن بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەی ئاماژەمان بۆ کرد ئەو



یاسایە جێبەجێ بکەن.

دانانی ئەو یاسایە یاسادانەرەکانی تووشی ماندوویی کردو هەر لەو کاتەشدا بووە هۆی هیلاک کردنی کۆمەڵگا، ئەوە لەکاتێک دایە کە ئەگەر ئەو ئامۆژگارییەیان نەدەخستە قاڵبی یاساوەو هەر وەکو خۆی وازیان لێ دێنا، ئەوا هەندێ کەسی تایبەت پەیدا دەبوون کە بۆ گەیشتن بە قۆناغی کەماڵ ڕەبەنیان هەڵدەبژارد و هاوبەشی ژیانیان بۆ خۆیان هەڵنەدەبژارد.

### بەشی هەشتەم: پێویستە یاسا ئەخلاقی و یاسا ئایینییەکان لەگەڵ یەکتردا بگونجێن

ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی دینی ئاسمانی نین، پێویستە یاسا ئایینییەکان لەگەڵ یاسا ئەخلاقییەکاندا پراکتیکە بکەن، چونکە دین ئەگەر ناحەقیش بێت باشترین زامنی دەستپاکی و ڕاستگۆیی مرۆڤە. ئایینی پگۆ لە هندستان ئەگەرچی دینێکی ئاسمانی نییە، بەڵام ئەو ئیجابییەتەی هەیە کە لەگەڵ یاسا ئەخلاقییەکاندا پراکتیکە دەکرێ و بنچینەکانی بریتین لەوەی کە ئیماندارەکان هیچ کەس نەکوژن و دزی نەکەن و خۆ لە ناپاکی ببوێرن و کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدەن کە ببێتە هۆی نارەزایی خەڵکانی تر.

هەر ئەو بنچینە ئەخلاقییە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو میللەتە سەرەڕای ئەوەی هەژارو خۆبەزلزانن، بەڵام دڵۆڤان و لەسەرەخۆن و بەزەییان بە مرۆڤە بێنەواو ڕۆژ ڕەشەکاندا دێتەوە.

### بەشی نۆیەم: بنچینە ئەخلاقییەکانی میللەتی ئسە[١٢٣]

بنچینەی ئایینی میللەتی ئسە ئەوەبوو کە لەبەرامبەر هەموو مرۆڤەکاندا عەدالەت بنوێنن و خراپە دژی هیچ کەسێک نەکەن و لەستەمکاری دوورە پەرێز بن و لەگەڵ ژێر دەستەکانیاندا بەدادپەروەری هەڵسوکەوت بکەن و لەکاتی فەرماندەییدا لەسەرەخۆیی و هێمنی خۆیان لەدەست نەدەن و خوازیاری قازانجی نامەشرووع نەبن.

### بەشی دەیەم: فەلسەفەی ڕەواقی

لەڕابردوودا چەندین ڕێبازی فەلسەفی لە جیهاندا سەری هەڵداوە کە دەتوانین هەرکامێکیان وەکو ئایینێک سەیر بکەین. لەنێوان ئەو ڕێبازە فەلسەفییە جۆراوجۆرانەی کە لەسەردەمە کۆنەکاندا پێک هاتوون هیچیان بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی باشترو

شایستەتر نەبوون لەو ڕێبازە فەلسەفییەی کە (زنۆن) دایڕشتبوو.

من ئەگەر مەسیحی نەبوایەم بەوپەڕی بوێرییەوە دەمگوت، لەناوچوونی ڕێبازی فەلسەفی زنۆن یەکێک بوو لە بەدبەختییەکانی مرۆڤایەتی. لەو ڕێبازە مەزنەدا رق و کینەو نەفرەت لەهیچ شتێک هەڵنەدەگیرا تەنیا ئەو نەفرەت و کینەیە نەبێ کە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە خەسڵەتە باش و فیتریبیەکانی مرۆڤ... وەکو کینە دژی عەیش و رابواردنی لەڕادەبەدەرو گوێ نەدان بەدەردورەنج و... هتد.

تەنیا لەنێو پەیڕەوانی ئەو ڕێبازەدا بوو کە مرۆڤی گەورە پەروەردە دەکراو پیاوەشەریفەکان سەریان هەڵدەدا و لەژێر سایەی ڕێنمایی ئەو ڕێبازە بەرزەدا بوو کە ئیمپراتۆری گەورەو باش پەروەردە دەکران. ئەگەر بۆ ساتێک چاو لەو حەقیقەتانە بپۆشن کە مرۆڤایەتی کەشفی کردووە، بۆتان دەردەکەوێ کە لەتەواوی چاخەکانی ژیانی مرۆڤدا هیچ پیاوێکی گەورەتر لە (ئانتۆنن) ئیمپراتۆری دادپەروەری ڕۆما وجودی نییە، تەنانەت ژولیینیش.

بەڵێ، تەنانەت ژولیینیش ناگات بەو، «بەومەرجەی پێتان وانەبێ من لایەنگری گۆڕینی دینی مەسیحی ئەو ئیمپراتۆرەم». ئەو تاکە دەسەڵاتدارێک بوو کە پڕ بەپێستی وشە توانای لێهاتوویی ئەوەی هەبوو دەسەڵاتی مرۆڤایەتی بگرێتە دەست.

ئانتۆنن پرەنسیپە بەرزەکانی خۆی بۆ دەسەڵاتداری لە فەلسەفەی رواقیەکان وەرگرتبوو.

لایەنگرەکانی زنۆن هیچ گرنگییەکیان بە سامان و گەورەیی دونیایی و دەردورەنجی تاکە کەسی خۆیان و عەیش و رابواردن نەدەدا، بەڵام هەموو کاتی خۆیان سەرفی ئەوە دەکرد لەپێناوی بەختەوەری مرۆڤایەتیدا کاربکەن و ڕێز لەمافەکانی کۆمەڵگا بگرن. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە تەنیا بۆ کۆمەڵگا دروست کراون و ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە لەپێناوی کۆمەڵگادا کار بکەن و بۆ ئەنجام دانی ئەو کارەش هیچ مەبەستێکی تایبەتییان نەبوو، واتە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هەر ئەو کارکردنە پاداشتی زەحمەتەکەیانەو یاخود بەجۆرێکی تر پاداش لەخودی رەحمەت و فیداکاری دایە و هەرچەندە خەڵکانی تر خۆشبەخت بن ئەوا خۆشبەختی ئەوانیش زیاتر دەبێ.

## بەشی یازدەهەم: ڕامان و ڕۆچوون بەنێو نهێنییەکانی جیهاندا

مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووە ژیان بکا، واتە خواردن ئامادە بکا و جل وبەرگ بپۆشێ و پارێزگاری لە خۆی بکاو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ. کەواتە



دینەکەی نابێ بە جۆرێ بێت کە ناچاری بکا بەناو نهێنییەکانی جیهاندا ڕۆبچێ و لێیان رابمێنێ و لە ئاکامیشدا لە ژیان وەدوای بخات.

موسڵمانەکان چونکە ناچارن لەشەو و ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەن و لەو پێنج جارەدا هەموو شتەکانی ژیان فەرامۆش بکەن و جگە لەبیری عەبدایەتی لەبیری هیچی تردا نەبن، هەر بۆیە واڕادێن بەردەوام بیرو خەیاڵیان لەسەر نهێنی جیهان و دونیای دیکە بێت و لە ئاکامیشدا زۆر گرنگی بە کاروبارەکانی دونیا نەدەن. جا ئەگەر حکومەتێکی ئیستبدادیش فەرمانڕەواییان بەسەردا بکات و یاساکانی تایبەت بە مڵکداریش بەجۆرێ نەبێ کە ئەوان بە موڵکەکانیان ببەستێتەوە ئەوا لەوکاتەدا هەر بەتەواوی پشت دەکەنە کاروبارەکانی دونیاو ژیان.

لەرابردوودا دینی زەردەشتی بووەهۆی بوژانەوەو بەختەوەری ئێرانییەکان و پێشی دەرەنجامە دڵتەزێن و ناخۆشەکانی ئیستبدادییەتی دەگرت، بەڵام ئەمڕۆکە دینی ئیسلام بۆتە هۆی دواکەوتنی ئێران.

## بەشی دوازدەهەم: ڕۆژوو

کاتێ ڕۆژوو گرتن بۆ تاک و کۆمەڵگا سوودی هەیە ئەگەر بێتو یاسادانەر بیری کارکردن بخاتە مێشکی ئیماندارەکانەوە، واتە پێویستە تێیان بگەیەنێ کە نابێ ڕۆژووگرتن ببێتە هۆو بیانووی تەمبەڵی و کارنەکردن و هەروەها دەبێ تێیان بگەیەنێ کە ئەو کەسانەی بەڕۆژوو دەبن پێویستە بزانن کە کارێکی باشیان ئەنجام داوە نەک پێیان وابێ کارێکی سەیرو لەڕادەبەدەریان ئەنجام داوەو بەم جۆرە خۆیان هەڵبکێشن و جگە لەوە پێویستە ئەو بیرە بخاتە ڕۆحی ئیماندارەکان کە مەبەست لە ڕۆژووگرتن خۆپاراستنە لە خواردن و نابێ ئەو بابەتە ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک حەسوود و چاوچنۆک بن.

## بەشی سێزدەهەم: ئەو گوناهانەی بەهیچ جۆرێ قەرەبوو ناکرێنەوە

شیشرۆن لە بەشێکی کتێبی پێشەواکاندا دەڵێ: ڕۆمانەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هەندێ گوناهی ئەوتۆ وجوودی هەیە کە قەرەبوو ناکرێتەوەو بەهیچ جۆرێ ناتوانرێ کەفارەتی ئەو گوناهانە بدرێتەوە.

(زوزیم) مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی کە لەسەدەی پێنجەمی میلادیدا ژیاوە، هەر لەسەر بابەتی گوناهە قەرەبوو نەبووەکانی باسی گرنگی گۆڕینی کۆنستانتین و ژولین بەبیری خوێنەرەکان دێنێتەوەو دەڵێ ئەوان گوناهێکیان ئەنجام داوە کەلێ خۆشبوونی نیەو

هەردووکیشیان ئیمپراتۆری مەسیحی رۆم بوون کە وازیان لەدینی مەسیحییەت هێنا.

بەڵێ، لەدینە موشریکەکانی سەردەمی دێریندا کە گوناهەکان دیاری کراو بوون و تەنیا لە چەند گوناهێک پێک دەهاتن و هیچ گرنگییەک بە هەست و سۆزی دڵ نەدەدرا، هەندێ گوناهی ئەوتۆ هەبوون کە بەهیچ جۆرێ قەرەبوو نەدەکرانەوە. بەڵام دینە ئاسمانییەکان لەبەر ئەوەی گرنگی بەهەست و سۆزی مرۆڤ دەدەن یەکراست کردەوەی مرۆڤ بە گوناه دانانێ بەڵکو هەست و سۆزە خراپەکان بە گوناه لە قەڵەم دەدات.

ئەو دینەی بەو پەڕی گرنگییەوە مرۆڤایەتی بە جیهانی میتافیزیک دەبەستێتەوە، ئەو دینەی عەدالەتی ئاسمانی لەسەرو عەدالەتی مرۆیی دادەنێ و هەرلەوکاتەشدا عەدالەتی مرۆیشی پشت گوێ نەخستووە، ئەو دینەی بۆ ئەوە دروست بووە تاکو خۆشەویستی و میهرەبانی لە دڵی مرۆڤەکاندا بەرهەم بێنێ و هەندێ جار مرۆڤ لە کردەوەو هەڵسوکەوتە ناشایستەکانی خۆی پەشیمان بکاتەوە، ئەو دینەی لەنێوان گوناهکارو دادوەری مطلق، واتە زاتی خواوەند دا پردێکی پەیوەندی پێک هێناوە بۆ ئەوەی گوناهکار لەرێگای ئەوەوە لە هەوڵی تۆبەو بەخشیندا بێت، ناکرێ ئەو دینە گوناهی قەرەبوونەبووی تێدابێت.

بەڵام ئەو دینە لە هەمان کاتدا ئەوە لە ئیماندارەکان دەگەیەنێ، ئەگەرچی هیچ گوناهێکی قەرەبوو نەبوو وجوودی نییەو تاکەکەس بەردەوام دەتوانێ ئومێدی بە بەخشندەیی ئیلاهی هەبێ، بەڵام لەوانەیە گوناهەکان لەماوەی تەمەنی تاکەکەسێکدا قەرەبوو نەکرێتەوە، کەواتە نابێ مرۆڤ بەردەوام بەهۆی ئەنجامدانی گوناه و داوای تۆبەو بەخشین ببێتە هۆی زەحمەت و ئازاری دەرگای مەلەکوتی. چونکە کەسێکی گوناهکار کە پێشینەیەکی گوناهکاری هەیە وەکو ئەو قەرزدارە وایە کە هێشتا قەرزەکەی خۆی نەداوەتەوە، کەواتە ناکرێ و گونجاو نییە بەهۆی قەرزی نوێوە باری قەرزی خۆی قورستر بکات، چونکە رۆژێک دادێ کە ئیدی بەخشین و کەرەمی ئیلاهی ئەو ناگرێتەوەو گوێ بە تۆبەو پاڕانەوەکانی نادرێت.

## بەشی چواردەهەم: بە چ شێوەیەک هەندێ جار یاسا مەدەنییەکان دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم یاسای خراپی ئایینە باتڵەکاندا

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کەدەبێ یاسا ئایینی و دینییەکان هەردووک بەجۆرێکی ئەوتۆ بن کە تاکەکان بەرەو رێگای راست هان بدەن، بەڵام کاتێک یەکێک لەو دوو یاسایانە ئەو مەبەستەی نەپێکا یان بەو جۆرەی کە پێویستە گرنگی پێ نەدا، پێویستە یاساکەی تریان لەرێگای گونجاوەوە زیاتر هاوکاری ئەو بابەتە بکات. بۆ نموونە



لە وڵاتی ژاپۆن لەبەر ئەوەی بنچینە ئایینییەکان هیچ چەشنە سزایەکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە لە رۆژی دواییدا جێبەجێ بکرێن و بەهەشت و جەهەنەمێک لەو دینە (دینی بودایی)دا وجوودی نییە، هەر بۆیە یاسا مەدەنییەکان یەکجار زۆر توندن و بەوپەڕی وردەکارییشەوە جێبەجێ دەکرێن.

ئەگەر دینێک هانی تاکەکان بدات بۆ بزاوت و جوڵەو چالاکی و لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەو شێوازە ببێتە هۆی پێداگرتن و سووربوونی کۆمەڵگا، پێویستە یاسا مەدەنییەکان هێندێک توندتر بکرێن بۆ ئەوەی پێشی چالاکییە خراپ و بزاوت و جوڵە زیانبەخشەکان بگرن. بەڵام ئەگەرهاتوو دین تاکەکانی هاندا بۆ ئەنجام نەدانی چالاکی، ئەوا ئەو کاتە دەبێ هەندێ یاسای ئەوتۆ دابڕێژرێ کە هانی تاکەکان بدات بۆ ئەنجام دانی کاروچالاکی.

بۆ نموونە لە دینی ئیسلام دا کە تەقدیرو چارەنووس هێزێکی تایبەتی هەیە، ئیماندارەکان هیچ چالاکییەکیان نییە، چونکە لەسەر ئەو بڕوایەن ئەوەی دەبێ ببێ دەبێ و هیچ پێویستی بەجوڵەو هەوڵی مرۆڤ نییە، لەدینێکی ئەوتۆدا پێویستە هەندێ یاسای ئەوتۆ دابڕێژرێ کە خەڵک ناچار بکا چالاکی ئەنجام بدەن.

کاتێ یاسایەکی ئایینێ شتێکی هەڵوەشاندەوە کە یاسا مەدەنییەکان رێک ئەو شتەیان لە کۆمەڵگادا بەهێز کردووە، ئەوا لەوکاتەدا نابێ یاسا مەدەنیەکانیش پێچەوانەی ئەو کارە ئەنجام بدەن و ئەو کاروبارەی لەلایەن یاسا ئایینییەکانەوە پەسندکراوە، هەڵبوەشێننەوە، چونکە ئەو بابەتە جیاوازی نێوان یاسا مەدەنی و ئایینییەکان زیاتر دەکا و بەڕادەیەک کاریگەری ئەو جیاوازییە زۆر دەبێ کە گەورەترین تاوان وەکو شتێکی ئاسایی و شتێکی ئاسایی وەکو گەورەترین خراپەکاری لە قەڵەم بدرێ. کەواتە پێویستە بەردەوام لەنێوان یاسا مەدەنی و ئایینییەکاندا هەماهەنگی هەبێ.

خوێندنەوەی سیاحەتنامەی (ژان دوپلان کارپن) کە لەساڵی ١٢٤٦ زایینییەوە لەلایەن پاپی چوارەم ئینوسانەوە بۆ وڵاتی تەتەرەکان نێردراوە، بەجوانی ئەو بابەتە رۆشن دەکاتەوە. لەوڵاتی تەتەرەکان و جەنگیزدا کێرد خستنە ناو ئاگرو پاڵدان بەدەسکی قامچی و بەهەوسار لە ئەسپ دان و شکاندنی ئێسقانێک بە ئێسقانێکی تر بەگەورەترین گوناه دەژمێردرێت، بەڵام هەر لەو وڵاتەدا دزی و ئەتک کردن و تەنانەت خۆکوشتنیش وەکو شتێکی ئاسایی سەیری دەکرێ و بەهیچ جۆرێ بە گوناه دانانرێ.

لە ئاکامدا ئەو یاسایانەی بابەتە بێ بەهاکان وەکو بابەتی سەرەکی و پێویست پێشان دەدەن خاوەنی ئەو عەیب و کەم و کورییانەن.

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە خەڵکی ژاپۆن بڕوایان بە جەهەننەم نییە، مەبەستمان

ئەوەبوو بڵێین کە ژاپۆنییەکان بۆ گوناهە راستەقینەکان بڕوایان بە جەهەننەم نییە، بەڵام بۆ بابەتە ئاساییەکان بڕوایان بە جەهەننەم هەیە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە فلانە وەرزەدا بەروتی بچێتە قەراغ دەریا یان لە فلانە وەرزەدا لەجیاتی جل وبەرگی کەتانی جل وبەرگی ئاوریشمی بپۆشێ یان لەفلانە شوێنەدا راوی قرژاڵی دەریایی بکات، دەچێتە جەهەننەمەوە، بەڵام لەبەرامبەردا مەستی و فەحشا لەروانگەی ئەو میللەتەوە بەهیچ جۆرێ وەکو گوناه سەیری ناکرێت و تەنانەت شەهوەترانی و فەحشای کوڕو کچەکانی خۆیان وەکو کارێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدەن و پێیان وایە بەم جۆرە رەزامەندی خواوەندەکان بەدەست دێنن.

هەرکاتێک دین پاداش بۆ رووداوێکی ئەوتۆ دابنێ کە هیچ جۆرە گرنگییەکی نییە، بیری ئەنجامدانی گوناه و چاوەڕوانی سزادان لەمێشکی ئیماندارەکان دێنێتەدەر. بۆ نموونە لە هندستاندا هندییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر بێتو لە قەراغ رووباری گۆنگدا بمرن ولاشەکەیان بکەوێتە نێو ئاوی ئەو رووبارەوە، ئەوا دەگەنە بەختەوەری جاویدانی، هەر بۆیە بەردەوام لە هەمووولایەکی هندستانەوە ئەو سندوقانەی پڕن لە خۆڵەمێشی مردووە سوتێنراوەکان بەرەو رووباری گۆنگ دەنێردرێن بۆ ئەوەی بکەونە نێو ئاوەکەو بەختەوەری جاویدانی بەدەست بێنن. ئێستا بۆ کەسێکی هندی چ جیاوازییەکی هەیە کە لەهەموو تەمەنیدا گوناه ئەنجام بدا یان کاری رەوا بکات؟! چونکە لەلای ئەو روون و ئاشکرایە کە لە پاش مەرگ هەرکە کەوتە نێو ئاوی رووباری گۆنگەوە ئیدی دەگاتە بەختەوەری جاویدانی و هیچ پێویست ناکا تەمەنێ خەریکی ئەنجام دانی کاری چاکە بێت، چونکە بیری بوونی شوێنێک کە بەهەشتی جاویدان و جیهانی خۆشی هەتاهەتاییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەسەوری سزاو بوونی جەهەننەمێک کە شوێنی عەزاب دانە لەمێشکی ئیماندارەکان بچێتەدەر. بەم جۆرە یاسا مەدەنییەکان کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن بۆ پێشگیری کردن لە کردەوەی چەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا، چونکە ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەختەوەری جاویدانی و دڵنیا هەیە لەسزای حوکمە مرۆییەکان ناترسن و دەزانن هەر لەوکاتەدا کە بەدەستی دادوەرێکی مرۆڤ ئیعدام دەکرێن دەگەنە بەختەوەری جاویدانی.

### بەشی پازدەهەم: چۆن هەندێ جار یاسا مەدەنییەکان دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم یاسای خراپی ئایینە باتڵەکاندا

لەبەر ئەوەی هێندێ جار خەڵک رێزی شتە دێرینەکانی خۆیان دەگرن، لەو رێزەوە کە زۆربەی کات تێکەڵە بەهەندێ وەهم، یاسایەک سەرهەڵدەدا کە رەنگە تۆزێک هەژێنەر



بێت. بۆ نموونە لە یاسا کۆنە یۆنانییەکاندا ژن و منداڵەکان مۆڵەتی ئەوەیان نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ لە شەعایرەکان بچنە نێو پەرستگاوە. ئەوکات یاسایەکی تایبەتی داڕێژرا، تێیدا هاتبوو کە باوکەکان دەتوانن لەجیاتی ژن و منداڵەکانیان بۆ جێبەجێ کردنی شەعایرەکان بچنە پەرستگاکانەوە. ئەو یاسایە لەسەردەمێکدا داڕێژرا کە یۆنانییەکان خاوەنی دین بوون. بەم جۆرە لەژێر سایەی ئەو یاسا مەدەنییەدا شەعایرو داب و نەریتەکان لەبەرامبەر دیندا پارێزگارییان لێ دەکرا.

ئۆگۆست چوونی کچ و کوڕەکانی و ئامادەبوونیانی لەو ئاهەنگ و رەسمیاتەی کە شەوانە ئەنجام دەدرا قەدەغەکرد. تەنیا کاتێ دەیانتوانی ئامادەبن ئەگەر لەگەڵ دایک و باوک یان خزمێکی گەورەتر لە خۆیان هاتبان. ئەوەش یاسایەکی مەدەنی بوو کە چاکسازی لە یاسایەکی ئاییندا پێک دەهێنا بەمەبەستی پاراستنی داوێنپاکی. هەرئەو ئۆگۆستە لەپاش رێکخستنی جەژنەکانی لوپرکاڵ کە پڕ بوو لە شادی و خۆشی قەدەغەی کرد کە لاوەکان بەرووتی یاری هەڵاتن ئەنجام بدەن و دەبوایە جل و بەرگیان لەبەردابێ. لەو حاڵەتەشدا یاسایەکی مەدەنی بۆ پاراستنی داوێنپاکی و رووسووری خۆی لە یاسا ئایینییەکان هەڵقورتاندووە، چونکە جەژنەکانی لوپرکاڵ کە ئۆگۆست ئەنجامی دەدان جەژنێکی ئایینی بوون و لەرابردووشدا ئەنجام دەدران.

### بەشی شازدەهەم: چۆن یاسا ئایینییەکان عەیب و کەم وکوڕی یاسا و رێکخستنە سیاسییەکان دادەپۆشن

لەلایەکی ترەوە ئەوکاتەی کە یاسا مەدەنی و سیاسییەکان بێ توانا و دەست کورت بوون، دین دەتوانێ پاڵپشت و یارمەتیدەری رێکخستن و یاسا سیاسییەکان بێت. بۆ نموونە کاتێ وڵات تووشی جەنگی ناوخۆیی دەبێ، یاسا ئایینییەکان دەتوانن پێشی بڵاوبوونەوەی جەنگ لە هەندێ لە شوێنەکانی وڵاتدا بگرن، بەجۆرێ کە ئەو شوێنانە لە ئاشتی و ئارامیدا ژیان بەسەربەرن. بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا کە هەمیشە لە حاڵەتی جەنگ دابوو، ناوچەی ئیلاهە بەردەوام لە ئاشتیدا دەژیا و پەرستگای ئاپۆلۆن و قەشەکانی هەمیشە ژیانیان لە ئەماندابوو و هیچ کەس کاری پێیان نەبوو. لەوڵاتی ژاپۆندا هەرکاتێ جەنگ سەرهەڵدەدا، شاری مئاکۆ کە شارێکی پیرۆزە لە ئەماندا دەبێ و سەرجەم شوێنەکانی تری وڵاتیش کەم و زۆر لە ئاگری جەنگی ناوخۆیی بەدوور دەبن. هەر ئەو مەسەلەیە وای کردووە کە لەوڵاتی ژاپۆن بەردەوام بازرگانی لە بووژانەوە دا بێ، ئەوە لە کاتێک دایە کە وڵاتی ژاپۆن تاکە وڵاتە کە دەرگاکانی خۆی بەرووی بێگانەکاندا

داخستووە و مامەڵە و بازرگانییان لەگەڵدا ناکات. کاتێکیش کە جەنگەکان بەبێ راوێژ دەست پێ دەکەن و یاسا مەدەنییەکانیش ناتوانن پێشی جەنگەکە بگرن و کۆتایی جەنگەکەش دیار نییە، ئەوا ئەوکاتە یاسا ئایینییەکان خۆ لە بابەتەکە هەڵدەقورتێنن و ماوەیەکی دیاری کراو بۆ ئاشتی یان وازهێنان لە جەنگ دیاری دەکەن، تا بتوانن لەو ماوەیەدا ئەو ئەرکە پێویستانە بەئەنجام بگەیەنن کە بەبێ ئەوان ممکن نییە ژیان بەردەوامی خۆی بپارێزێ.

بۆ نموونە لەنێو موسڵمانەکاندا هەموو ساڵێ چوار مانگ حەرام کراوە بۆ ئەوەی عەرەبەکان لەماوەی ئەو چوار مانگەدا بتوانن خەریکی کشتوکاڵ بن و بەرووبوومەکانی خۆیان کۆبکەنەوە.

لەو سەردەمەدا کە ئەرستۆکراتەکانی وڵاتی فەڕەنسا بەردەوام لەگەڵ یەکتردا خەریکی جەنگ بوون، چەندەها جار وارێککەوتووە کە پیاوە ئایینییەکان خۆیان لە بابەتەکە هەڵقورتاندووەو فەرمانیان داوە کە دەبێ لە هەندێ لە وەرزەکاندا واز لە جەنگ بهێنرێ.

## بەشی حەڤدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

کاتێک کە فاکتەری شەڕو کێشەو جیاوازی لەوڵاتێکدا زۆرە، پێویستە دین تێبکۆشێ هۆیەکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان و پێشگیری کردن لە توندوتیژی لەوڵات دا دەستەبەر بکا.

بۆ نموونە: عەرەبەکان کە میللەتێکی بیابانشین و رێگربوون، یەکجار زۆر ئازارو ئەزیەتی یەکدییان دەداو یەکتریان دەچەوساندەوە. موحەممەد (د.خ) پێغەمبەری ئیسلام بۆ پێشگیری کردن لەو بارودۆخە ئەو حوکمەی دەرکرد:

«ئەگەر هاتوو برای کەسێکیان کوشت و ئەوکەسە لەخوێنی براکەی خۆش ببێ و گەردنی بکوژەکە ئازاد بکا، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ داوای قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانە ماددیەکانی ئەو کوشتنە لە بکوژەکە بکاتەوە. بەڵام هەرکاتێ دوو کەس لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕ بێن و دوایی لەگەڵ یەکدا ئاشت ببنەوەو رەزایەتی یەکدی بدەن و پاشان یەکێکیان هەوڵی فیتنەچییەتی بدات و لەبیری تۆڵە سەندنەوە دابێ، ئەوا لە رۆژی دواییدا بە ئاگری جەهەننەم دەسوتێنرێت». ئەو حوکمە لەپێناوی پێکەوە ژیان و لەنێوبردنی رۆحی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە دەرچوو.

لەنێو خێڵە جێرمەنییەکاندا سەرەڕای ئەوەی تۆڵە بەمیرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێ دەما بەڵام بۆ هەمیشە نەدەمایەوە، هەروەک تاسیتی مێژوونووسی بەناوبانگ دەڵێ: ئەو



کەسەی کەلایەنێکی کێشەکە بوو و تۆڵەی لێ دەسێنرایەوە، دەیتوانی بەدانی کەفارەت، واتە دانی چوارپێ و ماڵات لایەنەکەی دیکە رازی بکاو بەمجۆرە بەتەواوی دوژمنایەتییەکە لەنێودەچوو.

من پێم وایە زۆربەی کات ئەو ئاشتییە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی پێشەوا ئایینییەکاندا رووی داوە، چونکە پێشەوا ئایینییەکان لەلای خێڵە جێرمەنییەکاندا نفووزو رێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو. بەڵام لەنێو خێڵەکانی دورگەی مالێزی لەبەر ئەوەی ئاشتی باوی نییە و کەسە بکوژەکە لێی روون و ئاشکرایە دەکوژرێتەوە هەر بۆیە تووشی نائومێدی و تورەیی دەبێ و هەر کەسێک بێتە سەر رێگای یان دەیکوژێ یان بریندداری دەکات.

## بەشی هەژدەهەم: بەچ شێوەیەک یاسا ئایینییەکان دەتوانن هەمان کاریگەری یاسا مەدەنییەکانیان هەبێ؟

یۆنانییە کۆنەکان میللەتێکی بچووک بوون کە دوور لەیەکتری ژیانیان بەسەر دەبردو کاریان ئەوە بوو کە لە دەریاکاندا خەریکی چەتەیی بن و لەسەر وشکانیش دەست درێژی بکەنە سەر یەکتری. خاوەنی هیچ جۆرە یاسایەک نەبوون و هیچ هێزێک بۆ رێکخستن و نەزم لە ئارادا نەبوو، هەرکەس حەزی لەهەرچی بوایە ئەنجامی دەدا، رقی لە کێ بوایە دەیتوانی بیکوژێ. باشترین نموونەی ژیانی یۆنانییە سەرەتاییەکان هەمان جموجۆڵ و چالاکییەکانی (هێرکولی) پاڵەوانی بەنێوبانگی یۆنانی و (تزە)یە کە زۆر بەباشی دەری دەخا کە یۆنانییەکان چەندە سەرەڕۆ بوونە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یاسا ئایینییەکان بەچ شێوەیەکی شایستە و گونجاو لەنێو میللەتی یۆناندا توانییان پێشی کوشتن بگرن. یاسا ئایینییەکان فەرمانیان دابوو:

**یەکەم:** رۆحی ئەو کەسەی کوژراوە، بەردەوام دژی بکوژەکە تورەیەو هەمیشە دەبێتە هۆی وەحشەت و ئازاری بکوژەکە.

**دووەم:** حەزی لێیە شوێنەکەی خۆی بدا بە بکوژەکە.

**سێهەم:** هەر کەسێک دەست لە بکوژەکەبدا یان لەگەڵیدا بدوێ پیس دەبێ و تووشی پەشۆکاوی دەروونی دێت.

**چوارەم:** لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، نابێ بکوژ لەنێو شاردا بمێنێ هەر بۆیە پێویستە کەفارەتی هەڵەی خۆی بداو بەسزای تاوانەکانی بگەیەنرێ.

**بەشی نۆزدەهەم: باشی ئایین لە رووی ژیانی مرۆییەوە پەیوەندی بە ساخلەمی و نەخۆشی بیروبۆچوونەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو دەرەنجامە سلبی و ئیجابییانەوە هەیە کە لەو بیروبۆچوونە دەکەوێتەوە**

لەوانەیە راستترین و سەرەکیترین بیروبۆچوونی ئایینی کاتێ لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە، دەرەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوەو بەپێچەوانەشەوە باتڵترین و بێ بەهاترین بیروبۆچوونی ئایینی خودان دەرەنجامی گەلێک باش بێت. بۆ نموونە بیروبۆچوونی پێغەمبەری چینی (کۆنفۆسیۆس) کە ئینکاری مانەوەی رۆح دەکاو یان بیروبۆچوونی زنۆنی داهێنەری فەلسەفەی رەواقی گەلێک دەرەنجامی ئەوتۆی لێ کەوتۆتەوە کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادا بووەو بەپێچەوانەشەوە هەندێ دەرەنجامی سلبیان لەبیروبۆچوونی ئایینی هندی (تا ئو)و (فوئە) کە بڕوایان بەمانەوەی رۆح هەیە، وەرگرتووە، کە بەهیچ جۆرێ لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە.

لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا و لەگشت قۆناغەکانی ژیاندا، کاتێ مرۆڤ ئیمانی بەمانەوەی رۆح هێنا، ئەو بڕوا راستە بەچەشنێ بەشێوەیەکی خراپ پەرەی سەند، واتە دەرەنجامی خراپی لێ کەوتەوە کە پیاوەکان -ژنەکان- کۆیلەکان- رەعیەتەکان- بێنەواکان، هەوڵی خۆکوشتنیان دەدا بۆ ئەوەی لە دونیای دیکەدا بگەنە بەختەوەری جاویدانی. سەیرکەن چ دەرەنجامێکی خراپ لەچ بیروبۆچوونێکی راست کەوتۆتەوە!! بەراستی جێی سەرسوڕمانە!

لە هندی رۆژئاوا (ئەمریکا)دا، خەڵک بۆ گەیشتن بە بەختەوەری جاویدانی و بۆ دیتنەوەی دۆست و خۆشەویستەکانی رابردوویان، خۆیان دەکوژن و ئێستاکەش ئەو نەریتە لە دانیمارک و ژاپۆن و ماکاسارو چەندین شوێنی تردا برەوی هەیە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای کردووە خەڵک ئەو دەرەنجامە خراپ و ناپەسندە لەبیروبۆچوونی سەرەکی و راستی مانەوەی رۆح وەرگرن ئەوەیە کە فێریان کردوون رۆحی مرۆڤ لە دوای مردن لە دونیای دیکەدا هەمان ئەو خۆشی و ناخۆشی و پێداویستی و چێژانەیە هەر بۆیە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن بۆ ئەوەی لە دونیای تردا لە رێگای ژیانێکی هەتاهەتاییەوە بگەن بەچێژێکی هەتاهەتایی. بەڵام ئەگەر خەڵکیان رێنوێنی بکرداو پێیان گوتبان کە رۆح هەرلەوکاتەدا کە جاویدانە خاوەنی ئەو ژیان و ئەو پێداویستییانە نییە، ئەو کات ئیدی خەڵک هەوڵیان نەدەدا خۆیان بکوژن.

تەنیا پێک هێنان و دامەزراندنی بیروبۆچوونێک بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئەو بیروبۆچوونە هیدایەت بکرێ، ئەویش بە چەشنێک کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادا بێ و ئەوە



ئەو کارەیە کە دینی مەسیح زۆر بەباشی لە عۆدەی هاتۆتەدەر و هەرلەوکاتەدا کە بیری مانەوەی رۆحی لەدڵی خەڵکدا چاندووە، تێشی گەیاندوون کە ئەو ژیانە جاویدانەی رۆح، ژیانێکی مەعنەوییە نەک ماددی و جەستەیی.

**بەشی بیستەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو**

لە کتێبی پیرۆزی ئێرانییە دێرینەکاندا هاتووە، ئەگەر دەتانەوێ لە زومرەی پاکەکان دابن، بەباشی منداڵەکانی خۆتان پەروەردە بکەن، چونکە هەموو ئەو کردەوە چاکانەی ئەوان ئەنجامی دەدەن پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە. هەروەها راسپێردراوەکە خەڵک زووتر ژیانی هاوبەش پێک بهێنن و ببنە خاوەنی منداڵ، چونکە منداڵ لە رۆژی دواییدا وەکو ئەو پردە وایە کە کەسەکان دەتوانن بەسەریدا بپەڕنەوەو بچنە ناو بەهەشت و ئەو کەسانەی منداڵیان نییە خاوەنی ئەو پردە نین و هەر بۆیە دەستیان بە بەهەشت راناگات. هەڵبەتە ئەو بیروبۆچوونە راست نییە و هەڵەیە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو و دەبووە هۆی ئەوەی خەڵک گرنگی بدا بە بوونی منداڵ و شێوازی بارهێنان و پەروەردەکردنی.

**بەشی بیست و یەکەم: دۆنای دۆن(زیندووبوونەوەی رۆح)**

بیروبۆچوونی مانەوەی رۆح و ژیانی جاویدانی بەسەر سێ دەستەی گەورەدا دابەش دەبێ: دەستەیەکیان لەسەر ئەو بڕوایەن رۆح بەوجۆرەی کە لەجەستەی مرۆڤ دایە لە پاش مەرگ بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. دەستەی دووەم لەسەر ئەو بڕوایەن کە رۆح شوێنی خۆی دەگۆڕێ. دەستەی سێهەمیش کە دونای دۆنین لەسەر ئەو بڕوایەن کە رۆح لە جەستەیەکەوە دەچێتە ناو جەستەیەکی ترەوە. ئەو بیروبۆچوونە لە هندستاندا برەوی هەیەو پێشتریش لەنێو میللەتی سیت (ئەو میللەتی لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا و باکووری رۆژئاوای ئاسیادا ژیانیان بەسەردەبرد)دا برەوی هەبوو. لەنێو مەسیحییەکانیشدا هەندێ لایەنگری هەیە. کارم بەبیروبۆچوونی دوو دەستەی یەکەم نییەو دەمەوێ لەسەر بیروبۆچوونی دەستەی سێهەم بدوێم. ئەو بیروبۆچوونە بەپێی ئەو دەرەنجامە ئیجابی یان سلبییەی لێی کەوتۆتەوە، کاریگەری چاک یان دڵتەزێنی لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەبووە. بۆ نموونە یەکێک لە دەرەنجامە باشەکانی لەهندستان ئەوەیە وای لەخەڵک کردووە خوێنڕێژی بە نەفرەت بکەن هەر بۆیە لەو وڵاتەدا بەکەمی حاڵەتی خۆکوشتن روودەدات و سەرەڕای ئەوەی سزای ئیعدام کردن لەهندستاندا وجوودی نییە کەچی مەگەر بەرێکەوت، دەنا

خەڵک هەوڵی خۆکوشتن نادەن. لەلایەکی ترەوە یەکێک لەو دەرەنجامە خراپانەی کەلە بیروبۆچوونی دۆنای دۆن کەوتۆتەوە ئەوەیە کە ژنەکان لەپاش مەرگی مێردەکانیان لەگەڵ تەرمی مردووەکەدا دەسوتێنن و بەم جۆرە بوونەوەرێکی بێ گوناه بەوپەڕی ئەشکەنجەو توندوتیژییەوە رێگای سەرزەمینی نەمان دەگرێتەبەر.

### بەشی بیست و دووەم: یاسا ئایینییەکان نابێ لەپێناوی هەندێ شتی بێ بەهادا کینەو نەفرەت لەنێو خەڵکدا بڵاوبکەنەوە

یەکێک لە خورافاتەکانی ئایینی هندۆسەکان ئەوەیە کە فرقە جیاوازەکانی دانیشتووی هندستان یەکتر بەنەفرەت دەکەن و لەگەڵ یەکدا تێکەڵاو نابن و لەکاتی تێکەڵاویدا پێیان وایە گڵاو و پیس دەبن. ئەو نەگونجان و تێکەڵاو نەبوونە پەیوەندی بە جیاوازی بنەماڵەییەوە نییە و نابێ پێمان وابێ هەروەک چۆن بنەماڵە ئەرستۆکراتییەکانی ئەوروپا لەگەڵ خەڵکی رەشو رووتدا تێکەڵاو نابن، لەهندستانیشدا ئەرستۆکراتەکان قێزیان لە گەداکان دەبێتەوە. نەخێر بەم جۆرە نییە! لەهندستاندا جیاوازی و ئیمتیازاتی سیفاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بەتەواوی پەیوەندییان بە بیروبۆچوونی ئایینییەوە هەیە، هەر بۆیە لەوانەیە گەدایەک ئامادەنەبێ لەگەڵ پاشاکەی خۆیدا خواردن بخوات، چونکە پێیوایە گڵاو دەبێ، لەبەر ئەوەی لەروانگەی ئەوەوە پاشا لە گروپی گڵاوەکانە.

ئەو بیروبۆچوونە ئایینییە دەبێتە هۆی دوالیزم و جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوە لە کاتێکیشدایە کە هیچ پەیوەندی بە ئیمتیازاتی بنەماڵەی و دەوڵەمەند بیان هەژارییەوە نییە. لە دینی مەسیحیشدا ئەو ئیمتیازاتە بنەماڵەییە نابێتە هۆی جیاکردنەوەو هەڵاواردنی تاکەکان، چونکە یەکێک لە ئامۆژگاری و راسپاردەکان ئەوەیەکە کەسە دەوڵەمەندو بەهێزەکان لەگەڵ ژێر دەستەکاندا بەرەحم و دلۆڤان بن.

کەواتە پێویستە یاسا دینییەکان بەچەشنێک داببڕێژرێن کە پێشی کردەوەی ئەو کەسانە بگرێ کە دەبنە هۆی بەدبەختی تاک و کۆمەڵگا و هەرگیز نابێ ئەو یاسایانە بەجۆرێک داببڕێژرێن کە تاکەکان لەیەکتری جیابکاتەوەو رق و کینە لەنێو کۆمەڵگادا بەرهەم بێنێ و دوژمنایەتی و فیتنەیی لە دڵی چینێک بەرامبەر بەچینێکی تردا پێک بێنێ.

دینی هندۆس و دینی ئیسلام لەبەر ئەوەی لە بەشێکی پان و بەرینی گۆی زەویدا بڵاوبوونەتەوە، پەیڕەو و لایەنگرێکی زۆریان هەیەو ئەو دوو دینە لەنێو چەندەها نەتەوەدا پەرەی سەندووە، بەڵام بەهۆی یاسا تایبەتەکانی ئەودوو دینە بەردەوام، تەنانەت لەنێوان ئەو خێڵانەی کە خاوەنی یەک ئایینیشن رق وکینە فەرمانڕەوایە. هندۆسەکان رقیان لە



موسڵمانەکانە چونکە ئەوان گۆشتی مانگا دەخۆن و ئەوە لە کاتێکدایە کە مانگا لەلای هندۆسەکان زۆر بەرێزە.

موسڵمانەکانیش قێزیان لە هندۆسەکان دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەوان گۆشتی بەراز دەخۆن و ئاشکرایە کە خواردنی گۆشتی بەراز لەلای موسڵمانەکان بەحەرام دادەنرێت.

### بەشی بیست و سێهەم: جەژن و بۆنەکان

کاتێک دینێک بۆ رێزگرتن لە یەکێک لە گەورە پیاوەکانی خۆی جەژنێک بەرپادەکاو بەو بۆنەیەوە دەستوور دەدا خەڵک واز لەکاری رۆژانەی خۆیان بێنن، ئەوا دەبێ لەو حاڵەتەدا پێداویستییەکانی خەڵکیش وەبەرچاو بگیرێن و تەنانەت دەبێ پێداویستیەکانی خەڵک لەسەروو گەورەیی و شکۆمەندی خۆی دابنێ کە بۆ رێزگرتن لەو گەورەییە جەژن دەگرێ.

گەزەنفۆن لەکتێبی کۆماری ئەسینادا دەڵێ یەکێک لە عەیب و کەم و کوڕییەکانی خەڵکی یۆنانی کۆن ئەوەبوو کە، یەکجار زۆر جەژنیان دەگرت و ژمارەی جەژن و بۆنەکان گەلێک زۆربوو.

لەبەر ئەوەی میللەتی یۆنان میللەتێکی جیهانگیر بوو بەسەر زۆربەی شوێنەکاندا زاڵ ببوو و دەبوایە گشت شارەکانی یۆنان گرفت و کێشەکانی خۆیان لە ئەسینا چارەسەر و یەکلا بکەن، بەڵام بەهۆی زۆری جەژن و بۆنەکان کارەکان لەوێ وە دوادەکەوتن و ئەسینییەکان نەیاندەتوانی بەباشی کارەکانی خەڵکی رابپەڕێنن.

کاتێ کە (کۆنستانتین) فەرمانیدا خەڵک لەهەفتەدا رۆژێک پشوو بدەن و رۆژی یەک شەممە واز لەکارکردن بێنن، ئەو فەرمانەی تەنیا بۆ شارنشینەکان دەرکرد و خەڵکی بیابانشین دەبوایە رۆژانی یەک شەممەش کاربکەن، چونکە کۆنستانتین بۆی دەرکەوتبوو کە کاری دانیشتوانی بیابانەکان گرنگترە لەکاری خەڵکی شارنشین و ئەوە ئەوانن کە لەرێگای کشتوکاڵ و وەرزێرییەوە دەبێ بژێوی خەڵکی دابین بکەن، هەر بۆیە نابێ واز لە کارەکانیان بێنن. ئەو وڵاتەی کە پیشەی سەرەکی دانیشتوانەکەی بازرگانییە، پێویستە ژمارەی جەژن و رۆژانی پشوو لەگەڵ بازرگانی خەڵکەکەدا بگونجێ نەک زۆری بۆنەو جەژنەکان پێشی گەشەسەندن و بووژانەوەی بازرگانی بگرێ. دەبێ وڵاتە کاتۆلیک و وڵاتە پرۆتستانەکان لەرووی ژمارەی جەژنەکانەوە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەبێ، چونکە وڵاتە کاتۆلیک ئایینەکان کەوتوونەتە باشووری ئەوروپاو وڵاتە پرۆتستان مەزهەبەکانیش لە باکووری ئەوروپادا قەراریان گرتووە، لەبەر ئەوەی ئاووهەوای باکووری ئەوروپا لە

ئاووهەوای باشووری ئەو کیشوەرە سەختترە، هەر بۆیە پێویستە خەڵک بۆ دابین کردنی بژێوی خۆیان زیاتر کاربکەن. کەواتە کەمی ژمارەی جەژن و بۆنەکان لە وڵاتە پرۆتستانەکاندا باشتر لە وڵاتە کاتۆلیکەکان دەگونجێ.

(دامپیێر) لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی گەشتی نوێ بەدەوری زەویدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پشوو و رابواردنی دانیشتووی ناوچە جۆراوجۆرەکانی زەوی بەپێی جیاوازی ئاووهەوا گۆڕانکاری بەسەر دادێ.

لەناوچە گەرمەسێرەکان بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە گەرمی هەوا یارمەتی رووان و گەشەی جۆرەها گژوگیا و رەنێوهاتنی درەختە میوەدارەکان دەکاو دانیشتوانی ناوچەکە بە ئاسانی دەتوانن خۆراکی خۆیان لەمیوەی جەنگەڵەکان وەدەست بێنن، هەر بۆیە بەشێکی گرنگی کاتی خۆیان بە پشوو و جەژنەوە دەبەنەسەر. بەڵام دانیشتوانی ناوچە ساردەکانی زەوی بەهۆی سەختی ئاووهەواوە ناچارن بەردەوام خەریکی راوشکاری ماسی بن بۆ ئەوەی خۆراکی خۆیان دابین بکەن، هەر بۆیە کاتێکی زۆریان نییە کە ژیانی خۆیان بە پشوو و جەژن و شادی تێپەڕ بکەن. کەواتە ئەو دینە لەو ناوچەیەدا دەچەسپێ، پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدات و تا بۆی دەکرێ رۆژانی جەژن کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی کارە پێویستەکانی خەڵکی پەکیان نەکەوێ.

### بەشی بیست و چوارەم: یاسای ئایینە ناوچەییەکان

لە دینە جۆراوجۆرەکاندا هەندێ یاسای ئەوتۆ هەیە کە پێیان دەگوترێ یاسای ناوچەیی، واتە لەگەڵ جۆروچۆنیەتی ناوچەکەدا دەگونجێ و لەوانەیە ئەو یاسایە بۆ شوێنەکانی تر باش نەبێ.

(مونتە زوما) حەقی بوو کاتێ دەیگوت ئایینی ئسپانییەکان بۆ وڵاتی خۆیان و ئایینی مەکسیکییەکانیش لەگەڵ وڵاتی خۆیاندا دەگونجێ.

بۆ نموونە بیروبۆچوونی دۆنای دۆن و ئەوە کە رۆحی مرۆڤ لە پاش مردنی دەچێتە لەشی گیانلەبەرانەوە، تەنیا لەگەڵ ئاووهەوای هندستاندا دەگونجێ و سوودی بۆ دانیشتوانی ئەو شوێنە هەیە، چونکە هەروەکو (برینە) لەبەرگی دووەمی سیاحەتنامەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکا، لەوێ پلەی بەرزی گەرما گشت لێرەوارە سروشتییەکان دەسووتێنێ و هیچ جۆرە گژوگیایەک وەکو ئالیکی چوارپێ و ماڵات دەست ناکەوێ و ئەوکەسانەی مەڕوماڵاتیان هەیە، بەردەوام ترسی دەست نەکەوتنی گژوگیایان لەدڵ دایەو بەهۆی کەمی لێڕەوارە سروشتییەکان، پەروەردەکردنی مانگا لەو وڵاتەدا برەوی نییەو



بەزۆری مانگا بێچارەکان لەنێو دەچن. بەگرنگی دان بەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، یاسایەکی ئایینی کە یارمەتی پاراستنی مانگاکان بکات بۆ ئەم جۆرە وڵاتانە گەلێک سوودبەخشە. بەڵام هەر لەوکاتەدا کە لەوەڕگا سروشتییەکان بەهۆی پلەی بەرزی گەرماوە دەسووتێن، بەهۆی ئاودێری و هەڵکەندنی رووبار، بەرێژەیەکی زۆر برنج لەهندستاندا دەڕوێ هەروەها بەرووبوومی دانەوێڵە بەبڕێکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت.

لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا کاتێ یاسایەکی ئایینی برنج وەکو خۆراکی دانیشتوانی ناوچەکە دیاری دەکاو ئامۆژگاری خەڵک دەکا کە برنج و بەرووبوومی دانەوێڵە لە خواردنەکانی دیکە زیاتر مەسرەف بکەن، ئەوا بێ شک ئەو یاسایە بۆ ئەو وڵاتە سوودی دەبێ.

(برینە) لەبەرگی دووەمی سیاحەتنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: لە هندستان گۆشتی ماڵات هیچ جۆرە تام و چێژێکی نییەو خەڵک گۆشتی مانگا ناخۆن و لەبەرامبەردا کەڵک لەشیرەو کەرەکەی وەردەگرن. کەواتە یاسای ئایینی هندۆسەکان کە خواردنی گۆشتی مانگای حەرام کردووەو لەبەرامبەردا سوود وەرگرتن لەشیرو رۆنی ئەو ئاژەڵەی بەجایز داناوە، یاسایەکی نامەعقول نییە.

لە یۆنانی کۆندا چەندەها میللەتی جۆراوجۆر ژیانیان بەسەردەبرد و ژمارەی دانیشتوان گەلێک زۆربوو، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا خاکی یۆنان بەکەڵکی کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی مەڕوماڵات نەدەهات، هەر بۆیە بنچینەیەکی ئایینییان دانا کە هەر کەس گەرەکییەتی دیاری پێشکەشی خوداکان بکا بۆ ئەوەی خۆشەویستی ئەوان بەدەست بێنێ، چاکتروایە کە دیارییەکی بچووکیان پێشکەش بکات، چونکە خواوەندەکان لەکاتی وەرگرتنی دیاری بچووکدا زیاتر رەزامەندی خۆیان پێشان دەدەن نەک کاتێ مانگایان بۆ بکەنە قوربانی.

### بەشی بیست و پێنجەم: عەیب و کەم و کورییەکانی گواستنەوەی دین لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر

لە هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە زۆربەی کات گواستنەوەی دینێک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لەگەڵ عەیب و کەم وکوری زۆر بەرەو روو دەبێ و ئاشکراشە کە دینی مەسیح لەو رێسایە دەچێتەدەر، چونکە هەروەکو لەبەشی یەکەمی کتێبی بیست و چوارەمی رۆحی یاساکاندا وتمان دینی مەسیحی لە کۆتاییدا دەبێتە مایەی بەختەوەری هەتاهەتایی و یەکەمین دینی نێو هەموو دینەکانی سەررووی زەوییە.

بەرێز بولن ویلیێر لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەژێر ناوی ژیانی محەممەد (د.خ)

نووسیویەتی، دەڵێ: لەوڵاتی عەرەبستاندا بەراز زۆر دەگمەنە، چونکە هۆیەکانی بەخێوکردنی بەراز لەو وڵاتەدا لە ئارادا نییەو جەنگەڵی لێ نییە تاکو بەرازەکان لەوێدا پەروەردە بکرێن و هەروەها هۆیەکانی دابین کردنی خۆراک بۆ ئەو ئاژەڵە لە عەرەبستاندا چنگ ناکەوێ، هەر بۆیە ئەو یاسایەی خواردنی گۆشتی بەرازی لە عەرەبستان حەرام کردووە لەگەڵ جۆری ئاووهەوای سروشتی ناوچەکەدا دەگونجێ، بەتایبەتی چونکە عەرەبەکان بەهۆی خواردنەوەی ئاوی سوێر ئامادەیی تووش بوون بە نەخۆشی پێستیان تێدایەو خواردنی گۆشتی بەراز توانایێ مرۆڤ بۆ تووش بوون بە نەخۆشی پێست زیاد دەکا. بەڵام ئەو یاسایەی لە عەرەبستاندا خواردنی گۆشتی بەرازی حەرام کردووە بۆ زۆربەی شوێنەکانی جیهان و یەک لەوان چین باش نییە، چونکە لەوڵاتی چیندا گۆشتی بەراز یەکێکە لە خۆراکە سەرەکییەکانی خەڵک.

ئاماژەکردن بەو بابەتە کە گۆشتی بەراز ئامادەیی مرۆڤ بۆ تووش بوون بەنەخۆشی پێست زیاتر دەکا، پشتی بەبیرۆکەی (سانکتوریوس) بەستووە، چونکە ئەو لە کتێبی (طب احصائی)دا دەڵێ: «خواردنی گۆشتی بەراز دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئارەق کردنەوەی لەشی مرۆڤ و ئەو کەمبوونەوەیە بەرێژەی یەک لەسەرسێی ئارەق کردنەوەی ئاسایی لەشی مرۆڤ دادەبەزێ و لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی نەمان یان کەمبوونەوەی رێژەی ئارەقی لەش دەبێتە هۆکاریان یارمەتی دەری نەخۆشییەکانی پێست، هەر بۆیە خواردنی گۆشتی بەراز لەو وڵاتانەدا کە نەخۆشی پێستی تێیدا زۆرە جایز نییە، ئەو وڵاتانە بریتین لە عەرەبستان و میسرو فەلەستین و هەندێ شوێنی دیکە.

**بەشی بیست و شەشەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو**

بەڕێز شاردن لەبەرگی دووەمی کتێبەکەی خۆی لەژێر ناوی گەشتێک بۆ ئێراندا دەڵێ: لەو وڵاتەدا جگە لە رووباری کور[١٢٤] کە کەوتۆتە بەشی کۆتایی وڵاتەوە، هیچ رووبارێکی تری لێ نییە کە بۆ کەشتیوانی دەست بدات. کەواتە ئەو یاسایەی زەرتوشتییەکان کە کەشتیوانی لەنێو رووبارەکاندا قەدەغە کردبوو لەگەڵ بارودۆخی جوگرافی ئێراندا دەگونجا، بەڵام هەر ئەو یاسایە بۆ ئەو وڵاتانەی کە شەت و رووباری گەورەیان هەیەو بۆ کەشتیوانی دەست دەدەن دەبێتە هۆی وەستان یان تێکچوونی بازرگانی و گواستنەوەو گەیاندن.

لەو وڵاتانەی کە هەوا گەرمە شووشتنی لەش کارێکی باش و گونجاوەو بەتایبەتی بۆ تەندروستی لەشی مرۆڤ سوودێکی یەکجار زۆری هەیە، کەواتە یاسای موسڵمان و



هندۆسەکان کە عیبادەتی بەستۆتەوە بە خۆشتن یاسایەکی گونجاوە. لەهندستان یەکێک لە باشترین عیبادەتەکان ئەوەیەکە لەئاوی رەواندا فەرزە ئایینیەکان جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەو یاسایە ئەگەرچی بۆ شوێن و ناوچە گەرمەسێرەکان زۆر بە کەڵکە بۆ شوێنەکانی ترو بۆ نموونە بۆ ناوچە ساردەکان سوودی نییە.

کەواتە پێویستە هەمیشە یاسا ئایینییەکان لەگەڵ ئاووهەوای ناوچەییدا بگونجێن و هەرکاتێ یاساکان لەگەڵ ئاووهەوای ناوچەییدا نەیەنەوە، ئەوا ناتوانن سەقامگیر بن و درەنگ یان زوو لەنێو دەچن. بەپشتیوانی ئەو بنچینەیە دەتوانین بڵێین، ئەوەی سنوور و قەڵەمڕەوی ئیسلام و مەسیحییەت وێناو دیاری دەکا هەر جۆری ئاووهەوایە.

بەهەرحاڵ لەوەی کە باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە دین بەردەوام خاوەنی دوو جۆرە بیروبۆچوون بێت:

یەکەمیان بریتییە لەبیروبۆچوونە گشتییەکان کە لەگەڵ هەموو جۆرە ئاووهەوایەکدا بگونجێ و ئەویتریان بیروبۆچوونی تایبەتی و تایبەت بێ بە ئاووهەواو ژینگەی ئەو وڵاتەی کە دینەکەی تێدا دامەزراوە.

لەبەشی بیروبۆچوونە گشتییەکانی دیندا هەرگیز نابێ بچینە ناو شتە لاوەکی (جزئیات)یەکانەوە، ئەو یاسایەی لەسەر بنەمای بیروبۆچوونە گشتییەکان دادەمەزرێ، پێویستە لایەنی گشتییەتی هەبێ. بۆ نموونە ئەگەر دینێک فەرمانیدا پێویستە خەڵک خۆلەخواردن بوێرن، دەبێ بەدانانی ئەوەندە یاسا گشتییە ئیکتفا بکاو ئیدی چۆنیەتی نەخواردنەکە دیاری نەکاو نەچێتە ناو شتە لاوەکییەکانەوە، چونکە لەوانەیە لە هەموو ئاووهەوا جۆراوجۆرەکاندا قابلی جێبەجێ کردن نەبێ... هەروەها رەوشی یاساو رێوشوێنەکانی دیکەی وەکو پاکژکردنی نەفس بەهۆی ریازەتەوەو شتەکانی تریش هەر بەم جۆرەیە.

## پەیوەندی نێوان یاساو بەرقەراربوونی ئایین لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکان

### بەشی یەکەم: هەستی مرۆڤ بەرامبەر بە ئایین

کەسێکی ئیماندارو پیاوێکی بێ دین هەردووکیان باسی ئایین دەکەن، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیەکە کەسە ئیماندارەکە لەبەرئەوەی ئایینی خۆش دەوێ هەر بۆیە بە میهرەبانی و گرنگییەوە یادی دەکاو پیاوە بێ دینەکەش چونکە رقی لە ئایین دەبێتەوە، هەر بۆیە بە بێزارییەوە باسی لێوە دەکات.

### بەشی دووەم: هەندێ لە هۆکارەکانی مەیل و هۆگری مرۆڤ بەرامبەر بە ئایینە جۆراوجۆرەکان

ئەو هۆکارانەی تاکە ئیماندارەکان ناچار دەکەن گرنگی بە دینەکەی خۆیان بدەن یەکسان نییەو لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە. ئەو بابەتە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دینەکە تاچ رادەیەک لەگەڵ ئەفکارو هەست و سۆزی خەڵکدا دەگونجێ. بۆ نموونە، ئەگەرچی ئێمە گرنگییەکی زۆر بەکاروبارەکانی دونیاو مەسەلە مادديیەکان دەدەین و ئەو بابەتە بەرەو بت پەرستی پاڵمان دەنێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا رقمان لەدینی بت پەرستەکان دەبێتەوەو بەپێچەوانەشەوە هەرچەندە ئێمە گرنگییەکی ئەوتۆ بە مەسەلە مەعنەوی و رۆحییەکان نادەین، کەچی دینە دەروونی و مەعنەوییەکانمان خۆشدەوێ. هۆکاری مەیلی ئێمە بەرامبەر بەدینە مەعنەوی و دەروونیەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم جۆرە دینانە لەگەڵ ئەفکارو هەست و سۆزی ئێمەدا دەگونجێن، واتە لە ئەنجامی بیرکردنەوە، خۆمان وەسف دەکەین و لە خۆمان رازی دەبین و بەپێچەوانەی بت پەرستەکان ستایشی مەعبودێک دەکەین و دەیپەرستین کە بەشێک نییە لەشتە مادديیەکان و یاخود بەجۆرێکی تر ئێمە توانیومانە سەرکەوتوو بین لەوەی کە پلەی خواوەندی لەو قۆناغە نزمەی کە بت پەرستەکان بۆیان دیاری کردووە بەرزتر بکەینەوە.

ئەو رەزامەندییەی ئێمە دەرحەق بە ئەفکارو هەست و سۆزی خۆمان هەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دینی بتپەرستەکان بە دینی کەسە بیر تەسک و توندوتیژو بەربەرەکان لە



قەڵەم بدەین و بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی خاوەنی دینی مەعنەوی و دەروونین لەریزی نەتەوە رۆشنبیرەکانیان بژمێرین.

ئێستا ئەگەر لەدوای ئەو بیرە سەرەکییە، واتە ئیمان هێنان بە بنەمایەکی دەروونی و مەعنەوی، بتوانین بیروڕاو بۆچوونی مەعنەوی و ناسکیش بەو بیرە سەرەکییەوە زیاد بکەین ئەوا لەم حاڵەتەدا گرنگی و مەیلی ئێمە سەبارەت بەدینەکەمان زۆرتر دەبێ، چونکە هۆکارێکی دیکە سەرهەڵدەدا کە بیروڕاو هەست و سۆزی ئێمە زیاتر رازی دەکا، چونکە ئێمە لە خودی خۆماندا خوازیاری شتی دەروونی و مەعنەوین.

بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی کاتۆلیکەکان گرنگییەکی زۆرتر بەشتە مەعنەوی و ناسکەکان دەدەن هەر بۆیە لە پرۆتستانەکان زیاتر ئارەزوومەندی دینەکەی خۆیانن و غیرەتی ئایینی ئەوان لەهی پرۆتستانەکان زۆرترە.

لەسەدەی پێنجەمی زایینی ئەنجوومەنی گەورەی رۆحانییە مەسیحییەکان لەشاری ئافز پێک هێنراو پیاوە ئایینیەکان بڕیاریاندا کە لەوەدوا حەزرەتی مریەم وەکو دایکی خودا ناوی ببرێ. ئەو بڕیارە ناسک و حەساسە بە چەشنێک بووە هۆی شادی و خۆشی شاری ئافز کە خەڵک بەدەم هەلهەلەوە دەستی پیاوە ئایینیەکانیان ماچ دەکردو ئەژنۆی ئەوانیان لە باوەش دەگرت.

ئەگەر هاتوو دینێکی دەروونی و مەعنەوی بیری جیاکردنەوەو هەڵاواردنی لەلایەن خوداوە لە مێشکی ئێمەدا چەسپاند، واتە ئێمە پێمان وابێ خودا لەنێوان ئەو کەسانەی دەیپەرستن و ئەو کەسانەی ئیمانیان پێی نییە جیاوازی دادەنێ و چینی یەکەم بەسەر چینی دووەمدا پەسند دەکا، ئەوا ئەو کات گرنگی و مەیلی ئێمە دەرحەق بەدین زۆرتر دەبێ.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گرنگی و مەیلی موسڵمانەکان بۆ دینەکەیان ئەوەیە کە لەنێو دینە مەعنەوییەکاندا خۆیان لەریزی چینی هەڵبژاردە دادەنێن و پێیان وایە خودا ئەوانی لەهەموو کەس زیاتر خۆش دەوێ. هەر لەوکاتەدا کە خۆیان لەسەروو بتپەرستەکاندا دەبیننەوە، لەپێناوی خودای تاک و تەنیادا تۆڵە لەبت و بتپەرستەکان دەکەنەوە.

ئەو دینەی کە رێسای پراکتیکی و کردەیی زۆرترە، باشتر دەتوانێ پەیرەوەکانی بۆ لای خۆی رابکێشێ. چونکە ئەگەر مرۆڤ بەردەوام خەریکی شتێک بێت ئەوا هۆگریەکی زۆرتری پێ پەیدادەکا و چاکترین نموونە بۆ ئەو هۆگرییە دینییە، هۆگری موسڵمان و یەهودییەکانە سەبارەت بەدینەکەی خۆیان، لەبەر ئەوەی ئەو دوو دینە خودان رێساگەلێکی

كردەیی زۆرن كە لەسەر ئیماندارەكان پێویستە بە بەردەوامی جێبەجێیان بكەن.

نموونەیەكی دیكە بۆ ناهۆگری و بێ مەیلی سەبارەت بەدین، هەڵسوكەوت و رەفتاری نەتەوە بەربەرەكانە، كە زۆر بە ئاسانی دەتوانن دینەكەیان بگۆڕن، چونكە نەتەوە بەربەرەكان هەموو كاتی خۆیان بەراووشكار یان جەنگەوە خەرج دەكەن، هەرگیز ڕێسا كردەییەكانی دین جێبەجێ ناكەن و ئەگەر جێبەجێشی بكەن ئەوە حاڵەتێكی دەگمەنەو بەكەمی روودەدات.

یەكێكی دیكە لەهۆكارەكانی مەیلی تاكەكان سەبارەت بە دینەكەیان بریتییە لە ئومێدو ترس. ئەو ئایینەی بێ بەری بێ لە پاداش و سزا یاخود بەجۆرێكی تر بەهەشت و دۆزەخی تێدانەبێ، هۆگری و مەیلی خەڵكی بۆلای خۆی ڕاناكێشێ.

لەدینی ژاپۆنییەكاندا هیچ بەهەشت و جەهەننەمێك نییەو هەر بۆیە ئەو دینە دەرەكیانەی كە بەرەو ژاپۆن دەچن زۆر بە ئاسانی لەلایەن ژاپۆنییەكانەوە پێشوازیان لێ دەكرێ و بە گەرم و گوڕییەكی زۆرەوە دینەكە قبوڵ دەكەن و ئیمانی پێ دەهێنن، چونكە ئەو دینانە لەناخی خۆیاندا هەڵگری پاداش و سزان.

هەروەها بۆ ئەوەی دینێك ئارەزوومەندی خەڵك بۆلای خۆی رابكێشێ، پێویستە خاوەنی بنچینەی ئەخلاقی پەسند بێت، چونكە خەڵك ئەخلاقی پاك و بێ گەردیان خۆش دەوێ. ئەگەرچی لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگادا خەڵكانی ساختەچی و تەڵەكەبازیش سەرهەڵدەدەن، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی هەموو خەڵك لایەنگری ئەخلاقی جوان و پەسندن و ئەگەر لێرەدا باسەكەمان لەسەر دین نەبوایەو ئەو بابەتە جدییەم نەهێنابا بەرباس؛ دەمگوت هۆگری و گرنگیدانی خەڵك سەبارەت بە ئەخلاقی جوان و پەسند لە شانۆدا بە باشی خۆدەنوێنێ و ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەكەوێ ئەو هەست و سۆزەی كە لەرووی ئەخلاقییەوە پەسندو جوانە لەلایەن خەڵكەوە پێشوازییەكی گەرمی لێ دەكرێ و سەرنجی تاكەكان بۆلای خۆی رادەكێشێ و بەپێچەوانەشەوە، ئەو هەست و سۆزەی لەرووی ئەخلاقییەوە ناپەسندە، دەكەوێتە بەر نەفرەت و رقی خەڵك. كاتێ شەعایرو بۆنە ئایینییەكان لەرێورەسمێكی تایبەتدا بەرێوەدەچن، جگە لەوەی رۆحی لوكسپەرستی تاكەكان دادەمركێنێ، دەبێتە هۆی هۆگری و مەیلی خەڵك سەبارەت بەو دینە، هەر بۆیە سامان و رازاندنەوەی پەرستگاو پیاوە ئایینییەكان هاندەرێكی باشە بۆ هۆگری خەڵك بەرامبەر بەدین.



**بەشی سێهەم: پەرستگاكان**

بەوەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە كە هەموو میللەتە شارستانییەكانی دونیا لەنێو چوارچێوەو ماڵەكانی خۆیاندا ژیان بەسەر دەبەن، چێژی ئەو بیرە لەنێویاندا سەری هەڵدا كە ماڵێك بۆ خوداش دروست بكەن تاكو بتوانن لەو ماڵەدا بیپەرستن و لەكاتی ترس و هیوا لەوێدا لەبەری بپاڕێنەوە. یەكێك لەو شتانەی كە ئارامی و دڵنەواییەكی یەكجار زۆر بەخەڵك دەبەخشێ ئەوەیە كە شوێنێكیان هەبێ هەتاكو لەوێدا هەست بە ئامادەیی و چاودێری خوداوەند بكەن و بتوانن راستەوخۆ بەدبەختی و نەهامەتییەكانی خۆیانی بە گوێ بگەیەنن. بەڵام ئاشكرایە كە دروست كردنی پەرستگا لەنێو ئەو میللەتانەدا سەرهەڵدەدا كە پیشەی سەرەكییان كشتوكاڵە، چونكە ئەو نەتەوانە لەشوێنێكی دیاریكراو نیشتەجێ دەبن و ماڵ بۆ خۆیان پێكەوە دەنێن و پاشان دەكەونە هەوڵ و جموجۆڵ بۆ دروستكردنی ماڵێكیش بۆ پەروەردگار. بەڵام ئەو نەتەوانەی كە خەریكی كشتوكاڵ نین، لەبەر ئەوەی بۆ خۆیان ماڵیان نییە، هەر بۆیە لەبیری دروستكردنی ماڵی خوداشدا نابن.

كاتێ كە «جەنگیزخان» وڵاتە ئیسلامییەكانی داگیركرد لەمەڕ بیروباوەڕو عەقیدەوە پرسیاری لە موسڵمانەكان دەكردو وڵامەكانیانی پەسند دەكردو بیروباوەڕی ئەوانی بەهێزكرد، بەڵام نەیتوانی لەوە تێبگات كە بۆچی خەڵك مزگەوت دروست دەكەن و لەوێدا ستایشی خوا دەكەن و دەیپەرستن، لەكاتێكدا بەقسەی ئەو مرۆڤ دەتوانێ لە هەموو شوێنێكدا خواپەرستێ. ئەوە یەكێك لەو هۆكارانەیە كە وایكرد جەنگیز لەنێو تەتەرەكاندا سەرهەڵدا، و تەتەرەكانیش بیاباننشین بوون و ماڵیان نەبوو و نەیاندەتوانی بیر لە دروستكردنی مزگەوت و پەرستگا بكەنەوە.

بەهەرحاڵ ئەو میللەتانەی كە خاوەنی پەرستگانین بە پێچەوانەی ئەو میللەتانەی كە پەرستگایان هەیە هیچ جۆرە مەیلێكیان بۆ دینەكەی خۆیان نییەو هەر بۆیەشە تەتەرەكان هۆگری دینەكەی خۆیان نین. هەر ئەو هۆكارەشە وایكرد كاتێ نەتەوە بەربەرەكان ئیمپراتۆریەتی رۆمایان داگیركرد تەنانەت بۆ ساتێكیش بیریان لە قبوڵ كردنی دینی مەسیح نەكردەوەو دیسان هەر ئەو هۆیە وادەكات نەتەوە بەربەرە ناوچەییەكانی ئەمریكا گرنگی بە دین نەدەن. بەڵام لەوكاتەوە كە بلاوكەرەوانی دینی مەسیح لە پاراگوایدا كلیسایان بۆ دروست كردوون، مەیل و هۆگریان بەرامبەر بەمەسیحییەت بزواوە و تەنانەت لەو مەیلەدا غیرەت و ئیرەییەكی زۆریش خەرج دەكەن.

لەبەر ئەوەی پلەوپایەی خواوەندی و ماڵەكەی كە پەرستگایە، پەناگەو تەكییەگای

مرۆڤە بەدبەختەکانە و بەردەوام بێچارەو داماوەکان رووەدەکەنە پەرستگاکان تاکو لەوێ باسی دەردەکانی خۆیان بکەن و بە زانینی ئەو راستییەی کە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا هیچ کەس بەرادەی گوناهکارێک خراپ و بەدبەخت نییە، هەر بۆیە ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە پەرستگاکان بکرێنە شوێن و پەناگەی گوناهکارەکان.

ئەو بیرۆکەیە بەتایبەتی لە یۆنانی کۆندا بەهێزبوو و پەرەی سەند، چونکە لەیۆناندا گوناهکارەکانیان شار بەدەردەکرد و مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدەدان لەگەڵ تاکەکانی هاورەگەزی خۆیاندا ژیان بەسەرببەن و هەر بۆیە تاوانبارەکان جگە لە پەرستگای ناوچەیی و بێجگە لە قەشەکان هیچ پشتیوانێکی تریان نەبوو. لەسەرەتادا پەرستگاکان بوونە شوێنی ئەو کەسانەی کە بەبێ ئیرادەو بێ بوونی نیازێکی دیاریکراو تاوانی کوشتنیان ئەنجام دابوو. بەڵام پاش ئەوەی تاوانبارە ئەنقەستەکان و ئەو کەسانەی بە ئیرادەی خۆیان خەڵکیان کوشتبوو پەنایان بۆ پەرستگاکان دێنا، خەڵک لەسەر ئەو مەسەلەیە بوون بەدوو دەستە. دەستەیەکیان رازی بوون لەسەر مانەوەی ئەوان لەنێو پەرستگاکان و دەیانگوت بۆ رێزگرتن لە ماڵی خوا نابێ لەپەرستگاکان وەدەربنرێن، بەڵام دەستەکەی تریان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێ دەربکرێنە دەرەوە، چونکە ئەو کەسەی تاوانی کوشتنی ئەنجام داوە، لەبەر ئەوەی دەست درێژی کردۆتە سەر دروستکراوێکی خودا هەر بۆیە لەماڵی خودادا جێگای نابێتەوە. هەروەک تاسیت دەڵێ پەرستگا یۆنانییەکان پڕببوون لەو کەسانەی کە سەرپێچی یان تاوانیان ئەنجام دابوو و نەک تەنیا گوناهکارەکان بەڵکو ئەو قەرزدارانەی کە قەرزەکانی خۆیان نەدابۆوە و ئەو کۆیلانەی کە رایانکردبوو یان لەگەڵ ئاغاکانی خۆیاندا هەڵسوکەوتی خراپیان ئەنجام دابوو، پەنایان بۆ پەرستگاکان دەهێنا و لەوێدا نیشتەجێ دەبوون. بەچەشنێک کە لەکۆتاییدا ئەو بابەتە بووە هۆی گرفت و کێشە بۆ دەسەڵاتدارەکان و ئیدی نەیاندەتوانی رێکخستنی ولات بپارێزن، چونکە خەڵک بەهۆی ئەو بیروباوەڕو ئیمانەی کە بەرامبەر بە پەرستگاکان هەیانبوو و رێزێکی زۆریان لێ دەگرت، چاودێری و پارێزگارییان لە تاوان و سەرپێچییەکان دەکرد. بەڵام پاشان ئەنجوومەنی سەنا ناچاربوو بەشێکی زۆری ئەو تاوانبارانە بەزەبری هێز لە پەرستگاکان بێنێتەدەرو بەسزای تاوانەکانی خۆیان بگەیەنێ.

لەم بەشەدا یاساکانی موسا لە یاساکانی دیکە باشتر بوو. لە یاسای یەهوودییەکاندا هاتبوو، تاوانبارە بێ ویستەکان، واتە ئەو کەسانەی بەبێ مەبەستێکی دیاریکراو و بەهەڵە تاوانی کوشتنیان ئەنجام داوە، بەبێ گوناه لە قەڵەم دەدران، بەڵام نەدەبوو چاوی بەچاوی دایک و باوک و خزم و کەسی کوژراوەکە بکەوتبا، هەر بۆیە بۆ نیشتەجێ



کردنیان هەندێ پەناگەیان دروست کرد. بەڵام ئەو تاوانبارانەی بەپێی نیازێکی لەپێشدا دارێژراو تاوانی کوشتنیان بە ئەنجام گەیاندبوو هیچ جۆرە پەناگەیەکیان نەبوو. هاوکات پێویستە ئەوەشمان لەیاد بێ کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەرستگای یەهوودییەکان گەڕۆک بوو و پەرستگای جێگیریان نەبوو و پاشان بەتەواوی بیرۆکەی پەناگە هەڵوەشایەوە.

سەبارەت بەو بابەتە چەندین گرفت و کێشەی جۆراوجۆر سەریان هەڵدا. ئەو تاوانبارانەی بە ئەنقەست تاوانیان ئەنجام دابوو نەیاندەتوانی بچنە ناو پەناگاکانەوە لەلایەکی تریشەوە بەپێی بیروباوەڕی پیاوە ئایینییەکان لەسەریان پێویست بوو خوا بپەرستن و بۆ ستایش کردنی پەروەردگار پەنا بۆ پەرستگاکان ببەن و هەوڵ بدەن بکەونە ژێر رەحمەتی بەخشش و دلۆڤانی خودا. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر تاوانبارەکان چووبانە نێو پەرستگاکانەوەو لەوێدا نیشتەجێ بان، دەبوونە هۆکاری پشێوی و ئاڵۆزی بۆنەو رێوڕەسمە ئایینییەکان. لە یۆنانی کۆندا بابەتی بێ پەنایی و سەرگەردانی تاوانبارەکانیش دیسان گیروگرفتی لێکەوتەوە، چونکە خەڵک لەوە دەترسا نەکا ئەو تاوانبارە وێڵ و سەرگەردانانە واز لەدینەکەی خۆیان بێنن و هەوڵی پەرستنی خودای بێگانەکان بدەن.

بەوەبەرچاوگرتنی ئەو گیروگرفتە، سەرئەنجام رێگاچارەیەکی گونجاویان دۆزییەوەو هەندێ لەشارەکانیان کردە شوێنی نیشتەجێ بوونی تایبەتی تاوانبارەکان و لەسەریان پێویست بوو تا کاتی مەرگی سەرۆکی گشتی پیاوە ئایینییەکان لەو شارەدا بمێننەوە.

## بەشی چوارەم: کارگێڕە ئایینیەکان (کاهینەکان)

هەروەکو پروفیێر ئاماژەی بۆ دەکا، مرۆڤە سەرەتاییەکان جگە لە گژوگیا هیچ شتێکی تریان لەرێگای خوداوەندا نەدەکردە قوربانی و ئەوکارەش زۆر بەسادەیی ئەنجام دەدراو هیچ جۆرە رێوڕەسمێکی ئاڵۆزو دژواری بۆ دانەنرابوو. کەواتە هەرکەس لە ماڵی خۆیدا بەکارگێڕی دین و قەشە لە قەڵەم دەدرا. بەڵام دواتر بیری بەدەست هێنانی خۆشەویستی و بەزەیی خوداوەند بووە هۆی ئەوەی کە رێوڕەسمی جۆراوجۆر و ئاڵۆز بۆ قوربانیکردن رێک بخرێ و لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی خەریکی ئیشی کشتوکاڵ بوون نەیاندەتوانی هەر هەموویان ئەو رێوڕەسمە ئەنجام بدەن و رێوشوێنە وردودرشتەکانی جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە کاتێ بڕیاریاندا ماڵی تایبەتی بۆ خواوەندەکان دروست بکەن. ئیدی ئەوکات ئەو پێویستییە هاتە ئاراوە کە خزمەتکاریش بۆ ئەو ماڵانە دیاری بکەن و هەروەک چۆن هەموو کەس خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵی خۆیەتی، ئەرکی سەرشانی ئەوانیش بێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵی خودا بەشداربن.

بەم جۆرە کارگێڕی ئایینی یان قەشە سەری هەڵدا. ئەو نەتەوانەی کە کارگێڕی ئایینی یان قەشەیان نییە زۆربەی کاتەکان میللەتی بەربەرن و میللەتی (پدالی) دێرینیش کە پیاوی ئایینییان نەبوو بەربەر بوون و ئێستاش نەتەوەی (ولگوسکی) کە کەوتوونەتە ناوچەی سیبیریاوە پیاوی ئایینییان نییەو بەربەرن.

هێدی هێدی کارگێڕی ئاینی یان قەشەکان توانیان سەرنج و ڕێزی نەتەوەکان بۆلای خۆیان رابکێشن، بەتایبەتی لەنێو ئەو میللەتانەی کە ئاستی تێگەیشتنیان گەشەی سەندبوو و پێیان وابوو هەنگاونان بەرەو پەرستگاکان پێویستی بەجەستەو روحێکی پاک و بێگەرد هەیەو دەبێ کەسەکان بەرەچاوکردنی هەندێ بنچینەو داب و نەریتی تایبەتییەوە بچنە ناو پەرستگاکانەوە. لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی پارێزگاریکردن لە کاروبارەکانی ماڵی خواو چاودێری بنچینەو رێوشوێنە ئایینییەکان، پێویستی بە کاتێکی زۆرو ئاگادارییەکی بەردەوام هەبوو، هەر بۆیە میللەتە شارستانییەکان کەوتنە بیری ئەوەی کە کارگێڕی ئایینی یان پیاوە رۆحانیەکان لە سەرجەم چینەکانی تری کۆمەڵگا جیابکەنەوەو چینێکی تایبەت بەنێوی چینی پیاوە ئایینییەکان بۆ جێبەجێکردنی فەرزو داب و نەریتە ئایینییەکان پێک بێنن.

بەم جۆرە لە وڵاتەکانی میسرو ئێران و لەنێو یەهوودییەکان نەک چینێکی تایبەت بەڵکو چەند بنەماڵەیەکی دیاری کراو هەبوون کە رۆحانییەت و جێبەجێکردنی فەرزو داب و نەریتە ئایینییەکان تایبەت بوو بەوان و لەژێر چاودێری ئەواندا ئەنجام دەدران و لە هەموو ژیانیاندا جگە لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ئایینییەکان هیچ کارێکی دیکەیان نەبوو. هەندێ لە دینەکانی تر بۆ ئەوەی بیری کارگێڕە ئایینییەکان بەهیچ جۆرێ تووشی پەشێوی و ئاڵۆزی نەبێ و کێشە و گرفتەکانی دونیا نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکە ئایینییەکانیان کەوتنە بیری ئەوەی کە پیاوە رۆحانیەکان لە ئالیشەی پێکهێنانی خێزانیش ببەخشرێن. ئەو نەریتە لەنێو دینی مەسیحیدا پەیڕەوی لێ دەکرێ.

لێرەدا نایەمە سەرباس و لێدوان لەسەر یاسای رەبەنیی پیاوە ئایینییەکان، بەڵام هەڵبەتە خوێنەران ئەوە باش دەزانن کە کاتێ گروپی پیاوە ئایینییەکان گەشەبسێنێ و تاکەکانی ئەو چینە روو لەزیادبوون بکەن، یاسای رەبەنی زیانبەخش دەبێ، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان. شێوازی دەرک کردنی و دەرەنجامگیری مرۆڤ بەجۆرێکە کە لەنێو بابەتە ئایینییەکاندا ئەو شتانەی خۆش دەوێ کە پێویستییان بە بەرتەسکی و چاوپۆشین لە سەرەڕۆیی و خودموختاریە. هەر بۆیە رەبەنی و پێک نەهێنانی ژیانی هاوبەشی پیاوە ئایینییەکان کە پێویستی بە لەخۆبردوویی و فیداکاریەکی



مەعنەوییە، جێی خۆی لەدڵی خەڵکدا دەکاتەوە، بەڵام پێشوازی خەڵک لەو بابەتە بەپێی جۆرو چۆنیەتی ژینگە دەگۆڕێ. بۆ نموونە لەناوچەکانی باشووری ئەوروپادا جۆری ئاووهەوا بە چەشنێکە کە تاک ناتوانێ بەرەبەنی ژیان بەسەرببات و پێویستە ژیانی هاوسەری پێک بێنێ و لەئاکامدا هەڵبژاردنی رەبەنی لەوناوچەیەدا پێویستی بە لەخۆبردوویی هەیە. هەر بۆیەشە تاکو ئێستا نەریتی رەبەنی لەناوچەکانی باشووری ئەوروپادا ماوەتەوە، چونکە لە لایەن خەڵکەوە رێزێکی زۆری لێ دەگیرێت. بەڵام لە ناوچەکانی باکووری ئەوروپادا ئاووهەوا بەجۆرێکە کە هەڵبژاردنی رەبەنی نابێتە هۆی ئازاردانی مرۆڤ و کارێکی زۆر ئاساییە، هەر بۆیە لەوێ نەریتی رەبەنیی پیاوە ئایینییەکان زۆر لاوازە. هەڵبەتە خوێنەرەکان دەزانن کە من کارم بە بنچینەی مەسەلەی رەبەنی نییە بەڵکو باسی ئێمە تایبەتە بە پەرەسەندن یان بەر تەسک بوونی رەبەنی، کەواتە نابێ کەس پێیوابێ من بنەمای رەبەنیم لە رۆحانییەتدا داوەتە بەر رەخنەوە.

## بەشی پێنجەم: پێویستە یاسا سنوورێک بۆ دارایی و سامانی قەشەکان دیاری بکات

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستییە کە بنەماڵە ئاسایی و سروشتییەکان لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە، سامان و داراییەکەیان بەکاربەرێکی تایبەتی نییەو بەپێی گۆڕانی زەمەن دەستاو دەست دەکات، بەڵام چینی پیاوە ئایینییەکان لەو بنەماڵانە پێک هاتووە کە هەرگیز نامرن و بەجاویدانی دەمێننەوە، کەواتە پێویستە دارایی ئەو بنەماڵانەش بەردەوام لەنێو خۆیاندا بێ و نەچێتە دەرەوەی بنەماڵەکان. لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی بنەماڵە ئاساییەکان بە تێپەڕبوونی زەمەن ژمارەیان زیاد دەکات، هەر بۆیە پێویستە داراییەکەشیان زیاد بکات.

بەڵام ئاشکرایە کە بنەماڵە رۆحانییەکان روو لەزیاد بوون نین ژمارەی تاکەکانیان لەسنوورێکی دیاریکراو تێناپەڕێ، کەواتە هەر بۆیە پێویستە سامان و داراییەکەشیان لە سنوورێکی دیاریکراو تێنەپەڕێ.

لەدینی یەهوود و لە کتێبی بەناوبانگی «لویتیک» یاسایەک بۆ دارایی رۆحانییەکان داڕێژراوە کە جێگای سەرنج و لێ رامانە، بەڵام ئاماژەی بەو خاڵە نەکردووە کە دەبێ بڕی ئەو داراییە چەند بێت و پاش گەیشتن بەچ رادەیەک و لەچ حاڵەتێکدا قەشە ناتوانێ داواکارییەکەی زیاد بکات و دارایی نوێ بەدەست بێنێ، چونکە مەعقول نەبوو قەشەکان بۆ هەمیشە و بەشێوازێکی دیاری نەکراو سامان و دارایی وەسەریەک بنێن، ئەو بابەتە

بەچەشنێ دژی عەقڵ و مەنتقی گشتییە کە هەر کەسێک لایەنگری لێ بکات بە گەمژە لە قەڵەم دەدرێ.

کاتێ لە هەندێ حاڵەتدا دارایی ناوچەی پیاوە ئایینییەکان رووی لە زیادبوون کردووەو لە سنووری سروشتی خۆی تێپەڕیوە، بۆ یاسا مەدەنییەکان زۆر ئاستەم بووە بتوانن پێشی زۆربوونی داراییەکەیان بگرن. هۆیەکەی ئەوەبوو کە ئەو بابەتە پەیوەندی بەدینەوە هەبوو و یاسا مەدەنییەکان لە کاتێکدا بۆ خۆیان رێزی رێوشوێنە ئایینییەکان وەبەرچاوەدەگرن ناتوانن دژایەتی لەگەڵدا بکەن. لەحاڵەتی ئەوتۆدا چاکتر وایە یاسا دانەرەکان لەجیاتی هێرشکردن بۆ سەر دارایی و سامانی قەشەکان و دانانی هەندێ یاسا بۆ بەرتەسک کردنەوەی سنووری داراییەکەیان، پەنا بۆ هەندێ میکانیزم و رێگای ناڕاستەوخۆ ببەن، واتە کارێکی ئەوتۆ بکەن کە خودی قەشەکان چاو لە زۆرکردنی سامان و دارایی خۆیان بپۆشن و یاخود بەواتایەکی تر سەلاحییەتی زیادکردنی دارایی بخەنە ژێر دەستی ئەوان و ئەو سەلاحییەتەیان لێ زەوت نەکەن و لەبەرامبەردا هانی قەشەکان بدەن کە بۆ خۆیان چاو لە زیادکردنی سامانی خۆیان بپۆشن. بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا کە لەژێر چاودێری ئەرستۆکراتەکاندا بەڕێوە دەچێ (وڵاتە بچووکەکان) هەندێ باجی تایبەت لە موڵکی رۆحانییەکان واتە لە موڵکی کەنیسە بە قازانجی ئەرستۆکراتەکان وەردەگیرێ و خودی ئەو بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیدی چیتر ناوچەی رۆحانییەکان هەوڵ نەدەن سامان و موڵکی خۆیان بە شێوەیەکی بێ سنوور پەرە پێ بدەن.

لە وڵاتی کاستیل، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە باجە وەرناگیرێت، دەکرێ بڵێین کەنیسە دەستی بەسەر تەواوی موڵکەکان داگرتووە و ئێستاش لەسەر ئەو دەست بەسەرداگرتنانە هەر بەردەوامە. بەڵام لە خاکی ئاراگۆن دا رەوشەکە بەپێچەوانەیە و باج خراوەتە سەر موڵکی کەنیسە، هەر بۆیە موڵکی رۆحانییەکان کەمترە. لەبەر ئەوەی لەوڵاتی فەرەنسادا باج لە موڵکی کەنیسە وەردەگیرێ و لەسەریان پێویستە هاوکاری و کۆمەکی خەزێنەی دەوڵەت بکەن، موڵکی پیاوە ئایینییەکان لەچاو شوێنەکانی دیکە زۆرکەمترەو تەنانەت دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە فاکتەرەکانی دەوڵەمەندی و بووژانەوەی فەرەنسا هەمان بابەتی کەمی سامان و دارایی کەنیسەیە.

کەواتە دەبێ دەوڵەت و یاسا مەدەنییەکان لەرێگای میکانیزمی ناراستەوخۆی وەکو دانانی باج پێشی زیادبوونی لەڕادە بەدەری موڵک و دارایی کەنیسە بگرن، بەڵام پێویستە لە هەمان کاتیشدا رێز لە مافی سەروەری ئەوان بگیرێ و دەست لە موڵکە کۆنەکان نەدرێ و بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی کەنیسەدا بن و وەکو خودی کەنیسە



بەجاویدانی بمێننەوە، بەڵام پێویستە پێشی ئەوە بگیرێ کە پیاوە ئایینییەکان موڵک و دارایی نوێ وەدەست بێنن و تەنانەت لەرێگای دانانی باج موڵکە تازەکانیان لەژێر چنگیان بێننەدەر.

لە رۆمانی کۆندا کاتێ دژایەتی کەوتە نێوان دەوڵەت و پیاوە ئایینییەکان، دەوڵەت یادداشتێکی بڵاوکردەوەو تێیدا هاتبوو: پیاوە ئایینییەکان بەپێچەوانەی ئەوەی لە کتێبە دینییەکاندا وتراوە، دەبێ لەرێگای دانی باجەوە یارمەتی خەرجییەکانی دەوڵەت بکەن. شتێکی ئاساییە ئەو کەسانەی ئەو یادداشتەیان بڵاوکردبۆوە ئاشنایەتییەکی زۆرتریان لەگەڵ بنچینەی باج و خەراجدا هەبوو نەک لەگەڵ بنچینە ئایینییەکاندا.

## بەشی شەشەم: دێرەکان

کۆمەڵی رۆحانییەکان لەنێو دێرو کەنیسەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و ئەوان خاوەنی موڵکی دێرو کەنیسەکانن. ئەوان لە بنەماڵەیەک پێکهاتوون کە تەمەنێکی جاویدانیان هەیە، واتە بەردەوام دەمێننەوە و لەبەر ئەوەی هیچ کات تەمەنیان کۆتایی نایەت، هەر بۆیە عەقڵ قبوولی ناکات سامان و دارایی خۆیان بفرۆشن یان قەرزێکی بەدرێژایی ژیانیان وەرگرن. تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەتوانن قەرز وەرگرن، ئەویش ئەگەر قەرزەکە بۆ خەڵکانێکی دیکە بێت واتە ببنە میراتگری هەندێ کەس و لەدوای مردنی کەسەکە ئەو قەرزە لە سامان و دارایی میراتگرەکە بدرێتەوە.

## بەشی حەوتەم: لەنێوبردنی خورافات

ئەفلاتون لەکتێبی دەیەمی یاساکاندا دەڵێ: «ئەو کەسانەی کە بنەمای ئایینییان لاوازە یان لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەهیچ دینێک نییە، ئینکاری بوونی خوداکان دەکەن و ئەگەر هاتوو ئیمانیان بە بوونی خوداکانیش هێنا، دەڵێن ئەوان هیچ کارێکیان بە کارەکانی سەر زەوی نییەو یان دەڵێن مرۆڤ دەتوانێ لەرێگای قوربانی دانەوە رق و تووڕەیی خوداکان دامرکێنێ، لەکاتێک دا کە ئەو سێ بۆچوونە، هەر سێکیان هەڵەن».

بیروبۆچوونی ئەفلاتون زۆر راستەو رۆشنترین بیروبۆچوونە کە تاکو ئێستا عەقڵی بیرکەرەوە لەمەڕ دینەوە پێشکەشی کردووە.

ئەگەرچی مەزنی و شکۆمەندیی دەرەکی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دامەزران و گەشەسەندنی دەوڵەتەکاندا هەیە، بەڵام وڵاتە پێشکەوتووەکان نە تەنیا پێشی مەزنی و شکۆمەندی و لوکس پەرستییان گرتووە بەڵکو بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم وەهمیشدا کە

ئەویش خـۆی لەخـۆیدا لوکـسـێـکی دەروونیـیـە[١٢٥]. لە هەندێ دیندا بۆ ڕێگرتن لە لوکسپەرستی ئامۆژگاری خەڵک کراوە کە دەست بە شتەکانەوە بگرن و دارایی پاشکەوت بکەن. بەشێک لە یاسـاکـانی سـۆلۆنی حـەکـیـمی یۆنانیش هەر سـەبارەت بەو بابەتە داڕێژرابوو و هەروەها یاساکانی ئەفلاتون لەمەڕ مەراسیمی بەخاک سپاردنەوە هەر لەپێناو کەم خەرجی و دەست پێوەگرتنەوە داڕێژرابوو.

ئەو یاسـایانەی کـە (نومـا) لەگـەڵ یاسـای دوازدە تابلـۆکـەدا سـەبارەت بە قـوربـانی دایڕشـتـبـوون، تەنیـا لە پێناوی کـەم خـەرجـیـدا بوون. شـیـشـرۆن، خـەتیب و حـەکـیـمی بەناوبانگی یۆنانی بۆ هاندانی کەم خەرجی لەکاتی قوربانیکردندا دەڵێ: باڵندەکان و ئەو تابلۆیانەی کە بە ڕۆژێک وێنەکەیان کێشرابێتەوە، باشترین دیارین بۆ خواوەندەکان.

کەسێکی ئیسپارتی دەڵێ: ئێمە لەڕێگای خواوەندەکاندا شتە ئاسایی و بێ بەهاکان دەکـەینە نەزرو قـوربانی بۆ ئەوەی بتـوانین هەمـوو ڕۆژێ ئەو دیارییـانە پێـشکەش بە خواوەندەکان بکەین و بەردەوام ستایشیـان بکەین. پێویستە ئەوە بزانین کە کەم خەرجی خەڵک لەکاتی قوربانی کردندا هیچ دژایەتییـەکی لەگـەڵ مـەزنی و شکۆمـەندی دەرەکی دەوڵەتدا نییەو نابێ پێمان وابێ ئەو دووانە لەگەڵ یەکتردا دژایەتییان هەیە.

یۆنانییەکان دەیانگوت: «ئێمە هەرگیز لەڕێگەی خوداوەنددا گەنجینەو خەزێنەی زێڕی خۆمـان ناکـەینە قـوربانی و ئەو دیارییـە شایانی خـواوەندەکان نییـە چونکە خـواوەندەکان گەرەکیانە ئێمە بەچاوێکی سووکەوە سەیری خەزێنەکانی زێڕ بکەین».

ئەفـلاتون دەڵێ: «دیاری و قـوربانی تاکـە بێ ئیـمـان و ئیـمـان لاوازەکـان شایەنی خـواوەندەکـان نیـیـە، چونکە تەنانەت کـەسـێکی ئاسـاییش شـەرم دەکـا دیاری ئەو جـۆرە کەسانە وەرگرێ».

لە کـۆتاییـدا دەگـەینە ئەو دەرەنجـامـە کـە نابێ دین وەکـو نەزرو قـوربانی لەپێناوی خواوەنددا، پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەچنگی خەڵک دەربێنێ و هەر بۆیە ئەفلاتون دەڵێ: پێویستە کەسە سادەو ئیماندارەکان لەڕێگای خواوەندەکاندا نەزرو قوربانی ئەوتۆ پێشکەش بکەن کە وەکو خۆیان بێ واتە سادەو ساکار بێت. هەروەها ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە نابێ خـەرجی مـەراسیـمی بەخـاک سپـاردن زۆربێت. بۆچوونەکـەی لەسـەر بنەمای حاڵەتێکی سروشتی دامەزراوە، چونکە لەدوای مردن هەژارو دەوڵەمەند یەکسانن و لەو حاڵەتەدا کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندیدا نییە، نابێ جیاوازی سامان و دارایی لەکاتی مەراسیمی بەخاک سپاردن و ناشتندا بەچاوی خەڵکدا بدرێت.



## بەشی هەشتەم: سەرۆکایەتیکردنی پیاوە ئایینییەکان

کاتێک کـە کـارگێڕی ئایینی ژمـارەیان زیادی کرد ئەوا بێگومان دەبێ سەرۆکێکیان هەبێ کە لە سەروو ئەو کارگێڕانەوە بێت و کاروبارەکانیان بەڕێوەببات.

لەنێو ولاتە پاشاییەکاندا لەبەر ئەوەی پێویستە کـاروباری ولات خاوەنی ڕێکخستن و ڕێوشـوێنی تایبـەتی بێت و ناکـرێ هەمـوو دەسـەلات و سـەلاحـیـاتەکـان لەژێر رکـێـفی تاکەکەسێـک دابێ، هەر بۆیە باشـتروایە کـە سەرۆکـایەتی ڕۆحانیـیـەکـان لە سەڵتـەنەت جیابێت. بەڵام ئەو بابەتە لە ولاتە ئیستبدادییەکاندا ڕەچاوناکرێت، چونکە لەو ولاتانەدا گشت دەسەلاتەکان لە چنگی تاکە کەسێک دان و لەبەر ئەوەی هەموو سەلاحیاتەکان لەژێر رکـێـفی سـەرۆکی حکومـەت دان ڕەنگە سـەرۆکـەکە پێی وابێ کـە دینیش لە دەسـەلات و سـەلاحـیاتی ئەوەوە سـەرچاوەی گـرتووەو گـەرەکی بێت ئەوە بە خـەڵـک بسـەلمێنێ کـە ئەو داهێنەرو داڕێژەری یاسا ئایینییەکانە. کەواتە واباشترە کە هەموو دینەکان خودان بنچینەو بنەمای تایبـەتی خۆیان و خاوەنی کتێبی پیرۆزبن بۆ ئەوەی یاسا ئایینییەکان لەو کتێبەدا بنووسرێن و تۆمار بکرێن.

بەم جۆرە گریمان پاشا خۆی بە سەرۆکی دین دادەنێ، بەڵام ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی، خۆی لە ڕێوشوێن و ڕێسـا دینییـەکان هەڵقـورتێنێ و بەدڵی خـۆی دەستکاریـیـان بکات. هەروەک چۆن لە ئێران سـەرەڕای ئەوەی پاشـا سـەرۆکـایەتی دینی لەژێر دەسـتـدایە[١٢٦]، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا قـورئان کـاروبـارە ئاییـنیـیـەکـان بەڕێوە دەبات. لەولاتی چینیـشـدا سەرۆکـایەتی دین لەژێر رکـێـفی پاشـادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کـتـێـبـێک لەژێر دەستی خەڵـک دایەو خەڵـک لەڕووی ئەو کـتێـبەوە یاسـا ئایینیـیـەکـانی خۆیان جێـبەجێ دەکەن. کاتێک کە یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی چین ویستی کتێبە ئایینییەکان لەنێوبەرێ، خەڵـک لەدژی ڕاپەڕین و لەسەر کورسی پاشایەتی هێنایانە خوار.

## بەشی نۆیەم: ئاسانکاری لەگەڵ دینەکان یان دەستکاریکردنیان

لەسـەرەتادا حـەزم لێـیـە ئامـاژە بەو خـاڵە بکـەم کـە لەبنچـینەدا لێکـۆڵینەوەی من لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییەو کارم بە زانستی دین نییە، بەڵام زانایەکی ئایینیش دان بەوە دادەنێ کـە پێـشکەشکردنی ئاسـانکاری بۆ یەک یان چەند دین و نیـشـاندانی ڕەزامـەندی بۆ مـانەوەی ئەو دینە، بەڵگەی ئەوە نیـیـە کـە ئەو کـەسـەی ئاسـانکاری پێشکەشکرد هەواداری ئەو دینەیە و ڕێوشوێنەکانی پەسند دەکات یان ئەو دینەی قبووڵە. کەواتە هەرکاتێ لەولاتێکدا چەندین دین هەبوو، چاکتر وایە کە یاسا مەدەنییەکانی ئەو

وڵاتە نەرمی و ئاسانکاری لەگەڵ ئەو دینانەدا بنوێنن و دینەکانیش ناچار بکەن نەرمی و ئاسانکاری لەگەڵ یەکتردا بنوێنن، چونکە یەکێک لە بنچینە گشتییەکان ئەوەیە کە ئەگەر بێتو سەختگیری لەگەڵ دینێکدا بکرێت و بخرێتە ژێر فشارەوە، ئەوا ئەو دینەش بەنۆبەی خۆی رۆژێک دادێ کە سەختگیری دەکاو دینەکەی ئێوە دەخاتە ژێر فشارەوە، تا جێگەیەکی ئەوتۆ کە ئەو فشارە لایەنی زوڵم و خوێنرێژی بەخۆیەوە دەگرێ... هەر بۆیە پێویستە یاسا مەدەنییەکانی وڵات بەجۆرێک دابرێژرێن کە فرەدینی لەوڵاتدا نەبێتە هۆی پێکهێنانی پشێوی و ئالۆزی لە کاروبارەکانی دەوڵەتداو هەر لەوکاتەشدا پشێوی و ئالۆزی لە کاروبارەکانی یەکتردا پێک نەهێنن. تاکەکانی کۆمەڵگاش پێویستە ئەوە بزانن کە گوێڕایەڵی و پەیڕەویکردن لە یاسا تەنیا ئەوە نییە کە ئالۆزی و گیروگرفت بۆ کاروبارەکانی دەوڵەت دروست نەکەن، بەڵکو پەیڕەویکردن بریتییە لەوەی کە گرفت و ئالۆزی لە کاروباری ژیانی سەرجەم تاکەکانی تریشدا دروست نەکەن.

## بەشی دەیەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

تاکو دین سەختگیر نەبێت ناتوانێ لەوڵاتە جۆراوجۆرەکاندا پەرەبستێنێ، چونکە ئەو دینەی ئاسانکاری لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، نایەوێ سەرجەم دینەکانی تری وڵات لەنێو بەرێت و بۆخۆی شوێنیان بگرێتەوە.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە باشتر وایە کاتێ کە دینێک لەوڵاتدا سەقامگیربوو، دەوڵەت مۆڵەتی ئەوە نەدات دینێکی نوێ بێتە مەیدانەوەو لەوڵاتدا جێگیر بێت و ئەو رێگایە باشترین شێوازی هەڵسوکەوتی دەوڵەتە لە بەرامبەر دیندا، واتە کاتێ دەوڵەت مافی هەڵبژاردنی دینێکی نوێ لەوڵاتدا هەبێ، باشتر وایە چاوپۆشی لە قبوڵکردن و هەڵبژاردنی بکات و لەکاتی پەسندکردنیشیدا بە نەرمی لەتەکیدا بجووڵێتەوەو ئاسانکاری پێشکەش بکات.

## بەشی یازدەهەم: گۆڕینی دین

ئەو دەسەڵاتدارەی دەیەوێ دینی وڵاتەکەی خۆی بگۆڕێ تووشی ئاستەنگ و گیروگرفتی یەکجار زۆر دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر سیستەمی حکومەتەکە سیستەمێکی ئیستبدادی بێت، چونکە خەڵک بۆ رزگاربوونی لەچنگی ئیستبدادییەتیش بێت شۆڕش دەکەن و بابەتی دینیش دەبێتە یەکێک لە هاندەرو هۆکارەکان و لەراستیدا دەبێتە ئامرازێک بەدەستی خەڵکەوە.



هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دین و ئەخلاق و داب و نەریتی خەڵک تەنیا بە فەرمانی دەسەڵاتدارەکان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، لەبەر ئەوەی دینە کۆنەکە لەگەڵ ئاووهەواو ژینگەی وڵاتەکەدا خۆی گونجاندووەو خەڵک خوویان پێوە گرتووە، لەکاتێکدا لەوانەیە دینە نوێیەکە لەگەڵ ژینگەو ئاووهەوای ئەو وڵاتەدا نەگونجێ. لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا خەڵک رق و بێزاری خۆیان لە دژی ئەو دینە نوێیە دەردەبڕن و ئامادەنین بەیەک جار رێوشوێنی دینە نوێیەکە قبووڵ بکەن، ئەوکات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تاکەکانی کۆمەڵگا چ لەرووی سیاسی و لەرووی ئایینییەوە گیروگرفت بۆ دەسەڵاتدارەکان دروست دەکەن.

## بەشی دوازدەهەم: یاسا جەزاییەکانی دین

نابێ هیچ دینێک یاسای جەزایی تێدابێت. رەنگە لە وەڵامدا بڵێن لەبەر ئەوەی یاسا جەزاییەکان ترس و تۆقاندن بەرهەم دێنن ئەوا سوودیان هەیەو خەڵک ناچار دەکەن رێگای راست بگرنەبەر. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە دین بۆخۆی خاوەنی رێوشوێنی جەزایی مەعنەوی و دەروونییە. بەم جۆرە ئەگەر بێتو رێوشوێنێکی سزایی دیکە دابرێژن، یەکێک لەو دووانە کاریگەری ئەویتریان لەنێو دەبات و لە نێوەڕاستی دوو ترساندنی دژبەیەک کە سەرچاوەکەیان رێوشوێنی جەزایی ماددی و مەعنەوییە، رۆحی ئیماندارەکان توندوتیژو تاکەکان دڵڕەق و بێ بەزەیی دەکات.

لەرووی مەعنەوییەوە، رێوشوێنە جەزاییەکانی دین بەڕادەیەک توندوسەخت و بەپێچەوانەشەوە ئومێدی پاداشە مەعنەوی و دەروونییەکانی دین بەڕادەیەک ئارامبەخش و دڵنەواییکەرن کە هەر کاتێ بێنە بەرچاوی مرۆڤ، ئیدی هیچ چەشنە یاسایەکی جەزایی دیکە ناتوانن شوێنی ئەو بگرنەوەو هەموو جۆرە ترس و هەڕەشەیەک دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان. پڕکردن و ئاخنینی رۆحی خەڵک لەترس و تۆقاندنی سزا جەستەییە جۆراوجۆرەکان بەهیچ چەشنێک کۆمەک بە گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵک و وازهێنان لە دینی کۆن و هەڵبژاردنی دینە تازەکە ناکات. کەواتە ئەگەر بیانەوێ هێرش بکەنە سەر دینێک و خەڵکی لێ بێزار کەن و بەرەو دینێکی نوێ هانیان بدەن، باشتر وایە کە لەجیاتی سزای جۆراوجۆر، ئومێدو هیوای فراوان لەدڵی خەڵکدا بخولقێنن و رۆحەکان بە مژدەی گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووە دوورودرێژەکان بگەشێننەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی گۆڕینی دینی خەڵکدا بانگهێشت و هیوادارکردن لە سزادان کاریگەری زۆرتری هەیەو هەرچەندە ئەو سزایانە توندوتیژ تر بن رۆحی خەڵک

زیاتر یاخی دەبێ و نەفرەت لەدینە نوێیەکە دەکات. لە ژاپۆن خەڵک دژی سزا توندوتیژەکان راپەڕین، لە کاتێکدا لەبەرامبەر سزا سووکترەکاندا کە ماوەکەی دوورودرێژتریش بوو وەکو زیندانی هەتاهەتایی، بەهیچ جۆرێ رانەپەڕین.

بەشاهیدی مێژوو سزا توندوتیژەکان لەرووی ئایینییەوە هیچ کاریگەرییەکی تریان جگە لە لەنێو بردنی خەڵک نەبووەو بەهیچ جۆرێ یارمەتی نوێبوونەوەی دین و سەقامگیرکردنی دینی تازەیان نەداوە.

## بەشی سێزدەهەم: رەخنەیەکی ملکەچ ئاسا لە پشکنەرە ئایینییەکانی سپانیا و پورتەگال

کچێکی هەژدە ساڵان کە بەم دواییانە بە فەرمانی دادگای پشکنینی بیروباوەڕ (ئەنگیزاسیون) بەزیندوویی لەنێو ئاگردا سوتێنرا، بەر لەمردنی نامەیەکی بچووکی نووسیوە کە لەخوارەوە دەیخەینە بەردیدەی خوێنەران.

بەبڕوای من نووسینی ئەو نامەیە هیچ سوودێکی نەبووە، چونکە کاتێ مرۆڤ ناچاربوو بابەتێکی ئاسایی و سروشتی بسەلمێنێ و بەرامبەرەکەی ناچاربکات لێی قبووڵ بکا، ئەوا بێگومان ناتوانێ قەناعەتی پێ بێنێ. گریمان ئێوە گەرەکتانە پێویست بوونی ناو بۆ ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان بسەلمێنن و لەگەڵ کەسێکدا بەرەوروو بوون کە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو حەقیقەتە ئاسایی و سەلمێنراوە نەبوو و بیرو عەقڵی توانای دەرککردنی ئەو بابەتە ئاسایی و سەلمێنراوەی نەبوو، ئەوا بێگومان ناتوانن قەناعەت بەو کەسە بێنن. بەهەرحاڵ ئەو کچە لەنامەکەی خۆیدا روونی دەکاتەوە کە رێز بۆ دینی مەسیحی دادەنێ، بەڵام رێزو خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بەو دینە لەسنوورێکی دیاریکراو تێناپەڕێت هەتاکو ئەو دەسەڵاتدارانەی مەسیحی نین نەتوانن ئازاری پێ بگەیەنن و ئەوکات دەڵێ: «ئێوە گلەیی لەوە دەکەن بۆچی ئیمپراتۆری ژاپۆن لە وڵاتی خۆیدا مەسیحییەکان لەئاگردا دەسووتێنێ، ئەگەر ئەو پرسیارە لە ژاپۆنییەکان بکەن لەوڵامدا پێتان دەڵێن: شێوازی هەڵسوکەوت و رەفتاری ئێمە لەگەڵ ئێوەدا هەروەکو رەفتارو هەڵسوکەوتی ئێوەیە لەگەڵ خەڵکانی دیکە، واتە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاودینی ئێوە نین بەم جۆرە دەجووڵێنەوە. کەواتە گلەیی لە ئێمە مەکەن بەڵکو گلەیی لە بێ دەسەڵاتی و لاوازی خۆتان لەوڵاتی ژاپۆندا بکەن، چونکە ئەگەر ئێوە لەوڵاتی ژاپۆندا دەسەڵاتتان هەبووایە ئەوا بێگومان هەر بەم چەشنە لەگەڵ ئێمەدا دەجووڵانەوە».



لە دوای ئەم بەشە کچە یەهوودییەکە دیسان دەڵێ: «ئێوەی مەسیحی زۆر لە ژاپۆنییەکان دڵڕەق و بێ بەزەییترن، چونکە ئەوان ئەو کەسانە لەئاگردا دەسوتێنن کە بیروباوەڕیان بەتەواوی لەگەڵ بیروباوەڕی ئەواندا جیاوازی هەیە، لەکاتێک دا کە بیروباوەڕی ئێمە بەهیچ جۆرێک دژی بیروباوەڕی مەسیحییەت نییە. ئێوە باش دەزانن کە ئێمە خاوەنی دینێکین کە پێشتر لەلایەن خواوە گرنگی پێ دراوەو بەیەکێک لە دینە ئاسمانییەکان دەژمێردرێ و ئەو جیاوازییەی کە لەرووی دینییەوە لەنێوان ئێمەو ئێوەدا هەیە کە ئێمە پێمان وایە تاکو ئێستاش خوا دینی یەهوودی خۆش دەوێ، بەڵام ئێوە لەسەر ئەو بڕوایەن و پێتان وایە کە ئیدی خوا ئەو دینەی خۆش ناوێت. بەم جۆرە ئێوە بەوپەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەییەوە ئێمە دەسووتێنن، ئەوە جگە لەوەی کە ئێمە دەڵێین ئەوەی خوا پێشتر خۆشی ویستووە ئێستاش خۆشی دەوێ و ئێستا گریمان بیروباوەڕی ئێمە هەڵەیە، ئاشکرایە هەموو هەڵەیەک هەلی بەخشینی بۆ دەرەخسێت. سەرەڕای ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئێمەدا زۆر دڵڕەقن بەڵام بێڕەحمی و دڵڕەقی ئێوە لەگەڵ منداڵەکانماندا زۆرترە، چونکە ئێوە منداڵەکانمان ئەشکەنجەو ئازار دەدەن تەنیا بەتاوانی ئەوەی دینی دایک و باوکی خۆیان قبووڵ کردووەو پەیڕەوی لە رێنماییەکانیان دەکەن، لە کاتێک دا کە پەیڕەوی کردن لەرێنماییەکانی دایک و باوک بەهیچ جۆرێ بە گوناه ناژمێردرێت، چونکە لەدینی ئێوەو دینی هەموو خەڵکی جیهاندا هاتووەکە دەبێ منداڵەکان وەکو خواوەند رێزی دایک و باوکی خۆیان بگرن و رێنماییەکانیان قبووڵ بکەن. کاتێ دەتانەوێ ئێمە بێننە سەر دینی خۆتان رووی پرسیارم دەکەمە ئێوەو لێتان دەپرسم باشییەکانی دینی ئێوە چییە و بۆچی دەتانەوێ ئێمە دینەکەتان پەسند بکەین؟ ئێوە لە وڵامدا دەڵێن: باشی و ئیمتیازی دینی ئێمە ئەوەیە کە دینێکی ئاسمانییەو لەماوەیەکی یەکجار کورت و سەرەڕای ئازارو ئەشکەنجەی موشریکەکان کە بەدڕندانەترین شێوە مەسیحیان کوشت، کەچی دینەکەمان پەرەی سەند. بەڵام ئەمێستا ئێوە پەیڕەوی لەرەفتارو هەڵسوکەوتی موشریکەکان دەکەن و کردەوەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە. وەک چۆن ئەوان ئێوەیان ئەشکەنجە دەدا، ئێوەش بەم جۆرە ئێمە ئازارو ئەشکەنجە دەدەن. ئایا لەو حاڵەتەدا ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە باشی دینی ئێمە لەوەدایە کە کەوتۆتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدانەوە. ئێمە بەناوی خواوە داوا لە ئێوە ناکەین کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ ئێمەدا هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئێمەو ئێوە هەردووکمان خوا دەپەرستین، بەڵکو بەناوی حەزرەتی مەسیحەوە داواتان لێ دەکەین کە بۆ هێنانە سەر دینی مەسیح بەچەشنێ لەگەڵماندا بجووڵێنەوە کە ئەگەر خودی حەزرەتی مەسیح لەسەر زەوی ئامادەبووایە هەر بەو جۆرە لەگەڵماندا هەڵسوکەوتی دەکرد.

چەندە سەیرە! ئێوە دەتانەوێ ئێمە بەرنە سەر دینی مەسیح کەچی بۆ خۆتان پەیڕەوی لە یاسا و ڕێوشوێنەکانی مەسیح ناکەن؟!!.

بەڵام ئێستا کە وەکو ڕەفتاری مەسیحییەکی ڕاستەقینەو ڕێوشوێن و یاساکانی مەسیح لەگەڵ ئێمەدا ناجووڵێنەوە، لانی کەم وەکو مرۆڤێک لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە لەوانەیە مرۆڤ پەیڕەوی لە بنچینەو ڕێسا ئایینییەکان نەکات و دڵی بە تیشکی ئیمان ڕووناک نەبووبێتەوە، بەڵام هەر ئەو مرۆڤە دادپەروەری و ئینساف ڕەچاودەکات کە کەم و زۆر لەلایەن سروشتەوە لە ناخیدا چێنراوە. ئێوە دەڵێن لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خودانین ئازارتان پێ دەگەیەنین، بەڵام منداڵەکانمان گوناهیان چییە کە ئێوە بەم جۆرە ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن و لە کاتێکدا ئەو بوونەوەرانە هیچ گوناهێکیان نییە جگە لەوەی بەپێی بنچینەکانی تەورات ڕێنماییەکانی دایک و باوکیان (واتە ڕێنمایی ئەو کەسانەی کە بە بڕوای ئێوە خۆشەویستی خوا نین و هەر بۆیە ناشتوانن حەقیقەت ببینن) فێربوونە؟؟!

ئەگەر ئێوە بەپێی بانگەشەی خۆتان خاوەن و هەڵگری حەقیقەتن، بۆچی ئەو حەقیقەتە حەشار دەدەن، چونکە بەو جۆرە کە ئێوە دەتانەوێ حەقیقەت پێشانی ئێمە بدەن، لەراستیدا دەبنە هۆی حەشاردانی حەقیقەت. ماهییەتی حەقیقەت ئەوەیە کە کاریگەری لەسەر ڕۆح و دڵ دابنێ، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە ئێوە پێشانی ئێمەی دەدەن و بەزەبری ئەشکەنجە دەتانەوێ ئێمە بکەنە خوازیارو لایەنگری، وەکو ئەوە وایە کە بێ دەسەڵاتی و لاوازی خۆتان لە ناسینی حەقیقەتدا بۆ ئێمە بسەلمێنن.

ئێمە دەمانتوانی هەر بەرواڵەت بیروباوەڕەکەی ئێوە قبووڵ بکەین و فێڵتان لێ بکەن، بەڵام ئێستاکە ئامادە نەبووینە فێڵ لە ئێوە بکەین. ئەگەر ئێوە عەقڵ و ئینسافتان هەبێ نابێ ئێمە ئازارو ئەشکەنجە بدەن و هەر کاتێ مەسیحەکەی ئێوە منداڵی خودا بێت ئەوا ئێمە بێگومانین لەوەی کە لە ئێمە ڕازی دەبێت، چونکە ئێمە نەمانویست بەدرۆ وانیشان بدەین کە حەقیقەتەکانی ئەومان ناسیوەو بەم جۆرە حەقیقەتەکانی لێ پیس بکەین یان سووکایەتییەک بەو حەقیقەتانە بکەین. لەلایەکی تریشەوە ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەو خودایەی ئێمەو ئێوە، هەردووکمان دەیپەرستین لێمان ڕازی دەبێ و ئێمە سزا نادات، چونکە ئێستا لەپێناوی دینی خۆمان واتە لەپێناوی ئەو دینەدا گیانمان بەخت دەکەین کە ئەو پێیداوین و ئەو دینەی خۆش ویستووەو ئێمە پێمان وایە کە ئێستاش خۆشی دەوێ. ئێوە لە سەردەمێکدا ژیان بەسەردەبەن کە بیری تاکەکان زیاتر ڕۆشن بۆتەوەو بنچینەکانی فەلسەفە ڕۆحی فراوان کردووەو فەزیلەتی ئەخلاقی ئینجیلەکەی ئێوە جوانتر وەدیار



کەوتووەو مافی تاکەکان لەبەرامبەر یەکترو ئیمتیازی مەعنەوی یەکێک دەرحەق بە ئەویتر بەباشی سەلمێنراوە، ئێستا ئەگەر لەسەردەمێکی ئاوا نورانیدا ئێوە واز لە خورافاتە کۆنەکانی خۆتان نەهێنن، ئەوا ئەوکات ئیدی دەردەکەوێ کە ئەوانە خورافات نەبوونە ونینە، بەڵکو هەستی دوژمنایەتی و کینەو تووڕەیی ئێوەیە؛ ئەوکات ئیتر دەبێ دان بەوە دابنرێت کە ئێوە هیچ کات ناگۆڕێن چونکە کینەو تووڕەیی چاوی حەقیقەتبینی ئێوەی کوێر کردووە.

هاوار بەماڵی ئەو میللەتەی جڵەوی چارەنووسی لەدەستی کەسانی وەکو ئێوە دابێ.

ئایا دەتانەوێ ڕک و ڕاست باسی بیروباوەڕەکەی خۆمانتان بۆ بکەین؟ ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئێوە ئێمە بەدوژمنی دینی خۆتان نازانن بەڵکو خودی ئێمە بە دوژمنی خۆتان دەزانن، چونکە ئەگەر ئێوە هێندە دینەکەی خۆتان خۆش ویستبا و نەتانویستبا هیچ جۆرە دوژمنێکی بۆ داتاشن هەرگیز ئەو هەستەتان بە نەزانی و ناهوشیاری و بێ ئاگایی بریندار نەدەکرد. ئێستا وەکو ئاگاداری ڕووداوەکان، بابەتێکتان پێ دەڵێم و ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر لە چەرخەکانی ئایندە کەسێک بپرسێ ئایا نەتەوەکانی ئەورووپا لەو سەدەیەدا شارستانی بوون، ئەوا وەڵامێکی سلبی وەردەگرێتەوەو پێی دەڵێن: نەتەوەکانی ئەورووپا لەو سەردەمەدا بەربەر بوون. چونکە کردەوەکانی ئێوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو نەتەوەکانی ئەورووپای ئەمڕۆ بە بەربەر لە قەڵەم بدرێن».

لێرەدا نامەی کچە یەهوودییەکە کۆتایی دێت.

## بەشی چواردەهەم: بۆچی مەسیحییەت لە ژاپۆندا لەگەڵ ڕق و بێزاری خەڵک بەرەوڕوو بوو

لە شوێنێکی تری کتێبەکەمدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ژاپۆنییەکان خودان ئەخلاق و ڕوحییەیەکی توندوتیژن و سەرەڵەقێ و جێبەجێ نەکردنی فرمانەکان، سزای توندو قورسی بەدوادا دێ. کاتێ دینی مەسیحی بەرەو ژاپۆن ڕۆیشت و ژاپۆنییەکان سەیریان کرد لەو دینەدا بۆ سەرپێچی و سنوور بەزاندنەکان هەندێ سزای توندوتیژ دانراوە، هەر بۆیە بڕیاریاندا ئەوانیش هەندێ سەختگیری بخەنە نێو دینەکەی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستە فەرمانیان بەو کەسانەدا کە ببوونە مەسیحی واز لەو دینە بێنن، بەڵام مەسیحییەکان گوێیان بە فەرمانەکە نەداو جێبەجێیان نەکرد و لەبەر ئەوەی لە ژاپۆندا ملکەچ نەکردن وەکو تاوان سەیری دەکرێ، هەر بۆیە زۆر بەتوندی ئەو تاوانەشیان بەسزا گەیاندو هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سەرپێچییەکان درێژەیان دەکێشا، سزاکانیش توندترو سەختتر دەبوون.

لەوڵاتی ژاپۆندا ملکەچ نەکردن وەکو سووکایەتییەک سەیر دەکرێ کە ئاراستەی ئیمپراتۆر کرابێ و سزای ئەو ملکەچ نەکردنەش وەکو تۆڵەی ئیمپراتۆر لە سووکایەتی کار لەقەڵەم دەدرێ. هەر بۆیە کاتێ مەسیحییەکان هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەو شایی و گوتنەوەی ئاوازە ئایینییەکان دەمرن، ئەوا ئەو بارودۆخە دەربڕی ملکەچ نەکردنی مەسیحییەکان بوو و وەکو سووکایەتی کردن بە پاشا سەیری دەکرا، هەر بۆیە ئەوکات ئیدی هێندەی دیکە سزاکانیان توندکرد.

کاتێک کە مەسیحییەکان بێگومان بوون لەوەی بەهۆی مەرگەوە دەگەنە پلەی شەهید بوون، دەستیان لەبەرەنگار بوونەوە هەڵنەگرت و بەم جۆرە ململانێیەکی قورس لەنێوان جێبەجێ کارەکانی یاسا مەدەنیەکانی ژاپۆن و شەهیدەکاندا رووی داو مەسیحییەکان لەژێر کاریگەری بەریەککەوتنی دوورەوتی دژبەیەکی جێبەجێ کردنی یاسای ژاپۆن و رەچاوکردنی یاساکانی خۆیان تووشی ئەشکەنجەو ئازاری تاقەتپڕوکێن دەهاتنەوە.

## بەشی پازدەهەم: گەشەسەندنی دین

نەتەوەکانی رۆژهەڵات جگە لە موسڵمانەکان، لەبنەڕەتدا دەمارگرژی ئایینییان نییە و بەیەک چاو سەیری گشت دینەکان دەکەن. ئەگەر دەبینین هەندێ کات بەدیدێکی خراپەوە سەیری بەشێک لە دینەکان دەکرێ، ئەوا لەرووی دینییەوە نییە، بەڵکو لەو رووەوەیە کە ترس و نەفرەتیان لە دینەکە هەیە، دەترسێن نەکا ئەو دینە ببێتە هۆکاری پشێوی و ئاڵۆزکردنی کاروبارەکانی وڵات و گۆڕانکاری لە حکومەتدا دروست بکات. لەژاپۆن سەرەڕای ئەوەی چەندین فرقەی دینی هەیەو تەنانەت چەندین سەرۆکی ئایینی دەگۆڕدرێ، کەچی هیچ کاتێک سەبارەت بە بابەتە ئایینییەکان وتووێژ سەرهەڵنادات. لەوڵاتی سیام-یش بارودۆخەکە هەر بەو جۆرەیە و وتووێژی ئایینی لە گۆڕێ نییە. لەوڵاتی (کالموک) رەوشەکە لەسەروو ئەوەوەیەو خەڵک لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ بەروخۆشییەوە پێشوازی لە هەموو جۆرە دینەکان بکرێت. لە (کەلکەتە) رێسای گشتی و بنچینەی سەرەکی بەم جۆرەیە کە هەموو دینێک باشە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نابێ پێمان وابێ ئەو دینەی لەرێگایەکی دوورەوە هاتووەو لەگەڵ ئاووهەوای ئەو ناوچەیە ناگونجێ بەپێی ئارەزووی پێشەوا ئایینییەکان لەو ناوچانەدا پەرەسەندن و سەرکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ.

لەو شوێنانەی کە بەزۆری حکومەتی موتڵەقە و ئیستبدادی حوکمی بەدەستە، لە سەرەتادا هیچ گرنگی و سەرنجێک بەدینە نوێیەکە نادرێت، چونکە سەیر دەکەن هیچ زەرەرو زیانێکی نییەو کاری بە پاشاو دەسەڵاتدارەکان نییەو ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکی



ناوچەکەش بەڕادەیەک نییە کە بتوانن دەرەنجامەکانی ئایندەی دینێکی نوێ پێشبینی بکەن، بەتایبەتی ئەو دینانەی لەلای ئەوروپا رادەهێنرێن لەسەرەتادا بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ دەکرێ، چونکە دانیشتوانی ناوچەکە سوود لە زانیاری جارِدەری دینە نوێیەکە وەردەگرن.

بەڵام ئەگەر هاتوو دینەکە بڕێک پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و سەرکەوتنەکانی بوو بە ئاستەنگ لەبەردەم بەرژەوەندی هەندێ کەسدا، دەستەیەک لە خەڵک وەخەبەردێن و هەوڵ دەدەن دژایەتی بانگەوازکەرو ئەو کەسانە بکەن کە دینە نوێیەکەیان هێناوەتە ناو وڵاتەوە. ئەو بابەتە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و پشێوی کاروبارەکان و لەبەر ئەوەی دەوڵەت یان حکومەت خوازیاری ئاسایش و ئارامین و نایانەوێ بەهۆی پشێوییەوە تووشی لەرزۆکی و لەنێو چوون بن هەر بۆیە دینە نوێیەکە هەڵدەوەشێتەوەو یاساغی دەکەن. بەم جۆرە دینە تازەکە لەنێو دەچێ، بەتایبەتی ئەگەر بێتو دژایەتی لەنێو ئەو کەسانەدا سەرهەڵبدا کە دینە نوێیەکەیان قبوولّ کردووە، چونکە کاتێ خەڵک بزانن لەنێوان پەیڕەوانی دینە تازەکەدا دژایەتی رووی داوە زووتر دڵیان لێی سارد دەبێتەوە.

## پەیوەندی نێوان یاساو ڕێکخستنی
## سروشتی ئەو کاروبارانەی کە یاسا لەپێناوی ئەواندا داڕێژراوە

### بەشی یەکەم: بابەتی ئەم کتێبە

ئەو یاسایانەی بەسەر مرۆڤدا حوکم دەکەن لەچەندین جۆرە مافەوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکەم- مافی (حقوق) سروشتی.

دووەم- مافی مەلەکوتی یان مافی ئاسمانی کە مافی ئایینی دەگرێتەخۆ.

سێهەم- مافی شەرع کە لەراستیدا پارێزەری ڕێکخستن و پۆلیسی ئایینە.

چوارەم- مافی مرۆڤ، کە بەواتایەکی تر بریتییە لە مافی مەدەنی دونیا و هەروەک چۆن لە هەموو ولاتێکدا گشت تاکەکان خاوەنی مافی مەدەنی خۆیانن، لەجیهانیشدا هەموو نەتەوەکان خاوەنی مافی مرۆڤایەتین و لەبەرامبەر ئەو مافەدا گشت نەتەوەکانی جیهان وەکو تاکێکی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەیریان دەکرێت.

پێنجەم- مافی سیاسەتی گشتی، کە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان کۆمەڵگا پێک بێنن.

شەشەم- مافی سیاسەتی تایبەتی، کە پەیوەندی بەهەر کام لە کۆمەڵگاکانەوە هەیە.

حەوتەم- مافی داگیرکاری و سەرکەوتن. ئەو مافە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە میللەتێک ویستوویەتی یان توانیویەتی یان ناچار بووە هێرش بکاتە سەر نەتەوەیەکی دیکەو بەتۆبزی بیخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە.

هەشتەم- مافی مەدەنی تاکەکان، کە لەژێر سایەی ئەو مافەدا هەرتاکێکی کۆمەڵگا بتوانێ پارێزگاری لە گیان و ماڵی خۆی بکات لەبەرامبەر دەست درێژییەکانی سەرجەم تاکەکانی تردا.

نۆیەم- مافی خۆجێیی یان مافی خێزانی، ئەو مافە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگا تەنیا لە تاکەکان پێک نەهاتووە بەڵکو لە چەندین بنەماڵە پێک هاتووەو ئەوانیش بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان پێویستییان بە ماف و شێوازی حکومەتێکی تایبەتی هەیە.

بەپێی ئەوشتەی ئاماژەمان بۆ کرد، لەبەر ئەوەی مافی تاک و کۆمەڵەکان جیاوازو



جۆراوجۆرن هەر بۆیە یاساکانیش ژمارەو جۆریان گەلێک زۆرەو هێزی پێگەیشتوویی بیری مرۆڤ لێرەدا دەردەکەوێ کاتێ بتوانێ لەوە تێ بگات کە هەریەک لەو مافانە پەیوەندییان بەچ حاڵەتێکەوە هەیەو هەرکام لە یاساکان پەیوەندییان بەچ مافێکەوە هەیە کە لەسەری پێویستە ئەو مافە ڕێک بخات و بەجۆرێکی ئەوتۆ نەجووڵێتەوە کە مافی خاوەن مافێک پێشێل بکات، لەلایەکی تریشەوە نابێ ئەو یاسا جۆراوجۆرانەی کە پەیوەندییان بە مافە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بکات.

### بەشی دووەم: یاسای مەلەکوتی و یاسای مرۆیی

ئەوپرس و بابەتانەی کە پێویستە لەرێگای یاسا ئاسمانییەکانەوە یەکاڵاو چارەسەر بکرێن، نابێ بۆ چارەسەرکردنیان پەنابەرینە بەر یاسا زەمینییەکان، هەروەها ئەو کێشەو بابەتانەش کە پێویستە لەرێگای یاسا زەمینییەکانەوە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە نابێ لەرێگای یاسا ئاسمانییەکانەوە یەکاڵا بکرێنەوە: چونکە ئەم دوو جۆرە یاسایە هەم لەرووی بنچینەو هەم لەرووی ماهییەت و مەبەستەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە.

ئەو بنچینەیە لای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە یاسا زەمینییەکان جیاوازییان هەیە لەگەڵ یاسا ئاسمانییەکاندا، بەڵام ئەو بنچینەیە پەیوەست و ملکەچی هەندێ بنچینەی دیکەیە کە لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

یەکەم- ماهییەتی یاسا مرۆییەکان بەجۆرێکە کە ملکەچی ڕووداو پێشهاتە جۆراوجۆرەکان دەبێت، واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانەوە. لە کاتێک دا کە یاسا ئاسمانییەکان بەپێی ڕووداو گۆڕانی ئیرادەی مرۆڤەکان، گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت: یاسا مرۆییەکان بەردەوام بەدوای ڕێگاچارەیەکی باشدا دەگەڕێن بەڵام یاسا مەلەکوتییەکان باشترین ڕێگاچارە دەدۆزنەوە. لەوانەیە چەندین جۆر ڕێگاچارەی باش لەگۆڕێدا بێ، چونکە باشییەکان لایەنی جۆراوجۆر و چەشنی جیاوازیان هەیە، بەڵام باشترین ڕێگاچارە تایبەتە بە تاک و هەر بۆیەشە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. مرۆڤ دەتوانێ یاسا مرۆییەکان بگۆڕێ، چونکە لەوانەیە یاسایەک بۆ سەردەمێک باش بێ و لەگەڵ سەردەمێکی تردا نەگونجێ. بەڵام دەزگا ئایینییەکان بەردەوام بەدوای باشترین یاسادا دەگەڕێن و لەبەر ئەوەی لە توانابەدەرە یاسای لەمە باشتر پەیدا بکرێ، هەر بۆیە بەهیچ جۆرێ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

دووەم- هەندێ ولاتی ئەوتۆ هەیە کە تیایدا یاسا هیچ جۆرە بەهایەکی نییە، واتە یاسا جگە لە هەواو هەوەسی دەسەڵاتدارەکان هیچ شتێکی دیکە نییە. ئێستا ئەگەر لەم

جۆرە وڵاتەدا یاسا ئایینییەکانیش وەکو یاسا مەدەنییەکان بن ئەوا ئەوکات ئەوانیش بێ بەهاو لەرزۆک دەبن. ئەوە لە کاتێکیش دایە کە هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە یاساو ڕێوشوێنی چەسپاو و نەگۆڕ هەیە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە نەبێتە ئامرازی دەستی هەواو هەوەسی دەسەڵاتدارەکان. ئەو یاساو ڕێوشوێنە نەگۆڕ و چەسپاوانە هەمان یاسا ئایینییەکان دەگرێتەوە.

سێهەم- هێزی ڕاستەقینەی یاسا ئایینییەکان لەوەدایە کە خەڵک ئیمان و بڕوایان پێیان هەیە، ئەوە لەکاتێکدایە کە هێزی یاسا مەدەنییەکان لەو ترس و تۆقاندنەوە دایە کە ئەو یاسایانە لەنێو خەڵکدا دروستی دەکەن. لەلایەکی تریشەوە هەر چەندێکی یاسا ئایینییەکان کۆنتر بن، کاریگەرییەکی زۆرتریان دەبێ چونکە بیروبۆچوونە نوێیەکان ناتوانن بخزێنە ناویانەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە هێزی یاسا مەدەنییەکان لە تازەبوونیان دایە، چونکە یاسادانەرەکان بەوەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سەردەم و بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا یاساکان دادەڕێژن و هەرچەندە هەلومەرجی ئێستا زۆرتر وەبەرچاو بگیرێ هێزی یاسا مەدەنییەکان زۆرتر گەشەدەسێنێ.

## بەشی سێهەم: ئەو یاسا مەدەنیيانەی کە پێچەوانەی یاسا سروشتییەکانن

ئەفلاتون لە کتێبی نۆیەمی (یاسا)ی خۆیدا دەڵێ: هەرکاتێ کۆیلەیەک لەکاتی بەرگری کردن لە خۆی پیاوێکی ئازادی کوشت، سزاکەی وەکو سزای ئەو کەسە وایە کە تاوانی کوشتنی باوکی خۆی ئەنجام دابێت. ئەو یاسا مەدەنییە بەپێچەوانەی یاسای سروشتییە، چونکە یاسای سروشتی هانی مرۆڤ دەدا کە کاتێ هێرشی کرایە سەر بەرگری لەخۆی بکات.

لەسەردەمی هێنری هەشتەمدا یاسایەکیان دانا کە بەپێی ئەو یاسایە دەتوانرا بەبێ ئامادە بوونی شاهید حوکم بەسەر تاوانباردا بدرێ. ئەو یاسایەش پێچەوانەی یاسای سروشتی بوو، چونکە دەبێ تاوانبار و شاهید لە دادگادا یەکتری ببینن بۆ ئەوەی شاهیدەکە بەبێ هەڵە دان بەوە دابنێ ئەوە هەر ئەو پیاوەیە کە بە بەرچاوی ئەوەوە تاوانی کوشتنی ئەنجام داوەو تاوانبارەکەش بەنۆرەی خۆی بتوانێ لەکاتی ڕوودانی هەڵە بیری شاهیدەکە ڕۆشن بکاتەوەو تێبگەیەنێ ئەو کەسەی ئەو بینیویەتی تاوانبارەکە نەبووە.

دیسان لەسەردەمی هێنری هەشتەمدا یاسایەکی دیکەیان پەسند کرد، بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر کچێک بەر لەشوو کردن پەیوەندییەکی ناشەرعی لەگەڵ پیاوێکدا هەبووبێ و



لەکاتی مێردکردندا ئەو بابەتە لە پاشا نەگەیەنی و بۆی ڕوون نەکاتەوە ئەوا مەحکووم دەکرێ. ئەو یاسایەش پێچەوانەی یاسای سروشتییە چونکە دژی حەیاو داوێنپاکی فیتری ئافرەتە. داوای ئاشکراکردن و ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتە لە کچێک ڕێک وەکو ئەوە وایە ئێوە فەرمان بەپیاوێک بدەن کە ئەگەر هێرشی کرایە سەر نابێ بەرگری لەخۆی بکات.

لەسەردەمی هێنری دووەمدا یاسایەکیان دانابوو، ئەگەر هاتوو کچێک کۆرپەلەکەی خۆی لەنێوببات یان منداڵەکەی بمرێ و بەمەرجێ ئەو پێشتر دووگیان بوونی خۆی بە ئاگاداری دەسەڵاتدارە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە ڕانەگەیاندبێ ئەوا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێنرێ.

ئەو یاسایەش هەروەکو یاساکەی هێنری هەشتەم پێچەوانەی یاسا سروشتییەکانەو لەجیاتی ئەو یاسا توندو سەختە، ئەوەندە بەس بوو کە ئامۆژگاری کچەکە بکرابا کە لەکاتی دووگیان بووندا دووگیان بوونی خۆی بە ئاگاداری یەکێک لە خزم و کەسە نزیکەکان یان یەکێک لە مەحرەمەکانی خۆی بگەیاندباو ئەو کارەکانی ڕێک خستباو منداڵەکەی پەروەردە بکردبا، چونکە ئەو کچەی کەوتۆتە ژێر چەتری سزای یاسایەکی لەم چەشنە، بەپێی دەستووری یاسادانەرەکان ناتوانێ دان بە دووگیان بوونی خۆیدا بنێ، لەبەر ئەوەی پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتی ئەو کچە بەجۆرێک فێری حەیاو داوێنپاکییان کردووە، تەنانەت ئامادەیە بەمەرگ ڕازی بێت و باسی ئەو بابەتە نەکات.

پێشتر لەمەڕ یاسایەکەوە باس و گفتوگۆیان دەکرد کە لە ئینگلتەرا داڕێژرابوو و بەپێی ئەو یاسایە کچێکی حەوت ساڵان دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی مێرد هەڵبژێرێ و ئەوەش یەکێک لەو یاسایانە بوو کە پێچەوانەی حوکمی سروشت بوو، چونکە ئەو بابەتەیان وەبەرچاو نەگرتبوو کە سروشت بۆ پێگەیشتوویی جەستەیی و عەقڵی کاتێکی دیاریکراوی داناوەو تا ئەو کاتە نەگا ڕۆح و جەستە ناگاتە پلەی پێگەیشتوویی و ڕەسیوی و لەئاکامیشدا کچ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری سەلاحییەتی نییە.

لە ڕۆمای کۆندا باوک دەیتوانی کچەکەی ناچاربکا کە تەڵاق لە مێردەکەی خۆی وەرگرێ و تەنانەت ئەگەر کچەکە نەیەوێت داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکات. ئەو یاسایەش پێچەوانەی یاساکانی سروشتی بوو، چونکە نەدەبووایە مافی تەڵاق بکەوێتە دەستی کەسی سێهەمەوە، بەڵکو دەبێ بەردەوام ژن و مێرد ئەو بابەتە لەنێوان خۆیاندا چارەسەرو یەکاڵا بکەنەوەو بەپێی ویستی خۆیان لەیەکتری جیابنەوەو جگە لەم حاڵەتە تەڵاق دەبێتە یەکێک لە خراپترین و دزێوترین یاساکانی جیهان و بەهیچ جۆرێ لەگەڵ یاساکانی سروشتدا ناگونجێ.

## بەشی چوارەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

(کـوندەبو)ی پاشـای بۆرگـۆنی فـەرمـانی دابوو، هەرکـاتێ ژن یان منداڵی دزێک، تاوانباریی مێرد یان باوکی خۆیان ئاشکرا نەکەن، ئەوا دەکرێن بە کۆیلە. ئەمەش یەکێکە لەو یاسایانەی کە بەپێچەوانەی یاسا سروشتییەکان دارێژراوە، لەبەر ئەوەی چۆن دەگونجێ ژن یان منداڵ تاوانی مـێـرد یان باوکی خـۆیان ئاشکرا بکەن و بیـخـەنە ژێر چنگی سـزادانەوە؟... ئەو کـەسـەی ئەو یاسـایەی دانابوو ئەو خـاڵەی وەبەرچاونەگـرتبـوو کـە بۆ سزادانی تاوانێک، خەڵکی ناچاردەکرد تووشی ئەنجامدانی تاوانێکی قورستر بێن.

یاسای (رسە سوئند) مۆڵەتی دابوو بەمنداڵەکانی ئەو ژنەی کە تووشی فەحشا ببوو یان بە منداڵی مێردی ئەو ژنە تا داواکاری سزادانی لەسەر تۆمار بکەن و لەپێناوی روون بوونەوەی حەقیقەتدا کۆیلەکانی ناوماڵیش بخرێنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی وەقسەبێن. ئەو یاسـایەش دژی یاساکـانی سروشت و زۆر سـتـەمکارانە بوو، چونکە ئەگـەرچی بەرواڵەت مـەبەسـتی یاسـادانەر لەدانانی ئەو یاسایە ئەوەبوو کە پاکی ئەخلاقی جوان دابین بکات بەڵام لەوە غـافڵ بووە کـە ئەو یاسـایە نەزم و رێک و پێکی سروشـتی لەنێـو دەبات، ئەوە لەکاتێکدایە کە داوێنپاکی و ئەخلاقی جوان لە یاساکانی سروشتەوە سەرچاوە دەگرن.

نازانم ئایا تراژیدیای فێدێرتان لەسەر تەختەی شانۆ دیتووە یان نا؟ ئەگەر سەیرتان کردبێ، کاتێک کە فـێدێری ژنی باوکی هیـپـۆپۆلیت[١٢٧] عـاشقی هیـپۆپۆلیت دەبێ و خۆشەویـستی خـۆی بۆ ئەو گـەنجە دەردەبڕێ، شەرمـەندەیی و پەشیـمـانی و ئاڵۆزییـەکی دەروونی سەیر بەسەر گەنجەکەدا زاڵ دەبێ و بەهیچ جۆرێ ئامادە نییە خۆی بدا بەدەستی ژنی باوکی و تەسلیمی ببێت و تاوای لێدێت ئەو بابەتە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی فێدێر و لەلای مێردەکەی فیتنەیی لە کوڕەکەی دەکات و دەڵێ منداڵەکەی تۆ عـاشقی من بووەو بەچاوی خیانەتەوە سەیری من دەکات. باوک لە کوڕەکەی خۆی تووڕە دەبێ و بەغـەزەب و تووڕەیی خواوەندەکانی دەسپێرێ، تا دەگاتە ئەوەی کە گەنجەکە لەتاو غـەم و نەفـرەت و پەشیمانی، خۆی دەکوژێ.

ئەو خـاڵەی لێرەدا دەمـویست ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی گـەنجـەکـە بێ گـوناه بوو و هەرگـیـز دڵ و ویژدانی رێگـەی ئەوەیان پێ نەدەدا خـیـانـەتی ژنی باوک و زڕدایکی خـۆی بە ئاگـاداری باوکی بگـەیەنێ و تـەنانەت تا کـاتی مـەرگـیش ئامـادەنەبوو نهێنییەکە ئاشکرابکات.

ئەوەیە یاسای سروشت. ئەوەیە رێکخستنی سروشتی کە دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەی منداڵەکـان نەتوانن خـیـانەت بە باوک و دایک و برای خـۆیان و تەنانەت بە خـوشک و



زڕدایکی خۆیان بکەن. ئێستا ئەگەر یاسایەک دابڕێژرێ کە دژی ئەم یاسا سروشتییە بێت و بۆ نموونە منداڵەکـان ناچاربکات خیـانەت بە باوکی خـۆیان بکەن ئەوا ئەو یاسـایە زۆر ستەمکارانە دەبێت.

## بەشی پێنجـەم: لەو شـوێنەی کە یاسا مـەدەنیەکـان دەتوانن دەسـتکاری یاسا سروشتیەکان بکەن

لە ئەسـینا یاسـایەک دانرابوو کـە بەپێی رێوشـوێنەکـانی ئەو یاسـایە منداڵ ئەرکی سەرشانی بوو بژێوی باوکی دابین بکات، ئەگەر هاتوو باوکی هەژارو کەم دەرامەت بوو. بەڵام ئەم یاسایە ریزپەڕی خستبووە بەردەم سێ حاڵەتەوە، واتە لەسێ حاڵەتدا منداڵەکان ئەرکی پەیداکردنی بژێوی باوکە دەست کورت و هەژارەکانی خۆیان نەدەکەوتە سەرشان.

یەکـەم- لەکـاتێکدا کـە منداڵەکـە بەرێگەیەکی ناشـەرعی لەدایک بووبێ، واتە حەرامزادە بێت.

دووەم- لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو باوکەکە منداڵەکەی خۆی ناچارکردبێ هەندێ کاری ئەوتۆ ئەنجام بدا کە پێچەوانەی شەرافەت و ئابڕوویە.

سێهـەم- ئەگەرهاتوو باوکەکـە هیچ پیشـەیەکی فـێری منداڵەکەی نەکردبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات.

بنەمای بیرۆکەی یاسادانەرەکان سەبارەت بەو سێ حاڵەتە لەسەر ئەوە دامەزرابوو: لە حـاڵەتی یەکـەمـدا لەبەر ئەوەی بـاوکـەکـە ئەرکی سـروشـتی خـۆی دیاری نەکـردووەو لەرێگەیەکی یاساییەوە ئەنجامی نەداوەو بە ئیهمالیەوە جووتبوونێکی ناشەرعی بە ئەنجام گەیاندووە، شایەنی یارمەتی و دەست گرتن نییە.

لە حاڵەتی دووەمدا بەوەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە ئابڕوو و شەرافەتی منداڵەکەی لەکەدار کردووەو بەهۆی سـووک کردنی ئەخلاقییـەوە گەورەترین زەبری لێ داوە، شایەنی هاوکاری و هاوڕێیەتی نییە.

لە حاڵەتی سێهەمدا لەبەر ئەوەی باوکەکە بەهۆی فێرنەکردنی پیشەیەکی تایبەتەوە، لە گـۆڕەپانی هەوڵـدان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، منداڵەکـەی تـووشی گـیـروگـرفـتـێکی زۆرکردووە، هەر بۆیە باوکێکی ئەوتۆ شایەنی کۆمەک و یاریدەدان نییە.

لەو سێ حـاڵەتەی سەرەوە بۆمـان دەردەکەوێ کـەوا یاسای ئەسـینا گوێی بە پەیوەندی سـروشـتی نێـوان باوک و منداڵ نەداوەو تەنیـا لەپێناوی پاراسـتنی نەزم و رێک و پێکی کۆمەڵگاوە، رەچاوی پەیوەندی سیاسی و مەدەنی ئەوانی کردووە. چونکە یاسادانەرەکانی

ئەسینا گرنگییەکی زۆریان بە بابەتی پاکی ئەخلاق دەدا و سزایەکی زۆر توندوتیژیان بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە دەبوونە هۆی تێک دان یان گەندەڵ کردنی ئەخلاقی کۆمەڵگا. بەڵام بەبڕوای من ئەگەر لەدوو حاڵەتی یەکەمدا بیروبۆچوونی یاسادانەرەکانی ئەسینا راست بێت ئەوا لە حاڵەتی سێهەمدا راست نییە.

لەحاڵەتی یەکەمدا باوک تاوانبارە، چونکە بەپێچەوانەی یاسا سروشتییەکانەوە هەڵسوکەوتی کردووەو بەجۆرێ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە کە ئەگەری ئەوە هەبووە دواتر منداڵەکە هەر لە بنەڕەتدا باوکی خۆی نەناسێ. لەحاڵەتی دووەمیشدا دیسان باوکەکە تاوانبارە، چونکە بەدەستی خۆی منداڵەکەی بەرەو هەڵدێرو خەرەندی بەدبەختی پەلکێش کردووە. بەڵام لە حاڵەتی سێهەمدا لەوانەیە تاوانەکە نەکەوێتە ئەستۆی باوک، چونکە هەموو کەس توانای ئەوەی نییە کە پیشەیەک فێری منداڵەکەی بکات و گریمان باوکەکە تواناو ئیمکاناتی ئەوەشی هەبوو پیشەیەک فێری منداڵەکەی بکات بەڵام کەمتەرخەمی لەو کارەدا ئەنجام داوە. ئەو کەمتەرخەمییە وەکو کەمتەرخەمییەکی مەدەنی سەیری دەکرێ و کەمتەرخەمییەکی سروشتی نییە واتە کەمتەرخەمییەکە بەپێچەوانەو دژی یاسا سروشتییەکان نییە.

## بەشی شەشەم: مەسەلەی میرات پەیوەندی بە یاسا سیاسی و مەدەنییەکانەوە هەیەو هیچ پەیوەندییەکی بە یاساو مافە سروشتییەکانەوە نییە

لە یاسای وکن دا مۆڵەتی ئەوە بە ئافرەت نەدرابوو ببێ بە میراتگر، تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکە کچی کەسە مردووەکەش بووایە.

سەن ئوگۆستن پێشەوای ئایینی مەسیحییەکان دەیگوت: هیچ یاسایەک لەو یاسایە زاڵمانەتر نییە کە ئافرەتەکان لە میرات بێ بەش دەکا. مارکۆلف قەشەی عیسەوی کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ژیاوە، ئەویش ئەو یاسایە بە یاسایەکی ستەمکارانە لە قەڵەم دەداو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ کچەکان ببنە میراتگری باوکیان. ژۆستینین ئیمپراتۆری مەسیحی رۆما لایەنگری ئەوەبوو کە ئافرەتەکان بتوانن ببنە میراتگر و ئەو یاسایەش کە ژنەکان لە میرات بێ بەش دەکا لە روانگەی ئەوەوە یاسایەکی بەربەریانە بوو.

ئەو بیروبۆچوون و لایەنگرییەی کە لە ئافرەت کراوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندێ لە یاسادانەرەکان مافی منداڵیان لە میراتگری باوکدا بەمافێکی سروشتی داناوە، لەکاتێکدا وانییە. هەرچەندە یاسا سروشتییەکان فەرمان بە باوکەکان دەدەن منداڵەکانی



خۆیان گەورە بکەن و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکەن، بەڵام باوکەکان ناچار ناکات میراتەکەشیان بۆ منداڵەکانیان بەجێ بێڵن.

دابەشکردنی دارایی لەکاتی ژیان و یان لەدوای مەرگ بەشێوەی میرات و دانی ئەو داراییە بەمنداڵ و پاشماوەکان، لەژێر سایەی پێکهاتنی کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە، چونکە لەسەرەتای ژیانی مرۆڤدا، بەردەوام لەدوای مردنی یەکێک لە تاکەکان، سەبارەت بەدارایی ئەو تاکەکەسە کۆمەڵگا بڕیاری وەردەگرت، کەواتە رێکخستنی بابەتی میرات پەیوەندی بە یاسا مەدەنی و سیاسییەکانەوە هەیە نەک یاسا سروشتییەکان. هەرچەندە رێکخستنی سروشتی زۆربەی کات وادەخوازێ کە منداڵەکان ببنە میراتگری باوکیان، بەڵام ئەو بابەتە لەرووی مافی سروشتییەوە ئیلزامی نییە.

لەسەدەکانی ناوەڕاست لە کاتێکدا پەیڕەوی لە بنچینەی دەرەبەگایەتی دەکرا بەپێی هەندێ بەڵگەی مەعقول لە ئەوروپا بڕیاریان دابوو کە گەورەترین کوڕ و لەکاتی نەبوونی منداڵی کوڕدا نزیکترین کوڕی بنەماڵەکە ببێتە میراتگرو کچەکانی بەهیچ جۆرێ مافی میراتگرییان نەبێت. بەڵام لە یاسای هۆزەکانی لۆمبارد دا هاتبوو نەک هەر کچەکان مافی ئەوەیان هەیە ببنە میراتگر بەڵکو خوشک و منداڵە ناشەرعییەکانی مردوو و لەکاتی نەبوونی ئەوانیشدا خەزێنەی گشتی وڵات خاوەن بەش بێت لە وەرگرتنی میراتدا.

لەهەندێ بنەماڵەی پاشاکاندا بڕیار لەسەر ئەوە درابوو کە منداڵەکانی پاشا لە پاش مردنی باوکیان مافی ئەوەیان نییە بچنە سەرتەختی پاشایەتی، بەڵکو لەجیاتی ئەوە براکانی پاشا ببنە میراتگری تاج و کورسی سەڵتەنەت.

ئەو کەسانەی ئەو یاسایەیان داڕشتبوو، مەبەستی سەرەکیان پاراستنی بەرژەوەندی وڵات بوو، چونکە منداڵەکانی پاشا بەهۆی کەم تەمەنی و کەم ئەزموونییەوەو لەبەر ئەوەی دەکەوتنە ژێرنفووزی حەرەمسەرایی و خواجەکانەوە، هەر بۆیە سەلاحیەتی ئەوەیان نەبوو جڵەوی پاشایەتی بگرنە دەست، ئەوە لەکاتێکدا بوو براکانی پاشا بەهۆی گەورەیی تەمەن و هەبوونی ئەزموون توانایی ئەوەیان هەبوو پلەوپایەی پاشایەتی بەڕێوەبەرن. ئەو کەسانەی براکانیان وەکو داگیرکاری تەخت و تاجی پاشایەتی ناساندووە، بەرژەوەندی وڵاتیان وەبەرچاو نەگرتووەو تەنیا گرنگییان بە داب و نەریتەکان داوە.

بەپێی داب و نەریتی وڵاتی نائومێدی (ئەلجەزیرەی ئێستا) کاتێک کە ئوساس پاشای ئەو شوێنە کۆچی دوایی کرد، براکەی گالا لەجیاتی ئەو چووە سەرتەختی پاشایەتی و بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێمە کوڕەکەی نەبوو بە پاشای وڵات.

ئەمڕۆ لەناوچەی بەربەرەکان کە دەکەوێتە باکووری ئەفریقا هەر گوندێک سەرۆکی خۆی

هەیە و کاتێ سەرۆک کۆچی دوایی کرد ئەوا مامەکەی یان یەکێکی دیکە لە بنەماڵە دەبێتە میراتگری پلەوپایەکەی و کوڕەکە لەگەیشتن بەپلەوپایەی باوکی بێ بەش کراوە.

لەجیهاندا هەندێ وڵاتی ئەوتۆ هەن کەبنچینەی پاشایەتی لەوێدا بەپێی هەڵبژاردن دەبێ. واتە هەر کە پاشا کۆچی دوایی کرد بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی میللەت، پاشایەکی دیکە هەڵدەبژێرن. شتێکی ئاساییە لەم جۆرە حاڵەتەدا بابەتی سپاردنی میراتی تەخت و تاجی پاشا کۆچ کردووەکەش بەپێی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا و لەسەربنەمای یاسا سیاسی و مەدەنییەکان ڕێک دەخرێت و یاسا دیاری دەکا لەچ حاڵەتێکدا پێویستە میراتی پاشا کۆچ کردووەکە بدرێ بەمنداڵەکانی پاشاو لەچ حاڵەتێکی تردا ئەو میراتە بەکەسانی دیکە ببەخشرێت.

لەو وڵاتانەی کە فرەژنی برەوی هەیە، هەمیشە پاشا منداڵی زۆر دەخاتەوە، هەر بۆیە پرسی جێنشینی پاشا بەردەوام گیروگرفت و مشتومڕی لەسەر دەکرێ. لەم جۆرە وڵاتانەدا لەوانەیە منداڵەکانی پاشا نەتوانن بچنە سەرکورسی پاشایەتی و بۆ نموونە منداڵەکانی خوشکی پاشا جڵەوی دەسەڵات و پاشایەتی بگرنە دەست. چونکە ململانێ و پێشبڕکێ لەنێوان منداڵەکانی پاشا بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی پاشایەتی دەبێتە هۆی کێشمەکێش و مشتومڕی ناوخۆیی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی منداڵەکانی خوشکی پاشا کەم و دیاری کراون هەر بۆیە لەتوانایدا هەیە یەکێک لەمنداڵەکان، بۆ نموونە کوڕی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی پاشایەتی هەڵبژێرێ و لەسەر کورسی حوکم دایبنێ. لە هەندێ وڵاتی دیکە، بۆ نموونە لە هندستان داب و نەریتی ئایینی یان نەتەوەیی وادەخوازێ بەردەوام پاشایەتی لەژێر دەستی بنەماڵەیەکدا بێ و لەو بنەماڵەیە نەچێتەدەر و لەبەر ئەوەی هەر لەو کاتەشدا فرەژنی لەوێش باوی هەیە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی جێنشینی پاشای کۆچ کردوو خاوەنی خوێنی پاکی بنەماڵەی پاشایەتییە هەر بۆیە منداڵی خوشکی گەورەی پاشا بۆ جێگری پاشای کۆچ کردوو هەڵدەبژێرن.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە پەروەردەکردن و دابین کردنی بژێوی منداڵ لەلایەن باوکەوە بەشێکە لەو ئەرکانەی کە مافی سروشتی دیاری کردووەو خستوویەتە ئەستۆی باوک بەڵام بەخشینی میرات بەمنداڵەکان بەشێکە لە ئەرکەی مافە سیاسی و مەدەنییەکان.



## بەشی حەوتەم: کاتێ یاسای سروشتی هەبێ نابێ لەڕێگای یاسای ئایینییەوە لەمەڕ هەندێ کاروباری سروشتیی بڕیار وەربگیرێ

حەبەشییەکان ڕۆژووگرتنێکی پەنجا ڕۆژییان هەیە کە گەلێک سەخت و ئەستەمەو لەدوای تەواو بوونی ئەو پەنجا ڕۆژە بەجۆرێک کزو لاواز دەبن کە توانای هیچ چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکیان نامێنێ. تورکەکان هەرکاتێ بیانەوێ هێرش بکەنە سەر حەبەشییەکان ئەوا لەدوای ئەو ڕۆژووگرتنە پەلامارەکانیان دەست پێ دەکەن.

ڕۆژی شەممە لەنێو یەهوودییەکان وەکو ڕۆژی پشوودان دیاری کراوەو بۆ ئەوەی لەکارەکانی حەفتەیەک بحەسێنەوە دەستووریان داوە کە لەو ڕۆژەدا هیچ کارێک ئەنجام نەدرێ. بەڵام ئەو پەڕی بێ عەقڵییە ئەگەر بێتو دوژمن لەڕۆژی شەممەدا پەلاماری یەهوودیەکان بداو لەلای خۆی وای دانابێ ڕۆژی بێ کاریەو هەر بۆیە یەهوودییەکان بەرگری لە خۆیان ناکەن.

کامبیزی پاشای ئێرانی کاتێ هێرشی کردە سەر میسرو دەوری پلوزی گرت، لەریزی پێشەوەی لەشکری ئێرانییەکاندا هەندێ ئاژەڵی ئەوتۆی دانابوو کە لە ڕوانگەی میسرییەکانەوە پیرۆز بوون و هەر بۆیە سەربازگەی شار جورئەتیان نەکرد تیریان بەرەو ڕوو باوێژن و لە ئاکامیشدا شار داگیرکرا. لەکاتێکدا کە بەپێی حوکمی عەقڵ، بەرگری سروشتی لەسەرووی هەموو یاساکان و تەنانەت یاسا ئایینییەکانیشە.

## بەشی هەشتەم: ئەو بابەتانەی لەڕێگای یاسای مەدەنییەوە ڕێک خراون نابێ بەهۆی یاسای ئایینییەوە ڕێک بخرێن

بەپێی یاساکانی ڕۆما ئەگەر کەسێک شتێکی تایبەتی لەشوێنێکی پیرۆز دزیبا ئەوا تەنیا بەتاوانی دزی کردن سزا دەدرا، بەڵام بەپێی یاساکانی شەرع هەر ئەوکەسە حوکمی سووکایەتی کردن بەدینیشی بەسەردا دەسەپێنرا، چونکە یاسا ئایینییەکان گرنگییان بەشوێنی دزییەکە دەدا لەکاتێکدا یاسا مەدەنییەکان تەنیا گرنگیان بەشتە دزراوەکە دەدا. تەنیاو تەنیا وەبەرچاوگرتنی شوێنی دزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە یاسادانەر گرنگی بە ماهییەتی دزی و چۆنیەتی سووکایەتی کردن بەئایین نەدات.

لەرابردوودا هەروەک چۆن پیاو دەیتوانی بەهۆی خیانەتی ژنەکەیەوە داوای تەڵاق بکات. ژنەکەش لەتوانایدا هەبوو بەهۆی بێ وەفایی پیاوەکەیەوە داوای تەڵاق وەرگرتن بکات. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو یاسایە بەتەواوی دژی داب و نەریتی ڕۆمانەکان

بوو و تەنیا پاش ئەوەی دینی مەسیحی لە ڕۆمادا گەشەی سەند، توانرا ئەو نەریتە بچەسپێنرێت.

هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پێشەواو یاسادانەرە ئایینییەکان تەنیا گرنگییان بە یاساکانی شەرع دەدا و لە گۆشەنیگایەکی ئایینییەوە سەیری ژیانی هاوسەریان دەکرد. شتێکی ئاساییە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا خیانەت و بێ وەفایی ژن و مێرد بە یەکسانی سەیری دەکرێ و هیچ جیاوازییەکی یان لە نێواندا نییە، بەڵام یاسا سیاسی و مەدەنییەکانی هەموو وڵاتانی جیهان جیاوازییان لەنێوان بێ وەفایی ژن و مێرددا داناوەو بەو جۆرەی کە عەقڵ حوکم دەکا ئەو دوو بابەتەیان لە یەکتری جیاکردۆتەوەو لەسەر ئەو بڕوایە بوونە کە پێویستە خۆپارێزی و داوێنپاکی ژن لەهی پیاو زیاتر بێت، چونکە ژن هەرکە پاکێتی خۆی لەدەست دا ئەوا ئیدی هەموو سیفەتە جوانەکانی تریشی لەدەست دەداو هەرکە یاسای ژیانی هاوسەری لەرووی وەفاداری و پاراستنی داوێنپاکییەوە پێشێل کرد وابەستەیی و پەیوەندی خۆی بەرامبەر بە مێردو بنەماڵەکەی خۆی لەدەست دەدا، دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی سروشت نەیوبستووە ئەو ژنە خائین بێت هەر بۆیە خیانەتەکەی لەرێگای هەندێ نیشانەی دیارەوە ئاشکراکردووە. بەم جۆرە ئەگەرهاتوو ژنەکە خیانەتی بەمێردەکەی کردو منداڵێکی ناشەرعی هێنایە سەر دونیا، بەناچاری ئەرکی چاودێریکردنی ئەو منداڵە دەکەوێتە سەر ئەستۆی مێردەکە لەکاتێکدا کە ژنەکەی بەهیچ جۆرێک چاودێری لەمنداڵە ناشەرعییەکانی ئەو ناکات و دابین کردنی بژێوی ئەوان ناکەوێتە سەرشانی ژنەکەی.

### بەشی نۆیەم: بەکەمی وا ڕێک دەکەوێ ئەو بابەتانەی لەرێگای بنچینەکانی یاسای مەدەنییەوە چارەسەرو یەکلا دەکرێنەوە، بەهۆی یاسا ئایینییەکانیشەوە چارەسەر بکرێن

بەشێوەیەکی گشتی یاسا ئایینییەکان خودان مەزنی و شکۆمەندی و رووحانیەتن، ئەوە لەکاتێک دایە کە یاسا مەدەنییەکان درێژە پێدەری پێداویستییەکانی ناو کۆمەڵگان و بەو ئاراستەیە کاردەکەن. لەبەر ئەوەی یاسا ئایینییەکان لەپێناوی کامڵ کردنی تاکەکانی مرۆڤایەتی دانراون، هەر بۆیە زیاتر گرنگی بەباشی و بەختەوەری تاکەکان دەدەن و هانیان دەدەن ئەو یاسایانە جێبەجێ بکەن و لەرووی گرنگییەوە، بەختەوەری کۆمەڵگا بەپلەی دووەم دێت. بەڵام یاسا مەدەنییەکان بەپێچەوانەی یاسا ئایینییەکان گرنگی بەباشی و بەختەوەری هەموو تاکەکان واتە کۆمەڵگا دەدەن.



کەواتە یاسا ئایینییەکان هەرچەندە جێگای رێزو شکۆمەندی بن نابێ بکرێنە بنەمای یاسا مەدەنییەکان.

لەسەردەمە دێرینەکانی رابردوودا، ڕۆمانەکان لەپێناوی پاککردنی ئەخلاق و پاراستنی داوێنپاکی ئافرەتەکان هەندێ یاسایان دارشت کە زۆرتر لایەنی ڕێوشوێنی سیاسیان هەبوو. هەروەها پاش ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە ڕۆما سەقامگیر بوو، هەر سەبارەت بەو بابەتە هەندێ یاسا هاتنە ئاراوە کە زیاتر لایەنی یاسایی مەدەنییان هەبوو، بەڵام کاتێ دینی مەسیحی لە ڕۆمادا چەسپێنرا، ئەو یاسایەی لەپێناوی پارێزگاری کردن لە داوێنپاکی ئافرەتەکان دارێژرابوو زۆرتر گرنگی بەلایەنی پیرۆزی و قودسیەتی ژیانی هاوسەری دابوو و یاسادانەرەکان رەچاوی ئاسایشی کۆمەڵگایان نەدەکرد، بۆ نموونە، لەسەرەتادا بەپێی یاسای ڕۆمی هەرکاتێ پیاوێک ژنەکەی خۆی پاش مەحکومیەتی ئەخلاقی (واتە مەحکوم بوون بە فەحشا) بباتەوە ماڵێ، وەکو ئەوە وابوو کە شەریکە تاوانی ئەوبێت.

ژوستینینی ئیمپراتۆری مەسیحی ڕۆما فەرمانیدا؛ پیاو دەتوانێ ژنە مەحکووم کراوەکەی خۆی بباتەوە ماڵێ بەو مەرجەی کە ژنەکەی بۆ ماوەی دووساڵ لەدێرێکدا نیشتەجێ بووبێ و ژیانی بەسەربردبێ. ئەگەر پیاوێک چووبا بەرەکانی جەنگ و ژنەکە هیچ هەواڵێکی لێ نەزانیبا ئەوا دەیتوانی زۆر بە ئاسانی مێردێکی دیکە بکاتەوە، چونکە مافی تەڵاق لەژێر دەستی ئەودابوو، بەڵام لە یاسای کۆنستانتینیندا هاتبوو کە هەر ئەو ژنە پێویستە بۆماوەی چوارساڵ راوەستێ و لەپاش ئەو چوار ساڵە ئەو کات ئیدی دەیتوانی داوای تەڵاق بکات و مێردێکی دیکە بکاتەوە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر مێردەکەشی گەڕابایەوە نەیدەتوانی تۆمەتی زینا بخاتە پاڵ ژنەکەیەوە. بەڵام ژوستنین بەپێی یاسایەکی دیکە فەرمانیدا هەرچەندە لەماوەی نادیاری و ون بوونی مێردەکە تێپەڕێت ژنەکە ناتوانێ مێردێکی تر بکاتەوە، تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەتوانێ ئەگەر بەپێی شاهیدی و سوێندی فەرماندەی جەنگ بتوانێ مردنی مێردەکەی خۆی بسەلمێنێ.

ژوستنین کاتێ ئەو یاسایەی دانا مەبەستی سەرەکی دەستەبەرکردن و دانان بوو بە گرنگی و پیرۆزی پلەو پایەی ژیانی هاوسەری، بەڵام لەم بەشەدا پەنای بۆ توندڕەوی برد، چونکە بۆ دەرخستنی مەرگی مێرد داوای پێشاندانی بەڵگەیەکی پۆزەتیڤی لە ئافرەت دەکرد، لەکاتێکدا تەنیا بەڵگەیەکی نێگەتیڤ واتە نەگەڕانەوەی مێردەکە لەماوەیەکی دیاری کراودا بۆ ئەو حاڵەتە بەس بوو.

ئەو یاسایە داوای لە ئافرەت دەکرد کارێکی یەکجار سەخت و دژوار ئەنجام بدا و

چارەنووسی پیاوێک دیاری بکا کە چۆتە بەرەکانی جەنگ و ژیانی خۆی خستۆتە بەردەم هەزاران رووداوی چاوەڕوان نەکراو، بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە پیاوەکە دەستی لە ژنەکەی خۆی هەڵنەگرتووەو رای نەکردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە قبوولّ کردنی مەرگی مێرد لەو حاڵەتەدا وەکو کارێکی عەقڵانی و سروشتی سەیری دەکرێ و لە ئاکامدا ئەو یاسایە زیان بە بەرژەوەندی تاکەکان دەگەیەنێ چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتێک بەبێ مێرد و سەرپەرشت بمێنێتەوەو تووشی جۆرەها هەڕەشە و مەترسی ببێتەوەو لە کۆتاییشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بگەیەنێ.

بەپێی یاسای ژوستنێن ئیمپراتۆری مەسیحی رۆما، ئەگەر ژن و مێرد ویستبایان لە یەکتری جیاببنەوە تەنیا بەمەرجێک دەیانتوانی تەڵاق لەیەکتر وەربگرن ئەگەر رازیبان لەسەر ئەوەی هەردووکیان لەدێردا نیشتەجێ بووبان.

ئەو یاسایە گرنگییەکی یەکجار زۆری داوە بەلایەنی ئایینی ژیانی هاوسەری و بەشێوەیەکی موتڵەقیش بەرژەوەندی تاکەکانی پشتگوێ خستووە. ئەو یاسایە لەگەڵ بنچینەکانی یاسای مەدەنیدا دژایەتی هەیە، چونکە ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تەڵاق جۆراوجۆرو جیاوازن و و ناتوانرێ پێش بینی ئەو هۆکارانە بکرێ لەکاتی پێک هێنانی ژیانی هاوسەریدا. ئەگەر ئەو سەختگیریانەی یاسا ئایینیەکان لەسەر تەڵاقیان داناوە، تەنیا لە پێناوی پاراستنی شەرەف و داوێنپاکیدا بێت ئەوا دەتوانین بە رێگەییەکی ئاسانتر ئەو ئامانجە بپێکین، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە واتە پاراستنی پاکی و ناموس بەشێک لە مەیلە فیتریەکانی مرۆڤ پێک دێنێ. جگە لەوە یاسا ئایینییەکەی ژوستینێن لەگەڵ بنچینەکانی تەڵاقدا نەدەگونجا چونکە بە پێی بنەماکانی عەقڵ بۆیە تەڵاقدان روودەدا تاکو دواتر ژن و پیاوەکە بتوانن ژیانی هاوسەری پێک بێننەوە بەڵام ئەو یاسایە ناچاری دەکردن بچن لە نێو دێرەکان دا نیشتەجێ بن و چاو لە پێکهێنانەوەی ژیانی هاوسەری بپۆشن.

گریمان مەبەستی سەرەکی یاسادانەر ئەوە بوو کە ژن و پیاوەکە بوونی خۆیان تەرخان بکەن بۆ عیبادەت و پەرستنی خوداوەند، بەڵام دیسان مەبەست و ئامانجی سەرەکی یاسادانەر وەدی نەدەهات چونکە ئەوان بە ئارەزوو و ویستی خۆیان ئەو کارەیان ئەنجام نەدەدا و کردەوەکەیان بە هیچ جۆرێ نیەتێکی دەروونی لەگەڵدا نەبوو و ئاشکراشە کە لەم جۆرە کارو کردەوانەدا نییەت پێویستە.



## بەشی دەیەم: لە چ حاڵەتێکدا پێویستە گوێڕایەڵی یاسا مەدەنییەکان بین و پەیڕەوی لە یاسا ئایینییەکان نەکەین

ئەگەر هاتوو دینێک کە دژی فرە ژنییە چووە نێو وڵاتێکەوە کە فرە ژنی تێیدا جایز بوو، ئەوا لەو کاتەدا نابێ یاسا مەدەنیەکان مۆڵەتی ئەوە بدەن بە پیاوێک کە چەندین ژنی هەیە ئەو دینە قبوولّ بکات، چونکە ئەگەر مۆڵەتی بدەن ناچار دەبێ ژنەکانی خۆی تەڵاق بدات. تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ ئەگەر بێتوو بەپێی یاسایەکی دیکە بیر لە چارەسەرێکی تایبەت بۆ چارەنووس و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنەکان بکرێتەوە، ئەگینا ئافرەتەکان تووشی چارەنووسێکی دڵتەزێن دەبن و لە ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی خۆیان بێ بەش دەبن.

## بەشی یازدەهەم: پرەنسیپەکانی دادگاییکردنی مرۆیی نابێ هاوشێوەی پرەنسیپی دادگایی رۆژی دوایی بێت

دادگای پشکنینی بیروباوەڕی گشتی (تفتیش عقاید « ئەنکیزا سیۆن»)[١٢٨] کە بە پێی دادگاییکردنی رۆژی دوایی لە لایەن قەشەکانەوە پێک هێنراوە و، بە پێی رۆحی ئەو دادگایە گوناهبارەکان لە نێو ئاگردا دەسوتێنن، دژی شارستانییەتە. هەروەکو ئاشکرایە دامەزراندن و مانەوەی ئەو دادگایە، لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ خۆپیشاندان و دژایەتی توندی خەڵک بەرەو رووبووە و ئەگەر تاکو ئێستا ئەو دادگایانە توانیویانە بمێننەوە تەنیا هۆیەکەی بۆ ئەو دژایەتی و مشتومڕە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان دژ و نەیارەکانیدا هەیە. ئەو دادگایە لە هەر وڵاتێک و لە نێو هەر جۆرە حکومەتێکدا دامەزرێ زیانبەخشە و هیچ سوودێکی لێ ناکەوێتەوە، چونکە لە نێو حکومەتە پاشاییەکاندا دەبێتە هۆی پەروەردە کردن و بارهێنانی خائینەکان و لەو وڵاتە کۆماریەکاندا دەبێتە یارمەتیدەری فەسادی ئەخلاقی و لە حکومەت ئیستبدادییەکانیشدا هەروەکو بنچینەکانی خودی ئیستبداد دەبێتە هۆی وێران کردنی کۆمەڵگا.

## بەشی دوازدەهەم: درێژەی بابەتی پێشوو

یەکێک لە پرەنسیپە دژیەک و ئاوەژووەکانی دادگایی پشکنینی بیروباوەڕ کە بە پێچەوانەی شێوازی دادگاییکردنە ئەوەیە، هەر کاتێ دوو تاوانبار دەبرێنە بەردەمی دادگا، ئەو کەسەی دان بە گوناهی خۆی دادەنێ ئەوا حوکمی سزادانی بەسەردا ناسەپێنرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی کە ئینکاری گوناهەکەی خۆی دەکا لە نێو ئاگردا دەسوتێنرێت.

دەرچوونی حوکم بەم جۆرە سەرچاوەکەی بۆ بیروبۆچوونە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە و پیاوە ئایینییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو کەسەی ئینکاری گوناهەکەی خۆی دەکا ئەوا کەسێکی سەرکێش و یاخییە، بەڵام ئەو کەسەی دان بە گوناهەکانی خۆی دادەنێ و داوای دڵۆڤانی و بەخشین دەکا، ئەوا گوناهەکانی دەبەخشرێ. بەڵام پێویستە ئەو خاڵە وەبەر چاو بگرین کە ئەو بنچینە ئایینییە ناکرێ لە دادگا مرۆییەکاندا جێبەجێ بکرێت، چونکە دادگای عەدلی مرۆیی تەنیا گرنگی بە کردەوەی مرۆڤەکان دەدا و هەر کەسێک کە کارێکی خراپ ئەنجام بدات لە روانگەی ئەوەوە دەبێ بە سزا بگەیەنرێت.

یاخود بە واتایەکی دیکە، عەدالەتی مرۆیی ئاگای لە دەروونی تاک و دڵی خەڵک نییە و تەنیا گرنگی بە کارو کردەوەیان دەدات، بەڵام عەدلی ئیلاهی لەبەر ئەوەی شارەزای دڵی تاکەکانە هەر بۆیە لە توانایدا هەیە جیاوازی لە نێوان تاوانباران و تۆبەکاراندا دابنێ.

## بەشی سێزدەهەم: سەبارەت بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، لە چ حاڵەتێکدا دەبێ پەیڕەوەی لە یاسا ئایینییەکان بکەین و لە چ کاتێکیشدا پێویستە پەیڕەوی لە یاسا مەدەنییەکان بکەین؟

لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و لە تەواوی وڵاتەکانی جیهاندا، دین کەم و زۆر خۆی لە بابەتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش هەڵقورتاندووە، چونکە هەر کە حاڵەتێکی نامەشرووع یان ناپاک بکەوێتە بەر دیدی خەڵک، ئەوا خەڵک پەنا بۆ دین دەبەن و داوای کۆمەک و هاوکاری لێ دەکەن بۆ ئەوەی رێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە و دینیش بە نۆرەی خۆی هەندێ جار حاڵەتەکانی پەسند کردووە و روخسارێکی شەرعی پێ بەخشیووە و هەندێ کاتیش حاڵەتەکانی رەفز کردۆتەوە. لە لایەکی ترەوە بە وەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری یەکێک لەو کارانەیە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دەدرێ، هەر بۆیە بە ناچاری وا پێویست بووە کە یاسا مەدەنییەکانیش بێنە ناو بابەتەکە و رێکیبخەن. هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە گرنگی پێکهینانی ژیانی هاوسەری و شێوازی مارە بڕینەوە هەیە و گشت ئەو بابەتانەی کە رەهەندێکی مەلە کوتی و قودوسیان بە ژیانی هاوسەری بەخشیووە و وا لە تاک و کۆمەڵەکان دەگەیەنن کە ئەو کارە لە لایەن خواوەندەوە گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێ، پەیوەندی بە دینەوە هەیە. بەڵام دەرەنجامەکانی ژیانی هاوسەری، لە رووی دارایی و ئەو ئیمتیازاتەی کە دەکەوێتە سەرشانی ژن و مێرد و بابەتی پەیوەندیدار بە بنەماڵە تازە



دامەزراوەکان و ئەو بنەماڵانەی کە ژن و مێردەکە بەجێیان هێشتووە، پەیوەندیان بە یاسا مەدەنییەکانەوە هەیە.

لەبەر ئەوەی یەکێک لە مەبەستە هەر مەزنەکانی ژیانی هاوسەری ئەوەیە کە پێشی پەیوەندییە ناشەرعییەکان بگرێت هەر بۆیە یاسا مەدەنی و ئایینییەکان بە هاوکاری و یارمەتی یەکتر هەوڵ دەدەن ئەو ئامانجە دەستەبەر بکەن. بەم جۆرە، هەروەک چۆن دین خۆی لە کاروبارەکانی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری هەڵدەقورتێنێ بۆ ئەوەی ئەو یەکگرتنە سروشتییە بە شێوەیەکی مەشرووع بە ئەنجام بگا. یاسا مەدەنییەکانیش هەندێ رێوشوێنی دیکە جێبەجێ دەکەن کە هاوکاری پتەوبوونی بناغەی پەیمانەکە بکات. یاسا ئایینییەکان بۆیە هاوکاری و یاریدەدەری پتەوبوونی بناغەی پەیمانی ژیانی هاوبەشن چونکە هیچ جۆرە دژایەتیەکیان لەگەڵ یاسا مەدەنییەکاندا نییە. بۆ نموونە لە کاتێکدا یاسا ئایینییەکان بڕیاریان داوە کە دەبێ پێکهاتنی ژیانی هاوبەش لە رێگای هەندێ رەسمیاتی تایبەتەوە بەرێوەبچێ ئەوا یاسا مەدەنییەکانیش رازی بوونی دایک و باوکیان وەکو شتێکی پێویست داناوە و ئەم دوو بابەتە بە هیچ جۆرێ دژایەتیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

بەڵام ئەگەر یاسا ئایینی و مەدەنییەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەری جیاواز بن ئەوا لەو حاڵەتەدا لەوانەیە هەندێ دژایەتی و نەگونجان لە نێوانیاندا سەر هەڵبدا. وەکو ئەوەی یاسایەکی ئایینی تەڵاق بە شتێکی جایز دانەنێ بەڵام یاسایەکی مەدەنی بەلایەوە جایز بێت.

هەندێ جار وا رێکدەکەوێ کە یاسا مەدەنییەکان لە جیاتیی ئەوەی ژیانی هاوسەری هەڵوەشێننەوە، بۆ ئەو کارە سزایان بەسەر ژن و مێردەکەدا سەپاندووە.

لە رۆمانی کۆندا بە پێی یاسای پاپی، ئەو هاوسەریەتییەی بە پێی هەلومەرجێکی تایبەت پێک نەدەهێنرا ئەوا سزای بەسەردا دەسەپێنرا، بەڵام نەدەبووە هۆی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێردەکە لە یەکتری، تا کاتێ کە ئانتوانی ئیمپراتۆری رۆما لەمەڕ ئەو بابەتە گوتارێکی پێشکەش کرد و پاشان پەنای بردە بەر رای گشتی و لە ئاکامیشدا ئەم جۆرە ژیانی هاوسەرییە بە تەواوی قەدەغە کرا. ئەم یاساغیە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر کەمبوونەوەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری هەبوو بە چەشنێکی ئەوتۆ کە ئیدی ژنیان نەدەهێنا.

لە رابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە یاسا مەدەنییەکان بە پێی هەلومەرج دادەڕێژرێ هەر بۆیە هەندێ جار بۆ رێگرتن لە زیانەکان یان چاک کردنیان کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە.

## بەشی چواردەهەم: مەسەلەی هاوسەری لە نێوان خزم و کەسەکان و پەیوەندیی لەگەڵ یاسا سروشتی و مەدەنییەکان.

قەدەغە بوونی هاوسەری لە نێوان خزم وکەسەکاندا بابەتێکی گەلێک هەستیارە و روونکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەم بابەتە پەیوەندی بە یاسا سروشتییەکانەوە هەیە یان یاسا مەدەنییەکان زۆر دژوار و سەختە و بۆ جیاوازی دانان لە نێوان ئەم دوو یاسایە پێویستە هەندێ بنچینە وەبەرچاو بگرین کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

هاوسەری نێوان کوڕ و دایک لە رووی سروشتییەوە جایز نییە و بە حوکمی یاسای سروشتی قەدەغەیە، چونکە ئەم جۆرە هاوسەرییەتییە رێکخستنی سروشتی تێک دەدا، ئاشکرایە کە ئەرکی سەرشانی منداڵ ئەوەیە کە رێز لە باوکی خۆی بگرێ و گوێڕایەڵی بێت و لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئافرەت رێز لە مێردەکەی خۆی بگرێ و گوێڕایەڵی کردنی بە یەکێک لە فەرزەکانی خۆی بزانێ، هەر بۆیە کاتێ دایک و کوڕ ژیانی هاوبەش پێک دێنن ئەم هاوسەرییە دەبێتە هۆی ئاوەژووکردن و روخاندنی بنەمای رێز و گوێڕایەڵی و لە لایەکی تریشەوە سروشت کاتی دووگیان بوونی ژنی وەپێش خستووە و ئەو کاتەشی وەدوا خستووە کە پیاو دەتوانێ منداڵ دروست بکات، ئێستا ئەگەر دایک و کوڕ ژیانی هاوسەری پێک بێنن، کاتێ منداڵەکە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی و توانای ئەوەی دەبێ منداڵ دروست بکات، ژنەکە توانای دووگیـان بوون لە دەست دەدا و ئەم جۆرە هاوسەرییەتییە دژی یاسا سروشتییەکانە.

ئەگەرچی هاوسەری نێوان باوک و کچ وەکو هاوسەری نێوان دایک و کوڕ لە رووی سروشتەوە نەفرەتی لێ نەکراوە و بەو رادەیە قێزەون نییە، چونکە لە رووی سروشتییەوە ئەو دوو ئاستەنگ و رێگرەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن لە ئارادا نین، هەر بۆیەشە تەتەرەکان ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچی خۆیان پێک دێنن بەڵام هەرگیز لەگەڵ دایکی خۆیاندا ئەو کارە ئەنجام نادەن. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە هاوسەری نێوان باوک و کچ لە رووی سروشتییەوە قێزەون و بەنەفرەت کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کردن و دابین کردنی بژێوی بۆ منداڵ یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرشانی باوک و لە هەمان کاتیشدا باوک بەردەوام نیگەرانی پاراستنی کەرامەت و داوێنپاکی ئەوانە هەتاکو کچەکانی بە لەشێکی ساخلەم و رۆحێکی پاکەوە گەورە ببن، چونکە لە ژێر سایەی هەبوونی ئەو دوو ئیمتیازەدایە کە لە دوارۆژدا بەختەوەر دەبن.

شتێکی ئاساییە کە نابێ باوک کارو کردەوەیەکی ئەوتۆ ئەنجام بدا کە بۆ خۆی ببێتە هاوکاری شێوان و تێکدانی کەرامەت و داوێنپاکی کچەکانی و ئەگەر کەسێکیش لەسەر



ئەو بڕوایە بێ کە هاوسەرێتی نابێتە هۆکاری شێواندنی کەرامەت و داوێنپاکی، پێویستە ئەوە بزانێ کە بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەبێ ژن و مێردەکە بە یەکتر رازی بن و عاشقی یەکتر بن، هەر ئەو وتووێژ و حەزلێکردنە سەرەتاییەیە کە زۆر بە توندی لە لایەن باوکەکانەوە نەفرەتی لێکراوە.

کەواتە پێویستە لە نێوان سەرپەرشتیاری کچەکان و خودی کچەکان و لە نێوان ئەو کەسانەی کە پەروەردەکارن و ئەو کەسانەی کە پەروەردە دەکرێن، لە رووی کەرامەت و داوێنپاکییەوە سنوور و نێوانێکی دیاریکراو بوونی هەبێ بۆ ئەوەی پاکی کچەکان پارێزراو بێت و هەر لەپێناوی پارێزگاری کردن لە پاکی و کەرامەت دایە کە باوکەکان بەو پەڕی هەستیارییەوە ئاگاداری ئەوەن کچەکانیان لەگەڵ ئەو گەنجانەدا تێکەڵاو نەبن کە دەبێ لە داهاتوودا مێردیان پێ بکەن بۆ ئەوەی نەکا داوێنپاکی و شەرەفیان گەردی لێ بنیشێ.

مەسەلەی هاوسەرێتی خوشک و براش هەر بەپێی هەمان هۆکاری قەدەغەبوونی هاوسەری باوک و کچ بە پێچەوانەی یاساکانی سروشتە و هەر کە دایک و باوک لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی منداڵەکانی خۆیان بە خێوکرد، بێ گومان ئەو خوشک و برایەی لە ژێر دەستی ئەوان دا پەروەردە کراون، زۆر بە توندی نەفرەت لە هاوسەری لەگەڵ یەکتر دەکەن.

لە هەندێ وڵاتدا تەنانەت هاوسەری نێوان کوڕە مام و کچە مامیش قەدەغەیە و هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە سەردەمی کۆندا کە هێشتا خەڵکی فێری لوکس نەببوون و خویان بە ژیانێکی رواڵەتیەوە نەگرتبوو، دوو برای خێزاندار لە ماڵێکدا ژیانیان بەسەر دەبرد و منداڵی ئەو دوو برایە لە ساواییەوە لەگەڵ یەکتریدا گەورە دەبوون و بە چاوی خوشک و برایەتییەوە سەیری یەکتریان دەکرد و هەر ئەو شەرم و حەیا و داوێنپاکییەی لە نێوان خوشک و براکاندا گەشەی دەسەند لە نێوان کچە مام و کوڕە مامەکانیشدا سەری هەڵدەدا.

بابەتی ژیانی بە کۆمەڵی بنەماڵەیەکی گەورە لە تاکە ماڵێک و لە ئاکامیشدا سەرهەڵدانی نەفرەت و بێزاری لە هاوسەرێتی نێوان خزم وکەسەکان بەرادەیەکی ئەوتۆ کاریگەری هەیە کە دەتوانین بڵێین شوێنەوارەکانی لە هەموو قوژبنێکی گۆی زەویدا بەرچاوە و تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە لەسەردەمە دێرینەکاندا هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەو ناوچە جۆراوجۆرانە لە ئارادا نەبووە. بۆ نموونە هیچ کەسێک لە وڵاتی رۆماوە بە سەفەر نەچووبووە ژاپۆن تاکو فێریان بکا کە هاوسەری نێوان کوڕە مام و کچە مام جایز نییە، هەروەها هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە

نێوان عەرەب و مالدیۆکاندا لە گۆڕێدا نەبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەیر دەکەین لە هەر دوو شوێندا هاوسەری نێوان خوشک و برا قەدەغە کراوە.

ئەگەر لە سەردەمە کۆنەکاندا هەندێ میللەت هاوسەری نێوان باوک و کچ و خوشک و برایان پێ کارێکی رەوا بوو بێ ئەوا نەتەوە دانا و تێگەیشتووەکان پەیڕەویان لێ نەکردوون و ئەوە جگە لەوەی کە بیروباوەڕی ئایینی کاریگەری لەسەر ئەو کردەوە ناشایستەدا هەبووە و خەڵک لە ژێر کاریگەری یاسا ئایینییەکاندا پەنایان بۆ ئەم جۆرە هاوسەرییەتییە بردووە. بۆ نموونە هەر کاتێ لە سەدە کۆنەکاندا ئاشوورییەکان لەگەڵ دایکی خۆیان و ئێرانییەکان لەگەڵ خوشکی خۆیاندا ژیانی هاوسەرییان پێک هێنابێ ئەوا دەستەی یەکەم بۆ ڕێزگرتن لە سەمیرامیس و دەستەی دووەم بە پێی دەستووراتەکانی دینی زەردەشت ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

کاتێ کە میسرییەکان لەگەڵ خۆشکەکانی خۆیاندا ژیانی هاوبەشیان پێک دەهێنا تەنیا لە پێناوی پەیڕەویکردن لە حوکمە ئایینی و پەیڕەوی لە حوکمی ئیزیس بوو. لەبەر ئەوەی لە رابردوودا یاسا ئایینییەکان بە جۆرێک بوون کە دەبوایە تاکەکان بە پێچەوانەی ئیرادە و حەزی دەروونی خۆیان لە ڕێگای خواوەندەکاندا هەندێ کاریان بە ئەنجام بگەیاندبا، هەر بۆیە نابێ پێمان وابێ ئەم جۆرە هاوسەرییە، هاوسەرییەکی سروشتی بووە.

ئێستا دەتوانین لەوە تێبگەین کە کامە جۆر ژیانی هاوسەری بە پێی یاسا سروشتییەکان و کامە ژیانی هاوبەشیش لەسەر بنەمای یاسا مەدەنییەکان قەدەغە کراون.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە، منداڵەکان لە ماڵی دایک و باوکی خۆیان ژیان بەسەر دەبەن و لەوانەیە لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش هەر لەوێ بمێننەوە، هەر بۆیە بۆ پاراستنی پاکی و حەیای سروشتی هاوسەریی نێوان زاوا و دایکی بووک و هاوسەریی نێوان بووک و باوکی مێردەکە قەدەغە کراوە و ئەم جۆرە یاساغییە لەسەر بنەمای یاسا سروشتییەکان دامەزراوە و نابێ لە ڕێگایەکی دیکەوە یاسا مەدەنییەکان ئەو جۆرە هاوسەرییە ئازاد بکەن.

لە نێو هەندێ نەتەوەدا کە کوڕە مام و کچە مام لە ماڵێکدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوا هاوسەری ئەو دوانە بە پێی حوکمی یاسا سروشتییەکان قەدەغەیە، بەڵام لە نێو هەندێ میللەتی دیکەدا هەر کامەیان لە ماڵی سەربەخۆدا ژیان بەسەر دەبەن هەر بۆیە پێکهاتنی هاوسەری لە نێوانیاندا رەوایە و لە هەندێ شوێندا کە سروشت ڕێگەی بەم جۆرە هاوسەرییە داوە یاسا مەدەنییەکانیش پێشی ئەم جۆرە کارەیان نەگرتووە.



بە وەبەرچاو گرتنی ئەو راستییە کە زۆربەی کات مێردی خوشک و ژنی برا لە ماڵێکدا ژیان بەسەر نابەن، هەر بۆیە پێکهاتنی ژیانی هاوسەری لە نێوان ئەواندا بە پێی حوکمی یاسا سروشتییەکان قەدەغە نییە و ئازادە و ئەگەر هەندێ جار لە هەندێ ناوچەدا ئەو هاوسەرێتییە قەدەغەیە ئەوا بە حوکمی یاسا مەدەنییەکان ئەو کارە دەکرێ و پەیوەندی بە یاسا سروشتییەکانەوە نییە و پەیڕەوی لە هەلومەرجی تایبەت و ئەخلاق و داب و نەریتی ناوچەیی ناکات.

یاساغیە سروشتییەکانی بەردەم پێکهاتنی ژیانی هاوسەری، واتە ئەو یاساغیانەی کە سەرچاوەکەیان بۆ یاسا سروشتییەکان دەگەڕێتەوە بەردەوام بە نەگۆڕی دەمێننەوە، چونکە هەمیشە ملکەچی ئەمرێکی نەگۆڕ و جێگیرن کە ئەویش هەمان پێکەوە ژیانی باوک و دایک و منداڵەکانە لە تاکە ماڵێکدا. بەڵام یاساغی یاسا مەدەنیەکان سەبارەت بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێ، چونکە دەکەونە ژێر کاریگەری فاکتەرە گۆڕاوەکان. هەندێ جار وارێکدەکەوێ کە کوڕە مام و کچە مام لە ماڵێکدا ژیان بەسەر دەبەن و هەندێ جاریش هەر کامەیان لە ماڵێکی سەربەخۆدا ژیان بەسەر دەبەن، هەر بۆیە لە حاڵەتی یەکەمدا پێکهاتنی ژیانی هاوبەش جایز نییە بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ئازاد و جایز کراوە.

هەر ئەو هۆیەیە کە وایکردووە یاسای موسا و یاساکانی میسر پێکهاتنی ژیانی هاوسەری نێوان مێردی خوشک و ژنی برا بە کارێکی جایز دابنێن، لە کاتێکدا کە لە نێو نەتەوەکانی تردا ئەم جۆرە هاوسەرێتیە قەدەغە کراوە. لە هیندستان ئەم جۆرە هاوسەرییە جایزە، چونکە لەو وڵاتەدا مام وەکو باوک سەیری دەکرێ و لەسەری پێویستە کە بە چاوی باوک و منداڵیەوە سەیری برازاکانی خۆی بکات و بژێوی ژیان و هۆیەکانی ژیانی هاوسەریان بۆ دابین بکات. دیسان هەر لەو وڵاتەدا بە هۆی هەستێکی ناسک وشایانی ڕێز لێگیران، پێکهاتنی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خوشکی ژنەکەدا رەوا و ئازادە و ئەگەر بێتو ژنی پیاوێک کۆچی دوایی بکا ئەوا دەتوانێ لەگەڵ خوشکی ژنەکەی خۆیدا ژیانی هاوبەش پێک بێنی، چونکە لەو حاڵەتەدا ژنە نوێیەکە دەبێتە پووری منداڵەکانی پیاوەکە هەر بۆیە وەکو منداڵی خۆی چاودێری و سەرپەرشتیان دەکان.

## بەشی پازدەهەم: ئەو کێشانەی لە ڕێگای مافی سیاسییەوە چارەسەر دەکرێن نابێ بە پێی مافی مەدەنی یەکاڵا بکرێنەوە

مرۆڤەکان لە سەرەتادا خاوەن ئازادییەکی سروشتی و بەربەرییانە بوون، بەڵام دواتر

چاویان لەو ئازادییە سروشتییە پۆشی و خۆیان خزاندە ژێر دەسەڵاتی ڕێوشوێنی یاسا سیاسییەکان و لە هەمان کاتیشدا وازیان لە بەشداریکردنی سروشتی لە سامان و دارایی یەکتر هێناوە، ڕازی بوون بەوەی لە ژێر چەتری ڕێوشوێنی یاسا مەدەنییەکاندا ژیان بەسەر بەرن، بەجۆرێک کە ماڵ و دارایی هەر کەس تایبەت بێ بە خۆیەوە.

یاسا سیاسییەکان بوونە هۆی ئەوەی تاکە پێشکەوتوو و شارستانییەکان بتوانن سوود لە ئازادی وەربگرن و یاسا مەدەنییەکانیش دانیان بە مالکییەتی تاکەکان دانا. کەواتە نابێ ئەو بابەتانەی کە سەر بە ڕێوشوێنی یاسا مەدەنییەکانن و پێویستە بەهۆی ئەو یاسایانەوە یەکالا بکرێنەوە، لە ژێر سایەی جێبەجێ کردنی یاسا سیاسییەکاندا چارەسەر بکرێن، چونکە هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یاسا سیاسییەکان لە پێناوی بەرێوەبردنی بنچینەی ئازادی تاکەکان دارێژراون و ئەوە لە کاتێکدایە کە یاسا مەدەنییەکان زامنی موڵکایەتی تاکەکانن.

ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێ بەرژەوەندی تاکەکان بکرێتە قوربانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و بەم ڕێگە دەیانەوێ ئەوە لە خەڵک بگەیەنن کە پێویستە ماڵ و دارایی تاکەکەسێک لە ڕێگای بەرژەوەندی کۆمەڵگادا سەرف بکرێ، دەیانەوێ گومانەکان لە نێو ببەن.

بەڵێ پێویستە بەرژەوەندی تاک بکرێتە قوربانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا، بەڵام کاتێ کە بابەتی یاسای سیاسی لە ئارادایە، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەکرێ ئازادی یەک یان چەند کەسێک فیدای بەرژەوەندی وڵات بکرێ، بۆ نموونە لەسەردەمی جەنگدا. بەڵام ئەو پێناسەیە بۆ ئەو کاتەی کە مەسەلەی دارایی و موڵکایەتی خەڵک لە گۆڕێیە ناگونجێ، چونکە بەرژەوەندی کۆمەڵگا وا دەخوازێ و تەنانەت بەرژەوەندی کۆمەڵگا بریتییە لەوەی هەر کام لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە پێی ڕێوشوێنی یاسای مەدەنی خاوەنی سامان و دارایی خۆیان بن.

شیشرۆن دەیگوت: یاسای وەرزێری (یاسای دابەشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی) یاسایەکی زۆر خراپە، چونکە بنەمای شارستانییەت لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە هەموو کەسێک خاوەنی سامان و دارایی خۆی بێت و ئەو یاسایە زیان بەم بنچینەیە دەگەیەنێ. کەواتە پێویستە بەردەوام ئەو بنچینەیە وەبەر چاو بگرین کە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە هیچ جۆرێ لەوەدا نییە کە بە پێی ڕێوشوێنی یاسا سیاسییەکان مافی موڵکایەتی تاکەکەسەکان پێشێل بکرێت و تەنانەت نابێ بەشێک لە سامان و داراییەکەشی داگیر بکرێ، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەو کارە دەگونجێ ئەگەر بێتو بە پێی



ڕێوشوێنی یاسای مەدەنی زەرەر و زیانەکانی بۆ قەرە بوو بکرێتەوە.

هەر کاتێک کۆمەڵگا بۆ خۆی پێویستی بە دراو هەبێ، بە هیچ جۆرێ نابێ پەنا بۆ یاسا و ڕێوشوێنە سیاسییەکان ببات... ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵات بیانەوێت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا باڵاخانەیەک یان شەقامێک دروست بکەن، پێویستە بۆ خۆیان خەرجییەکانی ئەو کارە دابین بکەن و ئەو کۆمەڵگایەی کە خوازیاری ئەو باڵاخانەیە یان شەقامەیە ڕێک وەکو مرۆڤێکی ئاساییە کە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی دیکەدا مامەڵە دەکات و یاسای مەدەنیش زامنی دابینکردنی بەرژەوەندی مامەڵەچییەکانە.

هەرگیز ناتوانین بە پەنابردن بۆ یاسا سیاسییەکان کەسێک ناچار بکەین کە میراتەکەی خۆی ببەخشێ، چونکە یەکێک لە دیارترین باشی و ئیمتیازاتەکانی یاسای مەدەنی بۆ تاکەکان ئەوەیە کە هیچ کەسێک نەتوانێ خۆی لە سامان و دارایی ئەوان هەڵقورتێنێ و دەستی تێوەر بدات.

تەنانەت دوای ئەوەی نەتەوە بەربەرەکان وڵاتی ڕۆمایان داگیر کرد و سەرەڕای ئەوەی خۆیان بە ئازاد دادەنا، هەر ئەو ئازادییە ئەوانی بەرەو دادپەروەری ئینساف ڕێنوێنی و پەلکێش دەکرد و توندترین و ترسناکترین مافەکانی خۆیانیان بەو پەڕی هێمنی و ئارامییەوە داوا دەکردەوە. ئەو کەسانەی بڕوا بەو قسەیە ناکەن با سەیرێکی کتێبی «بومانوار» بکەن کە سەبارەت بەشێوازی حوکمدان لە سەدەی نوزدەی زایینیدا نووسراوە.

شێوازی شەقام دروستکردن لە لای ئەو میللەتە بەربەرانە ڕێک وەکو هی ئەو سەردەمە بووە کاتێک کە دروستکردنی شەقامێک خەرجییەکی زۆری هەڵدەگرت، ڕێگایەکی دیکەیان دروست دەکرد کە لەو خەرجی کەمتری تێچووبا و هەرزانتر تەواو ببا و تا ئەو شوێنەی بۆیان گونجابا شەقامە نوێیەکەیان لە نزیک شەقامە کۆنەکە دروست دەکرد. نرخی (تعویض) ئەو زەوی و زارانەی خەڵکیشیان لە باجی ڕێگاکان دەدایەوە کە دەکەوتنە نێوەڕاستی شەقام و ڕێگاوبانەکان و بە پێی یاسا مەدەنییەکان لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوتیان دەکرد.

### بەشی شازدەهەم: ئەو کێشەیەی پێویستە بە یاسای سیاسی ڕێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە نابێ بە هۆی یاسای مەدەنییەوە یەکالا بکرێت

ئەگەر هاتوو ئەو ڕێوشوێنانەی کە تایبەتن بە مافی موڵکایەتی تاکەکانی وڵات بە هەڵە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنەی تایبەتە بە مافی ئازادی تێکەڵاو نەکەین ئەوا چۆنیەتی و ماهییەتی هەموو بابەتەکان ئاشکرا دەبێت و بۆمان دەردەکەوێ کە هەریەک لەم بابەتانە

بە کامە یاسا چارەسەر و یەکالا بکەینەوە. بۆ نموونە کاتێ بابەتی خۆتێهەڵقورتاندن و دەست تێوەردانی زەوی و زار و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەوڵەت لە ئارادا بێ ئەوا پێویستە ئەم بابەتە لە ڕێگای یاسای سیاسییەوە چارەسەر و یەکالا بکرێتەوە نەک بە هۆی یاسا مەدەنییەکان، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: هەروەک چۆن لە نێوخۆی وڵاتدا بۆ ڕێکخستنی موڵکایەتی خەڵک پێویستە یاسای مەدەنی لە گۆڕێدا بێ هەر بەم جۆرەش پێویستە دەوڵەت لە پێناوی مانەوەی خۆی و شوێنی نیشتەجێبوونی زەوی و زاری تایبەت بە خۆی هەبێ. ئێستا ئەگەر بێتو دەست بەسەر زەوی و زارەکانی دەوڵەتدا بگرن و دەست لە کاروبارەکانی وەردەن، دەوڵەت ناچار دەبێ لە پێناوی ئەملاک و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی سەرمایەیەکی دیکە کۆبکاتەوە و لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو پارە و سەرمایەیە لە چنگی خەڵک دەربێنێ، هەر بۆیە دەبێتە هۆی نارەزایی خەڵک و لە ئاکامیشدا هۆکارەکانی داروخانی بنەمای دەوڵەت سەرهەڵدەدەن. کەواتە مومتەلەکات و شوێنی نیشتەجێبوون، بەشێکی ترن لە سەرمایەی دەوڵەت بەڵام نابێ دەستکاری ئەو زەوی و زارانە بکرێت و لە چنگی دەوڵەت دەربهێنرێت.

لە نێو حکومەتە پاشایەتییەکاندا یاسای میراتگری بە قازانجی دەوڵەتە و تا کاتێک کە ئەو یاسایە کاری پێدەکرێ و جێبەجێ دەکرێ کەم و کوڕییەکانی حکومەتی ئیستبدادی کە لەم جۆرە حکومەتەدا هەموو شتێک بە شێوازێکی سەرەڕۆیانە ئەنجام دەدرێ و ڕەچاوی هیچ چەشنە یاسایەک ناکرێ، سەرهەڵنادات.

نابێ بە هەڵە لەم بابەتە تێ بگەین؛ یاسای میراتگری لە نێو حکومەتە سەڵتەنەتییەکان بۆ چاککردنی بنەماڵەی پاشایەتی دانەڕێژراوە، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی وڵات ئەو یاسایە دانراوە، چونکە بەرژەوەندی وڵات لەوەدایە کە پاشایەتی پشتاوپشت و بە میرات بێت و سامان و دارایی پاشا پاش مردنی بۆ منداڵ و بنەماڵەکەی بەجێ بمێنێ. ئەو یاسایەی میراتی تاکەکان ڕێکدەخات و بە پێی ئەو یاسایە سامان و دارایی مردووەکە بە ڕێژەیەکی ئاشکرا و دیاریکراو بۆ خزم و کەسەکان بەجێ دەمێنێ، یاسایەکی مەدەنیە کە پارێزەر و زامنی بەرژەوەندی تاکەکانە، بەڵام ئەو یاسایەی بابەتی میراتگری لە نێو حکومەتە پاشایەتییەکان ڕێکدەخا یاسایەکی سیاسییە، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەو یاسایە پاراستن و زامن کردنی مافی تاکەکان نییە بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەو یاسایە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و مانەوەی دەوڵەتە.

لەو پێناسەیەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە هەرکاتێ یاسا سیاسییەکان هەندێ ڕێوشوێنی میراتگریان چەسپاندو پاشان بابەتی سەرەکی واتە بابەتی میراتگری لە نێوچوو



لەو حاڵەتەدا هیچ مانایەکی نییە هەندێ کەس بە پشتیبوانی یاسا مەدەنییەکان داوای میرات بکەن، هەروەها ناتوانن بە پاڵپشتی یاسای مەدەنی نەتەوەکانی تریش داوای میرات بکەن چونکە یاسای هەر میللەتێک تایبەتە بە خودی میللەتەکە و هەموو نەتەوەیەک یاسا بۆ خۆی دادەڕێژێ نەک بۆ نەتەوەی تر. بۆنموونە یاسا مەدەنییەکانی فەڕەنسا لە وڵاتێکی دیکەدا ناکرێ جێبەجێ بکرێن هەروەک چۆن یاسای نەتەوەکانی دیکەش نابێ لە فەڕەنسا جێبەجێ بکرێت. هەر کاتێ یاسا سیاسییەکان بنەماڵەیەکیان لە میرات بێ بەش کرد ئیدی ئەو بنەماڵەیە نابێ و ناتوانێ بە پاڵپشتی یاسا مەدەنییەکان داوای میرات بکات، چونکە بەردەوام مەبەستی سەرەکی داواکاری ئەم جۆرە بنەمالانە داگیرکردنی وڵاتەکان و فەرمانڕەوایی کردنە بەسەر نەتەوە گەورە و بچووکەکاندا. زۆر مایەی گاڵتەجاڕیە لە شوێنێکدا کە پرسی وڵات یان جیهان لە گۆڕێ دایە بابەتێکی بەم شێوەیە، بە پێی بنچینەکانی یاسای مەدەنی، کە تایبەتە بە داواکاری فلانە کەس سەبارەت بە پلوسک یان جۆگەلەی ئاو، چارەسەر و یەکالا بکرێتەوە. (ئەو ڕستەیە لە کتێبی یاسای شیشرۆن وەرگیراوە).

## بەشی حەڤدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

دوورخستنەوە یان نەفیکردن لە وڵات هەروەکو لە یۆنانی کۆندا باو بووە، پێویستە بە پشت بەستن بە یاسا سیاسییەکان ئەنجام بدرێ نەک یاسا مەدەنییەکان.[١٢٩] ئەم جۆرە دوورخستنەوەیە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس نەک هەر زیان بە بنچینەی حکومەتی کۆماری ناگەیەنێ کە لەسەر بنەمای ئازادی دامەزراوە بەڵکو هاوکاری و لایەنگری ئازادیشە. هەندێ کەس بۆیە تاراندن و دوورخستنەوە لە وڵات یان لە یۆنانی کۆندا بە پێچەوانەی بنچینەکانی حکومەتی گەل لە قەڵەم داوە، چونکە پێیان وابووە ئەو دوورخستنەوانە وەکو دوورخستنەوەکانی سەردەمی ئێمە زیاتر لایەنی سزادانی هەبووە، لە کاتێکدا وا نییە.

ئەرستۆ لە کتێبی کۆماردا دەڵێ: لە یۆناندا حەکیمەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون بەکارهێنانی ئەم شێوازە بە سوودە و لە کاتێکیشدا کە یۆنانییە کۆنەکان بەکارهێنانی ئەم شێوازەیان بەلاوە باش بووە هەر بۆیە نابێ ئێمە پێمان خراپ بێت چونکە سەردەمی ئێمە لەگەڵ سەردەمی ئەواندا جیاوازییەکی زۆری هەیە و ئێمە ناتوانین لە کلاوڕۆژنەی روانینی خەڵکی ئەو کات و شێوازی قەزاوەتی ئەو سەردەمە حوکم لەسەر ئەو بابەتە بدەین. ئەو یاسایە لایەنی سزادانی نەبوو بەڵکو دەبووە هۆی ڕێز لێنان و گەورە کردنەوەی

مەحکوومەکە هەر بۆیە کاتێ لە شاری ئەسینا کەڵکی خراپیان لە یاسای دوورخستنەوە وەرگرت و لە جیاتی کەسانی لێهاتوو و خاوەن نفووز، کەسانی ناشارەزا و ناقابیلیان دوورخستەوە، یاسای دوورخستنەوە ڕۆحی خۆی لە دەست داو لە نێوچوو.

یەکێک لە باشییەکانی ئەو یاسایە ئەوە بوو، کاتێ کەسە لێهاتوو و شارەزاکان نفووزێکی یەکجار زۆریان بە دەست دەهێنا و مەترسی دیکتاتۆریان لێ دەکرا، بەبێ ئەوەی ئەزیەت و ئازار بەم جۆرە کەسانە بگەیەنن بە هۆی پێشکەش کردنی ناونیشانی دوورخستنەوە لە وڵات ڕێز و پلەوپایەی مەعنەویان بەرز دەکردنەوە و ڕازی و دڵخۆشیان دەکردن و هەر لەو کاتەشدا پێشی چالاکی و جمووجۆڵی بێ بەرنامە و توندوتیژی ئەو جۆرە کەسانەیان دەگرت.

## بەشی هەژدەهەم: ئایا یاسا دژبەیەکەکان و ئەو یاسایانەی بەرواڵەت پێچەوانەی یەکترن یەکجۆرن؟

هەروەکو پلۆتارک بە ڕاشکاوی لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی (بەراوردکردنی لیکورک و نۆما) ئاماژەی پێ دەکا، لە ڕۆمای کۆندا مێردەکان ئازاد بوون ژنەکانی خۆیان بە ئەمانەت بدەن بە پیاوێکی دیکە. لە ژیاننامەی خۆیدا کاتنی زانای ڕۆما نووسیوویەتی: ئەو ژنەکەی خۆی بە ئەمانەت داوە بە هۆرتا نسیۆس. ئاشکرایە کاتن کەسێکی ئەوتۆ نەبووە کە بە پێچەوانەی یاساکانی وڵاتی خۆی بجوڵێتەوە. لە لایەکی ترەوە یاسایەکی تایبەت لە ڕۆمادا کاری پێدەکرا کە هەر کاتێ پیاوێک لە خیانەتی ژنەکەی خۆی ئاگادار بێت و بۆ سزادان نەینێرێتە دادگا یان دوای مەحکووم بوون لەلایەن دادگاوە سەر لە نوێ بیباتەوە ماڵی خۆی، ئەوا ئەو پیاوە شایەنی ئەوەیە سزا بدرێت.

ئەو دوو یاسایە واتە یاسای بە ئەمانەت دانی ژنەکان و یاساکەی دیکە لە ڕواڵەتدا پێچەوانە و دژی یەکترن. لە کاتێکدا وانییە، چونکە یاسای بە ئەمانەت دانی ژنەکان، یەکێک لەو یاسایانەیە کە بێگومان لە ئسپارتەوە بەرەو ڕۆما گوێزراوەتەوە و مەبەستی سەرەکی لە داڕشتنی ئەو یاسایە ئەوە بوو کە وڵات ببێتە خاوەنی منداڵی بەقەڵافەت و بە هێز و لە کۆتایشدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئەم یاسایە یاسایەکی سیاسییە. بەڵام یاساکەی دیکەیان کە هەڵگری سزایەکی توندوتیژە دژی ئافرەتە خیانەتکارەکان، لە پێناوی پاکژی ئەخلاق و پاراستنی حەیاو شەرەف داڕێژراوە و لە ئاکامیشدا بە یاسایەکی مەدەنی لە قەڵەم دەدرێ. ئەم دوو یاسایە دوو یاسای هاوشێوە و هاوجۆر نین و بە پێچەوانەی ئەوەی لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێ دژی یەک نین.



## بەشی نۆزدەهەم: ئەو کێشانەی پێویستە بەهۆی یاسا خێزانییەکانەوە چارەسەر بکرێن نابێ لە ڕێگای یاسا مەدەنییەکان یەکاڵا بکرێنەوە

یەکێک لە یاساکانی هۆزەکانی ویزیکۆت ئەوە بوو، هەرکاتێ کۆیلەی خێزان سەیری کردبا لە نێو ماڵدا ژن و پیاوێک بە ڕێگەیەکی ناشەرعی لەگەڵ یەکتر دەستیان تێکەڵ کردووە، ئەوا دەبوایە کۆیلەکە ژن و پیاوەکەی لە یەکتر ببەستبا و هەردووکی بۆ سزادان ببردایەتە لای مێرد یان دادوەر. ئەو یاسایە یاسایەکی زۆر خراپ و تەنانەت ترسناکیش بوو، چونکە ئەرکی سزادان و تۆڵە سەندنەوەی دەخستە سەر شانی کۆیلەکان واتە ئەو کەسانەی کە زۆر بێنرخ بوون و خاوەنی هیچ چەشنە خەسڵەتێکی باش نەبوون.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەریتی حەرەمسەرا لە ئارادایە و پاراستنی حەرەمسەراکان و پێشگیریکردن لە تێکەڵ بوونی ئافرەتەکانی نێو حەرەمسەرا لەگەڵ پیاوە بێگانەکان ئەرکی سەرشانی کۆیلەکان بوو، هەر بۆیە ئەو نەریتە خراپ نییە... لە ڕۆژهەڵات کۆیلەکان ژن و پیاوە بێ ئەخلاقەکان دەستگیر دەکەن و بە سزایان دەگەیەنن ئەو کارە هەر تەنیا لە پێناوی سزادانی ئەوان نییە بەڵکو بە ئەنجامدانی ئەو کارە دەیسەلمێنن کە ئەرکەکانی خۆیان بە باشی ڕادەپەڕێنن و بەهیچ جۆرێ غافڵ نەبوونە و لەو ڕووەوە نابێ هیچ جۆرە بەدگومانییەک ئاراستەی ئەوان بکرێ.

بەڵام ئەم یاسایە بۆ ئەو وڵاتانەی کە ژن تێیدا ئازادە و دیلی حەرەمسەرەکان نییە، یاسایەکی یەکجار زۆر خراپە، چونکە بەم جۆرە خانمی بنەماڵە ملکەچی فەرمانی کۆیلە و خزمەتکارەکان دەبێت. گریمان تاکەکانی نێو خێزانیش ناچار کران ملکەچی فەرمانی کۆیلە و خزمەتکارەکان بن، بەڵام نابێ هەرگیز ئەو نەریتە لە سنووری ڕێوشوێنی بنەماڵەیی تێپەڕ بێت و ڕوخساری یاسایەکی مەدەنی بە خۆیەوە بگرێت.

## بەشی بیستەم: ئەو کێشەیەی پێویستە بە پێی ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ یەکاڵا بکرێتەوە نابێ لە ڕێگای یاسا مەدەنییەکانەوە چارەسەر بکرێت

(مەبەست لە مافی مرۆڤ مافی نێو نەتەوەییە).

ئازادی بریتییە لەوەی تاکەکەس ناچار نەبێ کارێک ئەنجام بدات کە پێچەوانەی ڕێوشوێنە یاساییەکانە. ئەم ئازادییە تەنیا لە حاڵەتێکدا وەدیدێت ئەگەر یاسا مەدەنییەکان لە وڵاتدا جێبەجێ بکرێن. کەواتە کاتێک ئێمە دەڵێین ئازادین مەبەستمان ئەوەیە لە ژێر سایەی یاسا مەدەنییەکان ژیان بەسەر دەبەین. بەڵام بەوەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە سەرۆکی دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارەکان لە نێو خۆیاندا یاسای مەدەنییان نییە

بۆ ئەوەی لە سایەیدا ژیان بەسەر ببەن هەر بۆیە لەو نێوەدا ئازاد نین و بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە بخرێنە ژێر فشارەوە یان ئەوان گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارەکانی تر. هەر بۆیە ئەو رێککەوتنامانەی کە بە ناچاری گرێیان داوە رێک وەکو ئەو رێککەوتنە کە بە ئارەزوو و ویستی خۆیان ئیمزایان کردبێ مسداقییەتی هەیە، چونکە مانەوەی حاڵەتی زۆرەملێ، وەکو بارودۆخی ئاسایی ژیانە بۆ ئەوان.

ئێمەی تاکەکانی کۆمەڵگا کە لە ژێر سایەی یاسا مەدەنییەکاندا ژیان بەسەر دەبەین، هەر کاتێ ناچار بووین رێککەوتنێک گرێ بدەین کە بە پێچەوانەی رێوشوێنە یاساییەکانە، ئەوا بە پشت بەستن و گەڕانەوە هەر بۆ ئەو یاسا مەدەنییانە دەتوانین رێککەوتنەکە هەڵوەشێنینەوە و خۆمان لە ژێر فشاری رێککەوتنەی نایاساییەکان ئازاد بکەین. بەڵام سەرۆکی دەوڵەت و وڵاتەکان لە توانایاندا نییە کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەن و لەبەر ئەوەی زوڵم کردن و زوڵم لێکران بارودۆخێکی ئاسایی ژیانە بۆ ئەوان، هەر بۆیە ناچارن ئیلتزاماتی ئەو پەیمانانەی کە بە تۆبزی بە سەریاندا سەپێنراوە قبوڵ بکەن، چونکە ئەگەر بێتو خۆیان لە ژێر باری ئیلتزاماتەکان بدزنەوە وەکو ئەوە وایە گلەییان لە بارودۆخی ئاسایی و ژیانی هەمیشەیی خۆیان هەبێ و یان گەرەکیان بێت شوێنێک لە سەرووی سەرجەم سەرۆک دەوڵەتەکان بۆ خۆیان داگیربکەن یان سەرجەم حاکمەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و بەکورتی وەکو ئەوە وایە کە بیانەوێ بە پێچەوانەی دۆخ و سروشتی شتەکان هەڵسوکەوت و رەفتار بکەن.

## بەشی بیست و یەکەم: ئەو کێشەیەی پێویستە لە رێگای مافی نێو نەتەوەییەوە یەکاڵا بکرێتەوە نابێ بەهۆی مافی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت

یاسا سیاسییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ هەموو تاوانبارێک لە دادگایی جنایی و مەدەنی وڵاتەکەی خۆیدا دادگایی بکرێ و لە ژێر چاودێری دەسەڵاتدارەکانی ئەوێ دابێ، لە لایەکی تریشەوە بە پێی یاسا نێو نەتەوەییەکان سوڵتان و سەرۆک دەوڵەتەکان هەندێ نوێنەر لە ژێر ناوی باڵوێز دەنێرنە دەرباری یەکتری، بەڵام بەڵگە و هۆکارە سروشتییەکان مۆڵەتی ئەوە نادەن ئەو نوێنەرانە ملکەچی سوڵتان و دادگاکانی ئەو وڵاتانە بن کە لەوی میوانن.

هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم نوێنەرانە، نوێنەری بەڵێن و پەیمانی پاشای خۆیانن و پێویستە ئەو پەیمان و بەڵێنە ئازاد بێت و هیچ چەشنە ئاستەنگ و تەگەرەیەکی



لە سەر رێگا نەبێت. رەنگە هەندێ جار نوێنەر و باڵوێزەکان بکەونە بەر نەفرەت و رقی ئەو دەربارەی کارەکەیان کەوتۆتە ئەوێ، چونکە ئەوان وەکو پاشای خۆیان کە ئازاد و سەربەستە قسە دەکەن و هەر بۆیە دەبێ خاوەنی حەسانە بن و برو بیانوویان پێ نەگیرێ. نابێ باڵوێز و نوێنەری دەوڵەتێکی دیکە بەهۆی نەدانەوەی قەرز یان بە تۆمەتی تاوانباری دەست بەسەر بکرێت، چونکە ئاشکرایە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەست بەسەرا گرتنی کارێکی ئاسانە، هەر بۆیەشە پاشاکان هیچ کاتێ کەسێک بۆ باڵوێزی هەڵنابژێرن ئەگەر لە خەسڵەتە باشەکانی دڵنیا نەبن و باش نەزانن کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نادات کە زیان بە ئابرووی پاشای وڵاتی خۆی بگەیەنێ.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە دەبێت لە هەموو وڵاتەکاندا سەبارەت بە باڵوێز و نوێنەری پاشا و سەرۆکی دەوڵەتە بێگانەکان رەچاوی بنچینەکانی مافی نێو نەتەوەیی بکرێت و بە پێی یاسا سیاسییەکان هەڵسوکەوتییان لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر هاتوو باڵوێز یان نوێنەرێک پلەوپایەکەی خۆی بە شێوازێکی خراپ بەکار هێنا پێویستە لە لای پاشاکەی خۆی شکایەتی لێبکرێ و لێرەشدا لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان پاشا ئەو جۆرە نوێنەرە سزا دەدات و یان دەبێتە هاوبەشی کارو کردەوەکانی و دەردەکەوێ کە کارە ناشایستەکانی بە پێی فەرمانی پاشاکەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە.

## بەشی بیست و دووەم: بەسەر هاتی شوومی ئینکائاتۆ ئالپا

کاتێک کە ئیسپانییەکان مەکسیکیان داگیر کرد زۆر بە دڵڕەقی ئەو بنچینانەیان هەڵوەشاندەوە کە لە سەرەوە باسمان کردن و باڵوێزی مەکسیک ئینکائاتۆ ئالپایان کوشت. ئەو کەسە جگە لە رێگای مافی نێو نەتەوەییەوە نەدەبوو لە هیچ رێگایەکی ترەوە دادگایی بکرێ، بەڵام ئیسپانییەکان بە هۆی یاسا سیاسی و مەدەنییەکانەوە دادگاییان کرد و بە تاوانی ئەوەی چەندین هاوولاتی خۆی کوشتووە و چەندەها ژنی هەبووە مەحکوومیان کرد و لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو کە بە پێی یاسا سیاسی و مەدەنییەکانی ئیسپانیا دادگاییان کرد نەک لە رێگای یاساکانی مەکسیکەوە و بە ئەنجام دانی ئەو کردەوەیە مافی نێو نەتەوەییان پێشێل کرد.

**بەشی بیست و سێهەم: کاتێ یاسایەکی سیاسی لە ژێر کاریگەری هەندێ هەلومەرجدا بووە هۆی لە نێو بردنی دەوڵەت ئەوا پێویستە پەنا بۆ یاسایەکی سیاسی دیکە ببەین بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەوڵەت بکات، هەندێ جار ئەم یاسایە دەبێتە هۆکارێک بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی مافی نێو نەتەوەیی.**

کاتێ یاسا سیاسیەکانی وڵاتێک پرەنسیپێکیان بۆ سیستەمی دەسەڵات بە شێوەی پشتاوپشت بۆ حکومەت و دەوڵەت دانا و ئەو پرەنسیپە بوو بە هۆکارێک بۆ لەنێوچوونی حکومەت یان دەوڵەتەکە، نابێ پێمان وابێ یاسایەکی سیاسی دیکە ناتوانێ ئەم یاسایە بگۆڕێ و قەرە بووی زیانەکانی بکاتەوە، هەروەها نابێ پێمان وابێ ئەم یاسا نوێیە دژ و پێچەوانەی یاساکەی یەکەمە، چونکە بە شێوەیەکی گشتیی بناغەی دانانی هەر یاسایەک لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە رزگاری و بەختەوەری میللەت دابین بکات. دانانی یاسا بۆ خۆی سەرەکیترین یاسایە.

لە شوێنەکانی تری رۆحی یاساکاندا ئاماژەمان بەوە کردووە کاتێ دەوڵەتێکی گەورە بوو بە پاشکۆی دەوڵەتێکی دیکە ئەوا لاواز و بێ هێز دەبێ و دەوڵەتە گەورەکەش بەرەو لاوازی دەبا، چونکە بەرژەوەندی هەموو وڵاتێک وا دەخوازێ کە دەسەڵاتدارەکەی لە ناو خودی وڵاتەکەدا بێ و بەوردی چاودێری خەرجی دارایی گشتی و خەزێنەی دەوڵەت بکا بۆ ئەوەی دراوی وڵات لە سنوورەکانەوە بەرەو دەرەوە ئاودیو نەکرێت و نەبێتە هۆکاری هەژار بوونی وڵات و دەوڵەمەند بوونی وڵاتێکی تر.

ئەو خاڵە گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە کە دەسەڵاتداری هەر گەلێک پێویستە خاوەن ئامانج و ئاواتی تایبەت بە خۆی بێت و مێشکی بە پرەنسیپ و ئاواتی نەتەوەکانی تر نە ئاخنرابێ و لە بیری ئەوەدا نەبێت ئەو بیروبۆچوونانە لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا جێبەجێ بکات، چونکە هەموو نەتەوەیەک یاسا و داب ونەریتەکانی خۆی خۆش دەوێ و لێیان رازیە و زۆر بە کەمی روویداوە کە توانیبێتیان بە بێ خوێن ڕشتن بە یەکجار داب و نەریت و یاساکانی نەتەوەیەک بگۆڕن، مێژووی گشت نەتەوەکانی جیهان شاهیدی ئەو حەقیقەتەیە.

بەرەچاوکردنی ئەو شتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن کاتێ میراتگری پاشا و وەلی عەهدی وڵاتێک بوو بە دەسەڵاتداری وڵاتێکی دیکە، بەرژەوەندی وڵاتی یەکەم لەوەدایە کە مافی پاشایەتی لەو دەسەڵاتدارە بسێنێتەوە و بەرژەوەندی وڵاتی دووەمیش لەوەدایە کە پاشاکەی دەسەڵاتی وڵاتی یەکەم قبووڵ نەکا و مافی پاشایەتی کردنی بە سەر ئەو وڵاتەدا بەخۆی نەبەخشێ.



بەمەبەستی وەبەرچاوگرتنی ئەو بەرژەوەندییە لە سەرەتایی پاشایەتی شازادە ئەلیزابێتدا لە وڵاتی رووسیا یاسایەک دانرا کە بە پێی ئەو یاسایە پاشای هیچ وڵاتێک نەیدەتوانی لە رێگای میرات و پشتاوپشتەوە ببێتە پاشای رووسیا. یاساکانی وڵاتی پورتەگالیش پاشایەتی بێگانەکانیان لە وڵاتی پورتەگالدا لە رێگای پشتاوپشتەوە قەدەغە کردبوو.

هەر کاتێ نەتەوەیەک ترسی ئەوەی هەبێ کە بەهۆی ژن و ژنخوازی دوو بنەماڵەی پاشایەتییەوە، ئەو منداڵانەی لە دایک دەبن داوای میراتی پاشایەتی دەکەن یان لە ئاکامی ئەو خزمایەتییەدا خاکی وڵات بەرەو دابەش بوون دەچێ، دەتوانێ بە پێی یاسایەکی تایبەتی ئەو منداڵانەی لەو خزماتییەوە لە دایک دەبن لە مافی میرات بێ بەش بکات، ئاساییە کە بێ بەش کراوەکان بە هیچ جۆرێ مافی شکایەت کردنیان نییە.

**بەشی بیست و چوارەم: جیاوازی هەیە لە نێوان رێوشوێنی پۆلیسی و رێوشوێنی مەدەنی**[١٣٠]

لە گوشەنیگایەکەوە تاوانبارەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن:

دەستەیەکیان لەو کەسانە پێک دێن کە جێبەجێکاری یاسا بە سزای تاوانەکانیان دەگەیەنێت و دەستەی دووەم ئەو تاوانبارانە دەگرێتەوە کە جێبەجێکاری یاسا هەوڵی چاک (اصلاح) کردنیان دەدات. دەستەی یەکەم واتە ئەو تاوانبارانەی سزا دەدرێن، ملکەچی دەسەڵاتی یاسا دەبن، بەڵام دەستەی دووەم واتە ئەو کەسانەی چاک دەکرێن ملکەچی سەڵاحییەتی یاسان، واتە سەڵاحییەتی یاسا سەبارەت بە وان رۆڵی جێبەجێکار دەگێڕێت.

دەستەی یەکەم بە حوکمی یاسا لە کۆمەڵگا دوور دەخرێنەوە بۆ ئەوەی بە سزای تاوانەکانی خۆیان بگەیەنرێن، بەڵام دەستەی دووەم ناچار دەکرێن تاکو بە پێی رێوشوێن و لە ژێر چاودێری کۆمەڵگا ژیان بەسەر ببەن.

لە رێوشوێنەکان پۆلیس یان پاککردنی ئەخلاقدا دەست تێوەردان و کاریگەری جێبەجێکاری یاسا زۆرتر دەبینرێت، بەڵام لە حاڵەتی سزادانی تاوانبارەکاندا دەست تێوەردان و کاریگەری یاسا بەرچاوترە.

ئەو حاڵەتانەی بە پێی رێوشوێنی پۆلیسی، چارەسەر و یەکالا دەکرێنەوە، رووداو و پێشهات و بەسەر هاتی بچووک و رۆژانەن کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە ماوەیەکی دوور و درێژ نییە و رەسمیاتی یاسایی زۆری گەرەک نییە. بەڵام ئەو حاڵەتانەی سزا گەورەکان دەگرێتە خۆ، لە رووداوی رۆژانە پێک نەهاتووە و لە هەموو ساتێکیشدا

روونادات، هەر بۆیە چارەسەرکردن و یەکالا کردنی پێویستی بە جێبەجێ کردنی رەسمیاتی یاسایی زۆر و ماوەیەکی درێژ هەیە بۆ ئەوەی بە پێی یاسا حوکمی لە بارەدا بدرێت. ئەو حاڵەتانەی تایبەتن بە رێوشوێنی پۆلیسی لەبەر ئەوەی بچووک و زۆر و رۆژانەن هەر بۆیە نابێ سزای قورسیان بەسەردا بسەپێنرێت و دەتوانین ئەو حاڵەتانە لە رێگای هەندێ پەیرەونامە چارەسەر و یەکالا بکەینەوە، کەواتە نابێ بە هەڵە کێشە بچووک و تاوانە گەورەکان لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتە بکەین و ئەو حاڵەتانەی کە سزای سووکیان بۆ دانراوە لە جیاتی ئەو حاڵەتە گرنگانەی کە سزای دیاریکراوی یاسایان بۆ داڕێژراوە تێکەڵاو بکەین، چونکە ئەو دوو حاڵەتە لە رووی جۆرەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. کەواتە ئەو یاسایەی لە ئیتالیا داڕێژراوە و سزای ئیعدامی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە چەکی گەرم هەڵدەگرن، بە پێچەوانەی گرنگیی سروشتی و دۆخی شتەکانە، چونکە لەو یاسایەدا هەڵگرتنی چەک سزایەکی هێندە توندی بۆ دیاریکراوە کە لەگەڵ سزای بەکارهێنانی ئەو چەکە و کوشتندا یەکسانە و هیچ جیاوازییەکی نییە، لە کاتێکدا کە ئەنجامدانی کردەوەی یەکەم سەرپێچییەکی پۆلیسیەو بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەی دووەم جۆرە خراپەکاری و تاوانێکە و نابێ سزای ئەو دوو کردەوەیە وەکو یەک بێت.

دەگێرنەوە لە سەردەمی کۆندا ئیمپراتۆرێک فەرمانیدا نانەوایەک بخەنە سەر کلێی تەندوورەوە چونکە نانەواکە نانی کەم فرۆشتبوو ئەو کردەوەیە لە روانگەی خەڵکەوە وەکو کارێکی باش و گونجاو سەیری کرا، لە کاتێکدا کە کردەوەکەی ئیمپراتۆر لەم حاڵەتەدا بە هیچ جۆرێ شایانی ستایش نەبوو بەڵکو زۆریش ستەمکارانە بوو، چونکە سزاکە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ رادە و چۆنیەتی تاوانەکەدا ناگونجێ.

### بەشی بیست و پێنجەم: ئەو حاڵەتە تایبەتیانەی پێویستیان بە چارەسەر کردنێکی تایبەتی هەیە و شێوازی یەکالا کردنیان پەیوەندی بە ماهیەتی حاڵەتەکانەوە هەیە، نابێ رێوشوێنی یاسای مەدەنییان بەسەردا بسەپێنرێت

نابێ ئەو نەریت و رێوشوێن و یاسایانەی کە پێشتر بۆ کرێکاری کەشتییە جەنگی و بازرگانییەکان لە ماوەی سەفەرکردندا داڕێژرابوو، بە تەواوی وەلا بنرێت و لە جیاتی ئەوان یاسای مەدەنی دابنرێت، مەگەر بە رێژەیەکی دیاریکراو ئەویش کاتێ کە شێوازی ژیانی کرێکاری دەریاکان لە کاتی سەفەرکردندا وەکو بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی شارنشینی لێ بێت.



فرانسوا پیرار لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: دەریاوانە پورتەگالییەکان بنچینەو رێوشوێنە کۆنەکانی کرێکار و کارگێری کەشتییەکانیان جێبەجێ نەدەکرد، بەڵام دەریاوانە فەرەنسییەکان رەچاوی ئەو بنچینانەیان دەکرد.

بەڵام راستی ئەوەیە کە لەبەر ئەوەیە لە نێوان ژیانی دەریاوان و دانیشتووی شارەکاندا لایەنی هاوبەش گەلێک کەمە، مانەوەی ئەو بنچینانە لەگەڵ هەندێ دەستکاری و گۆڕانکاریدا باشترە لەوەی کە بە یەکجاری هەڵبوەشێنرێنەوە، چونکە کرێکاری دەریاکان لەو کەسانە پێکدێن کە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لە نێو دەریادا ژیان بەسەر دەبەن و لە درێژەی ئەو گەشتەدا پێویستییەکی ئەوتۆیان بە ئیمکانیاتەکان نابێ و لە نێو کەشتییە جەنگییە دەوڵەتی و کەشتی بازرگانی بنکە و دەزگا بازرگانییەکاندا هۆ و پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین کراوە و تاکە مەبەستی سەرەکی کرێکارەکانیش تەواو کردنی ماوەی گەشتەکەیانە. بە درێژایی ئەو سەفەرەش لە نێو کۆمەڵگادا ژیان بەسەر نابەن بەڵکو لە نێو کەشتیدا دەژین و لە راستیدا دانیشتووی کەشتییەکانن نەک دانیشتووی وڵات.

ئایا بە وەبەر چاوگرتنی ئەو شتانەی لەسەرەوە باسمان کرد، دەگونجێ ئەو یاسا و رێوشوێنەی بۆ پاراستنی رێکخستنی کۆمەڵگایەک و دابین کردنی پێداویستییەکانی داڕێژراوە لەمەڕ کەشتیوانەکانیش بە هەمان شێوە جێبەجێ بکرێت؟... هەرگیز نا.

یاسای دەریاوانەکان بە پێی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هەڵقوڵاوی هەلومەرجی دەریاوانی بووە. بۆ نموونە کاتێک کە کەشتییەکان تەنیا بە درێژایی کەنارەکاندا سەفەریان دەکرد و جورئەتی ئەوەیان نەبوو بچنە ناوەڕاستی دەریاکانەوە، خەڵکی دورگەی (رۆدس) کە دەکەوێتە دەریای ناوەڕاستەوە یاسایەکیان دانابوو کە بە پێی ئەو یاسایە لە کاتی گەردەلوول و تۆفاندا ئەرکی پاراستنی کەشتی و بارەکەی لەسەرشانی ئەو کەسانە بوو کە لە نێو کەشتییەکە بوون و ئەو کەسانەی پیادە ببوون و گەیشتبوونە کەنارەکان هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکیان نەدەکەوتە ئەستۆ.

شتێکی ئاساییە کە ئەو یاسایە بۆ ئەمڕۆ کە کەشتییەکان بە نێوەڕاستیی دەریاکاندا دەڕۆن هیچ مانایەکی نییە.

# بنەمای یاسای ڕۆمانەکان سەبارەت بە میرات و ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا کرا

## بەشی یەکەم: یاسای ڕۆمانەکان سەبارەت بە میرات

بابەتی میرات و توێژینەوە لەسەر بنەماکانی بۆ سەردەمە هەرە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی ناچارین لێکۆڵینەوە لەسەر یاسا سەرەتاییەکانی ڕۆما بکەین. ئاشکرا نییە کە ئایا بەر لە نووسەری ئەم کتێبە هیچ کەسێکی تر هەوڵی داوە توێژینەوە لە هەمبەر بنەمای یاسای میراتی ڕۆمانەکان بکات یان نا؟ بەهەر حاڵ هەروەکو پلۆتارک لە کتێبەکەی خۆی لە ژێر ناوی «بەراوردێک لە نێوان نوماو لیکورکدا» نووسیویەتی و دنیس-یش لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکا ڕۆمۆلوس دامەزرێنەری شاری ڕۆما زەوی و زاری وڵاتە بچووکەکەی خۆی بەسەر هاووڵاتییەکانیدا دابەش کرد، هەر بۆیە وا دێتە بەرچاو کە یاسای میراتی ڕۆما لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەو ڕێوشوێنەی کە بۆ دابەشکردنی زەوی و زارەکان دانرابوو وای دەخواست کە موڵکی هیچ بنەماڵەیەک نەچێتە ژێر ڕکێفی بنەماڵەیەکی ترەوە، هەر بۆیە بۆهەر بنەماڵەیەک دوو کۆمەڵە میراتگریان دیاریکرد.

کۆمەڵەی یەکەم لە منداڵ و نەوەکان پێکدەهات کە لە ژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی باوکدا ژیانیان بەسەر دەبرد و ئەم کۆمەڵەیە بە میراتگری کۆمەڵەی یەکەم ناوزەد کرابوو. کۆمەڵەی دووەم لەو کەسانە پێکدەهات کە لە کاتی نەبوونی کۆمەڵەی یەکەمدا بە نزیکترین خزم و کەسی بنەماڵە لە قەڵەم دەدران بەو مەرجەی کە لە کوڕێکی بنەماڵەکە لە دایک بووبن، ئەوانە میراتگری کۆمەڵەی دووهەمیان پێک دەهێنا.

لە ئاکامدا ئەو خزم و کەسانەی لە کچی بنەماڵەکە لە دایک دەبوون لە میرات بێ بەش دەکران، چونکە سامانی بنەماڵەیان بۆ بنەماڵەیەکی دیکە دەگواستەوە، لە کاتێکدا کە یەکێک لە بنچینەکانی ئەوەبوو کە سامان و دارایی بنەماڵە بۆ هیچ شوێنێکی دیکە نەگوێزرێتەوە.



هەر بە پشت بەستن بەو بنچینەیە فەرمانیاندا نابێ منداڵەکان ببنە میراتگری دایکیان و هەروەها نابێ دایکیش ببێتە میراتگری منداڵەکانی، چونکە سامان و دارایی بنەماڵەیان بۆ بنەماڵەیەکی دیکە دەگواستەوە. هەر بە پێی ئەو ڕێسایە لە یاسای دوازدە تابلۆکەشدا بنچینەیەکیان دارِشت کە لە کاتی نەبوونی میراتگری کۆمەڵەی یەکەم، میراتگرەکانی کۆمەڵەی دووهەم دەتوانن ببن بە میراتگر، بەڵام دایک و منداڵ نابێ هیچ بەشیان بە میراتی یەکترەوە هەبێ.

هیچ جیاوازییەکی نەبوو ئەگەر هاتبا و میراتگری کۆمەڵەی یەکەم یان دووهەم پیاو یان ئافرەت بوایە چونکە لە لای دایکەوە بە هیچ جۆرێ نەدەبوونە میراتگر و ئەگەر ئەو ئافرەتەی میراتێکی پێ بڕابوو شوی کردبا ئەوا داراییە میراتییەکە سەر لە نوێ بۆ ئەو بنەماڵەیە دەگەڕایەوە کە لێی چووبووە دەرێ، هەر بۆیە لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان میراتگری پیاو یان ژندا دانەنابوو.

دەرەنجامێکی تری ئەو بنچینەیە ئەوە بوو کە نەوەی کوڕەکان دەیانتوانی ببنە میراتگری باپیریان، بەڵام ئەو منداڵانەی لە کچی پیاوێک لە دایک بووبان نەیاندەتوانی ببنە میراتگری باپیریان و بۆ ئەوەی سامان و دارایی باوک بەرەو بنەماڵەیەکی دیکە نەگوێزرێتەوە میراتگری نێرینەی کۆمەڵەی دووهەمی پیاوێک بەسەر نەوەی کچەکەیدا ئەفزەلییەتیان هەبوو. بەم جۆرە کچ دەبوو بە میراتگری باوکی، بەڵام منداڵەکانی مافی میراتگریان نەبوو، بە کورتی لە ڕۆمای کۆندا ئافرەت دەیتوانی ببێ بە میراتگر و تەنیا لە حاڵەتێکدا لەو مافە بێ بەش دەکرا ئەگەر میراتگریەکەی دژی یاسای دابەشکردنی زەوی و زار بوایە واتە ببوایە هۆی گوێزرانەوەی موڵکی بنەماڵەیەک بۆ بنەماڵەیەکی تر.

کەواتە یاسای میرات لە ڕۆمای کۆندا یاسایەکی نێوخۆیی بوو لە یاسای دابەش کردنی زەوی و زارەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو وەکو هەندێ یاسای دیکە ڕۆمانەکان لە بێگانەکانیان وەرنەگرتبوو، چونکە ئەو کاتەی کە گەلی ڕۆما هەندێ نوێنەری بەرەو یۆنان بەڕێ کرد بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر یاساکانی ئەو وڵاتە بکەن و لە کاتی گەڕانەوەی نوێنەرەکاندا ڕۆمانەکان هەندێ لە یاسا یۆنانییەکانیان قبووڵ کرد.

دنیس دەڵێ: لەسەردەمی ئیمپراتۆر سرۆیوس تۆلیوسدا، لەبەر ئەوەی یاساکانی ڕۆمۆلوس و نۆما کۆن ببوون، ئەو ئیمپراتۆرە دەستی کرد بە نوێ کردنەوەی ئەم یاسایانە و هەندێ ڕێوشوێنی تازەی دارِشت کە بوو بە هۆکارێک بۆ بەهێز بوونی ئەو یاسایانە. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە یاسای تایبەت بە میرات لە لایەن ئەو سێ کەسەوە (ڕۆمۆس، نۆما، سرۆیوس تۆلیوس) دارِێژراوە.

لەبەر ئەوەی ڕێوشوێنی تایبەت بە میرات لە رۆما لەسەر بناغەی ماف و یاسای سیاسی دارێژرابوو، هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو بە ئارەزووی خۆی ئالوگۆڕی تێدا بکات و بە پێی حەزی خۆی وەسیەتنامە بنووسێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەخت بوو مرۆڤ لە دواین رۆژ و چرکەکانی تەمەنی خۆیدا سەلاحییەتی بەسەر ماڵ و دارایی خۆیدا نەبێ و نەتوانێ بە هۆی دیاری و بەخششەوە چاکە دەرحەق بە خەڵکانی دیکە بکات.

بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیە و بۆ ئەوەی یاسا مەدەنییەکان لەگەڵ حەز و ئارەزووی سروشتی تاکەکان بگونجێ فەرمانیاندا خەڵک بەر لە مردنیان مافی دەستوەردان و تەسەروف کردن بە ماڵ و دارایی خۆیان هەیە بەو مەرجەی وسیەتنامەکەیان لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا بنووسن. بەم جۆرە وەسیەتنامە بووە خاوەنی هێزی یاسایی چونکە لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا رێک دەخرا.

یاسای دوازدە تابلۆکە مۆڵەتی دا بە خاوەن میرات و ئەو کەسانەی دەیانویست وەسیەتنامە رێک بخەن، هەر کەسێکی پێیان خۆشە دەتوانن وەکو میراتگر دیاری بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکەین: یاسای کۆنی رۆما، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی بەبێ وەسیەتنامە ببنە میراتگر زۆر بەرتەسک کردەوە و لە لایەکی تریشەوە هەر ئەو یاسایە هەلی ئەوەی رەخساند کە خاوەن میرات بە ئارەزووی خۆی میراتگرێک هەڵبژێرێت.

ئەو دوو بابەتە لە رواڵەتدا وەکو دژ و پێچەوانەی یەکتر دێنە بەرچاو لە کاتێکدا وا نییە، چونکە رۆح و بنەماکانی ئەو دوو یاسایە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە. رۆحی یاسای یەکەم پەیوەندی بە بابەتی دابەشکردنی زەوی و زارەوە هەبوو کە نەیاندەویست زەوی و دارایی لە ماڵەوە بچێتە دەر، بەڵام بنەمای یاسای دووهەم لێرەوە سەرچاوەی گرتبوو: لەبەر ئەوەی بە پێی یاسای رۆمۆلوس باوک دەیتوانی منداڵەکەی خۆی بفرۆشێ، هەر لەو رێگەیەشەوە لە توانایدا هەبوو منداڵەکانی لە میرات بێ بەری بکا و میراتەکەی خۆی بدا بە کەسێکی دیکە.

لە یاسا کۆنەکانی ئەسینادا رێکخستنی وەسیەتنامە کارێکی ئازاد نەبوو و خەڵکی ئەسینا مافی نووسینی وەسیەتنامەیان نەبوو.

بەڵام پلۆتارک لە کتێبی ژیاننامەی سۆلۆندا نووسیویەتی: «سۆلۆن نووسینی وەسیەتنامەی ئازاد کرد و تەنیا ئەو کەسانەی خاوەن منداڵ بوون نەیاندەتوانی وەسیەتنامە بنووسن واتە ماڵ و دارایی خۆیان بۆ ژێر دەستی کەسانی تر بگوێزنەوە».

بەڵام یاسادانەرە رۆمانەکان لە سونگەی ئەفزەلییەت و توانای باوک بەسەر کوڕدا



مۆڵەتی ئەوەیان دا کە خاوەن میرات دەتوانێ وەسیەتنامە لە دژی بەرژەوەندی کوڕەکەی خۆی بنووسێ و لە میرات بێ بەشی بکات.

پێویستە دان بەو راستییەدا بنێین کە یاسا کۆنەکانی ئەسینا سەبارەت بە میرات لە یاساکانی رۆمادا باشترن، چونکە لە رۆما خەڵک دەیتوانی بە بێ هیچ کۆسپ و مەرجێک وەسیەتنامە بنووسێ و هەر کەسێکی حەز لێ بوو میراتەکەی خۆی بداتێ، رۆح و فەلسەفەی یاسای سیاسی میرات کە بنەماکەی لەسەر دابەشکردنی زەوی و زارەکان دامەزرابوو، لە نێوچوو و ئەو بابەتە بووە هۆی ئەوەی جیاوازییەکی لە ڕادەبەدەر لە نێو چینی هەژار و دەوڵەمەندا سەرهەڵبدات، چونکە تاکەکەسێک لە چەندین لاوە میراتی بۆ بەجێ دەما و دەستی بەسەر زەوی و زارێکی پان و بەریندا دەگرت و لەو سۆنگەیەشەوە نسبەت بە خەڵکانی تر کە خاوەنی هیچ شتێک نەبوون پلەوپایەی باشتر دەبوو. ئەو کات ئیدی ئەو جیاوازی چینایەتی و جیاوازییە لە ڕادەبەدەرەی نێوان هەژار و دەوڵەمەند بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی رۆما لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام داوای سەر لە نوێ پێداچوونەوە بە دابەشکردنی زەوی و زارەکان بکەن. چ لەو سەردەمەدا کە سادەیی ژیانی ئاوێتە بە هەژاری و نەداری یەکێک لە خەسڵەتەکانی گەلی رۆما بوو، چ لەو قۆناغەدا کە لوکسپەرستی و زیدەڕۆیی لە خەرج کردن و دەست پێوەنەگرتن سیفاتی هەرە دیاریان بوو، هەمیشە ئەو داواکارییەیان بەرز دەکردەوە.

بەهەر حاڵ بەو پێیە کە فەرمان درابوو وەسیەتنامەکان لە نێو ئەنجوومەنی نەتەوەییدا بنووسرێ بۆ ئەوەی شێوەیەکی یاسایی بگرێ بە خۆیەوە، بەڵام ئەو کەسانەی لە بەرەکانی جەنگ بوون نەیاندەتوانی لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا ئامادە بن، هەر بۆیە مۆڵەتی ئەوە بە سەربازەکان درابوو کە وەسیەتنامەکانی خۆیان بە ئامادەبوونی دۆستانیان بنووسن. ئەو وەسیەتنامەیە رێک وەکو ئەو وەسیەتنامەیە سەیری دەکرا کە لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا نووسرا بێت و شێویەکی یاسایی پێ دەبەخشرا.

لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی گەورەی نەتەوەیی هەموو ساڵێک تەنیا دووجار کۆدەبووەوە و هاوکاتیش ژمارەی دانیشتوانی رۆما رووی لە زیاد بوون دەکرد و ئیش و کاریش بووژانەوە و گەشەسەندنێکی باشی بە خۆیەوە بینیبوو، فەرمان درا خەڵک مافی ئەوەیان هەبێ وەسیەتنامەکەی خۆیان بە ئامادەبوونی پێنج کەسی پێگەیشتوو کە هەر کامێکیان نوێنەری یەکێک لە پێنج چینەکەی میللەتی رۆما بێت رێک بخات و بە ئامادەبوونی ئەو پێنج کەسە میراتگر سامان و دارایی لە وەسیەتکارەکە دەکڕێ واتە دەیگواستەوە بۆ خۆی و کەسێکی دیکە لە رێگای تەرازووەوە نرخی ماڵ و سامانە

بەجێماوەکەی دیاری دەکرد و بەهاکەی دەکێشا، چونکە لەو مێژووەدا رۆمانەکان پارەیان نەبووە و بەهای شتەکانیان بە هۆی کێشانی هەندێ کانزاوە دیاری دەکرد.

پێویستە ئەوە بزانین کە لەو مامەڵەیەدا کڕیارەکە دەکاتە میراتگرەکە، هەموو شتێکی خاوەن میراتەکە و تەنانەت بنەماڵەکەشی دەکڕی. بەڵام ژوستینین دەڵێت: ئەو کڕین و فرۆشتنە مەجازی و خەیاڵی بووە. لە سەرەتادا راست بوو، بەڵام دواتر حاڵەتێکی مەجازی بە خۆیەوە گرت. بەشێکی گرنگی یاسای رۆمانەکان کە دواتر سەبارەت بە میرات دانرا سەرچاوەکە هەر ئەو کڕین و فرۆشتنە بووە. ئەو کەسانەی گەرەکیانە لەمەڕ ئەو بابەتەوە بەڵگەی تەواو وەدەست بێنن پێویستە سەیری ئولپین بکەن.

مرۆڤی شێت و کەڕو لاڵ نەیاندەتوانی وەسیەتنامە رێک بخەن، چونکە کەڕەکان گوێیان لە قسەی کڕیارەکە نەدەبوو و لاڵەکان نەیاندەتوانی مەرج و رێوشوێنی مامەڵەکەی خۆیان بەیان بکەن و ناوی میراتگرەکە دووبارە بکەنەوە و شێتەکانیش کە کڕین و فرۆشتنیان لێ قەدەغە کرابوو نەیاندەتوانی بنەماڵەی خۆیان بفرۆشن.

لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا وەسیەتنامە لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا دەنووسرا هەر بۆیە زۆرتر لایەنی مافی سیاسی هەبوو نەک مافی مەدەنی و لە راستیدا وەکو مافی گشتی سەیری دەکرا نەک وەک مافی تایبەتی و تاکەکەسی. هەر بۆیە باوک نەیدەتوانی مۆڵەتی ئەوە بدا بە منداڵەکەی تا وەسیەتنامە رێکبخات و سوود لە مافی تاکەکەسی خۆی وەرگرێت.

لە نێو بەشێکی زۆری نەتەوە کۆنەکاندا رێکخستنی وەسیەتنامە لەگەڵ مامەڵەیەکی ئاساییدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە وەسیەتنامەشیان وەکو مامەڵەی ئاسایی و پاشکۆی ئیرادەی فەردی و سوود وەرگرتنێک لە مافی تاکەکەسی سەیر کردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە رۆمای کۆندا وەسیەتنامە لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا رێک دەخرا و لایەنی مافی گشتی بە خۆیەوە گرتبوو رەسمیاتی تایبەت بە خۆی بوو کە هاوشێوەی رێکخستن و نووسینی مامەڵە و بەڵگەنامەی ئاسایی نەبوو. تاکو ئێستاش ئەو رەسمیاتە لە وڵاتی فەڕەنسا (کە لە دانانی یاساکاندا سوودیان لە مافی رۆمای کۆن وەرگرتووە) هەر ماوە.

لەبەر ئەوەی وەسیەتنامە لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا دەنووسرا و رەهەندێکی یاسای نەتەوەیی بە خۆوە گرتبوو، دەبوایە بە جۆرێک بنووسرێ کە هەروەکو یاسا راشکاو و ئامرانە بێت. هەر بۆیە لە رۆمای کۆندا هیچ کەسێک نەیدەتوانی ماڵ و دارایی بەجێماوی خۆی بدا بە کەسێکی دیکە ئەگەر هاتباو بە دەستەواژەیەکی ئامرانە دەری نەبڕیبا. بۆ



نموونە دەبوایە بڵێ (تی تیۆس تۆ ببە بە میراتگری من) هەر بەو هۆیە دەیانتوانی ماڵ و دارایی بە جێماوی خۆیان بدەن بە خەڵکانی تر و میراتگری حەقیقی لە میراتەکە بێ بەش بکەن. بەڵام هیچ کاتێک بۆ ئاڵوێری میرات نەیاندەتوانی نێوبژیوان هەڵبژێرن واتە تکا و داوا لە کەسێک بکەن کە میراتەکەیان بدا بە کەسێکی دیکە چونکە لەو کارەدا وەسیەتکار و وەسیەتپێکراو لەگەڵ یەکتردا رووبەروو نەدەبوونەوە و فەرمانەکە بە راشکاوی لە لایەن خاوەن میراتەکەوە بە میراتگرەکە ڕا نەدەگەیەنرا.

کاتێک کە باوک کوڕەکەی خۆی وەکو جێبەجێکاری وەسیەتەکەی خۆی هەڵنەدەبژارد و هەر لەو کاتەشدا لە میرات بێ بەشی نەدەکرد، وەسیەتنامەکە هەڵدەوەشایەوە و ئەگەر کچەکەی خۆی نەکردبا بە جێبەجێکاری وەسیەتەکەی خۆی و هەر لەو کاتەدا لە میراتیش بێ بەشی نەدەکرد، وەسیەتنامەکە هەروەکو خۆی دەمایەوە و کاری پێ دەکرا.

بە بڕوای من هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە حاڵەتی یەکەمدا نەوەکانی لە میرات بێ بەش دەبوون، چونکە بە پێی وەسیەتنامەی باپیری باوکی میراتگر نەبوو، تەنیا بۆ خۆی بەشە میراتێکی وەبەر کەوتبوو، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا زیان بە مافی منداڵی کچەکە نەدەگەیشت، چونکە ئەوان بەبێ بوونی وەسیەتنامەش نەدەبوونە میراتگری، دایکیان لەبەر ئەوەی بە خزم و کەسی کۆمەڵەی یەکەم و دووهەمی خاوەن میراتەکە لە قەڵەم نەدەدران.

هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد یاسا سەرەتاییەکانی رۆما لە هەمبەر میرات لە کاتی دابەشکردنی زەوی و زارەکانەوە سەری هەڵدا و بە هیچ جۆرێ گرنگی بە بەرتەسک کردنەوەی سامان و دارایی ئافرەتەکان نەدەدا و لەبەر ئەوەی بەردەوام سامان و لوکسپەرستی هاوتەریب و جووتەی یەکترن، لەم رێگایەوە هۆیەکانی خۆڕازاندنەوە و لوکس بۆ ئافرەتەکان پێک هات. بەڵام لە دووهەمین و سێهەمین جەنگی نێوان رۆما و کارتاژەکاندا کەم و کوڕییەکانی لوکسپەرستی و سامانی لە ڕادەبەدەری ئافرەتەکان بە دیار کەوت و لەو سەردەمەدا یەکێک لە نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بە ناوی کتۆس ڤیکۆنیۆس یاسایەکی پێشنیار کرد کە بە یاسای ڤیکۆنی ناوزەدکراوە.

ئەگەرچی سەبارەت بەو یاسایە تاکو ئێستا گەلێک بابەتی جۆراوجۆر نووسراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکان تەم و مژاوین، من تێدەکۆشم تیشکیان بخەمە سەر، بۆ ئەوەی بۆتان دەرکەوێ کە بۆچی بابەتەکان روون و ئاشکرا نەبوونەو هەندێ نموونەیان لێ دێنمەوە پاشان بیروبۆچوونی خۆمیان لەسەر دەنووسم.

شیشرۆن لە کاتی یەکێک لە خوتبەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی تەم و مژاوی دەڵێ:

یاسای ڤیکۆنی دژی میراتگری ئافرەتەکان بوو، جا ئەو ئافرەتە مێردی کردبا یان نا.

تیت لیڤیش کە ئاماژەی بە یاسای ڤیکۆنی کردووە هیچ روونکردنەوەی لە بارەوە نەنووسیوە.

بە شێوەیەکی گشتی بە پێی وتەکانی شیشرۆن و سەن ئۆگۆستین بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت تاقانە کچی کەسە مردووەکەش لە میرات بێ بەش کراوە.

(کاتن) بە هەموو هێزی خۆیەوە تێکۆشا یاسای ڤیکۆنی جێبەجێ بکات. ئولوژل لە یەکێک لە خوتبەکانی خۆیدا بەرگری لەم یاسایە دەکات و لەسەر ئەو بڕوایەیە ئەگەر بێتو ئافرەتەکان بێبەش بکرێن ئەوا لوکسپەرستی لە نێو دەچێ و لە شوێنێکی دیکەشدا هەر ئەم ئولوژلە بە مەبەستی لە نێو بردنی لوکسپەرستی، ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ یاسایەکی پێشنیار کراو لە لایەن یەکێک لە نوێنەرەکانی ئەنجوومەنەوە بە ناوی ئوپیۆس دەربڕی بوو.

لە یادداشتەکانی تیۆفیل و ژوستینیندا لەمەڕ بەشێک لە یاسای ڤیکۆنی قسە کراوە کە گوایە بەخشینی قەدەغە کردووە و هەندێ کەس کە ئەم بەشەیان خوێندۆتەوە پێیان وایە هۆکاری قەدەغەکردنی بەخشین لە یاسای ڤیکۆنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نەکا خاوەن میراتەکە بە ڕادەیەک ماڵ و داراییەکەی خۆی ببەخشێ کە ئیدی میراتگرەکە بە هۆی کەمی داراییە بەجێماوەکە میراتەکە قبووڵ نەکات. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە یاسادانەرەکان مەبەستێکی تریان هەبووە، یاسادانەر ویستویەتی بە یەکجاری ئافرەتەکان لە میرات بێ بەش بکات و ئەگەر پیاوەکان توانیبایان سامان و دارایی خۆیان ببەخشنەوە لەوانە بوو بەر لە مردنیان هەموو سامان و داراییەکەی خۆیان بە ژنەکانیان ببەخشن و لەم ڕێگەیەوە ئافرەتەکە دەبووە خاوەنی سامان و دارایی بەجێماوی پیاوەکە بەبێ ئەوەی بووبێت بە میراتگری.

ئێستا دێمە سەر باسی بۆچوونی خۆم سەبارەت بە یاسای ڤیکۆنی... یاسای ڤیکۆنی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە داڕێژرا بوو کە پێشی سامانی زۆر و زەوەندی ئافرەتەکان بگرێ و هەر بۆیە خاوەندارێتی میراتی گەورەی لە ئافرەتەکان قەدەغە کردبوو. وێڕای ئەوەی ئافرەتەکانی لە میرات بێ بەش کردبوو فەرمانی دابوو بڕە میراتێک بە ئافرەتە بێ بەشکراوەکان بدەن چونکە میراتی کەم نەدەبووە هۆی خۆڕازاندنەوە. بەڵام شیشرۆن ئاماژە بەوە ناکات کە ئەو بڕە چەند بووە، بەڵام بە پێی وتەی دیۆن ئەو بڕە سەد هەزار سێسترێشی ڕۆمی بووە.

پێویستە ئەوە بزانین کە یاسای ڤیکۆنی لە پێناوی ئەوە دانرا کە سامان و دارایی



بەرتەسک بکاتەوە نەک هەژاری و نەداری سنووردار بکات، هەر بۆیە ئەو یاسایە تەنیا ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە ریزی پێنج چینەکەی میللەتی ڕۆمادا ناویان تۆمار کرابوو.

ئەم یاسایە تەنیا پێنج چینەکەی گەلی ڕۆمای دەگرتەوە و چینی شەشەمی نەدەگرتەوە، هەر ئەو ریزپەڕە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە کەسێک خۆیان لە ژێر باری یاسای ڤیکۆنی بدزنەوە.

خوێنەر لەوە ئاگادارە کە خەڵکی کۆنی ڕۆما لە ڕادەبەدەر پابەندی ڕەسمیات بوون و بەردەوام پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەقە یاساییەکان جێبەجێ بکرێن نەک ڕۆحی یاساکان، هەر بۆیە هەندێ باوکی ئەوتۆ هەڵدەکەوتن کە بە هیچ جۆرێ ناوی خۆیان لە ریزی پێنج چینەکەدا تۆمار نەدەکرد بۆ ئەوەی بتوانن سامان ودارایی بەجێماوی خۆیان بۆ کچەکەیان بە میرات بەجێ بێڵن یاسادانەرەکانیش ئەم کارەیان بەسەر پێچی کردن لە یاسا لە قەڵەم نەدەدا، چونکە باوکەکان دژی هیچ دەقێکی یاسایی نەدەجوڵانەوە. بۆ نموونە کەسێک بە ناوی ئاینۆس ئسلۆس کچەکەی بە میراتگری خۆی دیاری کردبوو و بە وتەی شیشرۆن هیچ کارێکی پێچەوانەی یاسای ئەنجام نەدابوو، چونکە ناوی خۆی لە ریزی پێنج چینەکەدا تۆمار نەکرد بوو.

بەڵام کەسێکی تر بە ناوی ورس کە دادوەر بوو ئەو وەسیەتنامەیەی هەڵوەشاندەوە، ئەو کات شیشرۆن دەڵێ ئەم کەسە کارێکی خراپ و پێچەوانەی ئەنجام داوە، ڕەنگە نیازێکی خراپی هەبووبێ ئەگینا ئەویش پەیڕەوی لەو نەریتە دەکرد کە سەرجەم دادوەرەکانی تر پەیڕەویان لێکردووە و وەسیەتنامەکەی هەڵنەدەوەشاندەوە. بەڵام لێرەدا خاڵێک هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش ئەوەیە کە لە ڕۆمای کۆندا هەر کەسێک ناوی لە ریزی پێنج چینەکەدا تۆمار نەکرابا، لە مافی نەتەوەیی بێ بەش دەکرا و ناوی هاووڵاتی لەسەر دانەدەنرا، لەم حاڵەتەدا چۆن دەیتوانی میرات بداتە کچەکەی خۆی.

دنیس بە ڕاشکاوی دەڵێ: بە پێی پەیڕەونامەی سرۆیوس تۆلیوس لە ڕۆمای کۆندا هەر کەسێک ناوی لە ریزی پێنج چینەکەدا تۆمار نەکرابا ئازاد نەبوو و لە ریزی کۆیلەکان حسێبی بۆ دەکرا. شیشرۆن و زوناراس-یش ئەم بابەتە پەسند دەکەن.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە سەرژمێری و ریز بەستن لە نێو چینە جۆراوجۆرەکان بە پێی یاسای ڤیکۆنی جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕێوشوێنی پەیڕەونامەی سرۆیوس تۆلیوس، چونکە پەیڕەونامەکەی ئەو میللەتی بەسەر شەش چیندا دابەش کردبوو کە دواین چین بریتی بوو لە کرێکارە هەژار و بێ دەرامەتەکان و نزمترین تاکە ئازادەکانی کۆمەڵگا. بەڵام یاسای ڤیکۆنی چینە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگای لە رووی زۆری و کەمی سامانەوە

بەسەر پێنج چیندا دابەش کردبوو و لەم حاڵەتەدا ویست و حەزی سروشتی بە ڕادەیەکی ئەوتۆ جێبەجێ دەکرا کە باوکەکان بە ئارەزووی خۆیان لە ریزی ئەم پێنج چینە ریزدارە دەچوونە دەر و خۆیان لە چینی شەشەم تۆمار دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن سامان و دارایی بەجێماوی خۆیان بۆ کچەکانیان بەجێ بێڵن و تەنانەت خۆیان لە ریزی چینی نزم تریشدا ناونووس دەکرد.

پێشتر گوتمان یاساکانی ڕۆما لە هەمبەر میراتەوە نێوبژیوانی قبووڵ نەدەکرد بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە میراتەکە بە یەکێکی تر بگات، بەڵام بە مەبەستی خۆ دزینەوە لە ژێر باری یاسای ڤیکۆنی ئەو نەریتە برەوی سەند و خەڵک هەندێ کەسیان دەکرد بە نێوبژیوانی خۆیان و میراتەکەی خۆیانیان پێ دەدا بۆ ئەوەی ئەویش تەسلیمی ژنەکانی بکات.

ئەو کەسانە بە زۆری ڕەچاوی ئەمانەتپارێزیان دەکرد و میراتەکەیان تەسلیمی ژنە میراتگرەکە دەکرد و هەندێ جاریش بۆ خۆیان دەستیان بەسەر سامان و دارایی بەجێماوی مردووەکەدا دەگرت چونکە لە رووی یاساییەوە بۆ خۆیان میراتگری مردووەکە بوون. هەروەکو خوێنەرەکان هەستی پێدەکەن ئەو کارە بە پێچەوانەی یاسا و بە نهێنی ئەنجام دەدرا، بەم جۆرە خاوەن میرات بە ئاشکرا و بە رەسمی میراتەکەی خۆی دەدا بەو کەسەی کە لە رووی یاساییەوە دەیتوانی ببێ بە میراتگر و پاشان بە نهێنی تکا و داوای لێدەکرد کە میراتەکەی تەسلیمی فلانە ئافرەتە بکات.

یەکێک لەو کەسانەی کە میراتەکەی تەسلیمی میراتگرە راستەقینەکە کردووە سکتۆس پدۆسۆس بوو. سەرەڕای ئەوەی هیچ کەسێک ئاگاداری وردەکاری مەسەلەکە نەبوو و ئەو کەسە دەیتوانی دەست بەسەر سامان و دارایی مردووەکەدا بگرێ کەچی بە دوای بێوەژنی مردووەکەدا گەڕا و ماڵ و داراییەکەی تەسلیم کرد. بەڵام هەندێ کەسی تر و یەک لەوان سکستیلیۆس رۆفۆس دەستیان بەسەر میراتەکەدا گرت. شیشرۆن ئاماژە بەم بابەتە دەکا و لە یەکێک لە خوتبەکانی خۆیدا دەڵێ:

لە سەردەمی گەنجیدا، سکستیلیۆس رۆفۆس تکای لێکردم لەگەڵیدا بچمە ماڵی هاوڕێکانی و لەگەڵیان راوێژ و وتووێژ بکەین کە ئایا دەبێ داراییە بەجێماوەکەی کۆنتۆس فادیۆس گلۆس تەسلیمی فادیای کچی بکات یان نا؟ پاش چوونمان بۆ ماڵەکە و بە ئامادەبوونی هاوڕێکانی و چەند کەسی بەنێوبانگ بابەتەکەمان هێنایە بەر باس و هەموویان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە نابێ ئەو هەموو میراتەی مردووەکە تەسلیمی کچەکەی بکات و تەنیا دەبێ ئەوەندە بداتێ کە لە یاسای ڤیکۆنیدا مۆڵەتی پێ دراوە.



بەم جۆرە سکستیلیۆس بووە خاوەنی سامانێک کە ئەگەر ویستبای پەیڕەوی لە عەدالەت و شەرافەت بکا و پەیڕەوی لە بنچینەی یاساکانی بکات، نەدەبووە خاوەنی. لێرەدا رووی دەمی دەکاتە لایەنگرەکانی ئەپیکۆری فەیلەسووفی بەناوبانگ و دەڵێ:

«هیچ گومانێکم نییە ئەگەر ئێوە لە جیاتی ئەو بوونایە ئەو سامانەتان تەسلیمی کچەکە دەکرد و هەروەها پێم وایە کە ئەپیکۆریش تەسلیمی دەکرد ئەگەرچی بەم کردەوەیە بە پێچەوانەی بنچینە و یاساکانی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد...»

***

یەکێک لە کەم و کوڕییەکانی ژیانی مرۆڤ ئەوەیە کە یاسادانەرەکان ناچار بن وەکو یاسای ڤیکۆنی یاسایەک دابڕێژن کە پێچەوانە و دژی هەست و سۆزی سروشتی مرۆڤ بێت. ئەوەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی دارشتنی یاساکاندا یاسادانەر زیاتر گرنگی بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەدا نەک بەرژەوەندی تاکەکان و زۆرتر ڕەچاوی بەرژەوەندی تاکەکان دەکا نەک تاکە مرۆڤێک. یاخود بە واتایەکی تر مرۆڤ و تاک دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا.

وا دابنێین پیاوێک تکا لە دۆستەکەی خۆی دەکا کە میراتەکەی بۆ تەسلیمی کچەکەی بکات. لە ڕوانگەی یاسادانەرەکانی ڤیکۆنی، هەست و سۆزی سروشتی و باوکانەی وەسیەتکار قێزەونە هەروەک چۆن هەست و سۆزی کچەکەش قێزەونە و سەرکۆنە دەکرێت و هیچ گرنگییەک بە بارودۆخی نێوبژیوان نادات و نایەوێ بزانێ کە ئەو لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەدا چەندە گرفتاری کێشە و گیروگرفت دەبێت. چونکە ئەگەر بێتو سامانی مردووەکە تەسلیمی کچەکە بکات ئەوا بە پێچەوانەی یاسا و بە پێچەوانەی ئەرکی نەتەوەیی خۆی کە بریتییە لە پاراستنی یاسا، هەڵسوکەوتی کردووە و ئەگەر بێتو خۆی لە تەسلیم کردنی سامانەکەش ببوێرێ ئەوا بە پێچەوانەی ئەخلاقی ئەمانەتداری جولاوەتەوە لە کاتێکدا کە ئەم کارە واتە خۆدزینەوە لە ژێر باری یاسا بۆ پیاوی شەرافەتمەند گەلێک ئاسانترە لە خیانەت کردن لە ئەمانەت. کەسی یەکەم واتە باوک مرۆڤێکی باش بووە، چونکە تاکو مرۆڤێکی باش نەبێ ناتوانێ سامانەکەی بۆ کچەکەی خۆی بەجێ بێڵێ و کەسی دووەمیش دیسان مرۆڤێکی باش بووە دەنا باوکەکە ئەوی بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرکە هەڵنەدەبژارد کە پێویستییەکی یەکجار زۆری بە ئەمانەتداری هەیە.

لەوانەیە بڵێین یاسایەک کە بەم چەشنە نووسرابێ و تەنیا کەسە باشەکان خۆیان لە ژێر

باری بدزنەوە لە خودی خۆیدا یاسایەکی خراپ نییە. دیارە هەر ئاواش بوو، کاتێک کە یاسای ڤیکۆنی دارێژرا، خەڵکی رۆما هێشتا دەستبەرداری بەشێکی زۆر لە خەسڵەت و ئەخلاقە جوانە کۆنەکانی خۆیان نەببوون و رەچاوی ئامانەتدارییان دەکرد، بە چەشنێک کە یاسادانەرەکان بۆ پاراستنی یاسای ڤیکۆنی خەڵکیان ناچار دەکرد سوێندی وەفاداری بخۆن و بەم جۆرەش ململانێیەکی توندیان لە نێوان سیفەتی ئەمانەتداری و پارێزگاری کردن لە ماڵ و دارایی خەڵکانی تر و سیفەتی رەچاو کردن و پاراستنی یاسادا دروست کرد و دیارە ئەمەش بە پێچەوانەی مەنتقە و بیانووی سکستیلیۆسیش لە کاتی هێشتنەوەی میراتەکە لە لای خۆی و تەسلیم نەکردنی بە فادیا هەر ئەوە بوو سکستیلیۆس سوێندی خوارد بوو سەرپێچی لە یاسای ڤیکۆنی نەکات.

بەڵام دواتر ئەخلاقی خەڵکی رۆما تووشی گەندەڵی و فەساد هات و مەسەلەی گواستنەوەی میرات لە رێگای کەسێکی ترەوە بووە هۆی ئەوەی میراتگری راستەقینە لە میراتەکە بێ بەش بێت و نێوبژیوانەکان سامان و داراییەکە لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن و پاشانیش جەنگی نێوان بنەماڵەکان بوو بە هۆی لە نێوچوونی خەڵکێکی زۆر و دابەزینی رێژەی ژمارەی دانیشتوان، بە جۆرێک کە لە سەردەمی ئۆگۆستدا دەکرێ بڵێین رۆما چۆڵ و هۆڵ ببوو و ئەو کات ئیدی لە پێناوی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان یاسای پاپیان دارشت و هەندێ رێوشوێنی ئەوتۆیان لەم یاسایەدا گونجاند کە هانی خەڵک بدات بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و زۆرکردنی ژمارەی دانیشتوان.

یەکێک لە رێگاکانی هاندانی خەڵک بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و وەچە خستنەوە، بابەتی میرات وەرگرتن بوو و لەبەرامبەریشدا ئەو کەسانەی کە پەیڕەوییان لە یاسای پاپی نەدەکرد لە مافی میرات وەرگرتن بێ بەش کران و لەبەر ئەوەی یاسای ڤیکۆنی ئافرەتەکانی لە مافی میراتگری بێ بەری کردبوو لە یاسای پاپییدا تا رادەیەکی بەرچاو ئەو بێ بەشیە هەڵگیراو لە دوای ئەوە ئیدی ئەو ئافرەتانەی خاوەن منداڵ بوون بە پێچەوانەی رێوشوێنی یاسای ڤیکۆنی دەیانتوانی ببنە میراتگری مێردەکانی خۆیان، تەنانەت لە کاتی هەبوونی منداڵدا دەیانتوانی ببنە میراتگری خەڵکانی تریش بەڵام لە رێگای وەسیەتنامە.

بەم جۆرە رۆحی یاسای ڤیکۆنی لە ناخی یاسای پاپیدا مایەوە و کاتێ پیاوێک خاوەنی یەک منداڵ بوایە دەیتوانی لە رێگای وەسیەتنامەوە ببێتە میراتگری بێگانەیەک، بەڵام ئافرەتەکان تا نەبووبانە خاوەنی سێ منداڵ نەیاتدەتوانی لە رێگای وەسیەتنامەوە ببنە میراتگری کەسێکی تر.



ئەگەرچی بە پێی یاسای پاپی ژنەکان ئازاد بوون لە کاتی هەبوونی سێ منداڵدا لە رێگای وەسیەتنامەوە ببنە میراتگری بێگانەیەک، بەڵام سەبارەت بە میراتگری خزم و کەسەکانی خۆیان بە شێوەیەکی رەها یاسا کۆنەکەی ڤیکۆنییان بەسەردا جێبەجێ دەکرا.

کاتێک کە وڵاتی رۆما بوو بە ناوەندی سامانی نەتەوەکانی دەوروبەر، مەسەلەی رێگرتن کردن لە خۆڕازاندنەوە و لوکس لە نێوچوو، ئیدی هیچ کەسێک لە بیری رێگرتن لە لوکس نەبوو. ئولوژلی نووسەری بە ناوبانگ کە لە سەردەمی ئادریندا ژیاوە دەڵێ: لە سەردەمی ئەودا بە هۆی سامان و دارایی لە ڕادەبەدەر بە هیچ جۆرێ رەچاوی یاسای ڤیکۆنی نەدەکرا و تا کار گەیشتە جێگایەک کە هەندێ رێوشوێنی ئەوتۆیان دارشت کە بە پێچەوانەی یاسای ڤیکۆنی بوو.

بە پێی فەرمانی پێل و خوتبەکانی ئولپین کە لە سەردەمی ئەلکساندر سوردا ژیاوە، ئەو خوشکانەی لە باوکەوەبوون دەیانتوانی ببنە میراتگر و رێوشوێنە یاساغەکانی یاسای ڤیکۆنی تەنیا خزم و کەسە دوورەکانی دەگرتەوە.

لە سەردەمی شکۆمەندی و مەزنی و ساماندارییی رۆمادا یاسا کۆنەکان زۆر سەخت و ناڕاست و بێ بەها دەهاتنە بەرچاو و یاسادانەرەکان روویان کردە عەدالەت و ئنساف و میانڕۆیی و لە ئاکامیشدا رێوشوێنی یاسای ڤیکۆنی وردە وردە بەرەو لاوازی رۆیشت.

لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بەوە کرد کە بە پێی کۆنترین یاساکانی رۆما، دایکەکان نەیاندەتوانی ببنە میراتگری منداڵەکانی خۆیان و لە پاش دارشتنی یاسای ڤیکۆنیدا کە ئافرەتەکان لە میرات وەرگرتن بێ بەش کران ئیتر هۆکارێکی تریش زیادی کرد بۆ بێ بەشی دایکەکان لە میراتگریدا.

بەڵام کلود فەرمانیدا کە دایکەکان لە جیاتیی کوڵ و ئاگری مەرگی منداڵەکانیان مافی ئەوەیان هەیە ببنە میراتگری منداڵەکانیان.

لە سەردەمی ئادرین بە پێی پێشنیاری ترتولین کە پەنایان بۆ رای گشتی برد فەرمانیاندا کە ژنە ئازادەکان ئەگەر بێتو خاوەنی سێ منداڵ بن دەتوانن ببن بە میراتگر و هەروەها قەرەواشە ئازادکراوەکانیش ئەگەر هاتوو خاوەنی چوار منداڵ بوون ئەوا دەتوانن ببن بە میراتگری منداڵە کۆچکردووەکە و لە کۆتاییدا ژوستینین فەرمانیدا کە ئافرەتەکان بەبێ رەچاوکردنی ژمارەی منداڵەکانیان دەتوانن ببن بە میراتگر.

هەر ئەو هۆکارانەی وایانکرد کە یاسای تایبەت سنووردارکردنی میراتی ژنان لە نێو بچێ و ئافرەتەکان ئازاد بن لە میراتگریدا، هەر هەمان هۆکار وردە وردە قەدەغە بوونی میرات وەرگرتنی لە لایەن ژنەکان واتە لە خزم و کەسی مێینە لە نێو برد. یاسا کۆنەکان

بۆیە میراتی ئافرەتیان بەر تەسک کردبۆوە هەتاکو رۆحی لوکسپەرستی لە نێو ئافرەتەکان لە ناو بچێ و لە رێگای کۆکردنەوەی سامان و هیوای وەدەست هێنانی دارایی ئەو رۆحە لە ناخیاندا سەرهەڵنەدات و بە هێز نەبێت، بەڵام پاش ئەوەی کە رۆما شکۆمەندی و ساماندارى بە خۆیەوە بینی و رژێمی ئیمپراتۆریش بووە هاوکار و یارمەتیدەری لوکسپەرستی، پێکهێنانی ژیانی هاوسەری گران بوو و خەرجییەکی فرەی گەرەک بوو، بە جۆرێ ئیتر پیاوەکان نەدەچوونە ژێر باری قورسی ئەو خەرجییەوە و تەنیا کاتێ ژیانی هاوسەرییان پێکدەهێنا ئەگەر هاتبا و ئافرەتەکە دەوڵەمەند بوایە یان دواتر هەندێ میراتی بۆ بەجێمابا. بەم جۆرە رێوشوێنە کۆنەکانی تایبەت بە میرات لە نێوچوون و بەهۆی دەوڵەمەندبوونی ژنەکان تەنانەت خزم و کەسەکان بە ناوی ئافرەتەکەوە بانگ دەکران، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر بە ناوی پیاوەکەوە بانگ دەکران.

ئەو کات ئورفیتیین بە پێی پێشنیارێک کە بە پشتیوانی رای گشتی پەسند کرابوو، فەرمانیدا کە منداڵەکان دەتوانن ببنە میراتگری دایکیان و سێ ئیمپراتۆر بە ناوی ڤالان تینین، تیيۆدۆزو ئارکادیۆس فەرمانیاندا کە پێویستە نەوەی کچەکان ببنە میراتگری باپیریان. لە کۆتاییدا ژوستینین پاشماوەی شوێنەوارە کۆنەکانی یاسای میراتی لە نێوبرد و میراتی بەسەر سێ چیندا دابەش کرد:

**یەکەم:** خزمی پلە یەک (اسلاف) وەکو دایک و باوک و باپیر و داپیر.

**دووەم:** کەسە نزیکەکان (اخلاف) وەکو کچ و کوڕ و نەوەی کوڕ و کچ.

**سێهەم:** خزم و کەسەکانی چینی دووهەم کە بریتین لە مام و پوور و منداڵەکانیان.

لەم دابەشکردنەدا ئەو جیاوازییەی پێشتر لە رووی میراتەوە لە نێو ژن و پیاو و خزم و کەسەکانی ژن و پیاوەکە هەبوو، لە نێوچوون.

ژوستینین، پێی وابوو لەم دابەشکردنەدا سوودی لە یاسا سروشتییەکان وەرگرتووە و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە گیروگرفتی یاسا کۆنەکانی نەهێشتووە.

# بنەمای سەرهەڵدان و گۆڕانی یاسا مەدەنییەکان لە نێو فەرەنسییەکاندا

## بەشی یەکەم: رەهەندە جۆراوجۆرەکانی یاسای نەتەوە جێرمەنەکان

پاش ئەوەی فرانکەکان وڵاتی خۆیان بەجێهێشت لە رێگای پیاوە زانا و بلیمەتەکانی خۆیانەوە یاسای سالیک-یان داناو دوای ئەوەی خێڵە فرانکییەکانی ریپۆری لە سەردەمی کلۆڤیسدا بە وانەوە پەیوەست بوون، یاسای سالیک هەروەکو خۆی مایەوە[١٣١].

تیۆدۆریکی پاشای ئوسترازی (رۆژهەڵاتی گۆل) فەرمانیدا تاکو یاسای سالیک بنووسنەوە و هەروەها دەستووریدا یاسا و داب و نەریتی خێڵەکانی باویر و ئەڵمانییەکانیش تۆمار بکەن چونکە بەر لە دەسەڵاتی ئەو هێشتا ئەو یاسایانە نەنووسرابوونەوە، هۆکاری سەرەکی نووسینەوەی رێوشوێن و یاسای خێڵەکانی باویر و ئەڵمانیا بە دەستووری تیۆدۆریک بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوان لە ژێر دەسەڵات و رکێفی ئەودا ژیانیان بەسەر دەبرد و هەروەها ئەم فەرمانە تەنیا تایبەت نەبوو بە نووسینەوەی یاسای خێڵەکانی باویر و ئەڵمانیا و وا دێتە بەرچاو کە رێوشوێن و یاسای خێڵەکانی تورنژیش لە لایەن تیۆدۆریکەوە نووسرابنەوە، چونکە خێڵەکانی خاکی تورنژیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەم پاشایەدا بوون.

لەو سەردەمەدا وڵاتی جێرمەن (ئەڵمانیای ئێستا) بە هۆی کۆچکردنی خێڵە جۆراوجۆرەکان زۆر لاواز و بێ هێز ببوو. فرانکەکان کە لە سەرەتادا زەوی و زارەکانی رۆژئاوای وڵاتی گۆل (فەرەنسا)یان داگیرکرد بە هۆی لاوازی و بێ هێزی جێرمەنەوە سەر لە نوێ ئاوڕیان لە خاکی باو باپیرانی خۆیان دایەوە. ئەگەرچی بۆ خۆیان ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتبوو بەڵام کەوتنە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرن، بەم جۆرە لە سەردەمی تیۆدۆریکدا خاکی باویر و ئەڵمانیا کە بەشێک بوون لە خاکی جێرمەن، سەر لە نوێ کەوتنەوە ژێر رکێف و دەسەڵاتی فرانکەکان.

لە کاتی پاشایەتی «شارل مارتل و پیپندا» پاشا فرانکییەکانی خێڵەکانی فریزونیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو پاشایەدا بوون و ئەم دوانە یاسایان بۆ ئەو خێڵانە دادەڕشت. کەواتە یاسای فریزون[١٣٢] لە سەردەمی پاشایەتی ئەم دوو پاشایەدا نووسراوەتەوە.

لە سەردەمی پاشایەتی شارلمانیدا خاکی سەکسۆن[١٣٣] کەوتە ژێر چنگی ئەم پاشایە و سەر لە نوێ یاسایەکی دیکەیان نووسی بۆ ئەوەی کاروباری ئەو خێڵانە بەڕێوە ببات و ئەوە هەمان ئەو یاسایەیە کە تاکو ئێستاش ئێمە کاری پێ دەکەین.

ئەگەر سەیرێکی ئەو دوو یاسایەی دوایی واتە ئەو یاسای کە لە لایەن شارلمانی و شارل مارتلەوە نووسراوە، بکەن بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو یاسایە لە لایەن داگیرکارەکانەوە داڕێژراوە لە پێناوی ئەوەدا کە هەندێ رێوشوێن بەسەر داگیرکراوەکاندا بسەپێنن. لە کاتێک دا کە یاسای ویزیگۆت و بۆرگۆن و لومباردەکان کە هەر کامێکیان بوون بە خاوەنی دەوڵەت و سەڵتەنەتی تایبەت بە خۆیان، بەم جۆرە نەبووە و ئەوان نەیانویستووە نەریت و رێوشوێنەکانی خۆیان بەسەر نەتەوە داگیرکراوەکاندا بسەپێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پەیڕەویان لە نەریت و رێوشوێنی نەتەوە داگیرکراوەکان کردووە.

لە یاسای سالیک و یاسای فرانکەکانی جێرمەن و ئەڵمانییەکان و خێڵەکانی تورنژو فریزوندا سادەییەکی لە ڕادەبەدەر سەرنجمان ڕادەکێشێ. ئەگەرچی یاساکانیان هەڵگری هەندێ توندوتیژییە، بەڵام ئەم توندوتیژیەش لە سادەیی رۆحی یاسادانەرەکانەوە سەرچاوەی دەگرت کە بە هیچ جۆرێ نەدەکەوتنە ژێر کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان.

ئەم یاسایانە دواتریش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهات، چونکە ئەو میللەتانەی خودان ئەم یاسایە بوون هەر لە جێرمەندا مانەوە و تەنیا فرانکەکان جێرمەنیان بەجێهێشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی گرنگی دەوڵەتە فرانکییەکان لە جێرمەندا دامەزران و هەر بۆیە یاساکانی ئەو دەوڵەتانە یاسای جێرمەنی بوو. بەڵام یاسای بۆرگۆنی و لومبارد و ویزیگۆتەکان گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆری بەسەردا هات و ئەو نەتەوانە بە هۆی نیشتەجێ بوونیان لە ناوچە نوێیەکاندا بەشێکی زۆری یاساکانی خۆیان لە دەستدا.

لەبەر ئەوەی سەڵتەنەتی بۆرگۆنی زۆری درێژە نەکێشا هەر بۆیە یاساکانیشی گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردانەهات و تەنیا لە سەردەمی «کوندەبو» و «سیژیسموند» دا هەندێ گۆڕانکاری لە یاساکاندا کرا و ئەم دوو کەسە دواین پاشای بۆرگۆنی بوون و لە دوای ئەوان ئیدی سەڵتەنەتی بۆرگۆنی لە نێوچوو. یاسای لومباردەکانیش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینی، بەڵام هەندێ شتی نوێی پێوە زیاد کرا، بەم جۆرە هەندێ دەسەڵاتداری وەکو روتاریس و گریمو ئالد و لوئیت پراندو راشیس هێندێ شتی تازەیان بە یاسای لومباردەوە زیاد کرد، بەڵام یاساکانیان نەگۆڕی. بەڵام یاسای نەتەوەی ویزیگۆت گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆری تێدا کرا و پاشاکانی ئەم میللەتە دەستکاری و

تەعەدیلاتێکی زۆریان لە یاساکاندا کرد و لە ڕێگای پیاوە ئایینییەکانەوە گۆڕانێکی زۆریان بەسەر یاساکاندا هێنا.

پاشاکانی نەژادی یەکەمی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی فرانک لە دوای سەرهەڵدانی مەسیحییەت هەندێ بەشی یاسای سالیک و جێرمەنەکانیان وەلا نا، بەڵام دەستکاری بنەمای یاساکانیان نەکرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە یاسای ویزیگۆتەکان بە تەواوی گۆڕانکاری تێدا ئەنجام درا[١٣٤].

گەلی بۆرگۆنی و بە تایبەتی ویزیگۆتەکان سزادانی جەستەیی یاساکانی خۆیانیان پەسند کرد بەڵام سالیک و ریپوئر سزادانی جەستەیان قبووڵ نەکرد.

لەبەر ئەوەی بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکان لەناوچە نوێیەکاندا بەردەوام ژیانیان لە مەترسی و هەڕەشەدا بوو، هەر بۆیە لە پێناوی وەدەستهێنانی خۆشەویستی و دۆستایەتی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە یاسای سزادانی جەستەیان لە رووی ئەخلاقییەوە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ داگیرکار و داگیرکراوەکان پەسند کرد، بەڵام پاشا فرانکییەکان لەبەر ئەوەی لە هێز و دەسەڵاتی خۆیان دڵنیا بوون هەر بۆیە هیچ چەشنە گرنگییەکیان بەم بابەتە نەدا.

سەکسۆنەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی فرانکەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد خاوەن ئەخلاقێکی توندوتیژ بوون و بەردەوام خەریکی شۆڕش و ڕاپەڕین بوون هەر بۆیە جۆرە توندوتیژییەک لە یاساکانیاندا هەیە کە هەمیشە لە یاسای نەتەوە داگیرکارەکاندا بەرچاو دەکەوێت بەڵام ئەم توندوتیژییە لە یاسای نەتەوە بەربەرە کۆنەکانی تردا نابینرێت.

لە سزا دارایی و ماددییەکانی یاسای سەکسۆنەکاندا هەست بە ڕۆحی یاسای جێرمەنەکان دەکەین، بەڵام سزا جەستەییەکانی ئەم یاسایە دەربڕی ڕۆحی نەتەوەیەکی داگیرکارە. ئەگەر هاووڵاتییەکی سەکسۆنی لە ناوخۆی وڵاتدا تاوانێکی ئەنجام دابا ئەوا سزای جەستەیی بەسەردا دەسەپێنرا، بەڵام ئەگەر هەر ئەم تاوانەی لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا بە ئەنجام گەیاندبا ئەوا ئەوکات بە پێی ڕۆحی یاسای جێرمەن دادگایی دەکرا و سزاکەشی سزایەکی دارایی بوو. تاوانبارە سەکسۆنییەکان لە وڵاتی خۆیاندا بە هیچ جۆرێ ژیانیان لە ئەماندا نەبوو تەنانەت نەیاندەتوانی پەنا بۆ کەنیسەکانیش بەن و حەتمەن دەبوایە بەسزای جەستەی خۆیان بگەن.

لە سەردەمی سەڵتەنەتی ویزیگۆتەکاندا پیاوە ئایینییەکان لە نێو دەرباری پاشاکانی ئەم میللەتەدا دەسەڵات و نفووزێکی فراوانیان هەبوو و بەردەوام کاروبارە گرنگەکانی وڵات لە ئەنجوومەنی ئەسقەفەکاندا چارەسەر و یەکالا دەکرایەوە. ئەمڕۆکەش هەموو



بنچینە و شەرائعی دادگای پشکنینی بیروباوەڕ(ئەنگیزا سیۆن) لە یاسای ویزیگۆتەکان وەرگیراوە، واتە کارگێڕی دادگای پشکنینی بیروباوەڕ ئەمڕۆکە ئەو یاسایانە لە دژی یەهوودییەکان بەکار دێنێ کە پێشتر ئەسقەفە ویزیگۆتییەکان دایان ڕشتبوو. یاساکانی کوندەبوی پاشای بۆرگۆنی بۆ نەتەوەکەی خۆی زۆر عادیلانە بوو و هەروەها یاساکانی روتاریسی پاشای لومبارد و سەرجەم پاشاکانی دیکەی ئەو میللەتەش عادیلانە بوونە. بەڵام یاسای ویزیگۆتەکان و بە تایبەتی ئەو یاسایەی لە لایەن چەند پاشاوە بە نێوی رسەسوئند و شندا سوئند و ئەژیکا داڕێژرابوو زۆر وەهمی و تەنانەت گەمژانەش بوو و هیچ ئامانجێکی دیارکراوی نەبووە و سەرانسەری یاساکە پڕە لە داڕشتنی ئاڵۆز و تەماوی و وشەی پڕوپووچ.

## بەشی دووەم: یاسای خێڵە بەربەرەکان هەمووی تایبەتی بووە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یاسای نەتەوە بەربەرییەکانی ئەوروپا ئەوە بوو کە یاساکەیان تایبەت نەبوو بە وڵات و قەڵەمڕەوێکی تایبەتی و دیاری کراو، بەڵکو تایبەت بوو بە خێڵەکان و هەر نەتەوە و لە قەڵەمڕەوی تایبەت بە خۆیدا بە پێی یاساکانی خۆی دادگایی دەکرا. بۆ نموونە فرانکەکان لە ڕێگای یاسای فرانک و ئەڵمانییەکان بە هۆی یاسای ئەڵمانیا و بۆرگۆنییەکان بە هۆی یاسای بۆرگۆنی و ڕۆمانەکان لە ڕێگای یاسای ڕۆمانییەوە دادگایی دەکران و یاسای نەتەوە داگیرکارەکان نە تەنیا هەروەکو یەک و هاوشێوە نەبوو بەڵکو ئەگەر نەتەوەیەک، نەتەوەیەکی تری خستبا ژێر ڕکێفی خۆی و دەستیی بەسەردا گرتبا ئەوا هیچ کاتێ بیری لەوە نەدەکردەوە یاسا بۆ میللەتە داگیرکراوەکە دابڕێژێ و یاساکانی خۆی لە وڵاتە داگیرکراوەکەدا جێبەجێ نەکا.

من لە سەر ئەو بڕوایەم کە هۆکاری سەرەکی ئەم ڕەوشی ئەخلاق و بارودۆخی جیاوازی ژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان پەیوەندی بە ئەخلاق و داب و نەریتی جێرمەنەوە هەبوو، چونکە نەتەوە جۆراوجۆرە جێرمەنییەکان بە هۆی دارستان و دەریاچە و زۆنگاو و ڕووبارەوە لە یەکتر دابڕابوون، تەنانەت هەروەکو سزار لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکا، زۆر حەزیان دەکرد لە یەکتری جیا ببنەوە و بە تەنیایی ژیان بەسەر بەرن، بەڵام دواتر لە ترسی ڕۆمانەکان ناچار بوون بە کۆمەڵ ژیان بەسەر ببەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخی ئەم ژیانە کۆمەڵایەتییەشدا دیسان هەر تاکێک بە پێی داب و نەریتی میللەتی خۆی دادگایی دەکرا.

لە نێو کۆمەڵگای گەورەی جێرمەنیدا هەموو نەتەوەیەک لە ڕووی یاساوە ئازاد بوو و

خاوەن سەربەخۆیی تایبەت بە خۆی بوو و لەگەڵ ئەوەدا کە هەموویان تەنیا یەک نیشتمانیان هەبوو بەڵام ژمارەی خێڵەکانیان گەلێک زۆر بوو و هەر خێڵە و بە پێی یاسا و داب و نەریتی خۆی دادگایی دەکرا.

کاتێک کە نەتەوە جۆراوجۆرە جێرمەنییەکان بە مەبەستی جیهانگیری وڵاتی خۆیانیان بەجێ هێشت ئەو نەریتە کۆنەیان لەگەڵ خۆیاندا بەرەو وڵاتە داگیرکراوەکانیش برد و لەو شوێنانەشدا رەچاوی نەریتی یاسای تایبەتییان دەکرد، هەر بۆیە ئەم نەریتە لە بنچینەکانی یاسای هەموو نەتەوە بەربەرەکاندا بەرچاو دەکەوێ بە تایبەتی لە یاسای ریپوئر و لەو فرمانانەدا کە لە لایەن پاشای نژادی یەکەمی خێڵەکانەوە دەردەچوون.

کاریگەری ئەو نەریتە لەو فەرمانانەشدا بە دیار کەوت کە لە کاتی سەڵتەنەتی پاشای بنەماڵەی دووەمی خێڵە داگیرکارەکاندا دەردەچوون و بە پێی ئەم فەرمانە منداڵ پەیڕەوی لە یاساکانی باوکی و ئافرەتیش پەیڕەوی لە یاساکانی مێردەکەی دەکرد و بێوەژنەکانیش کە لە کاتی زیندووبوونی مێردەکانیاندا پەیڕەویان لە یاساکانیان دەکرد، لە پاش مەرگی مێردەکانیان دەگەڕانەوە سەر یاسا سەرەتاییەکانی خۆیان. کۆیلە ئازادکراوەکان پەیڕەویان لە یاسای ئاغا و خاوەنەکانی خۆیان دەکرد و هەروەها هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبوو حەزی لە کامە یاسایە، ئەو یاسایە هەڵبژێرێت. لۆتەری یەکەمی پاشای لومباردەکان پەیڕەونامەیەکی نووسی کە بە پێی ئەو پەیڕەونامەیە تاکەکان ئازاد بوون لەوەی کە پەیڕەوی لە چ جۆرە یاسایەک بکەن.

## بەشی سێهەم: جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان یاسای سالیک و یاسای ویزیگۆت و بۆرگۆنییەکان

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا گوتمان کە بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکان بێ لایەن بوون و یاساکانیان هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان کەسێکی بۆرگۆنی و کەسێکی ویزیگۆتیدا دانەدەنا و هەردووکیان بە یەک جۆر دادگایی دەکرد و یەک شێوە سزایان بەسەردا دەسەپێنرا، بەڵام یاسای سالیک کە لە لایەن فرانکەکانەوە داڕێژرا بوو جیاوازییەکی زۆری لە نێوان کەسێکی رۆمانی و کەسێکی فرانکیدا دادەنا. بۆ نموونە بە پێی یاسای سالیک ئەگەر کەسێک، فرانکییەک یان کەسێکی بەربەریی خێڵەکانی تری فرانکی کوشتبا یان ئەگەر هاتبا و کەسێکی کوشتبا کە خاوەنی یاسای فرانکی بوایەو لە ژێر دەسەڵاتی ئەم یاسایەدا ژیانی بەسەر بردبا، دەبوایە دووسەد سو(یەکەی دراو) بدا بە خزم و کەسە بەجێماوەکانی، لە کاتێک دا ئەگەر ئەو کەسە رۆمانییەکی ئابڕومەندی خاوەن



مولکی بکوشتبا ئەوا تەنیا سەد سوی دەدا بە خزم و کەسە بە جێماوەکانی کوژراوەکە. ئەگەر کوژراوەکە خەڵکێکی ئاسایی بوایە ئەوا خوێنباییەکەی بۆ چل و پێنج سو دادەبەزی و هەروەها ئەگەر کوژراوەکە رەعیەتی تایبەتی پاشا بوایە واتە سەر بە چینی ئەمیر و گەورە پیاوەکانی وڵات بوایە، تاوانبارەکە دەبوایە شەش سەد سو خوێنبایی بدات، بەڵام ئەگەر هاتباو رۆمانییەکی دەرباری پاشا کوژرا بوایە ئەوا تاوانبارەکە دەبوایە سێ سەد سو خوێنبایی دابا[١٣٥].

بەم جۆرە یاسای سالیک جیاوازی لە نێوان رۆمانییەک و فرانکێک و هەروەها دەوڵەمەندێک و خاوەن ناوو ناوبانگ و کەسێکی ئاساییدا دادەنا، ئەگەرچی هەژار و دەوڵەمەندەکە هەردووکیان هاووڵاتی فرانکی بوون.

بە پێی یاسای سالیک هەر کاتێک کەسێک بە مەبەستی کوشتنی فرانکییەک خەڵکی کۆکردبایەوە و ئەو کەسەی لەماڵەکەی خۆیدا کوشتبا دەبوایە شەش سەد سو بدا بە خزم و کەسە بەجێماوەکانی کوژراوەکە، بەڵام ئەگەر هاتباو بۆ کوشتنی رۆمانییەکی ئازاد یان کۆیلەیەکی ئازادکراو هانی خەڵکی دابا، دەبوایە سێ سەد سو بدات.

دیسان هەر بە پێی یاساکانی سالیک ئەگەر رۆمانییەک کەسێکی فرانکی خستبا نێو زنجیرەوە و زیندانی کردبا پێویست بوو سی سو غەرامە بدات، بەڵام ئەگەر فرانکییەک ئەو کارەی لەگەڵ رۆمانییەکدا ئەنجام دابا ئەوا زیاتر لە پازدە سوی نەدەدا. ئەگەر رۆمانییەک کەسێکی فرانکی رووت بکردبایەوە پێویست بوو شەست و دوو سو و نیو غەرامە بدات، بەڵام ئەگەر فرانکییەک کەسێکی رۆمانی رووت بکردبایەوە تەنیا سی سو غەرامەی دەدا. شتێکی ئاساییە کە ئەم جۆرە هەڵاواردن و جیاوازی دانانە بۆ رۆمانەکان گەلێک قورس بوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمان کرد هەندێ لە مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە حکومەتی فرانکەکان لە وڵاتی گۆل(فەڕەنسا)دا لەسەر بناغەی دۆستایەتی و پێکەوە ژیانی نێوان فرانکی و رۆمانەکان دامەزرابوو. ئاشکرایە ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە و فرانکییەکان بەردەوام دوژمنایەتی رۆمانەکانیان کردووە و رۆمانەکانیش لەگەڵ فرانکییەکاندا دژایەتی و ناخۆشییان هەبووە.

پاش ئەوەی فرانکییەکان بە زەبری چەک رۆمانەکانیان ملکەچ کرد و لە رێگای داڕشتنی یاسای قورس و گرانەوە ژیانیان بە یەکجاری لێ تاڵ کردن، ئیتر ناتوانین ناوی ئەم کارە بنێین دۆستایەتی و ئەگەر ئەم حاڵەتە بەم شێوەیە ناوزەد بکەین وەکو ئەوە وایە بڵێین تەتەرەکان سەرەڕای ئەو زەرەروزیانەی بە چینییەکانیان گەیاند لە دوای داگیرکردنی

ئەو وڵاتە، کەچی هەر دۆستی چینییەکان بوونە.

ئەگەرچی هەندێ لە قەشە کاتۆلیکەکان بە مەبەستی لە نێو بردنی نەیارە ئایینییەکانی خۆیان لەگەڵ فرانکییەکاندا زۆر گەرم و گوڕ بوون بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوانەوە هەندێ لە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، بەڵام ئەم بابەتە ئەوە ناگەیەنێ کە قەشە کاتۆلیکەکان کە بۆ خۆیان خەڵکی ڕۆما بوون، ویستبێتیان لە ژێر دەسەڵاتی فرانکییەکاندا بە دۆستایەتی ژیان بەسەر ببەن، ئەوەی رووک و ڕاستە ئەوەیە کە هەرچەندە فرانکەکان لە ڕۆمانەکان دڵنیا دەبوون و دەیانزانی لە لایەن ئەوانەوە هیچ جۆرە زەرەروزیانێکیان پێناگات، زۆرتر هەوڵیان دەدا ئەزیەت و ئازاری ڕۆمانەکان بدەن.

بە هەرحاڵ ئەو نووسەرانەی لەسەر ئەو بڕوایەن کە فرانک و ڕۆمانەکان بە دۆستایەتی پێکەوە ژیانیان بەسەر بردووە و یەک لەوان ئابەدۆبس، بیرۆکەکەی خۆیان لە سەرچاوەی ناڕاستەوە وەرگرتووە و وەکو ژێدەر سوودیان لە کتێبی شاعیر و خەتیبەکان وەرگرتووە، ئەوە لە کاتێک دایە کە بۆ نووسینی مێژوو پێویستە سوود لە هەندێ کتێبی ئەوتۆ وەربگیرێ و وەکو سەرچاوە بەکاربهێنرێت کە بۆ مەرایی و دەست لە پشت دان نەنووسرابن و زیادە ڕۆییان تێدا نەکرا بێت.

## بەشی چوارەم: بۆچی یاسای ڕۆمانی لە قەڵەمڕەوی حکومەتی فرانکەکاندا لە نێوچوو بەڵام لە سنووری حکومەتی گوتیی و بۆرگۆنییەکاندا مایەوە

لەو بابەتانەی کە باسمان کرد هەندێ خاڵی دیکەمان بۆ روون دەبێتەوە:

ئەو وڵاتەی ئەمڕۆکە بە ناوی فەڕەنسا ناوزەد کراوە لە ژێر ئاڵاو دەسەڵاتی یەکەمین نژادی ئەو خێڵە بەربەرانەی کە هێرشیان کردبووە سەر وڵاتی گۆڵ و لە ڕێگای یاسایەکی ڕۆمانی کە بە یاسای تیۆدۆزی بەناوبانگە و یاسای سەرجەم ئەو خێڵە بەربەرانەیە کە لەو وڵاتەدا ژیاون، بەڕێوە دەچوو. ئەم خێڵانە بریتی بوون لە فرانک، ویزیگۆت، بۆرگۆنی.

لە نێو قەڵەمڕەوی حکومەتی فرانکەکاندا یاسای سالیک بەسەر فرانکەکان و یاسای تیۆدۆزی بەسەر ڕۆمانەکاندا جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە سنووری حکومەتی ویزیگۆتەکاندا بە پێی فەرمانی ئالاریکی پاشای ویزیگۆتەکان کورتکراوەیەکیان لە یاسای تیۆدۆزی نووسی کە لە ڕێگای ئەوەوە کێشە و گیروگرفتی ڕۆمانەکانیان چارەسەر و یەکالا دەکرد، بەڵام کێشەی تاکی خێڵەکانی ویزیگۆت لە ڕێگای یاسایەکەوە چارەسەر دەکرا کە هەر لە نەریتی خودی خێڵەکە وەرگیرا بوو. ئەو یاسایە لە لایەن ئالاریکی پاشای ویزیگۆتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داڕێژرا بوو.



ئەگەر بمانەوێ بە دوای ئەوەدا بگەڕێین کە بۆچی لە سنووری حکومەتی فرانکەکاندا یاساکانی سالیک برەویان هەبوو و بەهێز بوون و یاسا ڕۆمانییەکان لەنێوچوون و بە پێچەوانەشەوە لە نێو قەڵەمڕەوی حکومەتی ویزیگۆتەکاندا یاسا ڕۆمانییەکان گەشەسەندنیان بە خۆیانەوە دیت؟ پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە فرانکییەکان جیاوازی و هەڵاواردنیان لە نێوان تاکەکاندا دادەنا. ئەو کەسەی لە ژێر ڕکێفی یاساکانی سالیکدا ژیانی بەسەر دەبرد و سەر بە خێڵی فرانکەکان بوو خاوەنی هەندێ ئیمتیازات بوو کە کەسێکی ڕۆمانی یان ئەو کەسەی لە ژێر ڕکێفی یاسا ڕۆمییەکاندا ژیانی بەسەر دەبرد لێیان بێ بەش بوو، هەر بۆیە خەڵک دەستیان لە یاسا ڕۆمییەکان هەڵدەگرت بۆ ئەوەی لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی یاساکانی سالیکدا بژین.

بەڵام لە سنووری حکومەتی ویزیگۆتەکاندا لەبەر ئەوەی یاسا هیچ چەشنە هەڵاواردن و جیاوازییەکی لە نیوان تاکەکاندا دانەدەنا و تاکی خێڵی ویزیگۆت لە چاو ڕۆمانەکان هیچ جۆرە ئیمتیازاتێکیان نەبوو، هەر بۆیە هیچ پێویستی نەدەکرد ڕۆمانەکان واز لە یاساکانی خۆیان بێنن و یاسای ویزیگۆتەکان هەڵبژێرن و هەر ئەوەش وایکرد کە پارێزگاری لە یاساکانی خۆیان بکەن.

تەنیا پیاوە ئایینییەکان پارێزگارییان لە یاسا ڕۆمانییەکان دەکرد و دەستیان لەو یاسایانە هەڵنەدەگرت، چونکە وازهێنان لەم یاسایانە هیچ سوودێکی پێ نەدەگەیاندن و یاسا و بڕیاری تایبەتییان بۆ پیاوە ئایینییەکان داڕشتبوو کە لە رووی دانی غەرامە و قەرەبووی زەرەروزیانەکان لەگەڵ فرانکییەکاندا یەکسان بوون. هەر بۆیەش پیاوە ئایینییەکان پارێزگارییان لە یاسا ڕۆمانییەکان دەکرد بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە لە لایەن ئیمپراتۆرە مەسیحییە ڕۆمانییەکانەوە دانرابوون و سوودی بۆ حاڵی ئەوان هەبوو.

هەرچەندە ئێمە بە ناخی مێژوودا ڕۆبچین ئەو رەوشە باشتر روون دەبێتەوە. بۆ نموونە یاسای کوندەبوی پاشای بۆرگۆنی لە رووی بێ لایەنییەوە بەسەر یاسای ویزیگۆتەکاندا ئەفزەلییەتی هەبوو و هیچ چەشنە جیاوازییەکی لە نێوان تاکی خێڵی بۆرگۆنی و ڕۆمانییەکاندا دانەدەنا. لە پێشەکی ئەو یاسایەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئەم یاسایە نەک هەر بۆ بۆرگۆنییەکان داڕێژرا بوو بەڵکو لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەش دانرا بوو کە لەوانە بوو لە نێوان بۆرگۆنی و ڕۆمانییەکاندا سەر هەڵبدەن. لەم حاڵەتەی دواییدا کێشە و گیروگرفتی هەر دوو لایەن لە دادگایەکدا چارەسەر و یەکالا دەکرا کە ئەندامەکانی بە هاوبەش لە ڕۆمانی و بۆرگۆنییەکان پێکهاتبوو. ئەو مەسەلەیە لە رووی

بارودۆخی پێڕاگەیشتن و بەدواداچوونی کاروبارەکان (هەروەکو لەو سەردەمەدا باو بوو) یەکجار زۆر پێویست بوو. (سەبارەت بەم بابەتە لە بەشی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی کتێبی سیهەمدا زۆرتر دەدوێین).

بە هەرحاڵ، بەم جۆرە یاسا ڕۆمانییەکان لە بۆرگۆنیدا مانەوە بۆ ئەوەی ڕۆمانییەکان گیروگرفت و کێشەی نێوان خۆیان لە ژێر سایەی ئەم یاسایانەدا چارەسەر و یەکالا بکەن. کەواتە هیچ پێویستی نەدەکرد ڕۆمانەکانی خاکی بۆرگۆنی وەکو ڕۆمانییەکانی هەرێمی فرانک واز لە یاساکانی خۆیان بێنن بە تایبەتی چونکە هێشتا یاساکانی سالیک-یش نەهاتبوونە نێو هەرێمی بۆرگۆنی. ئەم بابەتە لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە ئاگوبار بۆ لویسی ورگ زلی[١٣٦] نووسیوە، چونکە ئاگوباری پاشای فرانک داوای لە لویسی ورگ زل دەکرد لە بۆرگۆنی پەرە بە یاساکانی سالیک بدا و لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم یاسایە لە بۆرگۆنیدا برەوی نەبووە و لە ئاکامدا یاسا ڕۆمانییەکان تاکو ئێستاش لەو ناوچانەدا ماون کە پێشتر سەر بە بۆرگۆنی بوونە.

لە سنووری خاکی هۆزەکانی گوتدا مافی ڕۆمانی و هەروەها مافی گوتی وەکو خۆی مایەوە بەڵام هەرگیز یاساکانی سالیک لەم ناوچەیەدا قبووڵ نەکران.

کاتێک کە پین و شارل مارتن موسڵمانەکانی ئەفریقایان لە خاکی گوت وەدەرنا، ئەو ویلایەتەی کەوتە ژێر دەستی ئەو پاشایانە داوایان کرد مۆڵەتیی ئەوەیان پێ بدەن پارێزگاری لە یاسا و داب و نەریتی خۆیان بکەن. ئەم داواکارییە لە لایەن ئەو پاشایانەوە قبووڵ کرا ئەوە لە کاتێکدا کە ئەم قبووڵ کردنە پێچەوانەی نەریتی ئەو سەردەمە بوو، چونکە هەموو یاساکان لایەنی تاکەکەسی و تایبەتییان هەبوو و لە ئاکامدا یاسای ڕۆمانی لەم خاکەدا بوو بە دەستوور و یاسای هەمیشەیی و ئەم خاڵە لەو فەرمانە دەردەکەوێ کە شارلی تاس[١٣٧] لەساڵی ٨٦٤ زایینی لە شاری (پیست)دا دەری کردووە. بە پێی ئەم فەرمانە خاڵی کێشەگەلێک کە لە ڕێگای یاسا ڕۆمانەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا لەو خاڵانە جیاکرا بوونەوە کە بە هۆی ئەو یاسایانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەدەکرا.

لەو ناوچانەی کە بە پێی ئەو فەرمانە یاسای ڕۆمانی جێبەجێ دەکرا هەتاکو ئێستاش یاسا ڕۆمانیەکان جێبەجێ دەکرێن. بۆ نموونە لەو فەرمانەدا روون کراوەتەوە کە لە کامە ناوچەی فەڕەنسادا پێویستە لە ڕێگای داب و نەریتی ناوچەییەوە و لە کامە ناوچەشدا بەهۆی یاسا پەسندکراو و نووسراوەکانەوە کێشەکان چارەسەر و یەکالا بکرێن.

پێشتر ئاماژەمان بەو خاڵە کرد کە لە سەرەتای سەڵتەنەتی خێڵە بەربەرەکاندا هەموو یاساکان لایەنی تایبەتی و تاکەکەسییان پێوە دیار بوو و هەر بۆیە کاتێک کە بە پێی



فەرمانی پیست لە نێوان ئەو ناوچانەی کە ملکەچی یاسا ڕۆمییەکان بوون و ناوچەکانی تردا جیاوازی دانرا، پێویستە وا لێک بدرێتەوە کە لە ناوچەکانی ژێر رکێفی دەسەڵاتی یاسا ڕۆمییەکاندا خەڵک بە ویست و ئارەزووی خۆیان خوازیاری ئەو یاسایە بوون و یاساکەی تریان نەدەویست و هەروەها لەو ناوچەیەشدا کە یاساکانی دیکە جێبەجێ دەکران، زۆرینەی خەڵک خوازیاری ئەو یاسا تایبەتییە بوون و یاسای ڕۆمانەکانیان نەدەویست.

باش دەزانم ئەو بابەتە لە روانگەی خەڵکەوە وەکو شتێکی نوێ خۆ دەنوێنێ، بەڵام سەرەڕای ئەو جۆرە بۆچوونە ئەو ڕاستییانە زۆر کۆنن و هیچ جیاوازییەکی نییە کە لە هزری من یان فلان و فیسار بێتە دەرێ، چونکە حەقیقەت لەهەر گەرویەک بێتەدەرێ سەرنج راکێش و جێی رەزامەندییە.

### بەشی پێنجەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

یاسای کوندەبو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بۆرگۆنی مایەوە، هەر لەو کاتەشدا یاسا ڕۆمانییەکانیش کاریان پێ دەکرا و تەنانەت لە سەردەمی لویسی ورگ زلدا ئەم یاسایە هەر مابوو و ئەو بابەتە لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە ئاگوبار بۆ لویسی نووسیوە و پێشتر ئاماژەمان پێکرد و روونمان کردەوە.

سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی پیستدا خاکی خێڵەکانی ویزیگۆت لە ریزی ئەو ناوچانە دەژمێردران کە یاسا ڕۆمانییەکانیان تێدا جێبەجێ دەکرا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یاسای ویزیگۆت لەو هەرێمەدا برەوی هەبوو و ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەی ئەو ئەنجوومەنەوە دەردەکەوی کە لە ساڵی ٨٧٨ زایینی واتە چواردە ساڵ پاش دەرچوونی فەرمانی پیست لە شاری ترویسدا لە سەردەمی سەڵتەنەتی لویسەلاڵ[١٣٨]دا بەستراوە. بەڵام دواتر یاسای گوت و بۆرگۆنییەکان لەبەر هەندێ هۆکاری گشتی کە لە بەشی نۆیەم و دەیەم و یازدەهەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین لە وڵاتەکانی خۆیاندا لە نێوچوون و هەر ئەم هۆکارانە لە هەموو جێگایەک بوون بە هۆی لە نێوبردنی یاسای تایبەتی نەتەوە بەربەرەکان.

### بەشی شەشەم: چۆن یاسای ڕۆمانی لە هەرێمی لمباردەکاندا لە نێونەچوو و توانی پارێزگاری لە خۆی بکات

ئەو بنچینانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن لە هەموو شوێنێکدا راستیی خۆیان

سەلماندوە و ئێستاش بەڵگەیەکی نوێ بۆ پەسندکردنی ئەم راستییە دەهێنمەوە. یاسای لمباردەکان لە ئیتالیادا کۆمەڵە یاسایەکی بێ لایەن بوون، هەر بۆیە هیچ پێویستیی نەدەکرد رۆمانەکان واز لە یاساکانی خۆیان بێنن و یاسایەکی دیکە هەڵبژێرن و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە مافی رۆمانی لەهەرێمی ئیتالیادا شان بە شانی یاسای لمباردەکان پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات و تەنانەت هەندێ جار وا رێکدەکەوت کە یاسای لمباردەکان دەکەوتە ژێر رکێفی یاسای رۆمانەکان و لە راستییدا هەندێ جار حاڵەتێکی ئەوتۆی بەسەردەهات کە خەریک دەبوو لایەنی یاسای نەتەوەیەکی داگیرکار لە دەست بدات. سەرەڕای ئەوەی تا ئەوکاتە هێشتا گەورە پیاوەکانی لمبارد پەیڕەویان لە یاساکانی خۆیان دەکرد کەچی زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ئیتالیا رژێمی کۆمارییان بۆ خۆیان هەڵبژارد و پەیڕەویان لە یاسای رۆمانەکان دەکرد و بەم جۆرە هێدی هێدی گەورە پیاوە لمباردییەکان لە مەیدان چوونە دەرێ و لە نێوچوون. (بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم بابەتە بگەڕێوە بۆ بیروبۆچوونەکانی ماکیاڤێللی سەبارەت بە لە نێوچوونی نەجیبزادەکانی فلۆرانس).

لە کۆمارە تازەکاندا خەڵک مەیل و ئارەزوویەکی ئەوتۆی بە مەبەستی پەسندکردنی یاسای لمباردەکان لە خۆی نیشان نەدا و بە توندی نەفرەتیان لەو یاسایانە دەکرد کە شەرعیەتیان بە نەریتی دوێل دەدا و ببوونە هۆی بەرقەرار بوونی بنچینەی شیڤالییەکان.

پاش ئەوە ئیتر ژمارەی رۆحانییە مەسیحییەکان کە نفوزێکی زۆریان لە ئیتالیادا هەبوو و لە ژێر دەسەڵات و رکێفی یاسا رۆمانییەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، رووی لە زیاد بوون کرد و ئەو کەسانەش کە ملکەچی یاسای لمباردەکان بوون رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان کەمی دەکرد. هاوکات پێویستە ئەوەشمان لە یاد بێت کە یاسای لمباردەکان وەکو یاسای رۆمانییەکان خودان مەزنی وشکۆمەندی نەبوون و چەشنی ئەم یاسایانە خەڵکی رۆمای نەدەخستەوە بیری دەسەڵات و هێزی کۆنینەیان و ئەو سەردەمەی کە بەسەر هەموو دونیادا زاڵ ببوون.

کاتێک کە شارەکانی ئیتالیا رژێمی کۆمارییان هەڵبژارد، یاسای رۆمانییەکان توانیان خۆیان لەگەڵ رژێمی شارەکاندا بگونجێنن و ببنە تەواوکەری یاساکانیان، بەڵام یاسای لمباردەکان بەهۆی بەرتەسکی و سنووردارییەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە نەبوو و ئاشکرایە یاسای رۆمانییەکان بەهۆی فراوانی و پەرەسەندوویی خودانی ئەم ئیمتیبازە بوو و بە تەنیا بە کەڵکی یەک دوو شار نەدەهات بەڵکو بۆ هەموو شارەکان دەستیی دەدا و لەگەڵ گشتیاندا دەگونجا.



## بەشی حەوتەم: چۆن یاسای رۆمانی لە ئیسپانیادا لە نێوچوو

بەسەرهاتەکەی بەم جۆرەیە: دوو پاشای ئەو وڵاتە بە ناوی «شندا سوئند» و «رسەسوئند» بایکۆتیان خستە سەر یاسای رۆمانەکان و تەنانەت مۆڵەتی ئەوەشیان نەدەدا کە لە دادگاکاندا باس لەم یاسایانە بکەن و هاوکاتیش قەدەغەبوونی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی نێوان گوتیی و رۆمانییەکانیان هەڵوەشاندەوە، چونکە یاسای قەدەغەبوونی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵەدا گەورەترین هۆکاری کێشە و گیروگرفتەکانیان بوو.

ئەگەرچی پاشا ویزیگۆتییەکان یاسای رۆمانییەکانی ئیسپانیایان هەڵوەشاندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایانە لە زەوی و زارەکانی ئەم پاشایانەدا برەوی هەبوو کە دەکەوتنە باشووری گۆلەوە ئەو زەوی و زارانەی کە لە ناوەندی سەڵتەنەتەوە دوور بوون، خاوەن سەربەخۆییەکی یەکجار زۆر بوون و هەروەک لە مێژووی وامبای پاشای ئسپانی کە لە ساڵی ٦٧٢ی زایینیدا چووە سەر کورسی سەڵتەنەت، بۆمان دەردەکەوێ، دانیشتوانی ئەم هەرێمە پاش ئەو شۆڕشەی کردیان، پەیڕەویان لە یاسای رۆمانییەکان دەکرد و لەم ناوچانەدا یاسای گوتەکان بە هیچ چەشنێ برەوی نەبوو، چونکە یاساکانی ئیسپانیا لەگەڵ بارودۆخی ژیانی ئەواندا نەدەگونجا، هەر بۆیە لایەنگر و هەواداری یاسای رۆمانەکان بوون و دەیانویست لەم رێگەیەوە سەربەخۆیی وەدەست بێنن. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە یاساکانی شندا سوئند و رسەسوئند هەڵگری هەندێ رێوشوێنی گەلێ سەخت و توندوتیژ بوو لە دژی ئەو یەهوودییانەی لە باشووری گۆلدا دەژیان و خاوەن نفوزێکی یەکجار زۆر بوون، تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە نووسەری یاسای وامبا ئەو ناوچەیە بە موڵکی یەهوودییەکان لە قەڵەم دەدات.

بە هەر حاڵ ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کاتێ موسڵمانەکان بەرەو ئەفریقا هاتن، خەڵک پێشوازییان لێکردن و بوون بە هەوادار و لایەنگری موسڵمانەکان. گومانی تێدا نییە کە ئەم پێشوازییە لە لایەن رۆمان و یەهوودییەکانەوە ئەنجام درا. لە دوای داگیرکردنی ئەفریقا لە لایەن موسڵمانەکانەوە گوتەکان کە پێشتر میللەتی داگیرکار بوون، کەوتنە ژێر فشار و ئەشکەنجەوە و لە ترسی ئەم توندوتیژیانە پەنایان بردە بەر ناوچەی گۆل ناربن کە دەکەوێتە ئیسپانیا، واتە پەنایان بردە بەر ناوچەیەک کە هێشتا بەرەنگاری موسڵمانەکانی دەکرد. لە کۆی هەموو ئەو رووداو و پێشهاتانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە باشووری گۆل و لە ژێر رکێفی رێوشوێن و یاسای ویزیگۆتەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، هێندەی دیکەش کەمی کرد.

## بەشی هەشتەم: هەڵەیەک سەبارەت بە کاپیتۆلەر (مەرسووم)

بنوالویتی داماو تووشی هەڵەیەکی سەیر هاتووە و پێیوایە کە یاسای ویزیگۆتەکان سەبارەت بە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی یاسای ڕۆمانەکان سەرچاوەکەی دەرچوونی فەرمانی یەکێک لە پاشاکانی فرانکە و تەنانەت لە دوای ئەو ئەم کاپیتۆلەرەی بە ناوی شارلمانی ناوزەد کردووە.

لە ئەنجامی ئەو هەڵەیەدا (بنوالویت) یاسایەکی تایبەتی گۆڕیوە بۆ یاسایەکی گشتی و دەڵێی ویستویەتی مافی ڕۆمانی لە هەر چوار قوژبنی دونیا هەڵوەشێنێتەوە.

## بەشی نۆیەم: چۆن کاپیتۆلەر و یاسای خێڵە بەربەرەکان بەرەو نەمان چوون

یاسای سالیک، بۆرگۆنی، ریپۆئر و ویزیگۆتەکان وردە وردە لە فەرەنسادا باویان نەما و لە برەو کەوتن. هۆکارەکانی لە نێوچوونیان بریتی بوو لە:

حکومەتی ئەرستۆکراتی هێدی هێدی بەرەو ڕژێمی پشتاوپشت گۆڕانکاری بەسەردا هات و وردە وردە منداڵە ئەرستۆکراتەکان زیادیان دەکرد و ئیدی لە پاش ئەوانەدا هەندێ داب و نەریتی ئەوتۆ سەریهەڵدا کە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا نەدەگونجان کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن. ئەگەرچی ڕۆحی یاساکانی رابردوو کە بریتی بوو لە سەندنی غەرامە و قەرەبوو کردنەوەی خەسارەت هەروەکو خۆی مایەوە و بەشێکی زۆر لە کێشە و گیروگرفتەکانیان لە ڕێگای قەرەبوو کردن و سەندنی غەرامەوە چارەسەر و یەکالا دەکرد، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر بنچینەکانیدا هات و هەر بۆیە لە لایەن ئەرستۆکراتەکانەوە جۆرەها ئەحکام دەردەچوو کە ڕادەی تاوانیان لە دادگای بچووکی سنوور و قەڵەمڕەوی حکومەتیی ئەرستۆکراتیدا دیاری دەکرد و ئەگەرچی پەیڕەویان لە دەقی یاساکانی رابردوو نەدەکرد، بەڵام لانی کەم پەیڕەویان لە ڕۆحی یاساکان دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتی فەرەنسا بەسەر حکومەتی ئەرستۆکراتی بچووک و جۆراوجۆردا دابەش ببوو کە بە پێی شێوازی دەرەبەگایەتی بەڕێوە دەبرا، واتە خاوەن یەکێتیی سیاسی نەبوون. هەر بۆیە گەلێک دژوار بوو لە هەموو ناوچە ئەرستۆکرات نشینەکاندا یاسایەکی هاوشێوە جێبەجێ بکرێت.

بەهۆی سەرهەڵدانی شێوازی دەرەبەگایەتی ئەو نەریتە کۆنە لە ناوچوو کە بە پێی ئەو هەندێ خاوەن پلەوپایەیان بۆ چاودێریکردنی ڕاپەڕاندنی یاسا و عەدالەت دەنارده شوێنەکان و تەنانەت هەروەک لە ئەحکامەکانی ئەو قۆناغەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێک کە پاشاکان بە پێی دەستوور و فەرمانی خۆیان ناوچەی ئەرستۆکراتیی نوێیان دروست



دەکرد، مافی ناردنی چاودێر و نوێنەریان بۆ ناوچەکانی ئەو ئەرستۆکراتانە لە خۆیان دەسەندەوە و سوودیان لەم مافە وەرنەدەگرت. کاتێ کە سەرانسەری وڵات بەسەر ناوچەی ئەرستۆکراتی دابەش کرا ئیدی چاودێر و خاوەن پلەوپایە کۆنەکارەکان لە کارکەوتن و یاسایەکی تاقانە و هاوبەشیش لە نێوچوو، چونکە هیچ کەسێک نەیدەتوانی پەیڕەوی لە تاکە یاسایەکی هاوبەش بکات.

ئەوەبوو وردە وردە گوێ لە یاسای سالیک و بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکان ئاخنراو؛ ئەم بەهەند هەڵنەگرتن و گرنگی پێنەدانە کە لە وەچەی دووهەمی ئەرستۆکراتەکانەوە دەستی پێکردبوو لە وەچەی سێهەمدا گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە هیچ کەسێک باسی ئەو یاسایانەی نەدەکرد. لە سەردەمی وەچەی یەکەم و دووەمدا ئەرستۆکراتەکان بە زۆری چینە دیارەکانی گەل واتە ئەرستۆکرات و قەشەکانیان کۆدەکردەوە و مەبەستی سەرەکیش لەم کۆبوونەوانە ئەوەبوو کە سنوورێک بۆ ئەسقەفەکان دیاری بکەن، چونکە پیاوە ئایینییەکان چینێکی ئەوتۆ بوون کە دەیانویست لە سەرو هەمووانەوە بن و خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتی بن. ئەو یاسایانە لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا دادەڕێژراو لە لایەن پاشاوە پەسند دەکران هەر ئەو یاسایانەن کە ئەمڕۆکە ئێمە بە ناوی کاپیتۆلەر ناوزەدیان دەکەین، ئەم کاپیتۆلەرانە کەم و زۆر دەبوونە هۆی ئەوەی کە لە ناوچەی ئەرستۆکراتەکاندا یاساکان روخسارێکی هاوبەش و هاوشێوە وەرگرن، بەڵام دواتر کە یاسای تایبەت بە ئەرستۆکراتەکان داڕێژرا و بەشێکی سامان و دارایی کەنیسە بە پێی یاسای ئەرستۆکراتەکانەوە بەڕێوە دەبرا، لە نێو پیاوە ئایینییەکاندا جیاوازییەکی زۆرتر سەری هەڵدا، ئیدی پیاوە ئایینییەکان هەوڵی دەستکاریکردن و چاککردنی یاساکانیان نەدەدا، چونکە ئیتر تاکە سەرچاوەی چاککردن نەبوون ونەیاندەویست لە چاککردنی یاساکاندا شەریکیان هەبێت.

بە کورتیی کاتێک پیاوە ئایینییەکان لە جیاتی کاپیتۆلەرەکان، یاساکانی کەنیسە و ئەحکامە پەسند کراوەکانی پاپیان- کە لە روانگەی ئەوانەوە بنەمایەکی بەرزتر و پاکتری هەبوو- وەکو یاسا قبووڵ کرد و بەهۆی گەشەسەندنی بنچینەی حوکمی ئەرستۆکراتیی و دەرەبەگایەتیی، پاشاکان چیتر هیچ کەسیان وەکو چاودێری جێبەجێکردنی یاسا نەناردە ناوچەکان ئیدی کاپیتۆلەرەکان کە تاکە هۆی یەکگرتووی یاساکان بوون لە نێوچوون و لە سەردەمی وەچەی سێهەمی ئەرستۆکراتەکاندا هیچ کەسێک ناوی کاپیتۆلەری نەبیستەوە.

## بەشی دەیەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

لەبەر ئەوەی چەندین کاپیتۆلەر بە یاسای لمبارد، سالیک و باویرەکان زیاد کراوە، هەر بۆیە هەندێ کەس ویستویانە هۆکاری زیادکردنی ئەو کاپیتۆلەرانە بۆ خودی یاساکان بگێڕنەوە.

بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری زیادکردنی کاپیتۆلەرەکان، پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدەین کە کاپیتۆلەرەکان بەسەر چەند جۆردا دابەش دەکران، بەشێکیان لایەنی سیاسی و بەشێکی تر لایەنی ئابووری و هەندێ بەش لایەنی ئایینی و بەشێکیشیان پەیوەندیان بە بابەتە مەدەنییەکانەوە هەبووە. جۆری کۆتایی پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەبوو، هەر بۆیە بە یاسای مەدەنی هەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانیانەوە زیاد دەکرد.

کەواتە هۆکاری زیادکردنی کاپیتۆلەرەکان بە یاسای لمبارد و یاساکانی دیکە بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕایەوە کە لە نێوان کاپیتۆلەرە جیاوازەکان و ئەم یاسایانەدا هەبوو، بەڵام کە دەڵێین لەم کاپیتۆلەرانەدا هیچ شتێکی پێچەوانەی یاسای ڕۆمانی نەنووسراوە، ئەوا وتەیەکی راستە، چونکە هەموو ئەو شتانەی لە نێو کاپیتۆلەرەکاندا پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و سیاسی و ئایینییەوە هەبوو لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان بە یاسای ڕۆمانەکانەوە نەبوو و بە تەواوی لەگەڵ ئەو یاسایانەدا جیاوازی هەبووە، هەر بۆیە وەک دژ و پێچەوانەی ئەو یاسایانە حسێب ناکرێت.

ئەو بەشەی کاپیتۆلەرەکانیش کە لایەنی مەدەنی هەبوو پەیوەندی بە یاسای نەتەوە بەربەرەکانەوە هەبووە نەک یاسای ڕۆمانەکان و زیاد و کەم و دەستکاری و تەعدیلاتییان لە یاسای نەتەوە بەربەرەکاندا ئەنجام دەدا. بەڵام بەبڕوای من ئەم کاپیتۆلەرانە کە بەیاساکانەوە زیاد دەکران ڕۆح و فەلسەفەی کاپیتۆلەریان لە ناوبرد، هەروەک چۆن هەمیشە کورتکراوەی کتێب جەوهەری کتێبەکە لە نێو دەبات.

## بەشی یازدەهەم: هەندێ هۆکاری دیکەی لە نێوچوونی یاسای میللەتە بەربەرەکان، یاسای ڕۆمانەکان و کاپیتۆلەرەکان

کاتێک نەتەوە جێرمەنییەکان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمایان داگیرکرد، سەیریان کرد لەوێدا نووسین برەوی هەیە. ئەوکات کەوتنە لاسایی کردنەوەی ڕۆمانییەکان و دەستییان کرد بە نووسینەوەی داب و نەریتەکانی خۆیان و وەکو یاسایان لێکرد. بەڵام لە قۆناغەکانی دارووخاندا کە پاش سەڵتەنەتی شارلمانی سەری هەڵدا، هێرش و پەلاماری نۆرماندەکان و جەنگە ناوخۆییەکان بوونە هۆکاری ئەوەی نەتەوە داگیرکارەکان واتە نەتەوەی



جێرمەنییەکان سەر لە نوێ بە ناخی تاریکی جەهل و نەزانیدا ڕۆبچنەوە کە ماوەیەک بوو لێی هاتبوونە دەرێ و بەم جۆرە خوێندن و نووسینیان فەرامۆش کرد.

ئەو فەرامۆش کردن و لە یاد چوونە، بووە هۆی ئەوەی کە یاسای نوسراوی نەتەوە جێرمەنەکان و یاسای ڕۆمانی و کاپیتۆلەرەکانیش لە یاد بچنەوە، بەڵام لە ئیتالیا بە هۆی حکومەتی پاپ و ئیمپراتۆرە یۆنانییەکان و بوونی شاری بازرگانی و گەشەسەندوو، نەریتی نووسین هەروەکو خۆی بمێنێتەوە و وڵاتی گۆلیش بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ ئیتالیادا توانی لەم ئیمتیازاتانە شتێک بۆ خۆی بپچرێ و مافی ڕۆمانی لەم وڵاتەدا هەرمایەوە، بە تایبەتی کە ئەم مافە لەو ناوچەیەدا وەکو یاسای زەوی و زار و ئیمتیازێکی تایبەتی سەیر دەکرا.

لە ئیسپانیاش بە هۆی فەرامۆش کردنی خەت و نووسین یاسای ویزیگۆتییەکان کەوتە شەوەزەنگی لە بیر چوونەوەوە.

کاتێک کە یاساکان لە سەرجەم ناوچە جۆراوجۆرەکاندا لە نێوچوون، هێدی هێدی داب و نەریتەکان لەم شوێنانەدا سەقامگیر کران و بوون بە جێنشینی یاساکان و بە هۆی سەقامگیربوونی داب و نەریتەکان یاسا تایبەتییەکانی رابردووش کەوتنە شەوەزەنگی لە بیر چوونەوە و سەر لە نوێ غەرامەیان وەردەگرت و قەرەبووی زیان و خەساراتەکانیان دەدایەوە و نەریتی (فێرێدا)یان ڕەچاو دەکرد.

هەروەک چۆن لە کاتی سەقامگیر بوون و بەرقەراری حکومەتی پاشایەتیدا خێڵە جێرمەنەکان داب و نەریتەکانی خۆیان گۆڕی بۆ یاسای نوسراو و داڕێژراو لەم سەردەمەشدا بابەتەکە بە پێچەوانەی لێهاتەوە و لە یاسای نووسراوەوە بەرەو داب و نەریت بایان دایەوە.

## بەشی دوازدەهەم: نەریتی ناوچەیی و گۆڕانکاری نێو یاسای نەتەوە بەربەرەکان و مافی ڕۆمانەکان

بە پێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەست دایە بۆمان دەردەکەوێ کە لە نێو نژادی یەکەم و دووهەمی نەتەوە بەربەرەکاندا هەندێ نەریتی ناوچەیی بوونی هەبووە[١٣٩]. لەم بەڵگانەدا باسی نەریتی ناوچەیی و نەریتی کۆن و داب و نەریت بە شێوەیەکی موتڵەق و نەریت و یاساکان دەکرێت.

هەندێ لە نووسەرەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوەی لەم بەڵگانەدا وەک نەریت ناوی هاتووە، هەمان یاسای میللەتە بەربەرەکانە و هەروەها ئەوەی لەم سەرچاوانەدا بە نێوی

ياسا ناوزەد كراوە، هەمان ياسای ڕۆمانەكانە. ئاشكرایە ئەم بانگەشەیە ڕاست نییە و من هەوڵ دەدەم ئەو بابەتە ڕوون بكەمەوە.

پێن فەرمانی دا، لە هەر شوێنێک یاسا نەبێ پێویستە پەیڕەوی لە نەریتە ناوچەییەكان بكرێ، بەڵام نابێ نەریتە ناوچەییەكان بەسەر یاساكاندا ئەفزەلییەتیان هەبێ. ئێستا ئەگەر ئێمە بڵێین مافی ڕۆمانی بەسەر یاسای نەتەوە بەربەرییەكاندا ئەفزەلییەتی هەبووە ئەوا بە ڕاشكاوی بیروبۆچوونێک دەردەبڕین كە دژ و پێچەوانەی سەرچاوە كۆنەكانە و تەنانەت ڕایەكەمان بە پێچەوانەی یاسای بەربەرەكانیشە چونكە ئەوان بۆ خۆیان پێچەوانەی ئەو قسەیەی ئێمە دەكەن. لە لایەكی تریشەوە نابێ بڵێین ئەو نەریتە هەمان یاسای نەتەوە بەربەرەكان بوو بەڵكو ئەم یاسایانە وەكو یاسا تاكەكەسییەكان بوونە هۆكاری پێكهێنانی نەریتەكان. بۆ نموونە یاسای سالیک یاسایەكی تایبەتی بوو، بەڵام لەو ناوچانەی كە شوێنی نیشتەجێبوونی فرانكەكانی سالیک بوو هاوكات لەگەڵ تایبەتیبوون لایەنی یاسای مەدەنی (نێوخۆی وڵات)ی بەخۆوە دەگرت و وەكو یاسایەكی تایبەتی مامەڵەی پێ نەدەكرا، تەنیا دەرحەق بەو فرانكانە نەبێ كە لە شوێنەكانی دیكەدا نیشتەجێ ببوون. ئێستا ئەگەر لە شوێنێكدا كە یاسای سالیک یاسای مەدەنی بوو، ژمارەیەک ئەڵمانی و بۆرگۆنی و هیتر بەیەكەوە ژیانیان بەسەر بردباو لە نێویاندا كێشەیەک سەری هەڵدابایە ئەوا ئەو گیروگرفتە بە پێی یاسای تایبەتی ئەڵمانی و بۆرگۆنییەكان چارەسەر و یەكالا دەكرایەوە، ئەوكات ئیدی ئەحكامی نوێی دادگاكان كە بە پێی یاسای تایبەتییەكان كاروباریان ڕادەپەڕاند، داب و نەریتی نوێیان لە وڵاتدا دادەمەزراند. لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ بۆچی پێن ئەو حوكمەی دەركرد، چونكە ئەو داب و نەریتە فرانكەكانی سالیكیشی دەگرتەوە، ئەوانیش لە ژێر نفووزی ئەو داب و نەریتەدا لە وڵاتی خۆیان ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین كە ئەم داب ونەریتە هەرگیز بەسەر یاسای سالیكدا كە یاسایەكی مەدەنی بوو ئەفزەلییەتی پەیدا نەكرد.

بەم جۆرە لە هەموو شوێنەكاندا یاسایەكی مەدەنی ئەوتۆ هەبوو كە بەسەر داب و نەریتەكاندا ئەفزەلییەتی هەبوو و لە هەمان كاتیشدا هەندێ داب و نەریتی ئەوتۆ لە ئارادا بوون كە هەندێ جار دەبوونە تەواوكەری یاساكان و هەندێ كاتیش لەگەڵ یاساكاندا بەریەک دەكەوتن و جاری واش هەبوو دەبوونە تەواوكەری یاسا نامەدەنییەكان. بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێكدا كە یاسای سالیک یاسای وڵات بوایە، كەسێكی بۆرگۆنی بە پێی یاساكانی خۆیان دادگایی دەكراو ئەگەر یاسای بۆرگۆنی ماددەیەكی (بەند) تایبەتی بۆ چارەسەر كردن و یەكالاكردنی كێشەكە یان دەركردنی حوكمی سزا لەبەردەستدا نەبوایە،



ئەوا ئەو كات پیاوە بۆرگۆنییەكە بە پێی ناوچەكە دادگایی دەكرا.

لە سەردەمی پێندا داب و نەریتەكان لە یاسا لاوازتر بوون، بەڵام زۆر بە زوویی ئەفزەلییەتیان بەسەردا پەیدا كرد و یاساكانیان لە نێوبرد. لەبەر ئەوەی هەمیشە نیزام و ڕێوشوێن بریتییە لەو چارەسەرەی كە دەردەكەی ئێستا نیشان دەدا، هەر بۆیە بۆمان دەردەكەوێ كە لە سەردەمی پێن-یشدا خەڵک داب و نەریتیان بەسەر یاساكاندا پەسند دەكرد.

لە هەموو ئەو شتانەی باسمان كرد بۆمان دەردەكەوێ كە بۆچی مافی ڕۆمانی لە سەردەمی یەكەمدا بوو بە یاسای مەدەنی، چونكە هەروەكو چۆن لە فەرمانەكەی پیستدا نووسراوە كە چۆن چۆنی یاسای گوتەكان پەرەی نەسەند و هەروەها هەروەک لە فتواكەی ترویس لە بەشی پێنجەمی ئەم كتێبەدا ئاماژەمان بۆ كرد، یاسای ڕۆمانی یاسایەک بوو هەم تاكە كەسی و هەم گشتیی، بەڵام یاسای گوتی یاسایەكی تاكەكەسی و تایبەتی بوو و لە ئاكامیشدا یاسای ڕۆمانی بە هۆی ئەو گشتی بوونەوە وەكو یاسای مەدەنی مامەڵەی پێ دەكرا.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین كە لەبەر چی لە ئاكامی نەخوێندەواریدا یاسای تایبەتی نەتەوە بەربەرەكان لە هەموو شوێنێكدا لە نێوچوو كەچی یاسای ڕۆمانی وەكو یاسای مەدەنی لە وڵاتی ویزیگۆت و بۆرگۆنیدا توانی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بكات؟

بەڵێ، نەک هەر یاسا تایبەتییەكان لە ئاكامی نەخوێندەواری لە نێوچوون بەڵكو ئەم چارەنووسە یاسای ڕۆمانەكانیشی گرتەوە، ئەگەر وانەبوایە ئەوا ئەمڕۆكە لەو ویلایەتانەی كە یاسای ڕۆمانی یاسای مەدەنی وڵاتە، ئێمە لەگەڵ یاسای تیۆدۆزدا بەرەو ڕوو دەبووینەوە، ئەوە لە كاتێكدایە كە ئێستا لەم ویلایەتەدا یاسای ژوستینین كاری پێدەكرێ.

بەڵێ لەو ویلایەتانەدا یاسای ڕۆمانییەكان لەگەڵ یاسا نووسراوەكاندا لە نێوچوون و تەنیا نێوی ئەو یاسایانە لەسەر ئەو وڵاتانە مایەوە و لە هەمان كاتیشدا بیرەوەری عیشق و خۆشەویستی دەرحەق بە یاسا ڕۆمانییەكان بەهۆی هەندێ حەز و ئارەزووی سروشتییەوە لەسەر دڵەكاندا هەر مابۆوە، هەر بۆیە كاتێ یاسای ڕۆمانی ژوستینین سەریهەڵدا، خەڵک بە باوەشێكی ئاوالاوە قبوولیان كرد و وەكو یاسا لە ویلایەتی بۆرگۆنی پەسند كرا، ئەوە لە كاتێكدایە كە لەسەرجەم سنووری دەسەڵاتی فرانكەكاندا تەنیا وەكو بەڵگە یان پەند و ئامۆژگاری سەیری دەكرا نەک وەكو یاسا.

## بەشی سێزدەهەم: جیاوازی یاسای سالیک لەگەڵ یاسای ریپوئر و یاسای سەرجەم نەتەوە بەربەرەکانی تر

یاسای سالیک بە هیچ جۆرێ بەڵگەی سلبی قبووڵ نەدەکرد، واتە بە پێی ڕێوشوێنەکانی ئەم یاسایە، ئەگەر کەسێک سکاڵایەکی هەبوایە یان کەسێکی تۆمەتبار کردبا، دەبوایە سکاڵاو داواکاریەکەی خۆی بسەلمێنی، هاوکات تەنیا ئینکارکردن، تاوانبارەکەی تەبریئە نەدەکرد. ئەوە بابەتێکە کە لە یاسای هەموو نەتەوەکانی جیهاندا دەبینرێت. بەڵام یاسای ریپوئر بەڵگەی سلبی قبووڵ دەکرد و لەم رووەوە رۆحی ئەو یاسایە لەگەڵ رۆحی یاسای سالیکدا جیاوازی هەبوو.

بە پێی یاسای ریپوئر ئەگەر تاوانی گوناهێک خرابایە پاڵ کەسێکەوە یان سکاڵایەکیان لە دژی تۆمار کردبا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەیتوانی لە رێگای سوێند خواردن لە بەرامبەر شاهیدەکاندا بێ گوناهی خۆی بسەلمێنێ، بەڵام بە پێی گرنگی بابەتەکە ژمارەی شاهیدەکانیش زیادی دەکرد و لە هەندێ حاڵەتدا دەگەیشتە (٧٢) کەس.

یاسای ئەڵمانی، باویر، لمبارد، تورنژ، فریز، سەکسۆن و بۆرگۆنییەکانیش هەر بە پێی رۆحی یاسای ریپۆئر نووسرا بوون.

وتمان یاساکانی سالیک بەڵگەی سلبیان قبووڵ نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێ کە تێیدا بەڵگەی سلبی قبووڵ کراوە، بەڵام لەم حاڵەتەشدا بەبێ بەڵگەی ئیجابی (پۆزەتیڤ) پەسند نەدەکرا، واتە بە تەنیا ئینکارکردنیان قبووڵ نەدەکرد.

شێوازی کارکردن لە کاتی دادگاییکردندا بەم جۆرە بوو: داواکار شاهیدەکانی خۆی دێنا و ئەوان شاهیدی خۆیان دەدا و ئەو کەسەش کە تۆمەتبار کرابوو شاهیدەکانی خۆی دەهێنا و ئەوانیش قسەی خۆیانیان دەکرد و شاهیدیان دەدا و پاشان دادوەر بە پێی راو بیروبۆچوونی شاهیدەکان حەقیقەتی دەدۆزییەوە حوکمەکەی دەردەکرد. ئەو نەریتە ئێستا لە ئینگلتەرادا کاری پێدەکرێت.

ئەو کردەوەیە لەگەڵ شێوەی یاسای ریپوئر و یاسای سەرجەم نەتەوە بەربەرەکان تردا جیاوازی هەبوو، چونکە لەو یاسایانەدا تۆمەتبار سوێندی دەخوارد کە گوناهکار نییە و داوای لە خزم و کەسەکانی خۆی دەکرد سەبارەت بە بێگوناهیەکەی سوێند بخۆن. ئەو جۆرە یاسایە بۆ نەتەوەیەک دەست دەدا کە سادەیی یەکێک لە سیفەتە خۆڕسکەکانی بێت و نەتوانن درۆ بکەن، هەر بۆیەش دواتر یاسادانەرەکان هەندێ دەستکاری و تەعدیلاتیان لە



یاسای سالیکدا ئەنجام دا بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانن کەڵکی خراپ لەو رێوشوێنانە وەرگرن.

## بەشی چواردەهەم: هەندێ جیاوازی دیکە

یاسای سالیک، جەنگی دەستەویەخە «دۆئل»ی بە رەوا نەدەزانی و مۆڵەتی ئەوەی نەدەدا سەرکەوتن لە کاتی دۆئلدا بکرێتە بەڵگەی حەقانییەت و رەوابوون، بەڵام یاسای ریپۆئرو یاسای زۆربەی هەرە زۆری نەتەوە بەربەرەکان، جەنگی دەستەویەخەیان بۆ دەرخستنی بەڵگەو سەلماندنی رەوابوون و حەقانییەت بە رەوا زانیوە.

بێگومان بە بڕوای من بە رەوا زانینی دۆئل پەیوەندی بەو یاسایەوە هەبوو کە بەڵگەی سلبی و ئینکارکردنی پەسند دەکرد، چونکە کاتێک کەسێک داوای مافێک دەکاو بۆی دەردەکەوێ لایەنی بەرامبەر لە رێگای پەنابردن بۆ ئینکارکردن یان سوێندخواردنەوە ئامادە نییە دان بە مافەکەی دابنێ و مافەکەی بداتەوەو هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا بۆ داواکارەکە کە پیاوێکی جەنگاوەر بوو هیچ چارەیەک نەدەمایەوە جگە لەوەی بە تۆپزی مافی خۆی بسێنێتەوەو لایەنی بەرامبەر بۆ جەنگی دەستەویەخە بانگهێشت بکات.

بەڵام لەبەر ئەوەی لە یاسای سالیکدا بەڵگەی سلبی و ئینکارکردن قبووڵ نەدەکرا، هەر بۆیە هیچ پێویستی نەدەکرد بۆ پێشکەشکردنی بەڵگە پەنا بۆ دۆئل و جەنگی دەستەویەخە ببەن، لە کاتێکدا یاسای ریپۆئر و سەرجەم نەتەوە بەربەرەکانی تر لەبەر ئەوەی بەڵگەی سلبی و ئینکارکردنیان قبووڵ دەکرد هەر بۆیە ناچار نەدەبوون بنچینەی جەنگی دەستەویەخە بۆ سەلماندنی حەقانییەت و رەوابوون جێگیر بکەن. ئەگەر خوێنەر سەیرێکی رێوشوێنەکانی کوندەبوی پاشای بۆرگۆنی بکا کە لەمەڕ ئەم بابەتەوە دایڕشتوون، بۆی دەردەکەوێ کە دانانی ئەم رێوشوێنانە پەیوەندییەکی قووڵی بە ماهییەتی سروشتی بابەتەکەوە هەبووە، چونکە مەبەستی سەرەکی یاسادانەر ئەوەبوو نەهێڵێ ئەو کەسەی دەیەوێ کەڵکی خراپ لە سوێندخواردن وەرگرێ، سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

لە ویلایەتی (لمبارد) بە پێی یاسای روتاریس فەرمانیان دا ئەو کەسەی بۆ سەلماندنی بەرائەتی خۆی پەنای بۆ سوێندخواردن بردووە ئیدی نابێ بۆ جەنگی دەستەویەخە بانگهێشت بکرێت و دواتریش ئەو نەریتە یاساییە گەشەی سەند، بەڵام هەروەک لە بەشی هەژدەهەمی ئەم کتێبەدا روونی دەکەینەوە، پەرەسەندنی ئەم نەریتە هەندێ عەیب و کەموکوڕی لێ کەوتەوەو ناچاربوون سەرلەنوێ بگەڕێنەوە سەر نەریتە کۆنەکە.

## بەشی پازدەهەم: تێڕامان

ڕەنگە هەندێ کەس ڕەخنەم لێ بگرن و بڵێن، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە یاسای نەتەوە بەربەرەکاندا پێکهاتووەو ئەو ڕێوشوێنانەی پێوەی زیادکراوەو بە کورتی هەندێ شتی ئەوتۆ لەناو کاپیتۆلەرەکاندا بەرچاو دەکەوێ، دەری دەخات نەریتی دۆئل هیچ پەیوەندییەکی بە قبووڵکردنی بەڵگەی سلبی و ئینکارکردنەوە نەبووە. منیش تا ڕادەیەک دان بەو خاڵە دادەنێم و پەسندی دەکەم و منیش لەسەر ئەو بڕوایەم کە بە درێژایی سەدە یەک لە دوا یەکەکان لەوانەیە هەندێ هەلومەرجی تایبەتی بووبێتنە هۆکاری سەقامگیربوونی هەندێ یاسا، بەڵام لێرەدا قسەی من پەیوەندی بە لایەنی گشتی ڕۆحی یاساکانی نەتەوە جێرمەنییەکانەوە هەیەو سەبارەت بە بنەماو ماهییەتی ئەو یاسایانە قسە دەکەم و باسی نەریتە کۆن و دێرینەکانی ئەم میللەتانە دەکەم کە دواتر لە ڕێگای یاساوە تۆمارکراون و لە نێو کۆمەڵگادا جێبەجێ کراون و جێبەجێ کردنیان بووە بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی هەموان. جگە لەمە من باسی هیچ شتێکی دیکە ناکەم.

## بەشی شازدەهەم: سەلماندنی بێ گوناهی
## لە ڕێگای دەست خستنە ناو ئاوی کوڵاوەوە بە پێی یاسای سالیک

لە یاسای سالیکدا هاتبوو پێویستە تاوانبار بۆ سەلماندنی بێ گوناهی خۆی دەست بخاتە نێو ئاوی کوڵاوەوە ئەگەر هاتوو دەستی نەسووتا ئەوا دەردەکەوێ بێ گوناهە. بەڵام لەبەر ئەوەی پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەیە یەکجار زۆر سەخت بوو، یاسا ڕێگایەکی بۆ تەعدیلی ئەو ڕێوشوێنە دۆزییەوە، بەم جۆرە ئەو تۆمەتبارەی ئامادە نەدەبوو دەستی خۆی بخاتە نێو ئاوی کوڵاوەوە، دەیتوانی بە ڕەزامەندی داواکارەکەی خۆی دەستی بکڕێتەوە. بەو چەشنە داواکار لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەکدا شاهیدی دان و سوێندخواردنی چەند کەسی قبووڵ دەکرد کە لە پێناوی بێ گوناهی تۆمەتبارەکەدا سوێندیان دەخوارد. ئەمە یەکێک لە حاڵەتە تایبەتییەکانی یاسای سالیک بوو کە تێیدا بەڵگەی سلبی و ئینکارکردن قووڵ دەکرا. هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد سەلماندنی بێ گوناهی لە ڕێگای دەست خستنە نێو ئاوی کوڵاوەوە زۆر سەخت و دژواربوو و لە لایەکی تریشەوە قبووڵ کردنی بەڵگەی سلبی بەهۆی سوێند خواردنی شاهیدەکان و ئینکارکردنی تۆمەتبارەکە، نەریت و ڕێوشێنێکی ئەوتۆ بوو کە یاسا قبووڵی دەکرد و دەیسەپاند، بەڵام بە ڕێگەپێدراوی نەدەزانی و مۆڵەتی پێ نەدەداو لە ڕاستیدا ڕێگایەکی لەبەردەم داواکاردا کردبۆوە کە بە ئارەزوو و ڕەزامەندی خۆی لە تۆمەتبارەکە خۆش ببێ و ئینکارکردنەکەی



قبووڵ بکات و لە هەمان کاتیشدا قەرەبووی زیان و خەسارەتەکانی خۆی بکاتەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە داواکار دەیتوانی بە تەواوی چاو لە مافی خۆی بپۆشێ و شکایەت نەکات.

یاسا بۆیە ئەم ڕێگاو تەعدیلاتەی خستبووە بەردەستی هەردوو لایەن هەتا تاوانبار لە ترسی ئەشکەنجەو داواکاریش بە هۆی وەرگرتنی بڕە پارەیەک و بەدەست هێنانی قازانج، چاوپۆشی لە شکایەت و داواکاری بکەن و لەگەڵ یەکتردا ئاشت ببنەوە. بێگومان لە دوای ئەوە هەردوولا لە یەکتر خۆش دەبوون و هەر کامەو بۆ لای ئیش و کاری خۆی دەچوو و ئیتر دۆئلیان نەدەکرد. کەواتە نابێ پێمان وابێ نەریتی دۆئل پەیوەندی بەو ماددەیەی یاسای سالیکەوە هەیە.

## بەشی حەڤدەهەم: شێوازی بیرکردنەوەی باب و باپیرانی ئێمە

زۆر سەیرە باب و باپیرانی ئێمە بەم جۆرە شەرافەت و سامان و ژیانی تاکەکانیان بەستبۆوە بە هەندێ شتی ئەوتۆ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە عەقڵ و بەڵگەوە نەبوو بەڵکو پەیوەندییەکی قووڵیان بە ڕێکەوت و ڕووداوەکانەوە هەبووەو بەردەوام هەندێ بەڵگەی ئەوتۆیان وەکو ئاکامگیری بەکار دەهێنا کە هیچ شتێکی نەدەسەلماند و هیچ چەشنە پەیوەندییەکی نە بە تاوان و نە بەبێ تاوانی و نە بەبێ گوناهییەوە نەبووە.

بەڵام هەروەکو تاسیت ئاماژەی بۆ دەکا، جێرمەنەکان لەبەر ئەوەی گیرۆدەو ملکەچی ئەو وەهمانە نەبوون، هەر بۆیە خاوەنی ئازادییەکی زۆرتر بوون و تەنانەت دەتوانین بڵێین خێوی ئازادییەکی ڕەهابوون و بنەماڵەکان لە پێناوی کوشتن و دزی و سووکایەتیدا دەستیان بە جەنگ و پێکدادان دەکرد. دواتر جێرمەنەکان گۆڕانکارییان لەم نەریتەدا دەکرد، بەم جۆرە هەندێ داب و نەریتی تایبەتییان بۆ ئەو جەنگانە داناو فەرمانیان دا جەنگەکان بەپێی دەستوورو لە ئاگاداریی دادوەر بە ئەنجام بگەن. شتێکی ئاساییە کە ئەم ڕێوشوێنە لەچاو بارودۆخی پێشتردا باشتر بوو، چونکە ئاستەنگی دەخستە بەردەم ئازادی ڕەهای جەنگ و کوشتار لەگەڵ یەکتر و بەرتەسکی دەکردنەوە.

هەروەک چۆن ئەمڕۆکە تورکەکان لە کاتی جەنگە بنەماڵەییەکاندا لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەرەی سەرکەوتوو بە پشتیوانی ویستی خودا توانیویەتی سەرکەوتن بەسەر نەیارەکەیدا بەدەست بێنێ و زاڵبوون وەکو بەڵگەی حەقانییەت و ڕەوابوون سەیردەکەن، جێرمەنەکانیش سەرکەوتنی داگیرکار (فاتح)یان وەکو بەڵگەی لەسەر حەق بوونی

داگیرکار سەیر دەکردو پێیان وابوو دەستێکی دەروونی و نهێنی لەم ڕێگەیەوە سزای تاوانبار یان ملهوڕەکەی داوە.

(تاسیت) دەڵێ: هەر کاتێ خێڵێکی جێرمەنی ویستبای لەگەڵ خێڵێکی دیکەدا بە شەڕبێت، لە سەرەتادا هەوڵی دەدا چەند کەسێک لە خێڵی بەرامبەر بەدیل بگرێت و پاشان ئەو دیلانەی لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی خۆی بەشەڕ دەداو ئەگەر لەم جەنگەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابایە بڕوایان وابوو کە لە کاتی جەنگ لەگەڵ خێڵی ناوبراویشدا سەرکەوتن بەدەست دێنن.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە کە شەڕی دەستەویەخە کاریگەری لەسەر جەنگێکی گەورەو گشتیدا هەیەو ئەو جەنگە دەستەویەخەیە لە ئاکامدا بەرەو جەنگێکی گشتی گۆڕانکاری بەسەر دادێ و کۆتایی بە کێشەو جیاوازییە گشتییەکان دێنێ، بێگومان ئەو بیرۆکەیە لەلای خێڵە جێرمەنییەکاندا سەری هەڵدا کە جەنگی دەستەویەخە کۆتایی بە کێشەو جیاوازییە تاکە کەسییەکانیش دێنێ، واتە دەکرێ کێشە تاکە کەسییەکانیش لە ڕێگای جەنگی دەستەویەخەوە چارەسەرو یەکالا بکرێن. کوندەبوی پاشای خێڵی بۆرگۆنی یەکێک لەو پاشایانە بوو کە زۆر زیاتر لە پاشاکانی تر گەشەی بە نەریتی جەنگی دەستەویەخەو جەنگە تاکەکەسییەکان دا. لەو یاسایەی کە لە پێناوی جەنگ و ململانێدا دایڕشتبوو ئاماژەی بە هۆکارەکانیش کردبوو و دەڵێ:

مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە کە هاووڵاتییەکانی ئێمە سوێند لەسەر بابەتە تاریک و تەم و مژاوییەکان نەخۆن و یان ناچار نەبن سەبارەت بە کێشە ئاشکراو دیارەکان سوێندی بە درۆ بخۆن.

لە ئاکامدا سەرەڕای ئەوەی پیاوە ئایینییەکان دژی نەریتی جەنگ و ململانێ تاکە کەسییەکان بوون و یاساکانی ئەو جەنگەیان بە کوفر دادەنا، کەچی پاشای خێڵی بۆرگۆنی نەریتی سوێند خواردن و یاساکانی تایبەت بەم نەریتەی بە ناپەسندو کوفر دادەنا.

پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدەین کە لە خۆڕا نەبوو پێشینیان سەرکەوتنی لایەنێکیان لە جەنگی دەستەویەخەدا وەکو بەڵگەی حەقانییەت و ڕەوابوون سەیر دەکرد، بەڵکو ئەزموونی ژیان فێری ئەوەی کردبوون چونکە خێڵە جێرمەنەکان هەر هەموویان شەڕکەر بوون و لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین شەڕکەری تاکە سیفەتی ئەم خێڵانە بوو. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسی ترسنۆک دەکەوێتە بەر نەفرەتی خەڵکەوەو هەرکەسێک ترسنۆک بوایە، ئەوا نیشانەی ئەوەبوو کە خاوەنی چەندین عەیب و کەموکوڕی دیکەشەو بەپێی داب و نەریتی گشتی پەروەردە نەکراوەو لە سەردەمی منداڵیدا فێری بنچینەکانی ڕێنمایی



گشتی نەکراوەو پابەندی شەرافەت و ئابڕوو نییە.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا پیاوێکی ترسنۆک وەکو پیاوێکی نائاسایی سەیری دەکراو خۆشی وا دەنواند کە گرنگی بە نەفرەتی گشتی نادات و هەوڵ نادات ڕێزو خۆشەویستی جەماوەر بەدەست بێنێ. لە کۆمەڵگای ئەوتۆدا هەرکە تاک خاوەنی دایک و باوکێکی باش و دڵسۆز بێت، بە چەشنێک پەروەردە دەکرێ کە گرنگی بە شەرافەت و ئابڕوو بدات و بێگومان بۆ پارێزگاری کردن لە شەرافەت و بەرگری کردن لە ئابڕووی خۆی وەکو کەسێکی بە تواناو بە هیمەت باردەهێنرێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەو کۆمەڵگایەی کە هیمەت و بەهێزی و غیرەت و ئازایەتی لەلایەن خەڵکەوە ڕێزی لێ دەگیرێت، تاوان و کردەوەی ناپەسندیش زۆربەی جارو بگرە هەمیشە سەرچاوەکەی بۆ فرتوفێڵ و تەزویرکاری و ترسنۆکی دەگەڕێتەوە.

هەر بۆیە وەکو بەڵگەی حەقانییەت و ڕەوایی سەیری جەنگ-واتە پێشاندانی هیمەت و ئازایەتی و غیرەت-یان دەکرد.

بەڵام بۆچی تاوانباریان ناچار دەکرد دەستی خۆی بخاتە نێو ئاوی کوڵاو یان لەسەر ئاسنی سوورکراوی دابنێ و پاشان دەستیان دەخستە کیسەیەکەوە و سەری کیسەکەیان دەبەست و ئەگەر هەتا سێ ڕۆژ شوێنەواری سووتان لەسەر دەستی بەدیار نەکەوتبا ئەوا دەنگیان بۆ بێ تاوانی تاوانبارەکە دەدا؟ هۆکاری سەرەکی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو خێڵانە خوویان بە کاری سەخت و تاقەتپڕوکێنەوە گرتبوو، کۆمەڵگەیەک یان میللەتێک کە بەردەوام خەریکی بەکارهێنانی چەکە، ئاساییە تاکەکانی دەست و پلێکی گڕنی گڕنی و پتەویان دەبێ و هیچ دوور نییە کە پتەویی پێستی دەست بگاتە رادەیەکی ئەوتۆ کە ئاوی کوڵاویش نەتوانێ کاری تێ بکات و ئەگەر کاریگەریشی لەسەردانا ئەو کاتە دەردەکەوێ خاوەنی دەستەکە کورد گۆتەنی لە لۆکەدا گەورە بووە.

هێندە دوور ناڕۆین، ئەمڕۆکە جوتیارو وەرزێرەکانی ئێمە خودان دەست و پلێکی ئەوندە پتەو و خاراون کە دەتوانن ئاسنی نیمچە سوورکراو بەدەست بگرن بەبێ ئەوەی شوێنەواری سووتان لەسەر دەستیان بەدیار کەوێت. هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە کاریان دەکرد دەیانتوانی دەستی خۆیان بخەنە نێو ئاوی کوڵاوەوە بەبێ ئەوەی نیشانەکانی سووتان لەسەر دەستیان بەدیارکەوێت. خانمە بەڕێزەکانیش بەردەوام پارێزەریان هەبوو یان لە کاتی نەبوونی پارێزەریشدا کوڕە جوامێری ئەوتۆ دەست دەکەوتن کە بەرگرییان لێ بکەن و لە پێناوی پاراستنی خانمەکان دەچوونە جەنگ و ململانێوە یان دەستی خۆیان لە جیاتی ئەوان دەخستە ناو ئاوی کوڵاوەوە.

بەپێی یاسای خێڵی تورنژ کە یەکێک بوو لە خێڵە جێرمەنییەکان ئەگەر ژنێک تۆمەتی خیانەتکردن بە مێردەکەی درابایە پاڵ دەبوایە بۆ سەلماندنی بێ تاوانی و داوێنپاکی خۆی دەستی بخاتە نێو ئاوی کولاوەوە، بەڵام لە کاتێکدا ئەم نەریتە جێبەجێ دەکرا ئەگەر هیچ کوڕە جوامێرێک دەست نەکەوتبا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژنەکە بکات و لە پێناوی پاراستنی ئابڕووی ئافرەتەکەدا ململانێ و جەنگ بکات.

لە نێو خێڵی (ریپۆسر) کاتێ نەریتی دەست خستنە ناو ئاوی کولاو بە مەبەستی سەلماندنی بێ گوناهی ئافرەت جێبەجێ دەکرا، ئەگەر ئافرەتەکە نەیتوانیبا شاهیدێک بۆ سەلماندنی بێ گوناهی خۆی پەیدا بکات و ئەگەر توانیبای ئەم کارە ئەنجام بدات ئەوا لە سزادان بە هۆی دەست خستە نێو ئاوی کولاوەوە دەبەخشرا. بەڵام ئەگەر ئافرەتێک هیچ کەس لە خزم و کەسەکانی بەرگری و پارێزگارییان لێ نەکردبا یان پیاوێکی تاوانبار نەیتوانیبا بۆ سەلماندنی بێ گوناهیی خۆی شاهید پەیدا بکات، ئەوا هەر خودی ئەم مەسەلەیە ژن و پیاوەکەی مەحکووم بە گوناهباری دەکرد.

بە کورتی لەو سەردەمەدا کە سەرچاوەی سەلماندنی بێ گوناهی دەست خستنە نێو ئاوی کولاو یان بە دەستەوەگرتنی ئاسنی سوورکراوەو جەنگی دەستەویەخە بوو، ئەم یاسایە بە جۆرێک لەگەڵ بارودۆخی ژیان و داب و نەریتی خەڵکدا دەگونجا کە بە پێچەوانەی رواڵەتی مەسەلەکە، هێندەش ستەمکارانە نەبوو، ئەگەرچی وەکو یاسایەکی سەخت و توندوتیژ سەیری دەکرا بەڵام شوێنەوارەکانی هێندە نەدەبووە هۆی پێشێلکردنی مافی خەڵک.

### بەشی هەژدەهەم: چۆن بۆ سەلماندنی حەقانییەت ململانێیەکان درێژەیان کێشا

لەو نامەیەی کە ئاگوباری کاهینی بەناوبانگ بۆ لویسی ورگ زلی پاشای بۆرگۆنی نووسیوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەریتی ململانێ و جەنگی دەستەویەخە لە نێو فرانکەکاندا باوی نەبووە، چونکە ئاگوبار لە درێژەی نامەکەیدا رەخنەی لە یاسای کوندەبوی پاشای بۆرگۆنی گرتووە، چونکە ئەم پاشایە جەنگی دەستەویەخەی کردۆتە هۆیەک بۆ سەلماندنی حەقانییەت و پێشنیاری ئەوە دەکا کە لە هەرێمی بۆرگۆنیدا کێشە و گیروگرفتەکان لە رێگای یاسای فرانکەکانەوە چارەسەرو یەکالا بکرێن و لەلایەکی تریشەوە ئێمە دەزانین کە ئەم نەریتە لە نێو فرانکەکاندا بەکارهێنراوەو برەوی هەبووە، هەر بۆیە ئەم بابەتە لەگەڵ نامەکەی ئاگوباردا دژایەتی هەیە. بەڵام ئەگەر بێتو سەرنجی ئەو شتانە بدەن کە من لە



بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەم بۆ کردوون ئەو کێشەیە یەکالا دەبێتەوە، چونکە فرانکەکان دوو دەستەبوونە، دەستەیەکیان کە سوودیان لە نەریتی جەنگی دەستەویەخە وەردەگرت بریتی بوون لە خێڵەکانی ریپۆئر و دەستەکەی تریش پێیان دەگوترا فرانکی سالیک. ناوەڕۆکی نامەکەی ئاگوبار پەیوەندی بەو دەستەیەوە هەبوو کە نەریتی جەنگی دەستەویەخەیان قبووڵ کردبوو.

بەم حاڵەش سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان ئاگوبارو پیاوە ئایینییەکانی دیکە، نەریتی دۆئل بۆ سەلماندنی حەقانییەت رۆژ لە دوای رۆژ لە فەرەنسادا زیاتر پەرەی دەسەند و ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆتاییدا خودی پیاوە ئایینییەکان بوونەتە هۆی گەشەدان بەم کارە. هۆکارەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە: بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە خاکی لمباردەکان «باکووری ئیتالیای ئێستا»دا نەریتێکی خراپ بڵاوببۆوەو هەرکەسێک گازندەی لە دژی میراتێک هەبوایەو راگەیاندبا کە فلانە کاپیتۆلەرو قەباڵە فرتوفێڵی تێداکراوە، ئەوا خاوەنی کاپیتۆلەر یان قەباڵەکە بە ئینجیل سوێندی دەخوارد کە قەباڵەکەی من راستەو بەم جۆرە دەبووە خاوەنی میراتەکە، تەنانەت ئەگەر بە درۆش سوێندی خواردبا. کاتێک کە ئیمپراتۆری لمباردەکان بە نێوی ئوتونی یەکەم لە شاری رۆمادا تاجی ئیمپراتۆری لەسەرنا، لە هەمان کاتیشدا پاپ ژانی دوازدەهەم ئەنجومەنێکی رۆحانی گەورەی پێکهێناو گەورە پیاوەکانی ئیتاڵیا زەرەرو زیانەکانی ئەم نەریتەیان خستە بەرچاوی ئوتون و داوایان کرد ئیمپراتۆر ئەم نەریتە هەڵوەشێنێتەوە. ئوتون لەمەڕ ئەو بابەتە لەگەڵ پاپدا کەوتە وتووێژکردن و هەردووکیان بڕیاریاندا کە ئەو بابەتە بخەنە بەردەستی ئەم ئەنجوومەنەی لە سەرەوە باسمان کرد کە دەبوایە لە شاری راوندا کۆبوونەوەی خۆی گرێ بدات. ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی (٩٦٧زایینی) بە ئامادەبوونی ئوتونی یەکەم و پاپ ژانی دوازدەهەم پێکهات و گەورە پیاوەکانی ئیتاڵیا سەرلەنوێ داواکارییەکەی خۆیان پێشکەش کرد، بەڵام بە بیانووی ئامادە نەبوونی ژمارەیەک لە گەورە پیاوەکان چارەسەرکردنی ئەم بابەتەیان وەدواخست.

پاشان لە ساڵی (٩٨٨) کێنرادی پاشای بۆرگۆنی هاوڕێ لەگەڵ ئوتونی دووەمی پاشای لمبارد هاتنە ئیتاڵیا. گەورە پیاوانی ئیتاڵیا خۆیان گەیاندە خزمەتیان و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەریتە ناپەسندەیان لێ کردن و سەرەنجام ئوتونی دووەم یاسایەکی داڕشت کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە: «ئەگەر دوو کەس لەسەر میراتێک لەگەڵ یەکتردا کێشەو گیروگرفتیان هەبوو و یەکێکیان بیەوێ لە رێگای پەنابردن بۆ قەباڵە ببێتە خاوەنی میراتەکەو ئەویتریشیان قەباڵەکە بە تەزویرو فرتوفێڵ لە قەڵەم بدا ئەوا لەم

حاڵەتەدا کێشەکە لە ڕێگای جەنگی دەستەویەخە چارەسەر دەکرێت، هەر ئەم ڕێوشوێنە دەبێ لەسەر زەوی و زارو ئەو تیولانەش جێبەجێ بکرێت کە لەلایەن نەجیبزادەکانەوە[١٤٠] دراوە بە ڕەنجبەرەکان، جەنگی دەستەویەخە یەکلاکەرەوەی کێشەکانە. ئەرکی سەرشانی کارگێڕانی کەنیسەشە کە ڕەچاوی ئەم ڕێوشوێنە بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوە ئایینییەکان ناتوانن شەڕ بکەن هەر بۆیە وەکیلەکانیان لە جیاتی ئەوان دەچنە جەنگ و ململانێوە».

بەم جۆرە نەریتی ململانێ و جەنگ بۆ سەلماندنی حەقانییەت سەبارەت بەو کێشەو گیروگرفتانەی کە تایبەت بوون بە میراتەوە پەرەی سەند و ئەگەرچی خانەدانەکان خوازیاری هەڵوەشانەوەی نەریتی سوێندخواردن بوون، بەڵام پیاوە ئایینییەکان بە هۆی ئەو خراپ بەکارهێنان و ئەو هەموو عەیب و کەموکوڕییەی کە ئەم نەریتە ئایینیە هەیبوو و کەموکوڕییەکانیشی زۆر روون و ئاشکرابوون کەچی سەرەڕای گوشاری خانەدانەکان ئامادە نەبوون ئەم نەریتە هەڵوەشێننەوە، تا لە کۆتاییدا بە هۆی یەکێتی نێوان خانەدان و دەسەڵاتدارەکان و ئیرادەی خودی ئۆتون کە دەیویست دەسەڵاتی خۆی لە ئیتاڵیادا پیشان بدات، ئەم نەریتەیان چەسپاند و لەوە پاش ئیدی دۆئل بۆ سەلماندنی حەقانییەت بوو بە ئیمتیازێک بۆ خانەدانەکان و بە لەمپەرێکی گەورەیان دەزانی لە بەرامبەر نابەرابەرییەکان و دابینکردنی موڵکایەتی خۆیان، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆرەکان خاوەنی دەسەڵات بوون و بنەماڵەی ئۆتون لە ئیتاڵیادا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان پێکهێناو پیاوە ئایینییەکانیش زۆر لاواز ببوون.

ئێستا بۆچوونەکەی پێشووترمان دەسەلمێت، چونکە ئەگەر هاتباو بە کەسێکیان وتبا قەباڵەی میراتی تۆ فرتوفێڵی تێدا کراوە ئەوا ئەو کەسە یەکسەر سوێندی دەخواردو دەیگوت قەباڵەکەم تەزویر نییە واتە پەنای بۆ بەڵگەیەکی سلبی دەبردو ئەو خراپ بەکارهێنانەی بەڵگەی سلبی وای لە خانەدان و نەجیبزادەکانی ئیتاڵیا کرد لەلای ئۆتون شکایەت بکەن و بۆ چاککردنی ئەم کەموکوڕییەو ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئەم بنەمایە چارەیەک بدۆزنەوەو ئەو نەریتە هەڵوەشێننەوە. ئەوەبوو لە کۆتاییدا نەریتی دۆئل سەریهەڵدا و لە ڕێگای جەنگی دەستەویەخەوە کێشەکانیان چارەسەر دەکردو ئەو نەریتە هێدی هێدی گەشەی سەند.

کەواتە دەرکەوت کە هۆکاری سەرهەڵدانی دۆئل خودی پیاوە ئایینییەکان بوون چونکە ئەوان نەریتی سوێند خواردنیان داهێنابوو. ئەگەرچی سوودوەرگرتن لە بەڵگەی سلبی تایبەت بوو بە خێڵە بەربەرەکان و لەوانەوە بڵاوبۆوە، بەڵام نفووزی کەنیسەشیان پێوە



زیاد کرد بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بەدرۆ سوێند بخوات.

بەر لەوەی ئۆتونی دووەم هەوڵی چاککردن و نەهێشتنی عەیب و کەموکوڕییەکانی سوێندخواردن بدات، جارێکی تریش سەبارەت بەم بابەتە کێشە کەوتە نێوان پیاوە ئایینییەکان و چینەکانی دیکەو لوتری یەکەم کە یەکێک بوو لە پاشاکانی لمبارد هەوڵی دا ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکات و بۆ سەلماندن و یەکالابوونەوەی موڵکایەتی فەرمانی دابوو ئەگەر لەسەر قەباڵەیەک کێشە کەوتە نێوان دوو کەسەوەو یەکێکیان شکایەتی لە قەباڵەی ئەویتر هەبوو و پێی وابوو فرتوفێڵی تێدا کراوە، دەبوایە بنووسی قەباڵەکە واتە بەڕێوەبەری بیرۆی ڕەسمی سوێندی خواردبا کە ئەو قەباڵەیە فرتوفێڵی تێدا نەکراوەو ئەگەر کۆچی دوایی کردبا دەبوایە ئەو شاهیدانەی قەباڵەکەیان ئیمزاکردووە سوێند بخۆن.

بەڵام ئەم یاسایە کەموکوڕییەکانی چارەسەر نەکردو عەیبەکان هەروەکو خۆیان مانەوە تا لە کۆتاییدا هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان دەبێ سوود لە داهێنانی نەریتی دۆئل وەرگرن.

من لەسەر ئەو بڕوایەم بەر لەم مێژووەش لە ئەنجوومەنە گشتییەکاندا کە لە لایەن شارلمانییەوە پێک دەهێنران، گەل بۆچوونی خۆی سەبارەت بە سوێندخواردن بەم جۆرە دەربڕیوەو ئاماژەیان بەوە کردبوو کە «زۆر بە کەمی ڕێک دەکەوێ کە تۆمەتکار یان تۆمەتبار بەدرۆ سوێند نەخۆن و چاکتر وایە بۆ نەهێشتنی مشتومڕو کێشە نەریتی جەنگی دەستەویەخە دابهێنرێ». شارلمانیش ئەو نەریتەی چەسپاند و لەبەر ئەوەی لە خاکی بۆرگۆنیدا نەریتی سوێندخواردن بەرتەسک و سنووردار بوو هەر بۆیە زۆر بە زوویی نەریتی جەنگی دەستەویەخە پەرەی سەند.

پاشان تیۆدۆریکی پاشای ئیتاڵیا فەرمانی دا کە «سترۆکوتەکان» واتە کوتەکانی رۆژئاوا مافی ململانێ و جەنگی دەستەویەخەیان نییەو لە درێژەی ئەو فەرمانەدا تەنانەت یاساکانی «شندا سوئند» و «رسە سوئند» ویستیان بیرۆکەی ململانێیەکەش لەنێو بەرن، بەڵام لە ناربۆن کە دەکەوێتە باشووری فەرەنساو شوێنی نیشتەجێبوونی کوتەکان بوو، ئەم یاسایە بە باشی پێشوازی لێ نەکراو پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەبینی، چونکە ئەوان پێیان وابوو کە ململانێ یەکێکە لە ئیمتیازە تایبەتییەکانی ئەوان.

لمباردەکان کە لە دوای لەنێوچوونی سترۆکوتەکان بە دەستی یۆنانییەکان، توانیان دەست بەسەر ئیتاڵیادا بگرن، سەرلەنوێ نەریتی ململانێ و جەنگی دەستەویەخەیان لەگەڵ خۆیان دا هێنایەوە، بەڵام یاسا سەرەتاییەکانی ئەوان کە سەبارەت بەم حاڵەتە داڕێژرابوون نەریتی دۆئلی بەرتەسک و سنووردار کرد.

ئەو ڕێوشوێنەی کە لەلایەن هەندێ پاشای وەکو شارلمانی و لویسی ورگ زل و ئوتون سەبارەت بە دۆئل دارێژرابوون وردە وردە ئەو نەریتەی کە تایبەت بوو بە حاڵەتی جینائی و چارەسەرکردنی مشتومڕی لەم جۆرە، لەگەڵ کاروبارە یاساییەکانیشدا تێکەڵیان کرد. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەوە لەگەڵ بابەتی سوێندخواردن و خاوەندارێتی میرات و ڕەسەنایەتی و تەزویری کاپیتولەرەکاندا دەگونجێ، بەڵام بەو چەشنە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ کاروباری یاسایی گەلێک کەموکوڕی لێ کەوتەوە، چونکە هەروەک چۆن کەسێک دەیتوانی لە ڕێگای سوێندێکی بە درۆوە ماڵ و دارایی کەسێکی دیکە داگیر بکات، هەر بەم جۆرەش لەوانەبوو لە ڕێگای دۆئلەوە بەبێ ئەوەی لایەنی سەرکەوتوو خاوەن ماف بێت، دەست بەسەر ماڵ و دارایی کەسێکی دیکەدا بگرێ.

هەر بۆیە ئەو دوو نەریتە واتە نەریتی جەنگی دەستەویەخەو سوێندخواردن لە بەرامبەر یەکتردا دەوەستان، سەردەمێک ئەویان بەکاردەهێناو زەمانێکیش گرنگییان بەمی تر دەدا.

لە لایەکەوە پیاوە ئایینی و قەشەکان خوازیاری ئەوەبوون کە گشت گیروگرفت و مشتومڕەکانی ئەو سەردەمە لە ڕێگای کەنیسەوە چارەسەرو یەکالا بکرێن و لەلایەکی تریشەوە نەجیبزادەکان بە هۆی غرووری زاتی خۆیان دەیانویست شمشێرو دۆئل سەنگی مەحەکی کێشەو مشتومڕەکان بێت.

بە مەبەستی لێک تێگەیشتن و لابردنی هەندێ تەمومژ پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە تەنیا قەشەکان لایەنگرو هۆکاری جێگیربوونی نەریتی سوێند خواردن نەبوون، بەڵکو هۆکاری سەرەکی بنچینەی بەکارهێنانی بەڵگەی سلبی بوو کە پەیوەندی بە خێڵە بەربەرەکانەوە هەبوو و لە لایەن ئەوانەوە بڵاوکرابۆوە، ئەوەندە نەبێ دواتر ئەو بیرۆکەیە سەریهەڵدا کە لەبەر ئەوەی بە هۆی بەکارهێنانی بەڵگەی سلبی گوناهبار دەتوانێ بێ گوناهی خۆی بسەلمێنێ هەر بۆیە پێویستە سوود لە ئابڕوو و نفووزی کەنیسە وەربگیرێ بۆ ئەوەی هیچ کەس نەتوانێ بە درۆ سوێند بخوات، ئەگینا پیاوە ئایینییەکان لە جەوهەردا دژی بەڵگەی سلبی بوون و لە بەرهەمەکانی (بومانوار)دا بۆمان دەردەکەوێ کە دادگای کاهینەکان بە هیچ جۆرێ بەڵگەی سلبی قبووڵ نەدەکردو هەر ئەو بابەتەش بووە هۆی ئەوەی وردە وردە بەکارهێنانی بەڵگەی سلبی لەنێو بچێت و هێدی هێدی ڕێوشوێن و پەیڕەونامەی خێڵە بەربەرەکان کە لەمەڕ ئەو بابەتە دارێژرابوون بەرەو لاوازی چوون.

دیسان لە شوێنێکی دیکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دادگا ناڕۆحانییەکان بەکارهێنانی بەڵگەی سلبی و دۆئلیان بۆ نەهێشتنی مشتومڕەکان پەسند کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە



کە دادگای ڕۆحانییەکان هەر دوو شێوەکەی ڕەفز کردۆتەوەو ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کە دەریدەخات قەشەکان ڕاستەوخۆ نەریتی سوێندخواردنیان دایان نەهێناوە. بەهەرحاڵ ئەو نەتەوەیەی لە پێناوی حەقانییەت و ڕەوابوونی خۆیدا سوودی لە دۆئل وەردەگرت لە ڕاستیدا پەیڕەوی لە غەریزەی شەڕکەری خۆی دەکردو نابێ پێمان وابێ کە پێکهێنانی ململانێ و جەنگی دەستەویەخە بۆ کۆتاییهێنان بە مشتومڕەکان بە پشتیوانی خوا بووە، واتە زاتی باری تەعالا بە هۆی سەرکەوتنی کەسەکە لەسەر حەق بوونی ئەو کەسەی ڕاگەیاندووە. چونکە نسبەتی چالاکی هەردوو لایەنەکە بۆ سەلماندنی داواکاری خۆیان، دەست خستنە نێو ئاوی کوڵاو یان ئاسنی سوورەوەکراو یان ئاوی سارد لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە گرنگی و پشتیوانی بە دەستی غەیب و خودایەو هەر کەسێک سەرکەوتبا پێیوابوو ئەو دەستە نهێنییە بۆ سەلماندن و حەقانییەتی ئەو هاوکاری لەگەڵدا کردووە.

شارلمانی فەرمانی دا ئەگەر کێشەو گیروگرفتێک لە نێوان منداڵەکانی ئەودا سەرهەڵبدا ئەوا پێویستە لە ڕێگای سوێندخواردنەوە کێشەکەیان چارەسەر بکەن. لویسی ورگ زل سوێندخواردنی تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پیاوە ئایینی و ئەهلی کەنیسە بە پەسند دەزانی. منداڵەکەی واتە لۆتەر لە بنەڕەتدا سوێند خواردنی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕەد کردەوەو تەنانەت سەلماندنی بەڵگەی حەقانییەت بە هۆی دەست خستنە نێو سەهۆڵاویشی ڕەد کردەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا زۆر بە هێواشی یاساو داب و نەریتە نوێیەکان بڵاودەبوونەوە، هەر بۆیە دیسان هەندێ کەنیسەی ئەوتۆ هەبوون کە پارێزگارییان لە نەریتی سوێند خواردن کردبوو. بە تایبەتی چونکە لە یەکێک لە بڵاوکراوەکاندا لویس فیلیپ لە ساڵی ۱۲۰۰ زایینیدا ئاماژە بەو بابەتە دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سوێندخواردن برەوێکی زۆری نەبوو و «بومانوار» لە بەرهەمەکانی خۆیدا باسی چەندین جۆرە بەڵگە دەکات بۆ سەلماندنی حەقانییەت. بۆ نموونە سەبارەت بە دۆئل سەلماندنی بانگەشە دەکات، بەڵام لە هەمبەر سوێندخواردنەوە هیچ شتێک ناڵێت.

## بەشی نۆزدەهەم: ئەو فاکتەرە نوێیانەی بوونە هۆی لەیادچوونەوەی یاسای سالیک و یاسای ڕۆمانی و بڕیاری ئەنجوومەنە ئایینییەکان

لە بەشەکانی پێشووتردا ڕوونمان کردەوە لەبەرچی یاسای ڕۆمانی و سالیک و بڕیارەکانی ئەنجوومەنە ئایینییەکان گرنگی خۆیان لەدەستداو وردە وردە لەبیرچوونەوە، ئێستا دەڵێین یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی لەنێوچوونی ئەو یاسایانە بڵاوبوونەوەی

نەریتی دۆئل بوو کە هەر وەکو وتمان بۆ چارەسەرکردن و یەکالاکردنی کێشەو مشتومڕەکان بەکاردەهێنرا.

بێگومان لە بەرامبەر بلاوبوونەوەی نەریتی دۆئل دا، یاساکانی سالیک کە دژی ئەو نەریتە بوون لەنێوچوون و هەروەها یاسا رۆمانییەکانیش کە دژ و پێچەوانەی ئەم شێوازە بوون کەوتنە قوولایی شەوەزەنگی فەرامۆشییەوە و لە دوای ئەوە ئیدی هەموو غەمی یاسادانەرەکان ئەوەبوو کە تەنیا هەندێ بنچینەو رێوشوێن بۆ دۆئل دابڕێژن و تەنانەت رێوشوێنی ئەنجوومەنە ئایینییەکانیش (بەبێ ئەوەی بتوانین بڵێین لە چ کاتێکدا ئەو بنچینانە لەنێوچوون و یاسای دیکە جێگەی گرتەوە) کەوتە شەوەزەنگی فەرامۆشییەوە.

ئەو میللەتەی خاوەنی خووخدەی شەڕکەرانەیە و بۆ سەلماندنی حەقانییەت و رەوابوونی خۆی دۆئلی هەڵبژاردووە، هیچ پێویستییەکی بە یاسا دارێژراو و نووسراوەکان نییەو ئەگەر یاسای لەم جۆرەش بوونی هەبێ ئەوا زۆر بە ئاسانی لەنێو دەچێت، چونکە هەر کە کێشەیەک دەکەوتە نێوان دوو لایەن و مشتومڕ سەری هەڵدەدا یەکسەر لەسەر ئەوە پێک دەهاتن لەگەڵ یەکتردا بکەونە ململانێ و جەنگی دەستەویەخە، ئیتر خۆیان بە رەسمیاتی دوورودرێژ نەدەبەستەوەو هەموو کێشەو گیروگرفتە یاسایی و جەزاییەکان لە رێگای دۆئلەوە چارەسەرو یەکالا دەکرانەوە. نەتەنیا هەر بەرائەت و مەحکومییەت لەو رێگایەوە دیاری دەکرا بەڵکو هەروەکو نومانواری مێژوونووس ئاماژەی بۆ دەکات: حەکەمییەتیش لە رێگای دۆئلەوە بە دیاردەکەوت.

کاتێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەرەتای پاشایەتی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا، رێوشوێنە قەزاییەکان تەنیا بە دەوری تەوەری پارێزگاریکردن لە شەرافەت و ئابڕوو، ئەویش بە دەوری تەوەری دۆئلدا دەخولایەوە. سەیر لەوەدایە کە تەنانەت ئەگەر مەحکومێکیش پەیڕەوی لە دادوەر نەکردبا، ئەوا دادوەرەکە بۆ دۆئل بانگهێشتی دەکرد. لە شاری بورک ئەگەر کۆمیسێر کەسێکی بانگ کردباو ئەو کەسە ئامادە نەبوایە ئەوا کۆمیسێرەکە بۆ جەنگی دەستەویەخە بانگهێشتی دەکردو دەیگوت: «من بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی تۆ مەئمورێکم ناردە لات بەلام تۆ خۆت دزییەوە، ئێستا پێویستە حەقانییەتی خۆت لەم ملنەدان و خۆدزینەوەیەدا بسەلمێنی». پاشان دەستیان دەکرد بە ململانێ. بەلام لویسی قەڵەو (نابێ بەهەڵە لەگەڵ لویسی ورگ زلدا تێکەلاو بکرێن) ئەم نەریتەی هەڵوەشاندەوە.

لە خاکی ئورلیان دا بۆ هەموو جۆرە قەرزێک جەنگی دەستەویەخە بەکاردەهات، بەلام لویسی لاو فەرمانی دا تەنیا کاتێک دەکرێ لە پێناوی قەرزدا شەڕ بکرێ کە بڕی قەرزەکە



لە پێنج سو زیاتر بێت، ئەو بڕیارە تەنیا لایەنی ناوچەیی هەبوو و لە شوێنەکانی تردا جێبەجێ نەدەکرا چونکە لە سەردەمی سەن لویسدا لە پێناوی ئەو قەرزانەی کە بڕەکەیان لە دوازدە دینار زۆرتر بوو ململانێ و جەنگی دەستەویەخەیان دەکرد، بومانوار لە بەرهەمەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ من بیستوومە پێشتر نەریتێکی ناشیرین لە فەرەنسادا برەوی سەندبوو و هەموو کەسێک دەیتوانی بۆ ئەنجامدانی جەنگی دەستەویەخە کەسێکی دیکە بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو ململانێ بکات و لەو قسەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەریتی ململانێ بە مەبەستی سەلماندنی حەقانییەت و رەوابوون لەو سەردەمەدا گەلێک بەربلاو بووە.

## بەشی بیستەم: بنەمای گرنگی دان بە شەرەف و ئابڕوو

لە نێو یاسای نەتەوە بەربەرەکاندا خاڵی ئاڵۆزو تەمومژاوی بوونی نییەو هۆکاری هەموو تێبینی و بەندە یاساییەکان روون و ئاشکرایە. بۆ نموونە لە یاسای خێڵەکانی فریزون «دانیشتووی هۆڵەندا» هەر کەسێک بە دار لێی درابا ئەوا نیو سو غەرامەی وەردەگرت، بەلام بچووکترین برینداربوون غەرامەیەکی یەکجار زۆری هەبوو. بە پێی رێوشوێنی یاسای سالیک هەر کاتێک کەسێکی ئازاد سێ داری لە کەسێکی ئازادی دیکە دابوایە، لە سەری پێویست بوو سی سو غەرامە بدا بەو کەسەو ئەگەر هاتباو شوێنی لێدانی دارەکان خوێنی لێهاتبایە حوکمەکە وەکو ئەوە وابوو کە بە ئاسن بەرامبەرەکەی زامدار کردبێ. لەو حاڵەتەدا پانزدە سو غەرامەی دەدا. هەرچەندە برینەکە گەورەتر بوایە ئەوا بەو رادەیەش بڕو رێژەی غەرامەکەش زیادی دەکرد.

لە یاسای لمباردەکان چەندین غەرامەی جیاوازیان بۆ لێدانێک و دوو لێدان و سێ لێدان دیاری کردبوو و ئەگەر هاتباو یەکێک سێ لێدانی لە کەسێکی دیکە دابایە ئەوا دەبوایە سێ هێندەی یەک لێدان غەرامە بدات. بەلام لە سەردەمی ئێمەدا لێدانێک هاوتاو بەرابەری سەد هەزار لێدانە.

لە یاسای بنەڕەتی (دەستووری) شارلمانی، کە دواتر لە یاسای لمباردەکانیشدا تۆمارکرا هاتبوو، هەر کەسێک گەرەکی بێ جەنگی دەستەویەخە بکا، لەسەری پێویستە لە رێگای دارەوە ئەم ململانێ و جەنگە ئەنجام بدات. لەم یاسایەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شارلمانی ویستوویەتی حسێبی تایبەتی بۆ قەشەکان بکا، چونکە ئەوان نەیاندەتوانی بە شمشێر شەڕ بکەن یان ویستوویەتی پێشی ئەو هەموو خوێنڕێژییە بگرێت.

لە فەرمانێکی لویسی ورگ زلدا هاتووە کە جەنگاوەرەکان ئازادن بە دار یان بە

شمشێرو چەک شەڕ بکەن و لە پاش ئەوە ئیدی نەجیبزادەو خانەدانەکان لە ڕێگای چەکەوە دەجەنگان و ململانێ بە هۆی دارەوە تەنیا تایبەت بوو بە چینەکانی خوارەوەی خەڵک.

لە دوای ئەوە ئیتر ئەو بنچینەیەی کە ئێستاکەش پارێزەری شەرەف و ئابڕووی ئێمەیە سەری هەڵدا. داواکار لە بەردەمی دادوەردا رایدەگەیاند کە فلانە کەس کردەوەیەکی ئەوتۆی ئەنجام داوەو تاوانبارەکەش راوبۆچوونی داواکارەکەی بە درۆ دەخستەوەو لە ئاکامدا دادوەر فەرمانی دەدا لەگەڵ یەکتردا بکەونە جەنگ و ململانێ. لە راستیدا بنچینەکە لە سەر ئەوە دامەزرابوو کە ئەگەر هاتو هەر کەسێک بە درۆزنی تاوانبار کرا دەبێ بکەوێتە ململانێ و جەنگەوە.

«بومانوار» دەڵی: کاتێک کەسێک بۆ جەنگ و ململانێ بانگهێشت دەکرا، نەیدەتوانی خۆی لە جەنگەکە ببوێرێ و سەرپێچی بکات، لە کاتی خۆبواردندا، هەندێ سزای تایبەتی بە سەردا دەسەپێنرا. و لێرەشەوە ئەو نەریتە سەری هەڵدا کە خەڵک بەرامبەر بە بەڵێنی خۆیان وەفاداربن و ئەگەر یەکێک بەڵێنێکی دابوایە یا پەیمانێکی بەستبا، شەرافەت و پارێزگاری کردن لە ئابڕوو ڕێگر بوو لە بەردەم ئەوەی وەفادار نەبێت و بەڵێنەکەی خۆی بشکێنێ.

نەجیبزادەو ئەرستۆکراتەکان لە کاتێکدا سواری ئەسپ دەبوون لە ڕێگای شمشێرو چەکەوە شەڕیان دەکرد، بەڵام خەڵکی ئاسایی «ئەوانەی سەر بە چینی نەجیبزادەکان نەبوون» بە هۆی دارەوە دەجەنگان. پاشان ئەو نەریتە سەری هەڵدا کە بەکارهێنانی دار وەکو ئەو ئامرازە سەیری بکرێ و بناسرێ کە دەبێتە هۆی سووکایەتی و ئەتک کردنی شەرەف، چونکە ئەگەر هاتباو بە دار لە کەسێکیان دابوایە ئەوا مانای ئەوە بوو کە ئەویان لە ریزی خەڵکی ئاسایی دا حسێب کردووە.

شتێکی ئاشکرایە کە تەنیا خەڵکی ئاسایی لە کاتی جەنگ و ململانێدا روخسارو دەموچاویان ئاوالابوو و نەجیبزادەو خانەدانەکان بەهۆی لێواری کلاوەکانیانەوە روخساری خۆیان دادەپۆشی. لەبەر ئەوەی دەموچاوی خەڵک هەمیشە ئاوالابوو، هەر بۆیە زۆربەی کاتەکان زامدار دەبوو و شوێنەواری برین و لێدان بەسەر روخساریانەوە دەمایەوە. هەر بۆیە زللەش چووە ریزی هۆیەکانی ئەتک کردنی شەرەف، چونکە زللە شوێنەواری لەسەر دەموچاو دەمایەوەو ئەو کەسەی زللەیەکی وێ کەوتبا وەکو ئەوە وابوو کە خرابێتە ریزی خەڵکی ئاساییەوە، زللە سووکایەتییەکی هێندە گەورە بوو کە بە رشتنی خوێن نەبا، بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە قەرەبوو نەدەکرایەوە.

هەروەک چۆن فەڕەنسییە کۆنەکان گرنگییەکی زۆریان بە شەرافەت و ئابڕوو دەدا،



جێرمەنەکانیش حسێبێکی یەکجار زۆریان بۆ شەرافەت دەکرد و دەتوانین بڵێین زۆر لە فەڕەنسییەکانیش زیاتر گرنگییان بە شەرەف و ئابڕووی خۆیان دەداو تەنانەت خزم و کەسە دوورەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەتکی شەرەف و سووکایەتی، بەشدارییان لە جەنگ و ململانێکاندا دەکردو هەموو بنچینەو یاساکانیان بە دەوری تەوەری پارێزگاری لە ئابڕوو و شەرافەتدا دەسووڕایەوە.

لە یاسای لمباردەکاندا هاتووە، ئەگەر کەسێک بە یارمەتی خزم و کەسەکانی خۆی بچێ ململانێ و جەنگ لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بکات و ئەو کەسە نەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات و مەبەستی سەرەکی ئەو هەوڵەش ئەتک کردنی شەرەفی بەرامبەر بێت، ئەوا پێویستە ئەو کەسەی دەچێ بۆ جەنگەکە غەرامەیەکی قورس بدات. بڕی ئەو غەرامەیەی بۆ ئەم کارەیان دیاری کردبوو ڕێک بە ئەندازەی نیوەی غەرامەی ئەو کەسە بوو کە لە ناکاو و بەبێ راگەیاندنی پێشوەخت و ململانێی یاسایی کەسێکی دیکەی کوشتبا. ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر کەسێک بە مەبەستی سووکایەتی بە کەسێکی ترو لە حاڵێکدا کە ئەو ئاگای لە خۆی نییە، بە هاوکاری خزم و کەسانی خۆی، ئەویان تێک شکاندبایە، ئەوا بڕی غەرامەکە قورستر دەبوو و دەبوایە سێ چارەگی غەرامەی ئەو بکوژە بدات کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

لە هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە باب و باپیرانی ئێمە گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە سووکایەتی و ئەتکی شەرەف داوە. بەڵام لەمەڕ سووکایەتییە تایبەتییەکان «وەکو ئەوەی شوێنێکی تایبەتی لەشیان بە هۆی ئامرازێکی تایبەتییەوە بکەوێتە بەر لێدان» هیچ چەشنە زانیارییەکیان نەبووەو تاکە سووکایەتییەک لەلای ئەوان بریتی بوو لە لێدان و کوتەک خواردن و هەرچەندە لێدانەکە بەهێزتر بوایە ئەوا بەو رادەیەش سووکایەتییەکە لە لایان گەورەتر خۆی دەنواند.

## بەشی بیست و یەکەم: هەندێ تیۆری نوێ
## سەبارەت بە بنچینەی شەرەف و ئابڕوو لە لای نەتەوە جێرمەنەکان

هەروەکو تاسیت ئاماژەی بۆ دەکات ئەگەر جەنگاوەرێکی جێرمەنی لە کاتی جەنگ و ململانێدا قەڵغانەکەی خۆی لە دەست دابایە، ئەوا تووشی بەدنێوییەکی گەورە دەبوو، بە جۆرێک کە چەندین کەس لە دوای ئەو رووداوە تاڵەدا خۆیان دەکوشت و لەبەر ئەوەی لە دەستدانی قەڵغان وەکو بەدنێوی سەیری دەکرا، بە پێی ڕێوشوێنی یاسای کۆنی سالیک ئەگەر هاتباو کەسێک بە کەسێکی تری گوتبا قەڵغانەکەی خۆت لەدەست داوە، ئەوا وەکو

ئەوە وابوو سووکایەتییەکی پێ کردبێ و دەبوایە پانزدە سوی وەکو غەرامەی ئەو قسەیە دابایە.

شارلمانی هەندێ چاکسازی لە نێو یاسای سالیکدا کردو بۆ ئەم حاڵەتە غەرامەکەی بۆ سێ سو کەم کردەوە. بەڵام نابێ پێمان وابێ کە ئەو پاشایە بە کەمکردنەوەی ئەو غەرامەیە نەزم و دیسیپلینی سەربازی و عەسکەری لاوازکردووە، بەڵکو ئەو نەریتە پەیوەندی بە گۆڕانی چەکی مەیدانەکانی جەنگەوە هەبوو، چونکە گۆڕینی چەک بووە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک گۆڕانکاری لەناو داب و نەریتەکاندا.

## بەشی بیست و دووەم: خەسڵەت و سیفاتی تایبەت بە جەنگ

ئێمە بۆیە دەمانەوێت پەیوەندیمان لەگەڵ ئافرەتەکاندا هەبێ چونکە لە کاتی پەیوەندیدا هەست بە خۆشبەختی و کامەرانی دەکەین و هەستەکانمان لە چێژوەرگرتن نزیک دەبنەوە. زۆر حەز دەکەین ئافرەتەکانمان خۆش بوێت و میهرەبانی ئەوان بۆ لای خۆمان رابکێشین و هەروەها ئاواتەخوازین کە کچەکانیش لە ئێمە رازی بن و نرخ و بەها بۆ ئێمە دابنێن، چونکە ئافرەتەکان لە ناسینی لیاقەت و کەسایەتی تاکەکاندا زۆر لێهاتوون.

حەزی ئێمە بۆ باش نواندن و کەوتنە بەر لێشاوی خۆشەویستی دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئافرەتەکاندا حەزلێکردن بکەین، بەڵام نابێ بە هەڵە حەزلێکردن و عیشق لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو بکەین، چونکە حەزلێکردن جگە لە عیشقێکی درۆیین هیچی دیکە نییە.

بەپێی هەلومەرجی ژیانی نەتەوەکان و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا عیشق رواڵەتی جیاوازو هەمە چەشنی بەخۆیەوە گرتووە، لەو سەردەمەدا کە ئێمە باسی لێوە دەکەین و جەنگی دەستەویەخە برەوی هەبووە، شێوازی حەزلێکردن بە چەشنێکی فراوان بڵاوبۆتەوە.

لە یاسای لمباردەکاندا هاتووە، ئەگەر یەکێک لە جەنگاوەرەکان گیایەکی ئەوتۆی هەبوو کە هەندێ تایبەتمەندی سیحرو جادوویی پێوە دیاربێ ئەوا ئەمە دەبووە هۆکاری سەرکەوتنی کەسەکە. دادوەر بەر لە دەست پێکردنی ململانێیەکە گیایەکەی لە دەستی دەسەندو سوێندی دەدا کە چیتر ئەو گیایە لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت.

هەندێ کەس پێیان وایە ئەم بۆچوونە پەیوەندی بە ترسەوە هەیە، لە کاتێکدا وا نییەو شتێکی دیکە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونە. کاتێ خەڵک سەیریان دەکرد لە گۆڕەپانی جەنگدا، جەنگاوەرەکان سەر تا پێیان داپۆشراوەو چەکداران لە رێگای ئامرازی هێرش بردن و بەرگریکردنی قورسەوە پەلامار دەبەنە سەر یەکتری و بە رواڵەت لەگەڵ



یەکتردا هیچ جیاوازییەکیان نییەو تەنیا هێزی هیمەت و ئازایەتی یەکێکیان دەبێتە هۆی سەرکەوتن، وردە وردە ئەو بیروبۆچوونە لە لایان سەریهەڵدا کە چەکی ژمارەیەکیان خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی ئەوتۆیە کە چەکی کەسەکەی تر نییەتی و لە ئاکامی ئەم بیروبۆچوونەدا بوو کە هەندێ پرەنسیپی ستایشکراو لە سوارچاکی و جوامێریدا سەری هەڵداو رۆحەکان بۆ گەڕان و گەشت بە نێو جیهانێکی دیکەدا ئامادەکران. حەکایەت و ئەفسانەی ئەوتۆ پەیدا بوون کە ناوەڕۆکەکەیان باسی لە سیحرو چالاکی جادووگەرو پاڵەوان و شمشێر بازەکان دەکرد...

لەم ئەفسانانەدا باس هەر باسی پیاوی پۆڵایین و دواندنی مردووەکان و ئەسپی باڵدارو پیاوی نادیار بوو، باسی جادووگەری ئەوتۆیان دەکرد کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی پەروەردەکردنی منداڵی پیاوە گەورەو شازادەکاندا تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بە پێی باشترین شێوازی جوامێری رایانبێنێ و لە ئاکامدا لە سەر ئەم جیهانەی ئێمەدا جیهانێکی دیکە دامەزرا کە هەرێمی ژیانی شێرە پیاو و سوارچاکەکان بوو و دونیای راستەقینە واتە دونیای ژیانی ئاساییان بۆ خەڵکانی هیچ و بێ بەها بەجێ هێشتبوو. لە جیهانی ئەفسانەییدا پاڵەوانەکان بەردەوام بەسەر پشتی ئەسپەکانەوە هێرش دەبەنە سەر مەکۆی دزەکان و پەلاماری رێگر و چەتەکان دەدەن و شەرەف و شانازی لە لای ئەوان بریتی بوو لە بەرگری کردن لە بێ دەسەڵات و لاوازەکان، هەر بۆیە بۆمان دەردەکەوێ لەو سەردەمەدا بیرۆکەی ئازایەتی بەردەوام لەگەڵ حەزلێکردن و پارێزگاری کردن لە بێ دەسەڵاتەکاندا جووت و هاوتا بووە.

بە هەر حاڵ حەزلێکردن سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بە پێی بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی، پیاوە ئازاو بان مرۆییەکان هەموو تەمەنی خۆیان بۆ بەرگریکردن و پاراستنی روخسارپەریبە شۆخ و شەنگەکان تەرخان دەکردو لە پێناوی ئەواندا ئامادەبوون هەر چەشنە مەترسییەک قبووڵ بکەن و لە بەرامبەر دێوی رەشدا پارێزگارییان لەو بوونەوەرە ناسکۆڵەو جوانانە دەکرد.

ئەفسانەکانی سوارچاکی و جوامێری رۆحی حەزلێکردنی بە هێزکردو ئەو رۆحەی لە سەرانسەری ئەوروپادا پەرەپێدا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە سەردەمی کۆندا ئەم جۆرە بیرکردنەوەو رۆحیاتە بوونی نەبووە. کاتێ سەیری مێژوو بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەردەمە دێرینەکاندا سامان و لوکس و شکۆمەندی شاری رۆما بوو بە هۆکاری رابواردن و لەشپەروەری و بێ دەنگی و ئارامی پێدەشتەکانی یۆنان هەست و سۆزی عیشقی بەهێز دەکردو بیرۆکەی سوارچاکی و جوامێری و پارێزگاریکردن لە بێ دەسەڵات و روخسارپەریبە

شـۆخ و شـەنگەکـان رۆحی حـەزلێکردن لە ئەوروپادا گـەشـەپێدا. دواتریش جـەنگی دەستەویەخەو کردەوەی پاڵەوانانە گرنگییەکی تایبەتی بە رۆحی خەزلێکردن دا، چونکە پیاوەکان لە پێناوی ئەوەدا دەجەنگان و ململانێیان دەکرد کە هەم لیاقەتی خۆیان بسەلمێنن و هەم سەرنجی دولبەرو خۆشەویستەکان بۆ لای خۆیان راکێشن.

## بەشی بیست و سێهەم: هەندێ بنچینەی قەزایی ئەو دۆئلانەی لە پێناوی سەلماندنی حەقانییەت و رەوا بووندا سەریان هەڵدەدا

رەنگە خەڵک پێیان سەیر بێت بۆچی لە رابردوودا سەبارەت بە نەریتێکی ناپەسندو هەڵەی وەکو دۆئل رێوشوێن و بنچینەی قەزاییان دارشتبوو، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین لەبەر ئەوەی تاکەکان زاتەن عاقڵن، هەر بۆیە تەنانەت یاساو رێوشوێن بۆ وەهم و خورافاتەکانیش دادەنێن.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە جەنگی دەستەویەخە دژی بەرژەوەندی خەڵکە و کردەوەیەکی خراپ و ناپەسند بوو، بەڵام هەرکە لە نێو خەڵکدا برەوی سەندو خەڵک پێی رازی بوون هەندێ رێوشوێنی تایبەتییان بۆ دارشت بۆ ئەوەی لە سنووری دیاریکراو و تایبەتی خۆی تێنەپەرێت و لە کاتی ئەنجام درانی دۆئلدا رەچاوی نەریتی کۆمەڵگاو خۆپارێزی (احتیاط) بکرێت.

بۆ تێگەیشتن لە بنچینە قەزاییەکانی دۆئل پێویستە بەوپەری وردەکارییەوە ئەو رێوشوێنانە بخوێنینەوە کە سەن لویس لەم پێناوەدا دایرشتبوو و لە ئاکامدا گۆرانکارییەکی زۆری لە بنچینە قەزاییەکاندا پێکهێنا، هەروەها پێویستە بۆ ئەم مەبەستە بۆ کتێبەکانی دفۆتن کە لە سەردەمی سەن لویسدا ژیاوەو کتێبی «بومانوار» کە لە پاش سەن لویسدا ژیانی بەسەر بردووە بگەرێینەوە، هەروەها خوێندنەوەی ئەو کەسانەش کە لە دوای سەن لویسدا ژیاون بێ سوود نییەو دەری دەخا چ گۆرانکارییەک لە رێوشوێنەکانی دۆئلدا هاتۆتە ئاراوە.

## بەشی بیست و چوارەم: رێوشوێنی دۆئل بۆ سەلماندنی حەقانییەت

بومانوار دەڵێ: کاتێ ژمارەی داواکارەکان یان ئەو کەسانەی تۆمەتەکەیان ئاراستەی کەسێکی دیکە دەکرد زیادی دەکرد، وا پێویست بوو داواکارەکان لە نێوان خۆیاندا پێک بێن و تەنیا یەکێکیان رۆڵی داواکاری ببینێ و ئەگەر هاتباو نەیانتوانیبا لە نێو خۆیاندا رێک بکەون ئەوا دادوەر یەکێکیانی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی بە دوای داواکارییەکەدا بچێت.



هەر کاتێک نەجیبزادەیەک کەسێکی ئاسایی بۆ جەنگی دەستەویەخە بانگهێشت کردبا، ناچاربوو پیادەو لە رێگای دارو قەڵغانەوە ململانێکە بکات و ئەگەر ویستبای بە سوارو لە رێگای چەکەوە بچێتە مەیدانی جەنگەوە ئەوا پێشگیرییان لێ دەکردو ناچاریان دەکرد زرێیەکەی خۆی لە جەستەی بکاتەوە تەنیا بە جلی ئاساییەوە درێژە بە ململانێیەکە بدات.

بەر لە دۆئل دادوەر سێ حوکمی دەردەکرد:

بە پێی حوکمی یەکەم بە خزم و کەسەکانی هەردوو لایەن رادەگەیەنرا کە لە مەیدانەکە دوور بکەونەوە، بە پێی حوکمی دووهەم فەرمان بە خەڵک دەدرا کە هێمنی و ئارامی خۆیان بپارێزن و لە کۆتاییدا بە پێی حوکمی سێهەم قەدەغە بوو هیچ کەس هاوکاری هیچ کامێکیان بکا. ئەگەر هاتباو کەسێک یارمەتی لایەنێکی بدابایە ئەوا سزای زۆر توندوتیژی بەسەردا دەسەپێنرا و تەنانەت ئەگەر یەکێک لە جەنگاوەرەکان بە هۆی یارمەتی کەسی سێهەمەوە کوژرابایە ئەوا کەسی سێهەمیان دەکوشتەوە.

دادوەرو کارگێرانی عەدالەت لە کاتی دەستپێکردنی دۆئلدا نەزم و رێک و پێکی گۆرەپانی جەنگیان دەپاراست و ئەگەر هاتباو یەکێک لە جەنگاوەرەکان باسی ئاشتی کردبا، ئەوا کارگێرانی عەدالەت چاودێری ئەوەیان دەکرد هەردوولا بگەرێنەوە سەر بارودۆخی بەرایی بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو ئاشتییەکە سەری نەگرت و جەنگەکە دەستی پێکردەوە یەکێک لە لایەنەکان لە درێژەی وتووێژەکانی ئاشتیدا لە هەمبەر لایەنەکەی دیکە هەلێکی لەبارو گونجاوی بۆ نەرەخسێت و بارودۆخێکی ئەوتۆ بۆ خۆی ئامادە نەکات کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی سەرکەوتنی.

هەر کاتێک هۆکاری دۆئل پەیوەندی بە تاوانێک یان تەحەکومێکی هەڵەوە هەبوایە، ئەوا لایەنەکان نەیاندەتوانی بەبێ فەرماندەی سەربازی، ئاشت ببنەوە. ئەگەر هاتباو یەکێک لە لایەنەکان شکستی خواردبا ئەوا دیسان ئاشتی بەبێ ئامادەبوونی فەرماندەی سەربازی ناوچەکە پێک نەدەهات و لە راستیدا فەرماندەی سەربازی ناوچەکە لایەنە تێک شکاوەکەی دەبەخشی، هەروەکو چۆن ئەمرۆکە پاشا گوناهکارەکان دەبەخشن. بەڵام ئەگەر کەسێک تاوانی کوشتنی ئەنجام دابوایەو ئاغاکەی (مخدوم) رازی بوایە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ئاشتی بکات و لە دواییدا دەرکەوتبا کە هاوکارییەکەی نێوان ئاغا (مخدوم)و خزمەتکارەکە (خادم)[١٤١] بە هۆی وەرگرتنی بەرتیلەوە بووە، لەو حاڵەتەدا ئاغاکە ناچار دەکرا شەست لیور وەکو غەرامە بدات. ئەوە جگە لەوەی کە دواتر نەیدەتوانی سوود لە مافی خۆی وەرگرێ بە مەبەستی سزادانی گوناهکارەکان و ئەو مافە

دەدرا بە فەرماندەی سەربازی ناوچەکە. بەشێک لەو کەسانەی کە توانای ئەنجامدانی جەنگی دەستەویەخەیان نەبوو و لە پاش ئەوەی دەیانسەلماند کە لە توانایاندا نییە دۆئل بکەن، مافی ئەوەیان هەبوو کەسێکی دیکە بۆ جەنگی دەستەویەخە بە کرێ بگرن. ئەو نوێنەرە (بەکرێ گیراوە) دەبوایە بەو پەڕی جددییەتەوە جەنگاباو بەرگری لە مافی ئەو کەسە کردبایە کە نوێنەرایەتی دەکرد. بۆ ئەوەی نەکا پێیان وابێت بەرگری لە مافی خۆی نەکردووە، ئەگەر تێک شکابا ئەوا مەچەکیان دەبڕی.

من پێم وایە لە سەردەمی رابردوودا (سەدەیەک لەمەوبەر) کاتێ نەریتی دۆئلیان قەدەغەکردو فەرمانیان دا، هەر کەسێک جەنگی دەستەویەخە بکات لە دار دەدرێ، باشتر وابوو لە جیاتی ئەم سزایە مەچەکی ئەو کەسەیان ببڕیبا کە دۆئلەکەی ئەنجام دەدا، چونکە بۆ پیاوێکی جەنگاوەر هیچ شتێک بە رادەی لەدەستدانی تایبەتمەندیی جەنگی دڵتەزێنترو کاریگەرتر نییەو بێ هیچ جۆرە دوو دڵییەک ئەو سزایە کاریگەرییەکی یەکجار باشی دەبوو لە پێناوی رێگرتن لە دۆئل.

هەرکاتێ جەنگێکی دەستەویەخە لەسەر حاڵەتێکی کوشتن هەڵدەگیرساو هەردوولا بۆ ئەنجامدانی دۆئلەکە نوێنەریان هەڵدەبژاردو لە کاتێکدا کە نوێنەرەکان خەریکی ململانێ بوون، هەر دوو لایەنی کێشەکەیان لە شوێنێکی ئەوتۆدا دادەنا کە نەتوانن جەنگ و ململانێیەکە ببینن و هەر کامێکیان بە پەتێک دەبەسترانەوە. ئەگەر هاتباو نوێنەرەکە تێک شکابا ئەوا هەر بەو پەتە کەسەکەیان لە دار دەدا. چونکە هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد تێک شکان وەکو مەحکوم بوون بەبێ مافی سەیری دەکراو ئەگەر حاڵەتی کوشتنیش لە گۆڕێ دابا ئەوا بە بەڵگەی تاوانباری لە قەڵەم دەدرا.

ئەو کەسەی لە گۆڕەپانی جەنگدا تووشی تێکشکان دەبوو، هەموو لایەنەکانی کێشەکەی لەدەست نەدەدا، واتە بە تەواوی مەحکوم بەبێ مافی نەدەکرا. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر لە یەکتر رازی بوون یان حەکەمییەت دۆئلیان بکردبا ئەوا کەسە تێکشکاوەکە تەنیا سەبارەت بە رازی بوون یان حەکەمییەت ناحەق دەکرا.

## بەشی بیست و پێنجەم: چوارچێوەکانی سوودوەرگرتن لە جەنگی دەستەویەخە

ئەو کاتەی کە بابەتی جەنگی دەستەویەخە بابەتێکی یاسایی کەم بەها بوو، گەورەو سەرەوەرەکە هەردوو لایەنی ناچار دەکرد چاوپۆشی لە ئەنجامدانی دۆئل بکەن. لە هەندێ حاڵەتی دیارو ئاشکرای وەک ئەوەی کەسێک بە بەرچاوی خەڵکەوە بکوژرێت، دادوەر



ئەمری نەدەکرد شەڕی دەستەویەخە هەڵبگیرسێ و تەنانەت بانگهێشتی شاهیدەکانیشی نەدەکرد، بەڵکو دادوەر بۆ خۆی تاوانبارەکەی بە سزای تاوانەکەی خۆی دەگەیاند.

کاتێک لە نێو دەرباردا یەکێک لە مەتبوعەکان لەرێگەیەکی تایبەتییەوە هەندێ لە کێشەکانی چارەسەرو یەکالآ دەکرد، ئیدی بۆ نەهێشتنی مشتومڕ لەسەر ئەو کێشانە پەنایان نەدەبردە بەر دۆئل بۆ ئەوە جەنگی دەستەویەخە نەبێتە هۆی گۆڕینی ئەم نەریتە. هیچ کەسێک نەیدەتوانی جگە لە پێناوی خۆی یان خزم و کەس یان گەورەی خۆیدا داوای ململانێ بکات.

ئەگەر هاتباو بێ تاوانی تاوانبار سەلمابا و داواکار چاوپۆشی لە جەنگ و ململانێ کردبا هیچ کەسێک لە خزم و کەسەکانی داواکارەکە ئیدی نەیاندەتوانی داوای ململانێ بکەن، چونکە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا هیچ کاتێ کێشەکە کۆتایی پێ نەدەهات و خزم و کەسەکان یەک لە دوای یەکتر داوای ململانێ و جەنگی دەستەویەخەیان دەکرد.

ئەگەر یەکێک ون ببا و خزم و کەسەکانی بە گومانی ئەوەی کوژراوە ویستبایان تۆڵە بسێننەوەو لە کاتی ئەو گێرەو کێشەیەدا کەسەکە بەدیار کەوتبایەوە، ئیدی ململانێ ئەنجام نەدەدرا. هەر بەم جۆرەش دیسان ململانێ و جەنگ نەدەکرا ئەگەر ونبوونەکە لە لایەن هەموو خەڵکییەوە پشتڕاست کرابا واتە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لە سەر ئەو بڕوایەبان کە ئەو کەسە ون بووە نەک کوژراوە.

هەر کاتێ پێکراوێک بەر لە مردنی دانی بە بێ گوناهی تۆمەتبارێک ناباو کەسێکی تری وەکو بکوژی خۆی ناساندبا ئیدی ململانێ بە ئەنجام نەدەگەیشت، بەڵام ئەگەر هاتباو کەسێکی تری نەناساندبا لەو حاڵەتەدا دانپیانانی کەسەکە وەکو بەخشین و لێبووردن سەیری دەکراو دەیانگوت ئەو ویستوویەتی تەنیا بکوژەکە ببەخشێ و هەر بۆیە بەردەوام بە دوای کێشەکەدا دەچوون و جەنگی دەستەویەخەیان لەگەڵ تاوانبارەکەدا دەکردو تەنانەت لە نێو نەجیبزادەکان لەوانە بوو ململانێیەکە بەرەو جەنگی گشتی گۆڕابا.

ئەگەر لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگێکی گشتی لە نێوان نەجیبزادەکاندا یەکێک لە نەجیبزادەکان جاڕی دۆئلی دابا، جەنگە گشتییەکە رادەوەستاو لە بەرامبەر ئەوەدا ململانێیەکی دەستەویەخەیان دەکردو بەو جۆرە تەفسیری ئەم بابەتەیان دەکرد کە نەجیبزادەکان دەیانەوێ لە جیاتی جەنگی گشتی، کێشەو گیروگرفتەکانی خۆیان لە رێگای عەدالەتی ئاسایی واتە دۆئلەوە چارەسەر بکەن.

ئەمە یەکێک لە لایەنە باشەکانی دۆئل بوو و دەیتوانی ببێتە ئاستەنگ و لەمپەر لە بەردەم هەڵگیرسانی جەنگێکی گشتیداو جەنگە گشتییەکەی دەگۆڕی بۆ جەنگێکی

دەستەویەخەو تاکەکەسی و لە ئاکامیشدا دەبووە هۆی بەهێزبوونی بناغەو ژێرخانی قەزاوەت و دادگاکان، چونکە ئەو بابەتەی کە دەبوو لە ڕێگای یاسای نێونەتەوەییەوە چارەسەربکرێ (لە کاتێکدا دەبووە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی گشتی) لە ڕێگای یاسای مەدەنییەوە یەکالا دەکرایەوە.

هەر ئەم بابەتە دەریدەخات ئەگەرچی مرۆڤەکان لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا بابەتە عەقلانییەکان بە شێوەیەکی شێتانە چارەسەر دەکەن، بەڵام کاتی ئەوتۆش هەیە کاری شێتانە زۆر بە ژیری ئەنجام دەدەن.

هەرکاتێ کەسێکیان بە تاوانی کوشتن ئاگادار کردبایەوەو ئەو لە وڵامدا گوتبای خودی ئاگادارکەر بکوژەکەیە ئیدی بۆ دیاریکردنی تاوانباری ڕاستەقینە پەنایان نەدەبردە بەر دۆئل و لە ڕێگای قەزاوەتەوە کارەکەیان ئەنجام دەدا، چونکە شتێکی ئاساییە کە تاوانبار هەمیشە دۆئل بە سەر حوکمدانێکی ڕاستەقینەدا پەسند دەکات، لەبەرئەوە ئەنجامی دۆئل نادیارو قەزاوەت ئاشکرایە. بەم جۆرە هەلی ئەوەیان بۆ تاوانبارەکان نەدەڕەخساند کە لە ڕێگای دۆئلەوە لە چنگی سزا دەربازیان ببێت.

ئەگەر کێشەو داواکارییەکان لە ڕێگای تەحەکومەوە چارەسەرو یەکالا کرابان یان بۆ دادگا ڕۆحانییەکان ڕەوانە کرابان ئیتر بە هیچ جۆرێ جەنگی دەستەویەخە ئەنجام نەدەدراو هەروەها لەسەر مارەیی ئافرەت دۆئل ئەنجام نەدەدراو ژنەکانیش مافی دۆئلیان نەبوو و ئەگەر ئافرەتێکیش داوای جەنگی دەستەویەخەی بکردباو پیاوێکی بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی ناساندبا بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو دۆئلەکە ئەنجام بدا ئەوا داواکارییەکەی قبووڵ نەدەکرا، چونکە لە پاش ناساندنی پارێزەر دەبوایە مێردەکەشی ڕەزامەندی خۆی دەربڕێ ئەگینا دۆئلەکە ئەنجام نەدەدرا.

ئەگەر تەمەنی جەنگاوەرەکان لە پانزدە ساڵ کەمتر بوایە ئەوا لەم حاڵەتەشدا دیسان دۆئلەکە بە ئەنجام نەدەگەیشت. جوتیارەکان دەیانتوانی جەنگی دەستەویەخە بکەن بەو مەرجەی لەگەڵ جوتیارێکی دیکەدا ململانێیان کردباو ئەگەر لە لایەن پیاوێکی ئازاد یان نەجیبزادەیەکەوە بۆ ئەنجامدانی دۆئل بانگهێشت کرابان دەبوایە بانگهێشتەکەیان قبووڵ کردبایە بەڵام ئەگەر ئەوان نەجیبزادەیەکیان بۆ دۆئل داوەت کردبا، نەجیبزادەکە دەیتوانی خۆی لە دۆئلەکە ببوێرێ و تەنانەت خاوەنی زەوی وزار و جوتیارەکە دەیتوانی ئەو جوتیارە دلێرو ئازایە لەسەر موڵکی خۆی وەدەربنێ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جوتیارێک دەیتوانی بە پێی فەرمانی نووسراوی دەرەبەگەکەی خۆی یان لە هەندێ حاڵەتدا لەگەڵ پیاوێکی ئازاددا ململانێ بکا. یەکێک لە ئیمتازاتی



جوتیارەکانی سەر زەوی و زاری کەنیسە هەر ئەو مافی ململانێ و شەڕکردنە بوو لەگەڵ پیاوە ئازادەکاندا.

## بەشی بیست و شەشەم: جەنگی نێوان یەکێک لە داواکارەکان و شاهیدێک لە پێناوی سەلماندنی حەقانییەتدا

بومانوار دەڵێ: ئەگەر کەسێک بۆی دەرکەوتبا کە داواکارەکەی دەیەوێت لە دژی ئەو پەنابەرێت بۆ شاهیدێک، دەیتوانی شاهیدیدانی ئەو کەسە وەدرۆ بخاتەوەو لەگەڵیدا بکەوێتە ململانێ. ئەگەر شاهیدەکە تێک شکابا ئەوا دەردەکەوت کە شاهیدیدانەکەی درۆبووەو لە ئاکامیشدا حەقانییەت و ڕەوایی ئەو کەسە بەدیار دەکەوت. لەو حاڵەتەی کە ئاماژەمان بۆ کرد ئەگەر داواکارەکە خاوەنی دوو شاهید بوایە، لەبەر ئەوەی درۆی یەکێک لە شاهیدەکان لە ئەنجامی ململانێدا بەدیارکەوتبوو هەر بۆیە شاهیدی دانی کەسەکەی دیکەش بە هەند هەڵنەدەگیراو لە ئاکامدا داواکارەکە مەحکوم بە ناحەقی دەکرا، بەڵام ئەگەر هاتباو شاهیدی یەکەم بۆ ململانێ بانگهێشت نەکرابا، داواکارەکە دەیتوانی چەندین شاهیدی تریش بێنێ.

بومانوار دەڵێ: هەر کاتێ شاهیدەکە ئامادە نەبوایە ململانێ بکات، ڕووی لەو کەسە دەکرد کە بۆ شاهیدی دان لەگەڵ خۆیدا هێنابووی و دەیگوت: من ئامادەنیم لە پێناوی کێشەو داواکاری تۆ لەگەڵ کەسی بەرامبەردا ململانێ بکەم، ئەگەر ئێوە حەزتان لێیە دەتوانن ململانێ بکەن بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی من بەدیارکەوێت. پاشان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەو کەسەی شاهیدەکەی هێنابوو لەسەری پێویست بوو لە پێناوی سەلماندنی ڕاستیی شاهیدی دانی کەسەکە لەگەڵ داوالێکراوەکە بکەوێتە ململانێوەو ئەگەر هاتباو لەو ململانێیەدا بەزیبوایە ئەوا شاهیدیدانی کەسەکە هیچ بەهای نەدەما. ئەو کەسەی شاهیدەکەی هێنابوو دەیتوانی پەنا بەرێتە بەر نوێنەرێک بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو لە پێناوی سەلماندنی ڕاستیی قسەی شاهیدەکەدا ململانێ بکات، بەڵام ئەگەر نوێنەرەکە تێک شکابا ئەوا مەچەکیان دەپەڕاند.

من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ڕێوشوێنەکانی دۆئل سەبارەت بە هێنانی شاهید سەرچاوەکەی بۆ نەریتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە کە دواتر گۆڕانکارییان بەسەردا هات و ئەوەی زیاتر بۆچوونەکەم دەسەلمێنێ هەمان یاسای باویرو ڤیکۆنییە کە لە هێنانی شاهیددا هیچ سنوورێکی دیاریکراویان دانەنابوو.

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە دەستووری کوندەبو لەمەڕ دۆئل کردو ڕوونیشمان

کردەوە کە پیاوە ئایینییەکان دژی دۆئل بوون.

بیروبۆچوونی ئەم پاشایە سەبارەت بە شاهیدیدان بەم جۆرە بوو:

کاتێک تاوانبارێک چەند شاهیدێکی هێنا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هیچ چەشنە تاوانێکی ئەنجام نەداوە، داواکار دەتوانێ یەکێک لە شاهیدەکان بۆ ململانێ بانگهێشت بکا. ئەرکی سەرشانی شاهیدەکە بوو لە پێناوی سەلماندنی راستی قسەکەی خۆی و ئاگاداربوون لە حەقیقەت ململانێیەکە ئەنجام بدا بۆ ئەوەی دەری بخات کە شاهیدی دانەکەی راستەو بەم جۆرە کوندەبو دەرفەتی بە شاهیدەکە نەدەدا خۆی لە ململانێیەکە بدزێتەوەو بۆی دەرچێت.

### بەشی بیست و حەوتەم: ململانێی نێوان لایەنێکی کێشەکەو دادوەرێکی هەڵبژێردراو لە لایەن خاوەن موڵکەوە لە پێناوی سەلماندنی حەقانییەت و شکایەت دژی دەرکردنی حوکمی ناڕاست

لەبەر ئەوەی ماهییەتی سەلماندنی حەقانییەت لە ڕێگای ململانێ و جەنگی دەستەویەخە ئەوەبوو کە کێشەکە بۆ هەتا هەتایە کۆتایی پێ بهێنرێت، هەر بۆیە ئەو کێشەیەی بەم جۆرە چارەسەرو یەکالا دەکرا ئیدی ڕێگای ئیستئناف و لێکۆڵینەوەی نەدەگرتەبەر. فەرەنسییە کۆنەکان لەبەر ئەوەی کێشەکانی خۆیانیان لە ڕێگای دۆئلەوە چارەسەر دەکرد، هەر بۆیە بێ خەبەر بوون لە سەرلەنوێ هێنانەوە بەرباس و ئیستئناف بەو چەشنەی لە ڕۆمای کۆن و لە نێو حقوقی کەنیسەدا برەوی هەبوو.

ئەو نەتەوە شەڕکەرە لەبەر ئەوەی گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە شەرەف و ئابڕوو دەدا و هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی لە ڕێگای ململانێوە چارەسەرو یەکالا دەکردەوە، لە ئیستئناف بێ ئاگا بوون. ئەگەر کەسێک شکایەتی لە کێشەیەک یان دادوەرییەک هەبوایە لە جیاتی ئەوەی کێشەکەی بەرێتە بەردەمی دادگایەکی بەرزتر، ئەو کارەی لەگەڵ داواکارەکەی خۆیدا دەیکرد هەمان کاریشی لەگەڵ دادوەرەکەدا دەکرد. لە نێو ئەو میللەتەدا تێ هەڵچوونەوەو ئیستئناف بریتی بوو لەوەی کە نەیارەکە بۆ گۆڕەپانی جەنگ بانگهێشت بکرێت و بە چەک ململانێ لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ ئەوەی کێشەو گیروگرفتی هەردوو لا لە ڕێگای خوێنڕێژییەوە چارەسەر بکرێت، نەک وەکو ئێمە لە ڕێگای وتووێژو گفتوگۆ و مشتومڕی نووسراوەوە کێشەکانیان یەکالا بکەنەوە.

هەر بۆیە تێهەڵچوونەوە بە حوکم و بڕیارەکان لە نێو ئەو خێڵانەدا کارێکی قێزەون بووە. سەن لویسی پاشای فەرەنسا لە دەستوورەکەی خۆیدا دەڵێ: «هەر کەسێک هەوڵی



تێهەڵچوونەوە و ئیستئناف بدات، نە تەنیا کارێکی پێچەوانەی ئەخلاق و شەرافەتی ئەنجام داوە بەڵکو دژی دادپەروەریش ڕەفتاری کردووە».

بومانوار دەڵێ: «هەر کاتێک کەسێک ویستبای دژی هەوڵی کوشتن یان ئەو ستەمکارییەی لە لایەن دەرەبەگەکەیەوە لێی کراوە شکایەتی کردبا، لە سەرەتادا ئاگاداری دەکردەوە کە من لە تیولی تۆ واتە لەو موڵکەی کە بە منت داوە دەچمە دەرێ و پاشان لە بەردەمی دەرەبەگێکی بەرزتردا خاوەن موڵکە ستەمکارەکەی ئاگادار دەکردەوەو داوای لێ دەکرد لەگەڵیدا بکەوێتە ململانێ. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە ڕوویدابا، واتە دەرەبەگێک وەرزێرەکەی بەردەستی خۆی بۆ ئەنجامدانی ململانێ ئاگادار کردبایەوە، ئەگەر هاتباو بە ئامادەبوونی دەرەبەگێکی لە خۆی بەرزتر یان حاکمی سەربازی ناوچەکە جوتیارەکەی ئاگاداردکردبایەوە ئەوا ئەو ڕەفتارە وەکو ئەوە وابوو کە کردەوەیەکی ناشیرینی ئەنجام دابێت و شەرافەتی خۆی لەکەدار کردبێ.

پێویستە ئەوە بزانین، ئەگەرچی وەرزێر یان مەتبوعەکە دەیتوانی شکایەت لە دەرەبەگی خۆی بکات، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی بەوە تاوانباری بکا کە حوکمێکی ناڕاستی دەرکردووەو بڵێ ئەو لە فلانە کێشەدا حوکمێکی خراپی دەرکردووە.

بەشێک لە دادگاکانی ئەو سەردەمە کە کێشەو گیروگرفتی نێوان جوتیار یان تابعەکانیان چارەسەرو یەکالا دەکردەوە، خاوەنی هەندێ دادوەر بوون کە لە ژێر سەرۆکایەتی دەرەبەگدا بیروبۆچوونەکانی خۆیانیان دەردەبڕی. جوتیارەکانیش نەیاندەتوانی دەرەبەگ یان سەرۆک بە دەرکردنی حوکمێکی ناڕاست تاوانبار بکەن چونکە وەکو نمەک بە حەرام سەیریان دەکرا، بەڵام لە جیاتی دەرەبەگەکە کە وجوودی لەبێ ئەدەبی و بێ حورمەتی پارێزراو بوو شکایەتیان لە دژی دادوەری دادگاکان دەکردو بەبێ ئەوەی تۆمەتی نمەک بە حەرامییان بخەنە پاڵ خۆیان بێ حورمەتییان بە دادوەرەکان دەکرد، چونکە تاوانبارکردنی دادوەر بەوەی حوکمێکی ناحەقی دەرکردووە، جگە لە بێ حورمەتی هیچی دیکە نەبوو. بەڵام هەر ئەو بێئەدەبییە دژی دادوەرەکان و ئاگادارکردنەوەیان لەوەی حوکمێکی هەڵەیان دەرکردووە، کارێکی هێندە ئاسانیش نەبوو. بە کورتی گیروگرفتەکانی ئەم کارە بریتی بوون لە: گریمان کێشەیەک دەچووە بەردەمی دادگاو دادگا حوکمێکی هەڵەی دەردەکرد، هەرکە ناڕاست بوونی حوکمەکەیان بە ئاگاداری دادوەرەکان ڕادەگەیاند، ناچاربوون لەگەڵ هەموو یان بەشی هەرە زۆری ئەو دادوەرانەدا بجەنگن کە حوکمە ناحەقەکەیان دەرکردووە.

بۆ ڕێگرتن لەم گیروگرفتە پەنایان بردە بەر ڕێگایەکی دیکەو بەم جۆرە تکایان لە

سەرۆکی دادگا «دەرەبەگ» دەکرد کە داوا لە دادوەرەکان بکات یەک بە یەک رای خۆیان بە دەنگێکی بەرز رابگەیەنن و ئاشکرایە لە کاتێکدا سوودیان لەم رێگەیە وەردەگرت، ئەگەر پێیان وابوایە رای دادگا بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوان دەردەچێت، لە ئاکامدا دادوەری یەکەم رای خۆی دەردەبڕی و هەرکە دادوەری دووهەم لێوی دەکردەوەو بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی پێیان دەگوت تۆ درۆزن و فێڵبازی و پاشان تەنیا لە تەک ئەم دادوەرەدا ململانێیان دەکرد. یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم شێوازە ئەوەبوو کە تەنیا لەگەڵ یەک کەسدا دەکەوتنە ململانێوەو پاشان لەم رێگەیەوە پێشی دەرچوونی رای دادوەرەکانی تریان دەگرت.

«دفۆنتن» کە یەکێکە لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەڵێ: لە دوای دەرچوونی رای دادوەری یەکەم رادەوەستان هەتا سێ دادوەری دیکەش بیروبۆچوونی خۆیان دەرببڕن، پاشان چەوتی و هەڵەیی حوکمەکەیان رادەگەیاند، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبوایە لەگەڵ هەرسێ دادوەرەکەدا ململانێیان بکردباو هەندێ جار وا رێکدەکەوت کە نەک هەر لەگەڵ دادوەرەکەدا بەڵکو لەگەڵ کەسانی دەوروبەریش کە هاوڕای دادوەرەکان بوون دۆئلیان دەکرد.

ئەو جیاوازییانەی لە نێوان بومانوار و دفۆنتن دا هەیە کە ئاشکراشە هەردووکیان دوو مێژوونووسی سەدەکانی ناوەڕاستن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا یاساو بڕیارەکان وەکو ئێستا گشتی نەبوونەو هەر ویلایەتێک پەیڕەوی لە داب و نەریتێکی تایبەتی کردووە.

داب و نەریتی شاری کلرمن کە بومانوار باسی لێوە دەکات لەگەڵ داب و نەریتی شاری ورماندوا کە دفۆنتن ئاماژەی بۆ دەکات جیاوازییان هەبووە.

کاتێک گەورە پیاوێک یان دادوەرێک بە پێچەوانەی ئەو کەسەی داوای ئیستئنافی دەکرد لایەنگری لە حوکمە دەرچووەکە دەکردو دەگەیشتە یەقین کە داواکارەکە لەسەر شکایەتەکەی خۆی سوور دەبێ ئەوا لەو حاڵەتەدا ململانێیان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام هیچ کارێکیان بەو دادوەرە نەبوو کە حوکمەکەی بەتاڵ کرابۆوەو بە هەڵە لە قەڵەم درابوو، چونکە ئەویان وەک یەکێک لە کەسەکانی دەوروبەری دەرەبەگ حسێب دەکرد هەر بۆیە رێزێکی زۆریان لێدەگرت. ئەگەر دادوەرەکە نەیتوانیبا حەقانییەتی رایەکەی خۆی بسەلمێنێ ئەوا شەست لیوری وەکو غەرامە دەدا بە دەرەبەگ یان «مەتبوع»ەکەو ئەگەر هاتباو ئەو کەسەی بە حوکمی دادگادا دەچووەوە نەیتوانیبا بیسەلمێنێ حوکمی دادوەرەکە هەڵەیە ئەوا دەبوایە دوو جار غەرامە بدات، جارێکیان شەست لیوری دابا بە دەرەبەگ و



جارێکیش شەست لیوری دابا بەو دادوەرەی حوکمەکەی رەخنەی لێ گیرابوو، هەروەها ئەگەر دادوەری تریش هەبان کە حوکمەکانیان بەتاڵ کرابووبایەوەو بە هەڵە لە قەڵەم درابان، دەبوایە هەریەکەو شەست لیوری وەکو غەرامە دابا بەوانیش.

کاتێک کەسێک بە تەواوی بە گوناهێک تاوانبار دەکراو دەستگیریان دەکردو هاوکات مەحکومیشیان دەکرد، ئیدی ئەو کەسە نەیدەتوانی شکایەت لە دژی حوکمی دادوەر بکات، چونکە ئەگەر ئازاد بوایە داوای تێ هەڵچوونەوە بکات، ئەوا کەڵکی خراپی لەو رێگایە وەردەگرت بۆ ئەوەی سزاکەی خۆی وەدرەنگ بخات و لەگەڵ داواکارە تایبەتییەکانیدا ئاشت بێتەوە.

ئەو دادوەرانەی حوکمی هەڵەیان دەرکردبوو بە هیچ جۆرێ مەحکوم بە لە داردان نەدەکران یان ئەندامێکیان «وەکو دەست و شوێنی تر» نەدەپەڕێنرا، بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی بە حوکمەکەدا دەچۆوە نەیتوانیبا داواکەی خۆی واتە هەڵەو چەوتیی دادوەر بسەلمێنێ و کێشەی دادگاییەکەش تاوانی کوشتن بوایە، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە ئیعدام مەحکوم دەکرا.

ئەو رێوشوێنەی لە هەمبەر بەرهەڵستی دژی را و حوکمی دادوەرەکان داڕێژرابوو بۆ ئەوە بوو خەڵک داوای ئیستئناف لە حوکمی دەرەبەگەکاندا نەکات. هەر کاتێ وا رێککەوتبا کە دەرەبەگێک دادوەری نەبا یان ژمارەی دادوەرەکانی کەم بوویاە ئەوا لە رێگای پارەوە دادوەری لە دەرەبەگێکی سەرو خۆیەوە دەخواست و سوودی لێوەردەگرت(١٤٢).

لەبەر ئەوەی ئەو دادوەرانە بە مەبەستی یارمەتیدان و هاوکاری دەهاتن هەر بۆیە دەرکردنی حوکم ئەرکی ئەوان نەبوو و دەیانتوانی بڵێن ئێمە تەنیا بۆ راوێژکردن هاتووین، لەم حاڵەتەدا دەرەبەگەکە ناچاربوو بۆ خۆی حوکم بدا و ئەگەر هاتباو بەرهەڵستی حوکمەکەیان کردباو داوای ئیستئنافییان کردبا ئەوا دەبوایە بۆ خۆی بەرگری بکات.

ئەگەر یەکێک لە مەتبوع یان دەرەبەگەکان هێندە بێ دەرامەت و نەدار بوایەو نەیتوانیبا خەرجی پێویستی دادوەری دەرەبەگێکی دیکە دابین بکات و لێی بخوازێ یان بە هۆی خەمساری و غەفڵەتەوە سوودی لە دادوەرەکانی تر وەرنەگرتبا یان دەرەبەگەکەی دیکە ئامادە نەبوایە دادوەری خۆی پێبدات، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەرەبەگە نەدارو بێ دەرەتانەکە نەیدەتوانی بە تەنیایی و بەبێ راوێژی دادوەرەکان حوکم دەربکات، هیچ کەسێکیش ناچار نەبوو بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەکە پەیوەندی پێوە بکات. لەو کاتەدا خەڵک داواو کێشەی خۆیان دەبردە بەردەمی دادگای دەرەبەگێکی دیکە کە لە سەرو ئەو دەرەبەگەوە بوو.

بە بڕوای من لە سەدەکانی ناوەڕاست یەکێک لەو فاکتەرانەی بووە هۆی پێکهێنانی جیاوازی نێوان خاوەن تیولەکان و کارگێڕانی عەدالەت هەر ئەوە بوو، واتە خاوەنی تیولەکان و دەرەبەگەکان، خەڵک و پەیڕەوکارێکی ئەوتۆیان نەبوو و هەر بۆیە نەیاندەتوانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکان دادگا پێک بێنن.

بەم جۆرە وردە وردە مافی جێبەجێکردنی عەدالەتیان لێ سەنرایەوەو ئیدی نەیاندەتوانی ئەو مافە بەدەست بێننەوە. بە هەر حاڵ وا باوبوو هەموو ئەو دادوەرانەی بەشدارییان لە دادگاکەدا کردبوو، دەبوایە لە کاتی دەرچوونی حوکمەکەدا ئامادەبان، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بەرهەڵستی حوکمەکەی کردو بە هەڵەی لە قەڵەم دا بتوانن کاروبارەکانی تایبەت بەم بەرهەڵستییە ڕێک بخەن.

دفونتێ دەڵێ: ئامادەبوونی دادوەرەکان لە کاتی دەرچوونی حوکمەکەدا پەیوەست بوو بە ڕەچاوکردنی حورمەت و ڕاستگۆیی و نەدەبوایە خۆیان لە ژێر باری ئەم ئەرکە بدزیبایەوە. لەبنەڕەتدا دەبوایە دادوەرەکان بە درێژایی ماوەی دادگاییکردنەکە لە دادگادا ئامادەبان.

ڕەنگە هەر بە هۆی ئەم باکگراوندەوە بێت کە ئێستاکەش لە ئینگلتەرادا بۆ دەرکردنی حوکمی ئیعدام، پێویستە هەموو دادوەرەکان هاوڕابن و بە کۆی گشتی دەنگ حوکمی ئیعدامەکە دەربکەن. دووبارە دفونتێ دەڵێ: دادوەرێک نەیدەتوانی بە بیانوی ئەوەی دادوەرەکانی دادگا ژمارەیان کەمە، خۆی لە دەرکردنی حوکمەکە ببوێرێ و نەیدەتوانی بڵێ چوار دادوەر لێرە ئامادە نەبن من حوکمەکە دەرناکەم.

هەر بە پێی وتەی ئەم مێژوونووسە، دادوەرێک نەیدەتوانی بە بیانووی ئەوەی هەموویان دادوەرنین و یان زاناترین و باشترین دادوەرەکان لێرەدا ئامادە نین، خۆی لە دەرکردنی حوکمەکە بدزیبایەوە، چونکە خۆبواردنی دادوەرەکە لە کاتی دەرکردنی حوکم وەکو ئەوە وابوو لە مەیدانی جەنگ و ململانێدا بە بیانووی ئەوەی هەموویان جەنگاوەر و هاوتا نین، خۆی لە بەرگریکردن لە دەرەبەگ یان مەتبوعەکەی دزیبایەوە. بە شێوەیەکی گشتی شوێنکەوتە (تابع) لە بەرامبەر دەرەبەگەکەی خۆی (متبوع)دا دوو ئەرکی گەورەی لە سەر شان بوو؛ یەکەمیان جەنگان لە پێناوی داو دووهەمیان قەزاوەت و جێبەجێ کردنی عەدالەت. ئەم دوو ئەرکە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ گرنگی پێ دەدراو پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، کە وەکو شەڕکردن و پارێزگاری لە دەرەبەگەکە سەیری حوکم دەرکردنیان دەکردو ئەرکی سەرشانی دەرەبەگەکەش ئەوەبوو کە بەردەوام زاناترین و جوامێرترین پەیڕەوکاری خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی حوکم دەرکردن و عەدالەت هەڵبژێرێت.

ئەگەر دەرەبەگێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا شکایەتی لە دژی یەکێک لە



شوێنکەوتووانی خۆی بەرز کردبایەوەو بۆ خۆی مەحکووم ببا، ئەوا دەیتوانی یەکێک لە دادوەرەکانی خۆی بە دەرکردنی ئەو حوکمە ناڕاستە تاوانبار بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پێی پەیمان و بەڵێن تاکەکەسێک دەبوایە بەردەوام ڕێز لە دەرەبەگ (متبوع)ەکەی خۆی بگرێ و هاوکات شوێنکەوتووەکەش بە پێی هەمان پەیمان و بەڵێن دەبوایە لە بەرامبەر مەتبوعەکەی خۆیدا (تاکە کەس) ڕەچاوی ڕێزو حورمەتی بکات، هەر بۆیە دەرەبەگەکە بە شێوەیەکی دیارو ڕاستەوخۆ نەیدەتوانی دادوەرێکی شوێنکەوتەی خۆی بە تۆمەتی دەرکردنی حوکمێکی ناڕاست و چەوت تاوانبار بکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی تۆمەتی هەڵەبوونی دەخستە پاڵ حوکمی دادگاکەو لەم حاڵەتەدا ئیدی هیچ پێویستی نەدەکرد ململانێ و جەنگ لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە تەنیا لەو کاتەدا جەنگی دەستەویەخە دەستی پێ دەکرد کە سووکایەتی بە کەسێکی دیاریکراو کرابایە، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەرەبەگەکە تەنیا سووکایەتی بە دادگا واتە بە ئابڕووی خۆی کردبوو و لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک سووکایەتی بە خودی خۆی ناکات، هەر بۆیە ململانێ دروست نەدەبوو.

بەڵام دەرەبەگەکە هەندێ جار پەنای بۆ ڕێگاو شێوازی دیکەش دەبرد، بە جۆرێک کە بەبێ ئەوەی سووکایەتی بە دادگا بکات یان بەبێ ئەوەی تۆمەتی هەڵەبوون بخاتە پاڵ حوکمی یەکێک لە دادوەرەکان، بۆ ئەوەی بیانوویەک بۆ جەنگی دەستەویەخە بدۆزێتەوە، سووکایەتی بە ژیانی تایبەتی و ئەخلاقی یەکێک لە دادوەرەکان دەکردو بەمە دوئێل دەستی پێ دەکرد. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا وا باوبوو ئەگەر هاتباو یەکێک لە لایەنەکان شکستی خواردبا ئەوا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێنراو سامان و داراییەکەشیان داگیر دەکرد، بۆ ئەوەی سەرجەم دەرەبەگەکانی تریش ڕەچاوی بارودۆخی شوێنکەوتووانیان بکەن و شوێنکەوتووەکانیش سنوور و مافی خۆیان بە باشی بناسن و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەکی لاوەکی و کەم بەها نەکەونە جەنگ و ململانێ لەگەڵ یەکتریدا.

ئەم شێوازە کە تەنیا تایبەت بوو بەم حاڵەتە وردە وردە ڕەهەندێکی گشتی بە خۆیەوە گرت و هەروەکو بومانواریش ئاماژەی بۆ دەکات، هەر کاتێ کەسێک ناڕەزایی دژی حوکمی دادگا دەربڕیبا، لە جیاتی ناڕەزایی و بەرهەڵستی حوکمی دادگا، سووکایەتی بە ئەخلاق و تایبەتمەندییەکانی دادوەر دەکردو بەم چەشنە ململانێ دەستی پێ دەکرد و ئەگەر هاتباو ناڕەزاییان دژی حوکمی یەکێک لە دادوەرەکان دەربڕیبا، ئەوا ئەم دادوەرە مافی ئەوەی هەبوو لە ڕێگای دوئێلەوە کێشەکە چارەسەرو یەکالا بکات و یان لە ڕێگای حقوقییەوە کۆتایی بە گیروگرفتەکە بێنێ.

دیارە ئەم بابەتەمان لە کتێبی مێژووی بومانوار وەرگرتووەو تا رادەیەکی زۆر راستە. ئاشکرایە بەرقەراربوونی ئەو نەریتە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە سەردەمی بومانواردا هەوڵیان دەدا تا ئەو جێگەی دەگونجێ سوودوەرگرتن لە دۆئل بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان بەرتەسک و سنووردار بکەنەوە، ئەگینا بە پێی ئەو گرنگییەی کە خەڵکی ئەو سەردەمە بە پاراستنی ئابڕوو و شەرەفیان دەداو بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ئەرکی سەرشانی دادوەرەکان بوو کە پارێزگاری لە ئابڕوو و شەرەفی دەرەبەگی مەتبوعی خۆیان بکەن و بەرگری لێ بکەن، دەردەکەوێ کە ئەم نەریتە نوێ بووە کە لە نێو فەڕەنسییەکاندا پەرەی سەندووەو بڵاوبۆتەوە.

لە لایەکی تریشەوە من ناڵێم لەم قۆناغەدا هەمەوو ناڕەزاییەک دژی حوکمی دادوەر لە ڕێگای دۆئلەوە چارەسەرو یەکالا کراوەتەوە، چونکە ئەم بابەتەش و سەرجەم حاڵەتەکانی دیکە کە دۆئلیان لە سەر دەکرا، هەندێ ریزپەڕی تێدەکەوت و دیارە من لە بەشی بیست و پێنجەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بە بەشێکیان کردووە، بەڵام لەم حاڵەتەدا دادگایەکی دیکە بڕیاری دەدا کە دۆئل ئەنجام بدرێت یان نا.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هیچ کەسێک نەیدەتوانی ناڕەزایی لە دژی بڕیارو حوکمی دادگای دەرباری پاشایەتی دەربڕێ، چونکە هیچ کەسێک هاوتا و هاوشانی پاشا نەبوو و هیچ کەسێک نەیدەتوانی رەخنە لە حوکمەکانی بگرێت و هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە هیچ کەس نەیدەتوانی لە شوێنێکی دیکە شکایەت لە دژی پاشاو دادوەرەکانی بەرزبکاتەوە.

ئەم یاسا رەهایە تا رادەیەکی زۆر ڕێی لە بەهەڵە بەکارهێنانی دادگەری ئەو سەردەمەی دەگرت، چونکە کاتێ دەرەبەگێک ترسی ڕێدەنیشت نەکا بڕیارو حوکمی دادگای ئەو پێشێل و پشتگوێ بخرێت و بەم جۆرە بۆ خۆی یان ئەو کەسەی خاوەن مافە، بێ ماف بکرێت، پەنای دەبردە بەر دادگای پاشا واتە دادوەرەکانی پاشای بانگهێشت دەکرد تا سەردانی ناوچەکەی بکەن و لەسەر کێشەکەی حوکم بدەن و لەبەر ئەوەی حوکم و بڕیاری ئەو دادگایە ئیستئنافی تێدا نەدەکرا، هەر بۆیە لەمەڕ حاڵەتە حقوقییەکاندا خەڵک لەوە دڵنیابوون کە دەتوانن مافی خۆیان بەدەست بێنن. دفونتێن دەڵێ: فیلیپی پاشای فەڕەنسا هەمەوو دادوەرەکانی خۆی بۆ ویلایەتی کوربی نارد بۆ ئەوەی لە دادگای قەشەی ئەو شوێنەدا دادوەری بکەن.

دیارە ئەگەر دەرەبەگێک دەستی بە دادوەرەکانی پاشا ڕانەگەیشتبا ئەوا لەو حاڵەتەدا دەیتوانی دادوەرەکانی خۆی بنێرێتە دەرباری پاشاو دادگای خۆی لە نێو دادگای پاشادا



دابمەزرێنێ. لێرەشدا دیسان حوکمی ئەو دادگایە ئیستئناف نەدەکرا، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لە نێو گشت دەرەبەگەکان (متبوع)دا ئەوانەی دەستیان بە دەرباری پاشا رادەگەیشت تەنیا یەک پلە لە خوار پاشاوە بوون و دەبوایە ئەرستۆکرات و خانەدانەکانی تر بە پێی زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەک لە دادگایەکەوە پەنا بەرنە بەر دادگایەکی بەرزترو تا دەگەیشتنە دادگای پاشا.

بەم جۆرە ئەگەرچی لەو سەردەمەدا تەنانەت بیرۆکەی تێهەڵچوونەوەش لە گۆڕێ نەبوو کەچی لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی حوکمە ناحەقەکان پەنایان دەبردە بەر پاشا. پاشا تاکە سەرچاوەیەک بوو کە هەمەوو دەسەڵات و سەڵاحییاتەکان لەوێوە سەریان هەڵدەداو بەوێش کۆتاییان دەهات.

## بەشی بیست و هەشتەم: ناڕەزایی دژی ئەنجام نەدانی لێپێچینەوە بۆ بەدیارکەوتن و یەکلاکردنەوەی مافەکان

ئەگەر گەورە پیاوێک یان ئەرستۆکراتێک یان دەرەبەگێک چاوی بە شکایەتی داواکار و داوالێکراو نەخشاندبا یان لێپێچینەوەکەی وەدرەنگ خستبا، لەم حاڵەتەدا شکایەتکار دەیتوانی دژی ئەنجام نەدانی لێپێچینەوە بۆ بەدیارکەوتن و یەکلاکردنەوەی مافەکان ناڕەزایی دەربڕێت. بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتەو بۆ ئەوەی چۆنیەتی ئەو ناڕەزایەتییە بۆ خوێنەرەکان روون بێتەوە، پێویستە بڵێم: لە سەردەمی سەڵتەنەتی دووەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنسادا حاکمی سەربازی هەر ناوچەیەک کە پێی دەگوترا «کۆنت» ژمارەیەک ئەفسەری لە ژێر دەستدا بوو، ئەگەرچی ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە ملکەچی فەرمانی ئەو بوون بەڵام لە رووی دادوەرییەوە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بوون و بۆ خۆیان دەیانتوانی شکایەتەکان تاوتوێ بکەن. ئەو ئەفسەرانە ڕێک وەکو حاکمی سەربازی لە نێو دادگاکانی خۆیاندا، جا چ بۆ خۆیان لە دادگاکە ئامادەبان یان نا، کێشەو گیروگرفتەکانیان چارەسەرو یەکالا دەکردەوە، ئەوەندە نەبێ ئەو شکایەت و سکالایەی دەخرایە بەردەمی دادگای ئەوان جیاواز بوو لەگەڵ ئەو شکایەتەی دەخرایە بەردەمی دادگای حاکمی سەربازی «کۆنت»وە. حاکمی سەربازی دەتوانێ حوکمی ئیعدام بەسەر تاوانبارەکاندا بسەپێنێ یان تاوانبارەکان ئازاد بکات و فەرمان دەرکات سامان و دارایی خەڵک بدەنەوە. بەڵام ئەمان لە دادگایی خۆیاندا مافی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو داواکارییانەیان نەبوو، هەر بۆیە هەندێ داواکاری و شکایەتی تایبەتی هەبوو کە تەنیا لە دادگای پاشادا دەهاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بە تایبەتی داواکاری سیاسی وەکو کێشەی نێوان قەشەو حاکمە سەربازییەکان و ئەرستۆکراتە

گەورەکان لەم دادگایەدا تاوتوێ دەکرا. لەم حاڵەتەدا پاشا بە ئامادەبوونی شوێنکەوتووە گەورەکان واتە دەرەبەگە گەورەکان لێکۆڵینەوەی لە سەر داواکارییەکە دەکردو حوکمی لە سەر دەدا. بە پێی ئەو شتانەی ئاماژەمان بۆ کرد، خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەموو ئەرستۆکراتەکان مافی حوکم دەرکردن و دادوەرییان هەبووە، ئەوەندە نەبێ کە پلەی ئەو دادوەری و جۆری ئەو شکایەتەی لە دادگاکاندا تاوتوێ دەکرا لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەبووە.

هەندێ لە مێژوونووسەکان دەڵێن، ئەگەر کەسێک شکایەتی لە دژی حاکمی سەربازی ناوچەکە هەبوایە واتە بەوە تاوانباری کردبا کە چارەسەرێکی ڕەواو بەرحەقی بۆ کێشەکە دانەناوە، دەیتوانی لە لای نوێنەری پاشادا شکایەت بکات. بەڵام بە بڕوای من ئەم مێژوونووسانە تووشی هەڵە بوونە، چونکە دادگای حاکمی سەربازی و نوێنەری پاشا لە رووی پلەو پایەوە وەکو یەک و یەکسان بوون و هیچ کامێکیان نەیاندەتوانی حوکم لە دژی یەکتر دەربکەن. هەڵەی مێژوونووسەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوێنەری پاشا لە چوار مانگی یەکەمی ساڵدا دادگای خۆی بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی کێشەو شکایەتی خەڵک پێک دەهێنا، بەڵام حاکمی سەربازی ناوچەیەک لە ماوەی هەشت مانگدا دوو دادگای بۆ تاوتوێکردنی شکایەتی خەڵک دادەمەزراند.

هەر کاتێ کەسێک لە دادگا مەحکوم دەکراو داوای دەکرد بۆ جاری دووەم دادگایی بکەنەوەو دیسان مەحکوم دەکرایەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبوایە پازدە سو غەرامەی دابایە یان پازدە قامچی لە لایەن ئەو دادوەرانە لێدرابا کە حوکمەکەیان بەسەردا دابوو.

ئەگەر هاتباو حاکمی سەربازی ناوچەیەک یان نوێنەری پاشا نەیانتوانیبا لە دادگاکانی خۆیاندا گەورە پیاوەکان ناچار بکەن ڕێگەچارەی عادیلانە قبووڵ بکەن، ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕەوانەی دادگای پاشایان دەکردن و مەبەست و ئامانجی ئەو ڕەوانەکردنەش ئەوە نەبوو کە کێشەکە بۆ جاری دووەم و لە قۆناغی تێهەڵچوونەوەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، بەڵکو هەر لە قۆناغی بەراییدا کێشەکەیان تاوتوێ دەکرد.

بە پێی حوکمی (ئەنجوومەنی ڕۆحانی متێز) کە لە ساڵی ٧٥٧ی زایینیدا دەرچووە، فەرمان دراوە، ئەگەر هاتو حوکمی دادوەری دادگاکانیان پێ هەڵە بوو، ئەوا دەتوانن پەیوەندی بە دادگای پاشاوە بکەن. بە پێی حوکمی یازدەهەمین ئەنجوومەنی ڕۆحانی کە لە ساڵی ٨٠٧ زایینی لە سەردەمی شارلمانیدا پێکهاتووە، فەرمان دراوە، ئەگەر مەحکومێک پەیڕەوی لە حوکمی حاکمی شار (کە لەو سەردەمەدا مافی دەرکردنی حوکم و دادوەرییان هەبوو) نەکردو لە هەمان کاتیشدا ناڕەزایی لە دژی حوکمەکەش دەرنەبڕی ئەوا



پێویستە بخرێتە زیندانەوە تاکو پەیڕەوی لە حوکمەکە دەکات، بەڵام ئەگەر هاتباو ناڕەزایی دەربڕیبایە ئەوا ڕێگای دادگای پاشایان پێ نیشان دەدا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کێشەکەی تاوتوێ بکرێتەوە.

کەواتە لەو سەردەمەدا بابەتی بە دوادانەچوون و تاوتوێ نەکردنی شکایەتی خەڵک و حوکم دەرنەکردن لە ئارادا نەبوو و خەڵک نەک شکایەتیان لە حاکمی سەربازی و سەرجەم ئەرستۆکراتەکان نەدەکرد کە خاوەنی دادگا بوون بە هۆی ئەوەی گوایە دادگا پێک ناهێنن، بەڵکو شکایەتیان لەوە دەکرد ئەم جۆرە دادگایانە زۆر پێک دەهێنرێن. تا لە کۆتاییدا ڕێوشوێنێکیان دانا کە بە پێی ئەو ڕێوشوێنە حاکمەکان «کۆنتەکان»و ئەفسەرەکانیان ساڵی لە سێ جار زیاتر دادگایان پێک نەدەهێنا. بەڵام کاتێ ژمارەی ئەرستۆکرات و خانەدانەکان زیادی کرد و پلەی تابع و مەتبووع زۆر بوو، هەندێ لە ئەرستۆکراتەکان خەمساردیان دەکرد لە لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی شکایەتی خەڵکیدا، پاشان خەڵک دژی ئەم خەمساردییە ناڕەزاییان دەربڕی و شکایەتیان لەوە هەبوو کە گوێ بە شکایەت و کێشەکانیان نادرێت. ئەو شکایەتە بووە هۆی ئەوەی کە زیان بە دادگا بەرزەکان یان ئەرستۆکرات و دەرەبەگەکان بگات و تووشی غەرامەدان ببن. بەڵام هۆی چی بوو کە لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کێشەکاندا خەمساردییان دەکرد؟ هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وردە وردە نەریتی دۆئل بۆ دەرخستن و دیاریکردنی ماف پەرەی دەسەند. ئەگەرچی دەبوایە دۆئلیش بە پێی فەرمانی دادوەرەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام لە هەندێ حاڵەت یان هەلومەرجدا کۆکردنەوەی دادوەرەکان لە شوێنێکی تایبەتی بە مەبەستی دەرکردنی حوکم و جێبەجێ کردن و چەسپاندنی عەدالەت کارێکی دژواربوو، هەر بۆیە لە لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی کێشەکانی خەڵکدا خەمساردییان دەکرد.

کاتێ شکایەتکار بۆی دەردەکەوت مافەکانی دەستەبەر ناکرێ، ناڕەزایی دەردەبڕی و ئەم ناڕەزاییە زیاتر حاڵەتی لێتوێژینەوەخوازی بۆ سەلماندنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی بەخۆوە دەگرت و لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی شکایەتکار مافە سیاسی و مەدەنییەکانی پێشێل کرابوو هەر بۆیە داوای تێهەڵچوونەوەی دەکرد. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لێتوێژینەوەخوازی بەردەوام یەکێک لە حاڵەتە دیارو سەرنج ڕاکێشەکانی مێژووی ئێمەیە کە هەندێ جار بۆتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، چونکە لەو سەردەمەدا بیانووی جەنگ بریتی بوو لە پێشێل کرانی مافە سیاسییەکان، هەروەک چۆن ئەمڕۆکە پێشێلکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی بیانو و پاساوی جەنگە.

بە هەر حاڵ بومانوار کە لە بەشەکانی پێشووتریشدا بەڵگەو نموونەی زۆرمان لە

کتێبەکەی هێناوەتەوە، دەڵێ: هیچ کاتێ سەبارەت بە پێشێل کرانی مافە مەدەنییەکانی و نارەزایەتی شکایەتکار دژی ئەوەی کێشەکەی تاوتوێ نەکراوە، دۆئل ئەنجام نەدرا، چونکە شکایەتکار بە هۆی پاراستنی سنووری رێزو حورمەت نەیدەتوانی دەرەبەگ و خاوەنی تیول بۆ ململانێ بانگهێشت بکا، نەشدەکرا دادوەرەکانی دەرەبەگیش بۆ ململانێ و جەنگ داوەت بکرێن چونکە بەردەوام لەگەڵ پاساوی بەجێدا بەرەو روو دەبوونەوە واتە دادوەرەکان جگە لە کاری زۆرو پاراستنی نۆرەو لەبەر ئەوەی لە ماوەی ساڵێکدا تەنیا چەند جارێک دادگا پێکدەهێنراو لەو ناوەشدا دادوەرەکان لەخۆ بردووییەکی زۆریان نیشان دەداو سەرەرای هەموو ئەمانە بۆیە دادوەر بۆ دۆئل بانگهێشت دەکرا تا حوکمێکی ناراست و پێچەوانەی حەقیقەت دەربکات، بەڵام پێویستە دان بەوە دابنێین کە بە هیچ جۆرێ لەم حاڵەتانەدا دادوەرەکان حوکمیان دەرنەکردبوو تا ناچاربن دۆئل بکەن. هەر بۆیە شکایەتکار کێشەکەی خۆی دەبردە بەردەم دادگایەکی بەرزترو لەوێدا بە یارمەتی شاهیدەکان کەمکاری دادگای خوارووتری دەسەلماند کە لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی کێشەکەی پشتگوێ خستبوو، ئاشکرایە لایەنی بەرامبەریش کە بریتی بوون لە دادوەرەکان شاهیدیان دەهێناو هەر بۆیە جەنگی دەستەویەخە لە نێوان شاهیدەکان یان لە نێوان خاوەن کێشەو شاهیدێکی دادوەرەکاندا دەستی پێدەکردو بەم جۆرە سووکایەتی بە ئابرووی دەرەبەگ و دادوەرەکان نەدەکرا.

**دفونتێن دەڵێ:**

١- لە کاتێکدا کە دادوەرەکانی دەرەبەگ تاوتوێ کردنی کێشەی خەڵکیان وەدرەنگ دەخست یان لە دوای لێپێچینەوەو تاوتوێکردن لە ماوەیەکی دیاریکراودا حوکمەکەیان دەرنەدەکرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا شکایەتکار دەیتوانی لە دادگایەکی بەرزتردا شکایەتیان لێبکات و ئەگەر هاتباو لەوێدا مەحکوم کرابان ئەوا غەرامەیەکی تایبەتییان دەدا بە دەرەبەگەکەی خۆیان. لەم حاڵەتەدا دەرەبەگ نەیدەتوانی پارێزگاری لە دادوەرە ئیهمالەکانی خۆی بکات و بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستی بەسەر ماڵ و داراییەکەیاندا دەگرت بۆ ئەوەی هەریەکەی شەست لیور غەرامە بدەن. (ئەوە نەریتی بەشێک لە ویلایەتەکانی فەرەنساش بووە).

٢- کاتێک تاوتوێ نەکردن و پشتگوێ خستنی کێشەی شکایەتکارەکە پەیوەندی بە خەمساردی دەرەبەگەوە هەبوایە، واتە دەرەبەگەکە وەکو پێویست دادوەری نەبووایە یان کەسی تری لە جیاتی دادوەرە ئامادەنەبووەکان دانەنابا، ئەو کاتە ئیدی شکایەتکار لە دادگایەکی بەرزتردا شکایەتی دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکاندا پاراستنی



رێزو حورمەتی مەتبوع یان دەرەبەگ پێویستییەکی حەتمی بوو، هەر بۆیە دەرەبەگەکەیان بۆ دادگا پەلکێش نەدەکرد، بەڵکو دەرەبەگەکە دادوەرەکانی خۆی بۆ ئامادەبوون لە دادگای بەرز دەناردو پاشان دادگا دەستی بە کارەکانی خۆی دەکردو ئەگەر سەلماندبایان شکایەتکارەکە درۆ دەکات واتە دادگای خوارەوە لە کێشەکەی کۆڵیوەتەوە ئەوا ئەوکات تاوتوێکردنی کێشەی سەرەکی شکایەتکارەکە بۆ بەردەمی دادگای دەرەبەگەکە دەناردرایەوەو هاوکات دەرەبەگەکە شەست لیوری وەکو غەرامە وەردەگرت. بەڵام ئەگەر هاتباو شکایەتی کەسەکە لەدادگادا سەلمابا واتە دەرکەوتبا کە دەرەبەگەکە تاوتوێی کێشەکەی ئەوی نەکردووە ئەوا دادگای بەرز هەڵدەستا بە تاوتوێ کردنی کێشەی سەرەکی شکایەتکارەکەو حوکمی پێویستی لە سەر دەردەکردو ئامانجی شکایەتکار کە بریتی بوو لە بەدواداچوون و تاوتوێ کرانی کێشەکە وەدی دەهات.

٣- هەرکاتێ کەسێک کە بەشێک بوو لە تیولی دەرەبەگ، لە دادگای ئەودا دژی خودی دەرەبەگەکە شکایەتی بکردایەو لە راستیدا شکایەتی بۆ ئەوە بوایە کە بۆچی کێشەکەی تاوتوێ ناکەن (ئەو داواو کێشەیە تەنیا سەبارەت بە بابەتی تایبەت بە تیول سەری هەڵدەدا)؟ لەم حاڵەتەدا کەسەکە رادەوەستا تا هەموو ماوەو دەرفەتە یاساییەکان تێپەرن، پاشان بە هەندێ کەسی باوەرپێکراوی ناوچەکەی رادەگەیاند کە دادگا شکایەتەکەی ئەو تاوتوێ ناکات کە دژی دەرەبەگەو پاشان پەنای دەبردە بەر پاشا.

ئەو خاڵەی دەمانەوێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە شکایەتکار هەرگیز لە کاتی شکایەتی دژی دەرەبەگ پەنای بۆ دادوەرەکانی ئەو نەدەبرد، چونکە باش دەیزانی دادوەر هیچ کاتێ ناتوانن لە دژی دەرەبەگ حوکم دەربکەن، بەڵام ئاشکرایە دەیانتوانی لە پێناوی بەرژەوەندی دەرەبەگدا حوکم دەربکەن.

هەندێ جار وا رێکدەکەوت کە نەک هەر شکایەتیان لە تاوتوێ نەکردن و پشتگوێ خستنی کێشەکان دەکرد بەڵکو لە دژی دەرچوونی حوکمێکی هەڵەو ناراستیش شکایەتیان دەکرد، بەڵام ئەوە لە حاڵەتێکدادەبوو کە دەرەبەگ کێشەکەی تاوتوێ کردبێ و حوکمەکەی راگەیاندبێ.

ئەگەر یەکێک لە پەیرەوکارەکان (اتباع) بەهەڵە تۆمەتی ئەوەی خستبایە پاڵ دەرەبەگەکەی خۆی کە گوایە شکایەتەکەی تاوتوێ نەکردووە، ئەوا ناچاربوو بەپێی حەزو ئارەزووی دەرەبەگەکە غەرامەی بداتێ. بۆ زیاتر روون بوونەوەی ئەم بابەتە نموونەیەک دێنینەوە: خەڵکی ویلایەتی «کانت» تۆمەتی ئەوەیان خستبووە پاڵ دەرەبەگی خۆیان «کۆنت دۆفلاندر» کە گوایە لە دادگای خۆیدا تاوتوێ کێشەکانی ئەوان ناکات و بۆ ئەو

مەبەستە لەلای پاشا شکایەتیان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا هەموو ماوەو دەرفەتە یاساییەکان تێنەپەڕیبوون و خەڵکی کانت بە ڕادەی پێویست چاوەڕوانی کاتی یاساییان نەکردبوو بۆ ئەوەی کێشەکەیان تاوتوێ بکرێت. هەر بۆیە مەحکوم کران و پاشا بۆ لای دەرەبەگی خۆیان کۆنت دۆفلاندری ناردنەوەو دۆفلاندریش وەکو غەرامەی ئەو تاوانە دەستی بەسەر بەشێک لە دارایی پەیڕەوکارەکانی داگرت کە بەئەندازەی شەست لیور دەبوو. خەڵکی کانت سەبارەت بەدانی زۆرە ملێی ئەو غەرامە قورسە، سەرلەنوێ پەنایان بردەوە بەر پاشاو تکایان لێ کرد غەرامەکەیان بۆ کەم بکاتەوە، بەڵام فەرمانی دا کە: نەک تەنیا کۆنت دۆفلاندر دەتوانێ ئەو غەرامەیە لەخەڵکەکە بستێنێ بەڵکو دەتوانێ داوای زۆر لەوە زیاتریش بکات. بومانوار ئامادەی دەرچوونی ئەم حوکمە بووە.

٤- لەوانەبوو هەندێ جار دەرەبەگێک لەسەر ئەو داراییانەی کە بەشێک نەبوون لە تیول یان سووکایەتی پێ کردن و شتی لەم جۆرە، لەگەڵ یەکێک لە شوێنکەوتووانیدا کێشەی بۆ دروست بێت، لەم حاڵەتەدا لە نێوان پەیڕەوکارو دەرەبەگەکەدا شکایەت لەمەڕ تاوتوێ نەکردنی کێشەکە لە گۆڕێ نەبوو، چونکە ئەو کێشەیە نەدەخرایە بەردەمی دادگای دەرەبەگەکە، چونکە بۆ خۆی لایەنێکی کێشەکە بوو، بەڵکو لەدادگایەکی بەرزتردا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا. سەبارەت بە سووکایەتی و ئەتککردنی شەرەف شونێکەوتووان مافی ئەوەیان نەبوو سزای جەستەیی بەسەر دەرەبەگەدا بسەپێنن واتە دۆئلی لەگەڵ دا بکەن. (١٤٣)

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ بڵێم، من هەوڵم داوە تا ئەو شوێنەی بۆم دەگونجێ تیشکێک بخەمە سەر بابەتە ئاڵۆزەکانی تایبەت بە ناڕەزایەتی و تاوتوێ نەکردنی کێشەکان و شییان بکەمەوە، چونکە ئەو بابەتە لە کتێبی نووسەرەکانی ئێستادا هێندە ئاڵۆزە مرۆڤ هیچی لێ تێناگات.

### بەشی بیست و نۆیەم: قۆناغی پاشایەتی سەن لویس

سەن لویسی پاشای بەنێوبانگی فەڕەنسی بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی داینا و بەتایبەتی بەپێی پەیڕەونامە بەناوبانگەکەی خۆی، لەسنووری سەڵتەنەتی خۆیدا بەکارهێنانی دۆئلی بۆ چارەسەر و یەکالاکردنی کێشەکان قەدەغەکرد، بەڵام مۆڵەتی ئەوەی دا لە خاکی بارۆنەکاندا دۆئل ئەنجام بدرێت، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە ناڕەزایەتییەکە دژی حوکمێکی هەڵە بێت. لەهەمان کاتدا بەپێی پەیڕەونامەکەی فەرمانی دا هیچ کەسێک ناتوانێ حوکمی ئەو دادگایانەی لەسنووری دەسەلاتی ئەودا دەردەچن بەهەڵە لەقەڵەم



بدات، چونکە ئەم کارە وەکو خیانەت کردن بە دەرەبەگ و لەوێشەوە وەکو خیانەت کردن بە خودی پاشا لەقەڵەم دەدرا.

ئەم فەرمانەی سەن لویس شۆڕشێکی گەورەبوو لەپرسی دادوەری و حوکم دەرکردن و نەریتی ململانێ لەگەڵ دادوەرەکان کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باوی هەبوو، لەنێو چوو. تێبینییەکی پێویست: لەسەردەمی سەن لویس دا خاکی فەڕەنسا بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش کرابوو:

یەکەمیان بریتی بوو لە قەڵەمڕەو و سنووری ژێر دەسەلاتی پاشا کە هەموو ئەو ئەرستۆکراتانەی دەگرتەوە کە لەژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی پاشادا ژیانیان بەسەر دەبرد و هەر کامێکیشیان بەپێی شێوازی دەرەبەگایەتی خاوەنی دادگایەکی تایبەت بەخۆیان بوون. دووەمیان بریتی بوو لە قەڵەمڕەوی ژێر دەسەلاتی بارۆنییەکان، کە کەوتبووە ژێر دەسەلاتی ئەرستۆکراتە گەورە باڕۆنییەکان. ئەم باڕۆنییانە بەتەواوی سەربەخۆ بوون، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کەتەنانەت لە پەیڕەونامەی سەن لویس کە لەلایەنی خۆیەوە نووسراوە، فەڕەنسای کردووە بەدوو بەشەوە. یەکەمیان خاکی ژێردەسەلاتی پاشا، دووەمیان ئەو خاکەی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری دەسەلاتی پاشا. بەپێی ئەم دابەشکردنە هەرکاتێ سەن لویس و سەرجەم پاشاکانی تری ئەو سەردەمە ڕێوشوێنێکیان بۆ قەڵەمڕەو و سنووری خۆیان داڕشتبا، جێبەجێ کردنی لەسەر هەموو کەسێک پێویست بوو، بەڵام هەرکاتێ ئەو ڕێوشوێنانە باڕۆنییەکانیشی گرتباوە، ئەوا ناچاربوون ڕەزامەندی ئەوانیش بەدەست بێنن. ئەگینا باڕۆنەکان تەنیا لە کاتی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ئەو ڕێوشوێنانەیان قبووڵ دەکردو لە کاتەکانی تردا قبووڵیان نەدەکرد.

ئێستا پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە، تێگەیشتن لە بابەتەکانی داهاتوو بۆ خوێنەران ئاسانتر دەبێ. سەن لویس لەهەمان کاتدا کە ناڕەزایەتی دژی حوکمی دادگاکانی ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆی هەڵوەشاندەوە، فەرمانی دا خاوەن کێشەکان دەتوانن داوای قەرەبوو کردنی زەرەرو زیانەکانیان بکەنەوە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی حوکمی دادگا هەڵەو ناڕاست بووەو لە پێناوی مەبەستێکی دیاری کراو دەرکراوە بەڵکو لەبەر ئەوەی حوکمی دادگاکە بۆتە هۆی زەرەر وزیان ...

سەرەڕای هەموو ئەمانە سەن لویس مۆڵەتی دا بە خاوەن کێشەکان کە مافیان هەبێ ناڕەزایی دژی حوکمی دادگای باڕۆنەکان دەربڕن و لەگەڵ پشتیوانی و ئاماژە کردن بۆ چەوتی حوکمەکان دوای تێهەڵچوونەوە بکەن.

داوای قەرەبووکردنی زەرەروزیانەکانی حوکمی دەرچووی دادگاکانی سنووری دەسەلاتی

پاشا ، هەر لەو دادگایەدا پێشکەش دەکرا کە حوکمەکەی دەرکردبوو و ئەگەر دادگا قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکانی پەسند نەکردبا ، شکایەتکار دەیتوانی بۆ وەرگرتنەوەی خەسارەت پەنا بەرێتە بەر دادگای پاشا. سەبارەت بەدادگای بارۆنەکان کە خەڵک ئازاد بوو ناڕەزایەتی دژی حوکمەکانیان دەربڕێت، سەن لویس بەپێی پەیڕەونامەکەی خۆی فەرمانی دا ئەگەر هەر کەسێک حوکمی دادگای بارۆنەکانی پێ چەوت و ناڕاست بوو ، دەتوانێ پەیوەندی بە دادگایەکی بەرزترو یان لەسەرووی هەموویانەوە پەیوەندی بەدادگای پاشا بکات.

بەڵام نەدەبوو لەدادگای بەرزدا کێشەکان لە ڕێگای دۆئلەوە چارەسەرو یەکالاّبکرێن بەڵکو دەبوایە لە ڕێگای هێنانی شاهیدو بەپێی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتییانەی کە پاشا دایڕشتبوون، گیروگرفتەکان یەکلابکرێنەوە. بە هەر حاڵ چ لە دژی حوکمی دادگا ناڕەزایی دەربڕن یان مافی دەربڕینی ناڕەزاییان نەبێت، بەهیچ جۆرێ نابێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ جەنگی دەستەویەخە بەرن.

ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵبدات و بڵێین بۆچی سەن لویس ئەم جیاوازییەی لەنێوان دادگاکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی و دادگای ژێر دەسەلاّتی بارۆنەکان دانابوو و بۆچی مۆڵەتی بەخەڵک دەدا دژی حوکمی دادگای بارۆنەکان ناڕەزایی دەربڕن، بەلاّم دەرفەتی ئەوەی نەدەدا دژی بڕیاری دادگاکانی ئەو ناڕەزایی دەربڕن؟

**وەلاّمی ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە:**

سەن لویس لە هەمبەر دادگاکانی ژێردەسەلاّتی خۆیدا بەوپەڕی ئازادییەوە هەندێ ڕێوشوێنی داڕشت، بەلاّم سەبارەت بە دادگای بارۆنەکان تاڕادەیەکی زۆر خۆپارێز بوو و داب و نەریتە کۆنەکانی وەبەرچاودەگرت، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی دادگای بارۆن و ئەرستۆکراتە نیمچە سەربەخۆکان ئەوە بوو کە بەهیچ جۆرێ کێشەیەک لە دادگایەکەوە نەدەچووە دادگایەکی تر مەگەر ناڕەزاییان دژی حوکمەکە دەربڕیباو بە هەڵەیان لە قەڵەم داباو لەبەر ئەوەی ئەو کارەش زۆر مەترسیدار بوو و بە دۆئل کۆتایی دەهات هەر بۆیە هیچ کەسێک ناڕەزایی لە دژی دادگای بارۆنەکان دەرنەدەبڕی و لەو رووەوە بارۆنەکان خودان دەسەلاّت و نفوورزێکی تایبەتی بوون. بەلاّم سەن لویس پارێزگاری لە نەریتی ناڕەزایی دەربڕین کردو لە بەرامبەردا نەریتی دۆئلی هەڵوەشاندەوەو ئەم بابەتە کاریگەرییەکی باشی هەبوو لە سەر لاوازبوونی ئەرستۆکرات و بارۆنەکان لە ڕێگای دەرکردنی حوکمەوە.



بەڵام ئاشکرایە ڕێوشوێنەکانی سەن لویس لەلایەن هەموو خەڵکەوە پەسند نەکرا و هەر بۆیە دوونەریتی جیاواز لە فەڕەنسا سەریهەڵدا، یەکێکیان نەریتە کۆنەکە بوو کە پەیوەندی بە ناڕەزایی دەربڕین دژی حوکمی دادگاکانەوە هەبوو و بە دۆئل کۆتایی دەهات، ئەویتریشیان بریتی بوو لە ڕێوشوێنە نوێیەکانی سەن لویس. کۆمەڵێک لە ئەرستۆکرات و بارۆنەکان پەیڕەوییان لە ڕێوشوێنەکان دەکردو ئەرستۆکراتەکانی دیکەش دەیانتوانی یەکێک لەم دوو ڕێوشوێنە پەسندبکەن. بەڵام ئەگەر لە کاتی کێشەیەکدا بەپێی نەریتە کۆنەکە ڕەفتاریان کردبا ئیدی نەیاندەتوانی لە ناوەڕاستی کارەکاندا پەنابەرنە بەر نەریتە نوێیەکە.

بومانوار دەڵێ: حاکمی ویلایەتی «کلرمون» بەپێی نەریتە نوێیەکە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام ئەرستۆکراتەکانی ژێر دەستی سوودیان لە نەریتە کۆنەکە وەردەگرت، هەر بۆیە حاکمی کلرمون جاروبارە پەنای دەبردەوە بەر نەریتە کۆنەکەش بۆ ئەوەی نفووزی ئەو لە هی ئەرستۆکراتەکانی ژێر دەستی کەمتر نەبێت.

هەروەک چۆن بارۆنەکان پەیڕەوییان لەبڕیارەکان و ئەحکامی سنووری دەسەلاّتی پاشا نەدەکرد، ئاواش ئەرستۆکراتە بچووکەکان پەیڕەوییان لە بڕیاری بارۆنەکان نەدەکرد و تەنیا جاروبار و ئەویش بە ئارەزووی خۆیان، پەیڕەوییان لەبڕیارو ئەحکامی دەسەلاّتی سەرووتری خۆیان دەکرد.

دەستووری (یاسای بنەڕەتی) سەن لویس تەنیا لەلایەن ئەو کەسانەوە قبووڵ کرا کە قازانجێکیان لەو پەسندکردنە چنگ دەکەوت. ڕۆبرتی کوڕی سەن لویس ئەو یاسایەی بۆ سنووری حکومەتی خۆی قبووڵ کرد، بەڵام ئەرستۆکراتەکانی دیکە پەسندکردنی ئەو دەستوورەیان لەبەرژەوەندی خۆیان نەدەبینی (قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی کوڕی سەن لویس بریتی بووە لە ویلایەتی کلرمون).

## بەشی سێیەم: هەندێ تێبینی
## سەبارەت بە ئیستئناف یان تێ هەڵچوونەوە

ئەگەر کەسێک داوای ئیستئناف و تێهەڵچوونەوەی کردبا ، ئەوا کێشەکە بە جەنگی دەستەویەخە کۆتایی پێ دەهات، بەڵام دەبوایە ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی حوکمەکە داوای تێ هەڵچوونەوەی بکردبا. بومانوار دەڵێ: ئەگەر کەسەکە یەکسەر دوای دەرچوونی حوکمەکە داوای تێهەڵچوونەوەی نەکردباو وەدوای کاری خۆی کەوتبا ، ئیدی مافی تێهەڵچوونەوەی نەدەما و ئەم گوێ پێنەدانە بەڵگەی ئەوەبوو کە بە حوکمەکە ڕازییە. ئەو

نەریتە تا ئەو کاتەی سوودوەرگرتن لە دۆئل بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەکان سنووردار کرا، لە فەڕنسادا مایەوە.

## بەشی سی و یەکەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

ئەو جوتیارانەی لە چینی نەجیبزادەکان بوون و بەشێوەیەکی گشتی شوێنکەوتووە (اتباع) ئاساییەکان، نەیاندەتوانی حوکمی دەرچووی دادگای دەرەبەگ بەتاڵ بکەنەوە. هەروەک دفۆنتن ئاماژەی بۆ دەکات ئەم بابەتە لە دەستووری سەن لویسیش دا جەختی لەسەر کرابۆوەو لە دەستوورەکەدا هاتبوو: «ئەی دەرەبەگ هیچ دادگاییەک لە نێو تۆو شوێنکەوتووە ئاساییەکەتدا بوونی نییە».

بابەتی دۆئل بووە هۆی ئەوە پەیڕەوکارە نانەجیبەکان نەتوانن دژی حوکمی دادگا ناڕەزایەتی دەربڕن، چونکە تاکەکانی ئەو چینە نەیاندەتوانی وەکو نەجیبزادەو شیڤالیەکان جەنگی دەستەویەخە بکەن، بەڵام دواتر کە شوێنکەوتووە ئاساییەکان بەپێی فەرمانێکی تایبەتی یان بەهۆی چەسپاندنی هەندێ داب و نەریتەوە توانییان دۆئل بکەن، ئیدی دەیانتوانی دژی حوکمی دادگاکانیش ناڕەزایەتی دەربڕن و ململانێ لەگەڵ ئەو دادوەرانەدا بکەن کە لە چینی نەجیبزادەکان بوون. دفۆنتن کە خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە، ئاماژە بەهەندێ هۆو بەڵگە دەکات تا بە حسێبی خۆی ئەو ریسواییە (ریسوایی ململانێی نێوان کەسێکی نانەجیب و نەجیبزادەیەک) پەردەپۆش بکات.

بەڵام کاتێ دۆئل قەدەغەکرا و شێوازێکی نوێ بۆ تێهەڵچوونەوە هاتە ئارا، کەوتنە بیری ئەوە کە هەروەک چۆن نەجیبزادەکان مافی تێهەڵچوونەوەیان هەیە، پێویستە خەڵکی ئاسایی و نانەجیبزادەش مافی تێهەڵچوونەوەی هەبێ، ئەگینا ئەوە ستەمێکی گەورەیە دەرحەق بەخەڵک، چونکە ئەوان لە بەرامبەر حوکمی ستەمکارانەو ناحەقی دەرەبەگەکان دا هیچ ئامرازێکی بەرگریکردنیان لە ژێر دەستدا نییە. لە پاش ئەوە ئیتر دادگاکان داواکاری تێهەڵچوونەوەی تاکە نانەجیبزادەکانیشیان وەکو هی نەجیبزادەکان قبووڵ دەکرد.

## بەشی سی و دووەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

ئەگەر کەسێک دژی حوکمی دادگای دەرەبەگەکەی (متبوع) خۆی ناڕەزایی دەربڕیباو پەنای بردبایە بەر دادگایەکی بەرزتر ئەوا دەرەبەگەکە بۆخۆی لە دادگای بەرزدا ئامادە دەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە حوکمی دادگاکەی خۆی بکات. هەروەها ئەگەر ناڕەزایەتییەکە لەهەمبەر تاوتوێ نەکردنی کێشەکەش بوایە دیسان دەرەبەگەکە لە دادگای بەرزدا ئامادە



دەبوو، بەڵام ئەگەر ناڕەزایی و شکایەتی داواکارەکە نەسەلمابا، ئەوا دەرەبەگەکە داوای خۆی دەخستە بەردەمی دادگای خۆی. ئەو دوو بابەتە کە هەر کامێکیان خاوەن پرەنسیپی جیاواز بوون، وردە وردە لەگەڵ یەکتردا جووت کران و جۆرەها کێشەی جیاواز لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو کران، بە چەشنێک کە دەرەبەگ ناچار بوو بەشێکی کاتی خۆی بۆ ئامادەبوون لە دادگاکانی تر تەرخان بکات و ئەو نەریتە نابەجێیە وردە وردە لەبەرچاوکەوت، تاکو لە کۆتاییدا بەپێی حوکمی فیلیپ دوڤۆلۆ بڕیار درا کە تەنیا سەرۆکی دادگاکان لە دادگای یەکتریدا ئامادەبن نەک دەرەبەگ و دادوەرەکان.

کاتێ شێوازی تێهەڵچوونەوە برەو و گەشەسەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینی، ئیدی سەرۆکی دادگاکانیش لە دادگای بەرزدا بۆ بەرگریکردن لە حوکمی دادگایی خۆیان ئامادە نەدەبوون، بەڵکو هەر دوو لایەنی کێشەکە لەوێدا بەرەو رووی یەکتر دەبوونەوە.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کردو گوتمان ئەگەر دەرکەوتبا کە دادگای دەرەبەگ شکایەتەکەی تاوتوێ نەکردووە ئەوا سەرلەنوێ دەکرا کێشەکە بخرێتەوە بەردەمی دادگا، بەڵام ئەگەر هاتباو خودی دەرەبەگەکە لایەنێکی کێشەکە باو دەرکەوتبا کێشەکەی تاوتوێ نەکردووە ئەوا لەو حاڵەتەدا دەبوایە شەست لیور وەکو غەرامە بدا بە دادگای بەرزو وردە وردە ئەو نەریتە پەرەی سەند، بە چەشنێک کە هەرکاتێ راستیی تێهەڵچوونەوە یان ناڕەزایی شکایەتکارەکان لە دادگادا دەسەلمێنرا ئەوا غەرامەیان لە دەرەبەگەکان دەسەند.

ئەو نەریتە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کاری پێکراو تا لە رێگای فەرمانێکی تایبەتی «رۆسیۆن» پەسند کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی دواتر دەرکەوت نەریتێکی چەوت و هەڵەیە هەر بۆیە لەناوچوو.

## بەشی سی و سێهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

گریمان (ژاک و سمیت) کێشەیەکیان هەیەو دەیخەنە بەردەمی دادگاو بە پێی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست دادگا حوکمێکی دەرکردووە کە ژاک بەو حوکمە ناڕازییەو بە بڕیارێکی باتڵی لە قەڵەم دەدات و بە پێی رێوشوێنەکان دەبێ لەگەڵ دادوەردا ململانێ بکات. ئێستا ئەگەر ژاک لەم جەنگەدا تێک بشکێت ئەوا لە کێشەی نێوان خۆی و سمیتیش شکستی خواردووە، بەڵام ئەگەر لە دۆئلەکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابا ئەوا لە کێشەکەی خۆی دژی سمیت سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا، چونکە سەرکەوتنی ژاک بە سەر دادوەرەکەدا نەدەبوو ببێتە هۆی بێ ماف بوونی سمیت. ئێستا ئەگەر ژاک ویستبای بەسەر سمیتیشدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و مافی خۆی وەرگرێ دەبوایە لە دوای

سەرکەوتن بەسەر دادوەردا لەگەڵ سمیتیش دۆئلی کردبا.

جەنگی دەستەویەخە لەگەڵ سمیت لە پێناوی ئەوەدا نەدەکرا بزانن ئایا حوکمی دادگا ڕەوایە یان نا، چونکە ملمـــلانێی ژاک و دادوەرو ســەرکــەوتنی بە ســەر دادوەردا بە شێوەیەکی موتڵـەق باتڵ بوونی حوکمی دادگای دەرخستبوو. ژاک بۆیە لەگەڵ سمیتدا دۆئلی دەکرد بۆ ئەوەی روون بێتەوە کە داواکەی ڕەوایە یان باتڵە.

بە بڕوای من شێوازی ئێستای دادگاکانی ئێمەش کە دەڵێن (دادگای تێهەڵچوونەوە، داواکاری تێ هەڵچوونەوە یان بابەتی تێهەڵچوونەوەکە ڕەد دەکاتەوە) هەر لەو نەریتەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە کاتێ ئەو کەسەی بە حوکمەکە رازی نەبووە (داوای تێ هەڵچوونەوەی کردووە) لە ململانێ لەگەڵ دادوەردا تێک شکابا ئەوا تێهەڵچوونەوەکەی ڕەفز دەکرایەوەو ئەگەر هاتباو سەرکەوتنیشی بەدەست هێنابا ئەوا حوکمی دادگاکە هەڵدەوەشێنرایەوەو هاوکات تێهەڵچوونەوەکەش لە نێو دەچوو و دەبوایە کێشەکە سەرلەنوێ لە دادگادا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابا. بەڵام ئەگەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوە کێشەکەیان چارەسەرو یەکالا کردبایەوە ئەوا سوود لەم شێوازە وەرنەدەگیرا.

بەڕێز (روش فلاونی) مێژوونووسی سەردەمی خۆمان دەڵێ: دادگای لێکۆڵینەوە کە ئەمڕۆکە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی لێپرسینەوە ناوزەد کراوەو سەرۆکەکەشی دادوەری لێکۆڵینەوەیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا نەیدەتوانی بە پێی ئەم شێوازە هەڵسوکەوت بکات.

## بەشی سی و چوارەم: چۆن دادگایی کردنی ئاشکرا بەرەو دادگایی کردنێکی نهێنی گۆڕانی بەسەردا هات

کاتێک کە بۆ چارەسەرکردنی مشتومڕو کێشەکان سوودیان لە دۆئل وەردەگرت، دادگاییکردن بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرا، چونکە بەرگری کار و هێرشبەر هەردووکیان دیاربوون و دەبوایە شاهیدەکانیش زۆر بە ڕاشکاوی شاهیدی خۆیان دابایەو دادوەریش بە ئاشکرا حوکم و بڕیاری خۆی ڕاگەیاندبا.

مێژوونووسێکی دیکە کە توێژینەوەی لەسەر ژیان و بەسەرهاتی «بوتیلیە» کردووە، لە زمانی ئەوەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لە سەردەمی کۆندا لە فەڕانسا دادگاییکردن وەکو هی رۆمای دێرین بە ئاشکرا ئەنجام دەدراو ئەم بابەتە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تایبەتی بە نەخوێندەواری خەڵک و نەبوونی زانیاری لە سەر نووسین هەیە. چونکە لەبەر ئەوەی خەڵک نەیاندەتوانی بەسەرهات و درێژەی دادگایی کردنەکە لە ڕێگای نووسینەوە تۆمار



بکەن، هەر بۆیە بە ناچار تاکە ڕێگەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی دادگا ئەوەبوو کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە کاتی دادگایی کردندا ئامادە بن، هەروەها لەبەر ئەوەی مومکین بوو سەبارەت بە چۆنیەتی دادگاییکردن و شێوازی حوکم دەرکردنی رابردوو و تاوتوێ کردن و هەڵاواردنی کێشەکان شک و گومانێکیان لا دروست بێت، هەر بۆیە دەیانتوانی لە ڕێگای ئەو شاهیدانەی کە دادگاکانی رابردوویان بینیبوو، شێوازو چۆنیەتی حوکمدانی دادگاکانی رابردوو بە بیر خۆیان بێننەوە. بەم شاهیدانەیان دەگوت «ریکۆرد»، بەڵام بە پێچەوانەی شاهیدە ئاساییەکانی دادگاکە هەندێ جار لەوانە بوو بۆ دۆئل بانگهێشت بکرێن، هیچ کەسێک ریکۆردەکانی بۆ جەنگ و ململانێ داوەت نەدەکرد، چونکە ئەگەر وابا، ڕەوتی دادگایی کردنەکە هێندە دوورودرێژ دەبۆوە کە هەرگیز کۆتایی پێ نەدەهات.

بەڵام دواتر شێوازی دادگاییکردن گۆڕانکاری بەسەردا هات و حاڵەتی تایبەتی و نهێنی بەخۆیەوە گرت. ئەوە هەر ئەو شێوازەیە کە ئەمڕۆکە ئێمە لە وڵاتی خۆمان و لە نێو دادگاکانی خۆماندا بە کاری دێنین.

لەم قۆناغەدا «قۆناغی دادگاییکردنی نهێنی»، لێپێچینەوەو بەدەستهێنانی زانیاری و ڕووبەڕووبوونەوەو... هتد لەبەرچاو و دیدی خەڵک ئەنجام نەدەدرا. شێوازی دادگایی کردنی ئاشکرا لەگەڵ سیستەمی حکومەتی ئەو سەردەمەدا دەگونجا هەروەک چۆن شێوازی دادگاییکردنی نهێنیش لەگەڵ سیستەمی حکومەتی ئێستادا دەگونجێ.

ئەو گۆڕانکارییە لە ساڵی (١٥٣٩)دا لە فەڕەنسا ڕوویدا، بەڵام من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەم گۆڕانکارییە بە یەکجارو لە ناکاو ڕووی نەداوە بەڵکو بە هێواشی و وردە وردە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر گوازراوەتەوەو تەشەنەی سەندووەو هەرچەندە دۆئل زیاتر وەلا دەنراو پەیڕەونامەکەی (سەن لویس) بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دۆئل، بەهێزتر دەبوو، دادگایی کردنی تایبەتی و نهێنیش پەرەی دەسەندو زیادی دەکرد، چونکە هەروەکو بومانواریش ئاماژەی بۆ دەکا تەنیا لە کاتی جاڕدانی دۆئلدا گوێیان لە ڕای شاهیدەکان دەگرت و جگە لەم حاڵەتە گوێ گرتن لە شاهیدەکان بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدراو شاهیدی دانەکە لەسەر کاغەز تۆمار دەکرا.

کەواتە دادگاییکردنی نهێنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تایبەتی بە لەنێوچوونی نەریتی دۆئلەوە هەیە.

## بەشی سی و پێنجەم: خەرجیی دادگاییکردن

جاران لە وڵاتی فەرەنسادا وەکو ئێستا کێشانی ئەرک و خەرجی دادگاییکردن باوی نەبوو، ئەو کەسەی لە دادگادا مەحکوم دەکرا بە رادەی پێویست غەرامەی دەدا بە دەرەبەگ و دادوەری دادگا. ئەو کەسەی لە دادگایی جینائیدا بە هۆی دۆڵ مەحکوم کرابا، زۆرترین رێژەی غەرامەی دەکەوتە سەر شان، چونکە هەم دەکوژراو هەم دەست بەسەر سامان و داراییەکەیدا دەگیراو لەبەر ئەوەی لە دادگاییکردنەکانی تریشدا دەبوایە غەرامە بدەن بە دەرەبەگ، هەر بۆیە زۆربەی کات دیاریکردنی بڕی غەرامەکە پەیوەندی بە ویستی دەرەبەگەوە هەبوو و ئیدی دادگاییکردن هیچ خەرجییەکی تێنەدەچوو و ترسی دانی غەرامەش دەبووە هۆی ئەوەی خەڵک کەمتر کێشەکانی خۆیان بخەنە بەردەمی دادگا.

شتێکی ئاساییە لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا داهاتی دادگاییکردن دەچووە گیرفانی دەرەبەگەوە هەر بۆیە ئەرک و مەسرەفی دادگاییکردنەکەش دەکەوتە سەر شانی دەرەبەگ. خەرجی دادگا بریتی بوو لە خەرجیی کۆکردنەوەی دادوەرەکان و دابین کردنی پێداویستی بە مەبەستی بەڕێوەچوونی دادگاییەکەو دەرکردنی حوکم و... هتد (وەکو دەستەبەرکردنی شوێنێکی تایبەتی بۆ دادگا). سەرەڕای هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا دادگایی کردنەکان هێندە دوورو درێژ نەبوو هەر بۆیە خەرجییەکی ئەوتۆشی هەڵنەدەگرت و ئاشکرایە بەردەوام کێشەکان بە خێرایی چارەسەرو یەکالا دەکرانەوەو وەکو ئەمڕۆکە نەبوو کە بەشی هەرە زۆری کاتی لێکۆڵەرو دادوەرەکان بۆ نووسینی کاغەزەکان تەرخان بکرێت، بەڵام سەقامگیربوونی تێهەڵچوونەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە بڕە پارەیەک وەکو خەرج و مەسرەفی دادگایی کردنەکە دیاری بکرێت.

بۆ نموونە دفۆنتن دەڵێ: لە پاش دارشتنی پەیڕەونامەی سەن لویس، بە پێی ئەو پەیڕەونامەیە هەر کەسێک داوای تێ هەڵچوونەوەی بکردبا ئەوا بڕە پارەیەکی وەکو خەرجی ئەو تێهەڵچوونەوەیە دەدا.

بەڵام ئەگەر هاتباو بە پێی نەریتە کۆنەکە داوای تێهەڵچوونەوەیان کردبا واتە بە حوکمی دادوەرەکە رازی نەبان و دۆئلیان کردبا ئیدی هیچ مەبلەغێکیان وەکو خەرجی دادگاییکردن نەدەدا، چونکە غەرامە لەو کەسە وەردەگیرا کە لە ململانێیەکەدا مەحکوم دەبوو.

کاتێ نەریتی تێهەڵچوونەوە سەریهەڵدا و پەرەیسەند، خاوەن کێشەکان بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە ناچار بوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بچن و بۆ ماوەیەک لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی (شوێنی لە دایکبوون) خۆیان ژیان بەسەر



بەرن. شێوازی نوێی دادگاییکردن رەوتی دادگاییکردنی دوورو درێژ کردبۆوەو بۆ چارەسەر کردنی بچووکترین مشتومڕ کێشە دەبوایە رەسمیاتێکی زۆر ئەنجام بدرێت و بەڵگەو شاهیدیدانی کێشەکە لە دووتوێی لاپەڕەی زۆرو دۆسییەی ئەستووردا دەنووسراو هونەری نوێی هێرشبردن و بەرگریکردن لە دادگاکاندا داهێنرا، ئەو کاتە ئیدی ناچاربوون بە دانانی خەرجی قورس خەڵک چاوترسێن بکەن بۆ ئەوەی کەمتر پەنا بەرنە بەر دادگاکان و هەر لەو کاتەشدا خاوەن کێشەکان ناچار بکەن کرێی زەحمەتی زۆری دادگاییکردنەکە بخەنە سەر شانی خۆیان. شارلی جوان لە ساڵی (١٣٢٤) فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد سەبارەت بە دیاریکردنی رێژەی خەرجی دادگاییکردنەکان.

## بەشی سی و شەشەم: داواکاری گشتی

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە یاسای سالیک و ریپۆئرو بە شێوەیەکی گشتی لە یاسای هۆزە جێرمەنەکاندا بەردەوام سزای کوشتن لە رێگای بڕە پارەیەکەوە دیاری دەکرا واتە سزایەکی نەختینەیی بوو. کەواتە وەکو ئەمڕۆکە داواکاری گشتییان نەبووە تاکو ئەرکی سەرەکی ئەوە بێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارەکاندا بکات، چونکە کاتێ غەرامەیەکی نەختینەیی وەکو سزای تاوان دیاری کرا هەموو کەسێک دەتوانێ وەکو داواکار «خاوەن خوێن» داوای قەرەبووی زەرەرو زیان و خەسارەتەکان بکات و ئیدی هیچ پێویست بە داواکاری گشتی ناکات.

لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی بە پێی حقوقی رۆمانی دادگاییکردن بە ئاشکرا ئەنجام دەدراو بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە بەڕێوە دەچوو، هەر بۆیە هەڵبژاردنی کەسێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکی داواکاری گشتی پێویست نەبوو. هاوکات دەبێ ئەوەش وەبەرچاوگرین کە پەرەسەندنی نەریتی دۆئل بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەو مشتومڕەکان ئاستەنگ و رێگر بوو لەبەردەم هەڵبژاردنی داواکاری گشتی، چونکە هیچ کەسێک ئامادە نەبوو هەموو تەمەنی خۆی بۆ ململانێ و بەربەرەکانی لەگەڵ داواکارەکان تەرخان بکات. بەڵام من لە نێو ئەو کۆمەڵە رێوشوێنەی کە لە لایەن (مۆراتۆری)یەوە کۆکراونەتەوەو پەیوەندییان بە یاسای لمباردەکانەوە هەیە، بۆم دەرکەوت کە لە سەردەمی دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا کەسێک وەکو داوکاری گشتی کاری کردووە، بەڵام ئەگەر بەوپەڕی وردەکارییەوە ئەو رێوشوێنانە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردراو بەڕێز (مۆراتۆری) پێی وابووە ئەو کەسە داواکاری گشتی بووە، لە رووی بەڕێوەبردنی ئەرکەوە بە تەواوی لەگەڵ ئەو کەسانەدا جیاوازی هەبووە کە ئەمڕۆکە ئێمە

ناومان ناون داواکاری گشتی. چونکە ئەوان بریتی بوون لە هەندێ کارگێڕ کە خەریکی راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاری سیاسی بوون نەک راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کارە جەزاییەکان و هیچ کامێکیان وەکو داواکاری گشتی ئێستا لە هەولّی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارەکان نەبوون یان کاروبارە بچووکەکانیان تاوتوێ نەدەکرد. بەڕێز مۆراتۆری ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو کارگێڕانەی ئەو ناوی ناون داواکاری گشتی هاوکات دەیانتوانی دۆئل ئەنجام بدەن و ئەم دۆئلە بە پێی دەستووری هێنری یەکەمی پاشای فەڕەنسا ئازاد کرابوو.

بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە دەستووری هێنری یەکەمی پاشای فەڕەنسا بخوێنینەوە، بابەتەکە روون دەبێتەوەو هەڵەکەی مۆراتۆریمان بۆ دەردەکەوێت. لەم یاسایەدا هاتووە: ئەگەر هاتوو کەسێک باوک - برا - برازا یان یەکێکی تری لە خزم و کەسەکانی خۆی - کوشت ئیتر ناتوانێ ببێ بە میراتگری ئەو کەسانەو خزم و کەسەکانی دیکەی کوژراوەکە دەتوانن ببن بە میراتگری. جگە لەوە سامان و دارایی بکوژەکە لە لایەن خەزێنەی دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ. لەم حاڵەتەدایە کە بە پێی دەستووری هێنری کارگێڕی دەوڵەت دەیتوانی بە مەبەستی دەستەبەرکردن و وەرگرتنی مافی خەزێنە، لەگەڵ قەرزدارەکەدا دۆئل ئەنجام بدات، بەڵام نابێ حاڵەتێکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەرکی داواکاری گشتی بە هەڵە تێکەڵاو بکەین.

لەو رێوشوێنانەی کە بەڕێز مۆراتۆری کۆی کردوونەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نوێنەری دەوڵەت دەیتوانی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا هەنگاوی پێویست باوێژێ:

لێکۆڵینەوە لە دژی ئەو کەسەی کە دزێکی دەستگیر کردووەو تەسلیمی حاکمی سەربازی ناوچەکەی نەکردووە.

لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە خەڵکی لە دژی حاکمی سەربازی هان داوەو بۆ ئەو مەبەستە کۆڕو کۆبوونەوەی پێکهێناوە.

لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسەی لە لایەن حاکمی سەربازییەوە فەرمانی ئیعدامکردنی کەسێکی پێدراوە، بەڵام ئەو کەسەکەی رزگار کردووە.

لێکۆڵینەوە دژی نوێنەری کەنیسە کە بە پێی فەرمانی حاکم بەرپرسی تەسلیمکردنی دزێک بووە، بەڵام دزەکەی تەسلیم نەکردووە.

لێکۆڵینەوە دژی ئەو کەسەی کە نهێنی پاشای بۆ بێگانەکان بردووە.

لێکۆڵینەوە دژی ئەو کەسەی کە بە شێوەیەکی چەکدارانە هەولّی بەدواداچوون و کوشتنی نوێنەری ئیمپراتۆری داوە.



لێکۆڵینەوە دژی ئەو کەسەی کە گوێی بە فەرمانەکانی ئیمپراتۆر نەداوەو جێبەجێی نەکردوون.

لێکۆڵینەوە دژی ئەو کەسەی کە دراوی رەسمی پاشای قبووڵ نەکردووە. بە کورتی ئەرکی سەرشانی ئەو کارگێڕە ئەوەبووە کە مافەکانی خەزێنەی دەوڵەت وەرگرێتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک و لە هیچ حاڵەتێکدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەو دادپەروەرانە بەرپرسی بەدواداچوونی تاوانبارەکانیش بن و تاوانبارە ئاساییەکانیش دەستگیر بکەن، یان لەو سەردەمەدا کە دۆئل قەدەغە بووە ئەنجامدەرانی ئەو کارە بە سزای خۆیان بگەیەنن و سزای ئەو کەسانە بدەن کە ئاگریان کردۆتەوەو تەنانەت لەو کاتەشدا کە دادوەر لە نێو دادگادا کوژراوە هیچ حاڵەتێکی ئەوتۆمان بەرچاو ناکەوێ کە ئەم کارگێڕە دادپەروەرانە رۆڵی داواکاری گشتییان گێڕابێ. لە سەردەمێکیشدا کە بابەتی کۆیلەیی و ئازادی تاکەکان لە گۆڕێ بووە، هیچ چەشنە هەوڵێکی ئەو کارگێڕانە نابینرێت.

ئەو رێوشوێنانەی کە بەڕێز مۆراتۆری کۆی کردوونەتەوە پەیوەندییان بە یاسای لمباردەکانەوە هەیە، هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین کە زۆر بە باشی نەریتی دادگەری سەردەمی پاشایەتی دووەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنسای پێشان داوە. بەڵام لە پاش دووەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنسادا ئەو کارگێڕە دادپەروەرانە لە یادداشتەکانی بەڕێز مۆراتۆری دا لەگەڵ پاشاکانی ئەو بنەماڵەیەدا لەنێوچوونە. چونکە ئیدی هیچ نوێنەرێک لەلایەن پاشاوە نەدەنێردرایە هەرێم و ویلایەتەکان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتدا پەیڕەوی لە یەک یاسای هاوشێوە نەدەکرا و خەزێنەیەکی گشتی لە ئارادا نەبوو هەر بۆیە ئەم جۆرە داب و نەریتە هیچ سوودێکی نەدەبوو و حاکمی سەربازی هەرێم و ویلایەتەکان نەیاندەتوانی دادگەری جێبەجێ بکەن و بیچەسپێنن. هەر بۆیەش ئەو جۆرە کارگێڕە دادپەروەرانە کە ئەرکی سەرەکییان پاراستنی دەسەڵاتی حاکم و پاشاکان بوو ئیدی هەڵنەدەبژێردران.

لە سەردەمی پاشایەتی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنسادا تاکە رێگای جێبەجێ بوون و بەرقەرارکردنی دادپەروەری، ئەنجامدانی دۆئل بوو. ئاشکرایە سەقامگیرکردنی نەریتی دۆئل مۆڵەتی ئەوەی نەدەدا کەسێک بە ناوی داواکاری گشتی و بە نێوی یاساوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارەکاندا بکات.

(بوتیلیەو بۆمانوار) لە هیچ شوێنێکدا ناوی داواکاری گشتییان نەهێناوەو تەنیا ئاماژەیان بە ناوی دادوەرو کەسەکانی بن دەستی دادوەر کردووە، هەروەها لە دەستووری سەن لویسیشدا لە هیچ جێگەیەک نێوی داواکاری گشتی نەهاتووە.

تەنیا لە یاسای ژاکی دووەمی پاشای دورگەی ماژورک[١٤٤]دا دەتوانین شوێنەوارێک

لە پیشەی داواکاری گشتی بدۆزینەوە، لەو یاسایەدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارەکاندا پیشەو ئەرکی داواکاری گشتییان داهێناوە، بەڵام سەرهەڵدانی ئەو پیشەو ئەرکە، هەروەکو لە خودی یاساکە دەردەکەوێ، بۆ سەردەمێک دەگەڕێتەوە کە پرەنسیپە قەزاییەکان بە تەواوی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوو.

## بەشی سی و حەوتەم: هۆی چی بوو دەستوورەکەی سەن لویس فەرامۆش کرا

پاش ئەوەی دەستووری سەن لویس پەسند کراو بەکاریان هێنا، لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا لە نێوچوو، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ئەگەرچی ئەو دەستوورە بۆ هەموو وڵات داڕێژرابوو، بەڵام هەرگیز لە سەرانسەری وڵاتدا جێبەجێ نەکرا. لەم یاسایەدا سەبارەت بە تەواوی کاروبارەکانی وڵات و میرات و گواستنەوەو دابەشکردنی سامان و دارایی لە نێوان کەسە زیندووەکان و جیاز و ئیمتیازاتی خانمەکان و داهاتی تیول و پاراستنی ڕێکخستن و ئاسایشی ناوخۆ، ڕێوشوێنی تایبەتی داڕێژرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا هەر شارو شارۆچکەو تەنانەت گوندێکیش خاوەن داب و نەریتی تایبەت بە خۆی بوو، داڕشتنی ئەم یاسایە دەبووە هۆی ئەوەی لە هەر چوار قوژبنی فەڕەنسادا بە یەکجار هەموو ئەو داب و نەریتەی خەڵک خووی پێوە گرتبوو و لەگەڵیدا ڕاهاتبوو لەنێو بچێت. بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە بەگشتیکردنی داب و نەریتی شوێنێکی دیاریکراو، تەنانەت لەو سەردەمەشدا کە پاشاکان لە هەموو جێگایەکدا پەیڕەوی دەکران و ڕێزیان لێدەگیرا، کارێکی مەعقوول نەبوو چونکە ئەگەر لایەنی باش و خراپی داب و نەریتەکان لەگەڵ یەکتردا یەکسان بن ئەوا پێکهێنانی گۆڕانکاری تێیاندا کارێکی هێندە باش و پەسند نییە و ئەگەریش لایەنە خراپەکانیان زۆرتربێ لە لایەنی باش، ئەوا دیسان بەم ڕێگە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە. لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی لەوسەردەمەدا نەریتی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپادا سەقامگیر بوو و لە هەموو شوێنێکدا دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان، هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتییان بۆخۆیان دادەنا، بێگومان گۆڕینی داب و نەریتی هەموو وڵات لەگەڵ بەرهەڵستی توندی فەرمانڕەواو ئەرستۆکراتەکاندا بەرەوڕوو دەبوو و ئەوان نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست ئەو ڕێوشوێنە قبووڵ بکەن.

بە هۆی دژایەتی توندی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دەستوورەکەی سەن لویس لە پەرلەماندا پەسند نەکرا، ئەم خاڵە لە دەقی کتێبێکی دەستنووس تۆمارکراوە کە لە



شارەوانی «ئامین» دا پارێزراوەو بەڕێز «دۆکانی» مێژوونووسی سەردەمی خۆشمان ئاماژەی بۆ کردووە. لە هەندێ کتێبی دەستنووسدا ئاماژە بەوەکراوە کە سەن لویس دەستوورەکەی خۆی لە ساڵی ١٢٨٠و بەر لەوەی بەرەو تونس بڕوات، پەسندکردووە. بەڵام، ئەو ڕایە ڕاست نییە چونکە سەن لویس لە ساڵی ١٢٦٩ بەرەو تونس ڕۆیشت و هەر بۆیە بەڕێز دۆکانی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەستوورەکە بێ ئامادەبوونی سەن لویس پەسندکراوە، بەڵام ئەو ڕایەش هەڵەیە، چونکە پاشایەکی ژیر و وردەکاری وەکو سەن لویس ڕازی نەدەبوو دەستوور (یاسای بنەڕەتی) واتە ئەو ڕێوشوێنەی کە بێگومان لەگەڵ دژایەتی توندی ئەرستۆکرات و خەڵکدا بەرەوڕوودەبێ و لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و یاخی بوون، بێ ئامادەبوونی ئەو دابنرێت، یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکان بۆ داڕشتنی ئەو یاسایە ئەوەبوو کە خودی سەن لویس ئامادە بێت، نەک نووسینی ئەو یاسایە بە (نائب السلطنة)یەکی لاوازو بێ ئیرادە بسپێرێت و بیخاتە بەردەستی خانەدان و ئەرستۆکراتەکان، لە کاتێکدا ئەوان دژی ئەو دەستوورە بوون.

ئەرستۆکراتە گەورەکانی فەڕەنسا لەسەردەمی سەن لویس دا بریتی بوون لە: مانیو، ئابە دوسەن دنیس، سیمون دوکلرمون، کۆنت دونسل، کۆنت دوپۆنتیوو... ئەمانە کەسانێک بوون کە لەدڵەوە نەیاندەویست دەستنووسەکەی سەن لویس پەسند و جێبەجێ بکرێت و پێشتریش ئاماژەمان بەوەکرد کە کۆنت دوپونتیۆ لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا دژایەتی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی کرد.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی بۆبکەین ئەوەیە کە ئەگەرچی لە یاسای ئێستای ئێمە (فەڕەنسا)دا ناوی دەستوورەکەی سەن لویس هاتووە، بەڵام لە ڕووی دادوەرییەوە یاساکانی ئێمە لەگەڵ دەستوورەکەی سەن لویس دا بەتەواوی جیاوازە. پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە یاساکانی ئێمەدا تەنیا ناوی دەستووری سەن لویس براوە و تاڕادەیەکیش شتیان لێوەرگرتووە، بەڵام یاسای ئێستای فەڕەنسا هەمان دەستووری سەن لویس نییە. هەروەها پێویستە لەنێوان دەستوورە تایبەتییەکەی سەن لویس و ئەو یاسایەی دواتر لە ژێر ئەم ناونیشانەدا داڕێژرا جیاوازی دابنێین. مەبەستی سەرەکی بومانوار کە بەزۆری سەبارەت بە دەستووری سەن لویس دەدوێ هەمان یاسا تایبەتییەکەی خودی سەن لویسە نەک ئەو ڕێوشوێنە تێکەڵ پێکەڵ و گشتییەی کە دواترو یان لە کۆتاییەکانی ژیانی سەن لویس و یان لە دوای مردنی لە ژێر ئەو ناونیشانە بڵاویان کردەوە.

## بەشی سی و هەشتەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

وتمان پێویستە جیاوازی لە نێوان دەستووری تایبەتی و یاسای گشتی سەن لویسدا دابنێین. دەستوورە گشتییەکە بریتی بوو لەهەندێ ڕێوشوێنی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزو قورس کە تێیدا پرەنسیپەکانی دادوەریی (قضایی) ڕۆماو فەرەنسایان تێکەڵ کردبوو و هەندێ لە ڕێوشوێنەکانی لەلایەن یاسادانەرەکان و هەندێکی تریشی لەلایەن ئەو کەسانەوە دارێژرابوو کە ئاشنای ڕۆحی یاساکان بوون و لە ڕاستیدا یاساو فەلسەفەی دارشتنی یاسایان تێکەڵاو کردبوو و ڕێوشوێنیان بۆ هەموو کاروبار و بنچینەکانی ژیان دانابوو.

ئێستا دەمانەوێ بزانین ئەو دەستوورە گشتییە لە کوێوە هات؟

بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە پێویستە بارودۆخی سەردەمی سەن لویس بێنینە بەرچاوی خۆمان: کاتێ سەن لویس بارودۆخی ناپەسندی سەردەمی خۆی و بنچینە خراپەکانی دادوەریی بینی، بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی تێیاندا هەندێ ڕێوشوێنی سەبارەت بەدادگاکانی ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆی و ئەرستۆکراتەکانی داناو ئەم ڕێوشوێنانە زۆر بە زوویی پەسندکران. هەروەکو بومانوار کە ماوەیەک پاش مردنی ئەو پاشایە کتێبەکەی خۆی نووسیوە دەڵێ: ڕێوشوێنە دانراوەکانی سەن لویس لە بەشێکی گرنگی دادگای ئەرستۆکراتەکاندا کاریان پێ دەکرێت. بەم جۆرە ئامانج و مەبەستی سەن لویس لە دارشتنی ڕێوشوێنەکان وەدی هات و ئەگەرچی ڕێوشوێنەکانی بە ڕواڵەت لە یاسای گشتی نەدەچوون بۆ ئەوەی لە هەموو دادگاکانی وڵاتدا جێبەجێ بکرێن، بەڵام بە چەشنێک دارێژرابوون کە هەموو کەس بتوانێ پەیڕەوییان لێ بکات. سەن لویس عەیب و کەموکورییەکانی دەستنیشان کردبوو و هاوکات ڕێگای چارەسەرکردن یان نەهێشتنی ئەو کەموکورییانەشی دیاری کردبوو. کاتێ خەڵک بۆی دەرکەوت لە دادگای پاشاو ئەرستۆکراتەکانی ژێر دەستیدا، دادوەرییەکی سروشتیتر و عەقڵانیتر بەڕێوەدەچێ و زیاتر لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقییەکاندا دەگونجێ و باشتر پارێزگاری گیان و ماڵی خەڵک دەکات، وازیان لە نەریتە کۆنەکەی دادوەری هێناو پەیڕەوییان لەم بنچینە نوێیانە کرد.

لێهاتوویی و کارزانی سەن لویس لەوەدابوو کە لایەنە باشەکانی ئەو ڕێوشوێنانەی خستە بەر دیدی خەڵک و نیشانیدان کە ئەو ڕێوشوێنانە چەندە نەرمترن و بۆ دابینکردن و پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک چەندە کاریگەرییان زیاترەو هاوکات لەگەڵ عەقڵیشدا دەگونجێن.

**بەڵگەخوازی (استدلال) عەقڵانی لۆژیکێکی بەهێزە، کەس ناتوانێ بەرهەڵستی بکات و گریمان توانیان بۆ ماوەیەکیش بەرەنگاری ببنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێ خۆیان بدەن بە دەستەوە..**

لەبەر ئەوەی یاساکانی سەن لویسیش عەقڵانی بوون هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. سەن لویس بە مەبەستی دەستنیشان کردنی عەیب و کەموکوڕی بنچینەی دادوەری ئەو کاتی فەرەنسا، فەرمانی دا حقوقی ڕۆمانییان وەرگێڕاو خستیانە بەردەستی یاسادانەرە فەرەنسییەکان. (دفونتن) کە یەکەمین نووسەری (دانەر) حقوقی سەدەکانی ناوەڕاستە، سوودێکی یەکجار زۆری لە حقوقی ڕۆمییەکان وەرگرت، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین کتێبەکەی پێک هاتووە لە حقوقی ڕۆمییەکان و پەیڕەونامەی سەن لویس و حقوقی کۆنی فەرەنساو هەروەها بومانواریش کە نووسەرێکی دیکەیە، هەرچەندە سوودێکی کەمتری لە حقوقی ڕۆمییەکان وەر گرتووە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا توانی حقوقی کۆنی فەرەنسا لەگەڵ پەیڕەونامەی سەن لویسدا بگونجێنێ.

بەهەر حاڵ بە بڕوای من پاش ئەو دوو نووسەرە، ژمارەیەک دادوەری فەرەنسی بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی ئەمان، توانیان حقوق و یاسای فەرەنسا کۆبکەنەوەو ئەو کۆمەڵە یاسایە هەمان ئەو یاسایانەن کە ئەمڕۆ ئێمە بە ناوی پەیڕەونامەی سەن لویس ناوزەدیان دەکەین.

لە سەرەتای ئەو کۆمەڵەیەدا هاتووە، یاساکانی بە سوودوەرگرتن لە داب و نەریتی پاریس و ئورلئان و قەڵەمڕەوی بارۆنەکان نووسراوەو هەروەها لە پێشەکییەکەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە داب و نەریتی هەموو فەرەنساو خاکی ئانژۆ و قەڵەمڕەویی بارۆنەکانی لەخۆ گرتووە.

بەڵام ئاشکرایە، هەروەک چۆن کتێبی دفۆنتن و بومانوار بە پێی نەریتی دادوەری کۆنت نشینەکانی کلرمون و ورماند نووسراوە، ئەو کۆمەڵەیەش نەریتی دادوەری پاریس و ئورلئان و ئانژۆ لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی بومانوار دەڵێ: بەشێک لە یاساکانی سەن لویس توانیان نفووز بکەنە نێو قەڵەمڕەوی بارۆنەکان، هەر بۆیە خاوەنی کۆمەڵەی پەیڕەونامەی سەن لویس ئەو مافەی بە خۆی داوە بڵێ کۆمەڵە یاساکەی ئەو نەریتی دادوەری سنووری بارۆنەکانیش دەگرێتە خۆ.

هیچ جۆرە وێکچوونێک لە نێوان سەرەتاو پێشەکی ئەو کۆمەڵەیەدا نییەو زۆر تێکەڵ و پێکەڵە. ئەو کەسەی ئەو کۆمەڵە یاسایەی ئامادە کردووە پەیڕەونامەی سەن لویسی لەگەڵ داب و نەریتی شوێنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا گونجاندووە، بەڵام ئەگەر بە قووڵی بیخوێنینەوە دەتوانین سوودی لێوەرگرین، چونکە داب و نەریتی دادوەری ئانژۆ و

پەیڕەونامە تایبەتییەکەی سەن لویسی – بەو جۆرەی کە لەو سەردەمەدا جێبەجێ کراوە –و هەروەها نەریتی دادوەری کۆنی فەڕەنسای لەخۆ گرتووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەم چەشنەیە:

بە پێچەوانەی کتێبەکانی دفۆنتن و بومانوار، نەریت و ڕێوشوێنەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی فەرمانکردنانە نووسراون و هەر دەشبێ بەم جۆرە بێت، چونکە یاساو ڕێوشوێنی نووسراو ڕەهەندێکی فەرمانیانەی هەیە. هەروەها لە پێناسەیەکدا دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵەیە خاوەنی دوو ڕەهەندە، چونکە تێیدا بنچینەی دادوەری فەڕەنسا لەگەڵ یاسای ڕۆمانەکاندا تێکەڵ کراوەو ئەو دوو شتەی کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا نەبووەو بەردەوام دژی یەکتر بوونە لەم کۆمەڵەیەدا کۆکراونەتەوە.

هەرچەندە کاتێک کە لە دادگاکانی فەڕەنسادا حوکمێکی ئەوتۆ دەردەچوو کە دەرفەتی تێهەڵچوونەوەی نەدەما، دادوەر بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: «من مەحکومی دەکەم یان بەبێ تاوانی لە قەڵەم دەدەم»و ئەم شێوازی حوکم دەرکردنە تایبەت بوو بە نەریتی دادگا گشتییەکانی ڕۆمای کۆن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دادگاکانی فەڕەنسا لە دوای سەن لویسدا کەمتر سوودیان لە بنچینەی دادوەری ڕۆمای کۆن وەردەگرت و بە پێچەوانەوە زۆرتر سوودیان لەو نەریتانە وەردەگرت کە دواتر لە لایەن ئیمپراتۆرەکانەوە سەقامگیرکران و بەو کۆمەڵەیانەوە زیاد دەکرد کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. بەم جۆرە یان چاکسازییان لە بنچینەی دادوەری فەڕەنسادا دەکرد بەرتەسکیان دەکرد یان گەشەیان پێدەداو فراوانیان دەکرد.

## بەشی سی و نۆیەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەو ڕێوشوێنە دادوەرییەی کە لە لایەن سەن لویسەوە داڕێژرابوو، زۆری نەخایاند لەنێوچوو. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سەن لویس گرنگییەکی زۆرتری بە بەش (فرع) دابوو نەک بە (اصل)، بەشەکە ئەوەبوو هەندێ ڕێوشوێن دابڕێژن بۆ ئەوەی شوێنی ڕێوشوێنە کۆنەکان بکرێتەوە، بەڵام بچینە ئەوەبوو کە باشترین ڕێگای دادوەری بدۆزنەوە.

لە پێناوی وەدیهاتنی مەبەستی یەکەم دەبوایە خەڵکیان لە ڕێوشوێنە کۆنەکان بێزارکردباو بۆ وەدیهاتنی ئامانجی دووەمیش دەبوایە هەندێ ڕێوشوێنی تازە دابنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێوشوێنە نوێیەکە کەموکوڕی زۆری هەبوو، هەر بۆیە بە زوویی گۆڕانی بەسەردا هات و شوێنی خۆی دا بە هەندێ یاسای دیکە.



پەیڕەونامەکەی سەن لویس خۆی لە خۆیدا نەیتوانی بنچینەی دادوەریی فەڕەنسا بگۆڕێ، بەڵکو بوو بە ئامرازێک بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا و ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی دادگا نوێیەکان خۆش کردو هەر کە خەڵک بە ئاسانی دەستی بە دادگاکان ڕاگەیشت، ئیدی بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەکان کە پێشتر بە پێی داب و نەریتی ناوچەیی ئەنجام دەدراو هەر ناوچەیەکیش خاوەنی داب و نەریتی تایبەت بە خۆی بوو، پەیڕەوییان لە ڕێوشوێنە گشتی و هاوشێوەکان دەکرد.

لە ژێر سایەی پەیڕەونامەکەی سەن لویسدا هەندێ ئەحکامی ئەوتۆ لە هەموو فەڕەنسا بە یەک شێوە جێبەجێ دەکران کە پێشتر بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێ نەدەکران، بەڵام هەر کە یاساو بڕیارەکان بوونە گشتی ئیدی پەیڕەونامەی سەن لویس فەرامۆش کراو دەتوانین بڵێین پەیڕەونامەی سەن لویس وەکو ئەو تەختە بەندە وابوو کە لە کاتی دروستکردنی بینایەدا بەکاری دێنن و ئاشکرایە پاش ئەوەی لە دروستکردنی بینایەکە تەواو دەبن، تەختە بەندەکە تێکدەدەن. کاریگەری یاسای سەن لویس لە گشتاندن و هاوشێوەکردنی یاساکاندا بە ڕادەیەک زۆر بوو کە کەم یاسا توانیوبەتی ئەو شاکارە بخولقێنێ، چونکە هەروەکو لای هەموان ئاشکرایە، هەمیشە پێویستمان بە چەندین سەدەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا رووبدات..

هەر لە ژێر کاریگەری ئەو پەیڕەونامەیەدا کار گەیشتە جێگەیەک کە لە قۆناغی دواییدا هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی وڵات لە نێو پەرلەماندا چارەسەرو یەکالا دەکران. بەر لەم قۆناغە پەرلەمان تەنیا تاوتوێی کێشەی نێوان دۆک، کۆنت، بارۆن، ئەسقەف، قەشەکان و جیاوازی و کێشەی نێوان پاشاو خەڵکە پلە یەکەکان واتە ئەرستۆکراتەکانی دەکردو لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەو گیروگرفت و کێشانە لایەنی سیاسییان هەبوو نەک لایەنی مەدەنی.

بەڵام پاش ئەوە، پەرلەمان تاوتوێی هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی دەکردو هەر بۆیە وا پێویست بوو کە بەردەوام پەرلەمان کۆبوونەوەکانی خۆی ببەستێ بۆ ئەوەی بتوانێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو هەموو کێشەیە بکات کە دەخرایە بەردەمی. لە بەرئەوەی دیسان بەو حاڵەش پەرلەمان نەیدەتوانی تاوتوێی هەموو کێشەکان بکات، هەر بۆیە ناچاربوون چەندین پەرلەمان پێک بێنن و هەرکە پەرلەمانەکان گروپێکی جێگیریان بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەو گیروگرفتەکان پێکدەهێنا، ئیتر بڕیارەکانی ئەو گروپانەیان لە شێوەی یاساو ڕێوشوێن کۆدەکردەوەو دەیاننووسی. (ژان دۆمۆنلوک) لە سەردەمی پاشایەتی فیلیپی جواندا کۆمەڵێک لەو یاسایانەی ڕێکخست، کە ئەمڕۆ بە «ئولیم» ناو دەبرێن.

## بەشی چلەم: هۆی چی بوو شێوازی دادوەری ڕۆحانییەکانیان بەکاردێنا؟

دەمانەوێت بزانین بۆچی دوای وازهێنان لە نەریتە باوەکانی دادوەری، لە جیاتی ئەوەی لاسایی شێوازی دادوەری ڕۆما بکەنەوە، هەوڵیان دەدا پەیڕەوی لە شێوازی دادوەری کەنیسە بکەن؟

هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوان بە چاوی خۆیان شێوازی دادوەری کەنیسەیان دەبینی، بەڵام هیچ دادگایەکی ئەوتۆ دەست نەدەکەوت کە بە پێی شێوازی دادوەری ڕۆمای کۆن حوکم دەربکات و خەڵک بتوانێ بیکاتە سەرمەشق و پێشەنگی خۆی. سەرەڕای ئەوە لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی ئێستا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دادگای شەرعی و دادگای عورفیدا نەبوو و سنووری ئەرک و دەسەڵاتی ئەو دوو جۆرە دادگایە وەکو ئەمڕۆ دیارو ئاشکرا نەبوو. هەندێ کەس بەبێ جیاوازی دانان و وەبەرچاوگرتنی ئیمتیازاتی نێوان ئەو دوو دادگایە، هەندێ جار کێشەکانیان دەخستە بەردەمی دادگای عورفی و هەندێ کەرەتیش دەیانبردە بەردەمی دادگای شەرعی. هەروەها ئەو حاڵەتانەی کێشەو گیروگرفتی لەسەر دروست دەبوو، هەر بەم جۆرە بەبێ جیاوازی دەخرایە بەردەم یەکێک لەم دوو دادگایە. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەگەر هەندێ حاڵەتی کێشەو جیاوازی نێوان تابع و مەتبووع نەبوایەو ئەگەر ئەو تاوانانە نەبوونایە کە پەیوەندییان بە کەنیسەوە هەبوو، هیچ کەس پەنای نەدەبردە بەر دادگای عورفی و هەموو کەس کێشەو گیروگرفتی خۆی لە نێو دادگای شەرعیدا چارەسەر دەکرد.

کێشەی پەیوەندیدار بە پەیماننامەی دارایی و ئیلتزاماتی دراویش دەخرایە بەردەمی دادگا شەرعییەکان. ئەگەرچی دادگا شەرعییەکان نەیاندەتوانی بە زەبری شمشێر دادگا عورفییەکان ناچار بکەن بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ بکەن، بەڵام لە ڕێگایەکی دیکەوە ئەم کارەیان بە ئەنجام دەگەیاند، واتە پەنایان دەبردە بەر تەکفیرکردن و لە ڕێگای تۆقاندن و هەڕەشەی تەکفیرکردنی ئەو کەسانەی سەرپێچی لە بڕیاری دادگا شەرعییەکان دەکەن، ئەحکامەکانی خۆیانیان جێبەجێ دەکرد.

کاتێ دادگا عورفییەکان ویستیان گۆڕانکاری لە نەریت و شێوازی کاری خۆیاندا بهێننەکایەوە یاخود وەک دەڵێن، شێوازی دادوەری خۆیان بگۆڕن، جگە لە دادگا شەرعییەکان هیچ جۆرە سەرمەشق و پێشەنگێکیان لە بەردەستدا نەبوو. لەبەر ئەوەی ئاگاداری شێوازی کاری ئەو دادگایانە بوون، هەر ئەو نەریتانەیان کردە سەرمەشقی خۆیان.



بەڵام بە هۆی نەبوونی زانیاری و ئاگایی لەسەر شێوازی دادوەری ڕۆمای کۆن نەیانتوانی پەیڕەوی لەوان بکەن.

## بەشی چل و یەکەم: هەڵکشان و داکشانی حوکمی دادگا شەرعی و عورفییەکان

لە سەردەمێکدا کە جڵەوی کاروبارەکان و دەرکردنی حوکمی عورفی لە ژێر دەستی ژمارەیەکی زۆر لە نەجیبزادەو ئەرستۆکراتەکاندا بوو، دادگای شەرعی بە سوود وەرگرتن لە کێشەو جیاوازی نێوان ئەوان و ئەو هەمەچەشنییەی لە شێوازی حوکمی دادگا عورفییەکاندا هەبوو، توانی پانتاییەکانی خۆی فراوان بکات و هەر لەوێشەوە گەشەسەندن بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام دواتر بە هۆی ئەو کێشانەی کەوتە نێوان حوکمی شەرع و حوکمی ئەرستۆکراتەکان، بەرە بەرە حوکمی سەڵتەنەتی و دەسەڵاتی پاشایەتی بەهێز بوو و توانی پاشەکشە بە حوکمی شەرع بکات. لە لایەکی ترەوە ئەگەرچی پەرلەمانەکان گەرەکیان بوو سوود لە لایەنە باشەکانی دادوەریی شەرع وەربگرن و بەکاری بێنن، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئەم جۆرە حوکمدەرکردنە جگە لە خراپی و کەموکوڕی هیچی تر نییە. (هەروەک وتمان، لێرەدا مەبەستمان لە پەرلەمان، هەمان پەرلەمانی کۆنە کە خۆی لە خۆیدا دادگایەک بووە).

لە ئاکامدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حوکمی پاشایەتی بەهێز دەبوو و هاوکات ویستیان هەندێ چاکسازی لە لایەنە سلبی و کەموکوڕییەکانی حوکمی شەرعدا بکەن، بەڵام سلبیاتەکانی دادگا شەرعییەکان بە رادەیەک زۆر بوو کە ئیدی بەرە بەرە هیچ کەس توانای تەحەممولکردنی نەدەما.

ئەو کەسانەی دەیانەوێ سەبارەت بەم بابەتە زانیارییەکی هەمەلایەنەتر بەدەست بێنن وا باشە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی بومانوارو بوتیلیەو بڕیارەکانی پاشایەتی ئەو قۆناغە، چونکە ئەو بڕیارە سەڵتەنەتییانە لە پێناوی چاککردن و نەهێشتنی کەموکوڕی حوکم و بڕیارەکانی دادگا شەرعییەکاندا دەردەچوون. دەسەڵاتدارانی شەرع لە هەمبەر ئەو چاکسازیانەدا بێ دەنگییان هەڵبژارد و بەم جۆرە دەیانسەلماند کە بۆ خۆشیان لایەنگری لەو چاکسازییانە دەکەن. بێ دەنگی دەسەڵاتدارانی شەرع لە بەرامبەر ئەو چاکسازییانەدا جێی ستایش و ڕێز لێگرتن بوو. بۆ ئەوەی ئاگادار بن کە سلبیات و کەموکوڕی حوکمی دادگا شەرعییەکان تا چ رادەیەک بووە، ئاماژە بە هەندێ نموونە دەکەین:

ئەگەر هاتباو کەسێک بەشێک لە سامان و دارایی خۆی بە کەنیسە نەبەخشیبا، ئەوا کاتێ کە کۆچی دوایی دەکرد لە کاتی بە خاک سپاردندا مەراسیمی ئایینییان بۆ ئەنجام نەدەداو تەنانەت لە بە خاک سپاردنیش بێبەش دەکرا.

ئەگەر یەکێک بەبێ نووسینی وەسیەتنامە مردباو بەشێک لە سامان و دارایی خۆی بە دەسەڵاتدارانی شەرع و ئەهلی کەنیسە نەبەخشیبا، خزم و کەس و نزیکەکانی ناچاربوون پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی شەرعەوە بکەن و دەسەڵاتدارانی شەرعیش بۆ دیاریکردنی پشکی خۆیان لە سامان و دارایی بەجێماوی مردووەکە، کەسێکیان وەکو حەکەم هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە کە دەبوایە کەسە کۆچ کردووەکە بەر لە مردنی چەندەی لە سامان و دارایی خۆی بە کەنیسە بەخشیبا.

ژن و مێرد لە شەوی یەکەمی ژیانی هاوسەریدا و لە دوو شەوی تریشدا نەیاندەتوانی لە باوەشی یەکتردا بنوون، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ کە پێشتر بە هۆی دانی بڕە پارەیەکەوە مۆڵەتیان لە کەنیسە وەرگرتبا. ئەو خاڵەی پێویستە لێردا سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە کەنیسە لەسەر ئەوە سوور بوو تەنیا بۆ سێ شەوی یەکەم پارە وەربگرێ چونکە دەیزانی کە بۆ شەوەکانی تر ژن و مێردەکە پارەیەکی ئەوتۆ نادەن. پەرلەمان چاکسازی لەو کەموکوڕی و سلبیاتانەدا ئەنجام دا. لە فەرهەنگی دادوەریدا کە لە دانانی «راگۆ»یە، یەکێک لەو حوکمانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە دژی ئەسقەفی رۆحانی شاری ئامین دەرچووەو دەربڕی هەنگاوە چاکسازییەکانی پەرلەمانە، بەرچاو دەکەوێ.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کردن، کاتێک لە وڵاتێک یان لە نێو حکومەتێکدا دامودەزگاو کەسە پایە بەرزە جۆراوجۆرەکانی هەوڵ بدەن هەر کامێکیان لە بەرامبەر ئەوی تردا هەندێ ئیمتیازات بەدەست بێنێ و ئەولەوییەت بە خۆی بدا، نابێ وەکو بەڵگەی فەسادو گەندەڵی ئەو حکومەت یان دامودەزگایە، سەیری ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بکەین بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات، چونکە بە حوکمی سروشتی مرۆڤ ئەو پیاوە گەورانەی لە ژیان و سەرۆکایەتیدا شێوازێکی میانڕۆیانە دەگرنەبەر زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەون، چونکە ملکەچ بوون بۆ هێزە دەروونییەکان زۆر لەوە لاوازترە کە پێشی غەریزە و هێزە دەروونییەکان بگرێ. هەر بۆیەش دەتوانن لە نێو حکومەت یان دەوڵەتێکدا بە زۆری ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە تواناو لێهاتووییەکی زۆریان هەیە، بەڵام ناتوانن یان بە کەمی دەتوانن پیاوی ئەوتۆ دەستنیشان بکەن کە زۆر عاقڵ و میانڕۆبن و بتوانن پێشی حەزو ئارەزووی خۆیان بگرن، چونکە رۆحی مرۆڤ لە وەدەستهێنانی ئەولەوییەت و بەرزی بەسەر خەڵکانی تردا هەست بە



چێژێکی تایبەتی دەکاو ئەو کەسانەی لایەنگری دادپەروەری و ئینساف و چاکەن بە هۆی بوونی ئەو غەریزەوە هەندێ جار ناتوانن پێشی سەرهەڵدانی نییەت پاکی خۆیان بگرن.

## بەشی چل و دووەم: زیندووکردنەوەی حقوقی رۆمانی و دەرەنجامەکانی و گۆڕانکاری نێو دادگاکان

پاش ئەوەی دەستووری ژوستینینی ئیمپراتۆری رۆما لە ساڵی (١١٣٧) زایینیدا دۆزرایەوە، سەرلەنوێ حقوقی رۆمانی زیندووکرایەوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی پێش ئەویش توانیبوویان هەندێ بەشی دیکەی حقوقی ژوستینین پەیدا بکەن. پاشان لە ئیتاڵیادا هەندێ قوتابخانەیان دامەزراند کە تێیدا حقوقی رۆمانیان فێری قوتابییەکان دەکرد بە جۆرێک کە هێدی هێدی حقوقی رۆمانی توانی یاسای لمباردەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئیدی پاش ئەو رووداوانە زانا ئیتاڵییەکان حقوقی رۆمانیان بۆ فەرەنسا بردو لەوێدا وەکو وانە دەیانگوتەوە. بەر لەم مێژووە فەڕەنسییەکان سەبارەت بە حقوقی رۆمانی تەنیا ئاشنایەتییان لەگەڵ تئودۆزی ئیمپراتۆری رۆمانی هەبوو و بە هیچ جۆرێ ئاگاداری حقوقی ژوستینین نەبوون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کاتێ کە ژوستینین حقوقەکەی خۆی دانا، ماوەیەک بەسەر نیشتەجێ بوونی هۆزە جێرمەنییەکان لە گۆل واتە فەڕەنسادا تێپەڕی بوو.

حقوقی نوێی رۆمانی کە لە لایەن زانا ئیتالیاییەکانەوە بۆ فەڕەنسا گوێزرابۆوە، کەم و زۆر دژایەتی و بەرهەڵستی لەگەڵدا کراو پاپەکان لە پێناوی پارێزگاریکردن لە یاساکانی کەنیسە ئەو حقوقەیان تەکفیر دەکرد، بەڵام هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سەن لویسی پاشای فەڕەنسا، دەوری هەبوو لە بڵاوبوونەوی حقوقی رۆمانیداو فەرمانی دا وەریبگێڕنە سەر زمانی فەڕەنسی. تاکو ئێستاش دەستنووسی ئەو وەرگێڕانە لە کتێبخانەکانی ئێمە (فەڕەنسا)دا ماوەتەوە. (فیلیپ لوبل)ی پاشای فەڕەنسا ئەگەرچی فێرکردنی یاسای رۆمانەکانی پەسند کردبوو بەڵام فەرمانی دا ئەو یاسایانە تەنیا لەو بەشەی خاکی فەڕەنسادا کە کێشەکان لە رێگای داب و نەریتی کۆنەوە چارەسەرو یەکالا دەکرێن و بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری وەکو وانە بگوترێتەوەو هێزی یاسایی هەبێت. بەڵام سەبارەت بە داب و نەریتە کۆنەکان هەروەکو لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد چارەسەرکردنی کێشەو جیاوازییەکان لە رێگای دۆئلەوە زۆر سادەو ئاسان بوو، ئەو کەسانەی حوکمیان دەردەکرد، هیچ پێویستییان بە زانیاری نوێ نەبوو و لە هەر ناوچەو ویلایەتێکدا بە پێی داب و نەریت و رێورەسمی ناوچەیی، کێشەکان لە

ڕێگای دۆئلەوە چارەسەرو یەکالا دەکرانەوە. لە سەردەمی بومانواردا لە دوو ڕێگەوە هەوڵی جێبەجێکردن و چەسپاندنی عەدالەت دەدرا:

لە هەندێ ناوچەدا کە دادوەرە سەربەخۆکان هەوڵی جێبەجێ کردن و چەسپاندنی دادپەروەرییان دەدا، بە پێی داب و نەریت و ڕێوڕەسمی دادوەریی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد و بە شێوەیەکی گشتی بە «پیر» ناوزەد دەکرا.

لە هەندێ ناوچەو بەشی تردا کە دادوەرەکان نیمچە سەربەخۆ بوون و بە ناوی پاشاوە هەوڵی چەسپاندن و جێبەجێکردنی دادپەروەرییان دەدا، لە لایەن ریش سپییەکانەوە فێری داب و نەریتە ناوچەییەکان دەکران، چونکە بۆ خۆیان هیچ چەشنە زانیارییەکیان لەسەر داب و نەریتی ناوچەکان نەبوو و لەبەر ئەوەی لە لایەن پاشاو بە نوێنەرایەتی ئەو بەرەو شوێنەکانی تریش دەڕۆیشتن هەر بۆیە ئەو جۆرە حوکم دەرکردنە هیچ پێویستییەکی ئەوتۆی بە زانیاری و خوێندەواری نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی یاسای سەن لویس و سەرجەم کتێبە یاساییەکانی دیکە بڵاوبوونەوەو یاسای ڕۆمانیان وەرگێڕا و لە فێرگەو قوتابخانەکاندا وەکو وانە دەیانگوتەوە، ئیدی بەرە بەرە تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە کێشەکان بوو بە هونەرێکی تایبەتی. دادوەرە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکان لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار بوون نەیاندەتوانی حوکم دەربکەن و هێدی هێدی دادگاکانیان بەجێهێشت چونکە ئیدی دادگاکان شوێنی ئەوان نەبوو و خاوەن و دامەزرێنەری راستەقینەی دادگاکانیش کە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بوون هیچ هەوڵێکیان بۆ کۆکردنەوەو دڵگەرمی دادوەرە نەخوێندەوارەکان نەدا، چونکە ئیتر حوکم دەرکردن لایەنی پێشووی خۆی لەدەست دابوو و وەکو شانازی نەجیبزادەکان حسێبی بۆ نەدەکرا تاکو حەزیان لێی بێت و بەرەو رووی بچن و لە لایەکی تریشەوە هیچ یارمەتییەکی بە ناوبانگی ئەوان نەدەکرد. یەکێک لە پێویستییەکانی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەو هونەرە زەحمەتکێشان و خوێندن بوو و هەر هەمووشمان دەزانین ئەرستۆکراتە کۆنەکان چەندە لە دەستی فێربوونی زانست رایان کردووە.

لە گەرمەی ئەو بارودۆخەدا، دادوەرە نیمچە سەربەخۆکان کە لە بەراییدا نەخوێندەوار بوون، وردە وردە بوون بە خوێندەوار، واتە پاشا کەسانی یاسازان و خوێندەواری هەڵدەبژارد تاکو بە ناوی ئەوەوە حوکم دەربکەن. ئەگەرچی دیسان ریش سپییەکان داب و نەریتە ناوچەییەکانیان بەسەر دادوەرە نیمچە سەربەخۆکاندا دەسەپاند، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار بوون، نفووزو دەسەڵاتی ئەو ریش سپی و پیرانە لە بەرامبەر دادوەرە نیمچە سەربەخۆو خوێندەوارەکاندا لەنێوچوو، تا شوێنێکی ئەوتۆ کە دادوەرە نیمچە سەربەخۆکان



بەوپەڕی سەربەخۆییەوە حوکمیان دەردەکرد.

هەروەکو لە یاسای سالیک و ئەنجوومەنە ئایینی و کتێبی نووسەرەکانی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنساوە بۆمان دەردەکەوێ، لە سەردەمی پاشا کۆنەکاندا تەنیا تاکە دادوەرێک حوکمی دەرنەدەکرد، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی یاسای ڕۆمانی تاکە دادوەرێک بە تەنیایی حوکمی دەردەکرد، لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر زیادەڕۆیی حوکم دەرکردنی جاران ئەو ڕێوشوێنەش لایەنی خاوی (تفریط)ی پێوە دیاربوو، هەر بۆیە وایان بە پێویست زانی لە هەندێ ناوچەدا کەسێک وەکو جێگیر بۆ دادوەرەکە دیاری بکەن تا لە کاتی دەرکردنی حوکمەکەدا، دادوەر پرس و راوێژی لەگەڵدا بکات. ئەو جێگیرانە بوون بە جێنشینی ریش سپییەکان و مەبەستی سەرەکیش لە دیاریکردنی جێگیرەکان ئەوەبوو کە دادوەر بەبێ لێوردبوونەوەو سەرسەریانە حوکم دەرنەکات.

بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا کە ناڕەزایی دژی حوکم و بڕیاری دادوەرکان ئاسان ببوو و دەیانتوانی داوای تێ هەڵچوونەوە بە حوکمەکەی دادوەردا بکەن، ئەو جێگرییەش لەنێوچوو و تاکە دادوەرێک بە تەنیایی حوکمی دەردەکرد. خەڵکیش دەروون و مێشکێکی ئاسوودەیان هەبوو، چونکە دەیانزانی ئەگەر حوکمەکەی دادوەر هەڵە بێت دەتوانن داوای تێهەڵچوونە (استئناف) بکەن.

## بەشی چل و سێهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس، هیچ یاسایەکی تایبەتی دانەڕێژراوە کە ئەرستۆکراتەکان لە هەبوونی دادگا بێبەش بکات، هەروەها هیچ چەشنە یاسایەکی تایبەتی بۆ بێبەری کردنی دادوەرە سەربەخۆکان و دامەزراندنی دادوەرە نیمچە سەربەخۆو خوێندەوارەکان دانەنراوە، بەڵکو رەوتی سروشتی رووداوەکان بووە هۆکاری لەنێوچوونی دادوەرە نەخوێندەوارەکان. چونکە بڵاوبوونەوەی یاسای ڕۆمانی، هەندێ یاساو داب و نەریتی نوێی هێنایە ئاراوە کە بەکارهێنان و جێبەجێ کردنیان پێویستی بە خوێندەواری هەبوو، نەجیبزادەو خەڵکی ئاسایی لەبەر ئەوەی نەخوێندەواربوون نەیاندەتوانی ئەو یاسایانە بەکاربێنن.

تاکە حوکمێک کە سەبارەت بەو بابەتە لە ژێر دەستمان دایە، ئەو حوکمەیە کە لە ساڵی (١٢٨٧)ی زایینیدا دەرچووەو بەپێی ئەو حوکمە بڕیاردراوە کە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دادوەری خوێندەوار لە نێو ئەو کەسانەدا هەڵدەبژێرن کە ئەهلی کەنیسە نین و هۆکاری دەرکردنی ئەم حوکمە لە خودی حوکمەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە: بۆ ئەوەی ئەگەر

دادوەرەکان کردەوەیەکی خراپیان ئەنجام دا، بتوانرێ ئەو دادوەرانە سزا بدرێن، چونکە لەو سەردەمەدا بە هۆی ئەو ئیمتیازاتە تایبەتییەی کە ئەهلی کەنیسە هەیانبوو، هیچ کەسێک نەیدەتوانی سزایان بدات و ئەگەر هاتباو سەرپێچییەکیان ئەنجام دابا سزایان بەسەردا نەدەسەپێنرا.

بە هەر حـــاڵ.... نەک هەر دادوەرە نەخـــوێندەوارەکـــان بە هۆی رەوتی ســـروشـــتی بارودۆخەکان دەستیان لە حوکم دەرکردن کێشایەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو ئیمتیازات و مافانەی کە ئەرستۆکراتەکانی پێشووتر هەیانبوو بە پێی رەوتێکی سروشتی و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک هەوڵی دابێ دەست بە سەر ئەو مافانەدا بگرێت، لەنێوچوون. واتە بەشێک لەو ماف و ئیمتیازاتانە بە هۆی غەفڵەت و خەمساردی خودی ئەرستۆکراتەکان و بەشەکەی تریش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەدە جۆراوجۆرەکاندا روویانداو لەگەڵ ئەواندا نەدەگونجا، هەڵوەشێنرانەوە.

## بەشی چل و چوارەم: بەڵگەویستن بە هۆی شاهیدەوە

لەو سـەردەمـەدا کـە دادوەرەکان بە پێی داب و نەریت و رێورەسـمـەکـانەوە حـوکـمـیـان دەردەکرد، بۆ هەر کێشـەو گـیـروگرفـتـێک پەنایان دەبردە بەر شاهیدەکـان و لە رووی راو بیـروبۆچوونی شـاهیـدەکـانەوە حـوکـمـیـان دەردەکـرد. بەڵام پاش ئەوەی نەریتی دۆئل بۆ چارەسەرکردنی کێشـەو مشـتومڕەکان لەنێوچوو، هەوڵـیاندا بۆ دەرکەوتنی راست و درۆیی داواکە پەنا بەرنە بەر خەت و شاهیدیدانی شاهیدەکان لەسەر کاغەز بنووسنەوە.

بەم پێیە ئەگەرچی شاهیدیدانەکە لەسەر کاغەز دەنـووسرا، بەڵام لە راستـیدا جگە لە شاهیـدیدانـی زارەکی هیـچی تر نەبوو، چونکە تەنیـا راو بۆچوونەکـانی شـاهیـدەکەی لەخۆ دەگرت و لە هەمان کـاتیـشدا دەبووە هۆی بەهەدەردانی کات و زۆربوونی خەرجی دادگـایی کردن و ئەو کەسانەی شـاهیـدی دانەکەیان دەنووسی کرێیـان وەردەگرت. بەم جۆرە هەندێ رێوشوێنی تایبەتییـان دارِشت بۆ ئەوەی لە کـاتی تاوتوێ کـردن و لێکۆڵـینەوە لە کـێشـەو داواکـارییەکـان ناچار نەبن بۆ هەر بـابەتێکی لاوەکی و هەر لێکۆڵـینەوەیەکی بچووک پەنا بۆ شاهیـدی شاهیدەکـان ببەن و بۆ ئەم مەبەستە هەندێ نووسینگەیان دامەزراند کە لەوێدا بەشێکی زۆری بابەت و باری کەسی وەکـو رێکەوتی لەدایکبـوون و نەجیـبزادەیی و ژیانی هاوسەری و... هتد تۆمـار دەکرا، چونکە شتێکی روون و ئاشکرابوو کە بەڵگەی نووسراو شـاهیدێکی ئەوتۆیە کە بە کەمی دەتوانرێ ساختەیی و فـرتوفێڵـی تێدا بکرێت و هەر لەو کـاتەشدا زەحـمەتی لێکۆڵـینەوە کـەم دەکـاتەوە، چونکە بە هۆی بەڵـگەیەکـی نووسراوەوە کە



لە نووسینگەیەکدا تۆمارکراوە، ئاسانترو زووتر دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆ نموونە لویس منداڵی ئالبێرتە نەک بۆ سەلماندنی ئەو منداڵیەتییە پەنا بەرینە بەر چەندین شاهید.

شتێکی ئاساییە کاتێک لە وڵاتێکدا جۆرەها داب و نەریتی گشتی هەیە، نووسین و دارِشـتنی ئەو داب و نەریتانە لە نووسینگەیەک و لە رێگەی یاسایەکەوە زۆر ئاسـانتـرە لەوەی کە خەڵک ناچار بکرێت بۆ هەر چەشنە رووداو و پێشهـاتێک و سەلمـاندنیـان پەنا بباتە بەر شاهیدەکان.

بە مەبەستی پەیڕەوی کردن لەم شێوازە عەقلانییە، لە کۆتاییدا یاسایەکیان دارِشت کە بۆ سـەلماندنی داواکـارییـەکی دراوی کـە زیاتر بێت لە سـەد لیـور، گـوێ لە شـاهیـدیدانی شاهیدەکان ناگیرێ، واتە ئەگەر کەسێک داوا لە کەسێکی تر بکاو بڵێ ئەو کەسە زیاتر لە سەد لیوری پێ قەرزدارە، پێویستە بەڵگەی نووسراو پێشکەش بکات.

## بەشی چل و پێنجەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد، فەرِەنسای کۆن لە رێگەی ئەو داب و نەریتە ناوچەییانەوە بەرِێوە دەبرا کـە تەنانەت لـەسەر کـاغـەزیش نەنووسـرابوو و ئەو داب و نەریتـە ناوچەییـانە یاسای مـەدەنی ناوچە جـۆراوجۆرەکـانیـان پێکدێنا، بەڵام لە نێوان ئەو داب و نەریتـانەدا جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەبوو، بە چەشنێک کە بومانوار بە هۆی زانیـارییەکی زۆر کە لەسەر یاساکانی ئەو سەردەمە بوویەتی دەڵێ: لە هەموو خاکی فەرِەنسادا دوو قەڵەمڕەو ئەرستۆکرات نشین نەبینراوە کە نیزام و یاساکانیان بە یەک بچێت.

جیاوازی نێوان داب و نەریتی شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکان پەیوەندی بە دوو هۆکاری سەرەکییەوە هەبووە:

هۆکاری یەکەم هەر ئەو هۆکارەیە کە لە بەشی دوازدەهەمی ئەو کتێبەدا ئاماژەمـان بۆ کرد.

هۆکاری دووەمیـش پەیوەندی بەو حاڵەتە جیـاوازانەوە هەبوو کە دۆئلی لـەسەر ئەنجام دەدرا. لە سەرەتای پاشایەتی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرِەنسـادا، پاشاکان وردە وردە هەندێ فەرمـانیـان دەرکرد کە هێندێکیـان تایبـەتی و هێندێکیـشیـان گشـتی بوون، کە لە بەشەکانی پێشـوودا ئاماژەمـان بۆ کردوون و شیمـان کردوونەتەوە، هەروەک ئەو فەرمـان و یاسایانەی کە لەلایەن فیلیپ ئۆگۆست و سەن لویس و کەسانی ترەوە دارِێژران.

هاوکـات ئەرسـتـۆکـراتە گـەورەکان لـەسەر رەزامـەندی ئەرسـتـۆکـراتە بچـووکـەکـان، لە سنووری دوک نشین یان کۆنت نـشـیندا بە پێی هەلومـەرجی خـۆیان هەندێ یاسـایان دانا،

وەکو ئەو ڕێوشوێنەی کە (جفرای) بۆ ویلایەتی بەریتانی سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی و زاری ئەرستۆکراتەکان دایڕشت و ئەو داب و نەریتەی کە (دۆک رائول) بۆ ویلایەتی (نۆرماندی) و ئەو ڕێوشوێنەی کە (تیبۆ) لە ویلایەتی (شامپانی) دا داینا، هەروەها وەکو ئەو بنچینانەی کە (سیمۆن) لە (مونتفۆ)دا پەرەی پێدان. ئەم ڕێوشوێن و داب و نەریتانە بوونە هۆی ئەوەی یاسای نووسراو سەرهەڵبدات. ئەو کات ئیدی یاسا نووسراوەکان لەو ویلایەتانەدا گشتی ترو هەمە لایەنەتر بوون لە داب و نەریتە باوەکان.

لە سەرەتای پاشایەتی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا، دەتوانین بڵێین هەموو خەڵک ڕەنجبەرو کۆیلەبوون و هەندێ هۆکار وای لە ئەرستۆکرات و پاشاکان کرد کە ئازادی بدەن بەو ڕەنجبەرانە، بەڵام پاش ئەوەی کۆیلەو ڕەنجبەرەکان ئازادکران، ناچاربوون سامان و زەویشیان بدەنێ و دوای ئەوەی زەوی و داراییان پێدان وا پێویست بوو کە هەندێ یاساشیان بۆ دابڕێژن بۆ ئەوەی کێشەو گیروگرفتەکانی خۆیان لە ڕێگای ئەو یاسایانەوە چارەسەر بکەن.

لە لایەکی ترەوە، پاش ئەوەی پاشاو ئەرستۆکراتەکان کۆیلەو ڕەنجبەرەکانی خۆیانیان ئازادکردو زەوی و زاریان پێ بەخشین، خۆیان لە سامان و زەوی و زارەکان بێبەش کرد، هەر بۆیە پاش ئەوە وا پێویست بوو کە لە بەرامبەر زەوی و زارە لەدەستچووەکانی خۆیان، هەندێ ماف بۆ خۆیان دابنێن و دانان و دیاریکردنی ئەو مافانەش پێویستی بە هەندێ ڕێوشوێنی تایبەتی هەبوو.

بەم جۆرە، مافی ئەرستۆکرات و ڕەنجبەرە ئازادکراوەکان لە ڕێگای فەرمانی ئازادی کۆیلەکانەوە دیاری کراو ئەو فەرمانە بووە هۆی هێنانە ئارای هەندێ داب و نەریت کە دواتر شێوەی یاسایەکی نووسراوی بەخۆوە گرت.

لە سەردەمی پاشایەتی سەن لویس و پاشاکانی دواتردا، هەندێ دادوەری خوێندەواری وەکو دفۆنتێن و بومانوار و چەند کەسێکی دیکە، داب و نەریتی سنووری حوکمی خۆیان نووسیوەو مەبەستی سەرەکی ئەو نووسەرانەش گەشەدان بوو بە بنچینەکانی دادوەری سەردەمی خۆیان و ڕوانگەیەکی مێژوونووسانەیان نەبوو، تا داب و نەریتی سەردەمی خۆیان لە هەمبەر چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەکانەوە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێک لە کتێبەکانیاندا دەبینرێت و هیچ گومانێکی تێدا نییە کە بەرهەمەکانی ئەوان یارمەتییەکی گرنگی بە زیندووکردنەوەی یاسای فەرەنسا کردووە.

دیارترین قۆناغی ئاڵوگۆڕی داب و نەریتە ناوچەییەکان بۆ یاسای نووسراو لە سەردەمی شارلی حەوتەم و جێگرەکانیدا ڕوویداوە کە داب و نەریتە جیاوازەکانیان



نووسیوەو لە داڕشتنی یاسای نووسراودا، ڕەچاوی هەندێ ڕێوشوێنی تایبەتییان کردووە.

داڕشتنی یاسای نووسراو، ویلایەت لە دوای ویلایەت ئەنجام دەدرا. هەر ویلایەتێک کە لە ڕاستیدا سنووری دەسەڵاتی ئەرستۆکراتێک بوو، کۆی داب و نەریتە ناوچەییەکانی خۆی بۆ ئەنجوومەنی گشتی یان ئەنجوومەنی نەتەوەیی ئەو ویلایەتە دەهێنا بۆ ئەوەی بنووسەکان دایبڕێژن و بینووسنەوە.

ئەو ڕێوشوێنە بووە هۆی ئەوەی کە لە هەوڵدا بن تاکو داب و نەریتی ویلایەتە جۆراوجۆرەکان تا ئەو شوێنەی زیان بە بەرژەوەندی تایبەتی ناگەیەنێ وەکو یەک لێبکەن.

لە ئاکامدا، یەکەم - یاساو داب و نەریتی فەرەنسا لە سەرەتادا نووسراو نەبوو و پاشان نووسیانەوە. دووەم - یاساو داب و نەریتەکانی فەرەنسا لە ویلایەتە جیاوازەکاندا کەم و زۆر وەکو یەکی لێهات. سێهەم - لەبەرئەوە ئەو داب و نەریتانە بە پێی فەرمانی پاشا دادەڕێژران، هەر بۆیە لەلایەن پاشاوە پەسندکران.

لە دواییدا هەندێ دەستکاری و تەعدیلاتیان لەو داب و نەریتانەدا کرد کە لە شێوەی یاسا دەرچووبوو، تاکو وردە وردە وەکو ئەمڕۆکەی لێهات. ئەگەرچی چاوگی یاساکانی فەرەنسا داب و نەریتەو وا دێتە بەرچاو کە لەگەڵ یاسای ڕۆمانیدا جیاوازی هەیەو بە تایبەتی ئەم جیاوازییە لە هەمبەر دابەشکردنی زەوی و زارەکاندا زیاتر خۆی دەنوێنێ، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە بەشێک لە یاسای ڕۆمانی هاتە نێو داب و نەریتی فەرەنساوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە بۆ جاری دووەم هەوڵیاندا هەندێ دەستکاری و تەعدیلات لە یاساکاندا بکەن و جارێکی تریش لە سەردەمی نزیک بە ئێمە چونکە دیسان هەندێ تەعدیلاتیان لە یاساکاندا پێکهێنا.

ئەو کەسانەی لە سەردەمی نزیک بە ئێمەدا تەعدیلات و گۆڕانکارییان لە نێو یاساکانی فەرەنسادا پێکهێنا، ئاشنایەتییان لەگەڵ یاسای ڕۆمانی هەبوو و بە پێچەوانەی ئەمڕۆکە، غافڵ بوون و گوێنەدانە یاسای ڕۆمانەکانیان، وەکو مایەی فەخرو شانازی خۆیان سەیر نەدەکرد، بەڵکو بوونی زانیارییان لەسەر ئەو یاسایە بۆ پیشەی دادوەری بە شتێکی پێویست لە قەڵەم دەدا. کات بەسەربردن و ڕابواردنی هەمیشەیی وەکو ئێستا، لەو قۆناغەدا کە تەنانەت ئیشی ئافرەتەکانیش نەبوو، نەدەبووە ئاستەنگ و ڕێگر لە بەردەم خوێندنەوەدا.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بیرتان دەخەمەوە کە دەبوایە من خوێندنەوەیەکی زیاترم لە سەر چاوگ و بنەڕەتی یاساکانی فەرەنسا ئەنجام داباو ئاماژەم بە گشت ئەو گۆڕانکارییە لاوەکییانە کردبا کە لە دوای بەرقەرابوونی نەریتی تێهەڵچوونەوە، بووە هۆکاری نووسینی

یاسای نوێی فەڕەنسا، بەڵام ئەوکات دەبوایە کتێبێکی گەورەو سەربەخۆم نووسیبایە.

هەر بۆیە دەڵێم خوێندنەوەی من لە هەمبەر چاوگ و بنەڕەتی یاساکانی فەڕەنسادا تەواو نییەو حاڵی من ڕێک بە حاڵی ئەو ئەنتیکە فرۆشە دەچێ کە بۆ دیتنی شوێنەوارە مێژووییەکانی میسر چووە ئەو وڵاتەو تەنیا چاوێکی بە ئەهرامەکاندا خشاندو گەڕایەوە، بەبێ ئەوەی چاوی بە هیچ شتێکی تر کەوتبێ.

## دەبێ چۆن یاسا دابڕێژین

### بەشی یەکەم: پێویستە میانڕۆیی ڕەچاو بکرێت (دەبێ یاسادانەر بەردەوام لە کاتی دانانی یاسادا میانڕۆیی ڕەچاو بکات)

تەنانەت پێم وایە نووسینی ئەم کتێبە تەنیا و تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو بابەتەیە، چونکە بەرژەوەندی سیاسی و ئەخلاقی هەمیشە لە نێوان زیادەڕۆیی و کەمڕۆییدا لەسەر سنووری میانڕەوییدا جێگیر دەبێ.

بۆ نموونە ڕەسمیاتی یاسایی، بۆ ئەوەی عەدالەت بە شێوەیەکی ئازادانە ئەنجام بدرێ، لە کاتی پێکهێنانی دۆسیەیەکدا پێویستە، بەڵام نابێ ئەو ڕەسمیاتە هێندە زۆر بێت کە لەگەڵ ڕۆحییەت و مەبەستی یاسادانەردا دژایەتی هەبێ، چونکە دانانی ئەو ڕەسمیاتە، لە پێناوی ئازادی جێبەجێ کردن و چەسپاندنی دادپەروەری دایە تا لە کۆتاییدا بتوانرێت مافی خەڵک دەستەبەرو دابین بکرێت، بەڵام کاتێ ژمارەی ئەو ڕەسمیاتانە زیادی کرد، ڕەوتی کێشەو داواکارییەکان لە نێو دادگاکاندا درێژە دەکێشێ و کێشەو گیروگرفتی خەڵک لەسەر دارایی و زەوی و زار بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بارودۆخی ئەوان و ئەو زەوی و زارەی کێشەی لەسەرە روون ببێتەوەو لە ئاکامدا هەردوولا تووشی زەرەرو زیان و لە هەندێ کاتیشدا تووشی موفلیسی دەبن. بەم جۆرە ئیتر بڕوایان بە عەدالەت نامێنێ چونکە داواکار ناتوانێ داواکەی خۆی بسەلمێنێ و تۆمەتباریش لە توانایدا نابێ تۆمەتەکە لەسەر خۆی پاک بکاتەوەو لە کۆتاییشدا ئاسایشی دادوەری و ئازادی خەڵک لەنێو دەچێت.

### بەشی دووەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

(سیلیۆس)ی نووسەرو مافپەروەری رۆمانی لە کتێبی (ئەلوگۆل)دا لە هەمبەر لایەنە باشەکانی یاسای دوازدە تابلۆکە دواوەو دەڵێ: یەکێک لە لایەنە باشەکانی ئەو یاسایە ئەوە بوو کە ئەگەر قەرزدار قەرزەکەی خۆی نەدابایەوە، ئەوا خاوەن قەرزەکە دەیتوانی پارچە پارچەی بکات و لە درێژەی ئەو پیاهەڵگوتنەدا دەڵێ: ئەو یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر لە توانای خۆیان قەرز وەرنەگرن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو وتەیە ڕاست نییەو ناتوانین بە یاسایەکی بێ ڕەحمانە بڵێین یاسایەکی باشە.



### بەشی سێهەم: ئەو یاسایەی کە بە ڕواڵەت دژی مەبەستی یاسادانەرە، بە زۆری دەرەنجامێکی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، واتە لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگادا دەگونجێ

بە پێی یاسای (سۆلۆنی) حەکیمی یۆنانی، ئەو یۆنانییانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕش و یاخی بووندا بێ لایەنی خۆیان ڕاگەیاندبوو و لەگەڵ یان لە دژی دەستەیەک نەدەهاتنە مەیدانەوە، ئەوا لە جوانیی شەرافەت بێبەری دەکران.

ئەو یاسایە لە ڕواڵەتدا پێچەوانەی بیروبۆچوونی یاسادانەر خۆ دەنوێنێ، چونکە ئەو هەوڵ دەدا لە کاتی شۆڕشدا خەڵک تا بۆیان دەکرێ بێ لایەن بن و خۆ لە کارەکان هەڵنەقورتێنن، بەڵکو خەریکی کارو کاسبی خۆیان بن. بەڵام پێویستە هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمەو ئەو بارودۆخەی کە ئەم یاسایانەی تێدا دانراوە وەبەرچاو بگرین، چونکە یۆنانی کۆن لە چەندین وڵات و دەوڵەتی (دەوڵەت - شار) پێکهاتبوو و یاسادانەر ترسی لەوە هەبوو کە نەکا لە کاتی شۆڕش و سەرهەڵداندا مرۆڤە بیرمەندو خۆپارێزەکان گۆشەگیری هەڵبژێرن و لە ئاکامیشدا فیتنەکە زیاتر گەشە بکات و ترسناکتر بێت.

لە یۆنانی کۆندا بە هۆی بچووکی وڵاتەکان، هەرکاتێ شۆڕشێک سەری هەڵدەدا، بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵات بەشدارییان لەو ڕاپەڕین و شۆڕشەدا دەکرد، بە پێچەوانەی ئەمڕۆ، لە وڵاتە گەورەکانی ئێستادا بەردەوام شۆڕش لە لایەن دەستەیەکی بچووک لە تاکەکانی وڵاتەوە بەڕێوە دەچێ و بەشی هەرە زۆری خەڵک لە فیتنەو فەسادی شۆڕش و هەڵچوونەکان دوورن، بەڵام لە یۆنانی کۆندا حاڵەتەکە بە پێچەوانەوە بوو. وڵاتە بچووکەکان ئەو زۆرینەیان پێکدەهێناو شۆڕشیان دەکردو فیتنەیان دەنایەوە. لە سەردەمی ئێستادا لە وڵاتە گەورەکاندا یاسادانەرەکان هەوڵدەدەن ئەو خەڵکانەی بەشداری لە شۆڕشدا ناکەن کە زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتیش پێک دێنن، هێمن و ئارام بن، چونکە شۆڕشگێڕە سەرهەڵداوەکان کەمینە پێک دێنن. بەڵام سۆلۆن گەرەکی بوو ئەو دەستە بچووکەی کە لە یۆنانی کۆندا گۆشەگیر بوون و خۆیان لە شۆڕشەکان هەڵنەدەقورتاند، پەیوەندی بە زۆرینەوە بکەن واتە خۆیان بگەیەننە شۆڕشگێڕەکان، چونکە ئەو کەمینە ناشۆڕشگێڕە بەردەوام لە خەڵکی عاقڵ و هێمن پێک دەهات و پەیوەندیکردنی ئەوان بەو شۆڕشگێڕانە لەوانە بوو لە توندوتیژی فیتنەکە کەم بکاتەوەو گەرم و گوڕی و هەڵەشەیی شۆڕشگێڕەکان خامۆش بکات. هەروەک چۆن لە سەرەتای فەسادی بادەیەک شەرابدا دەتوانرێ لە ڕێگای چەند دڵۆپە شەرابێکی پاکەوە، پێشی فەسادەکە بگیرێ و چارەسەر بکرێت.

## بەشی چوارەم: ئەو یاسایانەی ئەنجامی پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەریان لێ دەکەوێتەوە

هەندێ جار یاسادانەرەکان یاسایەکی ئەوتۆ دادەڕێژن کە بەهۆی نەخوێندنەوەو لێوردنەبوونەوەیەکی ڕێک و پێک یان بە هەر هۆیەکی ترەوە، دەرەنجامێکی پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەری لێ دەکەوێتەوە. لە فەرەنسا بە پێی یاسایەک، هەر کاتێ دوو کەس لە یەک کاتدا داوای برە داراییەک یان قازانجێک بکەن و یەکێک لەو دوو کەسە بمرێت، ئەوا ئەو دارایی یان قازانجە بۆ کەسەکەی تر دەمێنێتەوە. گومانی تێدا نییە کە مەبەستی سەرەکی یاسادانەرەکان لە داڕشتنی ئەو یاسایە، کۆتایی هێنانە بە کێشەکان و پێشگیری کردن لە گەشەسەندنی گیروگرفت و جیاوازییەکانە، بەڵام ئاکامێکی خراپی لێ کەوتۆتەوە، چونکە پیاوە ئایینییەکان بە پشتیوانی ئەو یاسایە هەندێ داواکاری گەورە پێشکەش دەکەن و لە چاوەڕوانی مەرگی داواکارەکاندا هێندە ململانێ دەکەن کە هەندێ جار بە مەرگی هەردوو لا کۆتایی دێت و هتد...

## بەشی پێنجەم: درێژەی بابەتەکە

(ئشینی) مێژوونووس و نووسەری یۆنانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە یۆنانی کۆندا جۆرە سوێندێک هەبووە کە خاوەنی ڕەهەندێکی یاسایی بووە. «من سوێند دەخۆم هەرگیز هیچ شارێکی (ئامفیک تیۆن) وێران نەکەم و ڕێڕەوی ئاوەکانی وەرنەگێڕم و هەرکاتێ کەسێک وێرای دەست بۆ ئەو کارە بەرێت من جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم و شارەکەی وێران دەکەم».

بەشی کۆتایی ئەو یاسایە کە لە ڕواڵەتدا بە مەبەستی تۆمارکردن (ڕێکخستنی) بەشی یەکەم داڕێژراوە بە تەواوەتی دژی ڕێکخستنییەتی، چونکە هەروەکو لە مێژووی یۆنانەوە بۆمان دەردەکەوێ، مەبەستی سەرەکی لە خواردنی ئەو سوێندە یان داڕشتنی ئەو یاسایە ئەوەبوو کە شارەکانی یۆنان وێران نەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە کە سوێندخۆر لە کۆتاییدا دەڵێ من شارە جۆراوجۆرەکان وێران دەکەم.

کەواتە ئەم جۆرە یاسایە لەگەڵ بیربۆچوونی ڕاستەقینەی یاسادانەردا ناگونجێ و ئەگەر یاسادانەر بە ڕاستی دەیویست شارەکانی یۆنان لە وێران بوون بپارێزێ، دەبوایە ئەو ڕاستییە لە مێشکی خەڵکی یۆناندا بچەسپێنێ کە وێران کردنی شارەکان کارێکی یەکجار زۆر خراپ و نابەجێ یە، بە چەشنێک تەنانەت نابێ شاری پەلاماردەرێکی وێرانکەریش وێران بکرێت.

گومانی تێدا نییە کە ئەو یاسایە بە ئینسافەوە داڕێژراو، چونکە لە بەرامبەر



وێرانکردنی شاری دۆستدا دەبێ شاری دوژمنەکان وێران بکرێت، بەڵام لەم یاسایەدا ڕەچاوی خۆپارێزی و دووربینی نەکراوە، هەر بۆیەشە کەڵکی خراپی لێوەرگیراوە. بۆ نموونە (فیلیپ) بەشێک لە شارەکانی یۆنانی وێران کرد بەو بیانووەی کە ئەوان وێرانکەری هەندێ شاری دیکە بوونە، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر دەیانویست یاسایەک دابنێن کە سوودی هەبێ بۆ ڕێگرتن لە وێرانبوونی شارەکان دەبوایە بڕیار بدەن بەشێک لە نوێنەرو ئەرستۆکراتەکانی میللەتی هێرشبەر لە بەرامبەر وێرانبوونی یەک یان چەند شاردا بکوژن و یان هەڕەشە بکەن ئەگەر بێتو نەتەوەیەک هەوڵ بدات شارەکانی تر وێران بکات ئەوا سەرکردەکانی لەشکری لێ دەکوژرێت یان دەبێ میللەتی هێرشبەر غەرامەیەکی تایبەتی بدات.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەبێ یاسا زۆرتر گرنگی بدات بە قەرەبووکردنەوەی خەسارەت و زیانەکان نەک خەسارەت و زیانێکی نوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسارەت و زیانی پێشوو پێک بێنێت. بۆ نموونە شارێکی ئاوەدان لە بەرامبەر وێرانیی شارێکی تردا بڕووخێنێ.

## بەشی شەشەم: ڕەنگە یاسا وێکچووەکان شوێنەواری وەکو یەکیان لێ نەکەوێتەوە

(سزاری) قەیسەری بەناوبانگی ڕۆمانی فەرمانی دا کە ڕۆمانەکان مافی ئەوەیان نییە لە (٦٠) سێسترێس زیاتر لە لای خۆیان هەڵگرن و دەبێ بەشی زیادی پارەکەی خۆیان دەکار بخەن. ئەو یاسایە لە ڕۆما سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو، چونکە دەوڵەمەندەکانی ناچار دەکرد پارە بە قەرز بدەن بە کەسانی هەژارو کەم دەرامەت، ئەگەر هاتباو قەرزدارێک نەیتوانیبا قەرزەکەی خۆی بداتەوە ئەوا بۆی هەبوو لە کەسێکی دیکە قەرز وەرگرێ.

یاسایەکی هاوشێوەی ئەم یاسایە لە سەردەمی سیستەم[١٤٥]دا لە فەرەنسا داڕێژرا، بەڵام گەلێک دەرەنجامی دڵتەزێنی لێکەوتەوە. چونکە مەبەستی سەرەکی قەیسەری ڕۆمانی لە دانانی ئەم یاسایە ئەوە بوو کە پارە لە نێو خەڵکدا بەگەڕ بخرێت و ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەردەمی (سیستەم)دا هۆکاری سەرەکی داڕشتنی ئەو یاسایە پێشگرتن بوو لە هێشتنەوەی پارەو کۆکردنەوەی نەختینەیی لە شوێنێک واتە لە خەزێنەی دەوڵەتدا.

لە ڕۆمانی کۆندا ئەگەر خەڵک پارەیان بە قەرزدابا بە یەکێکی دیکە ئەوا لە بەرامبەر ئەو قەرزەدا بەڵگەیەکی دڵنیایی وەکو زەوی و زاری کشتوکاڵی یان موڵکیان وەردەگرت، بەڵام لە قۆناغی سیستەمدا لە بەرامبەر پارەدا جگە لە کاغەز هیچ شتێکی تریان

وەرنەدەگرت، ئەویش کاغەزێک کە خۆی لە خۆیدا هیچ بەهایەکی نەبوو، چونکە دەوڵەت لە ڕێگەی یاساوە خەڵکی ناچار دەکرد ئەو کاغەزە بکڕن.

### بەشی حەوتەم: پێویستە یاسا بە شێوەیەکی باش بنووسرێت

لە سەردەمە کۆنەکاندا یاسای نەفی کردن یان دوورخستنەوە لە وڵات، لە سێ وڵاتدا کە بریتی بوون لە (ئەسینا، ئارگس و سیراکۆز) پەیڕەوی لێدەکراو بەکاردەهێنرا. یەکێک لە دەرەنجامەکانی یاسای نەفیکردن ئەوەبوو هەر کاتێ تاکێک بە جۆرێک بە هێز دەبوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو بکەوێتە بیری دیکتاتۆرییەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە وڵات دووریان دەخستەوەو ئەو دوورخستنەوە کاتەکییە بە کردەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لە پیادەکردنی ئەو خەیاڵە پاشگەزی دەکردەوە. بەڵام لە ناوچەی سیراکۆزدا ئەو یاسایە گەلێک دەرەنجامی خراپ و دڵتەزێنی لێکەوتەوە، چونکە لە یاسای نەفیکردندا بە هیچ جۆرێ میانڕۆییان وەبەرچاو نەدەگرت و ئەو کەسانەی بەرپرسی جێبەجێکردنی ئەم کارەبوون بەبێ وەبەرچاوگرتنی هیچ چەشنە تێبینییەک گەڵایەکی هەنجیریان[١٤٦] دەخستە لەپی دەستی یەکتەرەوەو یەکتریان دووردەخستەوەو بەم جۆرە بەشی هەرە زۆری پیاوە لێهاتوو و بەرجەستەکان لەسەر کار وەلانران. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم یاسایە لە ئەسینادا زۆر بە میانڕۆیی و هێمنییەوە بە ئەنجام دەگەیشت و گەلێک دەرەنجامی باشی لێکەوتەوە، چونکە لە هەندێ حاڵەتداو ئەویش لە یەک کەس زیاتریان نەفی نەدەکردو بە مەبەستی دوورخستنەوەی پەنایان دەبردەبەر رای گشتی و لەبەر ئەوەی دەبوو زۆرینەی رای خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بەدەست بێنن، شتێکی زۆر دژواربوو کە لە خۆڕا بتوانن کەسێک نەفی بکەن، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دەبوایە دوورخستنەوەکە لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەنجام بدرێت.

### بەشی هەشتەم: ئەو یاسایانەی کە لە رواڵەتدا هاوتان، لەوانەیە لە رووی هۆوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت

بەشێکی زۆری یاسای رۆمانەکان کە سەبارەت بە میرات دانراوە، بەبێ ئەملاو ئەولا لە وڵاتی فەرەنسادا قبوڵ کراوە، بەبێ گوێدان بەوەی کە ئەو هۆکارەی دەستی هەبووە لە هاتنە ئارای یاسای میرات لە رۆمای کۆندا زۆر جیاوازبوو لەگەڵ فەرەنسادا. یاسای میرات لە رۆمای کۆندا لە پێناوی ئەوەدا دارێژرا بوو کە هەموو پیاوە ئایینییەکان دەیانویست پشکێکیان لە میرات پێبگات و هەموو میراتگرەکان ناچاربوون بەشێک لە



میراتەکەی خۆیان بدەن بە پیاوە ئایینییەکان. هەر بۆیە بڕیاریان دا هیچ کەسێک نابێ بەبێ میراتگر بمرێت و ئەگەر کەسێک بەبێ میراتگر بمرێ ئەوا لە خانەی شەرافەتمەندی دەچێتە دەر. هەر بۆیەش رۆمانەکان لە هەندێ حاڵەتی نائاساییدا تەنانەت کۆیلەکانی خۆشیان دەکردە میراتگر و لەم ڕێگەیەوە گوێزرانەوەی دارایی بەجێماو و میرات بۆ خەڵکانی بێگانە بوو بەشتێکی باو و ئاسایی. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە تەنیا لە حاڵەتێکدا پەیڕەوی لەم ڕێوشوێنە دەکرا ئەگەر هاتباو میراتگری راستەقینە خۆی لە قبوڵکردنی میراتەکە بواردا با. بە کورتی لە رۆمای کۆندا یاسای میرات لە پێناوی ئەوەدا دانەڕێژرابوو کە میراتی کەسی کۆچ کردوو لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە بەڵکو بۆ ئەوە دانرابوو ئەگەر هاتوو کەسێک میراتگری نەبوو ئەوا بە تۆبزی یەکێک پەیدا بکات و بیکاتە میراتگری خۆی بۆ ئەوەی هاوکات پیاوە ئایینییەکانیش مافی خۆیان وەدەست بێنن.

### بەشی نۆیەم: یاسای رۆمان و یۆنانییەکان سزایان بۆ خۆکوشتن داناوە بەڵام مەبەستی هەر کامێکیان جیاواز بووە

(ئەفلاتون) لە کتێبی یاسای خۆیدا دەڵێ: ئەگەر هاتو کەسێک هەوڵی کوشتنی یەکێک بدات کە لە رادەبەدەر هۆگربەتی، واتە ئەگەر کەسێک هەوڵی خۆکوژی بدات و ئەو خۆکوشتنەش نە لە پێناوی پارێزگاریکردن لە ئابڕوو نە بە پێی فەرمانی دادوەر بێ و تەنیا لە رووی لاوازی و بێ هێزیی دەروونییەوە بێت، ئەوا پێویستە ئەم کەسە سزا بدرێت. یاساکانی رۆمانیش سزایان بۆ خۆکوشتن داناوە بەڵام نەک ئەو خۆکوشتنەی کە لە رووی لاوازیی دەروونی و فشاری ژیان و وەڕەزبوون لە بەرامبەر دەردو ئازارەکان ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەو خۆکوشتنەی کە تەنیا پەیوەندی بە پەشیمانی ویژدان و بە هۆی ئەنجامدانی تاوانەوە بێت. کەواتە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە یاساکانی رۆما سزا بۆ ئەو خۆکوشتنە دانانێ کە سەرچاوەکەی لاوازی و بێ هێزیی دەروونییە، بەڵام یاساکانی یۆنان سزای توندی بۆ ئەو جۆرە خۆکوژییە داناوە کە پەیوەندی بە لاوازی و بێ دەسەڵاتییەوە هەیە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاساکانی یۆنان لەسەر بنەمای رۆحیەتی گەلی ئسپارت دارێژراون و لە نێو ئەو میللەتەشدا حوکمەکانی سزادان حەتمەن دەبوایە جێبەجێ بکرێن و بێ ئابڕوویی وەکو گەورەترین بەدبەختی و سستی و لاوازی دەروونیش وەکو بەرزترین تاوان سەیری دەکرا. بەڵام یاسای رۆمانەکان گرنگی بەو ئەفکارو مەبەستە مەزنانە نەدەدا بەڵکو تەنیا یاسایەک بوو بۆ باج وەرگرتن.

لێرەدا رەنگە بپرسین چۆن ئەم یاسایە، یاسایەک بوو بە مەبەستی باج وەرگرتن؟ ئێستا زیاتر شی دەکەمەوە: کاتێک کە رژێمی رۆما رژێمێکی کۆماری بوو، هیچ یاسایەکی ئەوتۆبوونی نەبوو کە سزا بۆ خۆکوشتن دابنێ و هەموو ئەو مێژوونووسانەش کە بەسەرهاتی ژیانی ئەو کەسانەیان نووسیوە کە خۆیان کوشتووە، لەم بارەیەوە ئاماژەیان بە هیچ شتێک نەکردووەو باسی چۆنیەتی سزاکەیان نەکردووە، بەڵام کاتێک رژێمی حکومەتی رۆمانی بوو بەرژێمێکی ئیمپراتۆری، ئیمپراتۆرەکان بنەماڵە گەورەکانیان بۆ دادگا پەلکێش دەکر و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەسەپاندن و وردە وردە ئەو نەریتە هاتە ئاراو برەوی پەیداکرد کە ئەرستۆکراتەکان بۆ رزگاربوون لە مەحکوم بوون، خۆیان دەکوشت، چونکە قازانجی ئەو کارە ئەوەبوو کە تەرمەکەیان لە ناو گۆڕێکی تایبەتیدا دەنێژراو ئەگەر وەسیەتنامەیان نووسیبا ئەوا وەسیەتەکانیان جێبەجێ دەکرا، ئەوە لە کاتێکدایە لە حاڵەتی مەحکوم بوون و لە داردران لەم ئیمتیازاتانە بێبەری دەبوون، و لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەکی ئەوتۆ بوونی نەبوو کە سزا بۆ خۆکوشتن دابنێ، هەر بۆیە بە مەبەستی خۆ رزگارکردن لە مەحکوم بوون پەنایان بۆ خۆکوشتن دەبرد. پاشان هێدی هێدی ئیمپراتۆرەکانی رۆما کەوتنە بیری ئەوەی نەک هەر ئەرستۆکراتەکان لەنێو بەرن بەڵکو دەست بەسەر دارایی و میراتەکانیشیاندا بگرن و ئەگەر تا ئەو کات تەنیا دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون ئەوا لە دوای ئەوە چاوچنۆکییەکی لە رادەبەدەریش بوو بە پاشکۆی دڵڕەقی و بێ بەزەیی ئیمپراتۆرەکان. هەر بۆ ئەم مەبەستە یاسایەکی تایبەتییان داناو فەرمانیان دا ئەگەر بێتو کەسێکی تاوانبار خۆی بکوژێ ئەوا ئەو خۆکوشتنە وەکو تاوانێکی دیکە سەیری دەکرێ و لەگەڵ مردووەکە وەکو تاوانبارێک رەفتار دەکرێت، واتە وەسیەتنامەکەی جێبەجێ ناکرێت و دەست بەسەر سامان و داراییەکەیدا دەگیرێت.

هەر بۆیە پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە یاسای سزادانی خۆکوژی لە رۆمادا یاسایەک بوو تەنیا بۆ باج وەرگرتن و لە پێناوی دەستگرتن بەسەر سامان و دارایی خەڵک دارێژرابوو، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئیمپراتۆرەکانی رۆما هەندێ ریزپەڕیان لە بەردەم ئەو سزایەدا دانابوو، واتە ئەگەر کەسێک بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە خۆی کوشتبێ بەڵام سزای دەستگرتن بەسەر سامان و دارایی بۆ تاوانی یەکەم دانەنرابێت، ئەوا لە دوای خۆکوشتنەکە دەست بەسەر ماڵ و داراییەکەدا ناگیرێت.



## بەشی دەیەم: ئەو یاسایانەی بە رواڵەت لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە، هەندێ جار خاوەنی یەک چاوگ و بنەڕەتن

ئەمڕۆکە وا باوە کە بەرپرسانی دەستگیرکردن سەر بە ماڵی خەڵکدا دەکەن و پەلبەستیان دەکەن و بەرەو دادگا راپێچیان دەدەن. بەڵام لە رۆمای کۆندا هیچ کەسێک نەیدەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە لە رۆمای کۆندا دادخوازی کردەوەیەکی توندوتیژبوو و جۆرە ئازارێکی جەستەیی لەگەڵدا بووەو هیچ کەسێک نەیتوانیوە بچێتە ماڵی کەسێکی ترو بۆ ئەم کارە بەرەو دادگا پەلکێشی بکات. ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەشدا هیچ کەسێک ناتوانێ بۆ وەرگرتنەوەی داواکاری خۆی هەڵکوتێتە سەر ماڵی کەسی بەرامبەر و بیخاتە زیندانەوە. کەواتە یاسای ئێمەو رۆمانەکان لەسەر ئەوە سوورە کە هەموو کەسێک لە ماڵی خۆیدا ئازادەو ماڵ بۆ تاکەکان وەکو پەناگەیەکە، نابێ هیچ کەسێک لەوێدا بکەوێتە ژێر ئازارو فشارەوە.

## بەشی یازدەهەم: چۆن دەتوانین یاسا جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین

لە وڵاتی فەڕەنسادا ئەگەر کەسێک بە درۆ شاهیدی بدات، ئەوا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێنرێت، بەڵام لە ئینگلتەرادا بەم جۆرە نییەو شاهیدی دانی بە درۆ سزایەکی ئاوا سەخت و توندوتیژی بۆ دانەنراوە. ئێستا بۆ ئەوەی بزانین کام لەم دوو یاسایە باشترە، دەبێ لەگەڵ یەکتردا بەراوردیان بکەین:

لە فەڕەنسادا وا باوە کە تاوانبارەکان دەخەنە ژێر لێپێچینەوەیەکی سەخت و هەندێ جار ئەشکەنجەش دەدرێن، بەڵام لە ئینگلتەرادا ئەو کارە ئەنجام نادرێت، لەلایەکی تریشەوە لە فەڕەنسا ئەو کەسەی تۆمەتی تاوانباری خراوەتە پاڵ ناتوانێ شاهید بێنێ، بەڵام لە ئینگلتەرادا بە پێچەوانەوە تاوانبار دەتوانێ سوود لە شاهید وەربگرێ و هەر بەم جۆرە داواکاری گشتیش دەتوانێ شاهید بێنێ.

کەواتە لەبەر ئەوەی ئازارو ئەشکەنجەدانی تاوانبار باوی نییە، هەر بۆیە دادوەریش دڵی بەوە خۆش نییە کە بتوانێ لە خودی تاوانبارەکەوە زانیاری وەدەست بێنێ و ناچار پەنا بۆ شاهیدەکان ببات و بۆ ئەوەی شاهیدەکانیش بتوانن بە ئازادی راو سەرنجی خۆیان دەربڕن، یاسادانەر ئەوانی لە سزای توندو سەخت بەخشیوە، تا نەکا بترسێن و خۆ لە شاهیدی دان ببوێرن. بەڵام لە فەڕەنسادا لە رێگای هێزەوە دەتوانرێ لە خودی تاوانبارەکە زانیاری وەدەست بێنرێت و یاسادانەرەکان هیچ باکیان لە ترساندنی شاهیدەکان نییەو هەر

بۆیە فەرمان دەدەن کە شاهیدەکان زۆر بە توندی بترسێنرێن بۆ ئەوەی بە راست و دروستی شاهیدی خۆیان بدەن. ئاشکراشە تاوانبارەکە ناتوانێ بۆ سەلماندنی بێ تاوانی خۆی سوود لە شاهید وەربگرێ و تەنیا داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە و لەبەر ئەوەی چارەنووسی تاوانبارەکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە شاهیدی دانی شاهیدەکانەوە هەیە، هەر بۆیە دەبێ رێک و راست شاهیدی خۆیان پێشکەش بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئینگلتەرادا سەرەڕای داواکاری گشتی تاوانبارەکەش دەتوانێ سوود لە شاهید وەربگرێ و ئاکام و حوکمی دادگایی کردنەکە لە رووی وتووێژ و مشتومڕی نێوان شاهیدەکان بڕیاری لەسەر دەدرێ، هەر بۆیە شاهیدی دانی چەوت و ناڕاست دەرەنجامێکی هێندە دڵتەزێنی لێ ناکەوێتەوە، چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردو تاوانبار هەرچەندی بیەوێ دەتوانێ شاهید بێنێ.

بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی بزانین کام یەک لەو دوو یاسایەی (فەڕەنساو ئینگلتەرا) باشترە، نابێ هەر یەک لەو دوو یاسایانە بە تەنیا لەگەڵ یاسایەکی تردا بەراورد بکەین بەڵکو پێویستە بە یەکەوە بەراوردیان بکەین.

## بەشی دوازدەهەم: ئەو یاسایانەی بە رواڵەت وەکو یەکن، هەندێ جار لە حەقیقەتدا جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە

بە پێی یاسای رۆمان و یۆنانییەکان هەر کاتێ کەسێک ماڵ و دارایی دزیاری فرۆشتبا، واتە کەسێک لەگەڵ دزەکەدا هاودەست باو ماڵ و داراییە دزراوەکەی بە جۆرێک لەبەرچاو ون کردبا، سزاکەی هاوشێوەی سزای دزەکە بوو. ئێستاش یاساکانی فەڕەنسا وەکو دز مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسە دەکەن کە هاوکاری دزبێت و سزایەکی وەکو ئەوی بەسەردا دەسەپێنن. بەڵام ئەگەر یاسای رۆمانی و یۆنانییەکان سەبارەت بەو حاڵەتە عەقلانی بوو بێ ئەوا یاساکەی فەڕەنسا عەقلانی نییە، چونکە لە رۆماو یۆناندا سزای دزەکان بریتی بووە لە غەرامەیەکی نەختینەیی و هەر بۆیە ئەو کەسەی هاودەستی دزەکەبوو، ئەویش سزایەکی دراوی بەسەردا دەسەپێنراو دەیانگوت هەر کەسێک ببێتە هۆی زیانبەخشین بە خەڵکانی تر دەبێ خەسارەتەکە قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام لە وڵاتی فەڕەنسادا سزای دزی سزایەکی جەستەیی و هەندێ جار ئیعدامیشە. بەم جۆرە کاتێ فرۆشیارێکی هاوکاری دزەکە حوکمی ئیعدامی بەسەردا بسەپێنرێت، ئەوا رێگایەکی توندرەوانەیان گرتۆتە پێش، چونکە ئەو کەسەی شتومەکی دزی دەست دەکەوێت هەندێ جار و تەنانەت زۆربەی جارەکان لەوانەیە بێ گوناه بێت و ئاگاداری ئەوە نەبێ کە ئەو



شتومەک و داراییە دزیارییە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی دزی لە سەدا سەد دزەو لەو نێوەدا یەکێک بەبێ هیچ چەشنە دوودڵییەک تاوانبارەو ئەویتریان لەوانەیە ئەو تاوانەی ئەنجام نەدابێت و ئاگاداربووبێ، جگە لەوە کردەی دزی کردەیەکی پۆزەتیڤە، لە کاتێکدا کردەکەی تر تا رادەیەک کردەیەکی نێگەتیڤە.

دەبێ دزەکە هێزێکی زۆرتر بەکاربێنێ و تەگەرە و ئاستەنگێکی زیاتر لە بەردەمی خۆی هەڵگرێت و لە ئاکامدا رۆحی توانایەکی زیاتری بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ یاساو ئەنجامدانی تاواندا هەیە. بەڵام یاسادانەرەکان بە جۆرێکی تر قەزاوەتیان کردو گوتیان سزای فرۆشیاری هاوکاری دزەکە زیاترە لە هی دزەکە خۆی، چونکە ئەگەر فرۆشیارەکە نەبایە، دزییەکە ئەنجام نەدەدراو ئاشکرایە دزەکە نەیدەتوانی شتومەکەکە لەبەرچاو ون بکات یان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بیشارێتەوە. ئەم چەشنە حوکمە کاتێ جوان دەبوو ئەگەر سزایەکی نەختینەییان بەسەر فرۆشیارەکەدا سەپاندبایە، چونکە لە حاڵەتی قەرەبووکردنەوەی خەسارەت و زیانەکاندا، ئەو کاسبکارەی هاوکاری دزەکەیە دارایی و توانایییەکی زۆرتری هەیە بۆ دانەوەو چاککردنەوەی زیانی خاوەن ماڵەکە. بەڵام کاتێ کە سزای دزی ئیعدامە، پێویستە سزایەکی دیکە بۆ فرۆشیارەکە دابنرێت.

## بەشی سێزدەهەم: نابێ یاساو ئەو حاڵەتەی یاساکەی بۆ دانراوە لە یەکتری جیابکرێنەوە «یاسای رۆمانی لە هەمبەر دزی»

ئەگەر دزێک بە کەلوپەلی دزییەوە دەستگیر کرابایە، واتە دزەکە دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسابا شتومەکە دزیارییەکە حەشار بدات ئەوا رۆمانەکان بە دزی ئاشکرایان ناوزەد دەکردو بە پێچەوانەشەوە کاتێک دزەکە هەلی ئەوەی بۆ رەخسابا کەلوپەلەکان حەشار بدات، پێیان دەگوت دزی نائاشکرا.

یاسای دوازدە تابلۆکە سەبارەت بە دزی ئاشکرا فەرمانی دابوو، هەر کاتێ دزەکە پیاوێکی رەسیو و پێگەیشتوو بێت دەبێ دارکاری بکەن و بکرێت بە کۆیلەو ئەگەر نەگەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتوویی ئەوا تەنیا دارکاری بکەن، بەڵام لەمەڕ دزی نائاشکرادا دزەکەیان ناچار دەکرد کە دوو هێندەی ماڵە دزراوەکە، بداتەوە.

شتێکی زۆر سەیرەکە یاسای رۆمانەکان تا ئەو رادەیە جیاوازی لە نێوان دزی ئاشکراو دزی نائاشکرادا داناوە، چونکە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی دزەکە بە شتومەکی دزییەوە دەستگیر کراوە یان نا، بە هیچ جۆرێ گۆڕانێک لە ماهییەتی تاوانەکەدا ناکات. بەڵام من لەسەر ئەو بڕوایەم کە یاسای رۆمانەکان لە هەمبەر دزییەوە لە یاسای ئسپارتەکان

وەرگیراوە. بەم جۆرە: (لیکورکی) یاسادانەری ئسپارتی بۆ ئەوەی خەڵکی ئسپارتە چاپووک و دلێر بن فەرمانی دا کە دەبێ منداڵەکان فێری تەڕدەستی بکەن و ئەگەر هاتباو منداڵێک لە تەڕدەستی و دزیدا دەستگیر کرابا ئەوا زۆر بە توندی دارکارییان دەکرد، بە تاوانی ئەوەی بۆچی زیرەک و تەڕدەست نییە. بە هۆی ئەو نەریتەوە لە یۆنان و پاشان لە رۆمادا جیاوازییەکی لە رادەبەدەریان لە نێوان دزی ئاشکراو نائاشکرادا دانا.

لە رۆمای کۆندا ئەگەر هاتباو کۆیلەیەک تاوانی دزی ئەنجامدابا ئەوا لە بەرزایی چیاوە هەڵیاندەداشتە خوارێ واتە لە بەردەڵانی (تارپە) را فڕێیان دەدایە خوارەوە، بەڵام ئەم سزایەیان لە ئسپارتەکان وەرنەگرتبوو، چونکە ئسپارتەکان هیچ چەشنە سزایەکی تایبەتییان بۆ کۆیلەکان دانەنابوو. جێگای سەرسوڕمانە کە رۆمانەکان لە هەندێ شوێندا تا ئەو رادەیە لاسایی ئسپارتەکانیان کردۆتەوەو لە هەندێ شوێنی تریشدا بە هیچ جۆرێ گوێیان پێ نەداوە. بەڵام هەروەکو ئاماژەم بۆ کرد لە رۆمای کۆندا ئەگەر منداڵێک لە کاتی دزیدا دەستگیر کرابا، هەروەک نەریتی ئسپارتەکان دارکارییان دەکرد.

پێویستە ئەوەش بزانین کە ئسپارتەکانیش ئەو نەریتەیان لە جێگایەکی دیکە واتە لە دانیشتوانی دورگەی (کرێت) وەرگرتبوو و ئەفلاتون لە کتێبی یاسادا سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: «خەڵکی کرێت منداڵ و گەنجەکانی خۆیانیان بۆ جەنگ پەروەردە دەکرد و بە چەشنێک رایان دێنان کە بتوانن لە کاتی کێشە تایبەتییەکاندا خۆ لە بەرامبەر ئازارەکاندا رابگرن و لە کاتی دزیدا خۆیان حەشار بدەن».

لەبەر ئەوەی بەردەوام یاسا مەدەنییەکان پەیوەندییان بە یاسا سیاسییەکانەوە هەیەو یاسای مەدەنی لە پێناوی کۆمەڵگادا دانراوەو کۆمەڵگاش خاوەن یاسای سیاسییە، کەواتە کاتێ دەیانەوێت یاسای مەدەنی وڵاتێکی تر بخوازن دەبێ پێشتر لەوە وردبینەوە کە ئایا حاڵەتی دانانی ئەو یاسایە وەکو چاوگ و بنچینەی یاسا مەدەنییەکانی وڵات دەچێت یان نا. هەر بۆیە کاتێ یاسای تایبەت بە دزی لە کرێتەوە چووە ئسپارت، لە ئسپارتیشدا وەکو یاسایەکی عەقڵانی سەیری دەکرا، چونکە یاسای سیاسی کرێت و ئسپارت زۆر بەیەک دەچوون و شێوازی بەڕێوەبردنی کرێت هاوشێوەی ئسپارت بوو، بەڵام کاتێک هەر ئەو یاسایە بۆ رۆما گوێزرایەوە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە شێوازی بەڕێوەبردنی رۆما لەگەڵ کرێت و ئسپارتدا جیاوازی هەبوو، هەر بۆیە وەکو یاسایەکی نەگونجاو خۆی دەنواندو بە سەرجەم یاساکانی تری رۆما نەدەچوو.



## بەشی چواردەهەم: پێویستە بزانین یاسا لە چ بارودۆخێکدا داڕێژراوەو نابێ هەرگیز یاسا لەو بارودۆخە جیابکەینەوە کە تێیدا داڕێژراوە

بە پێی یەکێک لە یاساکانی ئەسینا کاتێک شارێک دەورە دەدرا، هەموو خەڵکی سیڤیلی شار کە لە کاتی بەرگریدا هیچ کارێکیان لەدەست نەدەهات، لە نێو دەبران. ئەو یاسا بێ ماناو زیانبەخشە پەیوەندی بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە، چونکە لەو قۆناغەدا کاتێک دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا بە شەڕ دەهات و دەستی بە سەر شارەکانیدا دەگرت، هەموو دانیشتوانی شاری وەکو کۆیلە لەگەڵ خۆیدا دەبردو خودی شارەکەشی وێران دەکرد، بە چەشنێک کە تێکشکانی شارێک لە کاتی جەنگدا رێک یەکسان بوو بە وێرانی و لە نێوچوونێکی رەها. ئەم یاسا نێونەتەوەییە چەوتە بووە هۆی ئەوەی کە نە تەنیا خەڵکی شارە دەورەدراوەکان تا دوایین هەناسە بەرگری لە خۆیان بکەن و خۆ نەدەن بە دەستەوە بەڵکو یاسایەکی چەوتی تری لێبکەوێتەوە، کە یەکێک لەوان ئەو یاسایەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

لە رۆمای کۆندا ئەگەر پزیشکێک لە ئەنجامی غەفڵەتی یان نەبوونی زانیارییەوە ببایە هۆکاری مەرگی یەکێک یان تووشی نەخۆشییەکی سەختی کردبا ئەوا سزایەکی توندی بە سەرا دەسەپێنرا. لێرەدا ئەگەر پزیشکەکە کەسێکی بەناوبانگ بووایە ئەوا لە وڵات دووریان دەخستەوەو ئەگەریش پزیشکێکی بەناوبانگ نەبوایە ئەوا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێنرا. بەڵام یاساکانی ئێمە جۆرە سزایەکی دیکەیان بۆ پزیشکەکان دیاری کردووە. ئەو سزا سەختەی بۆ پزیشکەکان دانرابوو لەبەرئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا پزیشکەکان وەکو ئەمڕۆکە خاوەنی خوێندەوای نەبوون و هەر کەسێک حەزی لێبایە دەیتوانی ببێت بە پزیشک ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەمڕۆکە پزیشکەکانی ئێمە ناچارن بخوێنن و شارەزایی لەسەر پیشەکەی خۆیان وەدەست بێنن.

## بەشی پازدەهەم: هەندێ جار پێویستە خودی یاسا کەموکورپییەکانی خۆی قەرەبوو و چاک بکاتەوە

بە پێی یاسای دوازدە تابلۆکە، خەڵکی رۆما دەیانتوانی ئەو کەسە بکوژن کە بە شەو دزی دەکات و هەروەها دەیانتوانی دزی راکردوو کە کەوتۆتە ژێر راوەدونان و هەوڵی داوە بەرگری لە خۆی بکات بکوژن، بەڵام مەرجی کوشتنەکە ئەوەبوو کە بکوژەکە هاوار بکات و خەڵکی بەرەو لای خۆی بانگ بکات و ئاگاداریان بکاتەوە.

بەشی کۆتایی ئەو یاسایە بە تەواوی عەقڵانییە، چونکە کاتێ کە یاسا مۆڵەتی ئەوەی

به خەڵک دا کە بۆ خۆیان عەداڵەت جێبەجێ بکەن و بیچەسپێنن، وا پێویست دەکا کە ئەم کارە بە ئامادەبوونی خەڵک ئەنجام بدرێت و ئەو کەسەی هەوڵی چەسپاندنی دادپەروەری دەدا دەبێ هاوار بکات و خەڵک بەرەو لای خۆی بانگ بکات، هەتا هەموو لایەک شاهیدی جێبەجێ کردنی عەداڵەت و بێگوناهی جێبەجێکارەکە بن.

لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا گوناهکارو بێگوناه زووتر ئاشکرا دەبێت و شێوازی جووڵەو کردەوەو وتەو ئەو شتانەی کە لە دەستی هەردوو لا دایە بە باشی دەریدەخات کە کامەیان خاوەنی ماڵە دزراوەکەیە. بەڵام ئەو یاسایەی مۆڵەتی ئەوە بە خەڵک دەدا بۆ خۆیان بە تەنیایی هەوڵی جێبەجێ کردنی عەدالەت بدەن، ئەوا بە پێچەوانەی ئاسایش و ئازادی تاکەکانە، چونکە هەموو کەسێک دەتوانێ بە پاڵپشتی تۆمەتێکی ناڕەوا کەسێکی تر بکوژێ، بەڵام کاتێک ئەو کارە بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام درا ئەوا عەیب و کەموکوڕی یاساکە نامێنێ.

### بەشی شازدەهەم: ئەو خاڵانەی پێویستە یاسادانەر لە کاتی دانانی یاسادا سەرنجیان بداتێ

ئەو کەسانەی توانای ئەوەیان هەیە کە یاسا دابنێن و گەرەکیانە یاسا بۆ خۆیان یان بۆ نەتەوەیەکی دیکە دابڕێژن، **پێویستە لە کاتی نووسینی یاساکاندا هەندێ خاڵی ورد وەبەرچاو بگرن،** کە بریتین لە:

**١- دەبێ داڕشتنی ناوەڕۆکی یاسا راشکاوانە بێت،** باشترین نموونە بۆ پیشاندانی یاسایەکی راشکاوانە، یاسای دوازدە تابلۆکەیە کە هەموو منداڵەکانی رۆما توانیان فێری بن و لەبەری بکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە یاسای ژوستینینی ئیمپراتۆر هێندە چەوت و ئاڵۆز بوو هەتا ناچار بوون کورتی بکەنەوە.

**٢- دەبێ نووسین و داڕشتنی یاسا سادە بێت و هیچ کەسێک بۆ تێگەیشتن لە ماناکەی پێویستی بە بیرکردنەوە نەبێت و تا ئەو شوێنەی دەگونجێ خۆ لە ناوی زل و ناونیشانی گەورەو بچووک بپوێرن.** لە یاسا سەرەتاییەکانی رۆمادا، بە رادەیەک یاساکانیان بە سادەیی نووسیوە کە تێیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان شاو گەداو رەعیەتدا دانەنراوەو هیچ چەشنە ناوبانگ و لەقەبێکیان بۆ پاشا دانەناوە.

**٣- پێویستە ناوەڕۆکی یاسا بە جۆرێک بنووسرێت کە هەموو کەسێک بە یەک جۆر لێی تێبگات، نەک هەر کەسەو بابەتێکی جیاوازو سەربەخۆیی لێ هەڵبێنجێ...** (کاردینال ریشیلیۆ) دەیویست یاسایەکی ئەوتۆ دابڕێژێت کە خەڵک بتوانن لە لای پاشا



شکایەت لە وەزیر بکەن و لەلای پاشا تۆمەتباری بکەن بەو مەرجەی، ئەگەر تۆمەتە سەلمێنراوەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو خودی شکایەتکار سزا بدرێت. ئەم یاسایە یاسایەکی راشکاوانە نییە، هەر کەسەو بە جۆرێک لێی تێدەگات، چونکە بە باشی دیار نییە کە چ جۆرە تۆمەتێک گرنگی هەیەو کامەشیان گرنگی نییەو ئەو دەرەنجامەشی لێ دەکەوێتەوە کە هیچ کەسێک لەلای پاشا شکایەت لە وەزیر ناکات.

لە رۆمای کۆندا یاسایەکیان دانابوو کە بە پێی ئەو یاسایە، هەر کاتێ کەسێک کۆیلەیەکی ئازادی سەرلەنوێ بکردایەوە بە کۆیل یان هەوڵی دەبا هۆشی تێک بدات، ئەوا سزای ئیعدامیان بەسەر کەسەکەدا دەسەپاند... لەم یاسایەدا (هەوڵی دەدا هۆشی تێک بدات) تەم و مژاوی و نادیارە، چونکە ئاشکرا نییە کە چ شتێک دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆشی کەسێک، تێکچوونی هۆشی هەر تاکێک پەیوەندی بە رادەی هەستیارییەکەیەوە هەیە.

**٤- کاتێک گەرەکیانە لە یاسایەکدا سزای دارایی دابنێن، تا ئەو شوێنەی لە تواناداهەیە نابێ سزا داراییەکە بە نرخی پارە دابنرێت، چونکە بەهای پارە بە پێی زەمان و هەندێ فاکتەری دیکە گۆڕانی بەسەردادێ و لە ئەنجامی کەمبوونەوەی نرخی پارەدا ئەم جۆرە تاوانە پەرەدەستێنێ.** لە رۆمای کۆندا کەسێک بە کۆڵان و شەقامەکاندا دەسووڕایەوەو زللەی لە خەڵک دەداو لە بەرامبەر ئەمەدا بیست و پێنج شایی دەدا بە هەر کامێکیان، چونکە بە پێی یاسای دوازدە تابلۆکە غەرامەی زللەیەک بیست و پێنج شایی بوو. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بزانین کە لە سەردەمی یاسای دوازدە تابلۆکەدا دانانی بیست و پێنج شایی پارەیەکی دیارو زۆر بوو، بەڵام لە سەردەمی ئەو کەسەدا بە نرخێکی ئەوتۆی نەمابوو.

**٥- هەر کاتێک لە یاسادا سنوورو مافی تاکەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاری کرا نابێت دەستەواژەو ناوەڕۆکێکی ئەوتۆ بەکارببرێ کە رەهەندی تەمومژی پێوە دیاربێت و لە ئاکامدا سنوورو مافی تاکەکان نادیار بکات.** لویسی چواردە بە مەبەستی دیاریکردنی سزا بۆ ئەو حاڵەتانەی کە تێیدا پلەوپایەی پاشایەتی دەکەوێتەبەر سووکایەتی یان پەلاماردان، یاسایەکی داڕشت و بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی دیاری کرد، بەڵام لە کۆتایی یاساکەدا ئەو وشانەی زیادکرد: (لەگەڵ هەموو ئەو حاڵەتانەی کە تاکو ئێستا دادوەرانی پاشایەتی لێکۆڵینەوەیان لە سەرکردوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن). ئەم دەستەواژەیەی کۆتایی بووە هۆی ئەوەی کە حاڵەتە دیاریکراوەکانی نێو یاساکە وەکو خۆی لێ بێتەوەو وەکو ئەوە وابوو کە هەر لە بنەڕەتدا

حاڵەتەکانیان لە یەکتر جیاو دیاری نەکردبێت.

شارلی حەوتەم لە پێشەکی ئەو یاسایەی کە سەبارەت بە مافی تێهەڵچوونەوە دایناوە دەڵێ: بەوجۆرە بیستوومە، خەڵک سێ مانگ و چوار مانگ و پێنج مانگ و تەنانەت شەش مانگیش دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بەرایی داوای پیاچوونە دەکەن، لە کاتێکدا کە دەبێ هەر دوای دەرچوونی بڕیارەکە داوای تێهەڵچوونەوە بکەن، مەگەر نەزانن داواکاری گشتی هەڵە یان خیانەتی کردووەو یان هەندێ هۆکارو ئاستەنگ بوونەتە ڕێگر لە بەردەمیاندا بۆ ئەوەی یەکڕاست لە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بەراییدا داوای تێهەڵچوونەوە بکەن.

لێرەشدا بەشی کۆتایی یاساکە بە تەواوی شوێنەواری بەشی یەکەمی لەنێو بردووە، چونکە هەموو کەسێک دەتوانێ پاساوێک بۆ خۆی بدۆزێتەوەو تێهەڵچوونەوەکە وەدرەنگ بخات هەروەکو چۆن لە ئاکامی ئەو یاسایەدا خەڵک تەنانەت سی ساڵ پاش دەرچوونی بڕیاری دادگای بەرایی داوای تێهەڵچوونەوەیان دەکرد.

**٦- دەبێ لە یاسادا بابەتە ماددییەکان بە ماددییات و بابەتە مەعنەوییەکان بە مەعنەوییات بپێورێن، نەک بابەتە مەعنەوییەکان بە ماددییات و بابەتە ماددییەکان لەگەڵ مەعنەوییات هەڵبسەنگێنرێن.** یاسادانەرانی لمبارد تووشی ئەو هەڵەیە بوون و بابەتە ماددییەکانیان بە بابەتە مەعنەوییەکان پێوا. بۆ نموونە لە یاسای لمباردەکاندا بڕیاردرا بوو هەر ئافرەتێک جلوبەرگی ڕۆحانی لەبەربکات، ئەگەرچی بە ڕەسمیش تەقدیسی نەکردبێ و نەچووبێتە خزمەتی کەنیسەوە، نابێ ژیانی هاوسەری پێک بێنێ، چونکە ئەو پیاوەی خێزاندارە، حەڵقەی هاوسەرێتی کردۆتە پەنجەی ئافرەتەکە، ئیدی ناتوانێ ژنێکی دیکە هەڵبژێرێت، هەر بۆیە ئەو ژنەی کە جلوبەرگی ئایینی پۆشیوەو لەبەر ئەوەی بووە بە هاوسەری خواوەند و عەزرایە ئیتر مافی ئەوەی نییە مێرد هەڵبژێرێت.

**٧- نابێ لە یاسادا قەزاوەت و حوکم دەرکردن پەیوەندی بە بیروبۆچوونی کەسەکان و کەسەکانیش پەیوەندییان بە پیشەو پلەوپایەکانیانەوە هەبێت...**

کۆنستانتینی ئیمپراتۆری بەناوبانگی ڕۆمای بچووک لە یەکێک لە یاساکانی خۆیدا فرمانی دابوو کە، شاهیدی دانی قەشەیەک بۆ سەلماندنی داوایەک بەسەو پێویستی بە شاهیدیدانێکی تر نییە. ئەمە یاسایەکی باش نییە، چونکە دادوەری پەیوەندی دراوە بە بیروبۆچوونی کەسێک ئەو کەسەش پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە کە قەشەیە.

**٨- هەرگیز نابێ یاسا بە ناسکی و وردەکارییەوە بنووسرێت و یاسادانەر بلیمەتیی بەڵگەخوازی و لۆژیکی خۆی تێدا بەکاربێنێت، چونکە یاسا بۆ ئەو کەسانە دەنووسرێت کە**



**ئاستی تێگەیشتنیان نزمەو تەنیا دەتوانن لە بەڵگەی سادەو ئاسایی تێبگەن.**

**٩- دەبێ تا ئەو شوێنەی دەگونجێ یاسا حاڵەتی ڕیزپەڕی (استثنائی) کەم تێدا بێ، وا چاکترە کە هەر لەبنەڕەتدا حاڵەتی ڕیزپەڕی تێدا نەبێت، چونکە حاڵەتی ریزپەڕو چوونە نێو بابەتی لاوەکی، مرۆڤ تووشی چوونە ناو بابەتی لاوەکی تر و حاڵەتی ریزپەڕی دیکە دەکات.**

**١٠- گۆڕینی یاسا بەبێ بەڵگەی تەواو و پێویست جایز نییە....** ژوستینین یاسایەکی دانا کە هەر کاتێ مێرد نەیتوانی لە ڕێکەوتی ژیانی هاوسەرییەوە هەتا دوو ساڵ دەست بەسەر ژنەکەی دابگرێت، ئەوا ژنەکەی دەتوانێ تەڵاق وەربگرێت بەبێ ئەوەی مارەییەکەی لە نێو بچێت، واتە هەم دەتوانێ مارەیی خۆی و هەم دەتوانێ تەڵاق وەربگرێ، ڕەنگە ئەم یاسایە یاسایەکی باش بووبێت، بەڵام ژوستینین بەبێ بوونی بەڵگەی تەواو و پێویست گۆڕانکاری تێدا پێکهێناو ماوەی دوو ساڵی گۆڕی بۆ سێ ساڵ، بێ خەبەر لەوەی ئەگەر پیاوەکە لە ماوەی دوو ساڵدا نەتوانێ دەست بەسەر ژنەکەی خۆیدا بگرێت ئەوا لە ماوەی سێ ساڵیشدا ناتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات. کەواتە گۆڕینی ئەو یاسایە کە بەڵگەی تەواو بۆ گۆڕینی لە ئارادا نەبووە، جایز نەبووە.

**١١- ئەو بەڵگەیەی وەکو پاساو بۆ یاسا دەهێنرێتەوە، دەبێ عەقڵانی بێت... کاتێک دەیانەوێت بەڵگەیەک وەکو پاساو بۆ یاسا بێننەوە، پێویستە ئەو بەڵگەیە عەقڵانی بێت و لەگەڵ گەورەیی و ئیعتیباری یاسادا بگونجێ...** بۆ نموونە، بە پێی یەکێک لە یاسا ڕۆمانییەکان، نابیناکان نەیاندەتوانی هیچ کێشەیەک بخەنە بەردەمی دادگاو بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە نەیاندەتوانی جوانی و خەملیویی دادوەرەکان ببینن. ئەو بەڵگەیە کە وەکو پاساوێک بۆ ئەم یاسایە بەکارهاتووە، زۆر منداڵانەیە، لە کاتێکدا کە دەیانتوانی ئاماژە بە بەڵگەی باشترو عەقڵانی تر بکەن.

(پێل) کە یەکێک لە مافپەروەرەکانی ڕۆمای کۆن بوو دیگوت: هەندێ جار منداڵ بە حەوت مانگ لەدایک دەبێت و ئەو تایبەتمەندییانەی کە (فیساگۆرس) بۆ ژمارەی حەوتی داناوە ئەو بابەتە دەسەلمێنێ، بەڵام یەکجار سەیرە دادوەرێک بیەوێ لە رووی ژمارەوە ئەو حاڵەتە بسەلمێنێ. پێشتر هەندێ لە یاسادانەرەکانی فەڕەنسا لەسەر ئەو بڕوایە بوون، کاتێک پاشایەک دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێ، کەنیسەی ئەو وڵاتە لە لایەنی یاساییەوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی پاشاوە، چونکە تاجی پاشا خڕە!

من لێرەدا لەمەڕ یاسای پاشایەتی سەبارەت بە کەنیسە نادوێم و ناچمە نێو ئەم بابەتەوە کە ئایا دەبێ کەنیسەی وڵاتێکی داگیرکراو بکەوێتە ژێر ڕکێفی پاشاوە یان نا،

تەنیا دەمەوێت ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە پێویستە لە ڕێگای بنچینەو شەرائعی گەورەو عەقڵانییەوە بەرگری لە مافێکی ئاوا پیرۆزو بەڕێز بکەین و پاساو بۆ مەشروعییەتەکەی بێنینەوە، نەک بڵێین لەبەر ئەوەی تاجی پاشایەتی خڕە مافی ئەوەی هەیە دەست بەسەر کەنیسەدا بگرێت، چونکە عەقڵ قبووڵی ناکات کە ماف و ئیمتیازاتی ڕاستەقینە و بنەڕەتی پلەوپایەیەکی مەزن ببەسترێتەوە بە هەندێ نیشانەی ڕواڵەتی پلەوپایەکە. «داویلای» ڕاوێژکاری فەرەنسا دەیگوت: لە سەرەتایی چواردەهەمین ساڵی تەمەنی «شارڵی نۆیەم»ی پاشای فەڕەنسا، لە پەرلەمانی شاری «دوئن»دا تەمەنی یاسایی ئەو پاشایە ڕاگەیەنرا. لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەڵێ:

ئەگەر مەسەلەی دانەوەو گواستنەوەی شتومەک و دارایی منداڵێک لە گۆڕێ بێت، ئەوا دەبێ چواردە ساڵی تەواو لە تەمەنی منداڵەکە تێپەربکات بۆ ئەوەی بتوانین وەکو کەسێکی پێگەیشتوو لە قەڵەمی بدەین، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە پێویستە لاوێکی پێنەگەیشتوو خودانی ڕێزو شانازی بێت و هەندێ پلەوپایەی بدرێتێ، ئەوا چوونە ناو سەرەتای چواردە ساڵی تەواوەو لە سەرەتای ئەو ساڵەوە، هەموو ئەو ساڵە وەکو تەمەنی گەنجە پێنەگەیشتووەکان تێپەڕ دەکات.

من هیچ ڕەخنەیەکم لەسەر خودی یاساکە نییە، چونکە تاکو ئێستا هیچ زیانێکی بە وڵات نەگەیاندووە، بەڵام دەڵێم ئەو بەڵگەیەی کە ڕاوێژکاری فەرەنسا بۆ ڕاگەیاندنی تەمەنی یاسایی شارلی نۆیەم پشتی پێ دەبەستێ، ڕاست نییە، چونکە دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردنی وڵات تەنیا ڕێزدانان و بەخشینی پلەوپایە نییە بەڵکو دەسەڵاتدار دەبێ ئەرکی گەلێک گەورە بخاتە سەر شانی خۆی.

**١٢- دەبێ بەردەوام گریمانەی یاسایی بەسەر گریمانە و بۆچوونی تاکەکاندا ئەفزەڵییەتی هەبێت...** بۆ نموونە بە پێی یاسای فەرەنسا هەموو ئەو مامەڵانەی کە بازرگانێکی موفلیس، دە ڕۆژ بەر لە ئیفلاس بوونەکەی ئەنجامی داون، ساختەیی و نامەشروعە، واتە یاسا گریمانەی ئەوە دەکا لە ماوەی ئەم دە ڕۆژەدا هەموو مامەڵەکانی بازرگانەکە ساختەیی و تەزویر بووە.

لە ڕۆمای کۆنیشدا یاسایەکی ئەوتۆ هەبوو. بە پێی ئەو یاسایە هەر کاتێک پیاوێک لە دوای خیانەتی ژنەکەی، لە ماڵی خۆیدا ڕایبگرێ ئەوا پێویستە سزا بەسەر ئەو پیاوەدا بسەپێنرێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە پیاوەکە لە ترسی ئابڕوو یان لەبەر قورسی خەرجی دادگای تەڵاق ئەو کارەی ئەنجام نەدابێ و ژنەکەی لە ماڵەوە دەرنەکردبێت.

لە حاڵەتی یەکەمدا، واتە سەبارەت بە بازرگانە موفلیسەکە، گریمانەکە لە لایەن یاساوە



ئەنجام دراوە، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، گریمانەکە لە لایەن تاکەکانەوەیە. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەرکی سەرشانی دادوەر ڕوون و ئاشکرایە و هەموو ئەو مامەڵانەی دە ڕۆژ بەر لە موفلیس بوون ئەنجام دراون، لە لایەن دادوەرەوە بە تەزویر لە قەڵەم دراون، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا دەبێ دادوەر بیربکاتەوە، چ فاکتەرێک بۆتە هۆی ئەوەی کە مێردەکە پاش دەرکەوتنی خیانەت ژنەکەی خۆی وەدەرنەناوە. لە حاڵەتی یەکەمدا لەبەرئەوە پێشبینییەکە لە لایەن یاساوە کراوە، ئەرکی سەرشانی دادوەر ڕوون و ئاشکرایە بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا لەبەر ئەوەی پێویستە دادوەر پەنا بەرێتە بەر هێزی ستنبات و گریمانەی خۆی، دادگایی کردن و دەرچوونی حووکمی دادگا لایەنی تاکەکەسی پێوە دیارە.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە بە پێی یاسای ئەفلاتون هەر کاتێ کەسێک خۆی دەکوشت ئەگەر خۆکوشتنەکە لە پێناوی پاراستنی ئابڕوو نەبوایەو لەبەر لاوازی و بێ هێزی دەروونی کەسێک ئەو کارەی ئەنجام دابا، ئەوا سزای توندی بەسەردا دەسەپێنرا، واتە نەیاندەخستە گۆڕەوەو وەسیەتەکانیان جێبەجێ نەدەکرد. ئەم یاسایە یاسایەکی باش نەبوو، چونکە چارەنووسی تاوانبارەکەی دەبەستەوە بە گریمانەی تاکەکان واتە دادوەرەکان و هەروەها لەبەر ئەوەی تاوانبارەکە بوونێکی دەرەکی نەبوو و مردبوو، هیچ کەسێک نەیدەتوانی لێی بپرسێت کە هۆکاری ڕاستەقینەی خۆکوشتنەکەی چ بووە، کەواتە دەبێ دادوەر بە پێی گریمانەی خۆی هۆیەک بۆ خۆکوشتنی تاوانبارەکە بدۆزێتەوە.

**١٣- پێویستە یاسادانەرەکان سەرنجی ئەوە بدەن کە نابێ هیچ کاتێک یاسای بێ سوود دابڕێژن، چونکە یاسای بێ سوود ئەسەری یاسا بەسوودەکانیش لە نێو دەبات و بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بەردەوام سەرنجی ئەوە بدەین کە یاسا کاریگەری هەبێت.** بۆ نموونە، لە ڕۆمادا بە پێی یاسای «فالسیدی»، میراتگر دەیتوانی تەنیا یەک لەسەر چواری میراتەکە بۆ خۆی ببات و یاسایەکی تریش بڕیاری دەدا کە خاوەن میرات مافی ئەوەی هەیە میراتگر لە بردنی یەک لەسەر چواری دارایییەکەی بێبەش بکات... ئەو شێوە یاسادانانە یاسا دەکاتە یاریچەی دەستی یاسادانەرەکان، چونکە یاسای دووەم بە تەواوی شوێنەواری یاسای یەکەم لەنێو دەبات، دیارە ئەگەر خاوەن میراتەکە حەزی کردبا میراتەکەی خۆی بە میراتگرەکە ببەخشێ ئەوا هیچ پێویستی بە یاسای فالسیدی نەبوو و ئەگەر حەزیشی نەکردبا ئەوا نەیدەتوانی بۆ بەرگری کردن لە مافی خۆی پەنا بۆ یاسا بەرێت.

**١٤- نابێ هەرگیز یاسای دانراو دژایەتی لەگەڵ ئەخلاقی گشتی و گرنگی سروشتیی و ئاسایی شت و فاکتەرەکان (عوامل)دا هەبێت.** بۆ نموونە فیلیپی دووەم پاشای

ئیسپانیا بە ناوی خواو خزمەتکاری کەنیسەوە (خۆی بە خزمەتکاری کەنیسە دادەنا) یاسایەکی دانابوو کە ئەگەر هەر کەسێک شازادە ئورانژ (شازادەی بەناوبانگی ئسپانی) بکوژێ، پازدە هەزار کـــو (یەکـــەی پارەی زێڕ)ی دەدرێتێ و دەخـــرێتـــە ریزی ئەرستـۆکراتەکانەوەو ئەگەر بۆ خـۆشی لە ژیاندا نەما ئەوا ئەو بڕە پارەیە دەدرێت بە میراتگرەکەی. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە هاندانی خەڵک بۆ کوشتن بە ناوی خواو خزمەتکاری کەنیسە دژی دینەو هەروەها بەخشینی پلەوپایەی نەجیبزادەیی بە پیاوکوژ، پێچەوانەی شەرافەت و ئەخلاقی جوانە.

**١٥- لەبەر ئەوەی بە زۆری و بەڵکو هەمیشە یاسا بۆ تەمێ کردنی بەدکارەکان و ڕێگرتن لە ساختەیی و فرتوفێڵی فێڵبازەکان دادەنرێت، هەر بۆیە پێویستە بۆ خۆی خاڵی بێ لە فێڵ و تەزویرو مەبەستی تایبەتی و بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بێ گوناه بێت.**

بۆ نموونە یەکێک لە یاساکانی ویزیگۆتەکان کە لە ئیسپانیادا نیشتەجێ ببوون ئەوە بوو کە بە زەبری هێز یەهوودییەکانیان ناچار دەکرد، جۆرەها خواردنی تێکەڵاو بە گۆشتی بەراز بخۆن. ئەم یاسایە، یاسایەکی ستەمکارانە بوو و پەیوەندی بە مەبەستێکی تایبەتییەوە هەبوو، چونکە لەبەر ئەوەی یەهوودییەکان هەر لە بنەڕەتدا گۆشتی بەرازیان نەدەخوارد، ناچاریان دەکردن گۆشتی بەراز بخۆن. لە هەندێ حاڵەتیشدا کاتێ مۆڵەتی ئەوەیان پێدەدان بە ئارەزووی خۆیان خواردن بخۆن و ئازادیان دەکردن، تەنیا لەبەرئەوە بوو کە باشتر ئەخلاقی یەهوودییەکان بناسن.

## بەشی حەڤدەهەم: هەندێ شێوازی خراپ بۆ دانانی یاسا

ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما وەکو پاشاکانی ئێمە، لە ڕێگای فەرمان و بڕیارەکانەوە، مەبەستەکانی خۆیانیان بە میللەت ڕادەگەیاند. تاکە جیاوازی نێوانیان ئەوەبوو کە ئەوان مۆڵەتی ئەوەیان بە دادوەرو تاکەکانی کۆمەڵگا دەدا کە لە کاتی کێشەو جیاوازی خۆیاندا لە ڕێگەی نامەوە، داوای ئەوە لە ئیمپراتۆر بکەن کە بارودۆخەکەیان ڕوون بکاتەوەو ئەو وەڵامەی کە لە لایەن ئیمپراتۆرەوە دەدرایەوە، ڕەهەندێکی یاسایی بەخۆوە دەگرت. ئەمڕۆکەش ئەو وەڵامانەی کە لە بەرامبەر نامەکاندا بۆ چارەسەری کێشەکان، لەلایەن پاپاوە دەردەچن، لایەنی سیاسییان هەیە، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو کەسانەی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانی خۆیان لەم ڕێگەیەوە بارودۆخی خۆیان ڕوون دەکەنەوەو وەڵام وەردەگرن، دەبنە هۆی پشێوی و ئاڵۆزی یاساکانی



وڵات. چونکە ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بەو حاڵەتانە دەکرێن لایەنی تایبەتی و تاکەکەسی هەیەو هەر بۆیە (ژول کاپیتولن) دەڵێت: زۆربەی کاتەکان (تراژانی) ئیمپراتۆری بەناوبانگی ڕۆما، خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە دەبوارد، بۆ ئەوەی ئەو وەڵامەی تەنیا بۆ یەک حاڵەتی تایبەتی دەردەچێت، ڕەهەندێکی یاسایی بەخۆیەوە نەگرێت.

(ماکرن) کە یەکێکی ترە لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما بڕیاری دا، ئەو جۆرە ڕێوشوێنانەی کە پەیوەندییان بەم جۆرە فەرمانانەوە هەیە هەڵبوەشێنرێنەوە، هەر بۆیە ئەو یاسایانەی پووچەڵ کرد کە لەم ڕێگەوە لە لایەن ئیمپراتۆری پێشووەوە بەبێ هیچ تێبینی و سەرنجێکەوە داڕێژرابوون. بەڵام ژوستینین بە پێچەوانەوە، بەشێکی زۆری ئەم یاسایانەی لە کۆمەڵەی حقوقی و یاسایی خۆیدا جێ کردەوە.

کەواتە ئەو کەسانەی یاساکانی ڕۆما دەخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، دەبێ جیاوازی دابنێن لە نێوان ئەو فەرمانانەی کە ڕەهەندێکی یاساییان وەرگرتووە لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی یان دەستووری ئیمپراتۆرەکانەوە دانراون.

## بەشی هەژدەهەم: یاسای لێکچوو

یاسای لێکچوو (یەکگرتوو) کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە بیروبۆچوونی لێکچووەوە هەیە، هەندێ جار لە لایەن پیاوە گەورەکانەوە گرنگی پێ دەدرێت. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە پیاوە گەورەکان تەنیا لە هەندێ حاڵەتدا دەکەونە ژێر کاریگەری لێکچوویی و یەکگرتوویی ئەم جۆرە یاسایانە بەڵام بەردەوام یاسا هاوشێوەکان سەرنجی کەسە بچووکەکان و خەڵکی ئاسایی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و ئەو پێکچوونە ڕواڵەتییە وەکو بەڵگەی کەماڵ و گەورەیی یاسا لە قەڵەم دەدەن. بۆ نموونە کاتێ سەیر دەکەن لە هەموو شوێنێکدا پۆلیس بەهێزەو لە هەموو جێگەیەکدا یەکەی پێوانەی درێژی و کێش و قەبارە و شتی تر وەکو یەکەو لە هەموو ناوچەکاندا پەیڕەوی لە تاکە دینێک دەکرێت، وەکو بەڵگەی کاملی یاساکان سەیری ئەو لێکچوونە دەکەن. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا پێکچوون پێویستە یان نا، ئەوا دەبێ بڵێین ئەم بابەتە پێویستی بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە هەیەو تەنانەت دەتوانین بڵێین یەکێک لە نیشانە هەرە دیارو بەرچاوەکانی پێگەیشتوویی تاکەکان ئەوەیە کە توانیویانە دەریبخەن کە لە چ حاڵەتێکدا دەبێ یاساکان هاوشێوە بن و لە چ حاڵەتێکیشدا پێویستە جیاوازییان هەبێت.

لە وڵاتی پان و بەرینی چین دا دانیشتوانی هەر کام لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگای

داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەتییەوە بەڕێوەدەبرێن، واتە یاساکانیان لێکچوو و یەکگرتوو نییە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جۆرە پشێوی و ئاڵۆزییەک لە نێو ژیانی چینییەکاندا دروست نەبووەو میللەتێکی وەکو چین کە گرنگییەکی یەکجار زۆر بە هێمنی و ڕێکخستن و ڕێکوپێکی دەدەن خاوەنی یاسای نالێکچوو و جیاوازن. حاڵی گەلی تەتەریش هەر بەم جۆرەیە.

کەواتە کاتێک دانیشتوانی ناوچەیەک ئامادەبوون پەیڕەوی لە یاساکان بکەن، ئایا پێویستە پەیڕەوی لە یاسا لێکچووەکان بکەن یان نا؟

## بەشی نۆزدەهەم: یاسادانەرەکان

هیچ یاسادانەرێک نادۆزینەوە کە بیروبۆچوون و ڕوانگەیەکی تایبەتی سەبارەت بە یاسا نەبێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو یاسادانەرێک خاوەن هەست و سۆزو بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی و لە کاتی دارشتنی یاسادا دەیەوێ بیروبۆچوونەکانی خۆی لە یاساکاندا بگونجێنێ.

(ئەرستۆ) لە کاتی دانانی یاسادا هەندێ جار دەیویست کینەو ئیرەیی خۆی سەبارەت بە ئەفلاتون دامرکێنێ و هەندێ کاتیش گەرەکی بوو خۆشەویستی و سۆزی خۆی سەبارەت بە ئەسکەندەر دەربخات.

(ئەفلاتون) لە ئیستبدادی میللەتی ئەسینا بێزار ببوو و ئەو نەفرەت و بێزارییە لە یاساکانیدا هەستی پێدەکرێت.

ماکیاڤیللی - دۆل ڤالانتینوای خۆشدەویست و دەتوانین لە ڕێگەی یاساکانییەوە هەست بەو خۆشەویستییە بکەین.

تۆماس مۆر لەبەر ئەوەی یەکجار زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری کتێبی پێشینانەوە، هەر بۆیە دەیویست هەموو وڵات بەسادەیی یەکێک لەشارەکانی یۆنان بەڕێوەبەرێت.

هارینگتۆن لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە تاکە یاسایەکی ڕاست یاسای کۆماری ئینگلتەرایە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە نووسەرەکانی تر پێیان وابوو ئەگەر وڵات پاشایەکی نەبێت ئەوا ناتوانێ خاوەن یاسای ڕاست بێت.

بەکورتی مەبەستمان ئەوەیە یاسا بەردەوام پەیوەندی بە هەست و سۆزی یاسادانەرەوە هەیە، هەندێ جار ئەو هەست و سۆزە بەکەمی کاریگەریی لەسەر یاساکان دادەنێ و لە هەندێ کاتیش دا یاسا بە موتلەقی و بەشێوەیەکی تەواو دەکەوێتەوە ژێر کاریگەری هەست و سۆزو بیروبۆچوونی تایبەتی یاسادانەرەکان...

## یاسای دەرەبەگایەتی لەفەرەنساو پەیوەندی ئەو یاسایە بە بەرقەراربوونی بنچینەیی پاشایەتی

### بەشی یەکەم: یاساکانی دەرەبەگایەتی

ئەگەر من لە کتێبەکەی خۆمدا ئاماژەم بەیاساکانی دەرەبەگایەتی نەکردبا ئەوا کتێبەکەم ناتەواو دەبوو، چونکە: دەرەبەگایەتی دیاردەیەک بوو تەنیا یەکجار لە دونیادا سەریهەڵداو لەوانەیە چیتر ئەو دیاردەیە سەرهەڵنەداتەوە.

یاساکانی دەرەبەگایەتی بۆ یەکجارو بەبێ گرنگی دان و پەیوەندی لەگەڵ یاساکانی ئێمەدا، پێشتر لە ئەوروپادا سەریانهەڵداو ئەو یاسایانە باشی و خراپییەکی یەکجار زۆریان هەبوو:

هەندێ جار ئەم یاسایە دارایی و زەوی و زاری لەچنگی خەڵکی دەردەهێناو لەبەرامبەردا هەندی مافی پێ دەبەخشین کە هیچ بەهایەکی نەبوو و خەڵک بوونی خۆیان لەدەست دەداو لەبەرامبەردا دڵیان بەهیچ خۆش دەکرد. لەهەندێ حاڵەتی دیکەدا یاساکانی دەرەبەگایەتی، سەبارەت بەشێک یان تاکێک چەندین جۆرە ماف و ئاغایەتی و ئیمتیازاتیان بەکەسێک دەبەخشی و مەبەستی سەرەکیش لەم کارە ئەوەبوو کە بناغەی ئاغایەتی و گەورەیی پتەو بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر ئەم ورەدکارییە دەبووە هۆی لەرزۆکیی ئاغایەتی و ئەرستۆکراتییەت. یاسای دەرەبەگایەتی هەندێ یاسای سەیرو سەمەرەبوون کەهەندێ جار لە ژێر سایەی پشێوی و ئاڵۆزیدا نەزم و رێکوپێکیان دێناراوە لە کاتێکی تردا نەزم و رێکوپێکی دەبووە هۆی پشێوی و ئاڵۆزی.

لێکۆڵینەوە لە هەمبەر یاساکانی دەرەبەگایەتی پێویستی بە نووسینی کتێبێکی تایبەتی و سەربەخۆ هەیە. خوێنەر کاتێ سەبارەت بەم بابەتە بەشەکانی ئایندە دەخوێنێتەوە، پێیوایە من ئەو یاسایانەم دارشتووە، بەڵام وانییە، ئەو یاسایانە هەر هەبوونە و من تەنیا لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون.

رەنگە بپرسن بۆچی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا ئەوەی بە هزر دادێ؟

ئیجازەم بدەن نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە: هەندێ جار ئێوە بە بیابانێکدا دەڕۆن و لە



دوورەوە چاوتان بە پیرە دار بەڕوویەک دەکەوێت، شتێکی ئاساییە کە لەو دوورەوە جگە لە لقی دارەکە هیچی تر نابینن و کاتێک لێی نزیک دەبنەوە چڵەکانیشی دەبینن، بەڵام ناتوانن رەگەکەی ببینن. بۆ دیتنی رەگی دارەکە دەبێ زەوییەکەی ژێری هەڵکۆڵن.

یاساکانی دەرەبەگایەتیش لە دوورەوە دیمەنێکی جوانیان هەیە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چاوگ و بنەڕەتی ئەو یاسایانە، پێویستە رەگی دارەکە بدۆزینەوە. ئەگەر نەبێتە بەخۆدا هەڵگوتن، نووسەر ئەم کارەی ئەنجام داوە.

### بەشی دووەم: رەگ و ریشەی یاسای دەرەبەگایەتی

ئەو میللەتانەی توانیان ئیمپراتۆریەتی رۆما داگیر بکەن لە نەژادی جێرمەنی بوون، سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکی کەمان سەبارەت بەهۆزە جۆراوجۆرەکانی جێرمەن لەبەردەست دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین سوود لە دوو کتێب وەرگرین کە ئەخلاق و داب و نەریتی نەتەوە جێرمەنییەکانمان پێ نیشان دەدات. یەکێک لەم دووکتێبە لەلایەن قەیسەری رۆماوە نووسراوە. (سزار) کە لەگەڵ جێرمەنەکان دا جەنگی کردووە، لە دووتوێی کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بە ئەخلاق و داب و نەریتی ئەو میللەتانە کردووە و تەنانەت لە سەردەمی پاشایەتی خۆیدا سوودی لەبەشێک لەو داب و نەریتانەش وەرگرت.

کتێبەکەی تر کە ئەویشیان سەبارەت بەخلاق و داب و نەریتی نەتەوە جێرمەنەکانە لەلایەن تاسیتەوە نووسراوە. ئەگەرچی کتێبێکی بچووک و کورتە، بەڵام وەکو هەموو کتێبەکانی تاسیت سەرەڕای کورتییەکەشی کتێبێکی تێروتەسەلە. بیروبۆچوونی ئەم دوو دانەرە سەبارەت بەیاسای نەتەوە جێرمەنەکان بەڕادەیەک وەک یەکدەچێت، کە ئەگەر لەهەر شوێنێک یاسای نەتەوە جێرمەنەکان بخوێنینەوە وەکو ئەوە وایە کە کتێبی ئەو دوو دانەرە بخوێنینەوەو لە هەر جێگەیەکیشدا چاو بەکتێبی ئەو دوو دانەرەدا بخشێنین وەکو ئەوە وایە کە یاسای نەتەوە جێرمەنەکانمان خوێندبێتەوە (ئاساییە تەنیا مەبەستمان لەو یاسایانەیە کە لەبەر دەست دان).

لە کاتی لێکۆڵینەوەو دوان لەسەر یاسای نەتەوە جێرمەنەکان و قۆناغی دەرەبەگایەتی، لە هەر شوێنێکدا هەودای قسەکانم لێ پچڕا، پەنا بۆ کتێبی ئەو دوو نووسەرە دەبەم و ئیدی بێگومانم لەوەی کە سەری هەوداکە دەگرمەوە دەست.

## بەشی سێهەم: بنەمای تابعیەت

سزاری قەیسەری ڕۆمانی لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت: نەتەوە جێرمەنەکان بەهیچ جۆرێک گرنگییان بەکشتوکاڵ نەدەدا و خواردنی بەشی هەرە زۆریان بریتی بوو لە شیرو پەنیرو گۆشتی مەڕو ماڵات و هیچ کەسێک خاوەن زەوی و زارێکی تایبەت نەبوو کە سنوورێکی دیاریکراوی هەبێ. ئەمیرو دادوەری نەتەوە جێرمەنەکان، هەر خاکێک کە بەدڵی هەرکام لە تاکەکان بوایە و هەر شوێنێکی بویستبا، پێیان دەدا و ساڵی ئایندە ناچاریان دەکرد شوێنەکەی بگۆڕێ واتە بچێتە جێگایەکی دیکە.

تاسیت دەڵێ: هەرکام لە ئەمیرەکانی جێرمەن خاوەنی کۆمەڵە کەسێک بوون کە ئەمیریان خۆشدەویست و ئەمیر بۆ هەر شوێنێک چووبا ئەوانیش هاوڕێیەتییان دەکرد. ئەو بەپێی بۆچوونی خۆی ئەو دەستەیە بە «هاوڕێیان» ناوزەد دەکات.

هاوڕێیانی ئەمیر بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمیر بۆلای خۆیان ڕاکێشن و هەندێ ئیمتیازات بەدەست بێنن، لە خۆنواندندا پێشبڕکێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، هەروەک چۆن ئەمیرەکانیش بەهۆی هاوڕێیانیانەوە شانازیان بە خۆیانەوە دەکرد و فیزیان بەسەر یەکتردا لێ دەداو فلانە ئەمیر بوێری و لێهاتوویی هاوڕێیانی خۆی بە ڕووی ئەمیرێکی تردا دەدایەوە.

تاسیت دەڵێ: دەسەڵات و فەخری ئەمیرە جێرمەنەکان لەوەدا بوو کە بەردەوام کۆمەڵە لاوێکیان بەدەورەوە بێت، ئەو گەنج و هاوڕێیانە لەسەردەمی ئاشتیدا بەشێک بوون لە ڕەسمیاتی ئەمیر و لە کاتی جەنگیشدا دەچوونە ریزی سەربازو جەنگاوەرەکانەوە.

ئەمیرەکان هەمیشە لەنێو نەتەوەو ئەمیرەکانی تردا شانازییان بە ژمارەو جوامێری هاوڕێیانی خۆیانەوە دەکرد و لە لایەن نەتەوەو ئەمیرەکانی ترەوە دیارییان بۆ دەنێردرا و یان باڵوێزو نوێنەریان دەنێردرایە لا.

بەڵام بەزۆری ئەو پێشبڕکێ و فەخرفرۆشییە دەبووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ و لە کاتی جەنگەکاندا ئەمیرەکان هەوڵیان دەدا لە ڕووی جوامێری و ئازایەتییەوە هیچیان لە هاوڕێکانی خۆیان کەمتر نەبێت و هاوڕێکانیش تێدەکۆشان لە ڕووی بوێری و ئازایەتیوە شان بدەن لە شانی ئەمیرەکان. خراپترین نەنگ و پەڵە ئەوە بوو کە هاوڕێکان کەمکاری بکەن لە پاراستنی ئەمیرەکەیان و ئەمیر لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێ و هاوڕێکانی ساغ و سەلیم بۆی دەرچن، پارێزگاریکردن لە ئەمیر گەورەترین و پیرۆزترین ئەرکی هاوڕێیان بوو.

لە شوێنێکی تردا تاسیت دەڵێ: هەر کاتێک یەکێک لە وڵاتە جێرمەنییەکان لەباوەشی ئاشتیدا ژیانی بەسەر بردبا، ئەمیرەکانی لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی بەبێ کار



دانیشن، دەچوونە هانای ئەو ئەمیرانەی کە لە بەرەکانی جەنگ بوون و لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیاندا هاوکارییان دەکرد، لەم ڕێگەیەوە چەندەها دۆستیان بۆخۆیان پەیدا دەکرد. هاوڕێیانی ئەمیر هەمیشە ئەسپی جەنگی و ڕمی شەڕیان لە ئەمیر وەردەگرت،خواردنەکەیان خۆش نەبوو، بەڵام لەبەرامبەردا زۆر بوو. لەکاتی جەنگ و ڕاوڕوتدا، ئەمیرەکان پارێزگارییەکی باشیان لە هاوڕێیانیان دەکرد.

دیسان تاسیت لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: جێرمەنەکان خەڵکانێکی ئەوتۆبوون کە جەنگ و خوێنڕشتنیان بەسەر سەرجەم کارەکانی تردا پەسند دەکرد و مەحاڵ بوو ئەوشتەی بتوانن لە ڕێگەی جەنگ و خوێنڕێژییەوە بەدەستی بێنن، لەڕێگەی کارەوە بەدەستیان هێنابا.

خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات کە ئەمیرە جێرمەنەکان بەپێچەوانەی ئەمیری دەرەبەگایەتی ڕەنجبەریان نەبووە، بەڵکو (تابع) شوێنکەوتەیان هەبووە کە هەمان هاوڕێکانیان بوونە. هۆکاری نەبوونی ڕەنجبەر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە بۆ ئەوەی ئەمیر ڕەنجبەری هەبێ، پێویستە مالکی زەوی و زار بێت و ئەو زەوی و زارەش بەناوی تیول بەسەر ڕەنجبەرەکانی خۆیدا دابەش بکات، لەکاتێک دا کە ئەمیرە جێرمەنەکان زەوی و زارو تیول یان نەبووە، مەگەر بڵێین تیولی ئەوان بریتی بووە لە ئەسپی جەنگی و ڕمی شەڕو خواردنێکی زۆرو زەوەند کە دەیاندا بە هاوڕێیانی خۆیان. بەهەرحاڵ هاوڕێی ئەمیرە جێرمەنییەکان شوێنکەوتە بوون، چوونکە ئەمانە بەپێی ڕێککەوتن و پەیمانێکی مەعنەوی بە ئەمیرەوە بەسترابوونەوە، بەشداری جەنگەکانیان دەکرد، بەڵام دەکرێ بڵێین هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەیان ئەنجام دەدا کە لە قۆناغەکانی دواتردا ڕەنجبەرەکان بە ئەنجامیان دەگەیاند.

## بەشی چوارەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

سزار دەڵێ: کاتێک یەکێک لە ئەمیرەکان لە ناو کۆڕی گشتیدا ڕایدەگەیاند خەیاڵی جەنگی لە سەردایەو داوای لەوانی تر دەکرد بۆ پاڵپشتیکردنی بێنە نێو جەنگەوە، ئەو کەسانەی پیلانەکەی ئەمیریان پەسند دەکرد، لە شوێنی خۆیان هەڵدەستان و بەم ڕێگەیە ئامادەیی خۆیان بۆ یارمەتیدانی ئەمیر دەردەبڕی. هەرچەندە ژمارەی ئەو کەسانە زۆرتر بوایە، زیاتر ڕێزیان لێدەگیرا، بەڵام ئەگەر واتە ئەو کەسانەی لە جێگەی خۆیان هەستابوون، ئەرکی خۆیان ئەنجام نەداباو پەیمانی خۆیانیان جێبەجێ نەکردبا، بە چاوی خیانەتکارەوە سەیریان دەکراو بە خائین ناوزەدیان دەکردن.

ئەو بابەت و تێبینییەی کە لە بەشی پێشوودا لە زمانی تاسیتەوە گێڕامانەوە، بناغەی مێژووی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەڕەنسا پێک دێنێت. ئەو کەسانەی مێژووی نەوەی یەکەمی پاشایەتی دەخوێننەوە، رەنگە سەریان لەوە بسوڕمێ، بۆچی پاشایەک دەبوایە لە هەموو جەنگێکدا لەشکری نوێ دابمەزرێنێ و خەڵکی تازە بۆ لای خۆی رابکێشێ و بەردەوام پارە بدات و زەوی و زار بە ئەم و ئەو ببەخشێ و هەر لەو کاتەشدا پارەو زەوی و زار بەدەست بێنێت و سنووری دەسەڵاتەکە بەردەوام پان و بەرین بێت و هەمیشە لێی کەم بێتەوە. ئەگەر باوکێک وڵاتێکی بە یەکێک لە منداڵەکانی خۆی سپاردبا، ناچاربوو خەزێنەیەکی تایبەتیش بکاتە پاشکۆی تاجی پاشایەتی (خەزێنە بۆ پاشایەتی بە رادەیەک پێویست بوو کە تەنانەت باوک نەیدەتوانی وەکو جیاز بەشێکی بدا بە کچەکەی یان بەشێک لە خەزێنە بەبێ رەزامەندی پاشاکانی تر کە سەر بە بنەماڵەی پاشایەتی فەڕەنسابوون، بە بێگانەکان بسپێرێت).

هۆکاری ئەم هەڵکشان و داکشانە هەر ئەوەیە کە سزارو تاسیت لە کتێبەکانی خۆیان باسیانکردووە و نووسیویانەو ئێمەش خستمانە بەر دیدی خوێنەران.

## بەشی پێنجەم: سەرکەوتنی فرانکەکان

خوێنەر لەوە ئاگادارە کە فرانکەکان یەکێک لە نەتەوە جێرمەنییەکان بوون کە خاکی گۆلیان داگیر کرد. هەندێ لە مێژوونووسەکانی ئێمە دەڵێن: هەر کە فرانکەکان گۆلیان داگیر کرد، هەموو زەوی و زارەکانی ئەو وڵاتەیان کردە تیول و دایان بە رەنجبەرەکانیان بۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا بکەن. بەڵام ئەو بابەتە راست نییەو هۆی ئەوەی مێژوونووسەکان بەم جۆرە بیریان کردۆتەوە ئەوەیە کە سەیریان کردووە لە کۆتایی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەڕەنسادا گشت زەوی و زارەکان کرابوون بە تیول، بێ ئاگا لەوەی کە هۆکارێکی تایبەت لە پشت ئەم بابەتەبووە کە ئێمە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

ئەو مێژوونووسانەی بەم جۆرە بیریان کردۆتەوە، واتە گوتوویانە فرانکەکان یەکسەر پاش ئەوەی هاتنە نێو خاکی گۆلەوە، زەوی و زارەکانیان کردە تیول، لەم هەڵەیەوە دەرەنجامێکی هەڵەتریشیان بەدەست هێناوە، واتە دەڵێن: فرانکەکان بۆ چەسپاندنی تیول هەندێ رێوشوێن و یاساشیان دارشتووە.

ئەم جۆرە مێژوونوسانە زۆر وردنەبوونەتە چونکە: ئەگەر لەو سەردەمەدا پاشای فرانکەکان توانیبای بە ئارەزووی خۆی هەموو زەوی وزارەکان بکاتە تیول و بیدات بە هەر کەسێک کە حەزی لێیەو لەو کەسەشی بسێنێتەوە کە پێی خۆشەو پاشا خاوەنی هەموو



زەوی و زەرەکانی فەڕەنسا بووایە، لەم حاڵەتەدا ئیتر لەبەر ئەوەی پاشا تاکە خاوەنی وڵات دەبوو ئەوا دەسەڵات و گەورەیییەکە زۆر لە هی ئیمپراتۆرەکانی ئێستای عوسمانی زیاتر دەبوو و ئەم بابەتە رەوتی مێژووی فەڕەنسا بە تەواوەتی ئاوەژوو دەکاتەوە.

کەواتە، بەبێ هیچ دوودڵییەک فرانکەکان پاش زاڵبوون بەسەر گۆلدا، زەوی و زارەکانیان نەکردە تیول.

## بەشی شەشەم: گوت، فرانک، بۆرگۆنی

نەتەوە جێرمەنییەکان کە خاکی ئێمە واتە گۆلیان داگیر کرد، لە خێڵی جۆراوجۆر پێک دەهاتن. یەکێک لەم خێڵانە «ویزیگۆتەکان» بوون کە ویلایەتی ناربۆنیان داگیر کردو دەتوانین بڵێین هەموو باشووری فەڕەنسایان خستە ژێر رکێفی خۆیان. دەستەیەکی تر بریتی بوون لە بۆرگۆنییەکان کە توانیان دەست بگرن بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فەڕەنساو فرانکەکانیش هەموو شوێنەکانی تری فەڕەنسایان داگیر کرد.

گومانی تێدا نییە، کاتێ ئەو نەتەوانە گۆلیان داگیر کرد خاوەنی ئەخلاق و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان بوون و بە یەک کەڕەت گۆڕانکارییان لە ماهییەتی خۆیاندا پێک نەهێنا، چونکە هیچ میللەتێک بە یەک جار ماهییەتی خۆی ناگۆڕێت و لە ساتێکدا شێوازی بیرو کردەوەی گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە کتێبەکانی تاسیت و سزارەوە بۆمان دەرکەوت کە نەتەوە جێرمەنییەکان بە هیچ جۆرێ حەزیان لە کشتوکاڵ نەبوو و زۆر بە کەمی وەدوای ئەو کارە دەکەوتن و لە بەرامبەردا زۆرتر خەریکی ئاژەڵداری بوون، هەر بۆیەشە رێوشوێنی یاسای نەتەوە جێرمەنییەکان تا رادەیەکی زۆر هەمووی لەسەر بنچینەی ژیانی ئاژەڵداری دارێژراوە، تەنانەت «روریکۆنی» مێژوونووسی بەناوبانگی فرانکەکان شوان بووە.

## بەشی حەوتەم: شێوازە جۆراوجۆرەکانی دابەشکردنی زەوی و زار

خێڵی گۆت و بۆرگۆنییەکان کە سەر بە نەتەوە جێرمەنییەکان بوون، هەروەک چۆن هاتنە ناو خاکی گۆلەوە، بە بیانووی جۆراوجۆریشەوە چوونە نێو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی. رۆمانەکان بۆ ئەوەی بتوانن رێ لە کاری تێکدەرانە و خراپەکاری ئەو هۆزانە بگرن، ناچاربوون خەراجیان بدەنێ و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا گەنمیان دەدانێ و لەبەر ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئەو کارە سوودیان پێ ناگەیەنێ، وایان بە باش زانی زەوی و زاریان بدەنێ و ئیمپراتۆرو دەسەڵاتدارە رۆمانەکان هەندێ

ڕێکەوتنیان سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی لەگەڵدا گرێدان و ئەو ڕێکەوتنانە لە یاساو یادداشتی ویزیگۆت و بۆرگۆنییەکاندا دەبینرێت. بەڵام فرانکەکان کە هۆزێکی تری جێرمەنی بوون بە پێی ئەم خشتەیە نەجووڵانەوە، واتە لە سەرەتادا گەلێکیان لە دەوڵەتی داگیرکراو وەرنەگرت و پاشان زەوی و زاریان لێوەرگرن... فرانکەکان هەرکە توانیان زاڵبن، دەستیان بەسەر هەموو شتێک داگرت و ئەگەر ڕێکەوتنێکیشیان گرێ دابێت ئەوا لە نێوان خۆیاندا بووە نەک لەگەڵ خەڵکانی تر، هەر بۆیەشە لە یاسای فرانکەکاندا هیچ شوێنەوارێکی دابەشکردنی زەوی و زار بەرچاو ناکەوێت.

## بەشی هەشتەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

هەندێ لە مێژوونووسەکان دەڵێن: نەتەوە جێرمەنییەکان واتە بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکان دەستیان بەسەر هەموو خاکی ڕۆمادا گرت، بەڵام وا نییە، ئەو هۆکارەی وای لە مێژوونووسەکان کردووە بەم جۆرە بیربکەنەوە ئەوەیە کە لە یاسای بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکاندا نووسراوە، ئەو دوو نەتەوە جێرمەنییە دوو لە سەر سێی خاکی ڕۆمایان داگیرکردووە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە دوو لەسەر سێی هەندێ لە ناوچەکانی ڕۆمایان پێدراوە نەک دوو لەسەر سێی هەموو خاکی ڕۆما، هۆی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوندەبوی پاشای بۆرگۆنی لە یاسای بۆرگۆنی دا دەڵێت: میللەتی بۆرگۆنی کاتێ توانیان لە نێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا سەقامگیر بن، دوو لەسەر سێی زەوییەکانیان بەدەست هێنا، هەر لە درێژەی ئەو یاسایەدا دەڵێ: ئەگەر دیسان خێڵە بۆرگۆنییەکان بێنە ڕۆما، زیاتر لە نیوەی زەوییەکانیان پێ نادرێت.

لێرەدا دەبێ بە وردی سەرنج بدەین، ئەگەر لە جاری یەکەمدا بۆرگۆنییەکان دوو لەسەر سێی هەموو خاکی ڕۆمایان داگیر کردبوو، چۆن ئەوانەی دواتر دێن دەتوانن دەست بەسەر نیوەی زەوییەکاندا بگرن، چونکە لەم حاڵەتەدا ئیدی هیچ زەوییەک نەمابۆوە تاکو ئەوان داگیری بکەن و گشت زەوی و زاوەکان لە کەرەتی یەکەمدا دابەش کرابوون. کەواتە وا نییە! و تەنیا دوو لە سەر سێی هەندێ شوێنی خاکی ڕۆما دراوە بە بۆرگۆنییەکان.

فرانکەکانیش کە بە نۆرەی خۆیان بەشێکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمایان داگیرکرد، وەکو بۆرگۆنییەکان بە شێوازێکی میانڕۆیانە هەڵسوکەوتیان دەکردو دەستیان بەسەر هەموو خاکی ڕۆمادا نەگرت، چونکە هەموو ئەو خاکە بە کەڵکی ئەوان نەدەهات و ئەوان تەنیا بە ڕادەی پێویستی خۆیان زەوییان داگیر کردبوو و ئەویتریان بۆ خودی ڕۆمانەکان بەجێهێشتبووە.



## بەشی نۆیەم: یاسای بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکان لەمەڕ دابەشکردنی زەوی و زار بە باشی جێبەجێ کرا

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە دابەشکردنی زەوی و زار لە لایەن بۆرگۆنی و ویزیگۆتەکانەوە، بە ڕێگەیەکی ستەمکارانەو موستەبدانە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە پێی ڕۆحی دابینکردنی پێداویستی دوو گەل کە دەبێ لە وڵاتێکدا ژیان بەسەر بەرن بە ئەنجام گەیشتووە.

لە یاسای بۆرگۆنیدا هاتووە: «پێویستە بۆرگۆنییەکان وەکو میوان لە لایەن ڕۆمانەکانەوە وەربگیرێن» . ئەم بابەتە کە تەنانەت لە یاساشدا ئاماژەی بۆ کراوە بە تەواوەتی لەگەڵ ڕۆحی هۆزە جێرمەنییەکاندا دەگونجێ، چونکە هەروەک تاسیت دەڵێ: جێرمەنەکان لە هەموو میللەتی سەر زەوی زیاتر میواندۆست بوونە.

لە یاسای بۆرگۆنییەکاندا، بەم جۆرە بڕیار لەسەر دابەشکردنی زەوی و زاری ڕۆما درابوو، دوو لەسەر سێی زەوییەکان و یەک لەسەر سێی وەرزێرەکان تایبەت بن بە بۆرگۆنییەکان، ئەم بابەتە زۆر عادیلانە بوو، چونکە لەگەڵ شێوازی ژیانی هەردوو میللەتی ڕۆمانی و بۆرگۆنیدا دەگونجا. ئاشکرایە بۆرگۆنییەکان ئاژەڵداربوون و دەبوایە ئاژەڵەکانی خۆیانیان بلەوەڕاندبا، هەر بۆیە پێویستییان بە زەوی و زارێکی زۆرتر هەبوو، بەڵام نیازێکی ئەوتۆیان بە ڕەعیەتەکان نەبوو، چونکە کشتوکاڵیان نەدەکرد. ئاژەڵداری پێویستی بە خەڵکی زۆر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکان خەریکی کشتوکاڵ بوون و ئاژەڵدارییان نەدەکرد هەر بۆیە ڕەعیەتێکی زۆرترو زەوییەکی کەمتریان پێویست بوو.

بۆرگۆنی و ڕۆمانەکان بەم چەشنە زەوی و زۆرەکانیان دابەشکرد، بەڵام جەنگەڵەکانیان لە نیوەڕا بەشکرد، چونکە هەردووکیان وەکو یەک پێویستییان بە جەنگەڵ هەبوو.

لە یاسای بۆرگۆنییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە هەر کام لە تاکەکانی بۆرگۆنی لە لای کەسێکی ڕۆمانی شوێنی کرایەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ڕۆمانەکان میوانیان بەرنەکەوت، چونکە ژمارەی ئەو بۆرگۆنییانەی چووبوونە نێو خاکی ڕۆما بە ڕادەیەک نەبوو کە هەر ڕۆمانییەک میوانێکی هەبێت.

لەم دابەشکردنەدا زیانێکی زۆر کەم بە ڕۆمانەکان کەوت، چونکە لەبەرئەرەی بۆرگۆنییەکان حەزیان لە کشتوکاڵ نەبوو، بۆیە هێندە سوور نەبوون لەسەر وەرگرتنی زەوی و زاری کشتوکاڵی و لە کاتی دابەشکردنی زەوی و زارەکاندا، ڕۆمانەکان کێڵگە باشەکانیان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد و هاوکات ئەو مێگەلە گەورەیەی بۆرگۆنەکان کە لە زەوی

و زاری رۆمانەکاندا دەمانەوە، دەبوونە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان.

## بەشی دەیەم: رەعیەتەکان

لە یاسای هۆزەکانی بۆرگۆنیدا هاتووە، کاتێ ئەم هۆزانە لە وڵاتی گۆلدا سەقامگیر بوون، دەستیان بەسەر دوو لەسەر سێی زەوی و زارەکان و یەک لەسەر سێی رەعیەتی تیولەکاندا گرت، لە رووی ئەم یاسایەوە بۆمان دەردەکەوێ، کۆیلەیی رەعیەتەکان و وابەستەبوونیان بە تیولەکان بەر لە هاتنی بۆرگۆنییەکان بۆ گۆل برەوی هەبووە.

هەر لەم یاسایەدا کە نە تەنیا پەیوەندی بە هۆزە بۆرگۆنییەکانەوە هەیە، بەڵکو تایبەتە بە هۆزەکانی فەرەنساش (گۆل)، هەندێ رێوشوێنی تێدایە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی لە نێوان چینی نەجیبزادەکان و ئازادەکان لە لایەک و رەعیەتە کۆیلەکان و رەعیەتی تیول دا داناوەو لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا فەڕەنسا شوێنی نیشتەجێبوونی رۆمانەکان بووە، هەر بۆیە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆیلایەتی رەعیەتەکان پەیوەندی بە رۆمانەکانەوە نەبووە، هەروەک چۆن ئەرستۆکراتییەت و نەجیبزادەییش تایبەت نەبووە بە هۆزە جێرمەنییەکانەوە. کەواتە لەم حاڵەتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هۆزەکانی بۆرگۆنیش خاوەنی نەجیبزادەو رەعیەت و تیول بوونە، هەر بۆیە دیسان لەم یاسایەدا هاتووە، هەرکاتێ یەکێک لە رەعیەتەکانی تیولی بۆرگۆنییەکان، بڕە پارەیەکی تایبەتی بدات کە دەرەبەگەکەی خۆی کە رۆمانییەو نەتوانێ یەک لەسەر سێی زەوی و زارەکانی دەرەبەگەکە وەربگرێت، هەر بە رەعیەتی تیولی دەرەبەگەکە دەمێنێتەوە. لەم یاسایەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە دوای هاتنی بۆرگۆنییەکان بۆ وڵاتی گۆل، رۆمە خاوەن زەوییەکانی ئەو ناوچەیە، ئازادییان هەبووەو ئەگەرچی بەر لە بۆرگۆنییەکانیش جارێک لە لایەن فرانکەکانەوە هێرشیان کرابووە سەر بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە لە حاڵەتی یەکەم و نە لە حاڵەتی دووەمدا ئازادی خۆیان لەدەست نەدا، ئەگینا هیچ پاساوێکی نەبوو کە رەعیەتە بۆرگۆنییەکان واتە رەعیەتی نەتەوەیەکی داگیرکار کە بەشێک بوون لە تیولی رۆمە خاوەن زەوییەکان، ناچاربکرێن لە رێگەی پارەوە ئازادی خۆیان بکڕن.

لێرەدایە کە یەکێک لە مێژوونووسە هاوچەرخەکانمان، بەڕێز «کۆنت دۆبولن ویلر» تووشی هەڵە هاتووەو بەشێک لە کتێبەکەی سەبارەت بەو بابەتەی کە گوایە، فرانکەکان بە مەبەستی بە کۆیلەکردنی رۆمەکان هەندێ رێوشوێنیان داڕشتووە، لەگەڵ راستیدا ناگونجێت، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە نووسەر نەیتوانیوە ئەم بەشە بسەلمێنێ.



پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو نووسەرە مەزنە، کتێبەکەی خۆی زۆر بە سادەیی و بەبێ تڵ تڵەو پڵەپڵە نووسیوەو لە کاتی نووسینی کتێبەکەیدا خەسڵەتی باش و رەسەنایەتی خۆی دەرخستووە، هەر بۆیەشە خوێنەر زۆر بە زوویی لایەنە باشەکانی کتێبەکەی بۆ دەردەکەوێ و سوود لە باس و وانە بە کەڵکەکانی وەردەگرێت، لە هەمان کاتیشدا هەڵەکانی کتێبەکە دەرک دەکات. لەو پێناوەدایە من هەوڵ نادەم رەخنە لەو کتێبە بگرم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە سەرنجڕاکێشی کتێبەکە بەهێزترە لە راستییەکانی نێوی و ئەگەرچی راستییەکانی ناگاتە پلەی بەلاغەت و سواری کتێبەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بە سووکی سەیری بکەین، چونکە ئاشکرایە نووسەری کتێبەکە زانیارییەکی فراوانی لەسەر مێژووی یاساکانی فەڕەنسا هەیە.

لە سەردەمی ئێستادا (سەدەی هەژدە) دوو مێژوونووسمان هەیە کە هەردووکیان کتێبیان لەسەر یاساو مێژووی کۆنی فەرەنسا نووسیووە. یەکێکیان بەرێز (کۆنت دوبولن ویلر) و ئەویتریشیان بەڕێز (ئابە دۆبسە).

بەڕێز کۆنت ویستوویەتی یەکڕاست رێزو پلەوپایەی چینی رەعیەتی فەڕەنسی بێ بەها پیشان بدات و بەڕێز ئابەش گەرەکی بووە، هیچ ئابڕوویەک بۆ چینی نەجیبزادەو رەسەنزادە نەهێڵێتەوە. هەردوو کتێبەکە کە بەنۆرەی خۆیان وەکو جۆرە ئیدعانامەو هەجونامەیەکی توندن، دژی چینی رعیەت و رەسەن زادەکانی فەڕەنسا. بەڵام ئێمە لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا ئەوەمان خوێندۆتەوە کاتێ خۆری جیهان فەرمان بەیەکێک لە فریشتە یان خواوەندەکان دەدا کە ناوی (فائتۆن) بووە هەتا گالیسکەکەی بە نێوەڕاستی ئاسماندا لێ بخوڕێت و بۆ ئەم مەبەستە روو لە فائتۆن دەکات و دەڵێ: «ئەگەر زۆر بەرز بفڕی ئەوا ئاسمان دەسووتێنی و ئەگەر زۆریش دابەزی ئەوا زەوی دەسووتێت، ئەگەر بۆلای راست بڕۆی ئەوا ئەستێرەکانی تیمساح[١٤٧] دەسوتێن و ئەگەر زۆریش بۆلای چەپ بخوشی ئەوا ئەستێرەکانی میحراب[١٤٨] دەسووتێن، کەواتە واباشترە میانڕۆیی لە دەست نەدەیت».

چاکتروابوو ئەو نووسەرە بەڕێزانەش میانڕۆییان لەدەست نەدابایەو ئەم شێوازە توندڕۆیەیان هەڵنەبژاردبایە.

## بەشی یازدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لە نووسەرەکان پێیان وابێت کە هۆزە جێرمەنییەکانی وەکو فرانک و بۆرگۆنی لە پاش داگیرکردنی فەڕەنسادا هەندێ رێوشوێنی تایبەتیان داڕشتووەو هەموو رۆمەکانیان کردووە بە رەعیەت و کۆیلەی

تیولەکانی خۆیان کە لەو سەردەمە لە فەرەنسادا نیشتەجێ بوونە، ئەوەیەکە: لەسەرەتای دەسەڵاتی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسا (سێهەمین نەژاد) دا لە فەرەنسا کۆیلەیی بەتەواوی پەرەی سەندبوو و لەبەر ئەوەی نووسەرەکان ئاگاداری رەوتی یەک لەدوای یەکی سەقامگیربوونی ئەو بارودۆخە نەبوونە، بۆیە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بەپێی رێوشوێنێکی تایبەتی گشت فەرەنسییەکان بوونەتە رەعیەتی تیولەکان.

بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە دەڵێم، لەسەرەتای سەڵتەنەتی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەرەنسادا، ژمارەی پیاوە ئازادەکانی فەرەنسا گەلێک زۆربووە (واتە ئەو کەسانەی کۆیلە «رەنجبەر»و رەعیەتی تیولەکانە نەبوونە). بەشێک لەو پیاوە ئازادانە سەر بەهۆزەکانی فرانک و بەشێکیشیان لە رۆمانەکان پێکهاتبوون، بەڵام بەرە بەرە ژمارەی رەعیەتی تیول (کۆیلە) بەچەشنێک زیادی کرد کە لە سەرەتای فەرمانڕەوایی سێهەمی پاشاکانی فەرەنسادا نەک هەر هەموو جوتیارەکان بەڵکو هەموو خەڵکی شارەکان ببوون بە کۆیلەو بەشێک لەتیولەکانی دەرەبەگ. لە کاتێک دا کە لەسەرەتای پاشایەتی یەکەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا، بەهیچ جۆرێ کۆیلە لەشارەکان دا بوونی نەبووەو دام و دەزگای شارەکان رێک وەکو هی رۆما بووە، واتە چینێکی بازرگان و کاسبکار هەبووە. هەموو شارێک خاوەنی یەک ئەنجوومەنی سەنا و دەسەتەیەک بووە کە لەدادوەرەکان پێک دەهات و کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵکیان تاوتوێ دەکرد، بەڵام لەسەرەتای پاشایەتی نەوەی سێهەمی پاشاکانی فەرەنسا، لەشارەکانیدا جگە لە کۆمەڵە رەعیەتێک کە بەشێک بوون لەتیولی دەرەبەگ و یەک یان چەند دەرەبەگێک هیچی تر نەبوو.

هۆکاری پەرەسەندنی کۆیلەیی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێک هۆزە جێرەمەنیەکان پەلاماری شوێنێکیان دەدا نەتەنیا زێڕو زیو و ناوماڵ و جلو بەرگیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، بەڵکو ژن و پیاو و منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و لەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکردن. بەڵام هەر ئەو هۆزانە، هەر کە لەدوای هێرش و پەلامارەکاندا ئاشت دەبوونەوە، ئیدی کاریان بەهیچ شتێکی خەڵکە داگیرکراوەکان نەبوو و بەهیچ جۆرێک ئازادی خەڵکەکەیان پێشێل نەدەکرد. یاسای نێونەتەوەیی لەو قۆناغەدا بەم چەشنەبوو کە لە کاتی جەنگدا هەموو شتێکی میللەتە داگیرکراوەکەو تەنانەت تاکەکانیشیان بەکۆیلەیی دەبرد و لە کاتی ئاشتیشدا چاویان نەدەبڕییە هیچ شتێک.

بەڵام ئەو خاڵەی دەمانەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە لە دوای پەلاماری یەکەم و سەقامگیربوونی ئاشتی و پاش ئەوەی فرانکەکان لە فەرەنسا نیشتەجێ بوون،



هیچ جۆرە ئیمتیازو جیاوازییەکیان لەنێوان خۆیان و رۆمانەکان دا نەدەکرد. کاتێک پاشایەتی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەرەنسا دەستی پێ کرد، زنجیرەیەک جەنگی بنەماڵەیی لەفەرەنسادا سەری هەڵدا، لەهەموو ئەو جەنگانەدا رەچاوی ئەو یاسا نێو نەتەوەییانە دەکرا کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن واتە بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ هەموو شتێکی میللەتە داگیرکراوەکە بەتاڵان دەبرا.

ئەگەر بێت و مێژووی نەوەی پاشاکانی فەرەنسا بخوێننەوە بۆتان دەردەکەوێ کە چەندە باوک و کوڕو براو برازاکان لە پێناوی تەخت و تاجی پاشایەتیدا لەگەڵ یەکتردا جەنگاون و لەهەموو ئەو جەنگانەشدا لەشکری لایەنی تێک شکاو بەتاڵان دەبردراو بەپێی یاسای نێونەتەوەیی و داب و نەریتی جەنگی ئەو سەردەمە لە نێو سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکران. بەم جۆرە هێدی هێدی، کۆیلایەتی بەجۆرێ لە فەرەنسادا تەشەنەی سەند، کە هاوشێوەی ئەو لە هیچ کام لە وڵاتە کۆنەکاندا نابینین.

ئەگەرچی داگیرکردن و دەست بەسەراگرتن حاڵەتێکی کاتەکییەو لەبەرامبەر قۆناغی ئاشتیدا تەمەنی کورتە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەهەر کام لەو داگیرکارییانەدا سامان و دارایی و تاکی نەتەوە تێکشکاوەکە بەتاڵان و غەنیمەت دەبران و دابەش دەکران و بۆ ماوەی چەندین سەدە لە هەموو سەرکەوتنەکاندا پەیڕەوییان لەم نەریتە دەکرد، کۆیلایەتی تیول لە فەرەنسادا ریشەی خۆی داکوتا و رەهەندێکی گشتی بەخۆوەگرت. وەکو بەڵگەی قسەکەمان دەڵێین، کاتێ تیودۆریکی پاشای فرانکەکان هێرشی کردە سەر خاکی «ئورنی» کە یەکێکە لە ویلایەتەکانی فەرەنسای ئێستا، بەهاوڕێکانی خۆی دەگوت: «من دەتانبەم بۆ سەرزەمینێک کە جگە لەوەی زێڕوزیوێکی یەکجار زۆرتان بەنسیب دەبێ، دەتوانن مێگەلێکی زۆرو کۆیلەیەکی بێ ئەژماریش وەدەست بێنن و هەموو خەڵکی ئەو شوێنە بە وڵاتی خۆتان ببەستنەوە».

لەحاڵەتێکی تردا لەکاتی جەنگی نێوان گۆنتران و شیلپریک، شاری «وێرژ» کە ئێستاکەش ماوە، کەوتە بەر پەلامارو ئەو سەربازانەی لەو جەنگەدا گەڕانەوە، هێندەیان خەڵک لەگەڵ خۆیاندا بردەوە دەتوانین بڵێین هیچ کەسێک لەنێو شاردا نەمایەوە.

لە حاڵەتێکی دیکەدا، تیودۆریکی پاشای ئیتاڵی کە هەمیشە گەرەکی بوو بەسەر سەرجەم پاشاکانی فەرەنسادا پایەبەرزتر بێ، کاتێ لەشکرەکەی خۆی رەوانەی فەرەنسا کرد بۆ ئەوەی هەموو یان بەشێکی ئەو وڵاتە داگیربکات، لە نامەیەکی دا بۆ فەرماندەی لەشکرەکە نووسی: «حەزمان لێیە ئێوە لە وڵاتی گۆل دا بەپێی یاساکانی رۆما هەڵسوکەوت بکەن و بەردەوام لایەنگری ئازادی بن و خۆ لە تاڵان و وێرانکردنی شارەکان

بیوێرن. ئێمە نامانەوێت وەکو پاشاکانی تر گیان و ماڵی خەڵک تاڵان بکەین، ئێمە گەرەکمانە بەجۆرێک شارەکان داگیربکەین کە دانیشتوانەکەی پەشیمان ببنەوە بۆچی زووتر نەبوونە بە هاووڵاتی ئێمە». لێرەدا مەبەستی سەرەکی پاشای ئیتاڵیا لە نەریتی پاشاکانی تر هەمان یاسای نێونەتەوەیی پاشاکانی فرانک و بۆرگۆنییە کە بە بێ هیچ جۆرە رەحم و بەزەییەکەوە گیان و ماڵی خەڵکیان دەکردە موڵکی خۆیان.

ئەم جۆرە حقوقە نێونەتەوەییە لەسەردەمی سەڵتەنەتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فرانکیش پەیڕەوی لێ دەکرا، چونکە کاتێک پپن هێرشی کردە سەر ویلایەتی ئاکیتن، ژمارەیەکی زۆر کۆیلە و غەنیمەتێکی فراوانی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە فەرەنسا.

دەتوانم ئاماژە بەگەلێک حاڵەتی تریش بکەم کە هەر هەموویان ئەم رایە دەسەلمێنن و دەریدەخەن لە تەواوی جەنگەکاندا نەتەنیا ماڵ و دارایی خەڵکە تێک شکاوەکان بەتاڵان دەبرا بەڵکو تاکەکانیشیان دەکردە کۆیلە و دەکران بە بەشێک لە تیولی داگیرکارەکان. ئەو کەسانەی دەیانەوێت بەڵگەیەکی زۆرتر سەبارەت بەم رایە وەدەست بێنن وا چاکە بەسەرهاتی ژیانی کۆیلەو پیاوە ئاینییەکانی ئەو سەردەمە بخوێننەوە، چونکە پیاوە ئایینییەکانی ئەوکات بەبینینی بارودۆخی سەخت و دڵتەزێنی کۆیلەکان نارەحەت دەبوون و لە پێناوی کڕینەوەی ئەو کۆیلانە نەک زەوی و زارەکانی کەنیسە بەڵکو هەندێ جار قاپ و چرای دێرەکانیشیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی ئەو کۆیلە بەدبەختانە لەنەتەوە داگیرکارەکان بکڕنەوەو نەهێڵن بیانبەنە وڵاتی خۆیان.

بەهۆی بەرقەراری ئەم نەریتە بۆماوەی چەندین سەدە بوو کە کۆیلایەتی لە فەرەنسادا پەرەی سەندو رەعیەتی تیول بەم چەشنە زۆر و زەوەندە لە فەرەنسادا زیادی کرد.

کتێبە مێژوویی و حقوقییەکان بخوێننەوە بۆتان دەردەکەوێ کە چەندین هەزار بەڵگە لەم کتێبانەدا هەیە کە ئەو رایەی سەرەوە دەسەلمێنێ و هەموو رستەو دەستەواژەو بەسەرهاتە وشک و بێ رۆحەکانی ئەم کتێبانە ئەو رایە پەسند دەکەن کە من لەم بەشەدا ئاماژەم بۆکردووە.

بەهەرحاڵ کاتێ داگیرکەرەکان تاکە ئازادەکانیان وەکو کۆیلە لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، زەوی و زارێکی پان و بەرین بەبێ خاوەن دەمایەوە، ئەوکات ئیدی دەرەبەگەکانی دەوروبەر کە خاوەنی تیول و رەعیەتێکی یەکجار زۆربوون، دەستیان بەسەر ئەم زەوی و زارانەدا دەگرت و لە وێدا ئاوەدانی و شارۆچکەیان دروست دەکرد و کۆیلەکان، واتە رەعیەتی تیولەکانی خۆیانیان لەو شوێنانەدا نیشتەجێ دەکرد.

ئەو تاکە ئازادانەی دەکران بە کۆیلەو بەدیل دەگیران، هەر هەموویان جوتیار وەرزێر



نەبوون بەڵکو بەشێکیان سەنعەتکاربوون و پاش ئەوەی بەکۆیلە دەگیران و دەبوون بە بەشێک لەتیولی دەرەبەگ، سەر لەنوێ پەرەیان بەسەنعەت و پیشەی خۆیان دەدایەوە و بەرە بەرە ئاوەدانی و شارۆچکەکانیان گەشەی دەسەند و دەبوون بەشار، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە سەنعەتکارو خاوەن پیشەجۆراوجۆرەکان هەمیشە وەکو بەشێک لە تیولی دەرەبەگ دەمانەوە.

## بەشی دوازەهەم: زەوی و زاری
## تایبەت بەخێڵە جێرمەنییەکان باجیان نەدەدا

جێرمەنەکان نەتەوەیەکی سادەو دەست کورت بوون کە لە هەموو ژیانی خۆیاندا بە ئازادی، یان خەریکی شوانی و ئاژەڵداری بوون و یا دەکەوتنە جەنگ و ململانێوە و هیچ جۆرە پیشەیەکیان نەبوو. کۆختەو کەپرەکانی خۆیانیان لە قامیش دروست دەکردو کاتێکیش لەگەڵ سەرۆکەکانی خۆیاندا سەفەریان دەکرد و دەستیان بەسەر زەوی و زاری خەڵکانی تردا دەگرت تەنیا لە پێناوی ئەوە دابوو کە سوودێکیان پێ بگات، لەم داهاتە هیچ جۆرە باجێکیان نەدەدا و مەبەستی سەرەکیشیان وەرگرتنی باج و خەراج بوو لە خەڵکانی تر.

ئەگەر لەهەندێ حاڵەت دا خێڵە جێرمەنییەکان هەندێ باجیان بە ناوی خەرجی جەنگ دەدا، ئەوا دانی ئەم باج و خەراجە لەدوای سەقامگیرو نیشتەجێ بوونیان لەزەوی وزاری وڵاتە داگیرکراوەکان بوو، ئەگینا پێشتر هیچ جۆرە باجێکیان نەدەدا.

لە مێژوودا ئاماژە بەوە کراوە کە (شیلپریک) و (فردگوند) کە دوو پاشای فرانکەکان بوون باجێکی تایبەتیان داناوە، بەجۆرێک کە لە هەر جەرەیبێکی زەوی گۆزە شەرابێک وەکو باج وەربگیرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە فرانکەکان ئەو باجەیان تەنیا خستبووە سەر رۆمانەکان و دواتریش کە نارەزایەتی دژی ئەم باجە دەربڕدرا، ئەم نارەزاییە لەلایەن رۆمانەکانەوە بەرز کرایەوە و لە بنەڕەتدا قەشەکانی ئەوکات کە هەر هەموویان رۆمانی بوون دژی ئەم باجە نارەزاییان دەربڕی.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەو باجانە زیاتر دانیشتوی شارەکانی دەگرتەوەو هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوی شارەکان هەر هەموویان رۆمانی بوون و لە ئاکامدا خێڵەکانی فرانک کە جێرمەنی بوون، باجی زەوی و زاریان نەدەدا.

«گرگوار دۆتۆری» مێژوونووسی بەناوبانگی فەرەنسی لە بەرگی حەوتەمی کتێبەکەی خۆیدا ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە ئەم بابەتەی ئێمە دەسەلمێنێ.

ئەو میژوونووسە دەڵێت: لەپاش مەرگی شیلپریک، یەکێک لەدادوەرەکانی ئەو سەردەمە لە ترسی خەڵک ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر کەنیسە و لەوێدا نیشتەجێ بێت بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێ ئازاری پێ بگەیەنێت، چونکە ئەم دادوەرە لەسەردەمی شیلپریک دا سوودی لە نفووزو چاودێری ئەو پاشایە وەرگرتبوو و سەرەڕای ئەوەی خێڵەکانی فرانک ئازاد بوون و وەکو بەشێک لە رەعیەتی تیول لەقەڵەم نەدەدران، کەچی باجی خستبووە سەر ئەوانیش.

ئەم بابەتە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە لەبەر ئەوەی خێڵە فرانکەکان بەشێک نەبوون لەرەعیەتی تیول هەر بۆیە باجیشیان نەدەدا.

یەکێک لە مێژوونووسە هاوچەرخەکان بەڕێز ئابەدۆبس بەجۆرێک ئەم بەشە لە مێژووی گرگوار دۆتۆر کە بەزمانی لاتینی نووسراوە، تەفسیر دەکات کە بۆتە مایەی شەرمی ئەو کەسانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی لاتینی دا هەیە.

«ئابە» ئێژێ: لەم قۆناغەدا فرانکەکان لەبنەڕەتدا ئازاد نەبوون بەڵکو کۆیلە بوون بەڵام دواتر ئازاد کران. ئەوسا وشەی لاتینی (ئنژنوئی) کە واتاکەی ئازادی بنەڕەتی و ئازادی پیاوە، بەمانای «ئازاد لە باج» تەفسیر دەکات، لە کاتێکدا کە هەموو ئەو کەسانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی لاتینیدا هەیە دەزانن، ئەگەر ئێمە بتوانین لەزمانی فەڕەنسیدا مەفهوومی دەستەواژەی (ئازاد لە باج) کەم و زۆر قبووڵ بکەین دەبێ بڵێین (بەخشراو لە باج). هیچ لاتینی زانێک لە دەستەواژەی «ئنژنوئی تریبۆتیس» کە مانای ئازاد لە باج بدا تێ ناگات و قبووڵی ناکات.

بە هەرحاڵ با زیاتر لە بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە... خێڵە فرانکەکان لەسەرەتادا باجیان نەدەدا، گرگوار دۆتۆر لە شوێنێکی دیکەدا بۆ تەئیدکردنی ئەم بابەتە دەڵێ: فرانکەکان دادوەرێکیان بەناوی پارتینوس کوشت، چونکە باجی بۆ دانابوون. بەڕێز ئابەدۆبس لەبەر ئەوەی ئەو بەشەی خوێندۆتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ دەرچوون بدۆزێتەوە، بەبێ بیرکردنەوەو رامان دەڵێ: کاتێ فرانکەکان ئەو کەسەیان کوشت لەبەرئەوە نەبوو باجی بۆ دانابوون بەڵکو لەبەر ئەوە بوو باجی زیادەی لەسەر دانابوون.

لە یاسای ویزیگۆتەکان دا رێوشوێنێک هەیە کە بەپێی ئەو رێوشوێنە هەر کاتێک یەکێک لە تاکەکانی خێڵ دەست بەسەر زەوی زاری کەسێکی رۆمانیدا بگرێ ئەوا حەتمەن دەبێ بە رۆمانیەکی تری بفرۆشێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت باج لەو زەوی و زارە وەربگیردرێت. لەم یاسایەشەوە بە باشی بۆمان دەردەکەوێت کە ویزیگۆتەکان باجی زەوی و زاریان نەدەدا، بەڵکو ئەوە رۆمانەکان بوون کە دەبوایە باج بدەن.



ئابەدۆبس بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ و بڵێ فرانکەکان و سەرجەم خێڵە جێرمەنییەکان باجیان دەدا، پەنای بردۆتە بەر یاسای ژوستینینی ئیمپراتۆری رۆمانی و دەڵێ: لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو یاسایە لە رۆمادا سوودی جەنگی باجی دەکەوتەسەر، هەر بۆیە فرانکەکانیش باجیان لە قازانجی جەنگی و تیولی خۆیان دەداو لە درێژەی ئەم بەڵگەخوازییەدا دەیەوێ بڵێت؛ نەریتی تیول بە هۆی داب و نەریت و رێوشوێنی رۆمانەکان لە فەڕەنسادا سەقامگیربوو، بێ ئاگا لەوەی لە قۆناغێکدا کە خەڵک پێیان وابوو تیول لە فەڕەنسادا بە گوێرەی نەریتی رۆمانەکان بەڕێوەدەچێ، خەڵکی تەنیا شارەزاییان لەسەر مێژووی رۆمانەکان هەبوو و هیچ زانیارییەکیان لەسەر مێژووی خودی فەڕەنسا نەبوو، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەمڕۆکە بە باشی ئاگاداری مێژووی کۆنی فەڕەنساین و دەزانین هەندێ فاکتەری دیکە بوو بە هۆکاری جێگیربوونی تیول.

بەڕێز ئابەدۆبس بەڵگە مێژووییەکان بە پێچەوانەی رۆحی راسەقینەی خۆیان تەفسیر دەکات و ئەو هەڵەیەشی تەنیا لە یەک دوو شوێندا نەکردووە. بۆ نموونە دەڵێ: خێڵە فرانکییەکان باجیان دەدا، بەڵام لەوە غافڵە کە رەعیەتی تیولەکانی ئەو خێڵانە باجیان دەدا نەک ئەو کەسانەی کە ئازاد بوون. لە شوێنێکی دیکەدا کە باسی سەربازی دەکات دیسان تووشی هەڵە دەبێ، چونکە رەعیەتی تیول سەربازییان نەدەکرد بەڵکو فرانکە ئازادەکان خزمەتی سەربازییان ئەنجام دەداو بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی ئازاد دەبوون بە سەرباز.

## بەشی سێزدەهەم: ئەو باجەی گۆلەکان
## لە کاتی دەسەڵاتداری پاشا فرانکییەکان لە فەڕەنسادا دەیاندا

تا ئەو کاتەی کە رۆمانی و گۆلەکانی فەڕەنسا لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکانی رۆمادا ژیانیان بەسەر دەبرد، هەندێ باجی تایبەتیان دەدا، بەڵام پاش ئەوەی هێرش و پەلاماری خێڵە جێرمەنییەکان دەستی پێکردو فرانکەکان گۆل (فەرەنسا)یان داگیر کردو رۆمانی و گۆلەکان لە بەرامبەر فرانکەکاندا تێکشکان، دیسان تاکو ماوەیەک باجیان دەدا، بەڵام لە پاش ئەوە ئیدی باج بەرەو خزمەتی سەربازی گۆڕانی بەسەردا هات. من نازانم لەبەرچی، لەگەڵ ئەوەدا کە فرانکەکان لە سەرەتادا حەزیان لە باج دان بوو کەچی بەرەو خزمەتی سەربازی چوون.

ئەو شتەی بابەتەکەمان دەسەلمێنێ یەکێک لە فەرمانەکانی لویسی ورگ زلی پاشای فرانکەکانە، چونکە لە سەردەمی ئەو پاشایەدا کۆمەڵە خێڵێکی جێرمەنی کە لە

ئیسپانیادا نیشتەجێ بوون لە ترسی موسڵمانەکان هاتنە فەڕەنساو لویسیش بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئەوان فرمانێکی دەرکرد کە واتای فرمانەکە بەم جۆرە بوو: «ئەم خێڵانە وەکو پیاوە ئازادەکان لەگەڵ سەرکردە عەسکەرییەکانی خۆیاندا دەچنە بەرەکانی جەنگ و لە کاتی ڕێپێواندا لە ژێر چاودێری و فەرمانی فەرماندەکانی خۆیاندا پاسەوانی دەدەن و ئەسپ و گالیسکە دەدەن بەو باڵوێزو نوێنەرانەی پاشا کە لە دەربارەوە بۆ شوێنەکانی تر دەنێردرێن یان لە جێگەکانی دیکەوە دێنە دەربار، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بارەکانی خۆیان هەڵگرن، هەروەها بڕیاردراوە کە هیچ جۆرە باج و سەرانەیەک لە تاکەکان وەرنەگیرێت و لەم ڕووەوە وەکو سەرجەم تاکە ئازادەکانن.

ئەو ڕێوشوێنە نەریتێکی نوێ نەبوو سەبارەت بەو خێڵانەی کە تازە دەهاتنە ناوەوە، بەڵکو یەکێک لە نەریتە کارپێکراو و ئاساییەکانی خێڵە فرانکییەکان بوو.

یاسایەکی تر کە لە ساڵی (٨٦٤)ی زایینیدا دانراوە، بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکا: «بە پەیرەوی لە نەریتە کۆنەکان تاکە ئازادەکان خزمەتی سەربازی ئەنجام دەدەن و ئەوان دەبێ جگە لە خزمەتی جەنگی ئەسپ و گالیسکە (هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد) بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی باڵوێزو نوێنەرەکانی پاشا، بخەنە ژێر دەستی ئەوانەوە». ئەمە یەکێک لەو باجانەیە کە تایبەت بووە بە تاکە ئازادەکان، بەڵام ئەو کەسانەی خاوەنی تیول بوون ئەم باجەیان نەدەدا[١٤٩].

یاسایەکی تر لە سەردەمی شارلمانی لە ساڵی (٨١٢)ی زایینیدا داڕێژراو بە پێی ئەو یاسایە هیچ کەسێک نەیدەتوانی باج لە تاکەکان وەربگرێ. بەڵام هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە هەموو حاڵەتەکاندا تاکە ئازادەکان دەبوایە بچنە بەرەکانی جەنگ تەنانەت ئەگەر خاوەنی تیولیش بوایەن.

هەرکەسێک خاوەنی چوار مانوار خاک بوایە، واتە تیولی ئەو کەسە لە چوار پارچە زەوی گەورە پێکهاتبا کە بە هەر کامێکیان دەگوت مانوار، دەبوایە بچێتە بەرەکانی جەنگ. ئەوکەسەی سێ مانواری هەبوو لەگەڵ ئەو کەسەی خاوەنی یەک مانوار بوو دەبوو بە شەریک، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو کەسەی نەدەچووە بەرەکانی جەنگ و لە ماڵی خۆی دەمایەوە دەبوایە بە ئەندازەی دوو مانوار باج و خەراج بدات و بەم ڕێگەیە خزمەتی سەربازی خۆی بکڕێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەی لە دوو مانواریان زیاتر نەبوو لەگەڵ یەکتردا دەبوونە شەریک. ئەو کەسەی نەدەچووە جەنگ و لە ماڵی خۆی دەمایەوە، باجێکی تایبەتی دەدا کە بەهای خزمەتی سەربازی خۆی بوو.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، چەندین نیزام و ڕێوشوێنی ئەوتۆ هەیە کە لە سەردەمی



پاشایەتی پاشاکانی فرانکدا هیچ کام لە حاکمە سەربازی و خاوەن پلەو پایە سەڵتەنەتییەکان نەیاندەتوانی باج لەو تیولانە وەربگرن کە تایبەت بوون بە تاکە ئازادەکان.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بەوە کرد کە دانیشتوانی فەڕەنسا واتە ڕۆمانی و گۆلەکان لە سەردەمێکدا کە فەڕەنسا لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بوو، باج و خەراج و مالیاتی جەنگیان دەدا، بەڵام لە دوای زاڵبوونی فرانکەکان باج و خەراج و مالیاتی خەرجی جەنگ لە فەڕەنسا هەڵوەشێنرایەوە، چونکە فرانکەکان میللەتێکی سادەو ساکاربوون و سەریان لە وردەکاری و بگرەو بەردەی ڕێوشوێن و یاسای ڕۆمانەکان دەرنەدەچوو و هەر لە بنەڕەتدا هێچ کاتێک بیریان لەوە نەکردەوە کە دەکرێ ئەم جۆرە باجە وەربگیرێت.

ئێستاکە ئەگەر بێتو تەتەرەکان پەلاماری کیشوەری ئەورووپا بدەن و داگیری بکەن، پێم وا نییە هیچ کام لە سەڕاف و ئەو کەسانەی خەریکی ئیش و کاری دارایین، بتوانن وردەکارییەکانی دارایی و بابەتی پەیوەندیدار بە ئابوورییان تێبگەیەنن. ئەوانیش کە سەریان لەم بابەتانە دەرناچێت ئەوا بێگومان پەیڕەوی لە شێوازی خۆیان دەکەن.

با لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە، نووسەری بێ ناونیشانی ژیانی لویسی ورگ زل، سەبارەت بەو حاکمە سەربازی و خاوەن پلەوپایە سەڵتەنەتییانەی کە لە لایەن شارلمانییەوە لە ویلایەتەکانی ئاکیتێن لەسەر ئیش و کاری جۆراوجۆر دامەزرابوون، دەڵێت: «ئەرکی سەرشانیان بوو پارێزگاری لە سنوورەکان بکەن و لە کاتی جەنگدا ئامادەبن و هاوکاتیش کاروباری ئەملاکی پاشایەتی بەڕێوەبەرن».

لەم بابەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەڕەنسادا زەوی و زاری پاشایەتی لە لایەن حاکمی سەربازی و خاوەن پلەوپایەی پاشایەتی بەڕێوە دەبران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بزانین لەم قۆناغەشدا تاکە ئازادەکان بە پێچەوانەی سەردەمی ڕۆمانەکان، باجیان نەدەداو هەموو باج و سەرانەی ئەو قۆناغە لەوەدا کورت کرابۆوە کە تاکە ئازادەکان پارێزگاری لە سنوورەکان بکەن و بچنە بەرەکانی جەنگەوە.

لە شوێنێکی تریشدا هەر ئەم نووسەرە بێ ناونیشانە دەڵێ: «لویس بۆ بینینی باوکی خۆی (شارلمانی) چوو بۆ ئەڵمانیاو باوکی پاش پرسین لە حاڵ و بەسەرهاتی کوڕەکەی سەری سوڕما بۆچی لویس سەرەڕای بوونی پایەی سەڵتەنەت کەچی هەر هەژارە، بەڵام لویس بە باوکی گوت: من تەنیا بە ناو پاشام و خاوەنی پێدەشت و زەوی و زار نیم.

شارلمانی پاش ئاگاداربوون لە مەسەلەکە، ژمارەیەک حاکم و باج وەرگری نارد بۆ ئەوەی زەوی و زارەکانی لویس بەڕێوەبەرن و داهاتەکەی کۆبکەنەوە و ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد، ڕاستەوخۆ خۆ لە کاروباری زەوی و زارەکان هەڵنەقورتێنێ، نەوەکا بکەوێتە بەر رق و کینەی خەڵکەوە، چونکە لویس بەشی هەرە زۆری زەوی و زارەکانی خۆی بە خەڵکانی تر بەخشیبوو و ئەگەر ڕاستەوخۆ خۆی لە کاروباری زەوی و زارەکان هەڵقورتاندبا، ئەوا دەکەوتە بەر رق و کینەو دژایەتی خەڵک».

بەڵگەیەکی دیکە سەبارەت بەو باجەی کە تاکە ئازادەکان دەیاندا ئەوەیە کە چینی ڕۆحانییەکان نامەیەکیان بۆ شارلی ئەسڵەع نووسی و پێیان گوت: «چاکەخوازی ناچارمان دەکات پێت بڵێین، لەوە پاش کاتێکی زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی ئەملاک و زەوی و زارەکانی خۆت تەرخان بکە، بۆ ئەوەی ناچار نەبی هەمیشە لە ڕێگەی هۆیەکانی دام و دەزگا ڕۆحانییەکان گەشتەکانت ئەنجام بدەی و بە هۆی وەرگرتنی ئەسپ و گالیسکە ڕەعیەتەکانیان هیلاک بکەی، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانی لە ڕێگەی داهاتی خۆتەوە بژێوی ژیانی خۆت دابین بکەی و پێشوازی لە باڵوێزەکان بکەی». لەم نامەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە داهاتی سەرەکی پاشاکانی ئەو سەردەمە، تەنیا بریتی بووە لە بەروبوومی موڵک و زەوی و زارەکان و هیچ داهاتێکی تریان نەبووە.

## بەشی چواردەهەم: واتای باجی سنفی و باجی چینایەتی چییە؟
## “Census, tributum”

بە مەبەستی تێگەیشتن لە بابەتەکانی ئەم بەشە دەبێ بڵێم، لە سەردەمە کۆنەکان و لە قۆناغی شارستانییەتی ڕۆمانەکاندا، چینە جیاجیاکان بەسەر دەستەو گروپی جۆراوجۆردا دابەش دەکران و هەر کامێکیان بە پێی توێژو چینی خۆی باجی دەداو بە هەریەک لەم چینانەیان دەگوت سان.

دوای ئەوەی نەتەوە جێرمەنییەکان خاکی خۆیانیان بەجێهێشت و هەندێ وڵاتی تریان داگیرکرد، کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە یاساو داب و نەریتەکانی خۆیان بنووسنەوەو بیخەنە سەر کاغەز، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسینی وشەو رستەی جێرمەنی بە پیتی لاتینی گران بوو هەر بۆیە بە زمانی لاتینی نووسیانەوە.

لەم سەروبەندەدا بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئاکامی داگیرکاری و سەرکەوتنی نەتەوە جێرمەنەکان ڕوویاندا، بەشێکی زۆری داب و نەریتەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات و بۆ ئەوەی بتوانن داب و نەریتە نوێیەکان شی بکەنەوە، ناچاربوون پەنا بەرنە بەر وشەی



کۆنی لاتینی (واتە ڕۆمانی)و بە تایبەتی ئەو وشانەی کە زیاتر لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە نوێیەکاندا دەگونجان، لەم پێناوەدا بۆ ئەو پرس و بابەتانەی کە کەم و زۆر بە چینەکانی ڕۆما دەچوو وشەی سنفیان هەڵبژاردو کاتێ بۆیان دەرکەوت لە هەندێ حاڵەتدا ئەو وشەیە لەگەڵ پێگە تازەکاندا ناگونجێ، پەنایان بردە بەر وشەی دەستە، دواتریش کە وشەی سنف و دەستە بەبێ ڕێسایەکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی سەرەڕۆییانە بەکار دەبرا، هەندێ هەڵەی لێکەوتەوە، هەر بۆیە واتای ئەم دوو وشەیە لە قۆناغی نەوەی یەکەم و دووەمی پاشاکانی فەرەنسادا نادیارەو تەنانەت نووسەرو دانەرە نوێیەکانیش لە هەمبەر ئەو دوو وشەیەدا تووشی هەڵە هاتوون، لەبەر ئەوەی سەرنجیان داوە لە ڕۆمای کۆندا هەردوو وشەی سنف و دەستە بە یەکەوە هاتوون هەر بۆیە بە خۆیان گوتووە، بێ هیچ گومانێک پاشاکانی فەڕەنسا لە کاتی دەسەڵاتی نەوەی یەکەم و دووەمدا لاسایی شێوازی ئیمپراتۆرە ڕۆمەکانیان کردۆتەوەو هەمان میتۆدی حکومەتکردنی ئەوانیان لە فەڕەنسادا بەکارهێناوە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایە پێیان وابووە، هەندێ لەو باج و سەرانەیەی کە لە سەردەمی پاشایەتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسادا وەرگیراوە، هاوشێوەی هەمان باجی سنفی و باجی چیایەتی ڕۆمای کۆن بووە و لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا زەوی و زارو ئەملاکی پاشایەتی نەدەفرۆشرا واتە نەدەگواسترایەوە (بەڵام بەر لەم قۆناغە ئەو زەوی و زارانە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرایەوە یان لە خەڵکی ترەوە بە پاشا دەگەیشت) هەر بۆیە نووسەرە نوێیەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم گواستنەوەو گواستنەوەکارییە، نامەشرووع و ستەمکارانەو داگیرکەرانە بووە. بەڵام ئەو بیروبۆچوونەی نووسەرو توێژەرەوە نوێیەکان هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەوان لەسەر ئەو بنەمایەی کە شێوازی ژیانی هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕێک وەکو ئێستا وابووە، بارودۆخی ژیانی ئێستایان لەگەڵ ئەو قۆناغەدا بەراورد کردووە. جێی خۆیەتی ڕووی دەمم بکەمە نووسەرە نوێیەکان و وەکو کەهەنەی میسر کە سۆلۆنی حەکیمی یۆنانیان پێ منداڵ بوو، پێیان بڵێم: «بەڕێزان... ئێوە لە منداڵێک زیاتر نین».

## بەشی پازدەهەم: باجی سنفی داهات لە رەعیەتی تیول وەردەگیرا نەک لە پیاوە ئازادەکان

پاشاو پیاوە ئایینی و ئەرستۆکراتەکان، هەر کام بە نۆرەی خۆیان باجیان لە رەعیەت و ڕەنجبەری تیولی خۆیان وەردەگرت. هەڵبەت خوێنەران دەزانن کە ڕەعیەتی تیول لە

راستیدا کۆیلەبوون و هیچ چەشنە ئازادییەکیان نەبوو.

ئەو باجە سنفییەی کە لەو سەردەمەدا پێیان دەگوت سانسۆس، بە پێچەوانەی باجی ئەمرۆکە، نەدەچووە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەڵکو رەهەندێکی تایبەتی و تاکەکەسی هەبوو و تەنیا لە رەعیەتی تیول وەردەگیرا. ئەو بەڵگانەی من بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە لە بەردەستمدان بەم جۆرەیە:

**یەکەم:** لە یەکێک لە فەرمانەکانی پاشایەکی فرانکیدا ئاماژە بەوە کراوە کە هیچ کەسێک ناتوانێ بچێتە ریزی سالیکی پیاوە ئایینییەکان و تەنیا کاتێک دەتوانێت کە ئازادبێت و نێوی لە ریزی ئەو کەسانەدا تۆمار نەکرابێت کە باجی سانسۆس دەدەن. لە رووی ئەم فەرمانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە، تاکە ئازادەکان ئەو جۆرە باجەیان نەدەدا.

**دووەم:** شارلمانی دەستەیەکی رەوانەی ویلایەتی ساکسۆن کردو ئەم دەستەیە خەڵکی ئەو ناچەیەیان بۆ دینی مەسیحی بانگهێشت کردو پاش ئەوەی خەڵکەکە دینی مەسیحییان قبووڵ کرد، پاشا هەمووی لە دانی باجی سانسۆس بەخشین و ئازادی کردن. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە چینە ئازادەکان باجی سانسۆسیان نەدەدا.

**سێهەم:** بەشێوەیەکی گشتی وەکو رەعیەتی تیول هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو بێگانانەدا دەکرد کە دەهاتنە فەرەنسا، بەڵام لەسەردەمی شارلمانیدا کاتێ کۆمەڵە ئسپانیەک روویان کردە فەرەنسا، پاشا فەرمانی دەرکرد و ئەمری بەحاکمە سەربازییەکان کرد کە هیچ چەشنە باجێکیان لێ وەرنەگرن و وەکو رەعیەتی تیول رەفتاریان لەگەڵدا نەکەن. ئەم بابەتەش دەری دەخات کە تاکە ئازادەکان باجیان نەداوە.

**چوارەم:** شارلی ئەسڵەع لە ساڵی ٨٤٤ زایینیدا فەرمانێکی لە بەرژەوەندی ئسپانییەکان دەرکردو بەپێی ئەو فەرمانە بریاری دا نابێ هەڵسوکەوت و رەفتاری بەرپرس و حاکمی ویلایەتەکان دەرحەق بە ئسپانییەکان هیچ کەمتربێ لەو هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ فرانکەکاندا دەیکەن و پێویستە وەکو پیاوە ئازادەکان رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و هیچ جۆرە باجێکی سانسۆسیان لێ وەرنەگیرێت. ئەم بابەتەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە تاکە ئازادەکان باجی سانسۆسیان نەدەدا.

**پێنجەم:** بەپێی ماددەی (٣٠) لە فەرمانی ناسراو بەفەرمانی پیست دا هاتووە:

«هەروەکو دیارە، ژمارەیەک لەو کەسانەی کە خاوەنی زەوی و زاری کەنیسەن یان موستەعمەرەی سەڵتەنەتین، بەشێکی گرنگی زەوی و زارەکانی خۆیان بەو پیاوە ئایینی و ئەرستۆکراتانە دەفرۆشن کە هاوشانی خۆیانن و تەنیا بەشێکی کەم بۆخۆیان دەهێڵنەوە و لە ئاکامدا ئەو زەوی و زارانە بەهۆی نەمانی رەعیەتی تیول، باجیان ناکەوێتە سەر، هەر



بۆیە لە رێگەی ئەم فەرمانەوە بریار دەدەین، ئەو زەوی زارانە بەئەرستۆکراتان مەفرۆشن و لێگەرێن بەشێوەیەکی ئاسایی زەوی و زارەکان لەلایەن رەعیەتی تیولەوە رەنێو بهێنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێ باج لەو رەعیەتانە وەربگیرێت.» لەم فەرمانەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە باجدان، لەسەرشانی رەعیەتی تیولەکان بووە نەک تاکە ئازادەکان.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن، دەردەکەوێ کە لەسەردەمی پاشایەتی فرانکەکان لە فەرەنسادا، باج بەشێوەیەکی گشتی، بۆ کۆکردنەوەی لەنێو خەزێنەی دەوڵەتدا وەرنەگیراوە، بەڵکو هەموو خاوەن زەوی و زارێک بۆ بەرژەوەندی خۆی باجی لەرەعیەتەکان وەردەگرت، هەروەک چۆن پاشاش بەقازانجی خۆی باجی لەرەعیەتی تیولەکانی خۆی وەردەگرت. دیسان فەرمان و ئەحکامێکی گەلێک زۆرمان لەبەردەست دایە کە ئەم خاڵە دەسەلمێنێت:

١- بەپێی مەرسومی پاشایەتی کە لەساڵی ٨٠٥ی زایینیدا دەرچوو، بریاردراوە: «ویستی ئێمە ئەوەیە، لە هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشتر بەرێگەیەکی شەرعی باجی سانسۆسی پاشایەتی وەرگیراوە، سەرلەنوێ هەر لەو ناوچانەدا ئەم سانسۆسە پاشایەتییانە وەربگیرێت. ئەم فەرمانە دەری دەخات کە پاشا تەنیا لە زەوی و زاری سەڵتەنەتی باجی وەرگرتووە.

٢- لە ساڵی ٨١٢ زایینیدا فەرمانێک لەلایەن شارلمانییەوە دەرچوو کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەبوو: ئەرکی سەرشانی نێردراوەکان ئەوەیە کە توێژینەوەیەکی تەواو لە ویلایەتەکاندا بکەن، بۆ ئەوەی هەموو ئەو باجدەرانەی کە پێشتر بەشێک بوون لە زەوی و زاری پاشایەتی دیاری بکرێن تا سانسۆسیان لێ وەربگیرێت.

لەم فرمانەش بۆمان دەردەکەوێ کە پاشا تەنیا باجی لە رەعیەتی تیول و زەوی و زارەکانی خۆی وەرگرتووە نەک لەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگا.

٣- لە شوێنێکی تردا هەر ئەم پاشایە واتە شارلمانی فەرمانێکی دیکە دەردەکات کە ئەم دەستەواژانەی تێدا دەبینرێت:

«هەرکاتێ کەسێک توانی موڵکێک بەدەست بێنێت کە ئێمە پێشتر بەشێوەیەکی ئاسایی سانسۆسمان لێ وەرگرتووە...»

ئەم بابەتەش وتەکەی ئێمە دەسەلمێنێت.

٤- شارلی ئەسڵەع (کەچەڵ) لە یەکێک لە فەرمانەکانی خۆی دا لەمەڕ ئەو زەوی و زارانەوە دواوە کە لە هەموو قۆناغەکاندا لەلایەن پاشاوە باجیان لێوەرگیراوە. لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێ کە پاشا تەنیا باجی، زەوی و زارە تایبەتییەکانی خۆی وەرگرتووە

نەک لە هەموو زەوی و زاری وڵات.

دیسان خاڵێکی تر کە بیروبۆچوونەکەمان دەسەلمێنێ ئەوەیە:

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە تاکە ئازادەکان دەبوایە ئەسپ و گالیسکە بۆ نێردراوو باڵوێزەکانی پاشا دابین بکەن و جگە لەمە هیچ باجێکی تریان نەکەوتۆتە سەرشان. ئەم بابەتە لە بەشێکی زۆری یاسا پاشایەتییەکاندا بەراشکاوی گونجێنراوە کە باجی سەرشانی تاکە ئازادەکان تەنیا دابینکردنی ئەسپ و گالیسکەیە، بەڵام باجی سەرشانی رەعیەتی تیول، باجی دەرامەتە. تەنیا یەک حاڵەتمان بەرچاودەکەوێ کە تێیدا بابەتی دانی باج لەلایەن تاکە ئازادەکانەوە قسەو باسی لەسەرکراوە. ئەو حاڵەتە لە فەرمانی پیپست کە لە ساڵی ٨٦٤دا دەرچووە، بەرچاو دەکەوێت. لەم فەرمانەدا هاتووە:

«ئەو تاکە ئازادانەی لەسەردەمی قاتوقڕی و گرانیدا بۆ رزگاربوون لە برسیەتی، خۆیان فرۆشتووەو بوونەتە بەشێک لە تیول، ئەگەرچی بەپێی فەرمانی پاشا ئازاد دەکرێن، بەڵام پێویستە ئەو کەسانە باجی سەرانە بدەن.»

تەنیا لەم حاڵەتەدا تاکە ئازادەکان باجیان دەداو ئەو حاڵەتەش حاڵەتێکی ریزپەڕەو پەیرەوی لە رێسای گشتی دەکات، چونکە مەسەلەی دانی باج لەلایەن رەعیەتی تیولەوە جێگرو نەگۆڕ بووە کە تەنانەت ئەو رەعیەتانەی کە بەپێی فەرمانی پاشاش ئازاد دەکران، دیسان باجێکی تایبەتیان دەدا.

بەهەرحاڵ... هەروەکو پێشتر گوتمان، بەهیچ جۆرێ نابێ پێمان وابێت لەسەردەمی پاشایەتی فرانکەکاندا، دەوڵەت وەکو ئیمپراتۆرە رۆمانەکان باجی گشتی لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەردەگرت و ئەوەیش کە بەناوی سانسۆس ناوزەدکراوە، جۆرە باجێک بووە کە هەموو خاوەن زەوی و زارەکان لە رەعیەتی تیولی خۆیانیان وەرگرتووە.

لێرەدا داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەم کە بەهۆی شیکردنەوەی دوورودرێژو چوونە نێو بابەتی لاوەکیەوە، هیلاکم کردن. بەڵام مەبەستی سەرەکی من لەو شیکردنەوانە ئەوەبوو کە هەڵەکانی ئابەدۆبس (نووسەری کتێبی سەڵتەنەتی فەرەنسا لە سەردەمی گۆلدا) راست بکەمەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر راستی بۆ دەرکەوێت، چونکە بۆ وەدەست هێنانی زانیاری راست، سەرەتا پێویستە هەڵەکان راست بکەینەوە پاشان هەوڵی وەدەستهێنانی زانیاری بدەین.

## بەشی شازدەهەم: یاوەرەکان

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە گەورەپیاو و سەرۆک هۆزە



جێرمەنیەکان، کاتێک دەچوونە بەرەکانی جەنگ، ژمارەیەکی زۆر هاوڕێیەتیان دەکردن و ئەم نەریتە لە دوای داگیرکردنی وڵاتەکان و یەک لەوان وڵاتی فەرەنسا هەروەکو خۆی مایەوە.

تاسیت کە بەسەرهاتی خێڵە جێرمەنەکانی نووسیوە، ئەم جۆرە کەسانەی واتە کەسانی دەوروبەری سەرۆک خێڵ کە لەگەڵیدا دەچوونە جەنگ، بە «هاوڕێیان» ناوزەد دەکات. لە یاسای سالیکدا ئەم کەسانە پێیان دەگوترا دڵسۆزەکان. مێژوونووسە سەرەتاییەکانی ئێمەش، واتە مێژوونووسەکانی فەرەنسا، پێیان دەڵێن دڵسۆزەکان. هەر ئەم چینەیە کە دواتر ناوی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکانیان لەسەر خۆیان داناو مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستیان لە ئەوروپادا پێکهێنا. بەڵام چونکە ئێمە لە درێژەی نووسینەکەماندا هێشتا هەر لە سەرەتای کارداین و تائێستا نەگەیشتووینەتە ئەو شوێنەی کە هاوڕێیەکان بوونەتە ئەرستۆکرات و نەجیبزادە، هەر بۆیە هەر بەناوی یاوەرەکان ناویان دێنین.

یاوەرەکان کە بێگومان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ماڵ و دارایی ببوونە هاوڕێی سەرۆکەکان، بەزۆری مەبەستەکەی خۆیان دەپێکاو زەوی و زاریان بەدەست دێنا. کە دواتر زەوی و زاری تایبەتی یاوەرەکان بەهۆی تێپەڕبوونی کات و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ناوی نوێی لەسەردانرا بە چەشنێ کە هەندێ جار پێیان دەگوتن زەوی و زاری تایبەتی و هەندێ کاتیش زەوی و زاری شانازی و لە کۆتاییدا ناوی تیولیان لەسەر دانرا: هیچ گومانێکمان لەو خاڵە نییە کە تیولی یاوەرەکان کە دواتر بوو بەتیولی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان، لەسەرەتادا قابیلی گواستنەوە بوو واتە پاشا دەیتوانی تیول لە هەموو کەسێک بسێنێتەوە و گەلێک بەڵگەمان لەبەر دەست دایە کە ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت و یەک لەوان «گۆنتران»ی پاشای نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەرەنسایە. پاش ئەوەی برازاکەی خۆی (شیلدبرێت)ی لەسەر کورسی پاشایەتی دانا، بەنهێنی ئامۆژگاری کرد: بۆ پتەوکردنی بناغەی پاشایەتییەکەی دەبێ تیول لە هەندێ کەس وەرگرێتەوەو بیدا بە کۆمەڵێکی دیکە. ئەم بابەتە دەریدەخات کە بەپێچەوانەی قۆناغەکانی دواتر، تیولی نەجیبزادەکان قابیلی فرۆشتن و گواستنەوە بووە. لە جێگەیەکی تردا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە یەکێک لە پاشاکانی فرانک نە تەنیا داهاتی تیولی خۆی بەڵکو داهاتی تیولی یەکێکی تری دەدا بەکەسی سێهەم. ئەم بابەتەش دەیسەلمێنێ کە تیول قابلی گواستنەوەو فرۆشتن و دەستکاری و تەسەروف پێکردن بووە.

بەکورتی، لەهەموو مێژوو و یاساو ئەو بەڵگانەی لەنەتەوە جۆراوجۆرە جێرمەنییەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە تیولی یاوەرەکان لەسەرەتادا

دەشیا بگوێزرێتەوە، بەڵام دواتر پاشاو گەورە پیاوەکان تیولیان وەکو زەوی وزارو مووچەو مەزرای ئێستا بۆ ماوەی ساڵێک یان زیاتر دەدا بەخەڵکانی دیکە، وەلێ هەروەکو هەموو لایەک دەزانن، لە کۆتاییدا تیول بوو بە هەتاهەتایی، واتە کاتێک زەوییان دەدا بە یەکێک، ئەو کەسە تا کۆتایی ژیانی سوودی لێ وەردەگرت و هیچ کەسێک نەیدەتوانی زەوییەکەی لێ بسێنێتەوە.

## بەشی حەڤدەهەم: خزمەتی سەربازی پیاوە ئازادەکان

لەو سەردەمەی کە جێگای باسی ئێمەیە، خزمەتی سەربازی دووچینی دەگرتەوە، یەکەمیان یاوەرەکان بەشێوەیەکی گشتی کە خاوەنی تیول بوون و هەر بە حوکمی هەبوونی ئەو تیولە بەپێی سوێندێکی تایبەتی دەبوایە بە پاشا وەفاداربن و حەتمەن بچنە بەرەکانی جەنگ. دووەمیان پیاوە ئازادەکان بوون کە خزمەتی سەربازی ئەرکی سەرشانی ئەوانیش بوو. ئەو چینە بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەر بە فرانک یان رۆمان یان گۆلن، دەبوایە لەژێر فەرماندەیی حاکمێکی سەربازیدا بچنە بەرەکانی جەنگ.

تاکی ئازاد بەو کەسانە دەگوترا کە خاوەنی تیول نەبوون، هەرلەم رووەوە ئەرکی وەفاداربوون بەرامبەر بە پاشایان نەدەکەوتە سەر ئەستۆ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە وەکو رەعیەتی تیولەکان، کۆیلە نەبوون و ناچارنەبوون تا کۆتایی ژیان کشتوکاڵ و وەرزێری بۆ خاوەن تیولەکان بکەن. تاکە ئازادەکان خاوەنی هەندێ زەوی و زار بوون کە نەوەک تیول و نەوەک زەوی کۆیلەکان بوو، بەڵکو بەنێوی زەوی و زاری ئازاد ناوزەد دەکرا.

ئاماژەمان بەوەکرد کە تاکە ئازادەکان وەکو خاوەن تیولەکان لەژێر فەرماندەیی حاکمێکی سەربازی دا دەچوونە بەرەکانی جەنگ و لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا حاکمی سەربازی (کۆنتەکان) تاکە ئازادەکانیان کۆدەکردەوەو بەرەو گۆڕەپانی جەنگیان دەبردن.

ئەم سەربازانە بەسەر دەستەی سەد کەسیدا دابەش دەکران و هەر کام لەدەستەکان لەژێر فەرمانی بەرپرسێکدا بوو، ئەم بەرپرسەش لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکدابوو. بەڵام هەموویان لەژێر فەرمانڕەوایی کۆنتەکاندا بوون.

لەسەرەتادا سەربازە فرانکییەکان بەسەر دەستەی سەد کەسیدا دابەش نەکرابوون، بەڵکو دوای ئەوەی فرانکەکان هێرشیان کردە سەر فەرەنساو داگیریان کرد، دوو پاشای فرانکی کە سەر بە نەوەی یەکەمی فەرەنسا بوون، ئەم نەریتەیان سەقامگیر کردو فرانکەکانیان بەسەر دەستەی سەد کەسیدا دابەش کرد.



ئەم دوو پاشایە لەسەرەتادا هەموو فرانکەکانیان بەسەر دەستەی سەد کەسیدا دابەش کردو مەبەستی سەرەکیشیان لەم دابەش کردنە ئەوەبوو کە پێشی ئەو دزی و راوڕووتە بەردەوامە بگرن کە لەوسەردەمەدا پەرەسەی سەندبوو و رۆژ لە دوای رۆژ زیادی دەکرد و بەتایبەتیش مەبەستیان ئەوەبوو کە ئەگەرهاتوو لە شوێنێکدا دزی روویدا بەپەلە پەیوەندی بە بەرپرسی دەستە سەد کەسییەکانەوە بکەن و دزەکە دەستگیر بکەن. دواتریش کە پێویستی پێکهێنانی لەشکر هاتە ئاراوە، بەمەبەستی دابەشکردنی دەستەی سەربازەکان، سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرت وسەربازەکانیشیان بەسەر دەستەی سەد کەسی یان هەروەکو ئەمڕۆ پێی دەگوترێ لق دابەش کرد.

هەروەک چۆن حاکمە سەربازییەکان تاکە ئازادەکانیان بۆ بەرەکانی جەنگ دەبرد، ئەرستۆکراتەکانیش، ئەرستۆکراتی بچووکتر لە خۆیانیان کۆدەکردەوەو بەرەو گۆڕەپانی شەڕیان دەبردن. ئەسقەفەکانیش، قەشەو پیاوە ئاینییەکانیان گرد دەکردەوەو بەرەو مەیدانەکانی جەنگیان دەبردن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەسقەفەکان لەکاتی چوون بۆ جەنگ تووشی گەلێک زەحمەت و تەنگ و چەڵەمە دەهاتن و هەلومەرجی ژیان و جلوبەرگی ئاینییان لەگەڵ جەنگدا نەدەگونجا، هەر بۆیە داوایان لە شارلمانی کرد ئەوان لە چوون بۆ مەیدانەکانی جەنگ ببەخشێ. شارلمانی ئەم داواکارییەی پەسند کردو قەشەکانی لەچوون بۆ جەنگ بەخشی، بەڵام زۆری نەخایاند کە سەر لەنوێ دەنگی ناڕەزایەتی و سکاڵایان لێ بەرز بۆوەو وتیان لەبەر ئەوەی ئێمە ناچینە بەرەکانی جەنگ و شەڕناکەین، هەر بۆیە کۆمەڵگا بەچاوێکی سووکەوە سەیرمان دەکات، ئیدی شارلمانی ناچاربوو کە هەندێ رێوشوێنی تایبەتی دابڕێژێ بۆ ئەوەی خەڵک رێزی پیاوە ئاینییەکان بگرن و بەسووک سەیریان نەکەن.

هەندێ لەمێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن و پێیان وایە سەرەڕای ئەوەی پاش دەرچوونی بڕیاری شارلمانی ئیدی قەشەکان نەدەچوونە بەرەکانی جەنگ، بەڵام ئەو نەجیبزادانەی کە خاوەنی تیولی کەنیسە بوون(١٥٠) لەلایەن حاکمە سەربازییەکانەوە کۆدەکرانەوەو بەرەو گۆڕەپانی جەنگیان دەبردن.

پێویستە بەم جۆرە ئاماژە بە بابەتەکە بکەین: ئەگەرچی نەجیبزادەکان کە بەشێوەیەکی گشتی بەشێک بوون لە کەنیسە بۆ گۆڕەپانەکانی جەنگ دەبردران، بەڵام لەلایەن کۆنتەکانەوە کۆنەدەکرانەوە، بەڵکو بەردەوام لەژێر فەرمانی ئەو کەسەی کە بۆ خۆیان بەسەرۆکیان هەڵبژاردبوو و لەچینی پیاوە ئاینییەکان بوو، دەچوونە بەرەکانی جەنگ.

ئەو خاڵەی پێویستە لەم بابەتەدا سەرنجی بدەین ئەوەیە، هەمیشە چینی جۆراوجۆری

نەجیبزادەکانی ئەو سەردەمە، هەندێ سەرۆکی تایبەتیان هەبوو کە لەنێو خۆیاندا هەڵیان دەبژاردن و بەردەوام لەژێر فەرماندەیی ئەو سەرۆکانەدا دەچوونە مەیدانەکانی جەنگەوە.

بەڵگەشمان بۆ سەلماندنی ئەم بیروبۆچوونە یەکێک لە یاساکانی لویسی ورگ زلی فەرەنسایە کە لەساڵی ٨١٩ زایینیدا دەری کردووە: پاشا لەم فەرمانەدا نەجیبزادەکانی بەسەر سێ چینی جیاوازدا دابەش کردبوو، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** ئەو نەجیبزادانەی بەشێک بوون لە سنووری پاشا.

**دووەم:** ئەو نەجیبزادانەی بەشێک بوون لە سنووری ئەسقەفەکان.

**سێهەم:** ئەو نەجیبزادانەی بەشێک بوون لە سنووری فەرماندە سەربازییەکان.

ئەو نەجیبزادانەی کە بەشێک بوون لە سنووری پاشا، هەمیشە لەلایەن یاوەرەکانی پاشا واتە لەلایەن نەجیبزادە پلە یەکەکانی پاشاوە رەوانەی مەیدانی جەنگ دەکران. هەروەها نەجیبزادەکانی تریش لەژێر فەرماندەیی نەجیبزادە پلە یەکەکان کە هاوشانی ئەوان بوون دەچوونە گۆڕەپانی جەنگ و تەنیا لەیەک حاڵەتدا فەرماندە سەربازییەکان (کۆنتەکان) نەجیبزادەکانی پاشایان بۆ مەیدانی جەنگ دەبرد ئەویش لەکاتێکدا کە یاوەرەکان واتە نەجیبزادە پلە یەکەکانی پاشا بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی کە لە دەرباردا دەهاتنە ئاراوە نەیاندەتوانی بۆ خۆیان نەجیبزادەکانی پاشا بۆ مەیدانەکانی جەنگ ببەن.

بەڵام خودی یاوەرەکان... کە وەکو نەجیبزادەی پلە یەکی پاشا سەیریان دەکرا، بەردەوام لەژێر فەرماندەیی پاشا دەچوونە مەیدانی جەنگ، ئەم بابەتە لە هەندێ کاتدا دەبووە هۆی رەنجانی پیاوە ئایینییەکان و شکایەتیان لەوە دەکرد بۆچی پاشا وەکو سەرۆکی نەجیبزادەکانی کەنیسە ناچێتە بەرەکانی جەنگ، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشاکانی نەوەی یەکەمی فرانک پاشای بەغیرەت و جوامێر بوون، هەرگیز قبوولیان نەدەکرد هاوڕێ لەگەڵ نەجیبزادەکانی کەنیسە بچنە مەیدانەکانی جەنگ، بەڵکو هەمیشە بەرپرسی سوارچاکەکانیان لەنێو نەجیبزادە پلە یەکەکانی سەڵتەنەتی کە لەراستگۆیی و وەفادارییاندا هیچ جۆرە شک و گومانێکیان نەبوو، هەڵدەبژارد و فەرماندەیی یاوەرو نەجیبزادەکانی؟ خۆیان لەمەیدانەکانی جەنگدا دەگرتە ئەستۆ. شارلمانی لە ساڵی ٨١٢دا فەرمانێکی دەرکرد کە زیاتر ئەم بابەتە دەسەلمێنێ:

گشت نەجیبزادەکانی سنووری یاوەرەکان و هەموو ئەوکەسانەی کە چوار مانوار[١٥١] زەوییان هەیە، دەبێ لەکاتی جەنگدا پەیڕەوی لەیاوەرەکان بکەن و بچنە بەرەکانی جەنگ. مەبەستی شارلمانی لەدەرکردنی ئەو فەرمانە ئەوەبوو کە خاوەنی زەوی وزاری تیولی بەسەرکردایەتی ئەو نەجیبزادانەی کە پارێزەری تیولی ئەوانن بچنە مەیدانەکانی جەنگ،



بەڵام تاکە ئازادەکان لەبەر ئەوەی خاوەنی زەوی وزاری تیولی نین و خاوەنی زەوی ئازادن لەژێر فەرمانی حاکمە سەربازییەکاندا بجەنگن.

بەڕێز ئابەدۆبس-ی نووسەری هاوچەرخ کە چەندین جار لەم کتێبەدا ناومان هێناوە، لێرەشدا تووشی هەڵە هاتووەو دەڵێ: کاتێک لەنێو فەرمانەکاندا بە مەبەستی چوون بۆ بەرەکانی جەنگ باس لە سنوری نەجیبزادەکان دەکرێت، مەبەست رەعیەتی تیولیە. پاشان بۆ سەلماندنی وتەکەی خۆی ئاماژە بەداب و نەریتی خێڵە ویزیگۆتەکان دەکا کە لە ئیسپانیادا دەژین، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر لەجیاتی ئەم کارە سوودی لەخودی فەرمانی پاشا فرانکییەکان وەرگرتبا تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبوو.

شتێک کە حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە رەعیەتی تیولی (کۆیلەکان) بە هیچ جۆرێک نەدەچوونە بەرەکانی جەنگ و تەنیا تاکە ئازادەکان (نەجیبزادەو غەیرە نەجیبزادەکان) لەگەڵ دوژمندا دەجەنگان و ئەوەش راستییەکە کە دەتوانین بڵێین لە هەموو فەرمان و رێوشوێنی پاشاکانی فرانکدا بۆمان دەردەکەوێ.

شێوازی جموجۆڵی دەستە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەکانی جەنگ بەم جۆرەی لای خوارەوە بوو:

سوپای فرانکەکان لەکاتی جەنگدا بەسەر سێ چیندا دابەش دەکران؛

**یەکەم:** سوپای سەر بە سنووری یاوەرەکان کە لە نەجیبزادە پلە یەکەکان پێک دەهاتن و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خودی یاوەرەکان لەژێر فەرماندەیی پاشادا بەرەو مەیدانەکانی جەنگ دەڕۆیشتن.

**دووەم:** نەجیبزادەی سنووری کەنیسەکان کە لەژێر فەرماندەیی یەکێک لە نەجیبزادەکان کە لەلایەن خۆیانەوە هەڵدەبژێردرا، دەجەنگان.

**سێهەم:** تاکە ئازادەکان کە لەژێر فەرماندەیی حاکمە سەربازییەکان (کۆنتەکان) دەچوونە گۆڕەپانی جەنگ. بۆ ئەوەی هیچ چەشنە گومانێک نەمێنێ، پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە هەندێ جار وا رێکدەکەوت هەندێ چینی نەجیبزادەکان لەژێر فەرمانی حاکمە سەربازییەکاندا دەچوونە بەرەکانی جەنگ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی پلەوپایەو نفووزی کۆنتەکان لەهی ئەوان زیاترو چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆنتەکان فراوانتر بوو، بەڵام ئەو بابەتە تاڕادەیەک وەکو حاڵەتێکی (استثناء) ریزپەڕ وابوو. هەر ئەم پلەوپایەو دەسەڵاتە دەبووە هۆی ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا کۆنتەکان نەجیبزادەکانیان غەرامە دەکردو لەکاتی ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیاندا لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا دەکردن.

## بەشی هەژدەهەم: دادوەریی سەربازی و مەدەنی

یەکێک لەپرەنسیپەکانی حکومەتی پاشاکانی فرانک واتە پاشا یەکەمەکانی فەڕەنسا ئەوەبوو کە هەموو نەجیبزادەو پیاوە ئازادەکان و بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو تاکە ئازادانەی کە لەژێر فەرماندەیی سەربازی تاکەکەسێکدا بوون، ئەوا هەر ئەم کەسە فەرماندەیی مەدەنی ئەو تاکانەشی بە ئەستۆوە دەگرت و هەموو کاروبارو کێشەو مشتومڕەکان لەڕێگەی ئەو کەسەوە چارەسەرو یەکالا دەکران.

یەکێک لە فەرمانەکانی لویسی ورگ زل لە ساڵی ٨١٥ نەک هەر فەرماندەیی سەربازی بەکۆنتەکان بەخشیوە بەڵکو مافی حوکمدانی مەدەنیشی پێ داون و لەبەر ئەوەی حاکمە سەربازییەکان بەردەوام پیاوە ئازادەکانیان بەرەو مەیدانەکانی جەنگ دەبرد، هەر بۆیە لە دادگاکانی خۆیاندا کێشەو مشتومڕەکانی ئەوانیان تاوتوێ دەکردو دادگای کۆنتەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەنێوی دادگای پیاوە ئازادەکان ناوبانگی دەرکرد و لەم دادگایانەدا تاوتوێی ئەو مشتومڕانەیان دەکرد کە لەمەڕ ئازادییەوە دەکران.

پێویستە ئەوە بزانین کە یەکێک لەو هۆکارانەی وایدەکرد کۆنتەکان نەتوانن نەجیبزادەی کەنیسە یان ئەرستۆکراتی دەستەکانی تر بۆ بەرەکانی جەنگ ببەن ئەوەبوو کە ئەم نەجیبزادانە، نەدەکەوتنە نێو چوارچێوەی مافی قەزاوەتی مەدەنی کۆنتەکانەوە و لەبەر ئەوەی کۆنتەکان نەیاندەتوانی ئەوان لە دادگا مەدەنییەکانی خۆیاندا دادگایی بکەن هەر بۆیە مافی ئەوەشیان نەبوو ئەمانە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ ببەن.

بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو قۆناغەکانی رابردوودا مافی قەزاوەتی مەدەنی و سەربازی شان بەشانی یەکتر چوونەتە پێش و ئیتباعی هەرکام لە نەجیبزادەو کۆنتەکان هەروەک چۆن لەژێر فەرمانی سەربازی ئەواندابوون ئەوا لەژێر فەرمانی دادوەریشیاندا بوونە و دەبوایە کێشەکانی خۆیان لەنێو دادگای ئەو ئەرستۆکرات و کۆنتانەدا کە مەتبوعی ئەوانن بێننە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد نەجیبزادەو کۆنتەکان ببنە خاوەنی ئەم دوو مافە، بابەتی ئەسپ و گالیسکە بوو. چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەبەر ئەوەی سوپا (ئەو پیاوە ئازادانەی دەچوونە بەرەکانی جەنگەوە) دەبوایە ئەسپ و گالیسکە دابین بکەن و ئەم کارە لەژێر چاودێری ئەو ئەرستۆکرات و نەجیبزادانەی کە مەتبوعی ئەوان بوون بە ئەنجام دەگەیشت، هەر بۆیە بەرەبەرە نەجیبزادەکان لەگەڵ ئەوەدا کە؟ خۆیان بەرەو بەرەکانی جەنگ دەبرد، توانیان مافی دادوەریی مەدەنیش لەهەمبەر ئەو کەسانەدا وەدەست بێنن.



بەهەرحاڵ ئەگەرچی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، บارودۆخی نەجیبزادەو کۆنتەکان هەندێ گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەڵام بەردەوام خاوەنی هەردوو مافی قەزاوەتی سەربازی و مەدەنی بوون و کێشەو مشتومڕی سنووری ئەوان لە دادگای حاکمە سەربازییەکان (کۆنتەکان)یان ئەرستۆکراتەکاندا چارەسەرو یەکالا دەکرا.

سەرەڕای ئەوەی کۆنتەکان حاکمی سەربازی وڵات بوون، بەڵام هەندێ سەرۆک و کاربەدەستی بەرزتریان هەبوو کە پێیان دەگوترا (دوک).

هەندێ لەمێژوونووسان وتوویانە، هەرکام لە دۆکەکان چەندین کۆنتیان لەژێر دەستدا بووە کە ئەوان تەنیا تاوتوێی کاروبارە سەربازییەکانیان کردووەو دوکەکان بۆ خۆیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کێشە مەدەنییەکان دەکرد. بەڵام ئەم بابەتە هێندە لەراستییەوە نزیک نییەو هەروەک چۆن کۆنتەکان جگە لە بابەتە سەربازییەکان تاوتوێی بابەتە مەدەنییەکانیشیان دەکرد، ئاوهاش دۆکەکان تاوتوێی بابەتە سەربازی و مەدەنییەکانیان دەکرد، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە هەندێ لە کۆنتەکان سەرۆک و دەسەڵاتی بەرزتر لە خۆیان نەبوو واتە لەژێر فەرمانی دۆکەکاندا نەبوون و لەسنووری فەرمانڕەوایی خۆیاندا تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆبوون.

مافی کۆنت و دۆک و سەرجەم ئەرستۆکراتەکان تەنیا بریتی نەبوو لە مافی مەدەنی و سەربازی بەڵکو مافی وەرگرتنی باجیشیان هەبوو و هەروەکو پێشتر وتمان باجیان لەرەعیەتی تیولەکان وەردەگرت.

لەوانەیە خوێنەر پێی وابێ لەسەردەمی سەڵتەنەتی پاشاکانی فرانکدا دانیشتوانی وڵاتی فەڕەنسا رۆژگاریان بەسەخت و دژواری رابواردووەو لەژێرباری قورسی زوڵم و ستەمدا پشتیان چەماوەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دەستیان بەسەر مافە سەربازی و مەدەنی و داراییەکاندا گرتبوو و هەرچییەکیان حەز لێبایە دەیانکرد و هیچ کەسێک نەیدەتوانی ئەم لاو ئەولا بکات. بەڵام لەراستیدا وانەبووەو هەرگیز نەجیبزادەو ئەرستۆکراتە فرانکییەکان وەکو دەسەڵاتدارەکانی تورکیا و ئێران بەتەنیایی حوکمیان دەرنەکردووەو ئەستەم بوو کێشەیەکی سەربازی یان مەدەنی بێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو چەندین دادوەر بۆ چارەسەرکردن و یەکالاکردنی مشتومڕو کێشەکە بانگهێشت نەکرێن. شتێکی ئاساییە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا کێشەکە تا ئەو شوێنەی بگونجێ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر دەکرێت. کاتێک چاو بەمێژووی ئەو سەردەمەدا دەخشێنینەوە، زنجیرەیەک ناوی جۆراوجۆر بە پێش چاوماندا تێپەڕدەبن کە لەسەردەمە یەک لەدوای یەکەکاندا جڵەوی کاروباری دادوەرییان لەژێر دەستدا بووەو

لەوانەیە جیاوازی ناوەکان ببێتە هۆی نەهێشتنی شک و گومان و پێتان وابێت ئەمانە وەکو دەسەڵاتدارە موستەبدە سەرەڕۆیەکان بەپێی هەواو هەوەسی خۆیان حوکمیان دەرکردووە.

بەڵام راستی ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانە لەگەڵ هەبوونی ناوی جیاواز جێنشینی کۆنت و ئەرستۆکراتەکان بوونە کە بەپلەی دادوەریی لە دادگا سەربازی و مەدەنییەکاندا ئامادەبوونە و بەشێوەیەکی ئاسایی هەرکام لە کۆنت و ئەرستۆکراتەکان حەوت دادوەری بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان هەبووە. بەڵام لەبەر ئەوەی دەبووایە حەتمەن دوازدە دادوەر لە دادگادا ئامادەبن هەر بۆیە دادوەرەکانی تریان لەنێو ئەو کەسانەدا هەڵدەبژارد کە لەناوچەکەدا جێگای متمانەی خەڵک بوون.

ئەستەم بوو کۆنتەکان یان دۆکەکان یان پاشا و یان ئەرستۆکراتەکان بە تەنیایی حوکم دەربکەن، ئەوە یەکێک لەو نەریتە جوان و پەسندانە بوو کە فرانکییەکان لە خاکی جێرمەنەوە لەگەڵ خۆیانیاندا هێنابوو. کاریگەری ئەم جۆرە حوکم دەرکردنە تاکو ئێستاش لە دادگاکانی ئێمەدا بەرچاو دەکەوێت.

بەسەرنج دانی ئەو بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەرستۆکراتەکان نەیاندەتوانی بە ئارەزووی خۆیان کەڵکی خراپ لە مافی دادوەریی سەربازی و مەدەنی وەرگرن و تەنانەت رێگەی خراپ بەکارهێنانی سەڵاحیەتی وەرگرتنی باجیشیان لێ داخرابوو، چونکە یاساو رێوشوێنێکی ورد بۆ وەرگرتنی باج دارێژرا بوو کە پەیوەندی و ئەرکی دەرەبەگ و رەعیەتی بەشێوەیەکی روون و ئاشکراو بەراشکاوی دەستنیشان کردبوو.

## بەشی نۆزدەهەم: غەرامە لەنێو خێڵە جێرمەنییەکاندا

بۆ ئەوەی خوێنەر بەباشی لە بابەتەکانی ئەم بەشە تێ بگات، ناچارین کورتە باسێک لەسەر داب ونەریتی خێڵە جێرمەنییەکان بخەینە روو. تاسیتی مێژوونووسی بەناوبانگ دەڵێ: «لەنێو خێڵە جێرمەنییەکاندا تەنیا دوو کردەوە وەکو تاوانی گەورە سەیریان دەکرا، یەکێک لەم دوو تاوانانە خیانەت کردن بەمیللەت و ئەویتریان ترسنۆکی بوو. جێرمەنەکان ئەنجامدەرانی ئەم دوو تاوانانەیان زۆر بەتوندی سزا دەدا. خیانەتکاریان لە داردەداو ترسنۆکەکانیان دەخستە نێو رووبارەوە. جگە لەم دوو تاوانە، هیچ تاوانێکی گەورەی دیکە کە شایانی سزای لە داردان بێت نەبوو».

هەرکاتێک یەکێک سووکایەتی بە کەسێکی تر بکردایەو یان خەسارەت و زیانی پێ



بگەیاندبا، خزم و کەسی شکایەتکارو تاوانبارەکە دەهاتنە ناوەوەو رێگە چارەیەکی گونجاویان دەدۆزیەوەو نەیاندەهێشت کینەو دوژمنایەتییەکە درێژە بکێشێ.

ئەگەر کەسێک کەسێکی بکوشتبا، دیسان خزم و کەسی هەردوولا دەکەوتنە ناوبژیوانی و هەوڵیان دەدا رێگە چارەی پێکهاتنەوە بدۆزنەوە. تەنیا لەنێو یەکێک لە خێڵە جێرمەنییەکاندا واتە لەنێو فریزونەکان سەڵاحیاتی دیاری نەکراویان بۆ تۆڵەسەندنەوە دانابوو. ئەگەر یەکێک کوژرابا، ئەوا خزم و کەسی کوژراوەکە بەهەموو جۆرێک فشاریان دەخستە سەر بکوژو خزم و کەسەکانی و ئەم جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەیان تا کاتێک درێژە پێ دەدا و تا سنوورێک دەیانبردە پێش هەتا ئاگری رق و کینەیان خامۆش دەبوو. دواتر لەنێو ئەم خێڵەشدا هەندێ تەعدیلاتیان لەم یاسا توندوتیژەدا کردو بڕیاریاندا دەبێ تۆڵەسەندنەوە سنوورێکی دیاریکراوی هەبێت و خزم و کەسی کوژراوەکە هیچ کارێکیان بە خزم و نزیکەکانی بکوژەکە نەبێ و تەنیا تۆڵە لە بکوژەکە بکەنەوە. بکوژیش تا ئەو کاتەی دادگایی و مەحکوم نەکرابوو، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بەردەرگای ماڵەکەی پێ بگرێت و نارەزایی لەدژ دەربڕێت و بکوژەکە مافی ئەوەی هەبوو بە ئازادی هاتوچۆی کەنیسە بکات و بەئازادی بچێتە دادگا.

بەکورتی لەنێو خێڵە جێرمەنییەکاندا هەوڵ دەدرا لەرێگەی ئاشتی و پێکهاتن پێشی بەردەوامبوونی کینەو دوژمنایەتی بگیرێت. بۆ نموونە لە یاسای سالیکدا کە یەکێک لەخێڵە لاوەکییەکانی فرانک بوون، بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر هاتباو یەکێک گۆڕێکی هەڵدابایەوەو تەرمێکی لەقەبر دەرهێنابایە ئەوا دەبوایە لە کۆمەڵگا وەدەربنرێت و بەتەنیایی ژیان بەسەر بەرێت، تا ئەو کاتەی تاوانبارەکە دەیتوانی رەزامەندی خزم و کەسی مردووەکە وەدەست بێنێ، تا کاتێ خزم و کەسی مردووەکە لێ خۆش نەبووبانایە، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبوو ئەو کەسە بباتەوە ماڵی خۆی، یان خواردنی بداتێ و تەنانەت ژنەکەشی نەیدەتوانی خواردنی بۆ ببات.

بەڵام دواتر پیاوی ژیری خێڵە جێرمەنییەکان کەوتنە بیری ئەوەی بۆ حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی وەکو بەدەستهێنانی رەزامەندی (لێخۆشبوون) شکایەتکار، هەندێ رێوشوێنی تایبەتی دابڕێژن. پیاوە ژیرو تێگەیشتووەکانی خێڵ بڕیاریاندا ئەوان لە جیاتی خزم و کەسی هەردوولایەن کاری نێوبژیوانی و بەدەستهێنانی رەزامەندی و چەسپاندنی ئاشتی ئەنجام بدەن و بۆ تاوان و سەرپێچییە جۆراوجۆرەکان هەندێ غەرامە دیاری بکەن.

بەراستی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا توانیان عەقڵ و دووربینی خۆیان بسەلمێنن، ئێمە ئەمڕۆ کاتێ سەیری رێوشوێنەکانیان سەبارەت بە تاوانە جۆراوجۆرەکان دەکەین،

بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری هۆزە جێرمەنییەکان کۆمەڵە پیاوێکی ژیرو وردو واقیع بین و دەروونناس بوونە.

ئەوان سەرپێچی و هەڵەو تاوانە جۆراوجۆرەکانیان پۆلێن کردو بۆ هەرکامەشیان غەرامەیەکی تایبەتییان دیاری کرد، بۆ ئەوەی شکایەتکارو تاوانبار بەروون و ئاشکرایی ئەرک و مافی خۆیان بزانن و داواکار تێبگات تاچ رادەیەک لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە زیانی پێگەیشتووە، داوالێکراویش لێی روون بێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە ماددی و مەعنەوییەکان دەبێ چەندە غەرامە بدات.

لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا نەتەوە جێرمەنەکان پارەیەکی زۆریان نەبوو، هەر بۆیە یاسادانەرەکان پێشبینی ئەو حاڵەتەشیان کردبوو و فەرمانیان دابوو کە لەکاتی نەبوونی پارەدا غەرامە لەمەڕو ماڵات و سەگی ماڵی و هەڵۆی ڕاو و زەوی وزاری کشتوکاڵی و لەوەڕگاکان بدرێت.

من لەوە دڵنیام ئەو ڕێوشوێنەی ئێمە ئەمڕۆ سەبارەت بەقەرەبووکردنەوەی سووکایەتی و سەرپێچی و دانی غەرامە سوودی لێ وەردەگرین، هەر لەم یاسایانەوە سەرچاوەیان گرتووە. دەبێ سڵاو و ڕێز بۆ ئەو یاسادانەرانە بنێرین کە ئەو یاسا عادیلانانەیان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان و هەست بریندارکردن داناوەو ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ ئەوکەسانە پێشنیارکردووە کە دەکەوتنە بەر سووکایەتی و هەستیان بریندار دەکرا. لەراستیدا ئەم یاسادانەرانە بەدانانی ئەم چەشنە یاسا عادیلانەیە نەتەوەکانی خۆیان لەو بارودۆخی بەربەریەتە دەرهێنا کە تێیدا دەژیان. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە لەسەردەمەکانی دواتردا ڕێژەی غەرامەکان زیادی کرد، بۆ نموونە گەلی لۆمبارد کاتێ هێرشیان کردە سەر ئیتاڵیا، ڕێژەی غەرامەکانیان زیاد کردو بەشێوەیەکی گشتی هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لۆمباردەکان لەدوای داگیرکردنی ئیتالیادا دەوڵەمەندببوون و وەکو ڕۆژەکانی یەکەم و سەرەتا هەژارو بێ دەرامەت نەبوون و ئەو کەسانەی سووکایەتیان پێ کرابوو و بریندار کرابوون، ڕەزایەتیان نەدەدا ئەو غەرامەیە وەرگرن کە پێشتر دیاریکرابوو، هەر بۆیە (روتاریس) کە یەکێک بوو لە یاسادانەرو پاشاکانی لۆمبارد ڕێژەی غەرامەی زیادکرد بۆ ئەوەی شکایەتکارەکان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕن و هیچ چەشنە گلەییەکیان نەمێنێت و رق وکینە لەدڵ نەگرن و هەروەها وادێتە بەرچاو کە لەدوای لۆمباردەکانەوە سەرجەم نەتەوە جێرمەنییەکان چاویان بەڕێژەی غەرامەدا خشاندەوەو هەندێ ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان دانا کە ئەمڕۆکە بۆ ئێمە ماوەتەوە.

بەهەرحاڵ گەورەترین غەرامە کە لەنێو خێڵە جێرمەنییەکان لە تاوانبار وەردەگیرا،



لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی کوشتندابوو و دەبوایە بکوژەکە ئەو غەرامەیە بدات بە دایک و باوک یان خزم و کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە. بەڵام ڕێژەی غەرامەکە بەپێی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کەسە کوژراوەکە جیاواز بوو. ئەگەر کوژراوەکە ئەرستۆکراتێک بوایە، ئەوا دەبوایە بکوژەکە شەش سەد سو غەرامە بدات، ئەگەر هاتباو تاکێکی ئازاد کوژرابا، ئەوا لەم حاڵەتەدا بکوژەکە دووسەد سو غەرامەی دەداو خوێنبایی ڕەعیەت و کۆیلەکانیش لە سی سو تێنەدەپەڕی.

کەواتە ئەو غەرامانە نەتەنیا جۆرە سزایەکی یاسایی بوون بەڵکو ڕێگەیەکی تایبەتیش بوون بۆ جیاکردنەوەو ئیمتیازی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا نسبەت بەیەکتر و ئەو کەسانەی خودانی پلەو پایەیەکی بەرزبوون لەبەر ئەوەی خاوەنی خوێنبایییەکی زۆرتر بوون لەنێو کەسە توندڕەو و توندوتیژەکانی ئەو سەردەمەدا باشتر پارێزگارییان لە خۆیان دەکرد و خەڵک لەترسی ئەم خوێنبایییە کە زۆروزەوەندبوو نەیاندەوێرا ئەوان بکوژن.

لە یاساکانی میللەتی (باویر)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادارەکانی ئەم میللەتە، چینە جۆراوجۆرەکانیان لەرووی خوێنبایییەوە بەشێوازێکی شایستەو ڕێک و پێک لەیەکتر جیاکردبۆوە. بۆ نموونە خوێنبایی تاکی هەندێ لە بنەماڵەکان بەهۆی ئەو ئابڕوو و ناوبانگەی هەیان بوو، دوو هێندی خوێنبایی تاکە ئازادەکان بوو. لەسەرووی ئەم پلەو پایەشەوە ئەرستۆکراتەکان هەبوون کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕەچەڵەکی دۆکەکان بوون و بەردەوام دۆکەکانیان لەم بنەماڵانە هەڵدەبژارد، خوێنبایی ئەم چینە چوار هێندەی خوێنبایی تاکە ئازادەکان بوو[١٥٢]، بەڵام خوێنبایی دۆکەکان لەهی هەموویان زیاتر و بەڕێژەی یەک لەسەر سێ لە خوێنبایی ئەم چینە زۆرتر بوو.

ئەگەر هاتباو داواکار لەدوای وەرگرتنی خوێنبایی (غەرامە) هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی داباو تاوانبارەکەی بریندارکردبا یان بیکوشتبا، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەپێی مەزندەی یاسادانەرە جێرمەنییەکان، ئەو کەسە تاوانێکی گەورەی ئەنجام دابوو و ئەم تاوانەیان زۆر بە توندی سزا دەدا، چونکە داواکار نەک تەنیا تاوانێکی ئەنجام دابوو بەڵکو ڕێوشوێن و یاساکانیشی پێشێل کردبوو.

لەسەردەمەکانی دواتردا کاتێ نەتەوە جێرمەنییەکان بوون بە خاوەنی پاشا و لە بیابانشینییەوە چوونە قۆناغی شارنشینی و لە ئاکامدا ڕۆحی ئازادی سروشتی ئەوان ملکەچی ڕێوشوێنی شارنشینی و بنچینەکانی شارستانییەت بوو، هەندێ تاوانی نوێ چوونە سەر گوناهە گەورەکانی نەتەوە جێرمەنەکانەوە. یاسادانەرەکان تاوانێکی تازەیان بەڕیزی تاوانەکانی رابردووە زیادکرد و ئەویش بریتی بوو لە: ئەگەر پاش ئەنجامدانی

تاوانی کوشتن یان بریندارکردن داواکار بەهیچ جۆرێ رازی نەبێ خوێنبایی وەربگرێت و یان داوالێکراو ئامادە نەبێت خوێنبایی و غەرامە بدات، ئەوا تاوانێکی گەورەتریان ئەنجام داوە.

نارازی بوونی داواکارو داوالێکراو بۆ وەرگرتن و دانی غەرامە خۆی لەخۆیدا وەکو تاوانێکی گەورە لە قەڵەم دەدرا، چونکە ئەم کردەوەیەی داواکار دەلالەتی لەوە دەکرد کە رق و کینەیەکی قورسی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتووەو گەرەکیەتی تۆڵە بسێنێتەوەو هەروەها رەفتاری داوالێکراویش کە ئامادەنەبوو غەرامە بدات، دەربڕی ئەو راستییە بوو کە دەیەوێت رق وکینە لەدڵی داواکاردا بێڵێتەوەو ناچاری بکات تۆڵە بسێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پیاوچاک و زانایان پێیان وابوو ئەو کینەو دوژمنایەتییە پێچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەڵگایە، هەر بۆیە لە هەندێ یاسای نەتەوە جێرمەنەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەرەکان بەزۆرەملێ هەردوولایان ناچار دەکرد رەزامەندی پێشان بدەن و غەرامەیان لە داوالێکراو دەسەندو دەیاندا بە داواکار. ئەوە لە حاڵەتێکدا بوو کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا ئەم کردەوەیە لەرێگای زۆرەملێوە ئەنجام نەدەدرا و تەنیا یاسادانەرەکان داوایان لە داواکارەکە دەکرد رەزامەندی خۆی دەرببڕێت و ئامۆژگاری داوالێکراویشیان دەکرد هەندێ رێگەی گونجاو بۆ رازیکردنی داواکارەکە دابین بکات. لەنێوان داواو پێشنیار و ئەرک و زۆرەملێدا جیاوازییەکی زۆر هەیە.

یاسای تایبەت بەهەڵدانەوەی گۆڕو دەرهێنانەوەی مردوو یەکێک لەو حاڵەتانە بوو کە تێیدا یاسادانەرەکان تەنیا داوایان لە خزم و کەسی مردووەکە دەکرد کە غەرامەکە وەربگرن بەڵام ئەوانیان ناچار نەدەکرد حەتمەن دەبێ غەرامەکە وەربگرن، هەر بۆیە مادامێک خزم و کەسی مردووەکە لێ خۆش نەدەبوون، تاوانباری ئەم تاوانە دەبوایە لە دەرەوەی شارو دوور لە کۆمەڵی مرۆڤەکان ژیان بەسەربەرێت و نابێ هیچ کەسێک نان و ئاوی بداتێ.

بەهەرحاڵ یاسای جێرمەنەکان سەبارەت بە غەرامە کە سەرچاوەی بەشێکی یاساکانی ئەمڕۆی ئێمەشە بەم جۆرە بوو، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە هەندێ ریزپەڕی دیاریشی تێدا بوو. بۆ نموونە ئەگەر هاتباو دزێک لەکاتی دزیدا کوژرابا، ئەوا بکوژ خوێنبایی خزم و کەسی کوژراوەکەی نەدەدا و هەروەها ئەگەر پیاوێک ژنەکەی خۆی بەتاوانی زینا تەڵاق دابوایە، ئەوا بە هیچ چەشنێک قەرزداری نەدەبوو و نەدەبوایە هیچی بداتێ و ئەگەر هاتباو خزم و کەسی ژنەکە داوایەکیان بەرزکردبایەوە ئەوا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکراو سزا دەدران.

لە یاسای نەتەوە جێرمەنییەکاندا هەندێ غەرامە بۆ ئەو کردەوانەش پێشبینی کرابوون



کە بەبێ نییەتی پێش وەخت ئەنجام دەدران، بەڵام ئەم غەرامانە بەتایبەتی لە یاسای لۆمباردەکاندا بەشێوازێکی عاقڵانە دارێژرابوون. یاسادانەر ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا داواکار پەیڕەوی لە هەست و سۆزی جوامێرانەی خۆی بکات و خۆی رازی بکا کە بەکەمی غەرامە وەربگرێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی کوشتنی بێ ئەنقەستدا خزم و کەسی کوژراوەکە بەهیچ جۆرێ غەرامە وەرنەگرن. یەکێک لەم جۆرە یاسا عاقڵانەیە یاسای کلوتێری دووەمی پاشای فرانکە کە بڕیاری دابوو: «ئەگەر کەسێک ماڵ و داراییەکەی بدزرێت، ئەوا مافی ئەوەی نییە بە نهێنی غەرامە لە دزەکە وەرگرێت بەڵکو پێویستە غەرامەکە بە ئاشکرایی و بەپێی حوکمی دادوەر وەربگرێت» . لەبەشەکانی ئایندەدا روونی دەکەینەوە چ هۆکارێک وای لە کلوتێر کرد ئەم فەرمانە دەربکات و یاسایەکی بەم جۆرە دابڕێژێ.

## بەشی بیستەم: تاوتوێ کردنی کێشەکان و قەزاوەت لەسەر کاروباری خەڵک لەلایەن دەرەبەگ و ئەرستۆکراتەکانەوە

پێویستە ئەوە بزانین کە جگە لەو غەرامەیەی کە تاوانبار لەجیاتی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن دەیدا بە خزم و کەسی کوژراوەکە یان لەجیاتی هەست بریندارکردن و هەتکی شەرەف دەیدا بەداواکار، دەبوایە پارەیەکی تریش بدات. لە یاسای نەتەوە جێرمەنییەکاندا بەم پارەیەیان دەگوت (فردۆم) .

ئێمە لەم بەشەدا سەبارەت بەم بابەتە بەدوورودرێژی قسە دەکەین: فردۆم بریتی بوو لەو باجەی کە داوالێکراو دەیدا بۆ ئەوەی لەشەڕی تۆڵەسەندنەوە بە دوورو پارێزراوبێت و لەراستیدا بەهۆی فردۆمەوە ئاشتی و پێکهاتنی لەگەڵ داواکاردا دەکڕییەوە. ئێستاش لە زمانی سویدیدا فرد بەمانای ئاشتی دێت.

لەلای نەتەوە جێرمەنەکان کە خەڵکەکەی توندوتیژو هەر لەوکاتەشدا سادەو ساکاربوون دادپەروەری مانایەکی سەیری هەبوو و بریتی بوو لە پاراستنی تاوانبار لەبەرامبەر تۆڵەی داواکاردا، بەم جۆرە تاکی تاوانباریان دەخستە ژێر چاودێری خۆیان بۆ ئەوەی خزم و کەسی کوژراوەکە یان ئەوکەسەی بریندار کراوە یان سووکایەتی پێکراوە بە توندوتیژی و دڵڕەقیەوە تۆڵەی لێ نەکاتەوە.

لە یاسای نەتەوە جێرمەنییەکاندا ئاماژە بەو حاڵەتە جۆراوجۆرانە کراوە کە پێویستە تێیدا فردۆم وەربگیرێت، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە خزم و کەسی کوژراوەکە نەیاندەتوانی تۆڵەبسێننەوە واتە نەدەبوایە هەوڵی تۆڵەکردنەوە بدەن فردۆم نەدەدرا، چونکە

فـردۆم بریتی بوو لەو باجـەی کـە بۆ پارێزراو بوون لە تۆڵە دەدرا، کـاتێک خـودی تۆڵە لەنێودا نەبوو، دانی فردۆمیش هیچ مانایەکی نەبوو.

لە یاسای لۆمباردەکاندا ئەگەر کەسێک بە هەڵە یەکێکی تری کوشتبا، تەنیا خوێنبایی کوژراوەکەی دەداو نەدەبوایە فـردۆم بدات، چونکە بەهۆی ئەوەی کوشتنە کە بەهەڵە ئەنجام درابوو، خزم و کەسی کوژراوەکە نەیاندەتوانی تۆڵە لە بکوژەکە بسێننەوەو ئیدی بکوژ هیچ باجێکی بۆ پارێزراو بوون لە تۆڵە نەدەدا.

لە یاسای ریپوئریش دا هەرکاتێک کەسێک بەهۆی بەرکەوتنی دار یان شتێک کە بە دەست دروست کراوە بکوژرابایە (لە حاڵەتێکدا کە مرۆڤ مـوداخلەی نەکردبا) ئەو شتە یان دارەی کە ببووە هۆی کوشتنەکە دەدرا بەخزم و کەسی کوژراوەکە، لەم حاڵەتەشدا ئیتر فـردۆم نەدەدرا و خـزم و کـەسی کـوژراوەکـەش بەبوونی ئەو بڕوایە کـە شت یان دارەکـە گوناهکارەو هیچ کەس لەونێوەدا گوناهێکی نییە، دەستیان بەسەر دار و شتەکەدا دەگرت.

بەپێی یاساکانی سالیک ئەگەر منداڵێک بەر لەتەمەنی دوازدە ساڵی تاوانی کوشتنی ئەنجـام دابوایە و یان گـوناهێکی تری کـردبا، ئەوا تەنیـا غـەرامـەی دیاری کـراوی دەداو نەدەبوایە فـردۆم بدات، چونکە جـێرمـەنەکـان دەیانگوت لەبەر ئەوەی منداڵەکـە توانای هەڵگرتنی چەکی نییە، هەر بۆیە خـزم و کەسی کوژراوەکە یان کەسێک کـە کەوتۆتە بەر سـووکـایەتی و لەلایەن منداڵەکـەوە زیانی پێگەیەنراوە، ناتوانن تۆڵەی لێ بکەنەوە هەتا منداڵەکـە ناچاربێت بۆ خـۆپاراستن لە تۆڵە فـردۆم بدات، واتە تۆڵەیەک لە ئارادا نەبوو تاکو لەجیاتی ئەو فردۆم بدرێت.

ئێستا لەوانەیە بپرسن، ئەو کەسەی کە فردۆمی دەدا بەچ شێوەیەک پارێزگاری لێ دەکراو چۆن ئەویان لەبەرامبەر توندوتیژی تۆڵەی خزم و کەسی کوژراوەکە دەپاراست؟...

لەبەر ئەوەی دادوەرە ناوچەییەکـان ئەویان دەخستە ژێر چاودێری و پارێزگارییـان لێ دەکـرد، هەر بۆیە فـردۆمـیـان دەدا بەو دادوەرانەش و وردە وردە وەرگـرتنی فـردۆم بوو بە مـافێکی جێگیرو بێ ئەملاو ئەولای دادوەرو فەرمانڕەواکـان، هەر ئەو مـافەیە کە ئێمە ئەمرۆکە لەژێر ناوی مافی دیوانی لە دادگاکاندا دەیدەین بە دەوڵەت.

لەیاسای ریپوئردا هاتووە، نابێ هەرگیـز دادوەر یان حـاکم فـردۆم وەربگرێت بەڵکو داواکار پاش وەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەبێ فـردۆم لە داوالێکراو وەربگرێت و بۆ خۆی بیباتە خزمەت دادوەر یان حـاکم، تاکو بەم شێوەیە کینەو دوژمنایەتی لەنێو تاکەکـانی خێڵدا تەشەنە نەکات و ئاشتی بۆ هەمیشە جێگای بگرێتەوە.

ڕێژەی فردۆم بەپێی گەورەیی و بچووکی تاکەکان و بە گوێرەی ڕادەی ئەو پارێزگارییەی



لێیان دەکرا جیاواز بوو. بۆ نموونە ئەو فردۆمەی بۆ پاراستنی پاشا وەردەگیرا زۆر زیاتر بوو لەو مافی ئاشتییەی کە بۆ پاراستنی ئەرستۆکرات و لۆردەکانەکان وەردەگیرا.

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە بووە هۆی ئەوەی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکـان دەرکردنی حوکم و تاوتوێ کردنی کێشەکانی خەڵک بخەنە ژێر رکێفی خۆیان، هەر ئەو بابەتە، واتە وەرگرتنی مـافی حوکم دەرکردن (قـەزاوەت) یان هەروەک ئێمە پێی دەڵێین مـافی دیوانی بوو.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەموو ئەرستۆکراتەکان خاوەنی تیولی گەورە بوون، پاشاکان هیچ چەشنە مافێکیان لەو زەوی و زارانە وەرنەدەگرت و خاوەن زەوی و زارەکان زۆرترین سوودیان لە تیولەکانی خۆیان وەردەگرت و نە تەنیا باج و پیتاکیان لەزەوی و زارەکان وەردەگرت بەڵکو بۆ تاوتوێ کردنی کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵکیش باجیان وەردەگرت. وەرگرتنی ئەم باجە لە رێگای وەرگرتنی غەرامەو مافی فردۆمەوە ئەنجام دەدرا. بەم جۆرە غەرامەکەیان دەدا بە داواکارو بۆ خۆیان سوودیان لە فردۆم وەردەگرت.

بەرە بەرە مافی دادوەری و تاوتوێکردنی کێشەکانی خەڵک بوون بە بەشێک لە مافی راستەوخۆی تیول و هەرکەسێک دەبووە خاوەنی تیول، خۆی لەخۆیدا و یەکڕاست مافی دادوەریکردنی سەبارەت بە دانیشتوانی زەوی و زارەکانی خۆی وەدەست دێنا. ئەم بابەتە لە قەباڵەی وەرگرتنەوەو گواستنەوەی تیولەکان و یان لەو قەباڵانەی کە تێیدا تیول بۆ ماوەی هەتا هەتایی دراوە بە ئەرستۆکرات و لۆردەکانەکان دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەوە، ئەو زنجیرە یاسایەی کە لەلایەن پاشاکانەوە دەرچوون و تێیاندا لەخاوەن پلەوپایەو دەربارییەکانی خۆیان قەدەغە کردووە بەمەبەستی چەسپاندنی دادپەروەری و تاوتوێکردنی کێشەکان بچنە نێو تیولی خەڵکەوە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دادوەری و تاوتوێکردنی کێشەکان بەشێک بووە لەمافی خاوەن تیولەکان و دەرباری و دادوەرەکانی پاشا نەیاندەتوانی لەنێو تیولی ئەرستۆکراتەکاندا هەولی جێبەجێ کردن و چەسپاندنی عەدالەت بدەن.

دەرباری و دادوەرەکانی پاشا نەیاندەتوانی لەنێو تیولی خەڵکدا زەمانەت لە خاوەن کێشە وەربگرن و بە نیبەتی زەمانەت داوالێکراوەکە ئازاد بکەن، بەڵام خاوەنی تیولەکان ئەو مافەیان هەبوو و سوودیشیان لەم مافەی خۆیان وەردەگرت و ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە داهاتێک بوو کە وەکو سەرجەم داهاتەکانی تری زەوی و زارو بەروبوومەکان دەچووە گیرفانی خاوەن تیولەکان و لەبەر ئەوەی دواتر تیول بوو بەمیراتی و لەباوکەوە بۆ کوڕ دەمایە، هەر بۆیە هەندێ لە مێژوونووسەکان گوتوویانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا عەدالەت

مـیـراتی بووە، ئەوە لەکـاتێکدایە کـە دەبێ بلـێـین دادپەروەری بەشـێک بووە لە مـاف و ئیمتیازی تیولەکان.

بەشێک لە یادداشت نووسەکان پێیان وایە کە قەزاوەتی نەجیبزادەو ئەرستۆکراتەکان و ئەو مـافەی لەم رووەوە بەخـۆیانیـان بەخشـیبـوو، پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە دەیانتـوانی رەعـیـەتە کـۆیلەکـانی خۆیان بکڕن و بفرۆشن و یان ئازادیان بکەن. بەڵام پێویستـە ئەوە بزانین کە تەنیا نەتەوە جێرمەنییەکان رەعیـەتە کۆیلەکانی خۆیان نەدەکڕی و نەدەفرۆشت و یان ئازادیان نەدەکرد بەڵکو نەتەوەکانی تریش ئەم کارەیان ئەنجام دەدا، کەچی لەنێو ئەو نەتەوانەدا قـەزاوەت مـافـێکی چەسـپـاو و راسـتـەوخـۆی پاشـا بوو و ئەرسـتـۆکـرات و نەجیبزادەکان لەبەرامبەر پاشا و بەبێ سەرنج دان بە ئیرادەو ویستی ئەو نەیاندەتوانی حوکم دەربکەن.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمـانە، هەر لەسـەردەمی یەکـەمین هێـرش و پەلامـاری نەتەوە جێرمـەنییـەکـاندا، تاکـە ئازادەکـانیش وەکـو رەعـیـەتە کـۆیلەکـان ملکەچی دادوەریی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بوون و بەشێوەیەکی گشتی هەرکەسێک لەسەر تیول ژیانی بەسـەربردبا، بەبێ وەبەرچاوگـرتنی ئەوەی کـە رەعـیـەتە یان ئازاد ملکەچی دادوەری و حوکمدانی خاوەن تیول بوو.

کەواتە دەبێ سەقامگیرکردنی نەریتی دادوەریی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان لەنێو تیولەکاندا بۆ داب و نەریتی کۆنی نەتەوە جێرمەنییەکان بگێڕینەوە نەک بابەتی کڕین و فرۆشتن یان ئازادکردنی رەعیەتەکان و ئەوەی بوو بە هۆکاری چەسپاندنی ئەم بنچینەیە بابەتی وەرگرتنی غەرامەو فردۆم بوو.

بەشێکی دیکە لە یادداشت نووسەکان بۆ ئەوەی کارەکەیان ئاسانتر بکەن و پێویستیان بە توێژینەوە نەبێت، بەشێوەیەکی سادەو ساکار گوتوویانە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان مافی دادوەریی پاشایان داگیرکردووە، غافڵ لەوە کە لەنێو نەتەوەکانی تریشدا هەندێ جار نەجیبزادەو ئەرستۆکراتەکان مافی پاشایەتییان داگیردەکرد بەڵام هەرگیز نەریتی تایبەتی قەزاوەتی تیولی سەدەکانی ناوەڕاست لەنێو ئەو نەتەوانەدا سەری هەڵنەداو ئەو ئیمتیازاتە هەمیشەییانە پەیدانەبوون.

یەکێک لە یادداشتنووسە هاوچەرخەکان (سەدەی هەژدە) بەناوی «لوایزۆ» دەڵێ: ئەرستۆکراتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست مافی دادوەریی پاشایان داگیرکردو سەبارەت بەچۆنیەتی ئەو داگیرکردنە هەندێ روونکردنەوە پێشکەش دەکات و بە دوورودرێژی باسی فرتوفێڵی ئەرستۆکراتەکان دەکات لەم دەست بەسەرداگرتنەدا. ئەو کەسەی ئەم کتێبە



دەخوێنێتەوە دەکەوێتە بیری ئەوەی کە ئەرستۆکراتی سەدەکانی ناوەڕاست کەسانێکی فێڵبازو زیرەک بوونە و وەکو سیاسەتمەدارە گورج و گۆڵەکانی ئێستا مافی خەڵکانی تریان داگیر دەکرد.

نووسەری ئەم کتێبە نازانێ یان نایەوێت بزانێ کە پیاوە گەورەکانی رابردوو لە فرتوفێڵەکانی ئەو سەردەمە بێ ئاگا بوونە و گەورەترین یاسای ئەوان جەنگ بووە. هەرکاتێ ویستبایان مافی کەسێکی دیکە داگیر بکەن پەنایان بۆ جەنگ دەبرد نەک فرتوفێڵ و تەزویر ئەگەر وا دابنێین کە فرتوفێڵیشیان هەبووبێ، ئەوا تەزویرو فێڵەکانیان وەکو هەڵسوکەوتیان سادە بووەو رەنگ و روخساریان بە تەزویرو فرتوفێڵی ئەمڕۆکە نەچووە.

بەڕێز لوایزۆ لەڕاستیدا ئەفسانەی نووسیوە نەک مێژوو، چونکە ئەگەر مەبەستی مێژوونووسی بوایە، ئەوا گرنگی بە دۆخ و حەقیقەتی شتەکان دەدا و پاڵەوانەکانی کتێبەکەی بەپێی حەزو ئارەزووی خۆی وەجووڵە نەدەخست و شێوازی حوکمدانی تایبەتی خۆی نەدەخستە نێو مێژووەوە.

جیاوازی نێوان مێژوونووس و ئەفسانەنووس لەوەدایە کە مێژوونووس حەقیقەتی بارودۆخ و شتەکان دەنووسێت و جیهان بە بۆچوونە خۆی نارازێنێتەوە، لە کاتێک دا کە ئەفسانەنووس هەموو شتەکان لەگەڵ بیروبۆچوونی خۆی دەگونجێنێ و بەپێی رەنگی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەیاننەخشێنێ.

## بەشی بیست و یەکەم: کەنیسەکان بوون بە خاوەنی مافی دادوەری کردن

پیاوە ئایینی و کاهینەکانی کەنیسە بوون بە خاوەنی زەوی و زارو کێڵگەی پان و بەرین و پاشاکان زەوی و زارێکی زۆریان دا بە کەنیسەکان، واتە پیاوە ئایینییەکان بوون بەخاوەنی تیولی گەورەو لەبەر ئەوەی مافی دادوەری و حوکمدان یەکێک لە ئیمتیازاتەکانی تیول بوو، هەر بۆیە کەنیسەکانیش دەستیان دایە قەزاوەت کردن و بە وەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەش کە خاوەن تیولەکان هەندێ ئەرکی تایبەتییان لەبەرامبەر پاشادا لەسەر شان بوو وەکو خزمەتکردن لە دەربارو چوون بۆ جەنگ، هەر بۆیە پیاوە ئایینییەکانیش وەکو ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دەچوونە جەنگ بەڵام دواتر هەروەکو لەیەکێک لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بۆکرد داوایان لە پاشا کرد کە لە چوون بۆ جەنگ بیانبەخشێت.

بەهەرحاڵ پیاوە ئایینییەکانیش وەکو خاوەن تیولەکان غەرامەو فردۆمیان لە

مەحکومەکان وەردەگرت و لەبەر ئەوەی وەرگرتنی غەرامەو فردۆم پێویستی بەوە هەبوو کە خاوەن پلەوپایەو دادوەرەکانی پاشا نەتوانن حوکم لە زەوی و زاری خاوەن تیولەکاندا بکەن، بەم جۆرە مافی حوکمدانی پیاوە ئایینییەکان بەسەر زەوی و زارەکانی تایبەت بە خۆیان لەلایەن قەشەکانەوە بەنێوی «حەسانە» ناوزەد کرا. کاهینی کەنیسەکان لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو خاوەنی تیولەکان مافی حەسانەو حوکمدانیان هەبوو و نەک هەر سەبارەت بەرەعیەتە کۆیلەکان بەڵکو لەمەڕ تاکە ئازادەکانیشدا حوکمیان دەردەکرد. چونکە لە یاسای ریپوئردا ئاماژە بەوەکراوە، ئەگەر رەعیەتی کۆیلەی کەنیسەکان لەلایەن پیاوە ئایینییەکانەوە ئازادکران، مافی ئەوەیان نییە کێشەو گیروگرفتەکانی خۆیان ببەنە بەردەمی دادگایەکی دیکە، بەڵکو دەبێ کێشەکانیان لەلایەن ئەو کەنیسانەوە کە پێشتر رەعیەتی بوونە چارەسەر و یەکالابکرێن. لەم بابەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کەنیسەکان سەبارەت بە تاکەکانیش مافی قەزاوەتیان هەبووە.

لەکۆی هەموو ئەو فەرمان و یاساو رێوشوێنانەی کە لە رابردووەوە بۆمان بەجێماوە بۆمان دەردەکەوێ کە کەنیسەکان بەڕاستی خاوەنی مافی حەسانەو دادوەری بوونەو بەڵگەی پێویست لەژێر دەستدایە کە بەتەواوی سوودیان لەم مافە وەرگرتووە.

کلوتێری دووەمی پاشای فرانک.

١- سەلاحیەتی ئەوەی بەئەسقەف و پیاوە ئایینییەکان بەخشی لەشوێنە دوور دەستەکاندا کە خاوەنی زەوی و زاری پان و بەرین بوون و نەیاندەتوانی بۆ خۆیان راستەوخۆ بەسەر زەوی وزارەکانیان رابگەن، تاکو بەپێی ئارەزووی خۆیان هەندێ دادوەر هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لەوێدا دادوەری بکەن و مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن.

٢- هەر ئەم پاشایە بوو بە نێوبژیوانی نێوان دادوەرەکانی دەربار و دادوەری کەنیسەکان و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە نابێ دادوەرەکانی دەربار خۆ لە کاروباری دادوەری کەنیسەکان هەڵقورتێنن.

٣- شارلمانی لە ساڵی ٧٠٢ زایینیدا فەرمانێکی دەرکردو لەم فەرمانەدا گوتی: ئەگەرچی دادوەرەکانی کەنیسە ئازادن و لەلایەن کەنیسەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام پێویستە خاوەنی هەندێ سیفات و تایبەتمەندی دیاریکراو بن.

٤- هەر ئەم پاشایە فەرمانێکی تری بۆ خاوەن پلەوپایە و دادوەرەکانی دەربار دەرکرد کە بەپێی ئەو فەرمانە دادوەرەکانی دەربار مافی ئەوەیان نییە سەبارەت بەو رەعیەتانەی کە خەریکی کشتوکاڵن لەسەر زەوی و زارەکانی کەنیسە، دادوەری بکەن، تەنیا لە



حاڵەتێکدا نەبێت واتە ئەگەر ئەو رەعیەتانە پێشتر لەسەر زەوییەکی دیکە خەریکی کشتوکاڵ بووبن و بەمەبەستی راکردن لەدەست دانی باج و پیتاک بووبێتن بە بەشێک لە تیولی کەنیسە.

٥- لەساڵی ٨٥٨ زایینیدا ئەسقەفی کەنیسەکان لەشاری رمیسدا کۆبوونەوەو بەیاننامەیەکیان دەرکردو رایانگەیاند کە تیولی کەنیسە خاوەنی حەسانەیەو نابێ هیچ کەسێک خۆ لەکاروبارەکانیان هەڵقورتێنێت.

٦- شارلمانی لەساڵی ٨٠٦ زایینیدا فەرمانێکی دەرکرد و بەپێی ئەم فەرمانە جەختی لەسەر مافی دادوەریی جەزایی و حقوقیی کەنیسە کردووە سەبارەت بەو کەسانەی لەسەر زەوی وزاری کەنیسە نیشتەجێ بوونە.

٧- شارلی تاسی پاشای فەرەنسا بەپێی فەرمانێکی تایبەت روونی کردەوە کە دادوەریی پاشایەتی جیایە لە دادوەریی ئەرستۆکراتەکانی کەنیسەو نابێ ئەم دوو جۆرە دادوەرییە سنووری یەکتر ببەزێنن.

پێموایە ئەو بەڵگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن بەسە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە کەنیسەکان خاوەنی مافی دادوەریی بوونەو لەمە زیاتر بەڵگە ناهێنمەوە.

## بەشی بیست و دووەم: دادوەریی ئەرستۆکراتەکان بەر لە کۆتایی هاتنی سەردەمی پاشایەتی دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسا جێگیربوو

هەندێ لە مێژوونووسەکان وتوویانە، دادوەریی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان لەگەڵ قەزاوەتی تیولی، لەکۆتایی سەردەمی پاشایەتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسا واتە بنەماڵەی (کارلۆڤنژین)، لەکاتێکدا بارودۆخی فەرەنسا تووشی پشێوی و ئاڵۆزییەکی یەکجار زۆر هاتبوو، دامەزرا.

ئەم دەستەیەش تووشی هەڵە هاتوون، چونکە دادوەریی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بەر لەسەرهەڵدانی ئەم پشێوی و ئاڵۆزییە بەرقەرارکرا نەک وەکو دەرەنجامی پشێوی و ئاڵۆزی سەیری بکرێت، چونکە هەندێ ئەحکام و یاسای ئەوتۆ هەیە کە بەر لەپشێوی و ئاڵۆزی ئەم قۆناغە داڕێژراون و ناوەڕۆکەکەیان کەم و زۆر دەربڕی سەقامگیربوونی مافی دادوەریی ئەرستۆکرات و خاوەن تیولەکانە و بەم جۆرەیە:

١- لە یاساکانی (باویر) کە یەکێک لە خێڵە جێرمەنییەکان بوون ئاماژە بەوەکراوە، ئەگەر بێتو یەکێک تاکێکی ئازاد (ناکۆیلە) بکوژێت، ئەوا دەبێ خوێنباییەکەی بدات بەخزم و کەسەکانی و ئەگەرهاتوو کوژراوەکە هیچ خزم و کەسێکی نەبوو، ئەوا لەم

حاڵەتەدا دەبێ خوێنباییەکە بدا بەخاوەنی ئەو تیولە کە کوژراوەکە لەوێدا ژیانی بەسەربردووە.

٢- لەیاسای ئەڵمانییەکان کە یەکێک لە خێڵە جێرمەنییەکان بوون هاتووە، هەر کاتێ کەسێک کۆیلەی یەکێکی تر برفێنێ، ئەوا شکایەتکار دەبێ بچێتە لای دەرەبەگی دزەکە و غەرامە لەو وەربگرێت.

٣- (شیلدبر)ی پاشای نەوەی یەکەمی فەرەنسا لە ساڵی ٥٩٥ زاییینیدا فەرمانێکی دەرکرد کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

«هەر کاتێک یوزباشێک لەنێو زەوی وزاری یوزباشێکی دیکە یان لەنێو زەوی رەعیەتەکانی ئێمەدا چاوی بەدزێک کەوت و بەسزای نەگەیاند و وەدەری نەنا، ئەوە لەم حاڵەتەدا وەکو دز سەیری دەکرێت».

لەم فەرمانەی شیلدبر بۆمان دەردەکەوێت کە زەوی وزاری یوزباشەکان لە زەوی وزاری رەعیەتی شیلدبر جیاوازبووە. ئەم فەرمانە زۆر بەو فەرمانە دەچێت کە کلوتێر دەری کرد و ئەم دوو فەرمانە هەردووکیان یەک واتایان هەیەو تەنیا دەستەواژەکانیان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە.

٤- پپنی پاشای ئیتاڵیا کە ماوەیەک بەر لە کۆتایی هاتنی پاشایەتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسا، هاتە سەر حوکم، فەرمانێکی دەرکرد کە ناوەرۆکەکەی بەم جۆرە بوو:

«هەرکاتێک یەکێک لە تاکەکانی نەتەوەی فرانک و لمبارد کە خاوەنی تیولە خۆ لە جێبەجێ کردنی عەدالەت ببوێرێ و نەیەوێت دادوەری بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا دادوەری سەڵتەنەتی بەشێوەیەکی کاتەکی ئەو کەسە لەماف و ئیمتیازاتی تیولی بێبەش دەکات و لەو سەروبەندەدا بۆخۆی لە تیولەکەیدا قەزاوەت دەکات و هەوڵی جێبەجێ کردن و چەسپاندنی دادپەروەری دەدات».

٥- فەرمانێکی پاشایانەی شارلمانی کە لە ساڵی ٨١٣ زاییینیدا دەریکردووە، روونی دەکاتەوە کە تەنیا پاشا باجی فردۆمی وەرنەگرتووە بەڵکو ئەرستۆکرات و لۆردەکانەکانیش لە زەوی و زاری خۆیاندا ئەو باج و پیتاکەیان وەرگرتووە.

٦- ئەو فەرمانەی لەلایەن لویسی ورگ زلەوە دەرکراوە ناوەرۆکەکەی بەم جۆرەیە کە، هەرکاتێک یەکێک لە خاوەن تیولەکان خۆی لە جێبەجێ کردنی عەدالەت بوارد، دەبێ شکاریەتکار پەنا بۆ بەردەمی دەرگای ماڵەکەی ببات و لەوێ دانیشێ تا ئەو کاتەی ناچاری دەکات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت بکات.



٧- شارلی کەچەڵ لەماوەی ساڵی ٨٦١و٨٦٤ زاییینیدا دوو فەرمانی دەرکرد کە بەپێی فەرمانی یەکەم جەختی لەسەر مافی دادوەریی خاوەن تیولەکان کردۆتەوەو بەپێی فەرمانی دووەمیش جیاوازی لەنێوان تیولی خۆی و خەڵکانی تردا داناوە.

ئەو بەڵگانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن هەمووویان گەواهیدەری ئەوەن کە دادوەریی خاوەن تیولەکان ماوەیەک بەر لەکۆتایی سەردەمی پاشایەتی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسا دامەزرا نەک بەهۆی پشێوی و ئاڵۆزی ئەم قۆناغە لۆردەکان و ئەرستۆکراتەکان دادوەریی سەڵتەنەتیان داگیر کردبێت.

ئێستا لەوانەیە ئەو پرسیارەم ئاراستە بکەن کە لەبنەڕەتدا خودی تیول بەپێی چ بەڵگەیەک دامەزرا؟ و داوای ئەوە لەمن بکەن مەرسوم و کاپیتۆلەری تیولەکانتان بخەمە بەردەست و بڵێم فلانە پاشا بەپێی فلانە مەرسوم فلانە زەوییەی وەکو تیول داوە بەو کەسە.

ئەنجامدانی ئەم کارە لەتوانای مندا نییە، چونکە تیول لەسەرەتادا بەپێی قەباڵە و کاپیتۆلەر نەدەدرا بەخەڵکانی تر، بەڵکو داگیرکارەکان پاش دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنی زەوی وزارەکان، خاکە داگیرکراوەکانیان دەکردە هی خۆیان و دەبوو بەتیولی ئەوان و لەبەر ئەوەی تیولە سەرەتاییەکان خاوەنی مەرسوم و کاپیتۆلەر نەبوون هەر بۆیە ناتوانین بەڵگەیەکی ئەوتۆ پێشان بدەین کە دەربڕی چۆنیەتی سەقامگیربوونی دادوەریی خاوەن تیولەکان بێت.

مافی دادوەریی لۆردەکان و ئەرستۆکراتەکانیش لەرێگەی مەرسوم و کاپیتۆلەرەوە سەقامگیر نەکرا بەڵکو خۆی لەخۆیداو بەهۆی ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکان هاتە ئاراوە.

گەلێک یاساو ئەحکام کە لە قۆناغەکانی دواتردا سەبارەت بە گواستنەوە یان بەخشینی تیول دەرکران، دەریدەخەن کە دادوەریی خاوەن تیولەکان پەیوەندی بە خودی شتەوە هەبووە، واتە بوونی تیول خۆی لەخۆیدا پێویستیی هەبوونی مافی دادوەری دەهێنایە ئارا.

لەوانەیە سەرلەنوێ خوێنەرەکان رەخنەم لێ بگرن و بڵێن: ئەگەر دادوەریی خاوەن تیولەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هێرشی نەتەوە جێرمەنەکاندا بەپێی یاسایەکی تایبەتی دانەمەزراوەو پەیوەندی بەخودی شتەوە هەیە، کەواتە ئەدی بۆچی دادوەریی کەنیسە لە تیولەکانی خۆیاندا لەرێگەی فەرمانێکی تایبەتیەوە سەقامگیرکراوە ئەمڕۆکە ئەم فەرمانە لەبەردەست دایە؟...

وەڵامی ئەم رەخنەیە بەم جۆرەیە؛ یەکەم، کەنیسەکان و کۆڕوکۆمەڵی پیاوە ئایینییەکان

هەروەک چۆن بەوپەڕی وردەکارییەوە پارێزگارییان لە کتێبە یۆنانی و ڕۆمانی و ئایینییەکان کردو توانیان لە ئافاتی نەزانی سەدەکانی ناوەڕاست بیانپارێزن و بیانگەیەنن بەئێمە، ئاوهاش ئەو بڕیار و کاپیتۆلەرو فەرمانانەیان پاراستووە کە سوودیان لێ وەرگرتوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە لۆردەکان و ئەرستۆکراتەکان هیچ گرنگییەکیان بەو فەرمانانە نەدەداو لە دەستیان چوون.

دووەم: لەبەر ئەوەی دانی تیول بە کەنیسەکان بەپێچەوانەی بنچینەو نەریتی حکومەتەکانی ئەو سەردەمە بووە هەر بۆیە پێویستی بە بڕیار و ئەحکامی تایبەتی هەبوو، هەروەک چۆن چەسپاندنی مافی دادوەریی پیاوە ئایینییەکانیش لە تیولەکانی خۆیاندا پێویستی بەهەندێ ئەحکامی تایبەتی هەبوو، لەکاتێکدا تیولی لۆردەکان و ئەرستۆکرات و هەموو ئەو کەسانەی ئێمە لە بەشەکانی پێشتردا ناوی یاوەرەکانمان لەسەردانان، بەشێک بوو لە بنچینەی حکومەتی ئەو سەردەمەو وەکو شتێکی ئاسایی سەیری کراوەو پێویستی بە حوکمی تایبەتی نەبووە. هەر کە یاوەرەکان لەگەڵ پاشادا دەچوونە جەنگ، لەسەر ڕەزامەندی پاشا زەوی وزارە داگیرکراوەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەش دەکردو دەبوون بە بەشێک لەتیولی ئەوان. بەم جۆرە دامەزرانی تیولی لۆردەکان و ئەرستۆکراتەکان لەسەرەتادا بەبێ هیچ فەرمان و حوکمێکی تایبەتی بووە.

## بەشی بیست و سێهەم: تێبینییەک لەمەڕ لایەنی گشتی ئەم کتێبە، واتە چۆنیەتی پێکهاتنی ڕژێمی پاشایەتی لە خاکی گۆل بەپێی بیروبۆچوونی ئابە دۆبۆس

بەر لەکۆتایی هاتنی کتێبی سێهەمی ڕۆحی یاساکان واچاکە هەندێک باسی کتێبەکەی ئابە دۆبۆس بکەین، چونکە لە نێوان بیروبۆچوونەکانی من و ئەودا بەردەوام جیاوازی و دژایەتی هەیەو لەجێگەیەک ئەو توانیویەتی حەقیقەتێک بدۆزێتەوە، من بەهیچ جۆرێک حەقیقەتێکم نەبینیوە.

کتێبەکەی ئابە دۆبۆس کە لەسەردەمی ئێمەدا بڵاوکراوەتەوە، سەرنجی خەڵکێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە ئەو کتێبەکەی خۆی بە زیرەکی نووسیوەو ناوەڕۆکەکەی بەجۆرێ داڕشتووە کە لە هەموو شوێنێک ئەگەر و گومان جێگای حەقیقەتی گرتۆتەوەو نووسەر زنجیرەیەک گریمانەو بۆچوونی خستۆتە بەر دیدی خوێنەران و لەوانیشەوە هەندێ گریمانەو بۆچوونی دیکە بەرهەم دێنێ، تا جێگەیەک کە خوێنەر پێیوایە



گەیشتۆتە دەرەنجامێکی حەقیقی و لۆژیکی، غافڵ لەوەی کە بنەمای گوتەکانی ئابە جگە لە وەهم و گریمانە هیچی تر نین.

هونەری ئابە لە نووسینی ئەم کتێبەدا ئەوەیە کە لەرادەبەدەر دووروودرێژەو هەندێ بابەتی لاوەکی خستۆتە نێو کتێبەکەی خۆی و زەینی خوێنەر لە (اصول)ەوە بەرەو (فروع) دەڕوات و لە کۆتاییدا تێیدا گێژ دەبێت و لەبەر ئەوەی نموونە و بەڵگەیەکی یەکجار زۆری تێدایەو بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونی خۆی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی کردووە، بەچەشنێک کە خوێنەر دەگاتە ئەو یەقینەی کە نووسەر توانیوبەتی حەقیقەت بدۆزێتەوە، واتە پێیوایە لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی دووری بڕیوە هەر بۆیە گەیشتۆتە مەنزڵگای مەبەست.

هەرکاتێ چاو بەکتێبەکەی ئابە دۆبۆس دادەخشێنین یەکسەر دەکەوینە بیری ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەی کە مشتەکانی یەکجار گەورە بوون بەڵام ماسولکەکانی باسکی زۆر بێ هێزو لاوازبوون و بەبچووکترین لێدان بەزەویدا دەکەوت و بەهیچ جۆرێک نەیدەتوانی سوود لەمشتە گەورەکانی و توانای خۆی وەرگرێت.

کتێبەکەی ئابە دۆبۆسیش وەکو مشتە گەورەو بەهێزەکانی ئەم پاڵەوانە بنەماو بناغەیەکی دروستی نییە و بەهۆی نەبوونی بناغەو بنەمایەکی ڕاست ناچار بووە کتێبەکەی خۆی لەسێ بەرگی ئەستوور و هیلاککەردا بنووسێ و لە هەموو لایەکەوە بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونە وەهمیەکانی خۆی نموونەو بەڵگە بێنێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر گرنگیی بەحەقیقەتی ڕووداوەکان دابا، ئەوا بۆ سەلماندی وتەکانی خۆی بەهیچ جۆرێک پێویستی بەو هەموو بەڵگە چەوت و ناڕاستانە نەدەبوو و مێژووی سیاسی و یاسایی وڵاتی فەڕەنسا پێیدەگوت: «بۆچی هێندە دەگەڕێی و ڕێگا دوورودرێژەکان دەپێوی و خۆت هیلاک دەکەی... هەموومان شاهیدی ڕاستی گوتەکانی تۆین و بیروبۆچوونەکانت پەسند دەکەین».

## بەشی بیست و چوارەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

بەڕێز ئابە دۆبۆس بەتەواوی ئینکاری ئەوە دەکات کە خێڵە فرانکییەکان لەرێگای هێزو داگیرکارییەوە هاتبێتنە نێو خاکی گۆلەوەو دەڵێ: خەڵکی گۆل کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمادا ژیانیان بەسەردەبرد، بانگهێشتی فرانکەکانیان کردو ئەوانیش داوەتی خەڵکی گۆلیان قبووڵ کردو هاتنە ناو ئەو خاکەو بوون بەجێنشینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکان، بێ ئاگا لەوە ئەگەر کلۆڤیسی یەکەمین سەرۆک خێڵی فرانکەکان لەسەر

بانگهێشتی دانیشتوان هاتبوو و خەڵک بە باوەشێکی کراوەوە پێشوازییان لێ کرد بوو، کاتێ هێرشی کردە سەر گۆل هیچ پێویستی نەدەکرد ئەو خوێنڕێژییە ئەنجام بدات و شارەکان تالان بکات و بۆ (سیاگرییوس) دەسەڵاتداری رۆمانی کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی رۆمانەوە لە گۆلدا فەرمانڕەوایی دەکرد، یادداشتی «ئولتیماتوم» بنێریت و زەوی وزارەکانی داگیربکات. بەڵام ئابە دۆبۆس بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو جەنگ و خوێنڕێژییانە سووک و سادە دەنووسێت، خەڵکی گۆل بانگهێشتی کلۆڤیسیان کردو ئەویش لەگەڵ خێڵەکانی خۆیدا هات بۆ گۆل، ئەگەر وابوو، پێویست بوو ئاماژە بەوە بکا کە بۆچی بانگهێشتیان کردو چ هۆکارێک وایکرد نەیانەوێ لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرە رۆمانییەکاندا ژیان بەسەربەرن و حەزیان کرد کلۆڤیس ببێت بە پاشایان و ئەگەر نەیاندەویست لەژێر فەرمانڕەوایی رۆمانەکاندا بژین بۆچی سەربەخۆییان هەڵنەبژاردو خوازیاری سەربەخۆیی نەبوون.

لێرەدا شتێک هەیە کە تاڕادەیەک لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئابە دۆبۆسدا دەگونجێ، ئەویش ئەوەیە کە پاش سەرکەوتنەکانی کلۆڤیس و دوای ئەوەی بەشێکی گرنگی خاکی گۆلی داگیرکرد، بەشەکانی دیکە کە هێشتا نەکەوتبوونە ژێر رکێفی ئەوەوە زۆر بەزوویی توانی دەستیان بەسەردا بگرێت، بەڵام ئەم داگیرکارییە سەرچاوەکەی حەزو ویستی خەڵک نەبوو بەڵکو هۆکارێکی تری هەبوو کە ئابە دۆبۆس باسی هۆکارە راستەقینەکەی نەکردووە.

بەپێی وتەی ئابە دۆبۆس ئەم بەشەی خاکی گۆل کە هێشتا نەکەوتبووە ژێر چنگی فرانکەکان لە دوو ناوچە پێکهاتبوو، یەکەمیان کۆماری ئامریک[١٥٤] بوو کە توانیان رۆمانەکان لەخاکی خۆیان وەدەربنێن و ببنە خاوەنی سەربەخۆیی و لەکاتی پێویستدا بەرگریان لە فرانکەکان دەکرد. دووەمیان ناوچەیەک بوو کە لەژێر دەسەڵاتی رۆمانەکاندا بوو، بەڵام ئابە دۆبۆس بەهیچ جۆرێ ئەوە ناسەلمێنێ کە رۆمانەکان سەرپێچیان لە حوکمی ئیمپراتۆری رۆمانی کردبێ و فرانکەکانیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان بانگهێشت کرد بێت و هەروەها هەوڵی سەلماندنی ئەوە نادات کە چۆن کۆماری ئامریک بانگهێشتی کلۆڤیسیان کردو خاکەکانی خۆیان تەسلیمی ئەوکردو رێکەوتنامەیان لەگەڵدا بەست.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئابە دۆبۆس بەشێکی زۆری رووداوەکانی ئەو سەردەمەی بەشێوەیەکی ورد شیکردۆتەوە کەچی بەهیچ جۆرێ لەسەر کۆماری ئامریک نادوێ و تەنانەت وەکو ئەوە وایە کە ئەم کۆمارە هەر بوونی نەبووبێت. تەنیا یەک شتمان سەبارەت بە مێژووی کۆماری ئامریک لەکتێبەکەی ئابە دۆبۆسدا بەرچاو دەکەوێ ئەویش ئەوەیەکە لە سەردەمی هۆنوریوسی ئیمپراتۆری رۆمانی، هەندێ لەناوچەکانی گۆل کە لەژێر



دەسەڵاتی رۆمانەکاندا بوون راپەڕین و کۆماری ئامریکیان دامەزراند، بەڵام ئەو بابەتە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە تا سەردەمی کلۆڤیس مابێت، چونکە لەکاتی هۆنۆریوسەوە تا سەردەمی کلۆڤیس ماوەیەکی یەکجار درێژەو جگە لەوە لەماوەی ئەم مێژووەدا چەندین جار رۆمانەکان لەگەڵ خەڵکی گۆل دا کەوتنە جەنگ و ویلایەتە یاخی بووەکانیان سەرکوت کرد.

بەهەرحاڵ ئەو وتەیەی ئابە دۆبۆس کە دەڵێ پاش داگیرکارییە یەکەمینەکانی کلۆڤیس و گرتنی بەشێکی زۆری خاکی گۆل، کۆماری ئامریک و ئەو ناوچانەی سەر بەرۆمانەکان بوون بەعیشق و ئارەزوو بانگهێشتی کلۆڤیسیان کردو زەوی وزارەکانیان تەسلیمی ئەوکرد، زۆر تەمومژاوییە و دیسان پێویستی بەروونکردنەو بەڵگەی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی خوێنەرێکی تێگەیشتوو پەسندی بکات، چونکە کاتێ پاشایەک لەرێگای تۆبزی و داگیرکارییەوە چووە ناو وڵاتێکەوەو دەستی بەسەر بەشێکی گرنگداگرت، ئەوا لۆژیکی جیهانگیری وا دەخوازێ کە ناوچەو بەشەکانی تریش لەرێی قەهرو داگیرکارییەوە کەوتبێتنە ژێر رکێفی ئەوەوە.

بەڵێ، لەبەر ئەوەی بناغەی بیروبۆچوونەکەی ئابە دۆبۆس هەڵەیە و فرانکەکان بەپێچەوانەی تەسەوڕی ئەو لەرێگای قەهرو زۆرەملێوە هاتنە نێوگۆلەوە، هەر بۆیە هەر دەرەنجامێکیش کە لەو بیروبۆچوونەوە دەستی دەکەوێت هەڵەیە. یەکێک لەو دەرەنجامانەی کە ئابە دۆبۆس لەبیروبۆچوونەکانی خۆی وەری دەگرێت، ئەو ناوانەیە کە لەلایەن رۆمانەکانەوە دراوە بەکلۆڤیس و دەڵێ: ئەویان کردە سەرۆکی هێزی چەکداری رۆمانی، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم بابەتە بەتەواوی و تەنیا بۆچوونی خۆیەتی. بەڵگەی مێژوویی ئەو بابەتە ئەوەیە کە لەپاش داگیرکارییەکانی کلۆڤیس (سن رمی) پاپای رۆما پیرۆزبایی بۆ نارد، بەڵام ئەم پیرۆزباییە تایبەتە بە سەڵتەنەتەکەی و هیچ مانایەکی تری نییە. بەهیچ جۆرێک نەیانکردە فەرماندەی هێزی چەکدارەکانی رۆمانی. مەعقول نییە مانای روون و ئاشکرای بەڵگەنامەیەکی مێژوویی وەلابنرێت و واتایەکی خەیاڵی بۆ دابنرێت.

ئابە دۆبۆس بە پەیڕەوی کردن لەم بیرۆکەیە (کە کلۆڤیس لەسەر بانگهێشتی رۆمانەکان هاتۆتە نێو خاکی گۆلەوە) دەڵێ:

ئاناستازی ئیمپراتۆری رۆمانی پلەی کۆنسولی بە کلۆڤیس بەخشی. هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەم بابەتە نییە، بەڵام هەموومان دەزانین کە پلەی کۆنسولی لەو سەردەمەدا تەنیا بۆ ماوەی یەک ساڵ دەبەخشرا، شتێکی ئاساییە کە بۆ کەسێکی وەکو کلۆڤیس کە پاشای

ولاتێکی گەورەی وەکو گۆل بووەو ئەویش پلەی کۆنسولی بۆ ماوەی ساڵێک شتێکی زۆر گرنگ نەبووەو هێندەش مایەی دڵخۆشی و شانازی نەبووەو ئەمەش نابێتە بەڵگەی ئەوەی کلۆڤیس ملکەچی ئیمپراتۆری رۆمانی بووە.

بەرێز ئابە دۆبۆس لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: لەوانەیە ئیمپراتۆری رۆمانی رێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ کلۆڤیسدا گرێ دابووبێت تاکو بۆ هەتاهەتایە لە پلەی کۆنسولیدا بمێنێتەوە. بەڵام من دەڵێم بەهیچ جۆرێک پەیمان نامەیەکی نهێنی ئەوتۆ نەبووە، چونکە گرگوار دوتۆری مێژوونووسی بەناوبانگی کەنیسە کە یەکێک لە گەورەترین مێژوونووسە کۆنەکانە، کاتێ باسی کۆنسولی کلۆڤیس دەکات، بەهیچ چەشنێک ئاماژە بەوە ناکات کە ئەو بەپێی رێکەوتنێکی نهێنی یان فەرمانێکی ئاشکرا بۆ هەتاهەتایی کرابێت بە کۆنسول. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کاتێک ئیمپراتۆری رۆمانی کلۆڤیسی بۆ پلەی کۆنسولی هەڵبژارد، ئەو بۆ خۆی بەکردەوە پاشای فەرەنسا بوو و هەموو ماف و ئیمتیازی پاشایەکی هەبوو، کەواتە پلەی کۆنسولی هیچ شتێکی بە ئیمتیازاتەکانی ئەوەوە زیاد نەدەکرد، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین، ئیمپراتۆری رۆمانی بۆ سەرنجراکێشانی کلۆڤیس و لەرووی ترسەوە بۆ پلەی کۆنسولی هەڵبژارد، نەک بەم کارە کلۆڤیس منەتباری ئیمپراتۆری رۆمانی بووبێت.

بەڵگەیەکی دیکە کە ئابە دۆبۆس بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونی خۆی پشتی پێ دەبەستێ ئەوەیە کە ژوستینینی ئیمپراتۆری رۆمانی رۆژهەڵات، چاوپۆشی لە هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی کرد لە خاکی گۆلدا و فەرمانیدا ماف و ئیمتیازاتی ئەو وەکو میرات بدرێت بە منداڵەکانی کلۆڤیس. بەپشتیوانی ئەم بەڵگەیە دەڵێ: کلۆڤیس لەسەر داوای رۆمانەکان هاتۆتە گۆل نەک لەرێگای زۆرلێکردن و داگیرکارییەوە.

مێژووی ئەم بیروبۆچوونە وەهمییەش بەم جۆرەیە، کلۆڤیس و سەرجەم پاشاکانی فرانک بە کردەوە پاشای ولاتی گۆل بوون و خاوەنی گشت ماف و ئیمتیازاتێکی پاشایەتی بوون. ژوستینین کە ئەوکات ئیمپراتۆری رۆمای رۆژهەڵات بوو، وەکو ئەوەی گوایە دەبێتە جێنشینی ئیمپراتۆری رۆمانی رۆژئاوا (رۆمانی گەورە) خۆی بەخاوەن ماف دەزانی بەسەر خاکی گۆلەوە، چونکە هەموو دەزانن لەسەردەمی ژوستینین ماوەیەک بوو رۆمانی گەورە هەرەسی هێنابوو و رۆمانی رۆژهەڵات کە خۆی بەجێنشینی رۆمانی رۆژئاوا دەزانی داوای خاوەن مافی بەسەر ویلایەتەکانی رۆمای رۆژئاوا کرد، بەڵام ئەم داوایە هەر قسە بوو نەک کردەوەو ژوستینین هیچ چەشنە هێزێکی ئەوتۆی نەبوو تابتوانێ ئەو مافە وەربگرێت یان بیپارێزێت یان فەرمانڕەوای موستەعمەرە کۆنەکانی رۆمانی کە گۆلیش



یەکێک بوو لەوان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

کەواتە بەبێ بەهەند هەڵگرتنی ئەوەی کە ژوستینین سەبارەت بە خاکی گۆل وازی لە مافی خۆی دێنا یان نا، منداڵەکانی کلۆڤیس پاش ئەو بوونە پاشای فەرەنسا و خاوەنی هەموو ماف و ئیمتیازێکی پاشایەتی بوون.

بەڵگەیەکی دیکە کە ئابە دۆبۆس بۆ سەلماندنی وتەکەی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت ئەوەیە: ئەسقەف و قەشەکانی گۆل مەراییان بۆ کلۆڤیس دەکردو ئەم بابەتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کلۆڤیسان، بانگهێشت کردووە. بەڵام هەموو کەس دەزانێت کە مەرایی سەرچاوەکەی ترس و لاوازییە و ئەگەر ئەسقەف و پیاوە ئایینییەکان لە کلۆڤیس نەترسابان یان لەبەرامبەر ئەودا هەستیان بە بێ توانایی نەکردبا ئەوا مەراییان بۆ نەدەکرد، جگە لەوە مەرایی و ترسی قەشەو پیاوە ئایینی و تەنانەت مێژوونووسی بەناوبانگ گرگواردوتۆر، پاش هێرش و سەقامگیربوونی کلۆڤیس لە گۆلدابووە، بەر لەوە کلۆڤیس لەوێ نەبووە هەتا کەس مەرایی بۆ بکات.

دوای ئەوەی بە دوورودرێژی باسی کوشتن و تالان و برۆی کلۆڤیس دەکا، ناچارە بڵێت: لەهەموو جێگایەک دوژمنەکانی کلۆڤیس سەرکوت و پێشێل دەکران و کلۆڤیس بە رێگای خوا دا دەڕۆیشتن و لەلایەن خواوە یارمەتی دەدرا.

کاتێک کلۆڤیس دینی مەسیحییەتی قبووڵ کرد، پیاوە ئایینییەکان هەناسەیەکی ئاسوودەیان هەڵکێشا، چونکە دەیانزانی لەوەپاش دەتوانن بەبێ هیچ شەرمێک مەرایی بۆ کلۆڤویس بکەن. ئەوە جگە لەوەی کە بوونە مەسیحی ئەم پاشایە، هەندێ ئیمتیازاتی خستە بەردەستی پیاوە ئایینییەکان و نفووزی ئەوانی زیادکرد، بەڵام ئەگەر پیاوە ئایینییەکان لەرووی دەروونییەوە ئاسوودە بوون ئەوا هەموو مێژوونووسەکان ئەو راستییە باش دەزانن کە میللەتی گۆل لە ئەنجام جەنگ و کوشتن و تالان و برۆ و گۆڕانی حکومەتی رۆمانەکان بۆ حکومەتی جێرمەنی بەلاو نەهامەتییەکی زۆریان بینی و بەدبەختیەکی زۆریان بەسەرداهات.

ئەگەر وتەکەی ئابە دۆبۆس راست بێت و خەڵکی گۆل و فەرمانڕەوا رۆمانییەکانیان بانگهێشتی کلۆڤیس و جەنگاوەرەکانی ئەویان کردبێت و بە ئارەزووی خۆیان پاشایەتیی ئەویان قبووڵ کردبێت، ئەوا وا پێویست دەکا کە گشت داب و نەریتی خەڵکی گۆل لەنێو بچێت و داب و نەریتی فرانکەکان شوێنی بگرێتەوە، بەڵام ئاشکرایە هەروەک چۆن هیچ داگیرکارێک ناتوانێت بەتەواوی داب ونەریتی ولاتە داگیرکراوەکان بگۆڕێت، پاشاکانی فرانکیش ئەگەرچی لەپێناوی گۆڕینی داب و نەریتی خەڵکی گۆلدا هەولێکی زۆریان دا و

زەحمەتێکی زۆریان کێشا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی داب و نەریت و ئەخلاقی ئەوان بگۆڕن و لەم بابەتەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵکی گۆل بە ئارەزووی خۆیان تۆقی ملکەچییان نەخستۆتە گەردنی خۆیان.

من ئەگەر بمەوێت وەکو ئابە دۆبۆس حوکم بدەم زۆر بەئاسانی دەتوانم بەشێکی گرنگی حەقیقەتە مێژووییەکان بگۆڕم و بۆ نموونە بیسەلمێنم کە یۆنانییەکان ئێرانیان داگیر نەکرد بەڵکو زۆر دۆستانەو برایانە چوونە ناوخاکی ئێرانەوەو ئەگەر داوای بەڵگەیەکیشم لێ بکەن ئەوا وەکو ئابە دۆبۆس دەڵێم بەشێک لە شارەکانی یۆنان لەگەڵ ئێراندا پەیمانیان بەستبوو! بەشێک لە یۆنانییەکان لە خزمەتی حکومەتی ئێراندا بوون! کاتێک ئەسکەندەر هاتە ئێران لە هەموولایەکەوە پێشوازییان لێ کرد! و دەسەڵاتدارو سەرۆکە ناوچەیی و پیاوە ئاییینییەکان هاتنە پێشوازی! هەروەک چۆن کلۆڤیس پاش هاتنە نێوخاکی گۆل جل وبەرگی رۆمانی لەبەرکرد، ئەسکەندەریش جلی ئێرانی لەبەرکردو کلاوی ئێرانی لەسەرنا. داریوشی پاشای ئێران بەدەستی ئێرانییەکان کوژرا! بۆ ئەوەی ئەسکەندەر زووتر لەسەر کورسی پاشایەتی ئێران دابنیشێ!! کاتێک ئەسکەندەر مرد، ژن و دایکی داریوش بۆ مەرگی ئەسکەندەر فرمێسکیان هەڵڕشت! لە کاتێکدا کە ببووە هۆی تێکشکاندنی پاشای ئێران پاشان هەموو ئەو رووداو ئاڵوگۆڕانە کە بەوپەڕی قەهرو داگیرکارییەوە بەئەنجام گەیشتوون وەکو هۆی دۆستایەتی سەیریان بکەم و حەقیقەتە مێژووییەکان ئاوەژوو بکەمەوەو لەرێگەی ئەو هەمووە بەڵگانەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەسکەندەر لەرێگای قەهرو داگیرکارییەوە ئێرانی داگیرنەکردووە بڵێم هەندێ لە مێژوونووسە راستبێژو گەورەکان وتوویانە ئەسکەندەر بەهۆی قەهرو داگیرکارییەوە دەستی بەسەر ئێراندا نەگرتووە، وەکو ئابە دۆبۆس تووشی هەڵەبێم و بڵێم مێژوونووسەکان هەڵەیان کردووەو لەو سەردەمەدا چاپ وجوودی نەبووەو رووداوی قۆناغەکانی پێشوتر بە گۆڕانکارییەکی زۆرەوە دەگەیشتە ئەوان و ئەوانیش هەرچییەکیان بیستبا، دەیاننووسی و لەرێگەی ئەم هەڵانەوە بیروبۆچوونی ناڕاستی خۆم بسەلمێنم.

بناغەو بنەمای کتێبەکەی ئابە دۆبۆس کە لەژێر ناوی دامەزران و پێکهاتنی سەڵتەنەتی فرانکەکان لەگۆلدا بڵاوی کردۆتەوە، بەم جۆرەیە.

### بەشی بیست و پێنجەم: رەسەنایەتی نەژادی لە فەرەنسا

بەڕێز ئابە دۆبۆس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لەسەرەتای سەڵتەنەتی فرانکەکان لە فەرەنسادا هەموو تاکەکانی نەتەوەی فرانک تەنیا لەیەک چین پێکهاتبوون و لەنێویاندا



چینی لۆردەکان و نەجیبزادەیان نەبوو، هەموو لەگەڵ یەکتردا یەکسان بوون.

ئەگەر بێتو ئەم بیروبۆچوونە پەسند بکەین کە پاشاکانی ئێمە لە نەژادێک پێک هاتوون کە لەنێویاندا ئەرستۆکرات و نەجیبزادە نەبووەو هەموویان خەڵکی ئاسایی بوونە، ئەوا نەک هەرسووکایەتییە بە پاشاکانی فەرەنسا بەڵکو ئابە دۆبۆس سووکایەتی بە نەژادو رەگەزی ئێمەش کردووە.

بەپێی وتەی ئەو، رۆمانەکان بەپێچەوانەی فرانکەکان خاوەنی ئەرستۆکرات و نەجیبزادە بوون و رۆمەکانی وڵاتی گۆل بەسەر سێ چیندا دابەش دەکران کە دوایین چینیان لە خەڵکی ئاسایی پێک دەهات.

ئەو بەڵگەیەی ئابە دۆبۆس بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکەی خۆی پشتی پێ دەبەستێ بەم جۆرەیە کە بەپێی یاسای سالیک غەرامەی کوشتنی تاکێکی نەتەوەی فرانک دووسەد سو بوو و لەم رووەوە لەنێوان کەسێکی دەوڵەمەندو یەکێکی هەژارو بێ دەرامەتدا هیچ چەشنە جیاوازییەکیان دانەدەنا، لە کاتێکدا کە لەنێو رۆمانەکان غەرامەی کوشتن بەپێی جۆری کەسایەتی و نەجیبزادەیی کوژراوەکە گۆڕانکاری بەسەردا دەهات: غەرامەی کوشتن لە چینی یەکەمدا سێ سەد سو و لەچینی دووەمدا سەد سو و لەچینی سێهەم (لەنێو خەڵکی ئاساییدا) چل و پێنج سو بووە. بەپاڵپشتی ئەم بەڵگەیە ئابە دۆبۆس دەڵێ: لەنێو فرانکەکاندا تاکەکانی کۆمەڵگا لەرووی کەسایەتییەوە یەکسان بوون و هەموویان لەریزی چینی عەوامدا حسێب دەکران. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە رۆمانەکان خاوەنی چینی خانەدان (خواص) و چینی خەڵکی رەشوکێ (عوام) بوون و بەشێکیان سەر بەچینی نەجیبزادەکان و بەشێکی تریشیان سەر بەچینی خەڵک بوون. زۆرم پێ سەیرە چۆنە ئابە دۆبۆس ئەو هەڵە گەورەیەی خۆی بەرچاو نەکەوتووە چونکە ئەم هەڵەیە بە رادەیەک گەورەیە کە بێگومان دەبووایە بەرچاوی نووسەر بکەوتباو راستی بکردبایەوە. شتێکی سەرسوڕهێنەرەکە رۆمانەکان هەر لەوکاتەدا کە پەیڕەویان لە فرانکەکان کردووە لەرووی کەسایەتییەوە لەوان بەرزتر بن و سەرەڕای ئەوەی هەموویان لەژێر دەسەڵاتی فرانکەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، خوێنبایی تاکێکی رۆمانی لەهی ئەفسەرێکی فرانکی زیاتر بووبێت و فرانکەکان بەوە رازی بن کە لەرووی ئیمتیازو کەسایەتییەوە لەخوار رۆمانەکان بن. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هەر بەپێی قسەی خودی ئابە دۆبۆس لەنێو سەرجەم نەتەوە جێرمەنەکاندا جیاوازی چینایەتی هەبووەو ئەم میللەتانە پاش ئەوەی دەستیان بەسەر وڵاتانی تر داگرت، بەسەر چینی جیاوازی وەکو لۆردەکان و خاوەن مولک و تاکی ئازاد و خەڵکی ئاسایی یان کۆیلەدا دابەش بوون.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئابە دۆبۆس بەتەواوی لە واتای یاساکانی سالیک وردنەبۆتەوەو بەپێچەوانەی واقیعەوە لەدەقی یاساکان تێگەیشتووە. ئێمە بەم جۆرەی خوارەوە هەڵەکانی راست دەکەینەوە.

بەپێی یاسای سالیک غەرامەی کوشتنی کەسێک لەهاوڕێیانی پاشا (یاوەرێک) بە شەش سەد سو دیاری کرابوو و هەروەها بۆ کوشتنی یەکێک لە هاوڕێکان کە لەبنەڕەتدا رۆمانی بوو بێت سێ سەد سویان دەداو بەشێوەیەکی گشتی بەو هاوولاتییە رۆمانییانە کە بەشێک بوون لە هاوڕێکان و ئیتباعی تایبەت، دەگوترا میوانی پاشا.

لەم چینە خوارتر هاوولاتی ئاسایی فرانکی بوون کە غەرامەی کوژرانیان دووسەد سو بوو و لەمانیش خوارتر هاوولاتی ئاسایی رۆمانی بوون کە خوێنباییەکەیان بریتی بوو لە سەد سو. ئەگەر هاتباو کوژراوەکە لەو رۆمانییانە بوایە کە سەر بەکۆیلەکان یان کۆیلە ئازادکراوەکان بوون، ئەوا لەم حاڵەتەدا خوێنباییەکەی چل و پێنج سو بوو.

ئەو خاڵەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە یاسای سالیک بۆ ئەو فرانکانەی کە ژیانی کۆیلایەتیان بەسەردەبرد یان کۆیلەی ئازادکراو بوون، هیچ چەشنە خوێنباییەکی دیار نەکردبوو و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا فرانکەکان کۆیلەیان نەبووەو هەر هەموویان ئازادبوونە. بەهەرحاڵ ئەوەبوو رێوشوێنەکانی یاسای سالیک سەبارەت بە خوێنبایی رۆمانی و فرانکەکان... بەڵام ئابە دۆبۆس وێڕای ئاماژەکردن بە رێوشوێنەکانی ئەم یاسایە، سەرەتا چینی یەکەمی فرانکەکان کە بریتی بوون لە هاوڕێیانی تایبەتی پاشاو یاوەران فەرامۆش دەکات و پاشان تاکی ئاسایی فرانکی کە خوێنباییەکەیان بریتی بوو لە دووسەد سو لەگەڵ ئەرستۆکراتی چینی یەکەمی رۆمانی کە میوانی پاشابوون، بەراورد دەکات و گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامە کە خوێنبایی ئەمانە دووسەد سو بووە، کەواتە فرانکەکان بەشێوەیەکی گشتی لە رۆمانەکان سووکتر بوونەو لەکۆتاییدا پێیوایە کە فرانکەکان لەرووی چینی کۆمەلایەتییەوە، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نەبووەو خاوەنی ئەرستۆکرات و نەجیبزادە نەبوونە، لە کاتێک دا کە رۆمانەکان لەم رووەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەبووەو خاوەنی نەجیبزادە بوونە. ئابە دۆبۆس بەبێ گرنگی دان بە چەمکی راستەقینەی یاسای سالیک ئەم یاسایە بە شاهید دێنێتەوەو چاوپۆشی دەکات لە ئاماژەکردن بە یاسای بۆرگۆنی، لە کاتێک دا کە سەڵتەنەتی بۆرگۆنی یەکێک لە لقە گەورەکانی رژێمی پاشایەتی فەڕەنسا بووە. ئابە دۆبۆس ئەو راستییە وەبەرچاو ناگرێت کە لەیاسای بۆرگۆنیدا بۆ چینە جیاوازەکانی رۆمانەکان سێ جۆرە خوێنبایی دیاری کرابوو. یەکەم- خوێنبایی ئەرستۆکراتی رۆمانی و ئەرستۆکراتی بۆرگۆنی. دووەم-



غەرامەی کوشتنی ئاسایی بۆرگۆنی و رۆمانییەکان کە من ئەوان بەچینی ناوەڕاست ناوزەد دەکەم. سێهەم- خوێنبایی خەڵکی ئاسایی لەنێو هەردوو میللەتی رۆمانی و بۆرگۆنیدا. ئەم یاسایە بەباشی دەریدەخات کە بۆرگۆنییەکانیش وەکو رۆمانەکان خاوەنی نەجیبزادە بوونە بەڵام ئابە دۆبۆس ئاماژە بەو یاسایە ناکات.

لەبەر ئەوەی ئابە دۆبۆس لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە فرانکەکان خاوەنی نەجیبزادە و ئەرستۆکرات نەبوونە، هەر بۆیە چاوپۆشی لە بەشێکی یەکجار زۆری بەڵگەنامە مێژووییەکان کردووە و لەهەر جێگایەک باسی نەجیبزادەکان هاتۆتە گۆڕێ، دەڵێ ئەم ناو و نازناوە تەنیا لایەنی رەسمییات و موجامەلەی هەبووەو پلەوپایەکی تایبەتی کە خاوەنی ئیمتیازاتێکی تایبەتی بوو بێت نەبووەو یاسایەکی دیاری کراو لە نێویاندا دانەڕێژراوە.

لەوجێگایەشدا کە دەقی ئەحکام و فەرمان و یاساکان زۆر روون و راشکاوانەیە و هیچ چەشنە تەمومژێکی لەسەرنییەو بەشێوەیەکی ئاشکرا ناوی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بردراوە، ئابە دۆبۆس دەڵێ: مەبەست لەم ئەرستۆکراتانە هەمان نەجیبزادەی رۆمانەکانە و ئەگەر داوای بەڵگەیەکیشی لێ بکەن دەڵێ چونکە فرانکەکان خاوەنی نەجیبزادە نەبوونەو هەر هەموویان وەکو یەک چین سەیریان کراوەو هەروەها لەو شوێنەشدا کە ئاماژەیەک بە فرانکەکانی چینی خوارتر کراوەو وتراوە فلانە دەستە لە فرانکەکان لەخوار ئەم چینەی ترەوە بوون، ئابە دۆبۆس دەڵێ مەبەستی سەرەکی یاساو فەرمانەکان هەمان کۆیلە فرانکییەکانە.

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە تێیدا ئاماژەیەک بەفرانکەکانی چینی خواروو کراوە، فەرمانێکە کە لەلایەن شیلدبری پاشای فرانکەوە دەرکراوەو تێیدا نووسیویەتی: «هەرکاتێک دادوەر بتوانێت دزێکی بەناوبانگ دەستگیربکات، ئەگەر ئەو دزە لە تاکە کەسە بە دەسەڵاتەکان بێت ئەوا دەبێ بۆ لای پاشای رەوانە بکات، بەڵام ئەگەر هاتو لەچینی خوارەوە بوو ئەوا لەم حاڵەتەدا دادوەر دەتوانێ لەو شوێنە لەداری بدات».

رێک ئەو وشە لاتینییانەی کە لەم فەرمانەدا بەکارهاتوون بەم جۆرەیە کە (پاشا دەڵێ) هەرکاتێک ئەم دزە فرانکۆس بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا بۆ لای پاشا رەوانە دەکرێت و ئەگەر هاتو دوبیلیر پرسنا (واتە تاکێک لەچینی خواروتر) بێت ئەوا لەشوێنی خۆی لەدار دەدرێت.

بەرێز ئابە دۆبۆس دەڵێ لەم فەرمانەدا وشەی فرانکۆس واتە پیاوی ئازادو وشەی دوبیلیر پرسناش واتە رەعیەتێکی کۆیلە و پاشان دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە بەپشتیوانی ئەم فەرمانە لە رابردوودا هەموو تاکە ئازادەکان راستەوخۆو لەلایەن خودی پاشاوە دادگایی

دەکران، لە کاتێکدا ڕەعیەتە کۆیلەکان لەلایەن دادوەری ترەوە دادگایی دەکران.

تکا لە خوێنەرەکان دەکەم وردبینەوەو لەرووی عەقڵ و تێگەیشتنی خۆتانەوە حوکم بدەن، ئایا من ڕاست دەکەم یان ئابە دۆبۆس؟

من جاریّ کارم بە وشەی فرانکۆس نییەو سەبارەت بەوشەکەی دیکە (دوبیلیر پرسنا) دەدوێم کە واتا ڕاست و بێ پێچ و پەناکەی بریتیە لە تاکەکەسێک لەچینی خوارووتر.

هەموو کەس دەزانێت لەنەریتی هەموو جیهاندا، گەورەیی و بچووکی سێ پلەی هەیە کە بەم جۆرەیە:

گەورە- گەورەتر- گەورەترین، بچووک- بچووکتر- بچووکترین.

ئێستا ئەگەر بەپێی وتەکەی ئابە دۆبۆس مەبەستی فەرمانەکەی شیلدبر پیاوی ئازادو کۆیلە بوایە، ئەوا لەم حاڵەتەدا سووک و سادە دەیاننووسی، ئازادەکان لەلایەن پاشاوە دادگایی دەکرێن و کۆیلەکان لەلایەن دادوەری ترەوە دادگایی دەکرێن. هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد لەجیاتی وشەی کۆیلە، ڕستەی تاکەکەسێکی چینی خوارووتر بەکاربێنن. کەواتە کاتێک ئەم ڕستەیە بەکارهاتووە، ئەوا مانای وایە کە فرانکۆس لەجیاتی پیاوی ئازاد واتایەکی تری هەبوە کە ڕستەی یەکەم لەدوای ئەودا بنووسن و بەم جۆرە فرانکۆس مانای کەسێکی بەهێزو بەدەسەلات دەدات و پاشا ویستوویەتی بڵێت، ئەگەر دزە دەست گیرکراوەکە کەسێکی بەهێزو بەدەسەلات بوو، ئەوا بۆ سزادان ڕەوانەی لای پاشای بکەن و ئەگەر لەچینی خوارووتر بوو ئەوا هەر لە شوێنەکەدا لەداری بدەن. فەلسەفەی دەرچوونی ئەم فەرمانە ئەوەیە کە لەنێو فرانکەکاندا بەردەوام تاکی بەهێزو بەدەسەلات و سەرەڕۆ هەبوون کە دادوەرو دەسەلاتدارە ناوچەییەکان نەیاندەتوانی دادگاییان بکەن و بەناچاری بۆ بەسزاگەیاندنی ئەم کەسانە دەبوایە پەنا بۆ پاشابەن.

ئەو شیکردنەوەیەی من بۆ ئەم فەرمانەم کردووە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەحکام و فەرمانەکانی تردا دەگونجێت، چونکە لەنێوان ئەو حاڵەتانەی دەبێت سەرپێچی کارەکان لەلایەن پاشاوە سزا بدرێن لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە دەبوایە دادوەرەکانی تر تاوانبارەکان دادگایی بکەن جیاوازی هەیە. مەبەستی من ئەوەیە، ئابە دۆبۆس بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکەی خۆی سەبارەت بەوەی کە فرانکەکان خاوەنی چینی نەجیبزادە نەبوونە، هەموو فەرمان و ئەحکامەکان بەپێی تەسەوری خۆی تەفسیر دەکات و لەو جێگایانەی کە باسی چینی خوارووتر لە ئارادایە، زۆر بەسووک و سادەیی دەڵێ ئەوان ڕەعیەتی کۆیلەو بەشێوەیەکی گشتی کۆیلە بوون و لەشوێنێکی دیکەدا ئابە دۆبۆس ژیاننامەی لویسی ورگ زل بەپێی بیرو بۆچوونی خۆی تەفسیر دەکات و لەجێگەیەکیشدا کە باس دێتە سەر پیاوە



ئایینییەکان بەتایبەتی ئەو پیاوە ئایینییانەی کە پێشتر ڕەعیەت و کۆیلە بوونە و بەپێی فەرمانی ئەو پاشایە ئازاد کراون، بۆ سەلماندنی بیرو بۆچوونەکەی خۆی مێژوو چەواشە دەکات.

(تگان) کە ژیاننامەی لویسی ورگ زلی نووسیوە، لە کاتی سەرزەنشت و زەم کردنی یەکێک لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو سەردەمە کە ناوی هبۆن و ئەسقەفی شاری ڕمیس بووە دەڵێ: ئەی هبۆن ئیمپراتۆر دەرهەق بە تۆ چاکەیەکی یەکجار زۆری کردووە و تۆی لە کۆیلەیەتی ئازاد کردووە، بەڵام تۆ قەدری باشییەکانی ئەوت نەزانی و نارەزاییت دەربڕی و هەندێ چاوەڕوانی دیکەت هەبوو و لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆر نەیدەتوانی پاش ئەوەی تۆی ئازاد کردووە، بتخاتە ڕیزی چینی نەجیبزادەکانەوە.

ئەم سەرزەنشتە بەروون و ئاشکرایی دەریدەخات لە سەردەمی لویسی ورگ زل دا کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکدا دابەش کرابوون کە یەکێکیان بریتی بوو لە چینی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان، بەڵام ئابە دۆبۆس بە تەواوی ئەم ڕاستییە دەخاتە ژێر پێیەوە و دەڵێ مەبەستی تگان ئەوەیە، لەبەر ئەوەی هبۆن ئەسقەفی شاری ڕمیس بووە، هەر بۆیە بەسەر ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکاندا پایەبەرزتر بووە و بەم جۆرە ئیمپراتۆر نەیتوانیوە ئیمتیازێکی تری پێ ببەخشێ، چونکە خودی ئەسقەف لە نەجیبزادەکان بەرزتر بووە.

بەراستی سەیرکەن ئایا مەبەستی تگان ئەوەیە؟ ئایا مانای ڕاشکاوی ئەو دەستەواژەیە ئەوەیە کە ئیمپراتۆر ناتوانێت کۆیلەیەک کە ئازاد کراوە بخاتە ڕیزی نەجیبزادەکانەوە؟!

ئەو مانایەی ئابە دۆبۆس بەم دەستەواژەیەی دەبەخشێت و دەڵێ مەبەستی تگان هەمان پایەبەرزیی پیاوە ئایینییەکانە بەسەر ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان، بەهیچ جۆرێ لەم ڕستانەدا نابینرێت. بەڵام ئابە دۆبۆس بە مەبەستی پەیڕەویکردن لەم بەڵگە هەڵەیەی خۆی دەڵێ: ئەم ڕستەیەی تگان ئەوە دەسەلمێنێ کە لە سەردەمی پاشایەتی فرانکەکان دا تاکە ئازادەکان بەپێی نەریتی کۆمەڵگا بە نەجیب ناوزەد دەکران و هەر کەسێک بەئازادی هاتبایە سەر دونیا، واتە دایک و باوکی کۆیلە نەبان، وەکو عادەتێکی باو بە نەجیبزادە لە قەڵەم دەدرا.

سەیرە.. لە بەر ئەوەی لەسەردەمی ئێمەدا کۆمەڵێک کاسبکارو بازرگان چوونەتە ڕیزی نەجیبزادەکانەوە و جگە لەمە، نەجیبزادەیی بەرێژەیەکی زۆر واتای بەرایی خۆی لەدەست داوە، ئایە ئەمە دەبێتە بەڵگەی ئەوە کە نەجیبزادەیی لە سەردەمی پاشایەتی لویسی ورگ زلیش دا هەربەم جۆرە بوو بێت؟ ئایە دەتوانین داب و نەریتەکانی ئەم قۆناغەش بۆ پاشەوە بگێڕینەوە و لەگەڵ سێزدە سەدە بەر لەئێستادا بەراوردیان بکەین؟

بەڵام ئابە دۆبۆس دەڵێ: لەوانەیە هبۆنی ئەسقەفی شاری رمیس لەنێو فرانکەکاندا کۆیلایەتی نەکردبێت بەڵکو لەنێو نەتەوەکانی دیکەی جێرمەن وەکو ساکسۆن کۆیلایەتی کردبێت لەنێو ئەو نەتەوانەدا تاکەکانی کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکدا دابەشکرابوون.

بەکورتی ئابە دۆبۆس گەرەکیەتی لەرێگای ئەگەرەوە بیسەلمێنێت لەنێو فرانکەکاندا چینی ئەرستۆکرات و نەجیبزادە نەبووە، بەڵام ئەو ئەگەرە بەهیچ شێوەیەک لێرەدا ناگونجێت، چونکە لەرابردوودا هەر کۆیلەیەک کاتێک ئازاد دەکرا، دەبوایە ملکەچی یاساکانی دەرەبەگەکەی خۆی بێت و پەیڕەوی لێ بکات و لەبەر ئەوەی هبۆن پاش ئازاد بوون پەیڕەوی لەیاسای فرانکەکان کردووە، ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئەو لەنێو فرانکەکاندا کۆیلایەتی کردووە نەک لە نێو خێلەکانی ساکسۆن دا، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا پاش ئازادبوون ملکەچی رێوشوێن و داب ونەریتی ساکسۆنەکان دەبوو.

هەرچۆنێک بێت، لەبەر ئەوەی لەم بەشەدا من هێرشم کردۆتە سەر خەڵکانی تر، هەر بۆیە دەبێ ئامادەی بەرگریش بم، چونکە لەوانەیە پێم بڵێن لە بەر ئەوەی لەسەردەمی پاشایەتی فرانکەکان تیول بەرە بەرە لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی دیکە دەگوێزرایەوە، ئیدی یاوەرەکان خاوەنی ئەو نەجیبزادەییە بۆماوەیی و سەقامگیرەی سەرەتا نەبوون و کەم و زۆر لەگەڵ تاکە ئاساییەکان واتە کاسبکارو کرێکارو هتد دا تێکەڵاو بوون.

ئەمە بیرو بۆچوونی نووسەری پایەبەرزو هاوچەرخ(سەدەی هەژدە)بەڕێز «والوا»یە کە ئابە دۆبۆسیش بیرۆکەکەی خۆی لەم وەرگرتووە، ئەوەندە نەبێت ئەم بیرۆکە سادەیەی بەهۆی هێنانەوەی بەڵگەی کەم بەها تێک و پێک داوە. بەڵام بە هەر حاڵ نابێ ئابە دۆبۆس پشت بەم بیرۆکەیە ببەستێ چونکە ئەو بە راشکاوی دەڵێ: تەنیا رۆمانەکان چینی ئەرستۆکراتیان هەبوو بەسەر سێ چین دا دابەش دەبوون، بەڵام فرانکەکان لەبنەڕەتدا نەجیبزادەو ئەرستۆکراتیان نەبووە، جا چ هێدی هێدی لاواز بووبێتن یان نا.

ئێستا من وەڵامی والواو ئەوانی تر دەدەمەوە بۆ ئەوەی چۆنیەتی گواستنەوەی تیول تارادەیەک روون بێتەوە:

یاوەرانی پاشا کە خاوەنی تیول بوون تەنیا لەرووی هەبوونی تیولەوە ئەو ناوەیان لەسەر دانەدەنراو ئەم ناوونیشانەیان وەرنەدەگرت بەڵکو لەبەر ئەوەی یاوەری پاشابوون تیولیان پێدەبەخشراو ئەگەر بێتو خوێنەر سەیرێکی ناوەڕۆکی بەشەکانی سەرەتایی کتێبی سیهەمی رۆحی یاساکان بکات، بۆی دەردەکەوێت کە بەهۆی جەنگ و داگیرکاری و هتد هەندێ جار تیولی ناوچەیەکیان لە دەست دەچوو و لەبەرامبەردا تیولێکی دیکەیان بەنسیب دەبوو. بەهەرحاڵ بنەماڵەی یاوەرەکان بەردەوام مافی هەبوونی تیولیان هەبووەو



بەزۆری کاتێک لەنێو خێزانێکدا منداڵێک لە دایک دەبوو، پاشا تیولێکی پێدەدا و هەروەکو ئاگادارن ئەم تیولەش بەپێی رێوڕەسمی تایبەتی و لە ئەنجوومەنی گشتیدا دەبەخشرا.

هەرچۆنێک بێ، کۆمەڵە بنەماڵەیەک بوون کە بەهۆی ئیمتیازاتەکانی خۆیانەوە، خۆیان بە شایانی سەڵاحیەتی هەبوونی تیول دەزانی و زۆربەی کاتەکانیش بەرژەوەندی پاشاش لەوەدابوو کە تیول ببەخشێ و دواتر ژمارەیەکی زۆری تاکە ئازادەکان چوونە ریزی نەجیبزادەکانەوە و بوون بەخاوەنی تیول، هەروەک چۆن ئەمڕۆکە پاشاکانی ئێمە خەڵک دەخەنە ریزی نەجیبزادەکان و پلەو پایەو مانگانەیان پێ دەبەخشن.

بەڵام لێرەدا شتێکی روون و ئاشکرا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەسەردەمی پاشایەتی یەکەمین پاشاکانی فرانکدا، زۆر ئەستەم بوو کۆیلەیەکی ئازادکراو بتوانێ بگاتە پلەوپایەی نەجیبزادەیی و بتوانێ ناوونیشانی نەجیبزادەیی بەخۆی بدات، هەر بۆیەشە لویسی ورگ زل سەرەڕای ئەوەی «هبۆنی» لە کۆیلەیەتی رزگارکردو ئازادی پێ بەخشی و کردی بەئەسقەفی شاری رمیس کەچی نەیدەتوانی پلەی نەجیبزادەیی بداتێ، چونکە ئەگەر وای کردبا هەموو نەجیبزادەکانی لەخۆی هاندەدا.

لەسەردەمی پاشایەتی لویسی ورگ زلدا دابونەریتە کۆنەکان زۆر لاوازببوون، هەر بۆیە کۆیلەیەکی ئازادکراوی وەکو هبۆن توانی بگاتە پلەوپایەی بەرزی ئەسقەفی، بەڵام لەسەردەمی شارلمانیدا، رەچاوکردنی بنچینەیی رەسەنایەتی نەجابەتی بنەماڵەیی بەرادەیەک زۆربوو کە بەهیچ جۆرێک پلەوپایەو تەنانەت پلەی ئایینیشی بەتاکێکی ئاسایی نەدەدا، جا چ دەگا بەوەی ناوونیشانێکی گەورەی وەکو نەجیب و شوالیەیان پێ ببەخشێت.

لە کۆتاییدا دەبێ دان بەوە دابنێین کە کتێبەکەی ئابەدۆبۆس هەندێ بەشی زۆر بەکەڵکیشی تێدایەو کۆمەڵێک بیروبۆچوونی سەرەنجڕاکێش لەو کتێبەدا بەدی دەکرێت، کەواتە ئەگەر هەڵەیەکمان بەرچاو بکەوێت پێویستە چاوپۆشی لێ بکەین.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا لە وتەو تێبینییەکانی خۆم دەگەمە ئەم دەرەنجامە:

کاتێک دەبینم گەورە پیاو و زانایەکی وەکو ئابە دۆبۆس لە کتێبەکەی خۆیدا تووشی هەڵە هاتووە، منیش ترسم لێنیشتوە ناکا ئەزیش تووشی هەڵەی گەورە هاتبێتم.

## پەیوەندی نێوان یاساکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی فرانکەکان و ئەو گۆڕانکارییەی لە ڕژێمەکانیاندا ڕوویدا

### بەشی یەکەم: گۆڕانکاری لە تیول و پلەوپایەکاندا

لەسەرەتادا حاکمە سەربازییەکان واتە کۆنتەکان تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک هەڵدەبژێردران و لە دوای ئەو ماوەیە کەسێکی تر لە جیاتی ئەوان هەڵدەبژێردرا، بەڵام زۆری نەخایاند کۆنتەکان توانیان لە ڕێگای پارەدانەوە قۆناغی حکومەتکردنی خۆیان درێژبکەنەوە، واتە پلەوپایەی حاکمی وەکو کاڵایەکی بازرگانی کڕین و فرۆشتنی پێدەکرا.

زیاتر لە دوو نەوە لەسەردەمی کلۆڤیس[١٥٥] تێنەپەڕی بوو کە پلەوپایەو پیشەکان حاڵەتی کڕین و فرۆشتنیان بەخۆیانەوە گرت، چونکە هەروەکو گرگواردۆتۆری مێژوونووسی کۆن دەڵێ: لەسەردەمی پاشایەتی نەوەی کلۆڤیسدا کەسێک بەناوی (پێونیوس) کە حاکمی سەربازی شاری (ئوکرز)بوو، کوڕەکەی خۆی لەگەڵ بڕێک پارەدا ناردە لای پاشا بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارییەکەی بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو کوڕە کە بەناوی مومولوس بانگ دەکرا، بەناوی خۆیەوە پارەکەی دا بەپاشاو لە جیاتی باوکی ئەو بوو بە حاکمی سەربازی.

لەم ماوە کەمەدا پاشاکان تووشی گەندەڵی هاتن، چونکە ڕێزی دەسەڵات و پلەوپایەی ناسکی خۆیان نەگرت و نەیاندەزانی ئەو کەسەی کە دەکەوێتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانییەوە نابێ لە خۆڕا تەریک و تووڕە بکرێت.

بەڵام سەبارەت بە تیول... لە سەرەتای پاشایەتی فرانکەکاندا دەشیا تیول ئاڵوگۆڕو گواستنەوەی پێ بکرێت و پاشا دەیتوانی تیول لە کەسێک وەربگرێتەوەو بیدات بەیەکێکی دیکە، بەڵام ئەم کارە بەپێی هەواوهەوەس ئەنجام نەدەدرا بەڵکو لە کۆڕی گشتیی گەلدا جێبەجێ دەکراو هەموو کەس بەچاوی خۆی شێوازی کارەکانیان دەبینی و لە هۆی گواستنەوەکەش تێدەگەیشتن، بەڵام دواتر هەروەک چۆن پلەوپایەکان بەپارە دەکڕدران، تیولیش کڕین و فرۆشتنی پێدەکراو پاشاکان ئەو تیولەی بۆ هەتاهەتایە دابوویان بەیەکێک پاش چەند ساڵێک و هەندێ جار دوای چەند مانگێک لێیاندەسەندەوەو دەیاندا بەکەسێکی دیکە.



ئەم بابەتە نارەزاییەتیەکی گەورەی لێکەوتەوەو بوو بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش کە مێژوونووسەکان کەم و زۆر لەسەریان نووسیوە. ئەم نارەزایەتی و شۆڕشانە لەگەڵ ئەشکەنجەو کوشتنی شاژن «برونهو»ی پاشای فرانک دەستی پێکرد.

ئەمڕۆ کاتێک مێژووی رابردوو دەخوێنینەوە سەرمان سوڕ دەمێنێ کە چۆن دەکرێ شاژنێکی مەزنی وەکو برونهۆ کە مێردو باوک و براو منداڵەکانیشی پاشا بوون و بۆ خۆشی شاژنێکی لێهاتوو بوو و خاوەنی گەلێک خەسڵەتی گەورەبوو، زاناو ئەدیب بوو، بکەوێتە بەر ئازارو ئەشکەنجەوەو بەو شێوە دڕندانەو دڵتەزێنە بیکوژن[١٥٦].

راستە، لەبەر ئەوەی «کلوتێر» داواکاری بوو و تاج و تەختی فەڕەنسای دەویست، برونهۆ لە پێناوی پاشەکشە پێکردنیدا بەهۆی هەندێ پیلان و دەسیسەوە بووە هۆی مەرگی دە شازادەی گەورە، بەڵام ئەم تاوانە راستەوخۆ بەدەستی برونهۆ جێبەجێ نەکراو ئەگەر هاتبایەو دادگایەک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە پێکبهاتبایە، ئەوا برونهۆی بەبێ تاوان لە قەڵەم دەدا. کلوتێری داواکاریشی پیاوێکی بێ تاوان نەبوو و بەدەستی خۆی چەندین شازادەی کوشتبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەبەر ئەوەی گەلی فرانک بە خەمساردی و گوێ نەدانەوە سەیری تاوانەکانی شاژنێکی تریان دەکرد کە ناوی فردگوند[١٥٧] بوو، هەر بۆیە دەبوایە هەربەم شێوازە سەیری کردەوەکانی برونهۆشیان کردبایە!

کەواتە کوژرانی برونهۆ بۆ هەندێ هۆکاری تر دەگەڕایەوە کە بریتی بوو لە نارەزایەتی ئەرستۆکرات و خاوەن تیول و دەرەبەگە خاوەن پیشەو پلەوپایەکان و بەرپرسە سەربازی و مەدەنییەکان. بۆ نموونە برونهۆ خۆشەویستێکی هەبوو کە ناوی «پروتر»بوو، ئەم پیاوە دەستی بەسەر زەوی و زارو تیولی ئەرستۆکراتەکاندا دەگرت بەبیانووی ئەوەی دەیخاتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەڵام لە راستیدا یان بۆ خۆی سوودی لێ وەردەگرتن یان دەیدا بەخزم و کەسەکانی. هیچ کەس لە ماڵ و دارایی خۆی دڵنیانەبوو و ئەرستۆکراتەکان بەردەوام ترسی ئەوەیان هەبوو بوونیشیان داگیر بکرێت.

خەڵک لە دژی پروتر راپەڕی و لەکاتێکدا لەژێر خێوەتەکەی خۆی خەوتبوو بەنووکی خەنجەر گیانیان لێ سەند. برونهۆ زۆر بەتوندی تۆڵەی ئەم کوژرانەی کردەوە، ئیدی بەرەبەرە نارەزایەتی پەرەی دەسەند بەتایبەتی لەنێو ئەو سوپایەی کە راستەوخۆ پروتریان کوشتبوو. لە پەنای ئەم بارودۆخەدا کلوتێری نەیارو داواکاری برونهۆ، سوودی لە نارەزایی خەڵک و سوپا وەرگرت و هەلەکەی قۆزتەوەو پیلانێکی گەورەی لە دژی برونهۆ رێکخست و دژی گوناح و کردەوە تاوانکارییەکانی برونهۆ لە هەڵلای داو پروپاگەندەی لە دژ کرد،

بەچەشنێک کە توانی خەڵک بورووژێنێ بۆ ئەوەی برونهۆ لەنێو بەرن.

یەکێک لە کاربەدەستە گرنگەکانی کلوتێر کە لە پیلان دژی برونهۆ رۆڵی بەرچاوی گێڕا، وارناشر بوو، وارناشر لە سەرەتادا سەرۆکی شارەوانی شاری بۆرگۆنی بوو و لە جیاتی خۆشخزمەتی بە کلوتێر داوای لێکرد تا تەمەنی ماوە کارەکەی لێ نەسێنێتەوە. کلوتێریش پاش سەرکەوتن بەسەر برونهۆدا ئەم داخوازییەی پەسند کردو وارناشر تا لە ژیاندا مابوو لەسەر کارو پلەوپایەی خۆی مایەوەو هەر ئەم بابەتە بوو بە پیشەیەک بۆ شارەوانی و لە پاش ئەوەوە ئیدی شارەوانەکان بۆ هەتاهەتایە هەڵدەبژێردران و بەپێچەوانەی حاکم و خاوەن پلەوپایەکانی دیکە لەسەر کار لانەدەبران.

ئەو هۆکارەی وای لە خەڵک و سوپا کرد دژی برونهۆ راپەڕن هەمان بێبەشی بوو لە بەکارهێنانی زەوی و زارەکان، چونکە ئەو کەسانەی دەست بەسەر موڵکەکانیاندا دەگیرا، نەیاندەتوانی لەلای هیچ کەس و هیچ شوێنێک شکایەت بکەن. لە یاساکانی ئەو سەردەمەدا هاتبوو کە تیول دەشێ بگوازرێتەوەو پاشا دەتوانێ لە خاوەنەکەی بسێنێتەوەو بیدات بەکەسێکی تر. ئەگەر ئەم گواستنەوەو دەست داگرتن بەسەر موڵکە لە پێناوی گەل و وڵاتدا بوایە رەنگە نارەزایی لێنەکەوتبایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکە فرتوفێڵی تێدابوو و بەرواڵەت لەژێر ئەم ناوەو لە ناوەوە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خەڵکیان لە موڵکایەتی بێ بەش دەکرد یان لە یاداشتی هەندێ خزمەتی بچووکدا دەیاندایە کەسانی دیکە، تا لە کۆتاییدا سەبرو ئارامی خاوەنی زەوی و زارەکان کلێپەی سەندو بەپشتیوانی کلوتێر شۆڕشیان بەرپاکرد.

زوڵم و چەوساندنەوەی برونهۆ بەو جۆرەی کە هەبووە لە کتێبەکانی مێژوودا تۆمارنەکراوە چونکە یادداشت نووسەکانی ئەو سەردەمە هیچ زانیارییەکیان لەسەر سیاسەت نەبووەو رووداوەکانیان بەپێی زانیاری ناتەواوی خۆیان دەنووسی، بەڵام ئەو یاساو رێوشوێنانەی کە کلوتێر دوای داگیرکردنی پاشایەتی دایینان بەباشی دەریدەخەن کە لەسەردەمی برونهۆدا تیولیان لە خاوەن تیولەکان دەسەندو بەم جۆرە دەبوونە هۆی پێکهێنانی نارەزایەتی لەنێو خەڵک و ئەرستۆکراتەکاندا. کلوتێر فەرمانیدا، ئەو کەسانەی لەکاتی پاشاکانی پێشووترداو بەتایبەتی لەسەردەمی برونهۆدا تیولیان هەبووە، تیولەکانی خۆیان وەربگرنەوەو بەم رێگەیە ئەرستۆکراتەکانی رازی کرد. سەرەڕای ئەوە توانی پیاوە ئایینییەکانیش بۆ لای خۆی راکێشێ و ئەو ئیمتیازاتانەی کە برونهۆ لێی سەندبوونەوە سەر لەنوێ پێی بەخشییەوەو لە دەربارییەکانی قەدەغە کرد خۆیان لە کاروباری پیاوە ئایینییەکان هەڵقورتێنن و باجە نوێیەکانی هەڵوەشاندەوە و باجی



رێگاشی کە لە سەردەمی برۆنهۆدا دانرابوو هەڵگرت و فەرمانیدا مەڕوماڵات و ئاژەڵی سەڵتەنەتی لە نێو لێرەواری خەڵکیدا نە لەوەڕێنرێن.

## بەشی دووەم: چاکسازی مەدەنی لەسەردەمی کلوتێردا

لە دوای لابردن و لە نێوبردنی برونهۆ وەکو ئەوە وابوو خەڵک لە خەوێکی قووڵ راپەڕن، بیریان لەوە کردەوە کە لە کاروبارە مەدەنییەکاندا هەندێ چاکسازی بکرێ. لە ئاکامی ئەو گرنگی پێدانەدا لە سەردەمی کلوتێردا هەندێ گۆڕانکاری لە کاروبارە مەدەنییەکاندا کراو نەتەنیا ئەرستۆکرات و خاوەن تیولەکان بەڵکو خەڵکی ئاساییش سوودیان لەم چاکسازییانە وەرگرت.

مێژووی سەردەمە یەک لە دوای یەکەکانی پێش کلوتێر نیشانی دەدا کە بەشێوەیەکی گشتی بەشی هەرە زۆری پاشاکانی فرانک زاڵم و خوێنرێژو بێ رەحم بوونەو تاڵان و برۆ کارێکی ئاسایی بووە لایان. تەنیا دینداری هەندێ جار پێشی زوڵم و ستەمکاری ئەوانی دەگرت، چونکە پیاوە ئایینییەکان بەهەڕەشەی ئازاردانی حەوەرایییەکان و بەپاڵپشتی ئەو یاسا ئایینی و سزایانەی کە دینی مەسیحی بۆ گوناهەکانی دیاری کردووە، تاڕادەیەک بەرگرییان لە خۆیان دەکرد.

پاشاکانی فرانک زۆر لە تەکفیر دەترسان و نەیاندەویست لەلایەن کەنیسەوە تەکفیر بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کاری ئەوتۆیان ئەنجام دەدا کە شایستەی ئەوەبوون تەکفیر بکرێن. رەنگە سەرتان سوڕبمێنێ کە میللەت چۆن لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەدا خۆیان رادەگرت، بەڵام هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە خودی میللەتیش کۆمەڵە خوێنرێژو ستەمکارێک بوون و لە روانگەی ئەوانەوە زوڵم و ستەمی پاشاکان وەکو شتێکی ئاسایی دەهاتە بەرچاو و ئەگەرچی هەندێ یاساو رێوشوێن بۆ پشتگیری کردن لەم بێ دادییەو رەچاوکردنی دادپەروەری دانرابوو، بەڵام پاشاکان لە رێگەی فەرمانی تایبەتییەوە پێشی جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەیان دەگرت و هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی ئەم یاسایانەیان رادەگرت.

لە مێژووی گرگواردۆتۆردا بۆمان دەردەکەوێ چۆن پاشاکانی فرانک بەبێ هیچ چەشنە تێبینییەک تاوانی کوشتنیان ئەنجام دەداو بەبێ لێکۆڵینەوە تاوانبارەکانیان ئیعدام دەکرد، فەرمانیان بۆ سەندنەوەی مافی میرات و بێبەریکردنی میراتگرو پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەلایەن کچە خواپەرستەکان و هتد... دەردەکرد، پەرەیان بەهاوسەرێتی نامەشرووع دەدا. لەسەردەمی کلوتێردا چاکسازی لەم زوڵم و ستەمەدا کرا، لەخۆڕا

خەڵکیان نەدەکوشت، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ تاوانباردا دەکردو پاشان سزایان دەدا. منداڵەکان دوای مردنی دایک و باوکیان دەبوون بە میراتگر. هەموو ئەو فەرمانانەی لە پێناوی پەرەدان بەهاوسەرێتی نامەشرووعدا دەرکرابوون، هەڵوەشێنرانەوە و هەر کەسێک پەنای بۆ هاوسەرێتی نامەشرووع بردباو لەگەڵ خوشک و کچی خۆیدا ژیانی هاوسەریی پێکهێنابایە، زۆر بەتوندی سزا دەدرا.

دوو یاسای بنەڕەتی بەمەبەستی چاکسازی دارێژران، کە یەکەمیان خاوەنی مێژوو و شوێنی دەرچوونەو ئاشکرایە کە لە سەردەمی کلوتێردا دانراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسای دووەمیان ڕێکەوتی لەسەر نییەو تەواوکەری یاسای یەکەمەو شوێن و کاتی دەرچوونەکە نادیارە هەندێ کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە هی سەردەمی کلوتێرەو یەکێک لەو کەسانە بەڕێز «باڵوز»ە کە نامیلکەیەکی تەواوی لە گشت یاسا کۆنەکانی فرانک ئامادەکردووەو تەواوکەری ئەم یاسایە بۆ سەردەمی کلوتێر دەگێڕێتەوە، بەڵام بەو هۆیانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین، تەواوکەری یاسای بنەڕەتی هی سەردەمی کلوتێری دووەمی نەوەی کلوتێری یەکەمە.

١- لە تەواوکەری یاساکەدا هاتووە، ڕەچاوی ئەو حەسانەیە دەکەین کە لەلایەن باب و باپیری ئێمە بۆ کەنیسە دانراوە. لەبەر ئەوەی کلوتێری یەکەم مەسیحی نەبووە وا دێتە بەرچاو ڕەچاوکردنی حەسانەی کەنیسە لەلایەن کلوتێری دووەمەوە بووبێت، چونکە ئەوەیان مەسیحی بووە.

٢- ئەو یاساو ڕێوشوێنانەی کە کلوتێری یەکەم بەمەبەستی ڕێگرتن لە زوڵم و ستەم دایڕشتبوون بەس نەبوون، چونکە زوڵم و ستەم بەچەشنێک ریشەیان داکوتابوو کە لەکلوتێری یەکەم و سەردەمی پاشایەتی گنترانیشدا شوێنەواری هەرمابوو. کلوتێری دووەم بەهۆی داڕشتنی تەواوکەری یاسای بنەڕەتی، تاڕادەیەکی زۆر توانی ڕێ لەو ستەمکارییانە بکات.

٣- لە پاشکۆی یاساکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە پاش مەرگی کلوتێری یەکەم ڕەوتی پشێوی و ئاڵۆزییەکانی پێشووتر سەرلەنوێ سەریان هەڵدایەوە و ئاسوودەیی و ئاسایشی سەردەمی کلوتێری یەکەم لەنێوچوو، شکایەت و سکاڵای خەڵک دەستی پێکرد، هەر بۆیە کلوتێری دووەم بەمەبەستی تاوتوێ کردنی شکایەتەکان و بەرگرتن لە پشێوی، یاسای دووەمی داڕشت.

ئەم بەڵگانەی لە سەرەوە باسمان کرد ئەوە دەسەلمێنن کە تەواوکەری یاسا لە سەردەمی کلوتێری دووەمی نەوەی کلوتێری یەکەمدا دارێژراوە.



## بەشی سێهەم: دەسەڵاتدارانی دەربار

دەسەڵاتدارەکانی دەربار یان هەروەکو ئەمڕۆکە پێیان دەڵێن وەزیری دەربار، ئەو کەسانەبوون کە لەلایەن پاشاوە هەڵدەبژێردران و لەسەردەمی پاشایەتی فرانکەکاندا بەجێبەجێکردنی کاروبارە نێوخۆییەکانی سەڵتەنەت ڕادەگەیشتن و وەکو پێشکاری تایبەتی پاشا حسێبیان بۆ دەکرا. ئەرکی سەرەکییان ڕێکخستن و پێڕاگەیشتن بوو بەکاروبارەکانی کۆشکی پاشایەتی و خۆیان لەکاروبارەکانی وڵات هەڵنەدەقورتاند، بەڵام پاش ئەو ڕاپەڕینەی لەسەردەمی کلوتێردا سەری هەڵدا، ئیدی وەزیرەکانی دەربار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردران و بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتیشدا دەکرد. کەواتە دەبێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو کاتەدا دابنێین و بەهەڵە وەزیری دەرباری سەردەمی بەر لە کلوتێر لەگەڵ وەزیرەکانی دەرباری کاتی کلوتێرو دوای ئەو تێکەڵ نەکەین، چونکە وەزیرانی دەربار پێشتر وەکو بەشێک لە گەورە پیاوانی وڵات لە قەڵەم نەدەدران، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا وەزیرەکانی دەرباربوون بەگەورە پیاوی پلەیەکی وڵات و بەشدارییەکی کاریگەرو ڕاستەوخۆیان لە کاروبارەکانی وڵاتدا دەکرد.

بۆ یەکەمین جار دامەزراندنی ئەو وەزیرانەی کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابوون، لەسەردەمی کلوتێردا ئەنجامدرا. ئەم پاشایە گەورەپیاوو ئەرستۆکراتەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: لەبەر ئەوەی لەسەردەمی برونهۆ و فردکوندا پاشاکان خوێنڕێژو ستەمکارو وەزیرەکانی دەرباریش سەرەڕۆبوون و هەرچییەکیان حەز لێبا دەیان کرد، من نامەوێت وەزیرەکانی من یاری بە چارەنووسی خەڵک بکەن، هەر بۆیە هەر کەسێکتان حەز لێیە بۆ وەزیر هەڵیبژێرن. لەبەر ئەوەی لۆردەکان و ئەرستۆکراتەکان هیچ گومانێکیان لە دادپەروەری کلوتێرنەبوو، هەر بۆیە وتیان ئێمە وەزیرمان ناوێت، ئێوە بۆخۆتان بەرپرسی کاروبارەکانی وەزیری دەرباریش بن.

کلوتێر خاوەنی چوار کوڕ بوو کە لە دوای خۆی لە بەشە جیاجیاکانی سنووری فەرمانڕەوایی فرانکدا وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. یەکێک لەم کوڕانە ناوی «داگۆبر» بوو کە لە هەڵبژاردنی وەزیردا ڕێک لاسایی باوکی کردەوەو خەڵکیش بڕواو متمانەی خۆیان پێ بەخشی، بەڵام داگۆبر کەڵکی خەراپی لەم متمانەیە وەرگرت و هەوەس پەرستی بەرەو شەهوەت پەرستی و خوێنڕێژی پەلکێشیان کردو کەوتە بەر ڕق و نەفرەتی خەڵکی و ناڕەزایییەکی توند سەری هەڵدا، تا کار گەیشتە ئەوەی کە خێڵە نیمچە بەربەرییەکانی سلاڤ کە دەبنە باب و باپیری سلاڤەکانی ئێستاو لە سەرخاکی بوهم و مراوی و کرواتیای ئێستادا ژیانیان بەسەر دەبرد، هێرشیان کردە سەر ڕۆژهەڵاتی گۆل و ئەو شوێنەیان دایە

بەر پەلامارو تالآن کردن. ئەرستۆکرات و لۆردەکانەکان بەهۆی ئەو رق و نەفرەتەی بەرامبەر بەداگۆبر هەیانبوو هیچ چەشنە بەرگرییەکیان لە خۆیان نیشان نەدا. داگۆبر کاتێ چاوی بەم بارودۆخە کەوت بەمەبەستی وەدەستهێنانی رەزامەندی ئەوان ئامادەبوو واز لە پاشایەتی ئوسترازی[١٥٨] بێنێت و پەیمانیدا کە کوڕەکەی خۆی بکاتە پاشای ئەوێ و بەڕادەی پێویست زێڕو زیوی بداتێ بۆ ئەوەی بتوانێ کاروباری پاشایەتی بەڕێوەببات و ئەسقەفی شاری کولونی بە وەزیری دەرباری ئەوێ هەڵبژێرێت. بەم جۆرە توانی رەزامەندی ئەرستۆکرات و ئوسترازی بەدەست بێنێ و لەگەڵیدا یەکیان گرت و ئسکلاڤەکانیان لە رۆژهەڵاتی گۆل دەرپەڕاند.

پاش مردنی داگوبر، کوڕەکەی تری، کلۆڤیس و ژنەکەی نانچیلد، لەسەر وەسیەتی داگۆبر جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست. داگۆبر وەسیەتی کردبوو کە تا ئەو کاتەی کوڕەکەم پێ دەنێتە تەمەنی پێگەیشتوویی و بۆ خۆی پاشایەتی دەکا، دەبێ ژنەکەم بەنوێنەرایەتی ئەو کارەکان بەڕێوە ببات و هەردووکیان جێنشینی منن و ئەوانی بە(ئاگا)ی وەزیری دەربار سپارد.

ئەرستۆکراتەکانی سەرزەمینی رۆژئاوای نوستری[١٥٩] پاشایەتی کوڕە بچووکەکەیان قبووڵ کردو (ئاگا) وەزیری دەرباری داگۆبرو نانچیلدی ژنی هەردووکیان بەجووتە وەکو وەزیری دەربار کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد.

نانچیلد ئەو شتومەک و داراییانەی دایەوە بەخەڵک کە مێردەکەی دەستی بەسەر داگرتبوون و بەم رێگەیە نارەزایی و شکایەتی خەڵکی نوستری و بۆرگۆنی ئارام کردەوەو لەناوی برد، بەڵام زۆری نەخایاند ئاگا کۆچی دوایی کرد و کلۆڤیسی بچووکیش هێشتا گەورە نەببوو. نانچیلد داوای لە ئەرستۆکراتەکان کرد «فلوئاشاتۆس» بۆ وەزیری دەربار هەڵبژێرن و پاش ئەوەی ئەم کەسە بەوەزیری دەربار هەڵبژێردرا، بەمەبەستی دڵنەوایی و راکێشانی ئەرستۆکرات و لۆردەکان و پیاوە ئایینییەکان، هەندێ نامەی بۆ نووسین و کۆمەڵێک پەیمانی پێدان کە کارو پلەوپایەو ئیمتیازاتەکانیان پارێزراو دەبێت و لە پێناوی بەدەستهێنانی متمانەی ئەواندا تەنانەت سوێندیشی خوارد.

لە دوای مەرگی فلوئاشاتۆس وەزیری دەربار لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرا. «فردکر»ی مێژوونووسی بەناوبانگ کە خەڵکی بۆرگۆنی بوو بە دوورودرێژی سەبارەت بەوەزیرانی دەربار دەدوێت. نەریتی هەڵبژاردنی وەزیرەکان لەلایەن میللەتەوە لە ئوسترازی و نوستری و بۆرگۆنیدا باوبووە، چونکە خەڵک دەیانتوانی رەخنە ئاراستەی کاری وەزیرەکان بکەن و لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام لە بەرامبەر پاشادا کە خاوەنی



دەسەڵاتێکی بۆماوەیی و و رەهابوو، نەیاندەتوانی هیچ چەشنە سەرەلەقێ و ئەملاوئەولایەک ئەنجام بدەن.

## بەشی چوارەم: تێگەیشتوویی و بلیمەتیی فرانکەکان لەکاتی هەڵبژاردنی وەزیری دەرباردا جێگای رێزو ستایشتە

لای ئێمە شتێکی سەیرە کاتێ میللەتێ خاوەنی پاشا بێت و پاشاش سوود لە ئیمتیازات و دەسەڵاتی خۆی وەرگرێت، کەچی وەزیرەکەی لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام فرانکەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا ئەم کارەیان ئەنجام دەداو ئەو نەریتە یەکێکە لە نەریتە کۆن یان ئەخلاق و غەریزەی ئەوانە، چونکە بەپێی وتەکانی تاسیت، جێرمەنەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پاشا زیاتر گرنگییان بە رەسەن و نەسەب و نەجابەتی بنەماڵەیی دەدا، بەڵام لە هەمبەر هەڵبژاردنی فەرماندەو سەرۆک و وەزیردا گرنگییان بەسیفاتی باش و خەسڵەتی چاکی کەسەکە دەدا. ئەم رێوشوێنە لەگەڵ بارودۆخی حکومەتی یەکەمین نەوەی پاشاکان فرانکدا دەگونجا کە پاشایەتی پشتاوپشت بوو و پلەوپایەیی وەزارەت و سەرۆکایەتیش لە رێگای هەڵبژاردنەوەبوو. دیارە لە هەمان کاتدا پاشاکانیش خاوەنی سیفاتی باش و خەسڵەتی چاک بوون، چونکە ئەگەر ئەوانەیان نەبوایە ئەوا گەل پەیڕەوی لێ نەدەکردن و گوێیان نەدەدایە جاڕی چوونە جەنگ. تەنانەت میللەت سەرەڕای پلەی پاشایەتی، پاشاکانیان بەشایستەی فەرماندەیی و سەرۆکایەتیش دەزانی و لەژێر رێنوێنی ئەواندا جەنگی هێرشی و بەرگرییان ئەنجام دەدا. بەڵام دواتر کاتێ بەرەبەرە پاشاکان تووشی گەندەڵی هاتن و گەل لەو راستییە تێگەیشتن کە ئەوان شایەنی فەرمانەدەیی و سەرۆکایەتی نین، هەندێ وەزیریان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەبەرن.

بەهەرحاڵ ئەو نەریتەی فرانکەکان جێگای رێزەو ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە ئەوان لەکاتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا هۆشیارو لێزان بوونە، مافی هەڵبژاردنی وەزیرەکانیان بەپاشا نەدەبەخشی چونکە دەیانزانی گەلێک گەندەڵی و فەسادی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە هەر هێندە بەسە ئاماژەیەک بەشێوازی کاروکردەوەی (ئاربوگاست)ی وەزیری ڤالانتینین - ی ئیمپراتۆری رۆمانی بکەن. ئەم کەسە کاتێ لەلایەن ئیمپراتۆرەوە (بەوەزیرو فەرماندەی سوپا هەڵبژێردرا، بەجۆرێک جیاوازی خستە نێوان گەل و پاشاوە کە هیچ کەسێک نەیدەتوانی سەبارەت بە کاروبارە مەدەنی و سەربازییەکان لەگەڵ پاشادا بدوێت و بەتەواوی پەیوەندی نێوان پاشاو خەڵک پچڕابوو و لەراستیدا ئیمپراتۆری لە

کۆشکەکەی خۆیدا زیندانی کرد، لەکاتێک دا کە ئەگەر لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرابوایە، ئەوا ئەم بارودۆخە نەدەهاتە پێش.

**بەشی پێنجەم: چۆن وەزیرەکان بوون بەفەرماندەی سوپا**

تا ئەوکاتەی پاشاکانی فرانک بۆ خۆیان جڵەوی لەشکریان لەدەستدابوو و بەرپرسی فەرماندەیی سوپابوون، میللەتی فرانک بیری لەوە نەکردبۆوە کە سەرۆک و فەرماندەیەکی دیکە هەڵبژێرێت و پاشا لەلای ئەوان هەموو شتێک بوو، بەڵام کاتێ پشێوی و بێ بەندو باری لەنێو لەشکردا تەشەنەی کرد، پیاوچاکانی گەل کەوتنە بیری چارەو بیرۆکەی پێکهێنانی، تاکە فەرماندەییەک و کۆتایی هێنان بەسەرەڕۆیی سەرکردە جۆراوجۆرەکانی لەشکر سەری هەڵداو بۆیان دەرکەوت دەبێ یەک تاکە فەرماندەیی وجوودی هەبێت بۆ ئەوەی هەموو کەس پەیڕەوی لێ بکات و نەزم و رێکوپێکی سەربازی بەرقەرار بکات، ئەوکات ئیدی ئەم بیرۆکەیە بووە هۆی ئەوەی کە فەرماندەیی سوپا بەوەزیرەکان بسپێرن.

سەرهەڵدانی پشێوی و بێ بەندوباری گەلێک هۆکاری هەبوو کە لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

لە سەرەتادا کاتێ کلۆڤیس و چوار کوڕەکەی سەرکردایەتی لەشکرو گەلی فرانکیان دەکرد، کۆمەڵە سەرکەوتنێکی زۆریان بۆ ئەم میللەتە وەدەست هێنا. پاشاکانی تریش کە بۆخۆیان فەرماندەیی لەشکریان لەژێر دەستدابوو، میللەت پەیڕەوی لێ دەکردن. یەکەمین پاشا کە لەم رێسایە چووە دەر، «تیبول» بوو کە بەهۆی کەمی تەمەن و نەخۆشی و خراپی باری دەروونی نەیدەتوانی لێپرسراوێتی فەرماندەیی لەشکر بگرێتە ئەستۆ، هەر بۆیە لە کۆشکەکەی خۆیدا نیشتەجێ بوو و خۆی لە لەشکرکێشی دژی «نێرسسی» دوژمنی فرانکەکان بوارد کە لە ئیتاڵیا دادەنیشت، بەڵام لەبەر ئەوەی حەزێکی توندڕۆیانە بۆ شەڕ لەگەڵ نێرس و سەرکوتکردنی هانی گەلی فرانکی دەدا، هەر بۆیە وێڕای رەزامەندی پاشا دوو فەرماندەیان لەلایەن خۆیانەوە هەڵبژارد و بەرەو ئیتاڵیا رەوانەیان کردن و لەگەڵ دوژمندا کەوتنە جەنگ.

لە دوای ئەم پاشایە، (گنتران) کە یەکێکی تر بوو لە کوڕەکانی کلوتێر، ئەویش گوێی بەفەرماندەیی لەشکر نەداو پاشاکانی دوای ئەویش خۆیان لە زەحمەتی فەرماندەیی لەشکرو چوونە جەنگ دەرباز کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆشیان دەرکەوتبوو کە بەخشینی سەڵاحیات و دەسەڵات بە تاکەکەسێک جێگەی مەترسییە، هەر بۆیە فەرماندەیی لەشکریان لە نێوان سەرکردەکان یان دۆکەکاندا دابەش کرد. بێگومان دابەشکردنی



فەرماندەیی لەشکر لە نێوان سەرکردەکاندا ئیرەیی و دووبەرەکی لێکەوتەوەو کۆمەڵە گیروگرفتێکی زۆری بۆ فرانکەکان دروستکرد و رێکخستن و گوێڕایەڵی لەنێوبرد. لە جیاتی ئەوەی لەشکر هۆیەک بێت بۆ هەڕەشەو ترساندنی دوژمنە دەرەکییەکان، سوپا ببووە هۆی ترس و تۆقاندنی تاکەکانی کۆمەڵگای فرانک و گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک ببووە یاری هەواو هەوەسی ئەوان. لەکاتی لەشکرکێشی بەرەو بەرەکانی جەنگ بەڕادەیەک ئەزیەت و ئازاری خەڵکیان دەداو ماڵ و داراییان لێ تاڵان دەکردن کە بەهیچ جۆرێ گرنگییان بە غەنیمەتەکانی دوژمن نەدەدا.

گرگواردۆتۆر باسی زوڵم و ستەمی ئەم لەشکرەو براکوژی و سەرەڕۆیی ئەوانی کردووەو تەنانەت کردەوەو هەڵسوکەوتی نابەجێی لەشکر کاریگەری لەسەر گنترانیشدا ناوەو وتوویەتی: ئێمە نابێت هیوای سەرکەوتنمان هەبێ، چونکە ئێمە بەتەواوی گۆڕاوین و گەلی جاران نەماوە ئیتر ناتوانین پارێزگاری لەو شتانە بکەین کە باپیرانمان وەدەستیان هێناوە.

ئاکامی ئەم بارودۆخەو پشێوی و بێ بەندوباری یە، بیری پێکهێنانی تاکە فەرماندەییەکی بەهێز کرد. وەزیرەکانی دەربار کە لە هەموو کەسێک نێو بەدەرەوەتربوون، لە سەرەتادا پێڕاگەیشتن بەکاروبارەکانی کۆشک و بەڕێوەبردنی کاروباری زەوی و زارەکانی پاشا لەژێر دەستی ئەواندا بوو، بەڵام وردە وردە پەرەیان بە سەڵاحیاتی خۆیان داو بەکاروباری وڵات و تیولیش رادەگەیشتن و پلەی فەرماندەیی سوپاشیان بەدەست هێناو سەڵاحیەت و دەسەڵاتی جەنگ و ئاشتی کەوتە چنگی ئەوانەوەو بوون بە هەمەکارەی وڵات. هۆی بەخشینی فەرماندەیی سوپا بە وەزیرەکان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کۆکردنەوەو دامەزراندنی سەربازەکان لە بەڕێوەبردنیان دژوارتر بوو، تەنیا ئەو کەسانە دەیانتوانی بەدڵخوازی خۆیان سەربازەکان کۆبکەنەوەو چەکداریان بکەن کە سەبارەت بەتیول خاوەنی سەڵاحیەت و دەسەڵاتی زۆربن و لە توانایاندا هەبێت خاوەن تیولەکان ناچار بکەن بەشداری لە جەنگ و ئامادەکردنی سەربازەکاندا بکەن. لەبەر ئەوەی وەزیرەکانی دەربار لە هەمبەر تیولەوە سەڵاحیەتێکی فراوانیان هەبوو و دەیانتوانی لە رێگەی پەیمانی پاداش یان هەڕەشەوە، خاوەن تیولەکان رام بکەن و ناچاریان بکەن بەشداری لە جەنگدا بکەن و بەم جۆرە فەرماندەیی لەشکر بەوان سپێردرا.

## بەشی شەشەم: قۆناغی دووەمی داڕووخان و لەناوچوونی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فرانک

قۆناغی یەکەمی داڕووخانی دەسەڵاتی پاشاکانی فرانک، کاتێک دەستی پێکرد کە سەلاحیاتەکان کەوتنە دەستی وەزیرەکانی دەربار، تا ئەو رادەیەی کە کاروباری تایبەت بەجەنگیش کەوتە ژێر چنگی ئەوان. لەم قۆناغەدا کە لەدوای ئەشکەنجەی برونهۆوە دەستی پێکرد، ئەگەرچی وەزیرەکانی دەربار خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوون، بەڵام لە جەنگەکاندا بەرواڵەت پاشاکان بەناو سەرکردایەتی سوپایان دەکرد، کەچی پاش ئەم قۆناغە بەرەبەرە پاشاکان تەنانەت مەزنی و شکۆمەندیی رواڵەتیشیان بۆ نەمایەوە و ئەمە قۆناغی دووەمی داڕووخانی دەسەڵاتی پاشاکانی فرانکە کە لەساڵی ٦٨٧ زایینییەوە دەست پێدەکات.

لەم ساڵەدا دۆک «پین» کە یەکێک بوو لە لۆردەکانەکانی ئوسترازی، هێرشی کردە سەر تئودۆریک و وەزیرەکەی و تێکی شکاندن، ماوەیەک دواتر، شارل مارتل کە ئەویش ئەرستۆکرات بوو، دەرحەق بە شیلپریک و وەزیرەکەی هەمان کاری ئەنجامدا. ئەو جەنگانەی سەرەوە کە بەسەرکەوتنی گۆلی رۆژهەلات بەسەرگۆلی رۆژئاوادا کۆتایی هات، بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی خاکی ئوسترازی نسبەت بەپاشاو ئەرستۆکراتەکانی تر ئەفزەلیەت بەدەست بێنن، بەتایبەتی وەزیرەکانی دەرباری بنەماڵەی پین، چونکە ئەوان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیدا هەبوو. دەسەڵاتی وەزیرانی دەرباری گۆلی رۆژهەلات لەلایەک و ئەو ترسەی کە لەسەرهەڵدانی نەیار هەیانبوو لەلایەکی ترەوە، بوو بەهۆی جیابوونەوەی پاشاو میللەت و نەیانهێشت خەڵک بەئاسانی دەستی بەپاشا رابگات. تەنانەت لەو سەردەمەشدا کە وەزیرانی دەربار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردران، دیسان وەزیرەکان لە نزیکبوونەوەی خەڵک و پاشا دەترسان، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو هەلپەرست و پیلانگێڕ و فیتنەچییەکان، وجوودی پاشا بکەنە ئالەتێک بۆ جێبەجێکردنی نیازو مەبەستە شوومەکانی خۆیان و شۆڕش و راپەڕین لە وڵاتدا ئەنجام بدەن.

لەم قۆناغەدا پاشاکان بەردەوام لەنێو کۆشکەکانی خۆیاندا ژیانیان بەسەر دەبرد و زۆرتر بەزیندانی دەچوون، تەنیا ساڵی جارێک بەخەڵکیان نیشان دەدان. لەم قۆناغەدا پاشا هەندێ فەرمانی دادەڕشت و کۆمەڵێ بڕیاری دەردەکرد، بەڵام فەرمان و بڕیارەکان لەلایەن وەزیری دەربارەوە هەڵدەوەشێنرایەوە. هەر ئەم قۆناغە، بەبڕوای هەموو مێژوونووسەکان، سوڵتانە راستەقینەو پاشاکانی فرانک وەکو رەعیەتی وەزیرانی دەرباربوون و سەیر ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا خۆشەویستی خەڵکی ئوسترازی بەرامبەر



بەبنەماڵەی پین بەرادەیەک بوو کە جارێکیان منداڵێکی ئەم بنەماڵەیان بۆ وەزیری دەرباری هەڵبژارد و بەم جۆرە نەک تەنیا پاشا بوو بە پەیکەرێکی بێ رۆح بەڵکو وەزیری دەرباریش بوو بەئامرازێک و سەرپەرشتێکیان بۆ ئەویش داتاشی.

## بەشی حەوتەم: تیول و بەرپرسایەتی پلەوپایەی گەورە لەسەردەمی دەسەڵاتداری وەزیرانی دەرباردا

لەبەر ئەوەی وەزیرانی دەربار بەپشتیوانی لۆرد و ئەرستۆکراتەکان حکومەتیان دەکرد، بۆیە ناچار بوون کەڵک لە یارمەتی و هاریکاری ئەوان وەرگرن و بۆ ئەم مەبەستە پلەوپایەو بەرپرسایەتی گەورەو هەتاهەتاییان بە لۆردەکان دەسپارد. ئەو نەریتە زۆر لە جاران زیاتر گەشەی سەندو تیولیش وەکو پلەوپایەکان بۆ هەتاهەتایە دەبەخشرا. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جگە لەوەی تیول بوو بەهەتاهەتایی، بەڵکو سیفەتی بۆماوەییشی وەرگرت و لە دوای مەرگی خاوەن تیولەکە بۆ منداڵەکانی بەمیرات بەجێ دەما. بۆ سەلماندنی ئەم بیروبۆچوونە هەندێ بەڵگەمان هەیە:

لە پەیمانی «ئەندلی»، گنتران و شیلدبر پابەند دەبن بەوەی کە بەرپرسایەتی و پلەوپایەی تیولی کە لەلایەن پاشاکانی پێشووترەوە بە لۆرد و ئەرستۆکراتەکان بەخشراوە، رێزی لێبگیرێ و تا ئەوکاتەی کە لەژیاندا ماون مافی خاوەندارێتییان هەبێت و شاژن و کچ و بێوەژنی پاشاکان مافی ئەوەیان هەیە ئەو شتومەک و داراییەی کە لە خەزێنەی دەوڵەتیان وەرگرتووە، بۆ هەتاهەتایە پارێزگاری لێ بکەن و بەپێی وەسیەتنامە بۆ میراتگرەکانی خۆیانی بەجێ بێڵن. ئەم پەیمانە بەئاشکرا دەریدەخات تیول پشتاوپشت (بۆماوەیی)یش بووە.

مارکولوفی رووداونووسی دەربارەی پاشاکانی فرانک کە رووداوە رۆژانەییەکانی تۆمار دەکرد لە دووتوێی یادداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پاشاکان تیول و پلەو پایەیان بۆ هەتاهەتایە بەئەرستۆکراتەکان دەبەخشی. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە.

لە ئاکامی ئەو بەخششانەدا هەندێ جار دەستی دەوڵەت بەتاڵ و حەتاڵ دەبوو و هیچ جۆرە داهاتێک بۆ راگرتنی لەشکر لە گۆڕێدا نەدەما، هەر بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوەی هەندێ گۆڕانکاری لەتیولدا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی داهاتێک بۆ دەوڵەت و لەشکر دەستەبەر بکەن.

شارل مارتل هەندێ گۆڕانکاری لە تیولدا پێک هێناو هێندێ تیولی نوێی دامەزراندو

نابێت لەگەڵ تیولەکانی پێشتردا بەهەڵە تێکەڵیان بکەین. مارتل بەهۆی ئەو لەشکرە بەهێزەی کە لەم ڕێگەیەوە سازو ئامادەی کردبوو، توانی پێشی دەستدرێژی موسڵمانەکان بۆ سەرخاکی فەرەنسا بگرێت.

بەهەرحاڵ مەبەستی سەرەکی لە ئاماژەکردن بەم ڕووداوانە ئەوەبوو، کاتێک پاشاکان بەهۆی فەسادو گەندەڵی حکومەتەوە یان لەکاتی پێویست بوونی ڕاکێشانی هاوکاری لۆرد و ئەرستۆکراتەکان ناچاربوون بەرپرسایەتی و پلەوپایە گەورەکان بۆ هەتاهەتایە ببەخشن، لەم حاڵەتەدا ئیدی تیولیشیان بۆ هەتاهەتایە دەدا بە ئەرستۆکرات و لۆردەکان.

**بەشی هەشتەم: چۆن زەوی و زاری تایبەتی گۆڕا بۆ تیول**

مارکۆلۆف دەڵێ: خەڵک بۆ ئەوەی زەوی و زارە تایبەتییەکانیان بگۆڕن بۆ تیول، پێشکەشی پاشایان دەکردو پاشاش هەر ئەم زەوی و زارو موڵکانەی بەخاوەنەکانیان دەبەخشییەوە و خاوەن تیولەکان هەموو ساڵێک لەرووی بەروبوومی زەوی و زارەکانی خۆیان شتێکیان دەدا بەپاشا و لە هەمان کاتیشدا میراتگری خۆیان دیاری دەکرد بۆ ئەوەی لەدوای مردنی ئەوان داهاتەکە پێشکەشی پاشا بکات. بەم جۆرە زەوی و زاری تایبەتی دەگۆڕا بۆ تیول. بەڵام لەبەرچی ئەو کارەیان دەکرد؟ نابێ سەرمان سوڕبمێنێ، بەڵکو دەبێت لەنێو شێوازو چۆنیەتی ژیانی ئەرستۆکرات و لۆردەکان بە دوای هۆکارەکاندا بگەڕێین.

لە قۆناغی دەرەبەگایەتی (فیۆدالیتە)دا، ئەو کەسانەی تیولیان هەبوو، خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتی بوون. ئەگەر یەکێک سووکایەتی پێ کردبان دەبوایە غەرامەیەکی زۆرو زەوەند بدات. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک لە یاوەرانی پاشا کە سەر بە چینی ئەرستۆکرات و خاوەن تیولەکان بوو بکوژرابایە، ئەوا بکوژەکە دەبوایە شەش سەد سو غەرامەی دابا، لەکاتێکدا خوێنبایی خەڵکانی دیکە دووسەد سو و خوێنبایی تاکێکی ڕۆمانی سەد سو بوو. جگە لەمە خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تریش بوون.

ئەگەر تاکێک لەلایەن دادگاوە بانگهێشت کرابایەو ئەو کەسە نەچووبا بۆ دادگا، ئەوا بەفەرمانی پاشا داوای دەکرا و ئەگەر دیسان نەچووبا، ئیدی پاشا بەهیچ جۆرێک پارێزگاری لێ نەدەکردو هیچ کەسێک دەرگای لێ نەدەکردەوەو نان و خواردنیان پێ نەدەدا بۆ ئەوەی لە برسان بمرێت و دەستیان بەسەر ماڵ و داراییەکەشی دادەگرت. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە لە ڕیزی خاوەن تیولەکان بوایە، ئەوا ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەیان لەگەڵدا نەدەکرد و یاسادانەرەکان بەم جۆرە بڕیاریان دەردەکرد کە کاروبارەکان مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەداوە لە دادگادا ئامادە بێت.



خەڵکی ئاسایی کاتێک تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانێکیان دەخرایە پاڵ، دەستیان دەخستنە ناو ئاوی کوڵاوەوە و ئەگەر هاتباو نەسووتابایە ئەوا تاوانبارەکە بەبێ تاوان لە قەڵەم دەدرا. بەڵام لە هەمبەر خاوەن تیول و ئەرستۆکراتەکاندا بەم جۆرە هەڵسوکەوتیان نەدەکرا تەنیا لە حاڵەتی تاوانی کوشتندا نەبێت. هیچ کەسێک نەیدەتوانی ئەرستۆکراتێک ناچار بکات لە دادگادا دژی خاوەن تیولێک شاهیدی بدات، سەرەڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا بابەتی شاهیدی دان ئەوپەڕی گرنگی پێدەدرا. تاکی ئاسایی کاتێک خۆی لە خزمەتی سەربازی دەبوارد، ئەوا حاکمی سەربازی غەرامەیەکی بەبڕی شەست سو لێ دەسەندو لەکاتێکدا کە ئەم بڕە پارەیەی نەبوایە، دەکرا بەکۆیلەو کاری بێ بەها و سووکی پێ دەکرا.

بەڵام ئەگەر ئەرستۆکرات و خاوەن تیولەکان خۆیان لە خزمەتی سەربازی بدزیبایەوە، ئەوا بەرادەی ئەو ڕۆژانەی نەچوو بۆ سەربازی، دەبوایە خۆیان لە خواردنی گۆشت و شەراب بواردبایە.

بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەم ئیمتیازاتانە بەشێکی زۆری خەڵک زەوی و زارەکانی خۆیان بۆ تیول دەگۆڕی بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی ئەرستۆکراتەکانەوەو کەڵک لە ئیمتیازاتەکانیان وەربگرن و لە پاش مەرگیشیان ماڵ و داراییەکەیان وەکو تیول بۆ میراتگرەکانیان بەجێ بمێنێت.

ئەم نەریتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بوو، بەتایبەتی لە قۆناغی پشێوی و ئاژاوەی نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسادا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەند، چونکە هەموو کەس هەستی دەکرد دەبێ بچێتە ڕیزی چینی ئەرستۆکراتەوە بۆ ئەوەی پارێزەری گەورەو بەهێز پارێزگارییان لێ بکەن تا ماڵ و گیانیان پارێزراوبێت. لە قۆناغی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنساشدا ئەم نەریتە هەر بەردەوام بوو، بەڵام پارێزگارییەکی تەواو لە زەوی و زاری تیولی نەدەکرا، بەتایبەتی کاتێک تیول بۆ میراتگر بەجێ دەما و میراتگرەکە گرنگی بەزەوی و زارەکە نەدەداو بەئیهمالی و دەست بڵاوییەوە تەسەڕوفی پێوەدەکرد، تا ئەو جێگەیەی ئیتر بارودۆخی زەوی و زاری تیولی وردە وردە بەرەو خراپی ڕۆیشت. لە کۆتاییدا «شارلمانی» کۆمەڵە یاساو ڕێوشوێنێکی بەمەبەستی گرنگیدان بەزەوی و زاری تیولی دارشت و فەرمانیدا دەبێت وەکو زەوی و زاری تایبەتی چاودێری لە تیول بکرێت.

پێویستە ئەوە بزانین کە خاوەن زەوی و زارەکان بەدڵخوازی خۆیان تیولیان بەسەر زەوی زاری تایبەتیدا پەسند نەدەکرد، بەڵکو لە پێناوی وەدەست هێنانی ئیمتیازو لەبەر

ئەوەی لەژێر سایەی بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازاتانەدا پلەوپایەکی دیارو بەرچاویان وەردەگرت، ئەم کارەیان ئەنجام دەدا.

**بەشی نۆیەم: چۆن زەوی و زاری کەنیسە بۆ تیول گۆڕا**

لە سەرەتای سەڵتەنەتی فرانکەکان لە گۆلدا، داهاتی دەوڵەت تەنیا لە پێناوی لەشکرکێشیدا خەرج دەکراو لەبەر ئەوەی شەڕو هێرشبردن وەکو شتێکی ئاسایی سەیریان دەکراو جەنگەکان جۆرو شێوازی هەمەچەشنیان هەبوو، هەر بۆیە ماڵ و دارایی غەنیمەتی دەچووە نێو داهاتی خەزێنەوە. بەڵام دواتر داهاتی دەوڵەت بەشێوەی دیکە خەرج دەکرا و خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ بوو، بەجۆرێک کە شیلپریکی نەوەی کلۆڤیس لە یەکێک لە خوتبەکانیدا شکایەت لەوە دەکا کە خەزێنە بەتاڵ بووەو شتومەک و داراییان بەکەنیسەکان بەخشیوەو قەشەکان بوونەتە خاوەنی مەزنی و شکۆمەندی. شکایەتی پاشاکان بوو بەهۆی ئەوەی وەزیرەکانی دەربار بکەونە گیانی پیاوانی کەنیسەو ڕۆحانییەکان و کەوتنە هەوڵی داگیرکردنی سامان و داراییەکانیان، تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەمجارەیان هاواری قەشەکان بەرز بۆوە.

(پپن)ی پاشای گۆلی ڕۆژهەڵات ئەو بابەتەی کردە بیانووی چوونە نێو گۆلی ڕۆژئاواو وتی: قەشەکان منیان بۆ پارێزگاری لەخۆیان و لە نێوبردنی شەڕی وەزیرانی دەربار بانگهێشت کردووە[١٦٠] لەبەر ئەوەی ئەمە بیانووەکەی بوو، بۆیە نەیدەتوانی سامان و دارایی کەنیسە داگیر بکات. لەلایەکی دیکەشەوە کەسانی دەوروبەری خوازیاری وەدەست هێنانی سامان بوون و داوای غەنیمەت و تاڵانیی جەنگەکانیان دەکرد. پپن-یش لە پێناوی دامرکاندنی تەماعکاری ئەواندا سامان و دارایی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکانی گۆلی ڕۆژئاوای داگیرکردو پاش کۆتاییهاتنی جەنگ بەهاوکاری پیاوە ئایینی و قەشەکان، دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد. لە دوای پپن، کوڕەکەی کە ناوی شارل مارتل بوو، شێوازی کۆنی تیولی تێکدا، کاتێ سەیری کرد خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ بووەو بەشی هەرەزۆری زەوی و زارەکان بۆ هەتاهەتایە بە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بەخشراون، پشکێکی گەورەش لەسەردەمی باوکیدا بەپیاوە ئایینییەکان دراوەو سامان و دارایی هیچ جۆرە هاوسەنگییەکی نییە. پیاوە ئایینییەکان بەردەوام دیاری و شتومەک و دارایی لە خەڵک دەستێنن، هەر بۆیە سامان و دارایی کەنیسەی وەرگرتەوەو بۆ جاری دووەم هەندێ تیولی پێکهێنا کە سامان و دارایی کەنیسەشی دەگرتەوە.



**بەشی دەیەم: سامانی پیاوە ئایینییەکان**

پیاوە ئایینییەکان زۆر دەوڵەمەندبوون و شتومەک و سامانێکی زۆریان بەنسیب دەبوو، بەجۆرێک کە بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژووی فەرەنسا، چەندین جار سامانی هەموو وڵات لەلایەن ئەوانەوە کۆکرایەوە، بەڵام ئەوەی پاشاو ئەرستۆکراتەکان بەپیاوە ئایینییەکانیان دەبەخشی، لەژێر ناو و لەرێگەی تایبەتەوە لە چنگیان دەردەهێنان.

گرنگیدان بە دین بووە هۆی ئەوەی لە قۆناغی نەوەی یەکەمی پاشاکاندا چەندین کەنیسەی گەورە دروست بکرێت و لە پێناوی پارێزگاریکردن لە کەنیسەکان سامان و داراییەکی زۆریان تەرخان دەکرد، بەڵام دواتر جیهانگیرەکان دەستیان بەسەر ماڵ و دارایی کەنیسەدا گرت و بەکەسانی دەوروبەری خۆیان بەخشی و یان بۆ منداڵەکانی خۆیانیان بەجێ دەهێشت.

لەکاتی هێرشی نۆرماندەکان دا، قەشەکان ئازارێکی زۆریان لە دەستی نۆرماندەکان کێشاو سامان و داراییان بەتاڵان برا، چونکە نۆرماندەکان لەسەردەمی شارلمانی دا هەندێ زەرەر و زیانیان پێگەیشتبوو و ئەو پاشایە بتەکانی تێکشکاندبوون و بەرەو دینی مەسیحی بانگهێشتی کردبوون. نۆرماندەکان لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە بزوێنەری ئەو ئازارو زیانانە قەشەکان بوونە. لەو سەردەمەدا دەکرێ بڵێین هەموو کەنیسەکان رووخێنران و هیچ قەشەیەک نەما تا داوای ماڵ و دارایی بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغی سێهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا دیسان بەهۆی خۆشەویستی پاشاو ئەرستۆکرات و خەڵک دەرهەق بە دین، پیاوانی کەنیسە بوون بەخاوەنی سامان و دارایی، ئەوەندە نەبێت هەندێ کەس بۆ ئەم سامان و داراییە کەوتبوونە بۆسەوە. بۆ نموونە ئەگەر فلانە پاشا یان نەجیبزادە لەکاتی مردندا سامان و دارایی خۆی بەکەنیسە دەبەخشی ئەوا منداڵەکەی ئەم سامانەی لە چنگی پیاوە ئایینییەکان دەردەهێنیایەوە. بەم جۆرە جیاوازییەکی زۆر کەوتە نێوان ئەرستۆکرات و پیاوە ئایینییەکانەوە. ئەگەرچی لە هەندێ حاڵەتدا قەشەکان دەکەوتنە بیری کەڵک وەرگرتن لە پارێزەرو داوای یارمەتییان لە فلانە دۆک یان حاکم دەکرد و ئەوانیش بۆ ماوەیەک پارێزگارییان لە قەشەکان دەکرد، بەڵام زۆر بەردەوام نەدەبوو و ئەویش لە کۆتاییدا دەکەوتە بیری داگیرکردنی سامان و دارایی قەشەکان و لە چنگی دەردەهێنان.

لەسەردەمی بەشێک لە پاشاکانی نەوەی سێهەم کە گرنگییەکی زۆریان بەنەزم و ئاسایش دەدا، ڕۆژگاری قەشەکان بەخۆشی تێدەپەڕی، بەڵام لە قۆناغی دواتردا سەرلەنوێ سامان و دارایی کەنیسە کەوتە بەر تاڵان و بڕۆ.

کاتێ «کالڤن» بەردی یەکەمی بناغەی ئایینی پرۆتستانی دانا، هەموو قاپ و ئامێر و شتومەکی زێڕوزیوی کەنیسەی کردە سکەو لە هەندێ حاڵەتی تریشدا قەباڵەو کاپیتۆلەری زەوی و زاری ئەوانیان دەسووتاندو دەستاودەست گرەویان لەسەر سامان و دارایی کەنیسە دەکرد و قەشەکان دەستیان بەهیچ جێگەیەک ڕانەدەگەیشت. لە ئاکامدا قەشەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بەزۆری سامان و داراییەکی زۆریان وەچنگ دەکەوت و لە دەستیان دەردێنان و سەرلەنوێ ماڵ و داراییەکی زۆرتریان وەدەست دەهێنایەوە.

## بەشی یازدەهەم: بارودۆخی ئەوروپا لە سەردەمی شارل مارتل دا

شارل مارتل لەکاتی داگیرکردنی سامان و دارایی کەنیسەدا لەگەڵ هەندێ فاکتەری ڕێخۆشکەردا بەرەوروو بۆوەو بەم جۆرە هیچ چەشنە ترسێکی لە دادوهاوارو ناڕەزایەتی ئەوان نەبوو. یەکەم ئەوەبوو کە سوپا خۆشیان دەویست و لە دەرەنجامی هەوڵ و هەنگاوەکانی پاشاش شتێکیان پێدەبڕا. دووەم، بۆ خۆی پارێزەری مەسیحییەت بوو و بەهۆی جەنگە بەناوبانگەکانیەوە پێشی دەستدرێژی موسلمانەکانی گرتبوو. سێهەم، پاپ پێویستییەکی حەتمی بە دۆستایەتی ئەو هەبوو، چونکە لەگەڵ دژایەتییەکی توندی لمباردەکان بەرەوڕوو ببۆوەو دۆستایەتی پاشای بە دەسەڵاتی فرانکەکان بۆ ئەو پێویست بوو هەر بۆیە (گرگواری سێهەم) لە ساڵی ٧٤١ زایینیدا باڵوێزێکی نائاسایی ناردە دەرباری شارل مارتل، چونکە بۆ تێک شکاندنی لمباردەکان و پتەوکردنی بناغەی سەڵتەنەت پێویستی بە دۆستایەتی و هاوکاری شارل هەبوو.

ناڕەزایەتی قەشەو پیاوە ئایینییەکان و داگیرکرانی ماڵ و داراییان بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ٨٥٨ زایینیدا ئەسقەفی شاری ئۆرلیان بەناوی (سن ئوشر) لە جیهانی معراجی ڕۆحانیدا دیمەنێک بەچاوی خۆی ببینێ. ئەم دیمەنە بووە هۆی ترس و تاسانی پاشاو دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمەو هەموو قەشەکانی فرانک لە شاری (رمیس) دا کۆبوونەوە، مەحزەرێکیان ئامادەکرد و بۆ (لویس لوژرمانیک) یان نارد، چونکە لویس بەمەبەستی تالان و بردنی ماڵ و دارایی کەنیسە، هاتبووە نێو فرانکەوە.

دیمەنی معراجی ڕۆحانی سن ئوشر بەم جۆرە بوو کە بۆ ئاسمان هەڵفڕیبووەو لەوێ شارل مارتل دەبینێ کە لە چینی خوارەوەی دۆزەخدا دەسوتێت. هۆکاری ئەم سزایە لەو حەوارییانە دەپرسێت کە لەوێ ئامادەبوونە، ئەوانیش دەڵێن: بەهۆی داگیرکردنی سامان و دارایی کەنیسەوەیە و تەنانەت گوناهی هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵ و دارایی کەنیسە



شتێکیان پێ بڕاوە لە ئەستۆی شارلەو ئەو دەبێ بەر لە ڕۆژی جەزا، سزای گوناهەکانی خۆی وەرگرێت.

قەشەکان لەژێر مەحزەری دیمەنەکەدا، ئەم ڕوونکردنەوەیان پێوە زیاد کردبوو: باوکی شارل مارتل بەپێچەوانەی کوڕە ناساڵحەکەی، بەشێوازێکی دادپەروەرانە لەگەڵ کەنیسەدا ڕەفتاری دەکرد و ماڵ و دارایی کەنیسەی لە داگیرکارەکان دەسەندەوەو بۆ کەنیسەی دەگێڕایەوەو فەرمانیدا هەر کەسێک سامان و دارایی کەنیسەی لەژێر جگندایە، دوازدە دینار لە جیاتی هەر بنەماڵەیەک بدات بەکەنیسە و هەروەها شارلمانی لەڕووی عەدالەتەوە لەگەڵ کەنیسەدا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کردو بەهیچ جۆرێ تەسەروفی بەماڵ و دارایی کەنیسە نەکردو وەسیەتی بەخزم و کەسەکانی پاشە خۆی کرد کە بەم جۆرە لەگەڵ قەشەکاندا هەڵسوکەوت بکەن.

ڕوونکردنەوەی قەشەکان ڕاست بوو. پپنیش پەیڕەوی لەم شێوازەکرد، تەنانەت فەرمانیدا خانووی قەشەو دێرەکان نۆژەن بکەنەوە. هەروەها سەبارەت بە ڕەفتاری شارلمانیش ڕاستیان دەکرد، چونکە ئەو لە ساڵی ٨٠٣ زایینی لە شاری ئەکسلاشاپل لە هەمبەر ماڵ و دارایی کەنیسەوە فەرمانێکی دەرکرد، بۆ ئەوەی لە خۆتێهەڵقورتاندن و تەسەروف پێکردن پارێزراو بێت، ئەو داوایەی ئاراستەی جێنشینەکانی خۆی کرد. لویسی ورگ زلیش بەپێی فەرمان و وەسیەتنامەی شارلمانی هەڵسوکەوتی کرد، بەڵام لە دوای ئەوەوە ئیدی فەرامۆش کرا، تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە میرو دەسەڵاتدارەکان لە سنووری حکومەتی خۆیاندا و بەپێی ئیرادەی تاکەکەسی، ئەسقەفەکانیان لە دێرو کەنیسەکان وەدەردەنا.

کەنیسە و سامان و داراییەکەی بۆ قەشەکان بوو بە پشتاوپشت و لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێ دەما. میرەکانیش هیچ چەشنە چاودێرییەکیان لە کەنیسە نەدەکردو هەندێ لە قەشەکان پێداویستی ئەنجام دانی شەعایری دینییان لە کەنیسەکان هەڵدەگرت و ڕوویان دەکردە جێگەیەکی تر، هەتا لەسەردەمی شارلی تاس لەساڵی ٨٦٨ زایینیدا فەرمانێک دەرکرا، کە بەپێی ئەم فەرمانە نوێنەری پاشا دەتوانێ دێرو کەنیسەکان بپشکنێت، ئەوکات ئیتر دەست تێوەردانی دەربارییەکان لە کاروباری کەنیسەدا حاڵەتێکی ڕەسمی بەخۆوە گرت.

لە پێناوی دانەوەی زەوی و زارو شتومەک و دارایی کەنیسەکاندا هەندێ ڕێوشوێن هەبوو، بەڵام پاشاو میرەکان بەهیچ جۆرێ گرنگییان پێنەدەدا.

پاپ لە ساڵی ٨٦٥ لە ڕێگەی نووسراوەوە سەرزەنشتی قەشەکانی دەکرد کە بۆچی

بەپێی ڕێوشوێنەکان هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان نادەن. قەشەکان وەڵامیان دایەوە کە بەهەوڵ و رادەربڕینی ئێمە هیچ کارێک ئەنجام نادرێت. قەشەکان نامەیەکیان بۆ شارلی ئەسڵەع ناردو ڕێوشوێنەکانیان بەبیرهێنایەوە داوای دانەوەی زەوی و زارەکانی کەنیسەیان کردەوە بەڵام شارل هیچ کارێکی بۆ نەکردن.

کێشەو مشتومڕی نێوان پیاوانی کەنیسە و حکومەت بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی نۆرماندییەکان هێرشیان کردە سەر خاکی فرانک و هەموو شتێکیان لە چنگی پیاوە ئاییینییەکان دەرهێناو کێشەکانیان یەکلا کردەوە

## بەشی دوازدەهەم: دانانی باجی تایبەت لە پێناوی یارمەتی کەنیسە

ئەو باجە تایبەتییەی کە پپن فەرمانی دابوو داگیرکارانی تیولی کەنیسە بیدەن، لەگەڵ گیروگرفتدا بەرەو ڕوو بۆوەو بەکردەوە هیچ یارمەتییەکی کەنیسەی نەکرد، ئەوکات ئیدی ناچار بوو ڕێوشوێنێکی دیکە دابنێت. شارل مارتلیش سامان و دارایی کەنیسەی لە نێوان نەجیبزادەکان و سەرانی سوپادا دابەش کردو تا سەردەمی شارلمان ئەو بارودۆخە هەر بەردەوام بوو. شارلمانی نەیدەتوانی ئەو ماڵ و دارایییانە بگەڕێنێتەوە چونکە لەلایەکەوە پێویستییەکی زۆری بەسوپاو لەشکر هەبوو و لەلایەکی تریشەوە کەسێکی دینداربوو و حەزی نەدەکرد بەهۆی دەستەبەرنەبوونی پێداویستی ماددی، بارودۆخی دێرو کەنیسەکان خراپ بێت، هەر بۆیە بڕیاریدا، ئەو کەسانەی سامان و دارایی کەنیسەیان لە ژێر ناوی تیولدا خستۆتە ژێر چنگی خۆیان، دەبێ پیتاک یان باجی تایبەتی بدەن. دەرەنجامی ئەو یاسایەش بریتی بوو لەوەی کە داگیرکردنی سامان و دارایی کەنیسە بەشتێکی ئاسایی و لە قۆناغەکانی دواتردا بوو بە بەڵگەیەک بۆ ئیدعای پیاوە ئایینییەکان. هەندێ لە مێژوونووسەکان وتوویانە دانانی باجی کەنیسە بۆ سەردەمی پێش شارلمانی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڵگەی ئەم مێژوونووسانە پێچەوانەی مەبەستەکانیان دەکەوێتەوە، چونکە چەندین سەدە بەر لە شارلمانی لە پەیڕەونامەی کلوتێردا هاتبوو کە نابێ لە ماڵ و دارایی کەنیسە باج و پیتاک وەربگیرێت. لەم پەیڕەونامەیە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت کە نەک تەنیا کەنیسە باجی وەرنەدەگرت بەڵکو باجیشی دەداو دیارە ئەم یاسایە لە پێناوی بەخشینی ئەوەدا دارێژراوە. لە دوای ئەوە لە مەحزەری ئەنجوومەنی ئایینی شاری ماکون کە لە ساڵی ٥٨٥ زایینی بەسترا، گوێبیستی ناوی باج و پیتاک دەبین سەبارەت بە کەنیسە. ئەم مەحزەرە نیشانی دەدات کە کەنیسە پێشتر باجی دەداو لە دوای مێژووی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئایینی ماکۆنەوە ئیتر ئەو باجەی نەداوە.



بەڵام لەمەڕ ئەو حاڵەتەی کە کەنیسە لەژێر ناوی باج و پیتاک یان یارمەتی خەرجی و مانگانە شتێکی لە خەڵکانی دیکە وەرگرتووە، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە پیاوە ئاییینییەکان لە هەموو سەردەمەکاندا خەڵکیان بۆ دانی دەرماڵەو مانگانە هان داوە، بەڵام لایەنی یاسایی و ئیلزامی نەبووە بەڵکو زیاتر لەڕووی دۆستایەتی و حاڵەتێکی ئەخلاقی هەبووە. کاتێ پپن بڕیاریدا دەبێ باج بدرێ بە کەنیسە، لەبەر ئەوەی یاسایەکی بێ پێشینەبوو، هەر بۆیە لەگەڵ بەرهەڵستی و نەفرەتی توندی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بەرەو ڕوو بۆوە، بەتایبەتی چونکە خودی پپن ئەم باجەی نەدەدا. بەڵام شارلمانی خۆی بەر لەهەموو کەسێک ئەم باجەی دا بەکەنیسەو فەرمانیدا هەموو زەوی و زارە تیولییەکانی باج بدەن بەکەنیسە. بەم جۆرە بەشێکی زۆری ئەرستۆکراتەکان بەپەیڕەوی لە پاشا باجیان دا بە کەنیسە، بەڵام خەڵک حەزی نەدەکردو نەیدەویست بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خۆی باج بدات بەکەنیسە ئەوکات ئیدی لە ساڵی قات و قڕی، ئەنجوومەنی ئایینی لە ساڵی ٧٩٤ لە فرانکفۆرت کۆنووسێکیان ئامادەو ئیمزاکرد کە ناوەرۆکەکەی بەم جۆرەبوو:

«هۆکاری قات و قڕی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری چڵە گەنمەکان پووچ و بێ بەرن و دەنگی شەتانەکانیان بیستووە کاتێ دەنکە گەنمەکانیان خواردووەو، وتویانە لەبەر ئەوەی خاوەن زەوی و زار و کێڵگەکان دەرماڵەی کەنیسەیان نەداوە، ئێمە دەنکە گەنمەکانمان خواردووە».

لە دوای ئەوە ئیتر بڕیاردرا هەموو خەڵک دەبێ باج بدات بەکەنیسە و باج و پیتاکێکی تایبەتیان دانا کە هەموو دەیانخستە سندوقی کەنیسەوە. دانانی ئەم باجەش لەگەڵ بەرهەڵستی خەڵکیدا بەرەوڕوو بۆوە، چونکە دانی ئەم باجە سەرباری ئەو باج و سەرانەیە بوو کە بەپێی یاسا مەدەنیەکان کەوتبووە سەرشانی خەڵک(١٦١).

بەم جۆرە، بەوپەڕی ناڕەزایەتییەوە باجیان دەدا، تەنانەت لە پاش مەرگی شارلمانیش ئەم ناڕەزایەتییە هەربەردەوام بوو، هەتا لە سەردەمی لویسی ورگ زل دا خەڵک ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە بە یەکجار باج بدەن و لەدانی باج و سەرانە بەشێوەیەکی مانگانەو بەردەوام ببەخشرێن، بەڵام نە لویس قبوڵی کردو نە لوتێری کوڕی و بەخۆشی بێت یان ناخۆشی باجی کەنیسە دەدرا.

لەم شتانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە، دانانی باج و پیتاکی کەنیسە لەسەردەمی شارلمانیدا هاتە ئاراو هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە شارڵمانی مەسیحیەکی ئیمانداربوو و هەر بە ڕواڵەت و ڕیا یان سیاسەتبازانە، یارمەتی کەنیسەی نەدەدا، بەڵکو خاوەن ئیمان بوو. شارلمانی پاشایەکی گەورەبوو، گەرەکی بوو

ولاتەکەی لە ڕێکخستن و ڕێکوپێکی نزیک بێتەوەو ئیش و کاری خەڵک گەشە بسێنێ، بەم جۆرە باجی کەنیسەی بۆ هەندێ خەرجی تایبەتی بەکارهێناو فرمانیدا ئەم باجانە بکەن بەچوار بەشەوە: بەشێکی بۆ خەرجی دروستکردنی کەنیسەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی کەنیسە کۆنەکان بەکاربێنن، بەشی دووەم بۆ خەرجی قەشەکان سوودی لێ وەربگیرێت، بەشی سێهەم وەکو مووچەو و دەرماڵەی پیاوە ئایینەکان کەڵکی لێوەربگیرێت و بەشی چوارەم بۆ هەژارو نەدارەکاندا خەرج بکرێت. بۆ ئەوەی قەرەبووی زوڵم و ستەمی باپیری خۆی (شارل مارتل) بکاتەوە، وەسیەتی کرد داراییە مەنقولەکەی بکەنە سێ بەشی یەکسان و دوو بەشی بەسەر بیست و یەک رووحانی ئیمپراتۆریەتە پان و بەرینەکەیدا دابەش بکرێت و هەرکام لەم بەشانە بەسەر ناوەندی حەوزەی پیاوە ئایینی و ئەسقەفەکاندا دابەش بکرێن و بەشی سێهەمی داراییەکەشی بکرێت بەچوار بەشەوە: چارەکێکی بۆ منداڵ و نەوەکانی خۆی دیاری کردو سێ چارەگەکەی تریشی خستە خزمەت پیاوە ئایینی و خێروخێراتەوە. شێوازی هەڵسوکەوتی شارلمانی دەریدەخات کە هەر لە هەمان کاتی خێروخێرات، نەزم و ڕێکوپێکی ولاتیش یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی بووە.

### بەشی سێزدەهەم: هەڵبژاردنی ئەندامی رووحانی لە دێرو ناوەندی قەشەکاندا

کاتێک کەنیسەکان تووشی هەژاری و نەداری هاتن، ئیدی پاشاکان هیچ چەشنە گرنگیەکیان بەقەشەکان نەدەدا و هەڵبژاردنی ئەندامی روحانیان بۆ خودی پیاوە ئایینیەکان بەجێ هێشت و خۆیان لە چاوەڕوانی و زەحمەتی ئەم کارە دزیبیەوە و لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەروەری کەنیسە لە سنووری ناوەندی خۆیدا دانی پێدانراو لە راستیدا تەعویزێک بوو کە لەجیاتی زەوی و زارەکان پێیان درا. بەپێی ئەم شێوازە، لویسی ورگ زل، ئازادی دا بەمیللەتی ڕۆمان لە هەڵبژاردنی پاپاداو پارێزگاری لە ئازادی هەڵبژاردنی ڤاتیکان، بارەگای پاپ و ناوەندی پیاوە ئایینیەکان، کرد.

### بەشی چواردەهەم: تیول لەسەردەمی شارل مارتل دا

شارل مارتلی باپیری شارلمانی دەستی بەسەر ماڵ و دارایی کەنیسەدا گرت و بەخەڵکانی تری بەخشی. بەشێکی وەکو تیولی هەتاهەتایی داو بەشێکیشی بۆ هەمیشە و لەژێر ناوی تیولدا بەکەسانی تر ئەسپارد کە لەنێوان منداڵی خاوەنەکانیاندا دابەش دەکراو بەشێکی دیکەشی وەکو موڵکی تاکەکەسی بەهەندێ کەس سپارد. چونکە



خاوەنەکانیان سەر بەچینی تاکی ئازاد بوون و خزمەتی پاشایان دەکردو لە جەنگەکاندا بەشدارییان دەکرد، هەر بۆیە پاشا ئەو زەوی و زارەی بەناوی موڵکی تاکەکەسی پێ دەدان.

### بەشی پازدەهەم: درێژەی بابەتەکە

لەبەر ئەوەی سامان و دارایی کەنیسە لەسەردەمێکدا بۆ تیول دەگۆڕا و لەسەردەمێکی تردا تیول دەگۆڕا بۆ ماڵ و دارایی کەنیسە، هەر بۆیە خاوەنی ئەم دوو جۆرە موڵکە شارەزاییان لە تایبەتمەندی یەکتری وەدەست هێنابوو و سامان و داراییەکەش بوون بەخاوەنی ڕێوشوێنی وەکو یەکتر. پیاوانی کەنیسە وەکو خاوەن تیولەکان، خودانی هەندێ شانازی و ئیفتخاری تایبەتی بوون و لەبەر ئەوەی مافی دادوەری هەمیشەیی خاوەن تیولەکان بوو، هەر بۆیە پیاوانی کەنیسەش وەکو ئەرستۆکراتەکان بوون بە خاوەنی مافی دادوەریکردن کردن.

### بەشی شازدەهەم: ئاوێتەبوونی وەزارەتی دەربار لەگەڵ پاشایەتیدا

لە کۆتایی پاشایەتی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەڕەنسا (مروڤنژین) وەزیرەکانی دەربار خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوان بوون و پاشاکانیش تەنیا ناوێکی زل بوون، چونکە وەزیرەکانی دەربار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردران، بەڵام پاشایەتی پشتاوپشت بوو، لە بەر ئەوەی خەڵک بەردەوام حەزیان لەوە دەکرد کە پاشا لە بنەماڵەی پاشایەتیدا هەڵبژێردرێت، هەر بۆیە ئەگەر وەزیرانی دەربار ویستبایان بەئارەزووی خۆیان پاشایەک لەسەر کورسی دەسەڵات دابێن ئەوا بەپەیڕەوی لە حەزی میللەت پاشاکەیان هەر لە بنەماڵەی مروونژین هەڵدەبژارد.

لەبەر ئەوەی میللەت ڕێزی لە سەڵتەنەت و پاشایەتی دەگرت، پپن کەوتە بیری ئەوەی کە ئەم دوو ناونیشانە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بکات و لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا بەکاری بێنێت، بیرەکەی پپن لایەنی کردەیی بەخۆوەگرت و لەسەرەتای نەوەی دووەمی پاشاکانی فەرەنسادا پلەوپایەی وەزارەتی دەربارو پاشایەتی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاوکران و گەل بەردەوام وەزیری دەرباریان لە بنەماڵەی پاشایەتی، کە بنەماڵەی پپن بوو، هەڵدەبژارد، پاشایەتیش لەنێو بنەماڵەی پپندا بوو بەپشتاوپشت تا کاتێک کە شارلمانی نەوەی پپن هاتە سەر تەختی پاشایەتی و لەبەر گەورەیی و دەسەڵاتداری ئەو دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسا ناوی کارلونژین-ی لەسەر دانرا و بەشی هەرەزۆری مێژوونووسەکان

شارلمانی بەسەر قافڵەی کارلوڤنژین دادەنێن.

لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا پیپن سەر بە بنەماڵەی مروڤنژین نەبوو و تەخت و تاجەکەی داگیرکردبوو، کوانتی مێژوونووسی هاوچەرخ دەڵێ: پاپا هەرگیز ڕەزامەندی دەرنەبڕی کە پاشایەتی لە بنەماڵەی مروڤنژینەوە بۆ بنەماڵەی پیپن بگوازێتەوە، چونکە ئەم کارە پێچەوانەی دادپەروەری بوو، بەڵام ئەم مێژوونووسە چاکەکارە خاوەنی دڵێکی پاک و بێگەردەو لە کلاوڕۆژنەی هەست و سۆزی خۆیەوە سەیری مێژوو دەکات، ئەوە لەکاتێکدایە کە ناتوانین بەهۆی هەست و سۆزی تاکەکەسیمانەوە مێژوو بگۆڕین. ڕاستی ئەوەیە کە لە دوای داگیرکاری دوک دو پیپن-ی باپیری بنەماڵەی پیپن، بنەمای مروڤنژین لەسەرکورسی سەڵتەنەت نەبوون و کاتێکیش پیپن تاجی پاشایەتی لەسەرنا، تەنیا جوانی و زینەتی سەڵتەنەتی لەبەرکردو هیچ شتێک بەئیمتیازاتەکانیەوە زیادی نەکرد و لە ڕاستیدا هیچ ئاڵوگۆڕێکی پاشایەتی لە گۆڕێدا نەبوو هەتا پاپا ڕەزامەندی پێشان نەدات. هەندێ کەس تاجگوازی پیپنیان وەکو شۆڕشێک لە قەڵەم داوە، ئەوە لەکاتێک دایە کە ئەم تاجگوزارییە بۆ خۆی دەرئەنجامی شۆڕش بوو و لە پاش ئەو هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لە کاروباری ژیانی فەرەنسیەکاندا نەهاتە ئارا.

شۆڕشی ڕاستەقینە لە سەرەتای پاشایەتی نەوەی سێهەمی پاشاکانی فەرەنسا، کاتێک کە (هوک کاپە) هاتە سەر تەخت، ڕوویدا، چونکە ڕژێمی بێ بەندوباری کۆتایی نەوەی دووەم، بەرەو ڕژێمی پاشایەتی ئاڵوگۆڕی بەسەر داهات و تیولێکی گەورە خرایە ژێر ڕکێفی پاشاوە و بەشی هەرە زۆری ئەرستۆکرات و لۆرد و خاوەن تیولەکان، تەوقی ملکەچی پاشایان خستە گەردنیان و پشێوی و بێ بەندوباری کۆتایی پێهات.

## بەشی حەڤدەهەم: شێوازی تایبەتی هەڵبژاردنی پاشاکانی کارلۆڤنژین

کاتێک پیپن لە مەرگ نزیک بۆوە، شارل و کارنومانی کوڕی لە کەنیسەدا پیرۆز کران و ڕۆنی پیرۆزیان لەنێو چاوانیان هەڵسوو. ئەرستۆکراتەکانی فەرەنسا پەیمانیاندا جگە لە بنەماڵەی پیپن هیچ کەس بۆ پاشایەتی هەڵنەبژێرن.

فرانکەکان بەردەوام پاشایان لە بنەماڵەی پاشایەتی هەڵدەبژارد، بەڵام کاتێک پاشایەتی بۆ بنەماڵەیەکی دیکە گوێزرایەوە، ئەم نەریتە کۆن و پیرۆزە لەنێوچوو و لە کۆت و بەندەکانی ئازادبوون.

پیپن لەسەرە مەرگدا بە ئامادەبوونی ئەرستۆکرات و پیاوە ئایینیەکان لە شاری سەن دنیس لە ساڵی ٦٧٨ بەپێی سەلاحیاتی باوکایەتی و حەزی گەورە پیاوانی میللەت،



وڵاتی خۆی لەنێوان ئەم دوو کوڕەیدا دابەش کرد. ئەم ڕێوشوێنە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە میللەت مافی ئەوەی هەبووە پاشا هەڵبژێرێت بەو مەرجەی لە بنەماڵەی پاشایەتی بێت.
لە تەواوی قۆناغی دەسەلاتداری دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا پەیڕەوی لەم نەریتە کرا. شارلمانیش بەپێی وەسیەتنامە، ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی لەنێوان سێ کوڕەکەیدا دابەش کرد و وەسیەتی کرد، ئەگەر هاتو میللەت ڕەزامەندی لەسەر هەڵبژاردنی منداڵی یەکێک لە کوڕەکانی، بۆ سەڵتەنەتدا، نابێت مامەکانیان دژی بوەستنەوە. لویسی ورگ زلیش هەر بەم جۆرە وەسیەتی کردو وڵاتی بەسەر منداڵەکانی خۆیدا دابەش کرد. لویس ئەلکن کاتێک بوو بەپاشا، وێڕای سوێندی وەفاداری، بە وڵات و میللەتەکەی خۆی گوت: «من بەیارمەتی خوای گەورەو حەزی گەلەکەم بۆ پاشایەتی هەڵبژێردرام، سوێند دەخۆم بەردەوام چاودێری گەل و پارێزەری وڵات بم.»

نەک هەر پاشاکانی نەوەی دووەهەم بەڵکو ئەو وڵاتانەش کە لە دوای لەتلەتبوونی ئیمپراتۆریەتی شارلمانی دروست بوون، پەیڕەویان لەم نەریتە دەکرد و ڕژێمەکانیان لە هەمبەر هەڵبژاردنی پاشا بەم جۆرە بوو کە بەپێی حەزو ڕەزامەندی میللەت پاشایان لەنێو بنەماڵەی پاشایەتی هەڵدەبژارد. بۆ نموونە لە ساڵی ٨٩٠ لە شاری ڤالانس کە یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئیسپانیای ئێستا، لاوێکیان بەنێوی لویس بۆ سەرزەمینی ئارلس هەڵبژارد و هۆیەکەی ئەوەبوو کە لە بنەماڵەی پاشایەتی بوو و پاشاکانی ئەو کاتیش دانیان پیاناو بالوێزیان بۆ دەربارەکەی نارد.

## بەشی هەژدەهەم: شارلمانی

شارلمانی یەکێک لە پاشا مەزنەکانی دونیا بوو. هەندێ چاکسازی گەورەی ئەنجامدا کە هەرگیز لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا ون نابن. ئەم پاشایە پێشی زوڵم و ستەمی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دەرهەق بەخەڵکانی تر دەگرت. شارلمانی هەندێ چاکسازیی لە سەلاحیاتەکانی دەوڵەتدا کردو جڵەوی کاروبارەکان لەژێر ڕکێفی خۆی دابوو و بەردەوام ئەرستۆکراتەکانی خەریک دەکردو بەرەو بەرەکانی جەنگی دەناردن بۆ ئەوەی هەوای پاشایەتی لە کەللەیان نەدات. بە جۆرێک کوڕەکانی خۆی پەروەردەکرد کە خۆ لە پیلانگێڕی ببوێرن و وەکو ئاوازی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی باوکیان ڕەفتار بکەن و هەندێ ڕێوشوێنی باشی داڕشت و جێبەجێی کردن. شارلمانی بلیمەتێکی دووربین بوو، بەر لەهەموو شتێک فاکتەرەکانی گەندەڵی و فەسادی لەنێو برد بۆ ئەوەی ژێردەستەکانی هیچ بیانوویەکیان بۆ گەندەڵی لەبەردەستدا نەبێت و نەتوانن کەمکاری بکەن و پاساو داتاشن،

بەچەشنێک کە شێوازی کاری پاشا گەورەکانە، سەرپێچیکەرەکانی سزا دەدا، بەڵام لە بەخشینی بەجێگەو ڕێگەش درێغی نەدەکرد. پیلانەکانی هەر لەو کاتەدا کە پان و بەرین بوون، بەوپەڕی سادەییەوە جێبەجێ دەکران، هەر بۆیە کارە گەورەکانی زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدا و بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ دەبوو.

شارلمانی بەردەوام بەنێو وڵاتە پان و بەرینەکەی خۆیدا دەگەڕا و هەر شوێنێک پێویستی بەچاکسازی بووایە، لەوێدا رادەوەستا. یەکەمین پاشا بوو کە دەریخست، ئەگەر پایتەختی پاشا گەڕۆک و جوڵاو بێت زۆر لەوە باشترە کە لەیەک ناوچەدا سەقامگیر بکرێت. ئەم پاشایە لە هیچ هەڕەشەیەک نەدەترسا، بەڵام هەر لەو کاتەش دا خۆی لە مەترسی بێ بەرهەم دەبوارد و بەوپەڕی لێهاتوویەوە پێشی پیلانگێڕی خەڵکانی دەوروبەری خۆی دەگرت.

شارلمانی خاوەنی ئەخلاقێکی سادەبوو و بەساکاری ژیانی بەسەر دەبردو حەزی دەکرد لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیدا بژیت. تەنیا رەخنەیەکی کە لێی گیراوە ئەوەیە کە ئافرەتی زۆر خۆش دەویست، بەڵام پاشایەک کە ئەو هەموو ئەرکە قورسەی لەسەر شانی بێت، پێویستی بەحەسانەوە هەیە و دەبێ مێشکی ئارام بکاتەوەو بۆ رۆژی دوایی ئامادەبێت. کەواتە دەتوانین چاوپۆشی لەم رەفتارەی شارلمانی بکەین.

ئەم پاشایە لەکاتی خەرج و مەسرەفدا رەچاوی میانڕەویی و هاوسەنگی دەکردو بە وردەکارییەوە چاودێری و پارێزگاری لە زەوی و زارەکانی خۆی دەکرد؛ هەموو بەرپرسێکی خێزان دەبێ شێوازی ماڵداری و عەقڵی زیندەگی لەوەوە فێربێت.

شارلمانی سامانێکی زۆری وەسەریەکنا، بەڵام لە رێگەی عەدل و دادپەروەرییەوە، چونکە لە کاتی کۆکردنەوەی داهاتەکانی خۆیدا وردەکارییەکی زۆری بەکاردێنا و تەنانەت فەرمانی دەدا گیابژار و هێلکە مریشکەکانیشی بۆ بفرۆشن. لە فەرمان و رێوشوێنەکانیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پیاوێکی دادپەروەرو بەئنساف بووە، چونکە سامان و دارایی خێڵە بەربەرەکانی تەتەرو هونی بەسەر میللەتدا دابەش کرد و یارمەتیەکی گەورەی بەزۆربوونی سامانی نەتەوەیی کرد.

## بەشی نۆزدەهەم: درێژەی بابەتی بەشی پێشوو

شارلمانی و جێنیشنەکانی نەوەی دووهەم و سێهەمی لەبەر ئەوەی وڵاتێکی پان و بەرینیان هەبوو، ترسیان لەوە هەبوو کە ئەرستۆکرات و میرەکان بۆ حکومەتی ویلایەتە دوردەستەکان دیاری بکەن، هەر بۆیە هەندێ ناوەندی رووحانیان پێکهێناو لە شوێنە



دووردەستەکاندا حکومەتیان بە ئەسقەفەکان ئەسپاردو تیولیان پێدان. لەم کارەوە چەند سوودێکیان پێگەیشت:

**یەکەم**، قەشەکان بۆ پاراستنی تیول وردەکارتر بوون و بەباشی چاودێرییان لێدەکرد.

**دووەم**، بوونی چەندین ناوەندی رووحانی، دەبووە بەربەست لەبەردەم هێرشی نەتەوەکانی تر بە تایبەتی ساکسۆنەکان.

**سێهەم**، پیاوە ئایینیەکان، نەتەوە تێک شکاوەکانیان دژی پاشاکان هان نەدەدا، بەڵکو لە بەرامبەر ئەواندا پێویستیان بەچاودێری پاشا هەبوو.

## بەشی بیستەم: لویسی ورگ زل

ئۆگۆستی ئیمپراتۆری رۆمانی، کاتێک چووە میسر، فەرمانیدا گۆڕی ئەسکەندەر هەڵدەنەوە، بۆ ئەوەی لاشەی ئەو جیهانگیرە مەزنە ببینێت. دەرباریەکان پێیان گوت: ئایا حەز دەکەی لاشەی سەرجەم پاشاکانی بتالیسەش ببینی؟ ئۆگوست وەڵامی دایەوە: «مەبەستم ئەوەیە جەستەی پاشایەک ببینم نەک سەیری لاشەی مردووەکان بکەم.» لە مێژووی دووهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنساشدا پپین و شارلمانی ئەو پاشایانە بوون کە سەرنجی خەڵکیان رادەکێشا، بەڵام ئەوانیتر وەکو لاشەی مردوو سەیریان دەکرێت. یەکێک لەوان لویسی ورگ زلی کوڕی شارلمانیە کە پیاوێکی گەمژەو هەوەسپەرست بوو و ئەگەر خاوەنی خەسلەتێکی چاکیش بوویێت، بەکردەوە کارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدا کە ئەو سیفاتانە سەردەربێنن. ئەم پاشایە نەیتوانی رەزامەندی خەڵکی بەدەست بێنێت بەڵکو دوژمنێکی زۆری بۆ خۆی داتاشی. بەرلەوەی بچێتە دەربارەوە، کۆمەڵە کەسێکی ناردە گیانی ئەوانەی کە هاندەری بێئەخلاقیی خوشکەکانی بوون، بۆ ئەوەی دەستگیریان بکەن و بەسزایان بگەیەنن و کارگێڕەکانی بەوپەڕی بێ رەحمی و دڵرەقیەوە خەڵکیان ئازار دەدا. ماوەیەک دواتر چاوی بێرناردی پاشای ئیتالیای کوێرکرد کە برازای خۆی بوو و بێرنارد بەو دەردە مرد. قژی براکانی خۆی تاشی بۆ ئەوەی لە پاشایەتی بێ بەشیان بکات[١٦٢] و رێک بەپێچەوانەی وەسیەتی باوکی هەڵسوکەوتی دەکرد.

لە دوای مردنی «هێرمن گارد»ی خێزانی لەگەڵ «ژودیت» ژیانی هاوسەری پێکهێناو منداڵێکی لەو ژنە بوو. ئەم پاشایە بەهۆی هەوەسبازی خۆیەوە بنەماڵەی پاشایەتیی تووشی پشێوی و ئاژاوە کرد. بەردەوام شێوەی دابەشکردنی زەوی و زارەکانی خۆی دەگۆڕی و منداڵەکانی نائومێد دەکرد، هەر بۆیە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بەهیچ جۆرێ بڕوایان بەسوێندەکانی نەدەکرد و کوڕەکانی بۆ سەقامگیرکردن و پتەوکردنی مۆڵکایەتی

خۆیان پەنایان دەبردە بەر پیاوە ئایینیەکان. لە کۆتاییدا یەکێک لە منداڵەکانی کە ناوی ئاگوبار بوو فێڵێکی بەکارهێناو وتی: من سێ ڕۆژ بەرۆژوو بوومە و خەریکی ڕازونیاز بووم تا لە ئاسمانەوە وەحیم بۆ هات بۆ ئەوەی ببم بە ئیمپراتۆر و نوێنەرێکم ناردە لای پاپا بۆ ئەوەی فەرمانی ئیمپراتۆری دەربکات. زەوی و زارەکانم بەپێی وەحی ئاسمانی لەنێو منداڵەکانمدا دابەش کردووە. ئەو ئیدعایەی ئاگۆبار سەرچاوەکەی چاودێری پیاوە ئایینیەکان و خەیاڵپلاوی لویسی باوکی بوو. لە ئاکامدا لویس بوو بەخاوەنی چەندەها دوژمن کە یەک دوو جار خەریک بوو بیکوژن.

## بەشی بیست و یەکەم: درێژەی بابەتەکە

سیاسەتی لێزانانەی شارلمانی بەڕادەیەک دووربینانە بوو کە سەرەڕای بێ لیاقەتی و هەوەسپەرستی لویس، کەچی دیسان دەوڵەتانی تر لە حکومەتی لویس دەترسان.

پاشاکانی ڕابردوو، واتە شارل مارتل، پپن، شارلمانی بەپێی هەلومەرجی کات، هەندێ جار بەیارمەتی پیاوە ئایینیەکان دژی ئەرستۆکراتەکان و سەردەمێکیش لەگەڵ نەجیبزادەکان دژی پیاوە ئایینیەکان ڕێک دەکەوتن و بەردەوام هاوسەنگیەکەیان دەپاراست، بەڵام لویس هەم نەجیبزادەو هەم پیاوە ئایینیەکانی لە خۆ ڕەنجاند. جەنگ و لەبەرکردنی جلوبەرگی جەنگی لە پیاوە ئایینیەکان قەدەغە کرد. هەندێک لە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکانی لەسەر کارو پلەوپایەکانی خۆیان وەدەرناو هەندێ کەسی چینە نزمەکانی خستە ریزی ئەرستۆکراتەکان، بەم جۆرە هەردوو دەستەکە پشتیان تێکرد.

## بەشی بیست و دووهەم: درێژەی بابەتەکە

لویسی ورگ زل سامان و داراییەکانی سەڵتەنەتی پەرش و بڵاوکردو بەئەم و ئەوی بەخشی، تا وای لێهات دەوڵەت بەرەو هەژاری چوو و لاوازی بەسەری دا زاڵ بوو. نیتارد کە باشترین مێژوونووسی ئەو سەردەمەیە و ئەگەرچی یەکێک بوو لە نەوەکانی شارلمانی دەڵێ: کەسێک بەناوی ئادلهار بەڕادەیەک کاریگەر لەسەر لە لویس دانابوو کە پاشا هەموو کارو کردەوەکانی خۆی بەپێی بیروبۆچوونەکانی ئەو ئەنجام دەداو سامان و دارایی پاشایەتی بەپێی فەرمانی ئادلهار بێروبەوێدا دەبخشیەوە، تا جێگەیەک کە هەژاریی دەوڵەت گەیشتە پلەیەک کە قەرەبووکردنەوەی لە قۆناغەکانی دواتریشدا مومکین نەبوو. هەروەها بەهۆی نەبوونی پارە نەیانتوانی خێڵە تالانچیەکانی نۆرماند سەرکوت بکەن. ئەم هەژارییە تاکو سەردەمی ئەسڵەعیش درێژەی کێشاو لە دوای ئەویش لە قۆناغی لویسە



لاڵ-یشدا بەردەوام بوو، هەتا (هنکمار) کە یەکێک لە پیاو چاکەکانی ئەو سەردەمەبوو پاشای ناچارکرد، کۆڕی نەتەوەیی پێک بێنێت و لە پێناوی خەرجیەکانی دەرباردا داوای یارمەتی بکات.

## بەشی بیست و سێهەم: درێژەی هەمان بابەت

پیاوە ئایینەکان کە بەپاڵپشتی و هاندانی کوڕەکانی لویس ورگ زل، لە دژی ئەو هەندێ کاریان ئەنجام دابوو، لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوە، چونکە ئەگەرچی لویس هەندێ ئاستەنگی دێنانەپێش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوی نەدەبڕییە ماڵ و دارایی کەنیسە و حەزی نەدەکرد کەنیسە بکەوێتە ژێر دەستی خەڵکی ئاسایی، لەکاتێکدا کوڕەکانی سامان و دارایی کەنیسەیان لە دەستی پیاوە ئایینیەکان دەردەهێنا.

جەنگە بنەماڵەییەکانی سەردەمی ئەم پاشایە کە سەرچاوەکەی خراپی سیاسەت و هەوەسپەرستی لویس بوو، لە دوای مردنی کلێپەی سەندو هەرکام لە منداڵەکانی هەوڵیان دەدا گەورە پیاوەکانی وڵات بکەنە هاودەستی خۆیان لە دژی ئەوانیتر و لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بەزۆری دەستیان بەسەر سامان و دارایی کەنیسەدا دەگرت و بە ئەرستۆکراتەکانیان دەبەخشی و ئەرستۆکراتەکانیش سوودیان لەو دەرفەتە وەردەگرت و ماڵ و دارایی کەنیسەیان دەبرد، بەجۆرێک کە کێشەو مشتومڕی نێوان پیاوە ئایینی و نەجیبزادەکان لە ساڵانی ٨٤٦و ٨٤٧و ٨٥١ و ٨٥٦ و ٨٥٨ گرژییەکی توندی بەخۆوە بینیوە و ئەرستۆکراتەکان خۆیان لە دانەوەی ماڵ و دارایی کەنیسە دەبوارد.

لەلایەکەوە لویس کەنیسە و دێری دروست دەکرد و تیولی گەورەی بەپیاوانی کەنیسە دەبەخشی، لەلایەکی تریشەوە کوڕەکانی سامان و دارایی کەنیسەیان داگیردەکرد و سەرلەنوێ لە ڕێگەی خێرو خێراتەوە ماڵ و دارایی نوێ بەپیاوە ئایینیەکان دەبڕا. بەهەرحاڵ لەم قۆناغەدا پیاوانی کەنیسە لە هەلومەرجێکی سەقامگیردا نەدەژیان، تاکو لە کۆتایی پاشایەتی شارلی ئەسڵەعدا، پیاوە ئایینیەکان تووشی نائومێدی هاتن و کێشەو مشتومڕەکان کۆتاییان هات. ئەگەرچی پیاوە ئایینیەکان سەرزەنشتی پاشایان دەکرد، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

لەبەر ئەوەی لە ئاکامی ئەو کێشەو مشتومڕانەدا بناغەی پاشایەتیش لاواز بوو، پاشاکان هەستیان بەوەکرد کە دەبێ بارودۆخەکە قەرەبوو بکەنەوەو دڵی پیاوە ئایینیەکان ڕابگرن و لەگەڵیاندا یەکبگرن بۆ ئەوەی گەشە بەدەسەڵات و نفوزی خۆیان بدەن، بەڵام پیاوە ئایینیەکان ملیان نەداو بانگهێشتی پاشاکانیان قبوڵ نەکردو هەوڵ و هەنگاوی

پیاوە ئایینیەکان لە پێناوی لاوازکردنی سەڵتەنەتدا، کاریگەریی خراپی خۆی بەخشی.

پاشاکان بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی پیاوە ئایینیەکان یاساکانی خۆیانیان کردە پاشکۆی یاساکانی کەنیسەو سزای رووحانی و دینیان لەگەڵ سزای عورفیدا جووت کردو قەشەکانیان بەنوێنەرایەتی پاشا لە ویلایەتەکاندا هەڵبژارد بۆ ئەوەی کۆنت و حاکمە سەربازییەکان نەتوانن تەنگ و چەڵەمەیان بۆ دروست بکەن. دەرئەنجامی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە ئەوەبوو کە ئیدی پیاوە ئایینیەکان نەیانتوانی خەریکی سووکایەتی و بەکەم گرتنی پاشا بن، بەڵام فاکتەرێکی گەورەی دیکە بووە هۆی ئەوەی کە پاشایەتی بەرەو نەمان بچێت و ئێمە لە بەشەکانی ئایندەدا ئاماژەی بۆ دەکەین.

## بەشی بیست و چوارەم: پیاوە ئازادەکان شایستەی ئەوەبوون تیول وەدەست بێنن

لە بەشەکانی رابردوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە پیاوە ئازادەکان لەژێر فەرماندەیی کۆنتەکاندا دەچوونە بەرەکانی جەنگ و ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکانیش لە ژێر فەرماندەیی نەجیبزادەکانی سەروتری خۆیانەوە بەرەو مەیدانەکانی جەنگ رەوانە دەکران. ئەم رەوشەش دەبووە هۆی ئەوەی کە هەندێ جار حاکمە سەربازییەکان و هەندێ جاریش ئەرستۆکراتەکان نفوزو دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست بێنن.

ئەو پیاوە ئازادانەی کە دەچوونە بەرەکانی جەنگ، وردە وردە توانیان تیول وەدەست بێنن و هێدی هێدی لەسەردەمی «گنتران»ەوە تا کاتی شارلمانی توانیان سوود لەو هەلومەرجە وەرگرن. بۆ راستکردنەوەی ئەم بابەتە سێ بەڵگەمان لەبەردەستە.

**یەکەم**: بەڵێننامەی ئاندلی کە لە ساڵی ٥٨٧ لە نێوان گنتران و شیلدبر و شاژن برونهۆدا بەسترا.

**دووەم** – وەسیەتنامەی شارلمانی.

**سێهەم**: قەباڵەی دابەشکردنی ماڵ و دارایی لویسی ورگ زل.

رێساکانی ناو ئەم سێ بەڵگەنامەیە، سەبارەت بە ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان لێکدەچن، بەڵام لە هەمبەر پیاوە ئازادەکاندا، رێساکانی نێو ئەم سێ بەڵگەنامەیە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە. لە بەڵێننامەی ئاندلیدا بەهیچ جۆرێک ئاماژە بە ناوی تیولی پیاوە ئازادەکان نەکراوە، بەڵام لەنێو دوو بەڵگەنامەکەی تردا لەمەڕ ئەم بابەتە دواون، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی سەردەمی بەڵێننامەی ئاندلی تا کاتی شارلمانی و لویس نەریتێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە.



وادێتە بەرچاو کە ئەم نەریتە لەسەردەمی شارل مارتل و لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەودا هاتبێتە ئاراوە، چونکە مارتل ماڵ و دارایی کەنیسەی لە چنگی پیاوە ئایینیەکان دەردێناو وەکو زەوی و زاری تایبەتی و تاکەکەسی یان تیول دەیدا بەسوپاو سەربازەکانی خۆی و لە ئاکامیشدا ئەم وەرچەرخانە لەنێو دابونەریتی دەرەبەگایەتیدا سەریهەڵدا.

## بەشی بیست و پێنجەم: هۆکاری سەرەکی داروخانی دووهەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسا و گۆڕانکاری لە زەوی و زاری تایبەتیدا

شارلمانی لەکاتێکدا کە زەوی و زارو ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش کرد، بڕیاریدا، خاوەن تیولەکان تەنیا لە سنووری دەسەڵاتی پاشای خۆیاندا دەتوانن سوود لە داهاتی تیولەکانیان وەربگرن، بەڵام ئەو کەسانەی خاوەنی زەوی و زاری تایبەتین، تەنانەت ئەگەر موڵکەکەیان بکەوێتە سنووری دەسەڵاتی پاشایەکی تریشەوە، ئەوا دیسان دەتوانن کەڵک لە داهاتی زەوییەکانی خۆیان وەرگرن. هەروەها فەرمانیدا کە کەسە ئازادەکان دەتوانن بەئارەزووی خۆیان، لەنێو هەرسێ وڵاتدا، داوای وەدەستهێنانی تیول بکەن. لویسی ورگ زلیش لاسایی باوکی کردەوەو رێک ئەم رێوشوێنانەی لەنێو وەسیەتنامەکەی خۆیدا گونجاند.

ئەو پیاوە ئازادانەی دەبوون بەخاوەنی تیول دەبووایە لەنێوان چوارخێزان کە زەوی و زاری تایبەتیان هەیە، سەربازێک بۆ بەرەکانی جەنگ رەوانە بکەن. ئەگەرچی توانرا کەڵکی خراپ لەم رێسایە وەربگیرێت، بەڵام شارلمانی و پپنی پاشای ئیتالیا[١٦٣] توانیان رێ لەم رەوتە بگرن.

بەپێی رای مێژوونووسەکان، جەنگی «فونتنای» بووە هۆی لاوازبوونی رژێمی پاشایەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ هەندێ فاکتەری تریش وەبەرچاوبگرین کە لەم کارەدا دەستیان هەبوو، یەک لەوان، پەیمانی کوڕانی لویسی ورگ زل بوو کە بارودۆخی سیاسی فەرەنسای گۆڕی، چونکە لەم پەیمانەدا مۆڵەتی ئەوە درابوو کە هەموو پیاوێکی ئازاد، دەتوانێ هەرکەسێکی کە پێی خۆشە، وەکو رێنیشاندەری خۆی هەڵبژێرێت، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یەکێک بێت لە ئەرستۆکراتەکان یان پاشاکان.

لەدوای ئەم پەیماننامەیەدا هەموو پیاوێکی ئازاد لە توانایدا هەبوو بەپێی ئارەزووی خۆی، کاروباری موڵکی خۆی بخاتە ژێر قەزاوەتی پاشا یان یەکێک لە ئەرستۆکراتەکان و بەم جۆرە موڵکی تایبەتی بەرەو تیول بگۆڕێت و لە ئاکامیشدا بەرەبەرە پیاوە ئازادەکان دەبوون بە شوێنکەوتەو رێنیشاندەری یەکتر، چونکە کاتێک پیاوێکی ئازاد دەبوو بە

شوێنکەوتەی پاشا یان یەکێک لە ئەرستۆکراتەکان ئەوا لە هەمان کاتدا دەچووە ریزی نەجیبزادەکانەوە و پیاوە ئازادەکانی دیکەش دەبوونە شوێنکەوتەی ئەو.

گۆڕانکاریەکی تر کە لە ئاکامی ئەم پەیماننامەیە لە باردۆخی فەرەنسادا روویدا ئەوەبوو کە، هەرکاتێ پیاوێک زەوی و زاری تایبەتی خۆی کردبا بە تیول، ئەوا بەپێی رێوشوێنی ئەم پەیمانە، تیولەکەیان لە پیاوەکە وەردەگرت و دەیاندا بەمنداڵەکانی.

خەڵک سوودێکی زۆری لەم پەیمانە وەگرت، چونکە بەر لەم پەیمانە ئەگەر هاتباو کەسێک زەوی یان شتێکی لە رێنیشاندەرەکەی وەرگرتباو تەنانەت ئەگەر کەمترین بەشی هەبووایە، ئەوا نەیدەتوانی واز لە رێنیشاندەرەکی بێنێت. بەڵام بەپێی ئەم پەیمانە هەروەکو ئاماژەمان پێکرد مافی هەڵبژاردنی رێنیشاندەر ئازادکراو رەعیەتەکان وازیان لە زەوی و زارەکان دەهێناو بەرەو شوێنێکی دیکە دەڕۆیشتن و دەبوون بە شوێنکەوتەی کەسێکی تر. شارڵی ئەسڵەعیش هانی ئەم مەسەلەی دا.

**بەشی بیست و شەشەم: گۆڕانی تیول**

بەر لە بەسترانی پەیمانی کوڕانی لویس هیچ چەشنە گۆڕانکاریەک لە تیول و زەوی و زاری تایبەتیدا رووی نەدا. نەریتی گشتی ئەوەبوو کە پاشا سەڵاحیەتی رەهای تیولی لەژێر دەست دا بوو و بە هەرکەسی بیویستایە پێی دەبەخشی. پاشان خاوەن تیولەکان لە پلەی دووەمدا هەندێ تیولی تریان دەدا بەخەڵکانی دیکە، بەڵام ئەگەر هاتباو خاوەنی تیولی یەکەم مردبایە ئەوا پاشا تیولەکەی دەدا بەیەکێکی ترو ئەو بۆ خۆی هەندێ کەسی هەڵدەبژارد کە لە پلەی دووەمدا ببنە خاوەنی تیول. لەراستیدا خاوەن تیولی پلە بوو هیچ چەشنە دڵنیاییەکی نەبوو و باروودۆخەکەی لەرزۆک بوو.

تا ئەوکاتە کە پاشا خاوەنی سەلاحیەتی رەهابوو، باروودۆخی تیول هەر بەم شێوازە بوو، کاتێکیش کە هەندێ لەم سەڵاحیاتانە کەم کرانەوە و تیول بۆ هەتاهەتایە درا بەئەرستۆکراتەکان، دیسان هەر بەم شێوازە بوو، چونکە کاتێ خاوەن تیول دەمرد، پاشا تیولەکەی دەدا بەیەکێکی تر، بەڵام کاتێک کە تیول سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت، باروودۆخەکە گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە تیولی پلە دوو و پلەی سێش سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت و لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پاشاکان دەسەڵات و سەڵاحیەتی پێشووی خۆیان لە دەست دا.

تیولی پلەیەک و دوو بەپێی رێورەسمێکی تایبەتی دەبەخشراو رەسمیەتی هەبوو، بەڵام تیولی سێهەم بەشێوەیەکی ئاسایی دەدراو بەزۆریش دەسێنرایەوەو بەم جۆرە تیولی پلەیەک



و پلە دوو سیفەتی پشتاوپشتی (بۆماوەیی) وەرگرت و بۆ منداڵەکانی خاوەن تیولەکە بەمیرات بەجێ دەما.

دوو نوێنەری ئەنجوومەنی سەنای میلان، دوو کتێبیان سەبارەت بەتیول نووسیوە کە بۆ چەند سەدە لەوە پێش دەگەڕێتەوە. لەم دووکتێبەدا کە بەزۆری سوود لە بۆچوونی یاداشت نووسەکان وەرگیراوە، هاتووە، کە تیولی پلە سێهەمیش سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرتووە و پێیان وایە رێنیشاندەرەکەی باروودۆخێکی سەقامگیری هەبوو. ئەم بابەتە هیچ جیاوازی لەگەڵ نووسینەکانی مندا نیە، چونکە لە کۆتاییدا هەموو تیولەکان سیفەتی پشتاوپشتیان وەگرت.

لە سەردەمی نووسینی ئەم دوو کتێبەدا باروودۆخی تیولی پلە سێهەم بەجۆرێک بوو کە ئەگەر خاوەنەکەی لە کاتی جەنگدا بەشداری لەگەڵ مەتبوعەکەدا کردبایە یان لە بەرامبەر تیولەکەدا پارەیەکی دابووایە، ئەوا تیولەکە لەنێو بنەماڵەکەیدا سیفەتی پشتاوپشتی وەردەگرت، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر پارەکەی وەرگرتبایەوەو تیولەکەی دابایەوە. بەڵام ئەو نەریتەش تێکچوو و تیول بەشێوەیەکی گشتی سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت.

**بەشی بیست و حەوتەم: هەندێ گۆڕانکاری دیکە لە تیولی شارلمانیدا روویدا**

لەسەردەمی شارلمانیدا، هەر لەگەڵ جاڕی جەنگدا، ئەرستۆکرات و خاوەن تیولەکان، ناچاربوون بانگهێشتەکەی قبول بکەن، ئەگینا زۆر بەتوندی سزا دەدران و ئەگەر حاکمە سەربازییەکانیش کەسێکیان بەخشیبا ئەوا بۆ خۆیان بەسزا دەگەیشتن، بەڵام پەیماننامەی سێ قۆڵی کوڕەکانی لویسی ورگ زل، گۆڕانکاری لەم نەریتەدا دروستکردو ئەرستۆکراتەکان مافی ئەوەیان هەبوو جگە لە جەنگی بەرگری، لە هەمبەر هێرش و پەلاماردا ندا فەرمانی پاشا رەتبکەنەوە. لەم نەریتەوە، سەربەخۆیی ئەرستۆکراتەکان بۆ بەشداری نەکردن لە بەرەکانی جەنگ پەرەیسەندو بۆماوەی چەندین سەدە، ئەرستۆکراتەکان جگە لە جەنگی بەرگری بەپێویستیان نەدەزانی بچنە مەیدانی جەنگەوە.

**بەشی بیست و هەشتەم: گۆڕانی تیول و پلەوپایە گەورەکان**

دەڵێی بڕیاردرابوو هەموو چەرخ و دانەکانی ئامێری وڵات لەکار بکەون بۆ ئەوەی دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسا لەنێو بچن. بەپێی فەرمانی شارڵی ئەسڵەع نەتەنیا تیول سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت بەڵکو پایەی حاکمی سەربازیش بوو بەپشتاوپشتی و

لە پاش مەرگی کۆنتەکان پیشەی حاکمایەتی بۆ منداڵەکانیان بەمیرات بەجێ دەما و تەنانەت هێندێک لە خزم و کەسە دوورەکان، بەهەنجەتی میرات دەستیان بەسەر پلەو پایە و تیولەکان دادەگرت. لە دوای ئەوەی پایەی حاکمی سەربازی سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت، کۆنتەکان دەبوونە بەربەست لەبەردەم جێبەجێ کرانی بڕیارەکاندا و دەوریان هەبوو لە لاوازکردنی دەسەڵاتی پاشایەتیدا. پاش ئەوە ئیدی داهاتی تیولی حاکمە سەربازییەکان کە تایبەت بوو بە خەزێنەی پاشایەتی، لە لایەن کۆنتەکاتنەوە دەستی بەسەرداگیرا.

لەڕاستیدا تیول کەوتە ژێر ڕکێفی کۆنتەکانەوە و قۆناغ لە دوای قۆناغ بەهێزتر دەبوون، چونکە هەرچەندێک تیولیان زیاتر دەبوو، دەسەڵاتێکی زۆرتریان وەچنگ دێنا و شوێنکەوتەی زیاتریان پەیدا دەکرد، تا تا ئەو ڕادەیەی کە شوێنکەوتە پلەدوو و پلە سێیەکانیش بەهێزبوون و ئەم جارە خودی کۆنت و سەرجەم ئەرستۆکراتەکان هاواریان لێ بەرزبۆوە.

هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، لەبەر ئەوەی تیولی برا گەورە یان باوک بۆ برای بچووکتر یان منداڵ بەجێ دەما، شوێنکەوتەی برا یان باوکیش دەبوون بە شوێنکەوتەی ئەوان و کۆنتەکان هیچ چەشنە دەسەڵاتێکیان بەسەر ئەو شوێنکەوتانەدا نەبوو و چاوەڕوانی ئەنجامدانی ئەرکیشیان لێ نەدەکردن و لەڕاستیدا ئەم جۆرە شوێنکەوتانە، بژێوی ژیانی خۆیان لە زەوی و زاری کۆنتەکانەوە بەدەست دەهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئەرکێک ئەنجام بدەن.

لە پێناوی نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییەدا، ژمارەیەک لە ئەرستۆکراتەکان یاسایەکیان داڕشت کە بەپێی ئەم یاسایە هەر کاتێ باوکەکان لە زەمانی ژیانی خۆیاندا تیولێک یان بدایە بە منداڵەکانی خۆیان، یان تیولێکیان لە نێوان برا بچووک و گەورەکاندا دابەش بکردایە، ئەوا هەموویان دەبوونە شوێنکەوتەو ملکەچی خاوەنە گەورەکەو دەکەوتنە ژێر حوکمی ئەوەوە.

ئەم یاسایە لە هەموو خاکی فەرەنسادا جێبەجێ نەکرا، بەڵام کاریگەری خۆی بەجێ هێشت و بووە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ نەریتی نوێ لە تیولدا.

## بەشی بیست و نۆیەم: چۆنیەتی تیول لە قۆناغی شارڵی کەچەڵ بەدواوە

بەپێ فرمانی شارڵی ئەسڵەع تیول سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت و لە ئاکامی بە خراپ کەڵک وەرگرتن لە رستەیەکی ئەم فەرمانە، تیول هەر لەوکاتەدا کە بوو بەپشتاوپشت، بوو بەهەڵبژاردنیش. وەکو ئەو بارودۆخەی کە لەسەردەمی پاشایەتی



دووەمین نەوەی پاشاکانی فەرەنسادا هاتە ئاراوە کە ئەو کاتیش تیول هەم لە ڕێگای هەڵبژاردن و هەم پشتاوپشتی بوو. چونکە لە فەرمانەکەی شارڵی ئەسڵەع دا هاتبوو، ئەگەر هاتوو خاوەن تیول یان خاوەن پلەوپایەکە، کوڕێکی هەبوو و مرد ئەوا لە دوای مەرگی پلەوپایە یان تیولەکە بۆ کوڕەکەی بەجێ دەمێنێت. بۆ نموونە لە سەردەمی (کۆنراد)ی دووهەمدا، لە پاش مەرگی خاوەن تیول، پاشا بە ئارەزووی خۆی تیولی مردووەکەی دەدا بەیەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خاوەن تیولەکە.

لەبەر ئەوەی هەموو یاسایەکی سیاسی خاوەنی هەندێ کاریگەری تایبەتییەو لەوانەیە یاسایەکی سیاسی دیکە بێنێتە ئاراوە، هەر بۆیە ئەم ڕێوشوێنە لە ئەڵمانیاو ئیتالیاشدا جێبەجێ کرا، بەڵام دواتر مافی هەڵبژاردنی خاوەن تیول لەنێوچوو و بەرەبەرە وازی لێ هێنرا.

## بەشی سییەم: درێژی بابەتی بەشی پێشوو

لەکتێبی تیول[١٦٤]دا ئاماژە بەوە کراوە کە کاتێک کونرادی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا سەفەری کرد بۆ ڕۆما، خەڵکانی دەوروبەری داوایان لێکرد یاسایەک داڕێژێت کە تیول تەنیا تایبەت نەبێ بە منداڵەکان و بۆ برا و نەوەکانیش بەمیرات بەجێ بمێنێت. لە ریزبەندییەکانی نێو ئەو کتێبەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نەریتی گوێزرانەوەی تیول بۆ برای کەسە مردووەکە بەپێی یاسای کۆنراد بەڕادەیەک گەشەیسەند کە کەسوکاری براکان بەڕادەیەکی بێ سنوور دەیانتوای ببنە میراتگری تیول.

یاسادانەرانی سەردەمی کۆن هەوڵیان دەدا میراتگری تیول بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سنووری برای دایک و باوکی تێنەپەڕێت، بەڵام لەسەردەمی نوێ ئەم میراتگریە ناڕاستەوخۆیە گەیشتۆتە کەسی پلە حەوتەم و لەم ماوانەی دواییدا بەشێوازێکی دیاری نەکراو چۆتە پێش کە کەسی پلە پازدەش دەتوانێ ببێتە میراتگری تیول.

لە وڵاتی ئەڵمانیادا، دابونەریتە کۆنەکانی تیول بۆ ماوەیەکی زیاتر لە فەرەنسا درێژەی کێشاو لەنێو بنەماڵەکاندا مایەوە، بەجۆرێک کە لە ساڵی ١٠٢٤ بارودۆخی تیول لە ئەڵمانیا ڕێک وەکو ساڵی ٨٧٧ی فەرەنسا بوو. لەم ماوەیەدا کە سەدو پەنجا ساڵە، تیول لە فەرەنسادا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر داهات، تا ئەو ڕادەیەی ئەوتۆ کە شارلی ساویلکە نەیتوانی تیولەکانی خۆی لە چنگی بێگانەکان بێنێتەدەرو دەرباری پاشایەتی بەڕادەیەک تووشی هەژاری هات کە تەنانەت نەیدەتوانی گالیسکەی پاشایەتیش وەجوڵە

خات. لاوازی شارل، بناغەی دەسەڵاتی نەوەی دووەمی لەرزۆک کردو بەهیچ جۆرێک نەتوانرا پێشی ئەم لەرزۆکیە بگیرێت.

هۆکاری سەرەکی سەقامگیری بارودۆخی تیول لە ئەڵمانیاو بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەیوەندی بە، یەکەم - سایکۆلۆژیای تایبەتی ئەو میللەتەوە هەبوو، دووهەم - هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ئەڵمانیا وەکو فەرەنسا نەکەوتە بەر هێرش و پەلاماری نۆرماندو موسڵمانەکانی باکووری ئەفریقاو بەربەستی سروشتی ئەم وڵاتە وەکو جەنگەڵ و زۆنگاوی گەورەو کەمی سامان بوونە هۆی ئەوەی نۆرماندو موسڵمانەکان پەلاماری ئەڵمانیا نەدەن. فەرمانڕەواکانی ئەڵمانیاش کاتێک هەستیان بەسەقامگیری پلەوپایەی خۆیان دەکرد، ئیتر هیچ پێویستیان بەهەواداری گەورەو بەخشش نەبوو، هەتا تیولی خۆیان بدەن بەم و بەو. سەرەڕای ئەوە، پاشاکانی ئەڵمانیا تاجی خۆیان تەقدیس نەدەکرد و هیچ پێویستیان بەوەرگرتنی رەزامەندی پاپا نەبوو تا لەم رێگەیەوە تیولی خۆیان لە دەست بدەن. بەم جۆرە بارودۆخی تیول لە ئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەکو خۆی مایەوە.

### بەشی سی و یەکەم: چۆن ئیمپراتۆریەتی دووەمین نەوەی پاشاکان لەدەستی بنەماڵەی شارلمانی دەرهێنرا

لە پاش (کۆنراد)، هێنری یەکەم بوو بە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا. هاوکات شارلی ساویلکە بوو بە پاشای فەرەنسا؛ پاشایەک لەوپەڕی لاوازی و بێ دەسەڵاتی دا کە تەنانەت توانای ئەوەی نەبوو یەک شارۆچکەش بپارێزێ. لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی دەهۆڵی هاوتایی لەگەڵ هێنری لێ بدات، هەر بۆیە پەیمانێکی لەگەڵدا بەست. هێنری و شارلی ساویلکە لە کەشتیەک و لەنێوەڕاستی رووباری (رێن) دا ئەم پەیمانەیان لە ساڵی ٩٤٦دا ئیمزاکردو بەپەیمانی (بۆن) ناسراو بەپێی ئەم پەیمانە هەردوولا بەڵێنیاندا کە بەردەوام لە حاڵەتی ئاشتیدابن. هێنری یەکەم نازناوی پاشای رۆژهەڵاتی فەرەنسای وەرگرت و شارلیش بوو بەپاشای رۆژئاوای فەرەنسا. بەم جۆرەو بەشێوەیەکی رەسمی هێنری بوو بەپاشای ئیمپراتۆریەتی شارلمانی و لە دوای ئەویش ئیتر پاشاکانی نەوەی دووەم بوونە دەسەڵاتداری ئەم ئیمپراتۆریەتە.

### بەشی سی و دووهەم: گوێزرانەوەی سەڵتەنەتی بۆ نەوەی سێهەمی پاشاکان، واتە بۆ بنەماڵەی هۆک کاپە

کاتێک کە تیول سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت و تیولی پلە دوو و پلە سێ سەری



هەڵدا، حکومەتی سیاسی لەنێوچوو و پاشایەتیی راستەقینە کەوتە ژێر دەستی خاوەن تیول و ئەرستۆکراتەکان، چونکە ئیدی پاشا ئەو یاوەرو هەوادارو ئەرستۆکراتانەی جارانی نەمابوو کە دەوری بگرن و پارێزگاری لێ بکەن و دەسەڵات و نفوزی راستەوخۆی پاشا بەهۆی میراتیبوونی تیولەوە بەڕادەیەک لاوازببوو کە بەهیچ جۆرێک لەقۆناغەکانی پێشووتردا نەبینرابوو. ئەرستۆکرات و خاوەن تیولە گەورەکان، لە سنووری خۆیاندا پاشای بێ تاج بوون. پاشاکانی نەوەی دووەم جگە لە دوو شاری لائۆن و ریس هیچ جێگەیەکی تریان نەبوو و لەراستیدا پاشای بێ وڵات بوون.

لەم سەروبەندەدا، نۆرماندەکان کە هەندێ هۆزی دەریاوان بوون، بەهۆی بەلەمە گەورەکانی خۆیانەوە، هاتنە نێو رێژگەی رووبارەکانی فەرەنساو بەئاراستەی سەرچاوەی رووبارەکە، رەوتی ئاوەکەیان بڕی و هەر لەکاتی تێپەڕین، شارو شارۆچکەکانی دەورووبەری رووبارەکانیان وێران دەکرد.

یەکێک لە خاوەن تیولە گەورەکانی ئەو سەردەمە بەناوی هوک کاپە لە شاری ئورلیان و پاریسدا توانی پێشی نۆرماندەکان بگرێت و ببێتە بەربەست لە بەردەم تێپەڕین و پەلامارەکانیاندا.

ئورلیان و پاریس کلیلی وڵاتی فەرەنسا بوون و لەژێر حکومەتی هوک کاپەدا بەڕێوەدەچوون. نیشاندانی جوامێری و هەبوونی تیولی زۆر، وای کرد خەڵک دان بە پاشایەتی هوک کاپە دابنێن، چونکە هەروەک چۆن ماوەیەک لەوە پێش پاشایەتی ئەڵمانیاو نەمسا لەژێر دەستی ئەو بنەماڵانەدا بوو کە سنووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەیان دەپاراست و پێشی هێرش و پەلاماری تورکەکانیان دەگرت،(١٦٥) ئەم کەسەش تاکەکەسێک بوو کە دەیتوانی بەرگری لە ئاوو خاکی فەرەنسا بکات.

لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی بنەماڵەی شارلمانیدا، پاشایەتی وەکو تیولێکی گەورە وابوو و تیولیش لە رێگەی هەڵبژاردنەوەبوو، هەر بۆیە ئیمپراتۆرەکانیشیان هەڵدەبژارد، بەڵام پاش ئەوەی تیول سیفەتی پشتاوپشتی وەرگرت و لە ئاکامی ئەوەدا، لە دوا دواییەکانی ئەم نەوەیەدا پاشایەتی کەوتە ژێر رکێفی گەورەترین تیولی وڵات و لەگەڵیدا بوو بەیەک.

### بەشی سی و سێهەم: هەندێ لە دەرئەنجامەکانی هەمیشەییبوونی تیول

جاران کاتێک پاشا کۆچی دوایی دەکرد، پاشایەتی بۆ گەورەترین منداڵی بەجێ نەدەما بەڵکو لەنێو براکاندا دابەش دەکرا و موڵک و زەوی و زاری پاشاش هەر بەم جۆرە دابەش

دەکرا. لەبەر ئەوەی تیول نەدەگوازرایەوە، بە بەشێک لە میرات لە قەڵەم نەدەدرا، بەڵام کاتێک تیول بوو بەپشتاوپشت جیاوازیان لەنێوان منداڵە گەورەو بچووکەکان دەکرد ئەو منداڵانەی کە گەورەبوون بەمیراتگری پلەیەک دەژمێردران و مافی گەورەیی دانی پێدانراو لە دوای مردنی خاوەن تیول، کوڕە گەورەکەی دەبوو بە خاوەنی تیولەکەو لەبەر ئەوەی پاشایەتیش تیولێکی گەورەبوو، هەر بۆیە ئەویش بۆ منداڵی گەورە بەمیرات بەجێ دەماو لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی خاوەن تیول دەبووایە هەندێ خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، بەپێی ئەم پرەنسیپە سەڵاحیەتی میراتگر هاتە ئاراوە، بەم جۆرە بەساڵاچووەکان (بۆ نموونە ئەگەر باوکی خاوەن تیولەکە زیندوو بووایە) نەیدەتوانی ببێت بەمیراتگر، چونکە سەڵاحیەتی جەستەیی خزمەتگوزاری نەبوو.

یەکێکی تر لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئاکامی هەمیشەییبوونی تیولەوە سەری هەڵدا، مافی ئاووخاک بوو بۆ خاوەنی یەکەمی تیول واتە ئەرستۆکرات و نەجیبزادە پلە یەکەمەکان، چونکە ئەوان بۆیان دەرکەوت لە ئاکامی پشتاوپشتی تیولدا ئیدی چیتر دەستیان پێڕاناگات، هەر بۆیە داوای مافی ئاووخاکیان کرد. بەم چەشنە هەر جارەی کە تیول بەمیرات بۆ کەسێک بەجێ دەما، دەرەبەگی یەکەمی مافێکی وەردەگرت. لەسەرەتادا داهاتی ساڵێک و دواتر بڕێکی کەمتریان دەدا و بەرەبەرە بەهۆی دابەزینی بەهای پارە ئەم مافە لەنێوچوو.

یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی میراتیبوونی تیول، مافی گوێزرانەوە بۆ دەرەوە بوو، لەبەر ئەوەی سوود وەرگرتن لەم ماوە تەنیا لە ڕێگەی فرۆشتنەوە بوو، هەر بۆیە بابەتی فرۆشتن و بەکرێدانی تیول هاتە گۆڕێ و لەهەر ناوچەیەکدا سنوورو یاسایەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دانا.

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی سیفەتی پشتاوپشتیبوونی تیول، سەرهەڵدانی مافی میراتگری بۆ کچەکان بوو و نەجیبزادەو ئەرستۆکراتەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، چونکە دووجار مافی ئاووخاکیان وەردەگرت، یەکێکیان لە خودی کچەکە کە میراتگری تیولەکە بوو و ئەویتریشیان لە مێردەکەی. ئەم مافە بۆ ژنەکان بوو بەمافێکی سروشتی بەجۆرێک کە لە حاڵەتی تەڵاق وەرگرتن لە مێرد، بەبێ هیچ گیروگرفتێک تیولە میراتیەکە بۆ ئافرەتەکە دەگەڕایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کچەکان میراتگری تاج و تەخت نەبوون. دواتر کە هێرشی نۆرماندەکان و سەرکەوتنی مەسیحیەکان بەسەر موسڵمانەکانی ئەفریقاداو پەرەسەندنی مەسیحیەت، هەندێ گۆڕانکاری لەنێو بارودۆخەکەدا روویاندا، لە هەندێ شوێندا ئافرەتەکان بوون بەمیراتگری تاج و تەخت.



یەکێکی دی لە دەرئەنجامەکانی بەمیراتیبوونی تیول، مافی سەرپەرشتی ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان بوو بەسەر منداڵە بچووکەکاندا. بەهۆی ئەوەی منداڵ دەسەڵاتی خزمەت و توانای ئەنجامدانی ئەرکی تایبەت بە تیولی نەبوو، بە مەبەستی پەروەردەکردن و فێرکردنی سوارچاکی و تیر هاوێژی و رمبازی، منداڵەکانیان دەخستە ژێر سەرپەرشتی خۆیانەوە. ئەم نەریتە لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و شوالیەکاندا پێیان دەگوت گاردی نۆبل.

دیسان یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی پشتاوپشتی تیول، جێبەجێکردنی هەندێ رەسمیات و فۆرمالیتەی چڕوپڕ لەکاتی بەخشینی تیول بوو، چونکە ملکەچیی رەعیەت روویەکی نائاسایی بەخۆوە گرتبوو و ئەرستۆکراتەکان بۆ دڵنیابوون لە وەفاداری ئەوان پەنایان دەبردە بەر هەندێ رێو شوێن و نەریتی چڕوپڕ بۆ ئەوەی هەمیشە یادەوەری دانی تیول لە هزری رەعیەتدا بمێنێتەوەو وەفاداری ئەوان بچەسپێنێت.

## بەشی سی و چوارەم: درێژەی بابەتەکە

تا ئەو کاتەی تیول دەگوێزرایەوەو سیفەتی پشتاوپشتی وەرنەگرتبوو لەگەڵ یاسا سیاسیەکاندا پەیوەندی هەبوو، بەڵام کاتێک بوو بە پشتاوپشت لەگەڵ یاسا مەدەنیەکانیش پەیوەندی بەرقەرار کرد. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ یاسا سیاسیەکان پاراست، چونکە بەشێک لە ئەرکەکانی وەکو خزمەتی سەربازی و سووپایی پەیوەندییان بە یاسا سیاسیەکانەوە هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تیول کاڵایەکی بازرگانی بوو و کڕین و فرۆشتنی پێدەکرا، چووە ژێر رکێفی یاسا مەدەنیەکانیشەوە. یاسای میراتی رۆمانی کۆن و یاسای سالیک سەبارەت بە تیول، گۆڕانکاری بەسەردا هات و بۆ داپیرو باپیران بەجێ نەدەما، چونکە پیرو کەنەفت بوون و نەیاندەتوانی ئەرکی تیول کە یەک لەوان خزمەتی سەربازی بوو بەئەنجام بگەیەنن.

دواین دەرئەنجامی بە میراتیبوون تیول کە لێرەدا دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین، خۆ تێهەڵقورتاندنە لە کاروباری ژیانی هاوسەریدا، چونکە لەرووی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی تایبەت بە تیول هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە کچەکان و هەندێ لە کوڕە خاوەن تیولەکان نابێ بەبێ چاودێری دەرەبەگ ژیانی هاوسەری پێکبێنن و لە ئاکامدا ژیانی هاوسەرێتی خاوەن تیولەکان کەوتە ژێر رکێفی یاسا دەرەبەگایەتیەکان. کاتێک قەباڵەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەم جۆرەو لە ژێر چاودێری دەرەبەگدا ئامادە دەکرا، بابەتی میراتگری ئایندەشیان تێدەخست. تا ئەو جێگەیەی کە شێوازی گواستنەوەی تیول بۆ میراتگری لەنێو قەباڵەی هاوسەرێتیدا تۆمار دەکرا، هەر بۆیە بۆیان دەرکەوت، پێشێلکردنی مافی

دایک و باوکیش کارێکی عەمەلی نییە چونکە ئەوانیش لە ئامادەکردنی قەباڵەی ژیانی هاوسەری منداڵەکانیاندا ئەم بابەتەیان پێشبینی دەکردو بەرگرییان لە مافی خۆیان دەکرد، ئەوکاتە ئیدی مافی دایک و باوکی خاوەن تیولیشیان وەبەرچاوگرت.

نامیلکەی تیولی من لە شوێنێکدا کۆتایی پێدێت کە نووسەرەکانی تر باس و توێژینەوەیان سەبارەت بەتیول لەوێوە دەست پێکردووە.

***

لە «ئینە ئید» شاکاری نەمری ڤیرجیلی نووسەری بەناوبانگی رۆمانیدا هاتووە، کاتێک گەشتەکەی نووسەر کۆتایی پێهات و چاوی بەخاکی نیشتمانەکەی کەوتەوە، لە خۆشیان هاواری کرد: ئیتالیاکەم... ئیتالیاکەم... و لە هۆش خۆی چوو. جێگەی خۆبەتی ئێستاکە منیش ئەو وشانە دووبارە بکەمەوەو بڵێم کتێبەکەم کۆتایی هات.

**کۆتایی**



## نامیلکەی بەرگریی مۆنتسکیۆ لە رۆحی یاساکان

**ئاماژە**

رۆحی یاساکان لە ساڵی ١٧٤٨ لە پاریس بڵاوکرایەوەو لە ماوەی (١٤) مانگ دا (٢٢) جار چاپ کراو بەپێی رای هەندێ لە توێژەرەکان ئەم بەرهەمە لە راستیدا کتێبی فەلسەفەی یاساو هەلومەرجی یاسا دانانەو پاش بەرهەمەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ لەم بوارەدا بە موعتەبەرترین بەرهەم دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رەخنە بێبەری نەبوو و ئەگەرچی ئەو رەخنانەی ئاراستەی کرا زیاتر لەلایەن پیاوە ئایینییەکانەوەو بەمەبەستی هێرش کردنە سەر یاساو مافی سروشتی بوو و لایەنی تەکفیریان هەبوو، وەلێ مۆنتسکیۆ بە هێمنی و لە دووتوێی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا وەڵامی ئەو رەخنانەی دایەوەو ساڵێک پاش دەرچوونی رۆحی یاساکان واتە لە ساڵی ١٧٤٩ دا بڵاوی کردەوە.

**و.ک**

## پاژی یەکەم

ئەگەرچی کتێبی ڕۆحی یاساکان کتێبێکی سیاسی و حقوقیە، بەڵام هەندێ جار تێیدا باسی دین و بەتایبەتی دینی مەسیحی کراوە. بەڵام لە هەر جێگەیەکدا کە ناوی مەسیحیەتم هێناوە، هەوڵمداوە گەورەی ئەو دینە بخەمە بەر دیدی خوێنەرەکان. هەرچەندە کتێبەکەی من کتێبێکی دینی نییە و من نەدەبووایە ئاماژەم بە بەڵگەو هۆی حەقانیەتی دینی مەسیح کردبا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام مەبەستی سەرەکی من ئەوەبوو لەهەر شوێنێک و بەهەر بۆنەیەکەوە ناوی دینی مەسیحم بردبێت، لە خوێنەر بگەیەنم ئەم دینە شایەنی ئەوەیە خۆشت بوێ، بەڵام ڕەخنەگرەکان سەرزەنشتیان کردووم و وتوویانە مۆنتسکیۆ پەیڕەوکاری ڕێبازی سپینۆزایەو وەکو ئەو باوەڕی بە یەکیەتی بوون (وحدت وجود) هەیەو پاشان وتوویانە موشریکە.

ئەو کەسانەی ئەم تۆمەتانەیان خستۆتە پاڵ من غافڵن لەوەی کە خۆیان لە قسەکانیاندا تووشی دژایەتی و هەڵەهاتوون، چونکە ئەگەر کەسێک بڕوای بەیەکیەتی بوون هەبێ و بڵێ خالق و مەخلوق یەکێکن، ئەوا ئەم کەسە موشریک نییە و باوەڕی بەبوونی فرەخودایی نییە. ڕەخنەگرەکان تێبینی ئەم خاڵەیان نەکردووەو هەندێ جار ناوی منیان ناوە پەیڕەوکەری یەکیەتی بوون و هەندێ جار موشریک و هەندێ کاتیش لایەنگری ڕێبازی سروشتی. ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەم دوو بیروباوەڕەدا هەیە دەریدەخات، من لایەنگری هیچ کام لەم دوو بیروباوەڕە نیم، چونکە من لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی خۆمدا جیاوازیم لە نێوان خالق و مەخلوق و دونیای ماددی و عەقڵی بەرزدا کردووە.

چۆن دەکرێ من لایەنگری یەکیەتی بوون بم و وەکو پەیڕەوانی ڕێبازی سروشتی بڵێم: ڕێکەوت یان قەزاو قەدەری بێ ئاگاو بێ ئیرادە جیهانی هێناوەتەبوون، ئەوە لە کاتێک دایە کە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی خۆمدا وتوومە:

«ئەو کەسانەی گوتویانە قەزاوقەدەر هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی هەموو ئەو شوێنەوارانەیە کە ئێمە لە جیهاندا دەیانبینین و ئەو هۆکارەی بەمانای چارەنووس لێکدەدرێتەوە بوونەوەرەکانی دروست کردووە، قسەیەکی بێ مانایان کردووە، چونکە دەبێ چ قسەیەک لەوە بێ ماناتربێت کە قەزاو قەدەر یان چارەنووسی بێئاگا بوونەوەری بەئاگای دروست کردبێ!».



چۆن دەکرێ من لایەنگری فەلسەفەی سپینۆزا بم و بڵێم خالق و مەخلوق یەکێکە، ئەوە لە کاتێکدا من لە بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا وتوومە:

«خواوەند بەسیفەتی خالق و چاودێری دونیا، پەیوەندی لەگەڵ دونیادا هەیە، ئەو یاسایانەی بەپێی ئەوان دونیای دروست کردووە، هەر ئەوانیش دەبنە هۆی پاراستنی ئەم دونیایە. خواوەند بەپێی ئەم یاسایانە رەفتار لەگەڵ دونیادا دەکات و زۆر بە باشی دەیانناسێت و هتد..»

چۆن دەگونجێ من لایەنگری فەلسەفەی سپینۆزابم، لەکاتێکدا لە بەشی یەکەمی کتێبی ڕۆحی یاساکاندا وتوومە: «دونیای ماددی پێکهاتوو لە جوڵەی ماددەو بێ بەری لە ئاگایی، هەمیشە وجودی هەبووەو هتد..»

هەروەها وتوومە: پەیوەندییەکی عادیلانە بەر لە دارشتنی یاسای واقعی کە بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەوانە وجودی هەبووەو دیسان لە بەشی دووەمی کتێبەکەمدا وتوومە: ئەو یاسایەی لە هزری ئێمەدا بیری خالقێک وێنا دەکاو ئێمە بەرەو لای ئەو پاڵ دەنێت، لەڕووی گرنگیەوە یەکەمین یاسای سروشتییە.

چۆن دەکرێ من لایەنگری فەلسەفەی سپینۆزابم، ئەوە لەکاتێکدا من لە بەشی دووهەمی کتێبی بیست و چوارەمی ڕۆحی یاساکاندا دژایەتی بیروبۆچوونی بایلم کردووەو بیروباوەڕەکەیم رەد کردۆتەوە کە پێیوایە بێ دینی لە بت پەرستی باشترە و وتوومە بۆچوونەکانی بایل یەکێک لە هۆیەکانی بەرگریکردن لە بێ دینەکانە.

حەق وابوو ڕەخنەگرەکان پاش خوێندنەوەی ئەم بەشانەو وردبوونەوە لە رستەکانی هەوڵی ڕەخنەگرتنیان داباو منیان وەکو موشریک یان لایەنگری سپینۆزا ناوزەد نەکردبا، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بێگومان، نەیاندەتوانی ئەم سیفەتانە بخەنە پاڵ من و یان لە دوای هەڵبەستنی ئەو تۆمەتانەدا، لانی کەم بەڵگەی ڕێک و پێک و جێگەی پەسندیان هێنابایەوەو پشتیان بەبەڵگەی بێ هێزو گوماناوی نەبەستایە، چونکە هەر چەندێ تۆمەتەکە گەورە بێت، ئەوا بەو ڕادەیەش دەبێ بەڵگەی سەلماندنەکەی پتەو و پەسند بێت.

ئێستا دەست دەکەم بە شیکردنەوەی ڕەخنەی ڕەخنەگرەکان و وڵامەکانی خۆم:

**ڕەخنەی یەکەم – ڕەخنەگر دەڵێ:**

«مۆنتسکیۆ لە یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەیەوە بیروباوەڕی گەندەڵی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ یاسا بەمانا سادەکەی بریتییە لە پەیوەندی و وابەستەیی پێویست کە لە سروشت و ماهییەتی شتەکانەوە هەڵقوڵاوە، لەکاتێکدا ئەم پێناسەیە بۆ یاسا گونجاو نییەو نووسەر

مانای ئاسایی و ساکاری یاسای نەگۆڕیوەو وەسفی ناکات، بەڵکو مەبەستی سەرەکی بەرگریکردنە لە فەلسەفەی سپینۆزاو بەپێی فەلسەفەی ئەو و پۆپی قوتابی سپینۆزا، بیروباوەڕەکانی خۆی دەربڕیوە، چونکە پۆپ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پەیوەندییەکی هێندە پێویست و جێگیر لە نێوان بوونەوەرە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا هەیە کە بچووکترین گۆڕانکاری لەنێو ئەم پەیوەندییانەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی هەموو بوونەوەرەکان تاکو دەگاتە بنچینەی سەرەکی (مبدأ) تێکچێت و دونیا وێران بێت.

هەر بۆیە پۆپ دەڵێ: جیهان جگە لەو شێوەیەی کە دەیبینین، نەدەشیا بەجۆرێکی تر دروست ببێت و هەرچییەک هەیە، هەمان ئەو شتەیە کە دەبێ هەبێت. مۆنتسکیۆ لە پێناوی سەلماندنی فەلسەفەی سپینۆزا و پەیڕەوەکانی، وشەو دەستەواژەی نوێی بەکارهێناوەو شتێک بۆ ئەو وشەو دەستەواژانەوە زیاد دەکاو دەڵێ: هەموو بوونەوەرەکان خاوەنی یاسای تایبەت بەخۆیانن.»

**وەڵام:**

رەخنەگر گوێبیستی ئەوەبووە سپینۆزا دەیگوت: پرەنسیپێکی بێ ئاگاو پێویست بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات و لە بەرئەوەی وشەی پێویستی لە وتەکانی سپینۆزادا بینیوە، لەهەر جێگەیەک چاوی بە وشەی پێویست کەوتبێ، پێیوایە ئەم فەلسەفەیە دەربڕی بیروبۆچوونەکانی سپینۆزایەو لەبەر ئەوەی من وتوومە: یاسا بریتییە لە پەیوەندییەکی پێویست، رەخنەگر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە من لایەنگرو پەیڕەوی سپینۆزام لەبەر ئەوەی من وشەی پێویستم بەکارهێناوە، بەڵام چاوێکی بە بەشی یەکەمی کتێبی رۆحی یاساکاندا نەخشاندووە، چونکە بەشی یەکەمی کتێبەکە بەتەواوی پێچەوانەی بیروبۆچوونی سپینۆزایەو بیروڕاکانی سپینۆزام رەدکردۆتەوە. بەتایبەتی لەم بەشەدا ویستوومە دژایەتی لەگەڵ بیروبۆچوونی سپینۆزاو هەندێک لە موریدو لایەنگرەکانی و یەک لەوان هۆبز بکەم و بیروڕاکانیان رەدبکەمەوە، چونکە هۆبز بڕوای بە حەتمیەت هەیەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە گشت سیفەتە باش و خراپەکانی مرۆڤ ملکەچی هەندێ یاسان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودان دان و هەموو تاکەکانی مرۆڤ لە حاڵەتی جەنگدا لە دایک بوونەو دەبن و لە رێگەی ئەم بیروبۆچوونەیەوە بەتەواوی بناغەی دین و ئەخلاقی سەراوژێر کردووە.

بەڵام من لەسەرەتای رۆحی یاساکان دا پێچەوانەی ئەم بۆچوونەم سەلماندووە، ئادەمیزاد لە حاڵەتی جەنگدا لە دایک نابن و بەر لەوەی مرۆڤ یاسایەک بە مەبەستی



جێبەجێکردنی دادپەروەری دابڕێژێ، یاسایەک بۆ جێبەجێکردن عەدالەت و دادپەروەری لە خودی خۆیدا هەبووە و تەنانەت بوونەوەرەکانی دونیا بەر لە دروستبوونیان هەندێ یاسای (ممکن الوجود) یان هەبوو و تەنانەت خواوەندیش خاوەنی هەندێ یاسایە کە بۆخۆی دروستیکردوون. ئەم بۆچوونە بەتەواوی دژی بۆچوونەکەی هۆبزە و بەتایبەتی ویستوومە دەریبخەم تیۆرییەکەی هۆبز هەڵەیەو مرۆڤەکان لە حاڵەتی جەنگدا لە دایک نابن و ئەوەی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ کۆمەڵگایەو بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگا، هیچ جۆرە جەنگێک لە ئارادانەبووە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ رەخنەگرەکان لە وتەکانی من ورد نەبوونەتەوەو لەگەڵ ئەوەدا کە من هەوڵم داوە بۆچوونی سپینۆزاو پەیڕەوەکانی رەد بکەمەوە، کەچی ئەوان من بەلایەنگری ئەو فەلسەفەیە دەزانن.

**زۆر باش دەبێ ئەگەر مرۆڤ بەرلەوەی شمشێرەکەی لە کالان دەربێنێت، چاوی خۆی بکاتەوەو بزانێ بەرەو رووی کێ و لە پێناوی چیدا هێرش دەکات، ئایا ئەو لایەنەی هێرشی دەکاتە سەر دۆستیەتی یان دوژمن.**

**رەخنەی دووەم:**

مۆنتسکیۆ لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە وتەیەکی پلۆتارک کردووەو لە رستەکەدا هاتووە: «یاسا خاوەن دەسەڵاتە بەسەر گشت بوونەوەرە گیاندارو بێگیانەکان دا» ئەوە لە کاتێکدا کە ئەم رستەیە کوفرە.

**وەڵام:**

راستە من لە پەراوێزی کتێبەکەمدا ئاماژەم بە وتەکەی پلۆتارک کردووە، بەڵام دەبێ ئەو راستییە بزانین کە پلۆتارک وتوویەتی یاسا خاوەن دەسەڵاتە بەسەر گشت بوونەوەر گیاندارو بێ گیانەکاندا، نەک مۆنتسکیۆ.

لە رەخنەی سێهەمدا رەخنەگر دەڵێ:

مۆنتسکیۆ لە کتێبەکەی خۆیدا وتوویەتی، دروستبوونی جیهان کە لە ئیرادەیەکی رەهاو پتەو و چەسپاوەوە سەرچاوەی گرتووە، رێک وەکو قەزاو قەدەری بێ ئاگای خواناسەکان خاوەنی هەندێ یاسای چەسپاوو نەگۆڕە بەم جۆرە مۆنتسکیۆ قەزاوقەدەری بێئاگای موشریکەکانی پەسندکردووە.

**وەڵام:**

من لە کتێبەکەمدا بەر لە ئاماژە کردن بەو رستەیەی سەرەوە کە جێگەی باسی رەخنەگرە، بەشێوەیەکی گشتی قەزاو قەدەری بێ ئاگای موشریکەکانم رەدکردۆتەوە و گوتوومە ئەو کەسانەی دەڵێن تاکە رێکەوت و قەزاو قەدەرێکی بێ ئاگا بەسەر بوونەوەرەکاندا فەرمانڕەوایی دەکات، قسەیەکی بێ مانایان کردووەو هتد... زۆرباش دەبوو ئەگەر رەخنەگر ئەم بەشەی بخوێندبایەوەو پاش وردبوونەوو تێگەیشتن لە بابەتەکان هەوڵی رەخنەگرتنی دابا. ئەوکات شتێکی نەدەخستە پاڵ منەوە کە من نەمگوتووە.

من نەک هەر شتێکی ئەوتۆم نەوتووەو قەزاو قەدەری بێئاگام پەسەند نەکردووە، بەڵکو لەم بەشەدا بەهیچ جۆرێک لەمەڕ دروستبوونی جیهانەوە نەدواوم، بەڵکو سەبارەت بەشوێنەوارو دەرئەنجامی ئەو هۆکارانە قسەم کردووەو لەگەڵ یەکتردا گونجاندوو من.

ئەم بەشە بەتەواوی تەرخان کراوە بۆ رێساو رێوشوێنەکانی جوڵە و من وتوومە ئەو رێوشوێن و رێسایانە کە لەلایەن خواوەندەوە دروست کراون، نەگۆڕو جێگیرن، پێویستە ئەوە بزانین کە تەنیا من ئەو بابەتەم باس نەکردووە بەڵکو هەموو زانایانی فیزیک لەسەرئەوە کۆکن کە یاساو رێساکانی جوڵە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، چونکە خوداوەند وای خواستووە کە نەگۆڕو جێگیربن. من لەم بەشەدا جگە لەم بابەتە هیچی ترم نەگوتووە.

کاتێک من دەڵێم دروستبوونی جیهان وەکو قەزاوقەدەری بێ ئاگای موشریکەکان کۆمەڵێک یاسای نەگۆڕو چەسپاوی هەیە، ویستوومە نموونەیەک بێنمەوە، ئەو نموونەیە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی من قەزاو قەدەری بێئاگای موشریکەکان کە پێشتر بۆ خۆم رەتم کردۆتەوە، پەسند بکەم! وادێتە بەرچاو رەخنەگر ویستویەتی چەواشەکاری بکات و رەنگە خاوەنی نیەتێکی پاک نەبووبێ، چونکە لە راستیدا من لەوێدا ویستومە بڵێم دروست بوونی جیهان لە ئیرادەیەکی رەهاو پتەو و چەسپاوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەوانەبوو خاوەنی هەندێ یاسای گۆڕاو بێت، چونکە خالق دەسەڵاتداربوو و دەیتوانی یاسای گۆڕاو دروست بکا، بەڵام ئەو یاسایانەی بەشێوەیەکی نەگۆڕ هێناوەتە ئاراوەو ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کە جیهان پەیڕەوی لە یاسایەک دەکا کە وەکو قەزاو قەدەری بێ ئاگای موشریکەکان نەگۆڕە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ من لایەنگری فەلسەفەی سپینۆزا نیم و سەر بە رێبازی حەتمیەت نیم. ئێستا بابزانین هەروەک رەخنەگرەکان وتوویانە، من لە کتێبی رۆحی یاساکاندا ویستوومە سووکایەتی بە دینی مەسیح بکەم و یان دانم بەرەوایی ئەو دینەدا نەناوە یان ئەم دینەم قبوڵ نییە؟!!



من هەندێ رستەو دەستەواژەی روون و ئاشکرام لە کتێبی رۆحی یاساکاندا نووسیوە کە ئەو راستیە دەسەلمێنێ، نە تەنیا نووسەر مەسیحیە، بەڵکو دینەکەی خۆشی خۆشدەوێت. ئێستا ئاماژە بە تەک تەکیان دەکەم.

لە کۆتایی بەشی یەکەمی کتێبی یەکەمدا وتوومە: مرۆڤ بەهۆی بیری بەرتەسکی خۆیەوە بەردەوام دەکەوێتە بەر لێشاوی هەڵەو نەزانییەوەو هەموو ساتێک ئەگەری ئەوە هەیە پەروەردگاری خۆی فەرامۆش بکات. خوداوەند لە رێگەی یاسا ئایینیەکانەوە رێنوێنی دەکات.

لە بەشە جیاجیاکانی کتێبی بیست و چوارەمدا ئاماژەم بەگەلێک لایەنی جۆراوجۆر کردووە!

**لە بەشی یەکەمدا وتوومە:**

مەبەستی سەرەکی من لە خوێندنەوەی دینە جیاوازەکانی جیهان ئەوەیە بزانم چ سوودێکیان بۆ ژیانی مەدەنی مرۆڤ هەیەو لەو رووەوە من لێکۆڵینەوە لەسەر گشت دینەکان دەکەم جا چ ئەو دینانەی کە لە ئاسمانەوە هاتوونە خوار یان لەسەر زەویدا دروست بوونە:

هەموو کەسێکی بەئینساف لێرەدا دان بەوە دادەنێت. من نەمویستوە بەرژەوەندی ئایینی بخەمە ژێر رکێفی بەرژەوەندی سیاسی بەڵکو ویستوومە ئەو بەرژەوەندیانە یەکبخەم و بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا پێویستە بیانناسین، چونکە مەسیحیەت کە خەڵکی بۆ یەکێتی و خۆشەویستی بانگهێشت کردووە، بێگومان ویستویەتی هەموو گەلانی جیهان خاوەنی باشترین یاسای سیاسی و مەدەنی بن و ئەو یاسایانە لە دوای دین، باشترین ئیمتیازە کە مرۆڤەکان دەیدەن بەیەکدی یان لە یەکتری وەردەگرن.

**لە بەشی دووەمدا گوتوومە:**

ئەو پاشایەی دینی خۆش بوێت و لەرووی حەقیقەتەوە بیروباوەڕە ئایینیەکان جێبەجێ بکات وەکو ئەو شێرە وایە کە بەئارەزووی خۆی ببێتە هاودەمی مرۆڤ و رام ببێت. ئەو پاشایەش کە لەرووی ترسەوە، دین قبوڵ بکات، وەکو ئەو شێرە وایە کە لەنێو قەفەزدا زیندانی کرابێت، چونکە ناچارکراوە ملکەچ بێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دایە میلە ئاسنینەکانی قەفەزەکە بکرۆژێت تا بەڵکو خۆی لەو کۆت و بەندە ئازاد بکات، بەڵام ئەو پاشایەی کە هەر لەبنەڕەتدا دینی نییە وەکو ئەو دڕندەیە وایە کە ئازادانە بەشارو

بیابانەکاندا دەسووڕێتەوەو ئازادی خۆی لە کوشتن و هەڵدڕینی خەڵکدا دەبینێ.

**لە بەشی سێهەم وتوومە:**

سوڵتانە موسڵمانەکان خوێنڕێژن و بەردەوام یان خەریکی پیاوکوژین یان بۆ خۆیان دەکوژرێن، بەڵام دینی مەسیحی پاشاکان هێمنترو خۆشەویستر دەکات و لەژێر سایەی ڕێوشوێنەکانی ئەم دینەدا پاشا متمانەی بەرەعیەتی خۆی هەیەو رەعیەتەکانیش متمانە بەپاشای خۆیان دەکەن. دینی مەسیح کە لەرواڵەتدا لە پێناوی دابینکردنی بەختیاری دونیای پاش مردن سەریهەڵداوە، لەم جیهانەشدا بەختیاری ئێمە دەستەبەردەکا.

**لە بەشی چوارەمدا وتوومە:**

بەبڕوای من لەنێوان دینی ئیسلام و مەسیحیدا بە لەبەرچاوگرتنی بنچینە ئەخلاقیەکانیان، دەبێ مەسیحیەت قبوڵ بکەین و ئیسلام رەد بکەینەوە.

لەبەشی شەشەم لە هەمبەر بیروباوەڕی هەڵەی بەڕێز بایلدا وتوومە:

بایل سەرزەنشتی هەموو دینەکان دەکات و بەگومانەوە سەیری دینی مەسیحی دەکات و دەڵێ پەیڕەوانی مەسیح ناتوانن دەوڵەتێکی ئەوتۆ دروست بکەن کە بتوانێ بەردەوام بێ، لەکاتێک دا کە بۆچوونەکەی بایل هەڵەیە. بەپێچەوانەوە پەیڕەوانی دینی مەسیحی باشتر هەست بە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خۆیان دەکەن و لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا وردەکارییەکی زۆرتر بەکاردێنن و لەبەر ئەوەی ئاگاداری چۆنیەتی بەرگری سروشتین، رەچاوی حقوقی بەرگری سروشتی دەکەن و بەهەر رادەیەک دینەکەی خۆیانیان خۆش بوێت، بەو رادەیە زیاتر نیشتمانی خۆیان خۆشدەوێت و ئەگەر بنچینەکانی دینی مەسیحیەت لە رۆحی پەیڕەوانیدا سەقامگیرتر بێت ئەوا کاریگەرییەکانی چەندەها جار زیاتر دەبێ لە هێزی فەزیلەت (تەقوا)ی سیاسی لە حکومەتی کۆماری و کاریگەری شانازی و شەرافەت لە حکومەتی پاشایەتی دەستووری و ترس و وەحشەت لە حکومەتی ئیستبدادیدا. هەروەها وتوومە: بەدووری دەزانم ئەو پیاوە گەورەیە نەیتوانیبێت ڕێوشوێنی تایبەت بەسەقامگیری مەسیحیەت لە خودی مەسیحیەت جیابکاتەوە، تا جێگەیەکی ئەوتۆ دەتوانین بڵێین بایل لە رۆحی مەسیحیەت بێ ئاگابووە، چونکە کاتی یاسادانەرەکان لە جیاتی دانانی یاسا، تەنیا پەنا دەبەنە بەر پەندو ئامۆژگاری، هۆیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەزانن ئەگەر پەندو ئامۆژگارییەکانی خۆیان بخەنە چوارچێوەی یاساوە ئەوا بەپێچەوانەی رۆحی یاسا رەفتاریان کردووە.



**لە بەشی دەیەمدا گوتوومە:**

ئەگەر من مەسیحی نەبوومایە ئەوا لەو حاڵەتەدا، لەنێوچوونی فەلسەفەی زنون و پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەم بەیەکێک لە گەورەترین بەدبەختیەکانی مرۆڤایەتی دادەنا، مرۆڤ ئەگەر چاو لە حەقیقەتی دینە ئاسمانیەکان بپۆشێ، شتێکی گەورەتر لە بیروباوەڕو بۆچوونی زنون و لایەنگرەکانی نادۆزێتەوە.

**لە بەشی سێزدەهەمدا گوتوومە:**

لە ئایینی موشریکەکاندا، لەبەر ئەوەی هەست و سۆزی دەروونی هیچ مانایەکی نییە، لەوانەیە هەندێ گوناهی نەب بەخشراو هەبێ، بەڵام لە دینێکدا کە گرنگیەکی تایبەت بەهەموو لایەنی هەست و سۆزەکان دراوەو دەرگای تۆبەو بەخشینی ڤالا کردووە و لە جیاتی ئەوەی زنجیرەی گەورەو ئەستوور لە دەست و پێی ئیماندارەکان ببەستێت، هەندێ داوی ناسکی کردۆتە دەست و پێیان. لە دینێکی ئەوتۆدا گوناهی نەبەخشراو بوونی نییە، بەڵام لەوانەیە ئەو گوناهانەی کە تاکەکانی بەدرێژایی ژیانیان ئەنجامی دەدەن بۆ بەخشران نەشێت کەواتە مەسیحیەت بڕیاری داوە نابێ ئیماندارەکان هەمیشە لەگەڵ ئەنجامدانی گوناهی نوێدا داوای تۆبەو بەخشین بکەن و هێشتا قەرزی کۆنەیان نەداوەتەوە داوای قەرزی تازە بکەن، چونکە لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا ڕۆژێک دادێ کە ئیدی جامەکە لێی دەرژێت و بەخششی پەروەردگار ئەوان ناگرێتەوە.

لە کۆتایی بەشی نۆزدەهەم، پاش ئەوەی دەرئەنجامە دڵتەزێنەکانی دینی موشریکەکانم سەبارەت بەچارەنووسی رۆحی مرۆڤ لە دونیای پاش مەرگدا بەنموونە هێناوەتەوە، وتوومە:

نابێ دین تەنیا لەگەڵ دروستکردنی بیروباوەڕێک واز لە کارەکانی بێنێت بەڵکو پێویستە ڕێنوێنێ ئەو بیروباوەڕە بکات و بەڕێوەی بەرێت و ئەمە یەکێک لەو کارانەیە کە دینی مەسیحی زۆر بەباشی ئەنجامی داوە، چونکە هەندێ بیروباوەڕی بۆ ئێمە هێناوە کە ئێمە لە چارەنووسی رۆح دڵنیا دەکات و بەبێ ئەوەی زانیارییەکی تەواومان هەبێ یان بتوانین هەست پێ بکەین دەزانین تا رۆژی دوایی و نوێبوونەوەی جەستە، جیهانی رووحانی تێپەڕدەکەین.

**لە کۆتایی بەشی بیست و شەشەمدا گوتوومە:**

چاکتر وایە دین هەم خاوەنی یاساو ڕێوشوێنی تایبەتی و هەم خاوەنی یاساو ڕێوشوێنی گشتی بێت. بۆ نموونە کاتێک حوکم دەکا دەبێ ئیماندارەکان جیهاد لەگەڵ نەفسدا بکەن.

نابێ بچێته ناو وردەکارییەکانیەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو ناوچەکاندا قابلی جێبەجێکردن بێت. لەم رووەوە دینی مەسیحی خاوەنی کۆمەڵە رێوشوێنێکی باشە. بۆ نموونە بەرۆژوبوون لەم دینەدا واجبە، بەڵام شێوازی بەرۆژوبوون بەجۆرێکی ورد دیاری نەکراوەو دەکرێ بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێ.

**لە بەشی بیست و پێنجەم وتوومە:**

ئەو دینەی لە شوێنێکی دوورەوە دێت و لەرووی ئاووهەواو دابونەریتەوە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمیی شوێنەکانی تردا جیاوازی هەیە، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی هەبێت لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

**لە بەشی بیست و چوارەمدا وتوومە:**

سەرەڕای گەورەی وڵاتی حەبەشە (ئەسیوبیا) و گەرمی هەوای ئەفریقا، دینی مەسیح توانیویەتی پێشی گەشەسەندنی ئیستبداد لەم وڵاتەدا بگرێ و دابونەریت و یاساکانی ئەوروپا لە حەبەشەدا بچەسپێنێ، بەڵام ناوچەی سنار کە خەڵکەکەی مەسیحی نین، لەوێدا زوڵم و ئیستبداد فەرمانڕەوایە و لە دوای مردنی پاشا، خەڵک منداڵەکانی پاشایان کردە زیندانەوەو بۆ ئەوەی لافی داگیرکردنی تاج و تەخت لێ نەدەن هەموویان کوشتن.

**دیسان هەر لەو بەشەدا وتوومە:**

ئەگەر ئێمە کۆکوژی بەردەوامی پاشاو دەسەڵاتدارەکانی رۆمان و یۆنان بێنینە بەرچاوی خۆمان کە چۆن شارو نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەدەستی ئەوان یان بەدەستی هەندێ جیهانگیری تری وەکو تەیمورو چەنگیز تووشی لەناوچوون هاتن، ئەوکات دان بەوە دادەنێین کە دینی مەسیحی هەندێ پاکسازیی زۆرباشی لە حقوقی سیاسی و حقوقی نێونەتەوەییدا هێناوەتە ئاراوەو پێویستە سوپاسی ئاراستە بکەین.

لە بەشی هەشتەمدا وتوومە: ئەو وڵاتانەی شانازی وەرگرتنی دینی ئاسمانیان پێ نەبڕاوە، چاکتر وایە دینی ئەو وڵاتە لەگەڵ بنچینە ئەخلاقیەکاندا بگونجێت، چونکە دین ئەگەرچی رەواش نەبێ و باتڵ بێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین زامنی ئەمانەت و چاکەکاریی خەڵکە. ئەمانە بەشێکن لەو رستەو دەستەواژە روون و ئاشکرایانەی کە من لە کتێبی بیست و چوارەم و لە باسی پەیوەندی نێوان یاساو دین و رێوشوێنەکانی نووسیومە. خوێنەر زۆر بەئاسانی لەو راستیە تێدەگا کە نووسەری ئەم رستانەو دەربڕی ئەم



بیروباوەڕانە نەک هەر مەسیحیە، بەڵکو خاوەنی بیروباوەڕێکی پتەوەو رێز لە دینەکەی خۆی دەگرێت و خۆشی دەوێ.

ئێستا بابزانین نەیارو رەخنەگرەکان بەپشتیوانی کامە بەڵگە لە بەرامبەر ئەو هەمووە بۆچوون و بیروباوەڕەدا هێرشیان کردۆتە سەر من و تۆمەتی بێ دینیان خستۆتە پاڵم یان بانگەشەی ئەوە دەکەن من مەسیحی نیم؟!!

هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەو بەڵگانەی نەیارو رەخنەگرەکان پشتیان پێ بەستووە زۆر لاوازن و بەزۆری چەواشەکارانەن و نیوەیان لە بنەڕەتدا لە جیاتی بەڵگەو دەلیل، جوێن و قسەی ناشیرینەو نیوەکەی تریشی لە دووتوێی هەندێ باسی دەرەکی و خوتبەی درێژدا گونجێنراوەو ویستویانە بەم جۆرە لاوازی و بێ هێزی بەڵگەکانی خۆیان بشارنەوە، بەڵام من ناچارم بڵێم ئەو تۆمەتانەی خستویانەتە پاڵ من، زۆر گەورەن و دەبێ لە رێگەی بەڵگەی گەورەو بەهێزەوە ئەو تۆمەتانە بسەلمێنن، چونکە چەندە تۆمەتەکە گەورە بێت، بەو رادەیەش دەبێ بەڵگەی گەورە پێشکەش بکرێت.

**رەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ ستایشی پەیڕەوانی زنونی کردووە، لە کاتێکدا کە پەیڕەوانی زنون سەر بە رێبازی سروشتین و لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دونیا لە قەزاو قەدەرێکی بێ ئاگاو پەیوەندییەکی پێویستی نێوان بوونەوەرەکانەوە هاتۆتەئاراوە. پەیڕەوانی زنونی کۆمەڵە کەسانێکی جەبرگەرا بوون. کەواتە، لەبەر ئەوەی مۆنتسکیۆ ستایشی ئەو رێبازەی کردووە، ئەویش سەر بە رێبازی سروشتیە.

**وەڵامی من:**

گریمان ئەم شێوازی بەڵگەهێنانەوە هەڵەیەی رەخنەگر سەبارەت بە فەلسەفەی زنون و پەیڕەوانی راستە، بەڵام خۆ دەبێ لە بیروبۆچوونەکانی من لە هەمبەر ئەوان، وردبینەوە، ئایا من ستایشی بیروباوەڕو بۆچوونەکانی ئەوانم سەبارەت بە پرسە سروشتی یان میتافیزیکیەکان کردووە؟!! نەخێر وانیە، من تەنیا ستایشی ئەخلاقی ئەو کۆمەڵەیەم کردووەو وتوومە خەڵک سوودێکی باشیان لەم ئەخلاقە وەرگرتووەو جگە لەمە هیچ شتێکی دیکەم نەگوتووە، چونکە ئەگەر لایەنگرانی زنون بڕوایان بەکاریگەری قەزاو قەدەری بێ ئاگا لە کاروباری جیهاندا هەبێت، ئەوا من لە هەمان سەرەتای دەستپێکی کتێبەکەمدا، ئەم بۆچوونەم رەدکردۆتەوە. کەواتە ئەم چەواشەکاری و شێوازی

بەڵگەخوازییە سەبارەت بەپەیڕەوەکانی زنۆن یان تۆمەتی ئەوەی من سەر بەرێبازی سروشتیم، بەبێ لێورد بوونەوە ئەنجام دراوە.

**رەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ ستایشی بایلی کردووەو بەپیاوێکی مەزنی لە قەڵەم داوە.

وڵامی من: بەڵێ من بایلم بە پیاوێکی گەورە لە قەڵەم داوە، بەڵام سەرزەنشتی بیروبۆچوونەکانیم کردووەو رەخنەم ئاراستە کردوون و ئەم رەخنانەش بەڵگەی ئەوەن کە من پێی رازی نیم و ئەگەر بەپیاوێکی مەزنم لە قەڵەم داوە ئەوا لەبەر دەبڕینی بیروبۆچوونەکانی نییە، چونکە هەموو کەسێک دەزانێ بایل خاوەنی هۆش و زیرەکیەکی لە رادەبەدەرە، بەڵام ئەو هۆش و زیرەکیەی خۆی بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێناوە، بەڵام بەهیچ جۆرێ ناتوانین نکۆڵی لە هۆش و زیرەکی بایل بکەین. مخابن ئەو پیاوە زیرەکە لە شارێی حەقیقەت دوورکەوتۆتەوەو تووشی گومڕایی بووە.

من پێم وایە بایل پیاوێکی گەورەیە، چونکە ئەگەرچی هەر بەپێی سروشتی خۆم کەسانی موغامرو ئاژاوەچیم خۆش ناوێت و رقم لەو کەسانەیە کە یاساو رێساکانی وڵاتی خۆیان ئاوەژوو دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم (سزار) یان (کرۆمولی) ئینگلیزی کەسانێکی بچووک بووین. قینم لەو جیهانگیرو داگیرکارانەیە کە بوونەتە هۆ و دەبنە هۆی خوێنڕێژی و وێرانکاری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم چەنگیزو ئەسکەندەر وەکو خەڵکی ئاسایی بوونەو هیچ ئیمتیازێکیان بەسەر خەڵکانی ترەوە نەبووە.

دەمتوانی لەجیاتی ئەوەی بایل بەپیاوێکی گەورە لە قەڵەم بدەم، سووکایەتی پێ بکەم و یان بەپیاوێکی ناکەس و هیچی دابنێم، ئەوکات هیچ کەسێکیش رەخنەی لێ نەدەگرتم، بەڵام هەموو بەش و بابەتەکانی رۆحی یاساکان دەریدەخەن من لە جوێن و قسەی سووک بێزارم و لەوانەیە خوو خسڵەتی سروشتی یان پەروەردەی خێزانیی من، بەربەست بێت لەبەردەم ئەوەی من قسەی سووک بەخەڵک بڵێم. سەرەڕای هەموو ئەمانە، تاقیم کردۆتەوە رواڵەتسازی تووڕەو دەمارگرژانە تەنیا کاریگەری لەسەر کەسانی تووڕەو دەمارگرژ بەجێ دێڵێت نەک خەڵکانی ئاسایی لەکاتێکدا کە بەشی هەرەزۆری خوێنەران دەچنە ریزی خەڵکانی ئاساییەوە خاوەنی ئاسودەیی فیکری و رۆحین و هەر لە بنەڕەتیشدا هەتا کەسێک خاوەنی ئاسوودەیی فیکری و رۆحی نەبێت، کتێب بۆ خوێندنەوە بەدەستەوە ناگرێت. کەسی هێمن و مەتین بەبێ هەواداری لەم و لەو، رای خۆی لە هەمبەر بەش و



بابەتەکانی کتێبەکە دەردەبڕێت. پێویستە بەو رەخنەگرە بەڕێزە بڵێم، گریمان من لە کتێبەکەی خۆمدا هەزاران جوێن و قسەی سووکم بە بایل گووت، ئەوە نەدەبووە بەڵگەی ئەوەی کە بیروبۆچوونەکانی راستە یان هەڵە، یان ئایا بەشێوازێکی راست قەزاوەتی کردووە یان نا، بەڵکو ئەو بەرهەمەی لە ئاکامی ئەم قسە سووکانە بەنسیبی نووسەر دەبوو ئەوەبوو، خەڵک دەیانگوت نووسەر لە قسەی سووک و جوێندانندا لێزانە.

**رەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ لە سەرەتای کتێبەکەی و لە بەشی یەکەمدا لەمەڕ گوناهی ئادەمەوە باسی هیچی نەکردووە.

**وەڵامی من:**

چەندین جارو لە چەندین شوێندا وتوومە کتێبەکەی من پەیوەندی بە بابەتە ئایینییەکانەوە نییەو لەبەر ئەوەی نەمویستووە باسێکی ئایینی پێشکەش بکەم، هیچ پێویستی نەکردووە سەبارەت بەگوناهەکەی ئادەم بنووسم. باوادابنێین ئەوەشم نووسی، ئەوکات رەخنەگرو نووسەرەکانی دیکە دەیانگوت بۆچی سەبارەت بەسەرجەم بابەتە دینییەکان هیچت نەنووسیوە. من لە هەموو کەسێکی هەستیار دەپرسم، ئایا رۆحی یاساکان کتێبێکی ئایینییە یان کتێبێکی یاسایی و سیاسی.

**رەخنەگر دەڵێ:**

بەڕێز دۆمای نووسەری هاوچەرخ کتێبەکەی بەجۆرێکی تر دەست پێکردووەو لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا باسی چۆنیەتی بوون و دروستبوونی لەخاک دەکات، بەڵام مۆنتسکیۆ..

**وەڵام:**

من دان بەوە دادەنێم کە بەڕێز دۆما کتێبەکەی خۆی بەشێوەیەکی دیکە دەست پێکردووەو سەرەتا باسی چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤ دەکا، بەڵام ئایا شێوازی داڕشتنی ئەفکارو نووسینی بیروبۆچوون پەیوەندی بەبابەت و سەلیقەوە نییە؟

**رەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: ئەو یاسایەی کە ئێمە بەرەو لای خالق رێنوێنی دەکاو بەرەو رووی ئەو پاڵمان دەنێ لەرووی گرنگیەوە گەورەترین یاسای ئێمەیە، بەڵام

بڕوای وانیە کە یەکەمین یاسای ئێمە بێت، بەڵکو ئاشتی بەیەکەمین یاسای سروشت دادەنێ. لەکاتێکدا کە ئەم بیروبۆچوونە ڕاست نییەو یەکەمین یاسای ئێمە لەنێو سروشتدا ئاشتی نییە، بەڵکو مرۆڤەکان لە بەرایی دروستبوونەوە لە یەکتری دەترسێن و تەنانەت منداڵەکانیش دەزانن یەکەمین یاسای ئێمە خۆش ویستی خواو دووەمین یاساش خۆشەویستی هاورەگەزەکانە.

**وەڵام:**

سەبارەت بەم بابەتە من و ڕەخنەگر، بۆچوونەکانمان جیاوازنین و جیاوازی ئێمە تەنیا لەسەر قسەی سووکە، چونکە ئەو ڕستانەی من لە کتێبەکەی خۆمدا نووسیومن بەم جۆرەن: ئەو یاسایەی ئێمە بەرەو ڕووی حەقیقەتەکان ڕێنوێنی دەکات و بۆ لای ئەو پاڵمان دەنێ لەڕووی ئەو گرنگیەی هەیەتی بەیەکەمین یاسای سروشتی ئێمە دەژمێردرێت، بەڵام لە ڕووی پلەو پۆلێنەوە بەپلەی یەکەم نایەت. مرۆڤ بەر لەوەی سوودو بەهرەیەک لە زانین وەرگرێ لەبەر ئەوەی ویژدانێکی پاکی هەیە، توانای فێربوونی هەموو جۆرە زانست و زانیارییەکی هەیەو لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا ئاشکرایە کە بیروڕا یەکەمەکانی مرۆڤ، بیروڕایەکی حەکیمانە نابێت و زیاتر هەوڵی پاراستنی بوونی خۆی دەدا نەک لە خەیاڵی زانینی سەرچاوەی بوونی خۆی دابێت. ئەو کات ئەم مرۆڤە لە سەرەتادا تەنیا هەست بە لاوازی خۆی دەکات و لەرادەبەدەر ترسنۆک دەبێ. ئەگەر پێویست بەتاقیکردنەوەو نموونەهێناوە بکات ئەوا لە جەنگەڵەکاندا هەندێ پیاوی کێوی بینراون کە بەدیتنی هەموو شتێک وە لەرزەکەوتوون و بەبینینی هەموو شتێک رادەکەن.

کەواتە ئاشکرایە من یاسای پەرستن و ناسینی خواوەندم لەڕووی گرنگیەوە بەیەکەمین یاسای سروشتی داناوە، بەڵام هەر لەوکاتەشدا نابێ ڕەخنە لەمن بگیرێ، چونکە وەکو فەیلەسوف و زاناکانی فیزیک و ئاژەڵناسی، مرۆڤم لەلایەنی جۆراوجۆرەوە نەخستۆتە بەر لێکۆڵینەوەو بەپێی بیروڕاو و تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بەمرۆڤ بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگاو ئەوکاتەی بەتاقی تەنیا ژیانی بەسەر بردووە، هەندێ بیروبۆچوونم دەربڕیوە.

گریمانەی من ئەوە بووە کە مرۆڤ بەیەکجار لە ئاسمانەوە هاتۆتە سەر زەوی و لەم حاڵەتەدا سەربەست بوومە، سەبارەت بەهەست و سۆزو بیروبۆچوونی ئەم مرۆڤە تاک و تەنیایە هەندێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی بۆم دەرکەوێت ئەو هەست و سۆزە لەڕووی پلەو ڕێزبەندییەوە چۆن لە ڕۆحیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بێگومان بەر لەبەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوە، واتە بەر لەوەی هێزی عەقڵ و بیرکردنەوەی هەبێت،



جگە لە هەست و سۆز هیچی تری نەبووە، ئیدی بۆم دەرکەوتووە کە یەکەمین هەستی ئەو مرۆڤە ترس و دووەمین هەستیشی پێویستی دابینکردنی خۆراک بووە. کەواتە بێگومان گەورەترین یاسای سروشتی مرۆڤ بەلای منەوە ئەو یاسایە بووە کە مرۆڤ بەرەو لای خواوەند پاڵدەنێ. ڕەخنەگریش پێیوایە گەورەترین یاسای سروشتی ئەو یاسایەیە کە پەیوەندی بە پەرستنی خواوەندەوە هەیە.

کەواتە لێرەدا جیاوازییەکەمان تەنیا لەسەر قسەی سووک و تۆمەتی ڕەخنەگرەو بەس.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ وتوویەتی: ئەو مرۆڤە نەزانەی لەوانە بوو لە هەموو ساتێکدا پەروەردگاری خۆی فەرامۆش بکا، خواوەند لە ڕێگەی یاسا ئایینییەکانەوە بەرەو لای خۆی بانگی دەکات. دەمانەوێ بزانین ئەو ئایینەی مۆنتسکیۆ باسی لێوەدەکا کام ئایینە، حەتمەن مەبەستی ڕێبازی سروشتییە. لێرەدا دەردەکەوێ مۆنتسکیۆ سەر بەڕێبازی سروشتییەکانە.

**وەڵامی من:**

زۆر سەیرە، من لێرەدا بەهیچ جۆرێک ناوی ڕێبازی سروشتیم نەبردووە، هەتا ڕەخنەگر من بکاتە لایەنگری ڕێبازی سروشتییەکان و بۆ ئەوەی من بخاتە بەر تیری تانەو تۆمەتی خۆیەوە، مانای ئاسایی و باوی ڕستەو دەستەواژەکانی هەڵگرتووەو مانای خەیاڵی و نەگونجاوی پێوە چەسپاندوون. ئەگەر مەبەستم ڕێبازی سروشتی بووایە، لە جیاتی ئەو ڕستەیەی لە کتێبەکەمدا ئاماژەم بۆ کردووەو خودی ڕەخنەگریش وەکو نموونە هێناویەتیەوە دەبووایە بڵێم (مرۆڤێکی ئەوتۆ لەوانەبوو لە هەموو ساتێکدا پەروەردگاری خۆی واتە ئایینی سروشتی فەرامۆش بکات، بەڵام خوداوەند واتە ئایینی سروشت لەڕێگەی یاسا سروشتییەکانەوە بەرەو لای خۆی بانگی کرد) چونکە لایەنگرەکانی ئایینی سروشتی هیچ خودایەک جگە لە هەمان ئایینی سروشتی ناناسن و دانی پیانانێن. لەم حاڵەتەدا ئیدی وتەکەی من زۆر تەمومژاوی و گەمژانە دەبوو و ڕستەکانی دواتریش زۆر گەمژانە خۆیان دەنواند بەڵام وانیەو مەبەستم لە بەرهێنانی وشەی ئایین، ئایینی ئاسمانیە و من بڕوام بە ئایینی سروشتی نییەو ناویشم نەهێناوە.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ وتوویەتی فەیلەسوف و مامۆستایانی ئەخلاق، لە ڕێگە یاسای ئەخلاقیەوە مرۆڤەکان لە ئاگادار دەکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان فەرامۆش نەکەن و یاسادانەرەکانیش

بەهۆی یاسا سیاسی و مەدەنیەکانەوە ئاشنایان دەکەن بە ئەرک و پەیوەندییان لەگەڵ کەسانی تردا. بەپێی بیروباوەڕی مۆنتسکیۆ، فەرمانڕەوایی دونیای خاوەن عەقڵ لە نێوان خواو فەیلەسوف و یاسادانەرەکاندا دابەش کراوەو ئەوان شەریکی خواوەندن لە بەڕێوەبردنی دونیای بەئاگادا، بەڵام مۆنتسکیۆ ناویەوێ بزانێت ئەوانە تێگەیشتن و هوشیارییان لە کوێوە بەدەست هێناوەو لە چ ڕێگەیەکەوە زانیان دەبێ کۆمەڵگا بە دادپەروەری و عەدالەت بەڕێوەبچێ.

**وەڵام:**

بەرسڤی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانەو وەڵامی ڕەخنەکە لە خودی ڕەخنەکە دایە. فەیلەسوف و یاسادانەرەکان تێگەیشتن و هوشیاریی خۆیان لەو عەقڵەوە بەدەست دێنن کە خواوەند پێی بەخشیون و یارمەتی داون بۆ بەختەوەربوون. تێگەیشتن و زانینی خۆیان لە هەمان یاسای مەزنی گێتی، هەمان یاسا کە ئێمە بەرەو ڕووی پەروەردگار دەکاتەوە، بەدەست هێناوە.

من هەرگیز وەکو ڤیرجیلی شاعیری ڕۆمانی کە وتوویەتی قەیسەری ڕۆم لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی جیهاندا لەگەڵ خواوەند شەریکە، پێم وانەبووە یاسادانەرەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی جیهاندا شەریکی پەروەردگارن، بەڵام ئاخۆ خوای تاک و تەنیاو فەرمانکار بەسەر جیهاندا لەچاو هەندێ لە بوونەوەرەکانی خۆی، عەقڵ و تێگەیشتن و تواناییەکی زیاتری نەداوە بەهێندێکی تریان؟

ئایا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن لە تێگەیشتن و هوشیاری و توانادا؟

مەبەستم ئەوەبوو کە خواوەند تێگەیشتن و لێهاتووییەکی زیاتری بەهەندێ لە بوونەوەرەکانی خۆی داوەو لەبەر ئەوەی ئەوانی بەسەر خەڵکانی تردا پەسند کردووە، هەر بۆیە ئەوان دەستیان کردووە بە ڕێنماییکردنی ئەوانیتر، بەڵام ڕەخنەگر چەواشەکاری کردووە و بیروباوەڕەکەی منی ئەوا تەفسیرکردووە: لەبەر ئەوەی هەندێ لە بوونەوەرەکان بەسەر بوونەوەرەکانی تردا فەرمانڕەوایی دەکەن، خواوەند ویستویەتی بۆ فەرمانڕەوایی جیهان ئەوان بکاتە شەریکی خۆی. ڕێسایەکی گشتی هەیە دەڵێ: ئەو کەسانەی لە بەڵگەهێنانەوە لاوازن و لە هەمان کاتیشدا نایانەوێت بیروبۆچوونی خەڵکانی دیکە قبوڵ بکەن، ڕێگەی چەواشەکاری دەگرنەبەر.



**ڕەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ دەڵێ خواوەند ناتوانێ وەکو بوونەوەرەکانی تر بەسەر بوونەوەرە ئازادو خاوەن عەقڵەکاندا حکومەت بکا، چونکە پێویستە ئەوان خۆیان بەڕێوەببەن. لەم ڕووەوە خواوەند یاسایەکی بۆ داڕشتوون کە ئەرکەکان بە مرۆڤ نیشان دەدا، بەڵام ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەیان ناخاتە بەردەستەوە. کەواتە بەبڕوای مۆنتسکیۆ، خوداوەند هەندێ بوونەوەری ئەوتۆی دروست کردووە کە ناتوانرێ پێشی حەزو ئارەزوو غەریزەو بێ سەروبەریان بگیرێت، غافڵ لەوەی کە خواوەند توانای ڕەهایەو هەرچیەکی بیەوێت لەگەڵ بوونەوەرەکانی خۆی دەیکات، ئەگەرچی ئەوان نەیانەوێت بەپێی ئیرادەی ئەو هەڵسوکەوت بکەن.

**وەڵام:**

من لە هیچ بەشێکی ڕۆحی یاساکاندا لەسەر ئەم بابەتە نەدواوم و ڕستەی «خوداوەند ناتوانێ»م بەکارنەهێناوە. هەروەکو چۆن سەبارەت بەگوناهی سەرەتایی ئادەم لە بەهەشت دا هیچم نەوتووە، لە هەمبەر لێبوردەیی خواوەند یان چاوپۆشیەکانی سەبارەت بەبێ سەروەریی جیهان و هەڵچوونی حەزو ئارەزو و غەریزەکانی مرۆڤیش هیچم نەگوتووە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، من لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا نەمویستوە بچمە نێو باسی مەسەلە ئایینییەکانەوەو بنچینەکانی ئایین کە بریتین لە حلول و لێبوردەیی و هتد بسەلمێنم.

بۆ نووسەر مایەی بێزارییە کە ڕەخنەگر هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی کتێبەکە، تەنیا تاکە بیرۆکەیەکی لە هزر دابووەو هەموو بابەت و پرسە باسکراوەکانی ناو کتێبەکەی لە کلاو ڕۆژنەی ئەم بیرۆکەیەوە سەیر کردووە. لێرەدا حاڵی ڕەخنەگر بەحاڵی قەشەی کەنیسەی گوندەکە دەچێت، کاتێ ئەستێرەناسەکە لە ڕێگەی دووربینە فەلەکیەکەیەوە هەسارەی مانگی پێشان دەداو قەشەی سادەش جگە لە منارەی کەنیسەکەی خۆی هیچ شتێکی تری نەدەبینی.

من هەوڵمدا چاوپۆشی لەو بابەتانە بکەم کە پەیوەندییان بەکتێبەکەی منەوە نییەو ئەگەر لە سەرەتای کتێبەکەدا هەندێ بیروبۆچوونم سەبارەت بەیاسا بەشێوەیەکی گشتی و حقوقی سروشتی دەربڕیوەو سەرەڕای ئەوەی ئەم بابەتە زۆر بەربڵاوە، بەڵام هەوڵم داوە بەکورتی بەیانیان بکەم و هەموو بابەتەکەم لە دوو بەشدا گونجاندووەو بەناچاری چاوپۆشیم لە هەندێ بەشی گرنگی پەیوەندیدار بەحقوقی سروشتی کردووە، بۆ ئەوەی خۆ

لە درێژدادڕی ببوێرم، هەرچەندە پەیوەندیشیان بەکتێبەکەی منەوە هەبووە، بەڵام من بایەخم پێ نەداون.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ لە وڵاتی ئینگلتەرادا وەکو نەخۆشیەکی دەروونی سەیری خۆکوشتن دەکەن و هەروەک چۆن شێت سزا نادەن، ئەوا ئەو کەسەش کە خۆی کوشتووە، بەسزا ناگەیەنرێت. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی مۆنتسکیۆ لایەنگری ئایینی سروشتییەو لەلایەکیشەوە ئینگلتەرا لانەی ئایینی سروشتییە، بۆیە تاوانە دیارەکانی ئەو وڵاتەی وەبەرچاو نەگرتووەو چاوپۆشیان لێدەکات.

**وەڵام:**

من نازانم ئینگلتەرا لانکی ئایینی سروشتی بووە یان نا؟... هەر هێندە دەزانم من بڕوام بە ئایینی سروشتی نییە. بەڵام سەبارەت بەخۆکوشتن، من تەنیا باسی ڕووداوێکم کردووە کە لە ئینگلتەرا بەچاوی خۆم بینیومە و باسکردنی ڕووداوێک نابێتە بەڵگەی ئەوەی من و ئینگلیزەکان خاوەنی یەک ڕێباز بین. ئەگەر ئینگلیزێکیش لە فەرەنسا ڕووداوێک ببینێ و لە ئینگلتەرادا باسی بکات، ئەوا نابێتە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ فەرەنسیەکاندا هاو ئایینە.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

کتێبی ڕۆحی یاساکان، یەکێکە لە کتێبە نەخوازراوەکان و تەنیا بەهۆی سەرهەڵدانی یاسای بنەڕەتی ناتورالیستەکان (سروشتگەراکان) برەوی سەندووە، ئەگینا بەو جۆرە برەوی نە دەسەند.

**وەڵام:**

یاسای بنەڕەتیی سروشتگەراکان نەبۆتە هۆی زیاد بڵاوبوونەوەی ڕۆحی یاساکان چونکە ئامانج و مەبەستی ئەم دوو کتێبە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

مۆنتسکیۆ لە دیباچەی کتێبەکەی خۆیدا وتوویەتی. من چەندین جار بۆ نووسینی ئەم کتێبە دەستم بەکار کردووەو چەندین جار لاپەڕە نووسراوەکانم فڕێ دەدا تا ئەوکاتەی لە



کتێبەکەی خۆم ڕازی بووم. بەبڕوای ئێمە مۆنتسکیۆ لە سەرەتای نووسینی ئەم کتێبەو بەر لەوەی دەستنووسی یەکەمی فڕێ بدات لە حەقیقەت نزیکتر بووە نەک لە کۆتایی کارەکەیدا.

**وەڵام:**

بیروبۆچوونی ڕەخنەگر لەسەر بنەمای گومانەکانی خۆی دامەزراوەو ئەو لە کوێوە دەزانێ من لە سەرەتادا لە حەقیقەت نزیکتربوومە؟

**ڕەخنەگر دەڵێ:** ئەگەر مۆنتسکیۆ ڕێگەیەکی ساف و هەموارکراوی گرتبا بەرو لە کوێرەڕێیانەوە نەڕۆیشبا، کەمتر تووشی زەحمەت دەبوو.

**وەڵام:**

ئەم بۆچوونەش لەسەر بنەمای وەهمی ڕەخنەگر دامەزراوە، چونکە من ڕێگەیەکی ساف و هەموارکراوم پێواوەو هیچ زەحمەتێکم نەکێشاوە.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

هەر کەسێک خاوەنی کەمێک تێگەیشتن بێت، بۆی دەردەکەوێ ڕۆحی یاساکان لەسەر بناغەی ئایینی سروشتگەراکان نووسراوەو لەبەر ئەوەی هەموو نەیارەکانی ئەم ڕێبازە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئایینی سروشتی، ڕێک وەکو بیروبۆچوونی سپینۆزاوایەو سپینۆزاش پێیوایە خالق و مەخلوق یەکێکن، هەر بۆیە هەموو عیسەویەکی ئیماندارو بەبیروباوەڕ نەفرەت لە کتێبی ڕۆحی یاساکان دەکات.

**وەڵام:**

توێژەران بۆیان دەرکەوتووە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئایینی سروشتگەراکان و بیروبۆچوونی سپینۆزادا هەیە، بەڵام بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییانە ئەگەر ڕۆحی یاساکان لەسەر بنەمای فکرو بۆچوونی سپینۆزا نووسرابا، مەسیحییەکان مافی ئەوەیان هەبوو ڕقیان لێی بێت، بەڵام من لە وڵامەکانی پێشووتردا سەلماندم کە بنەماکانی ڕۆحی یاساکان لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی سپینۆزادا ناگونجێن.

**ڕەخنەگر دەڵێ:**

ئەگەر مۆنتسکیۆ لە کتێبەکەی خۆیدا هەندێ جار ناوی خواوەندی هێناوە و مرۆڤ

بەمەخلوقی پەروەردگار دەزانێ، لە پێناوی ئەوەدا بووە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی کە ڕێبازی سروشتیە حەشار بدات و هەر ئەم حەشاردانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو سەر بەئایینی سروشتیە.

**وەڵام:**

ناچارم هەندێ لە بابەتەکان بۆ ڕەخنەگر ڕوون بکەمەوە و هەروەک چۆن ئەو ڕەخنە ئاراستەی من دەکات، منیش هەڵەکانی شی بکەمەوە.

ڕەخنەگر بەهۆی ئەو کینەیەی بەرامبەر بەلایەنگرانی ئایینی سروشتی لە دڵی دایە، تێگەیشتنێکی هەڵەی لەسەریان هەیەو نەیتوانیوە سروشتیەکان لە یەکتر جیابکاتەوە، چونکە لایەنگرانی ئایینی سروشتی بەسەر دوو دەستەی جیاوازدا دابەش دەکرێن. دەستەیەکیان کە سروشتگەرایەکی تەواون و دەستەکەی تریان کە سەرەڕای سروشت باوەڕیان بەئولوهییەت و حلول هەیەو دەڵێن خواوەند مرۆڤی دروست کردووەو ڕۆح لە جەستەیدا گەشەی کردووە. بەڵام ڕەخنەگر هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەم جیاوازی و جیاکردنەوەیە نییە یان نایەوێت زانیاری وەدەست بێنێت. سەرەڕای هەموو ئەوانە، لەهەر جێگەیەک من ناوی سروشتم هێنابێت و ویستبێتم مرۆڤ لە ڕووی سروشتییەوە بخەمەژێر لێ توێژینەوە، ڕەخنەگر بەنیەتی خراپ زمانی دەگێڕێ بەبێ ئەوەی زەحمەت بەخۆی بداو بنەماکان ئایینی سروشتی دەرک بکا. گومانم نییە ئەگەر ڕەخنەگر یاساکانی ئایینی سروشتی زانیبایە، بەم جۆرە بەخراپی باسی نەدەکرد.

ڕەخنەگر بەهەڵە ئایینی سروشتی و بێ دینی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاوکردووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم دوو بابەتە لەگەڵ یەکدا جیاوازن. دینی مەسیح بۆ خۆی قۆناغی پێگەیشتووی ئایینی سروشتییە و مەسیحیەکان گوێبیستی ئەوە دەبن کە هەموون خاوەنی ئایینێکی سروشتی بووین. ئەمرۆکەش لە پێناوی سەلماندنی وجودی خواوەندی تاک و تەنیا لە بەرامبەر موشریکەکان کە باوەڕیان بەبوونی فرەخوایی هەیە، ئایینی سروشتی دەکەن بەبەڵگەو هەروەها بۆ سەلماندنی ئولوهیەت لە بەرامبەر کەسانی بێ دین و ئەوانەی باوەڕیان بە خوا نییە، دیسان پەنا دەبەنەوە بەر ئایینی سروشتی. کەواتە لەم حاڵەدا نابێ بەم چەشنە بەخراپی باسی ئایینی سروشتی بکرێت.

ڕەخنەگر پێیوایە لایەنگرانی زنون، لایەنگری ئایینی سروشتین، لەکاتێک دا کە من بە بێدینیان لە قەڵەم دەدەم، چونکە دەیانگوت قەزاو قەدەرێکی ناهوشیارو بێ ئیرادە بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات و ئەمرۆکەش بۆ وەڵامدانەوەی لایەنگرو پەیڕەوەکان، سوود



ئایینی سروشتی وەردەگرن.

ڕەخنەگر پێیوایە بۆچوونی سپینۆزاو ئایینی سروشتیەکان یەک شتە، لە کاتێکدا من جیاوازی لەنێوان ئەم دوو بیروباوەڕە دادەنێم. بیروبۆچوونی سپینۆزا کە باوەڕی بەیەکیەتی بوون هەیە، بەتەواوی لەگەڵ بۆچوونی سروشتیەکاندا جیاوازەو تەنانەت بۆچوونی سپینۆزاش لە لایەن سروشتگەراکانەوە ڕەد دەکەنەوە.

بەبڕوای من ئەگەر کەسێکی وەکو ڕەخنەگر ئایینی سروشتی و بێ دینی بکا بەیەک، وەکو ئەوە وایە بەڵگەو بورهانەکان لەگەڵ ئەو بابەتەی کە دەیەوێت بیسەلمێنێ تێکەڵ بکات، یان تووشی هەڵەبێت و ڕەخنەی سەر هەڵەکە لەگەڵ خودی هەڵەو ئەو ڕەخنەیەی لێی گیراوە تێکەڵ بە یەک بکات. تێکەڵکردنی ئەم دوو بابەتە لەگەڵ یەکتردا دەبێتە هۆی ئەوەی گەورەترین چەک لە بەرامبەر بێ دینەکان لە دەستی ئێمە بچێتەدەر. بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ خۆی چەکێکی کاریگەر دەخاتەبەر دەستی بێ دینەکان.

ئاشکرایە ڕەخنەگر بەئەنقەست ئەم کارەی نەکردووە و بەبێ وردبوونەوە ئەم دوو بابەتەی کردووە بەیەک، منیش نامەوێ وایدابنێم ڕەنگە ڕەخنەگر لە پێناوی ئەنجامدانی هەندێ بیروبۆچوونی تایبەتیدا ئەم کارەی کردووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەخنەگر لە هەمبەر بابەتی تایبەت بە میتافیزیک بیروبۆچوونێکی ڕوون و ئاشکرای نییە و ناتوانێ لەم بارەیەوە بیروڕا دەربڕێت و قەزاوەت بکاو بابەتە جیاوازەکانی میتافیزیک لە یەکتری جیا بکاتەوە. لەم بابەتەدا بەردەوام گرنگی بەیەک خاڵ دەداو لە بابەت و خاڵەکانی دیکە غافڵە.

مەبەستم لە دەربڕینی ئەم بیروبۆچوون و بەرسڤانە ئەوە نییە سەرزەنشتی ڕەخنەگر بکەم، بەڵکو گەرەکمە سەرزەنشتەکانی وی لە دژی خۆم پاک بکەمەوە.

***

## پاژی دووەم

### بابەتە گشتییەکان

لە پاژی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا دوو پەڵەی گەورەم پاککردەوە کە رەخنەگر بە داوێنی نووسەری رۆحی یاساکانییەوە، چەسپاندبووی، بەڵام هێشتا رەخنەی تریشیان لەسەر کتێبەکەی من هەیەو پێویستە بەرسڤیان بدەمەوە. وەلێ پێش ئەوەی بچمە سەر وڵامی رەخنەکان دەبێ ئاماژە بە هۆکاری راستەقینە ئەو رەخنانە بکەم کە ئاراستەی کتێبەکەم کراون و روونی کەمەوە لە چ گۆشەنیگایەکەوە تێی گیراوە.

بەشێوەیەکی گشتی رۆشنبیرو مرۆڤە تێگەیشتووەکانی وڵاتانی ئەوروپا، بە باشی پێشوازیان لە کتێبی رۆحی یاساکان کردووەو لەسەر ئەو بڕوایەن کە رۆحی یاساکان کتێبێکی بە کەڵکە و خاوەنی هەندێ پێکهاتەو پرەنسیپی راست و دروستەو تێیدا رەچاوی خاڵە ئەخلاقییەکان کراوەو بۆ رێنوێنی کردنی خەڵک بەرەو چاکەخوازی و دادپەروەری، خودان کاریگەرییەو دژی سیفاتی رەزیلەیە. بەڵام یەکێک پەیدادەبێ و ئەم کتێبە بە مەترسیدار لە قەڵەم دەدات و زۆر بەتوندی تانەو تەشەری تێدەگرێت، دیارە هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا یەک دوو بەشی کتێبەکەی خوێندۆتەوە و ئەو رستەو دەستەواژە بچووکانەی داوەتە بەر تیرو تانە کە پێیوابووە خاوەنی مانای سەربەخۆو جیان و هەر لە بنەڕەتدا لەوە تێنەگەیشتووە کە بابەتەکانی رۆحی یاساکان باسی چی دەکەن و لەم کتێبەدا چ بابەتێک خراوەتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بەم جۆرە لە رێگەی هات و هاوارەوە هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە رەخنەی لە رۆحی یاساکان نەگرتووە بەڵکو سەرزەنشتی ئەو کتێبەی کردووە کە لە هزری خۆیدا بووەو هەروەها رەخنەی لە بۆچوونەکانی خۆی گرتووە.

ئەو رەخنەگرە کە تەنیا یەک دوو بەشی کتێبەکەی منی خوێندۆتەوە، هەر لە بنەڕەتدا نەیزانیوە بابەتەکان باسی چی دەکەن، بەڵام ئەو کەسانەی کە هەموو کتێبەکەیان خوێندۆتەوە و لە بابەتەکانی تێگەیشتوون، دەزانن رۆحی یاساکان پەیوەندی بە یاساو دابونەریتی نەتەوە جیاوازەکانەوە هەیەو لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژو بەربڵاوە، چونکە تەماسی لەگەڵ گشت لایەنەکانی ژیانی نەتەوە جیاوازەکاندا هەیە.

من لەم کتێبەدا هەوڵمداوە سیستەمە جۆراوجۆرە مرۆییەکان بخەمە ژێر توێژینەوەو تێکۆشاوم بۆ خوێنەری روون بکەمەوە کە کام یەک لەو سیستەمانە، سوودی بۆ



مرۆڤایەتی و هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان هەیەو کامەشیان تەنیا بۆ تاکە کۆمەڵگایەک بە کەڵکە و پاشان بەدوای هۆکارە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەم سوودانەدا گەڕاوم و وتوومە ئەم هۆکارە تا چ رادەیەک باش یان خراپە و سوودی هەیە یان زیان. هەروەها هەوڵم داوە دەربیخەم هۆکارێکی دیارو تایبەت لە هەمان کاتدا کە سوودی هەیە لەوانەیە زیانیشی هەبێت و ئایا زیانەکەی زۆرتر بووە یان سوودەکەی. من لەسەر ئەو بڕوایەم بابەتەکانی نێو کتێبەکەم سوودبەخش بوونە و لەبەر ئەوەی لە نووسینی رۆحی یاساکاندا نیەتم پاک بووە، هەر بۆیە هیوام بەوە هەبوو کە بەهۆی ئەم کتێبەوە سوودێک بە مرۆڤایەتی بگات. شتێکی ئاساییە لە کتێبێکی گەورەی وەکو رۆحی یاساکاندا کە باسەکانی هەمەچەشن و بەربڵاون، بێگومان باسی دینیش دێتەگۆڕێ. لەبەر ئەوەی ئێمە زیاتر لە دینێکی ئاسمانیمان نییەو ئەویش دینێکی رەوایە، هەر بۆیە سەرجەم دینەکانی تر کە لەسەر زەوی دروستبووین، خستومنەتە ریزی دامودەزگا مرۆییەکان و وەکو سیستەمە مرۆییەکان لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون.

بەڵام سەبارەت بە دینی مەسیحی، لەبەر ئەوەی نووسەر بۆ خۆی مەسیحیەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دینی مەسیح دینێکی ئاسمانیەو ناچێتە ریزی دامودەزگا دەستکردو داهێنانە مرۆییەکانەوە بۆیە بە پێویستم زانی لە کتێبێکدا کە تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەسەر سیستەمە مرۆییەکان، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، بەتایبەتی چونکە دینی مەسیح تەواو و بێکەم و کورییەو هیچ پێویستی بەخوێندنەوە و لێتوێژینەوە نییە.

کەواتە لەهەر جێگەیەکدا ناوی دینم هێنابێت، بۆ ئەوە نەبووە هاوکات لەنێو کتێبەکەی خۆمدا دینی مەسیحی بخەمە ژێر توێژینەوە، بەڵکو ویستومە رێزو خۆشەویستی خۆم لە هەمبەر ئەو دینە دەربڕم و وێڕای بەراوردکردنی لەگەڵ دینەکانی تردا، مەسیحیەت بە هەموو کەس بناسێنم. ئەم راستییە لە سەرانسەری کتێبی رۆحی یاساکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە سەرەتای کتێبی بیست و چوارەمدا کە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان یاساو پیادەکردنی رێسا ئایینییەکان نووسیومە، زۆر بەراشکاوی باسم کردووە.

هەروەک چۆن لە نێوان تاریکیەکاندا هەندێکیان رەشترن و مرۆڤ دەتوانێ هەست بە جیاوازی نێوان تاریکیەکان بکات، هەروەک چۆن هەندێ لە ئەشکەوتەکان قوڵترن لەوانی دی و بینەر دەتوانێ جیاوازی قوڵاییەکان دەرک بکات، لە نێوان دینە باتڵەکانیشدا هەندێ دینی ئەوتۆ دەست دەکەون کە بەبێ ئەوەی ببنە هۆی بەختەوەری هەتا هەتایی پاش مردن، دەوردەبینن لە باش بوونی ژیانی سەر ئەم دونیایە. کەواتە ئەگەر لەمەڕ دینەکان دواوم، تەنیا لەرووی ئەو سوودەوە بووە کە بۆ ژیانی دونیایی خەڵک هەیانبووە، بەبێ

وەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو دینە ئاسمانی یان زەمینیە، واتە لەلایەن خواوە نێردراوە یان نا.

لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، لەبەر ئەوەی دینە زەمینیەکانم وەکو بەشێک لە دامودەزگای دەستکردی مرۆیی ژماردووە، ناچار هێناومەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون و ئەگەر کەمتر باسی مەسیحیەتم کردبێ ئەوا لەبەرئەوە بووە کە دینی مەسیحی سەر بە دینە زەمینیەکان نییە تاکو پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی هەبێ و خۆی لە خۆیدا تێرو تەواو و لە هەموو کەموکوڕییەک بەدووره. بەڵام بەدگۆیەکان چەندەها ڕەخنەیان گرت! چەندین جار سەرزەنشتیان کردم! دەستەیەکیان ڕەخنەی ئایینییان لێ گرتم، گوایە من ویستوومە لەمەڕ دینەوە نووسەرایەتی بکەم و دەستەیەکی تر بە چەشنێ ڕەخنەیان ئاراستەکردووم دەڵێی من ئەرکی سەرشانم بووە تەنیاو تەنیا پڕوپاگەندە بۆ مەسیحیەت بکەم و خەڵکی بۆ قبوڵکردنی ئەم دینە بانگهێشت بکەم.

بەشێکیان لەهەر جێگەیەکی کتێبەکەم دا چاویان بە وشەی دین کەوتووە، وتویانە مەبەستی نووسەر دینی مەسیحە. کۆمەڵێکیش، لە هەر شوێنێکدا من باسی دابونەریتی ئایینیم کردووەو وتوومە فلانە دین لەگەڵ بنچینەکانی حکومەتی فلانە وڵاتدا باشتر دەگونجێ، وتویانە مۆنتسکیۆ وەسفی ئەو دینە دەکات و دەردەکەوێ باوەڕی بە دینی مەسیح نییەو هەڵگەڕاوەتەوە. هەر کاتێ نووسەر لەسەر ئەخلاقی جوانی هەندێ لەو نەتەوە پایەبەرزانەی کە بەر لە مەسیح لەسەر ئەم دونیایەدا ژیاون دواوە و ستایشی ئەخلاقی ئەوانی کردووە، تۆمەتباریان کردووم گوایە ئەمە پێچەوانەی ئەخلاقی دینی مەسیحیە. لە هەر جێگەیەک لەرووی سیاسیەوە توێژینەوەم لەسەر هەندێ دابونەریت کردبێت، سەرکۆنەم دەکەن کە بۆچی لە جیاتی ئەو وشەو رستانە، فلانە پاشاو فلانە دەستووری ئەخلاقی دینی مەسیحی نانووسی. هەرچەندە وتم ڕۆحی یاساکان کتێبێکی حقوقی و سیاسیەو من نووسەرێکی ئایینی نیم، دەستبەردارم نەبوون و وتیان بەهەرحاڵ دەبووایە تۆ باسی دینی مەسیحیت کردبا. هەندێکیان دەیانگوت ئەگەرچی تۆ هەندێ بابەتی باشت لەمەڕ دینی مەسیحی وتووەو نووسیوە، بەڵام ئاماژەکردن بەم بابەتانە لە پێناوی ئەوەدا بووە نیەتی ڕاستەقینەی خۆت حەشاربدەی، چونکە ئێمە لە دڵت تێگەیشتوون و ئاگاداری نهێنی ویژدانی تۆین!! و ئەو شتەی نەتنووسیوەو نەتگووتوە، ئەوا ئێمە لەناو ئاوێنەی ڕۆحی تۆدا دەیبینین و ئیدی هیچ کارمان بەوەنییە کە لەنێو کتێبەکەدا چیت وتووەو چیت نووسیوەو ئێمە لە ناوەرۆکی بابەتەکان تێگەیشتووین یان نا. ئەم شێوازی دەربڕینە بەراستی سەیرو سەمەرەیە!! ئێستا کە ئاماژەم بەهۆکاری



ڕاستەقینەی ئەو ڕەخنانە کرد کە ئاراستەی ڕۆحی یاساکان کراون، دێمە سەر باسی ئەو ڕەخنە تایبەتیانەی کە لە خۆم گیراون.

### پەندە ئایینیەکان

خوێنەرەکان ئەوە دەزانن کە من لە کتێبەکەمدا بیروبۆچوونەکانی بەڕێز بایلم ڕەد کردوونەتەوەو وتوومە بەپێچەوانەی بۆچوونی بایل، مەسیحییەکان دەتوانن ببن میللەتێکی چاک و بەهێز و هەر لەو بوارەدا دوو سێ جار ئاماژەم بە وتەو دەستەواژەکانی بایل کردووەو وتوومە ئەو پیاوە ئاگاداری ڕۆحی دینەکەی خۆی نییەو جیاوازی لە نێوان ڕێساکانی تایبەت بە سەقامگیری ئایین و خودی ئایین ناگات.

کاتێک یاسادانەر لە جیاتی دانانی یاسا، تەنیا خەریکی پەندو ئامۆژگارییە، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بۆی دەرکەوتووە ئەگەر پەندەکانی خۆی بەشێوەی یاسا داڕشتبایە، ئەوا بەپێچەوانەی ڕۆحی یاساکانی خۆی ڕەفتاری دەکرد، کەواتە پەنا دەباتە بەر پەندو ئامۆژگاری تاکو دەرئەنجامی خوازراو وەدەست بێنێت، بەڵام ڕەخنەگرەکان سەرنجی ئەم خاڵەیان نەداوەو لەو رستەو دەستەواژانەی من لەم باسەدا (لەبەر ئەوەی یاسا مرۆییەکان زیاتر گرنگی بە عەقڵی خەڵکی دەدەن، پێویستە هەڵگری دەستوورو ڕێسا بن و خۆ لە پەندو ئامۆژگاری ببوێرن، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسا ئایینییەکان زیاتر پەیوەندییان بەهەست و سۆزی خەڵکەوە هەیە، پێویستە زیاتر پەندو ئامۆژگاری بکەن و کەمتر دەستوورو ڕێسا دەربکەن) ئاماژەم بۆ کردوون، گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامە کە من هەموو یاساو ڕێساکانی ئینجیلم بە پەندو ئامۆژگاری داناوە یان ویستوومە بڵێم ئەو یاسایانە لە خۆڕا دەرکراون، لە کاتێکدا کە وانیەو مەبەستی من ئەوە نەبووە. بۆ نەهێشتنی گومان هەندێ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش دەکەم. بەڕێز بایل دەڵێت: «ئەو کۆمەڵگایەی لە تاکی مەسیحی پێکهاتبێ، زۆر بەردەوام نابێت». و یەکێک لە وتەکانی نێو ئینجیل دەکاتە پاڵپشتی ئیدعاکەی خۆی کە وتوویەتی ئەگەر کەسێک زللەیەکی لەلایەکی ڕومەتتاندا ئەوا لایەکەی تریشی بۆ ڕاگرن.

بایل بڕوای وایە کە ئەو کۆمەڵگایەی تاکەکانی خاوەنی ئەم بیروباوەڕە بن چۆن دەتوانن بەرهەڵستی کێشمەکێشەکانی ژیان بکەن، بەڵام من دەڵێم بایل تووشی هەڵە هاتووەو ئەوەی وەکو پەندو ئامۆژگاری، ئینجیل توانیویەتی بەشێوەی یاسا دایڕێژێ، چونکە ئەو ڕستەو دەستەواژانەی ئینجیل پەندوئامۆژگارین.

خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆی دەردەکەوێت من بەرگریم لە دینەکەم

کردووه، لەکاتێک دا کە ڕەخنەگرەکان بەوە تۆمەتبارم دەکەن کە وتوومە هەموو یاساکانی نێو ئینجیل پەندو ئامۆژگارین.

### فرەژنی

یەکێک لەو بابەتانەی کە بیانویەکی داوەتە بەردەستی ڕەخنەگرەکان، بابەتی فرە ژنییە. ئەگەرچی من بەشێکی تایبەتم سەبارەت بەو بابەتە نووسیوە کەچی ڕەخنەگرەکان بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەم بەشە بدەن، منیان بە لایەنگری فرەژنی لە قەڵەم داوەو لەم بارەیەوە هەندێ ڕەخنەیان لێگرتووم.

من بەهیچ جۆری دابونەریتی نەتەوە جۆراوجۆرەکانم لە هەمبەر فرەژنی پەسند نەکردووە، بەڵکو تەنیا وەسف و پێناسەم کردوون. بابەتی فرەژنیم بەستۆتەوە بە ژمارەی دانیشتووانی هەموو ناوچەکان و وتوومە، ئەگەر بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی زیانەکانی فرەژنی، بابەتەکە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ، فرەژنی هیچ سوودێکی نە بۆ ئافرەت و نەبۆ پیاو نییەو زیانێکی زۆرتریش بەمنداڵەکان دەگەیەنێت، چونکە شتێکی ئاساییە خۆشەویستی دەرحەق بەیەک یان دوو منداڵ وەکو خۆشەویستی نسبەت بەبیست منداڵ یان زیاتر نییە، سەرەڕای هەموو ئەوانە زەرەرو زیانەکانی فرەژنی بەتایبەتی کاتێ باشتر دەردەکەوێ کە ژنێک چەند مێردی هەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا هەرکام لە مێردەکان پێیان وایە هەندێ لە منداڵەکان هی ئەو نین بەڵکو هی پیاوەکەی ترن. فرەژنی دەبێتە هۆی لاوازی خۆشەویستی و زۆربوونی ژمارەی تەلاق، چونکە هەموو تەلاقێک، تەلاقێکی تری بەدوادادێت. جگە لەمانە، بوونی چەند ژن نابێتە هۆی دامرکانی هەڵچوونی ئارەزو و غەریزەی جنسی بەڵکو زیاتریش هانی دەدات، بەتایبەتی لەم بەشەدا ئاماژەم بەو فەیلەسووفە ڕۆمانیانە کردووە کە لەسەردەمی (خوسرەو پەرویز)دا کاتێ پەنایان بردە بەر دەرباری ئێران سەریان سوڕما لەوەی کە لە ئێراندا پیاوەکان چەندین ژنیان هەیەو خۆ لە پەیوەندی نامەشروعیش نابوێرن. کەواتە ئەگەر ڕەخنەگر ئەم بەشەی بە وردی بخوێندبایەوە، بۆی دەردەکەوت کە من لە خودی خۆیدا فرەژنیم بەخراپ و زیانبەخش لە قەڵەم داوە، بەڵام من لە ڕووی فەلسەفیەوە مەسەلەی فرە ژنیم لە وڵاتە جیاوازەکاندا، کە خاوەنی ئاووهەوای جۆراوجۆرن، بەراورد کردووەو ڕوونم کردۆتەوە لەوانەیە لە هەندێ وڵاتدا ژمارەی ژنەکان لە پیاوەکان زیاتربێت یان بەپێچەوانەوە، ئەوکات لەم جۆرە ناوچانەدا ژیانی فرەژنی کەمتر دەبێ. ڕەخنەگر تەنیا ناونیشانی ئەو بەشەی ڕۆحی یاساکانی خوێندۆتەوە کە تایبەتە بە پەیوەندی نێوان فرەژنی



و ژمارەی دانیشتووان، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم بەشەی نەخوێندۆتەوە، ئەوکات ئیدی سوودی لەسەر دێری ئەم بەشە وەرگرتووە و ویستوویەتی من بە لایەنگری فرەژنی لە قەڵەم بدات. بۆ زانینی ئەو ڕاستیە کە فرەژنی لە هەندێ وڵات و ناوچەدا زیانی زۆرترە یان کەمتر، ئەوا ئەم بابەتە پەیوەندی بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵات و ناوچەیەوە هەیە. بەڵام کاتێ باس ماهییەتی ئەم کارە بکرێ و بەشێوەیەکی ڕەها لەم بارەیەوە بدوێین، ئیدی پەیوەندی بەرێژەی ژمارەی دانیشتووانەوە نییە. کاتێک کاریگەری زیانەکانی ئەم کارە لە ناوچە جیاوازەکاندا بخەینە بەر دید، ئەوا پەیوەندی بەزۆرو کەمی ژمارەی دانیشتووانەوە هەیە، بەڵام ماهییەتی فرەژنی لەڕووی ئایینیەوە پەیوەندی بەم کردارانەوە نییە. تەنانەت من لە شوێنێکی تردا وتوومە:

پێم وانییە ژمارەی ژن و پیاو لەگەڵ یەکدا هێندە جیاوازییان هەبێ، بەجۆرێک کە فرەژنی یان فرە مێردی ئازاد بکا، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئاووهەوای وڵاتێک و بارودۆخەکەی کاریگەرییان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیەو لە شوێنە جیاجیاکاندا بەپێی ڕێژەی ژن و پیاو، ئەم دیاردەیە دەگۆڕێ و لە شوێنێک باشتر دەگونجێ تا شوێنێکی دیکە. ڕەخنەگر ئەم وتەیەی کردۆتە سەرچاوەو بە لایەنگری فرەی ژنی لە قەڵەم داوم.

ئەگەر هاتوو وتم: من حەزم لە تاو هەڵامەتە نەک نەخۆشی تێکچوونی خوێن ئایا ئەمە دەبێتە بەڵگەی ئەوە کەمن تاو هەڵامەتم خۆشدەوێت یان دەمەوێ بڵێم لە کاتێکدا کە هەردووکیان خراپن، مەترسی یەکەمیان لە هی دووەم کەمترە.

ڕەخنەگر هەر لە درێژەی ئەم ڕەخنەیەدا دەڵێ: فرەمێردی هێندە کارێکی ناشیرینە کە لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا مۆڵەت بەم کارە ناشیرین و پێچەوانەی سروشتە نەدراوە، کەچی مۆنتسکیۆ ئەوەی خستۆتە ڕیزی فرەژنییەوەو وەکو یەک سەیریان دەکا. شتێکی ئاساییە، کەسێک کە لایەنگری ئایینی سروشتی بێ ئەو شتە دەڵێت. بەپێچەوانەی بۆچوونی ڕەخنەگر من لە بەشی شەشەمی کتێبی شازدەهەمدا وتوومە فرە مێردی لە فرەژنی زیانبەخشترە، بەڵام ئەو ئەم بەشەی نەخوێندۆتەوە، جگە لەمە ڕەخنەگر ڕەخنەی لە شتێک گرتووە کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە. ئەو دەبووایە ڕەخنەی ئاراستەی فرەژنی یان فرە مێردی کرباو لەسەری دواباو کاری بەئایینی سروشتی نەبووایە کە من لێرەدا بەهیچ جۆرێ ناوم نەبردووە.

### ڕەخنەگر لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

مۆنتسکیۆ فرەژنی لە وڵاتە گەرمەکاندا ڕێگەپێداوەو لە وڵاتە ساردەکانیشدا قەدەغەی

کردووە. لەکاتێکدا کە من لە هیچ شوێنێکدا ئەم کارەم بەجایز لە قەڵەم نەداوەو تەنیا پێمـوابووە لە هەندێ ناوچەدا زەرەروزیانەکانی کەمترە. رەخنەگر هەموو ئەو بابەتانە بەدینەوە دەچەسپێنێ کە پەیوەندیان بەفرە ژنییەوە هەیە. گریمان من وتووشمە فرەژنی لەرووی چۆنیەتی ئاووهەواوە لە فلانە ولاتدا ئازادە. رەخنەگر ئەم رایە بە یاسایەکی ئایینی لە قەڵەم دەداو پێیوایە من لەرووی ئایینیەوە ئەو کارەم ئازاد کردووە، بێ خەبەر لەوە کە ئەگەر بێتو لەرووی ئاووهەواوە کارێکی ئازادبێت ئەوا هیچ نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە لەرووی ئایینیشەوە ئازادبێت، چونکە مەرج نییە ئەحکامە ئایینییەکان هەموو جێگەیەک لەگەڵ ئاووهەواو بارودۆخەکاندا گونجاو بن.

**ئاووهەوا**

نووسەری رۆحی یاساکان وتوویەتی ئاووهەوای هندستان لەبەر ئەوەی گەرمە بۆتە هۆی هێمنی ئەخلاقیان، بەڵام ئەم بۆچوونە راست نییەو مۆنتسکیۆ راستی نەکردووە، چونکە لە هندستان ژنەکان لەگەڵ تەرمی مێردەکانیاندا دەسووتێنن و کەواتە خاوەنی ئەخلاقێکی هێمن نین.

**وەڵام:**

هۆی ئەو رەخنەیە ئەوەیە رەخنەگر بەشی سێهەمی کتێبی بیست و چوارەمی نەخوێندۆتەوە و سەرنجی نەداوەتە سەر تێکەڵاوی و دژایەتیە گەورەکانی ئەخلاقی مرۆڤ و نازانێ مرۆڤ هەر لەکاتی دلۆڤانیدا لەوانەیە بێ رەحم بێت و رێک لەکاتی دلڕەقیدا دلۆڤان. هیچ قسەیەک لەسەر ئەوە نییە کە ئاووهەوا کاریگەری لەسەر بارودۆخ و هەلومەرجی نەتەوەکان هەیەو ئەگەر من بەپێچەوانەی ئەوە قسەیەکم کردبا ئەوا بێگومان مرۆڤێکی گەمژە دەبووم، کەواتە لەو ولاتانەی کە بەرادەیەکی زۆر لە یەکتریەوە دوورن، جیاوازی ئاووهەوا، دابونەریت و خەسڵەتی جیاوازی دروست کردووە. من دەمتوانی وەکو هەندێ لە مامۆستای قوتابخانەکان لەمەڕ ئەخلاق و سیفاتی چاک هەندێ بیروبۆچوون دەربرم و بڵێم دەبێ مرۆڤ ئاواو ئاوا بێت، بەڵام ئەوکات ئیدی کتێبەکەم کتێبێکی حقوقی و سیاسی نەدەبوو، بەڵکو کتێبێکی تر دەبوو. من ویستوومە بەپێی شتە واقعیەکان سەبارەت بەئاووهەواو پەیوەندی لەگەڵ خەسڵەتە مەعنەوی و مادییەکانی مرۆڤ لێکۆڵینەوە بکەم و بڵێم پێویستە یاسادانەری نەتەوە جیاوازەکان لەکاتی نووسینی یاساکاندا بەگوێرەی بارودۆخی ولات یاساکان دابڕێژن.



بابەتی گونجانی دینیش لەگەڵ ئاووهەوا هەر بەم جۆرەیە. من بەبێ ئەوەی بمەوێت بچمە ناو باسی دینەوەو بڵێم فلانە دینە چاکە یان خراپ، وتوومە پەیڕەویکردن لە یاساکانی فلانە دین لە فلانە ولات ئاسانتر یان دژوارترە لە شوێنێکی تر، چونکە لە فلانە ولاتدا ئاووهەواو بارودۆخی سروشتی بۆ قبوڵکردنی ئەو دینە گونجاوترە. من دەزانم دین لە خودی خۆیدا خاوەنی سەربەخۆییەو پەیوەندی بەشوێنەواری سروشتیەوە نییەو ئەگەر دینێک لە ولاێکدا باش بێت ئەوا لە ولاتێکی دیکەشدا باش دەبێ و ئەگەر لە ولاتێکدا خراپ بوو ئەوا لە ولاتێکی تریشدا خراپ دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەبێ یاساو رێوشوێنە ئایینییەکان لەلایەن مرۆڤەکانەوە رەچاو بکرێت و بەکاری بێنن هەندێ شوێنی ئەوتۆ هەیە کە بەهۆی هەلومەرجی سروشتیەوە جێبەجێکردنی رێوشوێنی ئایینی تێیدا ئاسانترە لە شوێنێکی تر.

**چاوپۆشی یان ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی کاروباری ئایینیدا**

ئەو بابەت و دەستەواژانەی کە لەبەشی نۆیەم و دەیەمی کتێبی رۆحی یاساکاندا سەبارەت بە سستمی لە هەمبەر بەجێگەیاندنی کاروکردەوە ئایینیەکان و چاوپۆشی لەمەڕ ئایینیە نوێیەکان لە ولاتێکدا نووسیومە، هاتوهاوارێکی زۆری بەرپاکردووەو رەخنەگرەکان وتوویانە:

بیروباوەڕەکانی من دەبێتە هۆی ئەوەی پاشا موشریک و بتپەرستەکان، دەروازەی ولاتی خۆیان بەرووی دینی مەسیحدا دابخەن.

**وەڵام:**

یەکەم شت ئەوەیە، من دینی مەسیحم خستۆتە ریزپەڕەوە و لە بەشی یەکەمی کتێبی بیست و چوارەمی رۆحی یاساکاندا گوتوومە لەبەر ئەوەی مەسیحیەت داوا لە خەڵک دەکا یەکتریان خۆش بوێت، بێگومان حەزدەکا خەڵک خاوەنی باشترین یاسای سیاسی و مەدەنی بن، چونکە پاش دین، چاکترین شت کە بە نسیبی خەڵک دەبێت، یاسای سیاسی و مەدەنیی باشە. کەواتە لەبەر ئەوەی یاسا سیاسی و مەدەنیەکان بە بەراورد لەگەڵ دینی مەسیحی کەوتۆتە پلەی دووهەمەوە، هەر بۆیە ناکرێ و نابێ هیچ یاسایەکی سیاسی و مەدەنی لە هیچ ولاتێکی جیهاندا پێشی دینی مەسیحی بگرێت، چونکە دینی ئاسمانی وەکو دینی زەمینی لە ولاتە جیاوازەکاندا سەقامگیر نابێت و هەر کە خواوەند ویستی دینەکە لە ولاتێکدا بەرقەرار بێت، هەموو جۆرە رێگەیەک لە پێناوی سەقامگیربوونی

مەسیحیەت سوودبەخش خۆ دەنوێنێ. هەندێ جار خواوەند فلانە پاشای ملهوڕ ناچار دەکات لە بەرامبەر دینی مەسیحدا کڕنۆش ببات و هەندێ جار مەسیحیەت پاش ماوەیەک گۆشەگیری و پەراوێزی لە کەنارو ژێرخانەکاندا، وەکو ڕۆمانی کۆن، لە نەکاو وەکو خۆرێکی پرشنگدار سەردەردێنێ و وڵات رووناک دەکاتەوە.

دینی مەسیح بەبێ هیچ چەشنە لەمپەرێک لە دەریاو چیاکان تێدەپەڕێت و هەموو جۆرە یاساو دابونەریت و ئەخلاق و سیستەمێکی سیاسی تێکدەشکێنێ و بۆ خۆی دەبێتە جێنشینی خوداوەند بەپێی ئەو چاکەو بەرژەوەندییەی کە لەدیدی ئێمەوە نادیارە، سنوورەکانی ئەم دینە پەرە پێ دەدات یان بەرتەسکیان دەکاتەوە.

من لە بەشی نۆیەم و دەیەمی ڕۆحی یاساکاندا وتوومە:

کاتێ یاسا مەدەنیەکان مۆڵەتی ئەوەیان دا هاوکات چەندین دین لە وڵاتێکدا هەبن، پێویستە ئەم دینانە ئاسانکاری بۆ یەکتر بکەن و چاوپۆشی لە هەندێ شتی یەکتر بکەن. کاتێک دەسەڵاتدارەکان خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەن و توانای ئەوەیان هەیە دینێک لە وڵاتەکەیاندا قبوڵ یان رەد بکەنەوە، چاکتر وایە خۆ لە قبوڵ کردنی دینە تازەکە ببوێرن، بەڵام ئەگەر هێشتیان دینە نوێیەکە بێتە ناو وڵاتەوە، ئەوا پێویستە لە بەجێگەیاندنی کاروبارەکانی ئەم دینە هەندێ ئاسانکاری پێشکەش بکەن و بەلێبوردەییەوە لەگەڵ ئەو دینە هەڵبکەن.

ئەگەرچی ئێمە لێرەدا سەبارەت بە بابەتێکی سیاسی دەدوێین و کارمان بە بابەتە ئایینیەکانەوە نییە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە زانایەکی ئایینیش جیاوازی دادەنێ لەنێوان پەسندوقبوڵ کردنی دینێک و چاوپۆشی کردن لە بەرامبەریدا، بەڵام رەخنەگرەکان بەجۆرێک دەدوێین، دەڵێی من بەگوێی فلانە پاشای موشریکم دا چرپاندووەو ئامۆژگاریم کردووە کە دینی مەسیح قبوڵ نەکات و رێ لە چوونە ژوورەوەی ئەم دینە بۆ وڵاتەکەی بگرێ. ئافەرین بۆ بیرکورتی و لێڵیی ئەندێشە. ئەوان پێیان وایە حەزرەتی مەسیحیش وەکو فلانە پاشایە کە بەمەبەستی داگیرکردنی وڵاتی دراوسێ تاکو دواین چرکە پیلان و نهێنیی لەشکرکێشیی خۆی حەشار دەدات.

**رەبەنی:**

یەکێک لەو بابەتانەی کە رەخنەی ئاراستەکراوە، بابەتی رەبەنیە، بەتایبەتی ئەو دەستەواژانەی لەسەر کۆمەڵی پیاوە ئایینیەکان نووسیومە زیاتر هاتوهاواری بەرزکردۆتەوەو رەخنەی لێ گیراوە.



من وتوومە ئەگەر کۆمەڵی پیاوە ئایینیەکان (رووحانیەکان) و قەشەکان زۆر پەرەبسێنێ، لەبەر ئەوەی ئەم چینە ژیانی هاوسەری پێکناهێنن، بۆیە دەرئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە. هەروەکو روون و ئاشکرایە من سەبارەت بەزۆر و کەمی رەبەنی و ئەو شوێنەوارانەی لە دوای خۆی بەجێی دێڵێت، دواوم نە لەهەمبەر رەبەنیەوە. لەلایەکی تریشەوە وتوومە: لەبەر ئەوەی گەیشتن بەقۆناغی کەماڵ کاری هەموو کەسێک نیە، بۆیە هەموو پیاو و ئافرەتەکان ناتوانن بە رەبەنیی ژیان بەسەر ببەن.

من نەمدەتوانی باسی دەرەنجامە باشەکانی رەبەنیی ئایینی بکەم، چونکە کتێبەکەی من پەیوەندی بە بابەتە ئایینیەکانەوە نییە، بەڵام رەخنەگرەکان، رەخنە ئاراستەی شتێک دەکەن کە من هەر لە بنەڕەتدا نەمنووسیوەو بەردەوام لە گۆشەنیگای ئایینیەوە سەیری دەکەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەرچەندە لەرووی ئایینییەوە باسی رەبەنیم نەکردووە، بەڵام وەکو پیاوە ئایینیەکان سوودو لایەنە باشەکانی رەبەنیم پەسندکردووە، جگە لەمە، وێڕای خوێندنەوەی مێژووی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و سەبارەت بە پەیوەندی نێوان یاساو ژمارەی دانیشتووان وتوومە هەندێ جار رەبەنی پێویست بووەو بۆ ئەم مەبەستە هەندێ یاسایان داناوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا هەر پێویست نەبووە بەڵکو زیانیشی هەبووەو کۆمەڵە یاسایەکیان بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە رەبەنی دارشتووە بۆ ئەوەی خەڵک خۆ لە رەبەنی ببوێرن و ژیانی هاوسەری پێکبێنن و وەچەی زیاتر بخەنەوە. بۆ نموونە ڕۆمانەکان یەکێک لە میللەتە عاقڵەکانی جیهانی کۆن بوونە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەرو زیانەی کە لە جەنگەکاندا بەریان دەکەوت، لە رێگەی یاسایەکی تایبەتیەوە بەمەبەستی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، هانی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریان دەدا. من بەشێکی گرنگی ئەو یاسایانەم کۆکردۆتەوەو لە کتێبەکەمدا ئاماژەم بۆ کردوون و حاڵەتی دانانی یاساکانیشم دەستنیشان کردووە کە لە پێناوی چ بەرژەوەندییەک و لە چ کاتێکدا داڕێژراون یان هەڵوەشێنراونەتەوە. هەروەها بە راشکاوی وتوومە: من سەرزەنشتی رەبەنیی ئایینی ناکەم، بەڵام هەموو کەسێک ئەو راستیە دەزانێ کە رەبەنیی لاوەکان و نەچوونە ژێرباری ژنهێنان زیانی هەیە، چونکە هەر لەوکاتەدا کە لاوەکان حەزو ئارەزووی سروشتی خۆیان دادەمرکێنن، ئامادەنین ئەم کارە.

کەواتە لەهەر شوێنێک من سەرزەنشتی رەبەنیم کردبێ مەبەستم رەبەنیی ئاسایی بووە نەک رەبەنیی ئایینی و ئەوەش بابەتێکە کە هەموو لایەک لەسەری کۆکن، چونکە ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کە خەڵکانی دەوڵەمەند لە پێناوی شەهوەتپەرستی و هەواو

هەوەسەوە ژیانی هاوسەری پێکناهێنن و قورسایی ئەم بارە دەخەنە سەرشانی خەڵکانی هەژارو بێ دەرامەت.

**بەڵام ڕەخنەگر دەڵێ:**

سەیری زیرەکی نووسەر بکەن کە لەدووتوێی ڕستەو دەستەواژەکاندا دەیەوێت سەرزەنشتی ڕێوشوێنە ئایینییەکان بکات. سەیرە! من سەرزەنشتی شەهوەتپەرستی و فەحشا دەکەم و ڕەخنەگر ناویان دەنێن ڕێوشوێنی ئایینی.

## هەندێ هەڵەی تایبەتی ڕەخنەگر

دەڵێی ڕەخنەگر بەڵێنی داوە هەرگیز حەقیقەتی وتەکانی من وەبەرچاو نەگرێت و ڕەخنە لەو بابەتانە بگرێت کە من نەم نووسیوە، چونکە باسی ئەو هۆیانەم کردووە کە هۆگریی خەڵک سەبارەت بە دین زیاد دەکەن، بەڵام ڕەخنەگر بەپێی بۆچوون و خەیاڵی خۆی مەسەلەی گۆڕینی دین لە وتەکانی من هەڵدێنجێت و پاشان هۆیەکانی وازهێنان لە دین و هەڵبژاردنی دینێکی نوێ دەداتە بەر ڕەخنە، هەروەک زانایانی سەرف و نەحو دەڵێن لەم حاڵەتەدا بابەتەکانی من (لازم)ن، واتە وەسفی حاڵن، بەڵام ئەو بابەتانەی ڕەخنەیان ئاراستەکراوە ڕەهەندی جۆراوجۆریان هەیە، واتە کاروچالاکی و گۆڕینی دینە.

من وتوومە سەرەڕای ئەوەی هزری ڕۆحی و مەعنەوی بە سەختی لە ویژدانی ئێمەدا جێ دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دینەم خۆش دەوێت کە ئێمە بەرەو یەک بنچینەی مەعنەوی ڕێنمایی دەکات، چونکە ئەو بیروباوەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە لە بەرامبەر بت پەرستەکاندا شانازی بەخۆمانەوە بکەین و لەلای خۆمان هەست بەجۆرە گەورەییەک بکەین و پێمان وایە لەڕووی بیروباوەڕەوە بەرزترو بڵندترین لەوان و خواوەندێتی لەلای ئێمە پلەو پایەکی بەرزی هەیە.

مەبەستم ئەوەیە کە دینەکانی تریش وەکو دینی یەهود و موسڵمانەکان وەکو ئێمەی مەسیحی هیوایان بە بەخشش و لێبووردەیی خواوەند هەیە، بەڵام ڕەخنەگر وتەکەی من بەجۆرێکی دیکە لێک دەداتەوەو دەڵێ:

بەپێی بیروبۆچوونی مۆنتسیکیۆ ئەو شتەی بۆتە هۆی ئەوەی ئێمە لەبت پەرستییەوە بەرەو خواوەند و بنەمایەکی مەعنەوی ڕێنوێنی بکرێین، غوروورو خۆ بەزلزانییە.. بەڵام ئەو لەو ڕاستییە بێ خەبەرە کە من بە هیچ جۆرێ باسی گۆڕینی دینێک بۆ دینێکی ترم



نەکردووە، جگە لەوە ئەگەر مەسیحییەکی ئیماندار بەهۆی بڕوابوونی بە بنەمایەکی مەعنەوی خۆی بەسەربەرز بزانێ و مەزنیی خواوەند لە فەخروشانازی نزیک بکاتەوە، ئەوا ئەو شانازی و سەربەرزییە شتێکی زۆر باشە.

**ژیانی هاوسەری:**

ڕەخنەگر دەڵێ: لە دینی مەسیحدا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری فەرمانێکی ئاسمانییەو بەرلەوەی مرۆڤ هیچ منداڵێکی هەبێت و ئەرکی دابینکردنی بژێوی ژیانی ئەوانی بکەوێتە سەرشان، خوداوەند هاوسەرێکی بۆ ئادەم نارد کە ناوی حەوا بوو، بەڵام مۆنتسکیۆ هەموو ئەو یاسایانە دەخاتە ژێر پێیەوەو بەهیچ جۆرێک ناوی ئادەم و حەوا ناهێنێت.

**وەڵام:**

پێویستە ڕەخنەگر ئەم ڕاستییە بزانێ کە من هەر لەو کاتەدا کە مەسیحییەکی دەمارگرژم و بەوپەڕی نیازپاکییەوە دینەکەی خۆم خۆش دەوێت، پیاوێکی هێندە گەمژە نیم و لە خۆڕا و بێ پێشەکی و هاوگونجان باسی حەقیقەتە ئایینییەکان ناکەم.

من لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا جارێک سەبارەت بە زۆربوونی وەچەی مرۆڤ و ئاژەڵ و جارێکی تریش لەمەڕ ژیانی هاوسەرییەوە دواوم و وتوومە ئاژەڵەکان بەڕادەیەکی دیاریکراو وەچە دەخەنەوە، بەڵام مرۆڤ لەلایەک بەهۆی شێوازی ژیان و جۆراوجۆری ئەخلاق و دابونەریت و سایکۆلۆژیاو حەزو ئارەزوو و گیروگرفتی سکپڕی و گرنگیدانی ئافرەتان بەجوانی خۆیان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی خەرجی زۆرو زەوەندی خێزانداری و هەندێ فاکتەری تر، وەچە خستنەوە ڕادەیەکی دیاریکراوی نییەو ئەم شتانە دەبنە هۆی زۆربوون و کەمبوونی وەچەی مرۆڤ. لە هەمبەر ژیانی هاوسەریشەوە وتوومە: لەبەر ئەوەی، بێگومان ئەرکی سەرشانی باوکە بژێوی ژیانی منداڵەکانی دابین بکات، پێکهێنانی ژیانی هاوسەری ئەو ئەرکە چەسپاو و سەقامگیر دەکات و باوک لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش ناتوانێ خۆی لەم ئەرکە بدزێتەوە.

ژوستینینی ئیمپراتۆری بەناوبانگی ڕۆمای بچووک، پیاوێکی مەسیحی دەمارگرژبوو و یاساکانی خۆی ڕوانگەی ئایینیی مەسیحەوە دادەنا. ئەم یاسایە ئەمڕۆکە لە قوتابخانەکاندا وەکو وانە فێری لاوەکانمان دەکرێت و لەم یاسایەدا سەبارەت بە ژیانی هاوسەریی نووسیویەتی: «ژیانی هاوسەری بریتییە لە یەکگرتنی ژن و پیاو بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵێکی بچووک و تایبەتی».

بەڵام تاکو ئێستا بەبیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە رەخنە ئاڕاستەی ژۆستینین بکاو پێی بڵێت بۆچی لە ماف و یاسای خۆیدا باسی دروستبوونی ئادەم و حەوای نەکردووە!

### سووخۆری

رەخنەگر سەبارەت بەسووخۆری و بەتایبەتی سووخۆری لە مامەڵەی دەرياييدا دەڵێ: بەپێی بیروبۆچوونی مۆنتسکیۆ سووخۆری لە مامەڵەی دەرياييدا کارێکی مەشرووعە و لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ: ئایا شتێکی چەوت و هەڵەتر لەم وتەیەتان بیستووە؟

### وەڵام:

بە بڕوای من رەخنەگر لە بەکارهێنانی سیفەتی رەهاو سیفەتی رێژەیی لە دەستەواژەکاندا بێ خەبەرەو لە مەفهوومی وشەی کەمتر یان زیاتر تێناگات، هەر بۆیە ئەگەر من بڵێم رەشاتی روخساری پیاوێکی گەنم رەنگ لە هی قولەڕەشێکی ئەفریقیایی کەمترە ئەو پێیوایە من وتوومە وەکو بەفری سپییەو ئەگەر بڵێم رەشایەتی روخساری ئەو پیاوە گەنم رەنگە لە هی سپی پێستەکانی ئەوروپا زیاترە، ئەوا رەخنەگر پێیوایە دەڵێم وەکو رەژووی رەشە.

من هیچ کاتێک نەم گوتووە سووخۆری لە مامەڵەی دەرياييدا کارێکی رەوایە، بەڵکو وتوومە زۆری سوو لە مامەڵە دەرياييەکاندا کەمترە لەو سووەی کە لە مامەڵەکانی سەر وشکانی وەری دەگرن. دوو هۆکار وایکردووە سوو لە مامەڵە دەرياييەکاندا زیاتر بێت لە هی سەر وشکانی.

یەکەمیان بۆ مەترسییەکانی دەریا دەگەڕێتەوە و ئەویتریشیان بۆ هەڵاوسانی سەرمایە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر، بەڵام لەسەر وشکانیدا ئەم دوو فاکتەرە بوونیان نییە، چونکە هیچ چەشنە هەڕەشەیەکی دەریایی لە گۆڕێ نییەو هەروەها لە ماوەیەکی کەمتردا مامەڵەیەکی زۆرو زەوەند ئەنجام دەدرێت. هەر بۆیە یاسادانەرەکان سووخۆرییان قەدەغەکردووە یان بەڕادەیەکی کەم بەرتەسکیان کردۆتەوە.

من لە بەشی نۆزدەهەم و بیستەمی کتێبی بیست و دووەمی رۆحی یاساکاندا لێکۆڵینەوەم لەسەر سوو وەرگرتن کردووە لەڕووی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ بازرگانی دەوڵەت و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا هەیەتی و لە بەشەکانی تریشدا باسی گۆڕانکاری نرخی سووم کردووە لەلای نەتەوە دێرینەکاندا. بەڵام لەبەر ئەوەی رەخنەگر بۆ خۆی فەقیهە، بۆیە لە روانگەی پیاوێکی ئایینییەوە وتەکانی منی داوەتە بە رەخنە. من



زۆر بەباشی دەزانم بابەتی سوو وەرگرتن لە دیندا قسەو باسێکی زۆری لەسەرە. هەندێ لە زاناو یاسادانەرە ئایینییەکان بێ هیچ ئەملاوئەولا بەحەرامی لە قەڵەم دەدەن و هەندێکیشیان هەندێ سنووریان بۆ داناوە. بەڵام من نەمویستووە، بابەتی سوو لە رووی ئەمرو نەهی ئایینییەوە بخەمە ژێر توێژینەوە. من لە کتێبەکەی خۆمدا وتوو پارە هێمای بەهاکانەو هەرکەسێک پێویستی بەپارە هەیە پێویستە وەکو هەموو ئەو شتانەی کە بەکرێیان دەگرێت، پارەش بەکرێ بگرێ.

ئەو جیاوازییەی لە نێوان سەرجەم شتەکانی ترو پارەدا هەیە ئەوەیە کە دەتوانین هەموو شتەکانی دیکە هەم بکڕین و هەم بەکرێی بدەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پارە بەهای شتەکانە ناتوانین بیفرۆشین بەڵکو تەنیا دەتوانین بەکرێی بدەین.

ئەگەر مرۆڤ پارەی خۆی بەبێ سوو بە قەرز بدا بەکەسێکی تر ئەوا کارێکی زۆر باشی کردووە، چونکە دین ئامۆژگاری ئەوە دەکا کە پارە بەبێ سوو بەقەرز بدرێت، بەڵام یاسا مەدەنییەکان ئەو کارەیان پەسند نەکردووە.

پێویستە لە پێناوی پەرەسەندنی بازرگانیدا بەکرێدانی پارە نرخی هەبێ، بەڵام نابێ بەهایەکی لە رادەبەدەر بێت بە جۆرێک کە بازرگانی زیانی لێ بکەوێتەوە. هەروەها نابێ هێندە کەمیش بێت کە هیچ کەسێک پارەی خۆی بەکرێ نەدات و دەستی بازرگانەکان ببەسرێت. کەواتە بۆ خولانەوەی چەرخی بازرگانی، پێویستبوونی سوو سەردەردێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی سنوورێکی دیاریکراوی نییە، هەندێ دەرەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە کە لە هەموو سەردەمەکان و لە گشت شوێنەکاندا بینراوە و تاقی کراوەتەوە.

لە هەر جێگەیەکدا سوو حەرام و قەدەغە کرابێت، بەهای سوو وەرگرتن چۆتە سەر، چونکە خاوەن پارەکان پێشبینی بێبەش بوونی خۆیان کردووەو بەخەیاڵی قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانە چاوەڕوانکراوەکانی قەدەغەبوونی سوو، نرخەکەیان بەرزکردۆتەوە.

لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەهۆی حەرام بوونی سوو، گەڕانەوەی قەرز حەتمی نییەو قەرزدار دڵنیا نییە لەوەی کە پارەکەی بۆ دەگەڕێننەوە، هەر بۆیە نرخی سوو وەرگرتن لەسەرێیە.

بۆ سەلماندنی ئەم بیروبۆچوونەی خۆم پەنام بردە بەر نووسراوەکانی شیشرۆن، کە نووسیویەتی نرخی سوو وەرگرتن لە رۆمانی کۆن و لە شاری رۆمادا ٣٤٪ و لە ویلایەتەکاندا ٤٨٪ بووە. لەبەر ئەوەی یاساکان هیچ سنوورێکیان بۆ نرخی سوو وەرگرتن دیاری نەکردبوو و لە جیاتی ئەوە بایکۆتیان کردبوو، هەر بۆیە خاوەن پارەکان هەم دەیانویست قازانج بکەن و هەم دەترسان و لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زیانی لێ

پێچینەوە یاساییەکاندا بوون و ئەم قەرزانە لە نێو خەڵکدا بەپێی هەندێ گرێبەند کاری پێدەکرا.

بەڵام کاتێ کە گەلی رۆما بەهێزبوو، دەسەڵاتدارەکان بۆ ئەوەی سەرنجی میللەت بۆ لای خۆیان راکێشن و خۆشەویست بن، چەندین یاسایان لەمەڕ کەمکردنەوەی نرخی سوود وەرگرتن دانا و بڕیاریاندا کە خاوەن قەرز نابێ قەرزدار بخاتە زیندانەوە. پاشان لە ئاکامی ئەو هەوڵانەدا بەدگومانی لە نێوان خاوەن قەرزو خاوەن پارەکاندا سەریهەڵداو چیتر متمانەیان بەگرێبەندەکان نەدەکردو لە بەرامبەر سوودێکی زۆرو زەوەند نەبووایە پارەیان بە قەرز نەدەداو بەرەبەرە سووخۆرییەکی بێ سنوورو لە رادەبەدەر لە رۆمادا سەریهەڵدا.

لە کۆتایی بیروبۆچوونەکانی خۆمدا وتوومە: یەکێک لە بنچینە گشتییەکان ئەوەیە کە هەر کاتێک یاسا لایەنی توندڕۆیی تێدا بەهێزبوو، ئەوا زەرەروزیانێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر یاسادانەرەکان خەمی چاککردنی بارودۆخی ژیانی خەڵکیشیان هەبێ.

کەواتە خوێندنەوەی من بۆ سوو پەیوەندی بە بازرگانی و یاسا ئایینییەکانەوە هەیەو بەتایبەت من جیاوازیم داناوە لە نێوان ئەو یاسایانەی کە یاسادانەرە ئایینییەکان لەم بارەیەوە دایانناوە لەگەڵ ئەو رێوشوێنەی یاسادانەرە مەدەنی و سیاسییەکان دایانڕشتووە، چونکە ئەگەر ویستبام لە روانگەیەکی ئایینییەوە باسی بکەم ئەوا هەموو ئەو شتانەم پەسند دەکرد کە دینی مەسیح فەرمانی پێ کردوون و گشت ئەو شتانەشم رەد دەکردەوە کە مەسیحییەت نەهی لێ کردوون و دەمگوت دینی مەسیح لە هەمان کاتدا کە نەهی لە سوو کردووە، هەندێ ئاسانکاری بۆ کردووە و وتوویەتی نابێ هیچ قازانجێک لە پارە وەربگیرێت، بەڵام دەتوانرێت قازانج لە شتەکانی دیکە وەربگیرێت، لەکاتێک دا لە رۆمانی کۆن و ئیسلامدا سوو بە هەموو شێوەیەک حەرام بووەو و ئەم حەرام بوونە تارادەیەک وای کردووە نرخی سوو بەرزبێت، بەڵام لە وڵاتە مەسیحییەکاندا لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە یاسا توندوتیژانە وجودیان نییە، هەر بۆیە نرخی سوو وەرگرتن زۆرنییەو زیان بە رەوتی بازرگانی ناگەیەنێت و بەڵکو یارمەتیدەریشیەتی.

من لە کتێبی بیست و دووهەمدا لە هەمبەر ئەو یاسا جیاوازانەی کە رۆمانەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی جیهانی کۆندا سەبارەت بەسوو و قەرز دایانڕشتووە، توێژینەوەم ئەنجام داوەو دەرەنجامەکانم شی کردۆتەوە.

بەڵام رەخنەگر کە تاکو ئێستا لە روانگەیەکی ئایینییەوە رەخنەی ئاراستەی رۆحی یاساکان دەکرد، لێرە بەدواوە دەچێتە ناو باسە مێژووییەکان و تووشی چەندین هەڵە



هاتووەو هاوکات ویستوویەتی فەزیلەت و زانیاری خۆی دەربخات.

ئێستا بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان و سەلماندنی هەڵەی رەخنەگر، ئەو شوێنانە شی دەکەمەوە کە رەخنەگر رەخنەی ئاراستە کردووەو هاوکات رەخنەکانیش شی دەکەمەوە.

(تاسیت) یاسای ساڵی ۳۹۸ی رۆمانی کە دوو نوێنەری ئەنجوومەنی سەنا بەناوی (دۆئلیۆس و مینۆس) بۆ وەرگرتنی سوو بەرێژەی یەک لەسەد پێشنیاریان کردبوو و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسندکرا لەگەڵ یاسای دوازدە تابلۆکەی دسمویرەکان بەهەڵە تێکەڵ دەکا، چونکە ئەگەر لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا ئاماژە بەسوو کرابوایە ئەوا لەکاتی ئەو جیاوازی و کێشانەی کە دواتر لە نێوان خاوەن قەرزو قەرزدارەکاندا سەریهەڵدا، کەڵکیان لەم یاسایە وەردەگرت. نرخی سوو وەرگرتن بەرێژەی لە سەدایەک هەمان یاسای ساڵی ۳۹۸ە کە ئاماژەمان بۆ کرد و تاسیت تیایدا تووشی هەڵە هاتووە، چونکە یاسای تایبەت بەسوو وەرگرتن ۹۵ ساڵ پاش یاسای دسمویرەکان داڕێژراوە.

رەخنەگر دەڵێ مۆنتسکیۆ هەڵەی کردووەو بیروبۆچوونی تاسیت راستەو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: مەبەستی تاسیت ئەوە بووە کە نرخی سوو وەرگرتن بەرێژەی لە سەدا یەک بۆ ماوەی مانگێک دیاری کرابوو.

لە بنەڕەتدا باسەکەمان لەسەر ئەوەیە بزانین لە یاسای دوازدە تابلۆکەدا هیچ چەشنە دەستوورێک بۆ سوو وەرگرتن دانراوە یان نا؟ بابەتەکەمان پەیوەندی بەیەک ساڵ و یەک مانگەوە نییە. بەخۆشییەوە ئەم یاسایە لە دەست تۆزو گەردی زەمانەوە پارێزراوەو ئێستا ماوەو خوێنەرەکان دەتوانن بیخوێننەوەو ئەگەر هەر شتێکی لەمەڕ سوو وەرگرتن یان نرخەکەی لەم یاسایەدا هاتبوو، ئەوا باسەرزەنشتم بکەن، بەڵام سەبارەت بە رادەی نرخی سوو وەرگرتن کە بۆ ماوەی ساڵێک یان مانگێک دیاریکراوە ئەوا من بەڵگەی تەواوم لە بەر دەست دایە کە رێژەی لە سەدا یەک بۆ ماوەی ساڵێک بووە نەک بۆ ماوەی مانگێک و لەسەر ئەو بڕوایەم رەخنەگر بۆیە بیروبۆچوونەکانی تاسیت بەم جۆرە لێکدەداتەوە چونکە هیچ زانیارییەکی لەسەر یاساکانی رۆمانی کۆن نییەو شارەزای رێگەکانی وەدەست هێنانی زانیاری و پەیداکردنی کتێب و سەرچاوەی باوەڕپێکراو نەبووەو نەیتوانیوە یان نەیویستووە سوود لە فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکان وەرگرێت.

بەڵام بەڵگەکانی من بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ئەمانەی خوارەوەن:

لەسەر دەمانێکدا کە هیچ چەشنە رێوشوێنێک بۆ سوو وەرگرتن لە رۆمانی کۆندا نەبوو، بەپێی نەریتە باوەکان سوو خۆرەکان سەد ئونسیان پارەی مس بە قەرز دەداو لە کۆتایی ساڵ دا دوازدە ئونسیان(١٦٦) وەکو سوو لە قەرزدارەکە وەردەگرتەوە و لەبەر ئەوەی

یەک ئاس[١٦٧] یەکسان بوو بە دوازدە ئونس، هەر بۆیە لە جیاتی دوازدە ئونس یەک ئاسیان وەردەگرت. بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن قەرزەکان ترسی ئەوەیان هەبوو لە کۆتایی ساڵدا قەرزدارەکان نەتوانن بەیەکجار یەک ئاس بدەنەوەو هەروەها سەبرو توانای تەحەممولکردنی یەک ساڵیشیان نەبوو، هەر بۆیە لە نیوەی ساڵدا واتە لەکۆتایی شەشەم مانگدا داوای سوویان دەکردو پاشان ماوەکەیان کورتتر کردەوەو لەسەری چوار مانگ و بەرەبەرە سێ مانگ و لە کۆتاییدا هەموو سەری مانگان سوویان وەردەگرت و زاراوەی تایبەتیشیان بۆ ئەم سووانە بەکاردەهێنا. بەسووی شەش مانگەیان دەگوت سنیس (نیوە)و ناوی سووی چوار مانگەیان نابوو تری ێن (یەک لەسەرسێ) و سووی سێ مانگەیان ناونابوو کادرانس (چارەک) و بەسووی یەک مانگەشیان دەوت ئونی سیاریا (یەک لەسەر دوازدە). لەبەر ئەوەی مانگی یەک ئونسیان لە جیاتی سووی سەد ئونسی قەرزەکەیان وەردەگرت بەو سووەیان دەگوت یەک لەسەدو بە سانتسیسم ناوزەد دەکرا، چونکە یەک ئونس یەک لە سەدی سەد ئونس بوو.

رەخنەگر کە تەنیا وشەی لە سەدایەکی بەرگوێ کەوتووە و بیستوویەتی قەرزدارەکان هەموو سەرە مانگان یەک لە سەدیان دەدا، بە هەڵەشەییەوە هێرشم دەکاتە سەرو دەڵێ: تاسیت هەڵەی نەکردووەو هەموو کەس ئەو راستییە دەزانی کە لە سەدا یەک نرخی سووی مانگێک بووەو مۆنتسکیۆ پێی وابووە لە سەدا یەک بۆ ماوەی ساڵێک بووە، پاشان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ئایا هەڵەیەکی ئاوا گەورە بۆ کەسێک کە دوو بەرگ کتێبی بەم گەورەیی و ئەستوورییەی لەسەر یاسا نووسیوە شتێکی سەیر نییە؟

لە درێژەی ئەو روونکردنەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، بابەتەکە بۆ کاکی رەخنەگر زیاتر شی دەکەمەوە بۆ ئەوەی بزانێ من هەڵەم نەکردووە. لە رۆمانی کۆندا بۆ ماوەیەک سووی لە سەدایەک برەوی هەبوو، بەڵام بەرەبەرە سوو خۆرەکان رێژەی سوویان بردە سەرو کردیانە ساڵێ ١٨ ٪ و مانگانە ئونس و نیوێکیان وەکو سوو لە قەرزدارەکان وەردەگرت، تا رادەیەکی کە قەرزدارەکان توانای دانی ئەو سووە زۆرەیان نەدەکرد و یاسادانەرەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ هەموارکردن و پێکهێنانی هەندێ گۆڕانکاری. لەبەر ئەوەی دەیانویست یاسایەکی گشتی دابڕێژن، گرنگییان بەماوەی پێشووتر کە مانگێک بوو نەداو ساڵیان وەکو کاتی وەرگرتنی سوو دیاری کرد، بەڵام سوودیان لە زاراوەکانی پێشتووتری وەکو سنیس و تریێن وەردەگرت و لە دوای ئەوە ئیدی ئونسێک واتای لەسەدا یەک بۆ ساڵێکی دەبەخشی نەک بۆ مانگێک و زاراوەی کادرانس و تریێن واتای چوار لە سەد و سێ لەسەد بۆ ساڵێک دەدا. چونکە ئەگەر بەقسەی رەخنەگر سانتسیسم مانای یەک لە



سەد لە مانگێکدا بگەیەنێ ئەوا پێویست دەکا کە کادرانس و تریێنیش مانای سێ لەسەدو چوار لە سەد لەمانگێکدا بدا، ئەوکات دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە یاسادانەرەکان لە دیاریکردنی نرخ و دارِشتنی یاسادا لە سووخۆرەکانیش دڵڕەق و بێ رەحمتر بوونەو لەسەدا سێ و چوار بۆ هەموو سەر مانگێک دەکاتە ٣٦ و ٤٨ لەسەد بۆ ماوەی ساڵێک، لە کاتێک دا کە سووخۆرەکان بۆ خۆیان لەسەدا هەژدەیان وەردەگرت. ئاشکرایە دانانی ئەم یاسایە لە پێناوی دامەزراندنی رادەی نرخ و پێشگیری کردن بوو لە زوڵم و ستەمی سووخۆرەکان نەک بەرزکردنەوەی بەرِادەیەکی ئەوتۆ کە لە خەیاڵدا نەگونجێت.

لێرەدا رەخنەگر زمانێکی هێندە توند دژی من بەکاردێنێ و بەرِادەیەک مەغرورە بە زانایی و زانیاریی خۆی کە هەموو خوێنەرێک پێیوایە ئەو راست دەکات، بەڵام هەر ئەو غورورو خۆ بەزلزانییەی رەخنەگر لەکاتی دەربڕینی بیرورِا لەمەرِ بابەتێکدا کە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری لەسەر نییەو تەنیا ناوەکەی بیستوە، نیشانەی ئەو راستییەیە کە لە حاڵەتەکانی تریشدا بەشێوەیەکی رواڵەتیانە و بەبێ رۆچوون بەنێو بابەتەکاندا قەزاوەتی کردووە. بۆ نموونە لەو شوێنەش کە من بە لایەنگری ئایینی سروشتی لە قەڵەم دەدا، بەبێ وردبوونەوەو رۆچوون بەنێو بابەتەکاندا رەخنەی گرتووە.

من سەبارەت بەسووخۆری لە رۆمانی کۆندا بە کۆمەڵێک زانیاری وردەوە هاتوومەتە ناو باسەکەوە، چونکە ئاگادارم کە وەرگرتنی قەرزو سوو و قازانج لەسەردەمی رۆمانەکاندا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبووە و هەموو شتەکانی رۆمانی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوەو لەوانەیە ئەم بابەتە چەندین جار بووبێتە هۆی هەرەسهێنانی دەستوورو بنەمای وڵاتی رۆمانەکان و من سوودم لە هەموو یاسا کاتی و هەمیشەییەکان و ئەو یاسایانەی بەهۆی بێ هیوایی و نائومێدی خەڵک لە کاتە نائاساییەکان و یان لەکاتی فشارو زوڵمی خاوەن قەرزەکاندا دارِێژراوە، وەرگرتووە و زۆر بەوردەکارییەوە لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون. بۆ نموونە ئەو یاسایەی لە ساڵی ٣٩٨ی رۆمی کە لەسەر پێشنیاری مینۆس و دوئلیۆس دارِێژرا و رادەی سووی بۆ لەسەدا یەک کەم کردەوە، بووە هۆی ئەوەی کە دە ساڵ پاشتر پێیدا بچنەوەو رێژەکەی بۆ نیوە کەم بکەنەوە و پاش ماوەیەک بەتەواوی هەڵیوەشێننەوە. ئیدی ئاکامی دانانی ئەو یاسایە وەکو هەموو یاسا توندرِۆیەکانی تر ئەوە بوو کە خەڵک خۆیان لە ژێر باری یاسا بدزنەوەو لە رێگەی جۆراوجۆرەوە پێشێلی بکەن و ئەم رەوتە بە چەشنێک گرژی بەخۆیەوە بینی کە یاسادانەرەکانی رۆمان ناچاربوون چەندین یاسا بۆ پەسندکردن و هەموارکردنی و پێکهێنانی چاکسازی تێیدا دابنێن، هەندێ جار پەیرِەوییان لە دابونەریتەکان دەکردو هەندێ کاتی تریش بۆ یاساکان دەگەرِانەوە.

کەموکوڕی یاسا توندڕۆیەکان سەبارەت بە سووهەم بە زیانی خاوەن قەرزەکان تەواو دەبوو و هەم هیچ کۆمەکێکی بە قەرزدارەکان نەدەکرد و دەیخستنە ژێر گوشارەوە تا رادەیەکی ئەوتۆ کە هەموویان وەزاڵە هاتبوون.

ئەم پشێوی و بێ بەندو بارییە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی کە خاوەن قەرزێک مۆڵەتی بە قەرزدارەکەی خۆی دا بەپێی یاسا بجولێتەوەو سووێکی کەمی پێ بدات و لەئاکامی ئەو هەڵسوکەوتەدا، سەرجەم خاوەن پارەو سامانەکان کۆبوونەوەو ئەو کەسەیان کوشت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی ئەوان پارێزراوبێت. لەسەردەمی دەسەڵاتداری سیلادا یەکێک لە یاسادانەرەکان بەناوی لوسیۆس ڤاریۆس فلاکۆس یاسایەکی دانا کە سوود بەرێژەی لە سەدا سێ بۆ ساڵێک بچەسپێنێت. ئەمە یاسایەکی عەقلانی و دادپەروەرانەبوو و پەیوەندی نێوان خاوەن قەرزو قەرزداری رۆشن و رێکدەخست و خەڵکی لە بەندی گیروگرفتی سوود رزگارکرد، بەڵام پاش ماوەیەک پالرکۆلۆس ئەمەشی هەڵوەشاندەوە.

ئەمە باس و خواسی گەلێک بوون کە من لە دەوریاندا لێکۆڵینەوەو توێژینەوەم کردووەو هەروەها لەمەڕ بیروباوەڕی ئولپین[١٦٨]دا وتوومە، کاتێک ئەم بیروباوەڕە راستە کە خاوەن قەرز بەپێی یاساو لە رێگەیەکی مەشرووعەوە سوو وەربگرێت و لەوە دڵنیا بێت کە تێپەڕینی کات نابێتە هۆی لەناوچوونی پارەکەی و لە هەمان کاتدا قەرزداریش بتوانێ سەرنجی متمانەی خاوەن پارە بۆ قەرزی درێژخایەن بۆ لای خۆی راکێشێ و کات لە پەیوەندی نێوان خاوەن قەرزو قەرزداردا کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت.

رەخنەگر وازی لە هەموو ئەم باس و خواسانە هێناوەو پێیوایە رستەی کۆتایی ئەم باسگەلە بابەتێکی سەربەخۆیەو زۆربەتوندی داویەتە بەر رەخنەو وتوویەتی بەبڕوای مۆنتسکیۆ خاوەن قەرز دەتوانێ کات بفرۆشێ. لەکاتێک دا کە ئەم رستەیە پەیوەندی بە زنجیرەیەک بابەتەوە هەیە سەبارەت بەسوو و لە درێژەی بیروباوەڕی ئولپیندا بەکارهاتووە و بەبێ نیهادو گوزارەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ ناکرێ رەخنەی ئاراستە بکرێت.

رەخنەگر پاش تەواوبوونی رەخنە رووکەش و بێجێیەکانی و لەکۆتاییدا وتەیەکی (هوارن)ی نووسەری بەناوبانگی رۆمانی بە نموونە دێنێنەوەو دەڵێ:

هۆ گەلۆ، ئەی ئەو کەسانەی گوێتان لێمە، باش بزانن ئەم کتێبە وەکو خەونی نەخۆشان وایەو جگە لە تارمایی خەیاڵاوی هیچی ترتان دەست ناکەوێت.

ئێستا پاش ئەو روونکردنەوەو شیکردنەوانە نۆرەی منە کە رووی وتەکە ئاراستەی رەخنەگر بکەم و بڵێم رەخنەکانی وی بەم جۆرەن.

***



## پاژی سێهەم

لە کۆی دوو پاژی پێشووی نامیلکەی بەرگری و کورتەی رەخنەکان ئەم دەرەنجامانەی خوارەوەمان دەست دەکەوێت:

**یەکەم:** من کتێبەکەی خۆمم لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی رەخنەگر نەنووسیوەو ئەگەر رەخنەگر ویستبای لەمبارەیەوە کتێبێک بنووسێ ئەوا بێگومان بەجۆرێکی دیکە دەینووسی و ئەو بابەتانەی من لە کتێبەکەمدا باسم نەکردوون ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا جێی بۆدەکردنەوە.

**دووەم:** رەخنەگری رۆحی یاساکان زانایەکی ئایینییە، بەڵام من پیاوێکی (حقوقی)مافپەروەرم و ئەگەر رەخنەگر لافی ئەوە لێدەدات دەتوانێ کارەکەی من ئەنجام بدات ئەوا من توانای ئەنجامدانی پیشەوکاری ئەوم نییە.

**سێهەم:** رەخنەگر هەموو ئەو شتانەی من لە کتێبی رۆحی یاساکاندا لەسەر دینی مەسیحم نووسیوەو مەزنی ئەو دینەم بەرجەستە کردووە، کەچی ئەو پشتگوێی خستوون.

ئێستا ئیجازە لە خوێنەر دەخوازم بۆ ئەوەی پاژی سێهەمی نامیلکەی بەرگری لێرەوە دەست پێ بکەم و بەرگری کردن لە دین بۆ پیاوە ئایینییەکان بەجێ بێڵم، چونکە دینی مەسیح رەوایەو هیچ پێویستییەکی بە بەرگریکردنی تاکەکان نییە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی نەتوانن بە باشی بەرگری بکەن. ئەو کەسانەی توانای ئەوەیان نییە بە باشی بەرگری بکەن چاکتر وایە هەر لە بنەڕەتدا بەرگری نەکەن، چونکە بەرگری نەکردن زۆر چاکترە لە بەرگری چەوت و هەڵە، ئاشکرایە ئەم جۆرە بەرگرییە رێزو پلەوپایەی دینی مەسیح دێنێتە خوارەوە.

کاتێک رەخنەگر لە پێناوی حەزی ناوبانگ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی خۆی کە خەڵک ئارەزووی خوێندنەوەی ناکەن هەوڵی ئەوە بدات هێرش بکاتە سەر نووسەرێکی بەناوبانگ و لایەنگری لە دین بکاتە بیانوی خۆی، ئەوکات ئیدی خوێنەرەکان بۆیان دەردەکەوێ کە رەخنەگر نووسەری کردۆتە قوربانی هەواو هەوەس و حەزو ئارەزووی خۆی نەک لە پێناوی دەرخستنی گەورەیی دین، سووکایەتی پێکردبێ.

شێوازی رەخنەگرتن بەو جۆرەی کە لەلایەن رەخنەگرەوە دژی کتێبی رۆحی یاساکان ئەنجام دراوە دەبێتە هۆی ئەوەی کولتوور و پێگەیشتوویی نەتەوەیی فەڕەنسا بەر تەسک بکاتەوە، چونکە تەنیا لەڕووی ئایینییەوە رەخنەی لەم کتێبە گرتووە.

من دان بەوە دادەنێم کە زانستی دین و پڕەنسیپەکانی، زانستێکە خاوەنی سنوورو چوارچێوەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی و نابێ ئەم سنوورانە ببەزێنرێن، چونکە فەرمان و ڕێساکانی، کۆمەڵە حەقیقەتێکن کە لەلایەن هەموو کەسێکەوە پەسند کراون و بۆ ئەوەی خەڵک بڕوای پێیان هەبێت، پێویستە کارێک بکرێت کە خەڵک هیچ کات ئەو سنوورانە نەبەزێنن و دەرکەوتەی هزرو بۆچوونی جۆراوجۆری مرۆیی نەچنە ناو ئوسول و فیقهەوە، بەڵام ئەگەر ئەم سنوورو کۆت و بەندانە بخەینە بەردەم زانستە مرۆییەکانیش و مۆڵەتی ئەوە نەدەین خەڵک لە فیزیک و هەندەسەو سەرجەم زانستەکانی تردا ئەو سنوورە دیاریکراوانە ببەزێنن ئەوا زیانێکی گەورە لە کولتوورو لێهاتوویی مرۆیی دەدەین.

لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە کە سەلمێنراوە هەندەسییەکان هیچ چەشنە شک و گومانێک هەڵناگرن، بەڵام ئەگەر هەر ئەو حەقیقەتە جێگرو دانپیانراوانە لەگەڵ دابونەریتی ژیاندا بەراورد بکەن و سەلیقە جیاوازەکانی خەڵکی بە پڕەنسیپەکانی هەندەسە بپێون و قەزاوەتی لەسەر بکەن ئەوا نە تەنیا پێچەوانەی سەلیقە بەڵکو پێچەوانەی عەقڵیش هەڵسوکەوتیان کردووە. کەواتە بەردەوام دەبێ ئەو خاڵە وەبەرچاو بگرین و بەبێ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و هەلومەرجەکان نابێ هەموو بابەتەکان بخەینە ژێر پڕەنسیپە زانستی یان ئایینییەکانەوە، چونکە بەم کارەمان زیانێکی گەلێ گەورە لە دەربڕینی بۆچوون و بیرورِا دەدەین و دەبینە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی بیری مرۆڤدا.

لەکاتی ڕەخنەگرتندا نابێ گرنگییەکی زۆر بە بابەتە لاوەکییەکان بدەین، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە بابەتە گشتییەکان وەدواکەوێ.

نووسەر هەرچەندە لێهاتوو و زانا و بەتوانابێت، کاتێک ناچارکرا بەردەوام گرنگی بە شتە لاوەکییەکان بدات و بە ملیۆن خاڵی لاوەکی وەبەرچاوبگرێت، ئەوا بیرەکەی بەرتەسک و قەڵەمەکەی ئیفلیج دەبێت، چونکە لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا گەورەترین زانای جیهانیش تووشی گومان دەبێت و سەرەڕای ئەوەی لە بیروکردەوەی خۆیدا نیازپاکە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تووشی گومان دەبێت نەکا بەرێگەی هەڵەدا ڕۆیشتبێ و بەردەوام ترسی لە دڵ دایەو لەوانەیە هیچ کاتێک ڕێگەی ڕاست نەدۆزێتەوە.

ئەو جۆرە ڕەخنەگرتنە وەکو ئەوە وایە کە ڕەخنەگر چاودێرێک لەسەر سەری نووسەر دابنێ و هەرکە نووسەر ویستی وشەیەک لەسەر لاپەڕەکە بنووسێ، چاودێرەکە تەشەری لێبداو هەڕەشەی ئەوەی لێ بکات کە نابێ بیروبۆچوونی خۆی بنووسێ بەڵکو پێویستە بیروبۆچوونەکانی ڕەخنەگر بخاتە سەر کاغەز. لە حاڵەتێکی ئەوتۆتدا هەر کە نووسەر ویستی بجوڵێ ئەوا لە جوڵەی دەخات و ئەگەر بیەوێ بۆلای سەرەوە بچێ ئەوا بۆ لای



خوارەوەی ڕادەکێشێ و ئەگەر چالاکی ئەنجام بدات و گەرەکی بێ ژیان بەسەربەرێ ئەوا دڵۆپ دڵۆپ خوێنەکەی دەمژێ تا گیانی لێ بسێنێ.

شتێکی ئاساییە، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا نەک هەر زانست و ئەدەبیات بەرەو پێش ناچێت بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزاڤی زانستی و ئەدەبی بۆ دواوە بگەڕێتەوەو بەرەو نەزانی سەردەمە کۆنەکان پاشەکشە بکات.

دیکارت فەیلەسوفی بەناوبانگ لەسەردەمی ژیانیدا بە کوفرو شرک تۆمەتبارکراو وەکو من گرفتاری داوی ڕەخنەگرە کورت بین و بیر تەسکەکان ببوو، بەڵام ئەمڕۆ، گەورەترین بەڵگەی پیاوە ئایینییەکان بۆ ڕەدکردنەوەی بیروبۆچوونی کافرو موشریکەکان، هەمان بنچینەی فەلسەفەی دیکارتە.

نابێ هەرگیز ڕەخنە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی تایبەتی و نیازو مەبەستی تاکەکەسی ئەنجام بدرێت بە وەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجە، ئێمەی نووسەران خۆشحاڵ و ڕازین بەرەخنەکان و تەنانەت داوا دەکەین ڕەخنە ئاراستەی کتێب و نووسراوەکانمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمە هەست بەهەڵەکانی خۆمان بکەین، چونکە ئەو نووسەرەی دەیەوێ ڕێنوێنی خەڵکانی تر بێت و هزری کەسانی دیکە سەبارەت بە پرس و بابەتە جیاوازەکان ڕۆشن بکاتەوە، بەر لەهەموو شتێ دەبێ بەوە ڕازی و دڵخۆش بێت کە هزری خۆی لە هەمبەر ئەو بابەتانەی هێناویەتە بەرباس زیاتر ڕۆشن ببێتەوە.

کەواتە ئەو ڕەخنەگرە ڕاستەقینانەی هەڵەکانمان بیردەخەنەوە وەکو دۆستی ئێمە وان و ئەوانیش وەکو ئێمە لە هەوڵی دۆزینەوەی حەقیقەت دان و ئێمە و ئەوان ڕێبواری ڕێگای حەقیقەتین و جگە لە گەیشتن بە ئامانج هیچ نیازو مەبەستێکی ترمان نییە، کەواتە هەوڵدەدەین لەم ڕێگەیەدا هاوکاری یەکتر بین.

من نەمدەویست بەرگری لە ڕۆحی یاساکان بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەگەر بێ دەنگەی لێ بکەم، لەوانەیە هەندێ کەس پێیان وابێ ڕەخنەگر لەسەرحەقە، بۆیە من هیچ ناڵێم و دەمم بەستووە.

لە کۆتایی نامیلکەی بەرگریدا، ناچارم ئاماژە بەدوو بابەت بکەم کە هەندێ لە ڕەخنەگرەکانی تر ڕەخنەیان ئاراستەکردووەو بەهەڵە تێگەیشتوون. ئەگەرچی لە بەشی پێنجەمی کتێبی سێهەمی ڕۆحی یاساکاندا ئەو دوو بابەتەم شیکردۆتەوە، بەڵام دیسان لێرەدا زیاتر شیدەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەو بەهەڵەحاڵیبوونە نەمێنێ.

لە پێشدا هەندێ کەس ڕەخنەیان لێگرتووم لەبەر ئەوەی من وتوومە بنەمای هەندێ لە حکومەتەکان لەسەر ترس و هەندێکیان لەسەر شەرافەت و هەندێکی تریشیان لەسەر

فەزیلەت دامەزراوە. ئەو کەسانە دەڵێن کەواتە بەم جۆرەو بەپێی بیروباوەڕی مۆنتسکیۆ فەزیلەتی ئایینی و دینی لە هیچ جۆرە حکومەتێکدا کاریگەری و نفووزی نییە.

زۆرم پێ سەیرە سەرەڕای ئەوەی چەندین جار لەم کتێبەدا لەمەڕ ئەو بابەتە باس و شیکردنەوەم پێشکەش کردووە، چۆنە سەبارەت بەمەفهوومی فەزیلەت دیسان داوای روونکردنەوەم لێدەکەن، چونکە من ئاماژەم بەمەبەستی خۆم لە بەکارهێنانی وشەی فەزیلەت کردووە و ماناکەیم نووسیوە.

خوێنەر دەزانێ وشەی فەزیلەت وەکو زۆربەی هەرەزۆری سیفەتەکان لە زمانەکاندا جیاوازی هەیەو خاوەنی واتای جۆراوجۆرە، هەندێ جار مانای فەزیلەتی ئایینی و هەندێ کاتیش واتای فەزیلەتی نائایینی دەدا بەدەستەوە. تەنانەت لە هەندێ زماندا فەزیلەت مانای خەسڵەت و هونەر و توانای ئەنجامدانی کاری گەورەو وردیش دەگەیەنێت، بەڵام من بۆ ئەوەی هزری خوێنەرەکان نەشێوێت چەندین جار ئەو بابەتەم شیکردۆتەوە. هەر بۆیە ئەو کەسانەی مەبەستی من لە وشەی فەزیلەت تێنەگەیشتوون، سەرانسەری کتێبی رۆحی یاساکانیان خوێندۆتەوە، ئینجا تێیگەیشتوون.

مەبەستی من فەزیلەتی سیاسییە کە قازانجی ئەو خەسڵەتە بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوەو هیچ کارێکم بە فەزیلەتی تایبەتی کە لە تاکەکاندا هەیەو فەزیلەتی پەیوەندیدار بە حەقیقەتە ئاسمانییەکانەوە نەبووە و نییە.

لەبەشی شەشەمی کتێبی سێهەمیشدا بابەتێکی تێدایە کە بە باشی چەمکی فەزیلەت روون دەکاتەوەو لەوێشدا گوتوومە مەبەستم لە فەزیلەت، خۆشەویستییە بەرامبەر بە نیشتمان و ئەوینیش بەرامبەر بەنیشتمان بریتییە لە خۆشەویستی و گرنگیدان بەیەکسانی و میانڕۆیی و یەکسانی، باسەکانی کتێبی پێنجەم لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراون.

پاشان هەندێ لە رەخنەگرەکان رەخنەیان ئاراستەکردووم کە من سەبارەت بەپێناسەی باشترین حکومەتی ئەرستۆکراتی بەهەڵەداچووم و وتوومە باشترین حکومەتی ئەرستۆکراتی ئەو حکومەتەیە کە (ئانتی پاتێر) دایمەزراند، چونکە مۆڵەتی ئەوەی نەدا ئەو کەسانەی داراییەکەیان لە دوو هەزار درهەم کەمترە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.

من وتوومە کاتێک حکومەتەکە حکومەتێکی ئەرستۆکراتییە، چاکتر وایە ئەو کەسانەی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەشداری ناکەن هێندە بچووک و هەژاربن کە ئەرستۆکراتەکان نەتوانن بەهیوای کەڵک لێوەرگرتن بیانخەنە ژێر زوڵم و ستەمەوە و پاشان کردەوەی ئانتی پاتێرم بە نموونە هێناوەتەوە، چونکە ئەو بڕە داراییەی ئانتی پاتێر



بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دیاری کردبوو بەڕادەیەک کەم بوو کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە مافی دەنگدان بێ بەش دەبوون و لە ئاکامدا هەر کەسێک ناوو ناوبانگێکی هەبوایە بەشداری لە دەنگداندا دەکرد. پاشان لە درێژی ئەو نموونەیەدا وتوومە باشتر وایە بنەماڵە ئەرستۆکراتییەکان لە خەڵکی ئاسایی نزیک ببنەوە و پەیوەندیان لەگەڵدا ببەستن لەنێویاندا بژین تا لەم رێگەیەوە حکومەتی ئەرستۆکراتی لە رژێمی دیموکراسی نزیک ببێتەوە، بەڵام رەخنەگر دەڵێ:

کاتێک ئانتی پاتێر لە ئەسینا بەم کارە هەڵسا، ئەم یاسایە تەنیا نۆ هەزار کەسی دەگرتەوەو سەرجەم خەڵکی کە بیست و پێنج هەزار کەس بوون، داراییەکەیان لە دوو هەزار درهەم کەمتر بوو و مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنیان نەبووە ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی مۆنتسکیۆیە. باشتر وایە رەخنەگر بۆ ئەو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە کە من ئەو رووداوەم لێوەرگرتووەو لێرەدا ئاماژەم بۆ کردووە.

من ئەم بابەتەم لە وتەیەکی (دیودر) وەرگرتووە. دیودر دەڵێ: بیست و دوو هەزار کەس ئەسینایان بەجێهێشت و لە ویلایەتی تراسدا نیشتەجێ بوون و جگە لە نۆ هەزار کەس کە یاساکەی ئانتی پاتێر دەیگرتنەوەو ژمارەیەکی زۆرکەم لە خەڵکی ئاسایی کە نەیاندەویست کۆچ بکەن، هیچ کەس لە ئەسینادا نەمابۆوە و ئەو ژمارە کەمە لەبەرامبەر نۆ هەزار دەنگدەردا زۆرکەم بوو. دەبوایە لێرەدا رەخنەگر بۆ مێژوو و بیروبۆچوونەکانی دیودری مێژوونووسی بەناوبانگ گەڕابایەوەو لێیان وردببایەوە پاشان رەخنەی لە من گرتبا.

با وای دابنێین کە لەو سەردەمەدا بیست و دووهەزار کەسیش لە ئەسینا نەچوونەتە دەرو کۆچیان نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سەرنج بدەین، لە کۆمەڵگایەکدا کە حکومەتێکی ئەرستۆکراتی هەیەو لە کۆی سی و یەک هەزار کەسی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە، نۆ هەزارکەس لە دامودەزگاو سیستەمی حکومەتدا دەستی هەبێت و فەرمانڕەوایی بکاو میللەت تەنیا لە بیست و دوو هەزار کەس پێک بێت، دیسان دەبێ بڵێین ژمارەی دەسەڵاتدارەکان زۆرو ژمارەی خەڵک کەمە، چونکە وشەی گەورەو بچووک و کەم و زۆر رێژەییەو شتێکی ئاساییە کاتێک یەک لەسەر سێی گەل فەرمانڕەواو دوو لەسەر سێی لە خەڵک پێک بێت، ئەوا ژمارەی فەرمانڕەواکان لەچاو ژمارەی خەڵک یەکجار زۆرەو دیسان ئەم جۆرە حکومەتە ئەرستۆکراتییە باشترین حکومەتی ئەرستۆکراتی دەبێت.

## کۆتایی

### پەراوێزەکان:

**تێبینی:**
**هەموو پەراوێزەکان هی وەرگێڕی فارسن، لەهەر شوێنێک پێویست بووبێ دامانناوەتەوە.**

(١) هیـواو ئومـێـد، دونیـایەکی خـەیاڵی پڕ لە خۆشی و شـادمـانی بۆ مـرۆڤ پێک دێنێت و ئاوات و ئارەزووەکانی بەجۆرێک لە بەرچاوی بەرجەستە دەکا، دەڵێی وەدیهاتوون و بەم جۆرە مرۆڤ بەهرە لە چێـژو خۆشـیـیـەکی خـەیاڵی وەردەگـرێت، بەڵام ئەندێشـەی مـرۆڤ ئەم بیـرو خـەیاڵە تێکدەدات و هەڕەشەیان لێ دەکات. نووسەر دەڵێ: ئەگەرچی ئاژەڵەکان هیچ ئومێدێکیان نییە، ئەوا لە هەمان کاتدا ئەندێشەی ئەهریمەنی و ترسێنەریشیان نییە.
(٢) لە سـەردەمی پاشایەتی (ژێرژی) یەکـەمدا لە جەنگەڵەکـانی نور پیـاوی بەربەری پەیدابـبوو و لە ئینگلتەراش بینرابوو..
(٣) لاسدمۆن هەمان ئسپارتەیە و دواتریش کاتێ ئسپارتە گەورەبوو، لاسدمۆن بووبە ناوەندی ئسپارت.
(٤) لە رۆما هەمیشە سیناتۆرەکان لەلایەن حاکمێکەوە دیاری دەکران کە لەلایەن خەڵکەوە سەلاحییەتی ئەو دیاری کردنەی پێ بەخشرابوو.
(٥) (Tite Live) مێژوونووسی بە ناوبانگی رۆمانی (٥٩ پ.ز-١٧ز) و دانەری «مێژووی رۆما لە رۆژی دروست کردنی ئەو شارەوە»
(٦) ناوی ئەم مێژوونووسە دنیسەو هالیکارناس - یش ناوی شارێکی ئاسیای بچووکەکە نیشتمانی دنیس بووە.
(٧) مەبەست لە سانتۆری، کۆمەڵی جیاوازی خەڵکە، لە رۆمای کۆندا یاسادانەرەکان خەڵکی شاریان بەسەر چەندین چینی دیاریکراودا دابەش دەکردو پێیان دەگوتن سانتۆری.
(٨) لە سـەرەتادا سیناتۆرە نوێیـەکـان لە رێگەی کۆنسـوڵەکانەوە دیاری دەکـران و دواتر سانسـۆرەکـان ئەوانیتریان هەڵدەبژارد. سانسۆرەکان کۆمەڵە دادوەرێکی پایەبەرزبوون کە ئەرکیان بریتی بوو لە لێ پێچینەوەو تۆمارکردنی رەگەزنامەو ئامار و سانتۆریش واتە دابەش کردنی خەڵک بەسەردەستە و کۆمەڵەی جیاواز، لەلایەن ئەوانەوە دیاری دەکراو کاروباری هەموو دادوەرەکانیشیان تاوتوێ دەکرد.
(٩) لێرەدا پێویستە ئاگاداربین کە مێژووی دەستکردن بەنووسینی رۆحی یاساکان بەرابەرە لەگەڵ نیوەی یەکـەمی سـەدەی هەژدەهەم واتە لە سـاڵی ١٧٢٧ بەدواوەیەو لەو سـەردەمـەدا لە بەشی هەرەزۆری وڵاتەکانی رۆژهەڵات حکومەتی ئیستبدادی فەرمانڕەوابووە.
لە ئێراندا ئەو سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی پاشایەتی سەفەوی و سەڵتەنەتی سوڵتان حوسێن کە بەبێ توانایی و بێ هێزی بەناوبانگە. کاروکردەوەی ئەم پاشایە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەر بەم جۆرە بووە. دواین پاشای عەیاش و بێ ئاگا لە وڵات، موزەفەرەدین شای قاجار بووە کە رەفتارو هەڵسوکەوتی (عـەین ئەددەولە)ش لەگـەڵ ئەودا هەربەم چەشنە بووەو لە پاش ئەوە ئیـدی حکومـەتی ئێـران بوو بەمەشروطە (دەستووری) و میللەت بەشداری لە حکومەتی خۆی و چارەنووسی خۆیدا کردووە.



(١٠) ئەم دەست نیـشـان کردنە زۆر گرنـگەو گەلێک دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە و کلیلی تێگەیشـتنە لە بەشێکی زۆری یاساکان.
(١١) بەردەوام رەخنەیان ئاراسـتـەی مـۆنتـسکیـۆ کـردووە گـوایە ئەو وتـوویەتی کـە فـەزیلەت تەنیـا لە حکومەتی کۆماریدا وجوودی هەیەو لە حکومەتەکانی تردا نییەو هەروەها رایگەیاندووە سەرافەت تایبەتە بە حکومەتی پاشایەتی دەستووری و لە حکومەتەکانی تردا هیچ شوێنەوارێکی ئەو خەسڵەتە نابینرێت و ئەوە لەکاتێکدایە کە بەهیچ جۆرێ مەبەستی مۆنتسکیۆ ئەوە نەبووەو تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەگەر بیروبۆچوونێکی ئەوتۆی دەربڕیبا دەکرا بەپیاوێکی بێ فیکری لە قەڵەم بدەین. پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو کەسانەی رەخنەیان گرتووەو گەرەکیان بووە لە بەهای رۆحی یاساکان کەم کەنەوە، گرنگییان بەو خاڵە داوەو کردوویانەتە هۆکاری هێرش و رەخنەگرتن.
تێگەیشتن لەم بابەتە زۆر ئاسانەو گەلێک روون و ئاشکرایەو هەروەک لە سەرەتای کتێبەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە، ئەوا لێرەشدا هەوڵ دەدەم دیسان تیشکی بخەمە سەر. بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی ئەزموونە مێژووییەکان دەرکەوتووە هەر فاکتەرێک کە دەبێتە هۆکاری پێکهێنانی حکومەتێک ئەوا دواتریش پارێزەرو چاودێری ئەو حکومەتە دەبێت.
بەپێی ئەم بنچینەیە بۆمان دەردەکەوێت کە فەزیلەت هەمیشە فاکتەری سەرەکی دروست بوونی حکومـەتی کـۆمـاری بووەو بۆ سـەلماندنی ئەم وتەیەشـمـان دەتوانین پشت بە گـەلێک بەڵگەی سەردەمـەکانی رابردوو و ئێـستـا ببەستین. ئەگەر چاوێک بەکـۆماری رۆمـا و سویسرا لەسەردەمی رابردوو و کۆماری هۆڵەنداو ئەمریکا لە قۆناغی نوێ (سەدەی حەڤدەو هەژدە) دابخشێنین، بۆمان دەردەکـەوێت، ئەو شـتـەی بۆتە هۆی ئەوەی دامـەزرێنەرانی ئەم کـۆمـارانە لە رێگەی ئازادی و یەکسانیدا، هەموو شتێکی خۆیان بکەنە قوربانی، فەزیلەت بووە.
ئەگەر خاوەنی فەزیلەت نەبان و بە لەخۆبردوویی و بوێرییەوە لە بەرامبەر ئیستبدادو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵات رانەوەستـابان و هەمـوو بیـروبۆچوونێکی تایبەتی و پلەوپایەخوازی و وەسەریەکنانی سامان و بەرژەوەندییان وەلانەنابایە، ئەوا بێ شک سەرکەوتوو نەدەبوون.
هەر فەزیلەتە کە دامەزرێنەری ئەم کۆمارانە و لایەنگرەکانیانی ناچار کردووە هەرگیز میانڕۆیی لە دەست نەدەن و بەرژەوەندی گـشـتی نەکـەنە قـوربانی بیـروبۆچوونی تایبـەتی. سـەرەڕای هەمـوو ئەمـانە، پێـویسـتـە ئەم خـاڵە وەبەرچاوبگرین کـە هەمـوو حکومـەتێک بریتـیـیە لە سیـسـتـەمـێکی رێکوپێک و هیچ نەزمـێکیش لە دونیـادا سـەقـامگیـر نابێ مـەگـەر لەسـەر بنچـینەی ئەخـلاقی دامەزرابێت. کەواتە لە حکومەتی کۆماریدا مانەوەی نەزم و رێکوپێکی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە ئەخـلاقی بەرزی کـۆمـەڵە ئازادیخـوازێکەوە و ئەوە لەکـاتێک دایە کـە لە حکومـەتی پاشـایەتی دەسـتـووریدا نەرم و رێکوپێکی کـۆمـەڵگا تەنیـا بەسـتـراوەتەوە بەئەخـلاقی پاشـاو وەزیرەکـان و ژمارەیەکی کەم گەورە پیاو و دەربارییەکان. ئەگەر هاتوو لە حکومەتی کۆماریدا ئەخلاقی کۆمەڵگا تووشی گەندەڵی هات ئەوا نەزم و رێک وپێکی کۆمەڵگاش هەڵدەوەشێ و تێک دەچێت. ئاشکرایە لە حکومەتی پاشایەتیشدا گەندەڵی ئەخلاقی پاشا و دەربارییەکان دەبێتە هۆی پشێوی و ئاڵۆزی، تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەندەیە کە لە حکومەتی پاشایەتی دەستووریدا گەندەڵی ئەخلاقی پاشا لەگەڵ خودی ئەودا لەنێو دەچێت و لەوانەیە جێگرەکەی بەهۆی ئەخلاقی بەرزی خۆیەوە قەرەبووی زیانەکانی پاشای پێشـوو بکاتەوە، لەکاتێک دا کە هیچ شـتێک ناتوانێ لە حکومـەتی کـۆماریدا قـەرەبووی گـەندەڵی و فەسـادی ئەخـلاقی کۆمـەڵگا بکاتەوەو کۆمـەڵگایەکی ئەوتۆ بە فـەنابوون و لەنێـوچوون کـۆتایی دێت. کـەواتە بۆ پێـشگیـری کـردن لە گـەندەڵی، لە حکومـەتی کـۆماریدا پێـویسـتـیـمـان بەفەزیلەت هەیە.
(١٢) مەبەستی نووسەر سەردەمی زاڵبوونی کرۆمۆلە.
(١٣) لێرەدا وشەی چاکەکاری تەنیا بە مانا سیاسییەکەی بەکارهاتووە.

(١٤) (١) لە کتێبی ئیمپراتۆری عوسمانی، نووسینی ریکولت وەرگیراوە.
(١٥) مەبەستی نووسەر شا سولتان حوسێنی سەفەوییە.
(١٦) ئەگەرچی نووسەر وەکو نموونەو بەڵگەیەک سەبارەت بە جێبەجێکردنی فەرمانی پاشا لە حکومەتە ئیستبدادییەکان ئاماژەی بەم بابەتە کردووەو مەبەستی ئەوەبووە کە فەرمانی سوڵتان لە حکومەتە ئیستبدادییەکان ئەگەر چاک بێت یان خراپ، دەبێ بەزوویی جێبەجێ بکرێت و ئەگەر کەموکوڕی و گەندەڵی ئەو فەرمانەشیان بۆ دەرکەوت ئەوا هەڵی ناوەشێننەوە بەڵکو فەرمانێکی نوێ دەردەکەن کە دەرەنجامەکەی شوێنەواری فەرمانی یەکەم لە نێو ببات، بەڵام لەم نموونەیەدا داستانێکی دوورودرێژ هەیە کە بەشێکە لە داستانە مێژوویی و ئایینییەکانی قەومی یەهوود و لە کتێبی عەهدی عەتیق (تەورات)دا ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ زانیاری زیاتری خوێنەرەکان زۆر بەکورتی باسی دەکەین:

هەروەک دەگێڕنەوە، مۆڵەتیان بەیەهوودییەکان نەدا بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە ئەم کارە دژی فەرمانە دەرچووەکە بوو، بەڵکو لە جیاتی ئەوە مۆڵەتیان بەئەوانیشدا کە دوژمنەکانی خۆیان قەتڵو عام بکەن هەروەک چۆن پێشتر مۆڵەتیان بەدوژمنی یەهوودییەکانیش دابوو بۆ ئەوەی ئەوان قەتڵو عام بکەن. درێژەو هۆکاری ئەم بابەتە بەم جۆرەیە:

لەسەردەمی (ئاسوئروس) یان ئەخشورش کە هەمان خشایارشای پاشای میدەکانە، لە شاری شووش کە پایتەختی ئەو پاشایە بووە، جەژنێکیان گێڕا کە حەوت شەو وحەوت رۆژی خایاند و پاشا لەناو خۆشی و شادمانی دا فەرمانیدا شاژنەکەی کە ناوی وشتی بوو و لە رادەبەدەر جوان و نەشمیل بوو، بێتە نێو کۆڕی جەژنەوە بۆ ئەوەی بەدەربارییەکان و گەورە پیاوو ئامادەبوانی بناسێنێ و بەجوانییەکەی بنازێ، بەڵام شاژن «وشتی» بێ ئەمری پاشای کردو نەهاتە نێو کۆڕی جەژنەوە. پاشا لەم سەر پێچینە زۆر تووڕە بوو و لەگەڵ راوێژکارەکانی سەبارەت بەسزای شاژن و چارەی ئەم سەرپێچییەو ئەو شوێنەوارانەی کە لەسەر وڵاتی پان و بەرینی ئەوی دادەنێ راوێژی کرد. حەوت راوێژکاری پلەیەکی وڵات بە پاشایان راگەیاند کە ئەم رەفتارەی شاژن دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو ئافرەتەکان سەرپێچی لە فەرمانی مێردەکانیان بکەن و فێری سەرەڕۆیی بن و دەبێ پاشا فەرمانێک دەربکات و بەپێی ئەم فەرمانە نابێ «وشتی» ئیتر بێت بۆ لای پاشاو شاژن نەبێت و لە جیاتی ئەو یەکێکی دیکە هەڵبژێرن و لە هەموو وڵاتدا بڕیار بدرێ دەبێ ژنەکان گوێڕایەڵی مێردەکانی خۆیان بن و رێزیان لێ بگرن و لە فەرمانەکانیان دەرنەچن و پاشاش هەر ئەو کارەی کردو هاوکات بۆ هەڵبژاردنی جێنشینی «وشتی» فەرمانیدا ژمارەیەک لە باشترین کچەکانی وڵات کۆبکەنەوە و لە حەرەمسەرادا رێزیان بکەن و بۆ ئەوەی پاشا هەرکامیانی بەدڵ بوو و پەسندی کرد، بۆ خۆی هەڵبژێرێت. لەنێو دەربارییەکانی خشایارشا پیاوێکی یەهوودی هەبوو و ناوی مەردخا بوو و یەکێک بوو لە دیلەکانی بابل و کچێکی جوانی هەبوو، دیارە هەر بەناو کچی ئەوبوو، لە راستیدا کیژی براکەی بوو. ئەم کچە ناوی «ئەستێر»بوو (ئەستێر ناوێکی فارسی یە بە مانا ئەستێرە دێ و ناوە عیبرییەکەی (هەدسە)بوو و لەوپەڕی جوانی دابوو و وێڕای ئەو کچانەی کە لەنێو حەرەمسەرادا خەریکی پەروەردەکردنیان بوون، بەیارمەتی مەردخا ئەستێریشیان هێناو بەرێکەوت ئەو کیژەی کە لە هەموویان زیاتر بەدڵی پاشاوە نووساو لە هەموویان باشتر پەروەردەکرابوو، ئەستێربوو و خشایارشا ئەوی لە جیاتی «وشتی» کرد بە شاژنی وڵات.

لەبەر ئەوەی ئەستێر بوو بەشاژنی وڵات، مەردخا بەپشتیوانی ئەو توانی لەنێو دەربارەدا نفوزێکی زۆرتر پەیدا بکا، بەڵام پەیوەندی خۆی و ئەستێرو یەهوودی بوونی ئەوی بەنهێنی هێشتەوە. غورور وای لە مەردخا کرد کە گوێ بەماهانی شالیارو کەسی یەکەمی دەربار نەدات (هەندێ کەس پێیان وایە مەردخای یەهوودی کتێبی ئەستێری نووسیوە و هەندێکی تر دەڵێن عوزێر نووسیویەتی) هەڵسوکەوتی مەردخا بوو بەهۆی تووڕەیی و نەفرەتی ماهان و کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی وەدەری بنێت.



لە جەژنێکدا پاشای لە ئاست «مەردخا» تووشی بەدبینی کرد و وای لە پاشا گەیاند کە «مەردخا» و قەومی یەهوود کە خزم و کەسی ئەون، ئەحکام و فەرمانەکانی پاشا جێبەجێ ناکەن و نیازو مەرامێکی تایبەتییان هەیە. پاشا تووڕەبوو و فەرمانێکی دەرکرد کە لەهەر چوار قوژبنی وڵاتی ئێرانی ئەوکات کە لە هندستانەوە تاکو حەبەشەی دەگرتەوە، دەست کەن بەکوشت و بڕو قەتلوعامی یەهوودییەکان.

ئەم کۆکوژییە مەردخای تووڕە کردو لەبەر ئەوەی گشت خزم و کەسەکانی یان تالان کرابوون و یان کوژرابوون داما بوو و لە بیری چارەدابوو و کێشەکەیان لە ئەستێر گەیاند. ئەستێرکە تاکو ئەوکات یەهوودی بوونی خۆی شاردبۆوە، یەهوودی بوونی خۆی ئاشکراکردو بەغەم و پەژارەوە چووە لای پاشاو ئەو خزمەتەی کردەبیانو کە رۆژان مەردخابە پاشای کردبوو و بەپاشای وت: «خزمەتی مەردخا ئەوەبوو، کاتێک دوو پیاوی دەربار هەوڵی کوشتنی پاشایان دابوو، ئەوە مەردخا بوو کە پاشای ئاگادارکردەوە و پێشی ئەو هەوڵەی گرت و لەبەرامبەر ئەم کارەشیدا داوای هیچ پاداشتێکی لە پاشانەکردبوو.» ئەو کەسەی بەمجۆرە خزمەتی پاشای کردووەو هیچ پاداشتێکیشی وەرنەگرتووە، لە ئاکامی بەدگۆیی و فێتنەچییەتی «ماهان» تووڕەبووەو خۆم و کەسی ئەو بەفەرمانی پاشا قەتلوعام دەکرێن، ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەوە مامی منە، رەوا نییە من شاژن بم و قەوم و خزم و کەسەکانیشم بەهۆی فیتنەیی ماهانەوە تووشی ئەم بەڵاو نەهامەتییانە بن. (ئەستێربووە هۆی ئەوەی باجی سەر یەهوودییەکان کەم بکرێتەوە). پاشا لەم کۆڕەدا بانگی ماهان دەکات و بەتوندی لێی تووڕە دەبێت.

ماهان تێدەگات ئەوە کاری «ئەستێرە»و پاشان بۆپاڕانەوە و خۆ بەقوربان کردن، رۆژی پاشتر خۆی دەهاوێتە سەر پێیەکانی ئەستێر و لەم حاڵەتەدا خشایارشا دێتە ژوورەوە و چاوی بە ماهان دەکەوێ کە خەریکی پێ لستنەوەی ئەستێرەو وادەزانێ نیازی داوێنپیسی لەگەڵ ئەستێردا هەبووە و زۆر بەتوندی لێی تووڕە دەبێت و ئەوکات لەسەر تکای ئەستێر فەرمانێکی نوێ دەردەچێت کە قەومی یەهوودیش مافی ئەوەیان هەیە دوژمنەکانی خۆیان قەتڵوعام بکەن و یەهوودییەکان دەست بەکار دەبن و ماهان بەو سێدارەیەوە هەڵدەواسن کە بۆ خۆی لە ماڵەوە بۆ مەردخای دروست کردبوو و هەر دە کوڕەکەشی دەکوژن. لە ئاکامدا بەفەرمانی ئەستێر ئەو رۆژە بۆ قەومی یەهوود وەکو رۆژی شادمانی و جەژن دیاری دەکرێت کە تاکو ئێستاش قەومی یەهوود لە یادو بیرەوەری ئەو رووداوە ئەم رۆژە بەناوی (پوریەم) جەژن دەگرن.

لەبەر ئەوەی پایتەختی کوێستانیی خشا یارشای پاشای میدیا شاری هەکمەتانە (هەمەدان)بوو، ئەستێر لەم شارەدا ماڵاوایی لە ژیان کردووەو تاکو ئێستاش گۆڕی ئەستێری کچە یەهوودی کە شاژنی ئێران بوو و بووە هۆی رزگاری قەومی یەهوود لە چنگی ماهانی شالیاری ئێران و زاڵبوون بەسەر دوژمنەکانیاندا، زیارەتگای یەهوودییەکانە. باشترین تراژیدی راسینی شاعیری مەزنی فەرەنسا داستانی ئەستێرە.

پوختەی بابەتەکە بەم جۆرەیە، بەڵام لە دووتوێی ئەم رووداوانە هەموو خوێنەرێک تێدەگات کە مەبەستمان شیکردنەوەو روونکردنەوەی گەندەڵی و فەسادی حکومەتی ئیستبدادی و دەرکردنی فەرمانی بێ ئەملاوئەولاو جێبەجێکردنی بەزوویی ئەو فەرمانانەیە. لەم رووداوەدا سەرەڕۆیی و غەدرو فرتوفێڵ و خۆ بەزلزانی و خۆ ویستن و خراپی بارودۆخی دەرباری ئیستبدادی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و بۆمان دەردەکەوێ کە فەرمانێک بۆ کۆکوژی لەسەر بنەمای سەرەڕۆیی و راڵەخۆیی دەرکراوە و فەرمانێکی تریش لەسەر بنچینەی فرتوفێڵ. لە یەکەمیاندا کۆمەڵە کەسانێکی بێگوناح بەهۆی خۆ بەزلزانی کەسێک و لە فەرمانی دووەمیشدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێ تاوان بەهۆی فرتوفێڵەوە، گیانیان لێ دەستێنرێت و لەنێو دەچن و پاشای موستەبدو ملهوڕیش بەبێ خوێندنەوەو لێکدانەوە فەرمان دەردەکات و فەرمانەکانیش جێبەجێ دەکرێن و لەبەر ئەوەی فەرمانی یەکەم نابێ

هەڵبوەشێتەوە، فەرمانێکی دیکەش سەرباری فەرمانی یەکەم دەردەچێت و هەردوو فەرمانەکە زیان بەوڵات و کۆمەڵگا دەگەیەنن و فەسادو گەندەڵی دەهێننە ئاراوە، کە شوێنەوارەکانی تاکو ئێستاش هەرماوە.

(١٧) کریێون سەردارێکی بەناوبانگی هێنری سێهەم و چوارەم بووە لە سەدەی پازدەهەمدا.

(١٨) ڕووداوی سەن بارتلمی، ئەو کۆکوژییە بەناوبانگەیە کە تێیدا کاتۆلیکەکان ٢٥ هەزار پرۆتستانیان لەپاریس کوشت و لەبەر ئەوەی زەنگی کەنیسەی سەن بارتلمی بۆ ئەم کارە لێدرا، هەر بۆیە بەم نێوە ناوزەدکرا.

(١٩) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین سواڵکەرێک لەسەردەمی هەژاری و نەداریدا بە نموونە بێنینەوە چونکە ئەم کارە لەلایەن یاسادانەرەکانەوە قەدەغە نەکراوە، بەڵام شەرافەت ڕێگەی پێنادات. بەم جۆرە تەحەممول کردنی کارێکی ئەوتۆ، واتە لەکاتی هەژاریدا پرسیار نەکردن زۆر دژوارە.

(٢٠) بۆ ئەم حاڵەتەش دەتوانین دەستگرتنی هەژراو بێ نەواکان بەنموونە بێنینەوە، چونکە ئەوە کارێکی یاسایی نییە، بەڵام ئەرکێکی شەرافەتمەندانەیە کە خەڵکی بەئەخلاق و شەرافەتمەند پێی هەڵدەستن.

(٢١) لێرەدا پێویستە بەکورتی ئاماژە بەو باسە بکەین کە ڤۆلتێر سەبارەت بەئازادبوونی دزی لەنێو میللەتی ئسپارتدا کردوویەتی:

**ڤۆلتێر دەڵێت:** «زۆر سەیرە ئەگەر دزی بەو مانایەی ئێستا هەیەتی لەنێو ئسپارتییەکاندا ئازاد بوبێت و لەکاتێک دا کە لەناو میللەتە دێرینەکاندا دزی بەگوناهێکی گەورە ژمێردراوەو بەتایبەتی لەنێو سیتەکاندا بەیەکێک لە گەورەترین تاوانەکان لە قەڵەم دراوە. ئایا دەکرێ بڕوا بکەین کە یاسادانەرە مەتینەکانی ئسپارت دزیان ئازاد کردبێت و بۆ خۆیان هۆکاری پشێوی و ئاڵۆزییان پێکهێنابێت؟! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە پلۆتارکی مێژوونووس و ژیاننامەنووسی لیکورکی یاسادانەری بەناوبانگی ئسپارتی، کاتێ باسی دابونەریتی ئسپارتەکان دەکات، ڕق و بێزاری خۆی دەرنابڕێ و دەڵێی وەکو شتێکی ئاسایی دێتە بەرچاوی. سەرجەم ئەو کەسانەی دیکەش کە لەهەمبەر ئسپارتەوە شتیان نووسیوە، هەربەم جۆرە وەکو شتێکی ئاسایی سەیری دزییان کردووە، ئەوە لە کاتێک دایە کە یاسادانەرەکانی ئێستا زۆر بەتوندی ڕق و بێزاری خۆیان دژی ئەم کارە دەردەبڕن».

پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو دزییەی لە ئسپارتە وەکو شتێکی ئاسایی سەیری کراوە بەم چەشنە بووە: لاوەکان لە هەندێ کاتی تایبەت و بەپێی فەرمانی سەرکردەو فەرماندەکانی خۆیان دزییان دەکرد و ئەم کردەوەیە لەگەڵ دابونەریتی سەردەمدا دەگونجاو مەبەست لەوکارەش ئەوەبوو کە گەنجەکان بەشێوەیەکی فرزو ئازا پەروەردە بکرێن، بۆ ئەوەی لە کاتی جەنگدا بتوانن بەرگەی سەختی و دژوارییەکان بگرن و بەئازوقەو پێداویستییەکی کەمەوە ماوەیەکی درێژ بەسەربەرن، چونکە جگە لە هەندێ خۆراکی کەم و سەوزی و دانەوێڵە، هیچ شتێکی تریان نەدەدزی و ئەویش بۆ قەرەبوو کردنی کەم خۆراکی بوو و ئەرکی سەرشانیان بوو بۆ خۆیان بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن. برسییەتی لەلای ئەوان شتێکی ئاسایی بوو هەر بۆیە لەکاتی شەڕو جەنگدا دوژمنەکانی ئسپارتە زۆر زوو تێک دەشکان و لەنێو دەچوون و لە خاکە وشک و بێ بەرووبوومەکانداو بەهۆی دەست ڕانەگەیشتن بەخۆراک لەناودەچوون، بەڵام لاوە ئسپارتییەکان هەر لەم شوێنانەدا بەڕادەی نەهێشتنی برسییەتی خۆراکیان وەدەست دێنا. مەبەستێکی دیکەی دزی ئەوەبوو کە خەڵک لەم ڕۆژە تایبەتییانە واتە لەکاتی جەنگدا باشتر پارێزگاری لەماڵ و دارایی خۆیان بکەن و بۆ پاراستنی ماڵ و دارایی خۆیان فرزو لێهاتوو بن بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمنەکانیانەوە.

هاوکات پێویستە ئەوە بزانین کە لە ئسپارتدا بنچینەی موڵکایەتی وجوودی نەبووەو تەنانەت هیچ کەس خاوەنی ژنی خۆشی نەبووە، هەتا دزی کە بابەتێکی لاوەکی ترە مانایەکی هەبێت و یان بەتاوانی لە قەڵەم بدەن. تەنیا یەک کار وەکو گوناح سەیری کراوەو سزای بۆ دیاری کراوە و ئەویش



بریتی بوو لەوەی ئەگەر هاتوو لاوەکان لەکاتی دزیدا بەهۆی لێ نەهاتوویی و تەردەست نەبوونەوە گیران ئەوا لەم حاڵەتەدا تەمێ دەکران. بەزۆری بەمەبەستی پێشاندانی ئازایەتی و بوێری کۆمەڵێک لە گەنجەکان لەلای سەرۆکی خێڵ ناوی خۆیان دەنووسی و خۆیان دەناساند و ڕایاندەگەیاند کە دەتوانن دزیی سەیرو سەمەرەو نائاسایی بکەن، بۆ نموونە دەتوانن ئازیزترین و باشترین شتی فڵانە سەرۆک خێڵ بڕفێنن و لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارەدا، خەڵاتیان پێدەبەخشرا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە سەبارەت بەدابونەریت و یاساکانی ئسپارت زانیارییەکی زۆرمان لەبەردەستدا نییە هەتا بتوانین سەبارەت بەو قەزاوەتێکی ڕاست بکەین و تەنیا هەندێ زانیاری کەم لە کتێبی پلۆتارک و هەندێ سەرچاوەی مێژووی دیکە لەبەردەست دایە. تەنیا شتێک حاشا هەڵنەگرو سەلمێنراوە، ئەویش ئەوەیە کە سەرهەڵدانی دزی و سزادانی ئەم کردەوەیە تەنیا پاش پەیدابوونی مافی مالکییەتی تایبەتی و سوود وەرگرتنێکی قۆرغی لە شتێکی دیاریکراو، هاتۆتە ئاراوەو بەهیچ جۆرێ ئەم مافە بەشێوەیەکی دانپیانراو و گشتی بوونی نەبووە، هەتا دزی کە بەشێکی لاوەکی ئەوە وەکو تاوان سزای بۆ دیاری بکرێت، بەڵام ڕق و نەفرەتی پێشینیان، یان لەڕووی ناجوامێرانەو نهێنی بوونی ئەم کردەوەیە بووە یان لەبەر ئەوەی ئەم کارە بەپێچەوانەی دابونەریتەکان و بەبێ پێشینەیەکی دیاریکراو ئەنجام دراوە، هەر بۆیە لە هەندێ شوێن کەوتۆتە بەر ڕق و بێزاری خەڵکەوە.

(٢٢) نووسەری ڕۆحی یاساکان لەم بەشەدا ئاماژەی بەهەندێ لە وتەکانی پولیب کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی تێروتەسەل باسی نەکردووە و ڤۆلێتر سەبارەت بەم بابەتە بەدرێژتری دواوە، کەواتە بەسوود وەرگرتن لە بیروبۆچوونەکانی ڤۆلتێر هەندێ ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکەین.

یۆنانییە کۆنەکان بەئارکادییەکان و ئەوانیتریشەوە موزیکیان زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام موزیک تەنیا ئاوازی ئامێرە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا نەبووە، بەڵکو ئەم وشەیە هەموو سەنعەتێکی جوانکاری و هونەرە جوانەکانی دەگرتەوەو بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە بەشی زۆری خواوەندەکانی پیشەی جوانکاری بە (موز) ناوزەد دەکران. موزەکان لەبەر ئەوەی خاوەنی سیفەتی میوزیک بوون، هەموویان بەخواوەندی یۆنانی کۆن و بەتەسەوری یۆنانییەکانی ئەو سەردەمە کچانی (حافظە) بوون و حافظە بەیەکێک لە خواوەندە مەزنەکان لە قەڵەم دەدرا. یۆنانییەکان لەسەر ئەو بڕوایەبوون، لەبەر ئەوەی حافظە هەستی هەموو زانین و هونەرە جوانەکانە و بەبێ حافظە مرۆڤ زۆر لە ئاژەڵ بێ بەهاتر دەبێت، هەر بۆیە حافظەو خواوەندەکەیان بەخوای خواوەندەکانی هونەرە جوانەکان واتە خوای موزەکان کە هەموو موزیکێک دەگرێتەوە، لە قەڵەم دەدا.

وادێتە بەرچاو کە یۆنانییەکان ئەم وشەیەیان لە میسرییەکان وەرگرتبێت، چونکە لە کتێبی (تریس مژیست) واتە تاکە لە کتێبێک کە کتێبخانەی مەزنی میسری دێرین ماوەتەوەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی. زۆر باسی موزیک کراوە.

تریس مژیست ناوی خواوەندێکی میسرییەو تایبەتە بە هێرمس و هێرمس بە (مثلث الحکمە) ناوزەد دەکرا. ئەم ئەفسانەیە لە سەدەی سێهەمی زایینیدا و گوایە ئەم خواوەندە میسرییە گەلێک کتێبی نووسیوەو لەنێو چوونە و دەبێ بیاندۆزینەوەو پەنابەینە بەر حەقیقەت و مەعریفەکان. دواتر شێوەیەکی تری بەخۆوە گرت کە هیرمس داهێنەرو دروستکەری هەموو زانستەکان بووەو نووسینی ٢٠ هەزار هەتا ٣٦٥٢٥ بەرگ کتێب دەخەنە پاڵ ئەوەوە و دەڵێین هەر هەموویان لەناوچوونە و لەنێو ئەوانەدا گەلێک کتێبی هێمایی و نهێنی لەسەر سیحرو ئسترلاب و کیمیا هەبووە. کتێبێک بەناوی خشتەی یاقووتی کە خراوەتە پاڵ (هێرس. تریس مژیست) ئێستا لەبەردەست دایەو باسی سیحرو ئسترلاب دەکات. لەم کتێبەدا هاتووە، خواوەند بەهۆی موزیکەوە گەردوونی دروستکرد، هەر بۆیە لە وڵاتی یۆناندا بەهەموو چەشنە نەزم و ڕێکوپێکییەکیان دەگوت موزیک و لە ئاکامدا وشەی موزیک بۆ دەنگی مرۆڤ و ئاوازی ڕێکوپێکی ئامێرە مۆسیقییەکان بەکارهێنرا - یاساو

ئەحکامەکان بەهۆی موزیکەوە بەخەڵک رادەگەیەنرا و لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە کە جارێ جەنگی فیلیپی باوکی ئەسکەندەر لە دژی یۆنانییەکان بەهۆی موزیکەوە لە ئەسینا ئەنجام دراو بەئاوازەوە لەنێو مەیدانە گشتییەکاندا خوێنرایەوەو فیلیپ پاش سەرکەوتن بەسەر یۆنانیەکان و بەمەبەستی سووکایەتی کردن پێیان، فەرمانیدا ئەو رێوشوێنە بەئاوازەوە بخوێننەوە کە لە دژی فیلیپ دایانڕشتبوو و موزیسیۆنەکان بەئاواز ژەنیان. بەکورتی لەسەرەتادا موزیک مانایەکی بەربڵاوی هەبووە و بەهەموو هونەرە جوانەکان وتراوە و کاتێک پێشینیان دەڵێن موزیک ئەخلاق و دابونەریتی یۆنانییەکانی خاوێن کردەوە، مەبەستیان هەموو هونەرەجوانەکانە نەک تەنیا ئاوازی تارو عودو شتی لەم جۆرە.

(٢٣) نووسەر ئەم جۆرە عیشقەی لە ژیاننامەی (پلوپیداس) وەرگرتووە، بەڵام باسی ماهییەت و ناوەڕۆکەکەی نەکردووەو وادێتە بەرچاو جۆرە عیشقێک بووە کە پاکی و کەرامەتی بریندارکردووەو نووسەر لەبەر پاکی قەڵەمەکەی نەیویستووە روونی بکاتەوە. بەزۆری ئەم جۆرە عیشقبازییانەیان لەگەڵ کوڕە گەنجەکاندا دەکرد.

(٢٤) ئەگەر سەرکردەکان خەڵکانی چاکە کاربن و لەڕووی لێهاتوویی و کارزانییەوە بۆ پلەوپایەکان هەڵبژێردرێن، ئەگینا کەڵکی خراپ لەرێزی خەڵک وەردەگرن و خۆبەزلزان و را لە خۆدەبن و هەر ئەو بارودۆخە پێکدێت کە ئەمڕۆکە کەم و زۆر بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا فەرمانڕەوایە.

(٢٥) ساتۆرن خواوەندی عەتارود بووە لە یۆنانی کۆندا.

(٢٦) گێڕانەوەی ئەژدادی، دانەوەی ئەو زەویوزار وتیولانەبوو کە باب و باپیری خانەدان و ئەو کەسانەی خاوەنی ئەو تیولانەبوون و بەهۆی دەست بڵاوییەوە لە دەستیان دابوون. لە یاسای فەڕەنسا نەوەی ئەو کەسانە دەیانتوانی بەپشتیوانی ئەم بنچینە یاساییە ئەو زەوی و زارو تیولانە وەربگرنەوە، چونکە تیول نەدەگوێزرایەوە بۆ کەسێکی ترو دەبوایە لە ژێردەستی بنەماڵەی خاوەن تیولەکە بمێنێتەوە.

(٢٧) کوڕو نەوەی خاوەن تیولەکان لەماوەی ساڵێکدا مافی ئەوەیان هەبوو نارەزایەتی دەرببڕن و ئەگەر هاتباو زەوی و زارێک کە پێشتر تیول بووبێت و لە ئاکامی دەست بڵاوی باب و باپیرانیانەوە فرۆشرابێت و لە دەستی ئەوان چووبێتەدەر، ئەوا خاوەندارێتی کڕیارەکە بۆ ماوەی ساڵێک لەرزۆک و ناسەقامگیر دەبوو و خاوەن تیول و کوڕو نەوەکانیان دەیانتوانی پەنا ببنە بەردادگاو بەهۆی بنچینەی یاسایی گێڕانەوەی ئەژدادی داوای مافی خۆیان بکەن و لە حاڵەتی سەلماندنی تیول بوون، زەوییە فرۆشراوەکە وەربگرنەوە و بۆ ئەوەی لەو نێوەدا هیچ مافێک پێشێل نەکرێت، هەموو ئەو زەوی و زارەی دەفرۆشرا بۆ ماوەی ساڵێک خاوەندارێتی کڕیارەکە لەرزۆک و ناجێگیردەبوو و لەراستیدا زەوییەکە بەبێ خاوەنی دەمایەوە. ئەم یاسایە هەندێ عەیب و کەموکوڕی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لێرەدا مەبەستمان رەخنەگرتن نییە، بەوەند روونکردنەوەیە کۆتایی پێ دێنین.

(٢٨) لەم وتەیەوە بۆمان دەردەکەوێ، ئەگەرچی ریشیلیۆ خۆی بەمەشروطە خواز نیشان دەدا، بەڵام خاوەنی بیروبۆچوونی ئیستبدادی بووە و مەبەستی لە پلاری هاوڕێکان، ئەو بیروبۆچوونەیە کە پێچەوانەی بیروڕای ئەوبێت.

(٢٩) لویزیان یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەتازۆنییەو مەبەست لە بەربەرییەکان، سوور پێستە رەسەنەکانی ئەمریکایە.

(٣٠) لە مێژووی گشتی، نووسینی بوفندۆرف سەبارەت بەسوید وەرگیراوە.

(٣١) ئەم کردەوەیە لە ئەخلاقی نادرشای ئەفشار وەرگیراوە. نادرشا کوڕە خۆشەویست و گەورەکەی خۆی لەبەرچاوی دایکی کوێرکرد، چونکە هەستی بە رکابەری کوڕەکەی دەکرد.

(٣٢) ئەم بابەتە لەنووسینەکانی ژوستینینی مێژوونووسی رۆمانیدا هاتووە کە لەسەدەی دووەمی زایینیدا ژیاوە.



(٣٣) مەبەستی نووسەر، تورکیای عوسمانی و دەرباری بابی عالیە نەک تورکیای ئێستا.

(٣٤) وەکو سزارو کرۆمۆل و چەندان کەسی تر کە لە پێناوی سەرەڕۆیی خۆیاندا یاساکانیان سادەو دەتوانین بلێین یەکسان کرد بەهیچ. ئاشکرایە دیکتاتۆرەکان و ئەو کەسانەی ئەفکاری ئیستبدادییان هەبووە، بەر لەهەموو شتێک یاساکانیان سادەو ساکار کردۆتەوەو پاشان هێدی هێدی پشتگوێیان خستوون.

(٣٥) لە رۆمای کۆندا دادوەرەکان مافی ئەوەیان نەبوو کە هۆکاری هێمن و توندو بارودۆخ و هەلومەرج و لانی کەم و لانی زۆری سزاکان وئەم جۆرە جیاکردنەوانە بەکاربێنن. ئەرکی دادگا، وەکو دادوەری لێکۆڵینەوەی ئێستا تەنیا تاوتوێ کردن و رادەربڕین بوو لەسەر روودان یان روونەدانی تاوانەکە. مەبەستی مۆنتسکیۆ ئەوەیە کە پێویستە لەنێو حکومەتە کۆمارییەکان ئەم شێوازە بەکاربهێنرێت و دادوەرەکان سەڵاحییەتی دیاریکردنی سزایان نەبێت بۆ ئەوەی نەکا کەڵکی خراپی لێوەربگرن.

(٣٦) ماکیاڤیلی فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیتالیاییە و خاوەنی بنچینەیەکی تایبەتی بوو و لای ئەو گەیشتن بە ئامانج گرنگ بوو، جا رێگەی گەیشتن بەو ئامانجە مەشروع بێت یانا مەشروع گرنگ نییە.

(٣٧) مەبەستی نووسەر لە ئالیشەو گرفتی گەورە هەمان پەرش و بڵاوی بیروبۆچوونەکان و کەڵکی خراپ وەرگرتنە کە رەنگە خەڵک لەکاتی هەراوهۆریاو پشێوی دژی تاوانبارێک پێی هەڵسن. سەرەڕای ئەوە، لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، لەبەر ئەوەی میللەت بۆخۆی داواکارە، ناتوانێ ببێت بە دادوەریش و حوکمەکەی دادپەروەرانە نابێت و لەکاتی دادگاییدا رەچاوی پێوەرە یاساییەکان و وردەکاری و لێپێچینەوە ناکات.

(٣٨) تایبەتمەندبوونی سامان و دارایی تاوانبارەکان بەکەنیسە لە پێناوی پێشگیری کردن بوو لە داگیرکردن و تاڵانی گشتی (خەڵک)و جۆرە رێوشوێنێک بوو کە بەناوی پیرۆزکردنی سامان و دارایی بەرقەرارکرابوو.

(٣٩) (دسموێرەکان) دە دادوەر بوون کە لە رۆمای کۆندا یاسای بەناوبانگی دوازدە تابلۆکەیان داناو هەر ئەوانیش جێبەجێیان دەکرد. لەم نموونەیەدا کە نووسەر لە زمانی تیت لیڤەوە گێڕاویەتەوە، باسی ستەمکاری دسموێرەکان دەکات، چونکە بەر لە قەزاوەت و دەرکردنی حوکم، داوا لێکراو واتە ڤێرژینیان تەسلیمی داواکار کرد. شتێکی ئاشکرایە کە ئەم کردەوەیە هەم دژی ئامانجی قەزاوەت و حوکم دەرکردنەو هەم ستەمێکی گەورەشە.

(٤٠) ئەم بابەتە زۆر وردو جێگەی سەرنجی دەسەڵاتدارەکانە. هەروەک چۆن خاوێنی و خۆپارێزی بۆ تەندروستی باشترە لە دەرمان و چارەسەرکردن و ئەگەر گرنگی بە خاوێنی و خۆ پارێزی بدرێت ئەوا نەخۆشی کەمتر و لە ئاکامیشدا کەمتر پێویستیمان بە چارەسەر دەبێ، هەر بەم جۆرە ئەگەر پێشی فاکتەرەکانی روودانی تاوان بگیرێ و ئەو فاکتەرانە نەهێڵرێن و ئەخلاقی باش فێری خەڵک بکرێت، ئەوا تاوانبار کەمتر دەبێ و کەمتر پێویستیمان بەسزادان دەبێت.

چەند باشە ئەگەر وەکو یاسا جینایییەکان کە بەخەڵک دەڵێن ئەگەر فڵانە کاری خراپت ئەنجامدا فڵانە سزات بەسەردا دەسەپێت، یاسای ئەخلاقی و مەدەنیش لە ئارادابێت و فڵانەکاری باش بناسێنی و دەرەنجامەکەشی لە خەڵک بگەیەنێت و بگرە چاکتر وایە کە هەر لە بنەڕەتدا باسی کردەوەی خراپ نەکا بۆ ئەوەی بیر لە ئەنجامدانی نەکەنەوە. من ناڵێم سزای سەر تاوانەکان هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵکو دەڵێم دەزگای دادپەروەری دەبێ وەکو دەزگای تەندروستی میکانیزمەکانی هاندانی خەڵک بەرەو کاری باش دەستەبەر بکات و فاکتەرەکانی رووداني تاوان نەهێڵێت بۆ ئەوەی هیچ کەسێک تاوان ئەنجام نەدات، بەڵام هەڵبەت ئەگەر کەسێک تاوانێکی ئەنجامدا، دەبێ ئەو سزایەی کە چارەسەرەکەیەتی بەسەریدا جێبەجێ بکرێت. لەوانەیە رەخنەگرەکان لۆمەم بکەن و بڵێن ئەم کارە ئەرکی دەزگای دادپەروەری نییە. مەبەستی منیش لە بەکارهێنانی دەزگای دادپەروەری مەفهوومە

تایبەتییەکەی نییە، بەڵکو مەبەستم بنەمای حکومەت و دەوڵەتە کە بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوایی دەکا، مەبەستم یاسادانەرو دەسەڵاتدارەکانە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن لە کۆمەڵگادا برسییەتی سەرهەڵنەدات نەک دزی نان بەتوندی سزابدەن، هەوڵ بدەن خەڵک فێری فێڵ و ساختەکاری نەبێت نەک تەنیا ساختەچییەکان بەتوندی سزابدەن. تێبکۆشن لەنێو گەلدا رۆحی متمانەو دڵنیایی و دەستپاکی بێتەئارا. دارشتن و جێبەجێکردنی ئەم جۆرە یاسایانە کە لەنێو کۆمەڵگادا ئەم چەشنە دەرەنجامە باشانەی لێ بکەوێتەوە، لە هەموو کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا پێویستە.
(٤١) هۆستولیوس سێهەمین پاشای رۆمانەکان بووەو لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ژیاوەو گەلێک جەنگی سەخت و دژواری لە دژی دانیشتوانی ویلایەتی ئالب دا کردووە.
(٤٢) سەبارەت بەم بابەتە ڤۆڵتێر دەڵێ: پرەنسیپی بەخشین یەکێک لە خاڵە بەرجەستەو باشەکانی رۆحی یاساکانە، بەڵام بەرتەسک کردن و تایبەتمەندکردنی بەخشین بە پاشاکانی حکومەتی دەستووری جێگەی رەخنەیە، چونکە پاشا ملهوڕو موستەبدەکانیش دەتوانن خەڵک ببەخشن و زۆرجار بینراوەکە پاشاکانی حکومەتی دەستووری کەڵکیان لەم سەڵاحییەتە وەرنەگرتووە، هەروەک چۆن شارلی یەکەمی پاشای ئینگلیز ئستراتفۆردی نەبەخشی و هەروەها هێنری چوارەمی پاشای فەرەنساش مارشاڵ بیرنی نەبەخشی.
(٤٣) شاری رێژ کەوتۆتە بەشی کۆتایی باشووری ئیتالیاو نزیکی دورگەی (سیسیل)ە. خەڵکی رێژ لەوە دەترسان نەکا کارتاژی یان یۆنانییەکان هێرشیان بکەنە سەر، هەر بۆیە داوای یارمەتییان لە کۆماری رۆما کرد، دەوڵەتی رۆما هاوکاری کردن و لە ویلایەتی کامپانی کە خەڵکێکی بەربەری و دڵڕەقی تێدا نیشتەجێ بوو، سوپایەکی پێکهێناو لە ژێر فەرماندەیی دسیوس ژۆ بلیوس رەوانەی ئەوێ کرد. ئەم فەرماندەیە گەیشتە رێژو سەیری کرد ئەو شارە لە تەجەمول و ساماندا نغرۆ بووەو ویستی دەست بەسەر سامان و دارایی خەڵکدا بگرێ و بۆ ئەم مەبەستە هەموو خەڵکی شاری داوەت کردو میوانداری لێکردن و لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا سەری هەر هەموویانی بڕی.
(٤٤) بونز ناوی گشتی پیاوە ئایینییەکانی دینی بوودایییە و دێریش پەرستگاکەیانە.
(٤٥) سانسۆرەکان خاوەنی دەسەڵات و نفووزێکی زۆربوون و لە پێناوی چاک کردنی ئەخلاقی گشتی و پێشگیریکردن لە گەندەڵی و کەموکوڕییەکان بەوپەڕی فەزیلەت و نیشتمانپەروەری و لەڕووی ئیمانەوە تێدەکۆشان. مەزنی فیکری ئەو گەورە پیاوانە لە رۆمای کۆندا بەرادەیەکی ئەوتۆ بوو کە بچووکترین گۆشەی کۆمەڵگاشیان دەخستە ژێر چاودێرییەوە و دەتوانین بڵێین مەزنی رۆمای دێرین قەرزداری سیفاتی بەرزی ئەوانە کاتێ پێنج نوێنەری ئەنجوومەنی سەنای رۆما لایحەیەکیان لەمەڕ زیادکردنی یەک لەسەر دەی خەرجی جەژن و پێشوازییەکان خستە بەردەستی ئەنجوومەنەوە، یەکێک لە سانسۆرەکان بەناوی (دوروینوس) ئەوانی لە ئەنجوومەن وەدەرنا. ئەم بابەتە لە کتێبی هۆکاری مەزنی و داروخانی رۆما بەدووررودرێژی باسی لێوەکراوە.
(٤٦) مەبەستی نووسەر، سەڵتەنەتی شاژن ئەلیزابت لە ئینگلتەراو سەڵتەنەتی شاژن کاترینە لە رووسیا.
(٤٧) لێرەدا مەبەستی مۆنتسکیۆ ئەوەیە کە لە دیموکراسی نارێک و پێکدا، رکابەری، رالەخۆیی، هەستی بەرزی و ئەفزەلییەت بەسەر خەڵکانی تر لەگەڵ ئەو ناوانەدا تێکەڵاو دەبێت و رۆحی یەکسانی راستەقینە لەنێو دەبات و لەو هەراو هەنگامەیەدا هەمووکەس خۆی لەگەڵ ئەویتردا بەیەکسان دەزانێ و هەستی مرۆڤ دۆستی لەناو دەچێت.
(٤٨) لە نووسینەکانی تاسیتەوە (مێژوونووسی رۆمانی سەدەی یەکەمی زایینی) بۆمان دەردەکەوێ کە لەسەردەمی ئیمپراتۆری تێبێر لە رۆما، نیشانەو مەدالیایان دەدا بەو کەسانەی هەواڵگری و جاسوسییان دەکردو پەیکەریان بۆ دروست دەکردن و ئەم کارە بەڕادەیەک شانازی و سەربەرزییەکانی پڕوپووچ کردبوو و شەرافەت و پایەبەرزی لەگەڵ سووکی و ناکەسیدا هاوتا کردبوو کە کەسانی



لێهاتوو و بەڕێز، بەچاوی سووکایەتییەوە سەیری ئەم پلەو پایانەیان دەکرد.
(٤٩) پێشتر زاراوەی ئاکادیمی بۆ بنکەو بنیاتی وەرزشی بەکاردەهات و بەکۆڕو ئەنجوومەنی زانستییان دەگوت لیسە، بەڵام ئێستا ئەم زاراوەیە بۆ ئەنجوومەنی زاناو بیرمەندەکان بەکاردێت.
(٥٠) لەم بەشەدا هەندێ لە زاراوەکان شی دەکەینەوە. سیناتۆرەکان نوێنەری ئەنجوومەنی سەنابوون، سیناتۆریونەکان سەرۆکی دەستەی چین وتوێژەکانی خەڵک بوون شوالییەکان، ئەفسەری سەربازی بوون. خەزێنەدارەکان، پاشەکەوتکاری دەستپاکی دارایی و بەرپرسی وەرگرتنی باج بوون.
(٥١) کێوی پیرۆز شوێنێکە دەکەوێتە قەراغی شاری رۆماو تاکو ئێستاش هەر بەوناوە ماوەتەوە و ئێستا بنکەیەکی توریستییەو خەڵک و گەڕیدەکان رووی تێدەکەن. جاران ئەم کێوە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک بوو و کاتێک دەیانویست لە دژی چینی ئەرستۆکراتەکان راپەڕن و بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن و یان کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن و یان ستەمکارێک لەنێوبەرن، خەڵک روویان دەکردە کێوی پیرۆزو سوێندیان دەخوارد و کۆبوونەوەیان دەبەست بۆ ئەوەی لە بەئەنجام گەیاندنی مەبەستەکەی خۆیان پەیمان شکێنی نەکەن. گردی فاتیکانیش کە کەنیسەی سێن پیری لەسەر ئەو دروست کرابوو، لەم جۆرە شوێنانەیە کە پێشتر رۆمانەکان لەم جۆرە کاتانەدا روویان تێدەکرد.
(٥٢) سی پێون، سەردارێکی بەناوبانگی رۆمانییە کە توانی ئانیبال تێک بشکێنێ.
(٥٣) بارودۆخی تایبەت بریتییە لەوەی پاشای وڵاتێکی بچووک لە نێوان دوو دەوڵەتی گەورەدا بژی و لەژێر تیشکی رکابەرایەتی ئەواندا درێژە بەژیانی خۆی بدات، بەڵام بارودۆخێکی ئەوتۆ هەتا سەربەردەوام نابێت.
(٥٤) مەبەستی نووسەر حکومەتی سەدەکانی رابردووی چینە.
(٥٥) بەم جۆرە حکومەتانە دەگوترێ کۆماری فدراتیڤ و لەوە بەدوا بەحکومەتی کۆماری یەکگرتوو ناوی دەبەین.
(٥٦) هۆڵەندییەکان لەسەدەی هەژدەدا خاوەنی ئەم جۆرە حکومەتەبوون، نزیکەی پەنجا کۆماری بچووک واتە پەنجا شاری سەربەخۆ بەهۆی یەکگرتنی خۆیانەوە حکومەتیان پێکدەهێنا، بەڵام ماوەیەک دەبێ حکومەتی هۆڵەندا بۆتە حکومەتی دەستووری. وڵاتی سویسرا لە بیست و دوو کۆماری جیاواز پێک هاتووە و حکومەتی سویسرا نموونەیەکی بەرچاوو تەواوی کۆماری فدراتیڤە. دەوڵەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ بەدواوە تاکو پێش جەنگی دووەمی جیهانی ئیمپراتۆرییەک بوو لەسەر شێوەی وڵاتی یەکگرتوو. دەوڵەتی ئەمریکای باکوور گەورەترین و کاملترین جۆری حکومەتی کۆماری یەکگرتووە کە لەسەر بنچینەی دیموکراسی بەرێوەدەچێت. رژێم و شێوازی دەوڵەتی رووسیا لە دوای شۆڕشی ١٩١٧وە حکومەتێکی فدراتیڤە و لە رێگەی یەکگرتنی چەند کۆمارێکەوە، حکومەتی ناوەندی پێکهاتووە.
(٥٧) لە هەمان کاتیشدا نزیکی پایتەخت لە سنوورەکان، هەندێ بەدبەختی بۆ فەرەنسا پێکهێناوەو لە پێناوی داگیرکردنی پاریسدا، چەندین هێرشی یەک لەدوای یەک کرایە سەر فەرەنسا، چونکە لە سنوورەکان نزیک بوو و زەحمەتێکی ئەوتۆی بۆ پەلاماردەرەکان پێک نەدەهێنا.
(٥٨) هەر ئەم بیرە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا لە مێشکی زۆربەی هەرە زۆری پاشاو دەسەڵاتدارە بەهێزەکانی ئەوروپادا سەری هەڵداوەو لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەو گەیشتن بەم ئارەزوویە جەنگی خوێناوییان بەرپاکردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە. مێژوو دەریخستووە کە بەر لەلویسی چواردەو پاش ئەویش لەسەردەمی شارلمانی تاکو قۆناغی ناپلیۆن زۆربەیان ئەم فکرەیان لە مێشک دابوو. بنەمای جەنگی دووەمی جیهانیش هەر لەسەر ئەو بیرەو حکومەت کردن بەسەر کیشوەری ئەوروپادا دامەزرابوو و ئەم بیرە لە مێشکی هیتلەردا خولی دەخوارد، بەڵام ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ئەم بیرە لەگەڵ شکست بەرەو روو دەبێت.
(٥٩) لە سەردەمەکانی پێش مۆنتسکیۆ و تا بەر لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، ئەم پرەنسیپ و بنچینانە

زۆر بەکەمی لە جەنگەکاندا ڕەچاو دەکران و دەکرێ بڵێین هیچ حسێبێکیان بۆ نەکراوە و مافی داگیرکار بوو ئەگەر بکوژێ و بروخێنێ و وێران بکاو کۆمەڵگاو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا داگیرکراوەکە لەنێو ببات. ئەو مافە نێو نەتەوەییەی کە ئەمڕۆکە باوەو ئەو پڕەنسیپانەی کە لە جەنگەکاندا ڕەچاو دەکرێن و ئەو ڕێوشوێن و ڕێو ڕەسمەی کە دوای داگیرکردن کاری پێدەکرێ و پاکی ڕەسمیات و ڕەچاوکردنی مافی دیلەکانی جەنگ و گۆڕینەوەیان و پاراستنی دابونەریتی میللەتە داگیرکراوەکە، هەرهەموویان لەسەر بنەمای ئەم ڕێنمایانەو لە ئاکامی ئەو دەستوورات و بیروبۆچوونە هێمن و میانڕۆیانەوە بووە کە لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

(٦٠) مەبەستی مۆنتسکیۆ لە وەبیرهێنانەوەی فەرمانی گشتی کە سەبارەت بەم بابەتە لە ١٨ ئۆکتۆبەری ١٧٣٨ لە فەڕەنسا دەرچووە، زیاتر لایەنی سیاسی بابەتەکەیە نەک لایەنی مەدەنی و مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسانەی لەلایەن داگیرکارەوە بۆ چارەسەرو یەکالاکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی میللەتی داگیرکراو دیاری دەکرێن، پێویستە بەپێی بەڵگە حوکم دەربکەن نەک لەژێر کاریگەری غووری داگیرکاری و سەرکەوتن و بەپێی زانیاری و بیروباوەڕی خۆیان.

(٦١) مەبەستی دابونەریتی دینی زەردەشتییە.

(٦٢) کرانیک یەکێک لە ڕووبارەکانی ئاسیای بچووکەو کەوتۆتە تورکیا.

(٦٣) یەکەمین جەنگی ئەسکەندەر لەگەڵ داریوشدا ناوی (ئیسوس) بوو.

(٦٤) ئەم نەریتە لەنێو یارییە یۆنانییەکاندا باوبوو و گرەویان لەسەر وەرێخستنی پێشبڕکێیەکە دەکرد نەک لەسەر ئەنجام و سەرکەوتنی.

(٦٥) مەبەستی گەلی ڕووسیاو شێوازی ژیانی ئەو میللەتەیە بەر لە هاتنە سەر حوکمی پێتری گەورە.

(٦٦) مەبەستی میللەتی ئینگلیزە.

(٦٧) ئەمەیە فەلسەفەی پێکهاتنی ئەنجوومەنی سەنا لە وڵاتە دیموکرات و دەستوورییەکاندا، دەسەڵاتی یاسادانان بەهەردوو ئەنجوومەنی نەتەوەیی و ئەنجوومەنی سەنا دەسپێردرێت.

(٦٨) دەسەڵاتی نوێنەرانی ئەنجوومەنی سەنای ڕۆما زۆر کەموکوڕی هەبوو، چونکە نەتەنیا پێشی یاسادانان بەڵکو پێشی جێبەجێکردنی یاساکانیشیان دەگرت و ئەم کردەوەیە گەلێک بەدبەختی لە ڕۆمادا هێنا ئاراوە.

(٦٩) ئەم چاودێری کردنە لە دەوڵەتێکی ئازادی وەکو دەوڵەتی ڕۆما بەدەسەڵاتی یاسادانان سپێردرابوو و ئەمە یەکێک لەلایەنە باشەکانی دەوڵەتی ڕۆما بوو لەچاوکرێت و لاسدمۆن، چونکە لەوێدا ئفورەکان و کەسیمەکان سەبارەت بەشێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ڕاپۆرتیان نەدەدا.

(٧٠) حکومەتی گنید یاساکانی ڕێگەی نەدەدا، ئامیمونەکان، واتە ئەو دەسەڵاتدارانەی هەموو ساڵێک لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردران، تەنانەت پاش تەواوبوونی بەرپرسایەتییەکەشیان، لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و گەل نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمەی کە لێی کراوە. لێ پێچینەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان بکات.

(٧١) لێرەدا مەبەستی نووسەر لە گەورە پیاوەکان هەمان وەزیرە بەرپرسەکانن و ئێستاش بنچینەی یاسای دادگایی کردنی وەزیرەکان کە لەژێر چاودێری دەستەو ئەنجوومەنی یاسادانانەوە بەڕێوەدەچێت و لێپێچینەوە سەرەتاییەکان لەلایەن ئەنجوومەنەوە ئەنجام دەدرێن هەر لەم بنەماو ڕێنمایانە وەرگیراوە.

(٧٢) مەبەستی سیستەم و پێکهاتەی دەوڵەتی ئینگلیزە.

(٧٣) نووسەر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ باج لەڕووی بارودۆخی ژیانی خەڵک و داهات و پێشکەوتن و پێداویستی گەل، ساڵ بەساڵ دیاری بکرێت و هاوکات بەپێی ڕادەو شێوازی وەرگرتنی داهات هەموو ساڵێ چاو بەیاسای بودجەدا بخشێنرێتەوە نەک ڕادەیەکی دیاریکراوی باج بەشێوەیەکی بەردەوام لە خەڵک وەربگیرێت، ئەم ڕێوشوێنە هەرلەوکاتەدا کە لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە لایەنی



ئابووریشی هەیەو ژێرخان و توانای ئابووری گەل هەموو ساڵێ دەکەوێتە بەر دیدی یاسادانەرەکان...

(٧٤) حکومەتی (گوتیک) بریتی بوو لە حکومەتی مەدەنی و سیاسی سێ نەوەی بەناوبانگی فەڕەنسا کە لەسەر پڕەنسیپ و ڕێوشوێن و نەزم و ڕێکوپێکی دامەزرابوو و هەرکامەیان ناوێکی تایبەتی هەبوو، یەکەمیان (مروونژین) و دووەمیان (کارلوونژین) و سێهەمیان (کابسین) و بەهەمووشی دەگوترا حکومەتی گوتیک.

(٧٥) ئەستێرەناس و سیحربازەکان کە بەختی باش و ڕەشیان دەبینی، پێیان دەگوترا ئوسپیس.

(٧٦) نێوان شا بەپلەی سەرۆک وەزیران گوتراوە کە لە دوای پاشا خاوەنی بەرزترین پلەوپایەبوو و بۆیەش پێیان گوتووە نێوان شا چونکە لە نێوان پاشاو گەلدا قەراری گرتووە.

(٧٧) هاوپەیمانی ڕۆمانەکان ئەو میللەتانە بوون کە بەڕواڵەت لەژێر چاودێری حکومەتی ڕۆمانەکان و لەراستیدا لە دەرەوەی ئەوان بوون و هەموو ساڵێ بڕە پارەیەکی زۆریان دەدا بەڕۆمەکان بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێ بکەن، دەوڵەتی ڕۆماش ساڵێ جارێک هەندێ دیاری بچووکی وەکو گۆچانی عاج و شتی لەم جۆرەی بۆ پاشای ئەو میللەتانە دەنارد کە لەراستیدا هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو و ناسناوی هاوپەیمانی پێدەبەخشین.

(٧٨) لژێۆن سووپای پیادەو سوارەی ڕۆمانی بوو کە ئازایەتی و فیداکاری و دلێری ئەوان بۆ ماوەی ٦٠٠ ساڵ بووە هۆی دەسەڵات و سەروەری ڕۆمانەکان و دەتوانین بڵێین بەهێزترین لەشکری سەردەمی خۆی بووە. لە کتێبی هۆکاری مەزنی و داروخانی ڕۆماندا هاتووە کە فەرماندەکانی ئەو سووپایە بەسەربازەکانی خۆیانیان دەگوت، سوپای ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ئێوەدا یەکسانە، بەڵام نەزم و دیسیپلینی ئەوان زیاترە.

(٧٩) مەبەستی ئاماژەکردنە بە دەسەڵاتدارە ملهوڕ و موستەبدەکانی ڕۆمی ڕۆژهەڵات.

(٨٠) پاش داگیرکرانی مەقدونیە، باج لە ڕۆما هەڵوەشێنرایەوە.

(٨١) لە زمانی فەڕەنسی و زۆربەی نەتەوە ئەورووپییەکاندا بەمانای نێربازی بەکاردەهێنرێت.

(٨٢) دەستەی سەوز هەندێ ئەرستۆکرات بوون لە ڕۆمای کۆندا کە لە کاتی پێشبڕکێدا جلوبەرگی سەوزیان دەپۆشی و هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتییان هەبوو.

(٨٣) سەن مارس لاوێکی ئازادیخوازبوو کە لەسەردەمی لویسی سێزدەدا دەژیاو هەمیشە دژی کاروکردەوە خەڵک خەڵەتێنەکانی کاردینال ڕیشیلیۆی سەرۆک شالیاری لویس بوو تا لە کۆتاییدا بەجۆرێ سزایاندا کە هاوشێوەی ئەو بێ ڕەحمی و دڵڕەقییە لە مێژوودا نەبینراوە. ئەم لاوە حوکمی مەرگی بەسەردا سەپێنراو بەتەور لە ملیان داو لەبەر ئەوەی جەلادەکە نەزان بوو، بەسی و یەک لێدان ئەوجا سەری لە لەشی جیاکردەوە.

(٨٤) بەرەچاوکردنی ئەم ڕێنماییەیە کە یاسا جینایییەکانی ئەمڕۆکە، سزا بەسەر نیازونییەت دا ناسەپێنن و هێشتا نیازەکە دەرنەبڕدراوەو دەست بەئەنجامدانی نەکراوە. ناتوانین لەو تاوانە بپێچینەوە کە لە هزرو خەیاڵی تۆمەتبار دایە چونکە جگە لەو بنچینەیەی نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە (یاسا تەنیا لێپرسراوی سزادانی ئەو کردەوانەیە کە جێبەجێ کراون و ڕوویان داوە) عەیب و کەموکوڕی گەورەتریشی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بێتو بیری ئەنجامدانی تاوان و نیازونییەت، سزای بۆ دابنرێت ئەوا ڕێژەی تاوان ڕوو لە زیادبوون دەکات، چونکە کاتێ کەسێک دەبینێ نیاز و کردەوە، هەردووکیان یەک جۆرە سزایان بۆ دیاریکراوەو ڕاوەدودەنرێ، وای بەباش دەزانی نیازو مەبەستەکەی خۆی جێبەجێ بکات و بەئاکامی بگەیەنێت و لای ڕوونە کە هەرچۆنێک بێت سزا دەدرێت.

(٨٥) لە دادگاکانی ئینگلتەرادا، تەنیا یەک بەڵگە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی دادوەرەکان بەس نییە تا لەڕووی ئەوەوە ڕای خۆیان بدات و تۆمەتبارەکە مەحکووم بکەن، بەڵکو بەڵگەی قەتعی و حاشا هەڵنەگر بەپێی یاسا ئەوەیە کە لانی کەم دووشاهید لە دژی تۆمەتبارەکە هەبێ. هەروەها ئەگەر

کەسێک تۆمەتێکی خرابێتە پاڵ کە بەتاوانی گەورە ناوزەد کراوە و ئەم کەسە بتوانێ بەڵگەکان ڕەدبکاتەوە، بەجۆرێک کە مەحکووم کردنی بەپێی پێوەرە یاساییەکان مومکین نەبێت، ئەوا دەتوانرێ لایحەیەکی تایبەتی سەبارەت بەو کەسە بۆ ئەنجوومەن ببردرێت کە تارادەیەک بە داوانامەی داواکاری گشتی دەچێت، ئەم لایحەیە بەشێوەیەکی جیا سەبارەت بەو تاوانبارە ڕێکدەخرێت و بۆ ئەنجوومەن دەبرێ و لە هەمبەرییەوە وەکو سەرجەم لایحەکانی تر ڕەفتار دەکرێ، واتە دەبێ ئەنجوومەن پەسندی بکاو لەلایەن پاشاشەوە ئیمزا بکرێت. تۆمەتبارەکەش دەتوانێ لە ڕێگەی پارێزەرەوە بەرگری لە خۆی و دژی لایحەکە ڕاوەستێ و لەناو ئەنجوومەنیشدا دەتوانن دانوسانی لەسەر بکەن، بەم لایحەیە دەگوترێ ئەتاندەر.

(٨٦) (ودا) کۆنترین کتێبی ئایینی جیهانە کە لە هندی دێرێندا هەبووە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەهۆی نەبوونی خەت و نووسین دەماودەم گواستراوەتەوە. (حافظ)ی ودا پێشەوایەکی ئایینی و ڕووحانی بووە.

ودا لە چوار کتێب پێکهاتووە: کۆنترینیان (ریک ودا)یەکە سروودی خواوەندەکان و کردەوەی ئایینی ئالۆزو دژواری لەخۆ گرتووە، پاشان (ساما ودا) دێت کە لە دووتوێی خۆیدا کاروبارە ئایینییە تایبەتییەکانی هەڵگرتووەو لەڕاستیدا پوختەی کتێبی یەکەمە.

سێهەمیان (یاجور ودا)یەکە تایبەتە بە دەستوورات و ئەحکام و دوعاو پاڕانەوە و ڕێورەسمی قوربانی. چوارەمیان (ئەتاروا ودا)یە کە تایبەتە بە تەلیسماتی سیحری و پاڕانەوەو دوعای سەرکەوتن لە ژیان و پارێزراوبوون لە هەموو شەڕو خراپەیەک. بۆ یەکەم جار ئەم کتێبە بەزمانی سانسکریتی پێنج هەزار ساڵ پێش زایین نووسراوەو پاشان (ماکس مولێر)ی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی وەریگێڕایە سەر زمانە ئەوروپییەکان. بەبڕوای ماکس مولێر ریشەی ئەحکام و دەستووراتی زەندو ئاڤێستاو دینی زەردەشت لە (ودا) وەرگیراوە.

(٨٧) مەبەستی ئەو جەنگانەیە کە لە پێناوی دەسەڵات و تاج و تەختدا لە ئیسپانیا هەڵگیرسا.

(٨٨) خوێنەر پێویستە ئەوە بزانێت، هەروەکو لە ژیاننامەی نووسەردا ئاماژەی بۆ کراوە، مۆنتسکیۆ کتێبێکی لەسەر مێژووی سروشتی و نامیلکەیەکی لە بارەی شەفافییەتی تەنەکان و کێشی ئەو تەنانەو هەروەها نامیلکەیەکی سەبارەت بە مەسرەفی ڕژێنی گورچیلە نووسیوەو جگە لەوەی بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی بووە، وەکو توێژەرێکی سروشتیش لە قەڵەم دەدرێت.

(٨٩) تاورنیە دەڵێ: سەد سەربازی ئەوروپی زۆر بەئاسانی دەتوانن هەزار سەربازی هندی تێک بشکێنن.

(٩٠) ئەم کردەوەیە بەشێک لە داب و نەریتی ئایینی ئێرانییە دێرینەکان و بەشێکە لە دەستووراتی زەردەشت و لەسەردەمی ساسانییەکاندا باوبووە.

(٩١) مەبەستی نەخۆشی سیفلیسە.

(٩٢) جەنگەکانی نێوان کارتاژو ڕۆمانەکان بەجەنگی پونیک یان (بلۆپۆنیز) ناوزەد کراون.

(٩٣) لەم بەشەدا لە هەرجێگەیەک وشەی خواجەمان بەکارهێنا، ئەوا مەبەستمان مانا گشتییەکەیەتی واتە ئەو خواجانەی لە حەرەمسەراکاندا کاریان دەکرد. هەروەک باوبووە ئەو خواجانە یان هەر لە زگماکەوە نێرەمووک بوونە یان لە منداڵییەوە خەساندوویانن و ئەرکی خزمەت کردنی ئافرەتەکانی نێو حەرەمسەراو بەڕێوەبردنی حەرەمسەراکانیان لەسەرشان بووە.

(٩٤) پێدەچێ مەبەست عایشە بێت نەک خەدیجە.

(٩٥) فرە مێردی لەنێو عەرەبەکانی سەردەمی جاهلیەتیشدا باوبووەو پێیان دەگوت هاوسەریی (ضمد) و بۆ ناسینەوەی منداڵەکان لەنێو مێردەکاندا، ئەوا کامەیان زیاتر بە منداڵەکە چووبا، بەباوک دیاریدەکرا. لەنێو خێڵی (ئاندامانیت)دا ژن هی هەموو پیاوەکانی بنەماڵەیەو کوڕی گەورە هی باوکی گەورەیەو بەم جۆرە بەپێی تەمەن دابەش دەکرێن.



(٩٦) پێدەچێت مەبەستی نووسەر لەزۆربوونی دورگەکان، هندی هۆڵەنداو وڵاتی ئەندەنوسیای ئێستا بێت، ئەگینا هندستان هیچ دورگەیەکی لێ نییە.

(٩٧) مەبەستی نووسەر ٢٠٠ ساڵ بەر لەنووسینی کتێبی ڕۆحی یاساکانە کە تەتەرەکان پەلاماری چینیان داو مەنگولیاو چینی باکووریان داگیرکردبوو.

(٩٨) ئاتیک خاکێکی پان و بەرین بووەو کەوتۆتە باڵکان و، یۆنان و ئسپارت و ئەسینا بەشێک بوونە لەم و لەسەردەمێکیشدا ئاتێک بەشێکی تایبەتی پێک دەهێناو ئەسینا پایتەختەکەی بوو.

(٩٩) لە سەردەمە کۆنەکاندا بەهەندێ بنچینەیان دەگوت فۆرمۆل کە دەکرێ پەیڕەونامەی ئێستای لە بەرامبەردا دابنێین و بریتی بووە لە هەندێ ڕێوشوێن.

(١٠٠) مۆنتسکیۆ لە بەرگی دووەمی ڕۆحی یاساکاندا بە دوورودرێژی سەبارەت بەتیول دەدوێت و لەهەر جێگەیەک ڕوونکردنەوەیەک پێویست بووبێت ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێویستی دەزانم لێرەدا پێناسەیەکی تیول بکەم: تیول (deslehen) بریتی بووە لەو زەوی و زارانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەپێی هەندێ هەلومەرجی دیاریکراو و تایبەتی لەلایەن پاشاکانەوە بەئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان دەبەخشراو ئەوانیش (خاوەن تیولەکان) دەیاندا بە ڕەعیەت و ئتباعەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بەمەبەستی کشتوکاڵ سوودی لێ وەربگرن. خاوەندارێتی تیول پشتاوپشت و نەوە بۆ نەوە دەگوازرایەوەو پەیدابوونی تیول بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندان یاسا.

(١٠١) مەبەست ئەو پلەوپایە کۆمەڵایەتییەیەکە بەر لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە ئەوروپادا باوبووەو خەڵکیان بەسەر سێ چینی جیاواز، ئەرستۆکرات و نەجیبزادەکان، پیاوە ئایینییەکان و خەڵکی ئاساییدا دابەش دەکرد.

(١٠٢) بەرمیلی مەشروب لە زمانی فەڕەنسیدا پێی دەگوترێ (تۆنو) و وشەی تۆن (تەن) کە پێوەری هەڵگرتنی قورسایی کەشتییەکانە، لەم وشەیە وەرگیراوە.

(١٠٣) کولشید یەکێک لە ویلایەتە گەورەکانی ئاسیای بچووک بووە و لەسەردەمە کۆنەکاندا وڵاتێکی ئاوەدان و ناوەندی بازرگانی بووە.

(١٠٤) سەمیرامیس شاژنی ئەفسانەیی ئاشووری و کلدانییەکانە. لە نێو ئەفسانە کۆنەکاندا بەناوبانگەو دەڵێن ئەو شاری بابلی دروست کردووەو حەوت باغی هەڵواسراوی تێدا بنیات ناوە و ئەرمەنستان و میسرو حەبەشە و مەداو ئێران و عەرەبستانی داگیرکردو نینۆسی مێردی، یان (مسموم)کرد یان سەری بڕی و وڵاتەکەی خستەژێر دەستی میناسی کوڕی و هەروەها دەڵێن ئەو شاژنە لەژێر ناوی هاوسەرێتی پیرۆز مێردی بە حەوت کوڕەکەی خۆی کردووە و پاشان لە شێوەی کۆتر بەرەو ئاسمان هەلفڕیوە.

(١٠٥) ڕێژگە، یان ئاو ڕێژگە = مەسەب - (و).

(١٠٦) ڕووباری سیروس، ڕووباری ئاراسی ئێستایە.

(١٠٧) کورنێت شارێکە دەکەوێتە بەشی کۆتایی باشووری یۆنان.

(١٠٨) کێوەکانی پارۆپامیزاد، زنجیرە چیاکانی مەسقەتی ئێستایە.

(١٠٩) لەنێو دەستوورات و ڕێوشوێنەکانی ئایینی زەردەشتدا، جەخت لەسەر پاراستنی پاک وخاوێنی ئاو کراوەتەوە کە یەکێکە لە توخمە پاکەکان، هەر بۆیە گرنگییەکی زۆر بەکەشتیوانی نەدەدرا بۆ ئەوەی ئاوەکان پیس نەبن.

(١١٠) لە کتێبی (مرآة البلدان) کە لەسەردەمی ناسرەدین شادا نووسراوە، سیاحەتنامەکەی (نۆهئارک) کە لە بارەی ئەو گەشتە دەمانگییە دەریاییەوەیە، وەرگێڕدراوەو ئاماژەی بۆکراوە.

(١١١) مەبەست لە سەڵتەنەتی یۆنانییەکان لە میسر هەمان سەڵتەنەتی ئەسکەندەرو جێگرەکانیەتی کە پێیان دەگوترا بتالیسە و بۆماوەیەکی دوورودرێژ لە میسردا مانەوە.

(١١٢) ئالبانی شوێنێکە ئەمڕۆکە پێی دەگوترێ (مخاچ قلعه) و دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی قەزوین.

(١١٣) سیجر سەر زەوییەکە کە پاشا یۆنانییەکانی میزۆپۆتامیا دۆزییانەوە.

(١١٤) یەکێک لە دابونەریتە سەیرەکانی ڕۆمانی کۆن ئەوەبوو کە بەشێک لە مەحکووم کراوەکانیان (بەتایبەتی ئەو عیسەوییانەی کە تازە چووبوونە سەردینی مەسیح) لەکاتی سێرکدا لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکاندا بەشەڕ دەدا. مەبەست لەو ڕستەیەی سەرەوە کە نووسەر بەکاری هێناوە، ئاماژە کردنە بەم نەریتە.

(١١٥) ئاشکرایە ئەم بابەتە پەیوەندی بەسەردەمی نووسرانی ڕۆحی یاساکانەوە هەیە.

(١١٦) هێرودۆت دەڵێ: یەکەمین گەل کە هونەری بەکارهێنانی کانزا فێربوون لیدییەکان بوون و پاشان یۆنانییەکان ئەم هونەرە لەوانەوە فێربوون و سکەی پارەی یۆنانییەکان لە شێوەی گا دابوو کە بە پارەی کۆنی یۆنانییەکان دەژمێردرێ. نووسەر دەڵێت: یەکێک لەو سکانەم لەماڵی دۆستێکم بەناوی (کۆنت پمبروک)دا بینیوە.

(١١٧) ئونس یەکەی پێوانەی کێش بووە لەلای ڕۆمانەکان.

(١١٨) سالامین یەکێک لە ویلایەتەکانی ڕۆمابوو کە لەژێر دەسەڵاتی حاکمی سیلیسی بەڕێوەدەچوو.

(١١٩) لە (مراسلات)ی شیشرۆن کە ئاراستەی تیکۆسی کردووە، هاتووە، پەمپەی قەیسەری ڕۆمانی بڕی شەش سەد تالانی (یەکەی دراوی ڕۆمانی کۆن) وەکو قەرزدا بەپاشا (ئاریو بارزان) و هەموو مانگێک سی و سێ تالانی ئەسینی وەکو سوو لێ وەردەگرت.

(١٢٠) هەروەک لە (مراسلات)ی شیشرۆن کە ئاراستەی تیکۆسی کردووە بۆمان دەردەکەوێ، نرخی سوودیان بەرێژەی ١٪ بۆ مانگێک دیاری کردبوو و ئەگەر هاتباو تا کۆتایی ساڵ قەرزەکە نەدرابایەوە ئەوا ئەم سووە دەچووە سەر سووی ساڵانە.

بەپێی حوکم شیشرۆنی داواکار ناچاربوو ماوەیەک مۆڵەت بەقەرزدارەکەی خۆی بدات و ئەگەر لەکۆتایی ماوەی دیاری کراودا قەرزەکە نەدرابایەوە ئەوا ئەوکات سوودیان لە سوو وەدەرگرت.

(١٢١) لە ڕۆمانی کۆندا خەڵک بەسەر سێ چیندا دابەش دەکران کە هەرکامەیان ئەرک و ئیمتیازاتی تایبەت بەخۆی هەبوو: یەکەم - تاکی ئازاد، دووەم - کۆیلە، سێهەم - کۆیلەی ئازادکراو. ئەگەرچی چینی سێهەم ئیتر کۆیلە نەبوون، بەڵام خاوەنی هەموو ئیمتیازاتەکانی تاکێکی ئازادیش نەبوون، تەنیا لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتیدا کە یەکێک لەو مەرجانە بوونی منداڵی زۆربوو.

(١٢٢) ڕووبەرێکی زەوی کە نزیکەی دەهەزار مەتری چوارگۆشەیە.

(١٢٣) یەکێکە لە هۆزەکانی قەومی یەهوود.

(١٢٤) واپێدەچێت مەبەستی ڕووباری کارون بێت کەکەوتۆتە بەشی کۆتایی باشووری ڕۆژئاوای ئێران و تەنیا ڕووبارێکە کە بۆ کەشتیوانی دەست دەدات.

(١٢٥) مۆنتسکیۆ وەهم و خورافات بەجۆرە تەجەمولێکی دەروونی و مەعنەوی لە قەڵەم دەدا.

(١٢٦) نووسەر مەبەستی سەردەمی پاشاکانی سەفەوییە.

(١٢٧) هیپۆپولیت کوڕی تزەی پاشای ئەسینا بووە، فێدر، ژنی دووەمی تزەو زڕدایکی ئەوبووە. ئەم داستانە وەکو داستانی یوسف و زولەیخا یان سیاوەش و سودابەو کەیکاوسە و بۆ شاعیرو نووسەرانی ڕۆم و یۆنان و وێنەکێش و نووسەرەکانی سەردەمی ڕێنسانسی ئەورووپاش بابەتێکی دڵگیر بووەو گەلێک شانۆنامەو شیعرو غەزلی تراژیدی و ئەخلاقییان لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە.

(١٢٨) مەبەست لە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ، بنچینەی ئەنکیزاسیۆنی «Inquistion» سەدەکانی ناوەڕاستە کە تاکو کۆتایی سەدەی هەژدە درێژەی کێشا.

(١٢٩) دوورخستنەوە لە وڵات یان هەروەک یۆنانییە کۆنەکان دەیانگوت ئستراسیزم، ڕێوشوێنێک بوو کە یۆنانییەکان بۆ پشگیری کردن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆری دایان نابوو. بەم جۆرە، هەرکاتێک



نفووزی یەکێک لە دەسەڵاتدارەکان زۆردەبوو و گومانی ئەوەیان لێدەکرد ڕەنگە بکەوێتە بیری دکتاتۆرییەوە، ئەوا بۆماوەی پێنج ساڵ نەفییان دەکرد، بەڵام ئەو دوورخستنەوەیە بەپێچەوانەی ئەمڕۆکە وەکو سزا نەبوو و تەنانەت کەم و زۆر دەربڕی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنیش بوو.

(١٣٠) لەم بەشەدا لەهەر جێگەیەک مۆنتسکیۆ باسی ڕێوشوێنی پۆلیس دەکات، مەبەستی لایەنی گشتی ئەم وشەیەیە واتە پاک ڕاگرتنی ئەخلاقە. لە حاڵەتە تایبەتییەکانیش مەبەست لە ڕێوشوێنی پۆلیس جگە لە پاک ڕاگرتنی ئەخلاق و نەزم و ڕێکوپێکی کۆمەڵگا هیچ شتێکی تر نییە.

(١٣١) دوو خێڵی گەورەی فرانکەکان لە ئەڵمانیای کۆندا دەژیان، یەکێکیان ناوی فرانکی سالیک و ئەویتریان ناوی فرانکی ڕیپوری بوو.

(١٣٢) خێڵەکانی فریزون لە هۆڵەندای ئێستادا دەژیان.

(١٣٣) خاکی سەکسۆن دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسای ئێستا.

(١٣٤) یاسای تایبەت بەسالیک، یاسای دەستەیەک لە فرانکەکان بوو کە لە جێرمەنەوە کۆچیان کردو یاسای ڕیپوئر کە لەرابردوودا بەناوی یاسای فرانکە جێرمەنەکان ناوزەدمان کرد، یاسای ئەو فرانکانەبوو کە لە جێرمەندا مابوونەوە.

(١٣٥) بەشێوەیەکی گشتی پاشاکانی فرانک و فرانکییەکان خوێندەوارییان نەبوو و بۆ نووسین سوودیان لە ڕۆمانەکان وەردەگرت و بەزۆری چەند کەسی ڕۆمانی کەسەر بەچینە گرنگەکان بوون لەنێو دەرباربوون و خەریکی پیشەی بنووسی بوون.

(١٣٦) ئەم پاشایە خاوەنی ورگێکی زۆر زل بووە، هەر بۆیە بەلویسی ورگ زل ناوبانگی دەرکردووە.

(١٣٧) شارلی تاس یان ئەسڵەع، بەهۆی وەرینی مووی سەرییەوە تاس ببوو، هەر بۆیە پێیان دەگوت شارلی ئەسڵەع.

(١٣٨) لویسەلاڵ زمانی گیراوە بۆیە ئەم ناوەیان لەسەر داناوە.

(١٣٩) لەهەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا باسی نژادی یەکەم و دووەم کرا، مەبەست نژادی یەکەم و دووەمی نەتەوە بەربەرییەکانە پاش زاڵبوون بەسەر زەوی و زارەکان و دامەزراندنی سەڵتەنەت.

(١٤٠) بابەتی تیول بەخشینی نەجیبزادەکان بە خزمەتکارەکانی خۆیان، یەکێک بوو لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی ناوین. ئەم بابەتە مێژووییە زۆر دووروودرێژەو لە بەشەکانی دواتری ڕۆحی یاساکاندا، بەپێی ئەو بابەتانەی نووسەر لەسەریان دەدوێت، زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

(١٤١) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاغا یان خزمەتکراو (مخدوم) کەسێک بوو کە بەشێک لە زەوی و زارەکانی خۆی دەدا بەیەکێکی دیکە بەناوی تابع یان خزمەتکار. تابع و مەتبوع هەردووکیان لە بەرامبەر یەکتردا ئەرکی تایبەتییان لەسەرشان بوو.

(١٤٢) بەپێی ڕێوشوێن و یاسای سەدەکانی ناوەڕاست، دەرەبەگ یان مەتبووعەکان بەسەر چینی جیاوازدا دابەش دەکران و هەروەک چۆن ئەمڕۆکە ئەفسەرەکانی لەشکر پلەی جۆراوجۆریان هەیە، پلەی نزمتر پەیڕەوی لە پلەی سەروتری خۆی دەکا، دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوینیش پلەی جۆراوجۆریان هەبوو و ژێر دەستێک پەیڕەوی لەژێر دەستێکی سەروتری خۆی دەکرد.

(١٤٣) ئیتباعی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەزۆری جووتیارو وەرزێر بوون، بەسەردوو چیندا دابەش دەکران: یەکەم - جووتیارە نەجیبەکان کە دەبوایە بەردەوام لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانەوە ڕێزیان لێگیرابا و بێ حورمەتی و سووکایەتییان پێ نەکرابایە.

دووەم: ئەو جووتیارە ئاساییانەی کە سەر بەچینی نەجیبزادەکان نەبوون. لەخاڵی چوارەمی ئەم بەشەدا ئەوەی سەبارەت بەبنچینەی سووکایەتی و ئەتکی شەرەف دەرحەق بەئیتباعەکان نووسراوە، پەیوەندی بەچینی یەکەمی جووتیارەکان واتە نەجیبەکانەوە هەیە، چونکە جووتیارەکانی چینی دووەم هەر لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ چەشنە ئابڕوو ڕێزێک نەبوون هەتا یاساو نەریتێک بۆ ئەوان و ئابڕویان دابنرێت.

(١٤٤) ماژورک یەکێک لە دورگە گەورەکانی کۆمەڵە دورگەی بالئارە کە کەوتۆتە رۆژئاوای مەدیتەرانە (دەریای ناوەڕاست).

(١٤٥) سەردەمی سیستەم، یەکێک لە قۆناغە ئابوورییە بەناوبانگەکانی وڵاتی فەڕەنسا بوو کە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەیەمی زاییینیدا سەری هەڵداو بۆ یەکەم جار لەو سەردەمەدا پارەی کاغەز، وەکو ئێستا لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆوە.

(١٤٦) گەڵای هەنجیر خستنە ناولەپی دەستی کەسێک، رەسمیاتێکی یاسایی تری دوورخستنەوە یان ئستراسیزم بوو.

(١٤٧) و (١٤٨) تیمساح و میحراب زاراوەیەکی ئەستێرەناسی کۆن بووەو هەرکامیان ناوی دەستەیەکی ئەستێرەکانی ئاسمانە.

(١٤٩) یەکێک لە نەریتەکانی سەدە کۆنەکانی ئەوروپا ئەوەبوو کە تاکی ئازاد شانازی ئەنجام دانی خزمەتی جەنگییان هەبوو، سەرەڕای دابین کردنی ئەسپ و گالیسکە بۆ پاشاو پێشوازی کردن لە باڵوێزەکان.

(١٥٠) پیاوە ئاییینییەکان خاوەنی تیول بوون و کۆمەڵە نەجیبزادەیەکی بچووک لە ژێر فەرمانی ئەواندا ژیانیان بەسەردەبرد و دەچوونە بەرەکانی جەنگ و لەراستیدا نەجیبزادەی پیاوە ئاییینییەکانیش وەکو نەجیبزادەی ئەرستۆکراتەکان بەسەر هەندێ دەستەو تاقمدا دابەش دەکران.

(١٥١) مانوار پێوەرێک بوو بۆ دابەشکردنی زەوی و زارەکان و نزیکەی سێ جەرەیب بوو.

(١٥٢) لەم کتێبەدا زۆرجار ناوی ئەرستۆکراتە جۆراوجۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هاتووە وەکو کۆنت – بارۆن –دۆک، هەر بۆیە بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوە دەڵێم: ئەرستۆکراتەکان لە ئەوروپادا خاوەنی هەندێ پلەبوون کە لە هەموویان بەرزتر دوکەکان بوون و لە دوای پاشا بەگەورەترین چینی ئەرستۆکراتی وڵات دەژمێردران و تاکو ئێستاش لە ئینگلتەراو ئیتالیا دا ناسناوی دوک تەنیا بەئەرستۆکراتە پلە یەکەمەکانی وڵات دەبەخشرێ، جگە لە شازادە بێ ئەسڵ و فەسڵەکان و یان خزم و کەسە پلەدووەکانی پاشا، هیچ کەسێک ناتوانی ئەم ناسناوە وەرگرێت.

(١٥٣) ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا تورکییەو بەمانای فەرماندەی سەد کەس بەکاردێت. لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەتی لەسەردەمی یەکەمین نەوەی پاشاکانی فەڕەنسا بۆ پێشگیری کردن لە دزی دانیشتووی زەوی و زارەکانیان بەسەر کۆمەڵی سەدکەسیدا دابەش دەکردو هەر کۆمەڵەیان دەدا بەکەسێک و بە فەرماندەی سەدکەس ناوزەد دەکرا.

(١٥٤) کۆماری ئامریک، ناوچەی ویلایەتی برێتانی فەڕەنسای ئێستابووە.

(١٥٥) کلۆڤیس یەکەمین پاشای فرانکەکان بوو کە خاکی گۆلی داگیرکردو سەڵتەنەتی تێدا دامەزراند.

(١٥٦) شاژن برونهۆ پاشای فەڕەنسابوو و بەو هۆیانەی کە نووسەر هەر لەم بەشەدا ئاماژەیان بۆ دەکات، لەلایەن کەسانی دەوروبەرییەوە لە داو کەوت. ئەم شاژنە تەمەن هەشتا ساڵەیان چەند رۆژێک بەبێ نان و ئاو زیندانی کرد، پاشان جومگەکانیان پەڕاند و بەهەڵواسراوی و بەسواری حوشتر بەبەرچاوی خەڵکیانداگێڕاو لەبەر ئەوەی حوشتر شتێکی نوێ بوو (یەکێک لە خەلیفەکانی عەباسی حوشتری بەدیاری بۆ دەرباری فرانکەکان ناردبوو) زیاتر سەرنجی خەڵکی رادەکێشا. پاشان جەستەی ئەو ژنەیان لەو شوێنەی کە نەبڕدرابوو لەچوار ئەسپی سەرکێش بەست و ئەسپەکانیان بەچوار ئاراستەی جیاوازدا لێخوڕی و لەدوای پارچە پارچەکردنی لەشی برونهۆ لە نێو ئاگردا سووتاندیان و خۆڵەمێشەکەیان بەئاو دادا. ئەم ئافرەتە لەکاتی ئەشکەنجەداندا خۆڕاگرییەکی ئەوتۆی لە خۆی نیشاندا کە تاکو ئێستا وێنەی نەبووەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەوپەڕی شانازی و غوروورەوە سەیری کەسانی دەوروبەری دەکردو بچووکترین دەنگ و جوڵەو پاڕانەوی لێ نەبینراو لێ نەبیسرا.

ئەشکەنجەی برونهۆ لە مێژووی جیهاندا بەناوبانگەو بەزۆری لە زمانە ئەوروپاییەکاندا وەکو پەند بەکاری دێنن..



(١٥٧) فرد گوند شاژنێکی فرانکی بوو، لەسەردەمی لاویەتیدا حەریفی برونهۆ بووە و بەیەکێک لە تاوانبارترین ئافرەتانی جیهان لە قەڵەم دەدرێت. لە کتێبخانەی نەتەوەیی پاریسدا تەلارێکی تایبەتی هەیە کە هەموو ئەو کتێب و بەڵگەنامانەی تێدا پارێزراوە کە تایبەتن بەتاوانەکانی ئەو ئافرەتە ترسناکە.

(١٥٨) مەبەستی لە ئوسترازی خاکی رۆژهەڵاتی گۆلە کە بەشی هەرە زۆری فەڕەنسای ئێستا پێکدێنێ و بارەگای سەڵتەنەتی داکوبێر لەم بەشە دابووە.

(١٥٩) مەبەست لە نوستری خاکی رۆژئاوای گۆلە.

(١٦٠) پاشاکانی گۆلی رۆژهەڵات لەگەڵ پیاوە ئاییینییەکاندا بەباشی دەجوڵانەوەو بارودۆخی پیاوە ئاییینییەکان لەوێ بەخۆشی تێدەپەڕی و ئەوانیش رێزیان لە فەزیلەت و تەقوای پاشاکان دەگرت، تەنانەت هەندێ لە پاشاکان بۆ خۆیان پلەوپایە ئاییینییەکانیان داگیر دەکرد.

(١٦١) دانی باج بەپیاوە ئاییینییەکان لە دینی یەهوودیدا خاوەنی پێشینەیە، بەڵام بەشێک بوو لە پڕەنسیپ و بنچینە سیاسییەکان و یەهوودییەکان جگە لەمە هیچ باجێکی تریان نەدەدا. لە دینی ئیسلامیشدا ئەوەی خەڵک دەیدا هەمان ئەو شتەبوو کە (بیت المال)ی پێک دێنا، بەڵام لە دینی مەسیحی لەبەر ئەوەی حکومەت و دین لە یەکتری جیاکرابۆوە، خەڵک هەم باجیان دەدا بەدەوڵەت و هەم بەکەنیسە.

(١٦٢) لەو سەردەمەدا خەڵک گرنگییەکی زۆریان بە قژی پاشاکان دەداو ئەگەر کەسێک بسکی درێژ نەبوایە بۆ پاشایەتی هەڵیان نەدەبژارد.

(١٦٣) نابێ بەهەڵە پپنی پاشای ئیتالیا لەگەڵ پپنی باپیری شارلمانیدا تێکەڵ بکەین.

(١٦٤) ئەم کتێبە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ زاییینیدا نووسراوە.

(١٦٥) مەبەست سەڵتەنەتی بنەماڵەی هابسبۆرگە کە بۆماوەی چەندین سەدە لە نەمسا پاشایەتییان کرد هەتا ساڵی ١٩١٨، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێ نەمسا دابەشکرا، سەڵتەنەتی نەمساو ئەم بنەماڵەیە لەناوچوون.

(١٦٦) لە رۆمای کۆندا ئونس یەکەی پێوانەی کێش بووە و ئێستاش سوودی لێ وەردەگیرێ و لە بورسەکاندا کێشی زێڕو زیو لەڕووی ئونسەوە دیاری دەکرێ. ناوی سکە مسییەکانیش بووە.

(١٦٧) ئاس یەکەیەکی گەورەتربووەو سەد سکەی مسی یەک ئاس بووە.

(١٦٨) ئولپین یەکێک لە مافپەروەرەکانی رۆمای کۆن بوو کە یاسادانەرەکان بیروباوەڕی ئەویان لەمەڕ سوو قبووڵ کردووەو بەشێوەی یاسا دەریان هێناوە. ئولپین لەسەر ئەو بڕوایەبوو هەرکەسێک قەرزەکەی درەنگتر بداتەوە وەکو ئەوە وایە کەمتری دابێتەوە. ئەم بۆچوونە یارمەتی خاوەن قەرزەکانی داوە.

## پێزانین

سوپاس بۆ
برای بەڕێز کاک موسڵح ئیروانی و
برای خۆشەویستم (ئیبراهیم) کە لە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە یارمەتییەکی زۆریان کردم.